عوسمانی کوڕی عەففان

کەسایەتی و سەردەمەکەی

نووسینی:
د. عەلی محەمەد محەمەد سەلابی

عوسمانی کوڕی عەففان

کەسایەتیی و سەردەمەکەی

نووسینی :

عەلی موحەممەد سەللابی

وەرگێڕانی :

حەمید موحە ممەد عەبدوڵڵا

2008زاییینی

1429کۆچی

بەناوی خوای میهرەبان و دلۆڤان

ناوی کتێب: عوسمانی کوڕی عەففان
نووسینی: عەلی موحەممەد سەللابی
وەرگێڕانی: حەمید موحەممەد عەبدوڵڵا
ژمارەی سپاردن: (1274) ساڵی (2008)
نۆرەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: 2008
نەخشەسازی ناوەوە: ئیدریس سیوەیلی
لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (38)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت : www.tishkbooks.com
ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com
tishkbooks@yahoo.com

بەشی یەکەم:

عوسمانی کوڕی عەففان (ذي النورين) لە ژیانی مەککەوە تا مەدینەی منەووەرە

باسی یەکەم: ناوو شۆرەت و نەژادو نازناوو ئاکارو خێزان و پلەو پایەی عوسمان لە سەردەمی نەفامیدا

یەکەم: ناوو شۆرەت و نەژادو نازناوی

1ـ ئەم کەڵەپیاوە، ناوی عوسمانی کوڕی عەففانی کوڕی ئەبی عاسی کوڕی ئومەیەی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی قوسەی کوڕی کیلابە[1]، نەژادی دەگاتەوە بە نەژادی پێغەمبەر ﷺ لە عەبدولمەنافدا، دایکیشی ناوی ئەروای کچی کورەیزی کوڕی رەبیعەی کوڕی حەبیبی عەبدولشەمسی کوری عەبدولمەنافی کوڕی قوسەیە[2].

زوبێری کوڕی بیکار، دەگێڕێتەوە کە دایکی دایکی عوسمان واتە (نەنکی) ناوی ئوموحەکیمی بەیزای کچی عەبدولموتەلیبە، ئەم ژنە خوشکی هەقودای عەبدوڵڵای باوکی پێغەمبەرە ﷺ، هەتا دەڵێن، ئەم ژنەو عەبدوڵڵا بەجمك (دووانە) لە دایك بوون، کەواتە دایکی عوسمان پورزای پێغەمبەرە ﷺو پێغەمبەریش ﷺ خاڵۆزای ئەوە، ئاشکرایە دایکی عوسمان موسڵمان بووەو لەسەردەمی جێنشینایەتی عوسمانی کوڕیدا، کۆچی دوایی کردووەو عوسمان خۆی هەڵیگرتووەو ناشتویەتی[3]، بەڵام باوکی لەسەردەمی نەفامییەتدا مردووە.

2ـ شۆرەت و ناوبانگی عوسمان:

لە سەردەمی نەفامیدا پێیان دەوت باوکی عەمر، پاشان لە ڕوقیەی کچی پێغەمبەر ﷺ کوڕێکی بوو، ناوی نا عەبدوڵڵاو کردی بە کونیەی خۆی و موسڵمانانیش بە (باوکی عەبدوڵڵا) بانگیان دەکرد[4].

3ـ نازناوی:

عوسمان بە (ذي النورين) دەناسرا، واتە خاوەنی دوو ڕۆشنایی، بەدرەدینی عەینی، لە ڕاڤەی سەحیحی بوخاریدا دەگێڕێتەوە[5]، کە وتوویانە بە (موهەلەبی ئەبی سوفرە)[6] بۆچی بە عوسمان دەوترێ (ذي النورين)؟ ئەویش وتی: باوەڕ ناکەم هیچ کەسێ بووبێتە مێردی دوو کچی هیچ پێغەمبەرێك ﷺ جگە لە عوسمان[7]، عەبدوڵڵای عومەری ئەبانی جەعەفی دەڵێت: حسەینی جەعەفی خاڵم پێی وتم: ڕۆڵە ئەزانی بۆچی بە عوسمانیان دەوت (ذي النورين)؟ منیش وتم: نا .. نازانم، ئەویش وتی: لەوەتەی خودای گەورە ئادەمی دروست کردووە هەتا قیامەتیش کەسێ نییەو نابێت دوو کچی پێغەمبەرێکی خواستبێت، جگە لە ئیمامی عوسمان، لەبەر ئەوە ناوی (ذي النورين)[8]ە. دەشڵێن عوسمان هەموو شەوێك لە شەونوێژدا قورئانی زۆر خوێندووە، بۆیە پێی دەوترێت "ذي النورين"، چونکە قورئان نورە، شەو هەستانیش نورێکی ترە[9].

4ـ لە دایکبوونی:

عوسمانی کوڕی عەففان، شەش ساڵ دوای ساڵی فیل، لە مەککە لە دایکبووە[10]. دەشڵێن لە تایف لە دایکبووە، پێنج ساڵ لە پێغەمبەر ﷺ منداڵترە لە تەمەندا[11].

5ـ شێوەی ڕوخساری:

پیاوێك بووە نە کورت نە درێژ، پێستی تەنك و ناسك و ڕیشی پان و پۆڕ بووە، جومگە گەورەو ناوشان پان و قژپڕو ڕیشیشی زەرد دەکرد. زوهری دەڵێت: "عوسمان پیاوێکی چوارشانەو ڕوومەت جوان و ناسك بووە، موی سەر سەری تەنك

1 الطبقات لابن سعد (53/3)، الاصابة (377/4)، رقم (5463).
2 التمهيد والبيان في مقتل الشهيد عثمان، محمد يحى الانلس، (19).
3 الخلافة الراشدة والدولة الاموية، د. يحى اليحى، (ص388).
4 التمهيد والبيان في مقتل الشهيد عثمان، ص(19).
5 شذرات الذهبي (286/7) الضوء اللامع (131/10).
6 وفيات الأعيان (350/5)، سير اعلام النبلاء (383/4).
7 عمدة القارئ شرح صحيح البخاري (201/16).
8 سنن البيهقي (73/7).
9 عثمان بن عفان ذوالنورين، عباس العقاد، (ص79).
10 الاصابة (377/4)، رقم (5464).
11 عثمان بن عفان، صادق عرجون، (ص45).

بووەو پێی بلاّوو[1] لوتی قەلّەمیو قنج بووه، ئەژنۆی قەبەو بالّی هێندە شۆڕ بووه دەگەشتە سەرڕانیو لە دواوه قژی دەبەست، دانەکانی پێشی جوانترین ددان بووه، قژی لە خوار گوێچکەیەوه بووەو دەموچاوی پێکەوتوو بووه، بەلای زۆربەی خەلکەوه ڕەنگی سپی بووه، دەشلێن ڕەنگی ئەسمەر بووه[2].

دووەم: خێزان و هاوسەرەکانی

عوسمان هەشت ژنی هێناوه، ئەم ژنانەشی لەدوای موسلّمانبوونیان مارەکردوه، ژنەکانیشی ئەمانەن: (ڕوقیەی کچی پێغەمبەر ﷺ، کە عەبدوللّای لیّ بووه، پاشان ئوموکەلسومی کچی پێغەمبەر ﷺ کە دوای مردنی ڕوقیە خواستی. ئەوانی تری بریتیبوون لەفاختەی کچی غەزوان، خوشکی عوتبەی سەرۆك عەشیرەتی غەزوان بوو، کە عەبدوللّای بچووکی لیّ بووه، پاشان ئوموعەمری کچی جوندوبی ئەزدی هێناوه و عومەرو خالیدو ئەبانو عەمرو مریەمی لیّ بووه، هەروەها فاتیمەی کچی وەلید، کە ئوموسەعیدی لیّ بووه، هەروەها ئومو بەنینی کچی عویەیینەی حیسنی هێناو عەبدولمەلیکی لیّ بووه، هەروەها ڕەملەی کچی شەیبەی کوڕی ڕەبیعەی ئەمەوی هێناو عائیشەو ئوموئەبانو ئومو عەمری لیّ بووه، دیارە ڕەملە موسولّمان بووەو بەیعەتی بە پێغەمبەر ﷺ داوه، هەروەها نائیلەی کچی فەرافیسەی کەلبی هێناوه، هەرچەند نائیلە لەسەر دینی گاور بووه، بەلاّم بەر لەوەی شو بکات بە عوسمان موسلّمان بووەو موسولّمان بوونەکەشی بەباشی بەڕێوەبردووه[3]. بەپێی ئەم زانیاریانە نۆ کوڕی هەبووه لە پێنج ژنیان، کە ئەمانەن:

1ـ عەبدوللاّ، کە لە ڕوقیە بووەو دوو سالّ پێش کۆچکردنیان بۆ مەدینە لەدایکبووه، کاتێك کۆچیان کرد بۆ مەدینە لەگەلّ خۆیاندا بردوویانە. لە سەرەتای ژیانی مەدینەدا کەلّەشێرێك ئەوەندە دنوکی دا لە ڕومەتی عەبدوللاّ، کە ئەوکات منداڵ بوو، چاوی تەقاند، وردە وردە شوێنی دەنوکی کەلّەشێرەکە بوو بە برینو دایەبەر هەتا دەموچاوی هەوی کردو هەلّئاوساو لە سالّی چوارەمی کۆچییە، کە تەمەنی شەش سالاّن بوو[4]، کۆچی دوایی کرد.

2ـ عەبدوللاّی بچوکی هەبوو، لە فاختەی کچی غەزوان.

3ـ عەمری هەبوو، لە ئومو عەمری کچی جوندوب، عەمر فەرمودەشی لەدەمی باوکیو ئوسامەی کوڕی زەید، ڕیوایەت کردووه. عەلی حسەینو سەعیدی کوڕی موسەیبو ئەبو زنادیش فەرموودەیان لیّ وەرگرتووەو فەرموودەکانیش کەمن.

4ـ خالیدی هەبووه لە ئومو عەمری کچی جوندوب.

5ـ ئەبانی هەبووه لە ئومو عەمری کچی جوندوب، ئەم ئەبانە پێشەوایەو فەقیهەو کونیەی باوکی سەعیدی هەبووه (أبو سعید). ماوەی حەت سالّ بووەتە سەرۆکاری شاری مەدینە لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا، زەیدی کوری سابتیش هەندیّ فەرموودەی لیّ بیستووه، کە ئەویش لە باوکییەوە واتە لە عوسمان وەری گرتووه، یەکێك لەو فەرموودانە ئەمەیە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "هەرکەسیّ لە سەرەتای هەموو ڕۆژێكو سەرەتای هەموو شەوێکدا، سیّ جار بلێت: "بسم الله الذي لايضر مع اسمه شئ في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم"، ئەو ڕۆژە تا ئێوارەو ئێوارە هەتا بەیانی، ئەو کەسەی کە وتویەتی هیچ زیانێکی پیّ ناگات، ئەو کاتەی ئەبان ئەم فەرموودەیەی دەگێڕایەوه خۆی تووشی بای شەلەل بوو بو وتی: وەلّلاهی ئەو ڕۆژەی تووشی ئەم نەخۆشییە بووم، پێشتر لە بیرم چوبوو ئەم زیکرە

---

[1] تأريخ الطبري (440/5).
[2] صفة الصفوة (295/1)، صحيح التوثيق في سيرة وحياة ذي النورين، (ص15).
[3] تأريخ الطبري (441/5)، التمهيد والبيان في مقتل الشهيد عثمان (ص19)، الامين ذي النورين محمود شاكر ص(364)..
[4] الامين ذي النورين محمود شاكر، ص (365)، التمهيد والبيان ففي مقتل الشهعيد عثمان، (19).

بخوێنم[1]، هەتا تووش بووم. ئەبان لە سەردەمی خۆیدا بە یەکێك لەشەرعزانەکانی مەدینە ئەژمار دەکرا، لە ساڵی سەدو پێنجی کۆچی[2]، کۆچی دوایی کرد.

6ـ وەلیدی هەبووە لە فاتمەی کچی وەلیدی عەبدولشەمسی موغەیرەی مەخزومی.

7ـ سەعیدیش هەر لە فاتمەی کچی وەلیدی مەخزومیە لەساڵی پەنجاو شەشی کۆچی و لەسەردەمی موعاویەدا کراوەتە والی خۆراسان.

8ـ عەبدولمەلیکی هەبووە، لە ئومو بەنینی کچی عویەیینە کە هەر بە منداڵی مردووە.

9ـ (عەنبەس)[3]ی هەبووە، لە نائیلەی کچی فەرافیسە، هەروەها عوسمان، ساڵی هەشتای کۆچی، ڕەملەی کچی معاویەی ئەبوسوفیانی خواستووە.

کچەکانیشی حەوت بوون لە پێنج ژنیان:

1ـ مەریەمە، لە ئومو عەمری کچی جوندوب.

2ـ ئومو سەعیدە لە فاتمەی کچی وەلیدی مەخزومی.

3ـ عائیشە، لە ڕەملەی کچی شەیبە.

4ـ مەریەمە، لە نائیلەی کچی فەرافیسە.

5ـ ئوموبەنین، لە ئومولوەلەد[4].

خوشکەکانیشی ئەمانەن:

1ـ ئامینەی کچی عەفان، لەسەردەمی نەفامیدا ئیشی دایەنیو شانەکردنی کردووە، پاشان شووی بە حەکەمی کیسانی کۆیلەی هیشامی موغەیرەی مەخزومی کردووە، لە دەستەی عەبدوڵلای جەحشدا پارتیزانیی کردووەو لە مەدینە موسڵمان بووەو بە شێوازێکی ڕێکوپێك ئیسلامەتی کردووەو لای پێغەمبەر ﷺ ماوەتەوە هەتا لەسەرتای ساڵی چوارەمی کۆچیو لەڕۆژی بیری مەعونەدا شەهید کرا. بەڵام، ئامینەی کچی عەفان لەسەر بێباوەڕی مایەوە هەتا شاری مەککەیان رزگارکرد، ئەوجا لەگەڵ دایكو خوشکەکانیو بەهاوڕێیەتی هندی کچی عوتبەو ژنی ئەبوسوفیان ڕۆشتن بۆلای پێغەمبەر و ﷺ و لەخزمەتیدا مووسڵمان بوونو بەیعەتیان پێدا، لەسەر ئەوەی کەس نەکەن بە هاوبەشی خوداو دزیو داوێن پیسی نەکەن[5].

عوسمان سێ برای دایك جیازەشی هەیە کە ئەمانەن:

1ـ وەلیدی کوڕی عوتبەی ئەبی موعیت، کە لە ڕۆژی بەدردا مەردانە باوکی خۆی کوشت، چونکە کافر بوو. لەئاشتەوایی حودەیبیەشدا وەلید لەگەڵ عەماری برایدا دەرچوون بۆ ئەوەی ئوموکەلسومی خوشکیان بگەڕێننەوە کە لەئیسلام هەڵگەڕابووەوە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ نەیهێشت بیگەڕێننەوە و لەمەککە مایەوە هەتا ڕۆژی ڕزگارکردنی شارەکە هەمدیس موسڵمان بوویەوە.

2ـ عەماریش لەدایکەوە برایەتیو کاتێکی درەنگتر موسڵمان بووە.

3ـ خالیدی کوڕی عوتبەش.

خوشکە باوك جیازەکانیشی ئەمانەن:

---

[1] سنن الترمذي، كتاب الدعوات، رقم () حديث الصحيح.
[2] سير اعلام النبلاء (253/4) تأريخ القضاعي، ص (308).
[3] التمهيد والبيان في مقتل الشهيد عثمان، (ص20).
[4] الامين ذوالنورين محمود شاكر، (ص346).
[5] الامين ذوالنورين محمود شاكر، (ص346).

1ـ ئومو كەلسومی كچی عەقەبەی ئەبی موعیت، كە لە مەككە موسڵمان بووەو هەر لەوێش كۆچی كردووەو پەیمانی داوە بە پێغەمبەر ﷺ.ئەم ژنە، یەكەمین ئافرەتە دوای گەڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە لە دوای سوڵحی حودەیبیە كۆچی كردبێت بەرەو شاری مەدینە.

2ـ ئوموحەكیمی كچی عەقەبە.

3ـ هندی كچی عەقەبە[1].

سێیەم: پلەو پایەی عوسمان لە سەردەمی نەفامیدا

عوسمانی كوڕی عەففان ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ لە سەردەمی نەفامیدا بەڕێزترین كەسی تیرەكەی خۆی بووە، ناوبانگێكی بڵندی هەبووەو دەوڵەمەندێكی زۆر بە شەرمو شكۆ بووەو هۆزەكەی بەو پەڕی نەوازشەوە ڕێزیان لێگرتووەو خۆشیان ویستووە. لەسەردەمی نەفامیدا هەرگیز كڕنوشی بۆ بتەكان نەبردووەو بە هیچ شێوەیەك نزیكی داوێن پیسی نەكەوتۆتەوەو ئارەقی نەخواردۆتەوەو خۆی دەفەرموێت: "ئارەق عەقڵی مرۆڤ تێكدەدات، عەقڵیش نایابترین خەڵاتی خوادایە بۆ مرۆڤ، پێویستە مرۆڤ شانازی بە عەقڵیەوە بكات نەك بەدەستی خۆی كاولی بكات".

هەروەها لە سەردەمی نەفامیدا گۆرانی هەرزەكارانەو كۆڕی گاڵتەوگەپ، سەرنجی ڕانەكێشاوە. خۆی پاراستووە لە تەماشای هەموو ڕوتییەك[2]، ڕەحمەتی خودا بڕژێ بەسەر عوسماندا زۆر بە ئاسانی خۆیان پێ دەناسێنێ و دەفەرموێت: "گۆرانیم قەت نەوتووە، مێ بازیشم نەكردووە، لەوكاتەوەی پەیمانم بە پێغەمبەر ﷺ داوە بە هیچ شێوەیەك دەستی ڕاستم لە زەكەرم نەداوە، نە لەسەردەمی نەفامیو نە لەسەردەمی ئیسلامەتیدا ئارەقم نەخواردۆتەوەو داوێن پیسیشم نەكردووە"[3].

عوسمان ـ ڕەزای خودای لێبێت ـ ماریفەتێكی باشی هەبووە لە كەلتووری عەرەبدا، بەتایبەت: ڕەچەڵەكناسیو پەندو سەربوردەو ڕازەكان. هەروەها گەشتی زۆری كردووە بەسەر زەویداو چووەتە شامو حەبەشە، لە ناو گەلە ناعەرەبەكانیشدا ژیاوەو سروشتو ڕەفتاری ناسیوون[4] و زۆربایەخی داوە بە بازرگانی كە بە میرات لە باوكییەوە بۆی بەجێ مابوو. بەهۆی بازرگانیشەوە سامانەكەی تا دەهات پەرەی دەسەندو بوو بەیەكێك لەو پیاوانەی كە دەركەوتبوون لە هۆزی ئومەیە. لەناو قورەیشیشدا ڕێزو حورمەتی مرۆڤ بە ئەندازەی بڕی سامانەكەی و ژمارەی كوڕوبراو تیرەكەیەوە بەندبووە، لەم ڕوانگەیەشەوە عوسمان گەشتبووە چڵەپۆپەی كۆمەڵگاو خۆشەویستییەكی زۆری بەدەست هێنابوو لە ناو هۆزەكەیدا، ناسكترین قسەش لە بارەی خۆشەویستییەكەی عوسمانەوە ئەم دێڕە شیعرەیە، كە هەرچی ماناو چەمكی ئەوین هەیە تێیدا بەرجەستە دەبێتو ئافرەتانی عەرەب لە سەردەمی نەفامیدا هەركاتێك منداڵی خۆیان بلاوانداییەتەوە، بەدەنگی بەرز ئەم دێڕە شیعرەیان دەوتەوە:

خۆشم دەوێیت بە ڕەحمان   وەك خۆشەویستی قورەیش بۆ عوسمان[5]

---

1 الامين ذوالنورين محمود شاكر، (ص354).

2 موسوعة التأريخ الاسلامي، أحمد شلبي (618/1).

3 حلية الاولياء (60/1)، (6) الخبر الصحيح.

4 عبقرية عثمان للعقاد، (72).

5 موسوعة التأريخ الاسلامي (618/1).

چوارەم: موسڵمانبوونی

عوسمان، تەمەنی سی و چوار ساڵ بوو، کاتێك ئەبوبەکری سدیق بانگی کرد بۆ موسوڵمانبوون، عوسمانیش هیچ سستی و ڕەکی و سەرلێکردنەوەی لەداواکەی ئەبوبەکر نەکرد و خێرا وەڵامی دەستبەجێی بانگەکەی دایەوە. بەم بەپیرەوەچوونە خێرایەش، بوو بە پێشینەبەرابیەکانی ئیسلام و لەمبارەیەوە ئەبو ئیسحاق دەڵێت: "یەکەم کەسێك کە موسڵمانبوو لە دوای ئەبوبەکرو عەلی و زەیدی کوڕی حاریسە، عوسمان بوو"[1]. بە عوسمانەوە پیاوە موسڵمانبووەکان بوون بە چوار کەس"، پێدەچێت پەلەکردنی عوسمان لە موسڵمانبووندا لە ئەنجامی ئەو ڕوداوە بێت کە لە کاتی گەڕانەوەیدا لە شام بینی. ئەویش کاتێك لەگەڵ تەلحەی عوبەیدوڵلا چونە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەریش ﷺ ئیسلامی بۆ باسکردن و قورئانی بەسەردا خوێندن و مافەکانی ئیسلامی تێگەیاندن و بەڵێنی پاداشتی خودایی پێدان، هەردووکیان بڕوایان هێناو باوەڕیان پێکرد، پاشان عوسمان وتی: "کاتێك ئێمە لە نێوان مەعان و زەرقادا بووین وەکو خەوتوو وابووین، بانگبێژێك بانگی کردین و وتی: ئەی خەوتووەکان، بێدار ببنەوە، دڵنیابن ئەحمەد لەمەککە دەرکەوتووە، ئێمەیش کە گەڕاینەوە یەکسەر ناوی تۆمان بیست"[2].

بێگومان ئەم چیرۆکە لە ناخی بیسەرەکەیدا کاریگەرییەکی باشی بەجێهێشبوو، نەیدەتوانی خۆی لێ گێل بکات، لە کاتێکدا ڕاستییەکە کەروێشکەی دەکرد بە بەرچاوییەوە. کێ بەر لەگەیشتنی بە شارێك، بیبستێت پێغەمبەرێکی تێدا دەرکەوتووەو ئەمیش بۆ ئەو شارە بچێت، کاتێکیش بچێتە شارەکەوە هەموو ڕاستی و گۆڕانەکان بەدەنگەوەرێ هاوار بکەن، ئایا ئیتر چ پێویستی بە ڕاڕایی و دردۆنگی هەیە.

مرۆڤ هەرچەندە مەزن بێت ناتوانێت ملکەچی حەق و ڕاستی نەبێت، هەرچەندە زبریش بێت هەمیشە ویژدان و ناخی واژم واژم دەکات و گێژاو دەخوات، هەتا باوەڕ دەهێنێت یان دەمرێت ئەوسا قوتار دەبێت لە تانەی ویژدانی. عوسمان، کە بەخێرایی بە پیر ئیسلامەوە چوو، لە ئەنجامی لاوازی و گێلێتی نەبوو، بەڵکو متمانەیەکی پتەوو بڕوایەکی بێگەردی هەبووە، قەت دوودڵ و گوماناوی نەبووە[3]، زۆر بە هێمنی وردبوویەوە لەم بانگەوازە نوێیە کە چارەسەری کێشەکانی دەکردو تێگەیشت ئەم ئیسلامە بۆ سەربەرزی و ڕوسوورییەو ڕسوایی دەتارێنێت .. ئیسلام بریتییە لەخواپەرستی و سڵەمینەوە لە هاوبەش پەیدا کردن بۆ خودا.. ئیسلام بۆ خواپەرستی و بێداربوونەوەیە لە بێ ئاگایی و هەڵکشانە بەرەو ئاکاری بەرزو ناوازەو تریزکردن لە هەموو ڕەوشتێکی نالەبار. عوسمان، لەدوای خۆی تەماشای هۆزەکەی کرد[4]، هەر هەموویان خەریکی بت پەرستی و گۆشتی مردارەوەبوو خواردن بوون، بەد ئاوماڵ بوون و هەرچی حەرامە حەڵاڵیان دەکردووەو بەناحەق خوێنی یەکتریان دەڕشت و چەندەها شتی تری خراپیان دەکرد. لەولاشەوە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا ﷺ دەستپاك و ڕاستگۆیەو هەرچی ئاکاری چاکەیە تێیدایە و هەرگیز خراپەی لێوە دەرنەکەوتووەو پەیمان شکێن و گزیکار نەبووەو سەرەڕای ئەمە بانگەوازی پەرستنی خودای تاك و تەنیاو بێ هاوبەش دەکات، ئامۆژگاریی شیرازەی خزمایەتی و ئاوماڵ چاکی و نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و وازهێنان لە کۆیلایەتی کردن بۆ بتەکان دەکات[5]. لەبەر ئەوە عوسمان لە سەر دەستی ئەبوبەکر موسڵمان بوو. ماوەیەکی زۆریش بەسەر ئیمانەکەیدا تێ نەپەڕیبوو، بوویە بانگەوازێکی بەهێزو خۆگرێکی بە ئارام و کەڵەپیاوێکی ڕوگەش و لە خۆبوردوویەکی بەڕێزو چاکەخوازییەکی نەرمونیان و بەخشندەیەکی سنگ فراوان و خەمخۆرێکی باوڕداران و هاوکارێکی بێ نەوایان، هەتا ئیسلام گەشتە دوا هەوارگەی خۆی[6]، سەدان ڕەزاو ڕەحمەتی خودای لێ بێت تا ڕۆژی دوایی.

---

[1] السيرة النبوية لابن هشام (287/1 - 289).
[2] الطبقات لابن سعد (55/3).
[3] جولة تاريخية في عصر الخلفاء الراشدين، (ص302).
[4] مرويات العهد المكي، عادل عبدالغفور (802/2).
[5] فتنة قتل عثمان، د,. محمد عبدالله الغبان (37/1).
[6] عثمان بن عفان، صادق عرجون، (ص53).

پێنجەم: خواستنی ڕوقیەی کچی پێغەمبەر ﷺ

موسڵمانەکان شادمان بوون بە موسڵمانبوونی ئیمامی عوسمان، لە نێوان خۆیان‌و ئیمامی عوسماندا پەتی خۆشەویستییان گرێداو بوونە برای ئیمانی‌و خودای گەورەش تاجی زێڕینی خستە سەر سەری عوسمان بە خواستنی کچی پێغەمبەرەکەی ﷺ، چیرۆکی ئەم خواستنەش ئاوەهابوو:

پێغەمبەر ﷺ ڕوقیەی کچی دابوو بە عوتبەی ئەبولەهەب‌و ئوموکەلسومیشی دابوو بە عوتەیبەی برای، هێشتا نەگوازرابوونەوە، کاتێك سورەتی (تبت یدا) هاتەخوارەوە. لەدوای هاتنە خوارەوەی سوورەتەکەش ئەبو لەهەبی باوکیان‌و ئومو جەمیلی دایکیان کە کچی بەنی ئومەییەیە و پێی دەوترا ـ حمالة الحطب ـ کۆڵ بەکۆڵ، وتیان بە کوڕەکانیان دەبێت هەردووکتان لەدوو کچەکەی موحەممەد ﷺ جیا ببنەوە، ئەوانیش بەر لەوەی هاوسەریان بکەن جیابوونەوەو تەڵاقیان دان، ئەم کارەش بوو بە چاکەیەکی تری خودای میهرەبان بۆ هەردوو کچەکەو بوو بە سەر شۆڕییەکیش بۆ کوڕەکانی ئەبو لەهەب[1]. هەرکە عوسمان ئەم هەواڵەی بیست، خەرکیبوو لەخۆشیدا بفڕێت، خێرا دەستپێشخەری کردو خوازبێنی ڕوقیەی کرد لە پێغەمبەر ﷺ، ئەویش لێی مارەکردو خەدیجەی دایکی ئیمانداران بەربوکی بۆ کرد. ئەو دەمە عوسمان پێکەوتووترین گەنجی قورەیش بوو، ڕوقیە هەموو بەیانی‌و ئێوارەیەك لە جوانی عوسمان ئەگەشایەوەو ئەڵێن لەکاتی گواستنەوەدا ڕوقیە، وتوویەتی

جوانترین ژن‌و مێردێك هاتبێتە بەرچاوی ئینسان
ڕوقیەو مێردەکەیتی، کە پێی دەوترێ عوسمان[2].

عەبدولڕەحمانی قورەیشی دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ چووەتە سەردانی ڕوقیەی کچی، سەیرەدەکات سەری عوسمان دەشۆرێت، دەفەرموێت "کچی خۆم چاك بە بۆ ئەبو عەبدولڵا یەعنی عوسمان، چونکە لەناو هاوەڵانمدا زۆربەی ڕەوشتەکانی لەڕەوشتی من دەچێت"[3].

ئوموجەمیلی کچی حەرب‌و ئەبولەهەبی مێردی پێیان وابوو، تەڵاقدانی ڕوقیەو ئوم کەلسوم دەبێتە کێشەو تەنگوچەڵەمەو ماڵی پێغەمبەر ﷺ پێی سەرکز دەبن. بەڵام، بە پێچەوانەوە خودای گەورە لە کوڕانی ئەوان باشتری بۆ هەڵبژاردن‌و کردی بە نسیبیان، ئەوانیش بە هاڵاوی دڵیان نەگەیشتنە خۆشییەکانیان، خودای گەورە ماڵ‌و خێزانی پێغەمبەری ﷺ لەوان خاوێن کردەوە. هەمیشە فەرمانی خودا، لەجێی خۆیدا جێبەجێ دەبێت[4].

شەشەم: چەرمەسەری‌و کۆچکردن بۆ حەبەشە

زۆر تاك‌و کۆمەڵ‌و گەل‌و وڵاتێك بە قۆناغی چەرمەسەریدا گوزەریانکردووە. نمونەی ئەم قۆناغە دژوارەش بەسەر هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەردا تێپەڕیوەو ناسۆری وایان چەشتووە شاخە سەرکەشەکانیش پێیان هەڵناگیرێت، بەجارێك ماڵ‌و خوێنی خۆیان بەختکردووە لەپێناو خودای گەورەدا. هەرچی خودای گەورە ویستویەتی ئەنجامیانداوەو بۆی کۆشاون، موسڵمانە پلەو پایەدارەکانیش لەم نارەحەتی‌و چەرمەسەریانە بێوەی‌و بێبەش نەبوون. بۆ نموونە عوسمان کە خاوەن پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بووە، لە لایەن حەکەمی ئەبی عاسی مامیەوە لەرێگای سەرخستنی ڕێبازی خودای گەورەدا ئەشکەنجە دراوە. حەکەم، بە گوریس عوسمانی شەتەك دەداو پێی دەوت "واز لە ئاینی باوو باپیرانت ئەهێنی بۆ ئاینێکی دەست هەڵبەست؟! سوێندبێت، بەرت نادەم هەتا ئەو ئاینەی هەڵتگرتووە فڕێی نەدەیت" عوسمانیش، فەرمووی وەڵڵاهی ببڕاو ببڕ فڕەی نادەم‌و لێی جودا نابمەوە". کە حەکەمی مامی تێگەیشت لەدینداریەکەیدا زۆر توندوتۆڵەو وازی لێ ناهێنێ

[1] ذوالنورين عثمان بن عفان، محمد رشيد رضا، (12).
[2] انساب الاشراف، (ص89).
[3] رواه الطبراني ورجالة ثقات ماله الهيثمي، المجمع رقم (14500).
[4] دماء على قميص عصمان، د. ابراهيم الفتاوي، ص (84).

گوریسەکەی لێکردەوەو ئازادبوو[1]. بە هەمان شێوەی عوسمان‌و پتریش ئازارو ئەشکەنجەی موسڵمانان ناهەمواربوو. بۆ نموونە یاسرو سومەیەی خێزانی لەرێی ئیسلامەتیدا کوژران. تەنانەت پێغەمبەریش ﷺ ئازارو ئەشکەنجەی سەختی چەشت بۆیە بیری لەوە کردەوە موسڵمانان چی بکەن‌و چۆن لەم قۆناغە تاڵە قورتار بن. خودای گەورەش پێغەمبەر ﷺی رێنمایی کرد بەرەو حەبەشە کۆچ بکەن. بۆیە پێغەمبەر ﷺ بە موسڵمانانی فەرموو "ئەگەر بچونایە بۆ حەبەشە کارێکی باشتان دەکرد، چونکە پادشایەکی سەرڕاستیان هەیەو لای ئەو کەس زوڵمی لیَ ناکرێت"[2]. بەم فەرموودەیەش کۆچکردن دەستی پێکرد، وەختێکی زانی دەستەیەکی زۆر لە ئیمانداران بە نهێنی دزەیان کردووە بۆ دەرەوەی شاری مەککە[3]، هەندێکیان لە رێگەی دەریاو هەندێکی تر بە سواری وڵاخ‌و ئەویتریش بە پیادە خەریکن دەکەونە رێ، پێغەمبەر ﷺ تێراما لەم کۆچکردنەو عوسمانی کوڕی مەزعونی کردە چاوساغیان‌و لەوێ گەیشتنە کەنار دەریاری سوور، خودای گەورە یارمەتی دان‌و دوو بەلەمیان دەست کەوت[4]، یەکی بە نیو دینار سواری بوون، هاوکات قورەیش بەمەیان زانی خێرا وەدویان کەوتن، بەڵام کاتێك کە قورەیش زانیان ئەوان لە ئاو کردبوویانە ئەوبەرەوە.

یەکێك لەوانەی کۆچی کرد لە جاری یەکەم‌و دووەمدا عوسمان بوو. ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر، لەساڵی پێنجەمی هاتنی ئیسلام، دووجار لەگەڵ روقیەی خێزانیدا کۆچیکرد. کاتێك لەگەڵ موسوڵمانەکانی تردا گەشتنە حەبەشە لەوێ بە ئارامی‌و ئازادی خوداپەرستی‌و دینداری خۆیان دەکرد، تەنانەت قورئان ئاماژەی کردووە بۆ کۆچکردنی موسڵمانە یەکەمینەکان کە چوون بەرەو حەبەشە دەفەرموێت (وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي اللّهِ مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَلَأَجْرُ الآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ) (النحل: 41).

قورتوبی لە ریوایەتی قەتادەوە نووسیویەتی ئەم ئایەتە مەبەستی هاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ، ئەو دەمەی دەچەوسانەوە بە دەستی موشریکەکانەوە ئازاریان دەچەشت، دەستەیەك لە هاوەڵان کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو خودای گەورە بۆی کردنە لانەی حەسانەوەو یەکەمین هەوارگەی کۆچکردن‌و برێکی زۆر دۆستی بۆ هاوەڵان رامکرد[5]، هەروەك خۆی لەمبارەیەوە فەرمویەتی (قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ) (الزمر: 10). تەنانەت ئیبن عەباس دەڵێت "ئەم ئایەتە مەبەستی جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب‌و ئەو هاوەڵانەیە کە کۆچیان کرد لەگەڵیدا بۆ حەبەشە[6]".

بێگومان عوسمانی کوڕی عەففان ـ رەزای خودای لێبێت ـ کەڵکی زۆری وەرگرت لەم کۆچکردنەو برێکی باش پەندو ئامۆژگاری لێوەرگرت‌و لە میانەی دەسەڵاتی خەلافەتی خۆیدا بە کاری هێناو پیادەی کرد.

گرنگترین ئەو پەندو ئامۆژگاریانەش ئەمانەبوون:

1ـ چەسپاوی‌و دامەزراوی عەقیدەی ئیمانداران، سەرەرای ئەو هەمەوو ئەشکەنجەو خەشمەی کە دائەبارییە سەریان لە لایەن گومراو سەرسەرییەکانی مەککەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئیمان دروستی‌و دڵپاکییان بۆ خودای گەورە پیشان ئەدات، ئاماژەی دەروون بەرزی‌و گیان پۆڵایی ئەوان بوو، ئەم ئازارو ئەشکەنجەیان بە تەرزێ لێکدەدایەوە کە ویژدانیان ئاسوودە بکات‌و عەقڵ‌و دەرونیان هێور بکاتەوە، ئەوەندە ئاواتەخوازی رەزای خودا بوون گوێیان نەئەدایە ئەو ئازارو ستەمەی کە دەگەیەنرایە جەستەیان، چونکە باوەڕداری راستەقینەو بانگخوازی نیازپاك هەمیشەو هەردەم غەم‌و

1 التمهيد والبيان في مقتل الشهيد عثمان، ص (22).
2 الهجرة في القران الكريم، ص (290)، السيرة النبوية لابن هشام (413/1).
3 دماء على قميص عصمان، ص (15) الطبقات (69/2).
4 الطبقات (204/1)، تأريخ الطبري (69/2).
5 الجامع لاحكام القران القرطبي (107/10).
6 الجامع لاحكام للقراف للقرطبي (240/15).

پەژارە بۆ لایەنی ڕۆح دەخوات، نەك بۆ لایەنی جەستە. ئەوان ئەوەندە پەرێشانی خواستەکانی ڕۆح‌و گیانیان بوون بە جۆرێکی وەها خواستەکانی لایەنی جەستەییان کە بریتییە لەپشوودان‌و سك تێرکردن‌و لەزەتچەشتن، نەدەخستە بەر ئەندێشەی خۆیان، بەم تابلۆیە بانگەواز، سەردەکەوێت‌و تارمایی‌و تاریکی نەفامی ڕادەماڵێت[1].

2ـ عوسمان ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ فێری سۆزو دڵهاوەری بووە بەرامبەر ئومەتی ئیسلام، ئەم هەستەش کاتێك گزنگیدا کە خەلافەتی پێ بەخشرا، پێشتریش لەسەردەمی مەدینەو سەرەتای پێغەمبەرایەتی هەتا سەردەمی ئەبوبەکرو عومەریش بە چاوی دڵ‌و بەچاوی سەر، سۆزو میهرەبانی ئەوانی دیبوو، کە چەندە بە پەرۆش بوون بۆ دابینکردنی ئاسایش‌و حەسانەوەی هاوەڵان، هەر دەرەنجامی ئەم دڵسۆزییەشبوو، کە پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاریی کردن بچن بۆ سایەی پادشایەکی دادوەر کە لە حەبەشەیەو ستەم لەکەس ناکات کتومت هەرواش دەرچوو، لەوێ لەرووی ئاینداریەوە ئازادبوون‌و لە ڕوی ژیانیشەوە لە باشترین جێگەدا میوانداری کران[2]، سا بۆیە پێغەمبەر ﷺ بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە تەماشای حەبەشی دەکردو بە وڵاتێکی ئارامی ناودەبرد، بۆ بانگەوازو کۆمەڵە هاوەڵەکەی، وەکو قەڵغان، سودی لێوەرگرت بۆ پاراستنی ئیمانداران. ئەم ڕێوڕەسمە پەروەردەیەکی پێغەمبەرانەیە بۆ گشت پێشەواکان‌و فەرمانڕەوا موسڵمانەکان لە گشت سەردەمێکدا هەتا بتوانن بەرنامەڕێژی دانایانە بکەن‌و ڕەهەندەکانی پاراستنی بانگەوازو بانگەوازکار لەبەرچاو بگرن‌و بگەڕێن بە شوێن ناوچەیەکی ئاران‌و گزردا تا بیکەن بە پایتەختێك بۆ بانگەوازو بیکەن بە ناوەندێك بۆ بڵاوکردنەوەی باسو خواستەکان، ئەگەر ناوەندی سەرەکی شکستی هێنا یان کەوتە مەترسییەوە یاخود سەربازو شۆڕشگێڕەکان دوچاری گرفت بوونەوە، ئەوکاتە ناوەندە دورە دەستەکان کارو فرمانەکان جێبەجێ بکەن[3].

3ـ عوسمان لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺو کۆ چی حەبەشەدا، فێری ئەوەبوو کە ترس‌و بیم بە سەختی ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە کەسوکاری نزیکی پێشەوان، چونکە ناگونجێت کەسە تایبەتەکانی پێشەوا، خۆیان ماتە بدەن لەناسۆرییەکان‌و خەڵکە ڕەشو ڕوتەکەش بخرێتە بە سزاو ئازار. ئەم دیدە دورە، لە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ[4] لەبەر ئەوە کاتێك عوسمان، دەسەڵاتی خەلافەتی گرتە ئەستۆ خزمە نزیکەکانی خستە پێشی سوپاو کردنی بە کەواسوری بەر لەشکر، بۆ نموونە عەبدوڵڵای ئەبی سەرح لە ڕزگارکردنی ئەفەریقاو عەبدوڵڵای عامر، لە ڕزگارکردنی مەشریقدا لە پێشی پێشەوە دانا، هەروەها مەعاویەی ناچار کرد لەگەڵ خێزانەکەیدا لە پێشی سوپابەرزەفڕەکەیەوە، سواری پشتی کەشتی ببێت، درێژەی ئەم باسەش لە باسی ڕزگارکردنەدا دەبینیت.

4 ـ عوسمان، یەکەمین کەسە لەم ئومەتەدا کە بەخاوخێزانەوە کۆچی کردەوە بۆ حەبەشە[5]، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت بۆ کۆچی عوسمان‌و ڕوقیە "خودای گەورە هامڕایان بێت دوای (**لوط** ﷺ) عوسمان یەکەمین کەسە کە بە خاوخێزانەوە کۆچی کردبێت بۆ لای خودای گەورە"[6].

پڕوپاگەندەیەك گەشتە کۆچەرانی حەبەشە، کە گوایە ئەهلی مەککە موسڵمانبوون، ئەوانیش لە خۆشیاندا گەڕانەوە، کاتێك نزیکی مەککە بوونەوە هەواڵیان بۆ هات، ئەو دەنگوباسە درۆو دەلەسەیە، ئەمانیش بەداڵدەی هەندێك پیاوی مەککە هاتنە ناو شارو هەندێکی تریان گەڕانەوەو هەمدیس کۆچیان کردووە بۆ حەبەشە. عوسمان، یەکێك بوو لەو کەسانەی لەگەڵ ڕوقیەی خێزانی لە مەککە مانەوە[7] هەتا خودای گەورە مۆڵەتی کۆچکردنی مەدینەی دا، ئەویش کۆچی

---

[1] السيرة النبوية للدكتور مصطفى السباعي، (57).
[2] الهجرة في القران الكريم، ص (312).
[3] التربية القيادية، مغير الغضبان (333/1).
[4] السيرة النبوية للصلابي (348/1).
[5] الصواعق المرسلة (314/1).
[6] المعرفة والتأريخ (268/3) ضعيف الاسناد.
[7] السيرة النبوية لابن هشام (402/1).

کرد بۆ مەدینە. عوسمان لەوەتی موسڵمانبووە بە هەموو جۆرێك هۆگری پێغەمبەر ﷺ بووە، قەت لێی جودا نەبۆتەوە، مەگەر بە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کۆچی کردبێت یان بۆ ئیشێك ڕۆشتبێت. هیچ کەسێکیش بە ئەندازەی عوسمان، بەهرەمەند نەبووە لە بەهرەی پێغەمبەر ﷺ. عوسمان لە هۆگرییەکەیدا وەکو خەلیفە ڕاشیدینەکان بوو، ئەم خەلیفانەش وەك بڵێیت، یەك لە دوای یەك پاڵێوراوو تایبەتو دەستنیشانکراو بوون، بۆ جێنشینایەتی[1]. لەڕاستیدا عوسمان، لە سەر پردێکی مەحکەم بوو بۆ وەرگرتنی ئەم ئایینە پیرۆزە، هیچ هەواڵێکی تایبەتیو گشتی پێغەمبەری ﷺ لە دەست دەرنەچووە، بە هەمان شێوە لە زەمانی هەردوو خەلیفە بەڕێزەکەشدا تەنها ساتێك فەرامۆش نەبووە، بە گوزارشتێکی تر، ئەو کردارەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ ڕێکخستن[2]، لە وڵاتی ئیسلامدا نەیدەهێشت لە کیسی بچێتو لەدەست دەربچێت، بەڵکە یەك بەیەك هەنگاوی پێشینەکانی خۆی لە ژیانی کردەییدا جێبەجێ دەکرد.

باسی دووەم: ژیانی عوسمان ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ لەگەڵ قورئاندا

ئەو ڕێبازە پەروەردەیەی کە عوسمانو گشت هاوەڵە بەڕێزەکانی لەسەر گۆشکرا، قورئانی پیرۆز بوو. ئەم قورئانەش لە لایەن پەروەردگاری جیهانەو دادەبەزیو پێغەمبەری خۆشەویستمان بەسەر هەموو قسەکاندا قورئانی هەڵبژاردبوو .. زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی کە قورئان تاکە مەرجەعو سەرچاوەبێتو بکرێتە تاکە ڕێبازی پەروەردەیی بۆ تاكو کۆی موسڵمانان. لەم ڕوانگەیەشەوە، عوسمان، ئەو ئایەتە پیرۆزانەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەری گرتبوو، ڕاستەوخۆ کاریگەری بەرچاوی لەداڕشتنی کەسایەتیدا هەبووەو بە جوانی دڵی خاوێن کردبۆوە. قورئان لەگەڵ ڕۆحی عوسماندا کارلێکی کردبوو بە جۆرێکی وەها کە بەتەواوی گۆڕیو کردی بە مرۆڤێکی تر بە خۆیو ئامانجو ڕەفتارو بەهاو ماریفەتییەوە[3]. ئیمامی عوسمان لکابوو بە دەقەکانی قورئانەوە، ئەبو عەبدوڕڕەحمانی سەلەمی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "ئەو کەسانەی ئێمەیان فێری قورئان کرد وەکو عوسمانی کوڕی عەفانو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودو غەیری ئەمانە، هەر کاتێك (10) ئایەتی قورئان فێربووبن، یان وەریانگرتبێت لەپێغەمبەرەوە ﷺ بەسەریدا تێنەپەڕیون هەتا بە چاکی زانیویانە، چ زانستو چ کردەوەیەکی تێدایە هەتا کاری پێ بکەن". ئەبوعەبدورەحمان درێژەی پێدەداو دەڵێت: "دەیانوت ئێمە کە فێری قورئان دەبووین لە هەمان کاتدا فێری زانستو کردەوەکەشی دەبوین پێکەوە، بۆیە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی فێربوونی یەك سورەت دەبووین[4]، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت (كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الأَلْبَابِ)". (ص: 29).

لە عوسمانەوە ڕیوایەت کراوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی"خيركم من تعلم القران و علمه"[5] عوسمان، هەموو قورئانی خوێندۆتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، بەر لەوەی وەفات بکات. دەرکەوتووترین قوتابی عوسمان لەبواری فێرکردنی قورئانیشدا ئەبوعەبدولڕەحمانی سەلەمیو موغەیرەی ئەبی شەهابو ئەبو ئەسوەدو زوڕەی کوڕی حوبەیشە[6]. هەر لە بارەی ڕێزی قورئانەوە مێژوو، کۆمەڵێك وتەی ئیمامی عوسمانی تۆمارکردووە، بۆ نمونە دەفەرموێت: "ئەگەر دڵمان خاوێن بێت هەرگیز لە فەرمایشتەکانی خودای گەورە تێر نابین"[7]. هەروەها دەفەرموێت: "پێم ناخۆشە ڕۆژێك تێپەڕێت بەسەرماو چاوم بە قورئان نەکەوێت"[8]. هەروەها دەفەرموێت "لە دونیا سێ شتم لەلا نازدارە: تێرکردنی برسییەکان ..

---

[1] عثمان بن عفان للعقاد، ص (80).
[2] عثمان بن عفان للعقاد، ص (78).
[3] السيرة النبوية للصلابي (145/1).
[4] الفتاوى (177/13).
[5] البخاري، فضائل القران، رقم (5027).
[6] تأريخ الاسلام، عهد الخلفاء الراشدين للذهبي، ص(467).
[7] الفتاوى (122/11)، البداية والنهاية (225/7).
[8] البداية والنهاية (225/7)، فوائد الكلام، (ص275).

پۆشتەکردنەوەی ڕەجاڵەکان.. خوێندنەوەی قورئان"[1]. هەروەها دەفەرموێت: "چوار شت هەیە بە ڕواڵەت فەزڵە، بەڵام لە ڕاستیدا فەرزن ئەوانیش: تێکەڵاوی چاکەکاران فەزڵە، بەڵام شوێنکەوتنیان فەرزە. خوێندنەوەی قورئان فەزڵە، بەڵام ئیشپێکردنی فەرزە. سەردانی گۆڕستان فەزڵە، بەڵام خۆئامادەکردن بۆ مردن فەرزە. سەردانی نەخۆش فەزڵە، بەڵام وەسیەتکردن فەرزە"[2]. هەروەها دەفەرموێت: "دە بەڵا هەیە شتەکانی تر وێران دەکات، زانایەك پرسیاری لێ نەکرێت، زانستێك کاری پێنەکرێت، بۆچونێك پەسەند نەکرێت، تفەنگێك تەقەی پێ نەکرێت، مزگەوتێك نوێژی تێدا نەکرێت، قورئانێ موتاڵا ـ نەکرێت، سەرەوەتێك لێی نەبەخشرێت، وڵاخێك بارنەکرێت، زانستی کەمویستی (زهد) لەسینەی دونیاویستێکدا بێت، تەمەنێکی درێژ توێشووی سەفەری پێ نەبێت"[3].

عوسمان ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ قورئانەکەی خودای گەورەی لەبەر بوو، هەرگیز ژوورەکەی بێ قورئان نەبوو، تەنانەت لەمبارەیەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا کردووەو فەرموویەتی "ئەو قورئانە پیرۆزەو پیرۆزیکیش هێناویەتی"[4]. عوسمان، کۆچی دوایی نەکرد هەتا قورئانەکەی بەردەستی لە ئەنجامی خوێندنەوەو تێڕامانو ئەمدیودیوکردن، دڕا[5]. تەنانەت خێزانی عوسمان لە ڕۆژی گەمارۆدانیدا وتی: "یان بیکوژن یان وازی لێ بهێنن، وەڵڵاهی لەیەك ڕکاتی شەونوێژدا هەموو قورئانی خوێندووە"[6].

عوسمان ئەو ئایەتەی تێدا بەرجەستە بووە کە خودای گەورە دەفەرموێت: (أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاء اللَّيْلِ سَاجِداً وَقَائِماً يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ) (الزمر: 9). عوسمان، تاسقی شکابوو لەلەزەتی قورئان، چەندین ساڵ قوتابی بەردەستی پێغەمبەر ﷺ بوو، لەدیدی قورئانەوە تێگەیشتبوو کێ خودای ڕاستەقینەیەو دەبێت بپەرسترێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ چەمکی ئایەتە پیرۆزەکانی لە ناخیدا چاندبوو، بە هەمان شێوە پێغەمبەر ﷺ زۆر بە پەرۆش بوو کە هاوەڵانی لەسەر وێنەیەکی دروست بەرامبەر پەروەردگارو مافەکانی پەروەردە بکات، تا لە ڕێگەی ئەم وێنەیەشەوە بگەن بە کۆگای متمانەو باوەڕ. لەم لایەنەشەوە عوسمان، گەشتە ئەو ڕادەیەی دیدو بۆچوونی خۆی بەرامبەر خودای پەروەردگارو بوونەوەو ژیانو بەهەشتو دۆزەخو قەزاو قەدەرو ناخی مرۆڤو کێشمەکێشمی لەگەڵ شەیتاندا لە قورئانو سوننەتەکانی پێغەمبەرەو هەڵبهێنجێتو فەراهەم بێنێت. بۆ نموونە بەرامبەر بە خودای گەورە بەوپەڕی سوپاسەوە ستایشی دەکرد، بەبێ گەردو لەخاوێن خاوێنتر ناوی دەبرد، بە تاكو تەنیاو بێ شەریكو بێ کوڕو هاوسەر لێی دەڕوانی، هەروەها نەخشەی بۆ ڕۆشنایی بەندایەتییەکەی کێشابوو، بە تایبەت خواپەرستییەکەی لە چوارچێوە دروستدا وێنا کردبوو[7]، بە هەمان شێوە تێڕوانینی بۆ بونەوەر لە چەمکی قورئانەوەو لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەوە وەرگرتبوو (قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَاداً ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ) (فصلت: 9). هەروەها بەرامبەر ژیانیش تێڕوانینی وابوو ژیان هەرچەندە درێژبێتەوە حەتمەن هەر کۆتایی دێتو دەبڕێتەوە، خۆشییەکان هەرچەندە زۆرو گەورەبن هەر کەمو بێ نرخن، لەچاو ژیانی قیامەتدا. ئەمەشی لەم ئایەتە وەرگرتبوو: (إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاء أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالأَنْعَامُ حَتَّىَ إِذَا أَخَذَتِ الأَرْضُ زُخْرُفَهَا..) (یونس: 24).

---

[1] ارشاد العباد للاستعداد ليوم المعاد، (ص88).
[2] المصدر نفسه (ص90)، فرائد الكلام (ص278).
[3] المصدر نفسه (ص91)، فرائد الكلام (ص278).
[4] البيان والتبعيان في فضل الشهيد عثمان (177/3) فرائد الكلام، (ص273).
[5] البداية والنهاية (225/7).
[6] البداية والنهاية (225/7).
تێبینی: لەو ڕکاتە نوێژەی کە عوسمان هەموو قورئانی تێدا خوێندووە نوێژی تری نەکردووە. الخلافة الراشدة والدولة الاموية، (ص397).
[7] منهج الرسول في غرس الروح الجهادية، ص (16/10).

هەر بەم دەستورە لە ژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی بەهەشتو دۆزەخدا دەیڕوانییە باسو خواسەکانی بەهەشتو ئاگرو کردبوونی بەبناغەیەك بۆ خۆشی و ناخۆشییەکانی خۆی، بۆ ئەوەی لەبەرنامەکەی خودای گەورە لا نەداتو تووشی گێرمەو کێشمە نەبێت، لەم ئاسۆیەوە بۆمان دەردەکەوێت، عوسمان، بیروبۆچوونو ژیانی هێندە قوڵو بەرینە هەموار ناکرێت. چونکە تێگەیشتنێکی بەرفراوانی هەبووە دەربارەی خودای گەورەو زۆر ترساوە لە سزاو تۆڵەی ئەو، ئەمە جگە لەوەی کە بەباشی لە قەزاوقەدەر تێگەیشتبوو، ماناو مەبەستەکانی لە دڵدا چەقیبوو شارەزای پلەو قۆناغەکان بوو بوو، دڵنیابوو کە زانستی خودای گەورە، دەوری هەموو شتێکی داوە، وەك لەچەندین ئایەتدا ئاماژەی پێ کراوە، لەوانەش: (..وَلاَ تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلاَّ كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُوداً..).

هەرشتێك بێتە بوون لە ئەنجامی نووسینەکەی خودای گەورەوەیە، هەمیشە ئارەزووی باڵای ئەو، جێبەجێ دەبێت، توانایەکی بێ سنووری هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو شتەی کە دەیەوێت ببێت، چونکە سەرەتای هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ دروستکراوی خۆی.

عوسمان لە چەمكو ڕاڤەی ئایەتە قەدەرییەکان بیرو باوەڕی خۆی داچەسپاندبوو، سوودو کەڵکێکی زۆری لێ بەدەستهێنابوو، هەر بە هەمان شێوە ناخی خۆی و نەوەکانی تری هەڵسەنگاندبوو، دەیگوت دروستبوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنجو بنەما، بنجی یەکەم: کە دروستبوونی مرۆڤە لەگڵ، پاشان خودای گەورە ڕێکیخستو گیانی کرد بە بەریدا. بنجی دووەمیش: دروستبویەتی لە تۆرماو، وەکو خودای گەورە دەفەرموێ: (الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ) (السجدة: 7).

عوسمان، باش زانیبووی کە مرۆڤ دروستکراوی خودای گەورەیەو بە دیمەنێکی جوانو قەدو باڵایەکی ڕێکوپێك، سفت کراوە. بە ژیریو گوتنو جیای کردۆتەوەو ڕێزی لێگیراوەو هەرچی لە ئاسمانو ڕێسماندایە بۆی ڕامکراوەو پتر لە دروستکراوەکانی تر ڕێزی لێ گیراوە. تەنانەت مرۆڤ بەسەرداری بوونەوەرەکانی تر ناسراوەو بەناردنی پێغەمبەران لەوانو بۆ ئەوان ڕێزی لێ گیراوە. ناسکترین چوارچێوەیەك کە خودای گەورە کێشاویەتی بۆ ڕێزو نازی مرۆڤ ئەوەیە کە سەرجەم مرۆڤی کردۆتە گرۆیەك بۆ خۆشەویستیو ڕێزلێنانی خۆی، سروشتیشە ئەم ڕێزە بەشوێنکەوتنی پێغەمبەران ﷺ ببێت، کە پیشەیان بانگکردنی خەڵکە بۆ ئیسلامەتی هەتا لە دونیاو قیامەتدا بە ئارامیو سەربەرزی بژینو حەسانەوەی دواڕۆژ وەکو هەڵێ بقۆزنەوە، هەروەك خودای گەورە پەیمانی داوە ژیانو گوزەرانی ئەو کەسانەش پڕ لە خۆشی بکات کە کرداری چاك دەکەنو دەفەرموێت "مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ". (النحل: 97).

عوسمان ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ هەر لە بەرتیشکی ئایەتەکانی قورئان ڕەگی کێشمەکێشمی نێوان مرۆڤ و شەیتانی بەچاکی ناسیبوو، کە شەیتان دوژمنێکی سەرسەختە لە پێشەوەو لە دواوەو لە ڕاستەوەو لەچەپەوە پەلاماری مرۆڤ دەدات، گزمەتە دەکاتو وەسوەسەو سەرپێچی دەخاتە دڵیەوەو کوانوی ئارەزووبازی مرۆڤ هەڵدەگیرسێنێت، بۆیە بە تونیدی پەنای بە خودای گەورە بەستبوو، توانیشی لە ژیانیدا سەرکەوێت بەسەریدا، چونکە لە چیرۆکی باوا ئادەمو شەیتان پەندی وەرگرتبوو، کە بناغەی مرۆڤو مرۆڤایەتییە. کەواتە مرۆڤ شایانی ئەوەیە بکەوێتە هەڵەوە بۆیە پێویستە ئیماندار بەقایمی پشت بەخودای گەورە ببەستێتو زۆر بایەخ بە تەوبەو گەڕانەوە بداتو هەردەم داوای لێخۆشبوون بکاتو دورەپەرێز بێت لە ئیرەییو گرنگی بدات بە گفتوگۆی شیرینو قسەی باش لەگەڵ هاودەمەکانو دەوروبەرەکەیدا، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلإِنْسَانِ عَدُوّاً مُّبِيناً) (الإسراء: 53). خودای گەورە بە ئیسلام ڕێزی نا لە عوسمان، پێی ژیاو بۆی تێکۆشاو لە پێگەیاندنی بنەماو لقەکانیدا بە پێی قورئانو سوننەت هەوڵیداو بوو بەیەکێك لە پێشەوا چاوساغەکانو بوو بە یەکێك لەوانەی نەخشەی

ژیانیان بۆ خەڵك دەكێشا، پێویستە خەڵكی وا بەستەی كرداروگوتاری عوسمان بێت، با ئەوەشمان لە بیرمان نەچێت، عوسمان، نوسەری وەحی بووە، لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ[1].

باسی سێیەم: ئالودەیی ئیمامی عوسمان بە پێغەمبەرەوە ﷺ لە مەدینەدا

ئەو پاڵپشتە بەهێزەی كاری كردە سەر كەسایەتی عوسمانو بەهرەكانی دەرخستو وزەی هەڵقولاندو دەروونی پاكژ كردەوە، هاوڕێیەتیو ئالودەیی پێغەمبەر بوو ﷺ. عوسمان لەدوای موسڵمان بوونی، هەمیشە وەكو قوتابی لەبەردەست پێغەمبەردابوو، هەر لە مەككە لێی دوور نەكەوتەوە هەتا ژیانی مەدینەشی بەسەر برد، عوسمان دەروونی خۆی وا ڕێكخستبوو هەمیشە پەرۆشی قوتابخانەی پێغەمبەرایەتی بوو بۆ گشت لقە جیاوازەكانی زانست، زۆریش سوربوو لەسەر فێربوونی قورئانو سوننەت لەسەر دەستی سەرداری مرۆڤایەتی.

ئەوەتە عوسمان خۆی باسی هۆگریەكەی خۆی دەكات بەپێغەمبەرەوەو دەڵێت "خودای گەورە بە ڕاستی موحەممەدی ﷺ ڕەوانە كردو پەڕاویشی لەگەڵدا نارد، منیش یەكێك بووم لەوانەی كە چووم بە پیری بانگەوازەكەیەوەو باوەڕم پێ كرد، لە سەرەتای ئیسلامدا دوجار كۆچم كردو خودای گەورە خەڵاتی كردم بەزاوایەتی پێغەمبەرەكەیو منیش خستمە سەر چاوانم"[2].

بە ڕاستی عوسمان لەسەر ڕێبازی قورئان پەروەردە كراو مامۆستاكەشی نێردراوی خودای گەورەبوو، یەكەمین هەنگاوی پەروەردەی عوسمان بریتیبوو لەدیدارو گفتوگۆی لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ، بەم دیدارەش گۆڕانێكی سەیرو شارەزاییەكی كتوپڕ هاتە زیهنیو لەبازنەی تاریكی دەرچوو بەرەو بازنەیەكی ڕووناك، ئیمانی وەرگرتو كوفری فڕێدا، هێزو گوڕێكی وای هاتە بەر كە بتوانێت هەموو تەنگو چەڵەمەو ناسۆرییەكانی ژیان هەڵبگرێت لە پێناو ئیسلامو بیروباوەڕە پیرۆزەكەیدا، سەرەڕای كەسایەتی پێغەمبەر ﷺ كە كاریگەرییەكی بەهێزی هەبوو لە كێشكردنی دەوروبەرەكەی، خودای گەورە هەڵی خستبوو كردبووی بە تەواوترین وێنەی مرۆڤ لە مێژووی ژیانی سەرزەویدا، ئەوەندە گەورەیی دەنواند ببوە خۆشەویستی خەڵكیو بەسەرسوڕمانەوە دەوریان لێدەداو بە تایبەت هەوادارەكانی لە هەر چوارلاوە لێی دەمروشانەوەو خۆیان پێوە دەنوسانو ئەو ئەڤینو سەرسامییە ناچاری دەكردن خۆشیان بوێت. هەرچەند پێغەمبەر ﷺ جگە لەم گەورەییە گەورەییەكی تر ببوە خەڵاتی ئەویش هەڵسوكەوتی پێغەمبەرییەتیو فرۆستادەیی بوو كە لە لایەن خودای گەورەو نیگای بەسەردا دەخوێنرایەوەو كرابووە بانگەوازكاری مرۆڤایەتی بۆ سەر ڕاستە شەقامی ئیسلامەتی، ئەم ڕەهەندەش كاریگەرییەكی تایبەتمەندی هەبووە لەسەر باری دەروونی ئیماندارەكانی بەردەستی. وەنەبێت ئیمانداران لەبەر بەرژەوەندی خۆیان خۆشیان ویستبێت وەك چۆن خەڵكی سەرۆكێكیان خۆش دەوێت. بەڵكە لەبەر ئەو دوو گەورەییەبوو، یەكێك گەورەیی پێغەمبەرایەتی، دووەم گەورەیی ڕەفتاری شیرینی، واتە دابەزینی نیگاو ساغو سەلامەتی كەسایەتییەكەی هەردوكیان لێك ئالابوونو مرۆڤێكی مەزنیان دروست كردبوو نێردراوێكی مەزنیان بەرجەستە كردبوو. لەم رووەشەوە عوسمان، ئەوینێكی قوڵو بەرفراوان هەبوو لە دڵیدا بەرامبەر نێردراوی مرۆڤایەتیو مرۆڤێكی نێردراو ئەم دوو چەمكەی ئاوێتەی یەك كردبوو لە هەستی خۆیداو بە توندی گرێی دابوو كردی بە خاڵی وەرچەرخانی دڵو دەروونی بەرەو خۆش ویستنی خودای گەورەو پێغەمبەرەكەی ﷺ. عوسمان، ئەم خۆشەویستییەی كرد بە داینەمۆی جوڵەو هەستو هۆشی، هەر لە سایەی ئەم خۆشەویستییەشەوە بوو كە نەوەی یەكەمی هاوەڵانی بزوانو ببونە نەمامی پەروەردەی ئیسلامەتیو مەكۆی دەرچوونی ورەی بەرزو هەنگاوی پیرۆز[3]، لە هەمان كاتدا بە هۆی هاودەمی پەروەردەی پێغەمبەرەوە ﷺ چەندین دۆخی

---

[1] السياسة المالية لعثمان (ص22)، التبين في انساب القرشين، (ص94).
[2] فضائل الصحابة لابي عبدالله أحمد بن حنبل (597/1)، اسناده صحيح.
[3] الامين ذوالنورين، محمود شاكر، (ص40).

تری ئیمانی بەدەست هاتووە، بە تایبەت بۆ عوسمان کە فێرخوازێکی زیتەڵ بووەو فێری قورئان و سوننەت و ئەحکامەکان و دەرون پاکی بووە.

عوسمان، لەماوەی ئالودەبوونی بە پێغەمبەر ﷺ سەرگەرمی قاڵبوونەوە بووە لە سوننەتەکانی ئاشتی و غەزاکردن و بابەتەکانی تر، هەروەها ئەم پێکەوەژیانە بوو بە دەسمایەی عوسمان و خۆی پێ ڕازاندبووەوە بە جوانی وەکو تیشکێکی پرشنگدار بەکاری دەهێنا لە کاروباری غەزاو ناسینی سروشت و غەریزەکاندا.

لەمەودوا هەڵوێستەکانی عوسمان لە گۆڕەپانی تێکۆشان و باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ڕوون دەکەینەوە بەتایبەت لەقۆناغی مەدینەدا کە لەخزمەتی پێغەمبەردا ﷺ بووە.

یەکەم: عوسمان لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا

پاش ئۆقرەگرتن لە شاری مەدینە پێغەمبەر ﷺ دەستورێکی دارشت بۆ چەسپاندنی ستوونەکانی وڵاتی ئیسلامی و هەستا برایەتی خستە نێوان کۆچەری و یاریدەدەران (أنصار)، هەر کۆچەرێك ئەنسارییەکی دەکردە برای خۆی، لەم برایەتییەشدا عوسمان بەر ئەوسی کوڕی سابیت کەوت، پاشان هەستا بە دروستکردنی مزگەوتێك و پەیماننامەیەکیشی لەگەڵ جولەکەکان بەست و بزووتنەوەی پارتیزانی دامەزراندو زۆر بایەخی بە دروستکردنی کۆشکی ئابووری و پەروەردەکردن و فێرخوازی دەدا لە کۆمەڵگای مەدینەدا. عوسمان یەکێك بوو لە ستونەکانی وڵاتی ئیسلامی و هەرگیز دریغی نەدەکرد لە ماڵ و سەروەتدان و جگە لەبەدر لە گشت ڕاوێژو جەنگەکاندا بەشداریی هەبووە[1].

1ـ عوسمان و جەنگی بەدر

کاتێك موسڵمانان دەرچوون بۆ غەزای بەدر، ڕوقیەخانی کچی پێغەمبەر ﷺ و خێزانی عوسمان نەخۆش بو، نەخۆشی سورێژەی هەبوو، بە تایبەت لەو کاتەی جاری ڕێگەگرتن لە کاروانەکەی ئەبو سوفیان درا ڕوقیە لە ناو جێگەدا کەوتبوو، عوسمانیش بە گوردەمییەکەوە هات لەگەڵ پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵاندا دەربچێت کەچی لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ فرمان کرا کە عوسمان لای ڕوقیە بمێنێتەوە، چونکە زۆر نەخۆشە. عوسمانیش بەسنگێکی فراوانەوە فەرمانەکەی وەرگرت، لای ئەم هاوسەرە بەرێزەی بە ئارامی مایەوە و لەئەنجامدا نەخۆشییەکە زۆری بۆ هێناو تارمایی مەرگ خۆی کێشا بە سەریداو زۆر مەخابن ئەو دەمەی کەوتە گیان سپاردن زۆر پەرێشان بوو بۆ دیداری پێغەمبەر ﷺ کە لە بەدر بوو، هەروەها بۆ دیتنی زەینەبی خوشکی کە لە مەککە بوو، عوسمان شینی داناو ئەشکەك و پەژارە پەردەی دڵی دەبشارد[2]، بەم شێوەیە ڕوقیە ماڵئاوایی کرد لەچرکەکانی ژیان و شایەتیدابوو کە تەنها خودا تاك و تەنیا شایانی پەرستنە. موحەممەدی باوکیشی ﷺ فروستادەی خودای گەورەیە. ڕوقیە لە دونیا براو گەشتە چینی باڵا و هەر چەندە باوکی نەبینی و باوکیشی ئامادەی ناشتنی نەبوو، کفن کراو تەرمی پیرۆزی بەشان هەڵگیراو مێردەکەشی بەداماوی بە شوێنیەوە بوو، هەتا گەیاندیانە گۆڕستانی بەقیع و لەوێ نێژرا.

بە راستی فرمێسکی تەعزییەباران لێزمەی دەکردو کچی پێغەمبەر ﷺ نێژرا زۆری نەبرد جەنگاوەرانی بەدر گەڕانەوە، زەیدی کوڕی حاریسە ڕێشمەی وشترەکەی پێغەمبەری ﷺ بەدەستەوەبوو، خۆش خۆش مزگێنی سەرکەوتنی موسڵمان و کوشتارکردنی "قارەمانە" بتپەرستەکانی ڕادەگەیاند، موسڵمانەکانی مەدینە بەم هەواڵە دەموچاویان گەشایەوە، یەکێکیش لەو خۆشحاڵانە عوسمان بوو، بەڵام هەرچی کرد نەیتوانی تازێباری کۆچی ڕوقیە بشارێتەوە، پێغەمبەر ﷺ کە وەفاتی ڕوقیەی بیست هەستا چوو بۆ گۆڕستانی بەقیع و لەسەر گۆڕەکەی وەستاو لای خودا بۆی پاڕایەوە[3]. عوسمانی کوڕی عەفان، لەو کەسانە نەبوو بە ئەنقەست لەبەر دواکەوتنی یا لەبەر کەمتەرخەمی نەچوو بێت بۆبەدر، یان هەڵهاتبێت وەك خەڵکێکی ئارەزووباز لەسەری دەهۆننەوەو تەشەری لێ دەدەن. بەڵکە تەنها ئەو، ویستوویەتی

[1] الخلفاء الراشدون، عبدالوهاب النجار، (ص269).
[2] نساء أهل النبي، أحمد خليل جمعة، (ص491 - 504).
[3] دماء على قميص عثمان بن عفان (ص20).

فەرمانی پێغەمبەر ﷺ جێبەجێ بكات، هەتا ئەو فەزڵە بەخشرا بە ئەهلی بەدر بەهۆی گوێڕایەڵی پێغەمبەرەوە ﷺ بە هەمان شێوە عوسمانیش هاتە ژێر ئەو فەزڵە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ لەڕێگا گەڕاندیەوە بۆ ئەوەی بەدیار كچەكەیەوە بمێنێتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گوێڕایەڵییە واتە هەمان فەزڵی گوێڕایەڵی هاوەڵانی تری هەیە. هەروەها عوسمان وەكیلی پێغەمبەر ﷺ بووە، بۆ شاری مەدینە، ئەمەش لەلایەك ئاشكرایە عوسمان وەكو ئەوانی تر غەنیمەو پاداشتی بەركەوتو لە فەزڵو چاكە بەشدارە، چونكە ملكەچو گوێڕایەڵی پێغەمبەری ﷺ كردووە[1].

عوسمانی كوڕی عەبدوڵڵای موهەلەب دەڵێت: پیاوێك لە میسرەوە هات بۆ حەج كردن، وتی: ئەی ئیبنو عومەر پرسیارێكت لێ دەكەم بەڕاستی وەڵامم بدەرەوە، ئایا ڕاستە عوسمان لە بەدر دواكەوتووە؟ ئەهلی بەدر نییە؟ ئەویش وتی بەڵێ لە غەزای بەدردا دیار نەبوو، بەڵام ئەوكاتە ڕوقیەی كچی پێغەمبەر ﷺ، كە خێزانی عوسمان بوون زۆر نەخۆش بوو، بەدیاریەوە مایەوە، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو پاداشتی پیاوێكی هەیە كە جەنگی بەدری كردبێت، پشكێك لە غەنیمەتیشی دەكەوێت[2].

دیسان ئەبی وەهیلەوە لە عوسمانی كوڕی عەفانەوە دەگێڕێتەوە، عوسمان فەرمویەتی ڕۆژی بەدر بەجێمام، بە بۆنەی كچەكەی پێغەمبەرەوە ﷺ، لە دوایدا پشكێكی غەنیمەیان پێدام، لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێت: هەركەسێك پێغەمبەر ﷺ پشكی بداتێ ئەوە ئامادەی بەدر بووە[3]، بە كۆی ڕای زانایانیش عوسمان بەئەهلی بەدر دەژمێردرێت[4].

2ـ عوسمانو جەنگی ئوحد

لە سەرەتای جەنگی ئوحددا خودای گەورە سەركەوتنی بەخشی بە موسڵمانانو شمشێرەكانیان بڕشتی خۆی بڕیو گەردنی موشریكەكانی لەتو پەت كردو بە عالەمی ئاشكرا هەرەسیانهێنا و كوژران، ئەو ژنانەش، كە گۆرانییان دەوتو دەفیان لێ دەدا، كەوتنە چریكو چاكو دەفەكانیان فڕێداو بەزەبری شمشێر هەڵزنان بە شاخەكەداو لاقیان بەدەرەوەبوو، بەلام تای تەرازووی جەنگەكە لە ناكاو كەوت بەو دیوداو هاوكێشەكە ئاوەژوو بوویەوە، هۆی ئەمەش لەبەر ئەو تیرئەندازانە بوو كە پێغەمبەر ﷺ لە سەرەوی شاخەكەوە سەنگەری بۆ دیاری كردبوونو پێی فەرموون "ئەنجامی شەڕەكە هەر چۆن بوو ئێوە سەنگەر چۆڵ نەكەن"، كەچی ئەوانیش هەڵەیان كردو كەمێكیان نەبێت هەموویان هاتنە گۆڕەپانی شەڕەكە، كاتێكیش بێباوەڕەكان ئاوڕیان دایەوە سەیر دەكەن موسڵمانەكان مەشغوڵی كۆكردنەوەی دەست كەوتن. خالیدی كوڕی وەلیدی سەر لەشكری چەكدارانی قورەیش، لەگەڵ عیكریمەی كوڕی ئەبو جەهلدا هەلیان قۆستەوەو بیریان كردەوە بە ئەسپ سواری بدەن بەسەریاندا و لەئەنجامی ئەمەشدا ئەو بڕە تیربازەی كە بە تكاو رجای ئەمیرەكەیان، عەبدوڵڵای كوڕی جوبێر، مابوونەوە شەهید كران. لە ئەنجامی بێئاگایی موسڵمانان، سەرلەشكری موشریكەكان كە خالید بوو، دای بەسەر ئەوانی تریشداو كوشتاری كردنو تاقمێك لە موسڵمانان كەوتنە هەڵەداوانو لە نزیك مەدینە شەهید كران یەكێك لەو كەسانەی كە نەگەڕایەوەو هەڵهات لە گۆڕەپانی شەڕەكە هەتا هەردوو لا، بڵاوەیانكرد، عوسمانی كوڕی عەفان بوو. تاقمێكیش خۆیان كردە قۆچی قوربانی لەبەر بڵاوبوونەوەی دەنگۆی شەهیدبوونی پێغەمبەر ﷺ. ئەو تاقمەی كە شكانو هەڵهاتن عوسمانیشیان لەگەڵدابوو، خودای گەورە بە دەقی ئایەت گوزەشتەی لێكردنو هەتا قیامەت بەخشینی، بەپێی ئەم ئایەتە كە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُواْ وَلَقَدْ عَفَا اللّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ) (آل عمران: 155).

تەماشا دەكەین خەڵكانی هەوەسباز جگە لە هەوای دەروونی خۆیان هیچی تر پەسەندناكەنو ناوی یەكێكیتر نابەنو تەنها عوسمان تۆمەتبار دەكەن. ئایا هەر عوسمان هەڵهاتو نەگەڕایەوە؟[1] ئەگەر واشی كردبێت، بەهەڵەداچوونێكی

---

[1] كتاب الامامة، الرد على الرافضة، للأصبهاني، (ص302).
[2] البخاري، رقم (3698).
[3] الامامة والرد على الرافضة، (ص304).
[4] عثمان بن عفان، صادق عرجون، (ص47).

دەروونی خۆی بووە، سەرەڕای ئەوەش خودای گەورە لە ڕاکردووەکان خۆشبووە، ئیتر چی تێدا ماوەتەوە، حوکمەکە ڕۆشن و ئاشکرایەو هیچ ئاڵۆزی و گێژاوێکی تێدا نییە. لە دوای دابەزینی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئیتر هیچ گلەییەك لە عوسمان ناکرێت[1]، ئەو ئایەتە بەسە کە بە دەقی قورئان خواد لێی خۆشبووە، تێکۆشان و غەزاکانی تر شاهیدن کە عوسمان چەندێ ئازاو دلێرو دوور بووە لەو تۆمەتانەی بەناڕەوا بۆی هەڵدەبەسن.

3ـ شەڕی غەتەفان (ذي أمرة)

پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ چوارسەد هاوەڵیدا هەنگاوی هەڵگرت و عوسمانی کردە بریکاری خۆی بۆ بەڕێوەبردنی شاری مەدینە، پێغەمبەرو هاوەڵانی ڕۆیشتن لە (زیل قیسە) پیاوێکی بەرەی دوژمنیان توش هات پێیان دەوت (جەباری خێڵی سەعلەبە)، گرتیان و هێنایان بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ئەویش هەواڵ و دەنگوباسی هۆزەکەی خۆی پێدان، وتی: هەرگیز نایەنە ڕێتان مادەم بیستویانە ئێوە هێرشتان بۆ هێناون و هەڵهاتوون بۆ شاخەکان، من لەگەڵتان دێم، پێغەمبەر (ﷺ ئیسلامی پێ ڕاگەیاند، ئەویش قبوڵی کردو موسڵمان بوو، پێغەمبەریش ﷺ بە جۆرێك دەستی کردە ملی کە پێشتر بۆ هیچ کەسێك وەهای نەکردبوو، پاشان لەگەڵ بیلال دا ناردی و خۆیان بەرەو شاری مەدینە گەڕانەوە بەبێ ئەوەی تووشی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك ببن. ئەم ڕووداوەش ماوەی (11) ڕۆژی خایاند[2].

4ـ لە جەنگی (ذات الرقاع)

هەواڵ گەشتە پێغەمبەر ﷺ کە کۆمەڵێك لە بەنی سەعلەبەو بەنی ئەنمار لە غەتەفان دەیانەوێت بدەن بەسەر مەدینەدا، پێغەمبەریش ﷺ بەخۆی و چوار سەد هاوەڵەوە دەرچوو بۆیان، کاتێك گەشتنە (سیرار) بەر لەوەی دەربچن عوسمانی کردە چاودێری مەدینە، لەغەتەفان موسڵمانان تووشی حەشاماتێکی زۆر هاتن و نزیکی یەکتری کەوتنەوە، بەڵام جەنگ لە نێوانیاندا ڕووی نەدا. ئەوەندە مەترسییان هەبوو بۆ سەر یەکتر، پێغەمبەر ﷺ نوێژی ترسی بۆ کردن و پاشان لەشکرەکەی گەڕاندەوە بە سەلامەتی و ئەم دوورکەوتنەوەیەش لەمەدینە ماوەی 15 ڕۆژی خایاند[3].

5ـ لە پەیمانی ڕیزواندا

کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە حودەیبیە دابەزی بە پێویستی زانی نوێنەرێکی تایبەتی بنێرێت بۆ لای قورەیش بۆ ئەوەی ڕازو نیازی ئاشتیخوازانەی موسوڵمانەکانیان پێ ڕابگەیەنێت، پێغەمبەر ویستی بەقورەیش بڵێت بە تەمای کوشتار نییەو زۆر سوورە لەسەر ڕێزلێنانی شتە پیرۆزەکان و دەیەوێت مەراسیمی عەمرە بەجێبهێنێت و دواتر بگەڕێتەوە بۆ مەدینە. یەکەمجار (خەراشی ئومەیەی خوزاعی) دەستنیشانکرا بکرێتە نوێنەر. خەراش، وشترێکی هەبوو پێیان دەوت (سەعلەب) بە نوێنەر ناردیان بە سواری سەعلەبەکەی کاتێك چووە مەککە قورەیش وشترەکەیان سەربڕی و ویستیان خۆشی بکوژن، بەڵام حەبەشییەکان نەیانهێشت، خەراش هاتەوەو بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە پاشان پێغەمبەر ﷺ ویستی نوێنەرێکی تر بنێرێت، لەسەرەتادا عومەری خەتابی هەڵبژارد[4]، عومەریش داوای لێبوردنی کرد بۆ نەچوونی بۆ ناو قورەیش و ئاماژەی کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ کە عوسمان بنێرێت لەبری ئەو[5]، ڕوسورانە وەڵامەکەی خۆی بە بەڵگەوە خستە ڕوو، وەڵامەکەشی ئەمە بوو "هەرکەسێك نزیکی قورەیشی دوژمن ببێتەوە پێویستە بەرگری و داڵدەی هەبێ، ئەمەش بۆ من دەست نادات".

---

[1] الامین ذوالنورين، محمود شاكر، (ص49).
[2] ذوالنورين مع النبي، د. عاطف لماخه، (ص32).
[3] الروض الاونف (137/9)، الطبقات لابن سعد (34/2، 35).
[4] الامين ذوالنورين محمود شاكر، (ص52، 53).
[5] غزوة الحديبية لابي فارس، (ص83).
[6] المعازي محمد عمر الواقدي (600/2).

عومەر ئاماژەی کرد بۆ عوسمان، چونکە تیرەکەی دەی پارێزن لە ئەزیەتی موشریکەکانو دەتوانێت نامەکەی پێغەمبەر بگەیەنێت[1] و وتی: "من خۆم دەزانم، تۆش چاك دەزانی ئەی پێغەمبەر ﷺ من دوژمنی قورەیشمو بەنی عەدیش لەوێ نییە بەرگریم لیٚ بکەن، ئەگەر پێشت خۆشە ئەچمە لایان". پێغەمبەر ﷺ هیچی نەوت[2]، عومەر هەم وتی: "ئەی پێغەمبەر ﷺ پیاوێکت نیشان ئەدەم لەمەککە لەمن بەڕێزترەو هۆزەکەشی زۆرترەو دەشی پارێزن، ئەویش عوسمانە"، پێغەمبەریش ﷺ عوسمانی بانگکردو پێی فەرموو "بڕۆ بۆ لای قورەیشو پێیان بلٚێ ئێمە نەهاتووین بۆ شەڕو کوشتاری هیچ لایەك تەنیا بۆ ئەوە هاتووین سەردانی کەعبە بکەینو حورمەتی بنرخێنینو دیارییمان هێناوەو سەری دەبڕینو دەگەڕێینەوە".

عوسمانیش بە نوێنەرایەتی پێغەمبەر ڕۆشتو گەشتە (بەلدەح) سەیردەکات قورەیش لەوێن، وتیان بۆ کویٚ دەچیت؟ ئەویش وتی: "پێغەمبەر ﷺ ناردومی بۆ لای ئێوە بانگهێشتتان بکەم بۆ ئیسلامو خواپەرستیو هەمووتان وەرنە نێو دینی خواوە، دلٚنیابن خودای گەورە دینی خۆی سەردەخاتو پێغەمبەرەکەشی سەر بلٚند دەکات، ئەمە دواهەمین ئاگاداریتانە، ئەگەر ئێوە زالٚبوون بەسەر پێغەمبەردا ﷺ ئەوا چیتان ویست بیکەن، خۆ ئەگەر ئەو زەفەری بە ئێوە برد ئەوا بە ئارەزووی خۆتانە ئەگەر بێنە ناو ئەو بازنەی کە عالەمی تێهاتووە یان بەشەڕ بێن لەگەلٚیا". "ئێوە فرەو مۆلٚن، شەڕ، شیو شیتالٚی کردوونو کەسە دیارەکانی لەناوبردوون".

عوسمان فرە ئامۆژگاری کردن، بەلٚام مەبەستەکەی ئەویان گەرەك نەبوو، بۆیە وتیان باش گوێمان لێبوو چیت وت، هەرگیز وانابێتو نابێت قەت بێنە ناومان، بە گوندیی خۆمان دەتنێرینەوە بۆ لای هاوەلٚەکەتو پێی بلٚێ "نابێت بە هیچ شێوەیەك بێتە ناومان". ئەیانی سەعدی کوڕی عاس هەستا بە دەمی عوسمانەوەو پێشوازی لیٚ کردو دالٚدەی داو وتی: "لەکاری خۆت دەست هەلٚمەگرە، پاشان لەسەر ولٚاخەکەی دابەزیو عوسمانی خستە سەر زینی ئەسپەکەی خۆیو خۆشی لە پاشکۆوە سوار بوو، بەم شێوەیە عوسمان چووە شاری مەککەو یەکە یەکە پیاوانی شار هاتنە خزمەتیو بەخێرهاتنیان کرد، ئەبو سوفیانو سەفوانو ئەوانی تر، بەلٚام بەردەوام پێیان دەوت "نابیٚ موحەممەد بێتە ناومان"[3]. تەنانەت موشریکەکان خولٚکی عوسمانیان کرد تەوافی کەعبەش بکات، عوسمانیش نەی کرد[4]، هەستا نامەی پێغەمبەری ﷺ گەیاند بە چەوساوەکانی مەککەو مژدەی دەروی خێری پێدانو نامەیەکی زارەکی لەوان وەرگرت بۆ پێغەمبەر ﷺ کە ئەمەی تیابوو "سەلامی ئێمە بگەیەنە بە پێغەمبەر ﷺ پێی بلٚێ ئەو خودایەی ئەوی هێناوەتە حودەیبییە هەر بەو جۆرەش دەتوانێت بیهێنێتە ناوەڕاستی مەککەش"[5]. لە ناکاو پڕوپاگەندەیەك دزەی کردە ناو موسلٚمانەکان گوایە عوسمان کوژراوە، پێغەمبەر ﷺ بانگی هاوەلٚانی کرد بۆ ئەوەی پەیمانی بدەنیٚ بۆ کوشتنی موشریکەکانو رامالٚینیان، هاوەلٚانیش هاتن بە دەنگییەوەو پەیمانی مردنیان پێدا[6]، تەنها جەدی کوڕی قەیس نەبێت چونکە دوروبوو[7].

لەڕیوایەتێکی تردا پەیمانەکە لەسەر ئارامگرتن درا بەپێغەمبەر ﷺ[8]، ڕیوایەتێکیتر باس لەوە دەکات پەیمانەکە لەسەر ڕانەکردن بوو[9]، ئەمانەش هەموو نزیكو هاومانان. چونکە پەیمانیان لەسەر ئارامگرتنو هەلٚنەهاتنو مردن بەستبوو[10]، یەکەم کەس ئەبوسینای عەبدوللٚای وەهەبی ئەسەدی بوو[11]، دوای ئەم هاوەلٚان چوون لەسەر پەیمانەکەی ئەم

[1] المصدر السابق.
[2] المصدر السابق.
[3] زاد المعاد (290/3)، السيرة النبوية لابن هشام (344/3).
[4] زاد المعاد (290/3).
[5] غزوة الحديبية لابي فارس، (ص83).
[6] البخاري، رقم الحديث (4169).
[7] السيرة النبوية في ضوء المصادر الاصلية، (ص486).
[8] البخاري، رقم الحديث (4169).
[9] مسلم، رقم (1856).
[10] السيرة النبوية في ضوء المصادر الاصلية، (ص486).

پەیمانیاندا[1]، سەلەمەی ئەکوەع سێ کەڕەت پەیمانیدا لەسەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی[2]، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە دەستی ڕاستی خۆی "ئەمە دەستی عوسمانە خستیە ناو ئەو دەستەکەی تری"[3]. ژمارەی ئەو هاوەڵانەی پەیمانیان لێ وەرگیرا لە ژێر درەختەکەدا هەزارو چوارسەد هاوەڵ بوون[4]، قورئانی پیرۆز باسی هاوەڵانی پەیمانی ژێر درەختی ڕیزوانی کردووەو ڕێزو نەوازشی ئەوانە لە قورئانو سوننەتدا هاتووە، وەك دەفەرموێ (إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَى نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً) (الفتح: 10).

جابری کوڕی عەبدوڵلا دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی حودەیبییە فەرمووی پێمان (ئێوە باشترین خەڵکی سەرزەوین) ئێمەش هەزارو چوارسەد هاوەڵ بووین، ئەگەر چاوم بمایە شوێنی درختەکەم نیشان دەدان"[5]. ئەم فەرموودانە بەڕاشکاوی باسی ڕێزو حورمەتی هاوەڵانی ژێردرەختی ڕیزوان دەکات، ئەمکاتە موسڵمانان گشتیان لەوێ نەبوون، بەڵکو ئەمە کۆمەڵێکیان بوو کۆمەڵێکی تریشیان لە مەدینەو شوێنەکانی تر بوون.

هەندێ لە شیعەکان دەستیان گرتووە بە فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە کە لەم پەیمانەدا فەرموویەتی بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی عەلی بەسەر عوسماندا، چونکە عەلی لە ناو ئەو خەڵكو هاوەڵانەدا بوو، کە ئەم وتارەیان بەسەردا خوێنرایەوەو یەکێکیش بوو لەوانەی کە لەژێر درەختەکەدا پەیمانی لەگەڵ پێغەمبەر بەست، لەو کاتەدا عوسمان لەوێ نەبوو. ئەم هەڵهێنجانەی شیعە پڕوپوچە، چونکە پێغەمبەر ﷺ لە باتی عوسمان پەیمانی دا، کەواتە عوسمان هاوشانی ئەوانە لەو خەڵاتکردنەدا، مەبەستی ئەم فەرموودەیەش ئەوە نییە ڕێزی هەندێکیان بدات بەسەر ئەوانی تردا[6]. موحیبی تەبەری تایبەتمەندیی عوسمانی لەچەند ڕوویەکەوە باس کردووە، یەکێك لەوانە کە گرنگی ڕێزی عوسمانمان بۆ دەردەخات، ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ هەستاوە دەستی پیرۆزی خۆی لە شوێنی دەستی عوسمان داناوە، یەکێکی تر ئەوەیە عوسمان نوێنەری نامەی پێغەمبەر بوو ﷺ بۆ مەککەو موسڵمانە دەست بەسەرەکانی شاری ناوبراو. هەروەها پێغەمبەر ﷺ شایەتی دا بۆ عوسمان، کە بەبی مۆڵەتی پێغەمبەر تەواف ناکات[7]، لە ئەیاسی کوڕی سەلەمەوە هاتووە ئەویش لە باوکیەوە دەڵێت: "پێغەمبەر ﷺ دەستێکی خستە ناو ئەو دەستەکەی پەیمانی بەست بۆ عوسمان، خەڵکی وتیان پیرۆزی بێت، بە ئارامیو ئاسایشی تەوافی خۆی کرد. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (عوسمان هەرچەند بمێنێتەوە تا من تەواف نەکەم ئەویش نایکات)[8]، لە ڕاستیدا ستەمە عوسمان تۆمەت باربکرێت لەبەر ئەوەی لە پەیمانی ڕیزواندا پەیمانی بە پێغەمبەر ﷺ نەداوەو لەوێ ئامادەنەبووە. ئەم تۆمەتە لەسەروبەندی هەڵخرانی ئاژاوەو فیتنەدا نوساوە بە کەسایەتی عوسمانەوە، تەنها بۆ ئەو مەبەستەش وتراوە پایەکانی خەلافەتی ئەو بڕوخێنن[9]. لەمەودوا درێژەی ئەم باسە بە ئیزنی خودا دەبینین، لە ئەنەسەوە هاتووە دەڵێت "کاتێك پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە پەیمانی ڕیزوان، عوسمانی کوڕی عەفانی بە نوێنەری خۆی نارد بۆ لای ئەهلی مەککە، هاوەڵان هەموویان پەیمانیان دا و ئەویش فەرمووی (عوسمان وا لەجێبەجێکردنی ئەمری خوداو پێغەمبەرەکەی)". ئەنەس دەستێکی کێشا بەزەویداو وتی "دەستی پێغەمبەر ﷺ بۆ عوسمان لە دەستی هەموو هاوەڵان باشتر بوو کە پەیمانیان پێ بەست"[10].

---

1 المصدر نفسه.
2 زاد المعاد (291/3).
3 صحيح السيرة النبوية (ص404).
4 السيرة النبوية في ضوء المصادر الاصلية، (ص482).
5 مسلم، رقم (1485).
6 فتح الباري (443/7).
7 الرياض النضرة في مناقب العشرة، ص (490، 491)
8 المصدر نفسه (ص 491)، في سند ضعيف.
9 ذوالنورين مع النبي، ص(32).
10 سير السلف الصالحين (181/1)، اسناده ضعيف والحديث صحيح اسنن الترمذي، رقم (3702).
11 الصارم المسلول على شاتم الرسول، (ص109).

6ـ تکای عوسمان بۆ عەبدوڵڵای ئەبی سەرح

عەبدوڵڵای ئەبی سەرح، لای عوسمانی کوڕی عەفان خۆی پەنادابوو هێنای هەتا لە بەردەمی پێغەمبەردا ﷺ وەستاندی و وتی: "ئەی پێغەمبەری خواد ﷺ پەیمان لە عەبدوڵڵا وەرگرە، پێغەمبەریش ﷺ سەری بەرز کردەوە سێ جار تەماشای کرد هەرسێ جارەکە هێمای ڕەتکردنەوەی تێدابوو، پاشان پەیمانی لێ وەرگرت و ڕووی کردە هاوەڵانی و فەرمووی "ئایا پیاوێکی بەغیرەتتان تیا نەبوو هەستێت بۆ ئەو کەسەی کە سێ جار تەماشام کردو دەستم گرتەوە لە پەیمان پێدانی بیکوژێت". ئەوانیش وتیان ئەی پێغەمبەر ﷺ ئێمە چوزانین چی لە دڵی تۆدایە ئەی بۆ بە چاو ئیشارەتت بۆ نەکردین؟ فەرمووی "ڕەوا نییە بۆ پێغەمبەر ﷺ بە چاو، گزی بکات"[1]. لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە ڕۆژی فەتحی مەککە پێغەمبەر ﷺ لێبوردنی دەرکرد بۆ گشت خەڵك، تەنها بۆ چوار کەس نەبێت، فەرمووی "ئەو چوارە بکوژن ئەگەر دەستیان بە دیواری کەعبەشەوە بوو". ئەوانەش: عیکریمەی ئەبوجەهل، عەبدوڵڵای خەتەل، موقەیسی حوبابە، عەبدوڵڵای ئەبی سەرح، بوون[2]. موسوڵمانەکان، عەبدوڵڵای خەتەلیان دۆزییەوە خۆی هەڵواسی بوو بە دیواری کەعبەدا، سەعیدی کوڕی حاریس و عەمماری یاسر بۆی چوونە پێش سەعید کەوتە پێش عەمارو کوشتی.

بەڵام عیکریمە سواری کەشتی بوو لە ناو دەریاو تووشی رەشەبایەکی تیژ بوون، کەشتییەوانەکە وتی "ڕوبکەنە خودای تاك و تەنها، لێرەدا بتەکانمان دەسەڵاتیان نییەو سودمان پێ ناگەیەنن، عیکریمە وتی: وەڵڵاهی مادەم لە دەریا تەنها خودای گەورە فریامان دەکەوێت لە وشکانیشدا جگە لەئەو، کەسی تر فریامان ناکەوێت. ئەی خودا، بەڵێن بێت ئەگەر قوتارت کردم لەم ناڕەحەتییە بچم بۆ لای موحەممەد ﷺ و کۆڵ نەدەم هەتا دەستم دەخەمە ناو دەستی، دەزانم لێبوردەو لێخۆشبووە،ئەوجا ئیتر هاتوو موسڵمان بوو.

بەڵام عەبدوڵڵای ئەبی سەرح لای عوسمان خۆی ماتەداو کاتێك پێغەمبەر ﷺ بانگی خەڵکی کرد وەرن بۆ پەیماندان، عوسمان عەبدوڵڵای لەگەڵ خۆی هێناو لەبەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ڕایگرت، پاشان ئەوەی باسمان کرد ڕوویدا[3]. لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە هاتووە دەڵێت: "عەبدوڵڵای ئەبی سەرح، نووسەری وەحی بوو لای پێغەمبەر ﷺ، شەیتان سەری لێشێواندو خۆی لکاند بە کافرانەوە، بۆیە پێغەمبەر ﷺلە فەتحی مەککەدا فرمانی کرد بیکوژن، عوسمانیش پەنای داو پێغەمبەریش پەناکەی قبوڵ کرد"[4]. ئیبنو ئیسحاق باسی ئەم بەسەرهاتەی کردووەو دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ فرمانیدا بیکوژن، چونکە موسڵمانبوو، نووسەری وەحی بوو، کەچی هەڵگەڕایەوەو بوو بەموشریك و گەڕایەوە بۆ ناو قورەیش، لە دواییدا ڕای کرد بۆ لای عوسمان پەنای بدات، چونکە برای شیری عوسمان بوو، ئەویش گلیدایەوەو هەتا خەڵك هێور بوونەوەو ئەهلی مەککە ئاسایشیان گرت هێنای بۆ لای پێغەمبەر ﷺ". ئیبن هیشام دەڵێت: "عومەری کوڕی خەتتاب عەبدوڵڵای کردەوە بە والی هەندێ لە کارەکانی، پاشانیش عوسمان کردوویەتی بە لێپرسراو"[5].

7ـ جەنگی تەبوك

لەساڵی نۆی کۆچی هیرەقل ڕووی گەلەکۆمەکاری شەڕەنگێزی خۆی چەرخاند بەرەو ناوجەرگەی نیوەدورگەی عەرەب و بە ئاواتێکی پڕ تاسەوە زمانە بلێسەی بوو بۆ دوژمنایەتیکردنی موسوڵمانان و بەدیهێنانی مەرامەکانی.. فەرمانی کرد هێزەکەی ئامادەباش بن و چاوەڕوانی زەنگی ئوردو ئاپۆڕا بن، لەم بارەیەوە هەواڵی جۆراو جۆر، دەگەیەنرا بە پێغەمبەر ﷺ لەبەر ئەوە بانگی سەرجەم هاوەڵانی کردو فەرمانی پێکردن خۆیان سازدەن بۆ تێکۆشان، ئەوکاتەش هاوینێکی

---

[1] اخوان البيان في تأريخ القران صابر ابو سليمان، (ص79).
[2] المصدر نفسه (ص79).
[3] المصدر نفسه (ص80).
[4] المصدر نفسه (ص80).
[5] السيرة النبوية لابن هشام (4/57، 58).

ئەوەندە گەرم بوو شاخەکانی ڕوتاڵ کردبوو، شارەکانیش بەدەست وشکەساڵییەوە دەیان ناڵاند، لەگەڵ ئەم بارودۆخەشدا موسڵمانان بە بڕوای پۆڵاینەوە هەستان بۆ بەرەنگاریو پێیان چزان بەو گەرما سەختەداو دەرچوون بۆ غەزا بەسەر بیابانییەکی قریقاو داگیرساودا، کاتێکیش سەیریان کرد چەکو چێوی پێویستو خەرجی تێکۆشانیان نییە و نەشیان دەزانی لە کوێی بێنن؟ پێغەمبەر ﷺ هانیدان بۆ ماڵبەخشینو هەرکەسێك بەگوێرەی کیسەی خۆی خێری هێنا، ئافرەتان دەستو بردیان کردو ئاڵتونو خشڵی خۆیان هێنایە بەر دەستی پێغەمبەر ﷺ، دەرکەوت ئەم بەخشینانە هەمووی لە چاو پێداویستی لەشکرەکە زۆر کەمە و بەش ناکات. پێغەمبەر ﷺ تەماشایەکی ئەو ڕیزە دوورو درێژەی موجاهیدەکانی کرد کە خۆیان سازداوە بۆ تێکۆشانو فەرمووی "هەریەکێك ئەمانە بخاتە ڕێ خودای گەورە لێی خۆش دەبێت". دەست بەجێ عوسمان ئەم زایەڵەی پێغەمبەری ﷺ وەرگرتو قبوڵی کرد و خۆی خستە بەر لێخۆشبوونی خودای گەورەو هەستا بە ڕێکخستنو ئامادەکردنی لەشکرەکە بەجۆرێك کە پێویستیان بە ڕەشۆو گوڵەنگێکیش نەما، ئەمەیە تەنگیو سەختی کە عوسمان ماڵی تێدا بەخشی[1].

ئیبنو شەهابی زوهری دەڵێت "عوسمان بۆ لەشکری تەنگانە لە غەزای تەبوکدا نۆسەدو چل وشترو سەشت ئەسپی هێنا کە دەکاتە هەزار سەر وڵاخ، هەروەها دە هەزار دیناری هێناو لەبەردەمی پێغەمبەردا ﷺ هەڵیڕێژا، پێغەمبەریش ﷺ بە دەستی موبارەکی ئەمدیودیوی دەکردو دەیفەرموو "لە مڕۆ بەدواوە عوسمان هەر ئیشێك بکات زەرەر ناکات"[2]. بە ڕاستی عوسمان خاوەنی کاسەیەکی لیپان لیپە لەبەخشین[3]. عەبدولڕەحمانی کوڕی حیبان، چیرۆکی ئەو بەخشینەمان بۆ باس دەکاتو دەڵێت "من لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بووم، هانی دەداین بۆ ماڵ بەخشین بۆ لەشکری تەنگانە، عوسمان هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەر ﷺ دوو سەد وشتر بەخۆیانو جلەکانیانەوە بەسكو تورەکەی تێرەوە لە پێناوی خودای گەورەدا دەبەخشم، پاشان پێغەمبەر ﷺ پتر هانیدان بۆ بەخشین، عوسمان هەستا وتی ئەی پێغەمبەر ﷺ سێ سەد وشتر لەسەر من بە خۆیانو جلو ئالیکیانەوە لە ڕێگای خودادا، من پێغەمبەرم ﷺ بینی لەسەر مینبەرەکە دابەزیو فەرمووی دوای ئەم کردارە عوسمان هیچی تری لەسەر نییە، دوای ئەم کردارە کرداری تر لەسەر عوسمان نییە"[4].

لە عەبدولڕەحمانی سەمورەوە هاتووە دەڵێت "وەختی ڕێکخستنو ئامادەکردنی لەشکری تەنگانە، عوسمان هاتە بەردەمی پێغەمبەر ﷺ هەزار دیناری لە باخەڵیدا هێنا، پێغەمبەریش ﷺ بە دەستی موبارەکی ئەمدیوو ئەودیوی دەکردو دەیفەرموو: ئیبنو عەفان لەمڕۆ بەدواوە هەچ کارێك بکات زیان ناکات. چەند جارێك ئەمەی وتەوە"[5]. لێرەدا دەردەکەوێت تاکە بەخشندەی ئەم ئوممەتە تازەیە عوسمانە! پێغەمبەر ﷺ لە پێشی لەشکرەکەوە ڕۆیشت هەتا گەشتە شوێنێك پێیاندەوت تەبوك، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕێگەی مەدینەو دیمەشقو لەوێدا هەواڵێکی خۆشیان بۆ هات ئەو هیرەقلەی کە ئوردویە سوپای هەڵجەراندبوو بۆ شەڕی مانو نەمان لە دیمەشق درزو کەلێن کەوتووەتە لێبڕانییەوە دیمەشقی بەجێهێڵاوە بە دەستی بەتاڵیو هەوڵەکەی زڕ دەرچووە، دوابەدوایان پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵان بێ پەلاماریان دانو بەساغو سەلامەتی گەڕانەوەو عوسمانیش لە ئەزمون دەرچوو، ئایا عوسمان هیچی لەو ماڵە گەڕاندەوە بۆ خۆی، کاتێك بەدەژی هاتەوە؟ بێگومان نەخێر. حاشا ئەگەر وای کردبێت، عوسمان سایەو سێبەری هەبووە وەکو جاران لە بەخشیندا خێرا بووەو بۆ وەڵامی هەموو بانگەوازێك کە پێغەمبەر ﷺ پەسەندی کردبێت لەپێشی هەموان بووە، واتە هەمیشە دەمەزەرد بووە بۆ چۆڕهێنانی گیرفانیو زۆر بەسۆز بووە بۆماڵ بەخشین[6].

---

[1] فتح الباري (67/6)، خلفاء الرسول، ص (250)ـ العشرة المبشرون بالجنة (ص53).
[2] سنن الترمذي رقم (3785)، صحيح النوثيق، (26).
[3] السيرة النبوية في خوء المصادر الاصلية، (ص615).
[4] سنن الترمذي، رقم (3700).
[5] سنن الترمذي، رقم (3752).
[6] خلفاء الرسول ﷺ (ص138)، العشرة المبشر بالجنة (ص31).

دووەم: لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لە مەدینەدا

1ـ خواستنی ئوموکەلسوم لەساڵی سێی کۆچی

ئوموکەلسوم، کونییەیە و نازانرێت ناوی تەواوی چییە، تەنها (حاکم) باسی کردووە ئەویش لە موسعەبەوەو دەڵێت ناوی (ئومەیە) بووەو لە فاتمەگەورە تر بووە[1]. سەعیدی کوڕی موسەیەبیش دەڵێت "عوسمان بێوە پیاو بوو لە ڕوقیەی کچی پێغەمبەر ﷺ، لەوکاتەشدا حەفسەی کچی ئیمامی عومەریش بێوەژن کەوتبوو، جارێکیان عومەر دای بەلای عوسماندا و پێی وت حەفسەت دەوێت؟ عوسمان پێشتر لە پێغەمبەر ﷺ ی بیستبوو، کە بە تەمایەتی، بۆیە هیچ وەلامێکی عومەری نەدایەوە، عومەریش دڵگران بوو، ئەمەی باسکرد بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەویش پێی فەرموو "ئایا لە ئەو چاکترت دەوێت؟ من حەفسە دەخوازم و عوسمانیش لەحەفسە باشتر دەخوازێت کە ئوموکەلسومە"[2]. لە ڕیوایەتی بوخاریدا هاتووە، عومەر دەڵێت "حەفسەی کچم بێوەژن کەوتبوو، لە(خونەیسی سەهمی) کە یەکێك بوو لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و لە مەدینە کۆچی دوایی کردبوو". عومەر دەڵێت "هاتمە لای عوسمان و حەفسەم خستە پێش چاوی و تم: ئەگەر حەز بکەیت حەفسەت لێ مارە دەکەم، ئەویش وتی: با بیرێك لەخۆم بکەمەوە". چەند شەوێك چاوەڕێم کرد، پاشان پێی گەیشتم و وتی "واباشە لەم ڕۆژانە ژن نەهێنم". عومەر دەڵێت "گەشتم بە ئەبوبەکری سدیق و پێم وت "ئەگەر حەز ئەکەیت حەفسەی کچمت لێ مارە دەکەم، ئەبوبەکر ماتبوو دەنگی نەکرد، منیش لە وەلامەکەی عوسمان زیاتر دڵگران بووم، پاش چەند شەوێك پێغەمبەر ﷺ خوازبێنی کردو لێم مارە کرد، لە دواییدا ئەبوبەکر پێی وتم: لەوانەیە دڵت گەردی گرتبێت، کە حەفسەت پێشنیار کردو منیش وەلامم نەدایتەوە، لەبەر ئەوەبوو زانیبووم کە پێغەمبەر ﷺ باسی کردووەو خۆناشکرێ من نهێنی ئەو بلاو کەمەوە، خۆ ئەگەر ئەو نەیویستایە من قبولم دەکرد"[3]. دایکی ئیمانداران ڕاستگۆی کچی ڕاستگۆ (عائیشە) ڕوداوی مێردکرنی ئوموکەلسوم بە ئیمامی عوسمان ڕیوات کردووەو دەڵێت "کاتێك پێغەمبەر ﷺ ئومو کەلسومی دا بەشوو فەرمووی بە ئوموئەیمەن: ئوموکەلسومی کچم بخەرەڕێ و بیکە بە بوك بۆ عوسمان و لە پێشیەوە دەف لێبدەن و یاری پێ بکەن)". ئومو ئەیمەن وای کردو دوای سێ ڕۆژ پێغەمبەر ﷺ هاتە سەردانی و چووە ماڵ و پێی فەرموو "کچم مێردەکەت چۆنە بۆت؟ وتی: باشترین مێردە"[4]. لە ئەبی هورەیرەوە هاتووە، دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ لەبەر دەرگای مزگەوتدا ڕاوەستابوو، فەرمووی: ئەی عوسمان ئەوە جوبرەئیلە هەواڵی پێدام کە خودای گەورە ئوموکەلسومی کردۆتە هاوسەرت، بە ئەندازەی مارەییەکەی ڕوقیە و بەهەمان شێوەی ئەو مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت". ئەمەش ساڵی سێی کۆچی ڕوویدا[5].

2ـ مردنی عەبدوڵلای کوڕی عوسمان

لەمانگی جەمادی یەکەمی ساڵی چوارەمی کۆچی، عەبدوڵلای کوڕی عوسمان و کوڕی ڕوقیە وەفاتی کرد، ئەوکات عەبدوڵلا تەمەنی شەش ساڵ بوو، پێغەمبەر ﷺ نوێژی مردووی لەسەر کردو عوسمان دایهێلایە ناو گۆڕەکەی[6]، ئەمە داخ و مەینەتێك بوو هاتە ژیانی عوسمان. ئای نارەحەتی چەند زۆرە لە ژیانی بانگەوازکارانی خودادا.

3ـ مردنی ئوموکەلسوم

ئوموکەلسوم، لای عوسمان مایەوە هەتا لەمانگی شەعبانی ساڵی نۆی کۆچی، کۆچی دوایی کرد، هۆی مردنەکەشی نەخۆشییەك بوو کە پێوەی گیرۆدەبوبوو، پێغەمبەر ﷺ نوێژی لەسەر کردو لەسەر گۆڕەکەی دانیشت. ئەنەسی کوڕی مالیك دەگێڕیتەوەو دەڵێت "پێغەمبەرم ﷺ بینی لەسەر گۆڕی ئوموکەلسوم دانیشتبوو، بینیم هەردوو چاوی فرمێسکی

---

[1] الدوحة النبوية الشريفة، فاروق حمادة، (ص45، 46).
[2] مستدرك الحاكم (49/4)، الاثار لابي يوسف، رقم (1957).
[3] رواه البخاري كتاب النكاح رقم (5122).
[4] السيرة النوبية لابي شهبة (231/2)، دماء على قميص عثمان، (ص22).
[5] سنن ابن ماجة رقم (110)، وفيه عثمان بن خالد وهو ضعيف.
[6] الكامل لابن الأثير (130/2)، دماء على قميص عثمان، (ص22).

پیا ئەهاتە خوارەوە". فەرمووی "ئایا پیاوێکتان تێدایە ئەمشەو نزیکی خێزانی نەکەوتبێتەوە"، ئەبو تەلحە وتی: من، فەرموی "بچۆرە ناو گۆڕەکەی"[1]، لەیلای کچی قاتفی سەقەفی دەڵێت: "من یەکێك بووم لەوانەی ئومو کەلسوممان شۆرد، یەکەم شتێك کەپێغەمبەر ﷺ پێی داین کفن بوو، پاشان کراس و سەرپۆش و کەواو پاشان ئەمانەی پێچا بە پۆشاکێکی ترەوە، پێغەمبەر ﷺ لە لای دەرگاکە وەستابوو پارچە پارچە کفنەکەی بە نۆرە دایە دەسمان[2]. لای ئیبن و سەعد هاتووە، کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب و فەزڵی کوڕی عەباس و ئوسامەی کوڕی زەید، دابەزینە ناو گۆڕەکەی لەگەڵ ئەبی تەلحە، ئەو ئافرەتەی کە شۆردی ئەسمای کچی عومەیس و حەفسەی کچی عەبدولموتەلیب بوو[3]، بەم کارەساتە عوسمان زۆر تەوسی کردو نیگەرانی رووی کردە دڵ و دەروونی بۆکۆچی یەکجاری ئوموکەلسوم، پێغەمبەر ﷺ زانی عوسمان دڵشکاوەو ڕوخساری غەمبارە، لێی نزیك بوویەوەو فەرمووی "عوسمان ئەگەر کچی سێهەممان هەبوایە لێم مایە دەکردی"[4]، ئەمە بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر بە عوسمان و نیشانەی ڕێزگرتنی عوسمانەو ئەستۆ پاکی ئەو دەردەخات بە پێچەوانەی ئەوانەی تفەنگ بەتاریکییەوە دەنێن و خویان پێوە گرتووە لە بەرامبەر عوسماندا، ئیتر قەدەری خودای گەورە وا گوزەری کردو فەرمانەکانی جێبەجێ بوو، فەرمانەکانیشی بە هیچ کەسێك بەرپەرچ نادرێتەوە[5].

سێیەم: بەخشینە ئابوورییەکانی عوسمان لەبنیاتنانی وڵاتدا

عوسمان، یەکێك بوو لەو دەوڵەمەندانەی کە خودای گەورە دەوڵەمەندیو بازرگانی و ماڵێکی فراوانی پێ بەخشیبوو، ئەویش لە گوێڕایەڵی و ڕەزامەندی خودای گەورەدا خەرجی دەکرد، هەتا وای لێهاتبوو لە بەخشندەییدا پێش پێشانی دەکردو هەرگیز نەدەترسا لە هەژاری، ئەو بەخشینە بێ شومارانەش ئەمانەن:

1- کڕینی بیری ڕۆمیە: ئەو دەمەی پێغەمبەر ﷺ چووە مەدینەی منەوەرە، سەیر دەکات ئاوی شیرین و سازگار کەمەو نییە، لە مەدینەشدا تەنیا بیری ڕۆمیە ئاوی شیرینی هەیەو بەشی موسڵمانان ناکات، فەرمووی "هەرکەسێك بیری ڕۆمیە بکڕێت، ئەوە پەرداخی خۆی بەچاکترین شێوە دەخاتە پاڵ پەرداخی موسڵمانان لە بەهەشتدا"[6]. هەروەها فەرمووی "بەهەشت بۆ ئەوکەسەی بیری ڕۆمیە هەڵدەکەنێت"[7]. بیری ڕۆمیە پێشتر کەس بەبێ پارە ئاوی لێ نەدەخواردەوە، کاتێك کۆچەریەکان گەشتنە شاری مەدینە سکاڵای بێ ئاوییان کرد، پیاوێکی بەنی غیفاری بیرێکی هەبوو پێیان دەوت ڕۆمیە، بە کونە لەئاوەکەی دەفرۆشت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی "دەیفرۆشی بە کانییەکی بەهەشت؟"، ئەویش وتی "خۆم و ماڵو مندالم هیچمان نییە ئەمە نەبێت"، دەنگوباس گەیەنرا بە عوسمان، ئەویش هەستا لێی کڕی بە سێ سەد و پەنجا هەزار درهەم، پاشان هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وتی "ئایا ئەو مژدەیەی فەرموتە بۆ خاوەن بیرەکە بە نسیبی منیش دەبێت"، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی "بەڵێ". وتی: ئەوا بەخشیم بە موسڵمانان[8]. دەشڵێن ڕۆمیە بیری جوویەك بوو، ئاوەکەی دەفرۆشت بە موسڵمانان، عوسمانیش لەجووەکەی کڕی بە بیست هەزار درهەم و دای بە هەژارو دەوڵەمەندو ڕێبواران[9].

2- فراوانکردنی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ

دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ مزگەوتێکی دروستکرد لەمەدینە. وردە وردە موسڵمانان زۆر بوون و لە مزگەوت گردبوونەوە بۆ نوێژە فەرزەکان، بۆ وتارەکانی پێغەمبەر ﷺ و فێربوونی کاروباری ئیسلامەتی، هەرلە مزگەوتەوە دەردەچوون بۆ غەزاو دواتریش دەگەڕانەوە بۆ ئەوێ، مزگەوت بەتەنگو بچوك دەردەکەوت، پێغەمبەر ﷺ ئارەزووی

---

[1] البخاري كتاب الجنائز رقم (1342).
[2] سنن ابي داود رقم (3157).
[3] الطبقات لابن سعد (39/8) الدوحة النبوية (ص48).
[4] مجمع الزوائد للهيثمي (83/9)، اسناده حسن لماله من شواهد.
[5] الخلفاء الراشدون اعمال و أحداث د. أمين القضاة (ص73).
[6] صحيح النسائي للألباني (766/2).
[7] اخرجه البخاري رقم (2778) معلقا وهو صحيح لشواهده.
[8] تحفة الاحوذي بشرح سنن الترمذي (196/1).
[9] فتح الباري (408/5)، الحكمة في الدعوة الى الله، ص (231).

کڕینی ئەوپارچە زەوییەی کرد کە بە تەنیشت مزگەوتەوەبوو، بۆ ئەوەی مزگەوتی پێ گەورە بکات، فەرمووی "هەرکەسێك پارچە زەوی خێڵی فلان کەس بکڕێو مزگەوتی پێ گەورە بکات بە چاکی، ئەوە بە وێنەی مزگەوتەکەی پێ دەبەخشن لە بەهەشتدا ". عوسمان لەماڵێ نەختی خۆی[1] و بە بیستو پێنج هەزار درهەم، زەوییەکەی کڕی یان بە بیست هەزار درهەم، پاشان خستیە سەر مزگەوتەکە[2] و جێگەی موسڵمانانی فراوان کرد، ئەوانیش لێی ڕازی بوون[3].

3ـ لەشکری تەنگانەو بەخشندەیی عوسمان

وەختێك پێغەمبەر ﷺ ویستی بڕوات بۆ غەزای تەبوك هانی هاوەڵە دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکانی دا، کە ئەوپەڕی وزەی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ سازدانی لەشکری تەنگانە کە خۆی ڕێکیخستبوو بۆ غەزای ڕۆمەکان، هاوەڵانیش بە گوێرەی توانا ماڵیان بەخشی، بەڵام عوسمان بەخشینێکی وای بەخشی کەس وێنەی ئەوی نەبەخشی[4] ـ بە جوانی ئەمەمان باسکرد لە جەنگی تەبوکدا ـ

باسی چوارەم: فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی عوسمانی کوڕی عەففان

یەکەم: ئەو فەرمودانەی دەربارەی فەزڵی عوسمان هاتوون:

1ـ دەرگای بۆبکەرەوەو مژدەی بەهەشتی پێ بدە لەسەر بەڵایەك کە تووشی دێت.

لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە ڕیوایەت کراوەو دەڵێت "لەگەڵ پێغەمبەردا بووم ﷺ لە ناو باخێك لە باخەکانی شاری مەدینە، پیاوێك هات دای لەدەرگای باخەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموی دەرگاکەی بۆ بکەرەوەو مژدەی بەهەشی پێ بدە، منیش بۆم کردەوەو سەیردەکەم ئەبوبەکرە، منیش مژدەکەم پێداو ئەویش سوپاسی خودای میهرەبانی کرد، پاشان پیاوێکی تر هات دای لە دەرگاکە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بۆی بکەرەوەو مژدەی بەهەشتی پێ بدە، کردمەوە سەیر دەکەم عومەرە، مژدەکەم پێداو ئەویش سوپاسی خوای گەورەی کرد، پاش کەمێك پیاوێکی تر هات دای لە دەرگاکە، فەرمووی: بۆی بکەرەوەو مژدەی بەهەشتی پێ بدە لەسەر تەنگوچەڵەمەو بەڵایەك کە تووشی دێت، سەیردەکەم عوسمانە، هەواڵەکەم پێداو سوپاسی خودای گەورەی کردو پاشان وتی "خودای گەورە یارمەتیمان بدات"[5]. ئەم فەرمودەیە فەزڵی هەرسێکیان دەردەخات، ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان، ئەمانە ئەهلی بەهەشتن وەك لە ڕیوایەتەکەی ئەبا موسادا دەرکەوتووە. هەروەها ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە دروستە ڕووبەڕوو وەسفی مرۆڤی چاك بکەیت، بەمەرجێك دڵنیابیت لەوەی کە تووشی لە خۆبایی و فیزکردن نابێت، هەروەها ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ موعجیزاتی پێغەمبەر ﷺ کە هەواڵی ڕودانی بەڵای عوسمانی باس کردووە، ئەوەش دەگەیەنێت کە ئەم سیانە لەسەر ئیمانو ئیسلام بەردەوام دەبن[6].

2ـ ئوحود هێور بەرەوە جگە لە پێغەمبەرو ﷺ ڕاستگۆیەكو شەهید هیچی ترت لەسەر نییە.

---

[1] صحيح السنن الترمذي للألباني (209/3)، رقم (2921).
[2] صحيح السنن النسائي (766/2).
[3] اعلام المسلمين لخالد البيطار (41/3).
[4] الحكمة في الدعوة الى الله، (ص231).
[5] البخاري رقم (3695).
[6] شرح النووي على صحيح مسلم (170/15، 171).

ئەنەس دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ چووە سەر شاخی ئوحود، ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانی لەگەڵدا بوو و ئوحود هاتە لەرزین. پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو ئوحود دامەزرێ وابزانم پێی موبارەکی پیاکێشا، بێجگە لە پێغەمبەر ﷺو ڕاستگۆو شەهید هیچی ترت لەسەر نییە"[1].

3ـ هێمن بەرەو جگە لە پێغەمبەرو ﷺ ڕاستگۆو شەهید کەسی ترت لەسەر نییە

ئەبو هورەیرە دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ لە سەر ئەشکەوتی حەرا بوو، ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەلیو تەڵحەو زوبێری لەگەڵدا بوو، بەردەکە جولا، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی "هێمن بە، جگە لەپێغەمبەر ﷺو ڕاستگۆو شەهید کەسی ترت لەسەر نییە"[2].

4ـ شەرمی عوسمان

لە یەحیای کوڕی سەعیدی عاسەوە هاتووە، ئەویش لە سەعیدی باوکییەوە، ئەویش لە عائیشەو عوسمانەوە وەری گرتووە، جارێکیان ئەوبەکری سدیق، مۆڵەتی خواست بچێتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەریش ﷺ لەسەر جێگەکەی ڕاکشابوو پەردەیەکی خوری دابوو بە خۆیدا، عائیشە مۆڵەتی بۆ وەرگرت و ئەبوبەکری سدیقیش هات و ئاتاجی خۆی جێبەجێ کردو گەڕایەوە، پاشان عومەر داوای مۆڵەتی کرد، مۆڵەتی پێدراو پێغەمبەر ﷺ خۆی تێکنەدابوو هەر لەسەر حاڵی پێشووی ڕاکشابوو، ئەویش ئاتاجی خۆی جێبەجێ کردو گەڕایەوە، عوسمان دەڵێت: پاشان من مۆڵەتم وەرگرت کە چوومە ژوورەوە پێغەمبەر ﷺ هەستا دانیشت و فەرمووی بە عائیشە "خۆت داپۆشەو جلەکانت بدە بە خۆتدا". عوسمان دەڵێت: منیش ئاتاجم تەواو کردو گەڕامەوە، عائیشە وتی: ئەی نێردراوی خودای گەورە، تۆ ئەو داچڵەکانو خۆکۆکردنەوەی بۆ عوسمانت کرد، نەتکرد بۆ ئەبوبەکرو عومەر. پێغەمبەریش فەرمووی "بەڕاستی عوسمان پیاوێکی شەرمنە، دڵەخورتێی ئەوەم کرد بەم حاڵەوە مۆڵەتی بدەمو ڕووی نەبێت ئاتاجی خۆییم بۆ باس بکات"[3].

5ـ شەرمی فریشتەکان لە عوسمان

لە ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە لە عائیشەوە هاتووە دەڵێت: "جارێك پێغەمبەر ﷺ لە ماڵی مندا ڕاکشابوو، ڕانی یان ساقی دەرکەوتبوو، ئەبوبەکر مۆڵەتی خواست، مۆڵەتی دا و حاڵەتی خۆی تێك نەداو گفتوگۆی لەگەڵدا کرد، پاشان عومەر مۆڵەتی خواست و مۆڵەتی داو بە هەمان شێوەبوو گفتوگۆی لەگەڵ ئەویش کرد، پاشان عوسمان مۆڵەتی خواست، پێغەمبەر ﷺ ڕاست بوویەو دانیشت و خۆی داپۆشی و جلەکانی ڕێککرد، عوسمان هاتە ژوورەوە گفتوگۆی لەگەڵ ئەویش کرد، (ڕاوی دەڵێت: نازانم ئەم کردارە هەمووی لە ڕۆژێکدا بوو یان چەند ڕۆژێك بوو)، دەڵێت: کاتێك عوسمان گەڕایەوە وتم: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەبوبەکرو عومەر هاتن تۆ نەشڵەژای و خۆت کۆنەکردەوە، کەچی عوسمان هات هەستای دانیشتیت و جلەکانت ڕێکوپێك کرد ئەویش فەرمووی "من چۆن شەرم نەکەم لە پیاوێك فریشتەکان شەرمی لێدەکەن"[4].

مەناوی دەڵێت پلەو پایەی عوسمان، لەپلەی شەرمەکەیدایە، شەرمیش لقێکە لە شکۆدارییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرکەسێك شەرمی هەبێت و بە جوانی ئەدای بکات و بینرخێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەروونی خۆی بەکەم بزانێت (خاکەساربێت) ئەوە وەك ئەوە وەهایە گەورەو گرانی خودای میهرەبان زاڵ بوو بێت بەسەریداو دەروونی خۆی بەکەمتەرخەم بزانێت بەرامبەر خەڵك و خودا، ئەم دوانەش گرانترین ئاکاری بەندە نزیکەکانن. هەر ئەم شەرمو خاکەسارییەش بوو عوسمانی بەرز کردەوەو سەرجەم دروستکراوەکانی خودای میهرەبان شەرمیان لێدەکرد، هەتا فریشتە و پێغەمبەرانیش ﷺ

---

[1] البخاري رقم (3697).
[2] البخاري رقم (2417).
[3] مسلم رقم (2402).
[4] مسلم رقم (2401).

ئەمەش بەرهەمی خۆشەویستیو ترسانە لە خودای گەورە، هەرکەسێك خودای گەوەری خۆش بوێت هەموو دروستکراوەکان خۆشیان دەوێت، هەرکەسیش لەخوا بترسێت هەموو شتێك لێی دەترسێت[1].

6ـ ڕاساڵترین کەس لە شەرمو شکۆدا عوسمانە

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: بە بەزەییترین کەسی ئوممەتم ئەبوبەکرە، گورجو گۆڵترین کەسی ئوممەتم لە دینی خودادا عومەرە، ڕاساڵترین کەسی ئوممەتم عوسمانە، زاناترینیان بە حەڵاڵو حەرام موعازی کوڕی جەبەلە، خوێنەوارترینیان بۆ قورئان ئوبەی کەعبە، شارەزاترینیان بە میرات زەیدی کوڕی سابیتە، هەموو ئوممەتێك دەستپاکی هەیە، دەستپاکی ئوممەتی منیش ئەبوعوبەیدەی جەڕاحە"[2].

دووەم: هەواڵەکانی پێغەمبەر ﷺ لە بارەی ئەو ئاژاوەیەی کە عوسمانی بەناحەق تیا دەکوژرێ

1ـ هەرکەسێك لەسێ شت دەرباز ببێت ئەوە ڕزگاری بووە.

عەبدوڵڵای حەواڵە دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەرکەسێك لەسێ شت دەرباز ببێت ئەوە بە ڕاستی ڕزگاری بووە ـ سێ جار ئەمەی فەرموو ـ یەکەم مردنی من، دووەم دەجال، سێیەم کوشتنی خەلیفەی ڕاست پەروەرو بەخشندە)[3]، ئاشکرایە ئەو خەلیفەیەش کە بە خۆگری و لەسەر حەق ڕۆشتن کوژرا، ئیمامی عوسمان بوو. فەرموودەکە ئاماژە بۆ ڕووداوی عوسمان دەکات، پێغەمبەری خوداش باش دەیزانی کە ئاژاوەیەکی گەورە بەرێوەیە، بۆیە گرنگی خۆپار استن ڕادەگەیەنێت، وریامان دەکاتەوە بەجەستەیان بەهەست یان بەهەڵوێست، نەکەوینە جوملەی شۆفارەکانەوە، بەشداری جەستەیی لەم ئاژاوەیەدا بریتییە لە هەڵنان، هوتەرەکردنو خەڵك لێ هەڵگەڕاندنەوەو کوشتن. لایەنی هەڵوێستیش خوێندنەوەو تەماشاکردنی ناڕەواو ناحەقە بۆ ڕەهەندەکانی ئاژاوەکەو هەڵشێواندنیەتی، لەگەڵ هەڵوێستی ناشیرین نواندنو قسەی ناشایستەیە ـ کەواتە ئەم فەرموودەی کە دەفەرموێت هەرکەسێك لەسێ شت دەرباز بێت، ئەوە ڕزگاری بووە. مردنی منو دەجالو کوشتنی خەلیفەی ڕاست ڕۆشتوو، بە ناحەق. هەموومان دەگرێتەوەو مەبەستی ئومەتەو تایبەت نییە بەو چەند کەسەی کە هەستاون بەئاژاوەکە، واتە هەریەکمان بەخراپی بەشداری بکەین ئەوە دەستمان هەیە تێیدا[4].

2ـ لەڕۆژەدا، ئەو سەرداپێچراوە دەکوژرێت

ئیبن عومەر دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ باسی هەڵگیرسانی فیتنەو ئاژاوەی دەکرد، لەپڕ پیاوێك ڕابورد فەرمووی "لەو ڕۆژەدا ئەو سەر داپێچراوە بە ستەم لێکراوی دەکوژرێت". دەڵێت: تەماشامان کرد، کە سەرداپێچراوەکە عوسمانی کوڕی عەفانە[5].

3ـ لەو ڕۆژەدا ئەوە، لەسەر هیدایەتە

لە کەعبی کوڕی حوجرەوە دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ باسی هەڵگیرسانی فیتنەو ئاژاوەی دەکرد، باسەکەی نزیك کردەوەو لە ناکاو پیاوێك سەری داپێچابوو تێپەڕی، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەو پیاوە لەو ڕۆژەدا لەسەر ئیسلامو هیدایەتە، منیش دەرپەڕیمو پەلی عوسمانم گرتو هێنام بۆ لای پێغەمبەر ﷺو تم ئەمە دەفەرمویت؟ فەمووری "ئەمە دەڵێم"[6].

4ـ ئاژاوە وەکو گڕکان گڵپە دەکات ئەمەو ئەو کەسەش کە لەگەڵێدان لەسەر حەقن

---

[1] فيض القدير للمناوى (302/4).
[2] مسند الامام أحمد باب مسند انس بن مالك (12493).
[3] المسند (419/4)، (346/5) تحقيق أحمد شاكر.
[4] فتنة مقتل عثمان، د. محمد عبدالله الغبان (44/1).
[5] فضائل الصحابة (551/1)، اسناده حسن.
[6] صحيح سنن ابن ماجة (24/1).

لەمورەی بوهزییەوە دەڵێت "من لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ دانیشتبووم، فەرمووی: ئاژاوە و فیتنە وەکو گرکان گڵپە دەکات، ئەمەو ئەو کەسانەش کە لەگەڵیدان لەسەر حەقن، دەڵێت ڕۆشتم نەویم لەجلو بەرگی زەلامەکە (کە پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ کرد) سەیردەکەم عوسمانی کوڕی عەفانە"[1].

5ـ ئەمەو هاوڕێکانی لەسەر حەق و هیدایەتن

ئەبی ئەشعەس دەڵێت "وتاربێژەکان لە خەلافەتی موعاویەدا هەستان و گفتوگۆیان دەکردو وتوویژیان دەکرد، دواهەمین وتاربێژیان کە قسەی کرد مورەی کوڕی کەعەب بوو، وتی: ئەگەر ئەو فەرمودەیەم نەبیستایە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵنەئەسام ـ بیستومە لە پێغەمبەرەوە ﷺ باسی ئاژاوەو نارەحەتی دەکردو دۆخەکەی نزیك کردەوە، لەو کاتەدا پیاوێکی سەرداپێچراو تێپەڕی و ئەویش فەرمووی: لەو ڕۆژەدا ئەمەو هاوڕێکانی لەسەر حەق و هیدایەتن، منیش عوسمانم ڕووبەڕووی هێنا و وتم: ئەمە ئەی پێغەمبەر ﷺ؟ فەرمووی "ئەمە"[2].

6ـ دەست بگرن بە دەسو دڵ پاك و هاوڕێکانییەوە

لە ئەبو حەبیبەوە هاتووە، دەڵێت "من چوومە ئەو خانووەی کە ئیمامی عوسمانی تێدا گەمارۆ درابوو، ئاگادارم ئەبو هورەیرە مۆڵەتی خواست لە عوسمان، کە قسە بکات. ئیمامی عوسمان مۆڵەتی دا، ئەویش هەستاو سوپاس و ستایشی خودای گەورەی کردو پاشان وتی: من بیستومە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمویەتی: ئێوە دوای من تووشی ئاژاوەو دووبەرەکی دەبن، یەکێك لەناو خەڵکەکە وتی: ئەی ئێمەچی بکەین ئەی پێغەمبەر ﷺ؟ ئەویش فەرمووی: دەست بگرن بە دەست و دڵپاك و هاوڕێکانیەوە، لەم کاتەشدا ئاماژەی کرد بۆ عوسمان[3].

7ـ ئەگەر دووڕووەکان ویستیان کراسەکەت داکەنن دایمەکەنە

عەبدوڵلای نوعمانی بەشیر ئەویش لە عائیشەوە دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ ناردی بە شوێن عوسماندا، پێغەمبەر ﷺ بە جۆرێك ڕوی کردە عوسمان پێشتر نەماندیبوو بەو شێوەیە ڕوو بکاتە کەسی تر، لەدوا قسەیدا کە کردی کێشای بە ناوشانی عوسمانداو فەرموی: ئەی عوسمان لەوانیە خودای گەورە کراسێك بکاتە بەرت، ئەگەر مونافیقەکان ویستیان لەبەرت داکەنن، تۆ دای مەکەنە هەتا دەگەیتە من. سێ جار ئەم قسەیەی فەرموو ـ منیش وتم ئەی دایکی ئیمانداران ئەم فەرمودەیە تا ئێستا لە کوێ بووە؟ عائیشە وتی: وەڵڵاهی لەبیرم چووبوو نەکەوتەوە یادم، ـ دەڵێت: هەواڵمدا بە موعاویە باوەڕی نەکرد هەتا نوسراوێکی ڕەسمی بۆ دایکی ئیمانداران ناردو وتی: ئەو فەرمودەیەم بۆ بنوسە ئەویش بە نوسراوێك بۆی نووسیو بۆی نارد[4].

8ـ پێغەمبەر ﷺ گفتێکی لێ وەرگرتووم دەبێ خۆم بگرم و ئارام بگرم لەسەری

لە ئەبو سەهلەوە ئەویش لە عائیشەوە دەڵێت: پیغەمبەر ﷺ فەرموویەتی "هەندێ لە هاوەڵانم بۆ بانگ بکە، وتم: ئەبوبەکر فەرموی: نەخێر، وتم: عوسمان؟ فەرمووی: بەڵێ. کاتێك بانگمان کرد فەرمووی بە عائیشە "برۆ ئەولاوە)، لەگەڵ عوسماندا کەوتە چرپە و کورمەو برمە، عوسمان ڕەنگی گۆڕا، وەختێك کەوتینە ڕۆژی گەمارۆدانی خانوەکەی عوسمان، وتمان ئەی ئەمیری ئیمانداران ئایا شەڕ نەکەین لەگەڵیان؟ وتی: نەخێر، پێغەمبەر ﷺ پەیمانێکی لێوەرگرتووم کە خۆم بگرم لەسەری[5]. لەم فەرمودەیەی کە پێغەمبەر ﷺ چرپاندی بە گوێی عوسماندا، سەرتاسەر واتای خۆشەویستییە بۆ عوسمان و پەرۆشی پێغەمبەر ﷺ بۆ بەرژەوەندیی ئومەتەکەی لەدوای خۆی، پێغەمبەر، پێشتر هەواڵی هەندێ ڕووداوی وتووە کە پەیوەندیی بەدووبەرەکی و ئاژاوەوە هەبووە و سەرەنجامی ئەمانەش بە کوشتنی ئیمامی عوسمان کۆتایی دێت. پێغەمبەر

[1] المسند (33/5)، له طرق تقوية.
[2] مسند أحمد رقم (17602).
[3] فضائل الصحابة (552/1)، اسناده صحيح.
[4] مسند احمد باقي مسندا لانصارى (24045).
[5] فضائل الصحابة (605/1)، اسناده صحيح.

مەبەستی بووە نیشانە گەورەکانی ئەم ئاژاوەیە، سڕو پەنهان بێت، تەنانەت ئیمامی عوسمان ئاشکرای نەکرد و کەس هیچی لێنەدەزانی. کاتێك پێیان وت: بۆچی شەڕ نەکەین؟ وتی: نابێت، بەڵێنم داوە بە پێغەمبەر ﷺ خۆڕاگربم لەسەر ئەم بەڵایە[1]، لەم قسەیەدا دەردەکەوێت پێغەمبەر ﷺ عوسمانی ڕێنمایی کردووە بۆ هەڵوێستێکی لەبارو گونجاو لە داکەوتنی ئاژاوەکەدا، لەبەر ئەوەی کپ بکرێتەوە نەك پەرەی پێبدرێت و کڵپە بکات، لە هەندێ ڕیوایەتیشدا لەو وتەیە زیاتر هاتووەو چمکەکانی ئەم فەرتەنەیەی تیا ئاشکرا کراوە، وەك پێغەمبەر ﷺ بە عوسمانی فەرمووە "ئەگەر مونافیقەکان داوایان لێکردی ئەو کراسەی خودای گەورە کردویەتییە بەرت دایبکەنیت، دای مەکەنە"[2]. کاکڵەی ئەم وەعدو پەیمانە کە عوسمان باسی کردووە پەیوەستە بە ئاژاوەکەوە، وەسیەتی پێ کراوە خۆی بگرێت و کراسەکەی دانەکەنێت، لە فەرمودەکانو کۆمەڵێك نیشانەی ترەوە ئەوە دەردەکەوێت کە عوسمان ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێتە خەلیفە. تەنها عوسمان، خۆی ئەم ڕاستیانەی دەزانی وەکو نهێنییەکی پێغەمبەر ﷺ لای خۆی پاراستبووی و نەیدەدرکاند. وەك دەریشکەوتووە کە فەرمووی بە عائیشە بچۆرە ئەولاوە، واتای ئەوەیە گەرەکی بووە بە نهێنیی و دووقۆڵی قسەی بۆ بکات و کەسی تر لە ژوورەکەدا نەبێت، عوسمان ڕەنگی گۆڕا ئەوەش بەڵگەیە لەسەر سەختیو ناهەمواری ئاژاوەکە، عائیشە نهێنییەکان دەبەستێتەوە بە ئاژاوەکەوە، بۆیە عوسمان هەموو لاڵەو پاڵەکان بۆ شەڕکردن، لەچواردەوری خۆی ڕەتدەکاتەوە و کار دەگاتە ئەوەی بە ناحەق ئیمامی عوسمان شەهید بکەن، هەروەها ئەم نهێنیانە چەندین ئاماژەی تر لەناواخندایە بۆ ئیمامی عوسمان، لەمەڕ داکەندنی کراسەکەی بەری هەڵوێستی گونجاوو دروستی هەبێتو حەتمەن ئاژاوەیەك دەکەوێتە تەمەنو سەردەمی عوسمانەوەو لە کۆمەڵێك فەرمودەشدا بە ڕاشکاوی هاتوو بەڵام بەنهێنیی هێشتنەوەی وردەکارییەکەی بۆ شاردنەوەی چەندین شتی تری پەیوەندار بووە، کە چەند حیکمەتێك لەپاراستنی ئەم نهێنیانەدا هەیە. کاتێك عوسمان ڕەفزی کوشتار دەکات لە کاتی گەمارۆدانەکەیدا لە خۆیەوە نەیکردووە، وەختێکیش مونافیقەکان، پێشنیاریان کرد کە عوسمان واز لە خەلافەت بهێنێت، ئەو راقەی حاڵی خۆی دەکاتو ڕاڤەی وازنەهێنانی لە خەلافەتەکەشمان بۆ دەکات. ئەم دوو هەڵوێستە مێژوونووسانو لێکۆڵەرەوان پرسیار دەکەن هۆی چی بوو عوسمان وای کردو ئاڵۆزی دروست کرد؟[3] لەڕاستیدا ئاژاوەی کوشتنی ناڕەوای ئیمامی عوسمان لەکۆی ئەو ڕووداوانەدایە کە پێغەمبەر ﷺ لە ژیانی خۆیدا باسی کردووەو هەواڵی داوە کە دێتە کایەوە، ئەویش وەکو زانستێکی غەیب خودا نیشانیداوەو فرمانیشی پێ کرد بۆ خەڵکی و بەتایبەت بۆ عوسمانی ڕۆشن بکاتەوەو بەم شێوەیەش چارەسەری بکاتو بە هێمنیو گفتوگۆ مامەڵەبکاتو کوشتار نەکاتو شەڕ هەڵگیرسێنێت[4]. کەواتە نێوەڕۆکی ئەم هەراو مەرافەیە بۆ عوسمانو بۆ خەڵکی ئاشکرا نەکراوەو هەتا ڕۆژی خۆی پارێزراوە، عوسمانیش بە پێی ئەو پەیمانەی دابووی جوولایەوە.

[1] المصدر السابق.
[2] فضائل الصحابة (613/1)، اسناده صحيح، الطبقات (66/3، 67).
[3] فتنة مقتل عثمان، محمد عبدالله الغبان (48/1).
[4] المصدر نفسه.

باسی پێنجەم: عوسمان، لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیق و عومەری فاروقدا

یەکەم: لەسەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا

1ـ لە خەلافەتی ئەبوبەکردا، عوسمانی کوڕی عەفان، یەکێك بووە لەئەندامانی ڕاوێژکاری لە بابەتە هەنوکەییەکانی وڵاتدا. عوسمان، یەکێك بووە لەهاوەڵ و ڕاوێژپێکراوەکانی ئەبوبەکر و ڕاوبۆچوونەکانی لەکێشە هەرە گرنگەکاندا وەرگیراوە. هەروەها دووەمین کەس بووە لە باوەڕپێکراوەکانی لای ئەبوبەکری سدیق. عومەری خەتاب بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکان و تاوتوکردنی تەنگانەکان عوسمانی هەبووە بۆ لەسەر خۆیی و نەرمونیانیی. عومەر، وەزیری خەلافەتی سدیق بوو، عوسمانیش ئەمینداریی گشتیی دەوڵەتەکەی بوو بوو، لە هەمانکاتدا نووسەری گەورەو شەرەفی مەزنی خەلافەت بووە[1]. بۆ چوونەکانی عوسمان، لای ئەبوبەکری سدیق سەنگین بوو، دوای ئەوەی ئەبوبەکر سەرکەوت بەسەر بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەکاندا ویستی ڕۆم قەڵاچۆ بکات و لەشکرێکی تێکۆشەری دەرکرد بۆ چواردەوری وڵات و گەڕا بەناو خەڵکداو ڕاوێژی پێ کردن هەرچیان بە باشزانی وتیان، ئەبوبەکر هەر کۆڵی نەدا، فەرمووی چیتر دەزانن؟ عوسمان وتی: من وادەزانم تۆ خەمخۆری ئەهلی ئەم دینەیت و زۆریش دڵسۆزی بۆیان، من بۆچونێکم هەیە بۆ بەرژەوەندی گشتیی، تۆ پێداگربە لەسەر ڕیشەکێشکردنیان، تۆ کەسێکی ڕاڕا نیت[2]. تەلحەو زوبێرو سەعدو ئەبوعوبەیدەو سەعیدی زەیدو ئەوانەی ئامادەی کۆبونەوەکە بوون لە کۆچەری و ئەنسارییەکان، وتیان: عوسمان ڕاست دەکات، ئەویش بە گوێی کردو هەڵی پاچین[3]. جارێکی تر ئەبوبەکری سدیق ویستی والییەك بنێرێت بۆ بەحرەین و لەمبارەیەوە ڕاوێژی کرد بە هاوەڵان، عوسمان وتی: پیاوێك بنێرە، کە پێغەمبەر ﷺ ناردبێتی بۆلایان و ئیسلامەتی و گوێڕایەڵییان پێشکەش کردبێت و بیناسن و بیانناسیت، هەروەها بزانن خەڵکی کوێیە یەعنی (عەلای کوڕی حەزرەمی)، ئەبوبەکریش بەقسەی عوسمانی کردو عەلای هەنارد بۆ بەحرەین[4].

هەروەها کاتێك نەخۆشی زۆری بۆ ئەبوبەکر هێنا، کەوتە ڕاوێژکردن بە خەڵك، تا بزانێت کێیان پێ خۆشە لەدوای ئەو فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست، ئەبوبەکر لە دوای خۆی ئاماژەی کرد بۆ عومەر، ڕای عوسمانیش بۆ عومەر ئەمەبوو (ئەی خودای گەورە بەپێی ئەو زانیارییەی من هەمە عومەر نهێنییەکانی لە ئاشکراکانی چاکترە، لە ناو ئێمەشدا لە عومەر چاکترمان نییە)[5]، ئەبوبەکریش وتی: ڕەحمەتی خودای لێبێت وەڵڵاهی ئەگەر بیکەمە فەرمانڕەواتان نەیاریتان ناکات و دژتان ناوەستێتەوە[6].

قەیرانێکی ئابووری لەسەردەمی ئەبوبەکری سدیقدا

ئیبنو عەباس دەڵێت "کەوتینە بێ بارانی لەسەردەمی سدیقدا، خەڵك کۆبوونەوەو چوونە لای ئەبوبەکر وتیان: ئاسمان باران نابارێنێت و زەویش هیچ سەوز ناکات، خەڵکیش لە تەنگانەو نارەحەتی و ناسۆردان، ئەبوبەکریش فەرموی بچنەوەو خۆتان بگرن هیچتان چنگ ناکەوێت، بەڵکە خودای گەورە بە هۆی بەخشندەییەکی گوشادەوە دەوورتان لێ بکاتەوە، ئیبن عەباس دەڵێت زۆری پێ نەچوو کاروانیی، بارەخواردنی ئیمامی عوسمان هاتەوە، چی هات باری سەد وشتر گەنم بوو یان خواردن، خەڵك هوتەرەیان کردە بەر دەرگای عوسمان و ڕژان بەسەریدا. عوسمان هاتە ناو حەشاماتە سەرمایەدارەکان و وتی چیتان دەوێت؟ وتیان وشکە ساڵییە و ئاسمان باران نابارێنێت و زەوی سمچقە سەوز ناکات و خەڵکی لە سەختی ژیاندایە،

[1] عثمان بن عفان صادق عرجون (ص58).
[2] تأريخ دمشق لابن عساكر (63/2، 64)، أبوبكر الصديق للصلابي (ص364).
[3] أبوبكر الصديق للصلابي (ص364).
[4] كنز العمال (620/5)، رقم (14093)، القيود الواردة على سلطة الدولة عبدالله الكيلاني (ص169)، تاريخ الطبري (122/4).
[5] الكامل لابن الاثير (79/2)، الخلفاء الراشدون محمود شاكر (ص101).
[6] الكامل لابن الاثير (79/2).

بیستومانە تۆ باراشێکی بێ شومارت لایە پێمان بفرۆشە تا ئێمەش بلاوی کەینەوە بە ناو موسڵمانانداو بەشی هەژاران بدەین. ئەویش فەرموی بەسەرچاو فەرموون بیکڕن، سەرمایەدارەکان چونە ژوورەوەو بارەکان لە ماڵی عوسمان دانرابوون، ئادەی بازرگانەکان چەند قازانجم پێ دەدەن بەرامبەر ئەو بارانەی کە لەشامەوە هێناومن؟ وتیان: دە بە پانزە قازانج، وتی: فرۆشتوومە، وتیان: بازرگانی تری تیا نییە کێ لەئێمە زیاتری داوەپێت؟ فەرمووی خودای گەورە زیاتری داوە پێم، بۆ هەر درهەمێك دە درهەمی داوە پێم، ئایا ئێوە زیاتر دەدەن؟ وتیان نەخێر نەوەڵلا، فەرمووی خودایە تۆ شاهیدبە من ئەم بارە خواردنانە دەکەم بە خێرو سەدەقە بۆ موسڵمانە هەژارەکان[1]، ئیبن و عەباس دەڵێت: لە شەوێدا پێغەمبەر ﷺ لە خەودا بینی لە سەر وڵاخێکی ئەبلەق بوو، کەوایەکی نورینی لەسەرشانبوو دوو نەعلی نورینی لەپێدابوو قامچییەکی نورینی بەدەستەوە بووزۆر بەپەلە بوو، وتم: ئەی پێغەمبەر ﷺ زۆر تامەزرۆتم زۆر بە تاسم بۆ فەرمایشتەکانت بۆ کوێ خۆت تاو دەدەی؟ فەرموی "ئەی ئیبن و عەباس بە ڕاستی عوسمان ئەو ماڵەی کردی بە خێر خودا لێی قبوڵ کردووەو بوکێکیان لە بەهەشتدا بۆ ڕێکخستووە دەنگیان کردووین بۆ زەماوەندەکەی"[2].

هەتا کەی سەرمایە پەرستەکان و ئەوانەی بژێوی مرۆڤەکان قۆرخ دەکەن بۆ تەماعکاریی و چاوچنۆکی گوێیان ناکەنەوە بۆ ئەم زایەڵە مەزنە عوسمانییە، بۆ ئەوەی بخرێتە دڵیان و ڕابچڵەکێن، ڕاچڵەکانێکی وابێت سۆزو میهرەبانی و زەنگی بەزەیی و چاکەخوازی بەرامبەر بە هەژاران و بێ نەوایان و هەتیوان و بێوەژنان و داماوەکان بکرێتەوە، ئەو هەژارانەی کە کۆسپەکانی ژیان خوێنی گوشیون، بۆ شەرابی دڵڕەقە مرهەلاتووەکان! ئای موسڵمانانی ئەم سەردەمە، چەند ئاتاجتان بە عوسمانێکی ترە، بۆ بەخشینی ماڵ و دارایی بەسەر هەژارو موحتاجەکاندا، سۆزو دۆستایەتی و چاکەخوازی پەخش بکاتەوە لە نێوانیاندا[3]، ئەمە هەڵوێستێکە لە هەڵوێستە خێرۆمەندییەکانی عوسمان، چونکە بە بەزەیترین کەس حسێب دەکرێت، بەرامبەر موسڵمانان. بەڵام زۆرێك لەسەرمایەدارو بازرگانەکانی تر لەخۆباییین، وەك خودای گەورە دەفەرموێ: (كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى* أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى) (العلق: 6 ـ 7).

نیشانەیەکی تری عوسمان ئەوەیە دوورترین کەس بووە لە دوڕوویی و لە دووڕووەکانیش[4].

دووەم: لەسەردەمی عومەری فاروقدا

عوسمان، پلەو پایەیەکی بەرزی هەبووە لای ئیمامی عومەر، ئەگەر خەڵکی بیان ویستایە پرسیاری شتێك لە عومەر بکەن، دەیناردن بۆ لای عوسمان و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، بەعوسمانیشیان دەوت، پاشکۆ (پاشکۆ: لەزمانی عەرەبیدا ئەو کەسەیە لە پشتی کەسێکی ترەوە سواری وڵاخێکی بووبێت، بەڵام لە ڕووی دەسەڵاتەوە، ئەم ناوە بە کەسێك دوترێت کە حەزبکەن جێگەی سەرۆك بگرێتەوە)، عومەر لەگەڵ عوسماندا دەستیان نەشکایە بەسەر کارێکدا، دەچوونە لای عەباس و لەگەڵیدا دەبوون بە سیان[5]، جارێکیان وارووبدا عومەر چووە سەردانی ڕەعیەت و دەیکردن بەسەرباز، کە پێیان دەوترا (سەربازی ئازادی)، عوسمان هات و پرسیاری لێکردو وتی: چیت بیستووە؟ چیت دەوێت؟ عومەر جاڕیدا وەرن بۆ نوێژ، (الصلاة جامعة)، پاشان ڕایگەیاند کە ئەمە کارێکی گرنگە بۆ غەزای عێراق[6].

جارێکی تر ئەبوعوبەیدە، جوابی نارد بۆ عومەر بۆ ئەوەی هەنگاوبنێت، بۆ ڕزگارکردنی قودس، عومەر ڕاوێژی کرد بە خەڵکی و عوسمان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد با خۆمان قایم و قۆڵ نەکەین و ئەسپ تاونەدەین، با بە هاکەزایی بچین بۆ ئەوەی

[1] الرقة والبكاء لابن قدامة (ص190)، الخلفاء الراشدون حسن أيوب (ص191)، مشهيد الدار أحمد الخروف (ص21).
[2] الرقة والبكاء (ص190).
[3] عثمان بن عفان صادق عرجون (ص52).
[4] شهيد الدار (ص22، 23).
[5] تاريخ الطبري (83/4)، المرتضى للندوى، ص (131)..
[6] عثمان بن عفان الخليفة الشاكر الجابر (ص63).

ببێتە ڕسوایی و سەرشۆڕی بۆیان، وتی بە عومەر ئەگەر سەرقاڵی خۆئامادەکردن بیت و نەچیتە سەریان ئەوا واتێدەگەن تۆ لە بازویان دەترسیت و خۆت بۆ شەڕی ئەوان پێکەوە دەنێیت، هیچ شتێك بەکەڵك نایەت، جگە لەدەرچوون، بۆئەوەی داباریـنە سەریان و بە سوکی بیانگرین و سەرانەیان لیٚ بسێنین[1]، عومەریش هێرشبردنی پەسەند کرد و وای پێخۆش بوو بە هەرزان بشکێتەوە بەسەر موسڵماناندا، ئایا گەمارۆیان بدەین یان بەسەریاندا بدەین[2].

پێشتریش لەسەرەتای وەرگرتنی خەلافەتدا، ئیمامی عومەر ڕاوێژی کرد بە هاوەڵە دیارەکان بۆ دەرماڵەی خۆی لە بەیتولمالی موسڵمانان، عوسمان پێی وت: لێی بخۆو بەشی خەڵکیشی لیٚ بدە، بە ڕاستی پلەو پایەی عوسمان لە خەلافەتی ئیمامی عومەردا وەکو پلەوپایەی وەزیری دەستەڕاست وابوو، دەتوانین بڵێین پلەو پایەی عومەری هەبووە، لە خەلافەتی صدیقدا کە بۆ غەیری ئەو دەستی نەدابوو ـ ئەبوبەکر بەبەزەیترین کەسبووە بەرامبەر بە خەڵك، عومەر توندترین کەس بووە بۆ حەق سەندن و ئاینی خودا، خودای گەورە بڕشتی عومەرو بەزەیی ئەبوبەکری ئاوێتە یەك کردبوو بە هەردووکیان خەلافەتێکی ڕاستەقینەو سیاسەتێکی دادوەرانەو پشتێنێکی ئەستوریان دروستکردبوو. عوسمان، لە سۆزو بەزەییدا، زۆر لە صدیق دەچوو. عومەریش لەسەر ڕێبازی خۆی بوو لە توندوتۆڵیدا، کاتێك کاری گرتە دەست خودای گەورە عوسمانی کردە وەزیری یەکەمی خەلافەتەکەی بۆ قەرەبووی بەزەی و سۆزی ئەبوبەکری صدیق، دیسانەوە بە هەردوکیانەوە نموونەیەکی زیندوویان بەرپا کرد، لە ڕوی ڕێکخستنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ئومەتەوە کە وردترین سیاسەت و دادوەری بوو. خەڵك چاك، ئەم پلەو پایەی عوسمانە دەزانن لە خەلافەتی عومەردا، هەر عوسمان بوو ئاماژەی کرد بۆ عومەر دیوان دروست بکات و مێژوو بەروار بنوسێت، وەکو ڕیوایەت کراوە.

1ـ دانانی دیوان

وەختێك ڕزگارکردن پەرەی سەندو سەروەت و سامان بیٚ شوماربوو، عومەر دەستەیەك لەهاوەڵاتی کۆکردەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بەم داراییە، ڕاوێژیان پیٚ بکات، عوسمان وتی: دارایيەکی زۆرمان هەیە، خەڵکیش پرش و بڵاوە، ئەگەر ئامارێك نەنووسین بۆ ئەوەی بزانین کیٚ وەری دەگرێت و کیٚ وەری ناگرێت، دەکەوینە هەڵەو مەترسییەوەو کاروبارەکانمان گەندەڵ دەبێت. عومەریش لەسەر بۆچوونەکەی عوسمان تەساڵەی دا دیوان دابنێن و لیست دروست بکەن بۆ تۆمارکردنی ناوی خەڵك[3].

2ـ مێژوو

لە هەندێك ڕیوایەتدا هاتووە ئەوکەسەی کە ئاماژەی کرد بۆ ئیمامی عومەر مێژووی ساڵی کۆچی دابنێت و مانگی موحەڕەم بکاتە سەرەتای ساڵ، ئیمامی عوسمان بوو. ئەمەش پاش ڕێککەوتن بوو لەسەر ئەوەی کە سەرەتای مێژووی ئیسلامی، لەکۆچی پێغەمبەرەوە دەست پیٚ بکەن ﷺ. چونکە لەو ڕۆژەوە حەق لە ناحەق جیا کرایەوەو هەڵاوێرا، چەندین بۆچوون هاتە ئاراوە کام مانگ بکەنە سەرەتای ساڵ؟ عوسمان وتی: وام پیٚ خۆشە موحەڕەم سەرەتای ساڵ بێت، چونکە مانگی موحەڕەم یەکەم مانگیشە لە ژماردندا، لەو مانگەدا خەڵك لە حەج دەگەڕێنەوە، عومەرو هاوەڵە ئامادەبووەکان ڕازی بوون بە بۆچوونەکەی عوسمان و بڕیاریان لەسەر دا و کرا بە پەیڕەوی بەرواری مێژووی ئیسلام[4].

3ـ زەوییەکانی باج و دەرامەت

عوسمان یەکێك بوو لەوانەی پشتگیری عومەری دەکرد کە زەوییە ڕزگارکراوەکان، دابەش نەکرێت بەسەر سەربازەکاندا، بەڵکە وەك دەسمایەیەك بهێڵرێتەوە بۆ موسڵمانەکان و نەوەکانی دوای خۆیان.

4ـ حەج کردنی عوسمان لەگەڵ دایکی ئیمانداراندا[5]

---

[1] عثمان بن عفان محمد حسين هيكل (ص47)، نقلا عن السياسة المالية لعثمان بن عفان (ص24).
[2] عثمان بن عفان الخليفة الشاكر (ص63).
[3] تاريخ الطبري (203/5)، عثمان بن عفان، صادق عرجون (ص60).
[4] عثمان بن عفان، صادق عرجون (ص60).
[5] السياسة المالية لعثمان (ص25).

عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی سیانزە کرایە خەلیفە، هەر لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمانی کوڕی عوفی کردە سەرقافڵەی حاجیان، دیسانەوە عومەر ساڵی بیستو سێ حەجی کردەوە، هەر لەو ساڵەدا ڕوخسەتی دا بەخێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ بچن بۆ حەجو لە کەژاوەدا هەڵیان گرتنو عوسمانو عەبدولڕەحمانی لەگەڵیان نارد، عوسمان لەسەر وڵاخەکەی دەڕۆیشت لە پشتیانەوە، نەیدەهێشت کەس نزیکیان بکەوێتەوەو لە هەر مەنزڵێك عومەر لایبدایە، ئەویش لایدەدان. عوسمانو عەبدولڕەحمان، لە شیوێکدا دایانبەزاندنو خۆیان کەوتنە خواری شیوەکەوە بۆ ئەوەی کەس تێ نەپەڕێت بەسەریاندا[1].

[1] طبقات ابن سعد (134/3)، انساب الاشراف البلاذري (465/1، 466) مجلة البحوث الاسلامية العدد العاشر (ص263).

بەشی دووەم:

جێنشینکردنی عوسمان و ڕێبازی حوکمکردنی و گرنگترین ئاکارە کەسییەکانی

باسی یەکەم: جێنشینکردنی عوسمان

یەکەم: پەیڕەوکردنی تێگەیشتنی عومەریانە لەخەلافەتدا

عـومـەری کوڕی خەتاب بەردەوام بایەخی دەدا بە یەکڕیزی گەل و ئایندەیان، هەتا دواهەمین ساتەکانی ژیانی، هەرچەندە ئازاری برینە ناسۆرەکانی ببوە کۆسپ بۆی، بەڵام هەڵوێستەکانی سەرەمەرگی دەرمانێکی هەمیشە زیندون، چونکە لە باوەڕی قوڵ و دڵسۆزی و لەخۆبوودووییەوە سەرچاوەی گرتبوو[1]. عـومـەری فاروق لەو ساتە وەختە سەختەدا توانی ڕێچکەیەکی نوێ دابڕێژێت بۆ دەستنیشانکردنی خلافەت، کە پێشوتر نەبوو. ئەمەش دیارە بەڵگەیەکی بەرچاوو داناییەکی ڕۆشنە لەسەر سیاسەتی حوکمڕانی وڵاتی ئیسلام. لەوەدەمەی پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی کرد، بە ڕاشکاوی جێگرەوەی دوای خۆی دیاری نەکرد، هەروەها ئەبوبەکر کۆچی دوایی کرد بە ڕاوێژکردن لە نێوان گەورە هاوەڵاندا عومەر کرا بە جێنشین. کاتێك عـومـەری فاروقیش لەسەر بەرەی مەرگ بوو داوای لێکرا جێنشین دابنێت، ماوەیەك بیری لێکردەوەو بڕیاریدا ڕێچکەیەکی تر بێنێتە ئاراوە کە لەگەڵ ئەو شوێن و سەردەمەدا بگونجێت، خەڵك بەگشتی یەکدەنگ و کۆك بوون لەسەر ڕێزو فەزڵی ئەبوبەکر، دوای پێغەمبەر ﷺ. هیچ ئەگەرێکی ناکۆکی و دووبەرەکی لەم بوارەدا نەبوو، بە تایبەت پێغەمبەر ﷺ بەکردارو گوفتار ئومەتی ڕێنمایی کردبوو کە ئەبوبەکر شیاوی ئەم کارەیە لە دوای خۆی. بە هەمان شێوە ئەبوبەکری سدیقیش کاتێك عومەری کردە خەلیفە باش دەیزانی کە تێکڕای باوەڕداران قەناعەتیان وایە عـومـەر، لەهەمووان بەڕێزترو بەهێزترە بۆ هەلگرتنی لێپرسراوێتی پاش ئەبوبەکر، بۆیە لە پاش ڕاوێژی کەڵەباوەڕداران کردیانە خەلیفەو هیچ کەس و لایەك نەیار نەبوو ئیجماع کرا لەسەر پەیمان پێدانی[2]، بەڵام ڕێچکەی هەڵبژاردنی خەلیفەی نوێ خرایە ئەستۆی ژمارەیەکی دیاری کراو لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ واتە خرایە دەستی (ئەنجومەنی ڕاوێژکاران)، ئەم دەستەیەش لەشەش هاوەڵدا قەتیس کرابوو، هەمووشیان شیاوی ئەو کارو هەرمانە بوون کە هەڵی سوڕێنن. هەرچەندە ئەم شەش هاوەڵە هەموویان لەیەك ئاستدا نەبوون، عـومـەری فاروق، شێوازی هەڵبژاردن و ماوەکەی بۆ دیاری کردن، هەروەها ژمارەی دەنگە بڕیاردەرو یەکلاکەرەوەکەی بۆ دیاری کردن، هەروەها حوکمی کۆبوونەوەکەی دەستنیشانکردو چارەسەری ئەگەرەکانیشی بۆ ڕوونکردنەوە، گەر دەنگەکان بەرامبەر بوون چون چارەی بکەن، فەرمانی دەرکرد کە کۆمەڵێك سەربازی خودایی، چاوداشتی ڕەوتی هەڵبژاردنەکە بکەن و سزای ئەو کەسە بدەن کە پێچەوانەی ڕای گشتی دەجولێتەوە ڕێگریش بکەن لە گەڕەلاوژەو نەهێڵن هیچ کەسێك بچێتە ژوورەکەیان و گوێیان لێ بگرێت و قسەکانی ئەنجومەن و مەجلیسی (ئەهلی حەل و عـەقد)[3] دزەی پێ نەکرێت.

لێرەدا پەندەکانی پلان و بەرنامەکەی عومەر لێکدەدەینەوە:

1ـ عـومـەر، ژمارەو ناوی ئەو هاوەڵانەی دەستنیشان کرد کە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری پێکدەهێنن، ژمارەیان شەش هاوەڵ بوو: (عـەلی کوڕی ئەبو تالیب، عوسمانی کوڕی عەفان، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، زوبێری کوڕی عەوام و تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا) بوون، بەڵام سەعیدی کوڕی زەیدیان تیا نەبوو کە لە دە کەسە مژدە پێدراوەکانی بەهەشتە، پێدەچێت، هەڵاواردنی ئەو لەبەر ئەوەبوویێت کە لەهۆزی بەنی عەدییە[4]، عـومـەریش سوربوو لەسەر دوورخستنەوەی خزمانی لە فەرمانڕەوایەتی، هەر خۆی لەبەر ئەمەش سەعیدی جیاکردەوە لە لیستی پاڵێوراوان و ڕاوێژکاران، چونکە خزمی نزیکی خۆی بوو[5].

[1] الخليفة الفاروق عمر بن الخطاب، (ص161).
[2] أوليات الفاروق، د. غالب عبدالكافي القرشي، (ص122).
[3] أوليات الفاروق، د. غالب عبدالكافي القرشي، (ص122).
[4] البداية والنهاية (142/4).
[5] الخلفاء الراشدين الخالدي، (ص98).

2ـ لەشێوازی هەڵبژاردنی جێنشین (خەلیفە) دا، عومەر فەرمانی پێکردن لەماڵی یەکێکیاندا کۆ ببنەوەو ڕاوێژ بکەن، عەبدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومەریشیان لەگەڵ بوو، تەنها وەك ڕاوێژپێکراوو هیچی تر، هیچ کارێکیان بە عەبدوڵڵا نەسپاردبوو. سوهەیبی ڕۆمیشیان لە ماوەی ڕاویژکردنەکەدا کردبووە پێشنوێژو ئیمامی خەڵك. ئیمامی عومەر پێی فەرمووو: ئەی صوهەیب، لەم سێ ڕۆژەدا ئیمامی بەرنوێژی کردن بە، بۆ ئەوەی یەکێك لەم شەش هاوەڵە نەبێتە ئیمامو پێشنوێژو چانسی لەپالاوتنەکەدا بەرزبکاتەوە بۆ خەلافەت[1]. هەروەها عومەر فرمانی کرد بە میقدادی کوڕی ئەسوەدو ئەبو تەلحەی ئەنساری کە پارێزگاریو چاودێری ڕەوتی هەڵبژاردنەکە بکەن[2].

3ـ ماوەی هەڵبژاردن یان راوێژکردن: عومەری فاروق، سێ ڕۆژی دیاری کردو بە ماوەیەکی گونجاوی زانی بۆ دیاریکردنی خەلیفە لەدوای خۆی، گەر لەمە زیاتر بێت مانای وایە درزی دووبەرەکی بەرفراوانتر دەبێت، بۆیە پێی وتن "با خۆری ڕۆژی چوارەم هەڵنەیەت، ئێوە یەکێکتان نەکردبێت بە ئەمیر"[3].

4ـ ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بەسە بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە: ئیبنو سەعد بە سەنەدێك کە پیاوەکانی ساغن، هێناویەتی، ئیمامی عومەر فەرموویەتی بە سوهەیب سێ ڕۆژ بەرنوێژی بکە بۆ خەڵك، ئەم کۆمەڵەش (شەش هاوەڵەکە) بڕ بدە لە ماڵێکدا ئەگەر یەکدەنگ بوون لەسەر پیاوێکیانو یەکێکیان لاساری دەکرد، ئەوە بدە لەگەردنی[4]. عومەر، فەرمانی دا ئەو کەسەی دەیەوێت پێچەوانەی ئەم دەستەیە بجوڵێتەوەو داری دەستی موسڵمانان بشکێنێتو دووبەرەکی بخاتە نێوانیانەوەبیکوژن، لەژێر ڕۆشنایی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەردا ﷺ "ئەگەر ئێوە لەسەر یەکێك کۆكو تەبابوون کەسێکی تر هاتو ویستی داری دەستان بشکێنێت یان دووبەرەکی بخاتە نێوانتانەوە ئەوا بیکوژن"[5].

ئەوەی لە پەڕاوە مێژووییەکاندا هاتووە، گوایە ئیمامی عومەر فەرمانی کردووە، بەکۆبوونەوەو ڕاوێژ کردنو وتویەتی ئەگەر پێنجیان کۆك بوون لەسەر یەکێکیانو دانەیەکان لاری کرد بە شمشێر بدەن لە گەردنی، ئەگەر چواریان کۆك بنو پیاوێکیان هەڵبژارد، بەڵام دوانیان لاری هەبوو بدەن لە گەردنی هەردووکیان[6]، ئەمە ڕیوایەتێکی نادروستەو سەنەدی تەواو نییە. بەڵکو لەو ڕیوایەتە ناقۆڵانەیە کە (ئەبو میخنەفی ڕافزی شیعە هەڵی بەستووەو پێچەوانەی بەڵگە ڕاستەقینەکانەو زۆر دوورە لە هەڵسوکەوتی جوانو هەڵوێستی پەسەند، هەروەها لەمەش زیاتر، ئەبو میخنەفی شیعە خۆی هەڵی بەستووەو لکاندوویەتی بە وتەکانی ئیمامی عومەرەوە، گوایە گوتوویەتی بە سوهەیب بەسەر ئەهلی شوراوە (شەش هاوەڵەکە) ڕاوەستە یەکێکیان یان دوایانیان لاموجیمیان کرد بدە لەگەردنیان[7]، ئەمە قسەیەکی بێمانایە! ئیمامی عومەر چۆن شتی وا دەڵێت کە خۆی چاك دەزانێت ئەمشەشە هاوەڵە لە هاوەڵە دیارو هەڵکەوتووەکانی پێغەمبەرن ﷺو خۆی هەڵی بژاردوون بۆ ئەم کارە. هەروەها چاك دەیزانی ئەمانە چەند بەڕێزو بە حورمەتن[8]. ئیبنو سەعد هێناویەتی کە ئیمامی عومەر فەرمویەتی بە ئەهلی ئەنسار[9]، ماوەی سێ ڕۆژ بیانکەنە ژوورێکەوە، ئەگەر پێکهاتن باشە، ئەگینا بدەن بەسەریانداو بدەن لە گەردنیان، ئەم ڕیوایەتە پچڕ پچڕی هەیە لەسەنەدەکەیدا (سەماکی کوڕی حەربی) تێدایە کە لاوازەو بە ڕیوایەتی تریش گۆڕاوە[10].

1 الخلافة والخلفاء الراشدون للبهنساوي (ص213).
2 أشهر مشاهير الاسلام في الحزب والسياسة (ص648).
3 الطبقات لابن سعد (364/3).
4 الطبقات لابن سعد (342/3).
5 مسلم (1480/3).
6 تاريخ الطبري (226/5).
7 تاريخ الطبري (226/5).
8 مرويات أبي مخنف في تاريخ الطبري، د. يحى اليحى (ص175).
9 الطبقات لابن سعد (342/3).
10 مرويات أبي مخنف في تاريخ الطبري (176).

5ـ چۆنییەتی حوکمردن لەکاتی تێپەڕین بەدۆخی ناکۆکیو ناڕێکی. ئیمامی عومەر، وەسیەتی کرد بە عەبدوڵڵای کوڕی ئامادەی ئەو دانیشتنە بێتو هیچ کاروبارێکی بەدەست نەبێت، بەڵام پێی وتن (ئەگەر سیانیان ڕازی بوون بە سیانەکەی ترتان ئەوکاتە عەبدوڵڵا، حوکم بدات بەلایەکتان. عەبدوڵڵا هەرلایەکی پەسەند کرد (لەسێ کەسەکە) ئێوەش پیاوێکیان هەڵبژێرن، خۆ ئەگەر ڕازی نەبوون بە حوکمی عەبدوڵڵا، ئەوە بچنە سەر ئەو لایەی کە عەبدولڕەحمانی عەوفی تێدایە. ئیمامی عومەر، عەبدولڕەحمانی بە خاوەن بڕیارو پیاوێکی عاقڵ وەسف کردو فەرمووی: باشترین خاوەن بڕیار عەبدولڕەحمانی عەوفەو عاقڵانە ڕێگە لە گرفتەکان دەگرێتو کەسێکی دانایەو خوای گەورە پارێزەرییەتی، جا گوێی بۆ بگرن)[1].

6ـ بەرمیەك سەربازی کردە چاودێری هەڵبژاردنەکە، تا ڕێگری لەئاژاوەو گەڕەلاوژە بکەن.

ئیمامی عومەر داوای لە ئەبو تەلحەی ئەنصاری کردو پێی فەرموو ئەی ئەبو تەلحە خودای گەورە ئێوەی بە هۆی ئیسلامەوە بەرزکردەوە، پەنجا پیاوی ئەنساری هەڵبژێرە با سەرپەرشتی ئەم دەستەیە بکەنو پاسەوانیان بێت هەتا پیاوێك لە خۆیان هەڵدەبژێرن[2]. هەروەها فەرمووی بە میقدادی کوڕی ئەسوەد "هەرکاتێك منتان خستە گۆڕەکەم، پاشان ئەم دەستەیە کۆبکەنەوە لە ماڵێکدا هەتا یەکێك لەخۆیان هەڵدەبژێرن بەخەلیفە"[3].

7ـ ڕێگەدان بە فەرمانڕەوایی کەسێك کە کەسی لەو بەرێزتریش هەبێت.

یەکێك لەبەرووبوومەکانی ڕووداوی ڕاوێژکردن، ڕێگەدانە بە گرتنە دەستی بەرپرسیارێتی لەلایەن کەسێکەوە کە لەهەمان کاتیشدا لەو پایەدارتر هەبووە، هەروەك ئیمامی عومەر دەستەی ڕاوێژکاری کرد بە شەش کەسو چاکیش دەیزانی هەندێکیان لە هەندێکی تریان بەرێزترن، ئەم جۆرە نەخشانە لەژیانی ئیمامی عومەردا هەیە تەنانەت لەو کاربەدەستانەی کە کردوونی بە سەرپەرشتیاری شارەکان بە چەندەها شێوە هەڵی سەنگاندوون تەنیا فەزڵی دینداری نەدەکردە پێوەر، بەڵکو زیاتر دەگەڕایەوە سەر فەرهەنگو باکگراوەندی سیاسیی کەسەکان، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی دەپاراست لەسەرپێچی شەرع، بۆ نموونە موعاوییەو موغەیرەی شوعبەو عەمری کوڕی عاسی کردە کاربەدەست، هەرچەندە لە ڕووی دینداریو زانیارییەوە لەوان بەرێزتر هەبوو، هەروەها ئەبو دەردای کردە والی شامو ئیبن مەسعودیشی کردە والی کوفە[4].

8ـ عومەر، لە نێوان داریکردنو دیاری نەکردنی جێگرەوەی خۆیدا تیل نیشانێکی کرد، ئیمامی عومەر، دیاریکردنو دیاری نەکردنی لە یەککاتدا کۆکردەوە، واتە وەکو ئیمامی ئەبوبەکر پاڵێوراوی دەستنیشان کرد، بەڵام بە ڕاشکاوی ئاماژەی بۆ نەکرد بەهەمان شێوەی پێغەمبەر ﷺ، ئیمامی عومەریش شەش هاوەڵی دیاری کردو داوای لێکردن لەنێو خۆیاندا ڕاوێژ بکەن[5].

9ـ ڕاوێژکردن، تەنها لەدەنگدانی شەش هاوەڵەکەدا کورت هەڵنەهاتووەو قەتیس نەبووبێت. ئیمامی عومەر، دەیزانی ڕاوێژکردنەکە بە دەنگدانی ئەم شەش هاوەڵە کۆتایی نایەت، بەڵکە دەبێت ڕای گشتی خەڵکی مەدینە وەربگرن. دانانی سێ ڕۆژیش بۆ ڕاوێژ خۆی لەخۆیدا مۆڵەتێك بۆ ڕاوێژکردنو وەرگرتنی ڕای خەڵك، تا بزانن کێ ببێتە خەلیفەو کێیان پێ باشە بکرێتە فەرمانڕەوا، ئەمەش بە پێی زۆرینەی دەنگی ئامادەبوانی شاری مەدینە کە شاری کۆچەریانو هاوەڵە مەزنەکانە. ڕای ئەو کەسە مەدینەییانەش وەربگرن کە لەشارو شوێنی تر نیشتەجێ بوبون، بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکەدا تەواوکەری ئەوانی تر بن. مەدینە هەتا ساڵی (23)ی کۆچی ئۆردوگای هاوەڵان بووەو کەڵە باوەڕوانی تێدا مابو، چونکە

[1] تاريخ الطبري (325/5).
[2] تاريخ الطبري (255/5).
[3] المصدر السابق.
[4] المدينة النبوية فجر الاسلام والعصر الراشدي (97/2).
[5] المدينة النبوية فجر الاسلام والعصر الراشدي (97/2).

ئیمامی عومەر لە تەنیشت خویٚ هیٚشتبوونییەوەو گیری دابوون‌و مۆڵەتی پیٚ نەدەدان کۆچ بکەن بۆ هەریٚمە ئازادکراوەکان[1].

10ـ ئەنجومەنی ڕاویٚژکاری هاوەڵانی پیٚغەمبەر ﷺ بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی بوو، بەڕاستی ئیمامی عومەر شارەزای کەسایەتی ئەندامانی ڕاویٚژکاری بوو، بۆ ئەوەش بڕی دابوون کە لە نیٚوان خۆیاندا خەلیفەیەك هەڵبژیٚرن. ئەوەی گرنگەو دەبیٚت ئاماژەی پیٚ بکریٚت ئەوەیە هیچ کەسیٚك دەربارەی بڕیارەکەی ئیمامی عومەر نەیار نەبووە، چ لە دیاریکردنی ئەندامانی ڕاویٚژکارو چ لە وەسیەتەکانی، بە پیٚی ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستماندان‌و بەپیٚی بەڵگە بیستراوەکانیش یەکیٚك نەبوو پەلپ‌و بیانووی هەبیٚت لەهەنگاوەکەی عومەرو تەنانەت پیٚشنیاریٚکی جیاوازتریش لەو کات‌و ساتەدا لەئارادا نەبووە، هەروەها هیچ کەسیٚکی یاخوو کوتلەباز نەبووەو تا دواهەمین ساتەکانی ژیانی عومەرو لەدوای وەفات کردنیشی هیچ ئالۆزییەك بەدی نەکراوە، بەڵکو بە پیٚچەوانەوە هەر هەموو خەڵك ڕازی بوون بەم تەگبیرەو پیٚیان وابوو ئەمە بەرژەوەندی کۆمەڵی موسڵمانانی تیٚدایە. دەتوانین بڵیٚین عومەر، هەیکەلیٚکی باڵای سیاسیی داهیٚنا کە پەیامیان هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات‌و دانانی خەلیفەبوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕیٚکخستنی دەستوریٚکی تازەیەو بلیمەتی ئیمامی عومەر پیشان دەدات. ئەم تەگبیرەش هیچ ناڕیٚکییەکی نییە لەگەڵ بنەما ڕەسەنەکانی ئیسلامدا بە تایبەت ئەو بەندانەی پەیوەستە بە ڕاویٚژکردنەوەو دواتر وردە وردە حیکمەتی ڕاویٚژکردنەکە دەرکەوت‌و هەرهەموو ئەهلی شار لەمزگەوتی گەورە پەیمانیاندا. هەرلەم میانەیەشدا جیٚگای ئەو پرسیارە نابیٚتەوە کە بە میٚشکی هەندیٚ کەسدا هاتووە "کیٚ ئەم مافەی داوە بە ئیمامی عومەر وابکات؟" یان عومەر بەڵگەی چی بووە بۆ ئەم تەگبیرە؟ ئەوەندە بەسە بزانین کە گرۆی موسڵمانان‌و هاوەڵان، پیٚی ڕازی بوون‌و لیٚی بیٚدەنگ‌و پیٚخۆشحاڵبوون پیٚی، بە هیچ کلۆجیٚکیش دەنگی ناڕەزایی نەبیستراوە، شتیٚکی زانراوو ئاساییشەوە ئەم تەگبیرە ڕای گشتیی لەگەڵدا بووەو کۆڕا (الإجماع) یەکیٚکە لەسەرچاوەکانی شەرع[2]. با ئەوەشمان لەبیر نەچیٚت، ئیمامی عومەر خۆیشی خەلیفەیەکی گویٚ بۆ گیراوو مەرجەع بووە، ئیٚمە دەبیٚت جەخت بکەینەوە لە و بنەمایانەی کە ئەندامانی ڕاویٚژکاری کە بەرزترین هەیکەلی سیاسین لە ڕژیٚمی حکومەتی ئیسلامدا، لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکاندا تەساڵە یان لەسەرداوە، ئەم هەیکەلەی ئیمامی عومەر ناوی لیٚنان ئەوەندە کەڵکی لەم دەستە هاوەڵە وەرگرت لە هیچ دەستەیەکی تری وەرنەگرت، بنەمای ڕاویٚژکردنەش لەوەوە هاتووە کە خودای گەورە مۆڵەتی بە ڕاویٚژکردن داوەو پیٚغەمبەریش ﷺ ڕایگەیاندووە. لەناو ئیماندارانیشدا هیچ کەسیٚك نەبووە شان بدات لە شانی ئەم دە هاوەڵە لە تەقواو سپاردەپاریٚزیدا[3].

بەم شیٚوەیە ژیانی ئیمامی عومەر کۆتایی هات‌و نەزری مردن‌و ئازاری برینەکەی سەرقاڵی نەکرد لە تەگبیرو نەخشەکیٚشان بۆ کاروباری موسڵمانان، پتەوترین ڕژیٚمی ڕاویٚژکردنی دامەزراند کە هیچ کەسیٚك پیٚشی ئەم نەیکردبوو، بیٚگومان بناغەی ڕاویژکردن، قورئان‌و فەرمودەو کرداو گوفتار دایڕشتووەو پیٚغەمبەر ﷺ ئیشی لەسەر کردووەو ئەبوبەکریش وەکو بنەمایەکی دینی کاری پیٚکردووە، کەواتە ئیمامی عومەر شتی تازەی دانەهیٚناوەو کارەکەشی دەستنیشانکردنی ڕیٚچکەی هەڵبژاردنی خەلیفە بوو، بۆ ئەم کارەش ژمارەیەکی دیاری کراوی پیٚوە تایبەت کرد، ئەم شیٚوە بنیاتنانە نە پیٚغەمبەر ﷺو نە ئەبوبەکر نەیان کردبوو، بەڵکە یەکەمین کەس‌و یەکەمین جار عومەر کردی‌و زۆر باشیشی کرد، چونکە باشترین ڕیٚگەی گونجاو بوو بۆ بارودۆخی هاوەڵان لەوکاتەدا[4].

دووەم: وەسیٚتی ئیمامی عومەر بۆ خەلیفەکەی پاش خۆی

[1] المصدر السابق.
[2] نظام الحكم في الشريعة والتأريخ الاسلامي، ظافر القامي (227/1، 226).
[3] المصدر نفسه.
[4] اوليات الفاروق، د. غالب عبد الكافي القرشي (ص127).

ئیمامی عومەر، (ڕەزای خوای لێبێت) چەند وەسێتێکی گرنگی کرد بۆ ئەو جێنشینەی کە دوای خۆی دەبێتە فەرمانڕەواو پێشەوای ئەم ئوممەتە. ناوەڕۆکی وەسیەتەکانیشی بەم شێوەیە بوو "وەسێتت پێ دەکەم هەمیشە لە خودای تەنهاو بێ هاوبەش بترسە، وەسێتت پێ دەکەم، بەرامبەر کۆچەرییە یەکەمەکان چاك بەو پێشینەیان لەبەر چاو بگرە، بە هەمان شێوە بەرامبەر ئەنسارەکان چاکبەو کرداری باشیان قبوڵ بکەو چاوپۆشی لە خراپەیان بکە، هەروەها وەسیەتت پێ دەکەم بۆ ئەهلی شارەکان باش بە، چونکە ئەوان قەڵغانی دوژمنو کانگای دەسکەوتن، بە خۆشی خۆیان نەبێت هیچ کارێکی گران مەدە بەسەریاندا، وەسیەتت پێ دەکەم بەرامبەر ئەهلی دەشتەکی باشبە، چونکە ئەوانە عەرەبی ڕەسەنو کەرەسەی خاوی ئیسلامن، لەفەراغی ماڵو داراییان وەربگرەو بیدە بە هەژارەکانیان، وەسیەتت بۆ دەکەم بەرامبەر ئەهلی زیممە (گاورو جولەکە) باش بە لەدواوە مەیان کوژە، زیاتر لەوزەی خۆیان ئەرك مەخەرە سەریان، ئەگەر سەرانەی خۆیان بە خۆشی خۆیاندا باشە، ئەگینا بەسوکیو سەرکزی لێیان وەرگرە. وەسیەتت پێ دەکەم لەخودا بترسەو کۆسپە بکە لەبەر خاتری ئەو، لەخەشمی بترسەو نەکەی گوناهت لێ بوەشێتەوە. ئامۆژگاریت دەکەم لە خودای گەورە بترسەو بۆ وەرگرتنەوەی مافی خودای گەورە لەخەڵك مەترسە. وەسیەتت پێ دەکەم، دادوەر بە بۆ ئوممەتو گەلەکەت، یەکلاببەرەوە بۆ پێویستیو تەنگاویان، ڕێزی دەوڵەمەندەکان مەدە بەسەر هەژارەکاندا، ئەگەر بە یارمەتی خودای گەورە بەم شێوەیە بویت بێگومان دڵت سەلامەت دەبێتو گوناهەکانت هەڵدەوەرێتو کردارەکانت بە چاکە کۆتایی دێت، لای ئەو خودایەی کە لەپەنهانەکان دەزانێتو لە وردو کردی دڵت ئاگادارەو لێ خۆشبووە. فەرمانت پێ دەکەم هەرگیز لە فەرمانەکانی خودای گەورە دەرنەچیتو سنوورشکێنی نەکەیت، توندوتۆڵ بە لەبەرامبەر سەرپێچی کردن بۆ نزیکترین کەس یان دوورترین کەس. دەربارەی هیچ تاوانبارێك سۆز مەنوێنە هەتا بە ئەندازەی تاوانەکەی میرازی دەگریت، با خەڵکی لات یەکسان بن، باکت نەبێت حەق دەکەوێتە سەرکێ، بۆ ڕەزای خودای گەورە سەرزەنشتی خەڵکی فەرامۆش کە، دەخیلت بم خۆشەویستیو چاوبرسییەتی ئەو داراییەی کە خودای گەورە پێت دەبەخشێت وات لێ نەکات بەشو مافی ئیمانداران لێ نەدەیتو ئەغز لە خەڵکی بکەیتو ستەمکاربیت لەگەڵیاندا، نەفسی خۆت ڕابگرە بە ئەندازەی ئەو فراوانییەی کە خودا پێی بەخشیویت، بەڕاستی دەچیتە هەوارگەیەك، هەوارگەی دونیاو قیامەتە. ئەگەر ڕۆبچیت بەدونیادا بەبێ گەردیو دادپەروەری بە ئەندازەی ئەو گوشادیەی خودا بۆتی فەراهەم دێنێ ئەوە وابزانە بەناو ئیمانو ڕەزامەندی خودادا ڕۆشتوویت، خۆ ئەگەر ئارەزووبازی زاڵ بێت بەسەرتدا ئەو بەناو خەشمو غەزەبی خودادا ڕۆچوویت. وەسیەتت پێ دەکەم بوار نەدەیت بە خۆتو کەسی تریش زوڵم لە ئەهلی زیممە بکەن، من وەسیەتت بۆ دەکەمو ئامۆژگاری تایبەتت دەکەم تۆش بەم قسانە ڕەزامەندی خودای گەورەو ڕووسووری ڕۆژی قیامەت بەدەست بێنە، من ئەو ئامۆژگاریو ڕێنماییانەت بۆ هەڵدەبژێرم کە خۆمو کوڕەکەم لەسەری دەڕۆینو کەڵکمان لێ وەرگرتووە، ئەگەر ئیش بکەی بە ئامۆژگارییەکانمو وازبێنیت لەو کارانەی قەدەغەت لێدەکەم، ئەوە چاك بزانە دەستت گرتووە بە داهاتێکی فراوانو پشکێکی تێرو تەسەلەوە، خۆ ئەگەر پیادەی نەکەیتو پشتگوێی بخەیتو دوور نەکەویتەوە لەو کارە ناهەموارانەی کە خودای گەورە پێی ڕازی نییە، ئەوە پەرتەوازەو لەکەدار دەبیتو بەرپەرچی بۆچوونو فەرمانەکانت دەدرێتەوە، چونکە هەر هەموو خەڵکی لە ئارەزوو هەوەسدا بەشیان هەیەو شەریکن، باش بزانە کاپۆڵی تاوان ئیبلیسەو سەبەبکاری هەموو تیاچونێکە، ئیبلیس میللەتانی پێش تۆی سەر لێ شێواندهەتا بردینیە ناو ئاگرو خراپترین شوێن، قێزەونترین سامانی کەسێك ئەوەیە دوژمنی خودای خۆش بوێتو پێشەوای گوناهباری بێتو سواری بۆتەقەی حەق بێتو قەلاچۆکردنو مەرگەساتی لەلا ئاسان بێت. هەمیشە وتاربێژی دەرونت بە، سوێندت دەدەم بە خودا، بەزەییت بێتەوە بە کۆمەڵی موسڵماناننداو ڕێزی گەورەیان بگرەو سۆزت هەبێ بۆ بچوکیانو نتم بە بۆ زانایانیان، لە موسڵمانان مەدە با زەلیل نەبنو نارەحەتیان مەکە با تورە نەبن، بەشوباری خۆیان لێ حەرام مەکە با هەژار نەکەون، بە تۆپزی مەیان نێرە بەملاولادا با دوا بڕاو نەبن، مەهێڵە دارایی ببێتە گۆی دەست دەوڵەمەندەکان،

دەرگایان بەڕوودا دامەخە، نەوەك بەهێزەكان لاوازەكان بخۆن. ئەمە وەسێتی منە بۆ تۆ، خودا دەكەم بە شایەت بەسەرتەوەو ڕێزو سلاوم هەیە بۆت"[1].

ئەم وەسیەتە بە شێوەیەكی ئاسانو ڕەوان بەڵگەیە لەسەر دووربینی ئیمامی عومەر لە بارەی حوكمڕانیو بەڕێوەبردنەوە، چونكە باسی ڕێبازو ڕژێمی حوكمكردنو بەڕێوەبوردنی تۆكمە دەكات. لەناوەڕۆكی ئەم وەسێتەدا كۆمەڵێك بنەمای فرە بایەخداری تێدایە حەق وایە بكرێتە گەلاڵەیەكی نەخت، لەبەر خاتری ئەو هەمووە ڕێساو پرۆگرامو بنچینە بەنرخانەی كە تێیدایەو حوكمەتێكی تۆكمەی لێ دروست دەكرێت لە ڕووی ئایینیو سەربازیو ئابووریو كۆمەلایەتییەوە، لە پێشەكی وەسیەتەكەدا ئەمانە هاتووە:

1ـ پێداگری كردن بۆ تەقواو ترسان لە خودای گەورە.

أ ـ وەسیەتی دەكرد بۆ زیاتر تەقواو ترسان لە خودای گەورە لە ئاشكراو پەنهاندا چ بە گوفتار یان بە كردار بێت، چونكە هەر كەسێك تەقوای هەبێت خودای گەورەش دەیپارێزێت، هەركەسێك ترسو بیمی خودای لەدڵدا بێت خودای گەورەش سایەناتی دەكاتو پەرژینی بە چواردەوردا دەكات (وەسێتت پێ دەكەم، بترسە لەخودای تاكو تەنیاو بێ شەریك)، (وەسێتت پێ دەكەم لەخودای گەورە بترسەو كۆسپەی لێ بكە.. وەسێت بێت تەقییە لەخودای گەورە بكە).

ب ـ تۆڵەی خودایی بسێنە لە خزمو بێگانە "گوێ مەدەو باكت نەبێ حەق دەكەوێتە سەركێ"، "لەمافەكانی خودای گەورەدا لۆمەی لۆمەكاران فەرامۆش بكە"، چونكە سنوورەكانی خودای گەورە بەڵگەی شەرعی لەسەرە، كە كرۆكی دینە. دەبێت شەرع پێوەربێت بۆ خەڵك دەربارەی گوفتارو كرداریان، بێ ئاگایی لە شەرع، لەبەریەك هەڵوەشانی دینو كۆمەڵگەی لێ دەكەوێتەوە.

ج ـ دەبێ مرۆڤ دامەزراو بێت "چۆن فەرمانت پێ كراوە بەو شێوەیە دەق بگرە"، جا دەق گرتن زەرورەتێكی دینیو دونیاییەو پێویستە بەرپرسو فەرمان ڕەواكان یەكەمجار خۆیانی پێ برازێننەوە، پاشان گەلەكەی خۆیانی پێ بڕۆچێنن، وەك دەفەرموێت " بەردەوام ئامۆژگاریی دەرونی خۆت بكە "، یان دەڵێت "ڕەزامەندی خوداو ڕۆژی دوایی بەدەست بێنە".

2ـ لە گۆشەی سیاسەتو چەمكەكەیەوە

أ ـ خوگرتنو پەیوەست بوون بە دادپەروەرییەوە، چونكە بنەمای حوكمڕانییە. ئەگەر دادگەری لەناو گەلدا پیادە بكرێت، چاوگەی دەسەڵاتو حوكم بەهێزو بەسام دەبێت، دادگای سیاسیو كۆمەلایەتی بۆ دەستەبەر دەبێتو دەوڵەت سامو شكۆی زیاتر دەبێتو ڕێزی كاربەدەستەكان لە ناخی خەڵكیدا پتر دەبێت وەك دەفەرموێت "وەسێت بێت دادپەروەر بە" یان "بە چاوێكی یەكسان سەیری خەڵك بكە".

ب ـ بایەخ بە موسڵمانە یەكەمینەكانی كۆچەیو ئەنسار بدە، چونكە ئەوان پێشینانی ئیسلامنو عەقیدەو دەسەڵاتی سیاسیی لەسەر شانی ئەوان ڕاستكرایەوەو داكوترا، هەر ئەوانە هەلگرو قەڵغانی ئیسلام بوون، وەك دەفەرموێت "وەسێت بێت بۆ كۆچەرییە یەكەمەكان چاك بەو پێشینەییان لەبەرچاو بگرە، وەسێت بێت بۆ ئەنسارەكان چاك بەو كردەوەی چاكیان قبول بكەو چاو لە كەموكوڕییان بپۆشە".

3ـ لە گۆشەی سەربازیو ناوەڕۆكەكەیەوە.

أ ـ گرنگی بدە بە سوپاو ئامادەسازییان، بە شێوەیەكی گونجاو، بە مەرجێك گەورەترین بەرپرسیارییەتی بخەیتە ئەستۆی خۆت، بۆ دەستەبەركردنی ئاسایشی ولات سەلامەتییەكانی، گرنگی بدە بە بنەبڕكردنی ئاتاجی سەربازە موجاهیدەكان، وەك دەفەرموێت "یەكلابەرەو بۆ ئاتاجو تەنگی موجاهیدەكان".

ب ـ گیرنەدانی جەنگاوەران بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ، نەوەك دابڕێن لە خاوخێزانیانو وێڵ ببن لێیان، چونكە سەرەنجامەكەی دەبێتە هۆی شەكەتیو ڕاڕاییو هەرەسی مەعنەوییان، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە مۆڵەتی دیاری كراویان

[1] الطبقات لابن سعد (339/9) البیان، والتبین للجاحظ (46/2)، الكامل في التأریخ (210/2)، الخلیفة الفاروق عمر بن خطاب للعاني، ص (171، 172).

بدرێتێ لە کاتێکی دیاریکراودا،لەڕوویەکەوە بۆ ئەوەی پشوویەکی تیا بدەنو چالاکی خۆیان تازە بکەنەوە، لەڕوویەکی تریشەوە بگەڕێنەوە ناو خێزانو منداڵی خۆیان بۆ ئەوەی نەوەیان نەبڕێتەوە وەك دەفەرموێت "لە تەنگیو نارەحەتیدا قەتیسیان مەکە با دوابڕاوو زنجیرە پچڕاو نەبن"، "وەسێت بێت بۆ ئەهلی شارەکان چاك بە ئەوانە قەڵغانی ئیسلامن".

ج ـ پێدانی موچەو بەخشیش بە جەنگاوەرو سەربازەکان بە گوێرەی پلەو پایەیان، ئەمەش داڵدەو سەچاوەی بژێوی چەسپاویان بۆ دیاری دەکاتو ڕێگەیان بۆ خۆش دەکات زیاتر تێکۆشان بکەنو بیرو هۆشیان گرفتاری پارەو سەرمایە کۆکردنەوە نەبێت، هەروەها لەکەمدەرامەتیو نەداریش دەرباز ببن. وەك دەفەرموێت "نارەحەتیان مەکەو موچەی مانگانەیان پێ بدە با زویر نەبنو لەکاتی خۆیدا هەرگیز بەخششیان لێ مەبڕە با هەژارو قەرزار نەکەون".

4ـ لە گۆشەی ئابووریو دارایی و ڕەهەندەکانیانە.

أ ـ گرنگیدان بە کەلوپەل بە خشینەوە لە نێو خەلکدا، بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو پێوانەیەکی ڕاسالانە. زۆر وریابە لەوەی شمەكو کەرەسەکان ببنە بەشو سەرمایەی چاوچنۆکەکانو چینەکانی تری لێ بێبەری ببێت وەك دەفەرموێت "سەرمایەو داهات مەکە بە گۆی دەستی دەوڵەمەندەکان".

ب ـ لە وزەی خۆیان زیاتر ئەركو زەحمەت مەخە سەر شانی ئەهلی زیمە، بە تایبەتی ئەگەر رسوماتی باجو سەرانەیان تەسلیم کرد وەك دەفەرموێت "پتر لە تواناى خۆیان ئەرك مەخەرە سەر شانیان ئەگەر سەرانەی خۆیاندا".

ج ـ مافی بژێوی بۆ گشت لایەك تەرخان بکرێتو زیادە ڕۆیی تێدا نەکرێتو نەپشێو نە نەرژێو دەست هەڵ بگیرێت لەو کارانەی لە توانا بەدەرن وەك دەفەرموێت "هیچ کارێك مەدە بەسەریاندا بە ئەندازەی تواناو خۆشی خۆیان نەبێت"، یان "لە قەراغی ماڵو داراییان وەربگرەو بیدە بە هەژارەکانیان"[1].

5ـ لە گۆشەی کۆمەڵایەتیو مەبەستەکانییەوە.

أ ـ گرنگیدان بە گەلو سۆراغکردنی کاروبارىانو پڕکردنەوەی ئاتاجیانو موچەو ماف پێدانیان لەبەخشینەکان، وەك دەفەرموێت "بەخشینو موچەکانیان لێ مەگرەوە لەکاتو جێگای خۆیدا".

ب ـ خۆپاراستن لە ئاوێتەبوونو خۆش ویستنی دونیاو شوێنکەوتنی ئارەزووبازی، چونکە چەندەها قەیرانو کێشەی تێدایە فەرمانڕەواو شوانەکانە بەرەو هەڵدێرو کاولکاری دەباتو سەردەکێشێت بۆ گەندەڵی کۆمەڵگاو بێ متمانەییو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەشوێنێت، وەك دەفەرموێت "دەخیلت بم نەبیتە کۆیلەو دۆستی ئەو داراییەی کە خودای گەورە دەیخاتە بەردەستت"، "ڕیزی دەوڵەمەندەکان نەدەی بەسەر هەژارەکاندا".

ج ـ ڕێزی میللەت بگرەو نتم بە بەرامبەریانو خاکەساربە بۆ گەورەو بچوکیان، چونکە ڕێزگرتن بەرزترین پەیوەندی کۆمەڵایەتییەو هەنگاو دەنێت بۆ ئاوێتەبوونو ئاوێزانی گەلو سەرکردەو لای یەکتر خۆشەویستیان دەکات. وەك دەفەرموێت "سوێندت دەدەم بە خودا، بەزەییت بێتەوە بە کۆمەڵی موسڵماناداو مەزنی بدە بە پیرەکانو میهرەبانی بدە بە منداڵەکانو نتم بە بۆ زاناکان".

د ـ دەبێت بەڕوی گەلو میللەتدا سنگت کراوەبێت ئەمەش بەگوێ گرتن لە سکالاکانیانو تۆڵەسەندن لەهەندێکیان بۆ هەندێکی تریان دەبێت، گەر وا نەکرێت پەیوەندی نێوان گەلو سەرۆك دەشێوێتو ڕێکخستنی کۆمەڵگاش وێران دەبێت، وەك دەفەرموێت "دەرگایان لێ دامەخە نەوەك بەهێزەکان لاوازەکان بخۆن".

هـ ـ بەدوای حەقدا ڕۆشتنو سووربوون لەسەر پیادەکردنی لەناو کۆمەڵگادا لە گشت بارودۆخێکدا، چونکە پێداویستییەکی کۆمەڵایەتییەو هەر دەبێ بەرپا بکرێت، وەك دەفەرموێت "دەست بگرە بەحەقو ڕاستییەوەو خۆت لادە

[1] الخليفة الفاروق عمر بن خطاب للعاني، (174، 175).

لەگێژاو". "بەچاوێکی یەکسان تەماشای خەڵکی بکەو مەپرسە حەق دەکەوێتە سەرکێ".، واتە: تۆڵە بسێنە لەوەی تۆڵە دەکەوێتە سەری.

و ـ دوورکەوتنەوە لە ستەم بەهەموو شێوەو کلۆجییەك بە تایبەت لەگەڵ ئەهلی زیمەدا، چونکە دادپەروەری خواستراوە دەبێ پیادە بکرێت لە نێوەندی گشت میللەتە جیاوازەکانی وڵاتی ئیسلامدا بۆ ئەوەی هەموان لەسایەی ئیسلامدا بحەسێنەوە، وەك دەفەرموێت "وەسێت بێت دەرفەت نەدەی نە بە خۆت و نە بەکەسی تریش زوڵم لە ئەهلی زیمە بکرێت"، واتە: گاورو جولەکە.

ز ـ بایەخدان بە خەڵکی دەشتەکی و گرنگی پێدانیان، "وەسیەت بێت بۆ خەڵکی دەشتەکی چاکبە ئەوان عەرەبی ڕەسەنن و کەرەسەی خاوی ئیسلامن"[1].

ح ـ لە ناوەرۆکی وەسیەتەکەی ئیمامی عورمەدا هاتووە کە وەعدی نەداوە هیچ کرێکارێکی بیانی لە یەك ساڵ زیاتر لە ناو مەدینەدا بمێنێتەوە، بەڵام بۆ کرێکارەکەی ئەبو موسای ئەشعەری وەعدی پێدا چوار ساڵ بمێنێتەوە لەکۆتاییدا بەدەستی ئەو کرێکارە کە (ئەبو لوئلوئی فەیروزی) بوو شەهید کرا[2].

سێیەم: دەستوری عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەڕێوەبردنی شورادا

1ـ لیژنەی ڕاوێژکردنی کۆکردەوە

تازە بەتازە خەڵك لە ناشتنی ئیمامی عومەر تەواو بووبوون، بە خێرایی دەستەی ڕاوێژکارو ئەندامانی باڵای هەڵبژاردەی وڵات لە ماڵی عائیشەی دایکی ئیمانداران کۆبوونەوە، دەشڵێن لە ماڵی فاتیمەی کچی قەیسی فەهریدا کۆبوونەوەکە گرێدراوە بۆ چارەسەرکردنی گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕوی ژیانی موسڵمانان بۆتەوە لەدوای کۆچی دوایی ئیمامی عومەر. ئەنجومەنەکە وتویژیان کردو ڕای خۆیان دەربڕی بە یارمەتی خودای گەورە گەشتنە دیڕێکی ڕێکو پێك کە خۆیان بە تایبەتی و موسڵمانان بە گشتی پێی ڕازی بوون[3].

2ـ کاتێك کەدەستەی ڕاوێژکاران کۆبوونەوە، عەبدولڕەحمان تەنازول (دەست لێ هەڵگرتن)ی خۆی ڕاگەیاندو پێی وتن فەرمانەکە بسپێرن بە سێ کەستان زوبێر وتی: من بەشی خۆم یان کاری خۆم دەبەخشم بە عەلی[4]، تەلحەش وتی: منیش دەنگی خۆم دەبەخشم بە عوسمان، سەعدیش وتی: منیش دەنگی خۆم دەدەم بە عەبدولڕەحمان، ئالێرەدا پاڵێوراوەکان بوون بە سیان کە بریتی بوون لەعەلی و عوسمان و عەبدولڕەحمان، عەبدولڕەحمانیش وتی: کامتان لە حوکمڕانی هەڵدێن و لێی بێزارن منیش ئەیدەم بە ئەوەتان، وەڵڵاهی خەمی ئیسلام و خودای گەورەی دەکەوێتە سەر، عەبدولڕەحمان، وا تێگەیشت کە ئەوان ئەم، بە لەپێشترو شیاوتر دەزانن بۆیە هەردووکیان بێدەنگ بوون. عەبدولڕەحمان وتی: ئەیدەن بە من وەڵڵاهی من لە ئێوە شیاوتر نیم[5].

3ـ عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کەوتە ڕاپرسی بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی دەستەی ڕاوێژکاریی.

عەبدولڕەحمان، دوابەداوی کۆبوونەوەی شەش پاڵێوراوەکە کە لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە دەستیان پێکردبوو، زۆر بە دەستوبرد کەوتە پەیوەندیکردن و ڕاوێژکردن و لەم هەنگاوەی بەردەوام بوو سێ ڕۆژی تەواو، هەتا بەرە بەیانی ڕۆژی چوارەمی مانگی چوارەمی موحەڕەم، کە دوا ڕۆژی ئەو مۆڵەتە بوو کە ئیمامی عومەر دیاری کردبوو. پاشان عەبدولڕەحمان بە عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەستی پێکردو پێی وت: ئەگەر پەیمان بێت تۆ هەڵنەبژێرین تۆ کێ هەڵدەبژێریت بۆ خەلافەت؟ عەلی وتی: عوسمانی کوڕی عەفان هەڵدەبژێرم، پاشان چو بۆلای عوسمان و پێی وت ئەگەر تۆ هەڵنەبژێرین و

[1] الخليفة الفاروق للعاني، (ص173).
[2] عصر الخلافة الراشدة (ص102).
[3] عثمان بن عفان صادق عرجون (ص62، 63).
[4] البخاري، كتاب فضائل أصحاب النبي، رقم (3700).
[5] المصدر السابق.

پەیمانت نەدەینێ تۆ کێ هەڵدەبژێری وتی: عەلی کوڕی ئەبی تالیب. دوای ئەمە چوو بۆلای یارەکانی ترو ڕاوێژی پێکردن، عەبدولڕەحمان، بە هەر باوەڕدارییەکی تر دەگەشت لە شاری مەدینەدا ڕای وەردەگرتو پرسی پێ دەکرد، هەروەها پرسی بە ئەمیری سەربازو لەشکرەکان کردو ئەو کەسانەش کە هاتوونەتە شاری مەدینە، ڕاوێژکردنی عەبدوارەحمان پەرەی سەندو تەنانەت ڕاوێژی کرد بەو ئافرەتانەی کە لە پەچەی خۆیاندابوونو ڕای وەرگرتنو ڕای منداڵو کۆیلەکانی مەدینەشی وەرگرت، سەرەنجام گەشتە ئەو ڕایەی کە زۆرینەی موسڵمانان ئاماژە بۆ ئیمامی عوسمان دەکەنو بڕێکیش هەبوون ئاماژەیان بۆ عەلی دەکرد. لەنیوەشەوی، شەوی چوارشەممە عەبدولڕەحمان، چو بۆ ماڵی میسوەری مەخرەمەی خوشکەزای و دای لە دەرگا، ئەوکاتە میسوەر خەوتبوو[1] ئەوەندە دەی کردە دەرگا هەتا خەبەری بوویەوە پێی وت ئەوە چییە ئەڵێی خەوتوویت؟ وەڵلاهی ئەمشەو خەو نەچۆتە چاوم، هەستە بڕۆ زوبێرو سەعدم بۆ بانگ بکە، ئەویش بانگی کردنو عەبدولڕەحمان وتوێژی لەگەڵدا کردنو ڕاوێژی پێکردن، پاشان وتی: بڕۆ عەلیم بۆ بانگ بکە، بانگم کردو گفتوگۆیان کرد هەتا شەو زرنگایەوە، پاشان عەلی گەڕایەوە، پاشان وتی: عوسمانم بۆ بانگ بکە، بانگم کردو گفتوگۆیان کرد هەتا بانگی بەیانی[2].

4ـ ڕێککەوتن لەسەر بەیعەتدان بە ئیمامی عوسمان

دوای نوێژی بەیانی کردیان بە ڕۆژی بەیعەتدان، کە دواهەمین ڕۆژی مۆڵەتەکەبوو، لە مانگی حاجیان 23/کۆچی/644 زاینی، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف لای مینبەبەرەکە مێزەرەکەی پێغەمبەری ﷺ پێچابوو بەسەریەوەو، پیاوانی دەستەی ڕاوێژکاری کۆکردەوەو سوهەیبی ڕۆمی نارد بۆ لای ئەو کۆچەریو ئەنساریانەی کە لەماڵەوبوونو ناردی بە شوێن سەرلەشکرەکاندا کە لەنێویاندا موعاوییە لە شامو عومەیری کوڕی سەعد لەحیمسو عەمری کوڕی عاس لە میسر، هەبوون. بەپێی ریوایەتی بوخاری ئەمانیش هاوڕابوون لەگەڵ نەخشەکەی عومەرو بەدەم بانگهێشتەکەوە هاتبوون بۆ مەدینە[3]. کاتێك کۆبوونەوە دەستی پێکرد، عەبدولڕەحمان، شایەتومانی هێناو دەستی کرد بە وتاردان، پاشان فەرمووی: ئەی عەلی من لە ڕاوبۆچوونی خەڵك تێڕاماومو سەرنجم داوە کە کەس بەهاوشانو هاوسەنگی عوسمان نازانن، تۆ دڵت گەرد نەگرێت. پاشان فەرمووی بە عوسمان: بەیعەتت دەدەمێ لەسەر سوننەتی خودای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺو هەردوو خەلیفەکەی دوای خۆی، بەم شێوەیە عەبدولڕەحمان، پەیمانی داو هەموو کۆچەریو ئەنسارەکانو ئەمیرەکانو سەرجەم موسڵمانان[4] بەدوایدا پەیمانیاندا بە ئیمامی عوسمان. لەریوایەتی خاوەنی (تمهيد البيان)دا هاتووە کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب یەکەم کەس بووە کە گفتو پەیمانی داوە بە ئیمامی عوسمان پاشان عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفو باقی هاوەڵان[5].

5ـ دانایی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف لە جێبەجێکردنی نەخشەی ڕاوێژکردنەکەدا.

عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، ژیرانەو میرانەو بەئاقاری بەرژەوەندیی گشتیدا نەخشەی ڕاوێژکردنەکەی جێبەجێکردو نەیبرد بە ئاقاری بەرژەوەندی تایبەتیو سوودی تاکەکەسیدا، دەستی لە هەلپەرستیو تەماعکاری بەرداو ڕازی بوو بە خۆلادان لە بەرزترین پلەوپایەی دنیایی کە مرۆڤەکان هەلپەی بۆ دەکەن، لەبەر ئەوەی هەڵوێستو دەنگی موسڵمانان کۆكو تەبابێت. یەکەمین ئیش لە ئیشەکانی ڕێکخراوی دەستەی ڕاوێژکاری بە هەڵبژاردنی کەسێك بۆ تەختی خەلافەت دەستی پێکردو کاروباری موسڵمانان کەوتە سەر سکەی دەستاودەست کردن. بەراستی عەبدولڕەحمان، ئەم ئیشەی بە نەرمیو ئارامو تەگبیری جوان سازاندو بریکارێك بوو کە سەرکەوتنی لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەیەکی مەزندا بەدەست هێنا.

[1] الخلفاء الراشدون للخالدی (ص106).
[2] البخاري كتاب الاحكام، رقم (7207).
3 شهيد الدار عثمان بن عفان، أحمد الخروف، (ص37).
[4] البخاري كتاب الاحكام، رقم (7207).
[5] التمهيد والبيان (ص26).

ئەو هەنگاوانەی عەبدولڕەحمان نای ئەمانەی خوارەوە بوو:

1ـ لەیەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریدا بەرنامەیەکی ئاسانی دارشت لەچوارچێوەی ئەو مۆڵەتەی ئیمامی عومەر دیاری کردبوو، بەم بەرنامەیەش توانی ڕای هەموو ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاری وەربگرێتو بیانخاتە بەر تیشکو لێکۆڵینەوەو راو بۆچوونی یەکە بەیەکەیانی زانیو ئەوانیش بەچاوڕۆشنی لەسەر پلانەکەی رۆشتن.

2ـ نەفسی خۆی کوشتو لەمافی خۆی بۆ خەلافەت تەنازولی کرد، لەپێناو ئەوەی هەرچی گومانە لەسەری بڕەوێتەوەو بەقایمی دەستی گرت بەگوریسی ئەستوری متمانەو دڵنیاییەوە.

3ـ هاتە سەر دواهەمین زانیارییەك کە لەلایەن هاوەڵانەوە پێی گەیشتبوو، واتە گەشتە ئەنجامی ڕاپرسییەکە. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ڕاوبۆچوونەکانی تاوتوێ دەکرد لەگەڵیان، هەتا لە کۆتاییدا سوکە هەڵبژاردنێکی پچرپچڕیی کرد. ئیمامی عوسمان لەسەر رای سەعدی ئەبی وەقاسو زوبەیری کوڕی عەوام هەڵبژاێردراو زۆرینەی ئەندامە دەنگدەرەکانی تریشیان لەگەڵ بوو، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کەسایەتی هەردوو پێشەوا عوسمانو عەلی بەلاوە گرنگ بوو. لەناو ئەو دەستەیەش، کە ئیمامی عومەر پاڵاوتنی، ئەم دوانە لە هاوەڵێەتی پێغەمبەرو لەکێشدا هاوسەنگی یەکتر بوون، ئەوەشیان تیا دەرکەوتبوو کە هیچ کامیان لاری لەوی تریان نییە، با پۆستەکەشی لەکیس بچوایە.

4ـ لەودیوی دەستەی ڕاوێژکارەوە عەبدولڕەحمان گەڕایەوە بۆ سەر رای کەسە ماقوڵو خاوەن بۆچوونەکان، پاشان پرسیاری لەعامەی خەڵكو کۆیلەکانیش کردووە، بۆی دەرکەوتووە زۆربەی زۆری خەڵك کەس بە هاوشانو هاوتای عوسمان نازانن، بۆیە پەیمانی پێداو خەڵکیش بە گشتیی پەیمانیان پێدا[1].

عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف بە عاقڵانەو دەستپاکیو دامەزراویو خۆ فەرامۆش کردنو خۆ تەراکردن لە هەڵپەی خەلافەتو دەست هەڵگرتن لە بەرزترین پلەو پایەی دنیایی توانی ئەو تەنگو چەڵەمەیە ڕابماڵێتو سەرپەرشتی کاروانی دەستەی ڕاوێژکاران بە لێهاتوویيو بوێریو ڕاستی بکات، عەبدولڕەحمان، شایانی گەورەترین ڕێزو پێزانینە[2]، ئیمامی زەهەبی دەڵێت "نایابترین کردەوەی عەبدولڕەحمان، ئەوەیە نەفسی خۆی گرتو خۆی بەرکەنار کرد لە کارەکە لەکاتی ڕاوێژکردنەکەداو ئومەتی سەرپشك کرد خۆیان ئەو کەسە هەڵبژێرن کە ئەهلی (حل‌و عەقد) ئاماژەی پێ دەکات، لەم بوارەدا خەڵکی ڕابوونو کردیانە دەنگدانێکی سەرتاسەری بۆ ئیمامی عوسمان، ئەگەر عەبدولڕەحمان مەرامی بە خەلافەت هەبوایە بۆ بەرژەوەندی خۆی خەریك دەبوو، یان بۆ ئامۆزاکەی کە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسە کە نزیکترین کەسبوو لێیەوە[3]، بەم شێوەیە کارێك لەکارەکانی دەستەی باڵای ڕاوێژکاری لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکاندا پیادەکرا، ئەوەبوو کە خەلیفە لەڕێگەی دەستەی باڵای ڕاوێژکارییەوە دیاری کراو کەسێك کرا بە فەرمانڕەوا لەدوای ڕاپرسی گشتیو پاشان پەیمانی گشتیی درا"[4].

---

[1] عثمان بن عفان، صادق عرجون (ص70، 71).
[2] مجلة البحوث الالامية العدد (10) ص(255).
[3] سير اعلام النبلاء شمس الدين الذهبي (86/1).
[4] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة (ص278).

چوارەم: پۆخڵەواتی ڕافزی چیرۆکی ڕاوێژکردنەکەی بۆگەن کردووە

لەمێژووی ئیسلامدا پۆخڵەواتی شیعەو درۆو دەلەسەی ڕافزی تەپیوەتە سەر یەك، یەکێك لەو پۆخڵەواتانە چیرۆکی ڕاوێژکردنەکەیەو بەخەلیفەکردنی ئیمامی عوسمانە بۆ خەلافەت. ڕۆژهەڵاتناسەکانیش ئەم کەلێنەیان قۆزتۆتەوەو پەرەیان پێداوەو زۆربەی مێژوونووسانو بیرمەندە تازەکانیش پێی کاریگەر بوون، بەبێ ئەوەی سۆراغی ڕیوایەتەکان بکەنو لەسەنەدو دەقەکان بکۆڵنەوە، لەنێو موسڵماناندا بڵاویان پێکردووە. مێژووناسە شیعەو ڕافزیەکان زۆر گرنگیان داوە بەباسو خواستی ڕاوێژکردنەکەو گرتنە دەستی پایەی خەلافەت لەلایەن ئیمامی عوسمانەوە. ئەوان ئەم بەسەرهاتەیان ئاخنیوە لەپۆخڵەواتو درۆی شاخدارو تەنانەت کۆمەڵێکیان لەمبارەیەوە پەرتوکیان نووسیوە. بۆ نمونە (ئەبو میخنەق) پەرتوکی شورای نووسیوە، هەروەها ئیبنو عوقدەو ئیبن بابویە[1] وە ئیبنو سەعد، نۆ ڕیوایەتی هێناوە لە ڕێگەی واقیدییەوە دەربارەی دەنگوباسی ڕاوێژکردنەکەو بەیعەتدان بە ئیمامی عوسمانو بەرواری دەست بەکاربوونی خەلافەتەکە[2] و ڕیوایەتی تری نقلّ کردووە لە ڕێگەی عوبەیدوڵڵای کوڕی موساوە، هەر لەشەهیدکردنی ئیمامی عومەرو تایبەتکردنی دەستەی ڕاوێژکاری لە شەش کەسدا، تا دەگاتە وەسێتکردنی بۆ عەلیو عوسمان، لەم ڕیوایەتانەدا هاتووە کە ئەگەر هەرکام لەعلیو عوسمان، کاروباری خەلافەتیان گرتە دەست چی بکەنو چی نەکەن؟ هەر لەم ڕیواتانەشدا وەسێت کراوە بۆ سوهەیبی ڕۆمی کە بەوکارە هەستێت کەپێی سپێردراوە[3].

هەروەها بەلازری، دەنگوباسی ڕاوێژکردنەکەی دەستەی ڕاوێژکارو بەیعەتدانی بە ئیمامی عوسمان لە ئەبی میخنەقەوە نقلّ کردووە[4]، هیشامی کەلبی، یەکێکی ترە لەوانەی کە ڕاوێژکردنەکەی لە ئەبی میخنەقەوە نقلّ کردووەو تەنها پشتی بە ئەم بەستووە[5] و لەواقیدی[6] و عەبدوڵڵای کوڕی موساشەوە[7] شتی نقلّ کردووە، تەبەریش لەم بەسەرهاتەدا پشتی بەستووە بە چەند ڕیوایەتێك، کە یەکێك لەو ڕیوایەتانە ڕیوایەتی ئەبی میخنەقە[8]، ئیبنو ئەبی حەدیدیش هەندێك ڕووداوی چیرۆکی ڕاوێژکردنەکەی گواستۆتەوە لەڕێگەی (ئەحمەدی عەبدول عەزیزی)یەوە[9] ئەویش لە نقلّەکەیدا ئاماژە بۆ کتێبی شورای واقیدی دەکات[10].

سەیردەکەین گێڕانەوەی شیعەکان چەندەها قسەو باسی نابەجێو هەڵێتو پەڵیتی تێدایەو ڕیوایەتەکان سەروبنیان نییەو بێ بەڵگە ماونەتەوە، بۆ نمونە یەکێك لەو قسەو باسە پڕوپوچانە ئەمەیە:

1ـ هاوەڵان بە خزم خزمێنە لەکەدار دەکەن لە کاروباری موسڵماناندا، ڕیوایەتەکانی شیعە هاوەڵان بەخزمچێتی لەکەدار دەکەن لەکاروباری موسڵمانانداو تۆمەتی ئەوە دروست دەکەن کە عەلی ڕازی نەبووە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کاری دیاریکردنو پاڵاوتنی خەلیفە ڕاپەڕێنێت. ئەبومیخنەقو هیشامی کەلبی ئەمیش لە باوکیەوە، ئەحمەدی جەوهەری ـ هێناویانە دەڵێن کاتێ ئیمامی عومەر، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفی کردە حەکەمو بڕیاردەر ئەگەر هەردوتای تەرازووەکە هاوسەنگ بوو، ئالێرەدا ئیمامی عەلی زانی خەلافەتی لەکیس چووەو بەری ئەم ناکەوێت، چونکە عەبدولڕەحمان لەبەر زاواو خەزووری نێوان خۆیو ئیمامی عوسمان، بێگومان عوسمان پێشدەخات[11]. ئیبن تەیمییە وەڵامی

[1] الذريعة الى تصانيف الشيعة (246/14).
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد (63/3).
[3] المصدر الصابق (340/3).
[4] اناب الاشراف البلاذري (18/5).
[5] المصدر الصابق.
[6] المصدر الصابق.
[7] المصدر الصابق.
[8] أثر التشيع على الروايات التأريخية، د. عبدالعزيز نور، ص (321)، وهو العمدة في هذه الفقر.
[9] شرح نهج البلاغة (49/9).
[10] المصدر الصابق (15/9).
[11] أثر التشيع على الروايات التأريخية، (ص322).

ئەم قسەیە دەداتەوە، خزمایەتی نێوان عوسمان و عەبدولڕەحمان بەدرۆ دەخاتەوەو دەڵێت: "عەبدولڕەحمان نە برای عوسمانەو نە ئامۆزایەتی، تەنانەت لە هۆزەکەیشی نییەو بە هیچ شێوەیەك کەسی یەکتر نین، بەڵکە عەبدولڕەحمان تیرەی زوهرییەو عوسمان تیرەی بەنی ئومەییە، تیرەی بەنی زوهرەش زیاتر هاوسێی بەنی هاشمن نەك بەنی ئومەیە، چونکە بەنی زوهرە خاڵۆانی پێغەمبەرن ﷺ و دەفەرمویێت بەسەعدی ئەبی وەقاص (ئەمە خاڵۆمە منداڵێش دەچێتەوە سەر خاڵۆانی)[1]، هەروەها پێغەمبەر ﷺ برایەتی نەخستە نێوان کۆچەرێك و کۆچەرییەکی تر یان ئەنسارێك و ئەنسارییەکی تر، بەڵکو برایەتی خستبووە نێوان کۆچەری و ئەنساری، عەبدولڕەحمانی عەوفی کۆچەری و سەعدی کوڕی ڕەبیعەی ئەنساری کردە برای یەکتری"[2]. ئەم وەڵامەی ئیبن و تەیمییە مەشهورەو سەلمێنراوە لە کتێبە نوسراوەکانداو هەموو ئەهلی زانستو ڕاستیپەروەر دەیزانن[3].

ڕیوایەتەکانی شیعە لەسەر خزمایەتی عەبدولڕەحمان و عوسمان هەڵبەستراوە، گوایە عەبدولڕەحمان زاواو خەزووری ڕاستی و حەقی لە بیر بردۆتەوە. بێگومان لەڕوویەکەوە سۆزو عاتیفەی پشتو باوکی ئەستورترە، تا سۆزی زاواو خەزووری. لە ڕوویەکی تریشەوە پەیوەندیی دنیایی و سروشتی لەنێوان نەوەی یەکەمی ئیمانداراندا، واتە (هاوەڵان) پەراوێزخرابوو هەرگیز وابەستەی خزمایەتی و پشتو باوانی نەبوون، بەڵکە پشتگوێیان خستووە، چیرۆکی زاواو خەزووریەکەشیان ئەوەبووە کە عەبدولڕەحمان ئومو کەلسومی کچی عەقەبەی ئەبی موعیتی خوشکی وەلیدی خواستووە[4].

2ـ دەنگۆی دروستبوونی حزبی ئەمەوی و حزبی هاشمی بڵاو دەکەنەوە.

ڕیوایەتی ئەبی میخنەق ئاماژە بۆ ڕوودانی کێشەو ئاژاوە دەکات لە نێوان بەنی هاشم و بەنی ئومەیەدا لە کاتی پەیمان و بەیعەتداندا بەعوسمان. ئەمەش زۆر نارێك و نادروستەو ڕاست نییە، چونکە لەمبارەیەوەهیچ ڕیوایەتێکی دروستو لاوازیش نەهاتووە[5]، تەنها ئەوە هەیە مێژووناسەکان تەشکیان گرتووە بە ڕیوایەتەکانی شیعەی ڕافزییەوە، دەستیان گرتووە بە کلکی پاڵاتنەکانی شیعەوەو لێکدانەوەی هەڵەیان لەسەر ڕیوایەتی شیعەکان هەڵچنیوە، واتە وەها بینش دەکەن، ڕاوێژی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە دیاریکردنی خەلیفەی تازەدا بە شێوەی گێرمەو کێشمەی عەشایەری بووەو خەڵك و هاوەڵان بونەتە دوو بەرەوەو دروستبوونی حیزبی ئومەوی و حزبی هاشمیی لێ کەوتووەتەوە. ئەمە بۆچونێکی ئەندێشەیی و تەلیسماوییەو ئەنجامێکی قەڵبەو هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، هەرگیز شتی وا لەو بارودۆخەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺی تیا ژیاوە سەری هەڵنەداوە لە کاتێکدا ئەوان واتە (کۆچەری و ئەنسارەکان) ڕووبەڕووی باوك و براو ئامۆزاو کوڕی عەشیرەتی خۆیان وەستاونەتەوە لەسەر دین، ناشگونجێ بیر لەبەرپابوونی ئاکاری وەها بکەین لەو بەڕێزانە، چونکە ئەوان هەموو شتێکی دنیاییان کردبووە قوربانی سەلامەتی دینەکەیان. قسەی ناحەزان، بەرامبەر ئەم هاوەڵە هەڵکەوتووانەی کە مژدەی بەهەشتیان پێدراوە، پشتڕاست نابێتەوە. ڕووداوو بەسەرهات زۆرە لەلایەن هاوەڵانەوە کە دەیسەلمێنێت هاوەڵان زۆر لەوە گەورەتربوون، کە خۆیان بخەنە سوچێکی تەنگەبەری ئاوەهاوە بۆ چارسەرکردنی کاروبارەکانیان، چونکە ئەم کێشەیە کێشەی نوێنەری بنەماڵەو عەشیرەت نەبووە، هەروەها ئەنجومەنی ڕاوێژکاری شایستەی ڕاوێژکردن بوون، لەئیسلامدا پایەدار بوون.

3ـ ئەو قسانەی دەدرێنە پاڵ ئیمامی عەلی درۆو بوهتانە

ئیبن و کەسیر دەڵێت "ئەو باسەی کە زۆربەی مێژوونووسان و کەسانیتر ئاماژەیان پێکردووە وەکو ئیبن و جەبرو غەیری ئەویش لە پێشینانی خۆیانەوە نەیان بیستووە، کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب وتبێتی بە عەبدولڕەحمانی کوڕ عەوف "فێڵت

---

[1] صحيح سنن الترمزي (220/3)، رقم (4018).
[2] البخاري كتاب المناقي الانصار، رقم (3780).
[3] منهاج السنة النبوية لابن تيمية (271/6).
[4] الطبقات الكبرى (127/3).
[5] الخلفاء الراشدون امين القضاة، (ص78، 79).

لێکردمو فریوت دام، عوسمانت کرده خەلیفه لەبەر دەستوپەیوەندی زاواو خەزووریو هەموو ڕۆژێ کەینو بەینتان دەبەست بۆ بەرژەوەندی خۆتان".

تەنانەت عوسمان ئەوەنده تەڵەکەی کرد به عەبدولڕحمانی کوڕی عەوف بۆ ئەوەی هەڵی بژێرێت بۆ خەلیفەیەتی، تا عەبدولڕەحمان وتی: "إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَى نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً". (الفتح: 10)، که ئەمه درۆیەکی شاخداره.

4ـ لەکەدارکردنی عەمری کوڕی عاسو موغەیرەی کوڕی شوعبه

ئەبو میخنەف له ڕیوایەتی ڕووداوی ڕاوێژکردنەکەدا باسی عەمری کوڕی عاسو موغەیرەی کوڕی شوعبه دەکات، گوایه ئەم دوانه لەبەردەمی دەرگای ڕاوێژکردنەکەدا دانیشتوونو سەعد چووه بەگژیاندا. ئەم کردەوەیه له خەڵکی ڕەشۆکیو عەوام ناوەشێتەوه چ جایه لەهاوەڵه بەڕێزەکان! باشه چۆن سەعد پێیان دەڵێت دەتانەوێت بڵێن ئێمەش گوێ دەگرینو ئەهلی ڕاوێژکردنین. خەڵك زانیبوویانو لایان ڕۆشن بوو کێ ئەهلی ڕاوێژه. ئەگەر کەسێك دیقەتی بدات روون دەبێتەوه که ڕیوایەتەکەی ئەبو میخنەف هەندێکی ڕەخنەو پلاره لەهەندەکەی تریو بەڕاشکاوی بۆی دەردەکەوێت که لەگەڵ بنەما دروستەکاندا پێچەوانەیه. شته دزێوەکانی ئەبی میخنەف له دیس دەرچووه، هەروەك (يحی اليحی) ئاماژەی به هەندێك نموونەو نەزیله کردووه ئەوانه بەسه بۆ ڕمانو هەڵوەشاندنەوەی ڕیوایەتەکانی ئەبو میخنەفو ناوەڕۆکەکانی[1].

ئەم خاڵانه ئاماژەیەکی سەرپێیی بوو که ڕژاوەته کولتووری مێژووی ئیسلامەوەو پرشو بڵاو بۆتەوه لەئەدەبیاتو کەلچەری ئیسلامداو کاریگەرییەکی دیاری کردووەته سەر پیاوانی هزرو خامەو مێژوو.

5ـ عوسمانی کوڕی عەفان شایستەی خەلیفەیەتی بوو.

هیچ ئیماندارێك گومانی له ڕەوایەتی خلافەتی عوسمانو دروستی ئەم خەلافەته نییەو کەس ناتوانێت تانەو تەشەری لێ بدات، جگه لەو کەسانەی که دڵیان تووشی دەخەز بووەو گەنیوە. لەئەنجامی ئەو کینەیەی که دڵی تەنیوه هەڵەشەیی دەکات بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەمەش له هیچ کەسێکەوه داناکەوێت لەشیعه ڕافزییەکانەوه نەبێت. که سەرمایەی ژیانی دونیایان بۆته جنێودان بەهاوەڵانو رق لێ بوونیان، گوێ نەدان بەو توانجو تەشەرانەی دەیگرنه هەرسێ جێ نشینەکە، چونکه به پووچو بەتاڵیان دەزانن‌و خەلافەتەکەیان بەسەقەتو ناتەواو دەزانن. چەندین بەڵگەی دروستو براوەو ئاساری دێرینو ئاماژەنما هاتووه له بارەی شایستەییو ڕەوایەتی خەلافەتی ئیمامی عوسمانەوه لەوانەش[2]:

1ـ ئایەتی (وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) (النور: 55). ئەم ئایەته به دیوێکدا بەڵگەیه لەسەر شایستەیی خەلافەتی ئیمامی عوسمان، چونکه ئەو لەو کەسانەیه که خودای گەوره کردوویەتی به جێنشین له زەویداو جێگه پێی بتەوکردووه لەڕۆژانی خەلافەتیدا. عوسمان، ژیانێکی باشی بەسەر بردووه، لەناو خەڵکیدا به شێوەیەکی دادپەروەرانه حوکمی کردووەو نوێژەکانی بەچاکی ئەنجام داوەو زەکاتی ماڵی خۆی دەرکردووەو فەرمانی کردووه به چاکەو ڕێگریی کردووه له خراپه. ئەم ئایەتەش خۆی له خۆیدا ئاماژەیه بۆ دروستیو شایستەیی خەلافەتی ئیمامی عوسمان[3].

2ـ (قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ الْأَعْرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَى قَوْمٍ أُوْلِي بَأْسٍ شَدِيدٍ تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ فَإِن تُطِيعُوا يُؤْتِكُمُ اللَّهُ أَجْراً حَسَناً وَإِن تَتَوَلَّوْا كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَاباً أَلِيماً) (الفتح: 16). ئەم ئایەتەش به ڕوویەکدا بەڵگەیه لەسەر شیاوی خەلافەتی ئیمامی عوسمان، چونکه ناوبراو بانگخوازی ئەعرابەکان بوو، که له دوای پێغەمبەر ﷺ دەعوەی

[1] مرويان أبي مخنف (179).
[2] عقيدة أهل السنة في الصحابة ص(656/2).
[3] عقيدة أهل السنة في الصحابة ص(656/2).

خەڵكیان دەكرد وەكو ئەبوبەكری سدیق و ئیمامی عومەرو ئیمامی عوسمان، ئەبوبەكر بانگی كردن بۆ جیهادی فارس و ڕۆم و تورك، كەواتە ئەگەر گوێڕایەڵی ئەم سیانە بە گوێرەی دەقی قورئان واجب بێت، ئەوا خەلافەتیشیان ساغ و سەلامەتەو خەڵكیش لێیان ڕازیە[1].

3ـ ئەبی موسا دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ جارێكیان چووە ناو باخێك و فەرمانی كرد بە من دەرگاوانی باخەكە بم، پیاوێك هات و داوای مۆڵەتی كرد و فەرمووی: ڕێگەی بدەو مژدەی بەهەشتی بدەرێ. سەیرەكەم عومەرە، پاشان یەكێكی تر هات و داوای مۆڵەتی كردو فەرموی: ڕێگەی بدەو مژدەی بەهەشتی بدرەێ لەسەر بەڵایەك كە تووشی دەبێت، سەیرەكەم عوسمانە[2]. ئەم فەرمودەیە ئاماژەی ئەوەی تێدایە كە هەرسێ خەلافەتەكە تەرتیب كراوەو ڕێكخراوەو هەواڵی ئەو بەڵایەش كە تووشی ئیمامی عوسمان دێت، بەواقیعی هاتە ڕێگای، ئەوەبوو لەخانووەكەی خۆی گەمارۆدرا هەتا ئەوكاتەی بەستەملێكراوی شەهیدیان كرد[3].

ئەم فەرموودەیە نیشانەیەكە لەنیشانەكانی پێغەمبەرایەتی و ئاماژەیەكیشە بۆ شەهیدبوونی عوسمان و لێ ڕازی بوونی لەلایەن پێغەمبەرەوە. ئەبوداود بەسەنەدێكی تەواو لەجابری كوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتی كردووە، كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "پیاوێكی چاك ئەم شەو خەوێكی بینیوە، ئەبوبەكر بەپێغەمبەر ﷺ كێشراوە، عومەریش بە ئەبوبەكر كێشراوە، عوسمانیش بە عومەر كێشراوە". جابر دەڵێت: "كاتێك هەستاین لەلای پێغەمبەر ﷺ وتمان ئەو پیاوە چاكە پێغەمبەر ﷺ خۆیەتی و ئەو سیانەش كە هەندێكیان بە هەندێكیان كێشراون ئەوانە دەبنە سەركارو سەرپەرشتیاری ئەم ئاینەی كە خودا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر ﷺ[4].

5ـ ئەبو عەبدوڵڵای حاكم، بە سەنەدی ئەبی هورەیرە ڕیوایەتی كردووە ئەبی هورەیرە دەڵێت "بیستومە لەپێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی بەمزوانە ئاژاوەو دووبەرەكی دائەكەوێت، دەڵێت ئێمەش وتمان ئەی پێغەمبەر ﷺ چارمان چییە؟ فەرمووی: بدەنە پاڵ ئەمیرو هاوەڵەكانی، ئاماژەی كرد بۆ عوسمان"[5]. ئەم فەرموودەیە موعجیزەیەكی ئاشكرای پێغەمبەرە ﷺ، كە پێغەمبەرایەتییەكەی دەسەلمێنێت، كتومت ئەو هەواڵانەی ئاماژەی پێكردبوو لەسەردەمی خەلافەتی ئیمامی عوسماندا بەرپا بوو، ئاژاوەكان بەدیهاتن، لەهەمان كاتدا ئەم فەرموودەیە نیشانێكی تێدایە بۆ ڕەوایەتی و دروستی خەلافەتی ئیمامی عوسمان، چونكە پێغەمبەر ﷺ خەڵكی ڕێنومایی كردبوو كە پەیوەست بن بە عوسمانەوە، هەواڵی ئەوەشی دابوو لە كاتی هەڵقوڵینی ئاژاوەو ناكۆكییەكاندا لەگەڵ ئەمیری ئیمانداران و پێشەواكەیان بن، فەرمانی كرد بەعوسمان ئاوڕ نەداتەوە بەملاولاداو هەموولایەك پەیوەندی پێوە بكەن، چونكە لەسەر حەقەو ئەوانەی كە دەرچوون لە ژێر فەرمانی و گەلەكۆمەیان لێكرد لەسەر بەتاڵ بوون و زیاتر خەڵكی هیچ و پوچ و هەوەسبازبوون. بە ڕاستی پێغەمبەر ﷺ شایەتی دابوو كە عوسمان هەمیشەو بەردەوام لەسەر حەق و هیدایەتەو لێی جودا نابێتەوە[6].

6ـ ئەبو عیسای تورمزی لە ڕێگەی عائیشەوە ڕیوایەتی كردووە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی "ئەی عوسمان زۆر نزیكە و پێ دەچێت خودای گەورە كراسێك بكاتە بەرت ئەگەر ویستیان لەبەرت دایكەنن، نەكەی دایكەنیت"[7]. ئا لەم فەرموودەدا ئاماژە كراوە بۆ خەلافەتی ئیمامی عوسمان بە خواستنی وشەی كراس واتە كراس خوازەیە، هەروەها وشەی

---

[1] الفصل في الملل والاهواء والنحل (109/4 - 110).
[2] البخاري رقم (3695).
[3] عقيدة أهل السنة في الصحابة ص(657/2).
[4] سنن أبي داود (513/2).
[5] المستدك (99/3).
[6] عقيدة أهل السنةوالجماعة في الصحابة (660/2).
[7] فضائل الصحابة (613/1).

لەبەرکردن، واتە هەڵبژاردنو پالاوتن، واتە خودای گەورە دەتکاتە جێنشین، ئەگەر خەڵکی ویستیان لاتبەرنو دات ڕنن لەخەلافەت، تۆ خۆتی لێ دامەڕنەو کۆڵی لێ مەدە بۆ خاتری ئەوان، چونکە تۆ لەسەر حەقیو ئەوان لەسەر ناحەقن[1].

7ـ تورموزی بە سەنەدی ئەبی سەهلە ریوایەتی کردووە، ئەبی سەهلە دەڵێت "عوسمان لە ڕۆژی گەمارۆدانی ماڵەکەی پێی وتم: پێغەمبەر ﷺ پەیمانێکی لێوەرگرتم، من خۆم دەگرم لەسەر ئەو پەیمانەو نایشکێنم[2]. ئەم قسەیە کە دەڵێت پەیمانی لێوەرگرتم یەعنی (وەسیەتی پێ کردم کراسەکەم دانەکەنم)، هەروەك پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووە "ئەگەر ویستیان کراسەکەت لەبەر داکەنن داینەکەنی". بۆیە ئیمامی عوسمان دەڵێت: ئارامی لەسەر دەگرمو پەیمانەکە ناشکێنم[3].

8ـ ئەبو عەبدوڵڵای حاکم بە سەنەدی ئەبی سەهلە ڕیوایەتی کردووە لەعەبدوڵڵای عوسمانەوە ئەویش لە عائیشەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی "یەکێکم بۆ بانگ بکەن". یان فەرموویەتی "ئەوە یەکێك لەهاوەڵەکانم دیار نییە؟ عائیشە دەڵێ: وتم ئەبوبەکرت دەوێت، فەرمووی نەخێر. وتم: عومەرت دەوێ؟ فەرمووی نەخێر. وتم عەلی ئامۆزات دەوێ؟ فەرمووی: نەخێر. وتم: کەوابو عوسمانت دەوێ؟ فەرمووی بەڵێ. پاشان عوسمان هاتو پێغەمبەر ﷺ چرپاندی بە گوێی عوسماندا و عوسمان ڕەنگی گۆڕا، دەڵێت ڕۆژی گەمارۆدانی ماڵەکەی پێیمان وت شەڕ بکەین لەگەڵیان؟ وتی: نەخێر شەڕ مەکەن، پێغەمبەر ﷺ پەیمانێکی لێ وەرگرتووم، ئارام دەگرم لەسەریو ئەو پەیمانە ناشکێنم[4].

ئەم فەرموودەیەو ئەوەی پێشووش دوو بەڵگەی ئاشکران لەسەر خەلافەتی ئیمامی عوسمانو هەر کەسێك نکولی لەخەلافەتەکەی بکاتو بە ئەهلی بەهەشتو بە شەهیدی نەزانێت، بەزمان یان بە جووڵە بێ ئەدەبی بکاتبەرانبەری، ئەوە لە بازنەی ئیمانو ئیسلام دەرچووە[5].

9ـ بەڵگەیەکی تر هاتووە لەسەر شایستەیی ئیمامەتو خەلافەتی عوسمان. ئیمامی بوخاری بەسەنەدی ئیبنو عومەر ڕیوایەتی کردووە دەڵێت "ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ هیچ کەسێکمان بە هاوشانی ئەبوبەکر نەدەزانی، پاشان عومەر پاشان عوسمان، ئیتر وازمان هێنابوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کەسیمان نەئەدا بەسەر کەسی تریاندا، واتە هەموویمان بە هاوشانی یەکتری دەزانی[6]، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە کە خودای گەورە بە سروشو خورپە تێیگەیاندبوونو ناخی ڕێکخستبوون کە چ بارودۆخێك دەسازێنێ بۆ سەرۆکایەتی خەلافەت لەپاش پێغەمبەرەکەی ﷺ[7].

ئیبن تەیمییە دەفەرموێت "هەواڵو دەنگوباسی ئەوە هاتووە کە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ هاوەڵان ڕێکو کۆك بوون لەسەر فەزڵی ئەبوبەکر، پاشان لەسەر فەزڵی عومەر، پاشان لەسەر فەزڵی عوسمان. هەروەها ڕیوایەتیش کراوە ئەمهەواڵە گەشتووە بە پێغەمبەر ﷺ نارەحەت نەبووەو نکولی لێ نەکردووە، کەواتە دەردەکەوێت ئەم فەزڵو ڕێزە بە حەق چەسپاوە، یاخود بە ڕای کۆچەریو ئەنسارەکان چەسپاوە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ و هیچ کەسێك پێچەوانەی ئەو پەیمانو بەڵێنەی کە دراوە بە عوسمان نەجولاوەتەوە. هەروەها هەموویان لەدوای کۆچی ئیمامی عومەر، پەیمانیاندا بەئیمامی عوسمان بەبێ فریودانو ترساندن. هیچ کەسو لایەك دژایەتی ئەم سەرۆکایەتییەی نەکردووەو بەرهەڵستیی نەبووە[8]. دەقی ئەم بەندانەی کە باسمان کرد لەمەوبەر هەموویان بەڵگەی بەهێزنو ئاماژەن بۆ لایقیو دروستی ئیمامی عوسمانو

---

[1] الدين الخالص، محمد صديق حسن القنوجي البخاري (446/3).
[2] فضائل الصحابة (605/1)، الترمذي (295/5).
[3] تحفة الاحوذي، محمد عبدالرحمن المباركفوري، (ص209/10).
[4] فضائل الصحابة (605/1)، المستدرك (99/3).
[5] الدين الخالص (446/3).
[6] البخاري كتاب فضائل اصحاب النبي رقم (3698).
[7] عقيدة أهل السنة (662/2).
[8] منهاج السنة النبوية لابن تمية (165/3).

خەلافەتەکەی و هیچ دوو دڵییەکی تێدا نییەو لای ئەوانەی کە دەستیان بە قورئان و سوننەتەوە گرتووە هیچ گیروگرفتێکیان نییە. هەر ئەمانەش بەختەوەرترین کەسن، چونکە کار بە قورئان و سوننەت دەکەن و هەر ئەوانەش ئەهلی سوننەت و جەماعەتن. واجبیشە لەسەر هەموو موسڵمانێك بیروبڕوای وەهابێت کە ئیمامی عوسمان شایستەو ڕەوای خەلافەت بووەو بە تەواوەتی تەسلیمی ئەو بەڵگانە بێت کە لەم بارەیەوە هاتووە[1].

شەشەم: گرێدانی کۆڕا (الأجماع) لەسەر حەلافەتی عوسمان

هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و ئەوانەش کە دوای ئەوان هاتوون و ڕێچکەی ئەوانیان گرتووەتە بەر، لەئەهلی سوننەت و جەماعەت یەکدەنگن و کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئیمامی عوسمان، شیاوترین کەسبووە بۆ جێنشینایەتی پێغەمبەر ﷺ لە دوای ئیمامی عومەر. لەم بوارەشدا هیچ کەس نەیارو دژ نەبووە، بەڵکو هەر هەموویان ملکەچ و ڕازی بوون، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەها ئیمامی عوسمان بەرێزترین دروستکراوی خودایە لە دوای هەردوو شێخەکە (ئەبوبەکرو عومەر). دەستەیەك لە ئەهلی زانست و فەرمودە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە لەدوای ئیمامی عومەر، ئیمامی عوسمان شایەنی خەلافەتە. جگە لەمانەش هەندێك لەو ڕاو بۆچوونە نەقڵ کراوانە ئەمانەن[2]:

1ـ ئیبن و ئەبی شەیبە بە سەندی حارسی کوڕی موحریب، ڕیوایەتی کردووەو دەڵێت: "لەسەر دەمی ئیمامی عومەردا حەجم کردووە، هیچ لایەك گومانی لەوەدا نەبووە کە خەلافەت دوای ئیمامی عومەر ئیمامی عوسمانە"[3].

2ـ ئەبو نەعیمی ئەسفەهانی بە سەنەدی حوزەیفە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: "من وەستابووم لەگەڵ ئیمامی عومەردا ئەژنۆم لکابوو بە ئەژنۆیەوە، فەرمووی: قەومەکەت کێ بە خەلیفەی خۆیان دەزانن لە دوای من، منیش وتم: بە ڕاستی خەڵکی کاروباری خۆیان دەخەنە ژێر دەستی عوسمانی کوڕی عەفان"[4].

3ـ حافزی زەهەبی لە شەریکی کوڕی عەبدوڵلای قازییەوە نقڵی کردووەو دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردو موسڵمانان ئەبوبەکریان کردە خەلیفە، خۆ ئەگەر زانیبێتیان یەکێکی تر هەیە لەو بەرێزتر مەعنای وایە غەشیان کردووە، پاشان عومەریان کردە جێگرەوەی ئەو، عومەریش هەرچی پێ کرا لە دادگەری و ڕاستی پێی هەستا، هەتا وەفاتی کرد، پاشان کارەکە بوو بەڕاوێژکردن لە نێوان شەش هاوەڵی بەرێزدا ئەوانیش لەسەر ئیمامی عوسمان ڕێککەوتن، ئەگەر زانیبێتیان کەسێك هەیە لە عوسمان ئەوبەرترە، مەعنای وایە فێڵ و غەشیان کردووە، حاشا ئەوانەش پیاوی غەش کردن نین"[5].

ئەم نووسراوانە ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکرای تێدایە کە لەناو هاوەڵەکانی پێغەمبەردا ﷺ بلاوەو زراوە لەناوخۆیاندا کە ئیمامی عوسمان بەرێزترو ئەوبەرترە بۆ خەلافەت. هێشتا ئیمامی عومەر مابوو زیندوبوو کە دەمێك بوو هاوەڵان دەیانزانی بە گوێرەی هەندێك دەقی تیل نیشان و پڕ لەناواخن چۆن کاروباری خەلافەت ڕێك بخەن و خەلافەتی پێغەمبەر ﷺ لە دوای ئیمامی عومەر چۆن دەبێت و کێ دەبێتە خەلیفە. چاك دەیانزانی بە شێوەیەکی ڕەها ئیمامی عوسمان بەرێزترین کەسیانە لەدوای ئەبوبەکر و عومەر[6].

4ـ ئیبن و سەعد بە سەنەدی (نیزالی سەبرە) ڕیوایەتی کردووە دەڵێت "عەبدوڵلای کوڕی مەسعود فەرمویەتی کاتێك عوسمان هەڵبژێردرا بۆ خەلافەت، باشترین زیندوومان بوو، ئێمە کردمانە جێ نشین و کەمتەرخەمیشمان نەکردووە واتە

[1] عقيدة أهل السنة والجماعة في الصحابة الكرام، د. ناصر بن على (664/2).
[2] المصدر نفسه (664/2).
[3] المصنف (588/14).
[4] كتاب الامامة والرد على الرافضة (306).
[5] ميزان الاعتدائل في نقد الرجال محمد بن عثمان الذهبي (273/2).
[6] عقيدة أهل السنة والجماعة في الصحابة الكرام، د. ناصر بن على عايض (666/2).

درێغیمان نەکردووە لەکەسی باشترو لەپێشتر". لەریوایەتێکی تردا دەڵێت: "باشترین زیندوومان کردە سەردارو درێغیشمان نەکردووە"[1].

5ـ حەسەنی کوڕی موحەممەدی زەعفەرانی دەڵێت: "بیستومە لەئیمامی شافیعی دەیوت: گشت خەڵك كۆك و تەبابوون لەسەر خەلافەتی ئەبوبەکرو ئەبوبەکریش عومەری کردە خەلیفەو پاشان خەلافەت کرا بە ڕاوێژکردنو درایە دەست شەش کەس کە یەکێك لە خۆیان بکەنە سەردار، ئەوانیش عوسمانیان کردە جێنشین ـ ڕەزای خوا لە هەموویان[2] ـ هەروەها (ئەبو حارسی کوڕی موحەممەدی مەقدیسی) وتەیەکی نقڵ کردووەو ئیمامی شافیعیش پەسەندی کردووە دەڵێت: "چاك بزانن پێشەوای ڕاستەقینە، دوای ئیمامی عومەر بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریو دیاریکردنی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ئیمامی عوسمانە. عومەر عەبدولڕەحمانی کردە ئیمامو ئەویش عوسمانی کوڕی عەفانی پاڵاوتو هەڵیبژارد. ئیجماعی هاوەڵانیشی هاتە سەرو گشت هاوەڵان ڕازی بوونو پەیمانیاندا، بیروبۆچوونی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف بۆ دامەزراندنو چەسپاندنی خەلافەتی ئیسلامی بوو، کاریشی بۆ ئەوە کرد و ئیمامی عوسمانیش هەتا شەهید کرا لە جێبەجێ کردنی حەقو ڕاستیو لەبیناکردنی دادپەروەری نەوەستا[3].

6ـ ئیبن تەیمیە لەئیمامی ئەحمەدەوە ڕیوایەتی کردووە فەرمویەتی "ئەو یەکدەنگیو کۆڕایەی کە هاوەڵان کردیان بۆ پەیماندان بە ئیمامی عوسمان هەرگیز بۆ پەیماندانی هیچ کەسێکی تر نەیان کردووەو بۆ کەسی تر ئەوەندە یەکدەنگ نەبوون"[4].

7ـ ئەبو حەسەنی ئەشعەری دەڵێت "ئیمامەتی عوسمانو خەلافەتی عوسمان، جێگیرو بڕاوەبووە، لەدوای ئیمامی عومەرو بە دانیشتنو ڕاوێژکردن لەلایەن هاوەڵانو ئەنجومەنی ڕاوێژکارییەوە دانراوە. ئەوانیش ئیمامی عومەر دەست نیشانی کردبوونو هەموو یەکدەنگو یەکڕەنگ بوون لەسەر فەزڵو دادپەروەرییەکەی"[5].

8ـ عوسمان سابونی دەڵێت: "بیرورای پێشینو ئەهلی فەرمودە ڕۆشنە لەسەر تەرتیبو ڕێکخستنی خەلافەت، هەموویان وتویانە یەکەمین خەلیفە ئەبوبەکرە، پاشان عومەرەو پاشان عوسمان خەلیفەیە بەئیجماعی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریو ئیجماعی هەموو هاوەڵانو گشت لایەك پێی ڕازی بوونو کردوویانەتە خەلیفەی خۆیان"[6].

9ـ شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە، ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: "هەموو موسڵمانانو هاوەڵان پەیمانیان داوە بە ئیمامی عوسمانو کەس لە پەیماندانەکەی دوا نەکەوتووەو هاوەڵە خاوەن شکۆو دیارو بەتواناکان پێش هەمووان پەیمانیان پێداوە. ئەوسا بوو بە پێشەواو خەلیفە، گریمان وادابنێن عەبدولڕەحمانو عەلیو هاوەڵە دیارو هەڵکەوتووەکان پەیمانیان نەداوەتێ، گەر وابووایە نەدەبوو بە ئیمام، بەڵام کە ئیمامی عومەر ڕاوێژی دایە دەستی شەش کەسەکە (عوسمانو عەلیو تەلحەو زوبێرو سەعدو عەبدولڕەحمان)، تەلحەو زوبێرو سەعد بە کەیفی خۆیان دەرچوونو دەستیان لێ هەڵگرت، عوسمانو عەلی عەبدولڕەحمان مانەوە، عەبدولڕەحمانیش خلیفایەتی نەکردو عوسمانو عەلی مانەوەو یەکێك لەم دوو پیاوە هەڵبژێردرا. بەم شێوەیە عەبدولڕەحمان سوێندی خوارد سێ ڕۆژ، زۆر نەخەوێتو چاو لەیەك نەنێت، دەستی کرد بە ڕاوێژکردن بە پێشینە یەکەمینەکانو شوێنکەوتووە چاکەخوازەکانو ڕاوێژی کرد بە سەر لەشکری تێکۆشەران. هەر لەو ساڵەشدا سەرجەم موسڵمانان لەگەڵ ئیمامی عومەردا حەجیان دەکرد بە کۆی دەنگ ئاماژەیان کرد بۆ خەلیفەیەتی عوسمان، ئاشکرایە هەموویان عوسمانیان پێشخستو پەیمانیان پێداو هیچ بەرژەوەندیو تەماحێك نەبوو لە ئاراداو هیچ ترسو تۆقێکیش لەگۆڕێدا نەبوو. بۆیە کۆمەڵێك لەپێشەوایانو پێشینەکانی وەکو ئەبو ئەیوبی سەختیانیو ئەحمەدی حەنبەلو دارەقوتنیو

---

[1] الطبقات الكبرى، (63/3).
[2] مناقب الشامعي للبيهقي، (434/1).
[3] الرد على الرافضة، (ص319).
[4] منهاج السنة (66/3)، السنة للخلال، (ص320).
[5] الابانة عن اصول الديانة، (ص68).
[6] عقيدة السلف واصحاب الحديث خمن الرسالة المنبرية (139/1).

غەیری ئەمانە دەڵێن "هەر کەسێك ئیمامی عەلی بخاتە پێش ئیمامی عوسمان، ئەوە، موهاجیرین و ئەنسار بەگێل و گەمژەو گزیکار دەزانێت. ئەمە بە هێزترین بەڵگەیە کە ئیمامی عوسمان ئەوبەرترو ئەفزەڵترە، چونکە هاوەڵان و پێشەوایان بە ڕاوێژو هەڵبژاردن پێشیان خستووە.

10ـ ئیبن و کەسیری حافز ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ باسی ئیجماعی هاوەڵان دەگێڕێتەوە لەسەر خەلافەتی ئیمامی عوسمان و دەڵێت "ڕیوایەت کراوە کە ئەهلی ڕاوێژ سەرپەرشتی کارەکەیان داوەتە دەست عەبدولڕەحمان، بۆ ئەوەی هەوڵ بدات و تێ بکۆشێ بۆ خاتری موسڵمانان بەرێزترین کەس بکاتە خەلیفەیان. عەبدولڕەحمانیش ڕاپرسی کردووەو پرسیاری کردووە کە کێ شیاوەو بەرێزترە لەناو دەستەی ڕاوێژکاراندا و لە خەڵکی تریشی پرسیوە. هەر هەموویان ئیمامی عوسمانیان دەستنیشان کردووە، هەتا عەبدولڕەحمان وتویەتی بە ئیمامی عەلی ئەگەر بزانیت تۆ هەڵنابژێرین تۆ کێ هەڵدەبژێری؟ وتویەتی عوسمان. هەروەها وتویەتی بە ئیمامی عوسمان ئەگەر بزانیت تۆ هەڵنابژێرین تۆ کێ هەڵدەبژێریت؟ ئەویش وتوویەتی عەلی. دەرکەوتووە ئەم پرسیارە پێش هەڵاواردنی سێ کەسەکە بووە. پاشان عەبدولڕەحمانیش کشایەوەو لەگەڵ سێ کەسەکەی تردا و بەجێیان هێشت بۆ دوو خاوەن فەزڵەکە (ئیمامی عوسمان و ئیمامی عەلی)، چونکە ترسی خوداو حەقی ئیسلام کەوتبووە بەریان. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە عەبدولڕەحمان، زۆر تێکۆشا کە بەرێزتریان بکاتە خەلیفە بۆ ئەم کارە. ئەو، ڕاپەڕی و ڕاپرسی کرد بە خەڵك دەربارەی هەردووکیان و ڕای موسڵمانانی تاوتوێ کرد، لەگەڵ ڕای سەرکردەو قیادەکاندا و بە تێکڕا، عەبدولڕەحمان بەپەنهانی و بە ئاشکرا دانیشتنی کرد لەگەڵیان، هەتا خۆی گەیاندە ئەو ئافرەتانەی کە لەپەرچەمی خۆیاندابوون و پرسیاری کرد لەمنداڵان لەمەدرەسەی خۆیانداو پرسیاری کرد لەو سوارو دەشتەکییانەی کە دەهاتنە مەدینە. ئەم هاوەڵەی ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری، لەماوەی سێ ڕۆژو سێ شەودا هەر سەرقاڵی نوێژو پاڕانەوەو نوێژی ئیستیخارە بووە، پرساری لە پیاوماقوڵان کرد، بەڵام کەسی بەرچاو نەکەوت بگاتە ئاست ئیمامی عوسمان و هاوشانی بێت. کاتێك گەشتە ئەو شەوەی کە بەیانییەکەی دەبووە ڕۆژی چوارەم، واتە (چوارەم ڕۆژی کۆچی ئیمامی عومەر)، بەر لە هەموو شت هات بۆ ماڵی میسوەری کوڕی مەخرەمەی خوشکەزای و پێی وت "بانگی عوسمان و عەلیم بۆ بکە". ئەویش بانگی کردن و ئەوانیش هاتنە لای عەبدولڕەحمان، هەواڵی پێدان کە پرسیاری کردووە لەسەرجەم خەڵك، کەس لە ئێوە بە باشتر نازانن. پاشان بەڵێنی لێ وەرگرتن دوبارە، ئەگەر هەرکامیان بوو بە خەلیفە دادپەروەر بێت و هەر کامیشیان فەرمان بەسەر مندا بکەن، گوێڕایەڵ و ملکەچ دەبم. پاشان ڕۆشت بۆ مزگەوت و مێزەرەکەی پێغەمبەری ﷺ پێچابوو بەسەریەوەو شمشێرەکەی کرد بە لاقەدیاو ناردی بە شوێن پیاوە دیارەکانی کۆچەری و ئەنسارەکانداو بە دەنگی بەرز هاواری کرد "کۆببنەوە بۆ نوێژ"، مزگەوت پڕبوو لە خەڵك و دەگەڕان بە شوێن ئەوانی تردا. هەموویان ریزیان بەستو ڕێکخران بەجۆرێك کە ئیمامی عوسمان جێگەی بۆ نەمایەوە و لەخواری خەڵکەوە دانیشت. چونکە پیاوێکی شەرمن بوو، پاشان عەبدولڕەحمان چووە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر ﷺ زۆر وەستاو پاڕانەوەیەکی زۆری کرد، پێشتر پاڕانەوەی وایان نەبیستبوو، پاشان قسەی کردو وتی: ئەی خەڵکینە بە نهێنی و ئاشکرا پرسیارم لە هەمووتان کردووە نەمبیستووە لە هیچ کەسێکتان لەم دووپیاوە بە بەرێزتر بزانن (ئیمامی عەلی و ئیمامی عوسمان). عەبدولڕەحمان وتی: عەلی هەستە وەرە لام، عەلیش هەستاو چوو لەبەردەمی مینبەرەکە وەستا. عەبدولڕەحمان دەستی گرت و پێی وت: پەیمانم پێ دەدەیت لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و کردەوەی ئەبوبەکرو عومەر بڕۆیت؟ عەلیش وتی: نەوەڵڵا، خودایە شایەت بە نەخێر. بەڵام بەپێی تواناو وزەی خۆم. عەبدولڕەحمان دەستی بەرداو پاشان وتی: ئەی عوسمان هەستە وەرە لام. عوسمان هەستاو چووە بەردەمی عەبدولڕەحمان دەستی گرت و پێی وت: ئایا پەیمانم پێ دەدەیت لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کردەوەی ئەبوبەکرو عومەرن بچیت؟ وتی: بەڵێ. عەبدولڕەحمان سەری بەرزکردەوە رووەو سەقفی مزگەوتەکەو دەستی لەناو دەستی عوسماندا بوو، وتی: ئەی خودایە گوێ ڕادێرەو شایەت بە، ئەی خودایە گوێڕادێرەو شایەت بە، ئەی خودایە گوێ ڕادێرەو شایەت بە، ئەی خودایە ئەو کارەی کە لەگەردنی مندا بوو خستمە گەردنی عوسمان. دەڵێت: خەڵکی هوتەرەیان کردو کەڵەکە بوون و پەیمانیاندا بە ئیمامەتی عوسمان، بەجۆرێك کە لەبەردەمی مینبەرەکەدا دایان پۆشی.

دەڵێت: عەبدولڕەحمان لە شوێنەکەی پێغەمبەر ﷺ دانیشت و عوسمانیش لە پلەی دووەم دانیشت لە خوارەوە، خەڵك هاتن پۆل پۆل پەیمانیان پێدا، یەکەم کەسیش عەلی کوڕی ئەبی تالیب پەیمانی پێدا، ئەشڵێن دووەم کەس بووە.

ئەم نووسراوانەی کە لەمەوپێش باسمان کرد، ئیجماعی ئەو ئیمانانە بوون کە ناویان برا، هەر هەموو ڕایەکان ئەو چەمکە دەگەیەنن و ئەو ناکۆکییە یەکلایی دەکەنەوە کە پەیماندان بە خیلافەتی ئیمامی عوسمان بە تێر و تەسەلی دراوە، بە پاك و پوختی بووە بە خەلیفە. بەئیجماعی هاوەڵان هیچ کەسێکیان نەیار نەبووە و دژایەتی نەکردووە و کەس لەم پەیمانە دوا نەکەوتووە[1].

حەوتەم: پێشخستنی عەلی بەسەر عوسماندا حوکمی چییە؟

ئەوەی کە ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەری کۆکن، ئەوەیە "هەرکەس فەزڵی عەلی بدات بەسەر عوسماندا، ئەوە هەڵەی کردووە و بە گومڕا و بیدعەچی ناوی دەبەن"[2]، هەرچەندە هەندێك لەئەهلی عیلم زۆر بەتوندی ئەدوێن و دەڵێن هەرکەس فەزڵی عەلی بدات بەسەر عوسماندا و عەلی پێش بخات ئەوە گومانی هەیە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە لەم ئایینە خیانەتیان کردووە و عوسمانیان هەڵبژاردووە بەسەر عەلیدا ـ ڕەزای خودا لە هەردووکیان ـ[3].

ئیبن تەیمییە دەڵێت بۆچوونی ئەهلی سوننە و جەماعەت دامەزراوە لەسەر فەزڵ و پێشخستنی ئیمامی عوسمان بەسەر عەلیدا، هەرچەندە لای جمهوری ئەهلی سوننە و جەماعەت مەسەلەی عوسمان و عەلی بنەمایەك نییە لە بنەماکانی دین، تا هەرکەس پێچەوانەی بێت بە گومڕا و بیدعەچی بزانرێت. بەڵام ئەو بابەتەی کە خەڵکی پێ گومڕا دەبێت مەسەلەی خودی خەلافەتەکەیە، ئەهلی سوننە بیروبڕوایان وایە دوای پێغەمبەر ﷺ ئەبوبەکر خەلیفەیە و پاشان عومەر، پاشان عوسمان و پاشان عەلی، هەرکەس توانج بگرێتە خەلافەتی هەریەك لەم چوار خەلیفەیە لەگوێرێژەکەی دەرماڵی خۆیان سەر لێ شێواوترە[4]، پاشان باسی ڕای زانیان دەکات لە بارەی فەزڵی ئیمامی عوسمان بەسەر ئیمامی عەلیدا، لەم ڕووەشەوە دوو ڕیوایەت هەیە:

یەکەم: هەرکەس فەزڵی عەلی بدات بەسەر عوسماندا ئەوە لە سوننەت دەرچووە بەرەو بیدعە، چونکە پێچەوانەی ئیجماعی هاوەڵانە لەبەر ئەوە دەڵێن هەرکەس عەلی بخاتە پێش عوسمان ئەو سوکایەتی بە کوچەریان و ئەنسار کردووە. ئەم ڕیوایەتە لەزیاتر لەکەسێکەوە باس کراوە، وەك ئەبو ئەیوبی سەختیانی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و دارە قوتنی.

دووەم: هەرکەس عەلی بخاتە پێش عوسمان، واتە فەزڵی عەلی بدات بەسەر عوسماندا بیدعە چییە[5]، چونکە عەلی و عوسمان هاوشانی یەکن و چون یەکن.

---

[1] عقيدة أهل النة والجماعة في الصحابة الكرام، د. ناصر بن على عايض (671/2).
[2] مجموعة الفتاوى (101/3، 102).
[3] حقبة من التأريخ، عثمان الخميس (ص65).
[4] مجموعة الفتاوى (101/3، 102).
[5] المصدر نفسه (267/4).

باسی دووەم: دەستووری عوسمانی کوڕی عەففان لە حوکمڕانیدا

کاتێك بەیعەتی خەلافەت درا بە عوسمان، ڕاستەوخۆ هەستا لەناو خەڵکدا وتارێکی خوێندەوەو تێیدا سیاسەتی خۆی ڕاگەیاندو ئەوەی روونکردەوە کە پابەندی قورئانو سوننەتو ڕەفتاری هەردوو شێخەکە دەبێت، (ئەبوبەکرو عومەر). هەروەها لەوتارەکەیدا ئاماژەی کردووە بەوەی بەدانایی‌و هێمنی سەرۆکاری خەڵك دەکات، بەمەرجێك سنووری شەرعی تێدا پارێزراوبێت. پاشان وریای کردنەوە لەپشت بەستن بە دنیاو تێشکێنەرەکانی، نەوەك بکەونە پێشبڕکێ‌و ڕقەبەرایەتی‌و ئیرەیی بردن لەناوخۆیانداو سەرەنجام ئومەت بەرەو ناکۆکی‌و دووبەرەکی بچێت. ئەمەش ئاماژەنمای ئەوەی تێدایە کە ئیمامی عوسمان بۆ ئەو دیوی پەردە دەڕوانێت بە بەرچاوڕوونی باسی ئەو شتانەی دەکرد کە لەم ئومەتەدا بە هۆی ئارەزووبازی‌و نەهامەتی خەڵکەوە دائەکەوێت. پاش ئەوەی بەیعەتیشی پێدرا[1]، فەرمووی "پاش سوپاس‌و ستایشی خوای گەورە، من راسپێردرام‌و قبوڵم کرد، باش بزانن من شوێنکەوتەم نەك داهێنەر، باش بزانن لەدوای قورئان‌و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ شتی سێیەم شوێن ئەو کردارانە دەکەوم کە پێش خەلافەتی من کۆك‌و تەبابوون لەسەری‌و دەقیان پێوە گرتووە، چونکە لە زاناگەورەکان وەریان گرتووە. دەست هەڵدەگرم لەو شتانەی کە تاوانبار نابم لەسەری. چاك بزانن دونیا شینابییەکی ئاڵ‌و جوانەو خەملیوەو زۆر کەسێکیش ئەلهای دەکات، بەڵام ئێوە ئامێزی بۆ مەکەنەوەو متمانەی پێ مەکەن، چونکە سیقەی لەسەر نییەو هەتا وازی لێ نەهێنن وازتان لێ ناهێنێت"[2]. ئەو قسەیەی کە دەڵێت ئیمامی عوسمان لە وتاری یەکەمدا لەرزیوەو شڵەژاوەو نەیزانی چی بڵێت‌و وتویەتی "خەڵکینە یەکەم سەرکەوتن‌و سواربوون گرانە، ئەگەر مام وتارێکی چاکتان بۆ دەدەم" ـ ئەم قسەیە خاوەنی کتێبی (العقد)[3] باسی کردووە جگە لەمیش کتێبی (گرافە الفوائد) باسی دەکات بەڵام سەنەدەکانی ڕاست‌و دروست نییەو ناتەواوە[4].

یەکەم: ئیمامی عوسمان نامەی نووسی بۆ کرێکارو سەرۆکارو ئەمیری سەربازەکان‌و خەڵکی بەگشتی، ئیمامی عوسمان دانی نا بە کارمەندەکانی ئیمامی عومەرداو تا ماوەی یەکساڵ کەسیانی لانەبردو ئاڵوگۆڕی پێ نەکردن ئەمەشی لەسەر وەسێتی ئیمامی عومەر کرد. ئەگەر تەماشای ئەو نامانەش بکەیت کە دەینارد بۆ والی‌و کرێکارەکانی بەیتول مال‌و ئەمیری سەربازەکان هەمووی لەسەر پێرەوی ئەوڕ ژێمە دەچوو کە گەرەکی بوو ژیانی ئومەتی لەسەر ڕێکبخات[5].

1ـ یەکەمین نامەی نووسی بۆ گشت والییەکان (ئەمیرەکان) دوای سوپاس: خودای گەورە فەرمانی کردووە بە پێشەواکان وەکو شوان‌و سەپان بن ڕێگەی نەداوە ملهوڕبن، بناغەی ئەم ئوممەتە والییە ڕاساڵەکان دروستیان کرد ملهوڕەکان دروستیان نەکرد. هیوای ئەوە هەیە والییەکان شوان ئاسا بن ملهوڕ ئاسا نەبن، خۆ ئەگەر سنورتان بەزاندوو واتان کرد ئەو کاتە شەرم‌و ئەمەك هەڵدەگیرێت باش بزانن دادپەروەرترین ژیان ئەوەیە کە ئاوڕبدەینەوە لە کاروباری موسڵمانان‌و بزانین کێشەیان چییە هەرچییان دەکەوێ پێیان ببەخشین‌و شتێکیش کەوتە سەریان بە چاکی لێیان وەرگرنەوە، پاشان چاوداشتی ئەهلی زیمە بکەن، ئەوەی کە هی ئەوانە بیاندەنێ، ئەوەش دەکەوێتە سەریان لێیان بسێنن لەگەڵ ئەو دوژمنانەی پەشیمان دەبنەوە بە ئارام بن[6].

تێبینی دەکرێت ئیمامی عوسمان، لەنامە ئاراستەکراوەکاندا جەختی کردۆتەوە لە والی شارەکان کە ئەرکیان چییە بەرامبەر جەماوەرەکەیان‌و ئاشنای کردون کە کاری فرە گرنگی ئەوان سامان کۆکردنەوە نییە، بەڵکو خەمخۆری‌و چاودێری کردن‌و نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندیی خەڵکە. لەم پێناوەشدا ئەو سیاسەتەی ڕۆشن کردەوە، کە سەرپەرشتی ئوممەتی پێ

---

[1] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (392/1).
[2] تاريخ الطبري (443/5).
[3] المراد ابن عبد ربه الأندليس صاحب كتاب العقد الفريد وهو كتاب في طرق الأخبار والحكايات والنوادر ولا يهم بسند الخبر أو صحته.
[4] خلافة عثمان بن عفان د. السلمي، ص (34 ـ 35)، والخبر من طريق الواقدی وهو متروك.
[5] تحقيق مواقف الصحابة ـ د. محمد أمحزون (393/1).
[6] تأريخ الطبري (244/5).

دەكرێت ئەویش پیادەكردنی ئەركەكانی سەرشانیانەو مافدانە بە ژێردەستەكانیان ئەوسا ئوممەت ڕێكو ڕاست دەبێت، خۆ ئەگەر والییەكان هەڵشاخانو بوونە ملهوڕو هەموو خەمو پەژارەییەكیان بووە ماڵو دارایی كۆكردنەوە ئەوكاتە شەرمو سپاردەو وەفا باوی نامێنێتو ون دەبێت. نامەكانی ئیمامی عوسمان جەختكردن بوو لەسەر جێبەجێكردنی دادپەروەری لەسیاسەتو ئابووریو كۆمەڵایەتی لەمیانەی حەقدان بەخاوەن حەقەكانو سەندنەوەی حەق لە حەقخۆران. هەروەها بەرز ڕاگرتنی پەیامی سیاسەتی شوان ئاسا، نەك فرە سامانیو چەوسانەوەی خەڵك[1]، هەروەها ئاگاداری كردوون كە والییەكان لەخۆیان نەگۆڕێنو نەبنە گوندەو ستەمكار، چونكە ڕەوشتە بەرزەكانی وەكو ئەمەكو متمانەو شەرم لەناودەچێت. ئەم ڕەوشتانەش گوریسێكی قایمە لەنێوان والیو گەلدا هەتا چەسپاوو دامەزراو بێت، سەرۆكو جەماوەر نێوانیان باشەو بە پێچەوانەوە بێگومان بە دەستهێنانی ئەم ئامانجەش بە هەوڵدانی گشت لایەك بەدی دێت كە مەبەستیان بێت ڕەزامەندی خودای گەورەو دادپەروەری پیادە بكرێت.

ئەگەر والییەكان بۆ ڕەزامەندی خودای گەورەو بەرپاكردنی عەدالەت تێكۆشان، ئەوە گوێڕایەڵیو دۆستایەتیو شەرمو وەفاو ئەمانەتپارێزی پێشكەشی والی دەكرێتو هەموان دەچنە سێبەری ئەم ئاكارە بە پێزانەو دوردەكەونەوە لەو ڕەفتارە نابوتو خراپانەی كە هەستو عەقڵ بریندار دەكاتو دەمی جەماوەر پڕ دەكات لە گلەیی، پاشان ئیمامی عوسمان وەسێت دەكات كە دادوەرێن بەسەر گەلەكەیانەوە بەتۆڵە سەندن لەخراپەكارانیانو خەڵات كردنیان لە سەرچاكەكردنیان. ئیمامی عوسمان، ئاماژە دەكات بۆ خاڵێكی گرنگ ئەویش ئەوەیە بەرانبەر ئەو پەیمانو بەڵێنانەی پێیان دراوە وەفادارێن ئەوە گرنگترین هۆكاری سەركەوتنە بەسەر دوژمندا، هەروەك مێژوونووسان شوێنەواری ئەم ڕەوشتە بەرزەی موسڵمانانیان ڕۆشن كردەوە لە بەڕێوەبردنو جەنگو غەزاكاندا[2].

2ـ نامەكان بۆ سەرلەشكری جەنگاوەران

یەكەمین نامەیەك كە عوسمان، نووسی بۆ سەرلەشكرەكان لەهەرێمەكانی وڵات ئەمەبوو[3] "پاش سوپاسی خودای گەورە ئەی سەرلەشكرو فەرماندەكان، ئێوە قەڵغانو پەرژینی موسڵمانانو ئەو كۆڵو بارەی ئیمامی عومەر پێیداون لە ئێمە شاراوە نییە، بەڵكو بە ڕای كۆمەڵێك لەئێمە پێی داون، با لەخۆدەرچوونو سەرتان لێ شێوانی هیچ كامێكتانم پێ نەگات، چونكە خودای گەورە سەری لێ دەشێوێنێتو ئێوە لادەباتو كەسی تر دەهێنێتە جێگەتان، دیقەت بدەن پێشتر چۆن بوون هەروا بمێننەوە، منیش هەڵدەستم بەو كارانەی كە خودای گەوورە پێی سپاردوومو بەجێی دێنمو لەبەرچاوی دەگرم"[4].

لەم نامەدا ئاوڕ دەداتەوە لەو كارو فەرمانانەی كە بە گۆڕانی خەلیفە گۆڕانی بەسەردا نایەت، چونكە خەلیفەو والییەكانی تر لەسەر یەك هێڵ دەچن ئەویش هەستانە بەجێبەجێكردنی پەیامی ئیسلام لە واقیعی ژیاندا، ئەو قسەیەی كە دەڵێت: "ئەو كۆڵو بارەی ئیمامی عومەر پێی داون لە ئێمە شاراوە نییە، بەڵكو بە ئاگاداریی پیاوە سالارەكانی ئێمە پێی داون". ئاماژەیە بۆ پەنابردنی خەلیفەكان بۆ ڕاوێژكردنو هەڵسوكەوتی خۆنەویستانەیان، ئەو ڕاستییەشیان لا دەردەخات كە كێشەو گیروگرفتەكان بە دووردوردرێژی لای ئەهلی (حەلو عەقد) ئاشكرا بووە، هەركات خەلیفەیەك لا چوبێتو یەكێكی تر هاتبێتە شوێنی، لەسەر هەمان پەیام چووە. لەبەر ئەوە لای هەموان ئامانجەكە ڕوون بووە. ئەو قسەیەشی كە دەڵێت "لەخۆتان مەگۆڕێن خودا لێتان دەگۆڕێ"، تێگەیشتنە لە سوننەتی خودای گەورە لە بوونەوەردا،

---

[1] الدولة الاسلامية في عصر الخلفاء ـ حمدي شاهين (ص246).
[2] التأريخ الاسلامي مواقف وعبر ـ د. عبدالعزيز الحميدي (369/12).
[3] هەرێمە دوورە دەستەكان.
[4] تاريخ الطبري (244/5).

خودای گەورە یارمەتیی و هاوکاری دۆستەکانی دەکات و دەیانپارێزێت و سەریان دەخات بە مەرجێك پەیوەست بن بە شەریعەتەوە، بە سۆزبن بۆ مرۆڤەکان و ملکەچی فەرمانەکانی خودای گەورەبن. خۆ ئەگەر لەم حاڵە دەرچوون و لەخۆیان گۆڕان ئەوا خودای گەورە لێیان دەگۆڕێت و ئەمانە لادەبات و خەڵکی سامدارو پێگەدارتر لەجێگایان دەهێنێت[1]. هەروەك دەفەرموێ (..إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللّهُ بِقَوْمٍ سُوءاً فَلاَ مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ) (الرعد: 11).

ئیمامی عوسمان، ئەوە دەخاتەوە بیریان کە باش بزانن ئەرکەکانیان چییە و دەبێت لەسەر چی بڕۆن بۆ ئەوەی دڵسۆز بن و کاری شوانی بە باشی بگرنە ئەستۆ، وەکو چۆن ئیش دەکەن بۆ نەفسی خۆیان[2].

3ـ نووسینی نامە بۆ باجگرەکان

عوسمان، یەکەم نامەیەك کە نووسی بۆ باجگرەکان دوای سوپاسی خودای گەورە تێیدا هاتووە "خودا خەڵکی بە ڕاستیی و دروستی بە دیهێناوەو هەرچییەکیش حەق نەبێت قبوڵی ناکات. ئەوەی حەق و ڕاستە وەری گرن، هەرچییەکیش مافەو شیاوە بیدەنەوە بەخاوەنەکەی. ئەمانەت بە ئەمانەت بزانن و بیپارێزن، ئەو دەستمایەیەی لەمنەوە پێتان دەگات، تایبەت نییە بەئێوە، بەڵکە هاوبەشی ئەوانەی دەوروبەرتانن. وەفاداربن و ستەم لەهەتیوو پەیمان پێدراوەکان مەکەن، چونکە خودای گەورە دەچێت بەگژ ئەو کەسەی زوڵمیان لێدەکات[3]. لەم نامەیەدا ئەو کەسانەی کرابوونە سەرپەرشتیاری دارایی لەناو تاکەکانی ئومەتداو بوبونە گیرفانی دەوڵەت ئامۆژگاری کرابوون کە لەبەرژەوەندی گشتیدا خەرجی بکەن، ئەوەشی بۆ ڕۆشنکردبوونەوە کە خودای گەورە هەرچی ڕاست و ڕەوا نەبێت وەری ناگرێت و حەقیش لەسەر وەفاو ئەمانەتپارێزی وەستاوە. پاشان دوو تاقم لە ناو گەلدا جیادەکاتەوە هەر دوکیان چەوساوەن، ئەوانیش هەتیوو پەیمان لێ وەرگیراو، وریایان دەکاتەوە دوورەپەرێز بن لە زوڵم لێکردنیان، چونکە خودای گەورە پاراستنی ئەوانەی گرتووەتە ئەستۆ[4]، هەروەها دەیخاتە بیریان ئەگەر زوڵم بکەن، خودای گەورە دەبێتە دژیان و ئاوڕی داوەتەوە لە گۆشەیەك لەگۆشە مەزنەکانی ئیسلام و بانگیان دەکات بۆ سەرخستنی چەوساوەکان گەرچی لە کافرو پەیمان لێوەرگیراوەکانیش بێت[5].

[1] تاريخ الطبري (370/12).
[2] عثمان بن عفان ـ صادق عرجون (ص199).
[3] تاريخ الطبري (244/5).
[4] عثمان بن عفان ـ صادق مرجون (ص198).
[5] التاريخ الاسلام (371/20).

4ـ نامەیەك بۆ هەمووان (بۆ گشت لایەك)

پاش سوپاسی خودای گەورە لەڕاستیدا ئێوە پێتان ڕاگەیەنراوە وابەستەو شوێنکەوتەی قورئانو سوننەت بنو دنیا لە خشتەتان نەبات. چونکە پەیامی ئەم ئوممەتە زیادەی دەخرێتە سەرو شتی تری پێوە دەلکێت، بە تایبەتی کاتێك سێ شت هاتە ئاراوە[1]:

1ـ نازو نیعمەتی زۆرو زەبەن.

2ـ باڵغ بوونو پێگەشتنی منداڵی کەنیزەکەکان.

3ـ خوێندنەوەی قورئان لە لایەن عەرەبی لاوەکیو عەجەمەوە.

هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی "بێ باوەڕی لەحاڵی نەبوونەوە (لە تێنەگەشتنەوە) سەر هەڵدەدات، ئەگەر لە بەندو ئایەتەکانی دین شتێکیان لێ ئاڵۆز بوو زۆر لە خۆیان دەکەنو بیدعە دروست دەکەن".

لەم لێدوانەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە ئیمامی عوسمان ئومەتی بە گشتی هانداوە شوێنکەوتەی قورئانو فەرمودە بنو زۆر لەخۆیان نەکەنو شتی تازە نەخەنە ناو دینەوە، ئاگاداریان دەکات ئەگەر سێ نەهامەتی ڕووی تێکردن ئەوە حاڵیان خراپ دەبێتو لە چاکەوە دەگۆڕێت (نازونیعمەتی زۆر کە نەفسی ئینسان بایەڵان دەکاتو بەرەو کەشخەبازی پاڵی پێوە دەنێو دەبێتە کۆسپی سەر ڕێگەی تێکۆشانو جیهادو دەیچەرخێنی بەرەو بەتاڵیو تەمەڵی، تەنانەت وای لێدەکات چالاکیی هەڵدەوەشێنێتو هەڵمەتی دەپوکێنێتەوە، هەروەها پێگەشتنی منداڵی کەنیزەکەکان بە درێژایی مێژوو ئەم ئوممەتەیان گەستووە. برینی ئەمانە لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامدا لەرووی سیاسیو ئاینیو کۆمەڵایەتییەوە دیارە، هەروەها قورئان خوێندن لەلایەن عەرەبی دەشتەکیو عەجەمەوە، لەم وتەیەدا ئیمامی عوسمان مەبەستی سروشتی دەرونی عەرەبی دەشتەکییەکانە کە دەرون وشكو دڵ ڕەقنو ڕێنمایی قورئان ناگاتە شوێنێکی باش لە دڵیاندا، مەبەستی لەعەجەمەکانیش ئەوەیە ئەمانە دابو نەریتیان بە میرات بۆ جێماوەو ڕەوشتی کۆنیان پێوە نووساوە، ئەمانە دوری دەخاتە نێوان ئەوانو قورئانو سوننەت. لەڕاستیدا هەرواش بوو شوێنەواری خراپی عەرەبە دەشتەکییەکانو خەواریجەکان دەرکەوتن کە زۆر دەرون وشكو دڵڕەق بوونو لە هەمان کاتدا خوێنەوارترین کەسیشبوون بۆ قورئان بەڵام دووربوون لە تێگەیشتنی، پاشان شوێنەواری خراپی عەجەمەکانیش دەرکەوت کە چەند دژایەتی ئیسلامیان کرد بەوەی مەزهەبگەرییان هێنایە ناوەو ڕاوبۆچوونی زۆریان هەڵبەستو بوو بە موسیبەتی موسڵمانان، زۆربەی سەرلێشێواوەکان لەمانە بوونو لەمێژووی ئیسلامدا ترسناکترین ڕۆڵیان هەبوو[2].

دووەم: سەرچاوەی باڵای وڵات

ئیمامی عوسمان، ڕایگەیاند کە سەرچاوەی هەرە باڵای وڵات پەرتوکی خوداو سوننەتی پێغەمبەر ﷺو شوێن پێ هەڵگرتنی هەردوو شێخەکەیە (ئیمامی ئەبوبەکرو عومەر) پاشان فەرمووی "من شوێنکەوتەم نەك بیدعەچی، چاك بزانن بۆتان هەیە سێ شت لەسەر من حسێب بکەن، قورئانو سوننەتو شوێنکەوتنی پێشینانی خۆم، بەتایبەت لەو کاروبارانەی کەئێوە ڕێکوپێك بوون لەسەریو کردەوەتان پێ کردووە[3].

1ـ سەرچاوەی یەکەمم پەرتوکەکەی خودای گەورەیە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللّهُ وَلاَ تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيماً) (النساء: 105).

[1] تاريخ الطبري (245/12).
[2] عثمان بن عفان ـ صادق عرجون (ص199).
[3] تاريخ الطبري (443/5).

پەرتوکەکەی خوادی گەورە دابارپوە بەسەر ئەو ئەحکامە شەرعیيانەی کە پەیوەستن بە کاروباری ژیانەوەو بنەماو حوکمە براوەکانی لەخۆگرتووە، بۆ بەڕێوەبردنی گشت شێوازەکانی ژیانو هەموو ئەو شتانەشی بۆ موسڵمانان ڕوون کردۆتەوە کە پێی ئاتاجن لە بنچینەکانی حوکمڕانی بۆ ئەوەی بە پاکی لەسەری بڕۆنو بژین.

2ـ سوننەتی ڕاستەقینەی پێغەمبەر ﷺ، ئەو سوننەتە خاوێنانەی کە بنەماکانی ئیسلام لە ئەستۆ دەگرێتو هەر لەڕوانگەی فەرموودەوە دەکرێت شێوەی جێبەجێکردنو پیادەکردنی ئەحکامەکانی قورئان دەربێنین[1].

3ـ شوێنکەوتنی هەردوو شەیخەکە (ئیمامی ئەبوبەکرو عومەر)[2]، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت "وابەستەبن بەو دوانەی کە لەدوای منەوە دێن: ئەبوبەکرو عومەر"، دەوڵەتی عوسمان، ملکەچو پابەندی شەریعەتی شکۆداری ئیسلام بووەو لەسەروی هەموو بۆچوونو ڕایەکەوە دایناوە، دەوڵەتی ئیسلامی بە دەوڵەتی شەریعەت ناسراوەو وێنەیەکی پرشنگداری دروست کردووەو نموونەیەکی زیندووی بەرچاوی هەبووەو هەموو دەزگاکانی وڵات ملکەچی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلام بووە، بە تایبەتی عەدالەت ڕێکی شەریعەت بووە نە پێشکەوت، وە نە لێی دواکەوتووە، چونکە کۆمەڵگە کۆمەڵگای هاوەڵان بووە، حاکمو مەحکوم وەك یەك گوێڕایەڵیان کردووە یەکەمجار بۆ خودای گەورەو پێغەمبەر ﷺ پاشان بۆ خەلیفە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون "هەمیشە گوێڕایەڵ بن بۆ چاکەو یاخی بن لەخراپە"[3] باڵی شەریعەت بەسەر دەوڵەتی خەلیفەکاندا سەنگین بووەو تایبەتمەندیی حوکمەتەکانیان بووە.

حوکمڕانی خەلیفە ڕاشیدەکان بە چەند تایبەتییەك جیا دەکرێتەوە لە حکومەکانی تر وەك:

1ـ تایبەتمەندیی دیاری وڵاتی خەلیفەکان، تێهەڵکێشکردنی نێوان کاروباری دینو دنیابووە، واتە دینو دونیایان بە شێوەیەکی حەکیمانە ئاوێتە کردبوو.

2ـ وڵاتی خەلیفەکان خۆی خستووەتە ژێر ڕکێفی ئەحکامەکانی شەرع.

3ـ خەلافەتیان بەرەو یەکێتییو یەکگرتنی جیهانی ئیسلامیی بەڕێوەدەبرد[4].

سێیەم: مافی گەل لەدادگایی کردنی خەلیفەدا

گەل بۆی هەبووە لێ پرسینەوە بکات لە کاروبارەکانی خەلیفەدا، چونکە دەسەڵاتی خەلیفە دەسەڵاتێکی ڕەها نییە، بەڵکو بەستراوە بە دوو بەندەوە.

1ـ خەلیفە نابێت سەرپێچی دەقێکی ڕاشکاو بکات، (دەقی قورئانو سوننەت)، ئەوکارەی خەلیفە دەیکات، بە ڕێککەوتن بێتو لەگەڵ ناوەڕۆكو چەمکی ئیسلامدا بگونجێت.

2ـ نابێت پێچەوانەی ئەو شتانەبێت، کە ئوممەتی ئیسلام لەسەری ڕێککەوتوونو نابێت بە مەیلی خۆی زیادەڕەوی بکات. بە پێی ئەم دوو بەندە خەلیفەی وڵاتی ئیسلام بریکارو جێگری ئومەتە، لەبڕیاری گەلەوە دەسەڵاتی بەرقەرار دەبێتو ماوەی حوکمڕانی دیاری دەکرێتو ئوممەت دەتوانێت ئەم دەسەڵاتە پەرە پێبداتو فراوانی بکات، بە هەمان شێوە دەتوانێت بەرتەسکیشی بکات یان مەرجو بەندی بۆ دابنێت هەرکات بەرژەوەندییەکانی تێدا بەدیکرد یان پەنایەکی چاکتری دۆزییەوە بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی خودای گەورەو سودی ئومەت[5]، بێگومان ئەم کارانەش بەدەستەی ڕاوێژو کەسی لێزان دەکرێت. ئیمامی عوسمان جەختی لەوە دەکردەوە کە ئومەت مافی لێپرسنەوەو لێپێچینەوەی خەلیفەیان هەیە، هەروەك خۆی دەفەرموێت "ئەگەر لەپەرتوکەکەی خودای گەورەدا دۆزیتانەوە کە هەردوپێم بخەمە ناو کۆتو زنجیرەوە، ئێوە هەردو پێم بخەنە کۆتو زنجیرەوە"، کۆمەڵێك خۆپیشاندانیان کرد بۆ لێپێچینەوە لەسەر هەندێك کردار کە

---

[1] فقه التمكين في القران الكريم ـ الصلابي (ص432).
[2] صحيح سنمن الترمزي (200/3).
[3] بخاري رقم (7145).
[4] فقه الخلافة ـ للسنهوري.
[5] الدولة السيادة ـ فتحي عبدالكريم (ص268).

ڕەخنەیان هەبوو لێی، ئیمامی عوسمان ملکەچی کردو خواستەکانی قبوڵ کردنو نکولی نەکرد لەم حەقەداو زۆر بەڕێزەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ چاککردنی ئەو شتەی کە پێ دەچێ هەڵەی تێدا کردبێتو تێیدا لەسەر هیدایەتنەڕۆشتبێت[1].

چوارەم: ڕاوێژکردن

یەکێکی تر لەبنچینە مسۆگەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ڕاوێژکردنی والیو سەرلەشکرو کاربەدەستانی وڵاتە لەگەڵ گەلو موسڵماناناندا هیچ دەستورێك نەدەن بەبێ ڕاوێژکردن، خودای گەورە لەمبارەیەوە دەفەرموێت **"فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ"** (آل عمران: 159)، **هەروەها دەفەرمویت "وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ"** (الشورى: 38).

ئیمامی عوسمان، لە دەوڵەتەکەیدا لیژنەیەکی بۆ ڕاوێژکردن دروست کردبوو لە هاوەڵە مەزنەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەم لیژنەیەش لەکۆچەریانو ئەنسار[2] پێکهاتبوو بە ڕاشکاوی داوای دەکرد لەسەر لەشکرو پۆلیسەکانو دەیوت: "لەسەر کارەکانتان بەردەوام بنو بە کۆچکردنی ئیمامی عومەر واز مەهێننو مەیگۆڕن. لەهەرشتێکدا تەڵخیو ئاڵۆزی هاتە ڕێتان ڕەوانەی لای ئێمەی بکەن هەتا کۆبوونەوەو ڕاوێژی لەسەر بکەینو وەڵامتان بدەینەوە"[3]. سەرلەشکرەکان دەستیان گرتبوو بەم یاداشتەوەو هەرکات بیان ویستایە هەنگاو بنێن بۆ ڕزگارکردنی شوێنێك ئیزنیان وەردەگرتو ڕاوێژیان دەکرد، ئەویش هەڵدەستا بە ڕۆڵی خۆیو هاوەڵانی کۆدەکردەوە پرسی پێدەکرنو دەنگی ئەژمار دەکردن دەنگی لێ وەردەگرتنو نەخشەیەکی گونجاوی لێوەردەگرتن، پاشان مۆڵەتی هەستانی دەدان جارێك لەجاران (عەبدوڵڵای ئەبی سەرح) نووسراوێکی نووسی بۆ ئیمامی عوسمانو داوای لێ کردبوو مۆڵی بدات دەورەبەری ئەفریقا ڕزگار بکات[4]، لەبەر ئەوەی نزیکی دوورگەی ڕۆمەکانە. ئیمامی عوسمان دوای ڕاوێژکردن، وەڵامی دایەوەو خەڵکێکی زۆری بۆ ناردن[5]، هەروەها موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان کاتێك ویستی دورگەی قوبروس ڕزگار بکات، نوسراوێکی نووسی بۆ ڕابەری باڵای گشت ئوممەت، واتە خەلیفە، داوای ڕێگەپێدانی کرد و وەڵامی بۆ نەهاتەوە تا دوای دانیشتنو ڕاوێژکردنو باسی بابەتەکە، پاشان ڕێگەی بۆ کردەوە[6]، هەروەك ئیمامی عوسمان لەگەڵ هاوەڵە مەزنەکاندا دەیکرد، بۆ نموونە بۆ کۆکردنەوەی قورئان ڕاوێژی پێکردن، بۆ کوشتنی عەبدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومەر لە حەقی هورمزاندا، بەمشێوەیە هەوڵی داوە بۆ بنەبڕکردنی ئاژاوەو کێشە قەزاییەکان. جگە لەمانەش لە کۆمەڵێك هەڵوێستو ڕووداودا کە بەڕۆشنی باسی دەکەین.

پێنجەم: دادپەروەریو یەکسانی

یەکێك لەئامانجەکانی حکومەتی ئیسلام بە تەنگەوەبوونی دامەزراندنی بنەماکانی ڕژێمی ئیسلامە کە ڕێگە خۆشدەکات بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگای موسڵمانانو گرنگترین بنەماش دادپەوەریو یەکسانییە. عوسمان نامەی نووسی بۆ خەلکی شارەکانو فەرمووی "فەرمان بە چاکە بکەنو ڕێگری لە خراپە بکەن، با هیچ موسڵمانێك خۆی زەبوون نەکات من لەگەڵ لاوازو چەوساوەدام گەر زوڵمی لێ کرابێت دژی هەموو بەهێزێکم"[7].

بەڕاستی سیاسەتی ئیمامی عوسمان لەسەر دادپەروەری دەڕۆشت، بۆ نمونە داری حەدی دا لە (وەلیدی کوڕی عەقبەی والی کوفە)، کە برای دایکی خۆی بوو لەسەر شایەتی ئەو شایەتانەی وتیان مەی خواردۆتەوە، پاشان لەوالییەتی لایبرد،

[1] الدولة السيادة (ص379).
[2] الادارة العسكرية في الدولة الاسلامية (ص379).
[3] المصدر نفسه (ص277).
[4] فتوح مصر (ص83).
[5] المصدر نفسه (ص183).
[6] المصدر نفسه.
[7] تاريخ الطبري (414/4).

ئەم چیرۆکە بە درێژی دەبینین لەمەولاو ئەبی موسای ئەشعەری خستە جێگەکەی. دەگێڕنەوە جارێکیان ئیمامی عوسمان توڕەبووە لەخزمەتکارەکەیو گوێی باداوەو ئازاری پێگەیاندووە، ئەو شەوە ئیمامی عوسمان نەیتوانیوە بخەوێ بەوحاڵەوە هەتا بانگی خزمەتکارەکەی دەکات بۆ ژوورەکەی خۆیو فەرمانی پێدەکات تۆڵەی خۆی بکاتەوەو گوێی با بدات، لە سەرەتادا خزمەتکارەکە قەبولّی نەکردووەو حاشای کردووە، ئیمامی عوسمان پێداگری دەکات، خزمەتکارەکەش بە قسەی دەکاتو گوێی خەلیفە با دەدات[1].

شەشەم: ئازادییەکان

پەیامی ئازادی یەکێکە لە دەستپێکە بایەخدارەکانی حوکمڕانی لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدیینەکاندا.ئاینی ئیسلام دەستەبەری ئازادییەکانی خەڵکی بە گشتیی کردووە لە چوارچێوەی سنووری شەرعی ئیسلامدا. خۆی ڕاستت دەوێ بانگەوازی ئیسلام بۆ ئازادکردنی خەڵکەو بەگشتیی ئایینێکی ئازادیخوازای وەکو ئیسلام دەگمەنە نموونەی هەبێت لە مێژوودا.

لە سەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکاندا ئازادییەکان گشتی بووە، وەکو ئازادیی بیروڕای ئایینی (عەقیدە)و ئازادی گوێزانەوەو مافی ئارامیو ئاسایشکردنو پاراستنی خانووبەرەو ئازادی سامان[2]، دارایی تاکەکەسو ئازادیی ڕاوبۆچوون.

حەوتەم: ڕێگریو قەدەغەکردن

ئەمیری ئیمانداران ئیمامی عوسمان گرنگیدا بە قەدەغەکردنو ڕێگریکردن لەهەندێك هەڵسوکەوتو کردەوەی خراپ، ئەو کارانەش، کە قەدەغەی کردبوو وەك:

1ـ لاری هەبووە لە پۆشینی جلوبەرگی زەرد کراو یەکێك لە ڕێگرییەکانی ئەوەبوو نکولی کرد لە (موحەممەدی کوڕی جەعفەری ئەبی تالیب) کە جلوبەرگی زەرد کراو بکاتە بەری. لەئەبوهورەیرەوە ڕیوایەت کراوە دەڵێت "ئیمامی عوسمان چوو بۆ حەج کردن بۆ مەککە، خێزانەکەی (موحەممەدی کوڕی جەعفەر) چوو لەگەڵ مێردەکەیدا تابەیانی مایەوە، بەیانی کە موحەممەد دەرچوو بۆنی عەتری لێدەهاتو، خاولییەکی (زەردکراو) و سوری تۆخی پێچابوو بە خۆیەوە، خەڵکی گەشتنە (مەلەل) شوێنێکە لە نێوان مەککەو مەدینە ـ پێش ئەوەی ئێوارە بڕۆن ئیمامی عوسمان موحەممەدی بینی قەڵس بوو، داخێکی هەڵکێشاو فەرمویی ئایا (جلی زەرد کراو) دەکەیتە بەر لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ نەهی لێ کردووە؟[3]

2ـ نکولی لەو ئافرەتانە کردووە کە لە سوری مانگانەدا بوونو ویستویانە بچن بۆ حەج یان عەمرە، تەنانەت ئەو ژنانەی کە بەو حاڵەبوونو دەچوون بۆ حەج یان عەمرە، دەیگەڕاندنەوە، عەبدولڕەزاق لەموجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: "ئیمامی عومەرو عوسمان ئەو جۆرە ئافرەتانەیان لەناوچەی جوحفەو زیلحولەیفە دەگەڕاندەوە.

3ـ فەرمانی دەکرد هەرچی کۆترە سەر ببڕێت. خەڵکی مەنع کرد لە خەریکبوون بە کۆتربازیو کایەی کۆترانەوە بە تایبەتی کاتێك بوو بە دیاردەیەکی بەرچاوو گوزەرانی خەڵك خۆش بوو، فەرمانی دەکرد کە سەریان ببڕن. ئیمامی بوخاری لەحەسەنەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: "بیستم لە ئیمامی عوسمان لە وتارەکەیدا ئەمری دەکرد سەگەکان بکوژنو کۆترەکان سەرببڕن"[4].

4ـ یاری تاوڵەی قەدەغە کردووە. ئیمامی عوسمان یاری تاوڵەی قەدەغە کردو فەرمانی کرد لە ماڵی هەرکەسێکدا هەبوو بیسوتێنن. ئیمامی بەیهەقی لە زوبەید حەلتەوە ڕیوایەتی کردووە، ئیمامی عوسمان لەسەر مینبەر وتویەتی "ئەی

[1] نظام الحكم في عهد خلفاء الراشدين ـ حمد محمد الصمد (149).
[2] المصدر نفسه (157 - 158).
[3] المسند رقم (517).
[4] باب ذبح الحمام (الادب المفرد) رقم (1307).

خەڵکینە دەخیلتان بم قومار مەکەن، (مەبەستی تاوڵە بوو) پێم گەیشتووە کۆمەڵێك خەڵك قوماری هەیە، هەرکەس لەماڵیایەتی با بیشکێنێ یان بیسوتێنێ". جارێکی تر ئیمامی عوسمان فەرمووی خەڵکینە من لە بارەی تاوڵە قسەم بۆ کردن بەڵام وابزانم فرێتان نەداوە وابڕیاردەکەمەوە فەرمان بکەم باوەشێك پوشم بۆ بێنن ماڵی ئەو کەسانە بسوتێنم کە تاوڵەی تێدایە[1].

5ـ شاربەدەرکردنی ئەوانەی گرفتیان لێ داکەوتووە یان چەکیان ڕاساندووەتەوەو خۆیان نواندووە لە شاری مەدینەدا. ڕێگرییەکی تری ئەوەبوو دژایەتی ئەو کەسانەی دەکردو شاربەدەری دەکردن، کە ئاژاوەو موشکیلەیان دروست کردووە یان تفەنگیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە لە ناو شاردا. لە سالمی کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەت کراوە دەڵێت "ئیمامی عوسمان هیچ کەسێکی لەوانە قبوڵ نەدەکرد کە سەر بە گۆبەندو موشکیلاوینو ئەوانەش کە چەکیان دەکردە شانو خۆیان دەردەخست. عوسمان، جگە لە گۆچان هیچی تری قبوڵ نەدەکرد "[2].

6ـ لێدانی ئەوانەی کە مامی پێغەمبەر ﷺ بەکەم دەزاننو سوکی دەکەنو لێی دەخوێنن. لە سەردەمی خەلافەتی خۆیدا لێدانی کابرایەکی کرد کە لە دەمەقاڵێیەکدا سوکایەتی بە عەباسی مامی پێغەمبەر ﷺ کردبوو، پێیان وت "بۆ ئەم لێدانە بیانوت هەیە؟ فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ مامی بە گەورەو بەڕێز بزانێت، ئێمەش مۆڵەت بدەین خەڵکی سوکایەتی پێ بکاتو لێی بخوێنێ، هەرکەسێ وابکاتو پێی ڕازیبێت ئەوە پێچەوانەی ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ"[3].

7ـ ئارەقی یاساغ کردووە، چونکە باوکی پیسەکانە. ئیمامی نەسائیو بەیهەقی لەسوننەتەکانیاندا ڕیواتیانکردووە، ئیمامی عوسمانی کوڕی عەفان فەرمویەتی "دوورکەونەوە لەمەی، چونکە باوکی پیسییەکانە. پیاوێك لەسەردەمی پێش ئێوە خوداپەرستی کردووە، ئافرەتێك لێی ئالاوەو ڕەوتی لێ شێواندووە، ڕۆژی کەنیزەکەکەی خۆی دەنێرێ بە شوێن پیاوەکەدا پێی دەڵێت خانمەکەم بانگت دەکات، بۆ شایەتیدان، پیاوەکەش لەگەڵ کەنیزەکەکە چووە هەتا ڕۆشتە ژووری ئافرەتەکە. لەدەرگای یەکەم چۆتە ژوورەوە، دووەم هاتە ڕێگەی، هەروەها ڕۆیشت هەتا گەشتە ئافرەتێکی جوانو جەوەنمیەك ئارەقی لەلابوو، خانمەکە وتی: وەڵلاهی بۆشایەتیدان بانگم نەکردویت بۆ ئەوە بانگم کردویت کە کاری سێکسیم لەگەڵدا بکەیت، یان پێکێك ئارەق بخۆیت، یان ئەم منداڵە بکوژیت، پیاوەکە وتی: باشە جامێك لەئارەقەکە دەخۆم، جامێکی خوارد، وتی: زیاترم بۆ تێکە وازی نەهێنا هەتا مەستبوو، لەگەڵ ژنەکە زینای کردو منداڵەکەشی کوشت، دوور کەونەوە لە ئارەق وەڵلاهی مەی خواردنەوەو ئیمانداری هەرگیز پێکەوە کۆنابنەوەو هەمیشە یەکێکیان ئەوی تریان تاردەنێت"[4].

8ـ وتارەکانی ئیمامی عوسمانو هەندێك لەحیکمەتەکانی لەناو خەڵکدا

أ ـ وتارێك دەربارەی ڕۆژی دوایی و خۆسازدان بۆی.

حەسەنی بەسری دەڵێت: "ئیمامی عوسمان وتارێکی دا پاش سوپاسو ستایشی خودای گەورە فەرمووی: ئەی خەڵکینە لە خودا بترسن، چونکە لەخودا ترسان سەرمایەیە، ئاقڵترین کەس ئەوەیە سەرزەنشتی دەرونی خۆی بکاتو بۆ دوای مەرگ کار بکاتو لە نوری خودای گەورە بەدەست بێنێت بۆ ڕۆشنایی ناو گۆڕەکەی، با هەموومان بترسین لەوەی خودای گەورە بە کوێری حەشرمان بکاتو لە دونیاشدا چاوساغ بووبین، فەرموودە تێرو تەسەلەکانی پێغەمبەر ﷺ بەسە بۆ کەسی ئاقڵ ئەو کەسانەی لەدونیادا یاخی بوون لەقیامەتدا لەشوێنێکی دوورەوە بانگ دەکرێن". هەروەها فەرموویەتی "چاك بزانن

[1] السنن الكبرى ـ كتاب الشهادات (215/10).
[2] تاريخ الطبري (414/6).
[3] المصدر نفسه (417/5).
[4] سنن النسائي ـ كتاب الأشربة (ص53).

هەركەسێك خوداى لەگەڵدا بێت لە هیچ شتێك باكی نییەو هەركەسێكیش خواى گەورە شكستی بكات ئیتر هانا بۆ كوێ دەبات؟ چ پەنایەكی دەست دەكەوێ؟"[1]. لەئیمامی عوسمانەوە ڕیوایەت كراوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی "لە ڕۆژی پەسلاندا تۆڵەی ئاژەڵی كۆڵ دەسەنرێت لەئاژەڵی شاخدار"[2].

ب ـ وەبیرهێنانەوەی ڕەوشتە بەنرخەكان

ئیمامی عوسمان دەفەرموێت: "وەڵاهی ئێمە هاوڕێیەتی پێغەمبەرمان كردووە ﷺ لە ماڵو لەدەرەوە. ئەو، لەگەڵمان سەردانی نەخۆشانی كردووەو مردووی ناشتووە، لەگەڵمان غەزای كردووەو بۆ نارەحەتی زۆرو كەم، سەرخۆشی لێكردووینو دڵی داوینەتەوە، كەچی خەڵكانێك هەن من فێری ڕەوشتەكانی ئەو دەكەن بەلام پێدەچێت هەرگیز پێغەمبەریان ﷺ نەدی بێت"[3].

ج ـ ئەو حیكمەتانەی كە لەناو خەڵكدا باوە.

ئیمامی عوسمان دەڵێت: "ئەگەر دڵمان پاكو خاوێن بێت هەرگیز لە فەرمایشتەكانی خودای گەورە تێر نابینو تاسقیمان ناشكێ"[4]، هەروەها دەڵێت: "هیچ گوناهێكی پەنهانی ناشاردرێتەوە ئیللا خودای گەورە لەسەر شاشەی دەموچاو یان بەهەڵەو سوتانەوەی زمانی خاوەنەكەی، ئاشكرای دەكات"[5].

هەروەها دەڵێت: "هەڵپەو ماش بۆ دونیا تاریكی دڵە بەلام غەمو پەژارە بۆ قیامەت ڕۆشنایی دڵە"[6]. هەروەها دەڵێت: "لەڕۆژانی ئاژاوەو ئاشوبدا لە خودای گەورە دەپارێمەوە ئەگەر زوڵمم كردبێت لێم خۆش بێت، خۆ ئەگەر زوڵمیشم لێكرابێت لەهەموو كەس دەبوورمو دەیبەخشم"[7].

هەروەها دەڵێت: "هەمووشت بەڵایەكی هەیەو هەموو بەهرەیەك دوژمنێكی هەیە، بەڵای ئەم دینەو دوژمنی ئەم بەهرەی ئیسلامە (توانجگرو داخ لەدڵەكانیەتی)، چونكە كاتێك دەتان بینن خۆشییان لێتان نایەتو هەرگرفتێك بێتە ڕێتان پێیان خۆشە. ناحەزەكان وەكو نەعامەكان وان".

كاتێك عەبدوڵلای كوڕی زوبێر لە ڕزگاركردنی ئەفریقا گەڕایەوە ئیمامی عوسمان فەرمانی پێكرد وتارێك بدات، پاشان كە عەبدوڵلا لە وتارەكەی بویەوە ئیمامی عوسمان فەرمووی "بە گۆرەی كەسایەتی باوكو براكان، ژن بخوازن"، لە نەوەكانی ئەبوبەكردا هیچ كوڕێكم نەدیوە ئەوەندەی عەبدوڵلا لێی بچێت، عەبدوڵلای كوڕی زوبێر كوری ئەسمای كچی ئیمامی ئەبوبەكرە، مەبەستی ئەوەبوو، كە عەبدوڵلا لە باپیرەی چووە لە زیرەكیو بوێریو لەزمان پاراویدا[8].

هەروەها دەڵێت: "هیچ كەسێك نییە كارێك بكاتە پیشەی خۆی ئیللا خودای گەورە بەرگی ئەو ئیشو هەرمانە دەكاتە بەری"[9]. هەروەها دەڵێت: "ئیماندار لەتوێی پێنج ترسدایە، یەكەمیان ترسی خودای گەورە كە ئیمانەكەی لێ نەسێنێتەوە، دووەم ترسان لە فریشتە پاكەكان، كە گوناهەكانی لەسەر دەنووسنو ڕۆژی قیامەت پێی ڕسوا دەبێت، سێهەم

---

[1] صحيح التوثيق في سيرة وحياة ذي النورين (ص107).
[2] الموسوعة الحديثيو رقم (520).
[3] صحيح التوثيق في سيرة وحياة ذي النورين (ص107).
[4] جامع العلوم والحكم (ص362).
[5] فوائد الكلام للخلفاء الكرام (ص289).
[6] الأستعداد ليوم المعاد (ص9).
[7] مجمع الأمثال (453/20).
[8] فوائد الكلام (ص271).
[9] الراهد للأمام الأحمد (158).

ترسان له شەیتان که کردەوەکانی لیّ هەڵنەوەشێنێـەوە. چوارەم ترسان له فریشتەی گیان کێشان کە لەناکاو گیانی نەکێشێتو ئەم لەبیّ ئاگاییدا بێت، پێنجەم ترسان لە دونیا کە فریوی نەداتو مەشغوڵی نەکات"[1].

هەروەها دەڵێت "تامو چێژی عیبادەتم لە چوارشتدا بەدی کردووە، یەکەم لەجێبەجێکردنی فەرزەکانی خودای گەورەدا، دووەم دوورکەوتنەوە لەحەرامەکان، سێیەم فەرمانکردن بە چاکەو چاوەڕوانی پاداشتەکەی، چوارەم نەهی کردن لە خراپەو خۆپاراستن لە خەشمی خودای گەورە"، هەروەها دەڵێت: "ئەوەندە بەسە بۆ تۆ حەسودەکانت پیشدەخۆنو تۆش دڵشادی"[2].

6- ئیمامی عوسمان لەگەڵ شیعرو شاعیراندا

هەرچەندە تەمەنی خەلافەتی عوسمان، ماوەیەکی دووردرێژی خایاندووە، کەچی هیچ سەرچاوەو کتێبێك نییە باسی پەیوەندی نێوان ئیمامی عوسمانو شیعرو شاعیری کردبێت، جگە لە کتێبی (النزار القلیل). لەم کتێبەدا هاتووە کە ئیمامی عوسمان هۆگری ڕێگەو شوێنی ئەو پەیامە بووە، کە پێغەمبەر ﷺ چەمکەکانی ڕۆشن کردۆتەوەو پێشینانی وەکو ئیمامی ئەبوبەکرو عومەر لەسەری ڕۆشتوون. بێگومان هەریەك لەمانە توانایەکی زۆریان هەبووە، بۆ نموونە ئیمامی ئەبوبەکر ناسراوە بە شارەزای ڕەچەڵەكو شارەزاییەکی باشیشی هەبووە دەربارەی شیعرو خۆی شیعر دارِشتووە، ئیمامی عومەریش ناسراوە بەهاندەری شیعرو شاعیرانو هەرکات ڕووبەڕووی هەر کێشەو گرفتێك بووبێتەوە بەدوودێرە شیعر وەڵامی داوەتەوەو حەلی کردووە، گەر لەمە زیاتر لەسەری برۆین دەر ئەکەوێت کە شاعیربووە. ئەگەر خەلیفەی سێیەم ئیمامی عوسمان بایەخی بە شیعر نەدابێتو شاعیرانی لەخۆی نزیك نەکردبێتەوە، ئەوا شەهیدکردنەکەی لە لایەن ناحەزە بێ ئاستەکانییەوە دەرگای شیعری کردەوە لەشاعیرانو لەوکاتەدا شیعری سیاسیی هاتە ئاراوە. بە تایبەت بۆ شەهادەتی عوسمان گریانێکی زۆری شاعیران بە شیعر قەتارەی بەستووە.

بەڵام ئیمامی عوسمان پەیوەندیی لەگەل شاعیراندا نەبووە، کاریگەر نەبوو پێیان لەسەردەمی ئەمدا شاعیرەکان وازیان هێناو لەشارو کۆشکی خەلافەتی دەرچوون بەرەو دەشت، هەرچەند هەندیّ بەیتی لێوە ڕیوایەت کراوە وەك

چاك بزانە هیچ سیفەتیّ وەك سیفەتی خودا نییە
سیفەتی خودای گەورە ئاشکرایە بابیّ باوەڕیش مل نەدا.
ئەوەی گشت حەرامەکانی چەشت تامەکەیی ڕۆیی
گوناهو سەرشۆری ماوەتەوە لەگەڵ ڕەنجەرۆیی
سەرەنجامی خراپەکاری هاویشتنە بەرباره
بیّ خێرە ئەو لەزەتەی کۆتاییەکەی ئارە[3]

ئەو ڕۆژەی کە هەرچیو پەرچییەکان هەڵیان کوتایە سەری کە بیکوژن فەرمووی:

مەرگ دەبینم پیاوە بەرێزەکان هەڵدەگریّ
بەڵام سەرکەشەکانیش پەنایەکیان دەست ناکەویّ لە شارو لەدیّ[4].

کاتی ئابلۆقەیاندا لە خانووەکەی خۆیدا فەرمووی:

خاوەن ماڵ لەماڵەو دەرگاشی لیّ داخراوە
کێویّك هاتووە مەرگ لەسەر لوتکەکەی دانراوە[5].

---

[1] فوائد الكلام الخلفاء الكرام (ص278).
[2] المصدر نفسه.
[3] شعراء الخلفاء ـ نيال تيسير الخماش (ص27).
[4] البداية والنهاية (102/7).
[5] المصدر نفسه.

دڵی گوشاد دەرون واڵا دەکات تا تێر ئەبێ
ئەوەندە هۆگری دەبێ هەژاری هەژار دەبێ
هیچ تەنگوچەڵەمەیەك نییە كە تووشت بێ
ئیللا شادومانی بەدوادا دێ گەر سەبرت هەبێ.

ئیمامی عوسمان سزای خستووە سەر شیعری جنێوودانو داشۆڕین. هەروەها ئەو شیعرانەشی كەپێچەوانەی ئەحكامی شەریعەت بووە، وە پێخۆشحاڵبوو گوێبیستی شیعری چاكو مرۆڤ دۆستانەو ئاین پەروەرانە بێت[1].

[1] ادب صدر لأسلام ـ واضح الصمد (ص102).

باسی سێیەم: گرنگترین ئاکارەکانی (سیفاتی)

عوسمان، بە کەسایەتییەکی ڕابەرو پێشەوا لەقەڵەم دەدرێتو بە سیفەتی ڕابەرێکی خوداناسیش ستایش دەکرێت، ئێمە کەسایەتی ئەم پێشەوایە بەچەند ڕەوشتێك کورت دەکەینەوەو هەندێکیشی بەدوورو درێژی باس دەکەین.

گرنگترین سیفەتی ئیمامی عوسمان باوەڕبوون بە خودای گەورەبووەو بڕوایەکی قایمی بە ڕۆژی دوایی هەبووە. هەروەها شارەزاییەکی باشیشی لەشەریعەتدا هەبووەو متمانەیەکی سەنگینی بە خودای گەورە هەبووە. عوسمان، لەکارکردووەیدا ڕاستگۆ بووەو لیاقەتی هەموو کارێکی هەبوو لەهەڵوێست دەبرینیشدا بوێرو مەرد بووە، لەژیانی دونیادا کەم ویست بووەو لە تێکۆشاندا عەودالّی قوربانیدان بووە، لە بەرامبەر خەڵکدا خاکەساربووەو ئامۆژگاریی خەڵکی وەرگرتووە، خۆگرو هیمەتی بەرز بووەو ئیرادەی بەهێز بووەو توانای بڕیاردانی هەبووە. لەکێشەو گرفتەکاندا دادپەروەر بووەو توانای فێرکردنو سازدانی کادیری هەبووە جگە لەمانەش سیفەتی جوامێری هەبووە هەر بە هۆی ئەم سیفەتە قیادییانەشەوە توانیویەتی پارێزگاری لەوڵات بکاتو خروقاتەکان قەلاچۆ بکات. عوسمان، بەفەزڵو کۆمەکی خودای گەورە ئوممەتی سەرخست بەرەو ئامانجە نەخشە بۆکێشراوەکان بە چەند قۆناغێکی پتەو گرنگترین ئەو سیفەتانەی کە هەوڵماندا تیشك بخەینە سەری ئەمانەن:

یەکەم: لێزانیو لێهاتوویی لە ڕێنمایی کردنو ڕاهێنانا

ئیمامی عوسمان بەیەك لەزانا گەورەکان دەناسرێت لەزانینی قورئانو سوننەتدا، لەمەولا باسی چالاکییە فیقهییەکانی دەکەین لە بواری دادگاو دارایيو جیهاددا، ئیمامی عوسمان زۆر پەرۆش بووە بۆ شوێنکەوتنی ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکرو عومەر.

عەبدوڵڵای کوڕی عەدی ڕیوایەتی کردووە بۆ عروەی کوڕی زوبێر کە میسوەری کوڕی مەخزەمەو عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەد پێیان وتووەوە ئەوە ناتوانێت بە خالّت بڵێ قسە لەگەڵ ئیمامی عوسماندا بکات لە بارەی وەلیدی کوڕی عەقەبەوە کە زۆربەی خەڵکی گلەیی لە کردەوەکانی دەکەن، عەبدوڵڵا دەڵێت: کاتێ ئیمامی عوسمان دەرچوو بۆ نوێژ ڕێگەم پێگرتو پێم گوت ئیشێکم پێتە. فەرمووی کابرا پەنادەگرم بە خودا لەتۆ دەڵێت: گەڕامەوە کاتێك نوێژ بەربوو لای میسوەرو ئیبنو عەبدی یەغوت دانیشتمو قسەکەم بۆ گێڕانەوەو وتیان چی وت؟ بە ڕاستی تۆ ڕاسپاردەی خۆتت گەیاندووە، من هەر دانیشتبووم پەیامنێری ئیمامی عوسمان هات بانگی کردم وتیان خۆتت گیرۆدە کرد، منیش ڕۆشتم گەشتمە خزمەتی فەرمووی ئیشەکەت چییە؟ دەڵێت شایەتومانم هێناو پاشان وتم: خودای گەورە پێغەمبەری ﷺ بە ڕاستی ناردو کتێبی ڕۆشنیشی بۆ دابەزاند، من یەکێك بووم لەوانەی کە چووم بە دەمیەوەو وەڵامی خوداو پێغەمبەرم ﷺ دایەوەو ڕێنماییەکانم حستە سەر سەرم، ڕاستی زۆرینەی خەڵك زەمی وەلید دەکەن، هەقە تۆش داری حەدی بەسەردا بسەپێنی، دەڵێت عوسمان، پێی فەرمووم، خوشکەزاکەم تۆ پێغەمبەرت ﷺ دیوە، وتم: نەخێر، بەڵام پوختەی زانستەکەیم پێ گەشتووە، لەگەڵ بیروباوەڕەکەیدا. وەکو چۆن بە منداڵێکی تازەپێگەیشتوو گەشتبێت، دەڵێت ئیمامی عوسمان شایەتومانی هێناو پاشان فەرمووی: دوای سوپاسی خودای گەورە، کاتێك خودای گەورە پێغەمبەری ﷺ ناردبە ڕاستو دروستی من یەکێك بووم لەوانەی کە چووم بە پیری خوداو پێغەمبەرەوە ﷺ، بڕوام هێنا بەو پەیامەی کە بۆی دەهات، پاشان دوجار کۆچم کردو ئەو شەرەفەشم پێ بەخشرابوو بووم بە زاوای پێغەمبەر ﷺ، پەیمانیشم پێدا، وەڵڵاهی قەت سەرپێچیم نەکردووەو گزیم لێ نەکردووەو هەتا کۆچی کرد، پاشان ئەبوبەکر کرا بە جێنشین پەیمانم پێداوەو سەرپێچی ئەویشم نەکردووە، غەشم لێ نەکردووە. پاشان عومەر کرایە جێنشین وەڵڵاهی سەرپێچیو گزیم لەویش نەکردووە، هەتا کۆچیان کرد. پاشان خودای گەورە خۆمی کردە جێنشین ئایا ئێوە ئەو هاوکاریو وەفادارییەم نادەنەوە کە من دەمدا بە ئەوان؟ واتە ئەو ڕۆڵەی من دەمگێڕا بۆ ئەوان دەبێت ئێوش بیگێڕن بۆ من، دەڵێت: منیش وتم وایە ڕاستدەکەیت،

فەرمووی ئەم قسانە چییە کە لە ئێوەوە پێم دەگات، ئەوش کە باست کرد لە بارەی وەلیدەوە بە ئیزنی خودا سزای دەدەم بە هەقیانەت، دەڵێت چل قامچی دا لەوەلیدو ئەمری کرد بە عەلی جەڵدەکەی لێبدات ئەویش دارکاری کرد[1].

عوسمان، هۆگری پێغەمبەر ﷺ بوو ڕێنمایی وزانستەکەی کردبووە زانایەکی گەورە بۆ قازانجی دینو دونیا، ئیمامی عوسمان لێزانو بەتوانابوو لە بەڕێوەبەردنی گەلەکەیدا بە شێوەیەکی بەرهەمدار ئاراستەی دەکردنو ئەرکەکانی پێ نیشان دەدانو بۆچوونە کاملٚ بووەکانی لە زانستو ئەزموونو بەرخوداندا پێشکەش دەکردن هەتا لەبواری بانگخوازیو پەروەردەکردنو تێکۆشاندا سازی دەدان بۆ دیداری پەروەردگاریان. یەکێکی تر لەتەوجیهاتی ئیمامی عوسمان، ئەو باسەیە کە لە وتاری بەخەلیفە بووندا فەرمووی "خەڵکینە ئێوە لە کۆشكو تەلاردانو هەوارگەتان ئاوەدانە بابە چاکیو پاکی بمرن هەروەك زانیتان لەبەری بەیاندا یان لەپڕی ئێوارەدا گیانکێش هاتە سەرتان، چاك بزانن دونیا تێهەڵکێش کراوە لەگەڵ فیزو لەخۆباییبووندا، ژیانی دونیا فریوتان نەداتو سەرسەرییەکان بەلێبوردەبیو خودا فریوتان نەدەنو پەند وەرگرن لەو شتانەی بەسەرتانا تێپەڕیوەو قۆڵ هەڵماڵنو لەمسو بێئاگا مەبن. کوا ڕۆڵەکانی دونیاو براکانی خۆهەر سەرقاڵی دونیا بوونو ئەمدیوو ئەودیوتان پێ دەکردو ئاوەدانیان دەکردەوەو ڕایان دەبوارد. ئایا دەتوانن بێنە فەرمان کەواتە دونیا بە شێوەیەکی چاك بەرێ بکەن[2]، خودای گەورە دەفەرموێ "وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيماً تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِراً* (الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَاباً وَخَيْرٌ أَمَلاً) (الكهف: 45 - 46).

لەم وتارەدا خەلیفەی سێهەم مەبەستی ئەوەبوو خەڵکی ئاراستە بکاتو هانی بدات بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو خودای گەورە بەشێوەیەك کە زۆر پاپای دونیا نەبن، هەر ئەمەش گونجاوبوو کە لەو وتارەدا بوترێ، چونکە لەو کاتەدا ئیسلام لە پشوداندا بووەو کەوتبووە ناو جەرگەی هەرێمە پڕ لە تەلارو کۆشکەکانو شارە گەورەکان ڕزگار کرابوو دونیا بە بەهرەو نیعمەتەکانییەوە ئامێزی کردبووەو خەڵکی کەوتبوونە کێبەرکێو کەرتی تایبەت هاتبووە ئاراوە، جگە لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وتارەکە بۆ ئەوانی تر زۆر شیاوو گونجاوبوو. لەئیمامی عوسمانەوە چەندین فەرمودە ڕیوایەت کراوە کە ئومەت کەڵکی لێ وەردەگرێت، وەکو ئەبو عەبدولڕەحمانی سەلەمی بۆمان باس دەکات، لەو فەرمودەیەش کە لە ئیمامی عوسمانی بیستووەو کاری پێکردووە سەعدی عوبەیدیش لە عەبدولڕەحمانی وەگرتووە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: "باشترین کەستان ئەو کەسەیە قورئان زانبێتو خەڵکی فێر بکات"[3]، دەڵێت: "ئەبوعەبدولڕەحمان لە حوجرەی ئیمامی عوسماندا فێری قورئان بووە، هەتا حەجاج دەڵێت: "ئیمامی عوسمان ئەو کەسەبوو منی گەیاندە ئەم پلەو پایەی ئێستا"[4] لەڕیوایەتی شوعبەدا هاتووە ئەبوعەبدولڕەحمان دەڵێت: "ئیمامی عوسمان منی گەیاندە ئەم پلەو پایە، چونکە بە چاکی فێری قورئانی کردبوو، ئیمامی عوسمان گەلێك فەرموودەی پێغەمبەری ﷺ ڕیوایەت کردووە، فەرمودەکانیش ئەمانەن:

1ـ بایەخدان بە دەستنوێژ

ئیمامی عوسمان لەسەر سەکۆیەك دەستنیوێژی شتو فەرموی فەرمودەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە کە لە پێغەمبەرم ﷺ بیستووە، ئەگەر لە ترسی ئەو ئایەتەی قورئان نەبوایە بۆم باس نەدەکردن، بیستومە کە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو "هەرکەس دەستنوێژێکی باش بگرێتو پاشان بچێت بۆ مزگەوت نوێژ بکات بەجەماعەت لەم نوێژەوە تا نوێژێکی تر کە دەیکات خودای گەورە لەگوناهەکانی نێوانیان دەبورێت"[5].

2ـ لاسایی کردنەوەی پێغەمبەر ﷺ لەدەستنوێژگرتندا

[1] فضائل الصحابة (597/1).
[2] البداية والنهاية (ص153/7).
[3] بخاري رقم (5048).
[4] الكفاءة الادارية في السياسة الشرعية للقادرى (ص93).
[5] مسند أحمد رقم (400).

له حیمرانی کوڕی ئەبانی عوسمانەوە دەڵێت جارێکیان ئیمامی عوسمان داوای ئاوی کردو دەستی کرد بە دەستنوێژگرتن، دەستی شۆردو ئاوی ڕادا لە دەمو لوتیو مشی کردو پاشان سێ جار دەموچاوی شۆردو هەردوو باڵیشی سێ جار شۆردو دەستی هێنا بەسەریدا، پاشان پێی شتو لەکۆتاییدا پێکەنیو فەرمووی پێغەمبەرﷺ دیوە لەم پارچە زەمینەدا داوای ئاوی کردو وەکو چۆن من دەستنوێژم شت لەبەرچاوتان، ئاوەها ئەویش دەستنوێژی گرت، پاشان پێکەنیو فەرمووی ئەوە بۆچی ناپرسن چی منی خستۆتە پێکەنین؟ وتیان بەچی پێ ئەکەنی ئەی پێغەمبەر ﷺ؟ فەرمووی هەر بەندەیەك دەستنویژی گرت، کە دەموچاوی شت هەرتاوانێکی بە ڕوخسار کردبێت دەسڕێتەوە، هەرکات باڵەکانی شت، گوناهی باڵەکانی دەسڕێتەوە، کاتێك مەسحی سەری کردو پێیەکانی شت بەهەمان شێوە[1].

3ـ دەستنیوژ یەکێکە لە تاوان شۆرەکان

لە ئیمامی عوسمانەوە دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: هەرکەس دەسنوێژێکی تێرو تەسەل بگرێت بەوشێوەیەی کە خودای گەورە فەرمانی کردووەو نوێژە فەرزەکانی بکات، دەبێتە هۆی هەڵوەرینی گوناهی ئەم نوێژ تا ئەونوێژەی تری"[2].

4ـ دەستنوێژێكو دوو ڕکات نوێژ، تاوانەکان دەسڕێتەوە

ئیمامی عوسمان، لەسەر کورسییەك بوو، بانگی ئاوی کرد ، ئاوەکەی کرد بەسەر دەستی ڕاستیداو شۆردی، پاشان دەستی خستە ناو دەفرەکەو سێجار دەستی شتو سێ جاری تر ڕومەتی شت، دوای ئەوەی ئاوی ڕادا لە دەمو لوتیو پاشان باڵی هەتا ئەنیشکی سێجار شتو پاشان دەستی هێنا بەسەریداو هەتا قولەپێی، سێ جار پێکانی شت. پاشان فەرمووی: "بیستومە لەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "هەرکەس دەستنیوژێك وەکو ئەم دەستنوێژەی من بگرێتو پاشان دوو ڕکات نوێژ بکاتو دالغەو وردو کرد نەکات تێیدا، ئەوا خودای گەورە لە گوناهی ڕابردوو داهاتووی خۆش دەبێت"[3].

5ـ وشەی نیەتپاکیو وشەی تەقوا (خوداپەرستی) (خۆپارێزی)

ئیمامی عوسمان دەڵێت بیستومە لەپێغەمبەرەوە ﷺ فەرمویەتی "من وشەیەك دەزانم، هەر بەندەیەك لەدڵەوە بە ڕاستی بیلێ خودای گەورە هەرگیز نایخاتە ناو ئاگرەوە، عومەری کوڕی خەتتاب وتی: من پێت بڵێم چییە؟، ئەو وشەیە نیەت پاکییە، کە خودای گەورە، پێغەمبەرو هاوەڵانی پێوە پەیوەست کردووەو وشەکەش وشەی ـ تەقوا ـ یە کە پێغەمبەر ﷺ زۆر هەوڵیدا مامەکەی لەسەرەمەرگا بیلێت"[4].

6ـ چاك ناسینی خودای گەورە مرۆڤ دەخاتە بەهەشتەوە

لەئیمامی عوسمانەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمویەتی "هەرکەس بمرێتو بەچاکی زانیبێتی جگە لە خودا، خودایەکی تر نییە، ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە"[5].

7ـ حەسەناتو باقیات

لە حارسی خزمەتکاری ئیمامی عوسمانەوە هاتووە، دەڵێت ڕۆژێك ئیمامی عوسمان دانیشتو ئێمەش دانیشتین لە دەوریو بانگبێژەکە هات، ئیمام داوای ئاوی کرد لە قاپێکدا، کە یەك دو مشتی تێدابوو، دەستنوێژی گرت. پاشان فەرموی پێغەمبەر ﷺ دیوە دەستنوێژی گرتووە وەکو چۆن من گرتم لەبەرچاوتان، پاشان فەرمویەتی "هەرکەس دەستنوێژێکی وەکو ئەم دەستنوێژە بگرێتونوێژەکەی بکات، نوێژی نیوەڕۆ هەرچی تاوانی کردووە لەبەیانی تا نیوەڕۆ

[1] مسند أحمد رقم (415).
[2] مسند أحمد رقم (406).
[3] مسند أحمد رقم (418).
[4] مسند أحمد رقم (447).
[5] مسند أحمد رقم (464).

دەسڕێتەوە، کە نیوژی عەسری کرد تاوانی نیوەڕۆی تا عەسری دەسڕێتەوە کە مەغریبی کرد عەسر تا مەغریبی دەسڕێتەوە، کە نوێژی عیشای کرد مەغریب تا عیشای دەسڕێتەوە خۆ ئەگەر شەو مایەوە بۆ گاڵتەو گەپ، هەستا دەستنوێژی گرتو نوێژی بەیانی کرد گوناهی عیشا تا بەیانی دەسڕێتەوە، ئەمانە حەسەناتنو خراپەکانی مرۆڤ دەسڕنەوە". وتیان ئەمانە حەسەناتە ئەی باقیاتی چییە؟ فەرموی: باقیاتیشی ئەمانەیە **(لااله الا الله، الحمدلله، الله أكبر، لاحول ولا قوة الا بالله)**[1].

8ـ ترسناکی درۆکردن بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ

لەئیمامی عوسمانەوە دەڵێت "پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:هەرکەس بە ئەنقەست درۆ بەدەم منەوە بکات، با ماڵێك لە ناو ئاگر بۆ خۆی دانێتو دیاری بکات"[2].

ئەمانە هەندێ لەو فەرمودانەبوون کە ئیمامی عوسمان لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگرتووەو بەڵگەشە لەسەر زانایی و پەرۆشی ئیمامی عوسمان بۆ پەرەپێدانی ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ.

دووەم: لەسەرخۆیی و هێمنی

لەسەرخۆیی بنەمایەکە لە بنەماکانی حیکمەتو خودای گەورە لەچەندین شوێنی قورئانی پیرۆزدا زاتی پیرۆزی خۆی بە(حليم) واتە لەسەرخۆیی تاریف دەکات، وەك دەفەرموێت (**أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ**)، هەروەها پێغەمبەریش ﷺ لەهێمنی و لەسەرخۆیدا گەشتبووە پایەکی نموونەیی و ئەندێشەیی بە هەمان شێوە جێنشینی پێشەنگیش عوسمانی کوڕی عەفان بە توندوتۆڵی چاوی لەپێغەمبەر ﷺ کردوبوو لەکردارو گوفتارو بارودۆخەکانداو هەڵوێستی زۆریشی هەیە لەسەر هێمنی و لەسەرخۆیی و دەروون پاکی، ڕۆشنترین هەڵوێست کە بەڵگەیە بۆ هێمنی و شێنەییەکەی چیرۆکی گەمارۆدانەکەیەتی لە لایەن ناحەزەکانییەوە، لەوکاتە ناسکەدا فەرمانیکرد بە کۆچەری و ئەنسارییەکانی چواردەوری بچنەوە بۆ ماڵی خۆیانو جێی بهێڵن بەمەرجێك دەیانتوانی بەئاسانی بەرگری لێ بکەن، بەڵام لەسەرخۆو هێمنییەکەی دەری خست کە موشتاقی دیداری پەروەردگاریەتی و نایەوێ خوێنی موسڵمان بڕژێت، تەنانەت با خوێنی خۆی بەناهەق بڕژێت[3].

سێیەم: سنگفراوانی و دڵگوشادی

لەعەتای کوڕی فروخی خزمەتکاری قورەیشییەکان هاتووەو دەڵێت "ئیمامی عوسمان پارچەیەك زەوی کڕی لە کابرایەك، کابرا ساردی و تەمەڵی کرد لە وەرگرتنی پارەکەی، ئیمامی عوسمان پێی گەشتو فەرموی بۆچی نەهاتی پارەکەت وەرگریت؟ وتی: تۆ من خەڵەتاندووە. بەهەرکەس دەگەمسەرزەنشتم دەکات، فەرمووی لەبەر ئەوە نایەیت؟ وتی: بەڵێ، فەرموی خۆت سەرپشك بە لەنێوان زەوی و پارەکەدا، پاشان فەرموی پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی "خودای گەورە ئەو پیاوانە دەخاتە بەهەشت کە ئاسانو ئاسایی بن لەکڕین و فرۆشتنو لە بڕیاردانا"[4]. ئەمە نموونەیەکی بەرزە لەدڵفراوانی ئیمامی عوسمان لەکڕینو فرۆشتندا، ئەوەش دەگەیەنێت کە بەخشندەو لێبوردەبووەو دەستی لەدونیا شتووەو دونیا ڕێگرنەبووە لەپیادەکردنی رەوشتە بەرزەکانیدا، هەروەها عوسمان، هەرگیز خۆویستی نەکردووەو بەدوای بەرژەوەندییەکانیدا وێڵ نەبووە.

چوارەم: نەرمو نیانی

[1] مسند أحمد رقم (513).
[2] مسند أحمد رقم (507).
[3] الكفاءة الأدارية في السياسة الشرعية (ص65).
[4] مسند أحمد رقم (410).

خودای گەورە منەت دەكات بەسەر پێغەمبەردا ﷺ كە ڕۆژی پێداوەو سیفەتی نەرمونیانیی پێ بەخشیوە، نەرمو نیانی بەزەیی خودایە بۆ پێغەمبەرو مرۆڤەكانی تریش‌و دەفەرموێت **"فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ.."**[1].

لەم ئایەتەوە دەردەكەوێت سیفەتی نەرم‌و نیانی ڕەحمی خودای گەورەیەو دەیكاتە ڕزق‌و ڕۆزی بۆ ئەو بەندانەی كە خۆی ئارەزووی لێیان هەیە، پێغەمبەر ﷺ لە سیفەتدا بەشی زۆری هەبووە، ڕەحمەتێك بووە لەخودای گەورەوە بۆ ئەو بەندانەی كە پێغەمبەریان ﷺ بۆ ڕەوانە كراوە.

لە سۆنگەی ئەم ئایەتەوە ئەو چەمكە فام دەكرێت كە هەركەس بەنەرم‌و نیان بناسرێت خەڵكی خۆشیان دەوێت‌و لە دەوری كۆ دەبنەوەو گوێی بۆ دەگرن‌و ئەمرو نەهییەكانی قبوڵ دەكەن، نەرمونیانی یەكێكە لەوئاكارە بەرزانەی كە ئیمامی عوسمان پێ پێناسە دەكرێت، كە بەرامبەر گەلەكەی نەرم‌و دڵهاوەر بووە لەوە ترساوە كەسێك نارەحەت‌و بێتاقەت بێت‌و ئەم پێی نەزانیبێت یان بە گوێرەی پێویست وەڵامی ئاتاجی خەڵكی نەدابێتەوە، بۆیە زوو زوو هەواڵی خەڵكی دەپرسی‌و چەوساوەكانی سەردەخست‌و حەق‌و تۆڵەی لە دەسەڵاتدارەكان دەسەندەوە.

پێنجەم: لێبوردن‌و چاوپۆشی

لەعیمرانی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی تەلحەوە دەڵێت "ئیمامی عوسمان جارێك چوو بۆ نوێژی بەیانی لەو دەرگایەی كە گوزەری بوو چویە ژوورەوەو سەیر دەكات بەردەرگاكە قەرەباڵغەو فەرمووی: تەماشاكەن، هەموویان تەماشایان كرد پیاوێك بوخەنجەرێكی هەلگرتبوو، پێی فەرموو ئەوە چییە؟ كابرا وتی: دەمەوێت بتكوژم، فەرموی: سوبحانەڵڵا، قوڕ بەسەرت لەبەرچی دەمكوژیت؟ وتی: كرێكارەكانت (پۆلیس) زوڵمیان لێ كردووم لەیەمەن، فەرموی: ئایا تۆ زوڵمەكەت گەیاندووەتە من‌و منیش بێویژدانیم كردبێت یان نادادیم كردبێت بەرامبەرت‌و پشتی ئەوم گرتتبێت تا تۆ هەقی ئەوم لێ بكەیتەوە؟ فەرموی بە ئەوانەی چواردەوری ئێوە ئەڵێن چی؟ وتیان ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەمە دوژمنێكەو خودا تۆی پاراست لێی. فەرموی ئەمە بەندەیەكەو ویستی گوناهێك بكات، خوای گەورە لایدا لێم، بڕۆ یەكێك بێنە كەفالەتت بكات جارێكی تر نەیەتەوە شاری مەدینە هەتا من خەلیفەی موسڵمانان بم، ئەویش پیاوێكی هۆزەكەی خۆی هێناو بووبەكەفیلی‌و ئیمامی عوسمانیش ڕێگەی بۆ چۆڵ كردو ئازادی كرد[2].

ئەم چاوپۆشییە مەزنە هەر لەئەمیری ئیمانداران، عوسمانی كوڕی عەفان، دەوەشێتەوە. ئەو كەسەی ویستی بیكوژێت ئەم عەفوی كرد وەك دەزانین لێبوردن لە دەسەلاتدا ڕەوشتێكی زۆر بەنرخە لەڕەوشتی مەردان. ئەم ئاكارە بەلگەیە لەسەر خۆدارنین لەخودویستی‌و سەرسام نەبوون بەخودی خۆی‌و گوێنەدانە بە دونیاو ئامێزكردنەوەیە بۆ قیامەت. ئەو ڕەوشتە یەكێكە لە كردارە هەرەچاكەكان‌و پلەو پایەی خاوەنەكەی لەئاخیرەتدا دەرازێنێتەوەو سیاسەتێكی حەكیمانەشە لەدونیادا. وەختێك ئەو كابرایە ویستی دەستدرێژی بكات ئەگەر بكوژرایە یان سزایەكی سەختی بەسەردا بدرایە پێدەچێت ئاژاوەیەكی دژواری لێ بكەوتایەتەوەو هۆزەكەی بكەوتایەتە خۆو هەر كات بۆیان بڕەخسایە تۆڵەیان بكردایەتەوە. بەڵام لێبوردنەكە وای لەئەندامانی هۆزەكەی‌و خەڵكی بە گشتیی كرد، كە خراپچوون بە گژیداو ڕەزیلیان كرد. بەم شێوەیە ئاژاوە بەر لەهەلگیرسانی دامركایەوەو خاوەن عەفویش دڵی هەمووانی بۆ لای خۆی كەمەن كێش كردو بوو بە خاوەن ڕێزو خۆشەویستی[3].

---

[1] الكفاءة الادارية (ص89).
[2] التأريخ الاسلام (22\18/17).
[3] التأريخ الأسلام (22/18/17).

شەشەم: خاکەساری (تەوازوع)

خودای گەورە دەفەرموێت "وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْناً وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً"(الفرقان: 63)، خودای گەورە سیفەتی خاکەساری کردووە بەدیارترین سیفەتی بەندە ئیماندارەکان، بە ڕاستی خەلیفەی پێشەنگ، ئیمامی عوسمان لەم مەیدانەدا ناسراوبووە و سەرچاوەی ئەم سیفەتە لە نیازپاکییەوە هەڵقوڵاوە، لەعەبدولڵای ڕۆمییەوە هاتووە دەڵێت "ئیمامی عوسمان هەرکات شەو هەڵسایە بۆ شەونیوژ خۆی ئاوی دەستنوێژەکەی هەڵدەگرت پێیان دەوت بۆچی خزمەتکارەکانت هەڵناسێنی؟ فەرموی: "نەخێر شەو بۆ پشودانی ئەوانە"[1]، ئەمە نموونەیەکە، کە پڕ لەبەزەیی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی گەورە بووەو پلەی کۆمەڵایەتیشی بەرز بووە، هەرچەندە خزمەتکار ڕامکراوی گەورەکەیەتی، لەشەودا خۆی خزمەتی خۆی کردووەو بەردەستەکانی خەبەر نەکردۆتەوە. لێرەدا پێویستە گشت لایەك ئەوە بزانن ئەو کەسەی کە خودای گەورە کەوی کردووە خزمەت بکات، با بزانین ئەویش مرۆڤەوو وزەیەکی دیاری کراوی هەیە بۆ ئیشکردنو وەکو ئێمە هەستو سۆزی هەیە دەبێ مشوری بخۆیتو ئاسانکاری بۆ بکەیت، پشووی تەواو وەرگرێت لە خەوتنو ئیشکردندا. ئیمامی عوسمان ئەوەندەی بێ فیزو خاکەسار بووە بەرامبەر عەباسی مامی پێغەمبەر ﷺدا هەرکات بەسواری بیدایە بەلایدا دادەبەزی، هەتا عەباس ون دەبوو لەچاو وەکو ڕێزو شکۆیەك بۆ ئەوەی کە مامی پێغەمبەرە ﷺ[2].

حەوتەم: شەرمو داوێنپاکی

شەرمکردن بەناوبانگترین ئاکاری ئیمامی عوسمانە، لە هەمووی نازارتریش ئەو سیفەتە قەشەنگە بوو، کە خودای گەورە پێی جوان کردبوو، ببووە سەرچاوەیەکی بەپیتو چاوگەیەکی پڕسۆزو بەزەیی. ئیمامی عوسمان لەهەموو کەس بەشەرم تربوو[3]، حەسەنی بەسری باسی سەردەمی ئیمامی عوسمان دەکات، کە چەند بە شەرم بووەو دەڵێت "جاری وا هەبووە لەماڵی خۆیان بووە دەرگا داخرابوو جلەکانی دانەکەندووە تا بە تەواوەتی ئاو بکات بە خۆیدا، ئەو شەرمە وای لێکردبوو پشتی ڕاست نەکاتەوە قەد قنج نەڕوات بەڕێوە، یەکێك لەهەڵوێستە شەرمنەکانی کە (بونانە) ڕیوایەتی کردووە، کە خێزانی ئیمامی عوسمان کەنیزەی هەبووە دەڵێت: ئیمامی عوسمان کاتێك خۆی بشتایە جلەکانمان بۆ دەبرد و پێی دەوتین تەماشام مەکەن، چونکە دروست نییە.

بە ڕاستی چەندین فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ ڕیوایەت کراوە لەبارەی شەرمی ئیمامی عوسمانەوە، هەروەها لە بارەی داوێن پاکیشیەوە. عوسمان، زۆر دوور بووە لەڕەوشتە خراپەکان، لەم بوارەدا بە کەیفی خۆت ستایشی بکەو پەسەندی بدەرەوە مەترسە، چونکە هەرگیز ڕێگەی داوێن پیسی نەناسیوە نە لەسەردەمی نەفامیداو نەلە سەردەمی ئیسلامدا، خۆی دەفەرموێت "قەت گۆرانیم نەوتووەو درۆو دەلەسەم نەکردوو، لەوەتی پەیمانداوە بە پێغەمبەر ﷺ بە دەستی ڕاستم زەکەرم نەگرتووە، نە لەنەفامیو نە لەئیسلامدا ئارەقم نەخواردووە نە لە نەفامی نەلە ئیسلامدا زینام نەکردووە"[4].

هەشتەم: سەخاوەتو دەستکراوەیی

ئیمامی عوسمان دەستکراوەترینو سەخاوەتمەندترین کەسی ئەم ئوممەتەیە، چەندین هەڵوێستو شوێنەواری لەمبارەیەوە هەیەو بەردەوام دەگەشێتەوە بەنێو چاوانی مێژووی ئیسلامەوە، باسمان کردوە عوسمان چی کرد لەجەنگی تەبوکدا، هەروەها چۆن بیری ڕۆمیەی سەندو مزگەوتی پێغەمبەری ﷺ فراوان کردو لە سەردەمی ئەبوبەکردا کاروانەکەی بەکۆڵو بارەکەی کردە خێرو هەموو هەینییەك کۆیلەیەکی ئازاد دەکرد لەبەر خاتری خودای گەورە. سەرجەم ئەو کۆیلانەی کە ئازادی

---

1 قضائل الصحابة رقم (742).
2 البنين في اناب القرشيش (153).
3 عثمان بن عفان ـ صادق عرجون، (ص48 ـ 49).
4 صحيح التوثيق (ص44).

کردبوون نزیکەی دوو هەزارو چوارسەد کۆیلە بوون[1]، ڕیوایەت کراوە کە پەنجا هەزاری بەلای تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵاوە بووە، تەلحە پێی وت: پارەکەم بۆ پەیدا کردویت، فەرموو لێم بگرە، ئیمامی عوسمان پێی فەرموو بیبە بۆ خۆت با بێتە دیاری و خەڵاتت.

سیفەتی سەخاوەت و ماڵداری نیشانەیەك بوو لەکەسایەتی کردەیی ئیمامی عوسمان، هەموو ماڵ و سامانەکەی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی دینی خوداو هەرگیز چروکی نەکردووە لەڕێکخستنی ولاتی ئیسلام، جیهادو خزمەتی کۆمەڵگا تاکە مەبەستی ئەوبووە.

نۆیەم: دلێری و بوێری

ئیمامی عوسمان بە دلێرو بوێر دەژمێردرێت بەڵگەش لەسەر ئەمە:

1ـ دەرچوونەکانی بۆ جیهادە لە پێناوی خودای گەورە

ئامادەی هەموو دیمەنەکانی جیهاد بووە، لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ ئەگەر لەکەداری کەن بەدواکەوتنی لە شەڕی بەدر پێشتر ڕونمان کردەوە کە بە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ دواکەوت، لەسەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺیش بە یەکێك لە هاوەڵانی بەدر حسێبی بۆ کراو پشکی پێدراو لەپاداشتی غزاکەش بەشدار بوو، لەپاش قسەی پێغەمبەر ﷺ قسەی تر زیادەیەو ناخوات.

2ـ نوێنەری پێغەمبەر ﷺ بوو لە ئاشتەوایی حودەیبییەدا

ئیمامی عوسمان نیوێنەری داخوازییەکانی پێغەمبەر ﷺ بوو، ڕۆشت بۆ ناو هۆزی قورەیش باش باش دەیزانی چی بەسەردێت، بەلام قارەمانی و جوامێرییەکەی هەڵی پێچاو کردی بە گوێڕایەڵ و نوێنەری پێغەمبەر ﷺ، هەرکەس لەوبارودۆخەدا نوێنەرایەتی قبوڵ بکات کەواتە دلێرییەکەو قارەمانییەکی دەگمەنە، ڕاستە فەرمانی لە پێغەمبەرەوەیە ﷺ بەلام بوێرو جوامێریشی پێوە دیارە، چونکە پیاوی ترسنۆك و عادی پێی نەدەکرا[2].

3ـ خۆکردنە قوربانی (نەفسی خۆی کردە پەرژینی نەفسی خەڵکی)

کاتێك ئیمامی عوسمان لەماڵەکەی خۆیدا گەمارۆ درا، لە دین دەرچووەکان داوایان لێکرد لەخەلافەت واز بێنێت و چارەیەکی تری نییە ئەگەرنا دەیکوژن، یان خۆی بداتە کەنارێك و فەرمان ڕەوایەکەی تەسلیمی ئەم دەستەیە بکات، ئیمامی عوسمانیش لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو، خۆی کردە قوربانی و فیدا بە مەرجێك خەلافەتەکە نەکەوێتە دەست ئەم جۆرە خەڵکانە کە بە ئارەزووی خۆیان خەڵکی هەڵبژێرن و کەسانی تر لابەن یان خەلافەت لەبەری ئەو کەسەدا دابکەنن کە ئوممەت هەڵی بژاردووەو ئەم کردارە ببێتە داب و نەریت و رسوم[3]. بۆیە لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو هەرچەند مەرگی خۆی لە شمشێری گەمارۆچییەکاندا دەبینی، ئەو کەسانەی ئەم هەڵوێستانە دەنوێنن لە ڕاستیدا ئازاو بوێرن و خاوەن حەقن، چونکە کەسی ترسنۆك و دونیاویست هەرگیز هەڵوێستی لەم شێوە نانوێنێت، چونکە ژیان لای خەڵکی ترسنۆك لەپلەوپایە بەرێزترە، بەڵکو لە هەموو دنیاش گەورەترە ئەم پێداگریی و جەسورییەی ئیمامی عوسمان نواندنی بەرهەمی ئیمانی بەهێزبوو، بەخودای گەورە ڕۆژی دوایی، هەر ئەمەش وای لێ کردبوو گاڵتەی بە هەموو شتەکانیان دەهات و تەنانەت گاڵتەی بە خودی ژیان دەهات[4].

4ـ تێکۆشان بە ماڵ و سامان

---

[1] الصواعقد المحرقة ـ لابن حجر الهيثمي (327/1).
[2] الأمين ذوالنورين (ص194 ـ 196).
[3] الأمين ذي النورين (ص197).
[4] جولة تأريخية في عصر خلفاء الراشدين ـ محمد وكيل (ص304).

تێکۆشان بە گیان خراوەتە پال تێکۆشانی ماڵو سامان لە هەندێ شوێنیشدا پێشخراوە، خودای گەورە دەفەرموێ: (لاَّ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُـلاًّ وَعَدَ اللّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْراً عَظِيماً) (النساء: 95). چەندین ئایەتمان هەیە کە بەراوردی سامان دەکاتو نزیکی دەخاتەوە لەگیان بەخشین، ئەو کەسانەی ماڵو سامان دەبەخشن لەبەر خاتری خودای گەورەو سەخاوەت دەکەن ئەوانە موجاهیدن.

ئیمامی عوسمان ئەوەندە ماڵی بەخشیبوو هەتا پێغەمبەر ﷺ دوجار فەرمووی "ئیتر لەمڕۆ بەدواوە عوسمان هەرکارێك بکات زەرەر ناکات"[1]. لەگەڵ ئەمسەخاوەتەشدا دلێرو بوێر بووەو لەمردن نەترساوەو ڕووبەڕووی باتڵ بۆتەوەو لە ململانێیەکاندا بە جەنگو لەسەرخۆ بووە تەنانەت گەوجەکانیش بەمە دەزانن[2].

دەیەم: بڕیاردەرو یەکلاکەرەوە بووە

سیفەتی بڕیاردانو تەسالڵەدان لە کەسایەتی عوسماندا ڕەسەنو دیار بووە، بۆ نموونە کاتێك ئیمامی ئەبوبەکر ئیسلامی بۆ باس کرد، فەرمووی عوسمان قوربەسەرت تۆ پیاوێکی بڕیاردەریو پیاوێکی یەکگەریت، لەبەر خاتری پڕو پوچ حەق لە تۆ شاراوە نییە، ئەم بتانە چین هۆزەکەی منو تۆ دەیان پەرستن[3].

هەروەها لە ساڵی (26)ی کۆچیدا ئیمامی عوسمان رووبەری مزگەوتی کەعبەی زیاد کردو فراوانی کردو زەوی هەندێك خەلکی کڕی، بەلاّم هەندێکی تر لاسارییان کرد، ئیمامی عوسمان خانووەکانی ڕووخاندنو نرخەکەی خستە بەیتولمال، ئەوانیش گازەرەیان لێ کێشا، ئیمامی عوسمان فەرمانی کرد زیندانیان بکەنو فەرمووی "ئەزانن بۆچی بەرانبەر من ئەوەندە ڕوودارنو قارەمانن، ئەوە لەسەر خۆیی و هێمنی منە بۆیە بە من دەوێرن، خۆ ئیمامی عومەر پێشووتر ئەم کارەی کردووەو نەتان توانیوە فزە بکەن[4]، پاشان عەبدوڵلاّی کوڕی خالیدی ئەسید، یەکێك بوو لەوانەی کە قسەی لەگەڵ کردو لەسەر قسەی ئەو، ئازادی کردن.

یەکێکی تر لەو هەڵوێستانەی کە بەڵگەیە لەسەر بڕیاردەری ئیمامی عوسمان، پاراستنی ڕێکخراوی خەلافەتی بوو کە نەیدەهێشت کەرت ببێتو وەلاّمی یاخیبووەکانی نەدایەوەو بەرگی خەلافەتی دانەکەندو دەستی لەکار نەکێشایەوە. بەم کردارەش درێژەی بە ڕێکخستنی خەلافەتو پێگەی دەوڵەتی ئیسلامیی داوەو دامودەزگای ولاّتی نەشێواندووە، خۆ ئەگەر بە قسەی یاخی بووەکانی بکردایە خۆی بەرکەنار بکردایەو چارەنووسی موسڵمانانی بدایەتە دەستی ئەوانە ئەو کاتە پلەو پایەی خەلافەتو خەلیفە دەبووە گەمەی دەستی وێڵو گەوجەکانو گەندەڵیو پشێویی دەکەوتە نێو موسڵمانانو ولاّت وێران دەبوو، دەسەلاّتی سەر سەرییەکان زاڵ دەبوو بەسەر دەسەلاّتی فەرمانڕەواو دادپەروەرەکاندا، بە ڕاستی ئیمامی عوسمان زۆر وردبوو ئەگەر بە قسەی ئەوانی بکردایەو داواکاریی ئەوانی جێبەجێ بکردایە ئەمە دەبووە سوننەتو ڕسووم هەرکات گەلێك بیان ویستایە پێشەواکەی خۆیان لادەبرد. نەگبەتی دەکەوتە نێوان ئوممەت لە باتی خەریکبوون بە دوژمنەوە سەرقاڵ دەبوون بە خۆیانەوە، ئەمەش نزیکترین هۆکاری لاوازبوونو هەرەس هێنانە، لەبەر ئەوە ئیمامی عوسمان جگە لە گیانی خۆی هیچی تری دەست نەکەوت بیکاتە قوربانی ئوممەتەکەیو بە ڕۆحی خۆی نەبێت نەیزانی چۆن ئوممەت بپارێزێت، بۆیە گیانی خۆی خستە لاوەو خۆی فیداکردو دەستوری خەلافەتی هەڵنەوەشاندەوە، چونکە دەبوو خەلافەت دەستاودەست بڕواتو نەشێوێنرێو نەبێتە گاڵتەجاڕی، بێگومان ئەم کردەوەیەی ئیمامی عوسمان زۆر گەورەو بەهێزەو هیچ پیاوێکی تر ناتوانێت کاری وا بکات بە مەرجێك هەموو گەلو جەماوەرەکەی ئیختیارییان دابووە دەستی خۆیو ئازادبوو

---

[1] سنن الترمذي (3785).
[2] جولة تأريخية في عصر خلفاء الراشدين ـ محمد وكيل (ص304).
[3] عثمان بن عفان ـ صادق عرجون (ص47).
[4] تاريخ الطبري (250/5).

چی بکات، ئیمامی عوسمان زیانی کەمو شەڕی ئەهوەنی هەڵبژارد، یەکەمین کەسە کە بە گیانی خۆی داکۆکی دەسەڵاتی خەلافەتی کردووە[1]، دواتر ڕونتر باسی دەکەین.

یازدەیەم: ئارامگرتنو خۆگرییەکەی

ئیمامی عوسمان، بە سیفەتی ئارامگرتن دەناسرێتو کەسێکی خۆگربووە بەڵگەشمان بۆ ئەم تاریفە ئەوەیە کاتێك ئاژاوەو گەڕەلاوژەکە هەڵوێستێکی دانسقەی نواند بۆ بنەبڕکردنی ئەو ڕووداوانەی کە خۆیو موسڵمانان گیرۆدەی بوون، هەستا نموونەیەکی هەمیشەزیندووی نواند خۆی کردە فیدای سەلامەتیو هێشتنەوەی قەوارەی کۆمەڵێكو حورمەتی ئومەتێکی پاراست لەشەڕی خۆکوژیو خوێن ڕشتنی موسڵمانان بە ناحەق، ئەگەر خۆویست بوایەو گوێی لە جەماوەر نەبوایە دەیتوانی خۆی دەرباز بکاتو گەلەکەی خۆی بهێڵێتەوە، بێگومان مەسڵەحەتچیو خۆویست بوایە ئەوەندە لەخۆ بوردوو نەدەبوو، دەیتوانی خەلافەتیان بداتیو دەست بنێت بە دەسەڵاتەکەیەوەو بیخاتە گەردنی یاخیبووەکان، بەڵام ویستی کاروباری ئوممەتو ژیانی گەل نەکەوێتە نەهامەتیو فەسادەوە، بۆیە خۆی کردە بەرخی قوربانیو جەماوەری نەشڵەقاند، ڕایگەیاند کە بەسەبرو ئارامی ڕووبەڕووی ئەم یاخییە سەرکەشانە دەبێتەوەو تەمیسلی ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەکات[2]، "الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُوا حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ".(آل عمران: 173). ئیمامی عوسمان ئیمان پتەوو دەروون گەورەبوو بەرچاو ڕۆشنێکی کارامەبوو خۆگرییەکی هەڵکەوتەبوو بە شێوەیەك بوو دەستی لەگیانو نەفسی خۆی هەڵگرت بۆ سەلامەتی خوێنو ژیانی ئوممەتەکەی، پێویستە گەورەترین ڕێزو قەدری بۆ بنرخێنرێت لەلایەن موسڵمانانەوە.

ئیبن تەیمیە دەڵێت "ئاشکرایە بە چەندین ڕێگای ڕێوایەت هاتووە کە ئیمامی عوسمان سەلامەتترین کەس بووە دەربارەی خوێن ڕشتنو ئارامگرترین کەسیش بووە بەرامبەر ئەو کەسەی کە بێئەدەبی دەکات لە کەرامەتیدا، بەرامبەر ئەو کەسەش کە هەوڵ دەدات بۆ خوێن ڕشتن". کاتێك گەمارۆیان دابوو هەڵپو ماشیان دەکرد بۆ شەهید کردنی لێشی ڕوون بوو کە دەیکوژن موسڵمانان هاتن یارمەتی بدەنو بیپارێزن، فەرمانی کرد بە خەڵکەو بە هاوەڵان واز لەکوشتارو شەڕکردن بێننو کەسیان لێ نەکوژن، وتیان قوربان بڕۆ بۆ شاری مەککەو دوور کەوەرە فەرمووی "نابمە کەسێك لەوانەی ئاژاوە دەخەنە حەرەمەوە". وتیان پێی دە بڕۆ بۆ شام، فەرمووی "شاری کۆچکردنم بەجێ ناهێڵم"، وتیان پێی دەبا شەڕیان لەگەڵ بکەین؟ فەرمووی "خۆم ناکەمە یەکەمین کەس شمشێر هەڵکێشم لە ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ براکوژی بکەم". ئارامی گرت هەتا بەناحەق شەهید کراو بوو بە بەرێزترین کەس لای هەمووان[3].

دوازدەیەم: داد پەروەرییەکەی

سیفەتێکی تری عوسمان، ئاکاری دادپەروەرییە. لەعوبەیدوڵڵای کوڕی عەدی کوڕی خیارەوە هاتووە کە چووەتە ژوورەکەی ئیمامی عوسمان لەکاتی گەمارۆکەدا پێی وتووە تۆ پێشەوایەکی دادپەروەریتو ئەم نەهامەتییە داباریوە بەسەرتا لایەقی ئیمامێکی گەندەڵە. عەبدولڕەحمانی کوڕی عودەیس بەرنوێژیمان دەکات من ئەچم لەگەڵ ئەودا نوێژ دەکەم، ئیمامی عوسمان پێی فەرموو نوێژ چاکترین ئیشێکە کە مرۆڤ بیکات، ئەگەر خەڵکی باشبوو بۆت تۆش لەگەڵیان باش بە ئەگەر خراپ بوو دوورکەوەرەوە لە خراپەیان[4].

لە ئیبنو شەیبەوە بەسەنەد ڕیوایەت کراوە دەڵێت "ئیمامی عوسمان جارێکیان چووە لای خزمەتکارەکەی ئالیکی دەدا بە حوشترەکان، شتێکی لە ئالیکەکەدا بینی پێی ناخۆش بوو، بۆیە گوێی خزمەتکارەکەی بادا لە دواییدا پەشیمان بوویەوەو فەرمووی بە خزمەتکارەکەی تۆڵەی لێ بکاتەوە، خزمەتکارەکە نەیکرد، وازی لێ نەهێنا هەتا گوێی ئیمامی

---

[1] تحقيق مواقف الصحابة من الفتنة (1\474).
[2] المصدر نفسه (1\472).
[3] منهاج السنة (3\20، 203).
[4] بخاري، رقم (885).

عوسمانی گرتو بایدا، فەرمووی دەستت توندکە تا ئەندازەی ئازارەکەی خۆت، پاشان ئیمامی عوسمان فەرمووی: ئۆخەی تۆڵەیەکم لیٚ سەنرایەوە پێش ئەوەی لە قیامەت تۆڵەم لیٚ بکرێتەوە[1].

سیانزەیەم : عیبادەتەکەی ـ خوا پەرستییەکەی

ئیمامی عوسمان یەکێك بوو لەوانەی، کە زۆر ئەکۆشا لە عیبادەت، لەچەند ڕێگەیەکەوە ریوایەت کراوە کە لەڕۆژانی حەجدا لای بەردە ڕەشەکە هەموو قورئانی خوێندۆتوە لەیەك ڕکات نوێژدا، ئەمەش نەریتی بووە[2]، لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەت کراوە دەفەرموێت: (أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاء اللَّيْلِ سَاجِداً وَقَائِماً يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ..)، دەڵێت: "ئەو کەسەی کە ئەم ئایەتەی باس کردووە ئیمامی عوسمانە، ئیبنو عەباس دەڵێت: (وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً رَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَبْكَمُ لاَ يَقْدِرُ عَلَىَ شَيْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَى مَوْلاهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لاَ يَأْتِ بِخَيْرٍ هَلْ يَسْتَوِي هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَهُوَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ) (النحل: 76). دەڵێت "مەبەستی ئیمامی عوسمانە[3]، ئیمامی عوسمان شەوی هەینی دەستی دەکرد بە قورئان خوێندن، شەوی پێنج شەممە تەواوی دەکرد[4]، بەدرێژایی ساڵ بە ڕۆژوو بووە، دوای سەر خەوی سەرەتای شەو، هەموو شەوێك هەڵدەستا بۆ شەونوێژ"[5].

چواردەیەم : لەخوا ترسانو گریان سەرکۆنەکردنی دەروونی خۆی

لە یەکێك لەوتارەکانی عوسماندا هاتووە فەرمویەتی "ئەی خەڵکینە لە خودا بترسن، چونکە لە خوداترسان سەرمایەو دەستکەوتە، ئاقڵترین کەس ئەو کەسەیە سەرکۆنەی دەروونی خۆی بکات، ئیش بۆ دوای مردنی بکات، لە نوری خودای گەورە بەشی خۆی بپچڕێت بۆ ڕۆشنایی گۆڕەکەی، بشترسن لەوەی خودای گەورە بە کوێری حەشرتان بکات، کەچی چاویشتان ساغ بووە"[6]. ڕیوایەت کراوە لەئیمامی عوسمانەوە فەرموویەتی: "ئەگەر لە نێوان بەهەشتو دۆزەخدا بم نازانم بەرەوکامیان فەرمانم پیٚ دەکرێت، خۆزگە خۆڵەمێش بوومایە پێش ئەوەی بزانم بۆ کامیان ڕەوانە دەکرێم، هەرکات باسی دوارۆژی بکردایە ڕۆحی ڕادەچڵەکیو پێڵووەکانی چاوی جۆگەی فرمێسکی دەبەستو دەکەوتە خەیاڵو ئەندێشەی ڕاستبوونەوەی نێو گۆڕو ملی دەنا بەرەو حسابو کیتاب[7].

لە هانیئی خزمەتکاری ئیمامی عوسمانەوە هاتووە، دەڵێت: ئیمامی عوسمان هەرکات لەسەر گۆڕێك بوەستایە دەگریا هەتا ڕیشی موبارەکەی تەڕ دەبوو، پێیان دەوت یادی بەهەشتو دۆزەخ دەکەیت وا لەم شوێنەدا دەگرێت؟ لە وەڵامدا دەیوت: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی "گۆڕ یەکەمین مەنزڵی پەسلانە، هەرکەس ڕزگاری ببێت لێی ئەوە ڕزگاری بووە، هەرچی بەدوای گۆڕدا بێت ئاسانترە، خۆ ئەگەر ڕزگاری نەبیٚ لێی ئەوە هەرچی بە دوای گۆڕدا بێت سەختو گرانترە". دەڵێت وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: "وەڵڵاهی هیچ ڕوداوێك نییە لە گۆڕ سامناکترو دژوارتر بێت". هەروەها وتی "پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی "داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ براکەتانو لە خودا بپارێنەوە زمانی هەڵبێنێت، چونکە ئێستا پرسیاری لیٚ دەکەن"[8]، ئەم چەمکەی ئیمامی عوسمان بەرامبەر خودای گەورە نوچی پێدادابوو، بەم تێگەیشتنەوە دەژیا ئێمەش پێویستمان بەم چەمکە هەیە بۆ ئەوەی زیندوو ببینەوەو وزەکانی پیٚ بتەقینەو.

---

[1] أخبار المدينة ـ لأبن شيبة (236\3).
[2] صبقات الكبرى (76\3).
[3] تفسير ابن كثير (47/4).
[4] تفسير ابن كثير (579/2).
[5] علو الرحمة (93/3).
[6] صحيح والتوفيق في سيرة وحياة ذي النورين ـ مجدي متحي سيد (ص107).
[7] نظام الحكم في عهد الخلفاء ـ حمد محمد الصمد (205).
[8] فضائل الصحابة رقم 773.

پازدەیەم: کەمویستییەکەی ـ زوهد

ئیمامی عوسمان کەسێکی دەوڵەمەندو سەرمایەدار بووە کەچی چەندین هەواڵی لێ دەگێڕنەوە کە هەموویان بەڵگەن لەسەر زوهدو دونیانەویستی ئەو، لەحەمیدی کوڕی نەعیمەوە هاتووە، دەڵێت "ئیمامی عومەرو عوسمان جارێکیان دەعوەت کران بۆ سەر خوانێك کاتێ پێکەوە چوون، ئیمامی عوسمان وتی بە ئیمامی عومەر ئامادەی خوانێك بووین خۆزگە نەهاتینایە، وتی: بۆ؟ وتی: دەترسم کەش‌و فشمان تیا دروست بێت"([1]).

لە بواری سەخاوەت‌و ماڵداریدا بۆچوونی وابوو سەخاوەت بە شانازی کردن‌و خۆهەڵکێشان‌و زۆرخۆری‌و باشخۆری نیە، بەڵکو بریتییە لە خەرجکردنی بێ زیادەڕوی‌و سوپاسی خاوەن نیعمەت بکەیت‌و دەستکراوە بیت بەرامبەر خەڵك، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زوهدی ئیمامی عوسمان، یەکێکی تر لەنموونەکانی ئەمەیە کە ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە لەڕێگەی مەیمونی کوڕی مەهرانەوە دەڵێت "هەمەدانی پێی ڕاگەیاندم کە ئیمامی عوسمانی دیوە سواری هێسترێك بووەو خزمەتکارەکەی لە پاشکۆیەوە بووە بەمەرجێك ئەو دەمە خەلیفە بووە"([2])، هەروەها لە ڕیوایەتی هەمەدانی هێناویەتی دەڵێت "ئیمامی عوسمانی دیوە لە مزگەوت خەوتووە بە عاباکەی خۆیەوەو هیچ کەسێکی بەدەورەوە نەبووە لە هەمان کاتدا خەلیفەی موسڵمانانیش بووە". هەروەها لەڕیوایەتی شەرحبیلی کوڕی موسلیمەوە هێناویەتی کە ئیمامی عوسمان چێشت‌و خۆراکی داوە بە خەڵکی لە خۆراکی بەیتولمال‌و چووەتەوە بۆ ماڵی خۆیان سرکەو زەیتی خواردووە"([3]).

ئەمانە چەند نموونەیەکی درەوشاوەن لە زوهدو قەناعەتی عوسمان، زوهدەکەی نەیدەهێڵا ئاوڕ بداتەوە بۆ تەماع‌و زۆرکردن‌و سەرسامی هیچ شتێك نەبووە، هەرکات دەوڵەمەندبوایە زوهدەکەی ڕایدەچڵەکاندو هۆشمەندانە کاری دەکرد، خۆی دەبوێرا لەو داراییە زۆرەی کە مرۆڤ فریو دەدات‌و سەرنجی بۆ لای تام‌و چێژەکان ڕادەکێشێت، ئیمامی عوسمان حەق بوو سەرمایەدارێکی زاهید بێت، چونکە بە تێرو تەسەلی تێگەیشتبوو لە ناسینی خودای گەورەو زاڵبووبوو بەسەر دەروونیداو ڕۆژی دوایی لە زیهنیدا زۆر شکۆداربوو، هەروەها دونیاشی لا کەم‌و بچووك بوو، هەروەها گەورەترین کەڵەپیاو بوو لەئیسلامدا کە هێزی ئیمان زاڵ بێت بەسەر شەهوەت‌و ئارەزوویدا. عوسمان، ببوە نموونەیەك بۆ گشت دەوڵەمەندەکان لەیەك کاتدا توانی دەوڵەمەند بێت‌و زاهیدیش بێت.

شازدەیەم: هەواڵی خەڵکی دەپرسی

ئیمامی عوسمان کەسێکی دڵسۆزو میهرەبان بووەو زۆر پرسیاری حاڵی موسڵمانانی کردووە، گرفتەکانیانی زانیوەو لە نادیارەکان شارەزا بووەو سەرەخۆشی لە لێقەومان کردووەو ئەحواڵی نەخۆشەکانی زانیوە.

ئیمامی ئەحمەد لە موسای کوڕی تەلحەوە ڕیوایەتی کردووە، دەڵێت: "ئیمامی عوسمانم دیوە لەسەر مینبەر هەواڵی خەڵکی پرسیوەو پرسیاری وەزع‌و نرخی لێ دەکردن"([4])، ئیبن‌و سەعد لە تەبەقاتدا ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: "ئیمامی عوسمانم دیوە ڕۆژی هەینی لە ماڵ دەرچووەو پۆشاکی زەردی لەبەردا بووە، چووەتە سەر مینبەرو دانیشتووەو بانگبێژ بانگی داوە ئەمیش وتاری داوەو پرسیاری دەربارەی خەڵکی دەکرد، کێ سەفەری کردووە کێ لەسەفەر گەڕاوەتەوە کێ نەخۆشە؟"([5])، کەواتە ئیمامی عوسمان زۆر گوێی داوەتە کاروباری گەلەکەی‌و هەر کەسێکیش ئاتاج بوایە، پێداویستی دەردەکردو بەخشیشی بڕی بووە بۆ تێکۆشەرەکان، لە عوروەی کوڕی زوبێرەوە ڕیوایەت کراوە دەڵێت "من لەسەردەمی عوسماندا بووم، هیچ موسڵمانێك نەبووە لەبەیتولمال بەشی نەبێت"([6]).

---

[1] تأريخ الأسدي (17، 48/18).
[2] الزهد (ص127).
[3] المصدر نفسه (ص127).
[4] فضائل الصحابة، رقم (812).
[5] الطبقات (59/3).
[6] المنصف في الحديث لابن شيبة (1023/3).

هەژدەیەم: دیاریکردنی پسپۆرو لێزانەکان

مەبەست لەدیاری کردنی پسپۆری دابەشکردنی کارەکانە بەسەر کرێکارەکاندا،بە شێوەیەك ئەو ئەرکەی بخرێتە ئەستۆ شارەزا بێت تێیدا بەبێ کەمتەرخەمی و سەرەڕۆیی کردن بۆ کارێکی تر. دابەشکردنی ئەرك و وەزیفە سوننەتی گەردونی خودای گەورەیە، دەستووری پێغەمبەر ﷺ و جێنشینەکانە، لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا هەرمانەکان دابەشکرابوون بەسەر موسڵمانەکاندا بە گوێرەی لێهاتوویی و لێزانییان لە بواری دارایی، سوپا، دادوەری کردن، سەرپەرشتی ویلایەتەکان، زۆ بەوردی پسپۆڕەکانی دیاری کردبوو بەم کارە سیفەتی رابەری ئیمام و سەرکەوتنی وڵاتی خولەفا ئەسەلمێنرا، ئەمەش بە گونجانی سوننەتی گەردوونی و سوننەتی شەرعی بوو[1]

نۆزدەیەم: سودوەرگرتن لە سەلیقەدارەکان

سودمەندبوون لە بەهرەداران و ڕێنمایی کردنی ئوممەت بۆ ڕێزگرتن لە سەلیقەی خۆیان و دانانیان لە شوێنی خۆیاندا و پشتگوێ نەخستنیان و سودوەرگرتن لە تواناو پسپۆڕییان بوو بەهەوێنی سەربڵندی خەلافەت و پەلهاویشتن و ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی و هەڵخستنی پێشتینی ئەم ئوممەتە لە گشت ڕوویەکی چاك و پاکەوە[2].

بۆ نمونە ئیمامی عوسمان سوودی وەرگرتووە لەشارەزایی زەیدی کوڕی سابیت و ئەو لیژنەیەی لەگەڵیدابوو بۆ کۆکردنەوەی قورئان لەسەر یەك پیت.

ئەمانە کۆمەڵێك سیفەت و ئاکاربوون کە باسمان کرد لە کەسایەتی ئیمامی عوسمان ئەوە دەسەلمێنین کە جێگەی خۆیەتی ڕابەرو پێشەنگ و پیشەوای موسڵمانان بێت و چرایەکە ڕێگاو ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و جێنشینەکانی ڕۆشن دەکاتەوە لەسەرانسەری ژیاندا.

ناسینی ئاکارەکانی خولەفای راشیدین و هەوڵدان بۆ شوێنکەوتنیان هەنگاوێکی پیرۆزە، چونکە ئەوانە رابەرێکی خودا ناسبوون ئەوانەبوون کە توانیان گەل بەرەو ئامانجە بنەڕەتییەکان ببەن و چمکەکانی ئەم ئایینە قایم و قوڵ بکەن، کارکردن بۆ دروستکردنی رابەری خوداناس و ئیماندار خێرو بەرەکەت و برژێنێ بەسەر گەل و وڵاتدا. ڕابەری ڕاستەقینەش ئەوەیە توندوتۆل بێت بۆ حوکم کردن بەشەرعی خوداو گەل ئاراستە بکات بۆ بەکارهێنانی تواناو وزەکانیان و ئیسلام بکاتە پەرژینی دڵ و جەستەی و بە ڕوخسارو ناوەڕۆك بە عەقیدەو شەریعەت بە دین و دەوڵەت ئیسلام جێبەجێ بکات و خەمی ئێوارەو بەیانی عەقیدەی گەلەکەی بێت و هەوڵی چارەسەری کێشەکانیان بدات و لەمپەرەکان بنەبڕ بکات.

[1] الكفاءة الأدارية (ص117
[2] الكفاءة الأدارية (ص157

بەشی سێیەم:

دامودەزگای دارایی و قەزایی لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا

باسی یەكەم: دەزگای دارایی

كاتێك ئیمامی عوسمان خەلافەتی گرتەدەست، هەرچەند ڕێگەی دا بە موسڵمانان سامان پێكەوە بنێنو كۆشكو تەلار دروست بكەنو دەشتی پان پۆڕ تاپۆ بكەن، كەچی سیاسەتەكانی ئیمامی عومەری لەڕووی داراییەوە نەگۆڕی. توندوتۆڵی ئیمامی عومەر بەسەر چوو، خەڵك ترسو تۆقیان نەما، چونكە لەسەردەمی ئیمامی عومەردا هەموو كەس زیاد لەبەشی خۆی ئەوەی هەبیوایە لێی دەسەندرا، بە ڕاستی سەردەمی ئیمامی عوسمان سەردەمی نەرمیو فراوانی بوو لەسەر موسڵمانان[1].

یەكەم: ئەو سیاسەتە داراییەی ئیمامی عوسمان بانگەشەی بۆ دەكرد ئەوەبوو، نوسراوێكی ئاراستەی والییەكانو پۆلیسەكانی باج كردو بەسەر هەمواندا گشتاندی. لەم نووسراوەدا بنەماكانی سیاسەتی دارایی گشتیی لەسەر ئەم ڕەگەزانە بنەڕەت كرابوو:

1ـ جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتیی دارایی ئیسلامی.

2ـ كاری پۆلیسەكانی گومرگ نەكرێتە كاری چاودێریی، ئەركی والییەكان تێكەڵ بە پۆلیسەكان نەكرێت.

3ـ ئەو باجەی دەكەوێتە سەر موسڵمانان بۆ بەیتولمال بێت.

4ـ پێدانی دەرماڵە بە موسڵمانان لەبەیتولمال.

5ـ وەرگرتنی ئەو سەرانەیەی دەكەوێتە سەر ئەهلی زیمە.

6ـ پۆلیسەكانی گومرگ ئەمینو بەئەمەكو دەست پاك بن.

7ـ هەر سەرپێچییەكی دارایی ڕوویدا، ئەوە هەموو نیعمەتەكانی خەڵك هەڵدەشێنێتەوە.

ئەم بنەمایانە بە دوورو درێژی باس دەكەین[2]

1ـ مەبەستی ئیمامی عوسمان لەجێبەجێكردنی سیاسەتی گشتیی دارایی:

بێگومان خەلیفەی سێیەم زۆر پەرۆش بوو لەسەر جێبەجێكردنی دەستوورو حوكمی خودای گەورەو پێغەمبەر ﷺو سیاسەتی هەردوو خەلیفەكەی پێشوو ئەبوبەكرو عومەر، هەرچی لە قورئانو سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ بوو پیادەی دەكرد بە تایبەتی ئەو بەندانەی كە پەیوەندی بە سیاسەتی داراییو حوكمەكانییەوە هەیە، ئیمامی عومەریش هەستا بە پەرەپێدانی دەزگاكانی داراییو بنەماو ڕێساكانی بۆ داكوتاو سەرچاوە ئابورییەكانی زیاد كردو خەرجی تری بۆ پێكەوەنا، ئیمامی عوەسمانیش ڕێگەكانی گرتە بەرو لەهەندێ كاریشدا ئیجتیهادی تازەی كرد بە تایبەتی ئەو گۆڕانانەی كە ئیجتیهاد هەڵدەگرن.

عوسمان، لەبواری داراییو هەمووبوارەكانی تردا حوكمی خودای گەورەی پیادە دەكرد لەزەویدا. ئەو، بەجوانی سەرپەرشتی زەكاتی دەكرد بۆ بەیتولمالو دابەشی دەكرد بەسەر موستەحەقەكاندا، سەرانەی لەئەهلی كیتاب وەردەگرت بۆ بەیتولمال، بەمكارەش ئەهلی كیتاب مافو بەرژەوەندییان دەكەوتە ئەستۆی دەوڵەتی ئیسلامو دەپارێزرانو ئاسایشیان بۆ دەستەبەردەكراو خزمەتگوزاری پێویستیان بۆ دابین دەكرا، هەروەها موجاهیدەكان دەستكەوتی جەنگیان دەبردو پێنج یەكیان دەنارد بۆ بەیتولمال، ئەویش دابەشی دەكرد بەسەر هەتیوو هەژارو ڕێبوارو داماواندا، جگە لەمەش دەسكەوتەكان لە پێناوی خێرو چاكەدا خەرج دەكرا. (وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى

---

[1] مبادئ الأقتصاد الاسلام ـ سعاد ابراهیم (ص217
[2] السیاسة المالیة لعثمان ـ قطب ابراهیم (ص61).

وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ..) (الأنفال: 41).

سیاسەتی گشتیی دارایی سەردەمی خولفای ڕاشیدینو عوسمان تایبەت بوو، چونکە پابەندی ئیسلامو جێبەجێکردنی بنەما ئابورییەکانی ئەم ئاینەبوون. دەستوری خەرجکردنیش بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامو بەیداخی خۆشی موسڵمانان بوو خەرجکردنەکەشی خرابووە ژێر ڕکێفی ئیسلام، لەبەر ئەوەی نەکەونە ئیسرافکردن، خودای گەورەش خەڵکی موسریفی خۆش ناوێت، خەرجکردنی گێلو گەواڵەکان قەدەغە دەکاتو ڕێگە نادات ماڵو سامان بکەوێتە ژێر چنگیان، دارایی گشتیی سەرچاوە ئابورییەکان پێشکەشی چینە لاوازەکانی دەکردو بەیتولمالیش داراییەکی چاکو خاوێنی دوور لەگزی کۆکردبۆوەو سەرچاوەی داهاتەکانی لەحەرام پاراستبوو، بۆیە خودای گەورە پیتو بەرەکەتی تێ خستبوو.

2ـ ئەرکی والییەکان ئاوێتەی پۆلیسەکانی گومرگ نەکرێت:

ئیمامی عوسمان، لەنامەی والییەکاندا ئاگاداری کردبوون کە کاری پۆلیسەکانی گومرگی بەیتولمال تێکەڵاوی ئەرکی والییەکان نەکرێت، چونکە ئەرکی والییەکان چاوداشتی گەلەو ئەرکی پۆلیسەکانی گومرگ کۆکردنەوەی باجو خەراجی موسڵمانانە، نابێت هیچ لایەکیان سنووری خۆیان ببەزێنن بە تایبەت والییەکان سنووری دەسەڵاتی خۆیان بزانن و سەلاحییەتیان هەبێت. بۆ دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی والییەکان[1]، شەرعزانەکان لەفەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ و سەردەمی ڕاشیدین ئەرکەکانی والیان هەڵهێنجاوەو سنووری دەسەڵاتیان بۆ دیاریکردوون کە ئەمانەن لەم دە بەندەدا کورت کراونەتەوە.

1ـ پاراستنی دین لەسەر ئەو بنەما بتەوانەی کە مەحکەم کراوەو پێشینانی ئوممەت لەسەری ڕۆشتوون.

2ـ جێبەجێکردنی حوکمەکانی دین لەنێوان ناکۆکەکاندا و یەکلاکردنەوەی کێشەو قەیرانی مەرافەچییەکان بە شێوەیەك زوڵمی زاڵم بگەڕێتەوەو مافی مەزڵوم بسەنرێتەوەو ویژدان ئاسوودە ببێت.

3ـ پارێزگاری تەنانەت هێلکەیەكو مورویەك بکرێتو نەهێڵرێت بدزرێتو زایە ببێت، تا خەڵکی بتوانن بلاو ببنەوەو دڵنیابن لەسەرو ماڵیان.

4ـ سزا وەرگرتن بۆ قەدەغەکراوەکانی خودای گەورەو خۆپاراستن لە ئەتککردنو لەناوبردنو فەوتاندن.

5ـ قایمکردنی کەلەبەرەکان بە قەڵغانێکی بتەو هێزێکی بەزەبر هەتا دوژمنان تروسکاییەك بەدی نەکەن، حەرامێك پێشێل بکەن یان خوێنی موسڵمانێك یان زیمییەك بە ناحەق بڕژێنن.

6ـ لەناوبردنی ئەو کەسانەی دژایەتی ئیسلام دەکەن دوای دەعوەتکردن یان ئیسلامی خۆی ڕاگەیەنێت یان بچێتە بەرەی ئەهلی زیممی.

7ـ پۆلیسەکانی گومرگ خێرو زەکاتو سەرانە بەگوێرەی دەقی ئیسلام وەربگرنو دوور بکەونەوە لەترساندنو ستەمکردن.

8ـ دەست پێوەگرتنی ئەو بەخششو دەستمایەی دەدرێتە بەیتولمال نە زیادەڕەویو نە ڕەزیلی تێدا نەکرێتو لەکاتو شوێنی خۆیدا خەرج بکرێت.

9ـ خەلیفە خۆی سەرپەرشتی کاروبارەکان بکاتو بارودۆخەکان هەڵبسەنگێنێتو بە سیاسەتی گشتیی ڕابگاتو نەیداتە دەست کەسی تر[2].

10ـ ئامۆژگاریی ئەمینداره‌کانو وتاربێژەکان بکاتو ئەو کارانە بداتە دەستیان کە تێیدا کارامەو شارەزانو داراییش بداتە دەست ئەوانەی دەستپاکنو بە گوێرەی لێزانی کەسەکان کارەکان دابەش بکات.

---

[1] السياسة المالية لعثمان (ص62).
[2] الأحكام السلطانية والولايات الدينية ـ ابو حسن الماوردي (ص16 ـ 17).

به کورتی ئەرکی سەرشانی خەلیفە لە مەرجی بەیعەتدا سەرچاوە دەگریٌو بەیعەتیش دوو جۆگەی لیٌ دەبێتەوە کە پارێزگاری دینو پارێزگاریی دونیایە[1]، ئەم دوانە خەمو ئاواتی پێغەمبەر ﷺو جێنشینەکانی بووە، ئیمامی ماوەردیو فەرائی هاوچەرخی یەکڕابوون لە دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی خەلیفە[2]، ئەم ئیجتیهادە بۆ سەردەمی ئەوان تەواوو گونجاوە، بەڵام ناکرێت بەرژەوەندی گەل لەخاڵو ژمارەکانی ئەواندا قەتیس بکەین یاخود تێڕوانینی زانایەکی هاوچەرخ بێنینو بیکەینە پێوەرەو بەرنامەیەکی هەمیشەیی، بەڵکە پێویستە ئەرکەکانی ئیمام دیاری بکەینو لەسەر دوو ڕەگەزی گشتیی دابیمەزرێنین کە پارێزگاری دینو سیاسەتی دونیا بێت. پێویستە لیژنەیەك لەزانایانی سەردەم کارەکان دیاری بکەنو پەرە بەڕای شەرعزانەکان بدەنو هەر شتێك گونجاوی ئەم سەردەمەیە هەڵیبژێرنو بە مەرجێك بەندەکانیان پێچەوانەی دەقی قورئانو سوننەت نەبێتو ئەحکامەکانی ئیسلام پێشێل نەکات[3].

3ـ وەرگرتنی ئەو باجو خێراتەی دەکەوێتە سەر موسڵمانان بۆ بەیتولمال، بە شێوەیەکی دروست:

پۆلیسەکانی خێراتو باج نوێنەری وڵات بوونو لەنێو بێنەو بردەی بەیتولمالدا بوون، ئەو بەندانەی دەکەوتە سەر موسڵمانان بەشێوەیەکی ڕەوا وەریان دەگرتو ئەو مافانەش دەکەوتە سەریان بە شێوەیەکی جوان پێیان دەدان، هەرکاتیش زیادە گیریان بکردایە لە باجی بەیتولمالدا بەستەم دەشکایەوە بەسەر جەماوەرداو باری ناتاقەت دەکەوتە سەرشانیان، بۆیە پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری کردبوون کە زیادەڕەویو زیادەگیری نەکەن لەئەرکەکانی بەیتولمالدا زۆر بەتوندی نەهی کردووە لەباجگرو کرێکارەکانی زەکات زیادەگیری بکەن، دەبو ئاسانکاری بکەن لەزەکاتی بەروبومداو سەختگیر نەبن[4].

4ـ دەرماڵەو موچەدان بە موسڵمانان لە بەیتولمال:

موچەی بەیتولمال بۆ موسڵمانان ڕاستەوخۆ دەبێت، بۆ نمونە بەخشینەوەی زەکات بۆ موستەحەقەکان بوو ئەو داهاتە بیٌ شومارەی کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی لیژنەی موچەپێدان، دابەشی دەکات بەسەر گشت موسڵماناندا.

ڕێگەی دووەم بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەبێت، وەکو بەخشینە گشتییەکان کە بۆ خزمەتگوزاری گشتیی بەکار دێتو لەئاتاجییە گشتییەکاندا خەرج دەکرێت. لەهەردوو جۆرە خەرجکردنەکەدا پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکو پێك خەرج بکرێت، دروست نییە بەخشینی ڕاستەوخۆ پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام سەرف بکرێتو لەبەر خۆشەویستییو نزیکیو بەرژەوەندی بدرێت بە هەندیٌ کەسو لە هەندێکی تر بشاردرێتەوە یان لێی کەمبکرێتەوە، دروست نییە ئەو بەخشینە لەکاتی دیاریکراوی خۆی دوا بخرێت یان زۆر گیر بدرێتو وەك گێردانی زاڵمەکان کە موچە دوا دەخەنو لێی دەبڕنو نایگەیەنن بەخەڵك. دروست نییە بەخشینی ناڕاستەوخۆش بۆ قازانجی تاکەکەس خەرج بکرێت، بەڵکو دەبێت بۆ سەرجەم جەماوەر بێتو گەل لێی بەهرەمەندبێت[5].

5ـ وەرگرتنی ئەو سەرانەیەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەهلی زیمە، دروست نییە ئەهلی زیمە بچەوسێنرێتەوە لەکاتی وەرگرتنی سەرانەدا، چونکە ئەوانە ئەهلی کیتابنو لە وڵاتی ئیسلامدا نیشتەجیٌ دەکرێنو چاودێری دەکرێنو مافەکانیان دەکەوێتە ئەستۆی ئیسلام تا ئەوکاتی بەردەوام بن لەسەرانەدان، پێغەمبەر ﷺ لە بارەیانەوە وەسێتی کردووە، عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەمی کردۆتە سەرپەرشتیاریانو فەرمویەتی "هەرکەس ببێتە سەرپەرشتیاری ئەهلی زیمەو دڵو دەرونی پاك نەبێت لەگەڵیان، لەڕۆژی قیامەتدا من دەبمە مکولیٌ"[6]. بۆ زیاتر دڵنیابوون لەچاودێریو خزمەتی ئەهلی زیمە ئیمامی عومەری خەتاب لەسەرەمەرگیدا وەسێتی کردووەو لەبارەیانەوە فەرمویەتی "وەسێت دەکەم بۆ خەلیفەی دوای خۆم کە

[1] مقدمة ابن خلدون، (ص191).
[2] الخلافة بين التنظير والتطبيق ـ محمد المرداوي (ص66).
[3] السياسة المالية لعثمان (ص63).
[4] المصدر نفسه (ص64).
[5] المصدر نفسه (ص65).
[6] المنتخب من السنة (ص261).

چاکتر بێت بەرامبەر ئەهلی زیمەو پەیمانیان نەشکێنن‌و لەبێخەبەری نەیان کوژێت‌و زیاد لەتوانای خۆیان ئەرك نەخاتە سەرشانیان"[1].

ئەگەر پۆلیسەکانی سەرانە، ئازاری زیمییەکان بدەن یان ئەرکی زیاد لەحەدی خۆیان بخەنە سەرشانیان، یان سزایان بدەن یاخود سەرانە لە پیرو پەککەوتەکان وەربگرن یان ئەو کەسانەی توانای کاریان نییە، یان سەرانە بسێنن لەو زیمیانەی کە موسڵمان بوون، ئەمانە جۆرێکن لەجۆرەکانی ستەم. هەروەك خەلیفەی سێیەم ئیمامی عوسمان لەنامەو نوسراوەکاندا پۆلیسەکانی باج‌و سەرانەی ئاگادار کردبوو کە ستەم نەکەن، ئەمەشی لەڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ وەرگرتبوو[2]. لەسەرانە، زیاتریش باجی ئەو زەویانەیە کە ئەهلی زیمە دەیان هێناو زەوییەکانیان دەکێلا و موڵکانەیان دەدا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا سەرچاوەیەك بوو بۆ بەیتولمال، پێویستە موڵك سێنەکان تێبینی‌و ڕەچاوی حەق بکەن‌و نرخێکی شیاوی بۆ دابنێن بە گوێرەی دەرامەتی زەوییەکە، هەروەها ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکەن، کە لەپێوانەکردندا بەکاردێت، چونکە خۆگێل کردن لەهەمووی یان لەهەندێکی زوڵمە لەکشتیارەکانی ئەهلی زیمە، کەرەسەکانی پێوانەکردنیش ئەم چوارمیە واتە دەبێت کەرەسەکان دابین کرابێت بۆ جوتیارەکان ئەوجا بپێورێت.

1ـ ئامێرەکانی گەشەکردن‌و پاراستنی دەغل‌و دانیان پیێ بدرێ‌و کەرەسەکانی زەوی خۆشکردنیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

2ـ ئەو شتانەش کە پەیوەندیی بە خودی کشتوکاڵەوە هەیە وەکو جۆری دانەوێڵەو بەروبوومو فیات‌گران‌و فیات‌هەرزان لێك جیا بکرێتەوە.

3ـ ئەو شتانەش کە پەیوەندی بە ئاودێرییەوە هەیە، دەبێت کشتوکاڵی ئاوپرژێن‌و ئاودێران جیا بکرێتەوە لە کشتوکاڵی باران‌و باراناو.

4ـ نابێت لەموڵکانە وەرگرتندا پەرگیری بکرێت‌و هیچی تێدا نەهێڵرێتەوە، دەبێت بە گۆرەی زەوی ناسەکان لێیان وەربگریت لە جوتیارەکان نەك لە نیوەکارو ڕەشوڕووتەکان[3].

ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی پەیمانێك یان گرێبەستێکی سوڵحی کرد لەگەڵ ئەهلی کیتابدا پێویستە پۆلیسەکانی موڵکانەو باج پەیوەست بن بەو مەرجانەوە کە لە گرێبەستەکەدا هاتووەو نرخی سەرانەو موڵکانەکەی تیا دیاری کراوە. دەبێت موسڵمانان پێکۆڵی پەیمانیان بن‌و بە ئەمەك بن.

6ـ زوڵم لە هەتیو نەکەن

هەتیوەکان مافیان هەیە لەدارایی گشتیی، بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز یەکێکن لە موستەحەقەکانی زەکات، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (التوبة: 60).

بە هەمان شێوە پێنج یەکی دەسکەوتەکانی شەڕی دەدرێتێ، هەروەك خودای گەورە لەقورئاندا ئاماژەی پێکردووە، هەروەها پشکی هەیە لە بەیتولمالدا، منداڵان بە گشتی‌و منداڵە هەتیوەکان بە تایبەتی بەشیان هەیە، خۆ ئەگەر منداڵە هەتیوەکە دەوڵەمەند بوو زەکاتی فەرز دەخرێتە سەر سامانەکەی، پێویستە پۆلیسەکانی زەکات بە شێوەیەکی دادوەری‌و بەرێزانە زەکاتەکە وەرگرن‌و نەکەونە پەرێزی زوڵم‌و گزیکردن‌و ناحەقی تێدا نەکەن[4].

7ـ پۆلیسەکانی گومرگ وخێرات، دەستپاك‌و وەفادار بن

[1] السیاسة المالیة لعثمان (ص64).
[2] المصدر نفسه.
[3] المصدر نفسه (ص67).
[4] السیاسة المالیة لعثمان (ص68).

خودای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ..)، خودای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ) (المؤمنون: 8).

خەلیفەی راشیدین ئیمامی عوسمان، داوای کرد لە پۆلیسەکانی خێراتو باج کە خۆیان برازێننەوە بە دەستپاکیو وەفاداری، ئەمەشی بە ئاکارێکی گرنگی هەموو ئەو کەسانە دەزانی کە سەرقاڵ بوون بە دارایی گشتییەوە، خۆ ئەگەر ئەم رەوشتانەیان تێدا بەدی نەکرێت، بێگومان ستەم لەخەڵكو لەبەیتولمالیش دەکەنو موچەخۆرەکانیش تووشی ئەو ستەمە دەبن، ئەوکاتە پەیوەندیی نێوان مرۆڤو بەیتولمال تێکو پێك دەشكێت، لەبارەی ئەم رەوشتانەوە قورئانی پیرۆزو فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاگاهیداوە بە هەڵسوڕێنەرانی دارایی دەستپاکو ئەمانەتپارێزو بەوەفا بن، هەر بەم جۆرە ئیمامی عوسمانیش داوای کردووە لەپۆلیسەکانی خێراتو باجو کە سەنگینو وەفاداربن، هەروەك لەنووسراوەکانیدا هاتووە کە چاکبن بەرامبەر گەلو جەماوەرو مافەکانی بەیتولمالیش بە تێروتەسەلی بپارێزن، بەرامبەر موچەخۆرەکانیش زیادەڕەویو کەموکوڕی نەنوێنن، بەرامبەر ئەهلی زیممەش نەرمو نیان بنو هەڵسوکەوتی باش بکەنو ئەو بەندانە جێبەجێ بکەن کە لەرروونکردنەوەی سەرانەدا هاتووە[1].

8ـ شوێنەواری بەهرە بێشومارەکان لەسەر رەوتی ئوممەت:

نییەو نەهاتووە کە ئیمامی عوسمان خەڵکی گشتیی فەرامۆش کردبێتو چاوڕۆشنی نەکردبن، بەڵکو ئاگاداری کردون کە دونیا سەرنجیان نەباتو شەیدای لەزەتو ڕابواردنەکانی نەبن، ترسی هەبووە ئەم خۆشگوزەرانییە سەر بکێشێت بۆ بیدعەگەری هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکردبوو کە سێ شت هاتە ئاراوە مەترسی دروست دەبێت، یەکەم کامەرانیو خۆشگوزەرانی، دووەم باڵغبوونی منداڵی کەنیزەکەکان، سێیەم قورئانخوێنە ناعەرەبەکان[2].

ئیمامی عوسمان دەرکی کردبوو خۆشگوزەرانیو ئاوەدانی بۆ هەندێ کەس دەبێتە هۆی لادانو لاسارکردنی، چونکە سەروەتو سامانی هەڵڕژاو تاکەکانی کۆمەڵ تەمەڵو گەندەڵ دەکاتو ماڵەکەی لەڕابواردنو تەوەنسدا خەرج دەکات[3]، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێ: (وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيراً) (الإسراء: 16).

9ـ بەراوردێك لە نێوان سیاسەتی عومەریو سیاسەتی عوسمانی:

ئەو سیاسەتە داراییەی ئیمامی عوسمان ڕایگەیاندبوو، زۆر لەو سیاسەتە داراییە دەچوو کە ئیمامی عومەر جێبەجێی دەکرد، ئیمامی عوسمان لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتی خەلافەتدا فەرموی "دەبێت دارایی گشتیی لەژێر سێبەری سێ مەرجدا بێت، یەکەم حەق وەربگرێت بە حەقیانەتیش خەرجی بکات، دووەم لەشوێنی خۆیدا سەرفی بکات، سێیەم بۆ شتی حەرامو قەدەغەکراو خەرج نەکرێت"[4]. کەواتە سیاسەیتی عومەرو سیاسەتی عوسمان هەردوکیان لە یەك بلورەوە درەوشابونەوە، ئەویش بلوری ئیسلامو بنەماو ڕەگەزەکانی بوو[5].

دووەم: ئامۆژگارییەکانی لەبارەی دەستوری زەکاتدانو روونکردنەوەی

لە مانگی ڕەمەزاندا ئیمامی عوسمان فەرموی: "ئەم مانگە مانگی زەکاتدانە، هەرکەس قەرزی بەلاوەیە، با بیداتەوە بە خاوەنەکەی هەتا زەکاتی ماڵو سامانەکەیان بدەنو ئێوەش زەکاتی خۆتان دەربکەن، هەرکەس پارەی لەدەستدا نییە

[1] السياسة المالية لعثمان (ص69).
[2] تاريخ الطبري (245/5).
[3] السياسة المالية لعثمان (ص70).
[4] السياسة المالية لعمر بن الخطاب ـ قطب ابراهيم (ص23).
[5] السياسة المالية لعثمان (ص76).

داوای هیچی لیٚ ناکریٚ، مەگەر خۆی حەز لە خیٚر بکات، هەرکەسیٚ ئیٚستا لیٚی وەربگیریٚ هەتا مانگیٚکی تر وەختان وەخت ئیتر لیٚی وەرناگرین".

ئیبراهیمی کوڕی سەعد دەلیٚت "ئەو مانگە مانگی ڕەمەزان بوو"[1]. ئەوعوبەیدە دەلیٚت: "لە هەندیٚ ئەسەردا هاتووە ئەو مانگەی ئیمامی عوسمان خەلکی لیٚ ئاگادار کردەوە مانگی موحەررەم بوو"[2]. ئەم ئاگادارییەی ئیمامی عوسمان جەخت لەم بەرنامانە دەکاتەوە:

1ـ دانانی دەستوری زەکاتی سالانە بۆ بەڕیٚوەبردنی فەرزی زەکات، جگە لەزەکاتی کشتوکال، چونکە ئەم زەکاتە بەپیٚی حاسلاتە. ئەم دەستورەش لەو وتەیەدایە کە خۆی کە فەرموویەتی "هەرکەس زەکاتی سامانەکەی ئەم مانگە وەرگیرا، تا سالیٚکی تری هەمان مانگ لیٚی وەرناگیریٚتەوە".

2ـ ئەگەر لەسەر قسەی ئەبوعوبەیدە بچین دەبیٚت مانگی موحەرڕەم بکەین بە مانگی زەکات دان، چونکە ئیمامی عوسمان ویستویەتی سالی کۆکردنەوەی داهاتی ئیسلام ڕیٚك هاوتای سالی کۆچی بکات، پیٚویستە لەسەر موسلمانان دوای گوزەرکردنی سالیٚکی کۆچی ئەگەر مەرجەکانی زەکات بەدی هاتبوو، زەکاتی مالو سامانەکەیان دەربکەن.

3ـ ئیمامی عوسمان، جاری خەلکیدا کە قاسەی زەکاتیان حسیٚب بکەنو داوای لیٚکردن ئەو قەرزانەی بەسەریانەوەیە بیبڕیٚرنو لەزیادەکەی زەکات دەربکەن[3]، لەوانەیە ویستبیٚتی خەلك هانبدات قەرزەکانیان ببڕیٚرنو وەفایان هەبیٚت بەرامبەر خاوەن قەرزەکان بۆ ئەوەی قەرزەکان بنەبڕ بکریٚتو قەرزکردن نەکریٚتە دیاردەیەکی کۆمەلایەتیو مالەکانیان ملکەچی زەکات بکەنو حسابی داهاتو سامانی خۆیان بکەن[4].

4ـ ئیمامی عوسمان دەفەرمویٚت "هەرکەس پارەی نەبیٚت داوای هیچی لیٚ ناکریٚت، مەگەر خۆی حەز لەخیٚر بکات، بەم وتەیە دەرگای لەخیٚرو بەخشین کردۆتەوە، وادیاربوو هەندیٚ لەموسلمانان زەکات ناکەویٚتە سەریان بەلکو مالەکەیان بە خیٚرو تەبەڕوع دەردەکریٚتو دەدریٚتە بەیتولمال، ئەویش لیٚیان وەردەگریٚتو دەیخاتە تویٚی سەرچاوەکانی زەکات، دەولەت لە هەمان ئەو خەرجییانەدا خەرجی دەکات کە زەکاتی تیٚدا خەرج دەکریٚت. هەروەها ئەو وتەیەش: کە دەلیٚت: "هەرکەس لیٚمان وەرگرت جاریٚکی تر لیٚی وەرناگرین، مەگەر خۆی حەز لەخیٚری زیادە بکات"، مەبەست ئەوەبوو بەیتولمال تۆبزی ناخاتە سەر کەس. بۆ زەکاتی ئالتونو زیویش دەبوو خاوەن مال خۆی بیهیٚنیٚتو بەینی خۆیو خودای خۆی زەکاتەکەی دەربکات، بەلام ئەو زەکاتەی خاوەنەکەی ناچار دەکریٚ بیهیٚنیٚت زەکاتی مەڕوومالاتو کیٚلگەو باخو ئەو جۆرانەیە، ئیمامی عوسمان مالو سامانی شاراوەو دەرنەکەوتووی بەجیٚ دەهیٚلا بۆ خاوەن مال تا خۆی وەکیل بیٚتو لیٚشی وەرنەدەگرتن بە دلیٚکی پاكو بیٚ خەوش نەبوایە ئەوشتانەش بریتیبوون لە ئالتونو زیوو کەرەسەی بازرگانیو هەندیٚ شتی تری بەنرخ[5].

ئەبو عوبەیدە لەم بارەیەوە دەلیٚت "ئایا ئیٚوە نازانن پیٚغەمبەر ﷺ زەکات سیٚنی دەنارد بۆ زەکاتی ئاژەل بە تۆبزی یان بە ڕەزامەندیی خۆیان، هەروەها ئیمامەکانی دوای ئەویش هەر وایانکرد، هەتا ئەو کەسانەی زەکاتی ئاژەلیان مەنع کردو نەیاندا ئیمامی ئەبوبەکر شەڕی لەگەلدا کردن"، نە لەپیٚغەمبەر ﷺو نە لەخولەفای ڕاشیدینەوە نەهاتووەو نەبیستراوە کە خەلکیان ناچار کردبیٚت بە زۆرو فشار، زەکاتی شمەکە بیٚ گیانو نەجولاوەکانیان وەرگرتبیٚت، مەگەر خاوەن مالەکە بەخۆشیو ڕەزامەندی خۆی هیٚنابیٚتی، بەلیٚ زەکاتی ئەکەویٚ بەلام خاوەن مال خۆی وەکیلە، واتە: ئەمانەتی لای خاوەن مالەو پیٚویستە لەسەریان خۆیان حسابی بکەنو زەکاتی دەربکەن، چونکە ئەو مولكو سامانەی لە سیٚبەری

---

[1] الأموال لأبي عبيد (ص234).
[2] المصدر نفسه (ص535).
[3] السياسة المالية لعثمان (ص76).
[4] السياسة المالية لعثمان (ص77).
[5] الأموال لأبي عبيد (ص537).

ئارامش و ئاسایشی وڵاتدا دەست کەوتووەو لەئەنجامی بەیعەتەکەیەوە ژیانی بۆ دابین کراوەو بێ ترس ڕۆشتووەو بێخەم خەوتووە، بەڵام زەکاتی ئاژەڵ حوکمی خۆی هەیەو حوکمەکەشی بەپێی ژمارەو دێتە[1].

بەرنامەی ئیمامی عوسمان لە بارەی داراییەوە

1ـ رای ئیمامی عوسمان دەربارەی ئەو قەرزانەی زەکاتیان دەکەوێت

لەسائیبی کوڕی زەیدەوە هاتووە ئیمامی عوسمان وتویەتی "زەکاتی ئەو قەرزەی کە لە بەر دەوڵەمەندی و شەرم کردن وەرگرتنەوەیت دواخستووەو هەر کات ئارەزووت هەبوو وەری دەگریتەوە خۆت پشتگوێت خستووە ئەوە زەکاتی دەکەوێت، هەروەها ئەو پارەیەی لەکاسبی و پیشەیەکدایە ئەوە زەکاتی دەکەوێت".

لە ئیمامی عوسمانەوە هاتووە دەفەرموێت "زەکاتی ئەو قەرزە بدەن، کە لەبەر تێری و بێ ئاتاجی، لە قەرزاری ناسێننەوەو پێویستتان پێی نییە"[2]. لەم وتەی ئیمامی عوسمانەوە دەردەکەوێت، زەکات واجبە لەسەر ئەو قەرزەی خاوەن قەرزەکە لە بەر تێری و شەرم و بێ ئاتاجی وەری ناگرێتەوە. بەڵام لەبەر رەهەندی تر داوای ناکاتەوە، یاخود داویەتی بە قەرز بۆ مەبەستی کاسپی و شەراکەت، یان پیشەیەکی پێ ئەنجامدەدات و لەقازانجەکەی شەریکەو خاوەن قەرز لەبەر قازانجەکەی گوێی لە پارەکەی نییەو وەری ناگرێتەوە[3].

2ـ ئیمامی عوسمان، خەرجی زەکاتی جێگۆڕکێ پێ دەکرد و بۆ بەرژەوەندی گشتیی خەرجی دەکرد، بۆ نموونە: داهاتی زەکاتی خەرج دەکرد بۆ غەزاو جەنگ و هەروەها پێویستیی تر، بۆ ئەوەی ئاتاجی جەنگ و خەڵك مەیسەر بێت، ئیمامی گەلیش مافی ئەوەی هەیە زەکات لەخەرجییەکەوە بۆ خەرجییەکی تر بگوازێتەوە لە شوێنێکی پێویستی تردا سەرفی بکات[4].

ئەم گۆڕانە، نە پێچەوانەی پەیامی ئیسلامەو نەگۆڕینی سوننەتە، چونکە ئیمامەکە کە کردوویەتی پێشەنگ و ڕەنگرێژە. ئەسڵی زەکات پڕکردنەوەی کەلێنی موسڵمانانە هەتا هەندێ ڕاوبۆچوون هەیە باس لەوەدەکات، زەکات سەرف دەکرێت لەپێناوی خوداو دەدرێت بە موجاهیدانی ڕێگەی ئیسلام، چونکە ئەوانە خۆیان تەرخان دەکەن بۆ تێکۆشان و دەست هەڵدەگرن لە کارو کەسابەت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت خەڵك هانبدات بۆ تەمەڵی و بێ ئیشی لەبەر ئەوە ئەم گرۆیە بەرژەوەندیی ئیسلامیان داوە بەسەر بەرژەوەندیی دەروونی خۆیانداو وازیان لە کاری شەخسی هێناوەو لە بوارێکی گرنگترو فراوانتردا کار دەکەن، ئەویش بەرزڕاگرتنی وشەی (لاالە الا اللە)و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامە لە شارو شوێنەکاندا، هەندێ لەزانایان پێیان وایە دروستە زەکات سەرف بکرێت لەم گروپانە و لەسوودە گشتییەکاندا[5].

3ـ دروستکردنی چێشت و نان لەخێراتی زەکات بۆ هەژاران و میوانەکان و ڕێبوارەکان.

ئیمامی عوسمان سونەتێکی تازەی داهێنا هەستا خواردن و خواردنەوەی لەرەمەزاندا لەمزگەوت دادەناو دەیفەرموو بەو کەسە خوداپەرستانەی کە لە مزگەوت دەمانەوە، بەو هەژارو میوانانەی خۆیان دەگرت و بە شەرم بوون، نان بخۆن[6].

ئیمامی عوسمان خەلیفەی موسڵمانان بەم شێوە لە بەیتولمال ڕێزی لەموسڵمانان دەناو چاوی لەپێغەمبەر ﷺ دەکرد، کە بەخشندەترین کەسبووە بە تایبەتی لەرەمەزاندا لەهەمووکات سەخی تر بووە، ئەم سوننەتە وای کرد لە موسڵمانان لە مزگەوت بمێننەوەو ئیعتیکاف بکەن و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ زیندو بکەنەوە لە مانەوەدا، چونکە خواردنەکەیان مسۆگەر کرابوو[7].

---

1 الأموال لأبي عبيد (ص537).
2 المنتخب من السنة (ص306).
3 السياسة المالية لعثمان (79).
4 السياسة المالية لعثمان (79).
5 السياسة المالية لعثمان (ص81).
6 تاريخ الطبري (245/5).
7 السياسة المالية لعثمان (ص82 - 83).

4ـ دروستکردنی میوانخانه لە پارەی زەکات بۆ میوانداری

هەواڵ گەشت بە ئیمامی عوسمان کە ئەباسەماکی ئەسەدیو چەند کەسێکی ئەهلی کوفە بانگی جارچی خۆیانیان کردووە پێیان وتوون هەرکاتێ وەختی نانخواردن هات جارِ بدەنو بڵێن "هەرکەس لەهۆزو تیرەکان کە هاتوونەتە شاری کوفەو خزمو مەنزڵی تێیدا نییە با بێت میوانی ئەباسەماك بێتو هەر لای ئەویش بمێنێتەوە"، ئیمامی عوسمانیش هەستا کۆمەڵێك میوانخانەی دروست کردو خەڵکی غەوارەو بێ ئەرجو دەهاتنە ناویو لەوێ دەمانەوە، یەك لەو تەلارانە شوقەکەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بوو لە هوزەیل، کاتێ پێشتریش کە میوانەکان لەمزگەوت جێیان تەنگ بوایە دەچوونە ماڵەکەی ئیبن مەسعود لە هوزەیل[1].

5ـ لە پارەی بەیتولمال موچەی بەگشت کۆیلەکان دەدا.

لەسەر دەستی ئیمامی عوسمان ئازادکردنی کۆیلەکانی شاری کوفە بەرپابوو. عوسمان، لە هەر مانگێکدا (30) کۆیلەی ڕزگار دەکردو ئازادی دەکردن بەبێ ئەوەی هیچ لەموچەو بژێوییان کەم بکاتەوە[2]، بەزۆری ئەو پارەیەی کە دابەشی دەکرد بەسەر کۆیلەکاندا لە زیادەی خێری زەکات بوو، بە ئیعتیباری ئەوەی کە پشکیان هەیە لە زەکاتدا، چونکە کۆیلە دەکەوێتە جوملەی هەشت تاقمەی ئایەتی زەکات خودای گەورە دەفەرموێت (وفى الرقاب)، هەر ئەم دەقەش بوو بەقاسەی ڕزگارکردنیان[3].

سێیەم: پێنجیەکی دەستکەوتی غەزا

جیهاد لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ دەستی پێکردووەو هەر بەردەوام بوو تا سەردەمی خەلیفەی سێیەم ئیمامی عوسمان، مەبەستو نیازەکەشی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامو پەرەسەندنی خاکی وڵاتی ئیسلام بووە، بەتایبەت فتوحاتی سەردەمی ئیمامی عوسمان دەسکەوتی زۆرترو بێشومار بۆ بەیتولمال هەڵدراوەتەوە، پێنج یەکی دەسکەوتی غەزاکانیش دەدرێتە بەیتولمال، هەروەك سەرانەی ئەهلی کیتاب کە لە بارمتەی مانەوە لەسەر دینی خۆیانو پاراستنیان لە شەڕو قەیران دەیاندایە بەیتولمال. لێرەدا پەیوەندییەك لەنێوان فتوحاتی ئیسلامیو بەیتولمالدا هەست پێ دەکەین، بەیتولمال لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا هەڵدەستا بە پارە خەرجکردن بۆ فتوحاتو موچەی دەدا بە لەشکرەکان بە گوێرەی پلەی سەربازییانو چەکو چۆڵی بۆ دەسەندن، ئەوانیش سەرو ماڵو گیانیان دەکردە قوربانی، هەرکات سەرکەوتن بهاتایەتە ئاراوە پێویست بوو لەسەری ئەو ئەهلی کیتابانەی موسڵمان نابن سەرانە بدەنو موڵکانەی زەویو زاریان بدەن، ئەوانەش کە موسڵمان دەبوون زەکات دەیگرتنەوە گەر سامانەکەیان بگەشتایە حەددی زەکاتو مەرجەکانی تیا بەدی بکرایە. ئاشکرایە ئیسلامەتی هیچ کەس دانابەسترێ هەتا زەکات نەدات گەر کەوتە بەر زەکاتدان، ئەم داهاتانەش هەمووی کەرەستەن بۆ خواستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، خودای گەورەش دەستکەوتی غەزای حەڵاڵ کردووە بۆ موسڵمانان دابەشی پێنجی بکەن چواری بۆ جەنگاوەرانو یەکێکی بۆ بەیتولمال[4].

هەندێ لەو بابەتانەی کە ئیمامی عوسمان هێنایە سیاسەتی جێبەجێ کردنی دارایی گشتییەوە لە بارەی پێنجیەکی غەنیمەوە.

1ـ لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا، مندالان پشکیان نەبوو لە دەستکەوتی جیهاددا. لەتەمیمی کوڕی مەهرییەوە هاتوو دەڵێ "لەڕزگارکردنی دووەم جاری ئەسکەندەرییەدا بەشداریم کرد، بەڵام پشکیان نەدامێ هەتا خەریکبوو لە نێوان هۆزی منو قورەیشدا دەمەقاڵێ ڕوویدات، هەندێ لە خەڵکەکە وتیان جواب بنێرن بۆ بوئەبوزەڕی غیفاریو عوقبەی کوڕی

---

1 تاريخ الطبري (273/5).
2 المصدر نفسه (275/5).
3 السياسة المالية لعثمان (ص84).
4 السياسة المالية لعثمان (ص85 - 87).

عامری جوهەنی هەردوکیان هاوەڵی پێغەمبەرن ﷺ، پرسیاریان لێ بکەن، ئایا منداڵ پشکی دەکەوێ یان نا؟ لە وەڵامدا وتیان: ئەگەر دەموچاویان موی لێدەرهاتبوو، واتە خەتیان دابوو ئەوا پشکیان بدەنێ، ئەوانیش دیقەتیان دام خەتم دابوو پشکیان پێدام[1]، کەواتە پشکی دەستکەوت (غەنیمە) نادرێت بە منداڵو ئافرەت بەڵکو شتێکی کەمیان دەدرێتێ بە بۆنەی هاوکاری‌و دەستوریان لە غەزادا هەر ئەم خاڵەش پیادە کراوە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ[2].

2ـ لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا وەکو سەردەمی پێغەمبەر ﷺ کەرەستەی کوژراوو دەدرایە بکوژەکە، واتە دەی ماشیبیەوە. ماشینەوە یەعنی هەر موسڵمانێك کافرێکی بکوشتایە لەغەزادا هەموو کەلوپەل‌و ولاخ‌و کەرەسەکانی کوژراوەکەی دەدرایە بکوژەکەی، کاتی خۆیشی پێغەمبەر ﷺ ماشینەوەی بریارداوە بۆ بکوژەکەی، وەك ئەبی قەتادە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەتی کردووە، کە رۆژی حونەین فەرمویەتی "هەرکەس کافرێك بکوژێ‌و بەڵگەی ئاشکرای هەبێ، ئەوە باکەلوپەلی کوژراوەکە بماشێتەوە"[3]، کەلکی ئەم فەرمودەیە ئەوەیە کە ناکرێ بکوژ هیچ بماشێتەوە، هەتا بەڵگەی دروستی نەبێت کە ئەم کوشتویەتی[4]، تەنانەت ئەگەر دووکەس بۆ بە کێشەیان‌و هەردولا دەیان وت من کوشتومە، بۆ ئەوکەسەیە کە کوشتویەتی، لەدوای راپەڕینی شاری ئەسکەندەریە ئەم حاڵەتە ڕوویدا، کاتێ رۆمەکان هاتن بەسەر لەشکری (مەنویلی حەصا) چونە ناو ئەسکەندەریەوە، عەمر ڕێگەی بۆ چۆڵ کردن هەتا گەشتنە نزیکی، بەجارێك ئەهلی شار لێیان هاتنە دەست‌و خودای گەورەش خۆیانیدا بە گژ خۆیانداو لەئەسکەندەرییە دەرچوون‌و کەلوپەکی شارو شوێنەکانی تریان پێ بوو تاریان نان هەتا گەشتنە گوندێك‌و لایاندا دەستیان کرد بە ئارەق خواردنەوەو نانیان خواردو تالآنی خۆیان کرد، عەمر ڕووبەڕویان نەبویەوە هەتا گەشتنە (نفیوس) لەوشکانی‌و لەدەریا جەنگا لەگەڵیدا، پاشان لە دەریا پەڕینەوە، ئەمان‌و ئەوان لەوبەری دەریا رووبەڕووی یەکتر بوونەوەو درێژەیان بەشەڕدا یەکێکیان ناوی بەتریق بوو لەسەر ئەسپێك بوو، تفەنێگی بەئاڵتون رووپۆشکراوی پێ بوو سنکی دەرپەڕاندو لەزەوی ڕۆمدابوو هاواری دەکرد کێ دێتە بەر بەرکانێ، پیاوێکی خەڵکی زوبید ناوی (حومل) بوو کونیەی (ئەبا مەزجەحی) هەبوو، هاتە مەیدانی کێبەرکێکەوەو ماوەیەکی زۆر شەڕیان کرد، پاشان بەتریق رمەکەی فڕەداو شمشێرێکی هەڵگرت حوملیش رمەکەی فڕێ داو شمشێری هەڵگرت، عەمر هاواری کرد ئەبا مەزجەح جوابی دایەوە، بەڵێ قوربان، خەڵکەکەش لەسەر کەناری نیل بوون‌و ریزیان بەستبوو ماوەیەك کێشەکێشیان کرد بە شمشێر، پاشان بەتریق هەڵمەتەی دایەو خۆی لادا پاشان (حومل) خەنجەرێك لە بندەستیدابوو دەریهێناو دای لەگەردن دوژمنەکەی‌و شادەماری ملی بری‌و خستی‌و کەوتە سەری، پاشان هەرچی کەلوپەلی هەبوو ماشییەوە بۆ خۆی پاشان حومل دوای چەند رۆژێك کۆچی دوایی کرد، ئینجا موسڵمانان زۆریان بۆ هێنان لە ئەسکەندەریە دەریان کردن‌و جارێکی تر خودای گەورە بۆی رزگارکردنەوە لە کۆتایشدا (مەنویلی حەصایش) کوژرا[5].

3ـ بری دەستکەوت‌و پشکی بەیتولمال لە یەکێك لەفتوحاتەکانی عوسماندا

لە ریوایەتەکەی عەبدولملیکی کوڕی مەسلەمەوە لە غەیری ئەویشەوە هاتووە دەڵێن "کاتێ لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی سەعددا ئەفریقامان رزگار کردو پێنجیەکی دەستکەوتەکەمان دانا بۆ بەیتولمال‌و لە نێوان خۆماندا پشکی سوارەکان گەشتە سێ هەزار دینار، دوو هەزاری بۆ ولاخەکەو هەزاریشی بۆ سوارەکە پیادەکانیش هەریەکەیان هەزار دینار[6]، پاش کەمێك سەربازێکمان مرد ناوی (زاتولحەمام) بوو، وەکو میراتی هەزار دینارەکەیان بەخشی بە کەسوکارەکەی".

[1] فتوحات المصر وأخبارها (ص121).
[2] السياسة المالية لعثمان (ص93).
[3] بخاري - كتاب المغازي رقم 4322.
[4] السياسة المالية لعثمان (ص92).
[5] فتوحات المصر وأخبارها (ص119 - 120).
[6] المصدر نفسه (ص125).

هەروەها لەریوایەتی عوسمانی کوڕی سالحدا هاتووە دەڵێت "سوپای عەبدوڵڵای کوڕی سەعد ژمارەیان بیست هەزار جەنگاوەر بووە، وەك ئاشكرایە پێنج یەكی رەوانەی بەیتولمال كراوە، بە گوێرەی ئایەتی (وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ..)، بە هەمان شێوە لە سەردەمی ئیمامی ئەبوبەكردو عومەریشدا پێنج یەكی دەبەخشی بە ئالوبەیتو چوار پشكەكەی تری دەدا بە جەنگاوەران، هەر موجاهیدێك سێ هەزاری پێ دەدرا ئەگەر سواربوایە پیادەكانیش هەزار دینار ئەگەر بە گشتی پێنج یەكو چواربەشەكە بەسەریەكەوە حساب بكەین وەك لەدو ریوایەتەكەدا هاتووە بڕی دەستكەوتی ئەو رزگاركردنە دەگاتە (16) ملیۆن دینار بۆ سوارەكان، (8) ملیۆن دینار بۆ پیاوەكان، كەواتە بڕی دەستكەوتەكە یەكسانە بە (24) ملیۆن دینار ئەم ژمارەیە چوار بەشەكەیە لەگەڵ پێنج یەكەكەی بەیتولمالدا دەگاتە (24) ملیۆن دینار[1].

4ـ سەرفكردنی پێنجیەكی دەستكەوت بۆ بەرژەوەندیی گشتیی

پێنجیەكی دەستكەوتی غەزا بە گوێرەی دەقی ئایەت سەرف دەكرێت بۆ پێغەمبەر ﷺو خزمە نزیكەكانیو هەتیوو داماوو ڕێبوارن. لە پاش كۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ پشكی پێغەمبەر ﷺو خزمە نزیكەكانی رەوانەی بەیتولمال دەكرا بۆ ئەوەی سەرف بكرێت بۆ چەكو تەقەمەنی، ئیمامی عوسمان ئەم رایەی جێبەجێ دەكرد، پشكی پێغەمبەر ﷺو خزمە نزیكەكانی سەرف دەكرد بۆ تفاقو كەسەرەی فتوحات، كە جیهاد لە سەردەمی ئەودا گەشتبووە لوتكە[2].

5ـ سەركەوتنی سیاسەتی دارایی لە هەرەوەزیكردنی فتوحاتدا

لە ناواخنی ئەو ململانێیەی ئیمامی عوسمان ڕووبەڕووی بوویەوە، هەندێ وڵاتی رزگاركراوی شكستیان خواردوو هەڵگەڕابوونەوە، ئیمامی عوسمان بە چاكی توانی ئەو وڵاتانەی پەیمانیان شكاندووەو كۆتی بەڵێنەكانیان پساندووە، ناچاریان بكات بێنە هێڵو مل بدەن بۆ حوكمەكەی، لە ژێر كاریگەری ئەم فتوحاتانەدا كە موسڵمانان بە دەستیان هێنا دەكرێت بڵێین پێكەوەنانی سیاسەتی گشتیی دارایی كە پابەندی رزگاركردنەكان بوو كارێكی گونجاوو پێویست بوو، چونكە غەزاكان پێویستیان بە هاوكاریو هەرەوەزی بوو تا بتوانێت ئامانجەكانی بەدی بێنێت، لەبەرامبەریشدا فتوحاتەكانیش قاسەی بەیتولمالیان دەبوژاندەوە بەسەرانەو موڵكانەو زەكاتو دەستكەوتی جەنگ.. هتد. دەبووە سەرچاوەی داهاتی بەیتومال[3].

چوارەم: داهاتی گشتیی سەرانە لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا

1ـ جێگیركردنی ڕێوڕەسمی سەرانە لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا.

جێگیربوونی حوكمەكانی سەرانەو رێساو دەستوورەكەی لە سەردەمی ئیمامی عومەردا دەستی پێكراو لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا بە تەواوەتی كۆدەكرایەوەو خۆی سەرپەرشتی دەكردو لەسەر بڕەكەی ڕێكدەكەوت لەگەڵ ئەهلی كیتابدا، وڵاتیش بێدەنگ دەبوو لەو پەیمانو سوڵحەی كە پێشتر بەسترابووەوە دانیشی دەنا بە سوڵحە تازەكاندا لە بەرامبەریشدا دەوڵەت دەچووە بارمتەی ژیانو مافی ئەو كەسانەی سەرانە دەدەن هەتا ملكەچی سەرانە بن[4].

2ـ چەند نموونەیەك لە داهاتی ئەو سەرانەیەی رەوانەی بەیتولمال دەكرا.

أ ـ وەلیدی كوڕی عەقەبە كاتێ والی كوفە بوو هەستا غەزای ئازەربایجانی كردو رزگاریی كردن، لەسەردەمی ئیمامی عوسمانداو لەگەڵ خەڵكەكەیدا لەسەر هەشت هەزار درهەم سوڵحی لەگەڵ كردن، كە لەدوای وەفاتی ئیمامی عومەر سەرانەكەیان گیردابوو بۆیە وەلیدیش بە لەشكرەوە چووە سەریانو ملكەچی كردنەوەو سەرانەیان دا[5].

---

[1] السياسة المالية لعثمان (ص95).
[2] السياسة المالية لعثمان (ص97).
[3] المصدر نفسه (ص99).
[4] المصدر نفسه (ص103).
[5] تاريخ الطبري (246/5).

ب ـ كاتێك ئیمامی عوسمان عەبدوڵڵای كوڕی سەعدی ئاراستەی ئەفریقا كرد ئەوانیش سوڵحیان كرد لەگەڵ جەرجیر، هەزار هەزار دیناریان قەراردا یان پێنج سەد هەزار یان بیست هەزار، عەبدوڵڵای كوڕی سەعدیش لەسەر سێ سەد قینتار ئاڵتون سوڵحی لەگەل كردن، (لەوانەیە ئەم بڕە ئەوەندەی مەبلەغی یەكەم بێت)[1].

ج ـ سوڵحی قوبروسیش هەر بە سەرانە كرا كە حەوت هەزار هەزار دینار بوو تەسلیمی دەستی موسڵمانان كرا[2].

د ـ سەعدی كوڕی سالح سوڵحی لەگەڵ ئەهلی نەجران، كرد هەندێ جار سەد هەزاریان دەدا دەیان وت بە ئەوەندە سوڵح دەكەین هەندێ جاری تر بە دووسەد هەزار، جاری واش هەبوو بە سێ سەد هەزار، هەر بەم جۆرە عەبدوڵڵای كوڕی عامر زاڵ بوو بەسەر نەیساربورداو لەوێشەوە چوو بۆ (سەرخەس بۆ ناو خەڵكی مرو) ناوبژیوانێكیان نارده لایان كە ئیبن و حاتەمی باهیلی بوو لەگەڵ مەرزەبانی مرو، لەسەر هەزار هەزار درهەم سوڵحیان كرد، رایەكی تر دەڵێت لەسەر شەست هەزار درهەم سوڵحیان كرد[3].

و ـ ئەحنەفی كوڕی قەیسیش چو بۆ (بەڵخ) و ئابلۆقەی دان، خەلكەكە هاتن و سوڵحیان كرد لەسەر چوارسەد هەزارو ئازادیان كردن، ئامۆزاكەی كە ئوسەیدی كوڕی موتەشەمیس بوو كردی بەسەروكاریان هەتا پارەی سوڵحەكەیان لێ بسێنێت[4].

3ـ ئیمامی عوسمان نوسراوەكەی پێغەمبەری ﷺ بۆ خەڵكی نەجران جێبەجێ كرد.

پێغەمبەر ﷺ بێدەنگ بوو لەسەر كۆمەڵێك مەرج كە دانران بۆ ئەهلی نەجران و ئەوانیش مەرجیان دانا، ئەویش نووسراوێكی بۆ نووسین و مەرجەكانی تیا ڕۆشن كردبووەوە، سەرانەكەشی بۆ دیاری كردبوون، هەروەك ئیمامی ئەبوبەكر بە هەمان مەرجەكانی پێشووتر، نووسراوێكی بۆ نووسین و پاشانیش ئیمامی عومەریش سەرانەی لێوەرگرتن و لە نەجرانی یەمەن باری پێكردن و لە نەجرانی عێراق نیشتەجێی كردن، چونكە مەترسییان هەبوو بۆ سەر موسڵمانان[5].

لەپاش سپاردنی ئیمامی عومەر، ئیمامی عوسمان نامەیەكی نووسی بۆ وەلیدی كوڕی عەقەبە، كە وەكیلی بوو لە نەجران (بەناوی خودای دەهندەو دلۆڤان: لە بەندەی خوداوە ئیمامی عوسمان ئەمیری ئیمانداران بۆ وەلیدی كوڕی عەقەبە، سەلام و عەلیكم، من ستایشی ئەو خودایە دەكەم كە جگە لەخۆی زیاتر خودایەكی تر نییە لە ئەرزو ئاسماندا، لەپاشان ئوسقوف و ئاقیب و سوراتی ئەهلی نەجران لەعێراق هاتوونەتە لام و سكالایان كردووەو مەرجەكانی ئیمامی عومەریان نیشان داوم، وادەزانم تەنگیان پێ هەڵچنراوە لە لایەن موسڵمانانەوە، من سی حوللە لەسەرانەكەیان دەشكێنم و لادەبەم لەبەر خاتری خودای گەورە، وەفادار دەبم بۆیان بەرامبەر ئەو زەویانەی كە ئیمامی عومەر پێیداون، لەباتی زەوییەكانی خۆیان لەیەمەن، تۆش چاوی خێرت لێیان بێت، ئەوانە ئەهلی زیمەن لەنێوان ئێمەو ئەواندا ئاشنایەتی هەیە، بڕوانە پەڕەی ئەو كیتابانەی كە ئیمامی عومەر بۆی نووسیون، چی تێدایە جێبەجێ بكەو حەقی خۆیان پێ بدە، وەسەلام)، ئەمە لە نیوەی كوڵە مانگی ساڵی بیست و حەوتی كۆچیدابوو[6].

لە نوسراوەكەی ئیمامی عوسماندا چەند كارێك فەرمانی پێ كرا.

أ ـ ئیمامی عوسمان بەرامبەر ئەو پەیمانەی كەدابووی بە پێغەمبەر ﷺ و هەردوو هاوەڵەكەی وەفای هەبوو، ئەمەش لە بەرنامەی ئیسلامەوە هەڵقوڵاوە، كە هەركەس پەیمانێكی دا یان گفت دا دەبێت وەفای هەبێت بەرامبەری.

---

[1] تاریخ الطبري (255/5).
[2] المصدر نفسه (261/5).
[3] تاریخ الطبري (318/5).
[4] تاریخ الطبري (307/5).
[5] الخراج لأبي يوسف (ص74).
[6] السياسة المالية لعثمان (ص105).

ب ـ ئیمامی عوسمان، سەرانەی لەسەر سووك كردن و ئەرزەكانی خۆیانی پێدانەوە و داوای كرد لەوەلیدی كوڕی عەقبەوەفای هەبێ بەرانبەر ئەو خاڵانەی كە لەنووسراوەكەی ئیمامی عومەردا هاتووەو چاوی خێرت لێیان بێت، چونكە ئەوانە ئەهلی زیمەن[1].

4ـ تا ئەهلی كیتاب سەرانە بدەن لەئەستۆی موسڵمانانداں.

دوای سەركەوتنی عەمری كوڕی عاس لە ئەسكەندەرییە، خەڵكی شارەكانی كۆكردەوە بۆ ئەوەی لە نزیكەوە بزانێت لەمیانەی شەڕدا تووشی چی هاتوون، خەڵكی شارەكان هاتن بە تایبەت ئەوانەی كە لەسەر پەیمانی خۆیان مابوون، وتیان ئێمە لەسەر سولحی خۆمان ماوین، بەڵام ئەم حەرەسناكانەی (رۆم) داویانە بەسەرماندا و ئاژەڵ و كەلوپەلیان فەرهود كردوین، وا ئێستاش واین لەژێر دەستی تۆدا بەخۆمان و سامانمانەوە، عەمری كوڕی عاس هەموو ئەو كەلوپەل و شمەكانەی بۆ گەڕاندنەوە كە دەیان بەڵگەیان لەسەری هەبوو ، هەندێكیشیان وتیان بە عەمری كوڕی عاس ڕەوا نییە بۆ تۆ ئەوەی بەسەرماندا هاتووە تۆش پێمان بكەیت، دەبێ ئێوەش شەڕمان لەسەر بكەن، چونكە ئێمە لە زیمەی ئێوەداین و پەیمانمان نەشكاندووە. تەماشا بكە دەستووری سەرانە چۆن مافیان تەرتیب دەكات كە موسڵمانان ناچار دەكات پەیوەست بن و لەبری سەرانەكەیان پارێزگاری ژیانیان بكەن، هەرچەند ئەهلی زیمە بەشداریی ئەركی وڵاتی موسڵمانان ناكەن، واتە بۆ مافەكانی خۆیان سەرانە دەدەن، یەكێك لەمافەكانیان پارێزگاری كردنیانەو مافی چاودێری كردنیانە، بۆیە عەمری كوڕی عاس لەسەر ئەمانە بێدەنگ بوو ماڵ و كەلوپەكەی بۆ گەڕاندنەوە[2].

5ـ بەشداریی ئەهلی زیمە لە تەنگوچەڵەمە گشتییەكاندا لە سەردەمی ئیمامی عوسمان.

ئەوەی باسدەكرێ لەبارەی رزگاركردنی دووەم جاری ئەسكەندەرییەوە لەخەلافەتی ئیمامی عوسماندا لە بارەی سەرانەوە، ئەوەیە كە (صاحێب ئەخنا) كە ناوی (گالەمایە) هاتە لای عەمری كوڕی عاس وتی: پێم بڵی هەر كەسێكمان چەندی سەرانەی دەكەوێتە سەر بۆ ئەوەی بیدات؟ عەمر وتی: ئێوە دەخیلەی ئێمەن، ئەگەر زۆرمان بۆهات زۆرتان بۆ دێنین، ئەگەر كارمان لەبەر بڕوات لەسەرتان سووك دەكەین (صاحێب ئەخنا) تووڕە بوو چوو بۆ لای رۆمەكان و هێنانی بۆ سەر موسڵمانان، خودای گەورە شكاندنی و هەرەسی پێ هێنان، (صاحێب ئەخنا) ئەسیر كراو هێنایان بۆ لای عەمری كوڕی عاس، خەڵك وتیان بیكوژە، وتی: نەخێر نایكوژم، دەڵێن كاتێ هێنایان بۆ لای عەمر بە ڕووی خۆش و كراوەوە ڕوی تێكردو كەوایەكی ئەرخەوانی كردە بەری و پێی وت: ئەوەندەی خەڵكی سەرانەمان بۆ بێنەو بڕۆ، پاشان پێی وت ئەگەر ببرایەیت بۆ لای پادشای رۆم چی لێ دەكردی؟ وتی: ئەگەر ببرایەم بۆ لای ئەو دەیكوشتم، پاشان وتی: هاوەڵەكانی منت كوشتووە كەچی من لێت دەبوورم[3]، ئەگەر قسەكانی عەمری كوڕی عاس شی بكەینەوە كە دەڵێت "ئێوە دەخیلەی ئێمەن، ئەگەر زۆرمان بۆ بێت زۆرتان بۆ دێنین، ئەگەر بارمان سوك بێت، بارتان سووك دەكەین"، كۆمەڵێك بەرنامەی سیاسییانەی دارایی هەڵدەهێنجین بە نیسبەت خەڵكی ناموسڵمانەوە لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا لەوانە:

أ ـ ئەهلی زیمە بەشی خۆیان هەیە لەبەیتولمالی موسڵمانان، بەرامبەر ئەو سەرانەیەی كە واسڵی دەكەن، ئەوانیش دەخیلەی بەیتولمالن.

ب ـ بەشی ئەهلی زیمە بە گوێرەی ئەو تەنگوچەڵەمەیە دەپێورێ كە تووشی وڵاتی ئیسلام دەبێت، ئەگەر نارەحەتییەكە گەورەبوو بڕی سەرانەكەش بەرز دەبێتەوە ئەگەر نارەحەتییەكان كەم بوو، بڕی سەرانەكەش كەم دەكات.

ج ـ گۆڕانكاری سەرانەدان لەگەڵ هەڵكشان و داشكانی سەخت و دژواری حوكمدا، گرێدرابوو بە بەرنامەی بەشداریكردنی داراییەوە لەلایەن هاووڵاتیانی وڵاتەكەوە بەگوێرەی سەختی و دژوارییەكە، بە شێوەیەك هەركەسێ بە

---

1 المصدر نفسه.

2 السياسة المالية لعثمان (ص106).

3 فتوحالمصر ةأخبارها (ص102).

ئەندازەی توانای خۆی بەشداری دەکردو بەپێی جۆری سەختیو دژوارییەکەش باجو سەرانە دادەنرا بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو لەژێر سێبەری ئەو وەسێتانەی کە پێغەمبەر ﷺ کردبووی دەربارەی ئەهلی زیمە کە هەڵسوکەوتان باش بێت لەگەڵیان[1].

پێنجەم: داهاتی گشتیو موڵکانەی دەیەك لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا

1ـ موڵکانە

لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا فتوحاتی ئیسلامی زۆرو فراوان بوو، لەئەنجامدا زەوییە کشتوکاڵییەکانی شارە ڕزگارکراوەکان کەوتنە ئامێزی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، ئیمامی عومەر بەدەست کەوتی (فەیئی) موسڵمانان حسابی دەکرد، ئەو ئەهلی کیتابانەی کە سوربوون لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە زەوییەکەی خۆی پێ دەدانەوەو دەیان کرد بە کشتوکاڵو ئیمامی عوسمانیش موڵکانەو زەکاتی لێ دەسەندنو دەیکردە نێو بەیتولمالی موسڵمانانەوە، موڵکانەی زەوی ببوە سەرچاوەی داهاتی بەیتولمال بەهۆی درێژبوونەوەی فتوحاتی ئیسلامییەوە لەو سەردەمەدا[2].

2ـ دەیەکی بازرگانی

دەستوری دەیەك لەسەردەمی فاروقدا دامەزراوەو لەسەردەمی عوسماندا ڕێساو بنەماکانی جێگیرکراوە. لەسەردەمی عوسماندا لە ئەنجامی گەورەبوونی ڕووبەری دەوڵەتی ئیسلامی بە هۆی فتوحاتەوە، دەیەك، داهاتی بەیتولمالی پێ زیاد کراو بە هۆی زۆربوونی سامانو دارایی لای زۆرینەی خەڵك بووە هۆی بەهێزبوونی هێزی کڕینو فرۆشتن بە تایبەت لەساڵانی سەرەتادا کە پێی دەوترێ ساڵانی ئاسایشو ئارامی، زیادبوونی هێزی کڕینو فرۆشتن خواستی لەسەر شمەکەکان دروست کردو خواستەکانیش ڕێگەیان خۆش کرد بۆ چالاکبوونی هاتنە ناوەوەی شمەکەکان هەتا وای لێهات بکەوێتە ژێر بڕیاری دەیەکی بازرگانی، چونکە مەرجەکانی دەیەکی بازرگانی هاتە کایەوە، یەکێکی تر لەهۆکارەکانی بڕیاری دەیەکی بازرگانی بەرزبوونەوەی نرخ بوو، چونکە بەرزبوونەوەی نرخ سەردەکێشێت بۆ زیادکردنی قازانجو دەسهات، لەوکاتەشدا شمەکەکان بە پێی نرخەکانیان دیاری دەکرێن نەك بەپێی جۆرەکانیان[3].

شەشەم: سیاسەتی ئیمامی عوسمان لە تاپۆ کردنی زەویدا

ئیمامی ئەبوبەکر، لەسەر سیاسەتی پێغەمبەر ﷺ دەچوو لە جێبەجێ کردنی تاپۆکردنی زەیدا، بە مەبەستی پاککردنەوەی زەویو دەرهێنانی، زوبێری کوڕی عەوام لەنێوان جۆرفو قەناتدا پارچەیەك زەوی مردوی بچڕیو پاکی کردەوە[4]، مەجاعی کوڕی مەرارەی حەنەفی زەوی خەزرەمەی پچڕیو چاکی کرد بۆ خۆیو ویستی زەویەکانیش پاککاتەوە، بەڵام خۆی لێ لادا، لەبەر نەیاریو ناڕەزایەتی ئیمامی عومەر هەروەها عوبەیینەی کوڕی حسنی فەزاریو ئەقرەعی کوڕی حابیس تەمیمی ویستیان پارچە زەویەك کرکو بێ کەڵك پاککەنەوەو دەری بهێنن، بەڵام وازیان لێ هێنا لەبەر بۆچوونەکەی ئیمامی عومەر، کە پێی وابوو ئەم جۆرە کەسانە تازە موسڵمان نین هەتا بەم زەویانە دڵنەوایی بکرێن، ئیمامی عومەر فەموی پێغەمبەر ﷺ دڵنەوایی خەڵکی دەکرد لەڕۆژێکدا ئیسلام لاواز بوو ئێستا خودای گەورە ئیسلامی سەربەرز کردەوە برۆن هەولّی خۆتان بخەنە گەڕو کاری خۆتان بکەن، ئاشکرایە نارازییەکەی ئیمامی عومەر لەسەر تاپۆکردنی زەوی نەبوو، بەڵکو مەبەستی ڕێگری کردن لەوکەسانە بوو کە پێویستیان بە دڵنەوایی نییە، چونکە موسڵمانی پێشینن بە پێچەوانەوە بە مەبەستی چاککردنو دەرهێنانی پەرەی بە تاپۆ کردنو دابڕینی زەوی دەدا، چونکە لەسەر ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ دەچوون، تەنانەت پێغەمبەر بەئاشکرا ڕایگەیاند وتی "ئەی خەڵکینە هەر کەس زەوییەکی

---

[1] السياسة المالية لعثمان (ص107).
[2] المصدر نفسه (ص113).
[3] المصدر نفسه (123).
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد (104/3).

مردو زیندوو بکاتەوە دەردێت بە خۆی"[1]، هەرچەند چەندین قسەو قسەڵۆك هەیە گوایە ئیمامی عومەر مولکداریو تاپۆی زەوی تایبەتییەتی زەوی لابردەوەو نەیهێشتووە[2]، ڕیوایەتێکی لاوازیش هەیە لەمبارەیەوە کە ماوەی بۆ تاپۆکردنو مولکداری داناوە ماوەکەشی سێ ساڵ بووە، بەڵام ئەوە سەلماوە کە ئیمامی عومەر زەوییەکی مردوی تاپۆ کردووە لەسەر خەوانی کوڕی جوبێرو هەموو زەوەییەکانی عەقیقی تاپۆ کردووە لەسەر زوبێری کوڕی عەوام، زەوی بەنبەعیشی داوە بە ئیمامی عەلی کە ئاوێکی فرەی لەبەر دەڕۆشت، ئیمامی عەلیش کردی بەوەقف بۆ هەژاران[3].

کاتێك ئیمامی عوسمان خەلافەتی گرتە دەست تاپۆ کردنو مولکداری زەوی فراوان کرد بە تایبەت لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا، هەرچەندە زۆربەی مولکدارەکان زەوییەکانی خۆیان بەجێ هێڵاو هەڵهاتن، دەوڵەتیش هەستا بە بەرهەمهێنانی زەوییە بورەکان، برێکیشی تاپۆکرد لەخەڵك بۆ ئەوەی بە بایەری نەمێنێتەوە[4]، ئیمامی ئەحمەد وای بۆ دەچێت زەوییە رەشەکانی تاپۆی کردبێت لەسەرخەڵك، بێگومان زەوییە بورەکان زۆربەیان دەکەونە نێو زەوییە رشەکانەوە (نەکێڵراوەکان)،ساڵانە لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا وردە وردە مولکانەی بایەرەکان بەرز بوویەوە لەنۆ ملیۆن درهەمەوە بۆ پەنجا ملیۆن درهەم، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی سیاسەتی ئیمامی عوسمان، سەرچاوەکان باسی لیستی ئەو ناوانە دەکەن کە ئیمامی عوسمان زەوی بۆ تاپۆ کردون، زۆربەیان قورەیشی نین،لەمەشەوە دەردەکەوێت کە تاپۆکردنی بەرفراوان کردووە ئەو کەسانەش سوودمەندبوونو زەویان وەرگرتووە. لەوانەش:

1ـ عەبدوڵلای کوڕی مەسعود (زەوییەك لە نێوان روباری نیلو سەدادا).
2ـ عەماری کوڕی یاسر لە ئەسیتینیا .
3ـ خەبابی کوڕی ئەرەتی تەمیمی لە سەعنەبی، گوندێکە لە سەواد.
4ـ عەدی کوڕی خاتەمی تائی، لە (ڕەوحا) گوندێکە لە گوندەکانی بەغدا لای ڕووباری عەبەس.
5ـ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی زوهری قورەیشی لە گوندی (هورمز).
6ـ زوبێری کوڕی عەوام لای بیری فارس.
7ـ ئوسامەی کوڕی زەیدی کەلبی.
8ـ سەعیدی کوڕی زەیدی عەدی قورەیش.
9ـ جەریری کوڕی عەبدوڵلای بەجەلی لای کەناری فورات.
10ـ ئیبنو هەبار.
11ـ تەلحەی کوڕی عەبدوڵلای تەمیمی قورەیش لە (نەشاستیج).
12ـ وائیلی کوڕی حیجری خەزرەمی (زەوییەکانی تەوالی گوندی زەرارە لە کوفە).
13ـ خالیدی کوڕی عوتوفەی قەتاعی پارچە زەوییەك بوو لە حەمام ئەعیون لە کوفە.
14ـ ئەشعەسی کوڕی قەیسی کیندی زەوی (گیز ناباز) شوێنێکە لە نێوان کوفەو قادسیە.
15ـ ئەبومیربەدی حەنەفی (زەوییەك بوو لە هواز لەسەر روباری تیری).
16ـ نافیعی کوڕی حارسی کیندی سەقەفی (لە بەسرە).
17ـ ئەبو موسای ئەشعەری (لە حەمامی عەمرە).
18ـ عوسمانی کوڕی ئەبی عاصی سەقەفی (لە بەصرە).

[1] عصر الخلافة الراشدة للعمری (ص220).
[2] المصدر نفسه (220).
[3] المصدر نفسه (222).
[4] المصدر نفسه (223).

دیاره ئاوارەبوونی خاوەن ئەم زەویانەو ڕەوکردنیان وەهای کردووە کە زەوییەکانیان حوکمی زەوی مردوی هەبێت، بۆیە ئیمامی عوسمانیش داویەتی بەو کەسانەو تاپۆی کردووە لەسەریان بۆ ئەوەی زیندووی بکەنەوەو مشوری بخۆن، مەعاویەی کوڕی سوفیانیش چەند پارچە زەوییەکی لەقەراغی شاری شام دابڕیو جیای کردەوە بۆ ئەوەی بیکاتە ئاوەدانیو سەنگەر بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی رۆم، هەروەها چەند پارچەیەکیشی دابڕی لە ئەنتاکیە بە ڕوخستەی ئیمامی عوسمان، هەندێکی تریش لە قەلیقلە، بەڵام تاپۆکردنی فەدەك بۆ مەروانی کوڕی حەکەم بە ڕێگەیەکی راستو دروست ریوایەت نەکراوە، دەشڵێن ئەو کەسەی فەدەکی تاپۆ کرد بۆ مەروان مەعاویەی ئەبوسوفیان بوو[1].

سیاسەتی ئیمامی عوسمان لە تاپۆکردنی زەویدا، داببنکردنی داهاتێك بوو بۆ بەیتولمال، موسڵمانانیش لەگەڵ مولّکانەکەشدا زەکاتیان دەدا بە بەیتولمال، گەر مەرجەکانی زەکاتی تیا بەدی بهاتایە ئیمامی عوسمان سەرکەوتوو بوو لەسیاسەتی تاپۆ کردنی زەویداو سەرچاوەی داهاتی دەوڵەتی لەجاران زیاترکرد، بە تایبەت لە مولّکەکانی عێراقداو دارایی ئەو زەویانە گەشتە پەنجا هەزار درهەم پاش ئەوەی لەسەردەمی عومەری فاروقدا (900) هەزار بوو[2].

حەوتەم: سیاسەتی ئیمامی عوسمان لە پاوەنکردنی زەویدا

کۆمەڵێك زەوی هەبوون، عوسمان تایبەتی کردبوون بۆ لەوەڕاندنی ئەو وڵاخو وشترانەی کە لەژێر شوانکارەیی دەوڵەتدا بوون، هەر لەم میانەیشدا هەمیشە بیری بەلای پاراستنی دۆڵی نەقیعەوە بوو، کە ئیمامی ئەبوبەکرو عومەر لە خەلافەتی خۆیاندا پاوەنیان کردبوو، هەروەك پێغەمبەر ﷺ پێشوتر قۆرخی کردبوو بۆ هێسترەکانی بەیتولمال[3]، ئەو دۆڵە درێژیەکەی هەشتا کلیۆمەتر بوو دەکەوێتە باکوری شاری مەدینە، لەبەر زۆربوونی ئەو وشترو وڵاخانەی کە لەجیهاددا کەوتبووە ژێر دەستی دەوڵەت، ناوچە پاوەنکراوەکانیش لەسەردەمی ئیمامی عومەردا زۆر زۆر بوون.

هەر بەم دەستوورە زەوی ڕەبزەیان پاوەن کرد بۆ ئاژەڵەکانی زەکاتو (هەنا)ی خزمەتکاریان کردە سەرپەرشتیاریان، ئیمامی عوسمان وەسێتی پێکرد کە بۆ هەژاران دڵی فراوان بێتو بیانکاتە شوانو سەپانی ئەم ئاژەڵانە، هەروەها زەویەکی تری لە بەنی سەعلەب پاوەن کرد، هەرچەند زۆر پێویستیان پێی هەبوو، فەرموی ئەم زەویە زەوی خودای گەورەیە پاوەنیش دەکرێ بۆ ئاژەڵەکانی بەیتولمال کە هی خودای گەورەیە[4].

بە هۆی پەرسەندنی قەڵەمڕەویو خەلافەتو زیادبوونی فتوحاتەوە، ئیمامی عوسمان ڕێبازی پێشینانی خۆی پیادەکرد لە پاوەن کردنی زەویدا. زەویە پاوەنەکانیشی خستبووە خزمەتی خێرو خۆشی موسڵمانانەوە هەتا گەلو ڕەعیەتی زیاد دەبوو پاوەنیشی فراوان دەکرد، وەك وتراوە شتێك لەئەسلّدا بۆ ئاتاج حەڵاڵ بێت هەتا ئاتاجو پێویستیت زیاتر بێێت ئەو شتە زیاد بکەیت دروستە، کاتی خۆی ئیمامی ئەبوبەکرو عومەر پاوەنیان دەکرد کەس نکولی نەدەکرن، ئیمامی عوسمانیش پاوەنەکانی زۆر دەکرد لەبەر زۆری وشترو مەڕوو ماڵاتی زەکاتو هیچ کەس رەخنەی لیێ نەدەگرتو بیانووی نەبوو، هەرچەندە لە لایەن شوانەکانەوە هەندێ گرفت هات ئاراوە، کەواتە ئەو پاوەن کردنەی ئیمامی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان کردویانە نکولی نەکرد بەرامبەریانو لەدژیان، خۆی لە خۆیدا ئیجماعی هاوەڵان دەگەیەنێت[5]، ئیبنو قودامەش لەمبارەیەوە باسی ئیجماعی کردووە.

هەشتەم: جۆرەکانی خەرجی گشتی لە سەردەمی عوسماندا

---

1 عصر الخلافة الراشدة (ص225).
2 السياسة المالية لعثمان (ص118).
3 سنن أبي داود ـ الألباني (595/2).
4 نظام الخلافة في الفكر الاسلامي، د. مصطفى حلمى (ص78).
5 نظام الأراض في صدر الدولة الاسلامية (ص169).

1ـ ئیمامی عوسمان لەبەیتولمالی موسڵمانان هیچ شتێکی وەرنەگرت، چونکە لە ناو هۆزی قورەیشدا ماڵو سامانی لە گشتیان زۆتر بووە، لە هەموویان گورجو گۆڵتر بوو لەبازرگانیداو خێروسەدەقەی دەدا بە دەوروبەرەکەی لە ماڵی تایبەتی خۆی.

2ـ موچەدان بە والییەکان بەپێی پلەکانیان لە بەیتولمال:

لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا خەلافەتی ئیسلامی دابەش کرابوو بۆ چەند ویلایەتێك، هەر ویلایەتێکیش والییەکی بۆ دانرابوو، بە گوێرەی پلەی خۆی موچەی پێ دەدراو کاروباری ویلایەتەکەش دەقاو دەق لەچوارچێوەی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامدا قەتیس کرابوو، ئەگەر خەلیفە نوێنەری نەناردایە بۆ داهاتی ویلایەتەکان، دەبو ئەهلی باجو دەرامەت چاودێری سەرچاوەکانی ویلایەت بکات، داهاتەکانیش سەرانەو موڵکانەو زەکاتو دەیەکی بازرگانیو.. هتد، بوو کە لە ئەنجامدا خەرج دەکرا بۆ کاروباری ویلایەتەکانو زیادەکەشی بۆ بەیتولمالی موسڵمانان لەمەدینە، ڕەوانە دەکرا تەنها زەکات نەبێت کە لەدەوڵەمەندەکان وەردەگیراو دەدرا بە هەژارەکانی ویلایەتەکە[1].

3ـ موچەی سەربازەکان بە گوێرەی پلەوپایەیان.

بەیتولمال موچەی سەربازە موجاهیدەکانی بەپێی پلەکانیان دەداو لەدەستکەوتی جیهادیش پشکی دیاریکراوی دەدانێو بە هەمان شێوە سەربازی ویلایەتەکانیش موچەیان بۆ بڕابووەوە، بۆ نموونە ئیمامی عوسمان، نوسراوێکی نارد بۆ سەربازە موجاهیدەکانی میسرو بۆ عەبدوڵلای کوڕی سەعدی والی میسر نوسراوەکەشی ئەمەبوو "چاك دەزانم سەربازەکانی ئەسکەندەریە چۆن ڕۆمەکان تا ئێستا دوچار پەیمانیان شکاندووە بەڕوویاندا، وریای ئەسکەندەریە بن زۆر بەتوندوتۆڵی ئاگاداری بن موچەو بژێوییان بە دڵی خۆیان بدەرێو ئیسراحەتیان پێ بدە، با واجبەکانیان لەشەش مانگ تێنەپەڕێ"[2].

4ـ خەرجی گشتیی بۆ حەجکردن لەبەیتولمال

خەرجی گشتیی لەسەردەمی عوسماندا بۆ حاجیانو کڕینی پۆشاکی کەعبە لە قوماشو (**قیباطي**) قوماشێکە لە کەتان، چنراوی میسرە[3].

5ـ بوجەی نۆژەنکردنەوەی بینای مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ، ئیمامی عوسمان گفتوگۆی کرد لەگەڵ خەڵکدا لە سەرەتای خەلافەتیدا بۆ نۆژەنکردنو فراوانکردنی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ کە تەنگو ترش بووبوو، بە تایبەتی لە نوێژی هەینیدا بە بۆنەی فتوحاتو زۆربوونی خەلافەتەوە جێگەی نەمابوو، شاری مەدینەش گەورەو کەڵەکە بووە، یەکەمجار لەسەر ڕوخانی مزگەوتو بەرین کردنی ئیمامی عوسمان نوێژی نیوەڕۆی کرد بۆ خەڵکی، پاشان چووە سەر مینبەرەکەو سوپاسو ستایشی خودای کردو پاشان فەرموی: "ئەی خەڵکینە من دەمەوێ مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ بروخێنمو گەورەی بکەم، شایەتم بیستومە لە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو "هەرکەسێ مزگەوتێ دروست بکات خودای گەورە لە بەهەشتدا ماڵێکی بۆ دروست دەکات" پێش منیش پێشەواکانی تر لەم جۆرە کارەدا دەستپێشخەرییان کردووە، ئەم مزگەوتەیان زیادو فراوان کردووە، کە ئیمامی عومەرە، ڕاوێژم بە ئەهلی ڕەئیش کردووە هەر هەموویان یەکدەنگو کۆکن لەسەر ڕووخاندنو نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی ئەم مزگەوتە"، خەڵکەکەش بە جارێ دەستخۆشییان لێ کردو دوعای خێریان بۆ کرد کە ڕۆژ بویەوە کرێکارەکانی بانگ کردو دەستی پێکردو خودی خۆشی لەگەڵیاندا بوو[4].

6ـ لە بەیتولمال برێك پارەی تەرخان کرد بۆ فراوانکردنی مزگەوتی کەعبە.

---

[1] السياسة المالية لعثمان (ص130).
[2] المصدر نفسه (140).
[3] المصدر نفسه (ص140 - 141).
[4] البداية والنهاية (80/7).

مزگەوتی کعبە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دروستکرابوو بەڵام بێ دەرفەت بوو پەنایەکی بەرتەسکی هەبوو خەڵکی نوێژیان تیا دەکرد، لە سەردەمی ئیمامی ئەبوبەکردا مزگەوت هەروا مایەوە، لە سەردەمی ئیمامی عومەریشدا هەستا مزگەوتەکەی فراوان کردو برێك زەوی کڕی لەدەوروبەری کەعبەو پاکی کردەوەو خستیە سەری و کوڵە دیوارێکی کرد بە هەرچوارلایداو گڵۆپێکی ڕۆشنی تێ خست بۆ شەوانی نوێژخوێنەکان، بەڵام مزگەوتەکە لەچاو حاجییەکاندا تەسكو بەرتەنگ بوو بە تایبەت دوای فتوحاتی ئیسلامی و فراوانبوونی قەڵەمڕەوی خەلافەت، خەڵکی موسڵمان پۆل پۆل دەهاتنە کەعبە بۆ بەجێهێنانی فەرزی حەج، دووبارە مزگەوت بەرتەسك بویەوە لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا، ئەویش هەستا بەخشتەکەی ئیمامی عومەر برکەیەك زەوی خستە سەری و کەعبەی بەرین کردو بە کوڵە دیوارێك چواردەوری گرت بە ئەندازەی بەرزی باڵای پیاوێك[1]، هەر بەم شێوەیە والییەکان مزگەوتیان لەویلایەتەکانی خۆیاندا فراوان دەکردو لەبەیتولمال مەسروفیان دەکێشا، بۆ نمونە مزگەوتی (ئەڕڕەحمە)یان دروستکردو مزگەوتی (ئیستەخر)یان دروست کرد لە فتوحاتی مەشریقدا[2].

7- پارەدان بۆ دروستکردنی یەکەم پاپۆڕی دەریایی.

بەیتولمال پشکێکی تەرخان کرد بۆ دروستکردنی یەکەمین پاپۆڕی دەریایی لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا، لەمەولا باسی ئەو پاپۆڕە دەکەین چ ڕۆڵێکی هەبووە لە فتوحاتی ئیسلامیدا[3].

8- پارەدان بۆ گۆڕینی کەنارێ لە شوعەیبەوە بۆ جددە

لە ساڵی (26)ی کۆچی ئەهلی مەککە قسەیان کرد لەگەڵ ئیمامی عوسمان لە بارەی گۆڕینی دەشتو کەناری شوعەیبەوە کەنارێکی کۆنی مەککەیە لەسەردەمی نەفامییەوە بۆ کەناری جددە کە ئێستا هەیە، ئیمامی عوسمان چو بۆ جددەو شوێنەکەی بینی و فەرمانی کرد کەنارەکە بگۆڕن، هەتا چووە ناو دەریاکەو خۆی لێ شۆردو فەرمووی ئەم ئاوە پیرۆزە هەموتان بچنە ناوی و مەلەی تیا بکەن، بەڵام با دەرپێ کورتتان لە پێدا بێت، پاشان بەرێگەی عەسەفاندا لە جددەوە دەرچو بەرەو مەدینە، خەڵکی لەو سەردەمەدا وازیان لە کەناری شوعەیبە هێنا، بەڵام کەناری جددە هەتا ئێستا بەردەوامەو بووەتە بەندەرێك بۆ مەککەی پیرۆز.

9- پارەدان بۆ هەڵکەندنی بیر بۆ موسڵمانان لەبەیتولمال[4]

یەکێکی تر لەو ئیشانەی کە بەیتولمال پارەی بۆ سەرف دەکرد، لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا هەڵکەندنی بیر بوو بۆ موسڵمانان، لەمەدینە بیری ئەریسیانی هەڵکەند ساڵی (30)ی کۆچی، کاتێك ئیمامی عوسمان لەسەر قەراغی بیرەکە دانیشتبوو، مستیلەکەی پێغەمبەر ﷺ لە پەنجەیدا بوو، داخرا لە پەنجەیو کەوتە ناو بیرەکەوە، هەرچی ئاوی تێدا بوو هەڵی گۆزی بەڵام نەیدۆزییەوە، پارەیەکی زۆری دانا بۆ هەرکەسێ بۆی بدۆزێتەوە، خەمو پەژایەکی زۆری بۆ هەڵکێشا، بەڵام نائومێد بوو مستیلەیەکی تری بەوێنەی ئەو دروست کرد لە زیوو (محمد رسول الله)ی لێ هەڵکۆڵیو کردیە دەستی، هەتا شەهید کرا، هەر لە دەستیا بوو داینەکەند دواتر نازانرێت کێ بردی[5].

10- پارەسەرفکردن بۆ ئامانجە بەرزەکانی ئیسلام

لەوردەکاری خەرجییە گشتییەکانی بەیتولمال بەشێکی باش پارەی تەرخان کردووە، بۆ ئامانجە هەرە بەرزەکانی وڵاتی ئیسلام. سەرەڕای ئەو مەسروفاتەی بۆ بەڕێوەبردنی خەلافەتو بەرژەوەندیی گەل خەرج دەکرا، لە هەمان کاتدا پارە سەرف

---

[1] تاريخ الطبري (250/5).
[2] السياسة المالية لعثمان (ص147 - 148).
[3] المصدر نفسه (148).
[4] ذوالنورين عثمان بن عفان، محمد رشيد (ص26).
[5] البداية والنهاية (161/7).

كراوه بۆ بلاّوكردنهوهی پهیامی ئیسلام بۆ بهرزراگرتنی ناوی خودا، دوباره پاره سهرف كراوه بۆ بلاّوكردنهوهی پهیامی ئیسلام بۆ بهرزڕاگراتنی ناوی خوداوه پاره سهرف دهكرا بۆ دروستكردنی پاپۆڕو نۆژهنكردنهوهی فراوان كردنی كهعبهو ئاوهدانكردنهوهی كۆمهڵێ مزگهوتی تازهو موچهدان به بانگۆێژهكانو والییهكانو دادوهرهكان و سهربازو پۆلیسهكانی خهلافهت، ههروهها بۆ قافلهّو كاروانی حاجیانو پۆشتهكردنهوهی مزگهوتی كهعبه، كه روگهی ئیسلامهو پارهی دهدا بۆ كهندنی بیرو بۆ نیشتهجێ بوانو ڕێبواران ههتا لێی بههرهمهند بن، ئهم مهسروفاته گشتییانهش لهداهاتی زهكاتو پێنج یهكی دهستكهوتی جهنگ دهردههات، ههربهم دهستوره موچهی بڕیبووهو بۆ چینه لاوازهكانی كۆمهڵگا وهكو (ههژاران، بێنهوایان، ههتیوان، غهریبو ڕێبواران، كۆیلهكان)[1].

نۆیهم: بهردهوامبوون لهسهر بهرنامهی بهخشیشو بهخشین

درێژهدان به نیزامی بهخشینو لهسهردهمی ئیمامی عوسماندا بهردهوامبوو وهكو سهردهمی ئیمامی عومهر، زۆر بایهخی دهدا بهو كهسانهی كه دهستپێشخهرییان كردبوو له موسڵمانبووندا و كردبووی به بناغهیهك بۆ موچهو بهخشیشیان لهمبارهیهوه نووسی بۆ والییهكهی كوفه و فهرموی "دوای سوپاسی خودای گهورهو سهڵهوات لهسهر گیانی پێغهمبهر ﷺ، ئهو خهڵكهی كه زوتر موسڵمان بووهو دهست پێشخهرییان كردووهو بونهته پێشینانی ئهم دینهو شارو شوێنهكانیان پێ رزگار كراوه ڕێزی تایبهتییان ههیه، وریایان به ئهوانهی ئێستا به هۆی ئهوانهوه هاتنه بهرههمو شوێنكهوتهی ئهوانن جگه لهو كهسانهی كه كهمتهرخهمییان كردووهو ئهركی ئیسلامیان جێبهجێ نهكردووه، ههر یهكیان له شوێنی گونجاوی خۆیاندا دابنێو بژێوی خۆیان بدهرێ به گوێرهی نیسبهی خۆیان، باش بزانه زانیاریت له بارهی خهڵكهوه دهتگهیهنێته دادپهروهری"[2].

كاتێ فتوحاتی ئیسلام بهرفراوان بوو سهرچاوهی دارایی خهلافهت زۆرو زهوهندبوو، ئهمه وای كرد ئیمامی عوسمان خهزێنهو گیرفانی بۆ دروست كردو بووه هۆی زیادكردنی موچهو بژێوی موجاهیدهكانو بۆ ههر یهكێكیان سهد درههمی دهدایه، ئیمامی عوسمان یهكهمین خهلیفهیه بهخششو موچهی خهڵكی زیاد كردو بووه سوننهتێك بۆ خهلیفهكانی پاش خۆی[3].

حهسهن دهڵێ "شایهتی ئهوهم جاڕدهرێكی ئیمامی عوسمان جاڕی ئهدا ئهیوت: ئهی خهڵكینه وهرن جلو پۆشاكی خۆتان بهرن، خهڵكیش چون بهرگو پۆشاكیان هێنا، پاشان جاڕیداو وتی: خۆراكێكی بێشومار ههڵڕژابوو خێراتێكی فرهی كهڵهكه بوو ههڵدرابووهوه، هیچ موسڵمانێ لهو خهلافهتهدا نهئهترسا له موسڵمانێكی تر، چونكه ئیمامی عوسمان داڵدهدهرو سهرخهری خهڵك بوو، زۆر گرنگی دهدا به پاسهوانیو چاودێری فهرمانی دهكرد بهسهر لهشكرهكان، موچهو خۆراكو ڕێزلێنان بدهن به موجاهیده ئێشكگرو پاسهوانهكان"[4].

دهیهم: شوێنهراوی خهرمانی دارایی لهسهر ژیانی كۆمهلاّیهتیو ئابووری

له سهردهمی ئیمامی عوسماندا باجو دهرامهت زۆربوو، لهههموو لایهكهوه ماڵو سامان دههاته بهردهستیان، ئهویش ههستا گهنجینهی بۆ دروست كرد، ئهم خهزێنهیه كاریگهری ههبوو لهسهر رهوتی كۆمهڵایهتیو ئابووری، لهئهبی ئیسحاقهوه هاتووه كه باوای داویهتی به لای ئیمامی عوسماندا پێی فهرموه یا شێخ چهند سهر خێزانی؟ ئهویش وتویهتی ئهوهنده كهسین، فهرمویهتی ئێمه بۆ تۆ پانزهمان داناوه یهعنی ههزارو پێنج سهد درههم، بۆ منداڵهكانیش یهكی سهد درههم.

[1] السياسة المالية لعثمان (ص150).
[2] تاريخ الطبري (280/5).
[3] تاريخ الطبري (245/5).
[4] فتوح مصر (ص192).

لە موحەممەدی کوڕی هیلالی مەدینییەوە هاتووە دەڵێ "باوکم بۆی باسکردم ئەویش لەنەنکمەوە وەری گرتبوو کە نەنکم هاتۆچۆی ماڵی ئیمامی عوسمانی دەکرد، ماوەیەك نەنکم نەچوو بۆ ماڵی ئیمامی عوسمان، وتبووی بە خێزانەکەی، ئەرێ فلان کەس دیار نییە، خێزانەکەشی وتبووی ئەمشەو کوڕێکی بووە، نەنکم دەڵێ پەنجا درهەمو شەقیقەیەکی بۆ ناردم (جلو بەرگی منداڵانە)، فەرمووی ئەمە بەخششی منداڵەکەتەو ئەوەش جلو بەرگیەتی، کە ساڵی تێپەڕاند بە شەکەی دەکەین بەسەد درهەم[1]، وەکو ئەو ژنو منداڵانەی لە مەدینەدا موچەو پۆشاکمان بۆ دابین کردوون"[2].

کاتێ موگینی کوڕی عەمری هیلالی کە سەر لەشکربوو هەستا بە موچەدان بۆ ئەو سوپایەی کە هاودەستیو هاوڕێ بوون ژمارەشیان چوار هەزار سەرباز بوو، بۆ هەریەکەیان چوار هەزار درهەمی پێدان وەکو هاندانو دەستخۆشی کردنیان، عەبدوڵڵای کوڕی عامر کە والی بەصرە بوو، ئەم بڕە پارەیەی بە زۆر زانی بۆیە هەواڵی گەیاندە ئیمامی عوسمان، ئەویش ڕێگەی داو پێی خۆشبوو، وتی: "هەر کۆمەکێ لە پێناوی خوای گەورەدا بێت دروستەو باشە"[3].

ئیمامی عوسمان هەستا موچەی موجاهیدە شەهیدەکانی کردە میراتی شەهیدانە، بۆ کچو خیزانەکانیان، زوبێری کوڕی عەوام وتی بە ئیمامی عوسمان عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود شەهید بووە، موچەکەیم بدەرێ بۆ منداڵەکانی، ئەوان پێویستیان بە بەیتولمالەو ئاتاجن پێی ئەویش پانزە هەزاری پێدا، لەگەڵ ئەم کارەشدا بزووتنەوەی کشتوکاڵیو پیشەسازی لەم سەردەمەداچوستو چالاك بوو بە هۆی ئەو نازو نیعمەتە زۆرەی کە خودای گەورە ڕشتبووی بەسەر موسڵمانانندا لەئەنجامی فتوحاتی وڵاتانی تر، موسڵمانان بە گشتیو شاری مەدینە بە تایبەتی خۆشگوزەرانیو ئاوەدانییان تێکەوتبوو باجو دەرامەتێکی نەختینەی شارەکانی بەرکەوتبوو کە نیوەدوورگەی عەرەبی پێشتر بە خۆیەوە نەیدیبوو، لەمەش زیاتر موسڵمانان دەرکیان بە ژیارو شارستانییەتی گەلانی تر کردووە، ئەندازەیەکی باشیان لێ قۆستەوە بە تایبەت لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا بە شێوەیەکی تێرو تەسەل وەریان گرت، تەنانەت هەندێ لە هاوەڵان کۆشكو هەوارگەی گەورەیان دروست کرد، ئەو کەسانەش کە ماندوبوون لەبنیاتنانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووری وڵاتی ئیسلامدا پشکیان هەبوو لە داهاتی بوجەی ئیسلامدا[4].

یازدەیەم: ئیمامی عوسمانو بەخششی بەیتولمالو کەسوکارەکەی

لەلایەن بێ سەرو بەرەکانەوە بە تایبەت خەواریجەکان، ئیمامی عوسمان بەوە تۆمەتبار دەکرا کە لە بەیتولمال زیادەڕەوی دەکاتو زۆربەی هەرە زۆری بە خزمەکانی دەدات، ئەم تۆمەتە بوو بە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەو بەسەرۆکایەتی سەبەئیو شیعە رافزیەکان کە دوژمنی ئیمامی عوسمان بوون پشتگیری لێ کراو بە شێنەیی ئەم تۆمەتە دزەی کردە ناو مێژووی ئیسلامو هەرچەند قسەیەکی بێ سەروبەرو درۆیە هەندێ لە مێژوونووسانو بیرمەندان بە ڕاست وەریان گرتووە. چونکە شەڕی واتە وات بوو دژی ئیمامی عوەسمان ئەوەی کە چەسپاوە دەربارەی موچەو بەخششی عوسمان بۆ خزمەکانی ئەم کارانەیە کە بە (پیاوچاکی دەژمێرێ نەك بەگزی کاری).

1ـ ئیمامی عوسمان سەرمایەو سامانێکی بێ شوماری هەبوو کردبوویە ئامرازی شیرازەی خزمایەتیو کەسوکارەکەی پێ دەحەساندەوەو خەڵاتی جۆراو جۆری دەدانێ، بەڵام خراپەکێڵەکان رقیان لێ هەڵدەگرتو بوهتانیانبۆ دەکردو دەیان وت: گشت پارەی بەیتولمال تەخشانو پەخشان پێدەکات، ئیمامی عوسمانیش لە هەڵوێستێکدا وەڵامی دانەوەو وتی "من کەسوکاری خۆمم خۆش دەوێتو خەڵاتیان دەکەم، خۆشەویستی من بۆ خزمانم هەرگیز وام لێناکات، هاوسۆزیان بم لە زوڵمداو دەمارگیربم بۆیان بەڵکو من ئەو مافانەیان دەگرمە ئەستۆ کە دەکەوێتە سەرم.. بەخششو موچەکەیشم لە ماڵی

---

[1] الادارة العكرية (768/2).
[2] الطبقات (298/3).
[3] الاوائل للعكرية (26/2، 27).
[4] الحظارة العربية الأسلامية، د. وضاح الحمد (ص114).

حەڵاڵی خۆم دەردەکەم ئەیاندەمێو ماڵو سامانی هیچ موسڵمانێ بۆ خۆمو کەسوکارم بە حەڵاڵ نازانم، هەروەکو جاران خەڵاتو بەخششی عەنتیکە لە سەروەتی ئارەقی نێوچاوانم دەبەخشم بە خزمانم وەك لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺو ئەبوبەکرو عومەردا کردومە، من ئەمڕۆ لەچاو جاراندا رەزیلو بەرچاوتەنگم، ئەتانەوێ بەسەر تەمەنیاندا تێپەڕمو تەمەنم بەسەر بچێو ماڵو دارایی خۆم بەجێ بێڵمو بەشی خزمانی لێ نەدەم؟)[1].

لارو لاسارەکان هەرچی بزانن لەتۆمەتو بوهتان وتیانو کردیان، بە ڕاستی ئیمامی عوسمان زەویو سامانی خۆی دابەشدەکرد بەسەر بەنی ئومیەو سەرەتا لە نەوەکانی ئەبی عاصەوە دەستی پێ دەکردو یەکی دە هەزاری پێدان، پاشان دەیدا بە پیاوەکانی خێڵی حەکەم ئەمانە سەد هەزاریان بەرکەوت، پاشان دەیدا بە نەوەکانی خۆیو بەشی بەنی عاصو بەنی عەیصو بەنی حەربی دیاری کردبوو[2]، ئەم دەقانەو غەیری ئەمانەش لەو قسانەی کە ڕاستو دروستن لە باسی فەزڵی تێروپڕی ئیمامی عوسماندا بەڵگەن، بەرپەرچدانەوەی ئەو واتە واتەی هەڵبەستراوەی هەڵدەبەسترا، گوایە لەبەیتولمال ئیسرافی کردووەو زۆری بۆ خۆیو خزمەکانی خەرج کردووەو کۆشکی پێ دروست کردووە ئەمانە هەموویان حیکایەتی بێ ڕەشمەو لەقاون ئەو کەسەی بۆی هەڵبەستووە زۆریشی بۆ هەڵڕشتووە، ئاشکرایە ئیمامی عوسمان بەریو خاوێنە لەو تۆمەتانەی دەیدەنە پاڵی، ئیبنو تەیمیە دەفەموێ "بەشی خزمدان لای هەندێ لەشەرعزانەکان کارێکی پەسەندەو بە باشی دەزانن، چونکە کەسوکاری ئیمامن وەك حەسەنو ئەبوسەور وتویانە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ بەشی خزمەکانی خۆی دەدا بە حوکمی ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ حاکمی ولاتەو خزمەکانی خاوەن ڕێزو حورمەت بوون، لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺو لە دوای وەفات کردنیشی هەر بە ڕێزبوون، لای خەلیفەکانی پاش خۆی، چونکە سەرخستنی خەلیفەو خۆکردنە قوربانی دەسەڵاتی زیاترو زیاتر کەسوکارەکەی دەیکات هەتا خەڵکی تر".

ئیبن تەیمیە دەڵێ "تێکرای ئەوانەی فەرمانڕەوییان کردووە دوای ئیمامی عومەر هەندێ لەخزمانی خۆیان خەڵات کردووە یان بە پلەو پایە یان بە ماڵو سامان". دەڵێ "ئەوەی کە ئیمامی عوسمان دەیبەخشی لە ماڵو دارایی لە ڕوانگەی سێ هۆکارەوە بوو، یەکەم خۆی کرێکاری بەیتولمال بوو، کرێکاریش هەرچەند دەوڵەمەند بێت بەشی خۆی هەر دەکەوێ، دووەم خزمی نزیکی ئیمامی خەلافەت بوون، سێیەم خزمانی ئیمامی عوسمان زۆرو فرەبوون، وەکو هۆزی ئەبوبەکرو عومەر کەم نەبوون بۆیە دەبوو موچەو دەسەڵاتیان بداتێ لەوان زیاتر، ئەگەر ئیمامی عوسمان کاری واشی کردبێت بەڵگەی دروستی خۆی هەیە"[3].

2ـ لە مێژووی تەبەریدا هاتووە، کە ئیمامی عوسمان فەرمانیداوە عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح لە میسر بگەڕێتەوەو بچێ بۆ رزگارکردنی تونس، پێێ فەرموو ئەگەر خودای گەورە لە سەر دەستی تۆ ئەفریقای رزگار کرد هەرچی دەستکەوتتان هەبوو یەك لە پێنجی دیاری بێت بۆ تۆ، ئەویش بە خۆیو سوپاکەیەوە دەرچوو تا خاکی میسریان بڕیو دزەیان کردە خاکی ئەفریقاو رزگاریان کرد بە دەشتو چیاوە، دەستکەوتەکەیان دابەش کرد بەسەر موجاهیدەکانداو یەك لەپێنجیان دا بە عەبدوڵڵاو چوار لە پێنجی نارد بۆ ئیمامی عوسمان بە (ئیبنو وەتیمە نەزریدا)، کەسێکی تری لەگەڵدا بوو کە گەیشتنە لای ئیمام شکاتی کرد لە عەبدوڵڵا کە ئەوەندەو ئەوەندەی بردووە بۆ خۆی ئەویش پێی وتن "من خۆم پێمداوە ئەگەر پێتان ناخۆشە دەیگەڕێنمەوە، وتیان پێمان ناخۆشە ئیمامی عوسمان فەرمانی کرد بە عەبدوڵڵا بیگەڕێنێتەوە بۆیان

[1] تاريخ الطبري (356/5).
[2] المصدر نفسه (356/5).
[3] منهاج السنة (187/3، 188).

ئەویش گەڕاندیەوە"[1]، لە سونەتدا هاتووە دیاری و خەڵات بۆ ئەو کەسانەی کە ماندوو شەکەت دەبن و ناسۆری دەچێژن لە تێکۆشاندا دروستە[2].

3ـ هەندێ لە پێنج یەك و مەڕو ماڵات مایەوە لە رزگارکردنی ئەفریقادا، ئەو کەلوپەلانە بە نارەحەت دەگوازرایەوە بۆ شاری مەدینە بۆیە مەروان بەسەد هەزار درهەم کڕی بە پارەی کاش، بەڵام هەندێ هەر مایەوە، مەروان بەر لەگشتی ڕۆشت مژدەی رزگارکردنی دا بە ئیمامی عوسمان و ئەوکات موسڵمانان لەکاتێکی زۆر ناسك و ترس و دڵەراوێدا بوون، ئاخۆ غەزای ئەفریقا چۆن دەبێ، ئیمامی عوسمان ئەو بەشە کەلوپەلانەی کە مابوو بەمژدانە بەخشی بە مەروان، کەواتە ئیمام بۆی هەیە مژدانەی مژدەهێن بدات بە ئەندازەی ماندووبوون و جۆری مژدەکە، تەنیا ئەم جۆرە بەخششانە راستە لەسیرەی ئیمامی عوسماندا بە تایبەت بۆ مەروان ئەوەی کە دەڵێن پێنجیەکی ئەفریقای داوە بە مەروان درۆیە[3]، بەڵێ ئیمامی عوسمان سۆزو بەزەیی زۆر بووە بۆ کەسوکاری، بەڵام وای لێ نەکردووە گزی بکات و حەرام خۆری و گەندەڵی بکات، هەر لەبارەی داراییەوە جگە لەم قسەیەش چەندەها درۆی شاخدارو پڕوپوچیان خزاندووەتە پەرتوکە مێژووییەکانەوە هەمووشی دەست هەڵبەستی سەبەئی و شیعە رافزییەکانی لەپشتەوە بووە.

ژیاننامەی ئیمامی عوسمان سەبارەت بە خزمەکانی میهرەبان بووە، ئەو فەرموودەیەی خودای گەورەی جێبەجێ کردووە کە دەفەرموێت ".قُل لَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْراً إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُ فِيهَا حُسْناً إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ) (الشورى: 23). وەك دەفەرموێت (وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ)، هەروەها لاسایی پێغەمبەر ﷺ کردووەتەوەو سیرەی ئەو جێبەجێ کردووە هیچ کەسێکی تر ئەوەندەی عوسمان شارەزای ئاکارو گوفتاری پێغەمبەر ﷺ نەبووە، بۆیە زۆر تەمسیلی ئەوەی کردووە، هیچ کەسێ لە خەڵکی زەمانی خۆی بە ئەندازەی ئەو شارەزای فیقهو شەرع نەبووە، کە خزمان مافی چییان هەیە، ئیمامی عوسمان دیویەتی کەپێغەمبەر ﷺ بە شێکی وای دا بە عەباسی مامی بە هیچ کەسێکی تری نەدا، ئیمامی عەلی کە ئامۆزای بوو، کردی بە کاربەدەست، کەواتە دەبێ دەرس لە پێغەمبەر ﷺ وەربگرین، چونکە باشترین پێشەنگە بۆ سەرجەم موسڵمانان[4].

ئیبن و کسیر دەڵێ "ئیمامی عوسمان پیاوێکی ئاکار بەرزو خاوەن شەرمێکی زۆر بووەو سەخییەکی بە لێشاوبوو لەبەر خاتری خودای گەورە سۆزی خزمایەتی زۆر بووەو هەمووجارێ بەشی داون بۆ ئەوەی بەلەزەتی ئەم دونیا رەوتە نییە دڵیان راگیر بکات و مەیلیان بجۆشێ بۆ ژیانی قیامەت و ئەوەندە را نەکەن بە دوای دونیادا". هەروەك پێغەمبەر ﷺ بەشی خەڵکانێکی دەداو وازی لە کەسانێکی تر دەهێنا بە بۆنەی ئەو ئیمانە پتەوەی کە لەدڵنیاندا جێگیر بووە، بە هۆی ئەم رەوشتانەوە خەڵکانێك رەخنەوگازندەیان دەگرتە ئیمامی عوسمان وەکو خەواریجەکان رەخنەیان گرت لە پێغەمبەر ﷺ[5].

لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە هاتووە دەڵێ "جارێکیان پێغەمبەر ﷺ لە جوعرانە دەستکەوتی دابەش دەکرد، لە پڕێکدا پیاوێك پێی وت دادوەربە لەخودا بترسە، پێغەمبەریش ﷺ فەرموی: قور بەسەرت گەر من دادوەر نەبم"[6]، لەسۆنگەی ئەم بەڵگانەوە ئیمامی عوسمان پاساوی خزم و دۆستەکەی خۆی دەهێنایەوەو ئەم وتەیەشی درکاند لای دەستەی راوێژکاران، وتی "هەواڵی خۆم و دەسەڵاتەکەمتان دەدەمێ هەردوو خەلیفەکەی پێش من لەخۆیان و کەسوکاریان دەبچڕی بۆ رەزامەندی خودای گەورەو، پێغەمبەریش ﷺ بەشی خزمەکانی دەدا، من خۆم لە ناو هۆزی عەیلەدا بووم بژێویتان

[1] تاريخ الطبري (253/5).
[2] فصل الخطاب في مواقف الأصحاب (ص84).
[3] المصدر نفسه.
[4] البداية والنهاية (7 /201).
[5] المصدر نفسه.
[6] البخاري ـ كتاب فرض الخمس.

نەبوو هەژار بوون دەستم لێ درێونەتەوەو شتێکی پێویستم داوە پێیان ئەگەر ئەزانن هەڵەم کردووە بێگەڕێننەوە"[1]، ئیبن و تەیمییە ڕەدی ئەوانە دەداتەوە کە ئیمامی عوسمان تۆمەتبار دەکەن، کە زیادەو بەخششی داوە بە کەسوکاری لەبەیتولمال، دەڵێ "وتویانە لەبەیتولمال سامانێکی زۆری بەخشیوە بە خزمانی تەنانەت چوارسەد هەزار دیناری داوە بە چوارکەسی قورەیش کە زاوای بوون، دە هەزار هەزاردیناری داوە بە مەروان، ئادەی بەڵگەیەکی ڕاستو دروست بێننو ڕاستییەکمان نیشان بدەن".

بەڵێ ئیمامی عوسمان بەخشندە بووە بۆ خزمو بێگانەو سەرجەم موسڵمانان، چاکەخواز بووە، بەڵام ئەم ژمارانە پێویستیان بە دەقێکی چەسپاو هەیە، پاشان دووبارە دەڵێ "ئەمانە درۆی ئاشکران، نە عوسمانو نە هیچ خەلیفەیەکی ڕاشیدین ئەوەندە پارەیان نەداوە بە هیچ کەس"[2].

باسی دووەم: دەزگای داوەری و هەندێ هەڵهێنجانی فیقهی

سەردەمی زێن نورەین بە درێژەپێدانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ دەژمێردرێ کە جێ نشینێکی هیممەت بەرزو دڕەوشاوە بووەو زۆر پابەندی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ بووە، سەردەمی ڕاشیدین سەردەمێکی گشتگیر بوو، بەڵام دامودەزگای دادوەری تایبەت بووە بە داوەرییانەی کە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کراوە، لەگەل هەموو بەندو بڕگەکانیداو گشت ڕەهەندەکانی جێبەجێ کراوەو دەقو چەمکەکانی پیادە کراوە، گرنگی سەردەمی ڕاشیدین لەرووی داوەرییەوە لەکارە بنەڕەتییەکاندا دەرکەوتوو بوو، وەکو:

1ـ پارێزگاری کردن لەو بەندو بڕگانەی کە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لەرووی داوەرییەوە کاری پێ کراوەو شوێن پێ هەڵگریان بوو، پەیوەست بوو پێیانەوە.

2ـ دانانی لیژنەیەکی داوەری بۆ پتەوکردنی پایەکانی خەلافەت کە وڵات فراوان بووەو ڕووبەڕی تازەگەری و نوێکاری جۆراو جۆر بۆتەوە[3].

ئیمامی عومەر بە یارمەتی خودای گەورەو بلیمەتی لەبن نەهاتوویی، توانی دەزگا دادوەرییەکانی خەلافەت گەشە پێ بداتو زیادی کاتو ڕێساو بنەمای بۆ دابنێت، ئیمامی عوسمانیش سودی زۆری لێ وەرگرت لەدامەزراندنی دادوەرو دیاری کردنی موچەو پسپۆڕیان لەبوارە قەزاییەکانداو دەستنیشانکردنی دادوەرو ئەرکەکانی و ناوبردنی ئەو سەرچاوانەی قازی حوکمی پێدەکات بە پێی بەڵگەکان، وەکو چۆن پێشتر دەزگا دادوەرییەکانی سەردەمی ئەبوبەکرو عومەر هەڵسوکەوتیان دەکرد بۆ ئەم سەردەمە عوسمانییەش کەڵکی لێ وەردەگیرا، ئەو دەمەی ئیمامی عوسمان بو بە خەلیفەداوەرەکانی مەدینە عەلی کوڕی ئەبی تالیبو زەیدی کوری سابتو سائیبی کوڕی زەیدە، هەندێ لە لێکۆڵەوەران دەڵێن ئیمامی عوسمان هیچ کێشەیەکی قەزایی فەرامۆش نەکردووەو نەیهێشتووە سەربەخۆ بێت بۆ هیچ قازییەك وەك سەردەمی ئیمامی عومەر وابوو بەڵکو بەتایبەت دەیڕوانییە کێشەکانو ڕاوێژی تیا دەکرد لەگەڵ قازی و هاوەڵەکاندا ئەگەر هاوڕابونایە ئیمزای دەکرد، خۆ ئەگەر هاوڕا نەبوونایە بۆچوونەکەیانی موتالا دەکرد، پاشان فەرمانی دەرکرد بۆ کارەکە، وە هەر سێ قازییەکەی مەدینەی هێشتەوەو کردنی بەراوێژکاری یاسایی، هەر قەیرانێك بهاتایەتە پێش ڕاوێژی بە خەڵکانی تریش دەکرد، هەندێك وا دەبینن دەقێکی ڕاشکاو نییە کە ئیمامی عوسمان قازییەکانی مەدینەی ئازادکردبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە کردونی بە هاوکاری خۆی و دانیشی ناوە بە بڕیارە یاساییەکانی ئیمامی عومەردا، تەنیا چاوی خشاندووە بە کۆمەڵێ پرۆژە بڕیاردا بەراوێژی

[1] الطبقات الكبرى (64/3).
[2] منهاج السنة (190/3).
[3] تأريخ القضاء في الاسلام للزحيلي (ص83 - 84).

ئەوانی تر. ئیمامی بەیهەقی لە سووننەکەیدا هیناویەتی کە وەکیع لە بارەی قازییەکاندا لەعەبدولڕەحمانی کوڕی سەعدەوە وەری گرتووە دەڵێت "باپیرم بۆی باس کردم وتی: ئیمامی عوسمانم دیوە لەمزگەوتدا دوو ناکۆك هاتنە لای، فەرمووی بەیەکیان هەستە برۆ عەلیم بۆ بانگ بکە، بەوی تری وت هەستە برۆ بانگی تەلحەو زوبێرو عەبدوڕڕەحمانم بۆ بکە، هەموویان هاتنو فەرمـوی ئادەی سکاڵای خۆتان بکەن، پاشان گوێی لێ گرتن وتوێژی کرد لەگەڵ هاوەڵان، فەرمـوی راوێژ بکەن بە عەلی گەر حوکمەکە هاوسەنگی حوکمی عەلی بوایە خۆشی واژۆی دەکرد، گەر پێچەوانە بوایە تێڕامانی تیا دەکردو بە یێوەیی کۆتاییان پێ دەهێنا، نەبیستراوە کە عوسمان کرابێتە قازی مەدینە هەتا ئەو ڕۆژەی شەهید کراوە".

لەمێژووی تەبەریدا هاتووە لەباسی پۆلیسەکانی خەلافەتدا، کە زەیدی کوری سابیت قازییەك بووە لە قازییەکان، کەواتە زەیدی بە قازیەتی هێڵاوەتەوە، مۆڵەتی یاسایی پێداوە کە داوەری کێشەکان بکات، بەپێی ئەم دەقەو دەقەکەی پێشوو دەتوانین پارسەنگی هەردووکیان بدەینەوە بەوەی ئیمامی عوسمان قازییەکانی مەدینەی لا نەبردوو بەرکەناری نەکردوون، هەندێ کێشەی هەرەمەزنی تایبەت کردبوو بە خۆیو ئەوانی تری کردبووە راوێژی ئەوان، وێڕای راوێژکردن بە هاوەڵانو خاوەن راکان[1]، هەر بەمشێوەیە داوەری دامەزراند بۆ هەرێمەکانی تریش بۆ نمونە کەعبی کوڕی سوڕەی کردە قازی بەصرە، هەندێ جاریش داوەری دەدایە دەستی والییەکان، کاتێك کەعبی لەسەر کار لابرد بە هەمان شێوە بەعلای کوڕی ئومەیەی کردە والیو قازی سەنعان. دەرکەوتووە هەندێ لە والییەکان خۆیان قازییان هەڵبژاردووە بۆ شارەکان، هەتا جەماوەریان پتر بووبێ قازیش زیادی کردووە، لە نووسینەکانی ئیمامی عوسماندا هاتووە نووسیویەتی بۆ والی شارەکانو ئەمیری موجاهیدان کە ئاتاجو کەلەبەری موسڵمانان پڕ بکەنەوە، لەمەوە بۆمان دەسەلمێ کە دانانی قازی مافێکی تایبەتی والییەکانەو بەکردەوەیش ئەنجامیان داوەو ئەو کەسانەیان دیاری کردووە کە سەلیقەی داوەری هەبوبێت، ئەو سەردەمە نامەگۆڕینەوە هەبووە لەنێوان قازییەکاندا بۆ چارەسەری کێشەکان، هەموویان لەگەڵ ئیمامی عوسماندا نامەگۆڕینەوەیان هەبووە وەکو خەلیفەی خەلافەت[2].

ـ ئیبنو عومەر دەستی لە داوەری هەڵدەگرێت کاتێ ئیمامی عوسمان پێی وت ببە قازی لە نێوان خەڵکدا، ئەویش لە وەڵامدا وتی: هەرگیز داوەری نێوان هیچ دوو کەسێ ناکەمو ئیمامەتی دوو پیاویش ناکەم، ئەی نەتبیستووە پێغەمبەر ﷺ چی فەرمووە، ئیمامی عوسمانیش چاوپۆشی لێکردو وتی: ئەم هەواڵە بەکەس نەدەیت[3].

ـ دروستکردنی خانەی داد بۆ داوەری کردن، هەندێ پەرتوکی مێژوویی باسی ئەوە دەکەن یەکێك لەشوێنەوارەکانی ئیمامی عوسمان دروستکردنی دادگایەك بوو بۆ بۆ داوەری کردن، لەو ریوایەتەدا دەرکەوتووە کە ئیبنو عەساکیر ریوایەتی کردووە لەئەبی صالحی خزمەتکاری عەباسەوە، دەڵێ: (عەباس ناردمی بۆ لای ئیمامی عوسمان بانگی بکەم کە چووم، لەخانەی دادگا بووەو خەریکی داوەری بوو)، بەپێی ئەم ریوایەتە ئیمامی عوسمان یەکەمین کەس بووە کە دادگای بۆ داوەری دروست کردووە، چونکە دوو خەلیفەکەی پێشوو لە مزگەوت دادەنیشتن بۆ داوەری کردن[4].

ناودارترین قازییەکانی خیلافەتی ئیمامی عوسمان

1ـ زەیدی کوڕی سابیت لە شاری مەدینە.

2ـ ئەبو دەردا لە دیمەشق.

3ـ شورەیح لە کوفە.

4ـ ئەبو موسای ئەشعەری لە بەسرە لە پاڵ والییەتییەکەیدا.

---

[1] النضم الاسلامية (378/1).
[2] الو لاية على البلدان (92/2).
[3] مسند امام أحمد رقم (475).
[4] أشهر شاهيد الاسلام (740/4).

5ـ کەعبی کوڕی سورە لە بەسرە.

6ـ ئومامە لە سەنعا.

7ـ یەعلای کوڕی ئومەیە لە یەمەن.

8ـ عوسمانی کوڕی قەیس لە میسر[1].

وێڕای ئەمانە خەلیفە عوسمان کۆمەڵێ حوکمی فیقهی لە بواری سزادا بەجێ هێشتووە، هەروەها لە بابەت تۆڵەکردنەوەو کەتندان‌و تەمێ کردن‌و کۆمەڵێ عیبادەت‌و مامەڵەی ڕۆژانە ڕای (فیقهی) خۆی بەجێهێشتووە، ئەمانە شوێنەوارێکی رونن لە فێرگە فقیهییەکاندا، ئەمانەش هەندێ لەو بڕیارو فەتوایانەیە لە بواری شەرعدا، کە ئیمامی عوسمان لەبارەیانەوە فەرمایشتی داوە:

1ـ یەکەمین کێشەیەك هاتە ڕێگەی ئیمامی عوسمان کێشەی کوشتن بوو (قەتڵ)

یەکەم کێشەیەك ڕووبەڕووی ئیمامی عوسمان بوویەوە مەسەلەی کوشتنی عەبدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومەر بوو، کە هێرشی کردبووە سەر کچەکەی ئەبی لوئلوئی بکوژی ئیمامی عومەرو ئەو کچەی کوشتبو، کابرای گاوریشی کوشتبو کە ناوی جوفەینەبووە و لەگەڵ هورمزان، واتە ئەم سیانەی کوشتووە، کە هەر سیانیان هاودەستو هاوڕای ئەبو لوئلوئی بکوژی ئیمامی عومەر بوون -خودا باشتردەزانێ- [2].

ئیمامی عومەر فەرمانی کرد، عوبەیدوڵڵا زیندانی بکەن هەتا خەلیفەی دوای خۆی دێت با ئەو حوکم بدات بەسەریدا،لەدواییدا ئیمامی عوسمان کرا بە خەلیفە، یەکەم حوکمێ هاتە بەردەستی لە بارەی کوشتارەکەی عوبەیدوڵڵاوە بوو (ئیمامی عەلی) وتی: ئەمە دادپەروەری نییە واز لە عوبەیدوڵڵا بهێنرێت فەرمانی کرد بیکوژن، هەندێ لە موهاجیرین وتیان دوێنێ باوکی کوژراوە ئەمڕۆش کورەکەی بکوژن کارێکی دژوارە، عەمری کوڕی عاص وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران خودای گەورە تۆی لەم ڕووداوە پاراستووە لەسەردەمی تۆدا ڕوینەداوە تۆش خۆتی لێ دوورخەرەوە، ئیمامی عوسمان هەستا لە ماڵ‌و سامانی خۆی خوێنی کوژراوەکانی بژاردو کێشەکەی چارەسەر کرد، کوژراوەکانیش وارسیان نەبوو، بۆیە خوێنەکە درایە بەیتولماڵ‌و عوبەیدوڵڵای ئازاد کرد[3]، ڕیوایەتێك لەتەبەریدا هاتووە کە قومازبانی کوڕی هورمزان لە عوبەیدوڵڵا خۆش بووە، لە ئەبی مەنصورەوە هاتووە دەڵێ بیستم لە قوماز بان باسی کوشتنی باوکی دەکرد دەیوت کاتێ عەجەمەکان هاتنە شاری مەدینە هەندێکیان چونە پەنای عەرەبەکان‌و مانەوە لە مەدینە، جارێك ئەبا لوئلوئی فەیروزی دای بەلای باوکمدا خنجەرێکی دووسەرەی پێ بوو ڕاسانلییەوە لە باوکم، باوکم وتی: لەم شارە ئارامەدا ئەم خنجەرەت بۆچییە؟ئەویش وتی: خوم پێوە گرتووە لەو کاتەدا پیاوێکیش ئەم دیمەنەی بینی، پاشان کاتێ درا لە ئیمامی عومەر، پیاوەکە وتی: ئەم خنجەرەم بە هورمزانەوە دیوە، ئەو داویەتی بە فەیروزی، عوبەیدوڵڵاش ملی ناو چو هورمزانی باوکمی کوشت، کاتێ ئیمامی عوسمان خەلافەتی گرتە دەست بانگی کردم‌و لای خۆی دایانام، پاشان وتی: کوڕی خۆم ئەمە باوکی تۆی کوشتووەو تۆش لەئێمە نزیکتری بۆ باوکت هەستە بڕۆ بیکوژە، من هەستام‌و هەموو خەڵکیش هاوڕای من بوون کەس نکولی نەدەکرد، تەنیا تکایان لێ دەکردم‌و داوای عەفویان لێ دەکردم، وتم: ئایا بۆ من نییە بیکوژم، وتیان: بەڵێ، هەموویان لۆمەی عوبەیدوڵڵایان دەکرد، وتم: ئایا ڕێم لێدەگرن بیکوژم؟ وتیان: نەخێر، هەر سەرزەنشتیان دەکرد، پاشان عەفوم کردو وازم لێ هێنا، هەموویان بەجارێ هەڵیان گرتم‌و بەرزیان کردمەوە، بە کۆڵی هاوەڵەکان گەشتمەوە ماڵ[4]، هیچ دژایەتییەك نییە لە نێوان ئەم دوو ڕیوایەتەدا، واتە لە لایەن واریسەوە عەفو کراوەیان ئیمامی عوسمان خوێنەکەی داوە بە

---

1 عصر الخلافة الراشدة (ص 159 - 160).

2 البداية والنهاية (154/7).

3 المصدر نفسه (154/7).

4 تاريخ الطبري (243/5).

میراتگرەکانی خۆی قومازبات مافی تۆڵەسەندنی هەبوو، بەڵام هاوەڵەکان تکایان لێ کردو ئەویش قبوڵی کردو ئیمامی عوسمانیش خوێنەکەی بژارد، سەرەڕای ئەمەش خەلیفە، کە دەسەڵاتی یاسایی بەدەستە، عوبەیدوڵڵای عەفو کرد، بێگومان حوکمی خەلیفە دەخرێتە پێش حوکمی وارسەکان هەرچەند عوبەیدوڵڵا سەرپێچی خەلیفەی کردبوو، بەڵام خەلیفە عەفوی کردو خوێنەکەی بۆ بژارد، ئەم کارە هەڵەی کە عوبەیدوڵڵا کردی بوو بە مایەی دروستکردنی کارێکی دژوار بۆ سەرشانی خەلافەت، دەبوو ئەو تۆڕە بدۆزرێتەوە، کە پەیوەندییان هەیە بە کوشتنی ئیمامی عومەرەوە لەودیو پەردەوە دەستیان هەیە لەم کارە دزێوەدا، واتە (شەهیدکردنی ئیمامی عومەر)، پاشان هاتنە سەر چارەسەرکردنی کوشتنی جوفەینەو کچەکەی ئەبا لوئلوئی مەجوسی قاتڵ، هیچکامیان وارسیان نەبوو بۆیە حوکم درایە دەستی خەلیفە، ئەویش لێبوردنی هەڵبژارد.

بە گوێرەی ڕیوایەتو سەرچاوەمێژووییەکان ئەو خنجەرەی ئیمامی عومەری پێ شەهید کرا بە دەستی هورمزانو جوفەینەوە بینراوە، دوو هاوەڵ شایەتییان لەسەر ئەم حاڵەتە داوە (عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفو عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر) بوون ریوایەتەکەی عەبدولڕەحمانی ئەبوبەکر ئەوە دەگەیەنێ کە ئەبا لوئلوئی فەیروزی لەگەڵ ئەم دوو کەسەدا هەر چرپەچرپیان کردووەو دەڵێ "کاتێ من دام بەلایاندا ئەم خنجەرە لەبەینیاندا کەوتە خوارەوە لەدوای شەهیدکردنی ئیمامی عومەر سەیرەکەم هەر ئەو خنجەرەیە، کە من بینیم کەوتە خوارەوە، کەواتە هورمزانو جوفەینە شایانی کوشتن بوون، بەڵام کچەکەی ئەبالوئلوئە، بە هەڵە کوژرا عوبەیدوڵڵا وای دەزانی ئەم کچە دەستی لەم کارەدا هەیەو چەکی بۆ باوکی شاردووەتەوە، بێگومان کەس بە قەتڵی هەڵە ناکوژرێتەوە[1].

2ـ کوشتنی دزو سەرسەرییەکان

هەندێ گەنجی خەڵکی کوفە لەویلایەتی وەلیدی کوڕی عەقەبە نوکە رمیان دەدا لەئیبنو حوسەیمانی خوزاعیو زاماریان کردبوو کۆڵەواریان کردبوو، ئەویش بە شمشێرەکەی هەستاوەتەوە بۆیان کاتێ زانی زۆرن دەستی کردبوو بە هاتو هاوار ئەوانیش وتبوویان: بێدەنگبە بۆ ئەوە سیخوڕمەت لێ دەدەین، ترسی شەو لە گیانت دەربچێ، ئەبی سورەیحی خوزاعی هاتبوو بەسەر ئەم دۆخەداو سەیرەکا حوسەیمان هاوای دەکرد ئەوانیش لەداخا کوشتیان خەڵکی بەمەیان زانیو دەوریان دانو گرتنیان، سەیرکەن (زوهەیری کوڕی جوندوبی ئەزدیو موڕەعی ئەسەدیو شوبەیلی کوڕی ئەبی ئەزدیو کەسانێکی ترن ئەبی شورەیحو کوڕەکەی بونە شایەت بەسەریانەوە، بۆ چار هسەری ئەم خوێنە وەلید نوسراوێکی نارد بۆ ئیمامی عوسمان ئەویش وتی: بیانکوژە، وەلیدیش لەبەر دەرگای کۆشکدا لەرەحبە کوشتنی.

3ـ پیاوێك، بازرگانێکی کوشت بۆ ئەوەی ماڵەکەی ببات

ئەمە لە خەلافەتی ئیمامی عوسماندا ڕویدا و تۆڵەکەیشی کوشتنەوەی بکوژەکە بوو لە بریدا[2].

4ـ سزای جادوگەر

لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا کەنیزەکێکی حەفصەی دایکی موسڵمانان جادوی کردبوو لە حەفصەو دانی نا بە جادووەکەیدا، حەفصە فەرمانی کرد بە عەبدولڕەحمان کوڕی زەید بیکوژێ، ئەویش هەستا کوشتی، ئیمامی عوسمان نکولی کرد لەم کارە، ئیبنو عومەر وتی: بۆچی پێت ناخۆشەو لۆمەی دایکی ئیماندارن دەکەیت لەبەر خاتری ژنێکی جادو گەر، کە خۆشی ئیعترافی کردووە، پاشان ئیمامی عوسمان بێدەنگ بوو چیتر نکولی لە کارەکە نەکرد، بەڵام نکولی لەوە کرد، کە حەفسە مافی خەلیفەی پێشێل کردووە بە کەیفی خۆی سزای تاوانباری داوە، لەکاتێکدا سزادان تایبەتە بە ئیمامەوە،

[1] طبقات الكبرى (350/3، 355).
[2] عصر الخلافة الراشدين (ص153).

وتەکەی ئیبنو عـومـەر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیمامی عوسمان نکولی نەکردووە، لە کارەکە، بەڵام نکولی لە بڕیارەکە کردووە، واتە حوکمەکە ڕاستەو گومانو تەڵخی تیا نییە[1].

5ـ تاوانی کوێر

کوێر لەگەڵ چاوساغدا وەکو ئامێرێك وایە بە دەستی چاوساغەکەوە، چونکە بە قسەی ئەو دەجوڵێتەوەو بێئاگایە لە دەوروبەری خۆی، ئەگەر لە هەڵسوکەوتیدا زیانێکیدا، ناکرێ ئەو زیانەی پێ ببژێردرێ، چونکە نابینایە، کەواتە ئەگەر بکەوێت بەسەرکەسێکدا یان شتێکدا بەبێ مەبەستو ئاگاداری خۆی ئەوا تاوانەکەی قەرەبووی نییە، ئیمامی عـوسمان دەفەرموێت: (هەرکەسێ لەگەڵ کوێرێکدا دابنیشێ یان نزیکی ببێتەوەو زیانێکی لێ بکەوێت لە لایەن کوێرەکەوە ئەوە قەرەبووی نییە)، خۆ ئەگەر دەستکێشە چاوساغەکە ئەو تاوانەی پێ ئەنجام بدات ئەوە دەستکێشەکە تاوانبارە[2].

6ـ سزای دوو شەڕکەری یەکترکوژ

شەڕو مەرافەی نێوان چەند کەسێکی شەڕەنگێز کە پەلاماری یەکتر دەدەن هەر زیانێکی لێ کەوتەوە واجبە تۆڵەیان لێ بسێنرێ، چونکە تاوانی دەستئەنقەستەو هەر یەکەیان سوورە لەسەر لێدانو کوشتنی ئەوی تر، ئیمامی عـوسمان دەڵێ: (ئەگەر دوو شەڕکەر بەگژ یەکدا هاتن هەر زامو زیانێك کەوتە نێوانیان تۆڵەی خۆی هەیەو دەبێ سزا وەربگرن)[3].

7ـ ستەمکردن لە ئاژەڵان

ئەگەر ستەمکرا لە ئاژەڵێك پێویستە نرخی ئەو ئاژەڵە وەکو قەرەبوو بدرێ بە خاوەنەکەی، لە عـوقبەی کوڕی عامرەوە هاتووە کە لە سەردەمی ئیمامی عـوسماندا کابرایەك سەگێکی ڕاوەکی زۆر دڕی کوشت، هەشت سەد درهەمیان لێ سەند، ئیمامی عـوسمان ناچاری کرد ئەو پارە بژاردنە بدات، پیاوێکی تر سەگێکی کوشتبوو بیست وشتریان لێ سەند لە باتییا[4].

8ـ بەرپەرچدانەوەی چەتەو شەوکوت

ئەگەر کەسێ دەستدرێژی بکاتە سەر ماڵو ناموسی کەسێك یان زیان بگەیەنێت بە ژیانو گیانی کەسێك، زوڵم لێکراویش لە گەرمەی تاوانەکەدا دەست بکاتەوەو بیکوژێ، ئەوە خوێنی ناکەوێتە سەرو خوێنی کوژراوەکە بە فیڕۆ دەچێت، لە پەرتوکی (موحەلای ئیبنو حەزمد)دا هاتووە: (پیاوێك کابرایەکی بینی لەگەڵ خێزانەکەیدا بە خراپی، دەستبەجێ کوشتی، سکاڵایان گەیاندە ئیمامی عـوسمان ئەویش خوێنەکەی بەفیڕۆدا).

9ـ داری حەددان لەو هەڵگەڕاوانەی، کە پەشیمان دەبنەوە[5]

داری حەدد نادرێ لە هەڵگەڕاوە هەتا سێ جار پەشیمان نەبێتەوە، خۆ ئەگەر هەر سووربوو لەسەر هەڵگەرانەوەکەی ئەوە دەکوژرێ، وەکو ڕوویداوە، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە کوفە کۆمەڵێ پیاوی گرت کە لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوەو قسەو باسەکانی موسەیلەمەی درۆزنیان دەڕازاندەوەو دەنرخاند، هەستا نوسراوێکی نارد بۆ ئەمیری ئیمانداران ئیمامی عـوسمان، ئەویش فەرموی ئاینی ئیسلامو شایەتومانیان عـەرز بکە، ئەگەر وەریان گرتو دووریان گرت لە موسەیلەمە مەیان کوژە، بە پێچەوانەوە بیان بیانکوژە، هەندێکیان ئیسلامیان قبوڵ کردو ئەوانی تر ڕەتیانکردەوەو موسەیلەمەیان سەردەخت، ئەویش کوشتنی.

10ـ خەڵکم زۆر کوشتووە ئایا بۆم هەیە پەشیمان ببمەوە؟

---

[1] موسوعة فقه عثمان بن عفان، (ص169 - 170).
[2] المصدر نفسه (ص99).
[3] المصدر نفسه (ص100).
[4] المصدر نفسه (102).
[5] المصدر نفسه (ص130).

پیاوێك وتی: بە ئیمامی عوسمان ئەی ئەمیری ئیمانداران من خەڵکم کوشتووە ئایا بۆم هەیە پاشگەز ببمەوەو تەوبە بکەم؟ ئەویش سەرەتا ئەم سورەتەی خوێندەوە بەسەریا: (**حم* تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ* غَافِرِ الذَّنبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ شَدِيدِ الْعِقَابِ ذِي الطَّوْلِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ إِلَيْهِ الْمَصِيرُ**) (غافر: 1 ـ 3).

پاشان پێی وت: عیبادەت بکەو نائومێد مەبە، شایانی باسە تەوبەکردن تاوانەکان لای خودا دەسڕێتەوە، بەڵام مافی کەسەکان هەر دەبێ بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان یان گوزشتەی لێ بکەن[1].

11ـ داری حەدد لە مەیخۆرەکان

وەك دەزانین پێغەمبەر ﷺ داری حەدی داوە لەو کەسەی، کە ئازادەو مەی دەخواتەوە، حەددەکەشی چل جەڵدە، لێدانەکەش بە نەعلو چمکی جلوبەگ دەبێت، بۆ سوکایەتی پێکردنی، ئەبوبەکریش هەروای کردووە، عومەریش لە سەرەتای خەلافەتدا هەر بەمشێوەیە بووە، پاشان زۆری پێنەچوو بە ڕاوێژی هاوەڵان ئیمامی عومەر کردی بە هەشتا جەڵد، چلی بۆ زیاد کرد، چونکە خەڵکی گاڵتەیان بە چل جەڵد دەهاتو لێی نەدەترسان، ئیمامی عوسمانیش هەندێ جار چل جەڵدی لێداون هەندێ جاریش هەشتا جەڵدی لێداون، ئەمەشی بە هەواتە نەکردووە، بەڵکو لەرقی ئارەقخۆرەکان کردوویەتی، بۆنموونە داری حەددی نەداوە لەو کەسانەی کە تێکەوتوونو هەڵەیان کردووە، بەڵام داری داوە لەو کەسانەی کە خوویان پێوە گرتووە، ئەوانەی هەڵەیان کردووە، چل جەڵدد بووە، بەڵام خوپێوەگرتووەکان هەشتا جەڵدد بووە، چلی یەکەم داری حەدد بووە، چلی دووەم تەمێکردن بووە[2].

12ـ پیادەکردنی داری حەدد لەسەر برای دایکی خۆی (وەلیدی کوڕی عەقەبە)

لە حوصەینی کوڕی مونزیرەوە هاتووە دەڵێ: لای عوسمان دانیشتبووم وەلیدیان هێنا دوو پیاو شایەتییان دا لەسەری، کە ئارەقی خواردووە، یەکیان (حمران) بوو، وتی: وەلید ئارەقی خواردووە، ئەوی تریان بینیبووی ڕشاوەتەوە، ئیمامی عوسمان فەرمووی: (کەسی ساغ نارشێتەوە هەتا نەخواتەوە)،ئەی عەلی هەستە جەڵدی لێبدە، عەلی وتی: بە عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر هەستە جەڵدی لێبدە، ئەویش جەڵدی لێداو ئیمامی عەلی دەیژمارد، هەتا گەشتە چل جەڵد، وتی: ڕایگرن، پێغەمبەر ﷺ چل جەڵدی داوە لە ئارەقخۆر، ئەبوبەکریش هەر چل جەڵدی بەکار هێناوە، بەڵام ئیمامی عومەر هەشتای بەکارهێناوە، هەمووشیان سوننەتە لای منیش ئەمەی خۆم پێ باشترە کەچل دارە[3].

لەم باسەدا ئەوە تێدەگەین داری حەدد لەسەر ئارەقخۆر بۆ تەمێ کردنو وازهێنانە بۆ ئەوەی کۆڵی لێبداتو خەڵکی تریش ترسیان وەبەر بێت، ئەوەش دەرکەوتووە کە ئیمامی عوسمان لە جێبەجێ کردنی تۆڵەو مافدا بەهێز بووەو گوێی نەداوەتە لۆمەی لۆمەکاران، وەلید برای دایکی خۆی بووە حوکمی شەرعی بەسەردا سەپاند ئەمەش باشترین کردەوەی کاربەدەستانە[4].

13ـ دزی کردنی منداڵ

سزای دەستبڕین لەسەر منداڵی دز، پیادە ناکرێ ئەگەر منداڵەکە باڵغو ژیرو ئازادو شارەزابە حەرامو حەڵاڵ نەبووبێ، منداڵێکیان هێنا بۆ لای ئیمامی عوسمان دزی کردبوو، فەرمووی سەیری موی بەری بکەن ئەگەر موی لێ نەهاتبوو وازی لێ بێنن، لە ئەنجامدا بەریان داو دەستیان نەبڕی، چونکە مووی لێ نەهاتبوو[5].

14ـ زیندانی کردن بۆ تەمێخوازی

---

[1] المصدر نفسه (ص93).
[2] المصدر نفسه.
[3] شرح نوويي علما صحيح المسلم ـ كتاب المدود (216/11).
[4] ولاية الشرطة في الألام ـ د. نمر المحيداتي (ص105).
[5] صحيح التوثيق (ص77).

سەنابی کوڕی حارسی بورجەمی لەسەردەمی وەلیدی کوڕی عەقەبەدا لە تیرەی ئەنصاری سەگێکی بە ئەمانەت هێنابوو، پێیان دەوت (قەرحان)و ڕاوی بزنمژەی پێ دەکرد، لای خۆی قەتیسی کردوو نەیگەڕاندەوە بۆیان ئەنصارییەکان هۆتەرەیان کردە سەری‌و کردیانە گاڵەو لە دەستیان هەڵپڕوکاندو بردیانەوە، کابراش جنێوی پێدان‌و دایشۆرین، کاتی ئیمامی عوسمان بەمەی زانی ناردی بە شوێن صەنابداو بەلێدان تەمێی کردو زیندانی کرد، ئەم کابرایە وازی لە جنێودان نەهێنا بۆیە کردیانە زیندان‌و هەر لە زیندانیشدا مرد[1].

15- ئازاردانی ئەوکەسانەی ڕووبەڕوو جنێو دەدەن‌و سوکایەتی دەکەن

ئیمامی عوسمان جنێوی ئاشکراو ڕووبەڕوی تەمێکردووەو حەددی لێ داوە، پیاوێك وتبووی بە یەکێکی تر (ئەی ئیبن‌و شامە دایکتدا وا پێ بکەم) واتە (زینا بکەم) یان (زینای دایکتم کردووە) کاتی ئیمامی عوسمان لەم مەسەلەیەی کۆڵییەوە، کابراکە وتی: زۆر نارەحەتی کردوم‌و ئاگام لە خۆم نەبووە، ئیمامی عوسمان ئەمری کرد داری حەددی لێبدەن‌و گوێی نەدا بە بیانووەکەی[2].

16- سزای زیناکەر

ئەگەر سەلمێنرا پیاوێ یان ژنێ زینای کردووە، لە هەمان کاتدا ئازادەو هاوسەری خۆشی هەیە، سزاکەی بەردبارانە هەتا دەمرێ، ئافرەتێکی شودار لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا زینای کردبوو، ئیمامی عوسمان بڕیاریدا بەردبارانیکەن تەنانەت خۆی ئامادەی بەردبارانەکە بوو[3].

17- تەمێکردن بە تەراکردن‌و دەرکردن

هەواڵ گەیشت بە ئیمامی عوسمان، کە ئیبن‌و حوبکەی هندی خەریکی نەیرنجە، نەیرنج وەکو جادوو وایە، جادوش نییە، ئیمامی عوسمان نامەی نارد بۆ لای وەلیدی کوڕی عەقەبە پرسیاری نەیرنج بکات لە حوبکە، ئەگەر دانی پیانا، کە کردویەتی ئەوا ئازاری بدات‌و تەمێی بکات، وەلید پرسیاری لێ کرد، چونکە وتی: بۆخۆشی‌و بێتاقەتی کردومە، ئیمامی عوسمان فەرمانی کرد لێدانی بکەن‌و هەواڵیش بدەن بە خەڵکی، وەلید نامەکەی ئیمامی عوسمانی خوێندەوە، کە فەرمویووی: (هەرکەسێ جددی بوو بەرامبەرتان ئێوەش جددی بن بەرانبەری، ئامانتان بێ گاڵتەجاڕ مەبن‌و وریای گاڵتەجاڕیش بن، چونکە خەڵکی تر دەچنە سەر ڕەفتارەکانی ئەو گاڵتەجاڕانە). خەڵکی سەریان سوڕما لەم ئامۆژگارییە بۆیە وەلید توڕە بوو هەستا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەچوون بەرەو شام، کەعبی زی حوبکەو مالیکی کوڕی عەبدوڵلای نارد لەگەڵیان نامەیەکیشی نووسی بۆ ئیمامی عوسمان، چونکە ئەم دوانە لەسەریەك بیروباوەڕ بوون[4].

18- دوورخستنەوەی خەڵکی لە تەرمەکەی عەباس

لە عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدەوە هاتووە، دەڵێ: کاتی تەرمی عەباسی مامی پێغەمبەریان ﷺ هێنا بۆ مردوشۆر، خەڵکی کەڵەکەبوونە سەر یەکو بردیان بۆ گۆڕستانی بەقیع‌و نوێژیان لەسەر کرد، حەشاماتێکی زۆر هاتبوو قەرەباڵغی وامان نەدیبوون کەس نەیدەتوانی لە دارمەیتەکەی نزیك بێتەوە، چونکە بەنی هاشم ڕێگەیان هەڵچنی بوو دەرفەتیان نەیهێشتبووەوە بۆ کەسی تر کاتێ هەڵیان گرت بۆ ناو گۆڕەکەی جەنجاڵییان کردە سەری، ئیمامی عوسمان ئەمەی بینی پۆلیسی نارد خەڵکیان دوور خستنەوەو پاڵیان پێوە نان‌و بەنی هاشم ناشتیان‌و ئەلحەدیان بۆ دانا[5]، ئەمە بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە پیاوانی پۆلیس زۆربوون، لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا لای هەندێ لە مێژوونووسان[6] وایە ئیمامی عوسمان

---

[1] تاريخ الطبري (420/5).
[2] موسوعة فقه عثمان (ص247).
[3] المصدر نفسه (ص184).
[4] تأريخ الطبري (419/5).
[5] الطبقات (32/4).
[6] المصدر نفسه (ص106).

یەکەمین خەلیفە بووە پۆلیسی داناوەو ئەرکی سەرپەرشتی ئەم کارەشی بە 0ئیبنو قونفوزی کوڕی عومەیری قورەیشی) سپارد[1]، کە هاوەڵێکی کۆچەرییە، لە کوفەش عەبدولڕەحمانی ئەسەدی کردبووە سەرپەرشتیاری پۆلیسەکان، هەروەها سەرۆکایەتی پۆلیسی شامی دابوو بە نوصەیری کوڕی عەبدولڕەحمان ئەوکاتەی معاویەی ئەبی سوفیان والی بوو لە شامدا[2].

ئاشکرایە لە دوای ئیمامی ئەبوبەکرو عومەر هیچ جێنشینێك وەکو ئیمامی عوسمان یاسای ئیسلامیی پیادە نەکردووە بە یەکسانی، ئیتر تاوانبارەکە خزم بێت یان بێگانە، هەژار بێت یان دەوڵەمەند، ماقوڵ بێت یان گەدا، وێڕای ئەوەی هەر ماف و چاکەکارییەك کەوتبێتە ئەستۆی بێ گرێو گۆڵ جێبەجێی کردووە، ئەو شانازییە بەسە بۆ ئیمامی عوسمان، کە حوکمڕانییەکەی بە خەلافەتی راشیدین ئەژماردەکرێت[3].

دووەم: عیبادەت و هەڵسوکەوتی

1ـ ئیمامی عوسمان لە مونا و عەرەفە چوار رکاتی تەواو نوێژی کرد

لە حەجکردنی ساڵی (29)ی کۆچی، ئیمامی عوسمان چوار رکات نوێژی کرد بۆ خەڵکی، یەکێ هات بۆ لای عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، وتی: ئایا زانیوتە براکەت چی کردووە؟ واتە ئیمامی عوسمان چوار ڕکات نوێژی بۆ خەڵك کردووە، عەبدولڕەحمان خۆی دوو رکات نوێژی بۆ خەڵك کردبوو، هەستا چوو بۆ لای عوسمان و پێی وت: ئایا تۆ لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لەم شوێنەدا دوو ڕکات نوێژت نەکرد؟ وتی: بەڵێ، پاشان وتی: ئایا تۆ لەگەڵ ئەبوبەکرو عومەردا لەم شوێنەدا دوو ڕکات نوێژت نەکرد؟ وتی: بەڵێ، وتی: ئایا تۆ لەسەرەتای خەلافەتەکەدا دوو ڕکاتت نەکرد؟ وتی: بەڵێ، پاشان وتی: ئەی عەبدولڕەحمان گوێم لێ بگرە، پێم گەیشتووە هەندێ حاجی ئەهلی یەمەن و خەڵکی نەزان، ساڵی رابردوو وتویانە نوێژی خەڵکی ئەم شارە دەبێت دوو رکات بێت و ئیمامی عوسمان نوێژیان بۆ بکات، بەڵام بۆ خەڵکی ئەملاولا دەبێ چوار رکات بکەن، منیش کەسوکارم لێرەیە لەمەککەو خەڵکی ئێرەم، وتم وا باشە چوار رکات بکەم، بۆ ئەوەی ئەو رایەی کەوتووەتە مێشکی خەڵکی جێگیر نەبێ، من کۆچەری نیم لێرەدا، چونکە ژنێکم لەگەڵ خۆم هێناوە،ماڵێکیشم لە تایف هەیە، دەتوانم زۆر بە ئاسانی بگەڕێمەوە ناوی، عەبدولڕەحمان وتی: ئەمانەی وتت هیچی بەهانە نەبوون تۆ دەڵێی کەسوکارم لێرەیە، بەڵام ماڵ و منداڵت لە مەدینەیەو خەڵکی ئەو شارەی کە تێیدا نیشتەجێی، هەروەها دەڵێی ماڵێکم هەیە لە تایف خۆ لە مەککە بۆ تایف سێ شەو رێگەیەو تۆش تایفی نیت، دەڵێی هەندێ حاجی ئاوایان وتووە، لە کاتی پێغەمبەردا ﷺ سروش دادەبەزی و موسڵمانانیش جیلی یەکەمبوون، هەر دوو ڕکاتیان کردووە، لەسەردەمی ئەبوبەکرو عەمەریشدا کە ئیسلام ترۆقی کردبوو هەر دوو ڕکات نوێژ کراوە، ئیمامی عوسمان وتی: ئەمە رایەکەو وای بۆ دەچم، عەبدولڕەحمان هەستاو چو، گەشت بە ئیبنو مەسعود، ئیبنو مەسعودیش وتی: ئەبو موحەممەد واتە (عەبدولڕەحمان) جگە لەوەی دەزانم هیچیتر هەیە؟ وتی: نەخێر، بەڵام من چی بکەم، وتی: ئەو کارە بکە جاران کردوتە، عەبدولڕەحمان وتی: دووبەرەکی دەکەوێتەوە، من بیستومە عوسمان چوار رکاتی کردووە، بەڵام من دوو رکاتم کردووە بۆ خەڵکی، دەڵێم با ئیتر چوار رکات بکرێت، ئیبنو مەسعودیش وتی: من کە بیستم عوسمان چوار رکاتی کردووە منیش چوار رکاتم بۆ کردن[4].

ئیمامی عوسمان مەبەستەکەی خۆی پیادە کردو چوار رکات نوێژی بۆ کردن، چونکە دڵهاوەری موسڵمانان بوو بۆ ئەوەی تووشی قڕەو ناکۆکی نەبن لە دینداریدا یەکگرتووبن، پاساوی گونجاوی هێنایەوە بۆ کارەکەی کە پاڵ پێوەرنەرەکانی چی بوون، کاتێ ئیمامی عوسمان ڕای خۆی خستە ڕوو عەبدولڕەحمانیش چووە سەر رایەکەی و چوار رکاتی کرد بۆ هاوەڵەکانی

[1] تأريخ خليفة بن خياط (ص179).
[2] ولاية الشرطه في الاسلام (ص105).
[3] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (409/1).
[4] تأريخ الطبري (268/5).

بەهەمان شێوە ئیبن و مەسعودیش کردی، سەرجەم هاوەڵانیش شوێنی کەوتن و نکوڵییان لێ نەکرد، چونکە ئیمامی عوسمان پێشەنگێکی فەقیهەو دەبێ شوێن پێی هەڵبگرین لە سنووری شەرعدا، خۆ ئەگەر ئەو کارەی کە کردی پێچەوانەی شەرعبوایە هەرگیز نەدەکرا، نەدەگونجا هاوەڵان شوێنی بکەون[1]، ئەو بۆچوونانەی ئیمامی عوسمان هێنایەوە بۆ عەبدولڕەحمان بەڵگەبوون لەسەر دروستی ئامانجەکەی، ئەگەر بەوردی تەماشای ئەم کارە بکەین و بە نهێنییەکانی ئەم دینە بی پێوین، بۆمان دەردەکەوێت چوار ڕکاتەکەی ئیمامی عوسمان لە کورت کردنەوەکەی زەروورتر بووە، چونکە ڕاوبۆچونێکی وا هاتە ئاراوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکرو عومەردا نەبوو، لەوە ترسا موسڵمانەکان تووشی دووبەرەکی و ناکۆکی ببن، لە نوێژدا، بە تایبەت عەرەبە وشك هەڵاتووەکان کە سەرقاڵی پێوانەکردنی گوندەکانی خۆیان بوون، کە چەندێ دوورە لە مەککەوەو یەکەم هەنگاوی خۆیان دەژمارد، ئیمامی عوسمان ویستی ئەم بارە دژوارە یەکلا بکاتەوەو موسڵمانە لاوازەکان تێ نەکەون، بە قەناعەتەوە گرژیو ئاڵۆزی دەروونی خۆی ڕەواندەوە وتی: کەسوکارم لە مەککەیە ماڵیشم لە تایفە، چاوەڕوان دەکرا لە دوای حەج لە تایف لابداو بمێنێتەوە، بۆیە چوار ڕکاتەکەی بەباش زانی، ئەم دەرەنجامە وردکاری بوو لە دین و شارەزایی بوو لە حیکمەتەکانی[2]، هەروەها دەستەیەك لە هاوەڵان ڕایان وایە نوێژ دەبێ چوار ڕکات بێت، لە سەفەردا وەکو (عائیشە، ئیمامی عوسمان، سەلمان و چواردە هاوەڵی تر)[3]، ئیمامی عوسمان کورتکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا بە واجب نازانێ، هەر وەك فوقەهای مەدینەش ڕایان وایە نوێژ کورتکردنەوە واجب نییە، ئیمامی مالیك و شافیعیش بە هەمان شێوە، ئەم مەسەلە مەسەلەیەکی ئیجتیهادیو ڕای زانایانە لەبەر ئەوە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە لەناو ئەمانەشدا ئیمامی عوسمان، لەمبارەیەوە ڕای ئاوایە دەڵێ: ناکرێ لەسەر ئەم ڕاو کۆششە کەس کافر کەین یان فاسقی کەین[4].

ئیبن و مەسعودیش[5] دەڵێ: دووبەرەکیو شەڕ خراپو دژوارە، یان دەڵێ من دووبەرەکیم پێ سەختە[6]، سوننەتو چاوڕۆشنی ئەوەیە لە بابەتی ئیجتیهادی ڕایەکاندا خۆمان دەرباز بکەین لە دووبەرەکیو ناکۆکی، وە دەستخۆشی بکەین لەو کەسەی دەیبڕیتەوەو یەکلایی دەکاتەوە[7]، بە تایبەت ئەم بارودۆخەی، کە داسەپاوە بەسەرماندا کاتە زێڕینەکانی بە فیڕۆ نەدەین بەڵکو تێکۆشین بەرەنگاری ململانێ دژوارەکان ببینەوە[8]، ئیبن و مەسعودو عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف چەندەها جار لە دوای ئیمامی عوسمانەوە نوێژیان کردووە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا پەروەشی هاوەڵان دەردەخات، کە کۆدەنگیو یەکگرتوویی ڕەوشتێك بووە لە ڕەوشتە بەرزەکانی نەوەی یەکەم، واتە: (هاوەڵە بەڕێزەکان).

2ـ لە ڕۆژی هەینیدا ئیمامی عوسمان بانگی دووەمی زیاد کرد

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ (دەست بگرن بە سوننەتی منو سوننەتی جێنشینەکانمەوە[9]، کە لەدوای من دێن)، دەستگرتن بە سوننەتی خەلیفەکانەوە بەندێکەو فەرمانی پێکراوە، بێگومان ئیمامی عوسمانیش یەکێکە لە جێنشینەکانو بەرژەوەندی موسوڵمانانی لەوەدا بەدی دەکرد کە بانگی دووەمی نوێژی هەینی زیاد بکات بۆ ئەوەی خەڵکی ئاگادار بکاتەوە لە نزیکبوونەوەی کاتی نوێژی هەینی، ئەمە لە ئەنجامی گەورەبوونی شاری مەدینەو پەرەسەندنی بوو، سەرجەم هاوەڵانیش بێدەنگ بوونو ڕەزامەندییان نیشاندا و هیچ کەسیش سەرپێچی تیا نەکرد، هەر لە سەردەمی ئیمامی عەلییەوە

1 عثمان بن عفان، صادق عرجون (ص192).
2 المصدر نفسه (ص194).
3 كتاب الامامة والرد على الرافظة للأصفهاني، (ص312).
4 الرياض النضرة (ص566).
5 تأريخ الطبري (268/2).
6 القواعد الفقهيه للندوى (ص336).
7 فقه الأولويات، محمد الوكيلي (169).
8 الفكر الأسلامي بين المثالية والتطبيق، كامل شريف (ص29).
9 سنن أبي داود، كتاب السنة رقم (4607).

هەتاکو ئەمڕۆ کەس نکولی نەکردووە، کەواتە ئیجماعی موسڵمانانی لەسەرە[1]، لە شەرعیشدا جێگەی دەبێتەوە، وەکو بانگی بەیانیان وایەو هەر بەو پێوانەیەش ئیمامی عوسمان پێوای[2]، ئیمامی عوسمان ئەم سوننەتەی لە سونەتەکانی پێغەمبەر ﷺ هەڵهێنجاوە، وەکو بانگی بەیانیان وایە، کە دەدرێت بۆ ئەوەی خەوتووەکان بێدار ببنەوەو هەستاوەکانیش ئامادەبن‌و ڕۆژوگرەکانیش پارشێو بکەن، واتە ئەم سوننەتە لەبەر گیراوی سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ.

زانایان جیاوازییان هەیە لە کاتی وتنی ئەم بانگە ئایا بخرێتە پێش هاتنی کاتی نێوەڕۆ وەکو بانگی یەکەمی بەیانی، کە پێش وەختی بەیانی دەدرێت یان بخرێتە دوای نیوەڕۆ؟ حافزی ئیبن‌و حەجەر دەڵێ: دەبێ بکەوێتە ناو کاتەکە، چونکە بۆ ڕاگەیاندنی کاتە، لە ئەسڵدا بۆ ئاگادارکردنەوەی کاتی نوێژ داهێنراوە، واتە وەکو نوێژەکانی تر دەبێت پێ بخەینە کاتەکەی، واتە دوای نیوەڕۆ، ئەوسا بانگەکە بدرێت، وە کاتی هاتنی نوێژی هەینیش ببەسترێ بەم بانگەوە)، تاکو ئێستا ئەم بانگە کاری پێ دەکرێ‌و لەبەردەم وتارخوێنەکاندا دەوترێتەوەو بیانوویەك نییە هەڵی وەشێنێتەوە، تێبینی، هەندێ ویردو سڵاوات‌و پاڕانەوە دەکرێ لە ناوچەکاندا پێشهاتنی وەختی هەینی، کەچی لە شوێنانی تر نییە کەواتە لەم دو حاڵەتەدا، واتە بانگەکە دوای نیوەڕۆبێت یان پێش نێوەڕۆ، شوێنکەوتنی هاوەڵان‌و پێشینەکان ڕاست‌و دروستە[3].

ڕای دووەم، ئەوانەی دەڵێن پێش هاتنی کاتەکە بانگە بدرێت، چونکە پێیان وایە ئەم بانگە وەکو بانگی بەیانی وایە، بۆ ڕاگەیاندن‌و ئاگادارکردنەوەیە، خۆ ئەگەر لە دوای هاتنی کاتەکە بێت ئەوە مەبەستەکەی خۆی نەپێکاوەو هەندێ لە کاتی هەینیش دەبات، ئەمەش پێچەوانەی سوننەتە، وەکو ئیبن‌و حەجەر دەڵێ: شوێنکەوتنی هاوەڵان‌و پێشینەکان ڕاست‌و دروستە[4].

3ـ ئیمامی عوسمان لەوەتی موسڵمان بووە هەموو ڕۆژێ خۆی شۆردووە

ئیمامی عوسمان لەو ڕۆژەوەی کە موسڵمان بووە هەموو ڕۆژێ خۆی شۆردووە، جارێکیان بەرنوێژی بەیانی کردو نەیزانی لەشی گران بووە، کاتێ ڕۆژی لێ بوویەوە سەیرەکا جلەکانی تەڕە، وتی: خەڵکینە بەرنیوژی بەیانیم بۆ کردوون‌و نەمزانیوە لەشم گران بووە، هەستن با نوێژەکە دووبارە بکەینەوە[5]، ئەوانەی نوێژی بەیانییان لە پشت سەریەوە کردبوو، نوێژەکەیان بە جەماعەت گەڕاندەوە[6].

4ـ کڕنوشی قورئان خوێندن

ئیمامی عوسمان پێی وابوو کڕنووشی قورئان خوێندن واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە پێگەیوەو باڵغ بووە، قورئان دەخوێنێ، یان دانیشتووەو گوێی لێ ئەگرێ، بەڵام ئەو کەسەی بە نیازی گوێگرتن دانەنیشتبێت کڕنوشی لەسەر نییە، جارێکیان ئیمامی عوسمان دای بەلای قورئان خوێنێکدا، خوێنەوارەکە سورەتی سەجدەی خوێند، بۆ ئەوەی ئیمامی عوسمان کڕنوش ببات لەگەڵیا، ئیمامی عوسمان وتی: (کڕنووش بۆ یەکێکە گوێ ڕادێرێ‌و مەبەستی گوێگرتن بێت)[7]، پاشان ڕۆیشت، ریوایەت کراوە کە ئیمامی عوسمان فەرمویەتی: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار گوێی گرت بۆ قورئان‌و کڕنوشی هاتە بەرگوێ، با سەرە لەقەیەك بکات‌و لە کیسی نەچێ، بەڵام با کڕنوشەکەی وەکو کڕنوشی نوێژ نەبێت[8].

5ـ کردنی نوێژی هەینی لە کەنارەکاندا

---

1 حقبة من التأريخ عثمان الخميش، (ص88).
2 المصدر نفسه.
3 فتح الباري (345/4).
4 السنة والبلاغة ـ عبدالله باعلوی الحضرمي (132 - 133).
5 موسوعة فقه عثمان بن عفان ص (190).
6 المصدر نفسه، (ص192)
7 المصدر نفسه ، (ص168)
8 المصدر نفسه.

لەیسی کوڕی سەعد دەڵێ: بێگومان هەموو شارێك یان لادێیەك کۆمەڵێ خەڵکی تێدایەو واجیبیشە نوێژی هەینی بکەن، لە سەردەمی ئیمامی عومەردا خەڵکی میسرو کەنارەکانی لە شوێنێکدا کۆدەبوونەوەو نوێژی هەینییان دەکرد، بەڵام لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا مۆڵەت دران هەر کۆمەڵێکیان لە شوێنی خۆیاندا جەماعەت بکەن ئەو خەڵکانە هاوەڵیشیان تێدابوو[1].

6ـ پشودانی ئیمامی عوسمان لە وتارخوێندندا

لە قەتادەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺو ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان لە ڕۆژی هەینیدا وتاریان بەپێوە خوێندووە، لە دواییدا بە پێوە وەستان بۆ ئیمامی عوسمان نارەحەت بوو، سەرەتای وتارەکە بە پێوە دەوەستاو ئینجا، پشووی دەداو پاشان هەڵدەستایەوە، لە سەردەمی مەعاویەدا وتاری یەکەمی بە دانیشتنەوە دەخوێندو دووهەم بە پێوە[2].

7ـ ئیمامی عوسمان قنوتی خستە پێش ڕکوع

ئەنەس دەڵێ: یەکەمین کەسێ قنوتی خستە پێش ڕکوعو هەمیشە وای دەکرد ئیمامی عوسمان بوو، بۆ ئەوەی خەڵکی فریای ڕکاتی یەکەم بکەون[3].

8ـ شارەزاترین کەسبووە لە ئەحکامەکانی حەجدا

موحەممەدی سیرین دەڵێ: (خەڵکی لەوە دڵنیابوون کە شارەزاترین کەس لە بواری حەجدا ئیمامی عوسمانە، پاشان عەبدوڵلای کوڕی عومەر)[4].

9ـ قەدەغەکردنی ئیحرامبەستن پێش وەختی خۆی

کاتێ عەبدوڵلای کوڕی عامر خۆراسانی ڕزگار کرد، وتی: ئەم سەرکەوتنە لە خوداوەیەو دەبێت سوپاسێکی کردەیی بکەم، سوپاسەکەشم ئەوەیە لە خۆراسانەوە ئیحرام دەبەستم بۆ عەمرە کردن، ئەحنەفی کوڕی قەیسی کردە جێگری خۆی بۆ خۆراسان کاتێ عەمرەکەی تەواو کرد هات بۆ لای ئیمامی عوسمان ئەوساڵەش بوو کە عوسمانی تیا شەهید کرا، بۆی باس کرد، ئیمامیش وتی: خۆتت بە عەمرە کردن فریوداوە، چونکە لە خۆراسانەوە ئیحرامت بەستووە بەرەو مەککە، واتە (کارەکەت دروست نییە)[5].

10ـ سەفەرەی عیددەدار بۆ حەجو عەمرە

ئەوەی ئاشکرایە عیددەدار نابێ لە هیچ کوێ بمێنێتەوە، جگە لەماڵەکەی خۆی، هەتا عیددەکەی تەواو دەبێت، وە نابێت سەفەر بکات، چونکە لەوانەیە مانەوەی بەسەردا بێت لە ماڵی غەیری خۆی بمێنێتەوە، بێگومان حەجیش بەبێ سەفەر نابێ و ناکرێ، لەبەر ئەوە ئیمامی عوسمان پێی وابوو عیددەدار پێویست ناکات حەج بکات هەتا لە عیددەدا بێت، ئیمامی عوسمان حاجی و عامری عیددەداری لە جوحفەو زیل حولەیفە دەگەڕاندەوە[6].

11ـ (حەجو عەمرە پێکەوە)، پێی باش نەبوو حەجو عەمرە پێکەوە بکرێت

ئیمامی عوسمان حەجو عەمرەی پێکەوە قەدەغە دەکردو وای پێ باشبوو لەیەککاتدا یەکێکیان بکرێت، ئەمە باشترە، خۆ ئەگەر لەیەککاتیشدا هەردوکیان پێکەوە بکرێت باتڵ نییە، ئاشکرایە هەرکەسێ ویستی حەجو عەمرە پێکەوە بکات خۆی سەرپشکە، بەڵام ئیمامی عوسمان پێی وابوو تاك بێت باشترە تا دووان، لە مەروانی کوڕی حەکەمەوە هاتووە دەڵێ: لەگەڵ عوسمانو عەلیدا بووم، ئیمامی عوسمان نەهی دەکرد لە حەجو عەمرە پێکەوە، عەلی ئەم وتەیەی بیست لە بەیکی

---

[1] فتح الباري (441/2).
[2] الخلافة الراشدين، يحي اليحى (ص444).
[3] المصدر نفسه (ص444).
[4] موسوعة فقه عثمان بن عفان ص (112).
[5] سنن البيهقي (31/5).
[6] موسوعة فقه عثمان بن عفان ص (112).

کرد، بۆ حەج و عەمرە بەجارێ، وتی: سوننەتی پێغەمبەر ﷺفەرامۆش ناکەم، بۆ هیچ کەسێ، عوسمانیش لاری نەبوو بەرامبەر کارەکەی عەلی، چونکە عەلی ترسی ئەوەی هەبوو نەهی و قەدەغەکەی عوسمان بگاتە حەرامکردن و قبوڵ نەبوون لای خەڵکی و چیتر حەج و عەمرە پێکەوە نەکرێ، کاتی وتی: واز لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ناهێنم[1]، بۆ کەس، بۆ ئەوەی ئاشکرای کات حەج و عەمرە پێکەوە دروستەو سوننەتێکی کارپێکراوە، کەواتە عوسمان و عەلی هەردوولایان ئیجتیهادیان کردووەو پاداشتی خۆیان هەیە[2]، وتوێژەکەیان سوودی زۆری هەبوو، وەکو ئاخافتنی زانایان وابو لەگەڵ خەلیفەی ولاتدا ئیجتیهادی زانایان بە تایبەت لەو بابەتانەی ڕاوبۆچوون هەڵدەگرێ، هیچ موجتەهیدێك ناتوانێ موجتەهیدێکی تر ناچار بکات بۆ وەرگرتنی بۆچوونەکانی، چونکە ئیمامی عوسمان بێدەنگ بوو لە ئاستی ئیمامی عەلی، ئەوەشی تێدایە زانست دەکەوێتە پێش قسەو کردەوە[3].

12- خواردنی گۆشتی نێچیر لە کاتی ئیحرامدا

دروست نییە بۆ ئیحرام بەستوو گۆشتی ئەو نێچیرە بخوات کە ڕاوکراوەو حەڵاڵ گۆشتیشە، لە عەبدولڕەحمانی کوڕی حاتەبەوە هاتووە، کە عەبدولڕەحمان لەگەڵ عوسماندا عەمرەی کردووە کاتێ گەشتنە (رەوجا) گۆشتی باڵندەیەکیان بۆ هێنا، ئیمامی عوسمان فەرموی بەوان بیخۆن خۆی بەباشی نەزانی بیخوات، عەمری کوڕی عاص وتی: ئایا ئێمە شتێ بخۆین کە تۆ نایخۆی؟ فەرموی: من وەکو ئێوە نیم، ئەو بەبۆنەی منەوە ڕاوی کردووە لەبەرخاتری من بووە[4].

جارێکی تر ئەم ڕووداوە ڕوویدا، عەبدوڵڵای کوڕی عامری ڕەبیعە دەڵێ: ئیمامی عوسمانم دیوە لە عەرەج ئیحرامی بەستووەو دەموچاوی بە پارچە قوماشێکی ئەرخەوانی داپۆشیوە، گۆشتی نێچیرێکیان بۆ هێنا فەرمووی بەهاوەڵەکانی لێی بخۆن، وتیان ئەی تۆ ناخۆیت؟ فەرمووی من وەکو ئێوە نیم، چونکە ئەم نێچیرە لەبەر خاتری من ڕاوکراوە[5].

13- قەڵسبوون بە خواستنی دوو خزم لەیەك هاوسەریدا

(خەلال) لەڕێگەی ئیسحاقەوە هێناویەتی ئەویش لە باوکییەوە، کە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان نیگەران و بێتاقەت بوون بە خواستنی دوو ئافرەتی خزمی یەکتر لەیەك کاتدا، واتە: دوو ئافرەتی خزم لای پیاوێك لە یەککاتدا)، نەوەك ببێتە مایەی دوژمنایەتی و دەردەدڵی باوانیان[6].

14- لە بارەی شیرپێدانەوە

عەبدولڕەزاق لە ئیبن و جورەیجەوە ئەویش لە ئیبن و شەهابەوە ڕیوایەتی کردووە، دەڵێ: (ئیمامی عوسمان چەندین ژن و مێردی لەیەك جیا کردووەتەوە کە هاوسەری یەکتر بوون بە شاهیدی قسەی ئافرەتێکی ڕەش پێست کە شیری دابوو پێیان، واتە پیاوو ژنەکە خوشك و برای شیریی یەکتر بوون)[7].

15- لە بارەی خولعەوە (حاشاکردن)

لە ڕوبەیعی کچی موعەدەزەوە هاتووە، دەڵێ: (من و کوڕەکەی مامم هاوسەربووین، دەمەقاڵێیەك کەوتە نێوانمان، وتم پێی هەموو شتێ بۆ تۆ بەس لێم جیا بەرەوەو ڕێگەم بدە برۆم، وتی: زۆر باشە، دەیکەم، هەموو شتەکانی لێ سەندم، تەنانەت پێخەفەکەیشم، هاتم بۆ لای ئیمامی عوسمان سەیرەکەم گەمارۆ دراوە، سکاڵام کرد، فەرموی ئەو مەرجە حسێبە

1 بخاري كتاب الحج، رقم (1263).
2 شهيد الدار عثمان بن عفان (ص86).
3 المصدر نفسه.
4 موسوعة فقه عثمان بن عفان.
5 سنن البيهقي (191/5).
6 الخلافة الراشدين، د. يحي الحيى (449).
7 الفتح (18/5).

داتناوه هەموو شتێکت لێ دەسێنێ هەتا تەوقەکەی سەریشت)، لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ: حاشام کرد لە مێردەکەم، تەنانەت تەوقەکەی سەریشم بۆ گەڕاندەوە، ئیمامی عوسمان ڕازی بوو[1].

16- عازیەتی گرتن لەسەر ئافرەتی شوو مردوو واجبە

عازیەتی ئەوەیە واز بهێنێت لە خۆ جوانکردن لەو خانووەی مێردەکەی تیا مردووە دەرنەچێ و بچێ لە شوێنێکی تر بمێنێتەوە مەگەر زەرورەتێك پێشهاتبێ، دەکرێ بەڕۆژ بۆ ئاتاجەکانی لەماڵ دەربچێت، بەڵام شەو لە هیچ کوێ نەباتە سەر[2]، لە فورەیعەی کچی مالیکی خوشکی ئەبی سەعیدی خودرییەوە هاتووە دەڵێ: ئەو ژنەی هاتە لای پێغەمبەر ﷺ سکاڵای کرد، وتی: (مێردەکەم لە ماڵ دەرچووە بە دوای بەڵێنێکدا بەڵام بە تەوشێ کوشتویانە، پیاوەکەم هیچ خەرجیو شوێنێکی حەسانەوەی بۆ من بەجێ نەهێشتووە، ئایا بگەڕێمەوە ناو باوانم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ)، ئافرەتەکە دەڵێ: چوومە دەرەوە بانگی کردم فەرمووی: (چۆنت وت؟) منیش بۆم گێڕایەوە، فەرمووی: (لە ماڵەکەتدا بمێنەرەوە هەتا وەعدەکەت تەواو دەبێت)، دەڵێ: چوارمانگو دەڕۆژ مامەوە، پاشان کە ئیمامی عوسمان بوو بە جێنشین ناردی بەدوامداو ئەم باسەی لێ پرسم منیش بۆم گێڕایەو ئەویش ئەم سوننەتەی وەرگرتو حوکمی پێکرد، لەبەر ئەوە ئیمامی عوسمان زۆر توندوتۆڵ بوو لەسەر مانەوەی ئافرەتی شوومردوو لە ماڵەکەی خۆیدا جارێکیان ئافرەتێك پیاوەکەی مردو عازیەتی بۆ گرت، لەم ماوەیەدا سەردانی کەسوکاری خۆی کرد، تیرێکی وێڵ لێید هەواڵیان هێنا بۆ ئیمامی عوسمان کاتێ تێگەشت کە شوومردووە، وتی: بیبەنەوە بۆ ماڵەکەی خۆیو ئافرەتەکەش پێکرابوو[3].

17- مەیخوازە بە مەبەستی ژنو مێردایەتی نەبێ

پیاوێك هاتە لای ئیمامی عوسمان، ئیمامی عوسمان سواری وڵاخێك بوو، وتی: ئەی خەلیفە ئیشێکم هەیە بە تۆ، فەرمووی: ئێستا پەلەمە ئەگەر زەروری لە پاشکۆمەوە سواربە هەتا کارەکەت بۆ جێبەجێ بکەم، کابرا سوار بوو لە پاشکۆیەوە وتی: دراوسێیەکم توڕە بووە ژنەکەی خۆی تەڵاقداوەو ئێستا تووشی نارەحەتیو نیگەرانی بووە، منیش دەمەوێ بە پارەی خۆم ژنەکەی مارە بکەمو دوای جوت بوون تەڵاقی بدەم، واتە: (مارە بەجاشیکەم) بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای مێردەکەی، ئیمامی عوسمان پێی فەرموو: (نەیخوازی بەمارە بڕینی ژنو مێردایەتی نەبێو مەبەستی هاوسەریت نەبێ)، واتە: (بۆ حەڵاڵکردن نەیخوازی)[4].

18- تەڵاقی سەرخۆش

ئیمامی عوسمان پێی وابوو هەرچی قسەو گوتەی سەخۆشە هەمووی بەفیڕۆ دەچێ و پەیمانی پێ نابەسترێو کرێیەستی پێ هەڵناوەشتێتەوەو بڕیاری پێوەرناگیرێ و تەڵاقیشی ناکەوێ هەتا دێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، چونکە نازانی چی دەڵێ و گەرەکیشی نییە وابڵێ، هیچ تەکلیفێکی ناکەوێتە سەر کە ئاگای لە خۆی نەبێ. ئیمامی عوسمان دەڵێ: (شێتو سەرخۆش تەڵاقیان ناکەوێت)[5].

19- هیبەی باوك بۆ منداڵەکەی (بەخششی باوك بۆ منداڵ)

ئەگەر باوك لە ماڵی خۆی بڕێکی ببەخشێ بە منداڵێکی، دەبێ شایەتی بگرێ، ئەگەر بە شاهیدی شایەت ماڵەکەی پێ ببەخشێ ئەوە دەبێتە ماڵی منداڵەکەو دەیکەوێت، دروستیشە، ئەو بەخشیشە لای باکی بمێنێتەوە بە ماڵی

---

[1] الخلافة الراشدين، د. يحي الحيى (449).
[2] موسوعة فتنه عثمان بن عفان (ص244).
[3] المصدر نفسه (ص224).
[4] المصدر نفسه، (ص81).
[5] الفتاوى (66/33).

منداڵەکەش بناسرێ، ئیمامی عوسمان فەرموویەتی: هەرکەسێ مێش هەنگێ ببەخشێ بە منداڵێکی و منداڵەکە باڵغ نەبووبێت، پێی ناشێت هەتا شایەت نەگرێ بۆ بەخشینەکەی، خۆ ئەگەر شایەت نەگرێ و تەسلیمی منداڵەکەی نەکات، ئەو بەخشینێکی نەگونجاوە، واتە نایکەوێت.

ئیمامی عوسمان دەفەرموێ: (هەندێ کەس خەڵات دەبەخشێ بە منداڵی ئەگەر منداڵەکە مرد، ئەڵێ ماڵی خۆمە، ئەگە خۆی بمرێ بە بەخششی منداڵەکەی دەزانێ، بەخشیش و خەڵات نادرێ بە منداڵ هەتا خەڵاتەکە جیا نەکرێتەوە لە ماڵی باوکی)[1].

20ـ قاتی خستنە سەر گێڵ و گەواڵ (سەفیهە)

ئیمامی عوسمان پێی وابوو قاتی بخرێتە سەر گێڵ و گەواڵ، عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر زەوییەکی کڕی بە بڕی شەست هەزار دینار کاتێ عەلی ئەبی تالیب بیستی وتی: ئەو زەویە ئەو پارە ناژی، عەبدوڵڵا خۆیداوە لە گێلی و خەڵەتاوەو پارەی بەزایە داوە، عەلی خۆی گەیاندە لای ئیمامی عوسمان داوای لێ کرد قاتی بخاتە سەر عەبدوڵڵای جەعفەر، لەبەر خراپ بەکارهێنانی سامانەکەی، عەبدوڵڵاش خێرا چوو بۆ لای زوبێر کە بازرگانێکی لێزان بوو پێی وت: زەویەکم کڕیوە بە شەست هەزار دینار، مامەعەلیم چووە بۆ لای ئیمامی عوسمان بۆ ئەوەی قاتی بخاتە سەرم، زوبێریش وتی: من دەبمە شەریکت، ئیمامی عەلی گەشتە ئیمامی عوسمان و وتی: برازاکەم زەوییەکی کڕیوە بەشەست هەزار دینار، من بەنەعلەکانی خۆم نایکڕم، دەبێ قاتی بخەیتە سەری، زوبێریش چوو بۆ لای ئیمامی عوسمان وتی: من شەریکی عەبدوڵڵام، ئیمامی عوسمان وتی بە ئیمامی عەلی من چۆن قاتی بخەمە سەر کەسێك کە زوبێر شەریکی بێت[2]، واتە ناتوانین حوکم بەسەر عەبدوڵڵادا بدەین کە خۆی داوە لە گێلی و خەڵەفاوە، چونکە زوبێر شەریکییەتی زوبێریش بازرگانێکی سەردەرچووە لە سەوداو مامەڵەدا پیاوێکی لێزانە.

21ـ قاتی خستنە سەر موفلیس (باخەڵ خاڵی)

ئیمامی عوسمان پێی وابوو قاتی بخرێتە سەر موفلیس وە لەگەڵ قاتی خستنە سەریدا خاوەن قەرزەکان دەتوانن سامان و داراییەکەی بە گۆرەی قەرزەکەیان دابەش بکەن، ئەگەر شمەکە سنیارییەکەی لامابوو خاوەن شمەکەکە دەتوانێ شمەکەی بباتەوەو مامەڵەکە هەڵوەشێنێتەوە[3]، چونکە بەخاوەنەکەی ڕەوایە نەك بەکرێکارە موفلیسەکە[4].

22ـ حەرامکردنی قۆرغ کردن (ئیحتکار)

ئیمامی عوسمان قۆرغکردنی قەدەغە کردووە[5]، هەروەها قۆرغکردنی مەوادی خواردەمەنی و ناخواردەمەنی بەیەك چاو سەیر کردووە، پێوابووە قۆرغکردن بە فراوانی باسکراوە ناوگیری تیا نەکراوە، چونکە لە فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ بە شێوەیەکی رەها قۆرغکردن باسکراوە، هەمووشتێ دەگرێتەوە، هەرچەندە لای کۆی زانایان سنوردار کراوە، حوکمی جیاوازی بۆ دەربڕاوە، بەڵام هەردەقێ ڕەهابێ لەسەر ڕەهایی خۆی دەمێنێتەوە[6].

23ـ وشتری وێڵ بوو (ونبوو)

مالیك ریوایەتی کردووە لە ئیبن و شەهابەوە کە وشتری وێڵبوو لە سەردەمی ئیمامی عومەردا سوودی لێ وەرگیراوەو ئازادبووەو کەسێ نەیبردووە بۆ خۆی، بەڵکو کەڵکی گشتی لێ وەرگیراوە هەتا سەردەمی ئیمامی عوسمان، ئیمامی عوسمان فەرمانی کرد جاڕ بدەن بۆ ئەو وشترانەی کە ونبوو وێڵن، گەر خاوەنیان نەبوو بیان فرۆشن هەر کاتی خاوەنی هاتە ڕوو،

---

[1] الفتاوى (154/31).
[2] سنن البيهقي (661/6).
[3] سنن البيهقي (46/6).
[4] موسوعة فقه عثمان بن عفان (ص119).
[5] موطأ مالك (651/2).
[6] موسوعة فتنة عثمان بن عفان، (ص15).

فیاتەکەی دەدەینەوە[1]، کردەوەکەی ئیمامی عومەر جێبەجێ کردنی فەرمودەی دروست بوون لە زەیدی کوڕی خالیدی جوهەینییەوە هاتووە، دەڵێ: دەشتەکییەك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ پرسیاری شتی دۆزراوەی لێکرد، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (جاڕی بۆ بدەو ناوی دەفرەکە ببەو ناوی دەمەوانەکەی ببەو پاشان ساڵێ لەسەر یەك جاڕی بۆ بدە، گەر خاوەنی بۆ پەیدابوو بیدەرەوە، ئەگینا بیبە بۆ خۆت). وتی: ئەی مەڕی گمبوو؟ فەرمووی: (ئەوە بۆ تۆیە یان بۆ براکەتە یان بۆ گورگە). وتی: ئەی وشتری گمبوو؟ فەرموی: (چیتە بەسەریەوە ئاوی خۆیو پێڵاوی خۆی پێیە، دەچێ گەڵا دار دەخواتو ئاو دەخوات هەتا خاوەنی خۆی دەدۆزێتەوە)[2].

حەجوی زانا پێیوایە ئەو ئیجتیهادەی ئیمامی عوسمان لەسەر بەرژەوەندی گشتیی بنیات نراوە، لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا خەڵکی تەماحیان کردبووە وشترەکانو کنەیان لێ دەکرد بۆیە فرۆشتنی[3].

عەبدولسەلام سلێمان بەرپەرچی ئەم پاساوە دەداتەوە دەڵێت: (کارێکی دژوارە خۆمان بدەین بەدەست پاساوەکەی حەجوی زاناوە، چونکە ڕستەی بەرژەوەندیی گشتیی شەرع دای نەناوەو ئاماژەی پێ نەکردووە، نە دانی پیا ناوە نە هەڵیشی دەوەشێنێتەوە جگە لەو بەرژەوەندییانەی کە پێغەمبەر ﷺ ڕەزامەندی لەسەر هەبوە، ناکری فرۆشتنی وشترە ونبووەکان بە بەرژەوەندیی گشتیی دابنێین، مادەم ڕووبەڕووی دەق دەبێتەوە).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئیجتیهادی ئیمامی عوسمان کتومت بەستراوە بە بەرژەوەندیی گشتییەوەو ئەم کێشەیە لەو بابەتانەیە کە ئیجتیهاد هەڵدەگرێو حوکمەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت، بە گۆڕانی کاتو بارودۆخو شوێن وێڕای بەرژەوەندی خاوەن وشترە گمبووەکان هەرکاتێ هاتنە ڕوو وشترەکەیان دەدەنەوە یان فیاتەکەیان دەدەنەوە، واتە: وشترەکەیان نرخەکەی وەکو ئەمانەتێك وایە کەی پەیدابوون دەیبەنەوە، بێگومان ئیمامی عوسمان ئامانجی ئەوەبوو بەرژەوەندی گشتیی ڕەچاو بکات، خۆ ئەگەر وشترەکان وەکو جاران بمایەتەوە تووشی لەناوچوونو فەوتان دەبوون، چونکە خەڵکی بەجۆرێ ڕەفتاریان گۆڕابوو وایان لێهاتبوو دەستدرێژییان دەکردە سەر وشترە ونبووەکان بۆیە ئیمامی عوسمان بەم کردەوەیە ڕێگەی لێ بڕینو باڵبەستی کردن[4].

24ـ ئافرەتی تەڵاقدراوی نەخۆشی سەرەمەرگ میراتبەرە

عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ژنەکەی تەڵاقدا، لەو کاتەدا کە لە نەخۆشی سەرەمەرگدا بوو، هەر بەو نەخۆشینەش مرد، ئیمامی عوسمان ژنە تەڵاقدراوەکەی کردە میراتبەری عەبدولڕەحمان هەرچەندە ماوەی عیددەکەشی تەواو بوو بوو، ریوایەت کراوە شورەیح نوسراوێکی نووسی بۆ عومەری کوڕی خەتتاب لە بارەی پیاوێکەوە کە سێ بەسێ ژنەکەی تەڵاق دابێت، لە کاتی تەڵاقدانەکەدا پیاوەکە نەخۆش بووبێت، واتە: (نەخۆشی سەرەمەرگ) ئیمامی عومەر وەڵامی دایەوە فەرموی: (ئەو ئافرەتە تەڵاق دراوە میراتی دەکەوێ مادەم عیددەی تەڵاقدانەکەی تەواو نەبووبێت گەر عیددەکەی تەواو کردبێت نایکەوێت)، کۆی هاوەڵان یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی تەڵاقدانی نەخۆشی سەرەمەرگ گرێی هاوسەریەتی ناڕزێنێو لاینابات.

ئیمامی عومەر ماوەی عیددەکەی بۆ دیاری کرد، بەڵام ئیمامی عوسمان ماوەی بۆ دیاری نەکرد، وتی: ژنی تەڵاقدراوی نەخۆشی سەرەمەرگ عیددەی تەواو کردبێ یان تەواوی نەکردبێ میراتی دەکەوێت. هەرچەندە دەقێك نییە بگەڕێینەوە سەری، لەمبارەیەوە هۆکاری ئەم حوکمەش هەڵسوکەوتی مێردەکەو ناوەرۆکی مەبەستەکە دیاری دەکات، چونکە پیاو لە

[1] موطأ مالك (ص648).
[2] بخاري كتاب اللقطه رقم (2427).
[3] الفكر السامي (245/1).
[4] الاجتهاد في الفقه الاسلامي، (ص143).

نەخۆشی سەرەمەرگدا بێت‌و ژنەکەی تەڵاق بدات دیارە ئەمە بۆ بێبەری کردن‌و بێبەشکردنی ژنەکە ئیعتیبار دەکرێت‌و بۆ دەست وەدەرکردنە[1].

25ـ ئافرەتی تەڵاقدراو مادەم عیددەی تەواو نەبێ میراتی دەکەوێ

ئیمامی عوسمان دەفەرموێت: (ئەو ژن‌و مێردەی لە یەك جیا بوونەتەوە، بەڵام یەکیان بەر لە تەواوبوونی ماوەی عیددە تەڵاقدان دەمرێت، ئەوە میراتی یەکتر دەبەن)، واتە: هەتا عیددەکە تەواو نەبێ هەر وارسی یەکترن، بێگومان عیددەی تەڵاقیش بە حەیزو پاکبوونەوە حساب دەکرێت، خۆ ئەگەر ماوەی عیددەکە درێژەی کێشاو درەنگ کەوتە حەیز وارسیەکە هەر بەردەوامە هەتا بە تەواوی پاك دەبێتەوە، حەبانی کوڕی موونقیز ژنەکەی خۆی تەڵاق دا، لەوکاتەشدا ژنەکە منداڵ بە بەربوو شیری دەدایە، لە پاکیشدا بوو، حەڤدە مانگ عیددەی ژمارد نەکەوتە حەیز، چونکە شیرپێدانەکە ڕێگەی حەیزی نەدان لەو ماوەیەدا حەبان نەخۆش کەوت، لە دوای ئەو حەڤدە مانگە کە تێپەڕی بوو بەسەر تەڵاقدانەکەدا وتیان گەر بمرین ژنەکەت میراتت دەبات، وتی: بمبەن بۆ لای ئیمامی عوسمان، بردیان‌و سکاڵای خۆی کرد (کە ژنەکەی تەڵاقداوەو، حەڤدە مانگە نەکەوتووەتە حەیزو عیددەکەی تەواو نەبووە منیش نەخۆشم گەر بمرم میراتی دەکەوێ؟) ئەو کاتە عەلی کوڕی ئەبوتالیب‌و زەیدی کوڕی سابیت لە لای ئیمامی عوسمان بوون پێی فەرموو، ئێوە چی دەڵێن؟ وتیان: پێمانوایە ئەم پیاوە بمرێ ژنەکە میراتی دەبات، گەر ژنەکە بمرێ پیاوەکە میراتی دەبات، چونکە ئەو ژنە پیر نییە هەتا لە حەیز بەسرابێت، لەو کچانەش نییە نەکەوێتە حەیز ئەو ژنە بە حەیز عیددە دەژمێرێ هەتا حەیزەکەی درێژ ببێتەوە وارسیەکەشی درێژدەبێتەوە، حەبان گەڕایەوە ناو کەسوکاری‌و منداڵەکەی لە ژنەکە وەرگرتەوە کاتێ ژنەکە لە شیردان کەوت، کەوتە حەیزو حەیزی تریشی تەواو کرد، بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە حەیزی سێیەم حەبان مرد ژنە میراتی بەرکەوت و حەبان بە مێردی ئەو حساب کراو ئەمجارە عیددەی شومردوی دەژمارد[2].

26ـ منداڵی هێنراو میراتی دەکەوێت

ئەگەر ئافرەتێك لە دەستی بێ باوەڕان هەڵهات‌و منداڵێکی لەگەڵ خۆی هێناو سووریش بوو لەسەر ئەوەی کە منداڵی خۆیەتی باوەڕ بە قسەکەی ناکرێت‌و نابێتە میراتبەری هەتا شاهیدو بەڵگە نەهێنێت کە منداڵی خۆیەتی، لە مبارەیەوە ئیمامی عوسمان ڕاوێژی کرد بە هاوەڵان هەر هاوەڵێ بۆچوونی خۆی وت، ئیمامی عوسمان فەرموی: کەواتە ئەم ماڵ‌و سامانەی خودای گەورە پێیداوین هیچ کەسێ بۆی نییە بەبێ بەڵگەو شاهید بیبات، منداڵی هێنراویش بەبێ بەڵگەو شاهید میراتی ناکەوێت[3].

ئەم خاڵانەی باسمان کردن هەندێك بوون لە ئیجتیهاداتی زین نورەین کە کاریگەری هەبوو لەسەر دامودەزگا قەزاییەکان لە بواری تۆڵەسەندن‌و سزاو داری حەددو تەمێکردندا، هەروەها شوێنەواری هەبوو لەسەر فێرگە فیقهییەکان، ئەم ئیجتیهاداتەی ئیمامی عوسمان بەڵگەن لەسەر فراوانی ئاسۆی زانست‌و چەمکی وردی فیقهی ئیسلام‌و فامکردنی بنەماکانی شەرعی پرشنگداری ئیسلام، ئیمامی عوسمان جێنشینێکی تێگەیشتووبوو کردەوەکانی مەشخەڵی ئوممەت بوو، سەرخەری ئاینی ئیسلام بوو، سەری ئیسلامی بەرز کردەوە.

---

[1] تأريخ التشريع الاسلامي للحضري، (ص116)
[2] سنن البيهقي، (419/7).
[3] مووعە فقه عثمان بن عفان، (28).

بەشی چوارەم:

فتوحاتەکانی سەردەمی ئیمامی عوسمان

هەواڵی شەهیدبوونی ئیمامی عومەر دوژمنەکانی ئیسلامی خێزەدا بە تایبەت ئەو گەلانەی کە هەلّپەیان بوو بۆ گەڕاندنەوەی مولّكو دەسەلاّتیان وەکو (فارسو رۆم) بەر لە گشتیی یەزوگوردی پاشای فارسەکان لە پایتەختی شاری فەرغەنەوە دەستی کرد بە پیلان دانانو نەخشەسازی، هەربەم دەستووره ملهورەکانی ڕۆمیش کە وازیان لە ولاّتی شام پیهێنرابوو لە قوستەنتینیەی پایتەختی بێزەنتینییەکان تەنگیان پێ هەلّچنرابوو دەستیان کرد بە گەڕەختنی ئەو ئامرازانەی کە یاردەیان دەدات بۆ گەڕانەوەی مولّكو سامانەکەیان، بۆ ئەم مەرامە گلاّوانە پاشماوەی سوپای ڕۆم لە شاری ئەسکەندەرییەی ولاّتی میسر خۆیان قایم کردبوون بە تەمای هەلێکبوون، هەرچەند لە سەردەمی ئیمامی عومەردا عەمری کوڕی عاص داوای کرد لە ئیمامی عومەر مۆلّەتی بدات میسر پاکسازی بکاتەوە لە ڕۆمەکانو ئەو مەنجەنیقو تەقەمەنیانە بشکێنێ کە لەسەر قەلاّکانیان دایانبەستووە[1]، بەلاّم نەکرا، لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا ڕۆمەکان بەسەرۆکایەتی هیرەقل عەزمیان جەزم کرد کە شەڕێکی خوێناوی بکەنو یەك سەربازی ڕۆمی دوانەکەوێتو هیزی دەریایی وەرگرنو سێ سەد کەشتی لە چەکو سەرباز باربکەنو خودی هیرەقل بەشداریی شەڕ بکاتو هەموو هێزو توانای ئابووری سەربازی و بخەنە کار ئەمەشیان بە واقیعی کرد، بەلاّم ئیمامی عوسمان بە جەسوریو جەربەزیو یەکالاّیی ڕوبەڕوویان بوویەوەو سیاسەتێکی ناوازەی بەکارهێنا لەم خالاّنەدا بەرجەستە دەبێ:

1ـ ملکەچپێکردنی فارسو ڕۆمە یاخیبووەکانو گێڕانەوەی دەسەلاّتی ئیسلامی بۆ شارەکانیان.

2ـ بنەماکانی یەکڕیزی ولاّتی پیادە کرد و موسلّمانانی کردە پاسەوانی خەلافەت.

3ـ درێژەدان بە رزگارکردنو تێکۆشانی شارەکانی دەوروبەریان بۆ ئەوەی دەستیان ببڕێ لە دراوسێکانیان.

4ـ دروستکردنی هێزی سەربازی دەریایی بۆ کۆمەکی سوپای ئیسلام، لەوکاتەشدا هەوارگەی سەربازیو مەکۆی چەكو تفاقی سوپای ئیسلام لەسەردەمی عوسماندا دەکەوتە شارە هەرە گەورەکان، وەکو سەربازگەی عێراق لە کوفەو بەصرە، سەربازگەی شام لە دیمەشق، پاش ئەوەی هەموو شام کەوتە ژێر رکێفی مەعاویە، سەربازگەی میسر لە (فیسطاط) بوو، ئەم سەربازگانە هەلّدەستان بە پاراستنی خەلافەتی ئیسلامو گەیاندنی فتوحاتو بلاّوکردنەوەی پەیامی ئیسلام بە هەموو جیهاندا[2].

باسی یەکەم: فتوحاتەکانی ئیمامی عوسمان لە رووی خۆرهەلاّتەوە

یەکەم: رزگارکردنی ئازەربایجان لە لایەن ئەهلی کوفەوە ساڵی 24ی کۆچی

موجاهیدانی ئەهلی کوفە رزگارکردنی (رەیی و ئازربایجان)یان پێ سپێردرابوو، دە هەزار موجاهیدی تر پەیوەندی پێوە کردن شەش هەزاریان لە ئازەربیجانەوە هات و چوار هەزارەکەشی لە شاری رەییەوە هات، سوپای کوفە خۆی چل هەزار موجاهید بوو، هەموو ساڵی دە هەزاریان دەخستە جیهادەوە، واتە هەر موجاهیدێك چوار ساڵ جارێ غەزای بەردەکەوت، لەوکاتەشدا کوفە کەوتبووە ژێر دەسەلاّتی وەلیدی کوڕی عەقبە، خەلّکی ئارەبیجان راپەڕینیان کردو سولّحەکەی نێوان خۆیانو حوزەیفەی یەمانییان هەلّوەشاندەوە، لە سەردەمی ئیمامی عومەریشدا کودەتایان کردبوو دژی عوقبەی کوڕی فەرقەدی والییان، بۆیە ئیمامی عوسمان فەرمانی کرد بە وەلید جیهادیان بکات، ئەویش لەشکرێکی بۆ ئامادەکردن، پێشەکی دەستەیەك موجاهیدی بە سەرۆکایەتی سەلمانی کوڕی رەبیعە ناردو پاشان خۆی بە کۆمەلێکی زۆر موجاهیدەوە هێرشی بۆ بردن، خەلّکی ئازربیجان بە هەلّەداوان هاتنو وتیان لەسەر رێککەوتنەکەی خۆمان کە بەستومانە لەگەلّ حوزەیفە ماوینو پەیمانشکێنی ناکەین، وەلیدیش چوو بەدەمیانەوەو گوێڕایەلّییەکانی وەرگرتو لەسەر پەیمانەکەی پێشوو

---

[1] الخلافة والخلفاء الراشدين، ص (222).
[2] عثمان بن عفان، صادق عرجون ص (199 - 200).

ڕێککەوتنو سوپاکەیان بڵاوە پێ کرد، لە پاشان هەندێ پارتیزانی دەستپێ کرد، وەلید عەبدوڵڵای شوبەیلی ئەحمەسی بە چوارهەزار سەربازەوە نارد بۆسەر ئەرمەنییەکان ملکەچی کردنو بە دەستی پڕ لە لەدەستکەوتەوە گەڕایەوە، پاشان وەلید بە سوپاکەیەوە گەڕایەوە کوفە، بەڵام ئەهلی ئازربیجان لە پەسا یاخی دەبوون، ئەشعەسی کوڕی قەیس، کە والی ئازەربیجان بوو نوسراوێکی نارد بۆ وەلیدی کوری عەقەبە، ئەویش لەشکرێکی سوپای کوفەی بۆ ڕەوانە کرد، ئەشعەس کەوتە وێزەی هەڵهاتووە یاخیبووەکان، تێکوپێکی شکاندنو داوای سوڵحەکەی یەکەمجاریان کردەوە، ئەویش سوڵحی لەگەڵ کردن، ئەشعەس ترسا لەوەی جارێکی تر یاخی ببنەوە، هەستا کۆمەڵێ یەدەکی عەرەبی بۆ دانانو موچەی بۆ دیاری کردنو ناوی لە دیوان تۆمار کردنو فەرمانی پێکردن دەعوە بکەن، کاتێ سەعیدی کوری عاص کرا بە والی دیسانەوە ئەهلی ئازربیجان هەڵگەڕانەوەو یاخیبوون، ئەویش جەریری عەبدوڵڵای بەجلی بە لەشکرێکەوە ناردە سەریانو تێکی شکاندنو سەردەستەکەی کوشتن، پاشان بارودۆخ ئاسایی بووەوە زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە فێری قورئانو ئیسلام بوون، بەڵام شاری ڕەیی یاخیبوونو هەڵگەڕانەوە، ئیمامی عوسمان فەرمانی کرد بە ئەبو موسای ئەشعەری کە والی کوفە بوو ئەوکاتە، تەمێیان بکات، ئەویش هەستا کورەیزەی کوڕی کەعبی ئەنصاری ناردە سەریانو فەتحی کردن[1].

دووەم: پوچەڵکردنەوەی بزافی ڕۆمەکان لە لایەن سوپاکەی کوفەوە

کاتێ وەلیدی کوڕی عەقەبە کارە گرنگەکانی خۆی تەواو کرد، لە ئازربیجان گەڕایەوە بەرەو موسڵ، ئیمامی عوسمان فەرمانی پێ کردو وتی: (پاش سوپاسی خودای گەورەو سڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ مەعاویە هەواڵی داومەتێ کە ڕۆمەکان خۆیان گورج کردۆتەوەو ئاپۆڕەیان بەستووە بۆ کوشتاری موسڵمانان، هەر ئەم نوسراوەت پێ گەیشت پیاوێکی دلێرو بوێرو ناوخاس لەگەڵ هەشت هەزار موجاهیددا یان نۆ هەزار یان دە هەزار دابنێرە بۆیان لەو شوێنو ڕێگایەوە کە نامەبەرەکەی منی پیا هاتووە، لە کۆتاییدا یێوەی بن)[2].

وەلید هەستایە سەرپێو سوپاسی خوای گەورەی کرد، پاشان وتی: (ئەی موجاهیدان خودای گەورە موسڵمانانی تاقیکردەوە بە گەڕانەوەی ئەو شارانەی کە یاخیبوونو خۆیان بێباوەڕ کردبووە هەندێ شاری تریشی بەدەمەوە ڕزگار کرد بۆمان، کە پێشتر لە ژێر ڕکێفی موسڵماناندا نەبوون، وە دەستکەوتو سەلامەتی کردە پاداشتیان، سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهان ئێستاش ئەمیری ئیمانداران فەرمانی پێکردووم هەشت تا دە هەزار موجاهیدتان بدەمەلاو بچنە یارمەتیو دەستواری براکانتان لە شام، چونکە ڕۆمەکان هەڵیان کوتاوەتە سەریان، ئێوەش لەم پاداشتە گەورەیە خۆتان بێبەش مەکەن لەگەڵ سەلمانی کوڕی ڕەبیعەی باهیلیدا بچن)، یەکسەر موجاهیدان برِبوونو هەشت هەزار موجاهید خۆی خستە لاوەو ڕۆیشتن، لەگەڵ سوپای شامدا بەرەو ڕۆمەکان ملیان نا، هەتا گەیشتنە خاکی ڕۆم، سەرلەشکری سوپای شام حەبیبی کوری مەسلەمەی کوڕی خالیدی فەهری بوو. دەستیان کرد بە پەلاماردانی ڕۆمەکان، لە کۆتاییدا تورەکەیان پڕبوو لە دەستکەوتو بە کەیفی خۆیان کەنیزەکیان هێناوەو چەندین قەڵای قایمیان ڕزگار کرد[3].

لە جیهادو تێکۆشانەکانی وەلیددا هەندێك گێڕەرەوە دەڵێن شەعبیمان دیوە لەلای موحەممەدی کوڕی عومەری کوڕی وەلیدی عەقەبە دانیشتبوو، موحەممەد باسی جیهادەکانی مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیکی دەکرد، شەعبیش فەرموی: ئێوە باسی چیدەکەن، گەر جیهادو ویلایەتەکەی وەلیدتان بدیایە باسی کەسی ترتان نەدەکرد ئەوەندە لێهاتووبووە هەر کاتێ بڕۆشتایە کەمتەرخەمی نەدەکرد، هیچ کەسێ گەمەی پێ نەکردووە هەتا لە کار دورخرایەوە[4].

سێیەم: ئازادکردنی تەبەرستان لە لایەن سەعیدی کوڕی عاصەوە، ساڵی (30)ی کۆچی

---

[1] الخلافة والخلفاء الراشدين، ص (224).
[2] تأريخ الطبري (247/5).
[3] المصدر نفسه.
[4] عثمان بن عفان، صادق عرجون، ص (201).

سەعیدی کوڕی عاص بە مەبەستی رزگارکردنی خۆراسان هەنگاوی ناو حوزەیفەی یەمانی و کۆمەڵێ یاوەری وەکو حەسەن و حوسەین و عەبدوڵڵای عەباس و عەبدوڵڵای عومەرو عەبدوڵڵای عەمرو عەبدوڵڵای زوبێری لەگەڵدا بوو، لە هەمانکاتدا عەبدوڵڵای عامریش لە بەسرەوە هەنگاوی ناو دەرچوو بۆ ڕزگارکردنی خۆراسان، عەبدوڵڵا زوتر گەیشتە ئەبرشەهرو لەوێ دابەزی، کاتێ سەعید ئەم هەواڵەی بیست چوو لە قومیس دابەزی و حوزەیفە سوڵحی لەگەڵ کردن، پاشان چون بۆ جورجان و سوڵحی لەگەڵ ئەوانیش کرد بە دووسەد هەزار، پاشان چوون بۆ (طه هیس)، ئەم سێ شارە دەکەونە سنوری تەبرستان، پاشان رۆشتن بەرەو شاری جورجان کە دەکەوێتە سەر کەناری سەخوم، لەگەڵ ئەهلەکەیدا بە شەرهاتن و کەوتنە نا ڕەحەتییەوەو نوێژی ترسیان کردو سەعید نوێژی ترسی بۆ کردن و ئەوانیش شەڕیان دەکردن لەو ڕۆژەدا سەعید موشریکێکی گرت و بەگوریس بەستییەوە، لەپڕ شمشێرێکی لەبن باڵی دەرهێناو گرتیان پاشان موسڵمانان زۆریان بۆ هێنان گەمارۆیان دان ئەوانیش داوای ئاشتییان کرد بەمەرجێ کەسیان لێ نەکوژن، ئەمانیش سوڵحیان قبوڵ کردو قەڵاکانیان رزگار کردو هەرچی تیابوو بەدەستکەوت بردیان، پیاوێکی بەنی فەهد سندوقێکی دۆزییەوە کلیل درابوو، وای دەزانی گەوهەری پێدایە، هەواڵیان دا بە سەعید بانگی کابرای کردو سندوقەکەی هێناو قوفڵەکەیان شکاند سەیردەکەن سندوقێکی تری تێدایە، خەرقەیەکی زەردی ئێرانی تێدایە واتە (کمیل ورد)[1].

چوارەم: هەڵهاتنی یەزگوردی پاشای فارسەکان بەرەو خۆراسان

عەبدوڵڵای کوڕی عامر لە بەسرەوە دەرچوو بۆ رزگارکردنی وڵاتی فارسەکان و لە ئەنجامدا یەزگورد هەڵهات و رای کرد، ئیبن و عامریش مەجاشعی کوڕی مەسعودی سولەمی نارد بە شوێنیداو هەتا کرمان چوو بەدوایدا، پاشان چووە یەرجان و یەزگورد رای کرد بۆ خۆراسان[2].

پێنجەم: کوشتنی یەزگورد پاشای فارس، ساڵی (31)ی کۆچی

گێڕانەوەی جیاواز هەیە لە باسی کوشتنی یەزگورددا، ئیبن و ئیسحاق دەڵێ: (یەزگورد لە کرمان رای کرد لەگەڵ دەستەودایەرەکەیدا، بۆ شاری مرو لەوێ داوای کرد لە خەڵکی مرو، بەڵام جێگەیان نەکردەوە لەترسی خۆیان، هەستا جوابی نارد بۆ تورکەکان، کە هاوکاری بکەن و پەنای بدەن، ئەوانیش گاڵتەیان پێ کردو هێرشیان کردە سەری و دەستەکەیان لێ کوشت و شپرزەیان کردن، یەزگورد بەتەنیا خۆی کرد بە ماڵی ئاشەوانێکدا خۆی شاردەوە لە ماڵێکی شاری مرو لەسەر کەناری دەریاری مەرغاب شەوێ لەوێ مایەوەو خەوی لێکەوت و ئاشەوانەکە کوشتی).

لای تەبەری لە ریوایەتێکدا هاتووە کە یەزگورد بەرلەوەی عەرەبەکان بگەنە ئەو ناوە، لە کرمان دەرچووەو ملی ڕێگەی گرتووە بەرەو تەبەرسین و قوهمیستان، لەوێشەوە هەتا شاری مرو چوو بە چوار هەزار چەکدارەوە بۆ ئەوەی لە ئەهلی خۆراسان ئاپۆرایەك کۆبکاتەوەو راپێچی شەڕی عەرەبیان بکات و بیان کوژێت، لەوێ هەڵدەتەقێ بەدوو فەرماندەی رق ئەستوورو ئیرەخوازدا، هەردوکیان تینوی خوێنی یەکترن، یەکیان ناوی بەرازە ئەو تریان ناوی سنجانە، هیچکامیان ملیان بۆ نەدا، یەزگورد هەڵدەسێ بەراز دەکاتە خۆی و دەیلاوێنێ سنجاریش ئیرەییان پێدەبات، بەراز وا لێدەکات شالاوی سنجار بدات و یەزگورد خۆیشی کنەی لێ دەکرد، سنجانیش هەوڵی دەدا یەزگورد بکوژێ، ئەم هەوڵە کەوتەبەر گوێی یەکێ لە ژنەکانی یەزگورد، یەزگوردیش هەستا کۆمەڵێ ژنی نارد بۆلای بەراز، کە من ئامادەباشم بۆ کوشتنی سنجان، ئەم قسەیە بڵاوبوویەوە، سنجان بیستی حەزەری خۆی وەرگرت و لەشکرێکی کۆکردەوە، وەکو لەشکرەکەی بەرازو یەزگورد رووی کردە ئەو کۆشکەی یەزگوردی تێدا میوانە، کاتێ بەراز ئەمەی زانی گەڕایەوە دواوە لەبەر زۆری لەشکرەکەی سینجان، یەزگوردیش زۆر ترساو تۆقی لەم لەشکرە، هەستا بە جلوبەرگی نەناسراوییەوە وەکو هەژارێ یان ئافرەتێ لە کۆشکەکە دەرچوو بەتاقی تەنیا هاتە دەرەوە، بۆئەوەی خۆی رزگار بکات، ئەندازەی دوو فەرسەخ رۆیشت هەتا گەیشتە ئاشێ و چووە

[1] تأريخ الطبري (270/5).
[2] المصدر نفسه (288/5).

هۆدەی ئاشەکەو بە شەکەتی و ماندوویەتی دانیشت، کاتێ ئاشەوانەکە بینی روخسارێکی شاهانەو جموجوڵێکی ماقوڵانەی هەیە جێگەیەکی بۆ داخستو نان و خۆراکی بۆ هێناو یەزدگورد نانی خواردو شەوو رۆژێك لەوی مایەوە ئاشەوانەکە داوای لێکرد فەرمانێکی بەسەردا بدا، هەستا تاجەکەی خۆی پێ بەخشی کە بە گەوهەر دەوری گیرابوو، ئاشەوانەکە دەستی بۆ نەبردو قبوڵی نەکرد، وتی: من چوار درهەمم بەسە لەم شارەدا بۆ ئەوەی خواردن و خواردنەوەی پی بکڕم، ئەمەم بۆچییە؟ یەزگورد وتی: پارەم پێ نییە، ئاشەوانەکە خزمەتی کرد هەتا بێئاگابوو، هەستا تەورێکی دا بەنەخشی تەوێڵیداو کوشتی و سەری هەلا هەلا کرد، هەرچی جلوبەرگ و تاج و شتی پێبوو لێی کردەوەو لاکەکەی فڕێدایە ئەو جۆگەلەی کە ئاوی ئاشەکەی دەدێرا، لەوێ ئاوساو بەستی بەدارێکەوە کە لە چەمەکە رواب‌وو، بۆ ئەوەی خەڵکی جەستەکەی ببینن و نەنیشێ.

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە، کە تورکەکان هاتوون و دۆزیویانەتەوەو سەیرەکەن کوژراوە، شمەکەکانیان بردووە، هەستاون ئاشەوانەکەو خاوخێزانیان کوشتووە، یەزگوردیان خستووەتە نێو تابوت و بردوویانەتەوە بۆ ئەستەخر[1]، تەبەری دوو ریوایەتی دوورودرێژی هێناوە، یەکەمیان لە دووەم درێژترەو پڕ لە دڵەراوکێ و شێوان شێوو تەگەرە، کە هاتووەتە رێگەی یەزگورد هەتا هیوابڕاو بوو[2]، یەزگورد وتی: بەو کەسەی کە دەویست بیکوژێ وەکو لە هەندێ ریوایەتدا هاتووە، قوڕبەسەرتان لە پەڕاوی ئێمەدا هاتووە هەرکەسێ هەوڵی کوشتنی پادشایان بدات خودای گەورە هەر لە دونیادا دەیسوتێنێ و لە قیامەتیشدا دەیسوتێنێ، مەمکوژن ببەن بۆ دیهقان یان رەوانەی ناو عەرەبم بکەن، چونکە ئەوان شەرم لە پادشا دەکەن[3]، پادشایەتی یەزگورد بیست ساڵ بوو چوار ساڵیان بە ئارامی بەڕێکرد، ئەویتری شارو شار رای دەکرد، لە ترسی ئیسلام و گەلەکەی، یەزگورد دواهەمین پادشای فارس بوو لە دونیادا بە شێوەیەکی رەها[4]، پاکو بێگەردی بۆ خودای خاوەن مەزنی و موڵکی دونیا، پادشا راستەقینە هەر ئەوە، کە هەمیشە زیندووەو قەت نامرێ و هیچ خودایەك نییە جگە لە ئەو، هەموو شتێ لەناو دەچێ، جگە لە روخساری ئەو حوکم حوکمی ئەوە بۆ لای ئەویش دەگەرێینەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی لە بارەی پادشای فارس و رۆمەکانەوە: "ئەگەر قەیسەر تیاچوو قەیسەرێکی تر نایەت لە دوای، ئەگەر کیسرا تیاچوو، کیسرایەکی تر نایەت لەدوای، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە خەزێنەی ئەوانە دەدرێت لە رێگەی خودادا"[5].

شەشەم: گاورەکان پرسەیان راگەیاند بۆ یەزگورد لە دوای کوشتنی

هەواڵی کوشتنی یەزگورد گەیشت بە پیاوێکی مەتران کە ئەهوازی بوو، بەڵام لە شاری مرو دادەنیشت و پێیان دەوت (ئیلیا) هەستا هەرچی گاوری ئەو چواردەورە هەیە کۆی کردەوەو هەواڵی کوشتنی یەزگوردی پاشای فارسی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرای پێدان و وتی: خۆتان دەزانن شەهریایش کوڕی ئەو شیرینە ئیماندارەیە کە چاکەو مەردایەتی هەبووە بۆمان و تا ئێستا نموونەی نییە لە چاکیدا، وە باپیرانیشی واتە کیسرا، زۆر چاك بووە بەرامبەر گاورو لە سەردەمی ئەودا گاورەکان گەشتنە ئەوپەڕی رێزو حورمەت کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی پادشاکانی تردا دەستیان نەدەکەوت، تەنانەت هەندێ کەنیسەیشی بۆ دروست کردون، بۆیە پێویستە پرسەی خۆمان بگرین، چونکە خۆی و باوو باپیرانی چاکەی زۆریان هەیە بەسەرمانەوە، بەتایبەتی شیرینی نەنکی زۆرچاکبووە بۆ گاورەکان، پێم باشە سندوقێکی بەردین هەڵکۆڵین و تەرمەکەی تیا بپارێزین و بە مەراسیم بینێژین، گاورەکان وتیان رامان لەگەڵ رای تۆدایە، مەتران فەرمانی کرد لە

1 تأريخ الطبري (297/5).
2 الأكتفاء الكلاعي (417/4).
3 المصدر نفسه (418/4).
4 خلافة عثمان: د. محمد السلمي، ص (57).
5 مسلم في الفتن (2918، 2919).

ناوەراستی باخێکدا لە شاری مرو بەردێکیان بۆ هەڵکۆڵیو تەرمەکەیان لە روبارەکە دەرهێناو کفنیان کردو خستیانە تابوتو بەشان هێنایانو خستنیانە سندوقە بەردەکەو ناشتیان[1].

حەوتەم: فتوحاتی عەبدوڵڵای کوڕی عامر، ساڵی (31)ی کۆچی

لە ساڵی 31 کۆچی عەبدوڵڵای کوڕ عامریان دەستنیشان کرد بۆ رزگاکردنی خۆراسان، ئەویش ڕۆیشتو (ئەبرشەهرو تورسو بیوردو نەسای رزگارکردو لەوێشەوە هەتا سەرخەس چوو خەڵکی (مرو)ش سوڵحیان لەگەڵ کرد، لە ریوایەتی (سەکەنی کوڕی قەتادەی عوربەنیدا) هاتووە دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی عامر وڵاتی فارسی رزگارکردو گەڕایەوە بۆ بەسرەو (شەریکی کوڕی حارسی) کردە سەرۆکی ئەستەخر شەریکیش مزگەوتێکی دروست کرد، پیاوێکی خێڵی بەنی تەمیمی بەناوی (ئەحنەفی کوڕی قەیس) چووە لای عەبدوڵڵای کوڕی عامرو وتی: دوەژمنەکانت لە ترسو سامی تۆ رادەکەن، فشارەکانیش لەبەردەمتا زۆرنو وادیارە خودای گەورەش هەمیشە سەرت دەخاتو دینەکەی خۆی بە تۆ پڕشکۆ دەکات، باشوایە هەنگاو بنێیتو بڕۆی، عەبدوڵڵاش خۆی کۆکردەوەو لەشکری سازداو(زیاد)ی کردە سەرۆکی بەسرەو خۆیو لەشکر بەرەو کرمان بەڕێ کەوتن، پاشان بۆ خۆراسان هەندێ ئەڵێن بە ڕیگەی ئەسیفەکاندا چووە بەرەو خۆراسانو (مەجاشعی کوڕی مەسعودی سولەمی) کردووە بە سەرۆکی کرمان، عەبدوڵڵا ڕووبەرێکی پانی گرتو نزیکەی هەشتا فەرسەخ دەبوو، پاشان ڕۆشتووە بۆ تەبەسین بە نیازی ئەبرشەهر، کە شارێکی نەیسابورە ئەحنەفی کوڕی قەیس لە پێش هەموو لەشکرەکانەوە بووە، پاشان عەبدوڵڵا چووە بۆ قوهمیستانو لەوێشەوە بۆ ئەبرشەهر لەوێ تووشی (هەیاتیلەکان) بوو کە هەڕات بوون (ئەحنەفی کوڕی قەیس) شکاندنی[2]، عەبدوەڵڵا چووە بۆ نەیسابور لە ریوایەتێکدا هاتووە (کە عەبدوڵڵا چووەتە ئەبرشەهر ئەوکاتە شارەکە کرابووە دوو بەشەوە نیوەی بەدەستی (عەتوە)وە بووە نیوەکەی تری بە دەستی (کەنارا) بووە، لەگەڵ نەساو تووس، عەبدوڵڵاش نەبتوانیوە بە ئاسانی بپەڕێتەوە بۆ شاری مرو بۆیە سوڵحی لەگەڵ (کەنارا)دا کردووە، (کەنار)یش ئەبا سەڵتی کوڕی خۆیو سەلیمی برازای وەکو بارمەتە لەگەڵ ناردووە، عەبدوڵڵاش ئیبنو خازمی نارد بەرەو هەراتەکانو حاتەمی کوڕی نوعمانی نارد بەرەو مرو خۆشی دوو کوڕەکەی کەنارای بردو چووە لای نوعمانی ئەسقوفی گاورو لەوێ هەردوکیانی بەردا[3]، عەبدوڵڵا شارەکانی چواردوری ئەبرشەهری رزگارکرد، وەکو (توس و بیوردو نەساو حومران) هەتا دەگاتە سەرخەس، عەبدوڵڵا ئەسوەدی کەلسومی ناردووە بۆ بەیهەق کە شانگزە فەرسەخ دورە لە ئەبرشەهر بەڵام ئەسود شەهید کرا، پیاوێکی دیندار بوو هاوڕێی گیانی عەبدوڵڵا بوو، عەبدوڵڵا توانی زال بێت بەسەر نەیسابوریشداو لەوێشەوە چوو بەرەو سەرخەس خەڵکی مرو بەسەرپەرشتی حاتەمی کوڕی نوعمان سوڵحیان کرد، ئەوکاتە (مەرزەبان) سەرۆکیان بوو.

هەشتەم: ڕزگارکردنی بابو بلەبخەر، لە ساڵی 32ی کۆچی[4]

ئیمامی عوسمان نامەی نووسی بۆ سەعدی کوڕی عاص، کە شاری باب رزگار بکات، نامەی نووسی بۆ عەبدولڕەحمانی کوڕی رەبیعە کە سەرکەوتوو بوو بەسەر بابدا نووسیبووی: (خەلکی باب لە خۆیان دەرچوونو پێویستە گەمارۆ بخەیتە سەریان بەڵام نابوتیان مەکە، چونکە لەوانەیە گیرۆدە بن، عەبدولڕەحمانیش لە سنورێکی گونجاودا گەمارۆی خستە سەریان، لە ساڵی نوێدا باب رزگار کرا هەتا بلەنجەرو مەنجەنیقو تۆپیان لەسەر بانەکانی دابەست[5]، هەرکەسێ نزیك بکەوتایەتەوە گرمۆڵەیان دەکردو زۆر بەپل بون)[6]، پاشان تورکەکان خۆیان خستە لاوە بۆ شەڕی موسڵمانانەکانو

---

[1] تأريخ الطبري (304/5).
[2] المصدر نفسه.
[3] المصدر نفسه.
[4] المصدر نفسه.
[5] مةنجةنيق: ئةو ئاميَرةية كة بةرد هةلَدةدات.
[6] تأريخ الطبري (308/5).

بلەنجەریش هەڵگەڕایەوەو هاتە پاڵیان لەم شەڕەدا عەبدولڕەحمان کە نازناوی (ذو النور)ە پێکرا، موسڵمانان پەرتەوازە بوون، سەلمانی برای عەبدولڕەحمان پاشەکشەی پێ کردنو لە شاری باب دەری کردنو لە ڕێگەی خەزەرەوە لە گەیلانو جورجانەوە دەرچوون، ئەم لەشکرە ئەبی هورەیرەو سەلمانی فارسیشی تێدابوو، تەرمی عەبدولڕەحمانیش لە بەردەستی خەڵکەکە مایەوەو بە مەراسیمێکی باش ناشتیانو تا ئێستاش خەڵکی لێی دەپاڕێنەوەو نوێژەبارانەی پێ دەکەن[1].

1- کوشتنی یەزیدی کوڕی مەعاویە

سوپای ئەهلی کوفە غەزای بلەنجەریان کرد، چەند ساڵێ دوای بە خەلیفەبوونی ئیمامی عوسمان، وە لەو شەڕەدا هیچ منداڵێکیان هەتیو نەخستو هیچ ژنێکیان بێوەژن نەخست، دوو ڕۆژ پێش چوونەناو شاری بلەنجەر یەزیدی کوڕی مەعاویە خەونێکی بینی لە خەویا ئاسکێکی بینی هاتە ژێر باڵی زۆرجوان بوو، خۆی پێچابوو بە عاباکەیەوە، پاشان یەزیدی هێنابو بۆ سەر قەبری چوارکەس، کە قەبرەکانیان زۆر ڕێکوپێك بوو، کە ڕۆژ بوویەوە شەڕ دەستی پێکرد خەڵکی بلەنجەر بەژێر کەپنەکی لەگەڵ تورکەکان هێرشیان هێناو بەردێکیان ماڵی بەسەری یەزیدی کوڕی مەعاویەدا سەری قڵیشاو ئەوەندە خوێنی لێهات، جلەکانی بەخوێن ڕەنگکراو سوور بوو، لە کۆتاییدا ڕۆحی سپارد هەواڵ گەیشت بە ئیمامی عوسمان وتی: **(انا لله وانا الیه راجعون)** سەرەنجامی شەڕەکەش سوپای ئەهلی کوفە شپرزە بوون، خودای گەورە غەزایان لێ قبوڵ بکاتو لێیان خۆش بێت[2].

2- خوێنی سوور چەند جوانە بە(تەختی سپی) یەوە

عەمری کوڕی عوتبە دەیوت بە کەوا سپییەکەی چەند جوانە خوێنی سور بە تەختی سپاییتەوە، کاتێ لەگەڵ دوژمندا تێك ڕژان عەمر بریندار بوو، کەواکەی خۆی بینی بەو خوێنە سوورەوە، کە حەزی دەکرد ڕەنگی پێوە بگرێو شەهید بێت[3].

3- وریجەی پەڵەخوێن زۆر جوانە بە جلو بەرگەوە

قەرەشەع هەموو جارێ دەیوت و وریجەی پەڵەخوێن زۆر جوانەبە جلوبەرگەوە، کاتێ ڕۆژی تێ رژان هاتە پێشەوە قەرەشەع ئەوەندە شەڕی کرد هەتا بە حەربە هەڵدڕاو خوێناوی بوو، جلەکانی وا دەردەکەوت کە تەختەکەی سپییەو بە ڕەنگی سوو گوڵدار کراوە، خەڵکەکەی کە بەغیرەتی قەرەشەع شەڕیان دەکرد هەتا شەهید بوو ئەوانیش شکان[4].

4- ئەمانەش وەکو خۆمان دەمرن

تورکەکان لەم شەڕەدا بەشداریيان کردو خۆیان لە باخە چڕو پڕەکاندا شاردبووەوە، دەترسان و بڕوایان وابوو موسڵمانەکان گوللە نایانبڕێ، کابرایەکی تورك لە زەمەنێکدا خۆی حەشاردابوو، تیرێکی تەقاند موسڵمانێکی کوشت، بە دەنگی بەرز هاواری کرد ئەمانەش وەکو خۆمان دەمرد، ئیتر بۆچی لێیان دەترسن، تورکەکان بە جارێ شالاویان هێناو لەگەهەد دەرچوونو شەڕ تاوی سەند، بەڵام عەبدولڕەحمان نەچڵەکا هەتا شەهید کرا[5].

5- ئەی بنەماڵەی سەلمان خۆتان بگرن

لە ریوایەتێکدا هاتووە، کاتێ عەبدولڕەحمان شەهید کرا سەلمانی برای ئاڵاکەی هەڵگرتو شەڕی کرد، یەکێ هاواری دەکرد (ئەی بنەماڵەی سەلمان خۆتان بگرن) سەلمانیش وتی: دۆڕانمان تیا بەدی ناکرێ، پاشان سەلمان لەگەڵ ئەبی هورەیرەدا لەناوچەی گەیلانەوە بەرەو جورجان[6] گەڕایەوە، دوای ئەوەی عەبدولڕەحمانی برای ناشت لەداوێنی شاری بلەنجەر[7]، بەم پاشەکشەیە سەلمان پاشماوەی سوپای براکەی قوتار کرد[8].

---

1 تأريخ الطبري (309/5).
2 تأريخ الطبري (311/5).
3 المصدر نفسه (310/5).
4 المصدر نفسه.
5 قادة فتح الاسلامية في أرمنية، محمود شيت خطاب، ص (151).
6 جورجان: شاريَكة لة نيَوان طبرستانء خؤراسان.

مەحمود شین خەتاب دەڵێ: ئەو پاشەکشەیەی سەلمان وەکو شەڕکردن وابوو لەو ڕۆژەدا، چونکە لە دۆخی فشاری دوژمن و تەنگیدابوون و نەکسەیان لێکەوتبوو، گیانیان بەربارد بوو بوو، پاشەکشەکە بۆ هانابردن بو بۆئەوەی بتوانن جارێکی تر هەڵکوتنەوە سەریان، لە ڕاستیدا سەلمانی کوڕی ڕەبیعە بە فەرمانی خەلیفە عوسمان هاتبوو بۆ هاوکاری عەبدولڕەحمانی برای مەعقول نەبوو، لەم شەڕەدا بمێنێتەوەو لەشکرو چەکو چۆڵەکانیشی لە شاری (باب) بێت، نەیشدەکرا لە سەرەتاوە عەبدولڕەحمانی برای بە جێ بێڵێ لەو شەڕە نەگریسەدا، کە پێویستیان بە تاکە سەربازێکیش هەبوو چ جای فەرماندەیەکی ئاوەها، ئیتر چۆن دەبێت لەو کاتە ناسکەدا بەجێیان بێڵێت، مێژوونووسە دێرینەکان ئەو حاڵەیان بە هەرەس کردن لێکداوەتەوە جیاوازی نێوان (هەرەس)و (داڵدەدان) ناکەن، چونکە شلە شارین، (هەرەس) واتە بەجێهێشتنی گۆڕەپانی شەڕ، بەبێ نەخشەو بەبێ قاید، ئەم جۆرە کارەساتە، بەڵام (داڵدەدان) بەجێهێشتنی گۆڕەپانی شەڕە بەپێی پلانێکی داڕێژراو بە فەرمانی فەرماندە، ئەم جۆرە داڵدەدانە تابلۆیەکە لە تابلۆکانی شەڕکردن و ئامانجەکەیشی پشوودان و بەهێزکردنەوەی توانایەو زۆرکردنی سەربازو چەكو کەرەسەی شەڕکردنە، هیوادارم مێژوونووسان نەکەونە هەڵەی ڕاڤەکردنەوە جیاوزای نێوان هەرەس و داڵدەدان بکەن، چونکە ئەم دوو وشەیە واتایان زۆر دوورە لە یەکترەوە[1].

نۆیەم: یەکەمینجار گێچەڵ گەوتە نێوان ئەهلی کوفەو ئەهلی شام لە ساڵی 32ی کۆچی

دوای شەهیدبوونی عەبدوڕڕەحمان ئیمامی عوسمانیش کۆمەکی نارد بۆ موجاهیدان بەسەرۆکایەتی حەبیبی کوڕی مەسلەمە کاتێ سەمان و حەبیب بەیەگ گەیشتن لەسەر فەرماندەیی بوو بە مشتومڕییان، ئەهلی شام وتیان ئەدەین لە گەردنی سەلمان، خەڵکانێکی تر وتیان: ئێمەش ئەدەین لە گەردنی حەبیب و دەستان لێ ناگەڕێنینەوە، پیاوێکی ئەهلی کوفە کە ناوی (ئەوسن موغەرا) بوو، وتی: (ئەگەر دەست بەرن بۆ سەلمان ئێمەش دەدەین لە گەردنی حەبیب، ئەگەر بچنە لای ئیمامی عوسمان ئێمەش دەچینە لای و دوای بڕیاری سەلمانی فەرماندەی خۆمان دەکەوین، چونکە ئەمیری گشت لەشکرەکانەو قسەی قبوڵەو ئێمەش سەربازی بڕیارەکانی ئەوین، چەندین شەوو ڕۆژە پێ کۆڵی ئەوین، بەرهەحاڵ موسڵمانان توانییان تاقمە یاخیبووەکان تەمێ بکەن، بە یارمەتی خودای گەورە، پاشان کەڵەپیاوی وەکو حوزەیفەی یەمانی کە سەرتەڵی غەزاکانی سوپای کوفە بوو لەسێ غەزای گەورەدا بەشداریی کردووەو سێیەمین غەزای هاوکاتی شەهادەتی ئیمامی عوسمان بوو[2].

دەیەم: فتوحاتی عەبدوڵڵای کوڕی عامر، ساڵی 32ی کۆچی

فتوحاتەکانی بریتیبوون لە رزگارکردنی شاری مرو، تالقان، فاریابە، جورجان، توخارستان، عەبدوڵڵای ئەحنەفی کوڕی قەیسی هەنارد بۆ سەر شاری مرو ئەویش گەمارۆی دان ئەوانیش هەڵمەتیان هێنا، بەڵام بە دەستی موسڵمانان شکان و تەنگیان پێ هەڵچنراو خزاندنیانە ناو قەڵاکانیانن لە پڕ دەنگێ هاواری کرد (ئەی گەلی عەرەب ئەوە دەرنەچوون کە ئێمە دەماننناسین، گەر بمانزانیبا ئەمەی ئێستان ئێمە شتێکی ترمان دەکردن بەڵام مۆڵەتمان بدەن هەتا ئێوارەو بگەڕێنەوە بارەگاکانتان، ئەحنەف گەڕایەوە دواوە، کە ڕۆژ بوویەوە دای بەسەریاندا، پیاوێکی عەجەم هات و نوسراوێکی هێناو، وتی: "من نێردراوم پەنام بدەن، ئەوانیش پەنایاندان سەیردەکەن فورستادەی مەرزەبانی پاشای شاری مروەو برازایەتی و وەرگێڕیەتی (مترجم)و لە لایەن مەرزەبانەوە هاتووە بۆ لای ئەحنەف، مەرزەبان نوسیبووی (بۆ فەرماندەی سوپا، ئێمە سوپاسی ئەو خودایە دەکەین کە هەموو شارو گوندەکانی بەدەستە، بەڵکو هەموو مولکی دنیای بەدەستە، ئارەزووی لە هەرکەسێ بێت با سەرشۆڕیش بیێت سەر بڵندی دەکاتەوە، گەر ئارەزوویشی لەهەرکەسێك هەبێت باسەر بەرزیش بێت،

---

[1] محجم البلدان (278/2).
[2] قادة فتح الاسلام في أرمنية ص (151).
[3] المصدر نفسه، ص (152 - 153).
[4] التأريخ الطبري (311/5).

سەرشۆڕی دەکاتەوە، ئەو خودایە بانگمان دەکات بۆ سولّح و برایەتیو باپیری من دیندار بووەو پێغەمبەرەکەی ئێوەش مرۆڤێکی بەرێزو بەقوربە، من بەخێرهاتنتان دەکەمو مژدەی سولّحو ئاشتیتان دەدەمێ، ئامادەم شەست هەزار درهەم سەرانەشتان بدەمێ، ئێوەش رازی بن، ئەو جوتە مولّکەی، کە باوکی باوکمی لەسەر جەزرەبە دراوە لە لایەن کیسراوە، بیخەنە ژێر رکێفم مولّکەکانیش دوو پارچە زەوی ئاوەدانو پڕ لەپیاوە کاتی خۆی بە زولّم برابوو لە تۆڵەی نیازەکەی باپیرمدا کە دەیویست سەری ئەو مارە سەرخۆرە پان بکاتەوە، کە ڕێگەی لە عالەم بڕی بوو، وە هیچ سەرانەیەك لە کەسوکاری من مەسێننو سەرۆکایەتیش لە بنەماڵەی من دەرمەکەن، گەر ئێوە ئەم خاڵانەم بۆ جێبەجێ بکەن منیش سەرانەی ساڵانە دەدەم، ئەو نێرداوەش (ماهی) برازامە ناردوومە بۆ لات، بۆ ئەوەی متمانەم پێ بکەیت).

ئەحنەفیش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوەو نووسی: (بەناوی خودای گەورەو دلۆڤان، لە ئەحنەفی کوڕی قەیسی قایدی سوپاوە، بۆ (بازانی مەرزەبان) لە شاری مرو، وەبۆ گەورەپیاوانی هاوشانی، سلاّو لەو کەسەی شوێن ڕێنماییەکانی ئیسلام دەکەوێت، وە لە خودا دەترسێ، ماهەکی برازات گەشتە لامانو مەرجەکانتم پیشانی موسڵمانان دا، چونکە منو ئەوان لەم بڕیارە وەڵامەدا یەکسانین، ئەوانیش بەمشێوەیە وەڵامت دەدەنەوە، ئەو پێشنیارانەی کردوتە بۆ مەبەستەکانی خۆتو زەوییە کشتوکاڵییەکانو ئەو زولّمەی کە کیسرا کردویەتی لە باپیرت لە تۆڵەی ئەوەی بەرپەرچی گەندەڵیو نالەبارییەکانی داوەتەوە پێش هەموو شتێ زەوییەکان هی خوداو پێغەمبەرە ﷺو خودای گەورە دەییەخشی بەو کەسانەی کە مەیلی هەیە بۆی، تۆش دەبێ موسڵمانان سەرخەیتو دوژمنەکانیان بروخێنی بە خۆتو زلهێزەکانی چواردەورتەوە، دەبێ موسڵمانان سەرخەیتو پێویستیان هەبوو دەبێ پشتیوانییان لێ بکەیت، وە ئەگەر گەلەکەت ویستیان لە پەنای تۆدا زیان بگەیەنن بە موسڵمانان دەبێ قبوڵی نەکەیت، ئەگەر ئەم خواستانە بەجێ بێنیت یاداشتێکی وات بۆ دەنووسم دوای خۆیشم کەس سەرانە نەسێنێ لە تۆو هیچ خزمێکی نزیکت، ئەگەر موسڵمان بیتو شوێن ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ بکەویت، ئەوا وەکو هەموو موسڵمانێ مافی بژێویو پلەوپایەت هەیەو دەبیتە هاوشانو برای ئێمەو لەمڕۆ بەدواوە تۆ دەکەویتە ئەستۆی منو باوکمو سەرجەم موسڵمانان، بە شاهیدی جوزی کوڕی مەعاویەو حەمزەی کوڕی هەرماشو حومەیدی کوڕی خەیاری مازنیانو عەیازی کوڕی وەرقای ئەسەوی، نووسەرەکەشمان، کە کەیسانی خزمەتکاری خێڵی سەعلەبە، ڕۆژی یەکشەممە مانگی موحەڕەم)، لە دوایدا ئەحنەفی کوڕی قەیسی بەرپرسی سوپا بە مستیلەکەی مۆری کرد، کە وشەی (نعبد الله)ی لێ هەڵکۆڵیبوو واتە (بەس خودا دەپەرستم)[1].

یازدەیەم: شەڕی ئەحنەف لەگەڵ توخارستانو جورجانو تالەقانو فاریاب

عەبدوڵڵای کوڕی عامر لەگەڵ خەڵکی مرو سولّحی کردو ئەحنەفی بە چوار هەزار سەربازەوە نارد بۆ توخارستانو ئەویش هەتا کۆشکەکانی خۆی چوو، لەولاوە ئەهلی توخارستانو جوزجانو تالقانو فاریاب بە هەزار چەکدارەوە سەنگەریان گرتبوو بۆ بەرەنگاری، هەواڵ گەیشت بە ئەحنەف، ئەوان، کە لە کۆمەکاری دەکەن، ئەحنەفیش ڕاوێژی کرد بە سەربازەکانی، یەکێ وتی: با بگەڕێینەوە، یەکێکی تر وتی: با لەنگەر بگرینو خۆمان مەڵاس دەین، یەکێکی تر وتی: با بچین بەگژیاندا، دەمەو ئێوارە ئەحنەف سورێکی خوارد بە ناو لەشکرداو گوێ قوڵاخی بۆچوونەکانیان بوو، بەلای خەڵکی (خەباو)دا تێپەڕی پیاوێکیان پەپکە چەورەی دەبرژاندو باسی دوژمنانی دەکرد هەندێکیان دەیان وت: ئەو بۆچوونە باشە بەیانی هێرشیان بۆ بکەینو ڕووبەڕوویان ببینەوە، کابرای نانچی وتی: ئەگەر پەلاماریان بدەین زۆر سەهوین، ئایا دەگونجێ دەستەو یەخەی دوژمن ببینەوە لە شوێنی قایمکراوی خۆیاندا بە ژمارەیەکی کەمەو ئەوانیش ئۆردویەکن ئەگەر شتی وا بکەین لە ڕیشاڵ دەرمان دەهێنن، بەڵام باشترین پلان ئەوەیە، بچینە نێوان دەریای میرغابو کەژی میرغاب، دولای خۆمان زامن کەین ئیتر دوژمن هەرچەند زۆربن زیامان پێ ناگەیەنن، ئەحنەف ئەم قسەیەی پەسەند کردو خۆیو سەربازەکانی پیچایەوە بڕۆن، بەڵام خەڵکی مرو بەڵێنیان پێدان کە یارمەتییان دەدەنو شانبەشانی ئەوان شەڕ دەکەن،

[1] تأريخ الطبري (316/5).

ئەحنەف وتی: پێم ناخۆشە یارمەتی لە موشریك وەرگرم، بەس بە کرێی یارمەتیمان بدەن، ئەگەر ئێمە سەرکەوتین بەڵێن‌و کرێی خۆمان جێبەجێ دەکەین بۆتان، ئەگەر ئەوان سەرکەوتن ئێوە بەرگریی لەخۆتان بکەن، نوێژی عەسر هاتە پێشەوە بە پەلەپەلی موشریکەکان دەستیان کرد بە تێکرژان، هەردوولا خۆیان گرت هەتا بەیانی، ئەحنەفیش هەر ئەم دوویرەی لەبەر خۆیەوە دەوتەوە:

ئەوەی گەنجەو لاوەو منداڵی نییە

هەقی خۆیەتی ترسی لەمردن نییە.

لە ریوایەتێکدا هاتووە: هەتا شەوداهاتووە هەر شەڕیان کردووە، پاشان خودای گەورە هەرەسی پێهێنان‌و موسڵمانان دوایان کەوتن، هەتا (رسکن) دوانزە فەرسەخ لە قەڵاکانی ئەحنەفەوە دووربوو، هەر لەم کاتەشدا مەرزەبان پاشای شاری مرو چاوەڕوانی بارودۆخی موسڵمانانی دەکرد بۆ رێکخستنی بەندەکانی سوڵحەکەیان، کاتی ئەحنەف سەرکەوتنی بەدەستهێنا دوو پیاوی نارد بۆ لای مەرزەبان وتی: پێیان قسەی لەگەڵ مەکەن هەتا قۆڵبەستی دەکەن، کە چوون وایان کرد مەرزەبان تێگەیشت ئەمانە سەرکەوتوون بۆیە وا دەکەن، بەڵێنی پێدان هەرچی بەندی رێککەوتننامەکەیە جێبەجێی بکات، ئەوانیش وازیان لێ هێنا پاشان ئەحنەف ئەقرەعی حابسی لەگەڵ دەستە گەنجە زۆگوردەکاندا رەوانە کرد بۆ حورجان و شەڕیان لەگەڵ کردن‌و دایان ماڵێن‌و جەربەزەکانیان کوشت، خودای گەورە موسڵمانانی سەرخست‌و دوژمنانی شکاند[1].

کوسەیری ئەهسەلی دەڵێت: هەورە ئاوادارەکان کردیانە رەهێڵە، لاوان لە گۆڕەپانی جورجان کردیانە قەرەهێڵە بەرەو دوو کۆشك هاتن لە رستاق‌و خوت، فەرماندەکەیان دوو ئەقرەع بوو بە جوت، پاش سەرکەوتن ئەحنەف لە مرو دەرچوو بەرەو بەڵخ‌و ئابلۆقەی دان خەڵکەکەش سوڵحیان هەڵبژارد لەسەر چوارەد هەزار، ئەویش قبوڵی کردو ئوسەیدی کوڕی موتەشەمیسی ئامۆزای کردە ناوبژیوانی ئەم سوڵحە، پاشان رۆیشت بۆ خاریزم هەتا زستان لەوێ مایەوە، پاشان وتی: بە هاوەڵەکانی بەرنامەتان چییە؟ عومەری کوڕی مەعدییە وتی: کارێ پێت ناکرێ وازی لێ بێنە، بچۆ بۆ ئەوکارەی لەبەرت دەڕوات.

ئەحنەف فەرمانی کرد کۆچ بکەن، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ بەڵخ سەیرەکا ئامۆزاکەی پارەی سوڵحەکەی وەرگرتووە میهرەجانی شاری بەڵخی بەسەردا هاتووەو خەڵکەکە دیارییان بۆ هێناوە دیارییەکانیش قاپی ئاڵتون‌و زیوو پارەی زیادەو کەلوپەل‌و پۆشاك بووە، ئەویش وتوویەتی ئێمە لەسەر ئەم شتانە سوڵحمان نەکردووە وتویانە ئەم شتانە خۆمان لەم رۆژانەدا دروستی دەکەین‌و رێکی دەخەین‌و دەیکەنە دیاری‌و خەڵات بۆ ئەو کەسانەی کە پایەدارو بەرێزن، چونکە میهرەجانە، ئەویش وتبووی من تێناگەم لەم کارەو پێشم ناخۆشە دیارییەکانتان بگەڕێنمەوە لەوانەیە وەرگرتنیشی کارێکی ئاسایی بێت، بەڵام گلی دەدەمەوەو هەتا پرسیار دەکەم لەسەروی خۆم، ئەحنەفیش ئەم هەواڵەی بیست پرسیاری کرد لە خەڵکی بەڵخ ئەوانیش هەمان وەڵامیان دایەوە، وتی: ئەم کەرەسانە ببەن بۆ لای ئەمیری گشتیی عەبدوڵڵای کوڕی عامر کاتێ بردیان‌و باسەکەیان بۆ گێڕایەوە وتی: (ئەی ئەبو بەحر (واتە ئەحنەف) ئەمانە هەمووی بۆ تۆیە، بیبە بۆ خۆت، وتی: پێویستم پێی نییە، وتی: ئەی میسمار تۆ باوەشی پیاکە باوەشی پیا کردو بردی[2].

سیازدەیەم: هەر لێرەوە ئیحرامی عەمرە دەبەستم بۆ شوکرانەبژێری خودای گەورە واتە لە (نەیسابورەوە)

کاتێ ئەحنەف گەڕایەوە بۆ لای عەبدوڵڵای عامر خەڵکی دەیان وت بە عەبدوڵڵا ئەوەندە فتوحات بۆ تۆ دەستیداوە بۆ هیچ کەسێکی تر دەستی نەداوە، وڵاتی فارس‌و کرمان‌و سجستان‌و خوراسانت رزگار کردووە، وتی: راست دەکەن منیش هەر لەم شوێنەوە ئیحرامی عەمرە دەبەستم بۆ سوپاسگوزاریی خودای گەورە، واتە (لە نەیسابوورەوە) دوای عەمرەکە

---

[1] تأريخ الطبري (317/5).
[2] تأريخ الطبري (319/5).

گەیشت بە ئیمامی عوسمان، ئیمامی عوسمانیش سەرکۆنەی کرد لەسەر ئیحرام بەستنەکەی، فەرموی: بریا عەمرەکەت بەڕێکی بکردایەو لەشوێن و کاتی خۆی ئیحرامت ببەستایەو لە شوێنی تایبەتی خۆی ئیحرامت بپۆشایە[1].

چواردەیەم: هەرەسی قارن لە خۆراسان

کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی عامر لە غەزای خۆراسان گەڕایەوە قەیسی کوڕی هەیسەمی کردە سەرۆکی خۆراسان و قارن بە چل هەزار تورکەوە هێرشی بۆ هێنان، عەبدوڵڵای حازمی سولەمی-یش بە چوار هەزار سەربازەوە بەرەنگاریان بوویەوە، لە پێشدا شەش سەد سەربازی نارد بۆیان و فەرمانی پێ کردن نوکی ڕمەکانیان وەکو مەشخەڵ ئاگرین بکەن و لە نیوە شەودا پەلاماریان بدەن، شەوێ پەلاماریان دان و ژڵەژاندنیان و مەشغوڵیان کردن، عەبدوڵڵای کوڕی حازمیش لە ملاو لەولاوە حاتەی موشریکەکانی دا ئەوانیش زەندەقیان چوو رایان کرد، موسڵمانان دوایان کەوتن و کوشتاریان کردن، تەنانەت قارنیش کوژراو کەنیزەك و سامانێکی بیشوماریان دەست کەوت، پاشان عەبدوڵڵای حازم مژدەی گەیاند بە عەبدوڵڵای عامر ئەویش دەستخۆشی لێ کردو کردی بە سەرۆکی خۆراسان[2].

ئابەم شێوەیە ئیمامی عوسمان ڕووبەڕووی یاخی بووەکانی خۆرهەڵات بوویەوەو فتوحاتی پەرە پێداو هێرشی دوژمنان زیانی نەگەیاند بە باهوی موسڵمانان و هیممەتی خەلیفەی نەڕوشاند، چونکە کەڵە پیاوی ئەم گۆڕەپانە بوو، لیبڕاوو بە هەڵوێست بوو بە خێرایی کارەکانی تاووتوێ دەکردو بە سانایی فریای دەکەوت و بە گوێرەی لێهاتوویی کارەکانی دابەش دەکرد، وەکو لە رووداوە ریزکراوەکانی مێژووی تەبەری و ئیبن و کەسیرو یەعلادا دەرکەوتووە، بێگومان بە هەڵبژاردنی قایدی شیاو بەرنامەی سفت ئەم سەرکەوتنانە بەدی هاتوون، سەختی و ناسۆری جیهاد لە ئاراستەکردنەکەیدایە، کە چۆن پلانی گونجاوی بۆ دابنرێت و رێگە لە ئاشوبە هەمەجۆرەکان بگیرێت، سەیرەکەین چارەسەری زۆربەزۆری کۆسپ و تەگەرەکان کەوتە زەمانی ئیمامی عوسمان، ئەویش بە زانیاری وردو هیممەتی لێزانی و خێرایی و هێزی کەسایەتی و بەرچاوڕونی ڕووبەڕویان بوویەوە، پاش خودای گەورە ئیمامی عوسمان گەورەترین فەزڵی هەیە لە رێکخستنی بنەماکانی خەلافەتدا سەرەڕای ئەو هەموو نارەحەتی و ژاوەژاوەی دوای شەهیدبوونی ئیمامی عومەر هاتە ئاراوە، بەرووبوومی هەڵوێستە جوانەکانی ئیمامی عوسمان ئەمانە بوون:

1ـ هێنانە هێڵی یاخیبووەکان و گێڕانەوەی دەسەلاتی خەلافەت بۆ ناویان.

2ـ زیادکردنی فتوحاتی ئیسلام لە شارەکانی پاشکۆی یاخیبووەکان بۆ ئەوەی دیوارێك دروست بکەن لە چواردەوریان و جارێکی تر سیخورەکان ئاژاوە نەنێنەوە.

3ـ دروستکردنی چەقی دادگا هەتا موسڵمانان وەکو پەرژین خەلافەتی ئیسلامی بتەننەوە.

ئایا دەکرێت ئەم هەموو فتوحاتە پان و بەرینەو ئەم سیاسەتە پڕدانابییە کە لە هەرێمەکاندا بەرپای کردووە بە لاوازی و بێ توانایی و ڕاڕایی ئەنجام درابێت[3]، وەکو ئەو کەسانەی کە تۆمەت و پڕوپاگەندە دەدەنە پاڵ ئیمامی عوسمان و دەستیان گرتووە بە کلکی ڕیوایەتەکانی رافزی و شیعەو ڕۆژهەڵاتناسەکانەوەو ڕێبازە چەوتەکەی ئەوانەیان گرتووە بەر.

پازدەیەم: کێ ڕابەرایەتی فتوحاتەکانی خۆرهەڵاتی کردووە؟

لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا (ئەحنەفی کوڕی قەیس) رابەری هەرە مەزنی فتوحاتی خۆرهەلات بوو، وام بەباشزانی تیشك بخەمە سەر ژیانی هەندێ لە ڕابەرانی سەردەمی ئیمامی عوسمان، چونکە ئێمە باسی ڕزگارکردن دەکەین، دەبێ باسی ڕزگارکەرەکانیش بکەین، لەو فەرماندانەش ئەحنەفی قەیسمان هەڵبژارد.

1ـ رەچەڵەك و کەسوکاری

[1] البداية والنهاية (167/7).
[2] المصدر نفسه (167/7).
[3] تحقيق موافق الصحابة (408/1، 409).

ناوی (ئەحنەفی کوڕی قەیسی کوڕی مەعاویەی کوڕی حوصەینی کوڕی حەفصی کوڕی عوبادەی تەمیمیم)یە، دەشڵێن ناوی (صەخرە)[1] دایکی ناوی حەبیبەی کچی عەمری کوڕی قورتبی باهیلییە[2]، دایکی خوشکی ئەختەمی شەجعانە، ئەحنەف زۆر جارێ شانازی بەم خاڵەیەوە دەکرد، دەیوت (کێ خاڵۆی وەکو خاڵۆی منی هەیە؟)[3].

2ـ ژیانی

ئەحنەف یەکێکە لە تابیعییە مەزنەکانو یەکێکە لە شکۆدارەکانو پیاوێکی قسەڕۆشتوو ماقوڵی هۆزەکەی بووە[4] و سەرداری خەڵکی بەسرە بووە[5]، لای سەرجەم جەماوەر جێگەی متمانە بووەو یەکێك بووە لە ژیرو هەڵکەوتووەکانو خاوەن دینو ئاوەزابووە زانایەکی زمان پاراو بووە[6]، کەڵەپیاوێکی لەسەر خۆو لێزان بووە بە نەرمو نیان ناسراوە، بەڵکو نموونەی شیعری شاعیران بووە پێیان هەڵداوەو وتوویانە:

چاوەکان کە ئیبنو قەیس دەبینن

لەشەرما دەترسنو سەردادەنەوێنن

خالیدی کوڕی صەفوان لە بارەی ئەحنەفەوە دەڵێ: "ئەحنەف لە پیاوماقوڵی رای دەکرد، کەچی پیاوماقوڵی بەشوێن ئەودا رای دەکرد"[7].

هەندێك لە ئاکارو رەفتارە بەپێزەکانی دەخەینە ڕوو:

1ـ هێمنو لەسەرخۆییەکەی

پیاوێکی لەسەر خۆو هێمنو بووەو نموونەی ئارامگری بووە، پرسیاریان لێ کرد لەسەر خۆیی چییە؟ وتی: قبوڵ کردنی زەلیلییە لەگەڵ سەبردا هەرکاتێك خەڵکی سەرسام ببایە لە هێمنییەکەی دەیوت: ئەوەی لە ناخی ئێوەدایە لە ناخی مندا نییە، بەس ئارام گرتن دەزانم، ئەوەندە لە قەیسی کوڕی مینقەرییەوە[8] فێری لەسەرخۆیی بووم لە هیچ کەسێکی ترەوە فێر نەبووم، برازاکەی بکوژی کوڕەکەی هێنایە بەردەمی ئەحنەفی قەیس بە کەلەپچەکراوی بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکاتەوە، قەیس وتی: بۆ ئەم گەنجەتان بەستووەتەوە، پاشان رووی کردە گەنجەکەو وتی: کارێکی زۆر خراپت کردووەو ژمارەی خزمەکانت کەمکردووەو هێزی خۆت لاواز کردووەو دڵی دوژمنت خۆش کردووە، نالەباریت بەرانبەر هۆزەکەت کردووە، پاشان وتی "رێگەی بۆ چۆڵکەن با بڕوات بۆ لای دایکی کوژراوەکەو خوێنی کوڕەکەمی لێ بسێنن، ئەمە زۆر داماوە)، پاشان بکوژەکە بەرەڵلا کردو رۆیشت، قەیس خۆی تەنگەتاو نەکردو لۆچ نەکەوتە ناوچاوی[9].

پیاوێك وتی: بە ئەحنەف (فێری هێمنیم بکە)، وتی: (هێمنی بریتییە لە زەلیلی، ئایا خۆت دەگری لەسەر زەلیلی؟ من خۆم هێمن نیم، بەڵام خۆم کپ دەکەمەوە)[10]، هەر لە بارەی هێمنییەوە پیاوێك جنێوی دەدا بە ئەحنەف ئەویش بێدەنگی راگرت، پیاوەکە دووبارەی کردەوە هەتا سێجار ئەم هەر بێدەنگ بوو، پیاوەکە وتی: چەند گەمژەیە تەشەرەکانی منی تیا مەوجودە بۆیە ناتوانی وەڵامم بداتەوە، ئەحنەف وتویەتی هەرکەسێ لەسەر تانەیەك ئارام نەگرێ با چاك بزانێت چەندین تانەی تری بەرگوێ دەکەوێ، قینێك پەنگ بدەیتەوە زۆر لەوە باشترە بکەویتە لەوە خەسترە، وە هێمنی و لەسەرخۆییەکەی

---

[1] جهرة انساب العرب ص(217).
[2] قادة فتح السند وأفغانستان، محمود خطاب، ص(258).
[3] جهرة انساب العرب ص(212).
[4] قادة فتح المسند وأفغانستان ص(258).
[5] الأصابة (103/1).
[6] قادة فتح المسند وأفغانستان ص(304).
[7] المصدر نفسه (304).
[8] الاستعاب (1294/3).
[9] زفيات الأعيان (188/2).
[10] قادة فتح السند وأفغانستان ص(306).

سەرباری تواناو هێزبووە نەك لاوازیی و بێ دەسەڵاتی بێت، لە هەندێ جاردا شەڕی گڕاوی کردووە، جارێکیان پیاوێك پێی وت: ئەی ئەحنەف لەسەر خۆییەکەت کوا؟ وتی: لەلای خودای گەورەیە[1].

2ـ ئاوەزوو ژیرییەکەی

ئەحنەف پیاوێکی ژیرو سەنگین بووە، وتویەتی: (هەرکەسێ چوار رەوشتی هەبێ ئەو کەڵەپیاوی تیرەکەی خۆیەتی، 1ـ گەر دیندار بێتو دینەکەی رێگری خراپەی لێ بکات، 2ـ رەچەڵەکی هەبێو پارێزگاریی لێ بکات، بە ئاکاری جوان، 3ـ ئاوەزایەکی هەبێ سەرپەرشتی بکات، 4ـ شەرمی هەبێو بیگەڕێنێتەوە)[2]، دیسان دەڵێ: (عەقڵ باشترین هاودەمە، ئەدەب باشترین کەلەپوورە هاوکاری باشترین نەرمو نیاییە)[3]، دەڵێ: (هەرگیز باسی هیچ کەسێکم بە خراپی نەکردووە لە پاشملە)، کاتێ ناوی کەسێکیان ببردایە لەلای دەیوت: (وازی لێ بێنن رزقی خۆی دەخواتو ئاکامی خۆی تەواو دەکات)[4].

برازایەکی هەبوو ددانی دەئێشتاو هاواری دەکرد، ئەحنەف وتی: (ماوەی سی ساڵە چاوم ئازاری هەیەو باش نابینێ لای کەس باسم نەکردووەو هاوارم نەکردووە)[5]، دەڵێ: (هەرکەسێ سەرەگڵەی کردبێت لەگەڵما بەشێوازی خۆم وەڵامم داوەتەوە، ئەگەر لەسەرو خۆمەوە بێت رێزم لێ گرتووە ئەگەر لەخوار خۆمەوە بێت، سۆزم بۆی جولاوەو بە بەزەیی بووم، لەگەڵیا ئەگەر هاوشانی خۆم بووبێت بە هێمنیی و لەسەرخۆیی فەزڵی خۆمم داوە بەسەریا)[6].

3ـ زانستەکەی

زانایەکی متمانەدارو بێخەوش و کەم نوتق بووەو لە ئیمامی عومەرو عوسمان و عەلی و ئەبو زەڕ[7] فەرمودەی ریوایەت کردووە، حەسەنی بەسری و عوروەی کوڕی زوبێریش فەرمودەیان لێ ریوایەت کردووە، لەسەردەمی مەعاویەدا یەکێك بووە لە شەرعزانەکان.

4ـ داناییەکەی

پیاوێکی داناو پڕ حیکمەت بووەو ئامۆژگاریی بەپێزی خەڵکی کردووە، پرسیاریان لێ کرد (جوامێری چییە؟) وتی: "لەخودا ترسان و خۆگریی"، ماوەیەك بێدەنگ بوو پاشان وتی: "گەر کەسێ روخساری جوان بێ، بەڵام لێبوردنی نەبێت جوانییەکەی پەرێشانە، باشترین رەوشت بۆ گەنج ئەوەیە، کە لە خودا ترس و لێبوردە بێت"[8].

هەروەها دەڵێ: "چڵەپۆپەی ڕەوشتبەرزی لە شێوزای ئاخاوتندا دەردەکەوێت، گوتن هیچ خێرێکی تیا نییە هەتا کردەوەی بەدوادا نەیەت، رووخساری جوان بەبێ مەعریفەت هیچی تیا بەسەر نییە، هیچ سامانێ بەبێ بەخشندەیی کەلکی نییە، هاوڕێیەتی بەبێ وەفا سوودی نییە، شەرعزانی بەبێ تەقوا پاداشتی نییە، خێرو سەدەقە بەبێ نیەتپاکی قبوڵ نییە"[9].

دەڵێ: "هەر چاکەیەکم بۆ لوابێت لەشوێنو کاتی خۆیدا پێشوازیم لێ کردووە"[10]، دەڵێ: "پێکەنینی زۆر سامو شکۆیی خاوەنەکەی دەبات، سوعبەتی زۆر جوامێری خاوەنەکەی کاڵ دەکاتەوە، هەرکەسێ تەشك بە هەرکارێکەوە بگرێ،

---

[1] المصدر نفسه ص(306).
[2] المصدر نفسه ص(306).
[3] تهذيب ابن عساكر (19/7).
[4] المصدر نفسه (21/7).
[5] المصدر نفسه (16/7).
[6] قادة فتح السند وأفغانستان ص(307).
[7] طبقات ابن سعد (93/7).
[8] المصدر نفسه.
[9] تهذيب ابن عساكر (19/7، 20)
[10] البداية النهاية (331/7).

ئەوکارە دەبێتە ناونیشیانی"[1]، دەڵێ: "ئافرەتو چێشت دوورخەنەوە لە کۆڕو کۆمەڵمان، چونکە من ڕقمە لەو کەسەی کە بەژنانیو ورگن ناسراوە، لای من جوامێرییە پیاو بتوانێ خۆی بگرێ لە حەنای خواردنو چێشت بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە حەزی لێیەتیو برسییەتی"[2]، دەڵێ: "گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە هاونشینی ڕەشوروتەکان بێت، هەرکەسێ لەسەر زمانی عامەی خەڵك نەبێتە گەورە، بە زمانی کەسانێ یان تاقمێ نابێتە گەورە"[3].

5ـ زمان پاروییەکەی

مرۆڤێکی خۆشخوانو شیرین کەلام بووە[4] جارێکیان وتاری دەداو گوتی: "پاش سوپاسو ستایشی خودای گەورە، ئەی کۆمەڵی تیرەی ئەزدیو ڕبیعە ئێوە برای دینی ئێمەنو لە باواندا هاوبەشمانو برای ڕاسیتیمانن لەرەچەڵەكو داهاتو مولکدا دراوسێمانو بۆ دوژمنان پشتیوانمانن، وەڵڵاهی ئەزدی بەسرە لە تەمیمی کوفە بەرێز ترە لەلام، ئەزدی کوفە لە تەمیمی شام بەرێزترە لەلام ئەگەر لیزگی حەسوودی لە سنگتان هەڵبێت بێگومانبن سامانو دارایی ئێمە فراوانە بۆ هەردولامان"[5].

لە ڕاستیدا ئەحنەف قسە قوتو بەڵگە ڕۆشن و مەنتیق زان بووە، جارێکیات هات بۆ سوڵحی کێشەی خوێن، دانیشتوان دەستیان کرد بە گفتوگۆ وتیان دوو خوێنی لێ دەسێنین، ئەحنەفیش وتی: ئەم حوکمە تەنیا بۆخۆتانەو نابێتە بڕیارێکی گشتیی، پاشان بێدەنگ وتی: "ئەو تۆڵەیەی دەتانەوێ من دەتان دەمێ بەس شتێکتان پێ دەڵێم، خودای گەورە بڕیاریداوە خوێنی لەباتی خوێنێك، پێغەمبەریش ﷺ بە هەمان شێوە یەك خوێنی داناوە، کەچی ئێوە دوو خوێن داوا دەکەن ئەی ناترسن یەکێ لە ئێوە خوێنێك بڕژێنێو تۆڵەتان لێ بسەنرێ ئەوکاتە خەڵکی لێتان خۆش نابێت هەتا ئەم دەستوورەی خۆتان جێبەجێ نەکەن بەسەرتاندا؟ وتیان با بەیەك خوێن واز بێنن"[6].

جارێکیان ئەحنەف گوێی لە پیاوێك بوو دەیوت نایەبە خەیاڵمدا وەسفم کەن یان لۆمەم بکەن، ئەحنەف وتی: "بەڕاستی تۆ ئەرخەیانی لەو گرێیەی کە ماقولانی شەکەت کردووە"[7].

6ـ خۆنەویستیو نتمییەکەی

ئەحنەف هەرچی بۆخۆی پێی خۆشبوایە بۆ خەڵکیش پێی خۆشبوو، تەنانەت ئەرکی خەڵکی دەخستە سەرشانی خۆیو لە چاکەو پیاوەتیدا دەروونی خۆی پاکژ کردبووەوە، بە پاکی هەرەوەزی کەسانی تری دەکرد، کاتێ ئەحنەف هات بۆ لای ئیمامی عومەر لە شاری مەدینە ئیمامی عومەر خەلاتێکی پێشکەش کرد وتی: (ئەی ئەمیری ئیمانداران وەڵڵاهی ئێمە بیابانو هەردمان نەبڕیوە شەوو ڕۆژمان نەچڕیوە بۆ خەڵاتو دیاری، من ئاتاجم پێی نییە)، بەم هەڵوێستە چاکیو پاکی ئەحنەف پتر بوو[8].

7ـ بەسپاردەییەکەی

ئەحنەف بە سپاردەبووە، نموونەی سپاردەپارێزبوو، وەکو زووتر باسمان کرد کاتێ برازاکەی لەئاشتەوایی ئەهلی بەڵخدا بڕێکی زۆر قاپی ئاڵتونو زیوو پارەو کەلوپەلو پۆشاکی هێنایە بەردەستی، ئەحنەفیش پرسیاری ئەم شمەکانەی کرد،

---

[1] وفيات الأعيان لابن خلكان ص(187/2).
[2] وفيات الأعيان (188/2).
[3] قادة فتح السند وأفغانستان ص(309).
[4] المصدر نفسه.
[5] المصدر نفسه.
[6] وفات الأعيان (181/2).
[7] المصدر نفسه.
[8] تهذيب ابن عساكر (12/7).

برازاکەی گفتوگۆکەی بۆ گێڕایەوە (کە بەڵخییەکان لە جەژنانەی میهرەجانی خۆیاندا[1] بە دیاری هێناویانە بۆیانو ئەمیش بەترس و لەرزەوە گلی داوەتەوە ئاخۆ حەڵاڵە یان حەرام) ئەحنەفیش پرسیاری لێکردن هەمان وەڵامیان دایەوە، وتی: (بیبەن بۆ خزمەتی رابەری گشتی لەشکرەکان، عەبدوڵڵای کوڕی عامر بە جوانی بۆی باس بکەن)، عەبدوڵڵا وتی: (ئەی ئەحنەف ئەمانە وەرگرە هی تۆیە)، ئەویش وتی: (من پێویستم پێی نییە)، ئەحنەف زۆر قەڵس بوو بە خەڵات و دیاری تەنیا پشکی غەنیمەی وەردەگرت و چاوبرسی نەبوو[2].

8- هێواشی و ئەسپاییەکەی

ئەحنەف زۆر هێواش و بەئەسپایی بوو، دەستی نەئەبردە هیچ کارێ هەتا هەزار لێکدانەوەی بۆ نەکردایە، وتیان ئەی ئەبو بەحر تۆ خاوو هێواشی، وتی: (من دەروونی خۆم لەسەر سێ شت راهێناوە، کە پەلەپروزەیان بۆ بکەم، 1- نوێژکردن کە هاتەپ ێش دوای نەخەم، 2- ناشتنی جەنازە لە کاتی خۆی ئەسپەردەی بکەم، 3- بەشودانی کچ ئەگەر کەسێکی هاوتای خۆی هاتە خوازبێنی لێی مارە بکەم)[3].

9- لەخواترسان و خۆپارێزییەکەی

ئەحنەف ئیماندارێکی لەخواترس و خۆپارێز بوو بە گورجی هاتە ئامێزی ئایینی ئیسلام و هۆزەکەیشی بە رێنماییەکانی موسڵمانان بوون[4] ئەحنەف ببووە بانگخوازەکانی بەرایی بە ئەوپەڕی هێزو بزێوییەوە، لەسەر بیروباوەڕی خۆی چەسپاوەوبوو بەتایبەتی لەوکاتەی کە زۆربەی عەرەبەکان لەدوای کۆچی پێغەمبەر ﷺ هەڵگەڕانەوە، لە ژیانیدا بەچاکی تێکۆشاوە بۆ بەرگری و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام و لەم پێناوەدا سەختترین ناسۆری چەشتووە، حەسەنی بەسری دەڵێ: (هیچ کەسێکم نەدیوە ئەوەندەی ئەحنەف هێژاو بەرێز بێت)[5]، ئەحنەف دەڵێ: (عومەری خەتاب ماوەی ساڵێ لای خۆی گلی دامەوە لە شاری مەدینەو هەموو شەوو رۆژێك سەردانی دەکرد، هیچ کارو گوتارێکی خراپی تیا بەدی نەکردم)[6].

زۆر بە وردی تاقیکرایەوەو لە پاڵاوتنی ئیمامی عومەر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئیمامی عومەر نوسراوێکی پیادا نارد بۆ ئەمیری بەسرە[7] و نووسیبووی (ئەحنەف بەرێزو پیاوماقوڵی ئەهلی بەسرەیەو ئەبو موسای ئەشعەری ئاگادار کردبوو کە راوێژ لەگەڵ ئەحنەفدا بکات بۆ کارەکانی و گوێ بۆ قسەی بگرێت)، ئیمامی عومەر دوای سەرکەوتنەکەی رووبەڕوو پێی وت: (تۆم تاقیکردەوەو هەڵم سەنگاندیت، جگە لە چاکەکاری هیچی ترم تیا بەدی نەکردی، بۆم دەرکەوت ئاشکراکانت چاکە، تکا دەکەم پەنهانییەکانیشت وەکو ئاشکراکانت بێت)[8].

بەڕاستی ئەحنەف پیاوێکی راسانڵ بوو، شەوانە شەونوێژی دەکردو هەتا بەری بەیانی دەگریا، پەنجەی دەخستە سەر چراکەی و دەیوت بە نەفسی خۆی: (گەر تۆ لەسەر ئاگری ئەم چرایە خۆت پێ نەگیرێ ئیدی چۆن لەسەر ئاگری پڕکڵپەی دۆزەخ خۆت رادەگریت؟!)[9]. وتیان پێی تۆ زۆر رۆژوو دەگریت گەدەت تەنك دەبێت و بریندار دەبێت، وتی: من سازی دەدەم بۆ سەفەرێکی پڕ برسییەتی و دووردرێژ[10]، ئەحنەف کرا بە سەرۆکی خۆراسان لەکاتی شەڕی فارسەکاندا، شەوێکی کرێوە تووشی لەشگرانی بوو هەموو سەربازو پاسەوانەکانی خەتبوون هەستا گەرا بەدوای ئاودا پێی چوو بە چڵێکدا خوێن لە

[1] جەژنێکی فارسەکانە.
[2] قادة فتح المسند وأفغانستان ص(313).
[3] طبقات ابن سعد (96/7).
[4] شذرات الذهب في أخبار من ذهب ـ أبو فلاح عبدالحي (78/1).
[5] البداية والنهاية (331/7).
[6] قادة فتح المسند وأفغانستان ص(314).
[7] المصدر نفسه (314).
[8] طبقات ابن سعيد (94/7).
[9] البداية والنهاية (331/7).
[10] طبقات ابن سعيد (94/7).

قاچی هات، هەرکۆڵی نەدا هەندێ بەفری دەستکەوت وردی کردو خۆوی پێ شۆرد[1]، هەرکاتێ لای چۆڵ بوایە داوای قورئانی دەکرد، وەکو پێشی نانی خۆی، لە نزاکانیدا دەیوت: (ئەی خودایە ئەگەر لێم خۆش ببیت ئەوە خۆت باشی لێدەزانی، ئەگەر سزاشم بدەیت هەر خۆت باشی لێدەزانی)، نزایەکی تری ئەمەبوو: (ئەی خودایە دڵنیاییەکی وەهام پێ ببەخشە زەحمەتەکانی دونیام لەلا ئاسان بکات)، جارێك جەنازەیەك درا بەلایدا، وتی: (رەحمەتی خودا لەو کەسەی نەفسی خۆی ئامادە دەکات بۆ رۆژکی ئاوەها)[2]، وتویەتی (سەرم سوڕدەمێنێ لەو مرۆڤەی کە دووجار بە بۆری میزدا هاتووە کەچی لە خۆی بایی‌ییەو فیز دەکات)[3].

ئەم خاڵانە هەندێك بوو لە رەوشتە دانسقەکانی ئەحنەف، کە هەموو خەڵکی خۆشیان دەویست‌و متمانەیان پێی هەبوو بە چاوی رێزەوە تەماشایان دەکرد، بێگومان ئەم رەوشتانە لە هەرکەسێکدا بجەملێ دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزو ناوی لە هەموو کات‌و شوێنێکدا دەگەشێتەوە، زۆر بە دەگمەن زەمان دەبێتە خاوەنی کەسایەتی وەکو ئەحنەف[4]، لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا ڕابەری فتوحات بوو لە کاری فەرماندەییدا سەرتەڵ بوو رزگارکەری وڵاتانی خۆرهەڵات بوو، لە نەخشەکێشان و دەرکردنی بڕیاری خێرادا سەرکەوتوو بوو لە پێشی پێشەوەی لەشکردا بووە، بەم هیممەتە بەرزانە پلان‌و بڕیارە سەربازییەکانی دەردەکرد لە بواری کردەییدا شوێنەوارێکی کاریگەری بەجێ هێشتووە، چونکە لە کاتی بڕیاردا ئەوپەڕی توانای خۆی خستووەتە کارو ڕاوێژی کردووە بە دونیادییەکان، بەڵکو شەوانە بە نهێنی گەشتی کردووە بەناو سەربازەکانداو گوێی گرتووە لە ڕاوبۆچوونیان ئەگەر بۆچونێکی شیاوی بەرگوێ بکەوتایە دەستبەجێ کاری پێدەکرد، گرنگ نەبوو بەلایەوە حیکمەت لە چ دەفرێکدایە، ئەم فەرماندەیە لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا بە ئاوەزوو بە شمشێرەکەی پێکەوە دوژمنی دەشکاند، سەکۆیەکی مەزنی گرتبوو لە دلێری‌و بوێری، چەندین جار خۆی ئێشکی دەگرت بۆ ئەوەی سەربازەکانی بە ئاسوودەیی بخەون زۆر بەهرەدار بوو لە خۆشاردنەوەدا، خۆی‌و لەشکرەکەی لە زۆر ناسۆری‌و نارەحەتییەك لاداوە[5].

ئەحنەف پیاوێکی مەزن بوو لە پیاوەکانی ئوممەتی ئیسلام، ئوممەتێك بوو لەناو پیاوانداو سەرۆك‌و ڕابەری ئەهلی خۆرهەڵات بوو، وەکو ئیمامی عومەر پێی دەوت تۆ گەورەو سەرۆکی[6].

باسی ئەحنەف درێژەی پێدرا، بەڵام شایانیەتی، چونکە جوان مەردێکە لەفەرماندەکانی فتوحاتی سەردەمی ئیمامی عوسمان‌و یەکێك بوو لە ڕێکخەرانی ژیانی سەردەمی خەلیفەی سێیەم، قوربەسەری ئەوانەی تیرەلارو وێرەکانیان دەگرنە خەلافەتی ئیمامی عوسمان‌و فەرماندە سۆرشگێرەکانی، بۆ نموونە ئەحنەف.

باسی دووەم: فتوحاتەکانی شام

یەکەم: فتوحاتی حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فەهری

وەکو پێشتر باسمان کرد لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئیمامی عوسماندا رۆمەکان مرخیان لە موسوڵمانان خۆش کردبوو بە ئاپۆڕایەکی زۆرەوە، بۆیە ئیمامی عوسمان نامەی نووسی بۆ وەلیدی کوڕی عەقبە کە یارمەتی برایانی شام بدات، ئەویش بە هەشت هەزار سەرباز یارمەتی دا بە قیادەیی سەلمانی کوڕی رەبیعەی باهیلی، توانییان زەفەر بە ڕۆمەکان بەرن‌و دەریانکەن لە خاکی خۆیان هەندێکیان دەستبەسەر کردو دەستکەوتیان لێ گرتن، جارێکی تر رۆمەکان لەگەڵ تورکەکان گەلەکۆمەیان کرد بۆ لێدانی موسوڵمانان لە تۆڵەی ئەرمینیەدا کە موسوڵمانان فەتحیان کردبوو، حەبیبی مەسلەمەش پلانی بۆ داوەکەی دوژمنان دارشت‌و شەو چووە سەر (مروبانی) سەرکردەیان کاتێ خێزانەکەی حەبیب ئەم نەخشەیەی

---

[1] المصدر نفسه (94/7).
[2] تهذيب ابن عساكر (16/7).
[3] البداية والنهاية (331/7).
[4] قادة فتح السند وأفغانستان، ص(316).
[5] المصدر نفسه (320).
[6] المصدر نفسه (322).

بیست وتی: بەڵێنی چیت داوە؟ حەبیب وتی: یا سورادیقەی مرۆیانی یان بەهەشت.. کە شەو داهات چووە سەر مۆریانی سەرکردە هێنایە دەر، پاشان ژنەکەی خەبەری بوویەوە سەیرکا مێردەکەی لەماڵ نەماوە، حەبیب تێکۆشانەکانی بەرێکوپێکی ئەنجامداوەو سەرکەوتنی لە ناوچەکانی ئەرمینییەو ئازربایجان بە سوڵح و بە کوشتار بەدەستی هێناوە[1]، حەبیب یەکێکە لە فەرماندە دیارەکانی شەڕی ئەرمینییەو بێزەنتینییەکانو لە خەباتیدا سوپایەکی زەبەلاحی دوژمنی تێکۆپێك شکاندووەو بڕی قەلاو شاری گەورەی رزگار کردووە، هەروەها غەزای شەڕەنگێزەکانی عێراقی کردووە، وە لە دەڤەریی رۆمدا کۆمەڵێ قەلای رزگار کردووە[2]، وەکو شمشانو مەلاتیە.. هتد.

لە ساڵی (25) کۆچی مەعاویەش غەزای رۆمەکانی کرد هەتا (عەموریە)ی گرت واتە ئەو قەلایەی کە دەکەوێتە نێوان ئەنتاکییەو تەرتوسەوە، لەوێدا کۆمەڵێك لە خەڵکی شامو جەزیرەی ئەسیر کرد، لە هاوینی داهاتووشدا قەیسی کوڕی حوری عەبەسی غەزاکانی تری رۆمییەکانی کردو دوای شەڕ هەندێ قەلای نزیکی ئەنتاکییەی رووخاند، بۆ ئەوەی بە کەڵکی رۆمەکان نەیەت[3].

دووەم: یەکەمین کەسێ کە مۆڵەتی شەڕی دەریاییدا ئیمامی عوسمان بوو

کاتێ مەعاویەی ئەبی سوفیان ئەمیری شام بوو، ڕووی نا لە ئیمامی عومەرو پێداگری کرد. کە شەڕی دەریایی بکات. لەگەڵ رۆمەکان، چونکە زۆر نزیکن لە شاری حیمصەوە تەنانەت گوندەکانی حیمص گوێیان لە وەڕەی سەگو قوقەی کەڵەشێر رۆمەکانە، دەیویست ئیمامی عومەر رازی بکات، ئەویش نوسراوێکی نووسی بۆ عەمری کوڕی عاص داوای لێ کرد باسی بارودۆخی دەریاو دەریاوانی بۆ بنووسێت، ئیمامی عومەر نووسیبووی لە بارەی دەریاوە من دەرونم کینگڵ دەخوات، عەمریش بۆی نوسی (من ئەوەندەی دەزانم دروستکراوێکی بچووك، کە مرۆڤە سواری دروستکراوێکی گەورە دەبێت، هەرکە چووە ناوی دڵی پەل پەل دەبێت، وەختێ ئەزنەکیدا بچێ عەقڵی لادەچێ لە دەریادا متمانەکەم دەبێتەوەو گومان زۆر دەبێت ئەو مرۆڤە وەکو کرمێ بە پیرەدارێکەوە بێ ئاوەهایە ئەگەر ئەملاولا بکات نغرۆ دەبێت، ئەگەر پەڕییەوە ئەبلەق دەبێت).

ئەم وەڵامە وای کرد لە ئیمامی عومەر شەڕی دەریا قەدەغە بکاتو نووسی بۆ مەعاویە (نەخێر سوێند بەو کەسەی موحەممەدی بەراستی ناردووە هیچ موسڵمانێ ناخەمە ناو دەریا، وەڵاهی تاکە موسڵمانێکم لە هەموو کولورو گەنجێنەی رۆم لەلا بەڕێزترە، وریابە پێشنیاری کاری وام لا مەکە، خۆت باشدەزانی چەندین جار داوای ئەم کارەم لێ کراوە بەڵام ڕێگەم نەداوە)[4]، ئەم خواستە لە ناخی مەعاویەدا هەر دەرنەچووبوو سەرەڕای تالاوی رۆمەکان کە دەهات بە رووبداو زۆر مەبەستی بوو شارەکانیان فەتح بکات، بۆیە لە خەلافەتی ئیمامی عوسماندا مەعاویە پێشنیارەکەی جارێکی تر خستە بەرباسو لێکۆڵینەوە لای ئیمامی عوسمان، ئەویش وتی: (خۆت شاهیدی ئیمامی عومەر چۆن وەڵامی دایتەوە لە بارەی شەڕی دەریاوە)، جارێکی تر نوسراوێکی نووسی بۆ ئیمامی عوسمانو باسی ئاسان پەڕینەوەی دەریای بۆ کرد بۆ قوبروص، ئەویش نووسی (ئەگەر خاوخێزانەکەی خۆت دەخەیتە دەریاوە ئەوا مۆڵەتت دەدەم شەڕی دەریایی بکەیت ئەگینا نابێ بچیتە ناویو بیپەڕیتەوە)[5].

هەروەها ئەم مەرجەشی بۆ معاویە دانا (هیچ سەربازێك نەبات بە خۆشی خۆی نەبێتو ئازادی رایان بداتێ، پاشان ئەوانەی کە حەزدەکەن تیروپشکیان بۆ بکات، یەك سەرباز هەڵنەبژێری بە کەیفی سەربازەکە نەبێ)، کاتێ معاویە

---

[1] الدولة الأسلامية في عصر الخلفاء الراشدين ـ حمد شاهين، ص(252).
[2] حروب الاسلام في الشام في عهود الخلفاء الراشدين ـ محمد أحمد باشميل ص(577).
[3] الدولة الأسلامية في عصر الخلفاء الراشدين، ص(253).
[4] تأريخ الطبري (258/5).
[5] الادارة العسكرية في الدولة الاسلامية (538/2).

وەلآمەکەی بەدەست گەیشت دەستی کرد بە پەڕینەوە بەرەو قوبروص[1] و خەڵکی قەراغ دەریای ئاگادارکردەوە کە بەلەمەکان ئامادەباش بکەنو نزیکی رۆخی دەریای بکەنەوە بەتایبەتی بۆ قەراغی قەلآی عەکا، بۆ ئەوەی ببێتە هەوارگەی مانەوەی سەربازەکان، بەم چەشنە مەعاویە کەسی بەتۆیزی نەبردو سوپایەکی گەورەی کردە ئەو بەرەوە بۆ شەڕ کردن[2]، ئەم کرداری پەڕینەوە بەلگەو نموونەیە کە موسڵمانان دوونیاو لەزەتەکانی دونیا لەلایان بێبایەخ بووە، هەرگیز بۆی نەکۆشاون، هەرچەندە دەرگاکانی دونیایان بە تەواو لێ کرابووەوەو نازو نیعمەتەکانی رژابوو بەسەریاندا، چونکە وا گۆشکرابوون، کە نازو لە زەتەکانی خودای گەورە باشترو بەردەوامترە تا هی دونیا، ئەم شاندە بۆ سەرخستنی ئیسلامو بەرپاکردنی دادوەریو بلآوکردنەوەی پەیامی چاکسازیی دروست کرابوونو هەڵبژێردرابوونو بە ڕاشکاوی دینیان جێبەجێ دەکرد بۆ ئەوەی دوژمنان کوێرایی بەسەر چاویاندا بێت، بیروڕوایان وابوو ناوەڕۆکی ئەم پەیامە راستو دروستە بریتییە لە تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورەدا، خۆ ئەگەر کەمتەرخەمییەکیان کردبایە لە گەیاندنی ئیسلامدا تەمەڵییان کردبایە بەبێ هۆ، خودای گەورە سەربەرزی دونیای لێ دەسەندنەوەو لە رۆژی پەسلانیشدا لە پاداشت بێبەشی دەکردن، بۆیە لەم ئەرکە پیرۆزەدا کێبڕکێیان دەکردو لە پێشی معاویەوەبوون.

پێدەچێ فەرمودەکەی ئومو حەرام لە دڵی معاویەدا گەشەی کردبێ و لە ئەندێشەیاندا ڕەنگی دابێتەوەو پاڵی پێوە نابێت بۆچوونە ناو دەریاو غەزاکردنو بە موعجیزەی فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ ئەم غەزایەش کەوتە کۆتایی زستانی ساڵی بیستو هەشتی کۆچی بەرامبەر (649) زایینی[3]، بەم چەشنە موسڵمانان لە شامەوە بەرەو قوبروص چوونو لە مینای عەکا دابەزینو ئومو حەرام کەوتە خواروو ملی شکاو مرد[4] لە دورگەکە ناشتیان، مردنەکەی بوو بە ناونیشانی ئەو فیداکارییەی کە موسڵمانان بۆ بلآوکردنەوەی ئیسلام بەخشییان، تا ئێستاش گۆڕەکەی دیارەو پێی دەوترێ (گۆڕی ئافرەتە راساڵەکە)[5].

پێشی ئەم غەزایە مەعاویە کۆبوونەوەی کرد بە هاوەڵانو راوێژی کرد بەم کەڵەپیاوانە (ئەبو ئەیوبی خالیدی زەیدی ئەنصاری، ئەبودەردا، ئەبوزەڕی غیفاری، عوبادەی کوڕی صامت، وائسیلەی ئوسقوف، عەبدوڵڵای کوڕی بوشری مازنیو شەدادی کوڕی ئەوسو میقدادی ئەسوەدو کەعبی حیبرو جوبەیری کوڕی نەفیر)[6]، هەنگاوی یەکەم نامەیان نارد بۆ خەڵکی قوربوسو بۆیان رۆشنکردنەوە کە ئێمە بۆ دەستبەسەراگرتنی دورگەی قوبروس غەزاتان لەگەڵ ناکەین[7]، بەڵکو دەمانەوێ بانگهێشتتان بکەین بۆ ئایینی خوداو پاراستنی سنووری ولآتی ئیسلام لە شامدا، هەروەها بێزەنتییەکان بنکەیان لە ناوچەی ئێوەدا داناوەو لە کاتی لەشکرکێشیدا لای ئێوە پشوو دەدەنو خەڵکی ئێوەش لەگەڵ خۆیان راپێچی شەڕ دەکەن، بەم چەشنە ئێوە هەڕشەن بۆ ولآتانی شامو مەترسیتان لێ دەکرێ، کەواتە ئەگەر موسڵمانان لە بێوەبی دوورگەکەتان دڵ ئارام نەبنو نەتان خەنە ژێر رکێفی خۆیان ئەوا دەبنە خنجەرێکی ژەهراوی لە پشتیانەوە[8].

لە وەلآمدا دانیشتوانی دورگەکە تەسلیمی ئیرادەی شۆڕشگێڕەکانی ئیسلام نەبوونو ولآتی خۆیان خامۆش نەکرد، بەڵکو خۆیان لە قەلاکانیان قایم کردو رووبەڕوو بوونەوەیان هەڵبژارد، چونکە چاوەڕوانی رۆمەکان بوون بەرگرییان لێ بکەنو پشتیوانییان لێ بکەن[9].

---

[1] المصدر نفسه (538/2).
[2] جولة تأريخية في عصر خلفاء الراشدين، ص (358).
[3] المصدر نفسه.
[4] البداية والنهاية (159/7).
[5] جولة تأريخية في عصر خلفاء الراشدين، ص (359).
[6] المصدر نفسه.
[7] المصدر نفسه.
[8] المصدر نفسه.
[9] المصدر نفسه.

سێیەم: خۆبەدەستەوەدانو سوڵح کردن

موسڵمانان بەرەو پایتەختی قوبروس کە (قوستەنتینیە)یە ملیان ناو لە چەند کاژێرێکی کەمدا ئابلوقەیاندا، بەڵام خەڵکەکەی داوای سوڵحیان کرد ئەوانیش ڕازی بوونو چەند مەرجێکیان بۆ دانان لە بەرامبەر مەرجەکانی ئەواندا مەرجی قوبروسییەکانیش ئەوەبوو کە موسڵمانان داوایان لێ نەکەن بەرانبەر ڕۆمەکان شەڕ بکەن، چونکە چاریان ناکەنو لە گۆڕیان نایەن، بەڵام مەرجی موسڵمانەکان ئەمانە بوو:

1ـ ئەگەر خەڵکی دورگەی قوبروس هێرشیان بردە سەر دوژمن موسڵمانان لەسەریان ناکەنەوە.

2ـ موسڵمانان ئاگادار بکەنەوە لە جموجوڵی ڕۆمەکان.

3ـ ساڵانە حەوت هەزارو دووسەد دینار بدەن.

4ـ موسڵمانان لە ریگەی دوورگەی قوبروسەوە پەلاماری دوژمنانی خۆی بدات.

5ـ یارمەتی ڕۆمەکان نەدەنو نهێنییان بۆ ئاشکرا نەکەن، گەر مەرامیان هەبوو لە دوای ئەم سوڵحە موسڵمانان گەڕانەوە بۆ وڵاتی شام[1].

ئەم هەڵمەتە سەلماندی کە موسڵمانان لە شەڕی دەریاییدا بەتواناو لێهاتوون، هەروەها هەلێکی باشی ڕەخساند بۆ ئەزماندی موجاهیدان کە لەمەودوا بچنە نێو شەڕی دەریاررەوە لەگەڵ وڵاتەکانی چواردەوری شامدا یان وڵاتانی[2].

چوارەم: عەبدوڵلای کوڕی قەیس فەرماندەی کەشتییە ئیسلامییەکان بوو لە شامدا

معاویە عەبدوڵلای کوڕی قەیسی هاوپەیمانی تیرەی فەزارەی کردە سەردەستەی شەڕی دەریایی، ئەویش پەنجا غەزای دەریایی کرد، لە نێوان شاتییۆەو شافییەداو هیچ سەربازێکی نغرۆ نەکرد، تەنانەت نەکەوتە ئاوەکەشو هەمیشە لە خودا دەپاڕایەوە سەلامەتی و ئاسودەیی بکاتە بەشی سەربازەکانیو بە ترسو بیمی دەریا تاقییان نەکاتەوە، خودای گەورەش بەدڵی ئەوی کرد.

جارێك خۆی بە تەنها ڕۆیشت بۆ نزیکی دوژمن، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ناوچەی (مەرفا)ی وڵاتی ڕۆمەکان لەوێدا سوالکەرەکانی مەرفای بەداماوی بینیو بە کزوماتی دانیشتبوون، عەبدوڵلا بەزەیی جۆشاو خێری پێکردن، ژنێك لە سوالکەرەکان گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆیو وتی: بە پیاوەکانی ئاوایی دەنگوباسی عەبدوڵلا دەزانن؟ وتیان لە کوێیە؟ وتی: لە (مەرفایە)، وتیان: ئەی دوژمنی خودا تۆ چۆن عەبدوڵلا دەناسی؟ ئەویش ترساندیو تووڕەی کردن وتی: ئێوە زۆر لەوە کەمترن عەبدوڵلا بترسێ لێتان، ئەوانیش بە جارێ خرۆشانو هێرشیان هێنایە سەری، ئەویش هەتاتوانێ درێغی لە شەڕکردنیان نەکرد، بەڵام عەبدوڵلا پێکرا، زۆری پێ نەچوو ترازوی شەڕ بەودیودا هەستایەوە هاوەڵانی عەبدوڵلا بە لێشاو هاتن بەسەرۆکایەتی سوفیانی کوڕی عەوفی ئەزدی، کە جێگری عەبدوڵلا بوو تێك ڕژانو بەشەڕ هاتن، سوفیانیش خۆش خۆش گاڵتەی بە سەربازەکانی دەکردو تەشەری لێ دەدان، بۆ ئەوەی دەماخیان گەرمبێتو زیاتر هەڵبچن، لەناکاو کەنیزەکەکەی عەبدوڵلا وتی: ئەی هاوار عەبدوڵلا شەهید بوو، سوفیان وتی: دەڵێی چی؟ وتی: دەڵێم بە تەوژم پەلاماریان بدەن دادەماڵرێن، سوفیان بەبێ لوتبەرزی وازی لە نەخشەکانی خۆی هێناو چووە سەر پلانی تەوژم بردنو بە جارێ لەناویان بردن، مسوڵمانان لەو شەڕەدا تەزینو شەڕەکە بووبە دوا ساتی تەمەنی عەبدوڵلاش[3].

وترا بەو ژنەی کە ڕۆمەکانی خرۆشاندە سەر عەبدوڵلا، چۆن عەبدوڵلات ناسی؟ وتی: کاتێ داوای خێرم لێکرد وەکو بازرگان وابوو، کاتێ بەشی دام وەکو پادشا وابوو، تێگەیشتم ئەمە عەبدوڵلای قەیسە[4].

خودای گەورە بەم چەشنە ویستی عەبدوڵلا بێگەیەنێ بە شەهیدیو بۆیە دەرفەتی بۆ ڕەخساند لەم شەڕەدا شەهید ببێ و سومعەی موسڵمانان لە شەڕی دەریاییدا لەکەدار نەبێت، عەبدوڵلا خۆی بە تاقی تەنیا کەوتبووە پەیجوری دوژمنو

---

1 تأريخ الطبري (261/5).

2 جولة تأريخية في عصر خلفاء الراشدين، ص (358 - 359).

3 تأريخ الطبري (260/5).

4 تأريخ الطبري (260/5).

سۆراغی دەکردن، بەڵام ئەو ژنە بە وردی تەماشای کردو دەرکی پێکردو بوو بە سیخوڕی، لە بینینی یەکەمدا رواڵەتی لە بازرگانێکی ئاسایی دەچوو، لە دووەمدا وەکو پادشایەك دەستی درییەوە لەو حاڵەتەدا هێمای سەرکردەکەی و رابەرییەکەی ئاشکرابوو، ئەم ژنە دەیزانی ئەم فەرماندە دوژمنەکانی خۆی داغان دەکات و پیاوێکی چاونەترسە، ئەم رابەرە سیاسییە لەگەڵ بێباوەڕانیشدا ئەوەندە دڵفراوان و بەخشندە بوو هەتا خۆی و بارەگاکانیشی بۆ دوژمن ئاشکرا کرد، بێگومان ویستی خودای گەورە لەم شەهیدییەدا دەبوو هەر جێبەجێ ببێت، چونکە خودای گەورە کردبووی بە خەڵاتی، ڕابەرانی ئیسلامی هەمیشە نموونەی هەر بەرزیان بە خودی خۆیان تۆمار کردووە بۆ ئەوەی سەرکەوتنی باڵا لەسەر دەستی ئەوان بەدی بێت و گیانی خۆیان بەخت بکەن، پێشەنگی چاکە بۆ پاشینەکانی خۆیان، بڕوانە ئەم فەرماندە جەربەزە بەخودی خۆی هەستاوە بە کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی دوژمنەوەو نەیکردووە بە ئەرکی سەرشانی سەربازەکانی و مەترسی ئەوەشی لەڕێگەدا بووە بکەوێتە داوی دوژمنەوەو گیرۆدە بێت، کەچی گەمەی بەڕۆحی خۆی کردووە، هەروەها بەم کارە ناوازەیە ڕەوشتەبەرزەکانی ئیسلامی نواندووە، تەنانەت لەگەڵ ژنێکی بێباوەڕی دوژمندا سەرمایەی خۆی پێداوە، کە بە نرخترین ماڵی دونیایەو مرۆڤ شانازی پێوە دەکات، پێشتریش لەگەڵ سەربازو بەردەستەکانی خۆیدا تەنك بووە بە سۆز بووە، قەت توندوتیژو لووت بەرز نەبووەو سەرزەنشتی هاوەڵانی نەکردووە هەرگیز زویر نەبووە لێیان، هەرکاتی قسەیەك دڵگرانی کردبێت گەش بین بووە، دڵنیابووە تەمومژ هەردەڕەوێتەوە، هەرگیز ئەوەندە خۆی فەرز نەکردووە بەسەر سەربازەکانداو ئەوانیش کارەکان گەندەڵ بکەن و گزی لێ بکەن، هەروەها سوفیانی جێگریشی فەرماندەیەکی چاك و لێهاتوو بووە، ئەو بابەتەش کە لاقرتێ کردوە بە سەربازەکانی بە پێویستی زانیوە بۆ هاندان و خێزدانیان، هەروەها تازە بە تازە ببووە سەرلەشکریان و ئەرکی سەربازی گرتبووە ئەستۆ دەبوو گوڕو تینێکیان بە بەردا بکات و غیرەتیان بجۆشێنێ.

هەروەها سوفیان لەوەرگرتنی قسەی حەقدا فیزی نەکردوە کاتێ کەنیزەکەکە پێی وت ئەو پلانە بگرەبەر کە ئەمیرەکەمان (عەبدوڵڵا) دەیگرتە بەرو پیادەی دەکرد. سوفیان بەبێ لوتبەرزی بە قسەی کرد، هەرچەند رای کەنیزەیەك بوو ئەم گوێگرتنە، نموونەیەکە لە خۆنەویستی و سادەیی ئاکارێکی پەسەند لە توێژی یەکەمی ئیسلامدا بەم ڕەوشتە جوانانە فتوحاتەکان بەرقەراربووە فەرماندەکان لە ئیدارەی وڵاتدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، ماشەڵڵا لە نەوەکانی جیلی یەکەم، شۆرەتیان تاکوێ چووە، دورترین رێگە بڕیوەو چەندەها ملهوڕی سەرزەوی پێ داتەپیوە هاوەڵان دەست و پێیان بەهاوکاری هەژاران سپی بووە[1].

پێنجەم: قوبروسییەکان سوڵحەکەیان پێشێل کرد

لە ساڵی سی و دووی کۆچیدا قوبرسییەکان کەوتنە ژێر فشاری ڕۆمەکان و ناچاریان کردن بە گەلەکەشی یارمەتی سوپای رۆم بدەن بۆ لیدانی وڵاتی موسڵمانان ئەوانیش چوونە پاڵ دەنگیان و بەمەش کەلێنیان خستە مەرجەکانی سوڵحەکەوە، موعاویەش بەم خیانەتەی زانی، بۆیە بڕیاریدا دەست بگرێ بەسەر دورگەی قوبروسداو بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەر بۆیە هێرشێکی پڕپەلی کردە سەریان و بە گرتن و بە کوشتن تەفرو تونای کردن، سوپای معاویە لە لایەکەوەو سوپای عەبدوڵڵای کوڕی سەعدیش لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامدا چەکدارێکی زۆریان کوشت و کەنیزەو سامانێکی زۆریان دەست کەوت[2] و حاکمی قوبروس ناچار کرا خۆی بدات بە دەستەوە، ئەویش تەسلیم بوو پاشان سوڵحی کرد، معاوییەش قبوڵی کرد لەسەر سوڵحی یەکەم[3]، ئەمجارە معاویە بەبێ پاسەوان بەجێی نەهێشتن، شانێك میلیشیای بەجێهێشت لەناویاندا بۆ ئەوەی بەربەستی شاڵاوی دوژمنان بکەن و دوورگەکە لە ئاریشە بپارێزن و ئارامیش تیا بەرقەرار کەن و کەسێکی تر بیر لە سەرکەشی نەکاتەوە، لەمەزیاتریش دوانزە هەزار سەربازی بۆ رەوانە کردن و شاندێکی دروست کردو مزگەوتی بۆ دروست کردن و موچەو بژێوی بۆ تەرخان کردن، بەم شێوەیە دورگە، کە ئاسایش بوویەوەو خەتەری شاڵاوی ڕۆمەکان کۆتایی پێهات،

[1] تأريخ الطبري (402/12).
[2] جولة تأريخية، ص (359 - 360).
[3] البلاذري ص(158).

هۆكاری گەورەی مانەوەی موسڵمانان لە دورگەی قوبروس ئەوەبوو موسڵمانان باش دەیانزانی قوبروسیەكان لە بەرامبەر خواستەكانی رۆمدا هیچیان پێناكرێ‌و تواناى سەربازییان لاوازەو رۆمەكان بەكاریان دەهێنن بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆیان موسڵمانەكانیش بەئەركی خۆیان زانی كە لە ستەم‌و جەوری رۆمەكان بیانپارێزن‌و لە چاوچنۆكی بێزەنتییەكان دوریان خەنەوە، ئیسماعیلی كوڕی عەیاش دەڵێ: "خەڵكی قوبروس بێدەسەلات‌و چەوساوەی دەستی رۆمەكان بوون، بە خۆیان‌و ژنەكانیانەوە، ئەركی سەرشانی ئێمەی موسولمان بوو بەرگرییان لێ بكەین‌و پارێزگارییان لێ بكەین"[1].

شەشەم: مرۆڤ ئەگەر تاوان بكات بێ رەواجە لای خودای گەورە

لە میانەی غەزای قوبروسدا باسی ئەبی دەردا هاتووە، كاتی چاوی بە كەنیزەی دوژمنان كەوتووە گریاوەو وتویەتی (مرۆڤ چەند بێ رەواجە لای خودای گەورە ئەگەر سەرپێچی خودا بكات، تەماشاكەن گەلەكانی رۆم چەند زاڵ‌و كوێحابوون بەرامبەر ناحەزەكانیان، بەلام ئێستا وازیان لە فەرمانەكانی خودای گەورە هێناوەو سەرپێچی كردووە بزانە چییان بەسەر هاتووە)[2].

لە ریوایەتێكی تردا هاتووە جوبەیری كوڕی نەفیر وتویەتی بە ئەبودەردا بۆچی لەم رۆژەدا كە ئیسلام‌و موسڵمانان سەربەرزن تۆ دەگریت؟ ئەویش وتویەتی: قوربەسەرت ئەم گەلە كاتی خۆی بە زەبربوون پادشایان هەبوو، كەچی فەرمانەكانی خودایان زایە كرد، ئاوەهایان لێ بەسەرهات خودای گەورە كۆیلەی زاڵ كردوە بەسەریاندا هەرگەلێ كۆیلە زاڵ بێت بەسەریا ئەوە خێری تیا نەماوە، ئای مرۆڤ چەند بێرەواجە كە نافەرمانی خودا بكات[3].

ئەم تێرامانەی ئەبودەردا نموونەیەكە لەبەرچاورونی‌و حاڵی بوون لە فەرمانەكانی خودای میهرەبان ئەم هاوەڵە دەگری‌و داخ هەڵدەكێشێ بۆ ئەو كەسانەی لەئاستی حەق نابینان‌و سەمەسایان نەماوە، باجەكەی بە چارەرەشی‌و ژان دەدەنەوەو لە پادشایی وە خلبونەتەوە بۆ رسوایی، لە ئەنجامی سەركەشی‌و فیزكردندا، ئەگەر ئاوەزیان هەبایە بێلام‌و جیم دەهاتنە ناو بازنەی ئیسلام‌و موڵك‌و ماڵیان دەپارێزرا‌و دەكەوتنە سێبەری ئیسلامەوە، ئەم تەفرەنجە قوڵەی (ئەبی دەردا) وێنەیەكە لە سۆزو بەزەیی كە لەناخی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات‌و بە فرمێسك بەرجەستە دەبێت‌و شرۆڤە دەكرێت، ئەبو دەردا بەزەییەكەی خۆی بە حەسرەت گوزارشت كرد، كە بۆچی ئەم گەلە لەسەر گومرایی‌و بێباوەری یەكدەنگن‌و بونەتە دوژمن‌و ناحەزی خۆیان، موسڵمان چەند پێی خۆشە تاكێكی تر بێتە ناو ئیسلام، ئەبودەردایش ئەوەندە نیگەران بوو بێباوەران لە گومراییدا بمێنێنەوە، چونكە دەیزانی چ سزایەكی سەخت چاورێیانە لە رۆژی پەسلاندا سەرەرای زەلیلی‌و ئاوارەیی‌و ریسوایی دونیایان[4].

حەوتەم: عوبادەی كوڕی سامیت دەسكەوتی قوبروسی دابەشكرد

عوبادەی كوڕی سامت وتی: بە مەعاویە تۆ لە غەزای حونەیندا لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بوویت، خەڵكی گلەییان لە دابەشكردنی دەستكەوت هەبوو، پێغەمبەریش ﷺ بركەیەك بێچووە وشتری گرتبوو، فەرمووی (ئەم دەستكەوتەی كە خودای گەورە بەخشیویەتی بە ئێوە هیچی بۆ من نییە، پێنج یەكی نەبێ، پێنج یەكەكەش دەگەرێنمەوە بۆتان‌و دەتان دەمێ).

ئەی مەعاویە لە خوا بترسەو دەستكەوتەكان وەكو خۆی دابەش بكە، سنوورشكێنی مەكە، مەعاویەش وتی: تۆ دەكەم بە حەكەم، چونكە لە شامدا لە تۆ بەرێزترم دەست ناكەوێ‌و تۆش بە ئەنازە دابەشی بكەو لەخودا بترسە، عوبادەش لە نێوان سەربازەكاندا دابەشی كردو ئەبودەردا و ئەبو ئومامەش یارمەتییاندا[5].

---

1 جولة تأريخية، ص (361).
2 تأريخ الطبري (369/12).
3 البداية والنهاية (159/7).
4 التأريخ الاسلامي (397/12).
5 الرياض النظره في مناقب العشرة لابي جعفر أحمد، ص(561).

باسی سێیەم: فتوحاتی لەشکرەکان لەڕووی میسرەوە

یەکەم: بەرپەرچدانەوەی یاخیبووەکانی ئەسکەندەرییە

ڕۆمەکان زۆر پێیان داخبوو ئەسکەندەرییەیان لە کیس چووە، خۆیان مەلاسدابوو هەلێ بقۆزنەوەو بیگەڕێنەوە ئامێزی خۆیان دەستیان کرد بە هاندانی خەڵك بۆ گێرەشێوێنیو یاخیبوون[1]، بەتایبەت ڕۆمەکان بڕوایان وابوو کە ناتوانن بە ئاسایش بژین ئەگەر ئەسکەندەرییە نەخەنەوە سەر موڵکی خۆیان، وردە وردە مەرامەکەیان سەری گرتو بشێوییان نایەوە لەو لاشەوە نامەیان نووسی بۆ قوستەنتینی کوڕی هیرقلو سکاڵای سەرشۆڕی ڕۆمەکانو نەعرەتەی موسڵمانیان کرد[2]، لەم کاتەشدا ئیمامی عوسمان عەمری کوڕی عاصی لەسەر کار لابردبوو، لە شاری میسردا و عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی ئەبی سەرحی کردبووە جێگری، هەر لەماوەیەدا (مەنویلل حەسا)ی فەرماندەی سوپای ڕۆمەکان هاتبوو بۆ گەرانەوەی ئەسکەندەرییەو لێدانی موسڵمانان بەسوپایەکی سەربازیو سێ سەد کەشتی بارهەڵگرەوە کە هەموویان پڕبوون لە چەكو تەقەمەنیو چەکدار[3]، کاتێ خەڵکی میسر هەواڵیان بیست نامەیان نووسی بۆ خەلیفەو داوایان کرد عەمری کوڕی عاص بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری سوپا شەڕەنگێزەکەی ڕۆمەکان بێتەوە، چونکە عەمر باشدەزانێ بیانبەزێنێو سامێکی گرانی هەیە لە دڵیاندا، خەلیفەش دیسانەوە عەمری کوڕی عاصی بۆ ناردنەوەو بە پلەی ئەمیری، (مەنویلل حەسا)یش بە خۆیو سوپاکەیەوە ئەسکەندەرییەیان فەرهود کردو بە وێرانی جێیان هێڵاو چون بۆ لادێکانی دەوروبەری هەتا چەپاوی کەن، عەمری کوڕی عاصیش ڕێگەی بۆ والاکردن بۆ ئەوەی لەناو گەندەڵیو کاولکاریدا ڕۆبچنو دڵی خەڵکی میسر پڕ ببێت لە تووڕەییو قین بەرامبەریانو هاوسۆزییەکەیان بپسێت، سوپای مەنویل هەتا میسری خوارەوە چوون کەس بەرەنگارییان نەبوویەوە، هەندێ لە هاوەڵان ترسیان لێ نیشت، بەڵام عەمر رایەکی تری هەبوو دەیوت لێیان گەڕێن با بزانین چی دەکەن، بێگومان ماڵو ژیانی خەڵکی بە تالان دەبەنو دەکەونە ناو بێ عەقڵییەوەو خۆیان قێزەون دەکەنو دەبوغزێن هەرکاتێ ئێمە بێنە دەست لێیان میسرییەکان یارمەتیمان دەدەن، ناوەڕۆکی بۆچوونەکەی عەمر ئەمەبوو (وازیان لێ بێنن با بێنە نزیکمان، ئەمانە شڕەتن، بەدن بە لای هەر ئاوەدانییەکدا تالانی دەکەن لە ئەنجامیشدا خۆیان خۆیان سەرشۆڕ دەکەن[4].

ئەم بۆچوونە بەڕاست دەرچوو، ڕۆمەکان نابوت بوونو بوونە چەتەی شارانو میسرییەکانیش هەراسان بوونو بە تەمای ڕزگارکەرێ بوون[5]، (مەنویلل حەسا) گەشتە نقیوس، عەمریش خۆی نا بەیەکەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیانو هەردولا لەلای قەڵای نقیوس لەسەر کەناری ڕوباری نیل بەیەك گەیشتنو هەڵگژان بەیەکدا بەڵام شێرانە، بەڵام کاتێ شەڕ تاوی گرت، عەمری کوڕی عاص خۆی فڕێدایە ناو ڕیزی دوژمنانو ولاغەکەی بردە مۆڵگەی ولاخەکانیانو شمشێرەکەی بردە ناو شمشێرەکانیانو دەستی کرد بە کوشتو بڕی ئەندامەکانیانو ملی پاڵەوانەکانی قرتاند، تیرێك دای لە ولاخەکەیو بوو بە پیادە، کاتێ موسڵمانان گیانبازی عەمریان بینی بە دڵێکی شێر ئاساوە چونە ناو جەرگەی دوژمنو لە شریخەی شمشێر نەسڵەمینەوە[6] بەجارێ هیممەتی ڕۆمەکان داتەپیوو هێزیان چزا و هەڵهاتن بەرەو قەڵاکانی ئەسکەندەرییەو لە پاڵ پایە ئەستوورەکاندا خۆیان شاردەوە بۆ ئەوەی لە تارمایی مەرگ ڕزگار بن[7]، لە نسکۆی ڕۆمەکاندا میسرییەکانیش یارمەتییاندانو وێرانکارییەکانی وڵاتەکەیان چاك کردەوە پردە ڕووخاوەناکیان نۆژەنکردەوەو شادیان دەربڕی

---

[1] الكامل لأبن الأثير.
[2] جولة تأريخية، ص (335).
[3] المصدر نفسه.
[4] جولة تأريخية ص(336).
[5] المصدر نفسه (336).
[6] المصدر نفسه (338).
[7] البلاذري ص(69).

بۆسەرکەوتنی موسڵمانان بە هەموو شێوەیەك کۆمەکیان هێنا بۆیان[1]، چونکە حورمەتیان بۆ گەڕایەوەو ماڵیان سەلامەت بوو، لە دواییدا عەمر شورایەکی کرد بە دەوری شارداو مەنجەنیقی دابەست لەسەری و پەناگەو قولەکانی روخاند، بۆ ئەوەی بێ بایەخی بکاتو خەڵکەکەی پێ چاوشکێن بکاتو حەشارگەیان نەهێڵێ، موسڵمانەکان بە شمشێری برشتاوییەوە هاتنەوەو قارەمانەکانی رۆمیان کوشتو بێدەسەڵاتەکانیان دیل کردو پاشماوەشیان هەڵهات بەرەو دەریاو وێڵبوون.

(مەنویلل حەسا) یەکێك بوو لە ژمارەی کوژراوەکانو تاقە کەسێ دوژمن نەمابوو بێتە ڕێگەیان[2]، پاشان عەمر فەرمانی کرد لەو جێگەی شەڕەکەی تیا تەواوبووە مزگەوتێ دروست بکەن بە ناوی (مزگەوتی رەحمە) بەم چەشنە ئارامش گەڕایەوە بۆ پایتەختی ئازادکراو دڵی هاووڵاتیانی ئۆقرەی گرتو ئاوارەکانیش هاتنەوە ناوماڵو خاکی خۆیان، یەکێ لەوانە (بنیامین) بوو، کە لە ڕێگەی قیبتەوە گەڕایەوە هاتە خزمەتی عەمرو داوای لێ کرد بە خراپی هەڵسوکەوت نەکات لەگەڵ قیبتییەکاندا، چونکە ئەوان لەسەر پەیمانی خۆیان ماونەتەوەو کەمتەرخەمییان نەکردووە لە ئەرکەکانیان، تکاشی لێ کرد جارێکی تر سولح لەگەڵ ڕۆمەکان مۆر نەکات، بنیامین وتی: هەرکاتێ مردم لە کەنیسەی بەحنەس بمنێژن[3]، میسرییەکان بە جارێ لە بەرزایی و نزمایییەوە هاتن بۆ سوپاسکردنی عەمرو سوپاکەی و داوایان لێکرد ماڵو سامانو ئاژەڵەکانیان کە ڕۆمەکان بە فەرهود بردویانەو ئێستا لەبەردەستی ئێوەدایە بماندەنەوەو ئیتر لەمەولا ئێمە دۆستو گوێ لە مشتی ئێوەینو پەیمان شکێنی ناکەینو جەماوەری ئێوەین، عەمریش وتی: هەرکەسێکتان بەڵگەو شاهیدی هەبێو ماڵی خۆی بە ڕۆشنی بناسێ بۆی دەگەڕێنمەوە، بەمتەرزە ئەسکەندەرییە سەرانسەر بوو بە ئارامگە، بەشی ڕۆژهەڵات لە ژێر دەستی موسڵمانان بوو وێڕای باشورەکەی، بەڵام بەشی ڕۆژئاوای عەمر بە فەتح کردنی بەرەو تەرابلوسو زۆیلە ئارامی کردەوە، خەڵکی ئەم شارانەش ملکەچی سولحو سەرانە بوون، بەڵام بەشی باکوری لەژێر چنگی ڕۆمەکان بوو، موسڵمانان وانەیەکی وایان پێدادرابوو بیر لە گەڕانەوە نەکەنەوە، گەر بیریشیان لێ بکردایەتەوە ئەی هو تا بەخت یاوەریان ببایە، چونکە تەنزیمەکانی ئەسکەندەرییەیان نەمابوو سوپای ئیسلام زیتەڵو وریابوو[4].

دووەم: ڕزگارکردنی شارەکانی نەوبە

لەپاش مۆڵەت وەرگرتن لەئیمامی عوسمان، عەمری کوڕی عاص بەرنامەی دارشت بۆ ڕزگارکردنی شارەکانی نەوبە، لەو ناوچەیەشدا کەوتنە شەڕێکەوە موسڵمانان پێی رانەهاتبوون، (شەڕی چاوتەقاندن)بوو، هەردوولا ڕێکو ڕاست تیریان دەتەقاند بۆ چاوی یەکتر، هەتا کوێردەبوون، ئەنجامی ئەم شەڕە بە کوێرکردنی سەدو پەنجا چاو کۆتایی هات، پاشان ئەوان داوای سولحیان کرد، بەڵام عەمری کوڕی عاص قبوڵی کردو مەرجی قورسی ڕەتکردەوە[5]، هەروەها ئیبنو سەعد بوو بە فەرمانڕەوای ئەوبەری غەزی میسر لە ساڵی (31)ی کۆچیو کۆمەڵێ کەڵەپیاوو خەڵکی ئەوبەری تیا کوژراو چاوی زۆرێك لە موسڵمانان پێکرا، شاعیرەکەیان دەڵێت:

هیچ چاوێ ڕۆژی وەکو ڕۆژی چاوتەقاندنی نەدیوە[6].

تەنانەت هێسترە سەرکەشەکانیش بەرگی غیرەتیان لەبەر کەنیوە

خەڵکی ئەوبەر داوای ئاگربەستیان کرد لە عەبدوڵڵای کوڕی سەعد، ئەویش قبوڵی کرد بۆ ماوەی شەش سەدە مایەوەو لە سای ئەو ئاگربەستانەدا شارەکان بە سەربەخۆیی و هاووڵاتیان بە هێمنی ژیانو شاری نەوبە بوو بە گوزەری بازرگانیی و

[1] جولة التأريخية ص(338).
[2] المصدر نفسه (338).
[3] المصدر نفسه (340).
[4] المصدر نفسه، ص(341).
[5] الخلافة والخلفاء الراشدين ص(229).
[6] قادة فتح البلاد المغرب (61/1).

دەستەیەك خزمەتکار هەموار کرا بۆ راژەی وڵاتی ئیسلامیو موسڵمانان، خەڵکی نوبە لە ئەنجامی تێکەڵاویو نزیکی زۆریان لێ موسڵمان بوو[1].

سێیەم: رزگارکردنی ئەفریقا

نیازی عەمری کوڕی عاس لەو غەزایەدا رزگارکردنی بەرقەو تەرابلوسو ناچەکانی تری لیبیا بوو، توانی ئەم شارانە رزگار بکاتو تاغوتی تیا بروخێنێ و دڵی بەندەکان یەکلایی بکاتەوە بۆ خوای گەورەو رێچکە چەوتەکانیان بۆ رۆشن بکاتەوەو کەڵچەری جوداکردنەوەی چاكو خراپیان بۆ ڕوون بکاتەوە، وردە وردە بارودۆخێ دروست بوو بە ئازادیرای خۆیان دەردەبڕیو نوری ئیسلام گزنگیدا لە ناویانداو تاریکی بتپەرستی و نەفامی دڕنی داو لە بەندایەتی دروستکراوەکانەوە بەرزبوونەوە بۆ بەندایەتی دروستکاری مەزن[2].

لە بارەیغەزای عەبدوڵڵای کوڕی سەعدەوە دکتۆر صالح مستەفا دەڵێت: لە ساڵی (26)ی کۆچی واتە ساڵی (646) زاینی عەمری کوڕی عاص لە ئەمیری لابراو عەبدوڵڵای کوڕی سەعد کرا بە ئەمیر، ئەویش کەتیبەی (جزائد الخیلی) نارد بۆ تەمێکردنی ناوچەکانی پەراوێزی ئەفریقاو دەورەبەری[3] و مەبەستیان تونس بوو زیاتر، ئەم یارتیزانییە وەکو دەستپێکی رزگارکردنی ئەفریقا وابوو، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هێزو توانای دروژمنان بوو، ئەم کەتیبە (جرائد الخیلی)ە تاقمێکی پەیجوری بوو، کە لە سیاسەتی سەربازیدا بەر لە سوپا دەنێردرێن بۆ تاقیبات و سۆراغ کردن وەکو چاوی دەوڵەت، کاتێ زانیاری تێرو تەسەل لە بارەی ئەفریقاوە بەدەست هات ژمارەی سەربازو بڕی هێزو پێگەی جوگرافی ستراتیژیەتیان هەژمار کرا، عەبدوڵڵا نامەی نارد بۆ ئیمامی عوسمانو زانیاری تەواوی ئەفریقای بۆ نووسیو داوای مۆڵەتی رزگارکردنی کرد، ئیمامی عوسمانیش داواکەی پەسەند کرد، دکتۆر صالح مستەفا دەڵێت: (کاتێ عەبدوڵڵا داوای رزگارکردنی ئەفریقای کرد لە ئیمامی عوسمان، ئەویش سەرجەم هاوەڵانی کۆکردو راوێژی پێکردن رایان وابوو رزگاری بکات تەنیا ئەبو ئەعوەر نەبێت پێچەوانەی ئەوان بوو، چونکە لەسەر رایەکەی ئیمامی عومەر مابووەوە، کە وتبووی با هیچ موسڵمانێ ئەفریقا رزگار نەکات)، ئیمامی عوسمان لەسەر یەکدەنگی هاوەڵان شەیپوری جیهادی لێداو مەدینەی پایتەختی خەلافەتی تاودا بۆ کۆکردنەوەی جیهادی گیانو ماڵو شاندێکی بەجەرگی لێ رێکخستنو ناردنی بۆ میسر بۆ غەزای ئەفریقا بە قیادەیی عەبدوڵڵای کوڕی سەعد.

رزگارکردنی ئەفریقا زۆر بە بایەخەوە سەیر کراوە، گرنگی تایبەتی پێدراوە، لەبەر ئەوەی ئەو موجاهیدانەی، کە چوون بۆ گۆڕەپانی ئەم غەزایە، پڕبوو لە هاوەڵە بەڕێزەکانو گەنجە تازە پێگەیشتووەکانی ئالو بەیتو کوڕانی ئەنساریو موهاجیرین بوون، وەکو (حەسەنو حسەینو عەبدوڵڵای عەباسو ئیبنو جەعفەرو هاوەڵانی تر)، وێڕای ئەمەش شەش سەد پیاوی تیرەی (مەهر) لەگەڵیان دەرچووە حەوت سەد پیاویتر لە تیرەی (غەنپ)و حەوت سەدی تر لە تیرەی (مەیدەعان)، دوای رێکخستنیان واتە دوای ڕێکخستنی ئەم تیرانە ئیمامی عوسمان وتاریکی بۆدانو دەمەزەردی کردنەوە بۆ جیهادکردن، وتی پێیان: (حارسی کوڕی حەکەم دەکەم بە ئەمیرتان هەتا دەگەنە لای عەبدوڵڵا لەوێ ئەو ئەمیرتانەو دەتانسپێرم بە خودای گەورە)، دەڵێن ئیمامی عوسمان بە هەزار وشتر یارمەتی ئەم غەزایەی داوە، کاتێ ئەم سوپایە گەشتە میسر یەکسەر چونە ریزی سوپاکەی عەبدوڵڵاو لە رێگەی فستاتەوە هەنگاویان ناو سنووری میسرولیبیایان بڕی، ژمارەیان بە بیست هەزار سەرباز مەزندە دەکرا، وەختێ برقەیان گرت عوتبەی کوڕی نافیعی فەهریش هاتە پاڵیان بەخۆیو لەشکرەکەیەوە تووشی هیچ کۆسپێ نەبوونو مەرجەکانی عەمری کوڕی عاصیان نەشکاند، خەڵکی برقەش وەفایان هەبوو بەرامبەر پەیمانەکەیان تەنانەت بارچاوەشی سەرانەش نەچووە ناویان، خۆیان سەرانەیان هێنا بۆ میسر، عەمری کوڕی عاص

[1] الخلافة والخلفاء الراشدين ص(249).
[2] الشرق والتسامي بحركة الفتح الاسلامي، ص(189).
[3] ليبيا من الفتح العربي ص(10)، انتقال الخلافة الفاطمية الى مصر د. صالح مصطفى مفتاح.

دەربارەی ئەمەكداری خەڵكی برقە وتویەتی (ئەگەر ماڵم لە حیجاز نەبوایە لە برقە دەمامەوە هیچ قیبتییەكی میسری پەیمانی لە ئەستۆی مندا نییە خەڵكی برقە نەیێت ئەوانە پەیماندارن و بەوەفان)[1]، بەم چەشنە هەڵمەت بەرەو ئەفریقا چوو، عەبدوڵڵا هێزەكانی تری گرتە ئەستۆی خۆی و هەتا نەگەیشت بە مەبەستی خۆی كۆڵی نەداو پێش خۆی ڕێگەوبانەكانی تاقیب كردو چاوەكانی نارد بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و دەزگاكانی ڕێكخستنی خستە گەڕو حسابی بۆ گشت ڕەهەندەكان كردو قەرەوڵی بۆ گرتن و پلانی داڕشت بۆ لە پڕێكدا بدات بە سەریاندا، چالاكی دەزگا ڕێكخستنەكان ئەوەبوو، كە گەلە كەشتی ئیمپارتۆریەتی ڕۆمیان ئاشكراكرد لە كەناری دەریای لیبیادا لە نزیك شاری تەرابلوس خۆیان مەلاس داوبوو سەنگەریان گرتبوو، زۆری پێ نەچوو ئەو كەشتیانە بوونە دەستكەوتی موسڵمانان و پتر لە سەد سەربازیشیان بەدیل گرت، ئەمەش یەكەمین دەستی كەوتی رزگاركردنی ئەفریقا بوو[2]، پاشان گەشتنە ئەفریقاو لەوێ چاوەكانی خەلافەتی لە هەموو قۆڵێكەوە بلاوكردەوە هەتا گەشتنە شاری سەبیلەو لەوێدا ڕووبەڕووی سوپای ئەفریقا بوونەوە كە جەرجیر پاشا سەرلەشكریان بوو، ژمارەی سەربازی ئەوان سەدو بیست هەزار بوو، سەرەتا لە نێوان عەبدوڵڵای سەعدو جەرجیردا، كە دوو سوپا سالاربوون، نامەگۆڕینەوەو ئاخاوتنی دووبەدوو هاتە كایەوە، ناوەڕۆكی نامەكانیش ڕونكردنەوەی پەیامی ئیسلام و بانگهێشتكردنی جەرجیر بوو بۆ ئەوەی تەسلیمی فەرمانەكانی خودای گەورە ببێت یان سەرانە بدات و لەسەر دینی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام جەرجیر هەموو پێشنیارەكانی ڕەد كردەوەو فیز بەری نەدا، چونكە خۆی و سەربازەكانی لە خۆبایی بوون، بۆیە جەنگ لە نێوان هەردوولا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێ كڵپەی سەندو یارمەتی لە لایەن عەبدوڵڵای زوبێرەوە گەیشت بە موسڵمانان و بە لە ناوچوونی جەرجیر شەڕەكە كۆتایی هات[3]، ڕۆمەكان پەندیان لە دەرەنجامی ئەم شەڕە وەرگرت و خەڵكی سەبیتەش ترس و لەرز دایگرتن و نامەی تكاخوازییان بۆ یەكتری دەنووسی و یەكتریان لە سام و بیمی عەبدوڵڵا ئاگادار كردەوەو دەستەوداماني یەكتر دەبوون.

بەڵێنیاندا سێ سەد قینتار ئاڵتون وەكو سەرانە ڕەوانە بكەن بۆیان بە مەرجێ بگەڕێنەوەو بیانوو نەگرن، لە هەندێ ریوایەتدا هاتووە، كە ئامادەبوون ساڵانە سەد قینتار سەرانە بدەن بە مەرجێ موسڵمانان دەرچن لە شارەكەیان، عەبدوڵڵاش وەری گرتو قبوڵی كرد، شەڕ لەگەڵ ئەفریقا درێژەی كێشاو لە پەسا یارمەتییان بۆ دەهات و موسڵمانان خۆیان بۆ یەكلایی كردەوە، عەبدوڵڵا نەخشەیەكی داڕشت، وتی: سبەینێ شاندێكی بەجەرگ لە خێمەكان با بمێننەوە ساغ و ئیسراحەت بن، ئێمەش هەڵكوتینە سەر بارەگاكانیان و هەراسانیان بكەین و بە شەكەتییان بگەڕێنەوە خێمەو بنەكەكانیان، پاشان ئەم موجاهیدە تازە وچانانە كە دەستو پێیان سپییە بابێنە سەریان، بەڵكو خودای گەورە سەرمان خات بە سەریاندا، بۆ ئەم نەخشەیە راوێژی كرد بە هاوەڵە دیارەكان ئەوانیش تەساڵەیان لەسەردا. بۆ سبەینێ عەبدوڵڵا بەرنامەكەی خۆی بەكارهێناو شاندێكی گل دایەوەو ئەوانی تری بردە بەرەی شەڕ هەتا نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو بە سەختی لەدوای نیوەڕۆ ڕۆمەكان ویستیان وەكو نەریتی جاران بگەڕێنەوە پشوو بدەن، بەڵام عەبدوڵڵای كوڕی زوبێر دەستی لە كۆڵ نەكردنەوە هەتا كفتی كردن، ئینجا گەڕایەوەو هەردولا چەكیان فڕێداو ماندوو بوون ئالەوساتەدا موجاهیدە هەڵگرتووەكانیان (واتە ئەو هەموو موجاهیدەی تایبەت كرابوون بەو چالاكییە) خستە گەڕو هەڵمەتیان بردە سەریان، ئەفریقییەكان پێیان نەزانین هەتا چوونە ناویان و دەستیان كرد بە (الله أكبر) و نەیان هێشت دەست بكەنەوە دایان بەسەریانداو جەرجیر لە لایەن عەبدوڵڵای زبێرەوە كوژراو ڕۆمەكان تێكوپێك شكان تەنانەت كچەكەی جەرجیر بە كەنیزە گیرا، پاشان چوونە ناو شار رزگاریان كرد ئەوەندە سامانیان دەست كەوت كە پێشتر نەیان دیبوو، پشكی سوارەكان هەر سوارێ سێ هەزار دینارو هی پیادەكانیش هەر پیادەیەكیش هەزار دینار بوو، پاشان هێزەكەیان بەناو شاردا بلاوكردەوەو

---

[1] لیبیا من الفتح العربي ص(10)، انتقال الخلافة الفاطمیة الى مصر ص(39).
[2] الشرف والتسامي بحركة الفتح الاصلاح ص (191).
[3] البدایة والنهایة (158/7).

لەوێشەوە بەرەو قەفسە رۆشتن‌و دەستکەوت‌و ئەسیریان گرت‌و دوامەنزڵیان بردە قەڵای ئەجم عەبدوڵڵا شارەکانی تری بە گەمارۆ فەتح کردو سوڵحیان کرد لەگەڵیان، عەبدوڵڵاش کچەکەی جەرجیری بەخشی‌و ئیبن‌و سەعدی نارد بۆ لای ئیمامی عوسمان مزگێنی بداتێ کە ئەفریقا فەتح کراوە[1].

چوارەم: پاڵەوانیەتی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر لە رزگارکردنی ئەفریقادا

عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر گیانبازیەکی بێ وێنەی هەیە لە ئازایەتیدا وەکو ئیبن‌و کەسیر باسی دەکات‌و دەڵێت: (کاتێ موسڵمانان ویستیان ئەفریقا رزگار بکەن، بیست هەزار سەربازبوون‌و عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی ئەبی سەرح ئەمیریان بوو، لە ریزی سوپاکەیدا عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی زوبێری تێدابوو، سوپای جەرجیر پادشای بەربەرییەکان سەدو بیست هەزار سەرباز بوو، هەتا دەڵێن دووسەد هەزار بووە، کاتێ هەردوولا دەستەویەخە بوونەوە سوپای ئەوان یەکسەر حاتەی موسڵمانانیان داو خستنیانە هەڵوێستێکی زۆر ناسۆرو تۆقێنەر)، عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر دەڵێ: (تەماشای جەرجیر پادشام دەکرد لە کەوانوی ریزەکانەوە سواری برزونێ بوو بوو دوو کەنیزەش بە پەڕی تاوس باوەشێنیان دەکردو سێبەریان بۆ کردبوو، چووم بۆلای عەبدوڵڵای کوڕێ سەعد داوام لێکرد دەستەیەك سەربازم لەگەڵ بنێرێت لە دواوە بمپارێزن، دەمەوێ جەرجیر بکوژم، ئەویش دەستەیەك کوڕی جەربەزەی لەگەڵما ناردو فەرمانی پێکردن، کە لە پشتەوە بمپارێزن، منیش رۆشتم‌و ریزەکانم قاژ کرد، وا تێگەیشتن من دەڕۆم لە پاشاکەیان دەپاڕێمەوەو سکاڵام هەیە، کاتێ لێی نزیك بوونەوە هەستی بە دوژمنایەتی من کرد بۆیە بەسەر برزونەکەیەوە رای کردو منیش دوای کەوتم‌و گرتم‌و بە ڕەمەکەم لەت‌و پەتم کردو سەرم لەلاشە جیاکردەوە، سەرکەیم کرد بە نوکی ڕمەکەمداو جاڕی (الله أكبر)م لێدا، کاتی بەربەرەکان ئەم دیمەنەیان بینی پرش‌و بڵاو بوون‌و هەڵهاتن، وەکو قازو قولنگ دەیان قیژاند، موسڵمانانیش کەوتنە دوایان‌و دەستکەوتی باش‌و کەرەسەی زۆریان بەدەستهێنا، وێڕای کەنیزەو ئەسیر).

ئیبن‌و کەسیر دەڵێ: (ئەم گیانبازییەی عەبدوڵڵا یەکەمین هەڵوێستە کە نەبەردی‌و کەسایەتی ئەوی تیا دەردەکەوێت)[2]، ئەم فیداکارییە جۆرێکە لە بەرجەستەکردنی ئاواتە بەرزەکانی مرۆڤو خۆچزانە بە ئاسنی سوردا سەرباری ئەوەی پێشتر مەشقی وای نەکردبوو، تەمەنیشی بیست‌و حەوت ساڵان بوو، یەکەمین پاڵەوانییەت بوو نواندی‌و کارێکی دنیای خەیاڵات بوو هێنایەبوون ، وەك دەڵێن موغارەمەی کرد، چونکە فیداکارییەکەی پڕبوو لە دڕدۆنگی‌و بە حاڵ‌و نەحاڵ دڵنیایی تێدابوو بە پێوەدانگی خەڵکی رشۆکی (خۆکوژی بوو)، ئەم گیانبازییە کە بە شێوەی موغامەرات کردی لە دوو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتبوو:

1ـ سەردەکەوێت‌و پادشاکەیان دەکوژێت‌و سەربازەکانی پەرتەوازە دەبن کە نەریتیان وایە پادشا نەما هەریەك بەلایەکدا دەڕوات، بەمەش موسڵمانان دەپارێزرێن لە شەڕی خوێناوی‌و دڕندایەتی دوژمن.

2ـ یان شەهید دەبێت‌و دەگاتە دیداری خودای گەورەو پلەی پیاوچاکان بە دەست دێنێ، کە تاسەمەندیان دەکردو بێباوەڕوان دەتۆقێنێ‌و ترس‌و لەرزیان هەڵدەقوڵێ و دوژمن وا حاڵی دەبێ موسڵمانان گشتی بەم تەرزە بەجەرگن، کەواتە هەقە تاجی دلێری بخرێتە سەر ئەو کەسانەی، کە موغامەرە دەکەن‌و خۆیان دەهاونە تەنوری شەڕ، هەروەها بێگومان هیچ کەسێ ناتوانێ بگاتە ئەو بلیمەتییە جگە لەو پیاوانەی کە بۆچوونیان وایە بە هەشت لەودیوی ئەم فیداکارییەوەو موشتاقی دیداری خودای گەورەن وێڕای ئەمەش عەبدوڵڵا زگوردو تەمەن کاڵ بوو خۆشی‌و خەڵەتێنەرەکانی دونیا پێکۆڵی نەکردبوو، بەڵکو زۆر بە ئاواتی ئەو میوانداریپەوە بوو کە خودای گەورە گفتی داوە بە تێکۆشەرانی رێبازەکەی یان سەریان دەخات یان بەهەشتیان پێشکەش دەکات[3]، خودا کردی بە سەرکەوتن کۆتایی هات‌و بەربەرەکان بە قاوقیژو هەڵهاتن موسڵمانان

[1] الكامل لابن أثير (45/2).
[2] البداية والنهاية (158/7).
[3] التأريخ الاسلامي (390/12).

تاریان نان، هەرچەندە زۆریان لێ کوشتن‌و لێشیان بەدیل گرتن، ئەم سەرکەوتنە وێنەیەك بوو لە گفتەکانی خودای گەورە کە داویەتی بە دۆستە باوەڕدارەکان لە تەنگ‌و چەڵەمە قوتاری کردن‌و لە کەندەلانێك دەربازی کردن، چونکە دوژمن شەش ئەوەندەی ئەوان لە ژمارەو تواناداا زۆر بوون، دەبوو لە هەموو لایەکەوە شەڕیان لەگەڵدا بکەن، ئەمەش کارێکی دژواربوو بۆ سوپایەکی بچووك وەك دەڵێن قورسترین شەڕگە بوو کە ڕووبەڕووی بوونەوە، بەڵام گیانبازێکی نموونەیی دەگمەن، ترازووی شەڕەکەی گۆڕی‌و شەڕ بەئاراستەی سەرکەوتندا چوو[1]، با لە بیرمان نەچێ ئەو نەبەردانەی کە لە پشتەوە پاسەوانی عەبدوڵلایان دەکرد کوڕی یەکانی یەك‌و فیداکاربوون هەرچەند مێژوو ناوی تۆمار نەکردوون، بەڵام تابلۆیان هەتا دونیا ماوە بە زیندوویی دەمێنێتەوە، چونکە بوونەتە مایەی شانازی بۆ ئوممەتی ئیسلام، لە ڕۆژی پەسلانیشدا بە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت فەریح دەبنەوە[2].

پێنجەم: شەڕی (ذات الصواري)

ڕۆمەکان لە شەڕی ئەفریقادا زەربەیەکی گورچك بریان لێ کەوتو دەریاکانیان کەونە مەترسییەوەو گەلە کەشتی موسڵمانان باڵی کێشابوو بەسەر دەریای ناوەڕاستداو هەر لە ڕودس هەتا بەرقەیان کۆنترۆڵ کردبوو، قوستەنتینی کوڕی هیرەقل گەلە کەشتییەکانی کۆکردەوە بە هەزارسەربازەوە هاتن بۆ لێدانی موسڵمانان‌و بۆ ئەوەی هەقی زیانە کەڵەکەبووەکانی وشکانی وەرگرنەوە، ئیمامی عوسمانیش فەرمانی کرد بەربەستیان بکەن، بەرهەڵستییان بکەن، معاویەش کەشتیە بارهەڵگرەکانی شامی بە قیادەی بوسری کوڕی ئەرتات هەنارد لەگەڵ کەشتییەکانی میسردا بە قیادەیی عەبدوڵلای کوڕی سەعدی ئەبی سەرح‌و بە سوپا سالاری خۆی، ژمارەی کەشتییەکان دووسەد دانەبوو، ئازاترین موجاهیدی بەئەزموونی لەگەڵ خۆی بردو پێشتریش پەندیان بە دوژمن دادابوو، هەرچەندە ژمارەیان کەمبوو، بەڵام دوژمن لە ناخیاندا بێ ئەرزش‌و کونی بوو عەزمی ئەوانیان لەلا وردو خاش بوو.

موسڵمانان بەرەو دەریا چوون بە هیوای سەرخستنی ئایینی ئیسلام‌و ڕیشەکێش کردنی دوژمنانی دین‌و ڕاماڵینی سام‌و قوربی ڕۆمەکان، ئەم شەڕە لەبەر چەند هۆکارێك هاتە کایەوە:

1ـ بۆ وەڵامدانەوەی لێدانە بەزەبرەکانی موسڵمان بوو، کە دژ بەرۆمەکان لە ئەفریقا وەشاندبویان.

2ـ ڕۆمەکان گیریان کردبوو، لە کەناری ڕۆژهەڵات‌و باشوور، بە هۆی گەلەکەشتی موسڵمانانەوە کە ڕێگەیان لێ بڕیبوون.

3ـ ڕۆمەکان دەترسان گەلەکەشتی موسڵمانان دەست بگرێ بەسەر قوستەنتەنیەدا.

4ـ قوستەنتین ویستی سام‌و شکۆی خۆی بێنێتەوە پاش دۆڕانە وشکانیی‌و دەریاییەکانی لە شام‌و میسرو کەناری برقە.

5ـ ویستیان شەڕێکی بێئامان بکەن‌و دەست بکێشن بەسەر دەریای ناوەڕاستداو هەڵکوتنە سەر کەنارەکانی عەرەبی‌و جەختیشیان کردبووەوە لە سەرکەوتن.

6ـ زۆر مەبەستیان بوو ئەسکەندەرییە بکەوێتەوە ناو قەڵەمڕەوی خۆیان، چونکە بەنرخ بوو لە لایان‌و کاتی خۆیشی نامەی بەڵێننامەیان نووسی بوو بۆ قوستەنتین[3].

ئەم شەڕە لە کوێ‌و لە چ جێگایەك ڕوویدا؟

مێژوونووسەکان یەك وەڵام نین لە دیاری کردنی دەقاودەقی شوێنی ڕوودانی شەڕەکەو سەرچاوە عەرەبییەکانیش دیارییان نەکردووە تەنیا یەك سەرچاوە نەبێت بە وردی دیاری دەکات، سەرچاوەیەکی تر دەڵێ بەرەو ئەو شوێنە چوون، لە

[1] التأريخ الاسلامي (392/12).
[2] المصدر نفسه.
[3] ذات الصواري ـ شوقي أبو خليل ص (60 - 61).

کتێبی (فتح مصر واخبارها)[1] هاتووە دەڵێ: (عەبدوڵڵای کوڕی سەعد وتویەتی هەواڵم پێگەیشتووە کە هیرقل بە هەزار کەشتی بارهەڵگرەوە هاتووەتە ئەم بەرەوە.. بەڵام شوێنی شەڕەکەی دیاری نەکردووە)، هەروەها کتێبی (تەبەری)[2] لەبەسەرهاتی ساڵی (31)ی کۆچی سەری (**ذات الصواري**) باس کردووەو ئاماژەی بە دەستکەوتی موسڵمانان کردووە لە رۆمەکان، لە ئەفریقاو دەڵێ: (بە ئۆردوویەکەوە هاتن هەرگیز رۆم ئەوەندە گلێر نەبوو)، لە کتێبی (الكامل في التاريخ)[3] شوێنو رووداوی باسنەکردووە، بەڵام هۆکارەکانی باسکردووە، کە موسڵمانان ویستوویانە بیکەنە پەنایەکی قایم بۆ سەرکەوتنی خۆیان بە تایبەتی لە ئەفریقا، لە کێبی (البدايه والنهايه)[4] هاتووە کاتێ عەبدوڵڵا لە شەڕی فەرەنجیو بەربەرەکانی ئەفریقا سەرکەوت رۆمەکان لە لای قوستەنتینی کوڕی هیرەقل بە ئاپۆڕایی کۆبوونەوە تەکبیری گەلەکۆمەیان کردو بە لێشاو پەلاماری موسڵمانانیان داو پێنج سەد کەشتی بارهەڵگریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو بۆ بنەبڕکردنی عەبدوڵڵاو لەشکرەکەی کتێبی (تأريخ الامم الاسلاميه)[5] باسی شوێنی شەڕەکەی نەکردووە[6]، دکتۆر شەوقی ئەبو خەلیل جەخت لەوە دەکاتەوە شەڕەکە لە کەناری ئەسکەندەرییە روویداوە بەپێی ئەم نیشانانە.

1ـ لە کتێبی (**النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة**)[7] بە جوانی باسی شەڕی (ژات الصواری) کردووەو لە دەریایەك نزیکی ئەسکەندەرییە رویداوە.

2ـ (تأريخ ابن خلدون)[8] هاتووە، کە عەبدوڵڵای کوڕی سەعد سەرکەوت بەسەر شارەکانداو ئەوانیش هاتنە ژێر ڕکێفی، پاشان گەرانەوە بۆ میسر، قوستەنتین بە شەش سەد کەشتی بارهەڵگرەوە هێرشی هێنا بۆ سەر شاری ئەسکەندەرییە بۆ شەڕکردن.

سەرچاوە عەرەبییەکانم تاوتوێی کردووە هیچیان شوێنی روودانی شەڕەکەیان دیاری نەکردووە، بەڵام زیانی رۆمەکان روونە، بۆ زانیاری گەلەکەشتی رۆمەکان بە ئەزموون بوونو سەرداری دەریای ناوەڕاست بوونو بە خۆیاندا دەپەرمویەوەشاڵاو بهێنە سەر کەنارەکانی وڵاتی ئیسلامو زۆر بە پەرۆشبوون بۆ گەرانەوەی شاری ئەسکەندەرییە بۆ حوکمڕانی خۆیان، چونکە ئەسکەندەرییە بایەخێکی گرنگی هەبوو لە ناخیانداو بە لێننامەشیان هەبوو لەگەڵ هاوولاتیانیو دەست بگرنەوە بەسەر دەریای لەکیس چویانو لانەی موسڵمانان بشێون، سەرچاوە بیانییەکان دەڵێن شوێنی شەڕی (**ذات الصواري**) (فونیکە) بووە، فونیکەش دەکەوێتە خۆرئاوای شاری ئەسکەندەرییە لە نزیك شاری (مرسی مەتروح) بووە.

کارەساتەکانی ئەم شەڕە

مالیکی کوڕی ئەوسی حەدەکان دەڵێ: لە شەڕی (**ذات الصواري**) من لە گەلیان بووم، لە دەریا بەیەك گەشتن، تەماشای کەشتییە بە بارهەڵگرەکانمان کرد هەرگیز شتی وامان نەدیبوو لەو وەختەشدا ڕەشەبایەك لێی هەڵکردین لەبەرژەوەندی رۆمدا بوو، ماوەیەك خۆمان گیرداو ئەوان لە ئێمە کۆبوونەوە، پاشان بایەکە کپ بوو، وتمان بە رۆمەکان بارێکبکەوینو ئاشتی بکەین، وتیان ئاشتی چی ئێمە تۆڵەمان دەوێ، پاشان وتمان گەر حەزدەکەن با بچینە وشکانی شەڕ بکەین، ئامادەیشین لە دەریا شەڕتان لەگەڵ بکەین، دەڵێ هەموویان بە جارێ قوولاندیان، وتیان نەخێر ئاو، ئاو، ئاو. دەردەکەوێت کە زۆر لە خۆیان ڕابینیوەو لە شەڕی دەرياییدا کارامە بوونو لەگەڵ جموجوڵەکانیدا ژیاونو خێرو بێریان

---

[1] المصدر نفسه (61).
[2] المصدر نفسه (61).
[3] تأريخ الطبري (290/5).
[4] البداية والنهاية (163/7).
[5] (29/2) للشيخ الخضري.
[6] ذات الصواري ص(62).
[7] النجوم الزاهرة (80/1).
[8] تأريخ ابن الخلدون (468/2).

هەڵگوشیوە بە دڵنیاییەوە چاوەڕوانی سەرکەوتن بوون موسڵمانەکانیش تازە بەتازە هاتبوونە شەڕی دەریاییەوە[1]، بەرهەحاڵ شەڕ داگیرساو موسڵمانان شپرزەبوون فەرماندەکەیان وتی: بە هاوەڵانی با ڕاوێژێ بکەین؟ وتیان با دوژمن تاقیکەینەوە خۆمان زاخاودەین شەوێ راوێژ دەکەین کە شەو داهات دەستیان کرد بە نوێژو پاڕانەوەو یادی خودای گەورەو زۆر کوشان وەکو شارە هەنگ زرەیان دەهات، خەریکبوو کەشتییەکان لە شەپۆلی دەنگیان بجولێ، بەڵام رۆمەکان دەستیان کرد بە دوزە لە لێدانو سەما کردن، کە رۆژبوویەوە قوستەنتین ویستی دەست پێشخەری بکاتو دەست بوەشێنێ، بەڵام عەبدوڵڵای کوری سەعد دوای بەرنوێژی بەیانی راوێژی کرد بە پیاوە ناودارو بەئەزموونەکانیو پلانێکیان دارشت بەهەرجۆرێك ببێت شەڕەکە ببەنە دەرەوەی دەریا، ئەمەش بە قورسی دەلوێ! عەبدوڵڵا فەرمانی کرد بە سەربازەکان نزیك ببنەوە لە کەشتی دوژمنو ئینجا (بۆقە پیاوەکان) بچنە ناو دەریاکەو لەژێرەوە کەشتییەکانی هەردوولا بەگوریسی ئەستور گرێدەن پێکەوە، کەشتییەکانیش ژمارەیان (1200) کەشتی بوو بەستیان بەیەکەوە وەکو پارچەیەك زەوییان لێ کرد، عەبدوڵڵاش پەیتا پەیتا موسڵمانانی هاندەداو گوڕوتینی پێدەدانو دەی وت قورئان بخوێنن سورەتی (أنفال) بخوێنن ئایەتەکانی پڕە لە خۆگریو لەنگەرگرتن[2]، رۆمەکان دەستیان کرد بەشەڕ، چونکە سەرکەوتن مسۆگەر بوو لەدڵیاندا و بە خەیاڵی خۆیان موسڵمانانیان شکاندووە سەرەتا شەڕەکە لەسەر هەردوولا دژواربوو خوێنێکی بێ شومار رژایە دەریاو ئاوەکەی سوربوو، رووەکەی بەتەرم داپۆشرا ئەوەندە کوژرا بە تایبەتی لە رۆمەکان هەژمار نەدەکرا، هەتا مێژوونووسی بێزەنتینی (ڤیوڤانس) ئەم شەڕە بەیەرموکی دووەم ناودەبات[3]، تەبەریش بەم چەشنە باسی دەکاتو دەڵێت: (خوێن ئاوی دەریاکەی رووپۆش کرد بە رەنگی سوور) هەوڵیاندا کەشتی قایدی موسڵمانان نغرۆ بکەن، نزیکبوونەوەو زنجیرێکی کەمەنیان هەڵدا بۆ کەشتییەکەی عەبدوڵڵاو راپێچی بکەن، بەڵام عەلقەمەی کوری یەزیدی غەتەفی بەمەی زانیو بە شمشێرەکەی زنجیرەکەی بچری[4]، هەرچەندە بارەکە سەخت بوو، کەچی موسڵمانان پێیان لە جێی خۆی نەخزانو ئارامیان گرت خودای گەورەش سەرکەوتنی بۆ ناردن تەنانەت نزیکبوو قوستەنتینی پادشایان ئەسیر کەن، بەڵام کەبینی هێزەکەی هەرەسی کرد هەڵهاتو شەپۆلی ئاو سەربازەکانی دایە کەناری دەریاو گەلەکەشتییەکەی پارچە پارچە بوو، بە جەستەی بریندارو دڵی پڕ لە داخەوە سەری شۆڕکردو خۆی قۆرِدا بۆ دوورگەی سەقلیە[5]، کە سوکارەکەی پرسیاری سەرکەوتنیان لێ کرد وتی گاور نەدەستمایەی ماوە نەپیاو)، موسڵمانان هەتا هەرکەوێ چوبایەن کەیفی خۆیان بوو بەربەست نەما لە رێگایان[6].

دەرەنجامەکانی شەڕی (ذات الصواری)

1ـ یەکەمین شەڕی مانو نەمان بوو تووشی هاتنو بە ئیمانو ئارامو نەخشەی ورد بەلای خۆیاندا پارسەنگییاندایەوە بە گوریس گۆڕەپانێکیان دروست کردو بەمەرگ ساتی رۆمەکان کۆتایی هات.

2ـ بەرنامەی ریشەکێشکردنی موسڵمانان بوو لە سیاسەتی رۆمەکانداو هەروەها بۆ گەڕاندنەوەی میسرو رکێفکردنی وڵاتی شام بوو، بەڵام شکانو تەنانەت ناوی دەریای رۆمییەشیان سڕییەوە بۆ هەتا هەتایەو شارەکانی قوبروسو کرێنو کورسیکاو سردینیاو سەقلیەو جوزرو بلیاردیشیان دا بەدەستەوەو موسڵمانان هەتا جنوەو مرسیلیا چوون.

3ـ قوستەنتین کوژراو قوستەنتینی چوارەمین جێگەی گرتەوە بە ئیزنی خودا هێرشێکی تر دێتە کایەوە بۆ گرتنی قوستەنتینی ئێستاش.

---

[1] ذات الصواري ص(66).
[2] المصدر نفسه ص(67).
[3] المصدر نفسه (67).
[4] تأريخ الطبري (293/5).
[5] تأريخ ابن خلدون (468/2).
[6] المصدر نفسه.

4ـ لە پێش شەڕکردن خاوێن کردنەوەی دڵو دەروون گرنگترە بۆ سەرکەوتن بە زمانی ئەمڕۆ پیی دوترێت (مەعنەویات وەرگرتن) (خۆشەحنکردنەوە) ئەم کارەش بە چەشنێك بێت دڵت یەکلایی بکەیتەوە بۆ خودای گەورە هەموو ئامرازە دونیاییەکان حازر بکەیتو بەکوڵ لە خودای کەرەسەکان بپاڕێتەوەو سڵ لە کۆسپەکان نەکەیتەوەو بە هیممەتی بەرز رووبەڕووی بچی، ئەم شەڕو کارەساتانە هەموویان دەرسو پەندن بۆ ئێمە نەخوازەڵلا ژیانو سەرگوزشتەی هاوەڵان بێت کە لەسەدا سەد پێشەنگن بۆ ئێمە[1].

5ـ دەریاری ناوەڕاست بوو بە دەریای ئیسلامییو گەلەکەشتی موسڵمانان بوو بە سەرداری، گەلەکەشییەکەشیان بو داگیرکاریو قەڵو پەل کردن نەبوو، بەڵکو بۆ شکاندنی سامی موشریکینو گەیاندنی پەیامی ئیسلام بوو.

6ـ موسڵمانان شارەزای دەریاوانیو کەشتی گەڕی بوونو لە شەڕی دەریایی کارامە بوون، هەروەها شارەزای گەردون ناسیش بوونو پەیوەندی نێوان گەردوونو دەریایان کەشف کردو کامێرای (ئیستیرلاب)و (بوسلەی فەلەکیان) دروست کردو رۆژئاواییەکانی وەکو (کریستۆڤەر کولومبوسو وامریکۆ فیسبوش) لە پشکنینەکانیاندا بەکاریان هێنا[2].

7ـ ئەم سەرکەوتنە وێنەیەکە لە سەرکەوتنی بیروباوەڕ بەسەر زانیاری سەربازییو چەکداریو تەقەمەنیدا، سەیرەکەین پاش ئەزموونو شارەزایی سەربازی زۆرو چەکی بەهێز رۆمەکان دۆڕانو موسڵمانەکان لەچاو ئەوان نە بەکام بوون لە گشت ڕوویەکەوە، کەچی کە مەکە سەرکەوت بەسەر زۆرەکەدا، پاشان سەلیقەی فەرماندەکان وەك (عەبدوڵلای کوڕی سەعدی ئەبی سەرح) دەوری دووەمی گێرا لەسەرکەوتنیاندا، هەروەها ئەم شەڕە نموونەیەکە لە مەرگبازیو خۆبەختکردن[3].

شەشەم: گرنگترین پەندو سودەکانی فتوحاتی ئیمامی عوسمان

1ـ بەدیهاتنی بەڵێنی خودای گەورە بۆ باوەڕداران

ئینو کەسیر لە باسی ئیمامی عوسماندا دەڵێ: (خودای گەورە لەسەر دەستی عوسمان کۆمەڵێ هەرێمو شاری رزگار کردو قەڵەمرەوی ئیسلامیی پێ زیاد کردو خەلافەتی پێغەمبەری ﷺ درێژکردەوەو پەیامی ئیسلامیی بەرۆژهەڵاتو رۆژئاوای زەوی گەیاندو شرۆڤەی ئەم ئایەتەی بەدیارچاوی هاوەڵانەوە بەرجەستە کرد، دەفەرموێ (هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ) (التوبە: 33)).

هەر لەم بارەیەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ (ئەگەر قەیسەر لەناوچوو قەیسەرێکی تر نایەت دوای ئەو، ئەگەر کیسراش لەناوچوو کیسرایەتی تر نایەت لەدوای، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە خەزێنەی هەردووکیان لە رێگەی خودادا دەبەخشرێتەوە)[4]، ئەم دەقانە لە دونیای واقیعدا بەدی هاتوو سەلما[5].

2ـ لە هونەری جەنگو سیاسەتدا پێ گەیشت

جاران لە ناو گەلو هۆزەکاندا شەڕ لە پێناوی موڵکداریو دەستدرێژیی کردن هەڵدەگیرسا، بەڵام لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ خەلیفەکانی لە پێناوی پەیامدا دەکراو موسڵمانان دەیانویست جیهان وشیار بکەنەوەو مرۆڤەکان بکەن بە بەندەی خودای گەورەو هرزە چەوتەکان ڕامالّنو عەقیدەی بتپەرستیو ئاگرپەرستی بنەبڕ بکەن، ئەم بانگەوازەش هەر بەشەڕکردن نەکراوە، بەڵکو سێ شتیان خستووەتە بەردەم خەڵکان بۆ ئەوەی لێی هەڵبژێرن یان موسڵمانبوون یان سەرانەدان یان شەڕکردن، زۆربەی زۆریان موسڵمان بوونیان هەڵبژارد تەنها ئەوانە نەبێت، کە کینەبازو داخ لەدڵ بوون، یان ئەوانەی سەر بە گێچەڵو ئاژاوەگێڕبوون ئەمانەش پێویستیان بە مۆچاندن هەبووە[6].

---

[1] ذات الصواري (71 - 72).
[2] المصدر نفسه (76).
[3] التأريخ الاسلامي (407/12).
[4] مسلم ـ كتاب الفتن رقم (2918 - 2919)
[5] البداية والنهاية (216/7).
[6] عصر الخلفاء الراشدين، د. عبدالحميد بخيت، ص (216).

3ـ لەسەردەمی ئیمامی عومەردا تۆمارگەی سەربازی حکومی دانراو لەسەردەمی عوسمان درێژەی پێدرا

شەڕی قادسیە بوو بە هۆکارێك، کە ئیمامی عومەر بڕیاری کردنەوەی تۆمارگەی سەربازی بداتو فەرمانی کرد هەرچی سوارچاكو بەئەزموونو لێهاتوو کارامەی هەرێمەکانە بە خۆیانو ولاخو چەکیانەوە بۆم بێنن[1]، ئەگەر بە خۆشی خۆیان هاتن باشە ئەگینا بەزۆر بیانهێنو خێرا وەرنەوە، تەنانەت یەك دانەشیان لەبیر نەکەن، کاتی کۆی کردنەوە کردنی بەسەربازی میریو ناونووسی کردنو مووچەی بۆ بڕینەوە، ڕێکخستنو دیوانی سەرۆکایەتیو تۆمارگەی سەربازی پێکەوە بەستەوە.

لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا سەربازەکانی سەرپشك کرد بۆ بەشداری غەزاکان بەتایبەتی ئەو غەزایەی کە مۆڵەتی دا بە معاویەو شەڕی دەریایی تیا کرد لە هەمان کاتیشدا تۆمارگەی سەربازی کردەوەو بزاڤی فتوحاتی ناونووس کردو موچەی بۆ دیاری کردن، بەلاَم بەتۆپزی نەبوو[2].

4ـ ئیمامی عوسمان بایەخی بە سنووری خەلافەتی ئیسلام دەدا

دوای سیاسەتی بەرگریکردن لە ولاتی ئیسلام بەرووی دوژمناندا، هاتنە سەر فراوانکردنی خەلافەت بەتایبەت لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا، ئیمامی عوسمان بە سەربازە چاونەترسو داکۆکیکارەکان قەڵەمڕەو خەلافەتی پانو بەرین کردو کە لەبەرەکانی سواغداو سنووری ولاتی پەرژین کرد وتی: (پاش سوپاسی خوداو سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ ئێوە پەرژینی ئیسلامنو خەمخۆری موسڵمانان ئەو شتانەی، کە ئیمامی عومەر پێی داون لە ئێمە شاراوە نییە، بەڵکو بە راوێژی ئێمە کردویەتی هیچکامتان جێ گۆڕکێ و ئەملاوئەولا نەکەن، چونکە خودای گەورە ئەو بەخششەی داویەتی پێتان لێتان دەسێنێتەوەو لاتان دەباتو هیتر دەیهێنێتەوە شوێنتان، جاران چۆن بوون هەروا بن منیش بە پێی ئەو توانایەی خودا داویەتی پێم دەست گیرۆیتان دەکەمو کاروباری خەلافەتی پێ بەرێوە دەبەم)[3].

ئیمامی عوسمان قایمکردنی کەلەبەرەکانی شامو جەزیرەو دورگەکانی سپارد بە معاویەو پێی وت درزەکانی شمشاتیش یان خۆت یان کەسێکی تر قایمی بکەن ئەوانەی بۆ داسپێرەکە دلێرن و تاسەمەندی جیهادن، وە لە فرۆفێلی رۆم شارەزان[4]، هەروەها نامەی نووسی بۆ مەعاویە کە درزو کەلەبەری ئەنتاکییەش بخاتە ئەستۆی شاندێكو هەر گرۆیەك بووە زەحمەتی رێگەیان ئەوانیش زەحمەتی بدەن[5]، ئیمامی عوسمان زۆر وریای کەلەبەرەکانی دەکردو فەرماندەی شارەزای بۆ دەرنارد[6]، کاتێکیش معاویە غەزای عمورییەی کردو ئەو قەلاَیەی گرت کە دەکەوێتە نێوان ئەنتاکییەو ئەتوسەوە هەستا شاندێ لە سەربازی شامو جەزیرەو قنسرینی بۆ داناو فەرمانی کرد لەوێدا بمێننەوەو لە گەڕانەوەی سوپای ئیسلامدا لە پشتەوە بمان پارێزن، پاشان دوای ساڵێ یان دووساڵ یەزیدی کوڕی حەڕی عەبەسی[7] (ئەندامەکانی رێکخستنو هێزە بەرگرییەی)کانی لەگەڵ خۆی برد بۆ ولاتی رۆم کاتێ گەڕایەوە، بە هەمان شێوە شاندێکی چڕوپڕی بەدوای خۆیانەوە بەجێ هێشت، وەکو معاویەی بەرێوەبەرو ئەزموندار[8]، هەر بەم چەشنە ئیمامی عوسمان نامەی نووسی بۆ عەبدوڵلای ئەبی سەرحو فەرمانی پێکرد کە لە بەرەکانی ئەسکەندەرییە بەسەربازە چاونەترسەکان بگرێتو خۆش خۆش بەدلیاتیان پێ بکاتو خۆراكو موچەیان بداتێ بۆ ئەوەی بێ تاقەتو دابڕاو نەبن، پاشان پێی وت: (وریای ئەسکەندەرییە بە ئەوانە دووجار پەیمان شکێنیان کردووە، سەربازە شارەزاکان رەوانە بکە بۆیانو سەربازەکان وەرسو بێ دەرامەت مەکە)، بەجێ هێشتنی

1 اتحام الوفاء، ص (70).
2 النظم الاسلامية، صبحي صالح ص(489).
3 تأريخ الطبري (244/5).
4 الادارة العسكرية في الدولة الاسلامية (466/2).
5 فتوح البلدان ـ البلاذري (175/1).
6 الخراج وصناعة الكتابة لابن قدامة، ص(413).
7 الادارة العسكرية في الدولة الاسلامية (466/2).
8 المصدر نفسه (467/2).

شانديكى چاونەترسى سەربازە دلێرەكان لە شارە رزگاركراوەكاندا نەريتێكى فەرماندەكانى سەردەمى ئيمامى عوسمان بوو ئەو شاندە قەلاَكانيان نۆژەن دەكردەوەو سەنگەريان لێدەداو چەندين بنكەو بارەگاشيان تيادا دروست دەكرد، بۆ نموونە ئەو قەلاَيانەى كە مەعاويە دەستى پيا هێنا قەلاَكانى فورات بوو، وەكو (سميسات، مەلتيە، شمشات، كومنحو قاليقى)، ئەم قەلاَيانە لە رزگاركردنى ئەرمينييە بەدەستيان هێناو تازەكرانەوەو بوونە شوێنى نيشتەجێكردن[1]، بۆ نموونە حەبيبى مەسلەمەى فەهرى هەزار سەربازى گيانلەسەر دەستى هێزە بەرگرييەكانى لە قەلاَى قاليقلا نيشتەجێ كرد[2]، لە هەمان كاتدا بەربەست كردنى كە لەبەركانى شاميشى پێ سپێردرابوو، هەربەم شێوەيە كاتى بەرائى كورى عازيب قەزوينى رزگار كرد پێنج سەد سەربازى بە جەرگو فەرماندەيێكى تيا بەجێ هێشتو پارچە زەوييەكى بێخاوەنى بۆ پچرين، ئەوانيش بە بيرو كشتوكاڵ ئاوەدانيان كردەوە[3]، كاتێ سەعيدى كورى عاسيش تەميسەى[4] رزگار كرد هەزار سەربازى تێيدا بەجێ هێشت[5]، هەروەها ئەو قەلاَيانەش كە رزگار كران سەربازيان تيا بەجێ هێلرا، ئيمامى عوسمان گرنگى دەدا بە بەرێوەبردنى هێزى رێكخستنو بەرگرى[6]، ئاسانكاريى بۆ دەكردنو فەرماندەى بەسەليقەى بۆ ديارى دەكردن، هاوكارى دەكردن يەكێ لە هاوكارييەكانيان ئەوەبوو معاويە لە مەنبەج پردێكى دروست كرد بۆ هاتووچۆى رێكخستنەكان، هەروەها غەزاى رۆمەكانى دايە دەستى معاويەو فەرماندەيێكى بە هێزى رێكخست، كە معاويەى عەوفى بوو، هێزى رێكخستنو هێزى بەرگرى لەسەردەمى ئيمامى عوسماندا چ لە دەريابێ يان لە وشكانى درێغييان نەكردووە[7].

5ـ دابەشكردنى دەستكەوتەكان لە نێوان خەڵكى عێراقو شامدا

حەبيبى مەسلەمە توانى رۆمەكان تەفروتونا بكات لە ئەرمينيە بەرلەوەى يارمەتى وەليدى كورى عەقەبەى لە كوفەوە پێ بگات، هەتا سوپاى كوفە هات سوپاى شام سەركەوتنو دەستكەوتيان گرتبوو، بۆ دابەشكردنى دەستكەوتى شەرەكە رايەك دروستبوو ئايا بەشى كوفەى تێدايە يان نا؟ حەبيبى كتابى نووسى بۆ معاويە ئەويش نووسى بۆ عوسمانى خەليفەو هەواڵى پێدا ئەويش حوكمى دەركرد ئەهلى شام بەشى ئەهلى عێراق بدەن واتە كوفە لە دەستكەوتەكان، حەبيب حوكمەىكەى خوێندەوە هەموويان وتيان گوێرايەڵى و ملكەچيمان هەيە بۆ ئەميرى ئيمانداران ئيمامى عوسمان، پاشان برا بەشيان كرد[8].

6ـ پەرۆشى يەكدەنگى بوون لە بەرهەڵستى دوژمندا

لە سەردەمى ئيمامى عوسماندا عەبدوڵلاى كورى عامير قەيسى كورى هەيسەمى كردە جێگيرى خۆى، پاش ماوەيەك (قارن) ئاپۆرايەكى كۆكردەوە زياتر لە چل هەزار سەرباز دەبوو بە رێگاى (تبسين)ەوە هاتو شالاَوى هێنا بۆ موسڵمانان، قەيسيش راوێژى كرد بە عەبدوڵلاى حازم وتى: تۆرات چييە؟ وتى من پێم باشە شار چۆڵ كەين، چونكە من ئەميرم مۆڵەتنامەى عەبدوڵلاى عامريشم پێيە، كە من ئەميرى شەرى خۆراسان بم، نامەيەكى ساختەكارى دەرهێنا، قەيسى ئەمير پێى ناخۆشبوو ملەجەرێ بكاتو ئاژاوە دروست بكات هەستا شارەكەى بەجێ هێشت[9]، ئەم كارەى بەلاوە باشتربوو

---

[1] من تأريخ الالتحيصنات، محمد عبدالهادي ص(434).
[2] فتوح البلدان (234/1).
[3] الادارة العسكرية (469/2).
[4] تةميسة: شاريَكة لة تةبرستان.
[5] الادارة العسكرية (469/2).
[6] الادارة العسكرية في الدولة الاسلامية (470/2).
[7] المصدر نفسه (470/2).
[8] الفتوح ابن اعثم (341/1، 342).
[9] الادارة العسكرية (89/1)، نقلا عن تأريخ الطبري.

هەتا دووبەرەکیی و ئاژاوە بکاتو ریزی موسڵمان شەق بکاتو هورەی سەربازەکان بپوکێنێتەوە، کەچی ئەنجامی شەڕەکەش بەسەرکەوتنی موسڵمانان دوایی هات[1].

7ـ ئەو مەرجەی لە بەندەکانی سوڵحدا سەربازەکان پێویستیان بوو

لە سەردەمی عوسماندا فتوحات تەشەنەی کردو هەندێکیان بە سوڵح فەتح دەکرد، مەرجێکی پێویستیان لە سوڵحەکاندا تۆمار دەکرد، ئەویش یارمەتیدانی سوپابوو لە لایەن خەڵکی شارەکانەوە بە خواردنو ئاژەڵو کەرەسەی جەنگی بۆ ئەوەی ئامێری رزگارکردنیان لەبەردەستدا بێت لە ناوەندی سەرکردایەتییەوە داوای زەکاتو خەراجیان لەو شارانە نەدەکرد، چونکە دەیاندا بە سەربازەکانی نێو خۆیانو نەیان دەبرد بۆ سەرۆ[2].

8ـ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی دوژمنەوە

فتوحاتەکانی ئیمامی عوسمان زۆر گرنگی دەدا بە دەزگا زانیارییەکانو لێی دەکۆڵییەوە[3] و زۆر بایەخی دەدا بە چاوەکانی خەلافەت، واتە: (هەواڵگریی) بە وردی دوژمنی دەخوێندەوە[4]، هەرکاتێ بەیعەتی وەرگرتبایە لە بەڵێندەرەکان بەو مەرجە دەیکرد موسڵمانان ئاگادار بکەنەوە لە مەرامەکانی دوژمنو وریای سەلامەتیان بکەن[5].

9ـ عەبدوڕڕەحمانی رەبیعەی باهیلی یەکێك بوو لە فەرماندەکانی فتوحات لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا

عەبدوڕڕەحمان فەرماندەیەکی چاونەترسبوو لە ئاستێکی بەرزدا، بیروباوەڕێکی ئەستووری هەبوو، بە خودای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ پلەی فەرماندەو پلەی سەربازی بۆ ئەو تەوفیری نەبوو، وێڕای ئەمەش پێشڕەوو شەرعزان بوو، بۆیە کرا بە والیی و فەرماندەی شاری (باب الابوب) دوای مردنی سوراقەی کوڕی عەمر، هەتا شەهیدبوو لە پلەی خۆی دانەبەزێنرا، بە بەردەوامی نامەگۆڕینەوەی هەبوو لەگەڵ پایتەختداو زۆر سەرقاڵی کەرەستەکانی شەڕی سوارچاکی بووە هەرگیز گزیی و ساختەکاری نەکردووەو لە پشتەوە خنجەری نەوەشاندووەو[6] شوێنەواری دێرینی بەجێ هێشتووە لە (باب الابواب)و باشووری دەریای خزرو رۆژهەڵاتی، چالاکییەکانیشی هێورکردنەوەی بارودۆخی خەڵكو بەرپاکردنی دادو گەشەپێدان بووە تەنانەت ئەوەندە ئارانی کردۆتەوە کردوویەتی بە ناوەندی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامو رزگارکردنی باکور، سەرەڕای مەینەتیی و باڵە شەڕخوازەکان، ئیسلامی لەو ناوچە بێوەرەدا دامەزراند هەتا ئێستاش[7] یەکێ لە یادگارییە زیندووەکانی کە لاپەڕەکانی مێژوو نووسیویانە ئەمەیە کاتێ سوپاکەی دەباتو راستەوخۆ دەچێتە شاری (باب) شهریار پاشا پێی دەڵێ: ئەتەوێ چی بکەیت؟ دەڵێ بەلەنجەرو تورکم دەوێ، دەڵێ: ئێمە ئاشتین لەگەڵیان لە شاری ئێمەوە مەچن بۆیان، ئەویش وتی: بەلام ئێمە لێیان رازی نین دەبێ هەر بچینە، ماڵەکانیان، با بزانی کەسانێکم لەگەڵدایە ئەگەر بێفەرمانی ئەمیرەکەمان نەبێت هەتا بەنداوی رەدم کە لە ولاتی سینە دەیان بەم، وتی: ئەوان چ کەسێکن؟ وتی: کەسانێکن هاوەڵی پێغەمبەریان کردووە ﷺو بە دڵپاکی هاتوونەتە ناو ئیسلامو لە نەفامیدا شەرمو نتمیان هەبووە ئێستاش زیادی کردووەو جیهاد بووەتە پیشەیانو سەرکەوتن بووەتە هاوڕێیان مەگەر لێیان بگۆڕێ ئەگینا هەمیشە بالادەستن[8].

عەبدوڕڕەحمان توانی شەڕی بلەنجەر بکاتو تورکەکان بشکێنێ، تورکەکان وتبوویان موسڵمانەکان فریشتەیان هێناوە ئەگینا پەڵ خوردیان نەدەکردین، بە روسووریی و سەرکەوتوویی گەرایەوە دوای ئەوەی دووسەد فەرسەخ لە بلەنجەر

[1] المصدر نفسه.
[2] الطبقات (59/3).
[3] الادارة العسكرية (403/1).
[4] تأر لايخ اليعقوبي (116/2).
[5] الادارة العسكرية (403/1).
[6] قادة المفتح الاسلامي في أرمنية، ص (155).
[7] المصدر نفسه ص(158).
[8] الكامل لبن الثير (29/3)، تأريخ الطبري (146/6).

دووركەوتبووەوە تاقە سەربازێكیان لێ شەهید نەكرا، سەربازەكانی سەركەوتنیان مسۆگەر بوو[1]، چونكە مەعنەویاتیان بەخوداو دینەكەی بەرزبوو، كەچی گەلانی تر بێ مەبدەئو بێ هیممەت مابوونەوە، بۆیە موسڵمانان سەردەكەوتن بەسەریان وەكو زانراوە توركەكان بەبێ شەڕ هەڵهاتن لە سامی ئەمان[2]، عەبدوڕڕەحمان لەسەر بوراقی تەقواو ئەتواری چاك بوو تەنانەت هەڵوێستی لەگەڵ دۆڕاوانیش هەرچاك بوو مرۆڤێكی بە سپاردەو ئەمەكدار بوو، پادشای باب نامەبەرێكی ناردبوو بۆ لای پادشای سین بە دیارییەكەوە، بەر لەوەی موسڵمانان وڵاتی باب رزگار بكەن، نامەبەر هاتەوە سەیرەكا دەور گۆڕاوە چوە لای پادشاكەی خۆیانو دیارییەكی پڕ لە یاقوتی سوری لەوسەرەوە بۆ هێنابوو لای پاشای سین، ئەوكاتەش عەبدوڕڕەحمان پادشا بوو، پادشاكە (شهریار) دیارییەكەی وەرگرتو دای بەدەستی عەبدوڕڕەحمانەوە یەكسەر پێی دایەوە پادشا سەری سوڕما وتی: (ئەمە یاقوتە باشترین كانزای ئەم وڵاتەیە، بەڵكو لە وڵاتەكە بەنرخترە، سوێند بەخوا ئێوە لە حاكمەكانی ئالی كیسرا خۆشەویستترن لەلای من، ئەگەر لە كۆڕی سوڵتانی ئەواندا بومایەو ئەم یاقوتەیان دیبایە لە دەستمیان هەڵدەپورکاند، سوێند بێ بەخودا جگە لەو كارانەی كە پادشا گەورەكەتان واتە خەلیفە فەرمانی پێ كردووە هیچی تر ناكەم)[3]، ئەم پاشایە ناهەقی نەبوو سەرسامی دەیگرت، چونكە بە درێژایی تەمەنی لە ململانێو گزیكاریو ئاڵۆزیدا ژیاوە، واقیعەكەی پڕبووە لە زوڵمو ناهەقی، كاتێ فەرماندەیێكی بە ئەمەكو چاوتێر دەبینێ رادەچڵەكێو پادشا خراپەكارەكانو سامانە تالآن كراوەكان دێتەوە بیری، بۆیە بەم وشانە گوزارشت لە ناخی خۆی دەكات[4]، عەبدوڕڕەحمان دەیزانی زەوتكردنی ئەو یاقوتە كە نرخەكەی لە ژمارە نایەت نە پشكی خۆیەتیو نەهی بەیتولمال، ئەوەندە بەرچاو سێرف بوو جیاوازی نەدەخستە نێوان یاقوتو خۆڵ، چونكە خۆی بەخشندە بوو لە خواترسو خۆپارێز بوو، شارەزای كرۆكی دین بوو، خۆی نەدەكردە خاوەن پوشو پەڵاشی دونیا، ئەم پیاوە تەمەنی خۆی لەسەربازیدا تەواو كردو لە ساڵی (32)ی كۆچی لە ناوچە بلەنجەر شەهید كرا[5]، عەبدوڕڕەحمان فەرماندەی فتوحاتی سەردەمی عوسمانەو هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ بووەو دەرەنگ موسوڵمان بووە.

10- سەلمانی كوڕی رەبیعەی باهیلی یەكێك بوو لە فەرماندەكانی فتوحاتی سەردەمی عوسمان

ئەم هاوەڵەمەزنە یەكەمین دادوەری كوفە بووە، لە لایەن ئیمامی عومەرەوە بە هەمان شێوە ئیمامی عوسمانیش لەكاتی والیەتی سەعدی كوڕی ئەبی وەقاسدا كردی بەدادوەری كوفەو بەشداریی شەڕی قادسیەی كردووەو لە دواییدا كراوەتە داوەری مەدائین، هەركەسێ شیاو نەبێت ناكرێتە دادوەر بە تایبەت لە رۆژانی عومەردا، هەموو كەسێكیش نەدەكرا بە دادوەری كوفە، چونكە پڕبوو لە پیاوی هەڵكەوتووی عەرەبو هاوەڵی گەورە گەورە، ئەمە لە لایەكەوە لە لایەكی تریشەوە چەندین هۆزو تیرە جۆربەجۆری تێدابوو، كەواتە سەلمان زانستە كەی لێزمەی كردووەو دینداریيەكەی بێخەوش بووەو لە ئاوەزای خۆی بەهرەمەند بووەو كەسایەتییەكەی بەهێز بووەو جێگەی متمانەی گشت لایەك بووە، هەر بەو چەشنە بوو بەناوبژیوانی دەستكەوتەكانی رزگاركردنی مەدائینو شەڕی باب، ئەمەش بەڵگەیەكی ترە لەسەر سەلیقەی بەربلاوی، ئەم كەڵە پیاوە راساڵە، هەموو ساڵێ حەجی كردووە، هەندێ لە گەورە تابیعییەكان فەرموودەیان لێ ریوایەت كردووە، لە ڕووی ئاكارە بەرێزەكانەوە، دڵفراوانو بەخشندەو راستگۆو چاكەخوازو وەفادارو بەرێز بووە، هەرچی بۆخۆی پێی خۆشبوایە بۆ خەڵكیش پێی خۆش بووە، كاتێ پلەی شەهیدی بەركەوت نەپارەو نە موڵكو نە كەسەری بەجێنەهێشتو وێڕای ئەوەی سەرتاپای ژیانی لە تێكۆشانو دادوەریو سەرداریی بردە سەر، جارێكیان ئیمامی عوسمان نامەی نارد بۆ

---

[1] تأريخ الطبري (146/5).
[2] قادة الفتح الاسلام في أرمنية، ص (150).
[3] تأريخ الطبري (148/5).
[4] قادة الفتح الاسلام في أرمنية، ص (154).
[5] قادة الفتح الاسلام في أرمنية، محمود شيت خطاب، ص (158).

وەلیدی کوڕی عەقەبەی بریکاری، لە کوفە فەرمانی پێ کردبوو تێیدا کەشاندێ سەربازی چاونەترسی سوپای کوفە هەواڵە بکات بۆ لای سوپای ئەهلی شام و پیاوێکی بلیمەت و دیندارو جەربەزە بکاتە فەرمانەدیان، وەلیدیش بەبێ دوودڵی سەلمانی هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەم کارە سەختە، هەرچەندە ژمارەیەك زۆر فەرماندەی تریش هەبوو، لەبەر ئەوە سەلمان نموونەیەکی پێکەوتووبوو لە ئەزموونداری و زەبروەشێنی و پاڵەوانی وێڕای ئەم سیفاتانەش خوداناس و خۆپارێز بوو، واقیعەن پاڵەوانێکی بە هەڵمەت و پێشڕەوبوو، لە هونەری جەنگدا شارەزابوو، بە هۆی بەرخودانەوە چەندەها ئەزموون و سەربوردەی هەبووە لە سەرکردایەتی لەشکرو لێدانی جومگەو شادەمارەکاندا تیرئەنداز بووە[1]، لە سوارچاکیدا بەتایبەت لە هێستر بەریدا لێزان بووە، لە هەموو شارەکانەوە هێستری کوێتی دەهێنا بۆ ئیمامی عومەرو قاشاوی دەداو مەشقی جیهادی پێ دەکردن[2]، بۆ نموونە لە کوفە چوار هەزار هێستری قیتی هەبوو لە کاتی پێویستدا بەکاری دەهێنان و دزەی دوژمنیان پێ سەرکووت دەکرد[3]، لە سوارچاکیدا ئەوەندە لێزان بوو خۆی دەڵێ: (بەم شمشێرەم سەد جەللادی قەڵغان لەبەرم کوشتووە، هیچیان موسڵمان نەبوون، نەمهێشتووە هیچ کامیانم دەست بدرێتەوەو هۆمان هۆکانم لەگەڵدا بکات)، لەگەڵ موشریك و بێباوڕدا نەبێت شەڕی لەگەڵ کەسی تر نەکردووەو لە گۆڕەپاندا خۆی مەڵاس نەداوەو قەرەوڵی گرتووەو شەقەی لێ هەستاندووەو بەفرۆفێڵ شەڕی نەکردووە[4]، بە ڕاستی نموونەی موجاهیدێکی راستگۆ پاداشت ویست بووە، چونکە تێکۆشانەکەی بۆ بەرزکردنەوەی (**لااله الا الله محمد رسول الله**) بووەو نەدەکەوتە بەر ئەندێشەی لەکوێ و بەچی مێشکی دەپشێ لە دواهەمین شەڕیدا بە تافەی خوێنی برینەسۆدارەکانی کەو[5]، بەڵام شمشێرەکەی لە دەست نەکەوت و لە ساڵی (32)ی کۆچی یان (33)ی کۆچی، شەهید کرا[6].

قوربی ئەم کەڵەپیاوە ئەمانەبوون: (شەرعزان بوو، فەرمووەدەناس بوو، قازییەکی دادپەروەربوو، دەستپاکێکی بێ لەکەبوو، بەڕێوەبەرێکی گورج و گۆڵ بوو، سوارچاکێکی گیانبازبوو، فەرماندەیێکی فاتیح بوو، پاڵەوانێکی شەهید بوو)، سەلمانی کوڕی رەبیعەی باهیلی[7].

11ـ حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فەهری یەکێکە لە فەرماندەکانی فتوحاتی سەردەمی ئیمامی عوسمان

حەبیب هەرچەند تازە ساڵ بوو و لە گۆڕەپانێکەوە دەیگوازتەوە بۆ گۆڕەپانیکی تر، جارێ رزگارکەربووە جارێکی تر یارمەتیدەر بووەو هەمیشە سەرکەوتن هاوپەیمان بووە، چوبێتە هەر شەڕێك براوە بووە، چوو بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ بە موجاهیدی بۆ شاری مەدینەو ئەو رۆژە منداڵ بوو، وە بەشداربی غەزای تەبوکی کردووە لە ژێر بەیداخی پێغەمبەردا ﷺو بەم غەزایە دەستی کرد بە جیهادو تەمەنی تازە پێی نابووە بیست ساڵان، کاتێ ئیمامی عومەر بینی لەشی بەهێزەو زۆر بەگورجی دەپلیسکێتەوە بە تاقیکردنەوەیەکی کردەیی تاقیکردەوە تا بۆی دەرکەوێ چ جۆرە پیاوێکە، بۆیە پێشنیاری کرد گەنجینەی دارایی یان گەنجینەی چەك و تەقەمەنی بگرێتە ئەستۆ، ئەویش چەکەکەی هەڵبژاردو خۆی دوورگرت لە دارایی، فەزڵدانی چەك بەسەر داراییدا یەکێکبوو لە نیشانەکانی سەرکردەیی و ئەوینی سەربازیی قوڵپی دەدا لە قوڵایی دەروونیدا، حەبیب بوو بە سەرداری قیادەی کردوس لە شەڕی یەرموکی مانو نەماندا و تەمەنی بیست و چوار ساڵان بوو، ئەم کارانە ئاشێرەبوو، بۆ دەرکەوتنی هێماکانی قیادەیی لە سپیدەی گەنجی و لاوێتیدا.

---

1 تهذيب ابن عساكر (210/6) تأريخ الطبري (309/5).
2 قادة الفتح الاسلام في أرمنية، ص (169).
3 اسد الغابه في معروفة الصحابة، لابن الأثير (327/2).
4 الاستيعاب في معروفة الأصحاب (633/2).
5 قادة الفتح الاسلام في أرمنية، ص (170).
6 المصدر نفسه (171).
7 قادة الفتح الاسلام في أرمنية، ص (172).

ئیمامی عـومـەر کردی بە والی عـەجە (جەزیرە) لە بەڕێوەبەردن‌و کاری ئیداریدا عـومـەر بە ئاسانی ئەو پلەو پایە بڵندانەی بە هەموو کەسێك نەئەدا، چونکە ئیمامی عـومـەر پابەندی کۆمـەڵێ سیفاتی دیاریکراو بو لەدەستنیشانکردنی سەرکردەدا لە کەم پیاوێکدا هەبوو، لە دوایشدا ئیمام کردی بە والی ئەرمینیەو ئازر بیجان، کە دوو ناوچەی چەپ‌و دوورە دەست‌و قیادەکردنیان ئەوپەڕی دژوارە، ونکە بە نارەحەت خەڵکەکەی ڕێشمە دەکرێت‌و زۆر دوورن لە بنکە سەرەکیی‌و پێشکەوتووەکانی موسڵمانان، مومارەسەی ئیدارەو فەرمانداری کردووە لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا هەتا حەزبکەیت ئازابووە، لە پێشڕەویدا پێشڕەوێکی کامڵبووە، کاتێ ڕووی کردە شەڕی موریان بە شەش هەزار سەربازەوە موریانەکان حەفتاهەزار بوون، حەبیب وتی: بەوانەی لە گەڵیدابوون: ئەگەر ئەوان خۆیان بگرن‌و ئێوەش خۆتان بگرن، ئێوە ئەوبەرترن بەلای خوداوە هەتا ئەوان، ئەگەر ئەوان خۆیان گرت‌و ئێوە هەراو هوریاتان کرد ئەوکاتە خودا لەگەڵ ئارامگرانایە، شەوی دەستەویەخەبوونەوە وتی: (ئەی خودایە هەڵهاتنی مانگ دواخە، بارانی ئەم‌شەوە بگرەرەوەو خوێنی هاوەڵەکانم ڕانەدەی، بە شەهید قبوڵیان بکەی، خودای گەورە فەتحی کرد بۆی)[1]، یەکێ لە هۆکاری سەرکەوتنی بەسەر دوژمندا لە پاڵ فاکتەرە ئیمانییەکەدا هێرشبردنی شەوبوو، کە لە پڕ دایان بەسەر دوژمنداو وەریان داتەپاندو پاشان پشتیان هەڵگرد[2]، کەسایەتییەکی زیندوو و نموونەیی هەبوو بۆ سەربازەکانی، لە ئازایەتی پێشڕەویدا کەوا سووری بەرلەشکربووە لە پێشی پێشەوە دەیوت پێیان شوێنمکەون، لە نەخشەکانی دواوە خۆی نە ئەهێڵایەوەو عەوداڵی سەلامەتی‌و پێوەیی نەبووە کاتێ بڕیاری یەکجاریدا لە مۆریان ڕۆژ بکاتەوە ژنەکەی گوێی لێبوو ئەم بڕیارەیدا پێی وت: شوێنمان کوێ بێت؟ وتی: ماڵی سورادیقی موریان، ئەو شەوە حەبیب‌چووە موریان‌و هەرکەسێ هاتە ڕێگەی کوشتی، کاتی گەشتە ماڵی‌سورادیق سەیرەکا ژنەکەی پێش ئەم گەیشتووەتە ئەوێ[3] تەنیا حەبیب پاڵەوان نەبوو، بەڵکو ژنەکەشی پاڵەوان بوو، بە کردەوە بوێرەکانی جوانترین نموونەی دەنواند بۆ سەربازەکانی، بەڵکو خێزانەکەی نموونەیەکی تربوو، وەکو پاڵەوان شوێنەواری خۆبەختکردن‌و فیداکاری هەبوو[4].

حەبیب ڕاوێژی بە پیاوەکانی دەکردو بۆچوونیی وەردەگرتن، بە بۆچوونی تر کاریگەر ئەبوو، بەڵکو بە دانایی بۆچونی پیاوەکانی دەقۆستەوە، هەرچییەکی بە باش بزانیایە پیادەی دەکردو پوختەکەی جێبەجێ دەکرد، لە پاڵ ئەمەشدا دانیشتنی ڕاوێژکارانی دەبەست پێش شەڕکردن، وە لە کاتی شەڕکردن‌و لە پاشیشدا، ڕۆژێکیان گوێی لێبوو یەکێ لە پیاوەکانی دەیوت ئەگەر من یەکێ بومایە لەوانەی کە حەبیب گوێ بۆ ڕاوێژی دەگرێ، ئاماژەی هەرمانێکم بۆ دەکرد کە سەرکەوتن‌و سەربڵندیمان بە ئیزنی خودا بەدەست بهێنایە[5]، حەبیب گوێی لە قسەکە بوو، وتی بە هاوەڵەکەی ڕاوێژەکەت چییە؟ وتی: من پێشنیارم ئەوەیە هەموو ئەسپسوارەکان بچن لە پێشمانەوە، پاشان سەربازەکان بکەونە دوای ئەسپەکان‌و لە نیوەی شەوداو دەست بکەن بە شەڕکردن، لەگەڵ بەری بەیاندا تۆش بە ڕەشایی سەربازەکانەوە هێرش بهێنین باوابزانن یارمەتیمان بۆ هاتووە، خودای گەورە ترس دەخاتە دڵیان‌و بەوترسە هەرەس دێنن، یەکسەر حەبیب گازی ئەسپسوارەکانی کردو لە شەوێکی شەوەزەنگی بارانـاویدا بەڕێی خستن‌و پاشان خۆی کەوتە ڕێ لە دوای ئەسپ‌سوارەکان، بەڵام نەریتی وابوو لە سپێدەی بەیانیدا دەچووە سەر دوژمن خۆی‌و هاوەڵانی هەڵمەتیان برد، دوژمن تێکشکاو دەستکەوتێکی زۆریان بەرکەوت[6]، حەبیب خاوەنی فێڵ بوو، بیری دەکردەوەو پلانی دادەنا، پاشان ڕاوێژی دەکرد بە پیاوەکانی‌و ئینجا دەچووە

---

[1] تـهذیب ابن عساکر (37/4).
[2] قادة الفتح الاسلام في أرمنية، ص (189).
[3] قادة الفتح الاسلامي في أرمينية، المصدر نفسه.
[4] المصدر نفسه.
[5] تـهذیب ابن عساکر (37/4).
[6] قادة الفتح الاسلامي في أرمينية (ص190).

گۆڕەپانی شەڕەوەو هەمـوو زانیاریی جۆراو جۆری لەسەر دوژمـن دروێنە دەکرد، پاشان نەخشەی سەربازی لەسەر، شارەزاییو چاوڕوونی دادەنا.

کارە جیهادییەکانی حەبیب لەسەر نەخشەیەکی ڕێکخراو بوو نەك نەخشیەکی بێسەروبەرە، بۆیە سەرکەوتن ببووە بەیداخی، لە ترسناکترین گۆڕەپانی شەڕدا، لە پاڵ ئەمەشدا کە نیشانەی سەرکردەییو لێهاتوویی هەبوو پیاوێکی ئیمانداربوو ئیماندابەستراو بوو، هەرکاتێ رووبەڕووی دوژمن بوایەتەوە یان پەلاماری قەلایەکی بدایە حەزی دەکرد، بلێ: (لاحول ولا قوة الا بالله العي العظیم)[1].

بەڕاستی حەبیب سەردارێکی ناوازەبوو، هەمـوو سیفاتەکانی فەرماندەی ناوازەی تیابوو (سروشتی پڕبوو لە بەهرە، زانستێکی بەئەزموونی هەبوو، ئەزموونی کردەیی هەبوو[2]، متمانەی بە خودای گەورە زۆربوو، حەبیب شێربوو بۆ فتوحاتی ئیسلامییو چالاکییەکانی لەبیر ناکرێت، بێگومان نایابترین فەرماندەی فەتح بوو لە سەردەی ئیمامی عوسماندا، ئەم فەرماندە گەورەیە ساڵی (42)ی کۆچی وەفاتی کرد، لە تەمەنی (54) ساڵیدا، ژیانی لە ژمارەی ساڵدا کەمبووە، بەڵام لە تیراژی کردەوە جوامێرییەکاندا زۆربووە، تەمەنی کەم بووە، بەڵام شوێنەوارەکانی بە درێژایی ساڵو سەدە ڕێزگرتووەکان هەردەمێنێ، خودای گەورە لەم هاوەڵە مەزنە رازی بێت، کە فەرماندەیەکی سیاسی بەهێزبوو، کوڕی ڕۆژی تەنگانەو فەرماندەیێکی رزگارکەر بوو، حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فەهری[3].

باسی چوارەم: گەورەترین شانازی بۆ ئیمامی عوسمان ئەوەیە ئوممەتی کۆکردەوە لەسەر یەك پەرتووك (قورئان)

یەکەم: ئەو قۆناغانەی کە تێپەڕی بەسەر نووسینەوەی قورئانی پیرۆزدا

1- قۆناغی یەکەم لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ

بەبەڵگەی گومان بڕ سەلمێنراوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بە نووسینەوەی ئەو قورئانەی کە دابەزیوەتە سەری، سەلمێنراوە کە پێغەمبەر ﷺ نووسەری هەبووە یان کۆمەڵێ نووسەری هەبوە نیگایان بۆ نووسیوە، هەتا زەیدی کوڕی سابیت بە نازناوی نووسەری پێغەمبەر ﷺ ناوی دەکردووە، چونکە تایبەتکراوەو پسپۆڕبووە لە نووسینەوەی نیگادا، ئیمامی بوخاری بەشێکی تەرخانکردووە لەکتێبی (فەزڵی قورئاندا) بە ناونیشانی نووسەرانی پێغەمبەر ﷺو لە دوو فەرموودەدا باسی دەکات.

1- ئەبوبەکر وتی بە زەید (تۆ نیگات دەنووسی بۆ پێغەمبەر ﷺ)[4].

2- (براو) دەڵێ ئایەتی (لَّا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ) دابەزی، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (بانگی زەیدم بۆ بکەنو پارچەدارێکی تەختەو پارچە ئاسنێکم بۆ بێنن)[5].

هەروەها پێغەمبەر ﷺ پێش کۆچکردن قورئانی دەنووسی، ئەوانەش کە بۆیان دەنووسی عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی ئەبی سەرح بوو، لە دواییدا دین هەڵگەڕایەوە، پاشان ساڵی فەتحی مەککە موسڵمان بوویەوە، ئەمە چیرۆکێکی زڕاوی هەیە ـ باسم کردووە ـ ئەوی زانراوە هەرچوار خەلیفە راشیدە، کە قورئان نوسیان بووە، بێگومان قورئانیان لە مەککە نوسیوەتەوە ئەوەی ئاشکرایە کە قورئان لە سەردەمی مەککە نووسراوەتەوە بە بەڵگەی چیرۆکی موسڵمانبوونی ئیمامی عومەر، کە

---

1 تهذيب ابن عساكر (3/4).
2 قادة الفتح الاسلام في أرمينية، ص (192).
3 المصدر نفسه.
4 البخاري، كتاب الفضائل القران رقم (4986).
5 البخاري، كتاب الفضائل القران رقم (8593).

دەچێتە ماڵی خوشکەکەی‌و سەیردەکا نووسراوێکی بەدەستەوەیە سورەتی (طه)ی تیا نووسراوە. خودای گەورە باش دەیزانی ئەم قورئانە پیرزە لە پەرتووکێکدا کۆدەکرێتەوە بۆیە دەیفەرموو: (**رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُو صُحُفاً مُّطَهَّرَةً**) (البينة: 2).

کاتێ پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی کرد، قورئان هەر هەمووی نووسرابووەوە، بەڵام لەیەك پەرتوکدا کۆنەکرابووەوە، لەسەر گەڵای (پەلی) دارخورماو بەردی سپی تەنگ‌و لە سنگی پیاوانیشدا دەرخ کرابوو، لەگەڵ ئەوەی، کە لە پەڕاو سنگدا هەڵگیرابوو، جوبرەئیل هەموو ساڵێ جارێ لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ دەوری دەکردەوە، ئەو ساڵەی کە کۆچی دوایی کردو ڕۆحی سپارد دووجار دەوری کردەوە لە گەڵیا[1]، پێدەچێ پێغەمبەر ﷺ قورئانی لەیەك پەراودا کۆنەکردبێتەوە لەبەر ئەوەی چاوڕوانی هاتنی شۆردنەوەی هەندێ حوکم یان هەندێ دەقی کردبێت کاتێ ئاکامی تەواوبوو، خودای گەورە سروشی کرد بۆ خولەفای ڕاشیدین هەستن بەم کارەو وەفایان هەبێ بەرامبەر ئەو بەڵێنە ڕاستەی کە خودا داویەتی بە ئوممەتی موحەممەد ﷺ کە پارێزگاری لەم قورئانە بکات بۆ ئوممەتی موحەممەد ﷺو پاراستنی خستووەتە ئەستۆی خۆی (جل جلاله)[2].

2. قۆناغی دووەم لە سەردەمی ئیمامی ئەبوبەکردا

ڕیزی موسڵمانە شەهیدەکانی شەڕی یەمامە زۆربەیان قورئان لەبەرەکان بوون، لە بەر خاتری ئەمە ئیمامی ئەبوبەکر هەستا ڕاوێژی کرد لەگەڵ ئیمامی عومەر بۆ کۆکردنەوەی قورئان، قورئانی لە پەلی دارخورماو پارچە ئێسك‌و پارچە کاغەزو سنگی پیاوان کۆکردەوە[3]، ئیمامی ئەبوبەکر ئەم کارە گرنگە مەزنەی سپارد بە هاوەڵی پڕشکۆ زەیدی کوڕی سابیتی ئەنصاری، زەیدی کوڕی سابیت خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: (ئیمامی ئەبوبەکر ناردی بە شوێنمدا بۆ شەڕی ئەهلی یەمامە چووم سەیرەکەم عومەری کوڕی خەتتاب لە لایەتی، ئیمامی ئەبوبەکر وتی: عومەر هاتووە بۆ لام دەڵێ لە ڕۆژی یەمامەدا زۆربەی قورئانخوێنەکان کوژراون‌و کوشتن دوڕێنەی کردون، منیش ترسی ئەوەم هەیە قورئانخوێنەکان گشتیان بە کوشتن بچن، لە گۆڕەپانی شەڕداو زۆربەی ئایەتەکانی قورئانمان لە کیس بچێ، من پێم باشە لیژنەیە دروست بکەین بۆ کۆکردنەوەی قورئان، منیش وتم: بە ئیمامی عومەر چۆن کارێك دەکەیت کە پێغەمبەر ﷺ نەیکردووە؟ عومەر وتی: وەڵڵاهی ئەمە کارێکی خێرە، عومەر وازی لە ڕوونکرنەوە نەهێناو بۆی شیکردمەوەو هەتا سنگم فراوان بوو بۆ ئەو کارەی کە سنگی عومەری بۆ فراوان بووە.

ئەو ڕێنماییانەم بەدی کرد، کە عومەر بەدی کردبوو، زەید دەڵێ: ئیمامی ئەبوبەکر وتی: ئەی زەید تۆ پیاوێکی گەنج‌و ژیری‌و لەتۆ شیاوترمان نییەو تۆش نیگات نووسیوەتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ جا شوێن دۆزی قورئان بکەو بیچنەوەوەو کۆی کەرەوە، زەید وتی: وەڵڵاهی کەژێ لە کەژەکان بگوازمەوە بەلامەوە سوکترە لەوەی ڕوم لێ بنێن قورئان کۆبکەمەوە، گەڕا بەدوای قورئانداو لە پەلی دارخورماو تاشە بەردو سنگی پیاوان‌و چەرم‌و تەختەو ئێسقانەکان چنییەوەو کۆی کردەوە، دەڵێ: لای ئەبی حوزەیفەی ئەنصاری دواهەمین سورەتمان کە سوورەتی تەوبەیە دەست کەوت‌و لای غەیری ئەو نەبوو (**لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ**) (التوبة: 128)، هەتا سورەتەکە تەواو دەبێت، ئەو پەرتوکە قورئانە لای ئەبوبەکر بوو، هەتا کۆچی دوایی کرد، پاشان لای عومەر بوو هەتا کۆچی دوایی کرد، پاشان لای حەفصەی کچی عومەر مایەوە[4].

قۆناغی دووەمی کۆکردنەوەی قورئان لە ئەنجامی هەندێ هۆ هاتە ئاراوە:

---

[1] البخاري، كتاب الفضائل القران رقم (4998).
[2] المدينة النبوية فجر والعصر الراشدى، ص (240)، نقلا عن فتح الباري (12/9).
[3] حروب الردة وبناء الدولة الاسلامية ـ أحمد سعيد، ص (145).
[4] البخاري، رقم (4986).

أ ـ كۆكردنەوەی قورئانی پیرۆز لە ئەنجامی ترسان لە تیاچوونی قورئان بە بۆنەی مەرگی ژمارەیەكی زۆر لە قورئانخوێنەكان لە شەڕی هەڵگەڕاوەكاندا، ئەمە بەڵگەیە، كە قورئانخوێن‌و زانایانی ئەودەمە لە پێشی خەڵكەوە بوون بۆ كرداری چاكەو جیهادكردن، بۆ بەرزكردنەوەی قوربی ئیسلام‌و موسڵمانان بە ڕەفتارو هزرو شمشێرەكانیان ئەوانە باشترینی دەستەی ئوممەت بوون پێویستە شوێن پێشیان هەڵبگرین.

ب ـ كۆكردنەوەی قورئان لەسەر بنەمای (بەرژەوەندی گشتیی‌و بەربلاو) هاتە گۆڕێ، بەڵگەشمان وتەكەی ئیمامی عومەرە كە وتی بە ئیمامی ئەبوبەكر،وەختێ ئەبوبەكر پرسیاری لێكرد چۆن ئیشێك بكەین، كە پێغەمبەر ﷺ نەیكردبێت، وتی: (ئەمە خێرو چاكەیە)، لە هەندێ ریوایەتدا هاتووە كە ئیمامی عومەر پێی وتووە: (ئەم كارە خێرەو بەرژەوەندیی موسڵمانانی تێدایە)، ئیمامی ئەبوبەكریش هەمان وەڵامی زەیدی كوری سابیتی دایەوە كاتێ هەمان پرسیاری لێكرد، ئەگەر ئەم ریوایەتە ڕاست بێت، كە وشەی (بەرژەوەندی) تیایە یان ڕاست نەبێ وەكو یەك وایە، چونكە گوزارشت دانەوە ـ پاساودانەوە بە وشەی (خێرو چاكە) خودی مانای بەرژەوەندییش هەڵدەگرێت لە ڕاستیشدا كۆكردنەوەی قورئان بەرژەوەندیی موسڵمانانی تێدایە، سەرەتای ئەم كارە لەسەر (بەرژەوەندیی گشتیی‌و بەربلاو) بنەڕەتەكەی دامەزرا، پاشان كۆدەنگی (ئیجماع)ی لەسەر بەسترا دوای ئەوەی هەموو لایەك دانی پیادا ناو بڕیاریان دا بە قسەی ڕاشكاو یان دركاو، ئەم كارەش كاری كۆكردنەوەی قورئانە، بەڵگەیە لەسەر دروستێتی (بەرژەوەندی گشتیی‌و بەربلاو) وە بكرێتە پەیژەیەك بۆ گەیشتن بە كۆدەنگی، ئەمە بە نیسبەت ئەوانەی دەیكەن بە بەڵگە، هەروەها لە پەڕاوەكانی ئسوڵی فیقهدا بڕیاری لەسەر دراوەو ئاماژەی پێكراوە[1].

ج ـ تایبەتمەندییە بنچینەییەكانی زەیدی كوڕی سابیت چیبوو، كە ئەم كارە گرنگەی پێ سپێردرا.

ئیمامی ئەبوبەكر زەیدی كوڕی سابیتی هەڵبژارد بۆ ئەم كارە زۆر گرنگە، چونكە ئەم تایبەتمەندییە بنچینەییانەی تیا بەدی دەكرد، بۆ ڕێكخستنی ئەم كارە:

أ ـ ئەودەمە زەید گەنج بوو، تەمەنی (21) ساڵ بوو زۆر چالاكبوو، بۆیە ئەم خواستەی لێی داوا كرا.

ب ـ لەبەر ئەوەی زۆر دەركەوتوبوو بە باشی قورئانی دەرخ كردبوو، یەكێ بوو لەوانەی كە خودای گەورە ئاوەزاێكی ترازی پێ بەخشیبوو ڕێگەی چاكەی بۆ ئاسان كردبوو.

ج ـ لەبەر ئەوەی جێگەی متمانەبوو قەت لە جێگەی تۆمەت‌و گومانا نەبووە كارەكانی رەوا بووەو دەروونی خەڵكی ئۆقرەی گرتبوو بەرامبەری، دڵیان پێی خۆشبوو.

د ـ خۆی نووسەری نیگا بوو زانیاری باش‌و لە مێژینەی هەبوو لەم بوارەداو بەكردەوە ئەم كارەی مومارەسە كردبووەو نامۆ نەبوو لەم كارەدا، یەكەمجاری نەبوو[2].

هـ ـ لەگەڵ ئەمانەشدا یەكێك بووە لەو چوار كەسەی كە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ قورئانیان كۆكردووەتەوە، لە قەتادەوە هاتووە دەڵێ: پرسیارم كرد لە ئەنەسی كوڕی مالیك، كێ قورئانی كۆكردەوە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ؟ وتی: چوار كەسبوون، هەرچواریان ئەنصاری بوون، ئوبەی كوڕی كەعب‌و موعازی كوڕی زەیدو زەیدی كوڕی سابیت‌و ئەبو زەید[3]، ئەو شێوازەی كە زەیدی كوڕی سابیت گرتبوویە بەر بۆ كۆكردنەوەی قورئان هیچ ئایەتێكی قورئانی وەرنەگرت هەتا بە نوسراوی نەیدیبێ لە سەردەم لە بەردەستی پێغەمبەردا ﷺ نەنووسرابێت‌و هاوەڵانیش لەبەریان نەكردبێت، هەرگیز بەلەبەركراوی وازی نەهێناوە بە نووسراوی نەبێت لە ترسی ئەوەی نەوەكو لە دەرخكردنەكەدا هەڵە یان ئەندێشەی تێكەوتبێ، دوبارە هیچ ئایەتێكی لەكەس وەرنەگرتووە، كە بۆی هێنابێ، هەتا دوو شاهید شایەتییان بۆ نەدابێت، كە ئەم

[1] الاجتماع في الفقه الاسلام، ـ عبدالسلام السليماني، ص(127)
[2] التفوق والنجابة على نهج الصحابة حمد العجمي، ص (73).
[3] سير اعلام النبلاء الامام الذهبي (431/2).

ئایەتە لەبەردەستی پێغەمبەردا ﷺ نووسراوەتەوەو بەو شێوەشە کە هاتووەتە خوارەوە[1]، زەید لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوامبوو بۆ کۆکردنەوەی قورئان، زۆر سڵی دەکردەوە زۆر وردبوو لە پشکنینو تێرامانیدا[2].

جیاوازی نێوان نووسراوەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺو سەردەمی ئەبوبەکر

جیاوازی نێوان نووسراوەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺو نوسراوەکانی سەردەمی ئیمامی ئەبوبەکر: قورئان لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ نوسرابووەوە، بەڵام پارچە پارچە بوو، لە کاغەزو تەختەو پەلی دارخورماو قوماشو توێکڵو کەرەسەی تر نوسراوە هەموو ئایەتەکانی پێکەوە کۆنەکرابووەوە لەیەك سورەتو سیپارەدا، بەڵام کۆکردنەوەکەی سەردەمی ئەبوبەکر لە نووسینەوەی قورئان ئەوەبوو هەموو سورەتێك لە پەڕاوێکدا نوسرایەوەو سورەتەکان ڕێکخرانو ئایەتەکان بە گوێرەی ئەو شێوەیەی لەبەردەم پێغەمبەردا ﷺ لەبەریان کردبوو، ڕێکخستنی هەر سورەتێکیان لە پەڕاوێکدا نووسییەوە، ئەرکی زەیدی کوری سابیتیش ئەوەبوو نووسراوەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لە پەرتوکێکدا بنووسێتەوە، هەر سورەتێ ئایەتەکانی ڕێکبخاتو یەك لەدوای یەك بە جەختلێکراویو چەسپاوی[3].

3ـ قۆناغی سێیەم لە کۆکردنەوەی قورئاندا لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا

یەکەم: هۆکاری کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی ئیمامی عوسمان، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هاتووە، کە حوزەیفەی یەمانی هاتە خزمەتی ئیمامی عوسمان لە کاتی فەتحی ئەرمینییەو ئازربیجان کە ئەهلی عێراق کردیان، خوزەیفە زۆر لێوبەباربوو، چونکە خەڵکی جۆراوجۆر قورئانیان دەخوێندەوە، بۆیە حوزەیفە وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەم ئوممەتە خەریکە لە کتابەکەی خودای گەورەدا ناکۆکی تێ دەکەوێت، وەکو ناکۆکییەکەی گاورو جوولەکە، ئیمامی عوسمانیش نامەی نارد بۆ لای حەفصەی کچی عومەر کە ئەوپەرتوکە قورئانەی لایەتی بۆمان بنێرێ، هەندێ نوسخەی لەبەر دەگرینەوەو بۆی دەنێرینەوە، حەفصەش ناردی بۆی، ئیمامی عوسمان ئەمری کرد بە زەیدی کوڕی سابیتو عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرو سەعیدی کوری عاصو عەبدوڕڕەحمان کوڕی حاریس کە نوسخەی لەبەر بگرنەوە، ئیمامی عوسمان وتی: بەم تاقمە قورەیشیانە: ئەگەر ئێوە لەگەڵ زەیدی کوڕی سابیت ناتەباییتان بۆ دروست بوو لە شتێکی ئەم قورئانەدا ئەوکاتە بە زمانی قورەیش بی نووسن، چونکە قورئان بە زمانی ئەوان هاتووەتە خوارەوە سا ئەوانیش وایان کرد هەتا چەند نوسخەیان لەبەری پەرتوکە قورئانەکە گرتەوە، پاشان عوسمان پەرتوکەکەی گەڕاندەوە بۆ حەفسە، پاشان بۆ هەر قوڵێ نوسخەیەك لەو پەرتوکەی ڕەوانە کردو فەرمانی کرد هەر پەڕاوو پەرتوکێکی تر کە قورئانی تیا نوسراوە بیسوتێننو ئەم قورئانە لای خۆیان بیهێڵنەوە[4].

لەم گفتوگۆ ڕاستو دروستە حوزەیفەو ئیمامی عوسمان ئەم خاڵانە وەردەگرین:

أ ـ ئەو هۆکارەی کە عوسمانی هەڵنا قورئان کۆبکاتەوە هەرچەند بەڕێکوپێکی کۆکرابووەوە لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا، بریتی بوو لە جیاوازیو ناکۆکی خوێندنەوەی قورئان لە لایەن موسڵمانە خوێنەوارەکان تەنانەت ناکۆکی لە خوێندنەوەیدا نزیك بوو سەر بکێشێت بۆ مەترسیدارترین ئاژاوەو دووبەرەکی لە کیتابەکەی خودای گەورەدا، کە بناغەی شەریعەتەو کۆڵەکەی دینەو بنەڕەتی تەلاری ئوممەتە بۆ سیاسەتو ڕەوشتو کۆمەڵایەتی، هەتا وای لێهاتبوو هەندێ لە قورئانخوێنەکان دەیان وت بەواتی تر: خوێندنەوەکەی من لە خوێندنەوەکەی تۆ باشترە، بۆیە حوزەیفە دڵەخورپە دای گرتو بە هەڵەداوان هات بۆلای خەلیفەو پێشەوای موسڵمانانو داوای لێکرد فریای ئوممەت بکەوێت بەرلەوەی تووشی ناکۆکیو دووبەرەکی بنو بە شەڕبێنو کار لەکار بترازێو فیتنەی بۆ هەڵگیرسێو دەسکاری دەقی قورئانەکە بکرێتو ئایەتو

[1] التفوق والنجابة على نهج الصحابة، ص(74).
[2] الانشراح ورفع الضيف بسيرة أبي بكر الصديق للصلابي، ص (206).
[3] المدينة النبوية فجر الاسلام والعصر الراشدي (241/2).
[4] البخاري، كتاب فضائل القران رقم (4987).

وشەكانی لە ڕێگەو جێگەی خۆی، لابدرێت، وەكو لە نێو گاورو جولەكەكان ڕوویداو هەرگەلێ لەوی تر جودا بوویەوە كتابی بۆ خۆی داڕشت.

ب ـ ئەم گفتوگۆ ڕاستەو دروستە گومان برە كە قورئانی پیرۆزی لەیەك پەرتووكدا كۆكردەوەو بەیەك نەبڕدا هۆندییەوە لەسەر یەك شێوەزار ڕێكیخست، هەمووو ئوممەتی ئیسلام بە چاكی ڕێككەوتوون لەسەری قبوڵیان كردووە، ئەو نووسراوەی لەم پەرتووكەدایە خودی ئەو قورئانەیە كە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بیستراوەو وەرگیراوە وەكو ئەو قورئانە وایە كە دەستپاكی نیگاهێنەر (جوبرەئیل) هێناویەتی، ئەم پەرتوكە قورئانەش لە ژێر چاودێری خەلیفەی یەكەم ئەبوبەكری صدیقدا كۆكراوەتەوەو نوسراوە، پاشان داویەتی بە دەستی عومەری كوڕی خەتاب دوای خۆی، كاتێ عومەر ئاكامی نزیكبوویەوەو دەسەڵاتی خەلافەتیشی نەدابووە دەست كەسێكی دیاریكراو، بەڵكو كارەكەی كرد بە ڕاوێژكردن دەستەیەك هاوەڵی هەڵبژارد، كە پێغەمبەر ﷺ لێیان ڕازی بوو، وەسیەتی كرد ئەم پەرتوكە قورئانە بدەنە دەستی حەفصەی دایكی ئیمانداران، ئیمامی عوسمانیش لە كۆكردنەوەو نووسینەوەی قورئاندا سەرنجی خستبووە سەر ئەم پەرتووكەو پەرتووكی ڕەسمیی و سەرتاسەری لێ گرتەوەو فەرمانی كرد بە چوار قورئان خوێنی ناودار، كە بە وردی قورئانیان لەبەربو بە باشی پیتەكانیان دەردەبڕی و بە جوانی دەیانخوێندەوە لە شیكردنەوەو زاراوەكەی تێگەیشتبوون، سیانیان قورەیشی و یەكیان ئەنصاری بوو، ئەویش زەیدی كوڕی سابیت بوو كە خاوەنی كۆكردنەوەی یەكەمە لە سەردەمی ئەبوبەكردا بە ئاشێرەی ئیمامی عومەر قورئان بكەن بەیەك شێوەزار، لە هەندێ ڕیوایەتدا ئەو كەسانەی كە ئیمامی عوسمان فەرمانی پێكردن، ئەم قورئانە بنووسنەوە دوانزە پیاو بوون ئوبەی كوڕی كەعب و ئەوانی تر قورەیش و ئەنصاری بوون[1].

ج ـ دەرەنجامەكەی ئەمەیە: فتوحات لەسەردەمی ئیمامی عوسماندا بە مۆڵەت وەرگرتن بووەو فەرمانی لەسەردراوە، بڕیاری سەربازی لە مەدینەوە دەرچووەو هەمووو لایەنەكانی ئیسلام گوێ لە مشتی فەرمانی خەلیفە بوون ئەمەش بەڵگە لەسەر كۆدەنگی هەموو هاوەڵان و شوێنكەوتوان لە هەموو هەرێمەكاندا كە خەلافەتی ئیمامی عوسمان تەواوەو بێخەوشەوە، بە پەلە هاتنی حوزەیفەی یەمانی بۆ مەدینە بۆ نەهێشتن و قەلاچۆكردنی ناكۆكی خەڵكی لە خوێندنەوەی قورئاندا، هەروەها بەڵگەشە كە بابەتە شەرعییە گەورەكان ڕاوێژی خەلیفەی بۆ دەكرا لە مەدینە، شاری مەدینە بەردەوام هێلانەی سوننەت و مۆڵگەی هاوەڵە شەرعزانەكان بووە[2].

دووەم: ڕاوێژكردن بەهاوەڵان بۆ كۆكردنەوەی قورئان

ئیمامی عوسمان موهاجیرین و ئەنصاری كۆكردەوەو ڕاوێژی پێكردن و چەندین چاوساغی ئوممەت و پێشەوای بلیمەت و هاوەڵی بەماریفەتی گاز كرد، وە لە سەروی هەمووشیانەوە عەلی كوڕی ئەبی تالیب و ئیمامی عوسمان ئەم پرۆژەی خستە بەرچاوی هەڵبژێردراوانی ئوممەت و سەرداره ڕێنیشاندەرەكان و لەم كارە بكۆڵنەوەو تاوتوێی بكەن، شرۆڤەیان كردو لەگەڵ یەكتر پەیڤین بۆ ئەوەی بۆچوونی یەكتر بزانن و بە گەرمی هاتن بە پیر بۆچوونەكەی ئیمامی عوسمانەوە بە ئاستەم درزێ نەبوو گومان بچێتە دڵی ئیماندارانەوە، لەم پرۆژەیەدا لە هەر چوار قورنەی زەویدا بەستنی ئیجماعی هاوەڵان ئاشكرا كرا بۆ خەڵكی، بەهیچ كلۆجێ لەو ڕۆژەدا كەسێ دەرنەكەوت پێچەوانەو دژی ئەم كارە بێت تاقە كەسێ نییە نەیاری كردبێت، چونكە قورئان لە تاكەكانی ئوممەت شاراوە نییە، چ جای ئەوەی لە زاناو پیشەوای هەڵكەوتووی ئوممەت[3]، ئیمامی عوسمان لە كۆكردنەوەی قورئاندا شتێكی تازەی دانەهێناوە، بەڵكو بەر لە ئەم ئەبوبەكر ئەمەی كردبوو، وە بە بۆچوونی دەروونی خۆی نەیكرد بە ڕاوێژی هاوەڵان كردی و ڕەزامەندییان دەربڕی و وتیان بۆچوونەكەت زۆرباشە، دووبارە

---

[1] عثمان بن عفان صادق عرجون، ص (171).
[2] المدينة النبوية فجر الاسلام والعصر الراشدى (244/2).
[3] عثمان بن عفان صادق عرجون، ص (175).

وتیان زۆر جوانە، واتە: کۆکردنەوەی قورئان لە چەند نوسخەیەکدا بە یەك زار[1]، موصعەبی کوڕی سەعد گەشت بە هەندێ هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ کاتێ ئیمامی عوسمان فەرمانی کرد پەرتوکەکانی تر بسوتێنن، دەبینێ ئەم کارەیان بەلاوە سەیرەو واقیان وڕماوە[2]، ئیمامی عەلیش نەهی کرد لەوانەی رەخنەیان دەگرتو گلەییان دەکرد، وتی: (ئەی خەڵکینە بێز مەکەن لە عوسمانو قسەی چاك نەبێت هیچی تر مەڵێن وەڵڵاهی ئەم کارەی لە خۆیەوە نەکردووە کۆمەڵێ زانای شارەزای لە ئێمە کۆکردەوەو ئینجا ئەم کارەی کرد، وەڵڵاهی منیش ببمە خەلیفە ئەوکارەی ئەو دەکەم[3]، دوای گردبوونەوەی ئەم کۆمەڵە بەڕێزە کە باشترین مرۆڤی ئومەتەن لەسەر یەك قورئانی و یەك زاری پیرۆز کارەکە ڕۆشن بوویەوە بۆ گشت لایەك تەنیا بۆ هەوەسباز نەبێت، وە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك رازی بێت بەم ئیشەی کە ئیمامی عوسمان ئەفراندیو قورئانی پێ پارێزرا[4].

قورتوبی لە کتێبی تەفسیرەکەیدا دەڵێ: ئیمامی عوسمان ئەم کارەی کرد (قورئانی لەبەر قورئانەکەی حەفصە گرتەوەو بەیەك شێوەو بەیەك نوسخە بەهەرچوارلادا بڵاویکردەوەو نووسینەکانی تری سوتان)، دوای ئەوەی کە موهاجیرینو ئەنصارو کەڵەپیاوانی ئیسلامی کۆکردەوەو راوێژی پێکردن، ئەوانیش رێککەوتن لەسەر ئەم خوێندنە ناسراوە باوەی ئێستا، کە بە راستیو سابیتی لە پێغەمبەر ﷺ وەرگیراوەو بیستراوە، غەیری ئەم شێوازەیان خستە لاوە، هەموویان بۆچوونەکەی عوسمانیان بە راست زانی، چونکە بۆچونێکی فزەبڕو هاوجوتی ئیسلام بوو[5].

جیاوازی نێوان کۆکردنەوەی ئەبوبەکرو کۆکردنەوەی عوسمان

ئیبنو تین دەڵێ: (جیاوازی نێوان کۆکردنەوەی ئەبوبەکرو کۆکردنەوەی عوسمان ئەوەبوو، کۆکردنەوەی ئەبوبەکر ئەوەبوو دەترسا شتێ لە قورئان نەمێنێ بە هۆی نەمانی هەڵگرەکانییەوە، چونکە ئەوکاتە لە یەك شوێنو پەڕاودا کۆنەکرابووەوە هەستا لە چەند پەڕاوێکی رێکوپێکدا ئایەتی سورەتەکانی کۆکردەوەو بەوپێیەی کە لە پێغەمبەر ﷺ وەریسانگرتبوو، بەڵام کۆکردنەوەی ئیمامی عوسمان لەبەر ئەوەبوو ناکۆکی دروست بووبوو لە خوێندنەوەی قورئانداو هەرکەس بە جۆرێ دەیخوێندەوەو هەتا هەرکەس بەو شێوەزاری خۆی دەیخوێندەوە، زارەکانیش چەند زۆرن ئەمە وای کردبوو هەندێ دەیوت بە هەندێکی تر خوێندنەوەکەی تۆ هەڵەیە، بۆیە ترسا کار لەکار بترازێ، نوسخەی گرتەوە لەو پەرتوکە قورئانەو کردی بە یەك جۆر قورئانو سورەتەکانی رێکخستو هەموو زارەکانی خستە لاوەو بە قورسی هاتە سەرشێوەزاری قورەیش بە بیانووی ئەوەی قورئان بەم زاراوە دابەزیوە هەرچەند لە سەرەتای دابەزینی قورئاندا خوێندنەوەی قورئان فراوان بوو بە زارەکانی تر دەخوێنرایەوە، بۆ ئەوەی گازندەو ئەستەمی دروست نەبێت، عوسمان زانی ئەو پێویتسییەش نەماوە قورئانی خستە سەر یەك شێوەزارو قەتیسی کرد، قازی ئەبوبەکری باقلانی دەڵێ: ئیمامی عوسمان نەیویست خودی ئەم قورئانە لە نێوان دووبەرگدا کۆبکاتەوە، بەڵکو ویستی خودی ئەم قورئانە لە سەر شێوازی خوێندنەوەو زاراوە سابتەکانی پێغەمبەر ﷺ کۆبکاتەوە، هەرچی ترە هەڵوەشێنێتەوەو بچنە سەر پەرتوکە قورئانێك کە پێشخستنو دواخستنی ئایەتی تیا نەبێتو چەمكو ماناکەی وەکو رۆژی دابەزینی بمێنێتەوە نووسینی ئایەتەکانی نەشێوێنرێت هەستا بە پیت و دەنگو شێوەزاری قورەیشی وێنەی گرتو بە ئایەت جێگیری کردو خوێندنەوەو لەبەرکردنی فەرز کرد، ترسی ئەوەی گەندەڵیو سۆی تێنەکەنەوێت دوای خۆی.

حارسی موحاسبی دەڵێ: لای خەڵکی وا باوە کە ئیمامی عوسمان کۆکەرەوەی قورئانە، بەڵام وانییە، بەڵکو عوسمان خەڵکی خستە سەر یەك شێواز خوێندنەوە لەسەر بۆچوونی خۆیو سەرجەم موهاجیرینو ئەنصارەکان هەستان کۆبوونەوەو

---

[1] فتنة مقتل عثمان بن عفان (78/1).
[2] التأريخ الصغير للبخاري (94/1)، اسناده حسن لغيره.
[3] فتح الباري (18/9)، اسناده صحيح.
[4] فتنة مقتل عثمان بن عفان (78/1).
[5] الجامع الأحكام القران (88/1).

راوێژیان کرد له ترسی ئاژاوەو فەرتەنەی ئەهلی عێراق‌و ئەهلی شام کاتێ ناکۆکی کەوتە نێوانیان لەسەر پیتەکانی خوێندنەوەی قورئان، بەڵام پێش ئەم مشتومڕە قورئان بە ڕێنووس‌و خوێندنەوە جیاوازەکان دەخوێنرایەوەو بەو حەوت جۆرە خوێندنەوە ئازادەی کە قورئانی پێ هاتە خوارەوە دەوترایەوە، پاشان ئەو کەسەی کۆی کردەوەو دەرزەنی کردو ڕشتەی بۆ کرد ئەبوبەکری صدیق بوو، پاشان ئیمامی عوسمان، ئیمامی عەلی دەڵێت: (ئەگەر منیش ببە خەلیفە ئەوکارەی کە عوسمان کردی بە پەرتوکە قورئانەکان منیش دەمکرد)، واتە هەمموویم لەسەریەك شێواز دەچەسپاند[1].

قورتبی دەڵێت: ئەگەر بوترێ بۆ ئیمامی عوسمان خەڵکی کۆکردووەتەوەو ریزیکردن لەسەر یەك پەرتوك‌و یەك شێواز خوێندنەوە؟ خۆپێشتر ئەبوبەکر ئەمەی کردووەو لەم کارە بووەتەوە؟ پێی دوترێ عوسمان نەی ویستووە بەو کارە خەڵکی کۆ بکاتەوە لە هۆنینەوەی یەك پەرتوکی قورئان، بەڵکو ئەنێرێ بە دوای پەرتوکەکەی حەفصەداو دەڵێ ئەوپەرتوکەمان بۆ بنێرە با برێ نوسخەی لەبەر بگرینەوەو دەیگەڕێنینەوە بۆت؟ عوسمان ئەم کارەی لەبەر ئەوە کرد خەڵکی ناکۆکی کەوتبوە نێوانیان لە شێوەی خوێندنەوەی قورئاندا بەهۆی پرش‌و بڵاوی زانایان‌و هاوەڵان بە شارەکاندا ئەم ناکۆکییەش تاوی سەندبوو جیایی‌و شوبهە هەڵژنابوو، لە نێوان ئەهلی عێراق‌و ئەهلی شامدا ئەو رووداوە روویدا کە حوزەیفە گێڕایەوە[2].

سێیەم: ئایا پەرتوکە قورئانەکەی عوسمان لەسەر هەر حەوت پیتەکە بوو هەموویانی دەگرتەوە؟

شێخی لیکۆڵەر (صادقی عرجون رای وایە کە پەرتوکەکەی صدیق لە بنەڕەتدا کراوەتە پەرتوکی پێشەنگ‌و ئەسڵی‌و ئیجماعی موسڵمانانی لەسەر بەستراوە، حەوت پیتەکەی گرتووەتە خۆی کە لە فەرمودەی صەحیحدا هاتووە ئاشکرایە قورئان بەو حەوت پیتە دابەزیوە، بەڵام لەسەریەك پیت نوسراوەتەوە ئەو پیتەشیان هەڵبژاردوە کە عامەی پاشین (خەلەف) دەیانخوێندەوەو دەیانوتەوە پێغەمبەریش ﷺ لە کۆتایی ژیانیدا ئۆقرەی لەسەر گرتبوو، ئەم حەوت پیتەی کە قورئانی پێدەخوێنرێ، یەکەم بۆ ئاسانکاری ئوممەت پەیدا بوو، پاشان حوکمەکەی هەڵگیرا کاتی قورئان بڵاوەی کردو خەڵکی هەمە جۆر هاتن بە ناو یەکداو هەر یەکێ بە زارێ قسەی دەکرد، ئیتر کاری پێنەکرا.

ئیمامی تەحاوی دەڵێ: (خوێندنەوەی قورئان بە حەوت پیتی جیاواز دەست شل کردن بوو بۆ خەڵکی لە پیتەکاندا، چونکە نەیان دەتوانی لە قورئان تێبگەن بە شێوەزاری خۆیان نەبوایە لەبەر ئەوەی نەخوێنەواربوون‌و کەمێکیان نەبێ سەوادیان نەبوو، کاتێ سەیرکەن بۆ خاوەن زارەکانی تر سەختە قورئانەکە بگۆڕی بۆ زارەکەی خۆی ئەگەر ئەمەش ڕەوا بوایە، چونکە نەیدەتوانی سازی کات بە نارەحەتییەکی دژواتر نەبوایە، بۆیە وەلا نرا دەربرینی قورئان بە گوتنی جیا جیا بۆ فراوانخوازی هاتە ئاراوە بە مەرجێ ماناو مەبەستەکەی تێك نەچێت، وە بەمجۆرە مایەوە هەتا زۆربەی زۆریان نوسییانەوە بە زاری خۆیان، بەڵام هەموو زارەکانیان گێڕایەوە بۆ زارو زمانی پێغەمبەر ﷺ بەم گەزە پێوایان بۆ ئەوەی دەربرین‌و ئاخاوتنەکەی پارێزراو بێت ئیتر دەرفەتیان نەما پێچەوانەی ئەم شێوە زارە بیخوێننەوە، ئیبن‌و عەبدول بیر دەڵێ: (ماوەیەك بە حەوت پیت دەخوێنرایەوە (بە زاری جیاواز جیاواز) ئەمە بۆ کاتێکی تایبەت‌و زەرورەتێك بوو وای دەخواست، پاشان ئەم زەرورەتە هەڵگیراو حوکمی ئەم حەوت پیتەش هەڵگیراو قورئان گەڕایەوە سەریەك پیت‌و بە یەك زار دەخوێنرایەوە[3]، تەبەری دەڵێت: (خوێندنەوەی قورئان لەسەر حەوت پیتی جیاواز واجب نەکراوە، لەسەر ئوممەت بەڵکو مۆڵەتە و روخستە بۆیان، کاتێ هاوەڵان بینییان ئوممەت وا خەریکە دووبەرەکی‌و ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان‌و لەسەریەك پیت‌و یەکجۆر خوێندنەوە رێکناکەون هەستان کۆدەنگییان بەستوو یەکدەنگی‌و کۆڕاییان گرێدا لەسەر یەك شێوازی قورئان، بێگومان کۆدەنگی ئەمانەش بە هیچ شێوەیەك گومڕایی تیا نییە[4]، ئەم پیتەی کە قورئانی پێ نوسرا کۆدەنگی گومان بڕی لەسەر

---

[1] عثمان بن عفان، صادق عرجون، ص (178).
[2] الجامع لأحكام القران (87/1).
[3] عثمان بن عفان، صادق عرجون، ص (180).
[4] المصدر نفسه.

کراوە هەمموو قورئانەکانی تر لەمەوە نقلّ کراوە، هەر حەوت جۆرە خوێندنەوەکەی کۆکردووەتەوە لە یەکجۆرداو جۆرەکەشی ئەمەیە، کە دەیناسین‌و دەیخوێنینەوەو بە دەماو دەم نقلّ کراوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هەرچەند ئەو خوێندنەوانەی، کە لە فەرمودەدا هاتووە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە نییەو بەم پیتانە نەنوسراوە)[1].

قورتوبی دەڵێت: (زۆربەی زاناکانمان وەکو داودی‌و ئیبن‌و ئەبی صوفرەو جگە لەمانەش دەڵێن ئەو حەوت جۆرە خوێندنەوەیەی کە دەدرێتە پاڵی حەوت قورئان خوێنەکە ئەو حەوت جۆرە خوێندنەوەیە نییە کە هاوەڵان روخسەتیان پێدراوە، بە راستی قورئان گەرێنرایەوە سەر یەك پیت لەو حەوت پیتەو پیتەکەش ئەوەیە کە قورئانی لەسەر کۆکرایەوە[2]، نزیکترین بۆچوون لە چەمکی ئێمەوە ـ بە بڕوای خۆمان ـ لە مانای پیتەکاندا ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ: (ئەم پیتانە پاراوترین‌و ناسراوترین زاری عەرەبن، کە قورئانی پێ نەخشێنراوە، قاسمی کوڕی سەلام‌و ئیبن‌و عەتیەو کۆمەڵێ لەکەڵە پیاوان رایان وایە)[3].

چوارەم: ژمارەی ئەو پەرتوکە قورئانانەی کە ئیمامی عوسمان ناردی بۆ شارەکانی

کاتی ئیمامی عوسمان لە کۆکردنەوەو لەبەر گرتنەوەی پەرتوکە قورئانەکان بویەوە بۆ هەر ئاسۆیەك قورئانێکی رەوانەکردو فەرمانی پێکردن هەر قورئانێ پێچەوانەی ئەم نێردراوەیە بە جۆرێکی تر نووسراوە بیسوتێنن، جیاوازی هەیە لە ژمارەی ئەو قورئانانەی کە پەخشی کردووەو بەسەر شارەکاندا دەڵێن چواردانەبوو زۆربەی زانایان لەسەر ئەم ژمارەیە کۆڕان، دەڵێن پێنج دانەبووە، دەڵێن شەش دانەبووە، دەڵێن حەوت دانە بووە، دەشڵێن هەشت دانەبووە، ئەوەی کە دەڵێ چوار دانەبووە، قورئانێکی لە مەدینە هێشتووەتەوەو قورئانێکی ناردووە بۆ شام‌و یەکێکی بۆ کوفەو یەکێکی تریش بۆ بەصرە، ئەوەش دەڵێ پێنج دانەبووە، ئەو چوارەو یەکێکی بۆ خۆی داناوە بە تایبەت، بۆ شەش دانەکە ئیختیلاف هەیە دەڵێن یەکێکی ناردووە بۆ بەحرەین، بۆ هەشتەکەش دەڵێن ئەو قورئانە بووە، کە خۆی دەیخوێندەوەو وەختێ شەهید کرا لەبەردەستیابوو[4]، لەگەڵ هەمموو قورئانێکدا رێبەرێکی دەنارد بۆ ئەوەی خەڵکی شارەزای خوێندنەوەی بکات‌و بە گوێرەی ئەو وێنە پیتانە بی خوێنێتەوە، کە هەڵای واردووە پەسەندی کردووە، بەپێی فەرمودەی سەحیح‌و متەواتەر، عەبدوڵلای کوڕی سائیبی کردە هامڕای قورئانەکەی مەککە، موغەیرەی کوڕی شەهابی کردە هامڕای قورئانەکەی شام‌و ئەبو عەبدوڕڕەحمانی سەلەمی کردە هامڕای قورئانەکەی کوفەو عامری کوڕی قەیسی کردە هامڕای قورئانەکەی بەصرەو فەرمانی کرد بە زەیدی کوڕی سابیت بۆ مەدینەی بخوێنێتەوە[5].

پێنجەم: دژە هەڵوێستی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود بەرامبەر قورئانەکەی عوسمان نەسەلماوە گوایە ئیبن‌و مەسعود لەم کارەدا پێچەوانەو دژایەتی عوسمانی کردووە، هەرچییەك لەم بارەیەوە ریوایەت کراوە سەنەدەکانی پەڕپوتە ئەو ریوایەتانەش بەڕپوتە، کە ئەم باسەی ترنجانووەتە خۆی.

سەلماوە کە ئیبن‌و مەسعود گەڕاوەتەوە سەر رێککەوتنی هاوەڵان لە کۆکردنەوەی قورئانداو لاری نەبووە، بەو ئیجماعە تەنانەت هەستاوە لە ناو خەڵکدا مزگێنی ئەم کارەی داوەو فەرمانی پێکردوون بگەڕێنەوە سەر ئیجماعی موسڵمانان[6]، وتویەتی خودای گەورە هەرگیز زانست هەڵناپروکێنی لە دەستمان، وە هەرگیز خودای گەورە ئومەتی موحەممەد ﷺ لەسەر

---

[1] المصدر نفسه.
[2] الجامع الأحكام القران (79/1).
[3] الاتفاق للسيوطي (144/1 - 148).
[4] أضواء البيان في تأريخ القران، ص (77).
[5] المصدر نفسه (78).
[6] فتنة مقتل عثمان بن عفان (78/1).

گومڕایی کۆناکاتەوە، ئێوەش وەرنە سەر ئەو کارەی کە ئەوان کۆبوونەوە لەسەری، حەق ئەوەیە ئەوان لەسەری بوون، وە ئەم قسانەشی نووسیی بۆ ئیمامی عوسمان([1]).

ئیبن و کەسیر هێناویەتی کە ئیبن و مەسعود گەڕاوەتەوە بۆ هەماهەنگی ئەوان([2])، ئیمامی زەهەبیش جەختی لەسەر ئەم گەڕانەوە کردووەتەوەو دەڵێ: (واریدبووە کە ئیبن و مەسعود بەم کارە رازی بووەو شوێنی عوسمان کەوتووە سوپاس بۆ خوا([3])، چیتر ئاوڕ مەدەنەوە بۆ ئەو نوسراوەی تەها حسێن، کە نووسیویەتی لە باسی مەسەلەی نووسینەوەی قورئانو پەیوەندی عوسمان لەگەڵ ئیبن و مەسعوددا کە بە شێوازێکی ژەهراویی دایرشتووەو چەندین ئەتواری تیایە لە رۆژهەڵاتناسەکانی مامۆستای وەریگرتووە([4])، ئەوانەنیش پێیان لەسەر ڕیوایەتە پەڕپوتەکانو رافزەیەکان داگرتووە لە شێواندنو ئاڵۆسکاندنی پەیوەندیی نێوان هاوەڵان (ڕەزای خودا لەهەر هەموویان)([5])، ئیبن و مەسعود ئەو ئیبن و مەسعودەیە، کە نوێژی قەصری لە مونا واز لێهێنا لە ترسی ئەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی نەکەوێتەوە بە پێچەوانەوە شوێنپێی خەلیفەی هەڵگرت، ئایا چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێ بچێتە سەر مینبەرو خەڵکی هانبدات بۆ دووربەرەکیو ناکۆکی، لەهەمان کاتدا خۆی وتویەتی (دووبەرەکیو ناکۆکی شەڕە)([6])، مێژوونووسە رافزییەکان کۆمەڵێ ڕیوایەتیان هەڵبەستووەو داویانەتە پاڵ ئیبن و مەسعود، کە گوایە هەڵوەستەی کردووە بەرامبەر عوسمان دژایەتی کردووە، لەو درۆو دەلەسانەدا وا دەردەکەوێت هاوەڵان گرۆیەکی کینەبازو ناتەباو شڕەت بوون، پاشقولیان لەیەکداوەو زمانیان شڕبووە لە قسەکردندان ئەم ڕیوایەتانە قێزەونن لەبەردەم ڕەخنەی بابەتیو هێوردا خۆیان ناگرنو زەوقی ئیماندارو ئاوەزوی پێگەیشتوو ڕەفزی دەکاتەوە، رافزییەکان گومانی درۆو شایەتی دەلەسەیان دروست کردووە، کە ئیبن و مەسعود تەشەری لە عوسمان داوەو بە کافری زانیوە، عوسمانیش بڕیاری داوە ئەوەندەی لێی بدرێ هەتا دەمرێ، ئەمە درۆیەکی شاخدارە لەسەر ئیبن و مەسعود، زانایانی نەقڵ دەزانن ئیبن و مەسعود قەت عوسمانی تەکفیر نەکردووە، بەڵکو پاش ئەوەی بەیعەتی خەلافەتی دا بە عوسمان عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە مەدینەوە چوو بۆ کوفە کاتێ کە گەشتە ئەوێ سوپاسو ستایشی خودای گەورەی کردو پاشان وتی: ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب کۆچی دوایی کرد لەناومان هیچ رۆژێکم نەدیوە ئەوەندەی ئەو ڕۆژە لوشکەی گریان هاتبێ، ئێمەی هاوەڵانی موحەممەد ﷺ پاش سپاردنی ئیمامی عومەر.

کۆبووینەوە سەرمان نەلەقاندو دەستمان نەدا لە سنگمان بۆ باشترین کەسمان نەبێت کە بتوانێت ئەم ڕێگەیە بە باشی ببڕێو گت نەکات، هەر بۆیە بەیعەتماندا بە ئەمیری ئیمانداران عوسمانو ئەویش پەیمانی پێداین)([7]).

ئەم لێدوانە ڕۆشنە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پلەوپایە بڵندی ئیمامی عوسمان لە دڵی ئیبن و مەسعوددو سەرجەم هاوەڵاندا ئەو هاوەڵانەی کە خودای گەورە تاریفیان دەکاتو لێیان رازییە، زۆرچاك تێگەیشتبوون لە مانای (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً**)، وتەکانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود ڕاستو ڕەوان بوو حەقیقەتی لێڵ نەبوو سەیرەکەین چەند لە قەناعەتەوە هەڵقوڵابو لە هەستی خاوێنی دەرهاتبوو، نە لە ترسا نە لە زەلیلیدا نەی وتبوو، بەهەرەمەکی قسەی فڕێ نەدابوو بۆ فریودانو گۆڵمەز نەبوو یاخود بۆ ئەوە نەبوو پلەو پایەیەکی چنگ کەوێ لەم خەلافەتە تازەدا، ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستو روونە، کە قینێكو کینەیەك لە دڵی هیچکامیاندا نەبووە، بەرامبەر بە ئەوی تر،

[1] فتنـة مقتل عثمان بن عفان (79/1).
[2] البداية والنهاية (228/7).
[3] سير اعلام النبلاء (349/1).
[4] الفتنـة الكبرى (159/1).
[5] فتنـة مقتل عثمان بن عفان (80/1).
[6] عبدالل بن مسعود، عبدالستار الشيخ، ص (355).
[7] طبقات ابن سعد (63/3).

گەر شتێکیش ڕویدابێت لە پێناوی هەق و بەرژەوەندیی موسڵمانانندا بووە[1]، بە پەیژەی چەمکی ئامۆژگارییدا گوزەری کردووەو بە ئامۆژگاریی ڕەعیەت حساب کراوە، بەڵام ئەو تۆمەتانەی رافزییەکانو ئەڵقەلەگوێکانیان هەڵیدەبەستن کە ئیمامی عوسمان داویەتی لە ئیبنو مەسعود هەتا مردووە، ئەمە درۆیە بە یەکدەنگی هەموو ئەهلی عیلم.

ئەبوبەکری کوڕی ئەلعەرەبی دەڵێت: (لێدانکردنی ئیبنو مەسعودو بەخشیش لێگرتنەوەی قسەیەکی ناماقوڵەو شایەتی درۆیە[2]، رافزییەکان بۆیان نییە بە چیرۆکی ئیبنو مەسعود تانەو تەشەر بدەن لە عوسمان، چونکە نە لێی داوەو نە گرانی خستووەتە سەری، بە پێچەوانەوە ڕێزی لێ دەگرت و لە شوێنی مەزنی خۆی دایدەنا هەروەها ئیبنو مەسعود زۆر توندوتۆڵ بوو بۆ گوێڕایەڵی ئەو ئیمامەی کە بەیعەتی پێدابوو، قەناعەت و بڕواشی وابوو کە باشترین کەسە لەناو موسڵمانانندا، بۆیە بەیعەتی پێدا[3].

حەوتەم: تێگەیشتنی هاوەڵان لە ئایەتەکانی قەدەغەکردنی دوبەرەکی و ناکۆکی.

خودای گەورە دەفەرموێت: **(وَأَنَّ هَـذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) (الأنعام: 153)**، سیراتی موستەقیم واتە قورئانو ئیسلامو فرچك ئەو فرچکەی خودای گەورە ئادەمیزادی لەسەر ئەفراندووە، ڕێچکە واتە هەوەسبازیو بیدعەو کوتلەگەریو زیادەڕۆیی، موجاهید دەڵێ: **(وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ)** واتە بیدعەو گۆترەو گومانو گومڕایی[4]، خودای گەورە نەهی کردووە لەم ئوممەتە کە وەکو گەلانی پێشوو بکەونە داوی دووبەرەکی و ناکۆکی و تیرەگەری سەرەڕای ئەوەی بەڵگەی ڕۆشنمان بۆ هاتووەو کیتابمان لە لایەن خوداوە بۆ دابەزیوە، خودای گەورە دەفەرموێ: **(وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ) (آل عمران: 105)**، هەروەها نەهی کردووە لە ئوممەت وەکو موشریکین بن ئەوانەی ئایینیان گۆڕی پەلپەلیان کرد، خودای گەورە دەفەرموێ **(فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ* مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ* مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ) (الروم: 30 ـ 32)**.

پێغەمبەر ﷺ رایگەیاندووە کە دوورەپەرێز بن لەوانەی دینیان ئاڵوگۆڕ کردووەو بوونەتە گرۆو حیزبی جیاواز[5]، خودای گەورە دەفەرموێ: **(إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعاً لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ) (الأنعام: 159)**.

لە میانەی چیرۆکی کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی عوسماندا مەدای تێگەیشتنی هاوەڵان لەمەڕ ئایەتەکانی نەهیکردن لە دووبەرەکی و گەڕەلاوژە دەردەکەوێت، کە جوانی خۆیان پاراستووەو سڵیان کردووەتەوە لە گەڕەلاوژەو چەمکی خۆیان قوڵ کردبوو، لەمبارەیەوە ئەم ئایەتانەیان پیادەدەکرد بە کردەوە، کاتێ حوزەیفە سەروبەندی گەڕەلاوژەو ناکۆکی بەرگوێ کەوت لە خوێندنەوەی قورئاندا کتوپڕ خۆی گەیاندە شاری مەدینەو هەواڵیدا بە ئیمامی عوسمان چی بینیوەو چی بیستووە، عوسمان دەستبەجێ هەستا بە دەمیەوەو وتارێکی دا بۆ خەڵکی و ئاگاداری کردنەوە لە دوومانی ئەم گەڕەلاوژەیەو راوێژی کرد بە هاوەڵان، کە چارەسەرێك دانێن بۆ ئەم مەینەتەی سەری هەڵداوە، ئیمامی عوسمان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کارەکەی بجات بە بارێکداو دەرگای ئەو گەڕەلاوژەیە داخست، کە خەریکبوو هەڵگیرسێ، ئیمامی

[1] عبدالله بن مسعود، ص (324).
[2] العواصم من القواصم، ص (63).
[3] عقيدة أهل السنة والجماعة في الصحابة الكرام (1066/3).
[4] تفسير معاهد، ص (227).
[5] دراسات في الاهراء والفرق والبدع، ناصر العقل (49).

عوسمان یەکەمجار هەستا بە کۆکردنەوەی هەموو قورئانە نووسراوەکان و سەرلەنوێ لە دووتوێی یەك قورئاندا نووسییەوە بە گوێرەی لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان پەرتوکە قورئانەکەی ئەبوبەکر بەمشێوەیە دەرگای ناکۆکی داخست.

بە داخستنی دەرگای ئاژاوەو دووبەرەکی موسڵمانان زۆر شادومان بوون، هەرچەند مونافیقەکان پیشیان دەخواردو مزگێنییان دەدا بە دەرکەوتنی سەروبەندی گەرەلاوژەو شپرزەیی زۆر دەمێك بوو چاوەڕێیان دەکردو بۆی دەکۆشان، کاتێ گەرەلاوژە وخراپە بە باری خێرا هەڵقاوێزکرا و درزێ نەما بۆ مونافیقەکان چاوی پیا بگێڕن و کنەی تیا بکەن، بۆیە زیاتر کینەیان هەڵگرت لە ئیمامی عوسمان و شانیان کرد بە پڕوپاگەندە کردن لەسەری و کارە باشەکانیان بە خراپ لە قەڵەم دەداو بۆ سەپاندنی ئەم کارەشیان تەنافێکی کاکڵەموشەییان تەند لە ئیمامی عوسمان، بۆ ئەوەی تەشەری لێ بدەن و ڕێگە بهەنون بۆ ئەوەی کودەتای لێ بکەن، هەستان خەڵکیان بە شێوەیەك تێدەگەیاند ئەم کارە، واتە: (کۆکردنەوەی قورئان لەیەك جۆر پیت و خوێندنەوەدا) کارێکی ناهەموارەو پێویستە لێی بەدەنگ بێین[1]، هاوەڵانیش ڕەزای خودایان لێ بێت نەیانهێشت هیچ قورئانخوێنێ لەسەر شێوازە خوێندنەوەکەی خۆی بمێنێتەوە، بەڵکو هەر هەموویان هێنا سەر یەکجۆرە خوێندنەوە یەك جۆر پیت و یەك ڕیزو یەك ئامانج ئەمەوانەیەکی گەورەیە کە لە لێکدانەوەی مێژووی خولەفای راشیدیندا دەیخوێنینەوە سەرەڕای ئەوەی ژیانیان بە پەندو وانەو پێشەنگی ئاهەنگی کراوە[2]، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (خودای گەورە بە سێ شت لێتان ڕازی دەبێت، بی پەرستن و هیچ شتێ مەکەنە هاوبەشی، دەست بگرن بە گوریسی خوداوەو واتە (قورئان) ناکۆکی جیایی نەکەن، ئامۆژگاری ئەوانە بکەن کە خودای گەورە دەیکاتە سەردارتان)[3]، ڕێگەی دەستگرن بە گوریسی خوداوە ئەوەیە پابەندی قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەر بێن بنچینەی دینە، بەڵکو مەحکەمترین بنچینەی ئەم دینە مەزنەیە، ئیبن و تەیمییە دەڵێ: (بنچینەی هەرەگەورەی ئیسلام ئەوەیە پابەندی قورئان و سوننەت پێغەمبەر ﷺ بین).

خودای گەورە دەستگرتنی بە قورئان و سوننەت زۆر بە هەند باس کردووە لە قورئانداو زۆر بەسەختیش سەرکۆنەی ئەوانە دەکات، کە (قورئان و سوننەت) دەخەنە لاوە، وەکو گاورو جوولەکەو جگە لەمانەش، هەروەها پێغەمبەریش ﷺ زۆر بەمەزنی وەسیەتی بەم کارە کردووە لە جێگەی تایبەت و گشتیدا[4].

هەر لەبەر ئەمەیە خودای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە بە هەموو شێوەیەك پارێزگاری گلێری و هۆگری و برایی موسڵمانان بکات، نەهی لێکردووە کە شتێ بکات ڕوونی ئەم دینە پیرۆزە لێڵ و تەڵخ بکات، بە ڕاستی ئەو دووبەرەکی و دابڕان و داپاچین و یەکتر بڕینەی ئێستا هەموو هۆکاری پابەند نەبوونە بە قورئان و سوننەتەوە فەرامۆش کردنیانە، دەبینین ڕیزی موسڵمانان شەقاری تێکەوتووە، یەکێتییان کزبووەو بوونەتە گرۆ حیزبی جوداو هەریەکەشیان دڵخۆشە بە بەرنامەی خۆی[5]، یەکگرتوویی موسلمانان و یەکێتییان خواستێکی شەرعییەو مەبەستێکی گەورەیە لە مەبەستەکانی شەریعەت بەڵکو گرنگترین هۆکاری سەقامگیرکردنی دینەکەی خودای گەورەیە، ئێمەش داسپێراوین کە حەق و راستی بپارێزین، پێویستە هەوڵ و تێکۆشانی بانگخوازەکان پتر بیت و ڕابەری بزووتنەوە ئیسلامییەکان و زانایان و فێرخوازانی زانست هیممەت بکەن بۆ چاکسازییەکی راستەقینەیی نەك دوو پەلەیی، شێخ عەبدوررەحمان سەعدی دەڵێ: جیهاد دووجۆرە، جیهادێکیان مەبەست تێدا چاککردنی باری موسڵمانانەو چاکسازی کردنە لە بیروباوەڕو ڕەوشت و ئاداب و هەموو کاروبارە دینی و دونیاییەکان، پەروەردە زانستییەکان ئەم جۆرە جیهادە بنەڕەتە بۆ پێکەوە نان و دامەزراندنی جۆری دووەم کە جیهادێکە مەبەست تێیدا ڕێگرتنە لە دەستدرێژییکەرانی دوژمنی ئیسلام و موسڵمانان وەك کافران و مونافیقین و

---

[1] فتنة مقتل عثمان بن عفان (82/1).
[2] المصدر نفسه (83/1).
[3] سند أحمد (2/1، 26).
[4] مجموع الفتاوى (359/22).
[5] تبصير المؤمنين بفقه انصر والتمكين للصلابي، ص (307).

چەپەکانو هەموو دوژمنەکانی تر، ئەم جۆرەش دەکرێ بەدوو لقەوە، جیهادکردن بە بەڵگەو مەدرەکو زمان، جیهادکردن بە چەکی گونجاو لە کاتو شوێنی خۆیدا[1].

پاشان بابەتێکی سەربەخۆی نووسیوە لە ژێر ناونیشانی (ئەو جیهادەی، کە پەیوەستە بە موسڵمانەوە ئەوەیە، کەهەستێ بە دروستکردنی دۆستایەتیو یەکدەنگیو یەك دروشمی)[2] پاش ئەوەی ئایاتو فەرمودە لەمبارەیەوە دەهێنێتەوە دەڵێ: (گەورەترین جیهاد ئەوەیە تێ بکۆشی بۆ بەدیهێنانی ئەم بنچینەیە)، (دڵی موسڵمانان ڕێك خەیتو لەسەر دینداری گلێربیان بکەیتەوەو بەرژەوەندیی دینو دنیایان بۆ دەستەبەر بکەیت)[3]. لەبەر ئەوە سەیر دەکەین دەست گرتن بەو ئامرازانەی بەرەو یەك دڵی موسڵمانان دەمانباتو ریزیان یەکگرتوو دەکات گەورەترین جیهادە، چونکە ئەم هەنگاوە زۆر گرنگە بۆ سەربڵندی موسڵمانانو راستکردنەوەی وڵاتیان، شەرعی خودا ببێتە حاکمیان، سەیری چەمکی خولەفای راشیدین بکە، کە لە نایابترین وێنەدا ئەم یەکگرتنە دەدرەوشێتەوە، بۆ نموونە ئیمامی عوسمان ئوممەتی ئیسلامی لەسەر یەك شێواز قورئان کۆکردەوە.

---

[1] وجوب التعاون بين المسلمين للسعدي، ص (5).
[2] المصدر نفسه.
[3] وجوب التعاون بين المسلمين للسعدي، ص (5).

بەشی پێنجەم:

دامودەزگای ویلایەتەکان لەسەردەمی عوسماندا

باسی یەكەم: هەرێمەكانی وڵات لەسەردەمی عوسمانداو سیاسەتی لەگەڵ والییەكاندا

یەكەم: مەككەی پیرۆز

كاتێ عومەری كوڕی خەتتاب كۆچی دوایی كرد، خالیدی كوڕی عاصی كوڕی هیشامی كوڕی موغەیرەی مەخزومی كردبووە والی شاری مەككە[1]، پاشان عوسمان ماوەیەكی كەم هێشتییەوە، بەڵام قورس بوو بە لایەوە خالیدی بۆ دیاری بكات و بیهێڵێتەوە، پاشان هەستا لایبرد، باسی هۆكاری لابردنەكەی نەكراوە، بۆ؟ هەڵبژاردنی والی مەككە یەكێك بوو لە كارە هەرە گرنگەكانی، دەوڵەتی ئیمامی عوسمان لە دوای لابردنی خالید عەلی كوڕی رەبیعەی كوڕی عەبدولعوزای كردە والی مەككە، پاشان لە دوای ئەمیش كۆمەڵێ ئەمیری كرد بە والی مەككە، هەرچەند دیاریكردنی ماوەی والییەكان قورس بوو لەسەرشانی یەكێ لەوانە عەبدوڵڵای كوڕی عەمری حەزرەمی بوو، ئەم پیاوە یەكێك بوو لە والییەكانی ئیمامی عوسمان لەسەر مەككە، هەروەها دەقەكان ئەو هەواڵەیان گەیاندووە، كە عوسمان جارێكی تر خالیدی كوڕی هیشامی گەڕاندووەتەوە بۆ سەرشاری مەككەو بووەتە والی هەندێ سەرچاوەی تر جەختیات كردووەتەوە كە وەختێ ئیمامی عوسمان كۆچی دوایی كردووەو خالید والی[2]، مەككە بووە عەلی هەستاوە لایبردووەو یەكێكی تری كردووەتە والی، بە ریوایەتێكی تر سەلماوە كاتێ عوسمان بە ناحەق كوژرا[3]، عەبدوڵڵای كوڕی خەزرەمی والیی مەككە بووە، شاری مەككە تایبەتمەندیی ئاسایش و سەقامگیری هەبوو سەرباری ئەو هەموو ئاژاوەیەی كەوتبووە شارەكانی تر لە دوا دوایی خەلافەتی عوسماندا[4].

دووەم: مەدینەی منەووەرە

مەدینەی منەوەرە لە سەردەمی عوسماندا یەكێك بوو لە شارە گەورەكانی ئیسلام و چەقی خەلافەت بوو، نوێنەری شارە جۆربەجۆرەكان دەهاتنە ئەوێ لەگەڵ سەربازەكانی ئیسلامدا، زۆربەی كەڵەپیاوانی هاوەڵانی موهاجیرین و ئەنسار تێدا نیشتەجێ بوون لەبەر ئەمانە بایەخێكی تایبەتی هەبوو، عوسمان بە درێژایی حوكمی خەلافەتەكەی لە مەدینە نیشتەجێ بووە، هەواڵی خۆشی ناخۆشی خەڵكەكەی دەزانی[5] و سۆراغی دەكردن، تەنانەت پرسیاری نرخی شمەكە خۆراكییەكانی لێدەكردن، دەنگوباسی هاووڵاتیانی دەپرسی، هەركاتێ عوسمان سەفەری حەجی بكردایە یەكێ لە هاوەڵانی دەكردە بریكاری خۆی، هەتا دەگەڕایەوە زۆربەی جار زەیدی كوڕی سابیتی دەكردە بریكاری خۆی[6]، لە شاری مەدینە بەیتولمال و دیوانی موچەو بەخششی تێدا بوو، وەكو شارانی تر.

مەدینە لە هەموو شارە ئیسلامییەكانیتر زیاتر ئاسایش و كپ بووە، لە ماوەی خەلافەتی عوسماندا جگە لەو ڕووداوانەی كە لە ڕۆژانی دوایی خەلافەتیدا ڕوویدا، هیچ كارەساتێكی تیا روو نەداوە، لە كۆتاییدا بارودۆخی خەڵكی دوای هاتنی لەشكری ئاژاوەگێڕیی و گەمارۆدانی ماڵی ئیمامی عوسمان تێكچوو هەندێ لە هاوەڵە مەزنەكان دەرچوون بەملاولادا[7].

سێیەم: بەحرەین و یەمامە

كاتێ عومەری كوڕی خەتاب كۆچی دوایی كرد، عوسمانی كوڕی ئەبی عاصی سەقەفی والی بەحرەین بوو، عوسمانیش ماوەیەكی كەم بێدەنگ بوو لەسەری لە ریوایەتەكان وادەردەكەوێت، كە عوسمانی كوڕی عاص هەتا سێ ساڵ دوای

[1] تجريد أسماء الصحابة الإمام الذهبي، ص (151).
[2] الولاية على البلدان في عصر الخلفاء الراشدين، د. عبدالعزيز العمري (166/1).
[3] لغاية الإرب في فنون الأدب للنويرى (72/2).
[4] الولاية على البلدان (167/1).
[5] تأريخ المدين (961/3، 962).
[6] الولاية على البلدان (168/1، 196).
[7] المصدر نفسه (169/1).

بەیعەتدان بە عوسمان هەر والی بەحرەین بووە، واتە هەتا ساڵی 27ی کۆچی، چونکە بە خۆی و سوپاکەیەوە لەگەڵ سوپای بەسرەدا بەشداریی هەندێ فتوحاتی کردووە[1]، دیارە ئەو هەرەوەزییەی لە نێوان ویلایەتی بەحرەین و ویلایەتی بەسرەدا دەستی پێ کردبوو لە سەردەمی ئیمامی عومەردا بەسترابوو، لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا پەرەی سەندو تۆکمەبوو، بەتایبەتی دوای والییەتی عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوڕی کورەیز لەسەر بەسرە[2]، ئاشکرایە کارگێڕی بەحرەین یەکێ لە تایبیعنە گوێڕایەڵەکان بوو بۆ عەبدلڵای کوڕی عامری والی بەسرە، دەقە مێژووییەکان ئاماژەیان کردووە بە شوێنکەوتەیی بەحرەین بەرامبەر بەسرە ـ هەتا ئەوەندە ماڵ لەبەکبوون عەبدوڵڵای کوڕی عامر لە لایەن خۆیەوە کارگێڕی بۆ بەحرەین دیاری دەکرد[3]، یەکێ لە توێژەرەوەکان ئەم تەعاروفە جەخت دەکاتەوە دەڵێ: (لە سەردەمی عوسماندا، کە خەلیفەی سێهەمە بەحرەین نوسابوو بە بەسرەوە بە تایبەت لەم دواییەدا کە بەسرە بوو بە بنکەیەك بۆ رزگارکردنی وڵاتی فارس و باشووری ئێران و ویلایەتی بەحرەین بو بە پاشکۆی ویلایەتی بەسرە، شیرازەی نێوان بەسرەو بەحرەین توندوتۆڵ کرا[4]، پاشان باسی والییەکانی بەحرەین دەکات، کە لە لایەن عوسمانەوە دانراون وەکو مەروانی کوڕی حەکەم و عەبدوڵڵای کوڕی سووارە[5]، لە سەردەمی عوسماندا بەحرەین رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە رزگارکردنەکاندا[6]، بارودۆخی بەحرەین لە سەردەمی عوسماندا هەتا وەفات کردنی سەقامگیر بوو، بەڵام یەمامە لە سەردەمی عومەردا تایبعی ویلایەتی بەحرەین و عەمان بوو هەتا رادەیەکی زۆر، بەڵکو والی بەحرەین هەندێ جار ئەمیری بۆ یەمامە دەنارد، بەڵام لە سەردەمی عوسماندا ئەوەی دەرکەوتووە ئەمەیە کە یەمامە لە لایەن عوسمانەوە راستەوخۆ والی بۆ دانراوە، لە رووداوی ئاژاوەچییەکاندا دوای کوشتنی ئیمامی عوسمان باسی کراوە بە تایبەت ئەو پەرتوکانەی کە هەڵچوون بۆ کوشتنی ناحەقی ئیمامی عوسمان[7].

چوارەم: یەمەن و حەزرەمەوت

کاتێ ئیمامی عومەر کۆچی دوایی کرد یەعلای کوڕی عویەینەی کردە والی بەسرەو یەمەن کاتێ یەعلا لە ڕێگەی یەمەن بۆ مەدینە دەگەڕایەوە، پاشان لە لایەن عوسمانەوە هەواڵی وەفاتی عومەرو بەیعەت پێدانی تازەی پێ راگەیەنرا، ئەویش بەیعەتی داو ئیمامی عوسمان لە لایەن خۆیەوە کردی بە سەرپەرشتیاری (سەنعاو) لەسەر والیەتی سەنعا بەردەوامبوو هەتا وەفاتی عوسمان[8]، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی رەبیعی کردە والی شاری یەمەن، بە درێژایی خەلافەتەکەی بەرکەنار نەکرا[9]، وەك دەرکەوتووە هەندێ والی تر بوونەتە والی شارەکانی یەمەن، بەڵام سەرچاوە سەرەکییەکان رشدیان خستووەتە سەر ئەم دوو والییە، لە راستیدا سەرچاوەکان درێژەیان نەداوە بە باس و خواسی یەمەن و قسەیان زۆر لەسەر نەکردووە بەتایبەت لە سەردەمی خەلافەتی ئیمامی عوسماندا، هەروەك چۆن بە کەمی باسی نامەگۆڕینەوەی نێوان عوسمان و ویلایەتەکەی یەمەنیان کردووە، جگە لەو کارە گشتییانەی کە بە نامەناردوویەتی بۆ سەرجەم ویلایەتەکانیتر و لقی تریان[10]، ئەوەی زانراوە خەڵکی یەمەن لە ماوەی دەسەڵاتی عوسماندا گوێڕایەڵی و ملکەچییان هەبووە بۆ ئەمیرەکانیان، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ریوایەت کراوە عوسمان پیاوێکی سەقەفی نارد بۆ یەمەن کاتێ گەڕایەوە، ئیمامی عوسمان پرسیاری ئەو خەڵکەی لێکرد، پیاوەکە وتی: خەڵکانێکم بینی (چیان داوابکرایە

---

[1] تأريخ الخليفة بن خياط، ص (159)، الولاية على البلدان (196/1).
[2] الطبقات لابن سعد (44/5).
[3] الولاية على البلدان (169/1).
[4] البحرين في صدر الاسلام عبدالرحمن بن النجم ص (141).
[5] الولاية على البلدان (170/1).
[6] المصدر نفسه.
[7] المصدر نفسه.
[8] تأريخ الطبري (442/5).
[9] تأريخ خليفة بن خياط، ص (179).
[10] الولاية على البلدان (171/1).

پێیان ئەدرا هەق بوایە یان ناهەق)[1]، وەك زانراوە ژمارەیەك لە تیرە یەمەنییەکان کۆچیان کردووە لە کاتی فتوحاتەکانی سەردەمی عومەردا بۆ شارە ئیسلامییە تازەکان ئیتر عێراق بێت یان میسر یان شام بەم چەشنە پەیوەندی یەمەن و خەڵکەکانی بەم شارانەوە بە درێژایی سەردەمی عوسمان نەپساوە، ئاشکرایە تاقمێ لە جولەکەکانی یەمەن ڕۆڵێکی نەگریسیان هەبوو لە هەڵگیرسانی ئەو کێچەڵەی کە لە دوا دوایی سەردەمی عوسماندا رویدا و عوسمانی تیا شەهید کرا، لە سەرووی هەمووشیانەوە (ئەو سەرسەریانە بوون، کە ئاژاوەکەیان گێڕا) بە داشی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء، لە دوای کوشتنی عوسمان کۆمەڵێ لە والییەکان یەمەنیان بەجێ هێشت و هاتن بۆ حیجاز بۆ بەشداریکردنی ئەو ئاریشانەی هاتووەتە پێش وەکو یەعلای کوڕی عویەیینەو عەبدوڵڵای کوڕی رەبیعە[2].

پێنجەم: ویلایەتی شام

ئەو دەمەی عوسمان هاتە سەر خەلافەت مەعاویە والی زۆربەی زۆری شام بوو، عوسمانیش لێی بێدەنگ بوو دانی پیانا[3]، وەکو بێدەنگ بوو لە سەر والییەکانی تر، واتە هەندێ والی لە دوای وەفاتی عومەر لەسەر کاری خۆیان مانەوە، بۆ نموونە وەکو یەمەن و بەحرەین و میسرو هیتریش.

ئاریشەکان پەرەیان سەندو هەندێ ناوچەی تر خرایە ئەستۆی مەعاویە هەتا مەعاویە بوو بە والی سەرانسەری ولاتی شام، بەڵکو بوو بە بەهێزترین والی عوسمان و زۆرترین جەماوەری هەبوو، بەتایبەت لە سەرەتای خەلافەتی عوسماندا، هەروەها لە شام هەندێ والی تری هەبوو یەکێ لەوانە عومەری کوڕی سەعدی ئەنصاری بوو، کە والی حیمیص بوو، لە پلەو پایەدا (مکانە) لای عوسمان لەگەڵ مەعاویەی کوڕی ئەبی سوفیاندا مونافەسەی دەکرد، بەڵام عومەر تووشی نەخۆشییەك بوو پەکی کەوت لە رێکخستنی ویلایەتەکەی بۆیە داوای کرد لە ئیمامی عوسمان ئیعفای بکات و ئەویش ئیعفای کردوو ویلایەتەکەی خستە ئەستۆی مەعاویەی ئەبوسوفیان، بەمەش جەماوەری مەعاویە زیادی کردو هەتا حیمص درێژ بوویەوە، کە پێشتر عەبدوڕڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید والی بوو[4]، تێیدا هەروەها عەلقەمەی کوڕی میحرز کە والی فەلەستین بوو مرد.

عوسمان ویلایەتەکەی خستە پاڵ ویلایەتەکەی مەعاویە دوو ساڵ دوای خەلافەتی عوسمان هەرهەموو شام بوو بە ویلایەتی مەعاویەو کرا بە والی ڕەهای شام بە درێژایی ساڵەکانی خەلافەتی عوسمان بە والیەتی مایەوە هەتا عوسمان کۆچی دوایی کرد[5]، ماوەی والییەتی مەعاویە بەسەر شامدا پڕە لە رووداوو ئاریشە، چونکە شام گرنگترین ناوچەی جیهادکردن بوو وێڕای ئەمەش لە ناوخۆیدا بارودۆخەکەی نا سەقامگیرو دانەمەزراو بوو، ئیسلام سەرپەرشتی دەکردو ڕۆمەکان زۆر بە گەرمی هەوڵیان دەدا گرژیی و ناکۆکی

بوروژێنن، تێدا، هەرچەندە شام پاشکۆی زەویە ڕەشەکان بوو، کە موڵکی ڕۆمەکانە، بەم چەشنە دەرگا کراوەبوو لەبەردەم مەعاویەدا لەو قۆڵانەوە جیهاد بکات، پێشتر باسمان کردووە، مەعاویە لە کۆتایی خەلافەتی عوسماندا لە ولاتی ئیسلامدا قورساییەکی سیاسیی هەبوو یەکێبوو لەو والیانەی کە عوسمان کۆبوونەوەی لەگەڵ کردو راوێژی پێکرد لە کاتی سەرهەڵدانی داستانی ئاژاوەگێڕیدا مەعاویە هەندێ بۆچوونی تایبەتی خستە ڕوو ئاراستەی عوسمانی کرد[6] لەو کۆبوونەوەدا، بە ئیزنی خودا باسی دەکەین.

شەشەم: ئەرمینییە

---

[1] تأريخ اليمن السياسي في العصر الاسلامي، حسن سليمان، ص (79).
[2] تأريخ الطبري (442/5).
[3] تأريخ خليفة بن خياط، ص (155).
[4] تأريخ الطبري (442/5).
[5] المصدر نفسه (443/5).
[6] الولاية على البلدان (176/1).

بۆیەکەمجار لە سەردەمی عوسماندا سوپای ئیسلامی رووی کردە ئەرمینییە یەکەمین لەشکری ئیسلامیش رووی کردە ئەو ناوچەیە لە ولاّتی شامەوە، چونکە نزیکترین ویلایەت بوو لێیەوە، بە پێشڕەوی حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فەهری بوو سوپاکەشی نزیکەی هەشت هەزار سەرباز بوو ئەم سوپایە توانی شوێن گەلێکی زۆر لە ئەرمینییە رزگار بکات، تەنیا ئەوکاتە نەبێت، کە حەبیب هەستی بە مەترسی کرد لە ئەنجامی پاڵپشتی کردنی ئاپۆڕایەکی ڕۆمی کە دەیانویست یارمەتی ئەرمەنەکان بدەن لە دژی موسڵمانەکان، لەبەر ئەوە داوای کۆمەکی سەربازی کرد لە خەلیفە ئەویش فەرمانی کرد لەشکرێکی کوفە بە سەرکردایەتی سەلمانی کوڕی رەبیعەی ئەلباهلی نزیکەی شەش هەزار پیاوی سەرباز بوو چوونە هاوکاریان[1]، لە دوای ئەمەش کێشەیەك لە نێوان حەبیبی کوڕی مەسلەمەو سەلمانی کوڕی رەبیعەدا روویداو ئیمامی عوسمان هەڵوەستەی کرد، لە سەری و هەستا نوسراوێکی نووسی[2]، کە سەلمان بیێتە ئەمیری ئەرمینییە[3]، پاشان سەلمانی کوڕی رەبیعە ئەرمینیەی بڕی و دوورکەوتەوە پاشان ولاّتی خەزەرییشی بە فاتیحی و سەرکەوتوویی بڕی، تەنانەت شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا لە نێوان سوپاکەی کە (دە هەزار سەرباز بوو) لەگەڵ سوپای پادشای حەزەردا کە سوپاکەی سێ سەد هەزار سەرباز بوو، وەکو ریوایەتەکان دەیگێڕنەوە، سەلمان و سەربازەکانی کوژران، ئیمامی عوسمان جارێکی تر نوسراوێکی نووسی بۆ حەبیبی کوڕی مەسلەمە، کە بچێت بۆ شارەکانی ئەرمینییە، ئەویش بە خۆی و سوپاکەیەوە رووی تێکردو شوێنەکانی بۆ جاری دووەم رزگار کردەوە، موسڵمانان هاتن بە پیرییەوەو هەندێ پەیمانی لەگەڵ ئەهلی شارەکەدا بەست[4]، پاشان عوسمان پێی باشبوو کە ئەو روو بکاتە کەلەبەرەکانی دوورگە، چونکە زۆر شارەزایە لە دورگەداو بەتواناو لێزان بوو، حوزەیفەی یەمانی ختسە شوێنەکەی خۆی وێڕای ئەوەی والی ئازربیجان بوو هەستا بە ئەنجامدانی کۆمەڵێ غەزا بەرەو شارەکانی حەزەر لە ئەرمینیە[5]، دوای ساڵێك عوسمان حەبیبی لابردو موغەیری کوڕی شوعبەی کردە والی ئەرمینییە هەتا عوسمان کۆچی دوایی کرد لە یەك کاتدا والی ئەرمینییەو ئاربیجان[6] بوو ئەم ویلایەتە ولاّتێکی تازە بوو عوسمان ختسیە پاڵ ولاّتی ئیسلامیی، لە (ویلایەتی ئەرمینیە) موسڵمانان تووشی ناسۆری سەخت بوون لە رزگارکردن و رێکخستن و سەقامگیرکردنی کاروبارەکانیدا[7].

حەوتەم: ویلایەتی میسر

والی میسر لە خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا عەمری کوڕی عاص بوو کە ماوەی چوار ساڵ حوکمی کردن[8]، ئەوکاتەش عومەر کۆچی دوایی کرد، عەمر والی میسر بوو، عوسمانیش لە سەرەتای خەلافەتیدا ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوو لەسەری و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەرحیش[9] لە هەندێ لە چمکی شارەکانی میسرەوە لە کاروبارەکانیدا یارمەتی دەدان، چونکە هاوڕێی عەمری کوڕی عاص بوو لە رۆژانی رزگارکردنی فەلەستینەوە هەتا رزگارکردنی میسر[10]، لە تاقمی سەرکردەکانی بوو بەشداری هەبوو لەگەڵیا، عوسمانیش دەستنیشانی کردو دای مەزراند[11]، واتە (ئەبی سەرح) بوو بە کارگێڕی بەشێك لەناوچەی سەعیدی میسر.

---

[1] الطبقات (131/6).
[2] الخراج ووصناعة الكتاب، قلامين جعفر، (326).
[3] القنوح بن أعثم (112/2).
[4] الولاية على البلدان (177/1).
[5] الولادة على البلدان (177/1).
[6] تأريخ اليعقوب (168/2)، الولاية على البلدان (177/1).
[7] الولاية على البلدان (177/1).
[8] النجوم الزاهرة في ملوك، مصر والقاهرة، د. جمال الدين بردي (77/1).
[9] سير اعلام النبلاء (33/1).
[10] المصدر نفسه.
[11] ولاة مصر للكندي، ص (33) فتوح وصر وأخبارها ص (173).

دەرکەوتووە عەمری کوڕی عاصو عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح هەندێ ناکۆکی ڕوویدا لە دیدو بۆچوونیاندا، عەمری کوڕی عاص نوێنەری نارد بۆ لای عوسمان دوای ئەوەی بەیعەتی خەلافەتی پێدابوو، داوای لێکرد عەبدوڵڵای ئەبی سەرح لە ویلایەتی (صەعید) لابات، عوسمانیش ڕەفزی داواکەی کردو باسی ئەوەی بۆ کرد، کە عومەر عەبدوڵڵای ئەبی سەرحی کردووەتە والیو کارێکی واشی نەکردووە پێویست بە لابردن بکات، عەمر زۆر پێداگری کرد بۆ لابردنی ئەبی سەرح، عوسمانیش زۆر پێداگری کرد لەسەر بەقسە نەکردنی، ئەنجامی پێداگری هەردوولایان لەسەر ڕای خۆی، عوسمان پێی باشبوو عەمر لە ویلایەتی میسر لاباتو عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەرح بخاتە جێگەی ئەمەی بە گونجاو زانی، ئەم کارەشی کرد[1]، لەو بارودۆخەشدا ڕۆمەکان دەستیان کردبوو بە هێرش کردن بۆ سەندنەوەی ئەسکەندەرییەو ڕکێفکردنی هەستان هەموو ئەو موسڵمانانەیان کوشت کە تێیدایە، بۆیە ئەمیری ئیماندار (عوسمان) بە پێویستی زانی عەمری کوڕی عاص بکاتە فەرماندەی سوپای میسر، بۆ ڕزگارکردنی ئەسکەندەرییە سەرلەنوێ دەست بگرێت بەسەر سوپای ڕۆمدا، بە فیعلی ئەمەشی کرد[2]، ئەم باسەم بە دوورودرێژی کردووە لە باسی فتوحاتدا، پاشان عوسمان ویستی عەمر بکاتەوە بە والی ویلایەتی هەرچوارلای میسرو جەنگەکانیو عەبدوڵڵای ئەبی سەرح بکاتە کاربەدەستی باج بەڵام عەمر ڕەفزی ئەم کارەی کرد، لەو سەردەمەدا خەریکبوو دەنگوناوی ویلایەتی عەمر لە میسردا دەرکەوێتو ببیسترێ ئەوەندە کارابوو لە ماوەی خەلافەتی عوسماندا جگە لە ڕۆڵە جیهادییەکانی کە باسکراوە، وەکو بەرپەرچدانەوەی ڕۆمو تارنانیان لەئەسکەندەرییەو جێگیرکردنی ئاسایش لە سەرانسەری میسرداو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. مەسەلەی ئەو خەراجەی کە مشتومڕو بۆچوونی جیاوازی خستە نێوان عوسمانو عەمری کوڕی عاص دوای لابردنی جاری دووەمی عەمربوو تازە بووبوو بە والی ئەسکەندەرییە یاخود لە کاتی ویلایەتی ئەسکەندەرییەدابوو کە زۆربەی ڕایەکان وادەڵێن[3]، لە ئەنجامی ئەوەی عەمر پێشنیارەکەی ئیمامی عوسمانی ڕەت کردەوە، کە فەرمووی (عەمر ببێتە والی بەسەر شارەکانەوە عەبوڵڵای ئەبی سەرح بکاتە باج سێن)، ئەویش نەیکرد بۆ جاری دووەم عوسمان بڕیاریدا عەبدوڵڵای ئەبی سەرح بکاتە والی میسرو بە ڕەسمی کرابە بەڕێوەبەری فیعلی ویلایەتی میسر بە شارو داهاتو هەموو کاروبارەکانییەوە[4]، لە سەرەتاوە میسر هێورو سەقامگیر بوو، لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە هەتا ئاژاوەچییەکان ئاژاوەکەیان هەڵخزان وەکو عەبدوڵڵای کوڕێ سەبەئو ئەوانیتر هەرکە هاتە میسر خەڵکەکەی وروژاند، ئەمانەو گوێ لەمشتەکانیان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە کوشتنی ئیمامی عوسماندا[5]، لەمەودوا بە درێژیی باسی دەکەین.

هەشتەم: ویلایەتی بەسرە

کاتێ ئیمامی عومەر شەهید کرا، ئەبو موسای ئەشعەری والی بەسرە بوو، کۆمەڵگەی بەسرە ئەو دەمە کۆمەڵێ گۆڕانکاری بنەڕەتی تیا هاتبووە ئاراوە، لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوان کۆمەڵگاوە وێڕای ئەمەش بەسرە ببووە گەورەترین سەربازگەی ئیسلامیی، چونکە ژمارەیەك لە هۆزەکان کۆچیان کردبوو، بۆ ئەوێ، سەربازەکانی زۆر شوێنێکیان ڕزگار کردبوو، بەم چەشنە بەسرە بایەخێکی تایبەتی بەدەست هێنا، لە سەرەتای خەلافەتی عوسماندا[6]، خەڵکەکەش سەرقاڵی ئیشی تایبەتی خۆیان بوون لە پاڵ ئەنجامدانی کاروبارە گشتییەکان وەکو جیهادو شتی تر، بەمجۆرە والیەتی کردنی ئەم جۆرە ناوچانەو ئەو هەرێمانەش کە لە چواردەوریەتی بەکارێکی زۆر گرنگ هەموار دەکرێت، هەروا کارێکی ئاسایی نییە دەبێ سەلیقەیەکی لەبارت هەبێ بۆ بەڕێکردنی بارودۆخی ئەم ویلایەتانە، لەوانەیە عومەری خەتاب دەرکی بە توانا و لێهاتوویی

---

[1] الولاية على البلدان (178/1).
[2] الولاية على البلدان (178، 179).
[3] الولاية على البلدان (179/1)، فتوح البلدان، ص (217).
[4] الولاية على البلدان (79/1).
[5] المصدر نفسه.
[6] التنظيمات الاجتماعية والاقتصادية في البصرة، صالح العلي، ص (14).

ئەبی موسا کردبێت بۆ والیەتی و ویلایەتی بەسرە هەر بۆیە وەسێتی کردبوو خەلیفەکەی پاش خۆی کە دەست بەرداری ئەبا موسای ئەشعەری نەبێ و لە ویلایەت بیهێڵێتەوە هەتا چوارساڵ دوای کۆچی دوایی خۆی[1]، ماوەی والیەتی ئەبوموسا بۆ بەسرە هەرەتی جیهادو لێدان دەست وەشاندن، کە خەڵکی بەسرە رۆڵیان تیادەگێرا ئەبو موسای ئەشعەری هەڵکەوت و دەرکەوت و دەنگی دایەوە.

بە رزگارکردنی ژمارەیەك شوێن و پێگەی ولاتی فارس، وێرای ئەمەش شوێن موسڵمانانی قایم کرد لە پێگە رزگارکراوەکانی پێشوودا، واتە ئەو شوێنانەی کە دەیانویست پەیمان شکێنی بکەن دوای وەفاتی ئیمامی عومەر ئەبو موسا هەستا بە غەزاکردنیان و ئیسلامی لەو سوچانەدا جێگیر کرد[2]، لە پاڵ ئەمەشدا کە بە توانا بوو لە فتوحاتدا هەستاوە بە رۆڵێکی گرنگتر لە رێکخستنی ئاودێری و هەڵکەندنی جۆگەو روبارەکان لە بەسرە لە ساتە وەختی ویلایەتی خۆیدا، لەسەردەی ئیمامی عوسماندا، هەستاوە بە هەڵکەندنی کەناڵێك بۆ دەستەبەرکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ بەسرە لە دوای خۆشی خەڵك کردبوویانە سەرچاوەی ئاوی خواردنیان، هەروەها دەستی کرد بە پرۆژەکانی هەڵکەندنی کۆمەڵێ کەناریتر، بەڵام لە والیەتی لابراو هێشتا تەواوی نەکردبوو[3]، عەبدوڵڵای کوڕی عامری جێگرەوەی هەستا بە تەواوکردنی[4]، ئەبی موسا زۆر بەردەوام نەبوو، ماوەدرێژنەبوو لەسەر والیەتی بەسرە، چونکە عوسمان ساڵی (29)ی کۆچی لایبرد[5]، وەکو زۆرینەی ریوایەتەکان پارسەنگیان داوە، عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوڕی کورەیزی خستە جێگەکەی، مێژوونووسەکان ژمارەیەك ریوایەتیان هێناوە لە بارەی لابردنی ئەبی موساو لێرەدا کورتی دەکەینەوە: کێشەیەك ڕاس بوویەوە لە نێوان ئەبی موساو سەربازەکانی بەسرەدا، (رای جیاواز هەیە لەسەر هۆکارەکەی)، کۆمەڵێ لە خەڵکی بەسرە هاتنە خزمەت ئیمامی عوسمان و سکالایان کرد، ئەبی موسا لابات و پێیان وت: (ئێمە هەرهەموومان حەزناکەین پرسیارمان لێ بکەیت دەربارەی ئەبی موسا، لابیەو کەسێکی تر بخە شوێنی)، عوسمان وتی: حەز بەکێ دەکەن؟ وتیان: هەرکەس دابنێیت لە جێگەی ئەو قبوڵمانە، داوایان کرد لە ئیمامی عوسمان کەسێکی قورەیشی بکاتە والییان[6]، عوسمانیش ئەبی موسای لابردو عەبدوڵڵای کوڕی عامری کردە والییان لە شوێنی ئەو، ئالێرەدا حیکمەتی ئەبی موسا دەردەوشایەوەو سنگفراوانی و گوێڕایەڵی فەرمانی خەلیفەکەی خۆی وەرگرت، ئەبی موسا زۆر پەرۆشی والیەتی نەبوو، وەکو هەندێ وا گومان دەبەن کاتێ هەواڵی لابردن و دانانی عەبدوڵڵای کوڕی عامر لە شوێنەکەی، پێگەیشت هەستا چووە سەر مینبەرو سوپاسی خودای کردو پاشان وەسفی عەبدوڵڵای کوڕی عامری کرد، کە گەنجێکی تازەلاوبوو تەمەنی (25) ساڵ بوو، ئەبی موسا بەم شێوەیە مەدحی کردو وتی: (گەنجێکی خاڵوان چاك و ماموان چاك و باپیران چاکەو لە هۆزی قورەیشەوە هاتووە بۆ ناوتان ماڵ و ژیان دەرژێنێ بەسەرتاندا)[7]، عوسمان توانی لەو بارودۆخە سەختەدا کە ویلایەتی بەسرەی پیا تێپەڕی والییەکی تازەی بۆ بەسەرە دامەزراندو هەمووولایەن و پارچەکانی پێی رازیبوون و بەم شێوەیە ریزی خۆیان توندوتۆڵ کرد بەرامبەر دوژمنان، زیاتر لەمەش ئەو لابردنە رێزێك بوو بۆ ئەبی موسا بە پێچەوانەی ئەو عەوامانەی بە سوکایەتییان دەزانی، وەکو ئەوانەی، کە ئەڵقەلەگوێی هەرچی و پەرچییەکان و بیرۆکە یاخی و وێڵبووەکان بوون، لە دەروونی خۆیاندا بەخراپیان دەزانی و ناوو ناتۆرەیان دەدایە پاڵی و نەنگییان پێوە دەپێچا[8]، کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی عامریش بوو بە والی بەسرە شارەکە بە بارودۆخێکی سەختدا دەرۆیشت، ئەمە وای لە عوسمان کرد کە گۆڕانێکی بنەڕەتی بکات لە ئیدارەی ویلایەتەکەدا، هەستا

---

1 سير اعلام النبلاء (391/2)، الولاية على البلدان (186/1).
2 الولاية على البلدان (187/1).
3 المصدر نفسه.
4 المصدر نفسه.
5 تأريخ الطبري (264/5).
6 المصدر نفسه.
7 المصدر نفسه (266/5)، سير اعلام النبلاء (19/3).
8 الولاية على البلدان (189/1).

هەرێمەکانی بەحرەین و عومانی خستە پاڵ بەسرەو دایە دەستی عەبدوڵڵای کوڕی عامر، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز هەتا بتوانێ ڕووبەڕووی ئەو ململانێیانە بوەستێتەوە کە هاتووەتە پێشی لەو ماوەیەدا، ئەم دانە پاڵە کاریگەرێکی گەورەی هەبوو بۆ بەهێزبوون و جەماوەرگری عەبدوڵڵای کوڕی عامر لە ڕوویەکی ترەوە کاریگەری هەبوو بۆ خودی بەسرە بوو بە یەکێ لە پێتەختە سەقامگیرەکانی ئیسلامی و هۆزەکان لە هەموو لایەکەوە لە جاران زۆرتر کۆچیان دەکرد بۆ ئەوێ[1]، بەم چەشنە ئیشوکاری ویلایەت زیادی کرد چ لە ڕووی دیوان و چ لە ڕووی ڕێکخستنی کاروبارە جۆربەجۆرەکانی ترەوە ویلایەت لە ڕووی بەرێوەبەرایەتی و دارایی و ئاسایش و جگە لەمانەش، هەنگاوی نا ویلایەتی بەسرەو هەرێمەکانی و خودی عەبدوڵڵای کوڕی عامر فتوحاتی مەزنیان کردو ڕاستەوخۆ دوای دەستبەکاربوونی و والیەتییەکەی عەبدوڵڵا بە ماوەیەك پێش کوشتنی ئەمیری ئیمانداران ئیمامی عوسمان کۆتایی هات[2]، بەسرە لە ڕۆژگاری عەبدوڵڵای کوڕی عامردا پایەیەکی ناوازەی بەدەست هێنا لەناو ویلایەتە ئیسلامییەکاندا لە ئەنجامی هاوخەمی و ئاوڕدانەوەی عوسمانی خەلیفەو لە ئەنجامی ڕزگارکردن و فراوانبوونی لە هەموو بوارەکانداوە، بوو بە ناوەندێکی ئیداری دەوڵەمەندو زۆربەی ناوچە ئیسلامییەکان خێرو بێریان تیا دەچنییەوە[3]، عەبدوڵڵای کوڕی عامر بەرپرسی دابەشکردنی ناوچە جۆربەجۆرەکانی سەر بە ویلایەتەکەی بوو بە ڕێککەوتنی لە مێژینەی لەگەڵ ئیمامی عوسماندا، بەجۆرە بەرپرسیارێتییەکەی زۆر گەورەبوو، عەبدوڵڵا خۆی فەرماندە بوو خۆی ئەمیری هەڵدەبژاردو دیاری دەکردن بۆ ناوچەکانی پاشکۆی ویلایەتەکەی، گرنگترینیان عومان و بەحرەین و سجستان و خۆراسان و فارس و ئەهواز بوو، ئەم ناوچانەش چەندین شاری جیاوازو مەملەکەتی فراوانی تێدابوو[4]، ئازو گوێز هەبوو لە نێوان ئەمیرو دارۆغەکاندا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی ترو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەپێی بەرژەوەندیی ئەو ڕۆژە، وەك ئاشکرایە لە ڕۆژگاری عەبدوڵڵای عامردا بەیتولمالی بەسرە داهاتی زیادی کردو خەرجیشی زیادی کرد، بەرپرسی بەیتولمال لە سەردەمی عوسمان زیادی کوڕی ئەبی سوفیان بوو، ئەم زیادە لە باتی عەبدوڵڵای کوڕی عامر هەندێ پرۆژەی هەڵکەندنی ڕووبارەکانی ئەنجامداوە[5]، هەروەها لە ویلایەتی عەبدوڵڵای کوڕی عامر سکەی درهەم لە سەرانسەری فارسی سەر بە ویلایەتی بەسرە لێدراو وشەی عەرەبی لێ نوسرا، لە ماوەی نێوان ساڵی 30ی کۆچی تا 35ی کۆچی[6]، عەبدوڵڵا لە ڕۆژی یەکەمی چوونە بەسرەوە لە دڵی زۆرینەی خەڵکی بەسرەدا خۆشەویست بوو، هەرچەندە لە چواردەوری قسەڵۆك دەکرا کە گوایە عوسمان لەبەر خزمایەتی کردوویەتی بە والی، بێتاقەتی دەکرد، بەڵام ئەهلی بەسرە بە گەرمی شوێنی کەوتبوون[7]، لەم پەسەندکردنەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ویلایەتی بەسرە لە سەردەمی عوسماندا لە دوو پیاودا کورتی هەڵهێناوە ئەوانەش ئەبو موسای ئەشعەری و عەبدوڵڵای کوڕی عامر، هەریەك لەم دوانەش ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە ڕێککردنی کاروباری بەسرەو دەوروبەرەکەیدا[8].

نۆیەم: ویلایەتی کوفە

کاتێ بەیعەتی خەلافەت درا بە عوسمان موغەیرەی کوڕی شوعبە والی کوفە بوو، لە دوادوایی سەردەمی عومەردا والیەتی گرتبووە دەست[9]، عوسمان هەستا موغەیرەی کوڕی شوعبەی لابردو سەعدی ئەبی وەقاصی خستە شوێنەکەی، باسی هۆی لابردنەکەشی کراوە، کە بە وەسیەتی عومەر لابراوە، عومەر وەسێتی کرد بۆ خەلیفەکەی پاش خۆی کە سەعدی

---

[1] التنظيمات الجتماعية والاقتصادية في الجرة في القرن الاول الهجري صالح العلى ص (141).
[2] الولاية على البلدان (189/1).
[3] المصدر نفسه (193/1).
[4] نهاية الإرب (433/19).
[5] الولاية على البلدان (194/1).
[6] الدراهم الاسلامية، و داد على القزاز ص (14).
[7] الولاية على البلدان (194/1).
[8] المصدر نفسه (195/1).
[9] تأريخ الطبري (239/5).

کوڕی ئەبی وەقاص بکاتە والی کوفە لەبەر ئەوەی عومەر لە ئاخیری خەلافەتەکەیدا سەعدی لە والیەتی کوفە لابردبوو وتبووی (من لەبەر گزیو نالەباری سەعدم لانەبردووە، وەسیەت دەکەم بۆ خەلیفەکەی پاش خۆم بیخاتەوە کوفە بە والیەتی)[1]، سەعدی ئەبی وەقاص بوو بە والی کوفەو بڕیاری دامەزراندنیشی بەهاوبەشی نێوان سەعدو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بوو، واتە هەردووکیان هاوبەش بوون لە ئیدارەکردنی کوفەدا، سەعد بۆ نوێژو سەربازەکان عەبدوڵڵاش بۆ بەیتولمال[2]، سەعدی ئەبی وەقاص خاوەنی سەلیقە، لەبەڕێوەبردنی کوفەدا، هەروەها شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لە کاروباری هاووڵاتیان‌و سەربازەکان‌و دەروونی دانیشتوانەکەیدا[3]، چونکە لە سەردەمی عومەردا خۆی دامەزرێنەری ویلایەتی کوفە بوو.

ئەوکاروچالاکیانەی سەعد لە ماوەی والیەتییەکەیدا پێی هەستا لە سەردەمی عوسماندا ئەوەبوو سەردانی ئەو دەڤەرانەی کرد کە سەر بە ویلایەتی کوفەیەو هەندێ کاری بۆ کردن، لەوانە ئاودێری بوو کارو ئاتاجی ڕێکخستن بوو، کە زەبتی کرد بۆیان، لە ساڵی (25)ی کۆچی[4]، هەروەها هەستا بە دامەزراندنی کۆمەڵێ ئەمیرو کاربەدەستی تازە لە (هەمەدان)و دەوروبەری، ماوەی والیەتی سەعدی ئەبی وەقاص درێژەی نەبوو، چونکە لە نێوان ئەوو عەبدوڵڵای مەسعوددا ناکۆکی هاتە ئاراوە، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود سەرپەرشتیاری بەیتولمال بوو، سەعد هەندێ پارەی قەرز کردبوو لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هەتا کاتێکی دیاری کراو، کاتی قەرزبژاردنەکە هاتە پێش‌و سەعد نەیتوانی قەرزەکە ببژێرێ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هات‌و داوای قەرزەکەی لێ کرد، بوو بە دەمەقرەیان‌و خەڵك لێیان کۆبوویەوە، بۆیە عوسمان بڕیاریدا سەعد لاببات‌و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بهێڵێتەوە، سزای سەعد لابردنەکەی بوو، سزای عەبدوڵڵاش هێشتنەوەی بوو لەسەر کارەکەی، وەکو نەبەری وتویەتی[5]: ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر خۆپارێزی ئەم دوو هاوەڵە، بەڵگەیە لەسەر موحتاجی سەعد بۆ ماڵ‌و بژێوی‌و کەم ژیانی بۆیە ناچار بووە لە بەیتولمال قەرزی کردووە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر پەرێشانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بۆ پاراستنی سامانی موسڵمانان‌و پەرۆشی بۆ گەڕاندنەوەی قەرزەکانی، گەرچی کەوتبێتە لای سەعد، کە والی کوفەیەو حاکمیەتی، والیەتی سەعد لەسەر کوفە ساڵێك‌و مانگێ بووە[6]، دوای لابردنی سەعد عوسمان وەلیدی کوڕی عەقەبەی ئەبی موعیتی کردە والی کوفە پێشتر بەر لەوەی ببێتە والی کوفە فەرماندەی سوپایەك بووە لە سوپاکانی ئەبوبەکر لە ئوردون، پاشان عومەر کردوویەتی بە سەرکاری عەرەبەکانی دورگە[7]، لە کۆتایی خەلافەتی عومەرو بەرایی خەلافەتی عوسماندا وەلید یەکێك بووە لە فەرماندەی سەربازەکانی کوفە، جیهادی زۆری کردووە لەو جێگەو ڕێگایانەدا[8] فەرماندەی ئەو هەرێمانەبووە بەر لەوەی لە کوفە دامەزرێت‌و بکرێتە والی کوفە، خاوەنی شارەزایی بوو، دەربارەی کوفەو هەرێمەکانی‌و سەربازەکانی‌و کاروبارە هەمەچەشنەکانی نەریتی خولەفای راشیدین وابوو خاوەن خیبرەیان هەڵدەبژاردو بەسەر ئەوانی تردا، لە کاتی پێویستدا والی تازەو لێهاتوویان دادەمەزراند.

عوسمان وەلیدی کوڕی عەقەبەی هەڵبژارد بۆ ویلایەتی کوفە، زۆربەی ئەوانەی لە بارەی دامەزراندنی عوسمانەوە نووسیویانە نووسەرانی پێشوویان ئەمانەی دوایی هەوڵی ئەوەیانداوە ئیمامی عوسمان تۆمەتبار بکەن لە دامەزراندنی وەلید بۆ کوفەو دەڵێن: (عوسمان بۆیە وەلیدی کردووە بە والی کوفە برای دایکی خۆی بووە)[9]، ئەمە تەشەرێکی

---

[1] المصدر نفسه (225/5).
[2] تأريخ الطبري (250/5)، الولاية على البلدان (196/1).
[3] عثمان بن عفان ، صادق عرجون ص (105)، الولاية على البلدان (196/1).
[4] الولاية على البلدان (197/1).
[5] تأريخ الطبري (251/5).
[6] المصدر نفسه (250/5).
[7] المصدر نفسه (251/1).
[8] الولاية على البلدان (198/1).
[9] المصدر نفسه (198/1).

راستەوخۆی تێدایە بۆ ئیمامی عوسمان[1]، لەسەرەتای والیەتی وەلیددا عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هاوبەشی بوو سەرپەرشتیاری بەیتولمال بوو، هەتا ئەوکاتە مشتومڕێ کەوتە نێوان وەلیدو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لەسەر کارێك، کە پەیوەندیی بە داهاتی وڵاتەوە بوو کێشەکەیان بەرزکردەوە بۆ لای ئیمامی عوسمان بۆ ئەوەی باشیان بۆ دابنێ، ئیمامی عوسمان وای بەباشزانی ویلایەتەکەو بەیتولمال یەك چاو بکاتەوەو یەکگرتووی بکاتو بیداتە دەستی وەلیدو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی لابرد، بیروبڕوای وابوو بەرژەوەندیی گشتیی لەوەدایە[2]، کە شەڕیکی و دووبەشیەکە نەهێڵێتەوە، وەلید مایەوە لە کوفەو لە دڵی خەڵکی کوفەدا خۆشەویست بوو، خانووەکەی دەرگای پێوە نەبوو[3]، لە هەموو کاتێکدا خەڵك دەهاتنە ماڵی بۆ حەلی کێشەکانیانو بەباشی هەڵدەستا بە ئەرکی سەرشانیو هەتا هەندێ رووداو هاتە گۆڕێ لە کوفە، کە هەندێ کینە بازو داخ لە دڵ نایانەوە بۆی، رووداوەکەش ئەوەبوو کۆمەڵێ گەنجی سەرسەری هەستان بە کوشتنی ئیبنو حوسەیمان، وەلیدیش بە ڕەزامەندی عوسمان تۆڵەی لەم گەنجە دەستدرێژی کەرانە کردەوەو کوشتنی، لەو رووداوە بەدواوە کەسوکاری ئەم گەنجانە، کە تاوانبار بوون خزمەکانیان پڕوپاگەندەیان رازاندەوە لەسەر وەلیدی کوڕی عەقبەو هەوڵیان دەدا ڕاوی هەڵەکانی وەلید بکەن، بە هەموو توانایەك نهێنگریان دەکرد، خاوەن کوژراوەکان توانییان قەزیبەی دژایەتی وەلید گەشە پێ بکەن، یەکێ لەو هەوڵایانە ئەوەبوو وتیان ئارەقی خواردووە، بەم بۆنەیەوە داری حەددی لێدراو لە والیەتی کوفە لابرا، موئامەرەچییەکان ئەمەیان دەویست[4]، لەمەودوا بە وردی باسی قەزیەی ئارەقخواردنەکەی وەلید دەکەین لە باسی والییەکانی ئیمامی عوسماندا (ان شا و الله)، دوای لابردنی وەلید عوسمان نامەیەکی نارد بۆ ئەهلی کوفەو نووسیبووی: لە بەندەی خواوە عوسمان ئەمیری ئیمانداران بۆ خەڵکی کوفە سڵاو، پاش ئەوەی وەلیدی کوڕی عەقبەم کردە والیتان، ویستی سەرپێچی بکات ڕێگام نەدا، هاتەوە سەر ڕێگای راست، ئێستا لە باشترین پیاوەکانی هۆزەکەی خۆیەتی، پێم وتبوو باش بێت لەگەڵتانو هیچم بەئێوە نەوتبووە بۆ ئەوی بکەن، هەر کە خێرو چاکەی بۆ رژاندنو لە خراپە دوری گرتنو لەچاکەکردندا لێی بردنەوە ئێوە بە خراپەکردن بەنهێنی تاوانبارتان کرد، خوا لەئێوە زاناترە. ئێستاش سەعیدی کوڕی عاص دەکەمە ئەمیرتان[5]، سکاڵای ئەهلی کوفە دەربارەی وەلیدو لابردنی ئەڵقەیەك بوو لەو زنجیرە سکاڵاو لابردنە دوورودرێژانەی کە ئەهلی کوفەشکیان پێوە گرتبوو بەرامبەر بە ئەمیرەکانیان[6]، زۆرێك لە خەڵکی کوفە پەستو تووڕە بوون بۆ لابردنی وەلید، دوای وەلید ئیمامی عوسمان سەعیدی کوڕی عاصی دیاری کرد بۆ ئەمیری کوفە ساڵی (30) کوچی، ئەوکاتە سەعید نیشتەجێی مەدینە بوو باری کرد بۆ کوفە، نوێنەری ئەهلی کوفە بوو بە هاموڕای سەعید، نوێنەرەکەش ئەو کەسە بوو، کە هاتە لای کە هاتە لای ئیمامی عوسمانو سکاڵای لە وەلید کردو ئەشتەری نەخەعیو غەیری ئەویشیان لەگەڵ بوو[7]، کاتێ سەعید گەشتە کوفە چووە سەر مینبەرەکەو سوپاسی خودای کردو ستایشی پێغەمبەری ﷺ کرد، پاشان وتی: (وەڵڵاهی من نێردراوم بۆ لای ئێوە، بەڵام پێم ناخۆشەو بێتاقەتم پێی بەڵام (ناچارم کە فرمانم پێکرا فرمان بەرداربم) ئایا دەزانن ئاژاوە لوتو چاوەکانی هێناوەتە دیار وەڵڵاهی ئەکێشم بەناو چاویا هەتا قەڵاچۆی دەکەم یان تەمێی دەکەم، ئەمڕۆ من جڵەوگیری دەروونی خۆمم)، پاشان لە مینبەرەکە دابەزی[8].

---

[1] انظر الا تهامات التي القاها (طه حسين، في كتابة الفتنة الكبرى) (94/1).
[2] عثمان بن عفان، صادق عرجون ص (108).
[3] تأريخ الطبري (251/5).
[4] الو لاية على البلدان (201/1).
[5] تأريخ الطبري (280/5).
[6] الو لاية على البلدان (206/1).
[7] تأريخ الطبري (280/5).
[8] تأريخ الطبري (280/5).

لە ڕاڤەی ئەم وتارەدا بۆمان دەردەکەوێ کە سەعید دەرکی بەسەروبەندی ئاژاوە کردبوو، کە لە کوفە سەری هەڵداوە پێش ئەمارەتی ئەم دەستی پێکردووە[1]، هەروەها وتارەکەی هەڕەشەئامێز بوو بۆ ئاژاوەچییەکانو جەسور بوو بۆ بنەبڕکردنی ئەو ئاژاوەیە، کە هەستی بەسەرەتاکەی کردبوو، سەعید توانی کارەکانی ڕێکبخاتو ئەمیرو والی بۆ گشت شارو شوێنەکانی سەر بە کوفە دیاری بکاتو کاروباریان سەرلەنوێ ساز بکات[2]، کۆمەڵێ غەزای سەرکەوتوویی کرد، وەکو لە باسی فتوحاتدا باسمان کردوە، پاشان بەرەبەرە ئاژاوەو فیتنە سەری هەڵدا کە لە کوفە ساڵی (33) کۆچی، بە دوورودرێژی باسی دەکەین.

ئەشتەری کوڕی نەخەعی موئامەرەیەکی تەندەوە دژی سەعیدی کوڕی عاص بە کۆمەڵێ خەڵکی ڕەشۆکیو نەفام، ئەشتەر فریبی دانو بوونە هاودەنگی ئەشتەر، بۆ بەرکەنارکردنو لابردنی سەعید، سەرەتا داوایان کرد لە ئیمامی عوسمان سەعید بگۆڕێ بە یەکێکی تر، سەعیدیش والیەك بوو لەو والیانەی کە زووتر ئەهلی کوفە رەخنەیان لێدەگرتو بیانووی لابردنیان دەگرت، وەکو کردیان بە سەعدی ئەبی وەقاصو وەلیدی کوڕی عەقبەبەو جگە لەمانەش، بەرکەنارکردنی سەعیدو هاوشێوەکانی شۆڕشێك بوو کودەتایەك بوو هەرچیو پەرچییەکان چەکیان بۆ هەڵگرتو ئەم کرداره رابردوویەکی گەندەڵە لە مێژووی کوفەدا، بەڵکو لە هەموو مێژووی ئیسلامدا ئەهلی کوفە هۆکارێکی حەقیقییشیان بەدەستەوە نەبوو تەنیا هۆکارەکە گەشەسەندنی ئەو بارە ناهەموارە بوو، کە دەروونی خەڵکی ئاخنرابو، بە گومانو بوهتان بە تەئسیری جارچییەکانو بە فیتی هەڵگەڕاوەکان، ئیمامی عوسمان فەرمانی دەرکرد ئەبو موسای ئەشعەری ببێتە والی کوفەو سەعیدی کوڕی عاص لابرێت بە خواستی هەندێ لە ئەهلی کوفە، ئەبو موساش کاروباری ویلایەتی گرتە دەستو وتارێکی خوێندەوە بۆ ئەهلی کوفەو وتی: (ئەی خەڵکینە ڕامەپەڕن بۆ ئەم جۆرە کارانەو مەگەڕێنەوە سەر بابەتی ئاوەها پابەندی کۆمەڵی موسڵمانان بنو گوێڕایەڵ بن ئامانتان بم هەرگیز پەلە مەکەن ئارامگربن، چونکە ئێوە ئەمیرتان هەیە، وتیان نوێژمان بۆ بکە، وتی: نایکەم هەتا گوێڕایەڵیو ملکەچی نەکەن بۆ ئیمامی عوسمان، وتیان ئەوا گوێڕایەڵو گوێلەمشتی عوسمانین)[3]، عوسمان نوسراوێکی نووسی بۆ ئەهلی کوفە (بسم الله الرحمن الرحيم، پاشان ئەو کەسەی، کە خۆتان هەڵتان بژارد کردومە بە ئەمیرتان، رزگارم کردن لە سەعید وەڵلاهی نەرمونیانی خومتان بۆ ڕادەخەم، سەبری خۆمتان بۆ شل دەکەم، بە کۆششی خۆم چاکسازیتان دەکەم، هەرشتێ ئێوە پێتان خۆشبێتو داواتان کردبێت، زانیبێتم گوناهی تیا نییە بۆم کردوون، هەرشتێکیش پێتان ناخۆش بێت زانیبێتم گوناهی تیا نییە چاوپۆشیم کردوون، ئەمانەشم لەوکاتەدا کردووە، کە ئێوە پێتان خۆشبووە بۆ ئەوەی هیچ گلەییتان بەسەرمەوە نەبێت)[4].

ئەبو موسا بە هەمیشەیی والی کوفە بوو هەتا شەهیدبوونی ئیمامی عوسمان[5] بەم جۆرە ویلایەتی کوفە لە سەردەمی عوسماندا پێنج والی گۆڕیوە یەکەمین موغەیرەی کوڕی شوعبەو دواهەمین ئەبو موسای ئەشعەری بوو، لە ماوەی والیەتی هەریەك لە مانەشدا ژمارەیەك رووداوو کارەسات روویداوەو کاریگەری راستەوخۆیان هەبووە لەسەر ڕەوتی وڵاتی ئیسلامیی، ئاژاوەو فیتنە لە کوفە چەکەرەی کردو بەناو دانیشتوانەکەیدا پەلی راخستو لێ خوێندنو بەرهەڵستکاری ئەمیرەکان بوو بە نەریتی خەڵکەکەیو زۆرجار ئەمیریان رەفز دەکردەوە بە کەیفی خۆیان، بۆ نموونە شکاتیان کرد لە سەعدی ئەبی وەقاص، شکاتیان کرد لە وەلیدی عەقبەبە، سەعیدی کوڕی عاصیان دەرکرد، هەر ئەمانەبوون پێش عوسمان عومەریان وەڕەس کردبوو، هەندێ لە خەڵکی کوفە ڕۆڵێکی راستەوخۆو سەرەکییان هەبوو لە کوشتنی ئیمامی عوسماندا،

---

1 الولاية على البلدان (27/1).
2 المصدر نفسه (208/1).
3 تأريخ الطبري (339/5).
4 تأريخ الطبري (343/5).
5 المصدر نفسه.

شایانی باسه كه هەندێ ویلایەتی لقی سەر بە ویلایەتی كوفە بوون، وەكو تەبرستانو ئازربیجانو هەندێ ناوچەی تری باكوور لە شارەكانی فارس[1]، ئەو گرێیەی، كە ئەم ویلایەتانەی دەبەست بە كوفەوە ئەوەبوو والیەكانی كوفە وەكو سەعیدی كوڕی عاص ئەوان دەچوون لە ناحیەكانی كوفە فتوحاتیان دەكردو لە كاتی سەرپێچیدا خەڵكەكەیان تەمێ دەكردو دەیان مۆچاندن، ئەم ویلایەتە فەرعیانە دەورێكی خول خواردوو یان هەبوو بە كوفەوە[2].

لە میانەی باسی ویلایەتە ئیسلامییەكانی سەردەمی عوسماندا بۆمان دەردەكەوێ هەندێ ویلایەت هەبووە لە زەتی لە سەقامگیری وەرگرتووەو بە درێژایی سەردەمی ئیمامی عوسمان وەك ئەو ویلایەتانەی، كە كەوتوونەتە دەڤەری عەرەبی وەكو بەحرەینو یەمەنو مەككەو تائیفو غەیری ئەمانە، هەروەها شامیش، لە زەتی لە سەقامگیری وەرگرتووە، لە خەلافەتی عوسماندا، بەڵام بەسرە خەڵكەكەی لەگەڵ عەبدوڵڵای كوڕی عامری والیاندا هەر سەرقاڵی فتوحات بوون، بەڵام میسرو بەسرە لە دوا دوایی خەلافەتی عوسماندا پڕبوو لە گێرەو كێشە بەم چەشنە فیتنە لە هەردووكیاندا سەری هەڵدا، كۆمەڵێ لە خەڵكی ئەم دوو شوێنە هاتن بۆ گرتنی مەدینەو كوشتنی ئیمامی عوسمان لە باتی غەزای دوژمنان بكەن هاتن بۆ غەزای پایتەختی ئیسلام[3].

باسی دووەم: سیاسەتی عوسمان لەگەڵ والییەكاندا بۆ دیاریكردنی مافەكانیانو ئەركەكانیان

یەكەم: سیاسەتی عوسمان لەگەڵ والیەكاندا

ئیمامی عوسمان لە سەرەتای ساڵی (24)ی كۆچیدا دەسەڵاتی خەلافەتی گرتە دەست، ئەوكاتە والییەكانی عومەر لە شارە ئیسلامییەكاندا بڵاوەیان كردبوو، عوسمانیش ساڵێكی تەواو بێدەنگ بوو لەوالێتییان، پاشان دەستی دایە لابردنو دامەزراندن لە شارەكاندا بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی پێیدرابوو، هەروەها بە پێی ئەو بەرژەوەندییانەی، كە ڕەچاوی كردبوو بۆ موسڵمانان، لەوانەیە عوسمان كەوتبێتە شوێنی وەسێتی ئیمامی عومەر، كە وەسێتی پێكردبوو لە ساڵێ زیاتر بێدەنگ مەكە بۆ هیچ كارگێڕێكم، بەڵام بۆ ئەبو موسا چوار ساڵ بێدەنگ بكە[4]، عوسمان لە سیاسەتیدا بەرامبەر والییەكان لە زۆربەی هەڵسوكەوتەكاندا گرنگی دەدا بە ڕاوێژی هاوەڵان، هەروها هەندێ ویلایەتی دەخستە سەر ویلایەتەكانی تر، چونكە بەرژەوەندیی موسڵمانانی تیا بەدی دەكرد، لەبەر ئەوە هەندێ لە والییەكانی دامەزراندووە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لە هەندێ ناوچەدا، بەم تەرزە بەحرەینی خستە پاڵ بەسرەو هەندێ ویلایەتی شامی خستە سەر ئەوانی تر بە بۆنەی مردنی هەندێ لە والییەكان یان بە بۆنەی دەست لەكاركێشانەوەی هەندێ لە والییەكان، عوسمان هەمیشە ئامۆژگاریی والییەكانی دەكرد دادپەروەر بنو لە نێو خەڵكدا بە بەزەیی بن، یەكەمین نوسراوێك كە نووسی بۆ والییەكان دوای بەیعەت پێدانی خەلافەت، ئەمەبوو (پاش سوپاسی خودای گەورە، خودای گەورە فەرمانی كردوو پێشەواكان خەمخۆرو شوانی خەڵكی بنو نەیانچەوسێننەوەو دیكتاتۆر نەبن بەسەریانەوە، ئەوەڵی ئەم ئوممەتە ڕەوشتیان دڵسۆزانە بووە نەك ملهوڕانە، زۆر نزیكە پێشەواكان ببنە چەوسێنەر نەبنە غەمخۆر ئەگەر ستەمی وایان كرد شەرمو وەفاو ئەمانەت باردەكات، ئایا دەزانن پوختەترین ژیانتان ئەوەیە كە لە كاروباری موسڵمانان وردببنەوە لە هەركوێدا قەرزاری گەل بوون بیان دەنەوە، ئەگەر

---

[1] الولايات على البلدان (213/1).
[2] المصدر نفسه.
[3] المصدر نفسه (214/1).
[4] سير أعلام النبلاء (391/2).

هەقیان کەوتووەتە سەر لێیان وەرگرێتەوە، پاشان ئاوڕیدەنەوە لە ئەهلی زیمە ئەوەی مافی خۆیانە بیاندەنەوەو ئەوەشی کەوتووەتە سەریان لێیان وەرگرنەوە، پاشان ئەو دوژمنانەی پەشیمان بوونەتەوە وەفا دەردەبڕن بۆیان)[1].

لەو لێدوانەدا دەبینین عوسمان کۆمەڵێ ڕێنمایی سیاسیی دەستنیشان کردووە بۆ والییەکانو بە پێویستی زانیوە لەسەری بڕۆن، مافەکانی موسڵمانان بدەنەوەو ئەرکی خۆیان بخەنە سەریانو مافەکانی ئەهلی زیمە بدەنەوەو ئەرکی خۆیان بخەنە سەریان، وەفایان هەبێ لەگەڵ دوژمنانداو بۆ هەقی هەموولایەك دادپەروەر بن نابێ خەونو خەیاڵیان سامان بچڕین بێت)[2]، بە هەمان شێوە عوسمان نوسراوێکی نووسی بۆ کاربەدەستەکانیو هەندێ زانیاری تایبەتی بۆ نووسین دەربارەی ئەو کاروبارە تازانەی کە پەیوەندی هەیە بە ئیدارەی ویلایەتەکانەوە، وێڕی نوسراوە گشتییەکانی تر، کە زانیاری نوێی تیا دەنووسیو دەبوو گشت لایەك پەیوەست بێت پێیەوە، یەکێ لە پەیوەستبوونە گشتییانە ئەوەبوو خەڵکی پەیوەست کرد لە هەموو ویلایەتەکاندا دەست بگرن بەو قورئانەی کە لە مەدینە نوسراوەتەوە[3] بە دیار چاوی هاوەڵە بەڕێزەکانە، بەم دەستوورە قورئانی هەنارد بۆ کوفەو بەسرەو مەککەو میسرو شامو بەحرەینو یەمەنو جەزیرە، هەموویانی خستە سەر قورئانەکەی مەدینەو فەرمانی کرد هەموو قورئانە نووسراوەکانی تر کۆبکەنەوەو ئاگری بدەن، ئەمەش بە کۆدەنگی هاوەڵانی مەدینە کرا، هەروەك ئیمامی عەلی گێراویەتییەوە[4]، عوسمان زۆر پەرۆش بوو بۆ موناقەسەکردنی ئەمیرەکان لە نێو خۆیاندا بۆ جیهادو ڕزگارکردنی شارەکان، هەربۆیە نوسراوێکی نووسی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی عامر کە والی بەسرەبوو، بۆ سەعیدی کوڕی عاص لە کوفە پێی وتبوون (هەرکامتان پێشتر بچنە خۆراسان ئەوتانە دەکەمە ئەمیری خۆراسان ئەمەش بوو بە پاڵنەرێ بۆ عەبدوڵڵا، کە خۆراسان فەتح بکاتو سەعیدی کوڕی عاسیش فەتحی تەبرستانی کرد[5]. عوسمان هەندێ جار کۆمەڵێ مەرجی دادەنا بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوتیدا بەرژەوەندیی موسڵمانان لە بەرچاو بگرێت، بۆ نموونە مەعاویەی ئەبی سوفیان نوسراوێکی بۆ نارد بۆ ئەوەی ڕێگەی بدات شەڕی دەریایی بکات، عوسمانیش نووسی بۆی: ئەگەر خۆتو خێزانو ماڵەکەت دەبەیتە ناو دەریا ئەوا سەربازەکانیش ببە ناوی، هەتا خاووخێزانت لە پێشا نەبەیت نابێ کەس بخەیتە ناو دەریا ئەویش چووە دەریاو خێزانەکەی لەگەڵ خۆی برد)[6].

دووەم: ئەو شێوازانەی کە عوسمان بەکاریدەهێنا بۆ چاودێریکردنی کاربەدەستەکانیو سۆراغی دەنگوباسیان پێدەکرد

عوسمان کۆمەڵێ شێوازی گرتبووە بەر بۆ چاودێریکردنی والییەکانی، هەروەها بۆ زانینی حاڵو ئەحەواڵیان، یەکێ لەو شێوازانە

1ـ ئامادەبوونی لە وەرزی حەجکردندا

ئیمامی عوسمان پەرۆش بوو بۆ حەج کردنو گەشتن بە حاجیان بۆئەوەی گوێ بیستی سکاڵایان بێتو پرسیاری دادوەری والییەکانیان لێ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش داوای دەکرد لەکاربەدەستەکانی لە وەرزی حەجدا لە بارەی بارودۆخی خۆیانەوە نامەی بۆ بنێرن، هەروەها نووسی بۆ شارەکانیش لە هەموو وەرزێکی حەجدا لە بارەی کاربەدەستانەوە نامەی بنێرنو شکاتیان لە کێ هەیە تیا بنووسن[7]، ئەم کارە بەردەوامبوو، سەرەتا لە سەردەمی عومەرەوە دەستی پێ کرد لەسەردەمی عوسماندا درێژەی پێدرا، وەکو دیداریکی سالانە لە نێوان خەلیفەو والیو جەماوەردا دەبەسترا[8].

---

[1] تأريخ الطبري (244/5).
[2] الولايات على البلدان (215/1).
[3] تأريخ المدينة، أبوزيد البصري (997/3).
[4] المصدر نفسه (995/3 - 996).
[5] تأريخ اليعقوبي (166/2).
[6] الولايات البلدان (216/1)، الخراج وصناعة الكتاب ص (306).
[7] الولايات البلدان (216/1)، نقلا عن تأريخ الطبري.
[8] أعصر نفسه (216/1).

2ـ پرسیاری لە ڕێبواران دەکرد، کە لەشارو ویلایەتەکانەوە دەهاتن ئەم ڕێگەیان پرسیارە بە ئاسانترین شێوە دادەنرێت، کە ئەرکی نەدەخستە سەر شانی خەلیفەکان زۆر، زۆربەی حاربە بێ پێشەکی و بێ ئاگاداری دەهاتن زانراوە، کە خولەفای ڕاشیدین هەر چواریان کاریان بەم شێوەیە کردووە، بونی خەلیفە لە مەدینەی منەوەرە خۆی لە خۆیدا ببوە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ هەرسێ خەلیفەکە، چونکە نوێنەری شوێنانی بە ئاسانی دەبینی، کاتێ دەهاتن بۆ زیارەت، بە تایبەتی لە وەرزی حەجدا[1].

3ـ پەیامنێری هەبوو لەناو ئەهلی شارەکان، نوسراویان بۆ دەنووسی هەواڵیان دەدایە، عوسمانیش دەچوو بە پیر ئەو نووسراوانە کە بۆی دەهات لە لایەن هاووڵاتیانی خەڵکی شارەکانەوە، لە سکاڵاکانیانی دەکۆڵییەوە، بە هەمان شێوە عوسمان پێشوازی کرد لەو نووسراوەی ئەهلی کوفە بۆیان نارد، هەروەها ئەو نووسراوەش کە ئەهلی میسر بۆیان نارد، هەروەها نووسراوەکەی ئەهلی شام، عوسمان لەنووسراوەکان وردبوویەوە چارەسەری دەکردن[2].

4ـ ناردنی لیژنەی پشکنین (مفتش) بۆ ویلایەتەکان عوسمان ژمارەیەك پشکێنەری ڕەوانە کرد بۆ هەندێ ویلایەتەکان بۆ زانینی حاڵو باڵیانو شارەزابوون لەو پروپاگەندانەی کە دەکرا بۆ والییەکان بەرامبەر لە گەلەکانیان، ئەم لیژنانە بە ڕاپۆرتی تێرو تەسەلەوە لە بارەی وەزعی هاووڵاتیانەوە دەگەڕانەوە[3]، بۆ ئەم مەبەستە عەمماری کوڕی یاسری نارد بۆ میسرو موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی نارد بۆ کوفە، ئوسامەی کوڕی زەیدی نارد بۆ بەسرە، عەبدوڵڵای کوڕی عومەری نارد بۆ شام، وێڕای ئەمانەش کۆمەڵێ پیاوی تری نارد بۆ شوێنەکانی دیکە[4].

5ـ سەفەرکردن بۆ ویلایەتەکانو پرسیارکردن لە بارودۆخیان، ڕاستەوخۆ عوسمان لە کاتی حەجدا سەردانی مەککەی دەکرد و پرسیاری گوزەرانی لێدەکردن، وتووێژی دەکرد لەگەڵ والییەکانداو لەگەڵ حاجی شارەکاندا، و پرسیاری حاڵو ژیانی لێ دەکردن.

6ـ داوای نوێنەری دەکرد لە ویلایەتەکانەوە بێن بۆ ئەوەی پرسیار بکات لە والیو ئەمیرەکانیان.

خەلیفە ڕاشیدینەکان زۆرجار داوایان دەکرد لە والییەکان، کە کەسانێك لە خەڵکی شارەکان بنێرن بۆیان، بۆ ئەوەی پرسیاریان لێ بکەن، عومەرو عوسمانو عەلی چەندین جار ئەمەیان کردووە، بەڵام ئەبوبەکر سەرقاڵی کاروباری جیهادبوو نەیدەپەرژایە سەر ئەم کارە، هەروەها تەمەنی خەلافەتەکەی کەمبوو، بۆیە کەم لەم کارانەی کردووە[5].

7ـ بانگهێشتکردنی والییەکانو پرسیارکردن لە ئەحواڵی شارەکەیان.

ئەم شێوازە مەشهور بوو لە سەردەمانی هەر چوار خەلیفە ڕاشیدینەکەداو پەیوەندی بەردەوام هەبووە لە نێوان عوسمانو والییەکاندا بۆ باسی کاروبارە هەمەچەشنەکانی وڵات، گرنگترین ئەم پەیوەندییانەش ئەو کۆبوونەوانەبوون، کە عوسمان دەیبەست لەگەڵ والییەکاندا لە مەدینەو بانگهێشتی والی بەسرەو کوفەو شامو میسرو غەیری ئەمانەشی کرد، هەروەها بانگهێشتی هاوەڵە مەزنەکانی کردو کۆبوونەوەیەکی لەگەڵدا بەستنو سەروبەندی ئاژاوەی تاووتوێ کرد لەگەڵیان، کە تازە سەری هەڵدابوو، ڕای والییەکانی وەرگرت لە بارەی ئاژاوەو چوونیەتی چارەسەرکردنی بەوە هەر والییەك بۆ چونێکی دەربڕی بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە[6].

8ـ نامەگۆڕینەوە لەگەڵ والییەکان.

---

[1] الولاية على البلدان (217/2).
[2] المصدر نفسه (217/1).
[3] المصدر نفسه.
[4] المصدر نفسه.
[5] الولاية على البلدان (122/2).
[6] المصدر نفسه (123/2).

داوای ڕاپۆرتی لێدەکردن لە بارەی گوزەرانی گەل و ئەحواڵی شارەکانیانەوە ئەم شێوەیە لە سەردەمانی هەر چوار خەلیفە ڕاشیدینەکاەدا مەشهور بووە، زۆر بە گەرمی ئەم شێوەیە لە سەردەمی ئەبوبەکرو عەلیدا پیادە دەکرا[1]، ئەم ڕێگەیە گرنگترین شێواز بوو کە عوسمان لە سەری دەڕۆیشت بۆ چاودێری و بەدواداچوونی والییەکانی، عوسمان جەسوربوو لەسەر ئەوەی والییەکان هەستن بە ئەرکەکانیان لە سەرپێچییەکان ئاگاداری بکەنەوە، بۆ ئەوەی بەپێی زانیاری خۆی ڕێنماییان بکات هەڵەکانیان بۆ ڕاست کاتەوە، ئەگەر سەلما لەسەر والییەکان کە سەرپێچییەکیان کردووە فەرمانی سزادانی داون بەبێ ئەوەی بڕوانێتە چالاکییەکانی و گومانە باشەکان، بۆ نموونە حەددی ئارەقخواردنەوەی دا لە وەلیدی کوڕی عەقبە دوای بەدیهاتنی مەرجەکان بەبێ ئەوەی بڕوانێتە ئەوەی ئایا شاهیدەکان ڕاستگۆن یان بە پێچەوانەوە[2] دوای حەدد لێدان لە والییەتی کوفەش لایبرد[3]، قۆناغ قۆناغ نوسراوی دەنووسی بۆ ئەهلی شارەکان و والی تازەی بۆ دادەمەزراندن بۆ ئەوەی پەیامەکانی خەلیفە جێبەجێ دبکات، هەروەها زۆر جارێ نوسراوی دەنارد بۆ عامەی خەڵك لە شارەکان و ئامۆژگاری دەکردن بۆ ئەوەی لەگەڵ والییەکان کاروباری گەل ئاسان بکەن، یەکێ لەو نوسراوانە کە ناردی بۆ شارەکان و هەرێمەکان تێیدا وتبووی (پاش سوپاسی خودا، من کاربەدەستم هەڵبژاردووە کە لە هەموو مەراسیمێکدا سەردانم بکات، ئاگاداری بارودۆخەکەییم، لەو ڕۆژەوەی دەسەڵاتم گرتۆتە دەست فەرمانم بە چاکە کردووەو ڕێگریم لە خراپە کردووە، کەمتەرخەمیم بەرامبەر هیچ شتێك و هیچ کەسێ نەکردووە ئیللا مافی خۆیم پێداوە، نە بۆ خۆم نە بۆ خێزانەکەم هیچ مافێکم بڕیار نەداوە پێش گەلەکەم، ئەگەر کەسێ بە بێئاگایی من لێی درابێت یان جنێوی پێ درابێ و لە من پەنهان بێت، با دادی خۆی بکات هەرکەسێ سکالایەکی هەیە لە مەراسیمێکدا با بێت بۆ لام مافی خۆی وەرگرێت، یان لە خۆم یان لەکاربەدەستەکەم یان بمان بەخشێت خودای گەورە پاداشتی بەخشندەکان دەداتەوە.

کاتێ نووسراوەکەی لە شارەکاندا خوێندرایەوە خەڵك دەستیان کرد بە گریان و دوعای خێریان کرد بۆ ئیمامی عوسمان[4].

سێیەم: ماف و حەقی والییەکان

لە سەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکاندا بڕیاردرابوو، کە والییەکان مافی جۆراوجۆریان هەیەو هەندێکیان پەیوەندیی بەگەل و جەماوەرەوە هەیەو هەندێکیشیان پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە، وێڕای مافەکانی تر کە پەیوەندیی بە بەیتولمالەوە هەبوو، هەموو ئەو مافە ماددیو مەعنەویانە بە پلەی یەکەم ئامانجی هاوکاریی کردنی والییەکانە بۆ بەجێگەیاندنی واجباتی خۆیان و خزمەتکردن بەرژەوەندیی گشتیی، گرنگترین مافەکانیش ئەمانەن:

1ـ لە گوناهو سەرپێچیدا گوێڕایەڵیان نەکەن.

خودای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا) (النساء: 59).

قورتبی دەڵێت: (لە ئایەتەکانی پێشوودا بە والییەکان دەستی پێ کردو فەرمانی پێکردن ئەمانەتپارێزبن و لە نێوان خەڵکدا دادگەربن، لەم ئایەتەدا فەرمانی کردووە بە ڕەعیەت گوێڕایەڵی خودای گەورە بن و بەر لە هەموو کەسێ فەرمانەکانی بەرجەستە بکەن و دوورکەوتنەوە لە نەهییەکانی، پاشان گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەن، لەو کارانەی فەرمانی پێکردووە یان قەدەغەی کردووە، پاشان گوێڕایەڵی ئەمیرەکان بکەن، ئەمەش لەسەر ڕای کۆماری هاوەڵان و ئەبی

---

[1] المصدر نفسه (122/2).
[2] المصدر نفسه (126/2).
[3] المصدر نفسه (217/2).
[4] تأريخ الطري (349/5).

هورەیرەو ئیبنو عەباسو جگە لەمانەش[1]، لە سەردەمی راشیدیندا کۆمەڵگەی ئیسلامی بە گشتیی، شەریعەتی لە سەرووی هەموانەوە داناوە حاکمو مەحکوم سەری بۆ کەچ کردووە، لەبەر ئەوە گوێڕایەڵی حاکمو ئەمیرەکان بەستراوە بە گوێڕایەڵی خودای گەورەو پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ (نابێ گوێڕایەڵی لە تاواندا بکرێت، گوێڕایەڵی بەس لە چاکەدا دەکرێت)[2].

2ـ بەخشینی ئامۆژگاریی بۆ والییەکان.

لە ڕوانگەی فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەوە، یەکێکە لەو بنەڕەتانەی، کە سەرجەم ئوممەت ئاشنایەتیو دەیخوێنێتەوەو چەندین ئەمری لەسەر هاتووە لە دووتوێی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ و بە شێوەیەکی گشتیی ئاماژەیان پێکردووە، ئەوەیە فەرمان بە چاکەو ڕێگریی لە خراپە، بکەن بە تایبەتی والییەکان فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە کە ئامۆژگارییان بکەن، واتە ئامۆژگاری والییەکان خەلیفە راشیدینییەکان هەر چواریان نەریتیان وابوو نوسراویان دەنووسی بۆ والییەکانیان و بە بەردەوامی

ئامۆژگارییان دەکردن ئەو دەقانەی لەمبارەیەوە هاتوون زۆرن بە نارەحەتی هەژمار دەکرێنو جەم دەکرێن[3].

3ـ پێویستە لەسەر گەل هەواڵی راستو دروست بگەیەنن بە والی، هەواڵەکان راست بن، ئیتر لە بارەی بارودۆخی گشتیی خەلکەوە بێت، یان لە بارەی هەواڵی درژمنەوە بێت یان لە بارەی بریکارەکانی والییو فەرمانبەرەکانییەوە بێت، بە پێی توانا پەلەی تیا بکرێت بە تایبەت ئەو رەوشانەی پەیوەندیی بە جەنگو هەواڵی دوژمنەوە هەیە، ئەوانەش کە پەیوەندی بە کاربەدەست و غەیری ئەمانەشەوە هەیە، ئەمەش لە سۆنگەی هاوکاری کردن لە بەرپرسیاریەتی والیدا دەکرێت بۆ رەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتیی ئوممەت[4].

4ـ پشتیوانی کردنی والی لە هەڵوێستەکانیدا.

کاتی ئاژاوە بەرپابوو سەرانی ئاژاوەگێڕ داوایان کرد لە عوسمان هەندێ لە والییەکان لابباتو بەرکەناریان بکات، ئیمامی عوسمان ئەمەی ڕەفز کرد، ئەم بە قسەنەکردنە بۆ خزمەتی ئامانجی گشتیی وڵاتی ئیسلامی بوو، بۆ ڕێگرتن لەشڵەقاندنی بارودۆخ بوو، مانای ئەوە نەبوو ئاوڕ لە سکاڵای جەماوەر ناداتەوەو بە بێ لێکۆڵینەوە پشتگیری لە والییەکان دەکات، بەڵکو ئەم بەقسەنەکردنەی خولەفا دوای لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو سکاڵایانە بووەو دوای لێپێچینەوەی ورد بووە، لیژنەی تایبەتییان لە هاوەڵان ناردووە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کێشانە، لە هەمان کاتدا پشتیوانی کردن لە والی واجبێك بووە لەلایەن خەلیفەوە، هەروەها واجبیش بووە لە لایەن گەلەوە، پێویست بووە لەسەر خەڵك رێزیان لێ بگرێنو بیان نرخێن[5]، عوسمان هەندێ والی لابردووە دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتووە، کە بەرژەوەندیی جەماوەری تێدایە.

5ـ دوای لابردنی والییەکان دەبێ هەر ڕێزیان لێ بگیرێت

عوسمان ڕێزی گرتووە لە ئەبو موسای ئەشعەریو عەمری کوڕی عاص، دوای لابردنیشیان، بەڵکو تێبینی دەکەین عوسمان ڕاویژی بە عەمری کوڕی عاص کردووە لە مەسەلە گەورەکانی وڵاتدا دوای لابردنی، ئەمە ڕێزێکی گەورەبوو لە عوسمانەوە بۆ ئەو والییانەی کە لە ویلایەتداری لایبردبوو.

6ـ موچەو دەرماڵەی والییەکان

[1] تفسير القرطبي (259/5).
[2] البخاري كتاب الاحكام رقم (7145).
[3] الولاية على البلدان (56/2).
[4] المصدر نفسه (57/2).
[5] المصدر نفسه (85/2).

یەکێ لە مافی والییەکان ئەو مووچەیە بوو کە پێی دەژیان، بەرنامەی ئازوخەو موچەی کاربەدەستەکان بوو، کە خەلیفە راشیدینەکان رێککەوتبوون لە سەریو لاسایی پێغەمبەریان ﷺ دەرکردووەو چاویان لەو دەکرد، تەنانەت ریوایەتەکان باسی موچەی هەندێ لە کاربەدەستەکانی کردووە، چەمکی ئەم ریوایەتانە ئەمەیە هەموو کاربەدەستان موچەو دەرماڵەیان هەبووە، بە درێژایی سەردەمی راشیدینەکان، زۆربەی ئەو ریوایەتانەی لەم بارەیەوە هاتوون بە پلەی یەکەم رشدیان خستووەتە سەر سەردەمی ئیمامی عومەر، تەنانەت باسی ئازوخەی هەندێ لە والییەکانی ئەو سەردەمە دەکەن، عوسمانو عەلیش لەسەر ئاکاری دوو خەلیفەکەی پێشی خۆیان دەڕۆیشتن بۆ پیادەکردنی ئازوخەی کارگێڕو والییەکان، بەلام لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا بەخشیش پێدانو دەرماڵە زۆر فراوانو بەرین بوو بۆ خەڵك بە گشتییو بۆ والییەکان بە تایبەتی، بە پێی ئەو داهاتە زیادەی دەهاتە نێو بەیتولمال لە ئەنجامی فتوحاتی والییەکانی عوسمان لە خۆرهەلاتو ئەرمینییەو ئەفریقاو شوێنەکانی تر، بەلکو عوسمان موکافەئەی براوەی دەبەخشی بە بریکارە تایبەتو لێهاتووەکانی، بۆ نموونە پێنج لە پێنج یەکی دەستکەوتی فەتحی باکووری ئەفریقای دا بە عەبدوڵلای کوڕی سەعدی ئەبی سەرح لە پاداشتی ئەو فەتحەدا، بەم چەشنە پێی وتبوو: (ئەگەر خودای گەورە سبەینێ ئەفریقای لەسەر دەستی تۆ فەتح کرد لەو دەستکەوتەی بە دەستی دەهێنی پێنج لە پێنجی بۆ تۆ، وەکو خەلاتێ[1])، بە هەرحاڵ دەبێ پێدانی ئاروخەو موچەی کاربەدەستەکان، بەجۆرێك بێت پێویستییان تێر بکات، بێباك بن لە خەڵکی، ئەم بەرنامەیە (بەرنامەی موچەو خۆراکدان بە والییەکان) پێغەمبەر ﷺ رەنگی رشتووە، خەلیفە راشیدینەکان لەسەری رۆشتوون، هەتا سەرکارەکان بێباكو بوون لە ماڵو دارایی خەڵكو یەکلابوونەوە بۆ کارکردنو بەرژەوەندیی دەوڵەت)[2].

چوارەم: ئەرکی والییەکان

1- پیادەکردنی ئاین دیارترین ئەرکیان بووە

أ - بلاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە نێو خەڵکدا، هەرچەند ئەو سەردەمە تایبەت کرابوو بۆ فتوحاتی گەورە گەورە، پێویست بوو والییە فەرماندارەکان بە جوانی، کە ئایین لە ولاتە رزگارکراوەکاندا بلاوبکەنەوەو پشت ئەستووربن بەو هاوەلانەی لەگەڵیاندایە، والییەکان بەم موهیمەیە هەڵدەستان وێڕای کەسانێك کە هاریکاری دەکردن لە سەرەتای فەتحدا، لە سەردەمی ئەبوبەکردا، پاشان ئەمە لە سەردەمی عومەردا شارەکان پشتیان دەبەست بەمامۆستاو شەرعزانەکان، کە بۆیان رەوانە دەکرا، دوای پەرەسەندنو بنیاتنانی شارە نوێیەکان لە ماوەی دوا کۆتایی خەلافەتی عومەردا جەخت کرایەوە لە رەوانەکردنی مامۆستای ئاینییەکان، وە لە ماوەی خەلافەتی عوسمانو عەلیشدا لە بەر زۆری ژمارەی دانیشتوان لە شارەگەورەکانداو زۆری تەلەبەی عیلمو سەرقاڵی والییەکان بە رەوشە جیاوازەکانەوەو فراوانی ویلایەتەکانیان کە هەموویان شوێنکەوتەی یەك ویلایەت بوون ژمارەیەك لە شارەکانو پێویستیان بە شەرعزانو مامۆستا هەبوو[3].

ب - ئیقامەی نوێژکردن

خەلیفەکان خودی خۆیان بە درێژایی سەردەمی هەر چوار خەلیفەکە هەڵدەستان بۆ بەجێکردنی نوێژی هەینیو جەماعەتو جەژنەکان لەو شارانەی کە تێدا حوکمڕانیان دەکردو وتاریان بۆ خەڵك دەدا لە هەینیو جەژنەکانو بۆنەکاندا، بە هەمان شێوە جێگرەکانیشیان لە شارەکاندا بەم موهیمیە هەڵدەستان، بە ردێژایی سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین لەناو خەلکدا خۆیان وتاریان دەداو ئیمامەتیان لە نوێژدا دەکرد[4].

ج - پاراستنی بنەماکانی ئاین

[1] تأريخ الطبري (252/5).
[2] الولاية على البلدان (64/2).
[3] الولاية على البلدان (66/2).
[4] الولاية على البلدان (37/2).

خەلیفەکانی راشیدین دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ هەستیان کردووە بە گەورەیی ئەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆیان بۆ پاراستنی دین لە سەر بنەما دروستەکانی ئەو بنەمایانەی کە دابەزیوە بۆ پێغەمبەر ﷺ تێکۆشانو لێبڕاون بۆ زیندووکردنەوەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، بنەبڕکردنی بیدعەو کارکردن بۆ بەرزڕاگرتنی ئایینی خوداو ڕێزی پێغەمبەرەکەی ﷺو بەرپەرچی ئەو دەستکیسانە بدەنەوە کە دەیانەوێ پۆخڵەوات بخەنە ناو ئەم دینە، ئیمامی عوسمان کاری کرد بۆ نووسینەوەی قورئانی پیرۆزو نوسخەی لێ گەیاند بە شارەکانو فەرمانی کرد بە والییەکانی ئەو قورئانە نووسراوانەی تر کە لای خەڵکە بیسوتێنن لە پێناو پاراستنی گرنگترین بنەماکانی دیندا کە قورئانی پیرۆزە[1].

والییەکانی عوسمان کۆششێکی زۆریان بەخشی بۆ بەرەنگاری ئەو سەبەئیانەی کە راوبۆچوونی نامۆیان هێنابووە ناو ئیسلام، تەنگیان پێ هەڵچینینو تاریان نان[2]، بە شێوەیەکی گشتیی پاراستنو پارێزگاریی ئەم دینەو ڕێزگرتنی، گرنگترین ئەرکی سەرشانی والییەکان بوو[3].

د ـ نەخشەگرتنو تەلاری مزگەوت

کاتێ پێغەمبەر ﷺ گەشتە (قوبا)، هەستا بە دروستکردنی یەکەمین مزگەوتی ئیسلام تێیدا، لە دوای دروستکردنی مزگەوتی شاری مەدینە، دەستی کرد بە دروستکردنی بینای مزگەوتی قوبا، خەلیفە راشیدینەکانیش بە هەمان شێوە بەردەوامبوون لەسەر دروستکردنی مزگەوت لە شارو پێتەختەکانو شوێنە رزگارکراوەکان گەرچی والییەکان هەڵنەستاون بە بنیاتنانی هەر هەموو مزگەوتەکان، بەڵام ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە لە بنیاتنانی مزگەوتە سەرەکییەکاندا لە زۆربەی مزگەوتی ئەو ناوچەی سەر بە ویلایەتەکانیان بەتایبەت لە دروستکردنی مزگەوتە گەورەکان.

هـ ـ ئاسانکاریی بۆ ڕەوشی حەج

والی هەرێمەکانو شارەکان لە سەرەتای ئیسلامدا بەرپرسبوون لە ئاسانکاری رەوشتی حەج لە ویلایەتەکانی خۆیانداو سەلامەتییان دابین دەکرد بۆ حاجییەکان، والییەکان هاریکاری ئەمیرەکانیان دەکرد بۆ قافڵەی حەجو ماوەی سەفەری حەجی بۆ دیاری دەکردنو هیچ حاجییە لە شاری خۆی دەرنەدەچوو بە مۆڵەتی والی نەبێت، هەندێ لە ئەمیرەکان بە ڕێکخستنی تەدارك وازیان نەدەهێنا بەڵکو هەیانبوو کاری بۆ ڕێکخستنی دابینکردنی ئاو دەکرد لەو ڕێگایانەی کە حاجییەکان پێیدا دەڕۆشتن، ئەوە عەبدوڵڵای کوڕی کورەیزە ئاوی دابین کردبوو لە ڕێگەی حاجییەکانی بەسرەدا، کاتێ کارگێڕی ئیمامی عوسمان بوو لەسەر ئەو ڕێگایەی کە لە بەسرەوە دەچێتە مەککە[4].

شەعزانەکان لە دوای ئەم کارە جەختیان کردووەتەوە، کە ئاسانکاری بۆ حاجیان، کارێکە لە ئەرکەکانی والییەکان بۆ بەرامبەر شارەکانی خۆی، ماوەردی دەڵێ: (ئاسانکاری بۆ حاجیانو مەراسیمی حەج، یەکێکە لە ئەرکەکانی ویلایەتگەریی، چونکە لە جوملەی ئەو یارمەتییانەیە کە دەخرێتە ئەستۆی ئەمیر)[5].

و ـ جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان

جێبەجێکردنی سزا لەسەر سەرپێچیکەرانی فەرمانی خوداو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ واجبێکی دینی بووەو خراوەتە ئەستۆی والییەکان، بەڵکو یەکێك بووە لە کارە سپێردراوەکانی سەرشانیان، ئیتر ئەو سزایە لەسەر سەرپێچییەك بێت کە دەبێتە کۆسپی موسڵمانان بە گشتیی یاخود ئەو سەرپێچییانەبێت کە دەبێتە زیان بۆ گرۆیەکی دیاریکراو[6]، ئیمامی عوسمانو والییەکانی هەستاون بە جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان لە سەردەمی خۆیاندا.

2ـ سەروتنی خەڵك لە شارەکانی خۆیاندا

---

[1] تأريخ المدينة (996/3 - 999).
[2] عبدالله بن سبأ وأثر في أحداث النفسه، سلمان العودة، ص (214).
[3] الولاية على البلدان (69/2).
[4] الولاية على البلدان (192/2).
[5] الاحكام السلطانية، أبو الحسن الماوردي ص (33).
[6] السياسة الشرعية لأبن تيمية، ص (66).

پارێزگاریکردنی ئاسایشی خەڵك لە ویلایەتەکاندا، یەکێکە لە ئەرکە هەرە گەورەکانی ئەستۆی والی، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەم کارەدا دەبی والی هەستێ بە ژمارەیەك کاروباری تر ، بۆنموونە گرنگترینیان جێبەجێ کردنی سزایە لەسەر تاوانباران و لە ڕێ دەرچووەکان[1]، سزا بۆ ئەو تاوانانەی کە ژیانی خەڵك و ماڵ و سامانیان دەخاتە مەترسییەوە، بەم چەشنە ڕووداوە ئەمنییەکان کەمدەبێت و کوشتن و دزی و ڕێگری و ئاژاوە نامێنێ، بەڵکو ئاسایش وا بەرقەرار دەبێ خەڵك بەرامبەر خەڵکانی تر قسەی نابەجێ و بوهتان و بۆ هاوێشتن نامێنێ، جێبەجێکردنی سزا، ڕێگری دەکات، لە دەمدرێژیی ئەدەبی بۆ سەر خەڵك، هەروەها ناموس و شەرەفیان دەپارێزرێت، تەئمینکردنی ژیانی خەڵك و پاراستنی هەندێکیان لە هەندێکی تریان ئەرکی سەرشانی والییەکان بوو، بەڵکو کارگێڕەکان بە فەرمانی خەلیفەکان کاریان بۆ زامنکردنی ئاسایشی جانەوەرو کەوەمارو دوپشکی ویلاتەکەی ژێر دەستیان کردووە، بەلازری دەڵێت: کارگێڕی نسیبین نوسراوێکی نووسی بۆ مەعاویە، ئەوکاتە مەعاویە والی شام و جەزیرە بوو، سکالای نووسی بوو، کە کۆمەڵێ لە موسڵمانان دوپشك ژیانی پێ تال کردوون، ئەویش نووسی بۆی، فەرمانی پێکردبوو سکالایان بردە لای، کە کۆمەڵێ لە موسڵمانان بەدەست دوپشکەوە گیرۆدە بوون، ئەویش داوای لێ کردن چاکن بەرامبەری دووپشکەکانی شارەکەو خۆمان بپارێزین و هەموو شەوێك ئەزکار بخوێنێت ئەوانیش بە قسەیان کرد، بەڵام دووپشکەکان زیانبەخشبوون بۆیە فەرمانی کرد بیانکوژن[2].

3ـ تێکۆشان لەبەر خاتری خودا

تایبەتمەندی هەرەدیاری سەردەمی خەلیفە راشیدینەکان ئەوەبوو والییەکان فەرمانداری جیهادبوون لە شارو ناوچەکاندا، هەر بەم شێوەیە بە والییەکان لە سەردەمی عوسماندا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە فتوحاتەکاندا یەکێ لەوانە عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوریزو موغەیرەی کوڕی شوعبەو ئەبو موسای ئەشعەری بوو ئەمانە فەتحیان گەیاندە خۆرهەڵات، عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی ئەبی سەرحیش فەتحی گەیاندە باکوری ئەفریقا، مەعاویەی کوڕی ئەبی سوفیانیش فەتحی گەیاندە چوارقورنەی ئەرمینیەو وڵاتی ڕۆم، گشتمان باش دەزانین ئەمیرەکان لە سەردەمی خەلیفە راشیدینییەکاندا وێڕای بەڕێوەبردنی ویلایەتەکانیان موجاهیدەبوون بۆ قوڵەکانی دوژمن و خۆیان نەخلەفاندووە لە کارە پێ سپێردراوەکانیان دوانەکەوتوون، بێ سۆ جیهادکردن هاوپێچی کۆمەڵێ کاری دەستنیشان کراوە، کە خزمەت بەکاروباری گشتیی دەکات، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بۆ گرنگترین ئەو کارانە کردووە، کە لە لایەن ئەمیرەکانەوە ڕێکراوەو ئەنجامدراوە وەکو:

أ ـ ناردنی خۆبەختکەران بۆ جیهاد لە لایەن ئەمیرەکانەوە.

والی یەمەن و بەحرەین و مەککەو عومان موجاهیدەکانیان ڕەوانە دەکرد لە ماوەی تافی سەردەمی ئەبوبەکرو عومەرو عوسماندا[3].

ب ـ بەرگری کردن لە ویلایەت دژی دوژمنانان.

والییەکانی شام بەرهەڵستی ڕۆمەکانیان دەکرد بە درێژایی سەردەمی خەلیفە راشیدینەکان، هەروەها هەر بەم جۆرە والییەکانی عێراق بەرهەڵستی فارسەکانیان دەکرد هەتا بۆیان هەڵکەوت دواهەمین پادشای فارسیان کوشت لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا.

ج ـ پەرژینکردن و قایمکردنی وڵات.

ئیمامی عوسمان فەرمانی دەکرد بە پەرژین کردنی کەنارەکان و کون برکردنیان، هەروەها (مووچە برینەوە بۆ ئەو سەربارانەی لەو شوێنانەدا دەمێنەوە بۆ ئەوەی پڕبن لە جوامێری و هیممەتی پیاوانە)[4].

---

[1] الولاية على البلدان (71/2).
[2] فتوحات البلدان، البلازري، ص (183).
[3] الولاية على البلدان (72/2).
[4] المصدر نفسه (73/2).

د ـ بەدواداچوون، واتە کەوتنە پەیجورو سۆراغکردنی هەواڵی دوژمن.

والییەکان هەڵدەستان بە سۆراغ کردنی هەواڵی دوژمنانو ئاراستەی بەرەوەندییەکانیان دەدۆزییەوەو خاڵی هەرە گرنگیان دیاری دەکردو ڕەدیان دەگرتو دەیانتوانی ڕێزی دوژمنان بشێوێننو چاو (سیخوڕ) بچێنن لە ناویاندا کە سەربەخۆیان بێت.

هـ ـ بە هیممەتی ئەسپەکان شارەکانیان دەپاراست.

ئەسپ بایەخێکی تایبەتی هەبوو لە جیهاددا، موسڵمانان بایەخیان دەدا بە مۆچاندنو مەشق پێکردنی ئەسپ، وە لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ زۆر گرنگییان پێدەدا پاشان ئیمامی عومەر سیاسەتێکی گشتگیری دارشت، بۆ زۆرو زەوەندکردنی ئەسپ بۆ جیهادکردن لە شارە ئیسلامییەکاندا[1]، هەروەها ئیمامی عوسمانیش لەسەر هەمان سیاسەتی عومەر دەچوو لە بایەخدان بە ئەسپ ئەم ئەسپانە ئامادەباش دەکران بۆ بەرگری کتوپڕ لە وڵاتی ئیسلامیی.

و ـ ڕاهێنانی مێردمنداڵانو ئامادەکردنیان بۆ جیهاد.

سەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکان ئەمیرەکان بایەخیان دەدا بە پەروەردەی منداڵانو ڕاهێنانیان بۆ ژیانی جیهادی ئایندە.

ز ـ برەودان بە تۆمارگەی سەربازیی واتە (دیوانی سەربازیی).

عوسمان لە سەر پەیڕەوی سیاسەتی عومەر دەچوو، لە گرنگیدان بە دیوانی سەربازیی، ئیمامی عوسمان زۆر گرنگی دەدا بە دیوانی شارەکان، چونکە بیروڕای وابوو خەڵکی شارەکان زۆر پێویستیان بە زەبتکردن هەیە، بە تایبەت ئەو شارانەی کە نزیکن لە دووژمنەوە، چونکە ئەم شارانە پێویستیان بە سەرباز هەیە بە بەردەوامی، والییەکان بەرپرسیاری ڕاستەوخۆ بوون، لە دیوانی سەربازیی شارو هەرێمەکەیاندا هەرچەندە هەندێ فەرمانبەری تر سەرپەرشتی ئەم کارەیان دەکرد، بەڵام والییەکان ڕاستەوخۆ ئەم کارەیان دەکرد، چونکە ئەمیری جەنگ بوون، بەرپرسیارییەتیان بەرامبەر دیوانی شارەکەیان وەکو بەرپرسیاریەتی خەلیفە وابوو، بەو پێیەی نوێنەری خەلیفە بوون[2].

ح ـ جێبەجێ کردنی پەیماننامەکان.

بۆ پەرەسەندنی فتوحاتی ئیسلامیی، لە سەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکاندا لەگەڵ دوژمناندا نامەیان دەگۆڕییەوە، هەروەها لەگەڵ خەڵکی وڵاتە فەتحکراوەکاندا، وتوێژیان دەکرد ئەمیرەکان وێڕای سەرکردایەتی کردنی سەربازەکان بەرپرسی یەکەمیش بوون لە گرێبەستەکاندا، بۆ نموونە سوڵحکردنو جێبەجێکردنی[3].

---

[1] الولاية على البلدان (74/2).
[2] الولاية على البلدان (75/2).
[3] المصدر نفسه (75/2).

4ـ کۆشش کردن بۆ دەستەبەرکردنی ئازوخەی خەڵك

خەلیفە راشیدینەکان لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا رێگەیەکی تازەیان کێشا بۆ پەخشکردنەوەی بەخشیش و کەلوپەل بەسەر موسڵماناندا، بەگوێرەی ئەو داهاتەی، کە دەستی بەیتولمال دەکەوت لەسەرەتاوە دابەشکردن و پێدان کاتی بۆ دیاری نەکرابوو، بەڵام لە سەردەمی ئیمامی عومەردا گۆڕانی بەسەردا هات، گۆڕانەکەش کەوتە دوای دانانی تۆمارگاکان لە شارە جیاوازەکاندا، لەم سەردەمەدا دەستیان کرد بە دابەشکردنی کەلوپەکان بە شێوازێکی دەوری رێکوپێك مانگانە دابەش دەکرا، عوسمانیش هەمان بەرنامەی پیادە کرد، خەلیفەو والییەکان لە سەردەمی خۆیاندا بە دابینکردنی خۆراك و کەلوپەل و شمەکەوە نەوەستان، بەڵکو شوێنی نیشتەجێ بوون و دابەشکردنی زەوی بو بە کاری هەرە گرنگی دامودەزگاکانیان، هەروەها ئەمیرەکان سەرپەرشتی دابەشکردنی خانووەکانیان دەکرد لە شارو شوێنە رزگارکراوەکاندا[1].

5ـ دامەزراندنی فەرمانبەرو کارمەندەکان

دامەزراندنی کارمەندو فەرمانبەران لەو کارانەیە، کە سەر بە ویلایەتە، پێویستبوو لەسەر شانی والییەکان بۆ شابیەکان پڕ بکەنەوە، ئەوکاتە ویلایەت بە زۆری لە شارێکی سەرەکی پێکدەهات و شارو هەرێمەکانی تر دەخرایە پاڵ بۆ ئەوە دەخرانە پاڵ سەری بە ویلایەتەکان، چونکە پێویستیان بە رێکخستنی رەوشەکانیان هەبوو، والییەکان هاریکاری دەکران لە لایەن کارمەندو فەرمانبەرانی ئەو ناوچەوە، لە سەردەمی عوسماندا ئەو کارمەندانەی سەر بە ویلایەت بوون وایان لێهات بوو حوکمی ناوچەیەکی گەورەیان دەکرد، وردە وردە ویلایەتەکان فراوان بوون لە ئەنجامی فەتحکردن بۆیە هەرێمی گەورە گەورە، خرایە سەریان کە پێشتر سنورداربوون، وەکو بەسرەو کوفەو شام و غەیری ئەمانەش بەم چەشنە دابەشکردنی کارمەند بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و رێکخستنیان کارێکی گەورە بوو لە کارەگرنگەکانی ویلایەت کە والییەکان پێی هەڵدەستان.

6ـ رەچاوکردنی ئەهلی زیمە

خاترگرتنی ئەهلی زیمەو رێزگرتنیان و رێزگرتن لە پەیماننامەکانیان و هەستان بە مافە شەرعییەکانیان و داواکردنی ئەو ئەرکانەی دەکەوتە سەریان و سۆراغ کردنی گوزەرانیان و تۆڵەسەندن لەو کەسانەی زوڵمیان لێ دەکەن بە بێ ناوگیری، بەپێی فەرمانی شەرع ئەم کارانە ئەرکی سەرشانی والییەکانە[2].

7ـ راوێژکردن بە خاوەن رەئییەکان لە ویلایەتەکان

خەلیفەکان لەسەر پەیڕەوی پێغەمبەر ﷺ دەچوون لە راوێژکردن بە ئەهلی رەئی، هەموو جارێك بە گەرمو گوڕی دانیشتنیان دەبەست بۆ هاوەڵە گەورەکان و لە کاروبارەکاندا راوێژیان پێدەکردن[3]، هەر بەم شێوەیە فەرمانیان دەکرد بە والییەکان راوێژ بکەن لەگەڵ خاوەن رەئی شارەکانی خۆیان، والییەکانیش ئەمەیان جێبەجێ دەکردو مەجلیسیان دەگرت بۆ خەڵکانی خاوەن ئەزموون و رەئی[4].

8ـ ئاوڕدانەوە لە پێداویستی ئاوەدانکردنەوەی ویلایەت

لە خەلیفە راشیدینەکان و والییەکانیانەوە زانراوە کە بایەخیان داوە بە ئاتاجی دانیشتوان لە ڕووی بیناسازی و کشتوکاڵییەوە هەستاون، بە هەڵکەندنی بیرو کارێز تەنها لە بەسرەدا نا، بەڵکو لە شوێنەکانی تردا کە زۆرن[5].

9ـ رەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ویلایەت

---

[1] الولاية على البلدان (79/2).
[2] الولاية على البلدان (80/2).
[3] المصدر نفسه.
[4] الولاية على البلدان (80/2).
[5] المصدر نفسه (81/2).

والییەکان لە سۆنگەی ڕێنماییەکانی ئیسلامیی گشتگیرەوە ڕەچاوی ئەم بوارەیان کردووە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، بە تایبەت والییەکانی ئەو سەردەمە بە ئاراستەکاری خەلیفە راشیدینەکان بە هەندێ کاری کۆمەلآیەتی هەستاون، کە سەختە بەلای ئەو کەسانەی کە پایەی وایان هەبێ هەستن بەو جۆرە کارانە، سەرکردەی تر پێی هەلْناسێ خەلیفەکان زۆر پەرۆشبوون لە سەر ئەوەی کە خەلْکان لە شوێنی خۆیاندا دابنێن و بە ئەندازەی زەحمەتی خۆیان بیاننرخێنن‌و رێزی ئەهلی شەرەف‌و پێشینەکانی ئیسلام بگرن[1]، جارێك کارگێرەکەی عوسمان لەسەر شاری کوفە نوسراوێکی نووسی بۆ عوسمان‌و سکالآی کرد لە دەستی دەشتەکی‌و لادێییەکان کە بوونەتە زەحمەت بۆ ئەهلی شەرەف‌و ئەهلی پێشینەکانی ئیسلام، عوسمانیش بۆی نووسی (پاش سوپاسی خودای گەورە، فەزلْی ئەهلی پێشین‌و زووهاتووکان، کە خودای گەورە ئەم ولآتانەی لە سەر دەستیان فەتح کرد، بدە بەسەر ئەوانیتردا، چونکە ئەمانە پێشرەون‌و ئەوانیتر شوێنکەوتەی ئەمانن، هەروەها ئەوان لەگەیاندنی ئەم حەقەدا تەمەلْییان کردووە پێی هەلْنەستاون‌و ئەمان پێی هەستاون، قوربی هەموو یەکێکیان بپارێزەو حەقی شەرعی خۆیان بدە بە هەر هەموویان، چونکە شارەزایی دەربارەی خەلْك دەتگەیەنێت بە دادپەروەری)[2].

10ـ کاتەکانی کاری (دەوامی) والی

مەشهورە لە وەلیدی کوڕی عەقەبە والی عوسمانەوە لە شاری کوفە کە خانووەکەی دەرگای نەبووە، لە هەموو کاتێکدا پێشوازیی لە خەلْك کردووە، ئەمەش بەلگەیە لەسەر تامکردنی ئازادیی موراجەعەکردنی ئەمیر بەبێ تەگەرەو بەبێ ماتەلْ کردن[3]، والی بەشێکی خانووەکەی هەمیشە کراوەبوو بۆ خەلْك، هەرکاتی بیانویستایە دەهاتنە خزمەتی ئەو بەشەخانووە مالْ‌و مندالْی تیا نەبووە.

باسی سێیەم: حەقیقەتی والییەکانی عوسمان

مێژوونووسەکان زۆر باسی ئەوە دەکەن کە عوسمان سۆزو خۆشەویستی هەبووە بۆ خزمەکانی‌و زالْی کردوون بەسەر ئەزمەی حوکمدا لە سەردەمی خۆیدا ڕەخنەو گلەیی زۆربەی خەلکی وروژاوە بەرامبەری، هاوولآتیان هاتنە جۆش‌و ڕەخنەیان لێگرت بۆ ئەوەی خزمەکانی خۆی لە کاروباری ولآت دەستیان کۆتاکەن[4]، ئیمامی عوسمان دەستیان پێ کۆتا بکات، ئەو خزمانەی کە عوسمان کردبوونیە والی، یەکەمینیان مەعاویەو دووەمیان عەبدوللآی ئەبی سەرح، سێیەمیان وەلیدی کوڕی عەقەبە، چوارەم سەعیدی کوڕی عاص‌و پێنجەم عەبدوللآی کوڕێ عامر بوو، ئەم پێنجەی عوسمان کردنی بە والی هەر هەموویان خزمی خۆی بوون، بە گومانی خۆیان (مێژوونووسەکان)، ئەمە تانەیە لەسەر عوسمان، با تەماشا بکەین، یەکەمین جارێ والییەکانی عوسمان کێ بوون، ئەبو موسای ئەشعەری‌و قەعقاعی کوڕی عەمرو جابری کوڕی موزەنی‌و حەبیبی کوڕی مەسلەمەو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی خالیدو ئەبو ئەعوەری سەلماو حەکیمی کوڕی سەلامەو ئەشعەسی کوڕی قەیس‌و جەریری عەبدوللآی بەجەلی‌و عەینەی کوڕی نوهاس‌و مالیکی کوڕی حەبیب‌و نووسەیری عەجەلی‌و سائیبی کوڕی ئەقرەع‌و سەعیدی کوڕێ قەیس‌و سەلمانی کوڕی ڕەبیعەو خونەیسی کوڕی حوبەیش، ئەحنەفی کوڕی قەیس‌و عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبیعەو بەعلی کوڕی مونیە[5] و عەبدوللآی کوڕی عەمری حەزرەمی‌و عەلی کوڕێ ڕەبیعەی عەبدول عوزا، ئەمانە والییەکانی عوسمان بوون، کەواتە ئەگەر ئامارێك بکەین ژمارەی والییەکان هەژدە والی

---

[1] المصدر نفسه (82/2)، تأريخ الطبري (280/5).
[2] الولاية على البلدان (82/2).
[3] المصدر نفسه.
[4] الدولة الأموية المغترى عليها، ص (159).
[5] وهو يعلى بن امية بن أبي عبيدة التميمي، سير اعلام النبلاء (100/3).

بووە، بە دڵنیاییەوە پێنجیان لە بەنی ئومەییەو شایستەی والیەتیش بوون، هەروەها باش دەزانین پێغەمبەر ﷺ لەناو تیرەکان زیاتر بەنی ئومەیەی دەکردە والی هەتا کەسانی تر، پاشان دەڵێم ئەم والییانە هەرپێنجیان لەیەك کاتدا والی نەبوون، بەڵکو عوسمان وەلیدی کوڕی عەقەبەی کردە والیو پاشان لایبردو سەعیدی کوڕی عاسی کردە والی، ئەم پێنجە هاوکات والی نەبوون، عوسمان هێشتا مابوو دووبارە سەعیدی کوڕی عاصیشی لابرد کاتێ عوسمان شەهیدکرا لەبەنی ئومەیە لەم سیانە زیاتر والییان نەبوو، ئەویش مەعاویەو عەبدوڵلای سەعدی ئەبی سەرحو عەبدوڵلا عامری کورەیزو هیچی تر عوسمان وەلیدی عەقەبەو سەعیدی عاصی لابرد، بەلام لە چ شوێنێ لایبرد ؟ لەو کوفەیەی کە عومەر سەعدی ئەبی وەقاصی تیا لابرد، کوفە بە هیچ والییەك رازی نەبووە، کاتێ عوسمان والییەکانی کوفەی لابرد لەبەر ئەوە نەبووە والییەکان نالەبار بوون، بەڵکو شارەکە نالەبار بوو، ئەمەش لە کەیە بەناوچاوی شارەکەوە[1].

پێغەمبەر ﷺ بەنی ئومەیەی لە ژیانی خۆیدا بەکارهێناوە دوای ئەویش خەلیفەکان بەکاریان هێناونو گوێیان نەداوەتە خزمایەتی، بۆ نموونە ئەبوبەکرو عومەر هیچ تیرەیەك نییە لە تیرەکانی قورەیش ئەوەندەی بنەماڵەی عەبدی شەمس کارگێڕی (کارمەند)یان هەبێ بۆ پێغەمبەر ﷺ، چونکە ئەوان زۆرزۆر بوون، شەرەفو سەرداریان تێدابوو، پێغەمبەر ﷺ عتابی کوڕی ئوسەیدی ئەبی عاصی کوردۆتە کارگێڕی مەککەو ئەبی سوفیانی کوڕی حەربی کردە کارگێڕی نەجرانو خالیدی موڕی سەعیدی کردە سەرپەرشتیاری صەدەقاتی بەنی مەزبەحو ئەبانی کوڕی سەعیدی کردە سەرکردەی هەندێ سریەو پاشان کردی بە کارگێڕی بەحرەین، عوسمانیش هیچ بەنی ئومەیەیەکی کار بەدەست نەکرد ئەوانە نەبێ کە پێغەمبەر ﷺ کردنی، یان هاوڕەگەزەکانیان، یان پیاوی هۆزەکانیان، بە هەمان شێوە ئەبوبەکرو عومەریش لە دوای ئەو ئەبوبەکریش یەزیدی کوڕی ئەبی سوفیانی کردە ئەمیری فەتحی شام، عومەریش ئیقراری لەسەر کردو پاشان عومەر مەعاویەی برای کردە والی[2].

ئەو پرسیارەی کە خۆی دەهاوێتە ڕێگەمان ئایا ئەم والی ئومەویانە شایستەی والیەتی بوون یان نا ؟ لەمەودوا شایەتی ئەهلی عیلم دێنین دەربارەی ئەم والیانەی کە عوسمان کردونی بە والی (ان شاء الله)، عوسمان خەلیفەیەکی راشیدەو چاوی لێدەکرێو کردارەکانی پێشینەیەکی دەستوورییە لە ناو ئومەتدا، چۆن عومەر دابێکی داهێنا بۆ دوای خۆی، کە خزمە نزیکەکانی دوور دەخستەوە لە دەسەلات، عوسمانیش دابێکی هێنایە کایەوە بۆ دوای خۆی کە خزمەکانی نزیکی دەسەلات دەکردەوە ئەگەر شایستەو لێوەشاوەبونایە، هەرکەسێ شوێن ئاکاری عوسمان بکەوێت با دڵنیابێت لە شیاویی بەڕێوەبردنی عوسمان ئەو ڕەخنانەی کە کراوەتە گلەیی لەسەر عوسمان لە بازنەی موباح دەرناچێت[3].

ئەو والیانەی کە عوسمان کردنی بە والی لە خزمەکانی خۆی، سابت بووە، ئەو والیانە لێهاتوویو توانای بەڕێوەبەردنی کاروباری ویلایەتیان هەبووەو خودای گەورە زۆربەی شارانی لەسەر دەستی ئەوان فەتح کردووەو لە ناو گەلەکەیاندا بە ڕەفتاری دادگەرانەو چاکەخوازی ڕۆیشتوون، تەنانەت هەندێکیان مەهامی ویلایەت گەرییان پیادەکردووە پێشتر لەسەردەمی ئەبوبەکرو عومەردا[4].

با بڕوانینە وتەی ئەهلی عیلم لە بارەی ئەم والیانەوە:

یەکەم : مەعاویەی کوڕی ئەبی سوفیانی کوڕی حەربی ئومەوی

نووسەرەکان فەزڵێکی بێشوماری ئەم هاوەڵە بەڕێزەیان باس کردووە، ئەمەش نەختێکێتی وەکو:

---

[1] حقبة من التأريخ ص (75).
[2] منهاج السنة (175/3، 176).
[3] الاساس في السنة وفقهها ـ سعيد هوى (1675/4).
[4] تحقيق مواقف الصحابة من الفتنة (417/1).

1ـ له قورئانی پیرۆزەوه، مەعاویه بەشداریی جەنگی حونەینی کوردووە، خودای گەورە دەفەرمووێت: (ثُمَّ أَنَزلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُوداً لَّمْ تَرَوْهَا وَعذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ) (التوبة: 26). مەعاویەش یەکێکبوو لەوانەی بەشداریی غەزای حونەینی کردووەو یەکێکە لەو ئیماندارانەی کە خودای گەورە دڵئارامی باراند بەسەریاندا لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ[1].

2ـ له سوننەتدا هاتووە، پێغەمبەر ﷺ پاڕاوەتەوە بۆ مەعاویه یەکێ لە دوعاکانی ئەمەیە (ئەی خودایە بیکە بەچاوساغی خێرو ڕێنمایی بکەیت بۆ خێرو خەڵکانیش بەهۆی ئەمەوە ڕێنمایی بکەیت)[2]، دوعایەکی تری پێغەمبەر ﷺ ئەمەیە (ئەی خودایە مەعاویه فێری کتاب‌و حساب بکەیت‌و لە عەزاب بی پارێزە)[3]، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (یەکەمین سوپایەك کە لە ڕێگەی دەریاوە غەزا دەکەن کارێکی وا دەکەن شایانی بەهەشتن‌و خۆیان دەسەپێنن بۆ بەهەشت)[4]، ئومو حەرام وتی: ئەی پێغەمبەر ﷺ منیان تێدایە فەرمووی (تۆشیان تێدایە)، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (یەکەمین‌سوپایەك لە ئومەتی من کە شاری قەیسەر غەزا دەکەن خودا لێیان خۆش بووە)، ئومو حەرام دەڵێ وتم: (ئایا منی تێدایە ئەی پێغەمبەر ﷺ؟ فەرمووی: (نەخێر)[5]، موهەلەب[6] دەڵێ: لەم فەرمودەیەدا نرخ‌و قوربی مەعاویەمان بۆ دەردەکەوێ، چونکە یەکەمین کەسبوو لە ڕێگای دەریاوە غەزای کردووە[7].

3ـ سەنای ئەهلی عیلم دەربارەی مەعاویه.

أ ـ سەنای عەبدوڵڵای کوڕی عەباس.

وترا بە ئیبن‌و عەباس ئایا زانیوتە مەعاویەی ئەمیری ئیمانداران یەك ڕکات نوێژی ویتر دەکات، وتی: (مەعاویه شەرعزانە)[8]، لێرەدا دەکرێ هەندێ لەو مەسائیلە فیقهیانە باس بکەن، کە مەعاویه کردویەتی و شوێنەواری بەجێ هێشتووە.

- لێوەی دەگێڕنەوە، کە یەك ڕکات نوێژی ویتری کردووە.
- لێوەی گێڕاوەتەوە (نوێژەبارانەی بەو کەسانە کردووە، کە چاکە کاریان لێی خوێنراوەتەوە)[9].
- لێوەی دەگێڕنەوە (بە دەرککردنی نیومەن گەنم سەرفیترەی قبوڵ کردووە)[10].
- لێوەی دەگێڕنەوە (کە بۆنخۆش کردنی لەشی بە سوننەت زانیوە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ ئیحرام ببەستن[11].
- (کڕین‌و فرۆشتنی محلەکانی مەککەی بە دروست زانیوە)[12].
- ژن‌و مێردی جیاکردووەتەوە[13]، بە هۆی نەخۆشی (عونەوە)[14] بێگونی.
- (تەڵاقی سەرخۆشی خستووە).

[1] مرويا خلافة معاوية في تأريخ الطبر خالد الغيث ص (23).
[2] صحيح سنن الترمزي للألباني (236/3).
[3] موراد الظعان (249/7)، اسناده حسن.
[4] أوجبوا: اي فعلوا فعلا وجبت لهم الجنة، فتح الباري (121/6).
[5] البخاري، رقم (2924)
[6] المهلب بن أحمد الاندلسي، منصف شرح صحيح البخاري، توفي (435ه).
[7] فتح الباري (120/6).
[8] فتح الباري (130/7).
[9] المغني لابن قدامه (346/3).
[10] زاد المعاد (19/2).
[11] المغني (77/5).
[12] المصدر نفسه (366/6).
[13] القاموس المحيط (1570).
[14] مرويا خلافة معاوية في تأريخ الطبر خالد الغيث ص (23).

- (موسڵمانی لە تۆڵەی کافردا نەکوشتووە).
- بکوژی زیندانی کردووە، هەتا خاوەن خوێن هاتووە[1].
ب - سەنای عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك دەربارەی مەعاویە.
عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك دەڵێ: معاویە لای ئێمە سامو شکۆی هەبوو، هەرکەسێکمان بینیبێتمان قسەیەکی نابەجێ کرابێت بەرامبەری دەمکوتی بێژەرەکەمان کردووە، واتە: (ئێمەی هاوەڵان)[2].
ج - سەنای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل.
پرسیار کرا لە ئیمامی ئەحمەد وتیان رەحمەتی خودات لێبێت دەربارەی ئەم وتەیە چی دەڵێیت، کە دەڵێت: ناڵێم مەعاویە نوسەری وەحی بووەو ناڵێم خاڵۆی ئیماندارانە، چونکە ئەو بەزرپی شمشێر داوری کردووە[3]، ئەحمەدیش وتی: (ئم قسەیە وتەیەکی خراپو هەڵێتو پەڵێتەو لە کەسانێك دەوەشێتەوە کەوا نەفامنو دانانیشن وازناهێننو پروپاگانتەی خۆیان بڵاو دەکەنەوە بە نێو خەڵکدا[4].
د - سەنای قازی ئیبنولعەرەبی دەربارەی مەعاویە.
ئیبنول عەرەبی باسی ئەو خەسڵەتانە دەکات، کە لە مەعاویەدا کۆبووەوەو وەك (.. هەستاوە بە پاراستنی کەلەبەرەکانی دوژمنو کونبڕی کردووە، سەربازەکانی سەرخستووە بەسەر دوژمنداو زاڵبووە بەسەرسیاسەتی بەڕێوەبردنی خەڵکدا[5]، موحیبەدینی خەتیب ئەم دەقەی رۆشن کردووەتەوەو دەڵێ: (مەعاویە ئەوەندە خاوەن هیممەت بووە هەمیشە بایەخی بەزاڵبوون داوە بەسەر دوژمندا ئەوکاتەی لەگەڵ عەلیدا لە صەفین لە شەڕی (من منە)دا بوو هەڕەشەی ناردە سەر پاشای رۆمەکان، چونکە هەواڵی پێ گەیشتبوو کە پادشای رۆم بە کۆمەڵێ سەربازی گەورەوە نزیك بووەتەوە لە سنوور)[6]، لێرەدا ئیبنو کەسیر دەڵێ: (پادشای رۆم تەماحی کردبووە مەعاویە ڕاکێشی بۆ لای خۆی مەعاویەش ترسانیو رسوای کردو سەبازەکانی بۆ هەڵجەراندو جۆشی دان)، کاتێ پادشای رۆم بینی مەعاویە سەرقاڵی شەڕکردنە هەستا نزیکی هەندێ لە شارەکان بوویەوە بە کۆمەڵێ سەربازی زۆرەوەو تەماحی کردبووە وڵاتی ئیسلام، مەعاویەش نووسی بۆی وەڵڵاهی ئەگەر دەست هەڵنەگریو نەگەڕێیتەوە بۆ شارەکەی خۆت، ئەی نەفرەت لێکراو ئەوا خۆمو ئامۆزاکەم تەمێت دەکەین، لە هەموو شارەکان دەرت دەکەینو سەرزەویت لێ تەسك دەکەینەوە کە چەند فراوانە، لەبەر ئەمە پادشای رۆم ترساو نوێنەری ناردو داوای ئاگربەستی کرد)[7].
ه - سەنای ئیبنو تەیمیە دەربارەی مەعاویە
ئیبنو تەیمیە دەربارەی مەعاویە دەڵێ: (.. سابت بووە بە تەواتور کە پێغەمبەر ﷺ مەعاویەی کردووەتە ئەمیر کەم کەسێکیشی دەکرد بە ئەمیر، هەروەها جیهادی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ کردووە، ئەمین بووە لە لای پێغەمبەر ﷺ وەحی بۆ نووسیوە، هەرگیز پێغەمبەر ﷺ لە نووسینی وەحیدا تۆمەتباری نەکردووە، عومەری کوڕی خەتاب کردویەتی بە وەلی، کە عومەر شارەزاترین کەسبوو لە پیاوناسیدا خودای گەورە حەقی خستبووە سەر دڵو زمانی عومەر، هەرگیز لە والییەتییەکەیدا گلەیی لە مەعاویە نەبووە)[8].

---

[1] المصدر نفسه، ص (29).
[2] مريات خلافة معاوية ص (29).
[3] مريات خلافة معاوية ص (29).
[4] السنة للخلال، تحقيق عطه الزاهراني (434/2).
[5] العواصم من القواصم، ص (210 - 211).
[6] مريات خلافة معاوية ص (31).
[7] البداية والنهاية (119/8).
[8] الفتاوى (472/4)، البداية والنهاية (122/8)، سير اعلام النبلاء (129/3).

و ـ سەنای ئیبنو کەسیر دەربارەی مەعاویە.

ئیبنو کەسیر دەربارەی ئەو دەڵێ: (هەموو گەلو میللەت کۆدەنگبوون لەسەر بەیعەت پێدانی ساڵی چل و یەکی کۆچی، مەعاویە سەربەخۆ بوو لە دەسەڵاتەکەیدا، لەو ماوە دوورەدا هەتا ئەو ساڵەی وەفاتی تێدا کرد، بەردەوام بووە، لە جیهادکردن لەسەر وڵاتی دوژمنان هەر بە خەمی وشەی (لاالە الا اللە)بوو، ئاڵاکەی هەر شەکاوە بوو لە دەستی نەکەوت، لە هەر چوار چمکی زەویەوە خێرات دەهاتە بەردەستی موسڵمانان لە ئاسودەیی و دادپەروەریدا بوون، لە لێبوردنو چاوپۆشی بووە بەشیان)، دیسانەوە دەڵێ: (مەعاویە لەسەرخۆ[1] و دامەزراو بوو، سەرکردەبوو سەیدبوو لەناو خەڵکیدا، دەستی گوشادبوو دادگەرو هەڵکەوتوو بوو)[2]، دیسانە دەڵێ: (ئاکاری سیرەی پاکبوو، لیبوردنی چاکبوو، چاوپۆشی جوان بوو، پەردەپێدانی زۆر بوو، ڕەحمەتی خوای لێبێت)[3].

4ـ مەعاویە فەرموودەی ریوایەت کردووە.

مەعاویە بە یەکێك لەوانە هەژمار دەکرێ کە گەشتووەتە شەرەفی ریوایەت کردن لە پێغەمبەرەوە ﷺ، ئەمەش لە پای ئەوەی پەیوەستی پێغەمبەر ﷺ بووە دوای فەتحی مەککە، لەبەر ئەوەی خەزووری بووەو نووسەری بووە مەعاویە (163) فەرمودەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەت کردووەو بوخاریو موسلیم لەسەر چوار فەرمودەیان ئیتیفاقیان هەیە، بوخاری بە تەنها چوار فەرمودەی لێوە هێناوە، موسلیمیش پێنج فەرمودەی لە ڕێگەی ئەوەوە پێگەیشتووە[4]، سیرەی مەعاویە لەگەڵ گەلدا لە کاتی دەسەڵاتیدا باشترین سیرەی والییەکان بووەو خەڵکی زۆر خۆشیان ویستووەو بە فەرمودەی صەحیح سابت بووە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (باشترین پێشەواتان ـ واتە حاکمتان ـ ئەوانەن کە خۆشتان دەوێنو ئەوانیش ئێوەیان خۆش دەوێت، ئێوە دوعای خێریان بۆ دەکەنو ئەوانیش دوعای خێر بۆ ئێوە دەکەن، نەگریسترین پێشەواتان ئەوانەن کە ڕقتان لێیانەو ئەوانیش رقیان لێتانە، نەفرەتیان لێ دەکەنو ئەوانیش نەفرەت لە ئێوە دەکەن)[5].

باسی مەعاویە بەم قسەیەی قازی ئەبوبەکری ئیبنولعەرەبی کۆتایی پێ دێنین دەڵێ: (عومەر کردی بە والیو سەرانسەری شامی دایە دەستی، عوسمانیش پەسەندی لەسەر کرد، بەڵکو ئەبوبەکریش کردی بە والی لەبەر ئەوەی یەزیدی برای کردبووە والیو یەزیدیش مەعاویەی کردە جێگری خۆی، عومەریش پەسەندی کرد، چونکە پەیوەندیی بە خەلافەتی ئەبوبەکرەوە هەبوو، جێگرەوەی والییەك بوو، کە ئەبوبەکر دایناوبوو، سا عوسمان دوای عومەر هاتو ئەویش پەسەندی کرد).

بڕوانە ئەم زنجیرە ئەڵقەکانی چەند ئەستوورە[6]، سابت بووە کە پێغەمبەر ﷺ کردوویەتی بە نووسەری خۆی ئەمە ببووە سەنەدی والییەتییەکەی، ئەوەندە خەڵك کۆبوویەوە بۆ کاربەدەستکردنی مەعاویە بۆ هیچ کەسێکی تر لە پێشی ئەم یان لەدوای ئەم ئەوەندە کۆنەبووەیەوە، پێغەمبەر ﷺ پێی رازی بوو، پاش ئەمیش هەر سێ خەلیفەکە پێی رازیی بوون، پاشان کە سوڵح کرا حەسەنی کوڕی عەلی سیبتی پێغەمبەر ﷺ ئیقراری خەلافەتی بۆ کرد[7].

دووەم: عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوڕی کورەیزی

[1] أفراد ابن أبي الدنيا، وأبوبكر بن أبي عاصم تصنيفا في حلم معاوية.
[2] البداية والنهاية (118/8).
[3] المصدر نفسه (126/8).
[4] مرويات خلافة المعاوية في التأريخ الطبري، ص (33).
[5] مسلم، كتاب الإمارة رقم (65).
[6] العواصم من القواصم، ص (82).
[7] المدينة المنورة، فجر الاسلام والعصر الراشدي، (216/2).

ناوی عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوڕی کورەیزی کوڕی ربیعەی کوڕی شەمسی کوڕی عەبدوی مەنافی کوڕی قوصەی قورەیشی عەبشەمییە[1]، لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ لەدایکبووە، لە ساڵی چوارەمی کۆچی[2]، کاتێ پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا عەمرەی قەزاوی کردو چووە مەککە عەبدوڵڵایان هەڵگرتو هێنایان بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ئیبنو حەجەر دەڵێ: (.. عەبدوڵڵا بایشکی داو دەمی کردەوە، پێغەمبەر ﷺ تفی کردە ناودەمی، فەرمووی ئەمە کوڕی سولەمییە، وتیان بەڵێ فەرموی: ئەمە وێنەیەکە لە ئێمە، کاتی پێغەمبەر ﷺ تفەکەی کردە ناو دەمیو سپاردی بە خودای گەورە، ئەویش تفەکەی پێغەمبەری ﷺ قوتدا)، دەڵێ: ئەو عەبدوڵڵایە بوو بە ئاودێر، چارەسەری هیچ زەوییەکی نەکردووە ئیللا ئاوی تیا دەرکەوتووەو بووەتە بەراو[3].

عەبدوڵلای کوڕی عامر هیچ پایەیەکی ئیداریی و عەسکەری نەکردبوو، هەتا بوو بە والی بەسرە، لە ساڵی (29)ی کۆچی (649)زاینی، کوڕی خاڵی ئیمامی عوسمان بوو، چونکە دایکی عوسمان ئەروای کچی کورەیز بوو، دایکی عەبدوڵڵاش لە تیرەی بەنی سولەیم[4] بوو، کاتێ کرا بە والی بەسرە تەمەنی بیستو چوار ساڵ بوو[5]، هەر والیی بەسرە بوو هەتا کوشتنی ئیمامی عوسمان کاتێ هەواڵی شەهیدبوونی ئیمامی عوسمانی پێگەیشت بە سوپایەکی زەبەلاح خۆی سازداو هەرچی چەكو چۆڵی هەبوو، هەڵی گرتو ڕۆیشت بۆ مەککە، پاشان گەرایەوە بۆ بەسرەوە لەکارەساتی شەڕی جەمەل بەشداریی کرد بەڵام بەشداریی کارەساتی سەفینی نەکرد، هەرچەند (قەلقەشەند)ی باسی ئەوە دەکات کە لە شەڕی سەفەیندا بە لایەنگری و هاوسۆزی لەگەڵ مەعاویەدا بوو[6]، لە خەلافەتی مەعاویەدا ماوەی سێ ساڵ ئیمارەتی بەدەست بوو، پاشان لایبردو لە مەدینە نیشتەجێ بوو، لە ساڵی (57)ی کۆچی هەر لەوێ وەفاتی کرد[7]. لە ریوایەتی ئیبنو قوتەیبەدا لە مەککە وەفاتی کردووە لە شاخی عەرەفات نێژراوە لە ساڵی (59)ی کۆچی[8]، ئیبنو سەعد پەسنی دەداتەوە دەڵێ: (عەبدوڵلا شەرەیف بووە سەخی بووە، کەریم بووە،، دارایی و منداڵی زۆر بووە، زۆر حەزی بە ئاوەدانکردنەوە بووە)[9].

ئیبنو حەجەر لە بارەیەوە دەڵێ: (عەبدوڵلا بەخشندە و بەڕێز بوو باشترین کەسبوو[10]، بوێر بوو[11]، عەبدوڵڵای کوڕی عامر شوێنەواری پەسەندی هەیە[12]، لە فتوحاتدا توانی ئاواتی فارسەکان بنەبڕ بکات بە شێوەیەکی تێرو تەسەل، ئەوکاتەی دەستی گرت بەسەر دواهەمین کۆسی ئاواتی فارسە کۆنەکاندا، چونکە دواهەمین پادشای فارسەکانی لە بێخ دەرهێنا، کە یەزگورد پاشای کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرا بوو، حەرزادو مەهری برای ڕۆستەم، ئەم دوانە دەیان ویست موعارەزەیەکی فارسی دژی موسڵمانان بەرپا بکەن، وێڕای ئەمانەش عەبدوڵلای عامر لە کاروباری ئیداریی و سەربازیشدا وردەکاربوو، زۆر گرنگی دەدا بە مەعاریفە ئیسلامییەکان، ڕێوایەتکراوە کە فەرمودەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەت کردووە، ئیبنو قوتەیبە دەڵێ: (لە یەك فەرمودە زیاتر فەرموودەی ریوایەتی نەکردووە[13]، لە پێغەمبەرەوە ﷺ جگە لەم

---

[1] البداية والنهاية (91/8).
[2] تهذيب التهذيب (272/5).
[3] سير اعلام النبلاء (19/3)، تهذيب التهذيب (273/5)، أسر الغابة (293/3) رقم (3031).
[4] الطبقات (31/5)، تهذيب التهذيب (272/5).
[5] البداية والنهاية (91/8).
[6] مجلة مؤرخ العربي رقم (21)ص (128).
[7] سير اعلام النبلاء (12/3).
[8] المعارف لابن قتيبة، ص (321).
[9] مجلة المؤرخ العربي رقم (21)، ص (129).
[10] تهذيب التهذيب (272/5).
[11] العقد الفريد (293/1 - 294).
[12] صبح الأعشى في ضاعة الانشاء، أبو العباس القلقشند (450/1 - 451).
[13] المعارف، ص (321).

فەرمودەیە لەگشت کیتابە فەرموودەییەکاندا هیچی تری ریوایەت نەکردووە)[1]، ئەو فەرموودەیەش کە ریوایەتی کردووە ئیبن‌و قانع‌و ئیبن‌و مندە لە رێگەی موصعەبی زوبێرەوە ریوایەتیان کردوەو: باوکم بۆی گێڕامەوە لە باپیرمەوە موصعەبی کوڕی سابیتی کوڕی حەنزەڵەی کوڕی قەیس ئەویش لە عەبدوڵڵای زوبێرەوە ئەویش عەبدوڵڵای عامرە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموی (هەرکەسێ لە پێناو ماڵ‌و حاڵی خۆیدا بکوژرێ ئەوە شەهیدە)[2].

چاکسازییە ئابورییەکانی عەبدوڵڵای عامر لە بەسرەدا

ناوی عەبدوڵڵای کوڕی عامر نزیك‌و هاوپێچی ژمارەیەك چاکسازییە لە بەسرە، کەمتەرخەمیشی نەکردووە لە هەڵسوکەوتە سەربازییە دەگمەن نموونەییەکانیدا، لەو ژمارە سەرکەوتنانەی کە تۆماری کرد سەرکەوتنەکەی بوو بەسەر ئاگرپەرستەکاندا پاشماوە داتەپیوەکانیانی ریشەکێش کرد و دەستی گرت بەسەر ئاواتەکانی یەزگورددا.

چاکسازییە ئابورییەکانی نموونەیەك بوو لە بایەخدان‌و برەودان بە بازاڕی بەسرە، ئەم بازاڕەی بە پارەی خۆی کڕی‌و بەخشی بە هاووڵاتیان[3]، بازاڕەکەش لە ناوەڕاستی بەسرەدا بوو، بە پێی ئەو بەڵگەیەی کە خەلیفە (بن خەیات) باسی کردووە، بازاڕەکە لەسەر لێواری ئەو رووبارەبوو کە لە ناوەڕاستی شاردایە، ئەمە رایەکی جوانە چونکە بازاڕ ناوەندێکی گرنگەو لە ناوەڕاستی شاردایە، لەوانەیە دیارترین کارە چاکسازییەکانی لە بەسرەدا لە بواری ئاودان‌و ئاوداشتیدا بێت، عەبدوڵڵای عامر زۆر گرنگی دەدا بەم بوارە.

ئیبن‌و قوتەیبە باسی ئەوە دەکات کە عەبدوڵڵای عامر لە بەسرە دوو روباری هەڵکەندن یەکێکیان لە خۆرهەڵات‌و ئەوی تریان پێی دەوترێ (ئومو عەبدوڵڵا) بە ناوی دایکی عەبدوڵڵاوە ناونراوە[4]، عەبدوڵڵا فەرمانی کرد بە زیادی کوڕی ئەبی سوفیان (ئەبلە) بکەنێ، ئەوکاتە زیاد سەرپەرشتیاری دیوان‌و بەیتولمال بوو لە لایەن عەبدوڵڵای کوڕی عامرەوە، هەرکاتی عەبدوڵڵا بڕۆشتایە بۆ فتوحات زیادی لە شوێنی خۆی دادەنا[5]، خەلیفەی کوڕی خەیات باسی ئەوە دەکات، کە زیاد رووباری ئەبلەی کەندووە، هەتا گەشتە کۆتایی شاخەکە، ئەوەی سەرپەرشتی هەڵکەندنەکەی زیادی دەکرد عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر بوو[6]، کاتی عەبدوڕڕەحمان ئاوەکەی ڕادا، ئەسپەکەی غارداو خەریکبوو ئاوەکە پێشی بداتەوە[7]، عەبدوڵڵای عامر حەوزێکی هەڵکەندو ناوی دایکی خۆی لێناو پێیان دەوت حەوزی دایکی عەبدوڵڵا[8]، بەلازری باسی ئەوە دەکات کە عەبدوڵڵای کوڕی عامر روبارێکی هەڵکەندو سەرپەرشتی کاری کەندنەکەی سپارد بە بەردەستەکەی، کە ناوی (نافز) بوو، نافز سەرکەوتوو بوو لە کارەکەیدا بۆیە، پێی دەڵێن روباری (نافز)[9]، هەروەها روباری مورەی هەبوو، چونکە عەبدوڵڵای مورە سەرپەرشتی دەکرد بۆ عەبدوڵڵای عامر، کۆیلەی ئەبوبەکری صدیق بوو[10]، هەروەها بەسرە روباری ئەساویرەی هەبوو، کە عەبدوڵڵا خۆی کەندی بۆیان، بەلازری باسی ڕوباری (قورە) دەکات، دەڵێ: (قورە) ئاماژەیە

---

[1] المصدر نفسه.

[2] الحاكم في المستدرس (639/3)، اسناده ضعيف له مايقوية في الباب.

[3] الطبقات الكبرى (73/5)، مجلة المؤرخ العربي هي العمدة في ترجمتي لعبداللع بن عامر، حيث استفدت من الاستاذ محمد حمادي جزاره الله خيرا.

[4] مجلة مؤرخ العربي، رقم 21، محمد محادي، ص (134).

5 فتوح البلدان للبلاذري، ص (351).

[6] تأريخ خليفة بن خياط.

[7] فتوح البلدان ص (351).

[8] مجلة مؤرخ العربي رقم (21)، عبدالله بن عامر، ص (134).

[9] مجلة مؤرخ العربي الرقم (21)، (135)، فتوح البلدان، ص (354).

[10] مجلة مؤرخ العربي الرقم (21)، (136)، فتوح البلدان، ص (354).

بۆ قورەی کوڕی حەیانی باهیلی، هەروەها روبارێکی کۆن هەبوو، دایکی عەبدوڵڵای عامر[1] سەندیو کردی بەخێر بۆ فریاگوزاری ئەهلی بەسرە[2].

لەم پێشینەیەی باسمان کرد بۆمان روون دەبێتەوە، کە عەبدوڵڵای عامر زۆر برەوی داوە بە کەندنی روبارو چەم، لە پێناوی ئەوەی گەشە بە کشتوکاڵ بدات، کە بنەمای ژیانی ئابوورییە، وێڕای ئەوەی بەسرە شوێنێکی ستراتیژیشە بە نیسبەت رێگە بازرگانییەکانەوە، لە رووی سەبازییەوە وەکو بنکەیەکی فتوحاتی ئیسلامیی لە خۆرهەڵاتدا دەکرێ تێبینی مەدای ئارەزووی عەبدوڵڵای عامر بکەین لە چاکسازیدا لەم وتەیەدا دەڵێ: ئەگەر بۆم برەخسایە ئەوەندە ئاوم دابین دەکرد ئافرەتان بەسواری وڵاخەکانیان بچونایە بۆ پێداویتسییەکانیان ئاویان لێ نەبڕایە هەتا تەوافی مەککەیان دەکرد، واتە: (لە بەسرەوە هەتا مەککە ئاوی لێ نەبڕایە)[3].

لە راستیدا چاکسازییەکان گرنگی فتوحاتی خۆرهەڵاتی لە دڵی عەبدوڵڵادا کەم نەکردەوەو فەرامۆشی نەکرد، ئەوکاتە بەسرە بوو بە بنکەیەکی سەربازیی بۆ خەلافەت لە ڕووی وڵاتانی خۆرهەڵاتەوە، دکتۆر صالح عەلی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فتوحاتە پان و پۆڕەکان وای کرد بوو داهاتی بەسرە زیاد بکات خۆشگوزەرانی تەشەنە بکات باری ئابووری چاك بکات، وەهانی بازرگان و پیاوە کاسبەکانی دا کە بازارگیژی بکەن، بەم شێوەیە ژیانی شارستانی بەخێرایی لە بەسرەدا گەشەی کرد[4]، دۆخی دارایی لە ئیمارەتی بەسرەدا زۆر باش بوو لە دەرئەنجامی فتوحاتە فراوانەکانی خۆرهەڵات وە چالاکی ئابووری بازرگانی بەسرە زیادی کرد، ئاسایش بەرقەرار بوو، عەبدوڵڵای عامر پیاوێکی خاکەسار بووە دەرگای لە رووی خەڵکدا کراوەبووە، هەستا سزای دەرگاوانەکانی داوەو فەرمانی پێ کردون، کە نە شەوو نە رۆژ دەرگاکەی دانەخەن[5]، لە راستیدا عەبدوڵڵای عامر بوو بە خاوەنی ناوبانگێکی گەورە لە بەسرەدا، ئیبن و سەعد دەڵێ: خەڵك هەر دەڵێن: ئیبن و عامر وتی ئیبن و عامر کردی)[6]، ئەمە لە دەرئەنجامی کردارە چاکسازییەکانەوە بووەو ئاکاری پەسەندبووەو گەل زۆر خۆشیان ویستووە[7]، عەبدوڵڵای عامر لە بەسەر مایەوە هەتا کوشتنی ئیمامی عوسمان[8].

ئەمە عەبدوڵڵای کوڕێ عامر بوو، یەکێکە لە والییەکانی عوسمان ئەو بوو روباری بەسرەی شەقکردو کەندی، یەکەمین کەسبوو لە کێوی عەرەفات حەوزی کردووەو چاوگە ئاوەکانی تێرژاندووە[9]، ئەو پیاوەیە کە چاکەکاری و ئەوینی لە دڵی خەڵکیدا هەبووەو ئینکاری ناکرێ وەکو ئیبن و تەیمییە[10] دەڵێ: زەهەبی لە بارەیەوە دەڵێ: (یەکێکە لە ئەمیرە هەرە گەورەکانی ئیسلام و دلێرترین و سەخیترینیانە نەم و نیانیی و لەسەرخۆیی تێدابووە)[11].

سێیەم: وەلیدی کوڕی عەقەبە

ناوی وەلیدی کوڕی عەقەبەی کوڕی ئەبی موعیتی کوڕی ئەبی عەمری کوڕی ئومەیەی کوڕی عەبدی شەمسی کوڕی عەبدی مەنافە، پێی دەوترێ ئەبو وەهبی ئومەوی، هاوەڵێتی کەمبووە[12]، برای دایکی عوسمانە، وەلیدی کوڕی عەقەبە یەکێکە لە پیاوانی وڵاتی

[1] مجلة مؤرخ العربي الرقم (21)، ص (135).
[2] فتوح البلدان، ص (353،354).
[3] المعارف لابن قتيبة، ص (321).
[4] التنظيمات الاجتماعية والأقتصادية، ص (30 - 31).
[5] مجلة مؤرخ العربي العدد (21) عبدالله بن عامر ـ محمد محادي، ص (138).
[6] الطبقات (33/5).
[7] مجلة مؤرخ العربي العدد (21) عبدالله بن عامر ـ محمد محادي، ص (138).
[8] البداية والنهاية (91/8).
[9] المصدر نفسه.
[10] منهاج السنة (189/3، 190)
[11] سير اعلام النبلاء (21/3).
[12] سير اعلام النبلاء (412/3، 413).

ئیسلامی لە سەردەمی ئەبوبەکرو عومەردا، ئەم دوانە کە کەسی شیاو ئەمانەتپارێزیان هەڵدەبژارد بۆ کارەکانیان لە ناو پیاواندا، ئەمەش بوو بە گەورەترین هۆکار بۆ بڵاوبوونەوەی بەرەکەتی ئیسلام لە فراوانترین چوارچێوەدا لە سەردەمی ئەم دوانەدا، وەلید جێگەی متمانەو بایەخی هەردوو خەلیفەکە بووە، کاتێ هەردووکیاتن لێوەشاوەیی و ئیمانڕاستییان[1] تیا بەدی کرد کۆمەڵێ کاروباری پڕبایەخیان دایە دەستیو یەکەمین کەسبوو نامەی نهێنی نێوان خەلیفەو (خالیدی کوڕی وەلیدی) سەرلەشکری هەڵگرتووە لە ڕووداوی (المزار) دژی فارسەکان[2] لە ساڵی (12) کۆچی، پاشان وەکو یارمەتی دەرێك ناردی بۆ یارمەتیدانی عیازی کوڕی غونمی فەهری[3]، لە ساڵی (13) کۆچی صەدەقاتی خوزاعەی کۆدەکردەوە، پاشان کاتێ ئەبوبەکر عەزمی کرد فەتحی شام بکات، وەلید وەکو عەمری کوڕی عاص وابوو بەلایەوە لە متمانەو حورمەتو کەرامەتدا بۆیە نامەی نووسی بۆ عەمری کوڕی عاصو نامەشی نووسی بۆ وەلیدی کوڕی عەقبەو بانگهێشتی کردن بۆ سەرکردایەتی سوپای جیهاد، عەمری کوڕی عاص بەیداخی لیوای ئیسلامیی هەڵگرت بەرەو فەلەستین، وەلیدیش بو بە فەرمانداری خۆرهەڵاتی ئوردون[4]، پاشان دەبینین وەلید لە ساڵی (15)ی کۆچی لە سەردەمی عومەردا ئەمیری مەملەکەتی بەنی تەغلیبو عەرەبی جەزیرە بووە[5]، لەم ویلایەتەدا پشتەوەی موجاهیدنی پاراستووە لە وڵاتانی شام نەوەکو لە پشتەوە دزەیان بۆ بکەن، وەلید هەڵی دەقۆزتەوە لە ویلایەتەکەیداو هەمیشە جمەی دەهاتو پڕبوو لە کاری جیهادی جەنگیو کاری ئیداری بانگەوازکارێك بوو بۆ ڕێبازی خودا، شێوازو حیکمەتو ئامۆژگاریی چاکی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی گاورەکانی ئیادو بەنی تەغلەب بێنە ناو ئیسلامەوە[6]، بەم رابردووە شکۆدارەی وەلید هاتو لە خەلافەتی ئیمامی عوسماندا کرایە والی کوفەو باشترین والی کوفەش بوو نەرمو نیانو دادگەرو چاکەخوازبوو، سوپاکەشی لە ماوەی والییەتییەکەیدا بە ئاسۆیی خۆرهەڵاتدا دەهاتنو دەچوون، بە فاتیحیو سەرکەوتوویی بۆ هاتوویی، هەروەك گەورەترین قازی ئیسلام لە مێژوودا لە ڕووی زانستو فەزڵو ویژدانەوە شایەتی بۆ داوە بەبێ ئاگاداری خۆی ئەویش ئیمامی شەعبییە[7]، کە تابیعییەکی بەڕێزە وەسفی غەزاو ئەمارەتەکەی وەلید دەکات بەم وتەیە (کاتێ باسی غەزای مەسلەمەی کوڕی عەبدول مەلیکیان[8] بۆ دەکرد وتی: (ئەگەر غەزاو ئەمارەتی وەلیدتتان ببینایە لەمە زیاترتان دەوت) غەزای دەکرد هەتا کوێ و کوێ نەدەوەستا هەرگیز کەمتەرخەمی نەکردووە، کەس گەمەی پێ نەکردووە هەتا لە کارەکەی لابراوە)[9]، وەلید خۆشەویسترین خەڵك بوو لەناو خەڵکدا و نەرمونیان بوو بەرامبەریان، پێنج ساڵ تێپەڕیو خانووەکەی دەرگای پێوە نەبوو[10]، عوسمان دەڵێ: (لەبەر برایەتی وەلیدم نەکردووە بە والی، لەبەر ئەوە کردومە کوڕی ئومو حەکیمی بەیزای پوری پێغەمبەر ﷺو جمکی باوکیەتی)، کردنە والیش ئیجتیهادە، عومەر سەعدی ئەبی وەقاصی لەسەر کار لابردو لە خواری ئەوەی کرد بە والی، پلەو پایەی کەمتر بوو[11].

نمایشکردنی سیرەی ئەم هاوەڵە بەڕێزەو ئەم پاڵەوانە ئیسلامییە مەزنە جێگەی متمانەی هەر سێ خەلیفە راشیدینەکانەو گومانی تیا نییە، ئەوەندە شیاوی ویلایەتە ئەو گومانانە دەسڕێتەوە کە گوایە ئایەت دابەزیوە لە دژیو

---

[1] فصل الخطاب في موافق الاصحاب، محمد صالح الفرسي، ص (78).
[2] تأريخ الطبري (168/4).
[3] أعصر نفسه (194/4).
[4] فصل الخطاب في موافق الاصحاب، ص (78).
[5] تأريخ الطبري (28/5 - 29).
[6] فصل الخطاب في موافق الاصحاب، ص (78).
[7] المصدر نفسه.
[8] مسلمة بن عبدالمليك بن مروان احد قادة الفاتحين كوفي سنة 120ه.
[9] التمهيد والتبيان، ص (40).
[10] تأريخ الطبري (251/5).
[11] العواصم من القواصم، ص (86).

ناوی ناوه فاسقو ئارەقی خواردووە، ئەم قسەو قسەلۆكانە پێویستی بە لێكۆڵینەوە هەیە، ئەم دوو قسەلۆكەت بۆ لێكدەدەمەوە[1].

ئایا سابت بووە كە وەلید ئایەت دابەزیوە لە دژی و خوای گەورە دەفەرموێت: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ) (الحجرات: 6).**

بۆ ئەم چیرۆكە ڕاوییەكان نووسیویانەو دەڵێن (پێغەمبەر ﷺ وەلیدی كوڕی عەقەبەی ناردووە بۆ بەنی موصتەلەق بۆ كۆكردنەوەی صەدەقە، زۆری پێنەچوو وەلید هەواڵی هێناوەتەوە، كە بەنی موستەلەق هەڵگەڕاونەتەوەو حاشا دەكەن لە صەدەقەدان بەنی موستەلەقیش چوون بە دەم وەلیدەوە وەلیدیش ترساندونیو گوێی نەگرتووە بۆ قسەكانیانو گەڕاوەتەوە لە ناویانو هەواڵی پاشگەزبوونەوەی داوە بە پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەریش ﷺ خالیدی كوڕی وەلید دەنێرێتو فەرمانی پێدەكات كە تەمێیان بكات، بەنی موستەلەقیش پێی رادەگەینن كە دەستیان لە ئیسلام بەر نەداوە، پاشان ئەم ئایەتە دابەزی[2]، ژمارەیەك ریوایەتی تر هاتووە، بەڵام ئەم چیرۆكە سەنەدێكی گەێنراو صەحیحی نییە[3]، چیرۆكەكە لەوە كەمترە وەسفی بكەین بڵێین سەنەدەكەی لاوازە، خۆ ئەگەر سەنەدی لاوازیش وەرگرین لەو كارە باشانەی، كە حەرامی پێ حەڵاڵ نابێتو حەڵاڵی پێ حەرام نابێت ئەوا سەنەدی لاواز لە چیرۆكی وەلیددا وەرناگرین، چونكە حەرامێ حەڵاڵ دەكات، وەسفی پیاوێ بە خراپی دەكات كە هاوەڵی پێغەمبەرە ﷺ حەڵاڵ نییە بۆ ساتێكیش بێت ناو بنرێت فاسق، ئێمە چۆن سەنەدی لاواز قبوڵ دەكەین ئەم ئایەتە خۆی باسی جەختكردنو سۆراغكردنی هەواڵ دەكات، ئەوسا قبوڵ دەكرێ، هەروەها ئەم ئایەتەیە بەردی بناغەی زانستی ریوایەتیكردنی داناوە[4]، چیرۆكی وەلیدی كوڕی عەقەبەو ئەو قسەو قسەلۆكانەی دەیدەنە پاڵی قبوڵ ناكرێ هەتا هەواڵێكی صەحیحی دەق راستو سەنەد دروستی نەبێت، چونكە ئەم ریوایەتە بە فاسق ناوی دەبات، ئەمە تەشەرەو شلگیری تیا ناكرێو قبوڵ ناكرێ، ئەگەر پیاوێكی ئەم سەردەمە كە پانگزە سەدە دوای سەردەمی بانگەوازی ئیسلامە بەم سیفەتە وەسف بكرێت قبوڵ ناكرێو ئیتر چۆن شلگیری دەكرێ بۆ قبوڵ كردنی ئەو سیفەتە كە بدرێتە پاڵ پیاوێك كە لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا ژیابێو لە سەردەمی خەلیفە راشیدینەكاندا ژیابێتو كۆمەڵێ كاری ترسناكی ناهەمواری بخەیتە ئەستۆ، ئەم چیرۆكەو رووداوەكانی پەیوەندیی بە عەقیدەی ئیسلامییەوە هەیە، هەواڵی ئەم بابەتە لە مێژووی ئیسلامدا نابێت شلگیری بكرێت لەوەرگرتنیدا، وەكو شلگیریی دەكرێ لەمەڕ وەرگرتنی ئەو هەواڵانەی پەیوەندیی بە ئاوەدانی و شارستانییەوە هەیە، پاشان وەلیدی كوڕی عەقەبە یەكێكە لە پیاوانی فتوحات زۆربەی ئەو تەشەرانەی دەگیرێتە ئیسلام بۆ ئەم گرۆ خەڵكەیە، هەندێ لە مێژوونووسان واگومان دەبەن ئەوانە بە ناچاری موسڵمان بوونو ئیمان نەچووەتە دڵنیان، ئەمە بێگومان گومانێكی پوچەڵە[5]، دەنگوباسی وەلیدی كوڕی عەقەبە راوییەكان پڕوپاگەندەیان تێ خستووەو ئەوەندە هەوەسی مەزهەبیو سیاسیی و گۆڵمەزی تیا كراوە باسەكەی شێواندووە، وردە وردە بووەتە گۆڕەپانی ڕكەبەری چیرۆكنووسەكان بۆ دەرخستنی توانا دەست هەڵبەستنو سەلماندنی بلیمەتی ئەدەبی[6] تاوانكارییان، ئەوەی كە لێڵەو تەڵخە لەلای راوییەكان ناردنی وەلیدی كوڕی عەقەبەیە بۆ كۆكردنەوەی خێراتی بەنی موستەلەق، لەبارەی تەمەن منداڵی وەلیدەوە لەوكاتەدا قسەیەكی سەنەد گەیەێنراوی پیاوە سیقەدارەكان هەیە بەرپەرچی ەو ریوایەتە دەداتەوە، كە هەڵبەستراوە دەڵێت: وەلیدی كوڕی عەقەبە ڕۆژی فەتحی مەككە منداڵ بووە، هەركەسێ لە تەمەنی ئەودا بووایە پێغەمبەر ﷺ بە بریكاری خۆی وەكو كارگێڕی نەیدەنارد بۆ هیچ لایەك، لە فەیازی كوڕی

[1] فصل الخطاب في موافق الآصحاب، ص (79).
[2] المدينة النبوية فجر الاسلام (176/2).
[3] أعصر نفسه.
[4] المدينة المنورة فجر الاسلام (182/2).
[5] المدينة المنورة فجر الاسلام (173/2).
[6] المصدر نفسه.

موحەممەدی روقاوە ئەویش لە جەعفەری کوڕی بڕقانەوە ئەویش لە سابتی کوڕی حەججاجی کیلابییەوە، ئەویش لە عەبدوڵڵای هەمەدانییەوە، ئەویش لە وەلیدی کوڕی عەقەبەوە دەڵێ: (کاتێ پێغەمبەر ﷺ فەتحی مەککەی کرد، خەڵکی مەککە منداڵەکانی خۆیانیان هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ دەستی دەهێنا بەسەریانداو دوعای خێری بۆ دەکردن، منیان هێنا بۆ لای و منیش بە خەڵوق بوون خۆش کرابووم، دەستی نەهێنا بەسەرمدا لەبەر ئەوەی دایکم خەلوقی لێدابووم، دەستی پیا نەهێنام لەبەر خاتری خەلوقەکە[1]، ئەم چیرۆکە هەوەسبازی مەزهەبی باری پێکردووە، وەلید ئەمەوی و عوسمانییە ئەو کەسەی ناوی وەلیدی ناشیرن کردووە بە چیرۆکی هاتنەخوارەوەی ئایەتی (إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ) شیعەیەکی رافزییە ناوی (موحەممەدی کوڕی سائیبی کەلبی)یە، ئیبنو حەجەر دەربارەی ئەم پیاوە دەڵێ: (کوفە دوو درۆزنی تێدایە لۆکەکەیان (پاکەکەیان) موحەممەدی کەلبییەوو دواهەمینەکەیان (سەدی)یە[2]، وەلیدی هەڵبژاردووە بۆ ئەم چیرۆکە، چونکە پەیوەندی هەبووە بە کۆکردنەوەی خێراتەوە، وەلید لە سەردەمی ئەبوبەکردا کاری کۆکردنەوەی زەکاتو صەدەقاتی خوزاعەی کردووە (**قوطاعة**)، لە سەردەمی عومەردا کاری کۆکردنەوەی صەدەقاتی بەنی تەغلەبو جەزیرەی کردووە، شیعەکان بە بۆنەی چیرۆکەکەی وەلیدەوە تانەشیان داوە لە عوسمانو عەیبداریيان کردووە[3]، ئێمە ئینکاری ئەوە ناکەین کە ئەم ئایەتە بە بۆنەی ناوەڕۆکی چیرۆکی بەنی موستەلەقەوە دابەزی، بەڵام ئەوەی ئێمە نکولی لێدەکەین ئەوەیە، کە وەلید بە فاسق وەسف کرابێت لەم ئایەتەدا، چونکە فەرمودەی (إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ) بە سیغەی نەکیرە هاتووەو هەموان دەگرێتەوەو دەست نیشان نەکراوە، چونکە نەکیرە لە سیاقی شەرتدا هات گشتگیرە هەروەك گشتگیرە ئەگەر کەوتە سیاقی نەفی ئەگەر راستبێ وای کردبێت)[4].

داری حەددان لە وەلیدی کوڕی عەقەبە لەسەر ئارەق خواردنەوە

بەڵام حەددان لە وەلید لەسەر ئارەق بەڕیوایەتی بوخاریو موسلیم سابت بووە، کە عوسمانداری حەددی لێداوە دوای ئەوەی شایەت شایەتی لەسەرداوە، ئەمە گلەیی نییە لەسەر عوسمان، بەڵکو مناقیبێکە لە مناقیبەکانی عوسمان[5]، کە هەستاوە داری حەددی لێداوەو لە ئەمیریی کوفە لایبردووە بوخاری باسی ئەم بەسەرهاتەی کردووە لە (بابی مەناقیبەکانی عوسماندا)، ئیمامی عەلی دەڵێت: (ئێوە ئەو تانانەی دەیدەن لە عوسمان وەکو ئەو کەسە وایە ڕم بدات لە خۆی بۆ ئەوەی هێزی خۆی بکوژێ)[6]، عوسمان تاوانی چییە دەربارەی پیاوێك لەسەر ڕەفتارەکەی داری حەددی لێدابێتو لەسەر والییەتی لایبردبێت، عوسمان تاوانی چییە لەوەی بەرپابووە لە کاروبارماندا[7]، پاشان ئەم جۆرە ڕووداوە تەنیا لە سەردەمی عوسماندا تاین نەبووە، لە هیچ سەردەمێکی تردا نەبووبێت، بەڵکو پێشتریش هەبووە لە سەردەمی عومەردا کە باسکراوە کە قومەدای کوڕی مەزعون، هاوەڵێەتیشی هەبووە، کەچی ئارەقی خواردووە لە هەمانکاتدا ئەمیری بەحرەینیش بووە لە لایەن عومەرەوە، ئەویش حەددی لێداوەو لەسەر کار لایبرد[8]، هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن سابت نییە، کە وەلید ئارەقی خواردبێت، حافق) لە (الاصابە)دا دەڵێت: هەندێ لە خەڵکی ئەهلی کوفە غەرەزیان لێگرتو بە ناحەقی شایەتییان لەسەرداوە[9]، ئیبنو خەلدون ئاماژەی بۆ ئەم ڕووداوە کردووە دەڵێ: (بەردەوام پڕوپاڵاتە ـ واتە لەسەرکامەندەکانی عوسمان لە لایەن ئاژاوەچییەکان ـ تەشەنەی کردووەو شەپۆلی داوە وەلیدی کوڕی عەقەبەیان تۆمەتبار کردووە بە ئارەقخواردنو

1 مسند أحمد (32/4).
2 المدينة المنورة فجر الاسلام (179/2).
3 المصدر نفسه(180/2).
4 المدينة المنورة فجر الاسلام (180/2).
5 البخاري، كتاب مناصب عثمان.
6 الردء: هو العون، تأريخ الطبري (278/5).
7 تحقيق موافق الصحابة في الفتنة (421/1).
8 العواصم من القواصم، ص (93).
9 اصابة (638/3).

جەماعەتێکی خەڵکی کوفە شایەتییان داوە لەسەری، عوسمانیش داری حەددی لێداو لەسەر کار لایبرد([1])، ئەوەی تەبەری باسی کردووە بە دوورودرێژی، کە کوڕانێك کە هی ئەبی زەینەبو ئەبی موەرەعو جوندیی کوڕی زوهرە بوون، چونە سەر ماڵی ئیبنو حوسەیمانو کوشتیان، شورەحی خوزاعی، کە هاوەڵە شایەتی لەسەر دانو کوڕەکە ئەبو شورەیحیش شایەتی لەسەر دان ـ چونکە دراوسێی ئیبنو حوسەیمان بوون ـ وەلیدیش تۆڵەی لێ سەندنەوە، باوکی ئەم کوژراوانە تەڵەو داویان نایەوە بۆ وەلیدو دەستیان کرد بە موراقەبەی جموجوڵەکانی، جارێکیان ئەبو زوبێدی شاعیر بوو بە میوانی وەلید، کە کابرایەکی گاور بوو لە هۆزی بەنی تەغلیبی خاڵوانی بوو لەسەر دەستی وەلید موسڵمانبوو، ئەم میوانە بە ئارەقخۆر ناسراوبوو، هەندێ گێلو گەمژە قسەیان دەکرد لەسەر هاوڕێیەتی ئەبو زوبێد لە لایەن وەلیدەوە ئالەم کاتەدا ئەبو زەینەبو ئەبو مورەع باشترین هەلیان قۆستەوە، کردیان بە قاوە قاوو ڕۆشتن بۆ مەدینە، چونە لای ئیمامی عوسمانو شایەتیان دا لەسەر وەلید کە ئارەقی خواردووە، ئەوان بینیویانە ئارەقی هەڵهێناوەتەوە، ولیدیان لە کوفە هێنایەوە سوێندی خوارد بۆ عوسمانو هەواڵی مەرامی ئەم دوانەی پێگەیاند، عوسمان وتی: (حدودی خودای گەورەت بەسەردا جێبەجێ دەکەم، با ئەو شایەتە ناهەق بێژانە بکەونە ناو ئاگر براکەم خۆت بگرە)([2])، (محب الدين الخگيب) دەڵێ: ئەو زیادەیەی کە لە ریوایەتی موسلیمدا هاتووە، کە وەلیدی هاتووە، دوو ڕکات نوێژی بەیانی کردووە، پاشان وتویەتی بۆتان زیاد بکەم، لە ڕێگەی ئیمامی ئەحمەدەوە هاتووە، کە وەلید نوێژی بەیانی چوار ڕکاتی کردووە، ئەمە بە شاهیدی شایەتەکان نەسەلماوەو نەوتراوە، ئەمە قسەی (حچینی) چیرۆککێڕەوەکەیەو خۆی شایەت نییەو لە شایەتەکانیشی نەبیستووە، لە کاتی ئەم ڕووداوە پڕگومانەدا ئەم چیرۆکنووسە قسەی لێوەرناگیرێت([3]).

وەلید والی عوسمان بوو لەسەر کوفە، وەلیدی کوڕی عەقەبە پیاوێکی موجاهیدو فاتیحە، ئەو دادگەرە مەزڵومەیە کە هەرکارێکی خاوێنی توانیبێت ئەنجامی داوە بۆ گەلەکەی، پاشان بە چاوی خۆی بینی پیاو خراپان پڕوپاگەندە دەکەن بۆ پیاو چاکان و باتڵەکانیش گوێی بۆ دەگیرینو پەسەند دەکەن، هەستا دوای کوشتنی ئیمامی ئیمامی عوسمان دورەپەرێز بوو لە خەڵکو کەناری گرت، لە شیوێکدا دابڕابوو لە ژاوەژاوی کۆمەڵگا بانزە میلدوورکەوتەوە لە شارو لە زەوی ئەو دورگەی، کە جیهادی تیا کردو بانگەوازی خەڵکی تیا کرد بۆ ئیسلامەتی لە سەردەمی عومەر داوە([4]) دوری گرت لە هەموو ئەو شەڕانەی کە روویدا لە نێوان عەلیو مەعاویەدا، هەر لە شیوەکەی خۆی مردو هەر لەوێش نێژرا لە ساڵی (61)ی کۆچی، دەشڵێن لە ڕۆژگاری مەعاویەدا مردووە([5]).

چوارەم: سەعیدی کوڕی عاص

ناوی سەعیدی کوڕی عاصی ئومەیەی کوڕی عەبدی شەمسی کوڕی عەبدی مەنافی قورەیشی ئومەوییە([6])، ئیبنو حاتەم دەڵێ: (هاوەڵێەتی کردووە دوای وەلیدی کوڕی عەقەبە بووەتە والی کوفەو یەکێکە لە زمانپاراوەکانی قورەیش، لەبەر ئەمە عوسمان دەستنیشانی کردووە بۆ نوسینەوەی قورئان، لە جوملەی ئەوانەی کە دیاری کردوون)، ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێ: عوسمان فەرمانی کرد بە زەیدی کوڕی سابیتو عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرو سەعیدی کوڕی عاصو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حارسی کوڕی هیشام کە قورئان لە پەڕاوەکاندا بنوسنەوەو نوسخەی لێ بگرنەوە، عوسمان وتی: بە سیانە قورەیشییەکە (ئەگەر ئێوەو زەیدی کوڕی سابیت لە شتێکی قورئاندا ناکۆکیتان بۆ دروست بوو ئەوا بە زمانی

[1] تأريخ ابن خلدون (473/2)، فصل الخطاب في موافق الأصحاب، ص (81).
[2] تأريخ الطبري (277/5).
[3] العواصم من القواصم، ص (96 - 97).
[4] المصدر نفسه، ص (94).
[5] البداية النهاية (216/8).
[6] البداية النهاية (87/8).

قورەیش بینوسنەوە[1]، ئیملای عەرەبی قورئان لەسەر زمانو بە پێی زمانی سەعیدی کوڕی عاص ساغ کرایەوە، چونکە سەعید زۆر شێوەزاری لە زاری پێغەمبەر ﷺ دەچوو، زاری سەعید بە زاری پێغەمبەر ﷺ دەشوبها، نۆ ساڵ تەمەنی بەسەربردووە لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا ﷺ، باوکی لە رۆژی بەدردا بە موشریکی کوژراو عەلی کوڕی ئەبی تالیب کوشتی[2].

گوێ بگرە بۆ ئەم هەواڵە بزانە ئیمانی چەند بەهێزە، ریوایەت کراوە کە عومەری کوڕی خەتتاب وتویەتی بە سەعیدی کوڕی عاص باوکتم نەکوشت، تەنها عاصی کوڕی هیشامی خاڵتم کوشت، سەعید وتی: ئەگەر بت کوشتایە تۆ لەسەر حەق بوویتو باوکم لەسەر ناحەق، عومەر سەرسام بوو بە وەڵامەکەی.

لە رۆژگاری والیێتی کوفەدا غەزای تەبرستانی کردو فەتحی کرد، غەزای جورجانیشی کردو حوزەیفەو جگە لەمەش هاوەڵی تر سەربازی ئەو بوون[3]، بە چاکەو کەرەمداری بەناوبانگ بوو، هەتا سواڵکەر داوای شتی لێکردووە هیچی پێ نەبووە بیداتێ چەندێکی ویستووە بۆی نووسیوە کە بیدەنێ[4]، سەعید زۆر پێی خۆشبووە ئۆرامی موسڵمانان کۆ بکاتەوەو قەڵسبووە بە ئاژاوەو فیتنەو رای دەکرد لێی، عوسمان لە دوای وەلیدی کوڕی عەقبە کردی بە والی کوفە، وە جارێکیش بوو بە نوێنەری مەدینە، کاتێ گەڕایەوە بۆ کوفە ئاژاوەچییەکان سەنگەریان لێ گرت و سەربازیان هێنایە رێگاو رێگرییان لێ کردو نەیانهێشت بێتە ناو کوفە گەڕایەوەو لە مەدینەدا مایەوە ئەو کەسانەی رێگرییان لێ کرد کە بگەڕێتەوە بۆ ویلایەتەکەی هەر ئەوانەبوون کە ئیمامی عوسمانیان کوشت، وێڕای ئەوانەش لە شەڕی جەمەل و صەفین دوورەپەرێز بوو هانی ئەهلی شەڕی جەمەلی دەدا کە دانیشن و دەرنەچن بۆ شەڕکردن[5]. ئائەمە ژیاننامەی خاوەن کەرەم و ئازایەتی و جیهادو خۆشخوانێك بووە دەشوبهابە خۆشخوانی پێغەمبەر ﷺ، سەعید ئەم قورئانە پەڕاوەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیخوێنینەوە بۆ زەیدی کوڕی سابیتی دەخوێندەوە، وردبەرەوە لەم مەناقیبە سابتاتنەی کە بە ریوایەتی صەحیح چەسپاوە، بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو پڕوپاگەندانەی، کە دەیدەنە پاڵی و هیچ بەڵگەیەکیان نییە، رامێنە بزانە کێ دەنگۆی پێدەکا، بۆت دەردەکەوێ کە ئەم قسەو قسەلۆکانە دوو پەلەن، چونکە دوو شتی دژ بەیەك لەیەك پیاودا کۆکراوەتەوە ـ سەخاوەت و ڕەزیلی، دانایی و نادانی تێکۆشەر و تێشکاو مەعقول نییە ئەم شتانە لە پیاوێکی ساغ و سەلیمدا کۆببێتەوە[6] هەندێ ریوایەت کە سەنەدێکیان نییە وا گومان دەبەن کاتێ سەعید بوو بە والی کوفە دوای وەلید هەندێ لە کۆیلەکان، نارەزاییان دەربڕی وتیان:

ئەی هاوار وەلید لابرا
سەعیدە برسیکەرمان بۆ هات
مەنەکە کەمتر ئەکات و زیاد ناکات[7]

ئەمە نارەزاییەکی دەستهەڵبەستەو چیرۆکێکی داتاشراوە بێگومان[8]، چونکە کۆیلەکان لە ساڵی (30) کۆچیدا بوو، واتە: ئەسیرەکانی شەڕ زمانی عەرەبییان بەباشی نەدەزانی بەڵکو ئەم نیوە دێڕانە قسەی شیعرە لەبەر ئەوەی سەعیدی کوڕی عاص بەناوبانگ بوو لە نانبدەیی و بەرچاوتێریدا، چۆن دەپۆڕێ بە چاوبرسی وەسف بکرێت، ئەگەر شاعیران و خەڵك

1 البخاري، كتاب فضائل القرأن رقم (4987).
2 المدينة المنورة فجر الاسلام (211/2).
3 المصدر نفسه.
4 الاصابة ترجمة (3268).
5 الطبقات (34/5).
6 المدينة المنورة فجر الاسلام (212/2).
7 تأريخ الطبري (279/5).
8 المدينة المنورة فجر الاسلام (212/2).

وەلید بە کەرمداری وەسف بکەن، بێگومان سەعید نموونەیە لە بەخشندەیی و دەست گوشادیدا کەرەم[1]، بە سەعیدیان وتووە شیلەی هەنگوین فەرز دەق لە بارەی کەرەمییەوە باس دەکات و دەڵێ:

تری الغر الجحاجح من قریش اذا ما الامر في الحدثان عالا

قیاما ینظرون الی سعید کانهم یرون به هلالا[2]

ئەگەر لە یەکەم هاتنی سەعیددا بۆ کوفە کۆیلەکان ئەم نارەزایەیانەی دەربڕیبێ کۆیلەکان چۆن سیاسەتی سەعیدیان زانی ئایا بۆ برسی کردن هاتووە یان بۆ تێرکردن هاتووە، ئەوەی نامۆیە ئەوەیە ڕاوییەکان ئەم هەواڵە دەگەینن بە سیاقێك هەندێکی ڕەخنە لە هەندەکەی تری دەگرێ و دەڵێن عوسمان سەعیدی کردە والی کوفە و سیرمیەکی دادگەری تیا بەسەر برد، بەڵام هەندێ لە کۆیلەکان (ئەسیرەکانی) شەڕی (ڕیخریان)[3]، نارەزاییان دەربڕی باشە دەگونجێ سیرەی دادگەرێ ئەسیرەکان بە برسیکەر وەسفیان کردبێت!

سەعید زۆر خێرۆمەندبووەو هەموو کەسێ لێی بەهرەمەند بووە، باراندویەتی بەسەریاندا، سیرە دادگەرانەکەی هەموو چاکەخوازییەکانی گرتبووە[4]، ڕەحمەتی خودا لە مێژوونووسە کۆنەکان، هەمیشە گومانی باشیان بردووە بە خوێنەرو ریوایەتە دژبەیەکەکانیان کۆکردووەتەوەو نووسیویانە، وایان داناوە کە خوێنەر لە هەموو سەردەمێکدا دەتوانێ قسەی لەڕو لاواز لە قەڵەو جیا بکاتەوە مێژوونووسەکان بۆیە ڕاست و ناڕاستیان نووسیوە بە بیانوی ئەوەی ئەوان نووسراو بۆ سەردەمی خۆیان دەنووسنەوە، ئەمەیان نەزانیوە، کە لەم سەردەمانەدا خوێنەر گوێ بۆ ئەوانە دەگرێ کە بە شەو چیلکە دەچنەوە (تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێن)[5]، ئیبنو سەعید لە وەرگێڕانی سەعیددا بەبێ سەنەد ریوایەتی کردووە، دەڵێت: (وتویانە کاتێ سەعید بە والیەتی هات بۆ کوفە ـ گەنجێکی خۆشگوزەران دیاربوو کە وێنەی نەبوو، وتی: ناچمە سەر مینبەرەکە هەتا پاك نەکرێتەوە، فەرمانیدا شۆردیان و لەسەر مینبەرەکە وتی: ئەم رەشاییە بێستانی غولامێکی قورەیشە ئەوانیش لەلای عوسمان شکاتیان لێ کرد)[6]، ئەم قسەیە ڕاست نییە، چونکە نەدراوەتە پاڵ هیچ کەسێ و سەنەدی نییە، لەبەر ئەوەی ئەو سەعیدی کوڕی عاصەی کە قیادەی سوپای جیهادو فتوحاتی دەکرد وانەبوو، کە قسەکەران وەسفیان کردووە، پاشان ئیبنو سەعد ئەم قسەیەی سەعیدی لەسەر زمانی ئەشتەری کوڕی مالیکی کوڕی حاریسەوە ریوایەت کردووە، ئەوکاتە بۆ ئەشتەر ڕێگەی گرت لە سەعیدی کوڕی عاص و نەی هێشت بێتە ناو کوفەوە، دوای چەند ساڵێ کە والی بوو لە کوفە، ئەشتەر وتی: ئەمە سەعیدی کوڕی عاصە هاتووە بۆ ناوتان وا گومان دەبات کە (ئەم رەشاییە بێستانی چەند غولامێکی قورەیشە، ئەم رەشاییە شوێنی لەدایکبوونتانە و بنکەی رمەکانتانە و لانەی باوباپیرانتانە")[7].

مالیکی کوڕی حارس کە بە ئەشتەر ناوزەد دەکرێ ئاژاوەچی بووە، یەکێك بوو لە سەرکردەکانی ئەو خەوارجانەی کە گەمارۆی عوسمانیان داو کوشتیان، شتێکی نامۆ نییە، کە ئەمانە قسەڵۆکیان هەڵدەبەست و درۆیان دائەتاشی بۆ جۆشاندنی رقی خەڵك، ئەگەر ئەم ڕستەیە وترابێت ئەوانە وتویانە، کە هەڵگەرانەوە لە خەلافەت، چونکە ئەمانە ئەم بۆچوونە سەقەتەیان وەرگرت و کە چ حاڵی بوون، چونکە کەوتنە شوێن ئەمیرەکانی عێراق بە تایبەت ئەمیرەکانی کوفە کە دژی قورەیش بوون، چونکە دەرمارگیری خێڵایەتی لەم ڕستەیەدا بە ڕۆشنی دەرکەوتووە[8]، ئیمامی زەهەبی لە بارەی سەعیدەوە دەڵێ: ئەمیرێکی شەریف و حەوادو پەسەنکراو لە سەر خۆو خاون عەقڵ و سەلیقە بوو بۆ والیەتی زۆرشیاو

---

[1] المدینة المنورة فجر الاسلام (212/2).
[2] البدایة والنهایة (88/8).
[3] تأریخ الطبري (279/5).
[4] المدینة المنورة فجر الاسلام (213/2).
[5] فجر المدینة المنورة فجر السلام (213/2).
[6] المصدر نفسه (213/2)، الطبقات (32/5).
[7] المصدر نفسه (214/2).
[8] فجر المدینة المنورة فجر السلام (214/2).

بوو[1]، بەڵام قسەی بەرهەڵستکاران‌و ئەوانەی توانج دەگرنە عوسمان بۆ ئەوەی سەعیدی کوڕی عاصی کردووەتە کاربەدەستی کوفە بوو بە راپەڕین‌و کار گەشتە ئەوەی خەڵکی کوفە سەعیدیان دەرکرد[2]، دەرکردنی سەعید لەلایەن خەڵکی کوفەوە مانای ئەوە نییە سەعید تاوانێکی وای کردووە پێویستی بە دەرکردن هەبووە، هەرکەسێ کوفە بناسێ‌و لە دەنگوباسی رابمێنێ دەزانێ کە خەڵکەکەی گازندەکارو سکاڵاچی بوون لەوالییەکانی خۆیان بە بێ بیانووی شەرعی‌و زەرەیەك هۆکار، تەنانەت عومەری کوڕی خەتاب لە بارەیانەوە وتویەتی: (خەڵکی کوفە بێزاریان کردم و تووشی تەنگ‌و چەڵەمەیان کردم، لەکەس رازی نابن‌و کەسیش لێیان رازی نییە، چاك نابن‌و کەسیش لەسەریان چاك نییە)[3]، لەگێڕانەوەیەکیتردا هاتووە خەڵکی کوفە وتویەتی: "نارەحەتیانکردووم[4]، ئەگەر کەسێکی توندوتیژ بکەمە کاربەدەست بەسەریانەوە ئەوە سکاڵای لەدەست دەکەن لەلام"[5].

سەعید وتویەتی: (بۆ میوان‌و هامنشینەکانم سێ شت دەکەوێتە سەرم، هەرکەنزیك بوویەوە دەگەشێمە بۆی ئەگەر دانیشت درنی بۆ دەدەم، ئەگەر قسەی کرد رووی تێ دەکەم)، وتویەتی بەکوڕەکەی خوا پاداشت دەداتەوە ئەگەر دوو شەڕخواز هاتنە لات‌و یەکیان دەم‌و چاوی خوێنی پێدا ئەچۆڕیا یەکسەر پشتیوانیت کردو حەقت پێدا سوێند بەخۆدا هەر هەموو ماڵەکەت بدەی بەوی تریان هەر قەرزاری دەبیت، (ئەی کوڕی خۆم سوعبەت لەگەڵ کەسی بەڕێزدا مەکە، چونکە رقت لێ هەڵدەگرێت، لەگەڵ خوێڕیشدا سوعبەت مەکە لەلای سووك دەبێت) رۆژێك ئافرەتێکی خوداناس چوو بۆ لای سەعید، کە ئەمیری کوفە بوون ئەویش رێزی لێگرت‌و چاکەی کرد بەرامبەری، ژنەکە وتی: خودای گەورە وای لە تۆ کردووە ئاتاجت بە لە ئیم نەبێ بە هەمیشەیی منەتت وا لە ئەستۆی کەرەمەکاندا ئەگەر نیعمەتی بەخشندەیەك لابچێت تۆ سەبەبی بۆ گەڕاندنەوەی، کاتێ سەعید سەرەمەرگی هات منداڵەکانی کۆکردەوەو پێی وتن (هاوڕێکانم تەنها دەموچاوی منیان لێ ون دەبێت، ئەوەی من پێم دەگەیاندن پێیان بگەیەنەوە ئەوەندە شتیان بدەنێ کە داوای شت نەکەن لە کەسی تر، چونکە پیاو ئەگەر داوای پێداویستییەکانی کرد بنەماکانی بە دامەزراوی نامێنێ و لەساڵی (58) کۆچی وەفاتیکردووەو دەڵێن لەساڵی 57)و ئەشڵێن لە (59) کۆچی وایی کردووە[6].

پێنجەم: عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح

بە زۆری مێژوونووسەکان ئەمەیان هاوپێچ کردووە کاتێ باسی عەبدوڵڵای ئەبی سەرح‌و بە ئەمیرکردنەکەی دەکەن لە لایەن عوسمانەوە بۆ ویلایەتی میسر دەڵێن: (عوسمان عەبدوڵڵای ئەبی سەرحی کردە والی میسرو برای شیری خۆی بوو)[7]، ئەم دەستەواژەیە (برای شیری خۆی بوو) لە باسکردنی والییەتێکەیدا کە هاوپێچ کراوە تێل نیشانێکەو گوزارشت لە تۆمەتباردنی ئیمامی عوسمان دەکات لە لایەن مێژووناسەکانەوە، گوایە لە بەر برای شیرییەتی کردوویەتی بە والی میسر، ئەو بۆچوونەی مێژوونووسەکان دەریانبڕیوە راست نییە، بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەوانە بدەینەوە، کە تانەو تەشەر دەدەن لە ئەمیری ئیمانداران عوسمانی کوڕی عەففان، کۆششی ئەم سوارچاکەی تیرەی بەنی عامری کوڕی لوئەیە دەخەینە روو[8] واتە: (عەبدوڵڵای ئەبی سەرح) عەبدوڵڵای خیبرەو زانیارییەکی تەواوی هەبوو لە بارەی میسرو ناحیەکانییەوە لەئەنجامی بەشداریکردنی لەگەڵ سوپای عەمردا کە رزگاریان کرد، هەروەها لە ئەنجامی والییەتی کردنی لە هەندێ لە ناحیەکانی

---

[1] السير أعلام النبلاء (447/3).
[2] تأريخ الطبري (279/5).
[3] المعرفة والتأريخ، للفسوى (754/2).
[4] تحقيق موافق الصحابة في الفتنة (423/1).
[5] المنهاج لابن تيمية (188/3).
[6] البداية والنهايةى (90/8).
[7] انظر: الكامل، لأبن الاثير (88/3).
[8] فصل الخطاب في موافق الأصحاب، ص (77).

میسردا، وه له کاتی خەلافەتی ئیمامی عومەردا، سەعید کاربەدەستی میسر بوو[1]، هەروەها له سەرەتای خەلافەتی عوسمانیشدا، ئەو شتەی عەبدوڵڵای شایستەی ئەمیری کرد ساڵێك والی میسر بووه، بەهێزترین پاڵێوراو بوو بۆ ئەم ویلایەته دوای عەمری کوڕی عاص له ئەنجامی پسپۆڕییەکانی، دەرکەوتووه عەبدوڵڵای ئەبی سەرح توانیویەتی داهاتی میسر ڕێکوپێك بکات و زیاتری کات لەو داهاتەی که عەمری کوڕی عاص کۆی دەکردەوه جاران، لەوانەیە هۆکاری ئەمەش ئەوەبێت عەبدوڵڵای کوڕی سەعد هەنگاوی بۆ سیاسەتی دارایی گۆڕی بێت، بەم چەشنە کەرەسەکانی داهات کەڵەکەبوو له میسردا[2]، عەبدوڵڵای کوڕی سەعد له کاتی والییەتیدا هەستاوه به جیهادکردن له کۆمەڵێ شوێندا، فتوحاتی هەمەچەشنەی هەبووەو قوربێکی زۆری هەبووه، یەکێ له غەزاکانی غەزای ئەفریقابوو ساڵی (27)ی کۆچیو فەتحیشی کردو پادشای ئەفریقاش که ناوی جەرجیره کوژراو لەم غەزایەدا کۆمەڵێ هاوەڵ هاوڕێی بوون، وەکو عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرو عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی عەمرو غەیری ئەمانەش، ئەم غەزایه به سوڵح کردن لەگەڵ بەتریقی ئەفریقادا لەسەر پێدانی سەرانه به موسڵمانان[3]، کۆتایی هات عەبدوڵڵای ئەبی سەرح گەڕایەوه بۆ ئەفریقا جارێکی تر لەوێدا ئیسلامی چەسپاند له ساڵی (33)ی کۆچی[4]، هەروەها گرنگترین کارەکانی ئەبی سەرح غەزای وڵاتی نەوبەیه که پێی دەوترێ غەزای ئەساویده یان غەزای حەبەشه لای هەندێ له مێژووناسان ئەم غەزایه ساڵی (31) کۆچی رویدا، شەڕێکی خوێناوی له نێوان سەربازی موسڵمانان و سەربازەکانی نەوبەدا روویدا، کۆمەڵێ له موسڵمانان پێکران لەبەر ئەوەی ئەهلی نەوبه ڕاوەکی بوون له تیرهاوێشتندا، ئەم غەزایه به سوڵح کۆتایی هات که له نێوان عەبدوڵڵای ئەبی سەرح و خەڵکی نەوبەدا بەستراو سەرانەیەکی دیاریکراو دیاری کرا[5]، عەبدوڵڵای سەعد به یەکەم فەرماندەی موسڵمان دەژمێردرێ که توانیویەتی نەوبه تێك بشکێنێ، سەربازەکانی بکوژێو سەرانه بسەپێنێ بەسەریاندا، بارودۆخەکه سەقامگیربوو له رۆژگاری ئەودا ئاشتی هەبوو له نێوان موسڵمانانو نەوبەدا، هەروەها گرنگترین کارەکانی عەبدوڵڵای کوڕی سەعد غەزای **(ذات الصواری)** بوو موسڵمانانەکان بەسەر رۆمدا سەرکەوتن، والیەتی عەبدوڵڵا لەسەر میسر به گشتیی پەسەند بوو له لای میسرییەکانو شتی خراپیان لێ نەدیوه[6]، ئیمامی زەهەبی له بارەیەوه دەڵێ: (دەستدرێژیی نەکردووەو کارێکی نەکردووه رەخنەی لێ بگرنو یەکێکه له پیاوه ئاقڵەکانو بەخشندەترینیان بووه[7]، سەرەتای ویلایەتی میسر له ئەوەڵی دەسەڵاتدا هێورو سەقامگیر بوو هەتا ئەو کاتەی ئاژاوەچی گومانیان وروژاند وەکو عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء، عەبدوڵڵای سەبەء کاتێ گەشته میسر خەڵکی شڵەقاند، هەر ئەمانەو ئەڵقه له گوێکانیان رۆڵێکی گەورەیان هەبوو له کوشتنی ئیمامی عوسماندا هەروەك چۆن بارودۆخی میسریان هەڵقەو بەڵەق کرد له ئەنجامی دەکردنی والی شەرعی خۆیان گرۆیەکی تر به ڕێگەیەکی ناشەرعی دەستیان کێشا بەسەر رەوشی وڵاتی میسردا، ئەم ئاژاوەچیانه بۆیان رێککەوت ئەو ماوەیه نارەحەتیو نارەزاییان له دڵی خەڵکدا بڵاوکردەوه له دژی عوسمانی خەلیفه، فیڵو فڕایان نایەوەو درۆو دەلەسەیان هەڵخستو بڵاویانکردەوه[8]، لەمەولا باسی دەکەین **(ان شاء الله)**.

کاتی ئاژاوەی کوشتنی عوسمان بەرپا بوو عەبدوڵڵای ئەبی سەرح دووری گرتو له عەسقەلان نیشتەجێ بوو یان له رەملەی فەلەستین به غەوی به سەنەدی صەحیح ریوایەتی کردووه له یەزیدی ئەبی حەبیبەوه دەڵێ: (ئەبی سەرح رۆشت بۆ رەملەی فەلەستین کاتێ نوێژی بەیانی دەکرد، وتی: ئەی خودایه دواهەمین کارم بکەی به نوێژی بەیانی، دەستنوێژی گرتو

1 تحقيق موافق الصحابة في الفتنة، ص (418).
2 الولاية على البلدان (180/1).
3 فتوح مصر وأخبارها، ص (183)، والولاية على البلدان (180/1).
4 النجوم الزهراة (80/1).
5 الولاية على البلدان (181/1)، وفتوح مصر وأخبارها، ص 188.
6 الخطط (299/1).
7 سير أعلام النبلاء (34/3).
8 الولاية على البلدان (186/1).

پاشان نوێژی کردو سەلامی لای ڕاستی دایەوە، ویستی سەلامی لای چەپ بداتەوە خودای گەورە گیانی کێشاو کۆچی دوایی کرد)([1]).

شەشەم: مەروانی کوڕی حەکەمو باوکی

مەروانی کوڕی حەکەم یەکێك بوو لە خزمە تایبەتو هەرەنزیکەکانی عوسمانە لە هەموویان زیاتر شیرازەی قایمی هەبوو لەگەڵ سەتتەری خەلافەتو پەیوەندیدارترین کەسبوو بەو ڕوداوانەی کە بوبووە ڕەشەبای یەکێتیی ئیسلامیی، لە سەردەمی عوسماندا نهێن پۆشو باوەڕپێکراوی دەوڵەت بوو، یاخود مۆرهەڵگری پادشا بوو([2])، بەدڵنیاییەوە مەروان ڕاوێژکاری تایبەتی نەبوو، بۆ ئەو خەلیفەیەی کە ڕاوێژی بە هاوەڵە گەورەکانو گچکەکان دەکردو هەرگیز لە پیاوانی ڕاوبۆچوون دوورەپەرێز نەبوو، هەروەها مەروان ئەو وەزیرە نەبوو کە هەموو دەسەڵاتی دەوڵەتی لە ژێر ڕکێفدا بێتو هەموو شتی لە ژێر دەستدا بێت، تەنیا ئەوەندە هەبوو نووسەرێکی خەلیفە بوو، ئەمەش وەزیەفەیەك بوو بایەخی ئەم وەزیفەیەش لە ژێر دەستی خەلیفەدا بوو بەمۆڵەتی خەلیفە نووسراوەکان مۆر دەکران، بەڵام ئەو پڕوپاگەندەی کە عوسمانی تێوەگلاوە و خەڵکی لێ وروژاندووە گوایە ئیمامی عوسمان ویستویەتی دوای خۆی خەلافەت بگوازرێتەوە بۆ بنەماڵە بەنی ئومەیە، گریمانەیەکەو هیچ ڕاستییەکی تیا نییەو لە واقیعیشدا دەرکەوت دوای قۆناغێکی دژوارو خەلافەتی کەوتە دەستی بەنی ئومەیە مەروان هیچ دەورێکی ناشیرینی لە مەدا نەبوو، پاشان عوسمان ئەوەندە کەسایەتی لاواز نەبوو هەتا بوار بلۆێ بۆ نووسەرەکەی ئەو ئەندازەیەی کە ڕاوییەکان دەماندویانە([3])، مەروانی کوڕی حەکەم هیچ تاوانێکی نییە ئەگەر لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ باڵغ نەبوونی بە ئیتیفاقی ئەهلی زانست، بەڵکو تەمەنی دە ساڵان بوو یان لەو دەورەدا، مەروان موسڵمان بوو قورئانخوێنو شەرعزان بوو لە دین تێگەیشتوبوو لە پێش ئەوەی ئاژاوە ڕووبدات بە هیچ شتێکی خراپ تۆمەتبارنەکرابوو، تاڕەخنەی لێ بگیرێن ئیمامی عوسمان تاوانی نییە لە هەڵسەنگاندنیدا کردویەتی بە نووسەری خۆی، سەیرە کە فیتنە تووشی کەسێ هات لە مەروان ئەفزەڵتر بوو([4])، ئەویش بوو گوایە پێغەمبەر ﷺ باوکی مەروانی ڕاوناوە (دەرکردووە) سەنەدو مەتنی ئەم قسەیە لاوازە، شێخولئیسلام ئیبنو تەیمییە سەرنجی ئەمەی داوە لاوازیو پوچەڵی ئەم هەواڵەی روونکردووەتەوە([5])، کە مەروان بە زانستو شەرعزانو دادگەر پێناس دەکرێو پیاوماقوڵێکە لە ساداتی گەنجانی قورەیش بە تایبەتی کاتێ ئەستێرەی بەختی بڵندبووەوە لە سەردەمی عوسماندا، ئیمامی مالیك شاهیدی فیقهی بۆ داوە لە کیتابی (**موطأ**)دا قەزاوەتو فتواکانی کردووە بە بەڵگەو لە کۆمەڵێ شوێندا، هەروەها لە شەش کیتابە سوننەکاندا کە لەبەردەستی ئیمامەکانی ئەهلی سوننەتدا فتواکانی مەروان هاتووەو کاری پێ دەکەن([6])، ئیمامی ئەحمەد لە بارەیەوە دەڵێ: (لای مەروان قەزاوەت هەبووەو شوێن قەزاکانی عومەری کوڕی خەتتاب کەوتووە([7])، مەروان خوێنەوارترین کەسبووە بۆ قورئانو هەروەها فەرمودەی شەریفی ڕیوایەتی کردووەو لە هەندێ لە هاوەڵە مەشهورەکان وە هەندێکیشیان لە ئەو ڕیوایەتیان کردووە([8])، هەروەها هەندێ لە تابیعین فەرمودەیان لێ ڕیوایەت کردووە زۆر پەرۆشبووە بۆ دۆزینەوەی سوننەتو کارپێکردنی، لەیسی کوڕی سەعد فەقیعهی میسرە بە سەنەدی خۆی ڕیوایەتی کردووە، کە، مەروان لە ناشتنی جەنازەیەکدا ئامادەبوو کاتێك نوێژی لەسەر کرا، مەروان هەستاو ڕۆیشت، ئەبی هورەیرە وتی: قیراتێك خێری دەست کەوتو قیراتێك خێری لەکیس چوو([9])، مەروان گەڕایەوەو لەسەر هەردوو ئەژنۆی دانیشت، ئەوەندە دانیشت هەتا خۆی

[1] الاصابة ترجمة 4711، وسير أعلام النبلاء (35/3).
[2] عثمان بن عفان، لصادق عرجون، ص (117).
[3] لةدولة الأموية المفترى عليها، لحمدى شاهين، ص 160.
[4] منهاج السنة (197/3).
[5] المصدر نفسه (195/3 - 196).
[6] الدولة الأموية المفترى عليها، ص ()169.
[7] البداية والنهاية (260/8).
[88] البداية والنهاية (260/8).
[9] المصدر نفسه (260/8)، والمسند رقم (4453، 4650).

مۆڵەتی دا[1]، لە پێشەکی فەتحولباریدا هاتووە، دەڵێن مەروانی کوڕی حەکەمی کوڕی ئەبی عاصی کوڕی ئومەیەی کوڕە مامی عوسمان پێغەمبەری ﷺ دیوە ئەگەر ئەمە سابت بێت ئیتر کەلێنێك نامێنێتەوە بۆ دەمدرێژی کردن[2]، ئیبنو کەسیر دەڵێت: لای خەڵکانێکی زۆر مەروان هاوەڵە لەبەر ئەوەی لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ لە دایکبووە[3]، مەروان بووەتە والی مەدینە لە لایەن مەعاویەی ئەبوسوفیانەوە، توندوتیژبوو بەرامبەر فاسقەکانو دژی دیاردەی رابواردنو گاڵتەوگەپ[4] بوون لەگەڵ گەلەکەیدا دادگەر بوو سڵی دەکرد لە موجامەلە کردن بۆ خزمەکانی، یاخود یەکێ لە خزمەکانی ئومو شکوکەی خراپ بەکار بهێنن، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حەکەمی برای مەروان زوڵمیەکی کێشا بە خزمەتکارێکی ئەهلی مەدینەدا، کە کاری حناکی دەکرد لەو ماوەیەی کە مەروان والی مەدینە بوو، (حناکە) کە سکالای کرد لای مەروان ئەویش عەبدوڕڕەحمانی برای هێناو لە بەرامبەری (حەناگە)دا دایناو پێی وت زوڵلەکەی پیا کێشەرەوە (حەناگە) کە وتی: وەڵڵاهی من بۆ ئەمە شکاتم نەکردووە تەنیا ویستوومە تێی بگەیەنم کە لەسەروی ئەمەوە سوڵتان هەیەو سەرم دەخات بەسەریدا، من دەیبەخشم بەتۆ، مەروان وتی: قبوڵی ناکەم حەقی خۆت وەگرە، وتی: وەڵڵاهی زوڵلەی لێ نادەم، بەڵام دەیبەخشم بە تۆ بەخودا دەیناکەم، مەروان وتی: وەڵڵاهی من نامەوێ و پێزانی نیم ئەگەر حەقی خۆت دەبەخشی بیبەشخە بەو کەسەی لێیداوی یان بیبەخشە بە خودای گەورە، وتی: باشە دەیبەخشم بە خودای گەورە، عەبدوڕڕەحمان شیعرێکی جنێوباری وت بە مەروانی برایدا لەسەر ئەم حاڵەتە[5]، ئەم وێنە جوانە نموونەیە لە زانستو دادو فیقه و دینداری مەروان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو وێنە ناشیرینەی کە هەندێ مێژوونووسو ڕاوی بۆ دەنەخشێن، ئەوانە کۆشش دەکەن بۆ شێواندنی ژیانی ئەم پیاوە تەنانەت کاتی مردنەکەشیان شێواندووە، هەوڵیانداوە ئەوەش لەکەدار بکەن، گوایە خێزانەکەی، کە ناوی ئومو خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی مەعاویە ـ بە بەرماڵ خنکاندوویەتی یاخود ژەهرخواردی کردووە، گوایە مەروان لە ناو کۆمەڵێ خەڵکدا جنێوی بە کوڕی ئەو ژنە داوە، ئەم چیرۆکەو ڕەهەندەکانی لە ڕەگەزی دژیەك دروست کراوە، هەر لەسەرەتای گێڕانەوەکەدا ئەڵێی ئەفسانەیەکەو ئەندێشەی پیرەژنەکان هەڵی بەستووەو پاشان دەماودەم هاتووە، ئەم قسەڵۆکانە بۆ چەنەبازیو لەکەدارکردنی سومعەی ئەم بنەماڵە پلەوپایەدارەیە، هەروەها حەسودی بردنە بەو سەروەرییەی کە مەروان دەستی کەوتووە[6]، ئایا مەروان بەشێوەیەکی ئاسایی مردووە یان بە توشهاتنی تاعون، یان بە خنکانی خێزانەکەی، هەڵەقو پەڵەقی ریوایەتەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕاستییەکەی نەزانراوە، ئەو ریوایەتانەی کە پێیان وایە خێزانەکەی خنکاندویەتی بە دەستی خۆی یان بەواسیتەی کە نیزەکەکانییەوە ئەمە باوەڕپێکراو نییە، چونکە ئەم ژنە خانمێکی شەریف بووە لە خانەوادەی عەبدی شەمس بووەو مێردەکەشی خزمی نزیکی بووە ئەمە لە ژنە شەریفەکان ناوەشێتەوە پاشان ئێمە هیچ ئەسەرێکمان نەدی باسی ئەم تیرۆرە بکات، وە لەم خانەوادەیەدا هیچ ناکۆکییەك نەبووە، هەتا پێویست بە تۆڵەسەندنەوە بکات، خالیدی کوڕی مەروان بوو بە خاوەن مەکانەت لای عەبدولمەلیك، هیچ پاڵنەرێ نییە بۆ ئەم حاڵەتە هەتا ئەم ژنە پەنا بۆ قەتڵ ببات[7]، لای هەندێ لە ئەهلی عیلم باسکراوە کە مەروان دواهەمین قسەیەك کە کردوویەتی وتویەتی: (بەهەشت دەدرێ بەوکەسەی کە دەترسێ لە ئاگری

---

[1] الدولة الأموية المفترى عليها، ص (300). البداية والنهاية (260/8).
[2] فتح الباري (164/3)، وأباطيل يجب أن تمحى من التأريخ، ص (354).
[3] البداية والنهاية (259/8).
[4] الدولة الأموية المفترى عليها، ص (300).
[5] الدولة الأموية المفترى عليها، ص (300).
[6] البداية والنهاية (259/8).
[7] الدولة الأموية المفترى عليها، ص (201).

دۆزەخ)، نەقشى مستيلەكەى ئەمەبوو (العزه لله)، دەڵێن (أمنت بالعزيز الرحيم)[1]، ئيبنو قەييم دەڵێ: (قسەو باسى زەمى وەليدو زەمى مەروانى كوڕى حەكەم هەموو درۆيە)[2].

حەوتەم: ئايا عوسمان موجامەلەى هيچ خزمێكى خۆى كردووە لە سەر حسابى موسڵمانان؟

ئەگەر عوسمان موجامەلەى هيچ خزمێكى نزيكى خۆى بكردايە لەسەر حسابى موسڵمانان ئەوا موحەممەدى كوڕى حوزەيفەى رەبيبى خۆى (واتە داردەستەكەى) ئەوبەرترين كەسبوو بۆ موجامەلەكردن، بە پێچەوانەوە خەليفە قەت رێگەى نەداوە شتێ بسپێردرێ بە كەسێ كە شايستەى نەبێت، وەكو وتويەتى: (ئەى كوڕى خۆم ئەگەر لێت رازى بم، پاشان داواى كارەمەنديم لێ بكەيت دەتخەمە سەر كار، بەلاَم تۆ لەو ئاستەدا نيت ئێستا)[3]، بۆ ئەوە واى نەوتووە، كە رقى لە كوڕەكەى بێت يان بێزاربێت لە دەستى خۆ كاتێ سازيداو پەروەردەى كردو پێى گەياند، كارى پێداو وەزيفەى بەخشى، كاتێ مۆلەتى دا دەربچێ بۆ ميسر[4]، بەرنامەى بەكارهێنانى پياوە لێهاتووەكان بۆ ڕووداوەكان لە لايەن عوسمانەوە هەمان ەو بەرنامەيە بوو، كە لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەريگرتبوو، پێغەمبەر ﷺ لە دواساتەكانى ژيانيدا. سوپايەكى بۆ غەزاى رۆمەكان سازدابوو، ئوسامەى كردبوو بە بەرپرسى سوپا[5]، پێغەمبەر ﷺ وەفاتى كردو ئەبوبەكر سوپاكەى نەشێواندو رەوانەى كردن، بەلاَم هەندێ لە هاوەلاَن حەزيان دەكرد ئوسامە بگۆڕێ و فەرماندەيەكى لێهاتووتر بخاتە جێگەى، ئيمامى عومەر لەمبارەيەوە قسەى كرد تا بزانێ ئەبوبەكر راى چۆنە؟ كاتێ ئەبوبەكر ئەم قسەيەى بيست توڕەبوو وتى بە ئيمامى عومەر، ئەى عومەر پێغەمبەر ﷺ كردويەتى بە سوپادارو تۆ بەمن دەڵێى لايبە[6]، ئيمامى عوسمان خودى خۆى وەلاَمى ئەم دياريكردنەى دايەوە لەبەردەم كۆمەڵێ لە زاناى صەحابيدا وتى: (كەسێكم نەكردووە بە سوپادار هەتا ئەقلَ و هۆشى كۆ نەبوەتەوەو باش پێنەگەيوە لێى ڕازى نەبووم، ئەمانە هاوپيشەى ئەوانن پرسياريان لێ بكەن، ئەوانەش هاونشينيانن پرسياريان لێ بكەن، لە پێش منيشەوە ڕووداوى وا هاتبووە كايەوە، ئەوەى بە من دەڵێن بە پێغەمبەر ﷺ وتراوە لەو دەمەى ئوسامەى كردە سوپادار ئايا وانەبوو؟!)، وتيان بەڵێ، ئەمانە خەڵك عەيبدار ئەكەن بەبێ ئەوەى شرۆڤەى بكەن[7]، پێم دەڵێن هيچ كەسێ نەكەى بەكاربەدەست ئيللا پياوێكى گەورەو بەتەمەن نەبێت، كەچى پێغەمبەر ﷺ عيتابى كوڕى ئوسەيدى كردە والى مەككە تەمەنى (20) ساڵان بوو[8]، والى شارەكان لە سەردەمى عوسماندا جاهيل نەبوون بە كاروبارى شەرع كەمتەرخەمييان نەكردووە لە دينا ئەگەر گوناهێكيان هەبووبێ چەندقات چاكەيان هەبووە، وێڕاى ئەوەى كە خراپەو تاوانى ئەمانە دەشكەرێتەوە بۆ سەر خۆيان، هيچ كاريگەرييەكى نييە لە سەر كۆمەڵگاى ئيسلاميدا، ئێمە سۆراغى شوێنەوارى والييەكانى رۆژگارى ئيمامى عوسمانمان كرد لە ويلايەتەكاندا، بينيمان سودى زۆر گەورەيان هەبووە بۆ ئيسلامو موسڵمانانو سەدان هەزار كەس لەسەر دەستى ئەم واليانە هيدايەتى پێ بەخشراوە بۆ

ئيسلامو بە هۆى فتوحاتيانەوە چەندين هەرێمى فراوان خراوەتە پاڵ خەلافەتى ئيسلام، ئەگەر ئەمانە ئازاو ديندار نەبونايە نە جيهاديان دەكردو نە رابەرايەتى سوپاى جيهاديان دەكرد، كە لە سەنگەرى مانو نەمانو دەستهەڵگرتن ئيسراحەتو لەزەتى دونيادا كردبو ئێمە شوێن دۆزى سيرەى ئەم واليانەمان كرد هەريەكەيان فەتحێك يان چەند فەتحێكى هەيە، لەو ڕووەوەى كە دراوسێى ويلايەتەكەى بووە لەگەڵ ئەمەشدا مەناقيبو سيفاتى چاكى وايان هەبووە شايستەى

---

[1] البداية والنهاية (262/8).
[2] المنار المنيف، ص 117، وفصل الخطاب في مواقف الأصحاب، ص (77).
[3] تحقيق موافق الصحابة في الفتنة (247/1).
[4] المصدر نفسيه (247/1) وتأريخ الطبري (416/5).
[5] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (247/1)، تاريخ الطبري (416/5).
[6] تاريخ الطبري (46/5).
[7] المصدر نفسه (355/5).
[8] البداية والنهاية (187/7).

فەرماندەیی بوون[1]، ئەوی بگەڕێتەوە بۆ ڕاستی ڕون لە رووداوە مێژوییەکانداو سۆراغی سیرەی ئەو پیاوانە بکات، کە ئیمامی عوسمانی خەلیفەی ئیمانداران (ذي النورين) پشتی پێدەبەستن ڕەزای خودایان لێبێت، جیهادەکانیان شوێنەواری جوانی بەجیٚ هێشتووە لە مێژووی بانگەوازی ئیسلامیدا، ئەمانەش بە ئیدارەی چاك و ڕێکوپێك بەدەست هاتووە، بە هۆی ئەو دەرئەنجامە بووە، کە بە هەنای ئوممەتو سەرفرازییەکانیەوە بوون، هەرکەسیٚ مێژوویان بە باشی بخوێنێتەوە ناتوانیٚ خۆی بگریٚو سەرسامیو شانازی دەرنەبڕیٚ، (ئەگەر بەوردی سەیری ئەو سەردەمەی مێژووی ئیسلام بکات)[2].

عوسمانو والییەکانی سەرقاڵی بەرپەرژدانەوەی دوژمنو تارنانیان بوون، ئەمە ڕێگەی لیٚ نەگرتوون کە نەتوانن قەڵەمڕەوی وڵاتی ئیسلامیی فراوانکەنو لە ناوچە تازەکاندا جەماوەری زۆرکەن، والییەکان کاریگەرییەکی راستەوخۆیان هەبوو لە رووداوەکانی ئاژاوەداو تۆمەت ئاڕاستەی ئەوان کراوەو دەستدرێژی کراوەتە سەریان لە لایەن خەلکەوە، بەڵام ئێمە رووداوێکی دیاریکراو بەسەر هاتێکمان نەدیو دەست نەکەوت کە ئەم والیانە ستەمیان لە یەکیٚ کردبێت، کە زۆر کەس وا گومان دەبەنو پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن هەروەك عوسمان تۆمەتبار دەکەن بە کاربەدەستکردنی خزمەکانی خۆی ئەم پڕوپاگەندەیەمان پوچەڵ کردەوە، بە هەمان شێوە دەبینین عوسمان تەمەڵیی نەکردووە لە ئامۆژگاریی ئوممەت لە کاربەدەستکردنی ئەو کەسانەی کە شایستەی والییەتین سەرەڕای ئەوەش عوسمان والییەکانی بێوەی نەبوون لەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەیان کرا لە لایەن ئاژاوە چییەکانەوە لە کاتی خۆیدا.

هەروەها عوسمان سەلامەت نەبوو لەو توێژەرەوانەی کە لە کیتابە ناڕاستو پێویژدانەکانیاندا نوسیویانە لە سەردەمی عوسماندا بە تایبەت توێژەرەوە بیدعەچییەکان کە لە خۆیانەوە حوکمیان دەرکردووەو گوێیان بە لێکۆڵینەوە نەداوە، یان لە رووداوو دیاردەکاندا گوێیان نەداوە بە سەرچاوە متمانەدارەکان زۆربەی زۆریان کەوتونەتە نێو ریوایەتە لاوازو رافزییەکانەوە، حوکمی پوچەڵو زوڵمیان لە حەقی خەلیفە راشیددا عوسمانی کوڕی عەفان هەڵچنیوە، بۆ نموونە تەها حسین لە کتێبەکەیدا بە ناوی (فیتنەی کوبرا).

ڕەزا عەبدوڕڕەحمان لە کتێبی (الادارة والحرب)، سوبحی صاڵح لە کتێبی (النظم للاسلامي) مەولەوی حسین لە کتێبی (تراث الظفاء الراشدين في الفقه والقضاء)، تۆفیق الیوزکی لە کیتبی (دراسات في النظم العربي والاسلامي)، موحەممەد ئەلمەلحەم لە کتێبی (تأريخ البحرين في القرن الاول الهجري)، بدوي اللطيف لە کتێبی (النظم الاسلامية)، وە محمد الريس لە کیتبی (النضريات السياسية) على حسن الخربوطلى لە کتێبی (الاسلام والخلافة) ئەبوئەعلای مەودودی لە کتێبی (الملك والخلافة)، سەید قوتب لە کیتبی (العدالة الاجتماعية) ، غەیری ئەمانەش بە ڕاستی عوسمان ئەو خەلیفە مەزڵومەیە کە بە بیانوی خزمەکانی، پێشووەکان درۆیان بۆ داتاشیوە پاشینانیش بێویژدانییان بەرامبەر نواندووە[3].

---

[1] المدينة المنورة فجر الإسلام (211/3).
[2] حاشية المنتقي من منهاج الامتدال، ص(390).
[3] الو لاية على البلدان (322/1 - 332).

باسی چوارەم: حەقیقەتی پەیوەندیی نێوان ئەبو زەڕی غیفاریو عوسمان

یەکەم: تێبێکڕای چیرۆکەکە

داخلەدڵەکانی عوسمان دەستیان کرد بە پڕوپاگاگەندەکردن، کە ئیمامی عوسمان ئەبوزەڕی نەفی کردووە بۆ ڕەبزە، هەندێ لە مێژوونووسان وا گومان دەبەن کە ئیبنو سەودا، واتە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء گەشتووە بە ئەبوزەڕ لە شامو ئەبو زەڕ ڕێبازی قەناعەتو زوهدی بۆشی کردووەتەوەو باسی هاوخەمی هەژارانو واجبێتیی سەرفکردنی دارایی زیادەی کردووە، بە تایبەت ئەو داراییەی کە لە پێویستی زیادە هەروەها ڕەخنەی لە مەعاویە گرتووە، عوبادەی کوڕی صامت گرتوویەتی هێناویەتی بۆ لای مەعاویە پێی وتووە وەڵامی ئەم کابرایە ئەبازەر ناردوویەتی بۆ لات، مەعاویە ئەبوزەڕی لە شام دەکرد[1]، ئەحمەد ئەمین هەوڵی داوە کە رووی لەیەکچوونی بۆچوونی ئەبوزەڕو بۆچوونی مەزدەکی فارسی بدۆزێتەوە، دەڵێ روی لەیەکچوونیان هەیەو دیارە ئیبنو سەبەء لە یەمەن بووە سەردانی عێراقی کردووە فارشەکانیش لە یەمەنو عێراقدا هەبوون، پێش ئیسلام لەوانەیە ئەبوزەڕ لە ڕێگەی ئیبنو ەوداوە ئەم هزرەی مەزدەکی پێگەیشتبێت لە مەزدەکییەکانی عێراقەوە وەری گرتبێ پەیڕەوی کردبێت بە نیازێکی باشەوەو بە بیروباوەڕێکی پتەوەوە[2]، هەرچی دەوترێ لە چیرۆکی ئەبی زەڕ دڵنیابە پڕوپاگاندەیەی دەیڕێسن لەسەر ئیمامی عوسمان، چونکە پوچەڵەو بودەڵەو لەسەر ڕیوایەتی دروست هەڵنەچنراوە، هەرچی دەوترێ دەربارەی پەیوەندیی ئەبوزەڕ بە ئیبنو سەوداوە پوچەڵەو ڕێی تێناچێ[3]، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەبوزەڕ بە ئارەزووی خۆی هەواری بەست لە ڕەبزە، ئەمەش بە هۆی ئەو ئیجتیهادەوەبوو لە چەمکی ئایەتێك کە هاوەڵان پێچەوانەی ئەم شرۆڤەیان دەکرد، ئەبوزەڕ زۆر جەسوربوو لەسەر ڕای خۆی کەس هاودەنگی نەبوو لەسەر ڕایەکەی داوای کرد، بچێت بۆ ڕەبزە[4]، ڕەبزە شوێنێکە لە ڕێگای نێوان عێراقو مەککەدایە، کەنارگرتنەکەی لە ڕەبزە نەفی کردنو دوروخستنەوەو تۆران نەبوو، یان مانەوەی دەستبەسەری نەبوو، خەلیفە فەرمانی بەسەردا نەکرد لە ڕایەکەی خۆی دەست هەڵبگرێ، چونکە بە دیوێکدا مەقبول بوو، هەروەها موسڵمانانیشی ناچار نەکرد دەستی پێوە بگرن[5]، ڕاستترین ریوایەتی ئەم چیرۆکەی ئەبوزەڕ ئەوەیە کە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی لە زەیدی کوڕی وەهەبەوە دەڵێ بە ڕەبزەدا گوزەرم کرد گەشتم بە ئەبی زەڕو وتم پێی چی تۆی هێناوە بۆ ئەم شوێنە؟ وتی: من لە شام بووم لەگەڵ مەعاویە نارێك بوین بووین لە ئایەتی **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّ كَثِيراً مِّنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ) (التوبة: 34)**.

مەعاویە دەیوت ئەم ئایەتە مەبەستی ئەهلی کیتابەو باسی ئەوان دەکات، منیش دەڵێم باسی ئێمەو ئەوانیش دەکات مەبەستی هەردوولامانە، جیاوازی نێوان منو ئەو لەسەر ئەمەبوو نوسراوێکی نووسی بۆ ئیمامی عوسمانو شکاتی لێکردم، ئیمامی عوسمانیش بۆی نوسیم بچم بۆ مەدینە، منیش چووم بۆ لایو خەڵکی زۆر لێم کۆبوونەوە، وەك بڵێی لەوەوپێش نەیانبینیوم، منیش وەزعەکەم باسکرد بۆ عوسمان، ئەویش وتی پێم ئەگەر حەزدەکەیت بڕۆ بۆ ڕەبزە لێمانەوە نزیکی، ئەو گفتوگۆیە هێناومی بۆ ئێرە، ئەگەر عەبدێکی حەبەشی فەرمان بکات بەسەرمدا گوێی بۆ دەگرمو گوێڕیەڵی دەکەم[6]، ئەم ئەسەرە ئاماژە بۆ کۆمەڵێ ڕەوشتی گرنگ دەکات وەکو:

---

[1] المدينة المنورة فجر الإسلام (216/2، 217).
[2] فجر الإسلام، ص(110).
[3] المدينة المنورة فجر الاسلام (216/2، 217).
[4] فجر الإسلام، ص(110).
[5] المدينة المنورة فجر الاسلام (217/2).
[6] البخاري، كتاب الزكاة، باب ما ادي زكاته، رقم (1406).

1ـ زەیدی کوڕی وەهب پرسیاری لیّ کردووە بۆ ئەوەی بکۆڵێتەوە لەو پڕو پاگەندانەی کینەبازەکانی عوسمان بڵاوی دەکەنەوە، ئایا عوسمان ئەبوزەڕی نەفی کردووە یان بە ئارەزووی خۆی ئەو شوێنەی هەڵبژاردووە، وەکو لە سیاقی ئاخافتنەکەدا هاتووە ئەبوزەڕ دوای ئەوەی خەڵك لێی کۆبوویەوەو پرسیاریان لیّ دەکرد بۆ دەرچووە لە شام، لە دەقی گفتوگۆکەدا نەهاتووە، کە ئیمامی عوسمان فەرمانی بەسەردا کردبێت بچێت بۆ ڕەبزە، بەڵکو خۆی بە ئارەزووی خۆی چووە بۆ پشتیوانی ئەم ڕایە ئەمە هەیە، کە ئیبن و حەجەر لە عەبدوڵلای حامتەوە باسی ئەوە دەکات کە دەڵیّ: (لەگەڵ ئەبوزەڕدا چوومە لای ئیمامی عوسمان و سەری داخستبوو ئەبوزەڕ وتی: وەڵڵاهی من لەوانە نیم یەعنی خەواریج، ئەویش وتی: ئێمە ناردوومانە بە شوێن تۆدا بۆ ئەوەی ببیتە ئاومالّمان لە مەدینەدا، وتی: من پێویستم بەم شوێنە نییە مۆڵەتم بدە بچم بۆ ڕەبزە، وتی: باشە)[1].

2ـ ئەو قسەیەی، کە دەڵیّ من لە شام بووم هۆکاری نیشتەجێبوونی شامی روون کردووەتەوە، کە (أبو ليلى) لە ڕێگەی زەیدی کوڕی وەهبەوە هێناویەتی دەڵیّ: ئەبوزەڕ پێی وتم پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموم: (ئەگەر تەلاری مەدینە گەشتە (سلعا) سەلعەن کۆچ بکە بۆ شام)، کاتیّ بینا گەشتە سەلعا ڕۆشتم بۆ شام و لەوێدا نیشتەجیّ بووم[2]، لە ریوایەتێکی تردا دایکی ئومو زەڕە دەڵیّ: (وەڵڵاهی عوسمان ئەبوزەڕی دەرنەکرد بۆ ڕەبزە، بەلاّم پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەگەر بینا گەشتە سەلعا دەرچۆ لە مەدینە)[3].

3ـ چیرۆکی ئەبی زەڕە لە مەسەلەی داراییدا ئیجتیهادێکی کردووە لە چەمکی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّ كَثِيراً مِّنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ* يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَـذَا مَا كَنَزْتُمْ لأَنفُسِكُمْ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ) (التوبة: 34 ـ 35).

ئیمامی بوخاری لە ئەبوزەڕەوە ریوایەتی کردووە، کە ئەبوزەڕ ئەم ئایەتەی کردبووە بەڵگەو تەفسیری ئەم هەڕەشەیەی کردووە لە دەوڵەمەندەکان و (يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا) خەڵکی پیّ دەترساند، لە ئەحنەفی قەیسەوە هاتووە کە ئەبوزەڕ قسەی کردووە وتویەتی (لەناو کۆمەڵیّ پیاو ماقوڵی قورەیشدا دانیشتبووم پیاوێکی قژ نەرم و بیچم نەرم و پۆشاك نەرم هات، هەتا هاتە راست سەریان و سەلامی کرد، پاشان وتی: مژدە بدەن بە زێڕدارەکان[4]، کە بەردی گەرم داخ دەکرێت لەناو ئاگری دۆزەخدا و پێیاندا دەچزێنرێت، پاشان ئەوبەردە گەرمە دەخەنە سەر گۆی مەمکیان هەتا لە ناوشانیانەوە دەردەچیّ[5]، دەخرێتە سەر پشتیان هەتا لە مەمکیانەوە دەردەچیّ و دەکەونە زەلالەت[6]، پاشان پشتی هەڵکردو لای ستونێکدا دانیشت، منیش دوای کەوتم و چووم دانیشتم لەلای، من نەمدەزانی ئەمە کێیە پێم وت: ئەم جەماعەتەم وا دێتە بەرچاو کە ئەو قسانەی تۆیان پیّ ناخۆشبوو ئەویش وتی: ئەوانە هیچ ئەقڵیان نییە)، ئەبوزەڕ ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەکردە بەڵگە، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (پێمخۆشە ئەوەندەی ئوحود ئاڵتونم هەبایە هەموویم ئەبەخشی سیّ دیناری نەبیّ)[7].

4ـ کۆماری هاوەڵان پێچەوانەی ئەبوزەڕ بوون و ئەو هەڕەشەشیان دەبردەوە بۆ ئەوکەسانەی کە زەکاتیان مەنع کردووەو ئەو فەرمودەیان دەکردە بەڵگە کە ئەبو سەعیدی خودری ریوایەتی کردووە دەڵیّ: پێغەمبەر ﷺ لە پێنج هۆقە بەلاوە

[1] فتح الباري (274/3).
[2] المدينة المنورة فجر الإسلام (219/2).
[3] سير اعلام النبلاء (72/2)، الإسناد صحيح.
[4] الرضف: الحجارة المعماة وأحدها رضفة.
[5] نخض: العظم الدقيق الذي على طرف الكتف او على اكتف.
[6] يتزلزل: يظطرب وبتحرك.
[7] البخاري، كتاب الزكاة، رقم (1407).

سەدەقەی هەیە لە پێنج زود بەو لاوە سەدەقەی هەیە لە پێنج ویسق بەولاوە سەدەقەی هەیە[1]، حافزی ئیبنو حەجەر دەڵێ: چەمکی ئەم فەرمودەیە ئەوەیە هەرچی لە پێنج زیاتر بوو سەدەقەی دێتە سەر، بە گشتیی ئەو مانایە هەڵدەگرێ، هەموو ماڵێ سەدەقەی دەکەوێتە سەر، بەڵام هیچ هەڕەشە نییە لەسەر خاوەنەکەی، هەرماڵێك دوای صەدەقە لێ دەکردن، مایەوە پێی ناوترێ کەنز[2]، ئیبنو ڕوشد دەڵێ: هەرچی لە پێنج کەمتر بێت زەکاتی ناکەوێتە سەر خۆی حەقی خۆی لێدەرکرد هەرگیز بە کەنز ناژمێردرێن وەڵلاهی وەسفی زەکات کراوە، هەرشتێ وەسف بکرێ لە فەرزەکانی ماڵو دارایی قەت بە دوایدا زەم نایەت لە ڕوویەکی ترەوە لەسەر ئەو شتەی کە بە بۆنەیەوە وەسفی کراوە ئەویش دارایییە[3]، حافز دەڵێ: بە پوختی دەتوانین بڵێین هەر شتێ صەدەقەی نەکەوێتە سەر پێی ناوترێ کەنز، چونکە بەر چاوپۆشی کەوتووە، ئەو شتەی زەکاتی لێ دەردەکرێ بە هەمان شێوە بە کەنز ناژمێردێت، چونکە بە دەرکردنی ئەندازەی فەرزەکە خاوێنو بەخشراو بووە، ئیتر پێی ناوترێ کەنز)[4]، ئیبنو عەبدولبەر دەڵێ: کۆدەنگ لەسەر ئەوەن کەنزی سەرکۆنەکراو ئەوەیە زەکاتی لێ دەرنەکرێ ئەم فەرمودەیەی ئەبی هورەیرەیان کردووە بە شایەت کە دەفەرموێ: (ئەگەر زەکاتی ماڵەکەت دا ئەوە واجبی سەرشانت جێبەجێ کردووە)، کەس پێچەوانەی ئەم رایە نییە، گرۆیەك زاهید نەبێ وەکو ئەبوزەڕ[5].

5ـ لە وانەیە تەفسیری مەزهەبی ئەبوزەڕ لە بەخشیندا وەکو ئیمامی ئەحمەد لە شەدادی کوڕی ئەوسەوە ریوایەتی کردووە دەڵێ ئەبوزەڕ فەرمودەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ بیستووەو تیژڕەو تیابووە پاشان ئەبوزەڕ ڕۆشتووە بۆ ناو هۆزەکەی خۆیو سەلامی لێ کردون لەوانەیە ئەبوزەڕیش تیژڕەوی کردبێت لە سەریان، پاشان پێغەمبەر ﷺ لە دواییدا ڕوخسەتی تیاداوە، بەڵام ئەبوزەڕ نەی بیستووە بۆیە ئەبوزەڕ بە شرۆڤە توندەکەوە نوساوە[6].

6ـ ئەو قسەی کە دەڵێ ئەگەر ئارەزوت هەیە خۆت بدە ئەو کەنارە، تۆ لە ئێمەوە نزیکی، ئەمە بەڵگەیە، کە ئیمامی عوسمان داوای کردووە لە ئەبوزەڕ خۆی لەمەدینە لابدات، بە نەرمو نیانی داوای لێ کردووە ئەمری بەسەردا نەکردووەو ئەو شوێنەشی بۆ دیاریی نەکردبوو کە بۆی چوبوو ئەگەر ئەبوزەڕ دەرچوونەکەی ڕەفز کردبایە ئیمامی عوسمانیش زۆری لێ نەدکرد بەڵام ئەبوزەڕ گوێڕایەڵی خەلیفە بوو، چونکە لە کۆتایی فەرمودەکەدا دەڵێ: ئەگەر بەندەیەکی حەبەشی ببێتە ئەمیرم گوێی بۆ دەگرمو گوێڕایەڵی دەکەم[7]، ئەمەش بەڵگەیە کە ئەبوزەڕ بە ئاژاوە نانەوە قەڵس بووەو پێی ناشیرین بووە هەڵگەڕێتەوە لە ئیمامی بەیعەت پێدراو، ئیبنو سەعد ریوایەتی کردووە، کە خەڵکانێکی ئەهلی کوفە وتویانە بە ئەبوزەڕ کە لە ڕەبزە بووە ئەم پیاوە، واتە ئیمامی عوسمان وای پێکردیو وەهاو وەهای کردووە، ئایا تۆ ئاڵایەك هەڵناکەی لە دژی ـ واتە بەشەڕ نایەت ـ وتی: نەخێر ئەگەر عوسمان لە خۆرهەڵاتەوە هەڵمدات بۆ خۆرئاوا بە قسەی دەکەم، گوێڕایەڵی دەبم[8].

7ـ هۆکاری لادانی ئەبوزەڕ لە شاری مەدینە ئەگەر خۆی ڕۆشتبێ یاخود بە خواستی عوسمان بوویێت، ئەوەبوو فیتنە دەستی پێکردو لە هەرێمەکانداو سەری هەڵدابو کینەبازەکان قسەی دووپەلەیان بڵاوکردەوەو ویستیان سوود وەرگرن لە ئینکارییەکەی ئەبوزەڕ، کە لکابوو بە مەزهەبو رایەکەی خۆیەوەو ئامادە نەبوو لێی جودا بێـەوە، بۆیە عوسمان وای بەباش زانی پاڵنانی خراپەیەك بخاتە پێش بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەك لەبەرئەوە مانەوەی ئەبوزەڕ لە مەدینەدا بەرژەوەندییەکی گەورەی تێدابوو کە زانستەکەی بڵاو بکاتەوە لە نێو فێرخوازانی زانستدا وێڕای ئەمەش ئیمامی عوسمان

---

[1] البخاري، كتاب الزكاة، رقم (1405).
[2] فتح الباري (272/3).
[3] فتنة مقتل عثمان (رضى الله عنه) (107/1).
[4] المصدر نفسه.
[5] فتح الباري (273/3).
[6] المسند (125/5).
[7] البخاري، رقم (1406).
[8] الطبقات (227/4).

ئەوەی پێباشتربوو دەست بنێ بەو ناکۆکییەوە، کە لە ئەبوزەڕە بە بۆنەی ئەوەی کە بەتوندی دەستی گرتووە بە مەزهەبەکەیەوە لەم بابەتەدا.

8ـ ئەبوبەکری کوڕی ئەلعەرەبی دەڵێ: ئەبوزەڕ پیاوێکی زاهید بوو، خەڵکی دەبینی لە ولاخی سواریو جلوبەرگو کەشخەدا بڕەویان سەندووە کە ئەم شتانەی دەبینی نکولیو گلەیی لێ دەکرد، دەیویست ئەو شتانە هەمووی لاببات لە ژێر دەستیان کە پێویستیان پێی نییە، لە نێوان ئەبوزەڕو مەعاویە وتووێژی دروست بوو لە شام، پاشان گەڕایەوە بۆ مەدینە خەڵك لێی کۆبوونەوە، هەستا ئەم ڕێگەی گرتە بەرو چوو بۆ ڕەبزە، عوسمان پێی وت ئەگەر دورە پەرێز بێت باشە، واتە تۆ لەسەر مەزهەبێکی بۆ ئەوە ناشێ تێکەڵاوی خەڵك بیت، هەرکەسێکی تر لەسەر ئەم بۆچوونەی ئەبوزەڕ بوایە وا پێویستی دەکرد وەك ئەو تاك ببێتەو تێکەڵاوی خەڵکی نەکات هەرکەسێك حەزی کردبایە دەیتوانی بچێتە سەر هزری ئەوە، چونکە لە شەرعدا حەرام نەبوو، ئەبوزەڕ بە زاهیدێکی بەرێز دەرچوو، شاری مەدینەی بە جێهێشت هەردوو لایان لەسەر خێرو بەرەکەتو فەزڵ بوو،، حاڵی ئەبوزەڕ ئەفزەڵتر بوو، بەڵام بە هەموو خەڵك دەستی نەئەدا ئەگەر بچوونەتایە سەر ئەو مەزهەبە تیا ئەچوون پاكو بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە جێگەو ڕێگەیان ڕێکدەخات[1].

ئیبنولعەرەبی دەڵێ: لە نێوان ئەبی دەرداو مەعاویەدا وتووێژ ڕوویداوە، ئەبو دەردا زاهیدێکی بەرێز بووەو قازی ئەوان بووە لە شام کاتێ توندوتۆڵی کردووە لە حەقداو ڕێچکەکەی ئیمامی عومەری هەڵبژاردووە لە نێو خەڵکدا، تەحەمولیان نەکردووە، بۆیە لە قازییەتی لایان بردووە گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە، ئەم کارانە هەمووی بەرژەوەندیی تێدا هەبووە، لەکەو پەڵە نییە بۆ دین، بە هیچ سەبارەتێك تەئسیر ناکاتە سەر پلەوپایەی هیچ موسڵمانێ، ئەبو دەرداو ئەبوزەڕ لە هەموو عەیبێ بەرین، عوسمان بەریئەو گەورەترین بەرائەتی هەیەو زۆر خاوێنە، هەکەسێ ریوایەتی ئەوە بکات کە ئەبو زەری نەفی کردووە یان بڵێ هۆکارێك بووە ئەو قسانە هەمووی پوچە[2].

9ـ هیچ یەکێ لە هاوەڵان نەیوتووە بە ئەبوزەڕ تۆ هەڵەی لە ڕاکەتدا، چونکە مەزهەبێکی پەسەندکراوبوو بۆ هەرکەسێ بیتوانیایە، عوسمان فەرمانی نەکرد بە ئەبوزەڕ پاشگەزبێتەوە لە مەزهەبەکەی تەنیا داوای لێکرد کە واز بێنێ لە گازندەکردن لەو کەسانەی کە ماڵو سامانی حەلاڵیان دەست کەوتووە، کەسانێ هەن ریوایەتیان کردووە، کە عوسمان نەهی کردووە لە ئەبوزەڕ بۆ هەتا هەتایە فتوا بدات، ئەم ریوایەتە نەگەشتووەتە پلەی خەبەری صەحیح[3]، ئەوەی کە ڕاستە لای ئیمامی بوخاری ئەمەیە، کە ئەبوزەڕ وتویەتی ئەگەر پەتی قەنارە بخەنە گەردنمو پاشان بمتاسێنن من هەر ئەو فەرمایشتە جێبەجێ دەکەم، کە لە پێغەمبەرم بیستووە بەر لەوەی سەرزەنشت بکرێم جێبەجێی دەکەم[4] هەر لە بوخاریدا ریوایەت نەکراوە، کە وانییە ئیمامی عوسمان نەهی کردبێت لە ئەبوزەڕ کە فتوا نەدات، چونکە نەهی کردن لە هاوەڵان کە فتوا نەدەن بەبێ دیاریکردنی بابەت کارێکی هەروا ئاسان نییە[5].

10ـ ئەگەر عوسمان نەهی فتوای لێ کردبێ بە ڕەهایی یان شوێنێکی بۆ هەڵبژاردبێت، کە کەسی تیا نەبینێت یان لە مەدینە سجنی کردبێت یان مەنعی هاتن ناو مەدینەی لێ کردبێت، بەڵام ئیزنی داوە لە شوێنێکدا هەوار بگرێ کە زۆر خەڵکی بەوێدا گوزەر دەکەن، چونکە ڕەبزە مەنزڵێك بووە لە مەنزڵی حاجییەکانی عێراق، ئەبوزەڕ دەستو پێوەند بوو لەگەڵ مەدینە، نوێژی لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ، دەکرد عوسمان پێی وت ئەگەر لەکار لاچیت تۆ هەر لە ئێمەوە نزیکی، ڕەبزە دوور نەبوو لە مەدینە، پاوەنی وشتری سەدەقە دراوسێی بوو، لەبەر ئەوە ریوایەت کراوە، کە ئیمامی عوسمان ئەو ناوچەیەی بجری بوو جیایی کردبووە لە باوکی عائیشەی وەرگرتبوو دابووی بە کۆیلەکانو بژێوی وەکو شەرتانە پێ دەدان،

---

[1] العواصم من القواصم، ص(77).
[2] المصدر نفسه، ص(79).
[3] المدينة المنورة، فجر الاسلام (223/2).
[4] البخاري، كتاب العلم، باب العلم قبل القول والعمل (29/1).
[5] المدينة المنورة، فجر الاسلام (224/2).

ڕەبزە باشترین مەنزڵ بوو لەسەر ڕێگەی مەککە[1]، ئیمامی تەبەری دوای ئەوەی باسی ئەو هەواڵانە دەکات، کە ئەبوزەڕ بە ئارەزووی خۆی کەنارگیریی گرتووە دەڵێ: (ئەوانی تر هۆکاری ئەم دورگرتنەی ئەبوزەڕیان بردووەتەوە بۆ شتی جۆراو جۆر شتی نەشیاو، پێم خۆش نییە باسیان بکەم)[2]، ڕاستی مێژوویی دەڵێ: ئیمامی عوسمان ئەبوزەڕی نەفی نەکردووە، بەڵکو مۆڵەتی داوە، کە ئەو مۆڵەتی خواستووە، بەڵام دوژمنەکانی عوسمان پڕوپاگەندە دەکەن، کە عوسمان نەفی کردووە، هەر بۆیە کاتێ غالبی قەتان پرسیاری کرد لە حەسەنی بەسری ئایا ئیمامی عوسمان ئەبوزەڕی دەرکرد؟ حەسەن وتی: نەخێر، پەنا دەگرم بەخوا[3]، ئەو ریوایەتانەی کە دەڵێن عوسمان نەفی کردووە بۆ ڕەبزە سەنەدەکەی لاوازەو لە دەردی کوشندە رزگاری نەبووە، سەرەڕای ئەوەش دەقەکەی لاریو لاساری ریوایەتە پەسەندەکان دەکات، کە ڕۆشنیان کردووەتەوە ئەبوزەڕ داوای مۆڵەتی دەرچوونی کردووە بۆ ڕەبزەو عوسمانیش ئیزنی داوە[4]، بەڵکو ئیمامی عوسمان ناردی بە شوێنیداو داوای کرد لە شام بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە دراوسێی لە مەدینەدا[5]، ئەمیش پێی وتووە: لای من بمێنەوە بەیانیان دەدەمین بەلاتداو ئێواران دەگەڕێینەوە لات[6]، ئایا کەسێ ئەمە بڵێ نەفی دەکات؟[7] هیچ ریوایەتێك و دەقێك نییە لەسەر نەفی کردنی تەنیا ئەو ریوایەتە نەبێ کە ئیبن و سەعد ریوایەتی کردووە، بورەیدەی کوڕی سوفیان ئەسلەمی لە ریوایەتەکەدایە، کە حافزی ئیبن و حەجەر لە بارەیەوە دەڵێ: کەسێکی بەهێز نییەو ڕەفزیشی هەیە، ئایا ریوایەتی رافزی وەردەگرێ لە کاتێکدا پێچەوانەی ریوایەتە صەحیح و حەسەنەکان بێت[8]؟ رافزییەکان ئەم چیرۆکەیان قۆزتەوە بە گلاوترین قۆستنەوە، کردویانە بە پڕوپاگەندە، کە ئیمامی عوسمان ئەبوزەڕی نەفی کردووە بۆ ڕەبزەو ئەمەیان کردووەتە عەیب بەسەریەوە لە لایەن ئەوانە لێی هەڵگەڕانەوە یاخود ئەوانەی هەڵگەڕانەوەیان سبوغکرد جوانیان کرد[9]، بەمە عوسمان غەیبدار دەکەن، ئیبن و موتەهەری حولی ڕافزی کە لە ساڵی (726) مردووە، عوسمانی لەکەدار کردووە بەم ڕووداوە، بەڵکو ئەوەشی زیاد کردووە، کە عوسمان داویەتی لە ئەبوزەڕ لێدانی گورچك بڕ[10].

شێخول ئیسلام ئیبن و تەیمییە ڕەدی داوەتەوە، ڕەدێکی بەهێزی گلێر[11]، سەلەفی ئەم ئوممەتە لەسەر ئەم ڕاستییە چوون، کاتێ وترا بە حەسەنی بەسری، ئایا ئیمامی عوسمان ئەبوزەڕی دەکرد؟ وتی: نەخێر، معاذ الله[12]، ئیبن و سیرین ئەگەر باسیان بکردایە لە لای، کە عوسمان ئەبوزەڕی هەناردو دەری کرد، ئەم قسەیەی بە گوناهێکی گەورە دەزانی، دەیوت خۆی بە ئارەزووی خۆی دەرچووە، عوسمان نەیناردووە[13]، وەکو لە ریوایەتە صەحیحە سەنەدەکان پێشتر باسمان کرد ئەبوزەڕ کاتێ بینی خەڵکی زۆر لێی خرۆشاوەتەوە ترسی فیتنەی لێ نیشت ئەمەی باسکرا بۆ ئیمامی عوسمان، وەکو بڵێی داوای دەرچوونی لێ کرد، ئیمامی عوسمانیش پێی وت ئەگەر حەز دەکەیت خۆ بدە کەنارێ تۆ نزیکی لە ئێمە[14].

دووەم: پووچی گومانی، کاریگەری ئیبن سەبەئی لەسەر ئەبوزەر

سەعید ئەفغانی لە کتێبەکەیدا بە ناوی (عائیشەو سیاسەت) نووسیویەتی ئیبن و سەبەئە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە فیتنەکەداو هەموو موئامەرەکان و فیتنەو داستانەکانی داکەوتووی بەرپابوونی نێوان هاوەڵان دەخرێتە پاڵی ئەو، سەعید

---

[1] تاريخ الطبري (289/5).
[2] المصدر نفسه (286/5).
[3] التأريخ المدينة، ابن شبەت، ص(1037)، اسناده صحيح.
[4] فتنة مقتل عثمان (رضي الله عنه) (110/1).
[5] تاريخ المدينة، ص(1036 - 1037)، اسناده حسن.
[6] الطبقات، لابن سعد (226 - 227).
[7] فتنة مقتل عثمان، (رضي الله عنه) (111/1).
[8] المصدر نفسه.
[9] المصدر نفسه.
[10] منهاج السنة لابن تيمية (183/6).
[11] المصدر نفسه (271/6 - 355).
[12] تأريخ المدينة (1037)، اسناده صحيح.
[13] تأريخ المدينة (1037)، اسناده صحيح.
[14] البخاري، كتاب الزكاة رقم (1406).

پێی وابوو ئەم گەلەکۆمەی محکەم بووەو ئەهرەیمەنە خەبیرەکانی شەونخونییان پێوە کێشاوەو نەخشەکانیان کونبڕ کردووە بە گەرمیی پەیمانیان لەسەر داوە هەتا بەروبوومی لە گشت هەرێمەکاندا شین بوو، بۆیە بەم ناونیشانە نووسیویەتی (ئیبنو سەبەء پاڵەوانێکی شاراوەو ترسناکە)[1] وادیارە ڕۆڵی ئیبنو سەبەء ڕۆڵی کابوس بووە لای ئەفغانی لەوەدا کە وەسفی دەکات کە پیاوێکی ئەوپەڕی زیرەكو فیراسەت (الفراسە) دروستو تیرەمان دوورو فێڵزانو جێگای خۆ کەرەوە بووە لەناودڵی خەڵکدا[2]، قسەکان دەبڕێو دەڵێ: یەکێکە لە قارەمانەکانی ڕێکخراوی تەلمودیەی نهێنیی ئامانجیشی کەمکردنی دەوڵەتی ئیسلامە[3] خەریکە بڕیار بدات کە ئیبنو سەبەء بۆ بەرەژەوەندیی وڵاتی رۆمەکان کاری کردووە، کە موسڵمانان لە فەترەیەکی کەمدا دوو وڵاتی گرنگییان لەبێخ دەرهێنا ئەو دوانەش میسرو شام بوو، جگە لەمانەش شارانی تری ناوەڕاستیان ڕزگار کرد، چالاکی ئیبنو سەبەء چەندین بواری گرتبووە خۆی لە ڕووی دینیو سیاسیو جەنگەوە[4]، ئەو پێی وایە کە ئیبنو سەبەو سەرکەوتوو بووە، بە هەموو شێوەکانی سەرکەوتن لە دیدارەکەیدا لەگەڵ ئەبوزەڕدا لە درێژەی ئەم دیدارەی کە هۆنیویەتەوە لەسەر میزاجی ئەبوزەڕ، ئەوە یارمەتی ئیبنو سەبەئی دا لەسەر ئەم کاریگەرییە تێگەیستنە زۆرباشەکەی بوو لە ڕوانگەی میزاجی خەڵكو هەواڵە راستو ڕێکخراوەکانی بوون ئەم گومانە واتە کاریگەری ئیبنو سەبەء لەسەر ئەبوزەڕ بنەمای نییەو لە راستییەوە دوورە لە چەند ڕوویەکەوە:

أ ـ کاتێ مەعاویە سکاڵای بیروبۆچوونی ئەبوزەڕی گەیاندە ئیمامی عوسمان، هیچ ئاماژەیەکی تیا نەبوو، کە ئیبنو سەبەء کاریگەریی تێ کردبێت، معاویە بە ئەوەندە وازی هێنا (ئەبو زەر گێچەڵم پێ ئەگێڕێو بۆچوونی ئەمەو ئەوەیە)[5].

ب ـ ئیبنو کەسیر باسی ئەو جیاوازییەی نێوان ئەبوزەڕو مەعاویە دەکات، لە شام چەند جار لە کتێبەکەیدا، بەڵام لە هیچ کامیاندا ناوی ئیبنو سەبەئی نەهێناوە[6].

ج ـ لە صەحیحی بوخاریدا ئەو وتوێژەی هێناوە کە ئاماژە بۆ ئەسڵی جیاوازیی نێوان ئەبوزەڕو مەعاویە دەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ ئیبنو سەبەء نە لە نزیکەوە نە لە نەدوور[7].

د ـ لە بەناوبانگترین ئەو کتێبانەی کە ژیاننامەی هاوەڵان باس دەکات گفتوگۆی نێوان مەعاویەو ئەبوزەڕیان هێناوە، پاشان هەوارگرتنی لە ڕەبزە بەڵام کاریگەری ئیبنو سەبەء لەسەر ئەبوزەڕ بە هیچ شێوەیەك باسنەکراوە[8].

هـ ـ بەڵکو بە تەبەریدا هەواڵەکە بەم شێوەیە هاتووە ئەوانە گلەیی دەکەن لە معاویە لەمبارەیەوە واتە: ناردنەوەی ئەبوزەر بۆ مەدینە لە لایەن معاویەوە باسیان کردووە لەم چیرۆکەدا کە ئیبنو سەبەو هاتووەتە شامو دیداری لەگەڵ ئەبوزەڕ بەستووەو دیویەتی([9]) ئەم هەواڵەی کە تەبەری هێناویەتی درۆیەو بودەڵەیە ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو زەمەنە بە درۆ دەخەنەوە، با ڕوونی کەینەوە:

ـ باس لەوە دەکەن کە ئیبنو سەبەء لە سەردەمی عوسماندا موسوڵمان بووە، جولەکەیەکی خەڵکی مەدینە بووە چالاکییە ماڵو وێرانکەرەکانی لە حیجازە دەست پێ کردووە، بەڵام باسی ئەوەیان نەکردووە کە بە کەس گەشتبێ یان کەس پێی گەشتبێ لە حیجاز.

---

[1] عائشة والسياسة ص(60).
[2] تاريخ الطبري (285/5).
[3] البداية والنهاية (170/7، 180).
[4] البخاري، رقم (1406).
[5] تاريخ الطبري (285/5).
[6] البداية والنهاية (170/7 - 180).
[7] البخاري، رقم (1406).
[8] عبدالله بن سبأ واثره في احداث الفتنة، ص(51).
[9] تاريخ الطبري (285/5).

ـ یەکەمجار لە بەسرە دەرکەوت دوای سێ ساڵ ئەمیریەتی عەبدوڵڵای عامر، عەبدوڵڵاش دوای ئەبو موسای ئەشعەری هات ساڵی (29) کۆچی بەم شێوەیە (32) کۆچی لە بەسرەدا دەرکەوت، عەبدوڵڵای عامر لە رۆژی عەرەفە لە بەسرە دەریکرد.

ـ دەڵێن روی کردە کوفە لەوێ هێلکەی کردو بێچووی هەڵهێنا خەڵکی هاندا لەموعاوییە بێگومان ماوەیەك لە شام مایەوە بۆ ئەوەی حاڵی پیاوەکانی بزانێو لەوێ پیلانەکانی دابرێژرێو جارنامەکەی بڵاوکاتەوە، ئەگەر خشتەیەك دابنێن بۆ ئیبنو سەبەء لە دوا دوای (33) کۆچی بێلایەنەکەی ناساند لە شام.

ئەی خوێنەری بەرێز، چی دەڵێی کە زانیت ریوایەتە صەحیحەکان دەڵێن ئەبوزەر وتوێژەکەی لەگەڵ مەعاویەدا لە ساڵی (30) بەستووە گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە لە رەبزە لە ساڵی (31)ی کۆچی یان (32)ی کۆچی مردووە، مانای وایە ئیبنو سەبەو لەو کاتەدا دەرکەوتووە[1]، کە ئەبوزەڕ تێیدا مردووە ئیتر چۆن یەکتریان دیوە، چۆن ئیبنو سەبەء پێی گەشتووە؟ بە ڕاستی ئەبوزەڕ نە لە نزیكو نە لە دوور کاریگەر نەبووە بە رایەکانی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئی جولەکەوە، لە رەبزە مایەوە هەتا وەفاتی کرد، ئامادەی هیچ شتێکی رووداوەکانی ئاژاوەگێڕی نەبوو[2]، پاشان ئەبوزەڕ ئەو فەرمودانەی ریوایەت کردووە کە نەهی لە خەڵك دەکات بچنە ناو فیتنەوە[3]، ئیتر چۆن خۆی دەچێتە ناو فیتنەوە.

سێیەم: کۆچی دوایی ئەبوزەڕ، ئیمامی عوسمان خێزانو منداڵەکانی ئەبوزەڕی هێنایە ناو خێزانو منداڵەکانی خۆیەوە

لە غەزای تەبوکدا وترا بە پێغەمبەر ﷺ ئەبوزەڕ بەجێماوەو وشترەکەی تەمەڵە دوای خستووە، فەرمووی (وازی لێ بێنن ئەگەر خێری ئەوی تێدابێت ئەوا خودای گەورە دەیگەیەنێت پێتان، خۆ ئەگەر واش نەبێ ئەوا خودای گەورە رزگاری کردن لێی ئەبوزەڕ چاوەڕێی وشترەکەی بوو[4]، کاتێك زانی دوای خست کەلوپەلەکەی داگرتو خستیە سەر پشتی خۆی، پاشان کەوتە شوێن پێی پێغەمبەر ﷺ، بە پێی پێغەمبەر ﷺ لە مەنزڵێك لایداو یەکێ لە موسڵمانان ئەبوزەڕی بینی، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (لەخودا دەپاڕێمەوە ئەوە ئەبوزەڕ بێت)[5]، کاتێ خەڵکەکە لێی وردبوونەوە وتیان ئەی پێغەمبەر ﷺ وەڵاهی ئەوە ئەبوزەڕە، پێغەمبەر ﷺ فەرموی (خودا ڕەحم بکات بە ئەبوزەڕ، بە تەنیا رێ دەکات، بە تەنیاش دەمرێ هەر بە تەنیاش زیندوو دەبێتەوە)[6].

زەمان تێپەڕیو سەردەمی ئیمامی عوسمان هاتە پێشەوە ئەبوزەڕ لە رەبزە مایەوە کاتی سەرەمەرگی هات وەسیەتی کرد بە خێزانو غولامەکەی، ئەگەر مردم بشۆنو کفنم بکەن، پاشان هەڵمگرن ببەن لەسەر چەقی ئەو رێگایەدامنێن یەکەمین کاروان دای بەلاتاندا پێیان بڵێن ئەمە ئەبو زەڕە. کاتێ مرد وایان پێکرد چۆن وتبووی، کاروانی یەکەم دەرکەوت لێیان، بە ئەبوزەڕیان نەزانی خەریك بوو وڵاخەکانیان پێ بخاتە سەر دارەمەیتەکەی، ئیبنو مەسعود لەو پۆلەدا بوو، کە خەڵکی کوفە بوون، وتی: ئەمە کێیە؟ وتیان: جەنازەی ئەبوزەڕە، ئیبنو مەسعود هاواری کردو گریاو وتی: پێغەمبەر ﷺ ڕاستی فەرموو، فەرمووی (خودا ڕەحم بکات بە ئەبوزەڕ، بە تەنیا دەڕواتو بە تەنیا دەمرێو بەتەنیاش زیندوو دەبێتەوە)[7].

شۆردراو کفن کراو نوێژیان لەسەر کردو ناشتیان، کاتێ ویستیان بچن کچەکەی پێی وتن ئەبوزەڕ سەلامی لێ کردوونو سوێندی خواردووە ئێوە نەچن هەتا نان دەخۆن، ئەوانیش بەقسەیان کردن بارەکەیان برد هەتا گەشتنە مەککەو هەواڵی

---

[1] المدينة المنورة فجر الإسلام (225/2).
[2] أحداث الفتنة الاولى بين الصحابة في ضوء قواعد الجرح والتعديل، د. عبدالعزيز دخان، ص(174).
[3] المصدر نفسه.
[4] تلوم على بصير: تمهل.
[5] كت أباذر: لفظه لفظ الأمر ومعناه الاعاء: أرجوالله أن تكون اباذر.
[6] السير النبوية، لابن هشام (178/4).
[7] السير النبوية، لابن هشام (478/4).

مردنی ئەبوزەڕیان دا بە ئیمامی عوسمان، ئەویش کچەکەی هێنا بۆ ناوماڵو منداڵەکەی[1]، لەریوایەتێکدا هاتووە.. کاتێ ناشتویانەو گەشتنە مەککەو هەواڵەکەیان دا بە عوسمان، وتی: خودای گەورە ڕەحم بکات بە ئەبوزەڕ، لێشی خۆش بێت، کە چووە ڕەبزە بەزی، کاتی زانی دەرچوو ڕێگەی ڕەبزەی گرتە بەرو خێزانو منداڵەکانی برد بۆناو خێزانی خۆیو عوسمان بەرەو مەدینە گەڕایەوەو ئێمەش بەرەو عێراق[2].

[1] التمهيد والبيان في مقتل الشهيد عثمانن ص(87، 88).
[2] تاريخ الطبري (314/5).

بەشی شەشەم:

هۆکاری فیتنەی کوشتنی عوسمان

باسی یەکەم: گرنگیدان بەتاوتوێکردنی ڕووداوەکانی فیتنەی کوشتنی عوسمان و ئەو کارەساتانەی کە بە دواییداهات و حیکمەت لە هەوڵدانی پێغەمبەر ﷺ بۆ بەدواداچوونی

یەکەم: بایەخی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی کوشتنی عوسمان و ئەو کارەساتانەی هاتن بە دواییدا لە جەمەل و صەفین

جگە لەمانەش لە زۆربەی زۆری زانایان و پێشیناندا هاتووە، کە فەرمانیان کردووە بە زمانگرتن لە دەم وەردان لە وردەکارییەکانی ئەو شەڕانەی کەوتە نێوان هاوەڵان، حوکمەکەیان بەجێ بهێڵن بۆ خودای دادگەرو داناو وێرای ئەم هەڵوێستەش ڕازی بن لە هەردوولایان و بیروباوەڕی وابووە کە ئەوان موجتەهیدن و بە ئیزنی خودا هەردوولایان بەپاداشتن، کەواتە خۆتان بپارێزن لە توانج لێدان و کەوتنە وێزەیان و لێ خوێندنیان، چونکە سەردەکێشێ بۆ تەشەردان لە شەریعەتیش، خۆیان هەڵوێستیان ئەرێیی بووە، ئەم هەڵوێستەشیان بۆ ئێمە ڕەوا نەبینیوە، بۆ نموونە لە عومەری عەبدولعەزیزەوە ریوایەت کراوە، کە پرسیاری لێکرا دەربارەی شەڕکەرانی ئەهلی صەفین، وتی: (ئەوە خوێنێك بوو خودای گەورە دەستی منی لێ خاوێن کردووە، پێشم خۆش نییە زمانم هەڵژەنم پێیدا)[1]، پرسیار کرا لە یەکێکی تر لە پێشینان لەمبارەیەوە بەم ئایەتە وەڵامی دایەوەو وتی: (تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (البقرة: 134)، ئەم خۆ لێبواردن و نەهیکردنە بۆ تێنەکەوتن، لەبەر هۆیەکە، هۆیەکەش ئەو مەترسییەیە کە باسمان کرد کە تووشی توانج تێگرتن و لێی خوێندن و لێ هەڵتەکاندنیان نەبین، بکەوینە بەر خەشم و سزای خودا، خۆ ئەگەر ئەم ترس و عیللەتە لابەین، وا دیارە باسکردنی ئەم شەڕە گلەیی تیا نییەو لێکۆڵینەوەی قەیناکا، کەواتە گەر قسەو توێژینەوە بکەین، وردەکاری بکەین لەو ڕووداوەی کەوتە نێوانیان سەرناکێشێ بۆ توانج گرتن لە هیچ شێوەیەك، باسی ئەم ڕووداوە هیچ گازندەیەکی تێدا نییەو قوڵبوونەوە لە هۆکارو پاڵنەرەکانی و بە وردی تاوتوێ کردنی و دەرئەنجام و خواستەکانی لەسەر کۆمەڵگەی هاوەڵان کێشە نییە، پاشان لەسەر پاشینانی ئەوانیش، زانایان نوسراویان هەیە دەربارەی ئاژاوە بۆ نموونە ئیبن و کەسیرو تەبەری و جگە لەمانەش، لە بارەی ڕووداوی ئەو ماوەیەی کە تەڵخە لە مێژووی ئیسلامدا، بۆ زۆربەی ئەو کێشانەی کە پەیوەندیی هەیە، بەم ماوەیەوە چەندین بەشیان داناوە، هەیانە ڕۆشتووە تا سنووی تاوتوێکردنی یەکێ لەم دووبەرەیە، یان هەردولایان، بە پشتبەستن بەو دەق و ریوایەتانەی کە ڕاست و ناڕاست تێك ئاڵاوە[2]، لێرەدا چەند هۆکارێك هەیە، کە بانگهێشتی زانایانی ئەهلی سوننەو فێرخوازانی زانستەکەیان دەکات، کە خۆیان دابهێڵن بۆ قوڵایی فیتنەی بەو مەرجەی، کە بکۆڵنەوە لە هۆکارەکان و ڕابمێنن لە دەقی توێژینەوەو وردەکارییەکانی، ئەو هۆکارنەش ئەمانەن:

1ـ نوسراوەکانی ئەم سەردەمەی، کە لە بەرپابوونی فیتنەی نێوان هاوەڵان دەکۆڵنەوە دەکرێن بە سێ جۆرەوە:

أ ـ ئەو نووسراوانەی کە خوێنەرەکانی لەسەر چەشتەی هزری ڕۆژئاوایی پەروەردە دەکات، ئەم نوسراوانە کینەیان هەیە لە مێژووی ئیسلام یان شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەمێژووی ئیسلامدانییە، شتێکی جوانی تێدا نابینن، دەچن توانج و تەشەر لە هاوەڵان و تابیعین دەدەن بە شێوازێك ڕاژەی ئامانجەکانی دوژمنانی ئیسلامی دەکەن، داخ لە دڵەکانی دەحەوێنەوە، ئەوانەی هەستاون بە باسی ڕووداوەکانی ئەم ماوەیەو ڕاڤەی وایان کردووە، کە تەشەر بدرێت لە هەر هەموو هاوەڵان، دەستیان وەشاندووە لە ڕەگ و ریشاڵی ئیسلام، هەروەها ئەو ڕووداوانەیانە کردووە بە کێشمەکێشی سیاسیی و کردویانە بە هەڵپەی کورسی و مەنسەب و هاوەڵانیان داڕنیوە لە ئیمان و تەقواو ڕاستگۆیی، خستونیان بە باری دونیاویستی و عەشقی کورسی و هەلپەرستی و خوێن و ڕشتنی کەسیان بە خەیاڵدا نەهاتووە، گیان لە دەستدان و فەرهودکردنی سامانیان بە گرفت نەزانیوە هەرچی حەرامە حەڵاڵیان کردووە ئەمانەشیان لە پێناو بەدەستکەوتنی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتدابووە یەکێك لەو نووسەرانەی، کە بایەڵانی گرتوویەتی (تەها حسین) بووە لە کتێبی (**الفتنة الكبرى**)[3] بە ڕاستی ئەم کتێبە فیتنەی کوبرایە

---

[1] حلية الاولياء (114/9)، وعون المعبود (274/12).
[2] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، د. عبدالعزيز دخان، ص(79).
[3] انظر: الفتنة الكبرى، على ونبوه.

لەسەر ئەقڵی ڕۆڵە تازە پێگەیشتووەکانی موسڵمانان، تەها حسین چووە پڕوپاڵاتەی هەڵبەستووە بۆ هاوەڵانو دڕدۆنگی خستووەتە نیەتیان، بە تۆمەتی دەرخەزبازی تاوانباری کردون لەبەر خاتری ئامانجەکانی دوژمنانی ئیسلامو موسڵمانان[1]، زۆر کەسێك کاریگەربوو، بە ڕێبازەکەی دەرکەوتووە ئەمانەو هاوشێوەکانیان پشتیان بەستووە بەو ریوایەتە مێژووییانەی کە مێژوونووسان هێناویانە وەکو تەبەریو ئیبنو عەساکیر جگە لەئەمانە، بەڵام قەڵەوو لەڕیان هۆندووەتەوە راستو درۆیان تێکەڵاو کردووە بەبێ ڕەچاوکردنی سروشتی خودی مێژوونووسەکان، کە بە چ شێوەیە نوسراویان نووسیوەو هەستاون قسەکانی ئەوانیان نقڵ کردووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکی گەورەیە[2]، ئەم جۆرە نوسراوانە کاریگەرن بە هزری رافزیو ئەو کیتابە شیعەگەریە رافزییانەی کە مێژووی ئیسلامی پێ نووسراوە[3]، رافزییەکان دەستیان کردووە بە نالەباری و نیشتون بە پیساییەوە لە نوسراوە مێژووییەکانیاندا، کە بۆ مێژووی ئیسلامیان نووسیوە، هەروەك لە ریوایەتو هەواڵەکانی کەلبی[4] و ئەبی میخنەق[5] و نەصری کوڕی فراهمی مینقەریدا هاتووە[6]، ئیبنو حیبان دەڵێ: کەلبی سەبەئی یەکێك بووە لەوانەی کە دەیوت: (ئیبنو عەدی دەڵێ: ئەبو میخنەف شیعەیەکی موحتەریقە کوشندەیە[7]، خەڵکی کوفەیە ساڵی 157 کۆچی مردووە. کتێبی زۆرە وەکو (**الردة، الجمل، الصفين**) زەهەبی دەڵێ: (مزاهیمی مینقەری رافزییەکی سەر سەختە مەرەخەسی کەن)، لە ساڵی (212)ی کۆچی مردووە کتێبەکانی ئەمانەن (**وقعة صفين، الجمل، مقتل الحسين، ميزان الاعتدال**)، ئەوەی کە بە نووسراو هاتووە هەتا لای تەبەریش لە مێژوونامەکەیدان بەڵام تەبەری کاتێ باسی مێژووەکە دەکات دەیداتە پاڵ ئەم کەسانە، ئەهلی عیلمیش گەر وریا بێت گێڕانەوەی ئەو کەسانە دەناسێت، هەروەها لە کتێبەکانی مەسعودیەدا لە (**مروج الذهب**)دا، لە یەعقوبیەدا لە مێژووەکەیدا.. مامۆستا (**محی الدين الخطيب**) لە پەراوێزی (العواصم)دا ئاماژەی کردووە، کە نووسینەوەی مێژوو لە دوای دەوڵەتی ئەمەوی دەستی پیکردووەو دەستە شاراوەکانو کوتلەبازە نەگریسەکان لە ژێر پەردەی شیعەگەریدا رۆڵێکی زلیان هەبوو لە کوژاندنەوەی مەشخەڵەکانی چاکەو سەروەرییەکانی مێژووی ئیسلامی، وە لاپەڕە گرنگدارەکانیان رەش کردووە[8]، پوخڵ کردووە، هەرکەسێ کتێبی (العواصم من القواصم) بە سەرەنجەوە بخوێنێتەوە کە ئیبنولعەرەبی دیناوە ئەم فڕو فێڵەو تەڵەکەبازییەی بۆ دەردەکەوێ، (محب الدين الخطيب) پەراوێکی نایابی نووسیوە، تەماشاکەن شێخەکانی رافزی هەزاران لاپەڕەیان رەش کردووەتەوە بە جنێودانو لاقرتیکردن بە ئەفزەڵترین سەدەیەك کە مرۆڤایەتی ناسیبێتی، هەموو کاتو کۆششی خۆیان بە فیڕۆداوەبۆ ناشیرین کردنی مێژووی موسڵمانان[9]، ئەم باسو بانورە کە گاڵەی دەمی رافزییەکانەو دەمێنراوەو لەو کتێبە مێژووییانەدا هاتووە کە رافزییەکان نووسیویانە، یان بەشدارییان تیا کردووە، لە هەندێ هەواڵو دەست هەڵبەستیاندا دەبینرێ لە کتێبە حەدیسیەکانیاندا وەکو کافیو بیحارو ئەو باسانەش کە شێخە کۆنەکانیان نووسیویانە، وەکو (أحقاق الحق)و لە بواری فەرمودەشدا وەکو (کیتابی الغدير) ئەم مێژووە رەشە تاریکە بۆ گەنە ناقوڵایە بووەتە مەرجەع کە دوژمنانی ئیسلام لە رۆژهەڵاتناسو نەوەکانی تر نوسیویانە، ئەم گرۆپە لە لایەنی رۆحییەوە هەرەسیان هێنابوو، ئەو کەسەی وای دەزانی و وای پێ باشبوو کە رۆژئاوا پێشەنگی بێ، سەرمەشقی لە رۆژئاواییەکان وەردەگرت، هەرچی بە

---

[1] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(80).
[2] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(81).
[3] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(81).
[4] محمد بن السائب الكلبي، قال ابن حبان كان سبئيا من اولئك الذين يقولون: ان عليا لم يموت وانه راجع الى الدنيا، توفي نة (146) ه، ميزان الاعتدال (558/3) وابن ابي حاتم، الجرح والتقديل (270/7، 271).
[5] لوط بن يحى بن سعيد بن مضنف الازدى، من أهل الكوفة، قال ابن عدي: شيعى محترق صاحب أخبارهم توفي سنة (157)ه، له تصانيف كثيرة منها الردة، الحمل، صغين وغيرها.
[6] نصر بن مزاحم بن سيار المنقري الكوفي قال الذهبي: رافضى وتركوه، توفى نة (212)ه، ومن كتبه، وقعة صغيت، وهو مطبوع والجمل ومقتل الحسين، ميزان الاعتدال (253/4).
[7] اصول مذهب الشيعة الامامية، لناصر الغفاري (1457/3).
[8] المصدر نفسه (1458/3).
[9] اصول مذهب الشيعة الامامية (1458/3).

خامەی ڕۆژهەڵاتناسەکان نوسرایەوە وەری گرت و قوتی داو کردی بە سەرچاوەو کانیاوی خۆی و بیری ئەوانی هەڵچنی و گومانەکانی بڵاوکردنەوە لە وڵاتی موسڵماناندا، ئەمەش شوێنەوارێکی ترسناکی بەجێهێشت لە هزری موسڵمانان و ژیارەکەیاندا.

ڕەتکردنەوەی ئەم هەموو پۆخڵەواتە شتێکی پێویستە، لێکۆڵینەوەی ئاوێزان بوونی بیرو بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسەکان بە شیعەگەری، خۆی بۆ خۆی بابەتێکی هەندو جێگەی تێرامانەو پێویستی بە تاوتوێکردن و بەدواداچوون هەیەن دەرکەوتووە دوژمنە بێباوەڕکان سودیان لە گومان و دوودڵییەکانی ڕافزی و درۆو دەلەسەکانیان وەرگرتووە، کە دژی ئیسلام و موسڵمانان کردویانە لە زەمانی ئیمامی ئیبنو حەزمەوە (م ـ 456 ـ کۆچی)[1].

ب ـ کتێبە نوسراوەکانی زانایانی ئەم سەردەمەی ئوممەت، ئەمانە بە گشتیی بەکەڵکن، بەڵام شێوازی نمایشکردنی ڕووداوەکان و شرۆڤەکردنیان بۆ هەڵوێستی هەندێ لە هاوەڵان و تابیعین زۆریان بێویژدانی پێوەیە، بۆ نموونە ئەو نووسینانەی ئەبوعەلای مەودودی لە کتێبی (**الخلافة والملك**)، ئەو نوسراوانەی شێخ موحەممەد ئەبو زەهرە لە هەردوو کتێبی (**تأريخ الامم الاسلامية**)، (**الامام زيد بن على**) ئەم دوو کتێبە پڕ پڕن لە ڕەخنەو گازندە کردن لە پلەو پایەی هەندێ لە هاوەڵان و تەشەردان لە خەلیفەکانی بەنی ئومەیەو سوکایەتی پێکردن و داشۆرینیان، لە هەموو ڕەفتارێکی پەسەند یان کارێکی باش[2]، دیارە نموونەی ئەم زانایانە هەرگیز نەکۆڵیونەتەوە لە ریوایەتە مێژوویەکان، خلیسکاونەتە ناو ریوایەتە ڕافزییە شیعەکان و لە ئێمەشیان تێکداوە.

ج ـ نوسراوی ترمان هەیە، نووسەرەکانیان هەوڵیان داوە، کە ڕێبازی زانایانی زام و بیمار بگرنە بەر لە هەڵسەنگاندنی ریوایەتە مێژووییەکانداو بە ئاقاری فەرمودەی زانەکاندا باسی بکەن و لەسەر بنەماکانی ڕێبازی فەرمودەزانی نمایشی بکەن، لە ڕووی دەق و سەنەدەوە لە پێناوی ئەوەی ساغ و نەخۆش ڕاست و چەپەڵ لەیەك هەڵاوێر بکەن، لەم کتێبە نوسراوانەدا هەواڵێکی زۆر باش و زەحمەتێکی پێ زانراو هەیە بۆ وەستانەوەو بەرابەری ئەم پۆخڵەواتەو ڕووداوەکانی بە شرۆڤەیەکی ڕاستی لێکدەداتەوە کە بە جۆرێك بێت لەگەڵ فەزڵی هاوەڵاندا پێك هەڵپرژان نەکات و دژی ئیمان و جیهادیان نەبێت[3]، ئەو کتێبە نوسراوە زۆرباشانەش نوسراوەکانی یوسف العش لە (**تأريخ الدولة الاموية**) نوسراوەکانی **محب الدين الخطيب**، کە کردویەتی بە پەراوێزی (**العواصم من القواصم**)، کە هی ئەبوبەکری کوڕی ئەلعەرەبییە، نوسینەکەی (**صادق عرجون**) لە کیتبی (**عثمان بن عفان**) نوسینەکانی دکتۆر سلێمان بن حمد العود لە کتێبی (**عبدالله بن سبأ واثره في احداث الفتنة في صدر الاسلام**) نوسینەکانی محمد أمحزون لە کتێبی (**تحقيق موافق الصحابة في الفتنة**) نووسینەکانی عوسمان ئەلخەمیش لە کتێبی (**حقبة من التأريخ**) نووسینەکانی دکتۆر محمد حسن وڕاب لە کتێبی (**المدينة النبوية فجر الاسلام والعصر الراشدي**) لێکۆڵینەوەکانی محب الدين و پەراوێزە نیشان شکێنەکانی کە لەسەر کتێبی (**العواصم من القواصم والمنتقي**) کردویەتی، جگە لەمانەش ئەو کتێبو توێژینەوەو نامانەی کە لەسەر خودی ئەم ڕێبازە دەڕۆن، ئاشکرایە لەم ڕوونکردنەوە زۆر پێویستە چەندەها دانراوو نوسراوو کتێب بێنە ئاراوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم مێژوو کاول کەرو مێژوو ئاوەژووکەرانە بدرێتەوە کە مێژووی ئیسلام و پلەو پایەی هاوەڵانیان هەڵشێوتووە هەتا لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕووداوەکان نەکرێت و چۆمالْ نەکرێت و هەموو هەواڵ و ریوایەتەکان نەدرێن لە بێژەنگ و بە ترازووی زام و تیمار نەکێشرێن و ڕاستی و ناڕاستی لەیەك جودا نەکرێتەوە[4]، ڕاستییەکان دەرناکەون لە ئیبنو تەیمیەوە هاتووە دەڵێ: (ئەگەر بیدعەچییەك

---

[1] اصول مذهب التشيع (1459/3).
[2] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(81).
[3] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(81).
[4] المصدر نفسه، (83).

دەركەوت، بەشتی پڕوپوچ لەكەداری كردن، واتە هاوەڵانو تابعین ئەوە دەرگای بۆ مەكەنەوەو ڕێگەی بۆ ئاچوخ مەكەن، دەبێ باسی بەڵگەكان بكرێن بە شێوەیەكی دادوەرانەو زانستیانە بۆ پوچەڵكردنەوەی رایەكانیان[1].

ئیمامی زەهەبی لە مبارەیەوە مەزهەبێكی تری هەیە بانگەشەی ئەوە دەكات ئەو كتێبانەی كە درۆو شێواندی پلەو حورمەتی هاوەڵانی تێدایە بسوتێنرێت، دەڵێ: بڕیار وایە وازبهێنرێت لەو ڕووداوەی كەوتووەتە نێوان هاوەڵانو ئاگادارین كە براكوژییەكەیان لە پەڕاو نامیلكەكاندا بە بەردەوامی دەدرێت بە گوێماندا و دەیجونەوە، بەڵام زۆربەی زۆری گێڕانەوەكانی (بچڕبچڕ) و زەعیفەو هەندێكیشی درۆیە، ئەمەی لەبەردەستی ئێمەو زانایاندایە وا پێویست دەكات لولی كەین و بیشارینەوە، بەڵكو وا باشە بیدڕێنین و فرێی دەین بۆ ئەوەی دڵمان بێخەوش بێت و بەرامبەر هاوەڵانو خۆشەویستی و ڕەزامەندیمان هەڵقوڵێ بۆیان[2]، ئیمامی زەهەبی لە قسەكانیدا سودێكی مەزنمان پێدەگەیەنێ، كە بە ڕاشكاوی دەڵێ: زۆربەی ئەو نووسینانەی لەم بارەیەوە نوسراون لە كیتێب و نامیلكەو نووسراوەكاندا درۆو شایەتی ناهەق و دەستهەڵبەستە لەسەر ڕێزی هاوەڵان، هەرچەند زەهەبی پێشنیاری سوتانی ئەو كتێبانە دەكات، بەڵام ناپۆڕێ، چونكە ئەو كتێبانە بڵاوەیان كردووە، چەندین یانەی چاپ و پەخش چەندجارێ چاپیان كردووەتەوە، لە لایەن مەرام گڵاوەكانەوە، چارەسە نەماوە تەنیا دروستكردنی ناوەنیدێكی لێكۆڵینەوەو تاووتوێژ كردن نەبێت، تا هەرچی هەڵەو درۆو چەواشەكاری هەیە تێیدا روونی كەینەوە بۆ ئەوەی نەوەكانی موسڵمانان پارێزراو بن لە لادانی ڕەوشت و عەقیدە[3].

2ـ ئاوڕدانەوە لە باسی فیتنەی كوشتنی عوسمانو ئەو ڕووداوانەی نوساوە پێوەی بە ئاشكرا هۆكارەكانی فیتنەی راستەقینەمان بۆ دەردەخات، ئیتر ئەم هۆكارانە ناوخۆیی بن یان دەرەكی، لێكۆڵینەوەی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی زانینی كاریگەری ئەو پیلانانەی كە بۆنەتە هۆكاری بەرپابوونی ڕووداوەكان، ئا لێرەدا ئەوەندە هۆكار هەیە لەمباسەدا دەبێ پلەداری بكەین و ڕێكبخەین، هەركەسێ چمكی لەو نوسراوانەی خوێندبیتەوە كە لە بارەی ئەم فیتنەوە نووسراوە تێدەگات كەلەكۆمەكارییەكە زۆر گەورەبووەو ڕەنگ ڕێژی بۆ كراوەو ئاگرپەرستەكانو گاورو جولەكەكانو دووڕووەكان دەستیان كردووە بە یەكدا بۆ جێبەجێكردنی، ئەم كێشەگەلە كۆمەی دوژمنانی ئوممەتی ئیسلامە لە هەموو قۆناغەكانی مێژووی دوورودرێژدا[4]، خۆ ئەگەر فاكتەری لاوازی ناوخۆیی نەبوایە ئەم گەلەكۆمەكارییە سەركەوتنی بەدەست نەدەهێنا، ئەم بێ هێزییە ناوەكییە داڵدەی سەركەوتنی موئامەرەكەیدا، كەواتە ڕەوایە لە سەردەمی هاوەڵان بكولێنەوە بە تایبەت ئەم فیتنەیە، واجبێكە لە واجبەكان لە پێناو ناسینی هۆكارەكانی لاوازبوونی ئوممەتی ئیسلامیی و دیاریكردنی ئەو خاڵانەی، كە هەرەسی ئوممەتی تیا بەرجەستە دەبێت، بە هیوای ئەوەی ئایندەی ئوممەتی پێ تیمار بكەین و لە لەزمەكانی ژیان دوری خەینەوە[5] ئەو ڕووداوە گەورانەی هاتنەكایەوە لە فیتنەی كوشتنی ئیمامی عوسماندا و ئەو كارەساتانەی هات بە دوایدا پیویستی بە لیكۆڵینەوەیەكی قوڵ و لەسەرخۆ هەیە بۆ ئەوەی لە و چەردە مێژووییە وانەو پەند دەربهێنین و ئێستامانی پێ ڕۆشن بكەینەوە بۆ ئەوەی بیكەینە ڕێنمایی بۆ هەوڵە توندوتۆڵەكانمان بۆ گەڕانەوەی خەلافەتی راشیدین لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەر بێت)، هەتا مرۆڤایەتی

بە دینی خوداو شەرعەكەی بە ختەوەر ببین و لەبەدبەختیی و تەنگوچەڵەمەو زەلكاو بێنە دەرەوە، كە بە هۆی دووركەوتنەوەیان لە شەرعی خودا تێی كەوتوون.

دووەم: حیكمەتەكانی هەواڵی ڕوودانی ئەم ڕووداوە لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ

[1] منهاج السنة (192/3).
[2] سير اعلام النبلاء (92/10).
[3] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(84).
[4] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(83).
[5] المصدر نفسه ، ص(85).

پێغەمبەر ﷺ لە زۆر فەرمودەیەکیدا هەواڵی داوە کە ئەم ئوممەتە ناکۆکیو کوشتار دەکەوێتە نێوانیانو ئەو ڕووداوانەی هەژمار کردووە کە ئاماژە دەکەن بۆ ئەم ڕووداوانە بە گشتییو بە دوورودرێژیو هەموو جۆرەکانی ئامرازی هەواڵدانی لەمبارەیەوە بەکارهێناوەو لە باسکردنی هۆکارەکانی فیتنەدا، یاخود دەرئەنجامەکانی یاخود هەندێ لە کارەساتەکانیو لە هەلومەرجەکانی یاخود بۆ کێ هەڵدەگیرسێو شتی تریش، زۆربەی ئەم ڕوونکردنەوانە لە وەڵامی پرسیاری ئەو هاوەڵە بەڕێزانەدا دەدرایەوە، کە دەیانخستە بەردەمی، ئەوان دەست لەدەست بوونو ئەو نیعمەتەی گەورەیان دەچەشت کە خودای گەورە پێی بەخشیون، ئەویش نیعمەتی برایەتیو یەکڕیزیو یەکدەنگی بوو، هاوەڵان ئەرۆشتن پرسیاریان لەوە دەکرد ئەگەر ئەم نیعمەتە تیا بچێت یان کۆتایی ببێت چی بکەن، پێغەمبەریش ﷺ بە وەحی فێری دەکردن ئەم برایەتییە تاسەر نابێت، پێی باشبوو وا پەروەردەیان بکات، ئامادەی فیتنەو ناسۆرییان تێدا بێتو بەرگەی بگرن بۆ ئەوەی بە باشی هەڵسوکەوت بکەن گەر ڕۆژی لە ڕۆژان خودای تەقدیری کارێکی وای کرد فیتنەدا کەوێت، بۆ ئەوەی پەلەقاژە بکەن لە وەختی خۆیدا چارەسەری بکەن، لە ئەنجامیسەرنجدانی سەرجەم فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ، کە لە باسکردنی فیتنەدا هاتوون پەنجە بۆ ئەم حوکمانە رادەکێشت[1]:

1ـ پێغەمبەر ﷺ ئەم فیتنەو ڕووداوانە باس دەکات مەبەستی ئەوەیە ئوممەت لەو ڕیاییو ئامادەباشی پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی بە باش هەڵسوکەوت بکات، گەر ڕۆژێ ڕوودانی ئەم فیتنەیە هاتە پێش بۆ ئەوەی دەستوبرد بکات لە کاتی خۆیدا چارەسەری بکات.

2ـ لەم فەرمودانەدا ئاماژەکراوە بۆ ئەو کەسانەی هەڵی دەخرێنن ئەوانە لە گۆڕیەك بەرووکەش ئیماندارو قایمو قوڵن بەڵام عەقڵیان لایداوەو دڵیان چەرخاوە ئەوانە بە گشتی لە دۆخێکدان دەرك ناکەنو ناحاڵێن[2].

3ـ ئەم فیتنانە پەردە لەڕوو هەڵدەماڵێو دڵی ئیماندارانی دادەکوتێو ئیمانیان پێی زیاد دەکاتو هانان دەدات بۆ فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپەن ئەم فیتنانە جۆرێکن لە تاقیکردنەوە دەرونی پێ جێگر دەبێت ناخی پێ خاوێن دەکرێتەوەو تێکۆشانی دەخرێتە سەر لەو کاتانەدا خێر دەناسێتو فەرمانی پێ دەکەینو شەڕ دەناسینو دووری لێدەگرین[3].

4ـ ئەم هەواڵانەی لە بارەی ئەم فیتنەوە هاتووە لە ناوەڕۆکیدا سڵەمینەوەیەکی توندوتۆڵی هەڵگرتووە کە تێی نەکەوین یان بە هیچ شێوەیەك خۆمان لە قەرەی نەدەین، چونکە باوەڕدارانی ئەم ئوممەتە لە هاوەڵانو غەیری ئەمانەش کاتێ هەواڵێکی پێغەمبەر ﷺ دەبیستن تێ دەگەن کە هەیانە کوشتاری لەدەست دەردەچێتو هەشیانە وابەستەی دونیایەو هەیانە واز لە جیهاد دەهێنن بە هەمان شێوە بابەتی تریان هەیە لە ناخیاندا کۆمەڵێ هەست دەبزوا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم فیتنەیە هەریەکەیان دەیان وت بەڵکو من لێی دەربازبم هەڵوێستیان هاتە سەر ئەوەی ترسیان لێ نیشت درێژە بکێشێتو بکەونە ئەم قەیرانەوە بەبێ ئاگاییو نەزانی ـ ترس لە مبارەیەوە گەورەترین ڕێگای دەربازبوونە[4]، ئیبنو تەیمیە دەڵێ دوای ئەوەی کۆمەڵێ فەرمودەی مەرفوع هاتووە لەبەرپابوونی ئەم ناکۆکییەداو ئەم دووبەرەکییەدا لەناو ئوممەتی ئیسلامدا:

[1] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(68).
[2] الوحدة الاسلامية، لمحمد ابو زهرة، ص(137).
[3] المصدر نفسه، ص(136 - 137).
[4] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(69).

(ئەم چەمکە لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەبەر کراوەو بە چەند شێوەیەك باسکراوە هەموویان ئاماژە دەکەن بۆ ئەو دووبەرەکیو گەڕەلاوژێیەی، کە بەرپا دەبێت لە ناو ئوممەتی ئیسلامدا، بۆیە ئوممەتی لێ هۆشیار کردووەتەوە هەتا ئەو کەسانەی خودای گەورە حەزدەکا بە سەلامەتییان بۆ ئەوەی دەرباز بن)[1].

5ـ هەواڵ لە بارەی ئەم فیتنەوە بەوردی ڕێگای دەربازبوونی دەستنیشان کردووە مرۆڤ هەرچەند زۆر زۆر سڵ بکاتەوە لە مەترسییەك کە هەڕەشەی لێدەکات، گەر ئەم مەترسییەی بۆ دەستنیشان نەکرابێت یان چۆنیەتی بەرپابوونی بۆ ڕوون نەکرابێتەوە، ئەوە پێشبینی ئەو ڕێگایانە ناکات کە لێیەوە ڕوودەدات، سروشتی ئەو کێشەو قەیرانەی کە دێتە پێشیێ بۆ روون نابێتەوە، بەڵکو دەکەوێتە ئەو مەترسییەی کە لێی دەترسێ بەبێ ئەوەی مەبەستی کەوتنی هەبێتو هەست پێ بکات[2].

6ـ هەواڵەکانی ڕوودانی ئەم فیتنەیە لە هەندێ فەرمودەدا نزیك کراوەتەوە لەناوبردنی هۆکارەکانی یاخود ڕۆشنکردنەوەی دەرەنجامەکانی یان هەڵوێستی موسڵمان تێیدا، ئەمە سوودی بۆ موسڵمان هەیە، یان بۆ ئوممەت بە گشتیی لە ڕەچاوەکردنی هۆکارەکانی فیتنە یان بڕیاردان بەسەر ڕووداوێکی دیاریکراو لە ئەنجامی تێڕوانینی دەرەنجامەکانی یان وەرگرتنی هەڵوێستێکی دروست هەر لە سەرەتاوە.

7ـ پاشان ئەم هەواڵانە بەڵگەیەکی ئاشکرای تێیدا لەسەر ڕاستیو دروستی پەیامی پێغەمبەر ﷺو نێردراویەکەی، ئیمانی ئەو هاوەڵانەی پێ زیادبوو کە ئەم فەرموودانەیان بیستووە، پاشان واتای فەرمودەکانیان بە چاوی خۆیان بینی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دوای ماوەیەك، ئیمانی هەموو ئیماندارێکی پێ زیادبوو لە هەموو شارو سەردەمەکاندا، ڕووداوەکانی ئەو فیتنەو دووبەرەکییەی کە پێغەمبەر ﷺ هەواڵی بەرپابوونی دابوو بەرپابوو[3].

دکتۆر عەبدولعەزیز صەغیری فەرمودەکانی فیتنەی کۆکردووەتەوەو هەستاوە بە لێکۆلینەوەیو جیاکردنەوەی صەحیح لە زەعیف، لە کیتابەکەیدا (أحداث أحاديث فتنة الهرج)ن پاشان لە فەرمودە صەحیحەکان کۆمەڵێ مانای دەرهێناوە لە چەمکەکانی ئەم فەرمودانەدا وەکو:

1ـ فیتنەکەوتنەوە سونەتی خودایە، لەناو ئوممەتاندا، لەم ئومەتەشدا هەتا ڕۆژی قیامەت ئەو فیتنەیەش وەکو پارچە شەوێکی تاریكو ئەموستەچاو شەوەزەنگ هەر کەسێ دەستی تێ وەردا، لە دونیاو ئاخیرەتدا تیا دەچێ، هەرکەسێکیش دەستی لێ بگرێتەوە ڕزگار دەبێت لەوە ناچێت هیچ کەسێ هەڵوێستی باش بخاتە ڕوو، ئەو کەسانە نەبێت کە خودای گەورە بە زانست وشیاری کردبنەوە بە تەقوا توێشەبەرەی پێدابێت، بە ئیزنی خۆی ڕێنمایی کردبێت، بۆ ئەو حەقەی کە ناکۆن تێیداو وێڵ بووە لێیان[4].

2ـ لەم فەرمودانەوە ئەوە هاتووە کە فیتنەی کوشتارو شەڕکردن لە نێوان موسڵماناندا کارێکی واقیعییەو مەجالی تێدا نییەو ڕێگایەك نییە بۆ نکولی کردنیو بەنامۆ ناوبردنی.

بە ڕووداوەکانی نێوان هاوەڵانو تابعین دەستی پێ کردوو بەسەردەمو قۆناغەکانی ئیسلامدا تێپەڕیوە هەتا ئەمڕۆ، بەڵام پێویست وایە هۆکارەکانی ئەم کوشتارە بناسین بۆ ئەوەی تێوەنەگلێین یان هەوڵ بدەین، بۆ کوژاندنەوەی ئاگری فیتنەکە هەرکاتی لە شاری موسڵماناندا بڵاوەی کرد، نابێت موسڵمان هەڵوێستی دەست بگرە بە کڵاوی خۆتەوەی هەبێت.

[1] المصدر نفسه، ص(70).
[2] المصدر نفسه.
[3] المصدر نفسه.
[4] المصدر نفسه، ص(345).

3ـ ئەم فیتانەش رەحمی خودایە بۆ ئەم ئوممەتە کە هەر لە دونیادا لە گوناهەکانیان خۆش دەبێت، ئەو کوشتارو فیتنەیەی کە دەبارێتە گۆڕەپانی ژیانو ئەو بومەلەرزانەی کە دێتە پێش تەنیا بۆ وەرینی گوناهەکان دێتو بۆ پاکبوونەوەی موسڵمانە.

4ـ لە هەندێ لەم فەرمودانەدا ئاماژەیەکی ئاشکراو ڕاشکاو هەیە، زۆربەی ئەم فیتانە لە رووی رۆژهەڵاتەوە سەرهەڵدەدات هەروەك بە واقیعی بینیمان فیتنەی یەکەم لە کوفەوە ئەزنەکی داوە دەستی پێکردووە لە بەسرەوە، فیتنەی شەڕی جەمەل لەوێ روویدا.

5ـ لە هەڵگیرسانی فیتنەدا گرۆیەك دینیان دەفرۆشن، بە کالآیەکی بێ ئەرزشی دونیاو شەهەواتو شوبوهات دەبێتە حاکمیان وایان لێ دێت ئەهلی ئیسلامی راستیان لەلا نامۆ دەبێت لە هەڵسوکەوتو ئاکاریاندا، ئەوانەی دەستیان دەگرن بە دینیانەوە هەروەکو ئەوانەیان لێ دێت، کە پشکۆیان بە مشت هەڵگرتووە، یاخود دەکەونە سەر دڕكو داڵ، بەڵام خۆگرو چاولە پاداشتو بەرامبەر ئێشو ئازاری ئەو نارەحەتیانەی کە لە پێناوی دینەکەیان پێیان دەگاتو باوەڕیان وایە، کە راستە.

6ـ لە فیتنەدا خودای گەورە گرۆیەك لە خەڵکی دەپارێزێتو نالکێن بە فیتنەوەو دەستیان بە خوێنی موسڵمانان ڕەنگ ناکەنو هەوڵدەدەن ئاشتی بخەنە نێوانەوەو بانگەشەی خەڵك دەکەن، بۆ بنەما دروستەکانی ئیسلام لە برایەتیو بەزەیی خوازیی، بە بێگومان هەڵوێستیان ناوازەیە لە ناوەڕاستی ئاپۆرەیەکی کەفو کوڵاویو هەوەسبازییەکی بڕیاردەردا[1].

7ـ لە فیتنەدا زمان ڕۆڵێکی ترسناك دەگێڕێ کە لەشمشێر بەبڕشترە، بەڵکو زمان زۆربەی جار دەبێتە هەڵگیرسێنەری فیتنەو بەلا، زۆرجارێ وشەیەکی نەگریس کە لە دەم دەردەچێت ئاگرێك لە دڵدا دادەگیرسێنێتو هەستە کپبووەکانی دەرون هەڵدەکۆڵێننو هەڵدەچێنێتو سۆزەکان داغان دەکاتو دەبێتە هۆی فیتنەیەکی لابەلا[2].

8ـ لە فیتنەدا زانست کەمدەکات یان بە مردنی زانایان یان بە ماتبونیان یان بە گۆشەگیر یان بۆ ئەوەی بێوەی بمێنین یاخود بۆ ئەوەی خەڵك دەستیان لە کۆڵکەنەوەو بە بۆنەی هۆکارێکەوە، ئا لەوکاتەدا نەفامیەت دەبێتە فەرمانڕەواو خەلکی سەرۆکی نەفام و نەشارەزا دەدۆزنەوەو ئەوانیش بە نەزانی فتوایان بۆ دەدەن سەر لەخۆیانو ئەوانیش دەشێوێننو رووەبییزەکان واتە خەڵکی ئاست نزمو سەرسەری دەبنە گەورەی خەڵکیو گەمژەکان بەرز دەبنەوە بەسەر بڵندەکاندا[3].

9ـ ئالەم فەرمودانەدا هاتووە، کە خودای گەورە گرەنتی داوە بە پێغەمبەر ﷺ، کە ئەم ئوممەتە بە برسییەتیو گرانیو بێ بارانی نافەوتێنێ، دوژمن ناکات بە سەرەخۆریان، واتە بە هەمیشەییو هەتا هەتایی دوژمن زاڵ نابێت بەسەریاندا هەرچەند ئەو دوژمنە تواناو زەبرو زەنگی هەبێت، بەڵام ئەوکارەی کە خودای گەورە گفتی نەداوە بە پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە، کە ئوممەت دووبەرەکیو ناکۆکی تێ نەکەوێت، ئەمە ئەو دەرگایەیە کە دوژمنی دەرەکی لێیەوە دێتە ژوورەوە کەواتە ئەگەر ئوممەت دووبەرەکی کەوتە نێوانیانو هەندێکیان هەندێکیانی کوشتو ئامرازەکانی کارامەو هێزی تێدا لاوازبوو، مەرامەکانی دوژمن دەستی دا ئەوکاتە خێرو خۆشی بە خۆڕایی دەڕوات، کۆتایی نایەت هەتا نەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستەکردنی هێز بەیەکگرتنو کۆکردنەوەی گشت لایەك لەسەر یەکدەنگو حوکم بەشەرعی خودای گەورە نەکەن[4].

10ـ لە فەرمودەکاندا، کە دەڵێ: فیتنە بەرپا دەبێتو بەردەوام دەبێت ئەوەی لێ فام دەکرێت کە تاقمێکی لادەر، لە رێنماییەکانی ئیسلام دەردەکەونو ئەهلی باتڵ سەردەردەهێنێتو دادەچەسپێت.

---

[1] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(346، 347، 348).
[2] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(348).
[3] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(348).
[4] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(348).

11ـ لە فیتنەدا ڕەوشتی خەڵکی گۆڕانی بەسەردا دێت و ئاژوگوێز دەکات و خەڵکی بۆ کرداری چاکە زاهید دەبێت و لە پرۆژەی چاکەکاریدا کەم ویست دەبێت لە نێوان خەڵکدا دوژمنایەتی و قین و کینەبازی دەکەوێتەوەو چاکەو خراپە تێکەڵ دەبن.

12ـ لە فەرمودەکاندا هاتووە، کە پیش ئەم فیتنەیە ئاسایش و سەقامگیری و چاکسازی بارودۆخی خەڵکی لە ڕووی ماددی و ئۆقرە دەستەبەر دەبێت تەنانەت سوار لە عێراقەوە هەتا مەککە دەڕوات ئاوڕناداتەوە مەگەر ڕێگەی لێ تێك بچێت، ئەم حاڵەتەش لە سەردەمی عوسماندا هاتە دی، بە ڕاستی سەردەمی سەقامگیریی و ئاسایش و لێشاوی سامان و خێرات بوو، پاشان فیتنەی هەرج ڕوویدا بارودۆخەکەی ئاوەژو کردووە هەتا کار گەشتە ئەوەی باری ئاسایش بوو بە ترس.

13ـ لە فیتنەدا خەڵکی هەڵبژاردەو ئاقڵ و خاوەن ڕەئی دەکوژرێ و هەرچی و پەرچی دەمێنێتەوە نە چاك بە چاك دەزانن و نە خراپە بە خراپە دەزانن[1].

باسی دووەم: هۆکارەکانی فیتنەی کوشتنی ئیمامی عوسمان

ئیمامی زوهری دەڵێ: عوسمان دوانزە ساڵ ئەمیری ئیمانداران و فەرمانڕەوایان بوو، شەش ساڵی یەکەمی خەڵکی هیچ گلەییەکیان لێ نەبوو، لە ئیمامی عومەر زیاتر خۆشەویستی هەبوو بۆ قورەیش، چونکە ئیمامی عومەر توندوتۆڵ بوو بەرامبەریان، بەڵام ئیمامی عوسمان دڵنەرم بوو بۆیان و خزمایەتی دەکردن و سەرکێشی دەکردن، پاشان دوای ئەمە فیتنە بەرپابوو مێژوونووسە موسڵمانەکان ڕووداوەکانی شەشەمی دووەمی خەلافەتی عوسمان لە (30 ـ 35)ی کۆچی بە فیتنە ناو دەبەن، درێژەی کێشا هەتا شەهیدکردنی ئیمامی عوسمان[2]، موسڵمانان لە خەلافەتی ئەبوبەکرو عومەرو سەرەتای خەلافەتی عوسماندا کۆك بوون و هیچ ناکۆکییەك نەبوو لە نێوانیاندا، پاشان لە دوادوای خەلافەتی عوسماندا بەسەرهاتێك ڕوویدا، جۆرە تەفرەقەیەکی دروست کردو تاقمێك لە ئەهلی فیتنەو زوڵم تووشی ناکۆکی بوون[3]، کۆمەڵگەی ئیسلامی لە خەلافەتی صدیق و فاروق و نیوەی یەکەمی عوسماندا ئەم شەقلانەیان پێوە دیار بوو، وەکو:

1ـ بە شێوەیەکی گشتی ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی موسڵمان بوو، بە هەموو ماناکانی ئیسلامەتی و باوەڕبوون بە خوداو ڕۆژی دوایی زۆر قوڵ بوو، بە جدی و بە ڕۆشنی هەڵسوکەوتەکانی ئیسلامیان جێبەجێ دەکرد، بە ئاشکرا پەیوەستی بوون، کەمتر ڕێژەی گوناهـ بەدی دەکرێ لەناو ئەو کۆمەڵگەدا بە درێژایی مێژوو دینداری ژیانی خەڵکی بوو ئایین شتێکی پەراوێزخراو نەبوو، جار جارە بگەڕێنەوە سەری، بەڵکو ژیانی خەڵکی بەس دینداری بوو گیانیان لە دروشمێکی پەرستنندا قەتیسیان نەکردبوو، زۆر پەرۆشبوون لەسەر ڕویەکی صەحیح پیادەی بکەن، ئیسلام ببووە هەڵسوکەوت و ئەتواریان بووە جێگە بایەخ و ڕەخنەو ڕا و بەهاو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و گرێی خێزانی و کاسەو سێی دراوسێیەتی و کڕین و فرۆشتن و کۆچوبار کردنیان لە شانەکانی زەویداو کردبویانە کۆششیان لە دەستهاتی بژێویداو ئەمانەتی مامەڵەکردن و خەمخۆری بەهێزەکان بوو بۆ بێهێزەکان و فەرمان بە چاکەو ڕێگریی لە خراپەکردن و چاودێریی و مەزنەی حاکم و والییەکان بوو، ئەمانە مانای وا نییە کە هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە ئەم ڕەوشتانەی هەبوو بێت، بەڵکو لە ژیانی دونیادا هەرگیز بەرجەستە نابێ لە تاك بەتاکی کۆمەڵدا، لە هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیشدا، لە کۆمەڵگەی پێغەمبەردا ﷺ، وەکو لە قورئاندا باسی هاتووە دووڕووەکان بە ئاشکرا ئیسلامەتی خۆیان دەربڕیبوو، بەڵام لە ناخی دڵنیادا

[1] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(349، 350).
[2] مجموعة الفتاوى (30/13).
[3] طبقات ابن سعد (39/1، 47)، البداية والنهاية (7/144 ـ 149)، والخلفاء الراشدين للخالدي، ص(112).

دوژمنی بوون، وه ئیبمان لاوازەیشیان تێدابووەو گزیکارو ورگدڕاوو ترسنۆكو گلاوچی، بەلام ئەم تاقمانه هیچ قورساییه‌کان نییه له کۆمه‌لگه‌داوه هیچ توانایه‌کیان نه‌بوو ڕه‌وتی کۆمه‌لگه ئاسته‌نگ که‌ن، چونکه ته‌وژمی ڕاته‌کیوو ته‌وژمی ئیمانداره، ئیمانداره دروست‌و موجاهیده خۆبه‌ختکه‌رانی ڕێگه‌ی خودا بوو به مال‌و گیان‌و پابه‌ندی زانیارییه‌کانی ئیسلام بوون[1].

2ـ ئه‌و کۆمه‌لگه‌یه بوو به به‌رزترین واتای راسته‌قینه ئوممه‌تیان به‌رجه‌سته کردو بوونه نموونه‌ی هه‌ره‌به‌رزی ئوممه‌تی ئیسلام ئه‌و کۆمه‌لگه‌یه کۆمه‌لێ مرۆڤ نه‌بوون که یه‌ك زمانی‌و یه‌ك نیشتمانی‌و یه‌ك به‌رژه‌وه‌ندیی کۆی نه‌کردبونه‌وه، به‌لکو ئه‌م په‌یوه‌ندییانه په‌یوه‌ندی مرۆڤه‌کان بوون له سه‌رده‌می نه‌فامیدا، خۆ ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر ئه‌م په‌یوه‌ندییانه چوبان ده‌بونه کۆمه‌لگه‌یه‌کی جاهیلی، به‌لام ئوممه‌ت به واتا یه‌ك خوداناسییه‌که‌ی‌و یه‌ك په‌روه‌ردگارییه‌که‌ی ئه‌و ئوممه‌ته‌یه که گرێ کوێره‌ی نیوانیان عه‌قیده‌یه به‌بێ ئه‌وه‌ی گوێ بده‌نه زمان‌و ره‌گه‌زو ره‌نگ‌و نیشتمان‌و به‌رژه‌وه‌ندیی، ئه‌و په‌یوه‌ندییه ئیمانییه‌ی له ئوممه‌تی ئیسلامدا به‌دیهات له مێژووی هیچ گه‌لێکدا به‌دی نه‌هاتووه، ئوممه‌تی ئیسلامی ئه‌و ئوممه‌ته‌یه که له‌سه‌ر ده‌مارگیری نیشتمان‌و ڕه‌گه‌زو ڕه‌نگ‌و به‌رژه‌وه‌ندیی هاوبیییه‌یی‌و ئه‌مشتانه دانه‌مه‌زراوه، به‌لکو له‌سه‌ر گرێ به‌نده‌کانی عه‌قیده بنیات نراوه، په‌یوه‌ندیی خستبووه نێوان عه‌ره‌بی‌و حه‌به‌شی‌و رۆمی‌و فارسی، په‌یوه‌ندی خستبووه نێوان خه‌لکی شاره فه‌تحکراوه‌کان‌و خه‌لکه فاتیحه‌کان له‌سه‌ر بنه‌ڕه‌تی برایه‌تی کامل له دینداریدا، ئه‌و چه‌مکه‌ی ئوممه‌تی ئیسلام به‌رجه‌سته‌یان کرد درێژترین ته‌مه‌نی هه‌بوو له‌وه‌تی زه‌وی دروستکراوه، ماوه‌ی سه‌ره‌تای ئیسلام گولدارترین ماوه‌بوو رازاوه‌ترین ته‌مه‌ن بووه، که هه‌ر هه‌موو ماناو مه‌به‌سته‌کانی ئیسلامی تێدا به‌رجه‌سته بووه، به شێوه‌یه‌ك ئوممه‌تیان وێنا کرد له‌پێشدا نموونه‌ی نه‌بووه‌و ناشبێت.

3ـ کۆمه‌لگه‌یه‌کی ئه‌خلاقی بوو له‌سه‌ر رێسایه‌کی ئه‌خلاقی روون‌و درێژخایه‌ن راوه‌ستابوو له ژێر رکێفی فه‌رمان‌و ئاراسته‌یه‌کی په‌رستندایه ئه‌و رێسای ئه‌خلاقیی ئه‌و کۆمه‌لگه‌یه ته‌نها په‌یوه‌ندی ڕه‌گه‌زی نه‌ده‌خواست، به‌لکو له رووی ئه‌خلاقییه‌وه گه‌وره‌ترین شه‌قلی ئه‌م کۆمه‌لگه‌یه ئه‌وه‌بوو ده‌م رووت‌و سیخوڕی تێدا نه‌بوو تێکه‌لاویی بێسه‌روبه‌ری تێدا نه‌بوو خالی بوو له‌و شتانه‌ی که شه‌رم‌و شکۆ ده‌ڕوشێنن چ به کرده‌وه بێت یان به قسه یان به ئیشاره‌ت ، خالی بوو له داوێن پیسی تاکو ته‌را نه‌بێت، که به شێوه‌یه‌کی ره‌ها هیچ کۆمه‌لگه‌یه لێی بێبه‌ش نابێت، به‌لام رێسا ئه‌خلاقییه‌که زۆر له‌وه فراوانتربوو که له پیوه‌ندی دوو ڕه‌گه‌زدا قه‌تیس بکرێت، به‌لکو سیاسه‌ت‌و ئابووری‌و کۆمه‌لایه‌تی‌و هزرو گوزارشتی ده‌گرته ئه‌ستۆ، حوکمه‌که له‌سه‌ر ئه‌خلاقیاتی ئیسلام بنیات نرابوو، په‌یوه‌ندی نێوان تاکه‌کانی ئه‌و کۆمه‌لگه‌یه له‌سه راستگۆیی‌و ئه‌مانه‌تپارێزی‌و نیازپاکی‌و هاوکاری‌و خۆشه‌ویستی ده‌چوو به‌ڕێوه نه‌پاشمله نه توانج‌و نه دووزمانی‌و نه بووهتانکردنی ناموسی تێدا نه‌بوو[2].

4ـ کۆمه‌لگه‌یه‌کی جدیی بوو سه‌رقالی مه‌شخه‌له به‌رزه‌کان بوو نه‌ك کاره بێ بایه‌خ‌و بێ ئه‌رزشه‌کان، جدیبیش پێویستی به گرژی‌و مۆنی‌و زبری نییه، به‌لکو به گیانێکی هیممه‌ت به‌رزی‌و زیندووکردنه‌وه‌ی هیممه‌ت‌و هاندانی خه‌لك بووه له‌سه‌ر چالاکیی‌و بزوتن‌و کارکردن، گرنگیدانیان زۆر بلندترو وردتر بووه له‌و واقیعه هه‌ست پێکراوه‌ی که له‌به‌رچاویان بووه، نیشانه‌کانی کۆمه‌لگه‌ی ده‌ست به‌تال‌و ته‌وه‌زه‌لی تیا نه‌بووه، که له‌مال‌و رێگاوبانه‌کاندا پالی لێ بده‌نه‌وه یان به به‌لاش بگه‌ڕێن، وه‌ك ئه‌و که‌سانه‌ی کاتی خۆیانی پێ ده‌کوژن له تاوی بێکاری‌و فه‌راغ‌و به‌تالی[3].

5ـ کۆمه‌لگه‌یه‌ك بوو بۆ کارکردن توندوتۆل بوو له هه‌موو روویه‌که‌وه گیانی سه‌ربازیه‌تی به ئاشکرا ره‌نگیدابووه‌وه، ته‌نیا له‌شه‌ڕدا سه‌رباز نه‌بوون، به‌لکو له گشت بواره‌کاندا سه‌رباز بوون، ئه‌گه‌ر جیهاد بۆ ره‌زای خودا بهاتایه‌ته ئاراوه

---

[1] كيف نكتب التأريخ الاسلامي، ص(100).
[2] كيف نكتب التأريخ الاسلامي، ص(102).
[3] المصدر نفسه.

برِێكی زۆر گەورە لە ژیانی ئەم كۆمەڵگەیە بۆ تەرخان دەكرا، لە هەموو لایەنەكانەوەو تاكەكانی ئەم كۆمەڵگەیە قۆڵی كاركردنی هەڵماڵی بوو، بە تایبەت ئەو چركەساتەی داوای كاریان لێ بكرایە سەرەڕای ئەوەی پێویستیان بە مەشقی سەربازیو مەدەنی نەبوو خۆیان بە كاریگەری دەروونی خۆیان پڕپڕ دەبوون لە پاڵنەرەكان و چالاكیی خۆیان دەبەخشی لە گشت بوارێكدا[1].

6ـ كۆمەڵگەیەكی عیبادەت كاربوون رۆحی عیبادەت كردن بەروونی لە هەڵسوكەوتیاندا ڕەنگیداوبووەوە تەنیا لە جێبەجێكردنی فەرزەكانو سوننەتەكاندا كورتی هەڵنەهێنابوو، بەڵكو لە پیادەكردنی سەرجەم كارەكاندا بۆ ڕەزامەندی خودا دەجوڵانەوە، كاركردن لە هەستو بۆچونیاندا عیبادەت بوو بە گیانی عیبادەت كارییەوە جێبەجێیان دەكرد حاكمەكان سەرۆكاری گەلیان بە رۆحی عیبادەتەوە دەكرد ئەو مامۆستایەی كە قوتابی فێری قورئان دەكردو خەڵكی شارەزای دینداری دەكرد بە رۆحی عیبادەتەوە فێری دەكردن بازرگانەكان رەچاوی فەرمانەكانی خودایان دەكرد لە مامەڵەو كڕینو فرستندا بە رۆحی عیبادەتەوە دەیان كرد مێردەكان سەر بەرِستی ماڵەكانی خۆیان دەكردەوە وەكو عیبادەت، هاوسەرەكانیش چاوداشتی ماڵی مێردەكانیان دەكرد بە رۆحی عیبادەتەوە، ئەمانەش بۆ جێبەجێ كردنی تەوجیهاتەكانی پێغەمبەر ﷺ بوو، كە دەفەرموێ: هەمووتان شوانن‌و هەمووشتان بەرپرسیارن لەبەردەستان[2].

ئەمانە گرنگترین ئادگارەكانی سەرەدەمی صدیق‌و خولەفای راشیدین بوو سەیر بكەین هەتا لە سەردەمی پێغەمبەراتیەتی ﷺ نزیك دەبینەوە ئەم نیشانانە بەهێزو بتەون، هەتا لە سەردەمی پێغەمبەرایەتی بەرەو خوار بێین، ئەم نیشانانە لاواز دەبێت، ئەم ئادگارانە وایان كردبوو كۆمەڵگەیەكی موسڵمان‌و ساغ لە بەرزترین ئاسۆوە دیار بكەوێت، ئەم ماوەیە بە ماوەیەكی نموونەیی ناوەزەد دەكرێ، لە مێژووی ئیسلامیدا، هەر ئەمەش وای كرد ئەم دینە بە خێراییەكی سەرسوڕمان بڵاو بێتەوە بە گشت لایەكدا، بزووتنەوەی فەتحكردنەكانیش خێراترین بزووتنەوەی فەتح بووە لە مێژوودا بە چەشنێك بوو لە ماوەی پەنجا ساڵدا بوون بە خاوەنی زەوییەك هەر لە زەریای رۆژئاواوە هەتا هندی رۆژهەڵاتیان بە دەستەوەبوو، ئەمە دیارییەكە كە تۆرمارگەو قەوارەی تێدا بەرجەستە بوو، هەروەها خەڵكی بە لێشاو لە وڵاتە رزگاركراوەكانەوە بە بێ زەحت‌و زۆر، بە راستی ئەو خوڕەوشتانەی كۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەر بنیات نرابوو، شایانی ئەو روخسارە جوان‌و نموونە زیندووە بوو نزیكترین كەس لە ئیسلامەوە ئەوەیە كە وێنە سەرسوڕمان و درەوشاوە جێبەجێ بكات‌و پێی خۆش بێت هەمیشە ئیسلام لە گەردن‌و ئەستۆیدا بێت[3].

لێرِامانی ئەو ماوە مێژوویە پێویستە لە دەروونی لێكۆڵەردا سروشتێكی وا دروست بكات‌و ئاماژەنمای وا بەجێ بێڵێت كە ئیسلام دینێكی واقیعییەو قابیلی جێبەجێ كردنە، لە جیهانی وافیعدا بە هەموو نمونە باڵاكانییەوە، ئیسلام میسالییەتێك نییە، بە حەواوە هەڵبەسترابێت لەسەر ئەرزی واقیعدا جێبەجێ نەكرێت‌و تەنها بۆ هیواخوازی و ئاواتبردن دابەزی بێت، بەڵكو میسالییەكی واقیعییەو لە بواری بەرجەستەكردندایەو جێبەجێ دەكرێت، ئەگەر مرۆڤ بە گەرم‌و گوڕیو بە واجبی شانی بداتە بەر بە جوهدی خۆی حەقی خۆی بداتێ، پاشان سروشتێكی وا وەرگرێت ئەو چاكەیەی جارێ توانی بیكات یان ئەوەی مرۆڤێ توانی بیكات تۆش دەتوانی بیكەیت لە بەر ئەوەی مرۆڤەكان لە ئاستێكدا گشتیان مرۆڤن، هەمیشە مرۆڤ دەتوانێ هەوڵی سەركەوتن بدات، جار لەدوای جار خۆ ئەگەر لێ ببڕێن هەڵدەكشێن‌و سەركەوتن‌و لەنگەرگرتن بەدەست دێنن[4]، وەكو خودای گەورە دەفەرموێت: (وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) (النور: 55).

[1] المصدر نفسه.
[2] المصدر نفسه.
[3] كيف نكتب التأريخ الاسلامي، ص(103).
[4] المصدر نفسه (103، 304).

ئەو کاروبارانەی کە هاریکاری موسڵمانان دەکات بۆ گەڕانەوەی خەلافەتی راشیدین ناسینی ئەو فاکتەرانەیە زانینی ئەو هۆکارانەیە کە ببووە لەمپەری رووخان و لابردنی بۆ ئەوەی کار بکەین بۆ فڕێدانی دەست بگرین بەو هۆکارانەی کە خودا کردوویەتی بە پەیژەیەك بۆ ڕێزگرتنی ئەم ئوممەتە، لەم بۆنەیەوە دەمەوێ بە دوورودرێژی هۆکارەکانی بەناهەق کوشتنی ئیمامی عوسمان شی بکەمەوە، چونکە بایەخێکی ئەوتۆی هەی، گرنگترین هۆکارەکانیش ئەمانەن:

یەکەم: خۆشگوزەرانی و شوێنەوارەکانی لەناو کۆمەڵگادا

پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی خۆی دی، کە چەند ناسۆرییان چەشتووەو هەمیشە دەیانناڵاند بە دەست هەژاری و ئاستەنگەکانی ژیان و بێنەواییەوە، ئەویش رایدەهێنان و دڵی دەدانەوە، پاشان هەواڵی پێدان ئەم دۆخەی ئێوەی تێدایە درێژە ناکێشێ و گەنجینەکانی دونیا و، خێرو بێرەکەیتان بۆ دەکرێتەوە، ئاگاهیشی پێ دەدان، کە سەرقاڵی خۆشگوزەرانی نەبن، لە کردای چاکەو جیهاد دورتان نەخاتەوە، لەزەت و خۆشییەکانی دونیا کەمەندکێشتان نەکات بەرەو باوەشکردن بە رابواردن و مەتاعە ڕەوتەنییەکانیدا[1]، عومەری کوڕی خەتتاب لەم ئاگاداریانە باش حاڵی بوو بوو، سیاسیەتی وابوو بەربەستی دەکرد لە موسڵمانان نەکەونە لەزەمەکانی فیتنەی ماڵ و دارایی و باق و بریقەکانی دونیا، زۆر هەوڵی دەدا بۆ ڕێگرتن لە موسڵمانان کە لە وڵاتانی ئەملاولادا پرش و بڵاو نەبنەوە، ئەگەر بەرژەوەندییەکی ئەوتۆ نەهاتایەتە پێشیان ڕێگەی نەئەدان بڵاوە بکەن بەملاولادا، مەگەر پێویستی یەخەی بگرتایە، بەڵام هەرگیز ڕێگەی گەورە هاوەڵان و موهاجیرین و ئەنسارەکانی دانیشتوانی مەدینەی نەئەدا بە هیچ سەبارەتێك مۆڵەتی نەئەدان[2]، بێگومان ئەوکارەی عومەر پەسەندی کردبوو بەڵگەیە لەسەر هەست و دەرکی ئیمامی عومەرو ترسانی، لە بڵاوبوونەوەی موسڵمانان لە شارێکدا کە هەموو جۆرە خێرو خۆشگوزەرانییەکی تیا دەستەبەر بوبێت و بە هەموو رەنگێ رازابێتەوە ئەوکاتە دونیا خۆی بکێشێ بەسەر دڵیانداو قیامەتیان بۆگەن بکات[3]، پاشان سەردەمی عوسمان هاتە کایەوەو فتوحات بە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا پەرەی سەندو ماڵ و دارایی قەتارەی بەست بۆ بەیتولمال لە دەستکەوت و بەخششی خودایی و دەستی خەڵکی پڕبوو لە خێرات و ئەزراق[4]، ڕون و ئاشکرایە نازو نیعمەت و خێران و داهاتی فتوحاتەکان شوێنەواری دەرکەوت لەسەر ژیانی کۆمەڵگەو مۆرکی خۆی چەسپاند هەرکاتێکیش خۆشگوزەرانیی و هەرزانی و هاوماناکانی خەڵکی سەرقاڵی دونیا کردو گیرۆدەیان دەکات و سواری سەریان دەبێت، هەروەها دەبێتە کەرەسەی مونافەسەو کینەبازی بەتایبەت لە نێوان ئەوانەی کە ئیمامن لە دڵنیاندا رەگی دانەکوتاوەو تەقوا نەتواوەتەوە لە ناخیاندا وەکو ئەعرابە دەشتەکییەکان و کەللە رەقەکان، موسڵمانەکان وڵاتانیان رزگارکردو نەوەی ئەو گەلانەی، کە بەناز پەروەردە کرابوون و خۆشگوزەران بوون و هاتوونەتە ناو بازنەی ئیسلام و تەمەنێکی دوورودرێژیان لە باق و بریقی دونیاو تریفەکانیدا بەسەر بردووەوە ئاڵوواڵی دونیایان چەشتووەو کردوویانەتە مەبەست و هیوای خۆیان و کێ بڕکێیان لەسەر کردووە، عوسمان دەرکی بەم دیاریدەیە کردو ئاگایی بڵاوکردەوە، کە سەرەنجامی کاری ئەم ئوممەتە بەم زووانە دەگۆڕێ و دیواودیو دەبێت، لەو نامانەدا ئاگاداری کردنەوەکە، کە ئاڕاستەی جەماوەرەی دەکرد، دەیوت: کاری ئەم ئوممەتە بەرەو تازەبابەتی و بیدعەکاری دەڕوات ئەگەر سێ شتتان تێدا کۆبوویەوە، خۆشگوزەرانی و نیعمەت زۆری، پێگەیشتنی منداڵانی کەنیزەکەکان (سبایا) خوێندنەوەی قورئان لە لایەن ئەعرابی و عەجەمەکانەوە[5]، لە بارەی خۆشگوزەرانی و نیعمەتی زۆرییەوە حەسەنی بەسری ـ کە خۆی بە چارەسەر بینیویەتی ـ باسی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەو لێشاوی خێرات و کەڵەکەبوونی سامان و ناشکوری خەڵك و ئەو بارودۆخەی، کە خەڵکی سازیان دابوو دەڵێت: گەشتوم بە خزمەتی عوسمان ئەوکاتەی نەکەوتبووە ناو فیتنەوە کەم ڕۆژی

---

[1] أحداث وأحاديث فتنة الهرج، ص(559).

[2] المصدر نفسه، ص(565).

[3] المصدر نفسه.

[4] المصدر نفسه.

[5] تاريخ الطبري (245/5).

هەیە بەسەر موسڵمانانندا تێپەڕی بێت‌و موسڵمانان خێرو دەستکەوتیان کۆنەکردبێت‌و دابەش نەکردبێت، ئیمامی عوسمان پێی دەوتن ئەی گرۆی موسڵمانان وەرن بۆ خەڵاتەکانتان‌و بە ئارەزوی خۆتان لێی هەڵگرن‌بە لێشاو، پاشان پێی دەوتن وەرن بۆ رۆن‌و بۆ هەنگوین بەخشیش‌و پێداویستی بەردەوامەو هەیە، خۆراك هەڵدراوەتەوە دوژمن پەرژین کراوە کامەرانی کەوتووەتە بەردەستمان و خێرات زۆرە..

ئەو دەمە شمشێر لەسەر ئەهلی ئیسلام خرابووە کێلانەوە، لە لایەن دوژمنەوە، بەڵام خۆیان هەڵیان کێشابوو بۆ گیانی خۆیان، وەڵڵاهی خەڵکی هەتا ئەمڕۆش هەڵیان کێشاوە، سوێند بەخودا من دەزانم ئەو شمشێرە خۆشگوزەرانییە هەتا رۆژی قیامەت هەر لەکاردایەو هەڵکێشراوە[1]، بەڵام باڵغبوونی منداڵانی موسڵمانان لە کەنیزەکەکان ئەمانە دەستیان دایە رابواردن‌و توڕەیی‌و کارەکانیان لە هەرزەییدا وێنا دەکرد، یەکەمین خراپەیەك کە لە مەدینەدا بەدیارکەوت کاتی دونیا ڕژابوو بەسەریانداو خەڵکی گەشتبووە ئەو سەری کامەرانی ژیانی بریتی بوو لە کۆتربازی‌و نیشانە شکاندن‌و تیربازی[2]، عوسمانیش پیاوێکی تیرەی (لەیپی) کردە سەرپەرشتیاریان لە ساڵی هەشتەمی خەلافەتیدا[3] و کەوانی تیرهاویشتەکانی شکاندو ڕاوی نان‌و گومی کردن[4]، پاشان لەناو خەڵکدا ئاوی ترێ‌و مێوژگرتن نەشونمای کرد عوسمان پیاوێکی بەعاسایەکەوە ناردە سەریان‌و کردی بە چاودێریان بۆ ئەوەی رێگرییان بکات، کاتێ ئەم گوشینە بروزی کرد، ئیمامی عوسمان سکالای کرد لە لای دەوروبەرەکەی، ئەوانیش کۆبوونەوە لەسەر جەڵد لێدانی ئەوانەی کاری گوشین دەکەن، چەند کەسێکی لێ گرتن‌و جەڵدی لێدان، پاشان ئیمامی عوسمان کەسی لەوانە نەدەگرت کە شەڕێك دەکەن یان چەك دەردەخەن لەناو مەدینەدا ئیللا نەفی دەکردن، لە شاری مەدینە باوکی ئەم لاوانە کردیان بە هەراو هوریا[5] و ئیمامی عوسمان لە مەدینە هەستاو وتی: (خەڵکی لە بارەی ئەوانەوە قسەی هەڵیت‌و پەڵیتیان پێ ڕاگەیاندوم ئایا دەزانن من دەرونی خۆم جڵەوگیر کردووە بە لەقاوێ لە قاوم کردووە باشبزانن بەلابردنی جڵەوەکە دەرونم جۆش دەدرێت‌و بە قایمکردنی دائەسەکنێ[6] لە ئێمەوە هەتا ئێوە وەکو دووسەری گوریسەك وایە هەر کەسێ شوێن من بکەوێ ئەیگەیەنمەوە ئەو کارەی کە دروستەو چاکە، هەر کەسێکیش شوێنم نەکەوێ خۆی بە هەڵدێردا دەبات، ئایا دەزانن هەموو کەسێك لە رۆژی قیامەتدا شۆفێرێك‌و شاهیدێکی لەگەڵدایە شۆفێرەکە بەفەرمانی خودای گەورە لێی دەخوڕێ‌و شاهیدەکەیش شایەتی کردارەکانی دەدات، هەکەسێ بە تەمای خودایە مزگێنی لێ بێت، هەر کەسێکیش چاوی لە دونیایە ئەوە زیانبارە)[7].

بەم شێوەیە عوسمان ئەو کەڵەپیاوە خودا ناسەبوو ئەو خەلیفە راشیدەبوو، کە بە واجبی خۆی هەستاو لێپێچینەوەکانیش سەرکۆنە کردنی کوڕە دەوڵەمەندەکان بوو ئەو کوڕانەی کە دەستیان دابووە جۆرە ژیانێکی بێ هودەیی‌و رەوشت سستی، ئەم لاڕێ بوانە خۆیان دابووە پاڵ هەرچی‌و پەرچی‌و ناحاڵییەکان هەروەها بە نیسبەت خوێندنەوەی قورئان لە لایەن عەرەبە دەشتەکییەکان‌و عەجەمەکانەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا چینێك لەناو کۆمەڵگەی موسڵمانانندا دروست بوو بە دیارکەوتن، قورئانیان دەخوێندو حەزیان لە پاداشتی نەبوو، بە تەمای پاداشت نەبوون، بەڵکو حەزیان لە پێچەوانەی ئەو کارانەبوو، کە خەلیفە پێی خۆشبوو تەشخیسی دەکردن[8]، پێویستە تێبینی ئەوە بکەین ئەم گۆڕانکارییانەی کە تەرزەکەی دەرکەوت یەکەمجار لە دەوروبەری دەوڵەتی ئیسلامی بوو، پاشان دەمی کێشاو بە سکە خشە خۆی کرد بە پایتەختی وڵاتی

[1] البداية والنهاية (334/7).
[2] قوس البذق الذمي يرمى به.
[3] أى في السنة الشافية من خلافته.
[4] تاريخ الطبري (415/5).
[5] المصدر نفسه (415/5).
[6] أي من الكبع، وهو: المنع.
[7] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (361/1).
[8] الوثائق السياسية في العهد والخلافة الراشدة، ص(392).

ئیسلامدا، هەر ئەمەش بو وای کرد لە ئیمامی عوسمان لە وتارەکانیدا بیری موسڵمانان بخاتەوە کە زۆر پێویستە وریابن لەبەر خاتری دونیاو پوش‌و پەلاشەکانی خۆیان لەبەین نەبەن، لە یەکێ لە وتارەکانیدا ئەمەی وتووە: (خودای گەورە بۆیە دونیای داوە بە ئێوە بۆ ئەوەی قیامەتی پێ بخوازن بۆ ئەوەی نەیداوە پێتان پاڵی پێوە بدەن‌و لە ئامێزی بگرن دونیا تیادەچێت قیامەت هەتا هەتاییە، ئەم دونیا ونبووە فریوتان نەدات‌و لە دونیای هەمیشەیی مەشعوڵتان نەکات وریابن با خودای گەورە غیرەتی نەجۆشێ پابەندی کۆمەڵێ موسڵمانان بن‌و خۆتان مەکەن بە چەند حزبێکەوە)[1]، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: (وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) (ئاڵ عمران: 103).

لە بارودۆخێکی ئاوەهادا کە خێروخۆشی هەڵڕژابێت دونیا ڕەهیلەی کردبێت بەسەر موسڵماناندا‌و لە دوای رزگارکردنی هەرێمەکان دەستیان بەتاڵ بووبێت‌و ئەرخەیان بن لە ماڵ‌و ژیانیان‌و هەستان دەستیانکرد بە ڕەخنەگرتن‌و توانجدان لە خەلیفە[2]، لێرەدا زانیمان خۆشگوزەرانی‌و رەفاهیەت چ ڕۆڵێکی هەبوو لە خێزەدانی فیتنەدا، دووبارە لیرەدا ئێستا باش تێدەگەین لەو وتەیەی عوسمان، کە وتی بە عەبدورڕەحمانی کوڕی رەبیعە کە لە دەروازەی شاری (باب) بوو[3]، وتی: (گەلی باب زۆر مرِ هەڵاتوون‌و ورگیان کەندووەتەوە لێیان بگرەوە، بەڵام موسڵمانان کزۆڵ مەکە، چونکە من دەترسم تووشی بەڵاو ناڕەحەتی بێن)[4]، دواهەمین وتاری عوسمان کە ئامۆژگاری موسڵمانانی کرد دوای ئەوەی‌دەرگای دونیا کرابوو بەڕوویاندا وتی: (ئاگاداربن دونیای لەناوچوو فریوتان نەدات‌و لە دونیای هەمیشەیی مەشغوڵتان نەکات.. خۆتان بپارێزن لە گورانە تازەبابەتەکانی ئەم سەردەمە پابەندی گرۆی موسڵمانان بن‌و دەستە دەستەو حزب حزب لەیەك دامەبڕێن)[5].

دووەم: سروشتی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا هاتە کایەوە

کۆمەڵێ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی قوڵ روویداو بە چەشنێك بوو ئەوەندە بەهێزو گورج‌و گۆڵ بوو کە زۆربەی خەڵکی تێبییان نەدەکرد تەنانەت بەم شێوە توندوتیژە تەقییەوەو لە نیوەی دووەمی خەلافەتی عوسماندا دەرکەوت ترۆپکی هەڵقوڵانەکەی گەشتە ئەوەی هەڵگەرانەوە لە ئیمامی عوسمان‌و شەهیدیان کرد[6]، کاتێ دەوڵەتی ئیسلامیی تەشەنەی کرد بە بۆنەی رایەڵەی بزووتنەوەی فەتح کردنەوە گۆڕانی پێکهاتەیی کۆمەڵگە هاتە ناوەوەو تاڵی تر کەوتنە نێو کۆمەڵگەی پڕخێری موسڵمانان، چونکە ئەم خەلافەتە لە ڕووی ڕوبەرو مرۆڤەوە پەرەی‌سەندو لەسەر پارچە زەوی‌ئەم خەلافەتە فراوانە چەندین رەگەزو ڕەنگ‌و زمان کەڵچەرو نەریت‌و ئاکارو ئەفکارو عەقیدەو هونەری‌ئەدەبی‌و بیناسازی‌و ئاگاداریی تر بوونە میراتگری، لەسەر تەختایی ئەم پارچە چنراوە ڕەنگی بڕسکاو پچڕ پچڕی خوارو خێچ دەرکەوتبوو ببوە قوماشێکی ناڕێکو نەلواو وای لێهاتبوو ببوە کۆمەڵگەیەکی نارەگەزو پێکەوە نەشیاو لە پێکهاتەی تەنینەکەیدا بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا لەبەر پێگەو گرنگییان، لەم شارانەوە سوپای رزگارکردن بە رێ دەخران‌و دەچوون‌و دەگەڕانەوە بە ژمارەیەکی کەمترەوە، چونکە لێیان مردبوو لێشیان کوژرابوون لە باتی ئەمانەدا یان لەمان زۆرتر خەڵکێکی زۆر لە گەنج‌و کوڕانی ناوچە رزگارکراوەکانەوە دەهاتن بۆ شارە گەورەکان وەکو فارس‌و تورك‌و رۆم‌و قیبتی‌و کوردو بەربەر، زۆربەی ئەوانە هاتن فارس‌و گاوری عەرەب غەیرەی ئەمانە بوو[7]، وەکو جولەکەکان، زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە گەورانە ئەوانەبوون کە بەشدارییان کرد لە بزووتنەوەی فتوحاتی ئیسلامیدا، پاشان لەم شارانەدا نیشتەجێ بوون، زۆربەی زۆری ئەم کەسانەش لە تیرە عەرەبییەکان بوون لە باکوورو باشوورەوە ئەمانە لە داب‌و نەریتی هاوەڵانیان نەدەزانی بەواتایەکی‌وردتر، ئەمانە لە

---

[1] أحداث و احاديث فتنة الهرج، ص(567).
[2] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (362/1).
[3] المقصود بالباب منطقة في جات أذربيجان تسمى الدر البند، معجم البلدان (303/1).
[4] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (362/1).
[5] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (362/1).
[6] الدولة الأموية المفترى عليها، ص(166).
[7] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(379).

سەردەستی پێغەمبەر ﷺو جیلی یەکەمی هاوەڵان پەروەردەی پێویستیان وەرنەگرتبوو، باش گۆش نەدرابوون بە هۆی سەرقاڵییان بە فتوحاتەوە یان بە هۆی کەمبوونەوەی هاوەڵانەوە، بۆیە گۆڕانکاریی لە چنراوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو کۆمەڵگەیەدا هاتە کایەوە، کە لە جیلی یەکەم پێشینانو دانیشتوانی وڵاتە رزگارکراوەکانو ئەعرابەکانو گاورو جوولەکەکانەوە پێکهاتبوون عەرەبە دەشتەکییەکان بەر لە گشتی هەڵگەڕانەوەو لە ڕووی چنراوی سەقافی ئەو کۆمەڵگەیەوە گۆڕانکاری تێ کەوتو لە بواری ڕاخستنی ژیانو بژێوی کۆمەڵگەوە لە ڕووی دەرکەوتنی جۆرێکی تازە لە لادان و لە قبوڵ کردنی پڕوپاڵاتنەوە گۆڕانکاری ڕوویدا[1].

1ـ ئەو گۆڕانانەی کەوتە چنراوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە

أ ـ ئەم چنراوە کۆمەلایەتییە لە کۆمەڵێ کەرتی جیا جیا پێکهاتبوو، کەرتی پێشینان، کە لە هاوەڵانو ئەو کەسانە پێکهاتبوو کە چاودێری هاوەڵان بووبوو بە خەڵاتیانو شەرەفی ئەوانیان بەرکەوتبوو، بەڵام ئەم کەرتە وردە وردە کەمیان کردو وشکاویان هات، بە هۆی مردنو شەهیدبوونەوە لە گۆڕەپانی فتوحاتەکاندا، یان بە هۆی پرشو بڵاوبوونیان لە شارەکاندا ئەمانە وای کردبوو کەمێکیان مابوونەوەو نیشتەجێبوون لە شارە رزگارکراوەکانداو لە شارە گەورەکانی وەکو بەسرەو کوفەو شامو میسرو ئەمانەدا بڵاوەیان کردبوو، هەندێکیشیان لە نیوەدورگەی عەرەبیدا دەرچوبوون، پاشان جارێکی تر گەڕانەوە ناوی[2].

ب ـ دانیشتوانی ناوچە ڕزگارکراوەکان ئەمانە زۆرینەی ئەو کۆمەڵگەیانە پێکدەهێنا لە چاو ئەوانەی کە پێشتر موسڵمانان بووبوون، ئەمەش بە هۆی بزووتنەوەی فەتح کردنەوە، کۆمەڵگەی ئیسلامیی پێشینەکانی بوو بە کەمایەتی هەرچەندە رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەبەڕێوەبردنی وڵاتداو کاریگەری ئاکارو رەوشتو هزرو زمانەویان هەبوو لەگەڵ ئەم تەئسیراتانەدا بە کەمینە گوزارشت دەکران، ئەم کەرتە واتە کەرتی دانیشتوانی ناوچە رزگارکراوەکان، لە نیشتەجێبووندا کەمتەرخەم بوون، گەڕۆك بوون، بەتایبەت لە دەڤەری خۆیاندا ئۆقرەیان نەدەگرت، سەرەڕای ئەمەش هەندێکیان لە شارەکانی خەلافەتی ئیسلامی، ئازو گوێزیان دەکردو هەندێکی تریان لە شارە گەورەکانی خەلافەت یان لە پایتەختی دەوڵەت نیشتەجێ دەبوون، بە شێوەی کەنیزەو کۆیلە لە خزمەتی میرەکانیاندا بوون یان بە شێوەی ئالوێری بازرگانیو مەعاریفیو ئیدارییو هیچ یاسایەکیش نەبوو رێگرییان بکات، لەم ئەمسەرو سەرە، ئەگەر هاندەران کۆمەك نەکرابن ئەو عەجەمانەی کە لە شارە رزگارکراوەکانەوە هاتبوون خێراترین کەس بوون بۆ فیتنەنانەوە[3]، چونکە زۆرینەی عەجەمەکان لەگەڵ داخ لە دڵەکان میللەتە داخ لەدڵەکان بوو،، جا ئەمانە زۆر گورج بوون بۆ فیتنە هەڵگیرساندن لەسەر زۆر هۆکارێك، وەکو:

ـ نەفامییەتیان، زۆربەیان تازە بەتازە لە کافریەتی وازیان هێنابوو، ئەو مولْكو دەسەڵاتدارییەی کە هەیانبوو ئەو عیزەتەی هەیانبوو لێیان سەنرابووەو رفێنرابوو لەبەردەستیان.

ـ زۆربەکەمی شارەزاییان هەبوو لە دیندا بە هۆی عەجەمیەتیو شتی ترەوە.

ـ دەمارگیریو ڕقبوونەوە لە عەرەب.

ـ چەندین تاقمیان هەبوو بەبەهانە هاتبوونە ناو ئیسلام لە ترسی شمشێرو سەرانەدان، لەناوەڕۆکیاندا تەڵەکەو شەڕیان هەڵگرتبوو بەرامبەر ئیسلامو موسڵمانان سا بۆیە زۆر بەخێرایی خۆیان دەکوتا بۆ هەموو فیتنەیەك.

[1] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(380).
[2] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(380).
[3] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(380).

ـ تەماحی هەوەسبازەکان لەم جۆرە کەسانەدا، چونکە ئەم گرێیانەیان تێدابوو، دنەی دەدانو ڕێگەیان بۆ خۆشدەکردن[1].

ج ـ کەرتی سێیەم عەرەبە دەشتەکییەکان بوو، ئەمانە بە دانیشتوانی بیابانەکان ناسراو بوون، ئەمانەش وەکو باقی مەنەی خەڵك وابوون، موسڵمانانی خودا ناسییان تێدابوو وە کافرو مونافیقیشیان تێدابوو، ئەو دەردەیان هەبوو، وەکو خودای گەورە دەفەرموێت: (الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْراً وَنِفَاقاً وَأَجْدَرُ أَلاَّ يَعْلَمُواْ حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى رَسُولِهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (التوبە: 97). ئەمەش لەبەر ئەوەیە رەقترین دڵو گرژترین سروشتو وشکترین قسەیان هەبوو، لەبەر ئەم رەوشتانە شایەنی ئەوەبوون، کە سنوورەکانی قورئان نەزاننو لە کەوشەنی شەرعو ئەحکامو جیهاد دەربچن[2]، ئەمانە بە پلترین کەسبوون لە فیتنەبازیدا، گورجوگۆڵییەکەشیان لەبەر ئەم هۆیانە:

ـ زۆربەکەمی شارزای دین بوون.

ـ هەریەکێ لەوان زۆر لە خۆی بایی دەبوو ئەگەر چەردەیەك قورئانی بزانیبا، ئیتر وای دەزانی بەو زانستە کەمە بووەتە زانا.

ـ وشکبوون بەرامبەر زانایانو نەدەچوونە خزمەتیانو دیداریان، چاویان لێ نەدەکردن.

ـ خەڵکی چاوچنۆك فریبی دەدانو نەفامیەتیو گێلیەتێکەی دەرەتاند.

ـ تیژی سروشتو هەڵهاتنیان لە شارستانییەتو تێکەڵاوی خەڵك، گومانی خراپ بردن بە خەڵکی بەبێ ئەوەی بیانناسن ئەمە سروشتی هەموو دەشتەکییەکە لە هەموو سەردەمو شوێنێکدا.

ـ لە دینداریدا زۆر توندوتیژتربوونو بەبێ زانستی پێویست زیادەرەوییان دەکرد بۆیە زۆربەی خەواریج لەمانەیە[3].

لەناو ئەم ئەعرابیانەدا پیاوانێك بەدیارکەوتن بە قورئانخوێن ناسرابوون، بەڵام لە سنووری قورئانخوێن دەرچووبوونو مانای قورئانخوێنی جارانی نەئەداو لە چەمکی وشەکە دەرچوبوون ئەو قورئانخوێنانە ئاماژەیەك بوو ئەو کەسانەی تایبەتبوون بە قورئان خوێندنەوە، کە لە توێی ئەو واقیعەدا بەڵگەو چەمکی رقیان دەردەهێنا، هەیانبوو لەسەر رێبازی خەواریج بوو بە ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆیان قورئانیان لێکدەدایەوە هەشیانبوو زاهیدبوو حەقیقەتی ئەو قورئانە تێنەئەگەشت کە دەیخوێندەوەو نەیدەتوانی بساچێ لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەدا[4]، ئەم قورئانخوێنە ناحاڵیانە زۆر بە پلبوون بۆ فیتنەنانەوە، ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانە:

ـ زۆرتوندوتیژبوون لە نەزعەی دینداریدا سەرەرای ئەوەی کەم تێگەشتبوون لە دینو زوو غیرەتیان بۆ دین دەجۆشا بەبێ چاوڕۆشنیو زانیاریو ئارەزوو عاتیفە خێزەی دەدان بە ناوی غیرەتنواندن بۆ دین بەبێ ئەوەی سەیری ئەنجامەکەی بکەن، لە ڕێساکانی شەرع تێ نەگەیشتبوون وەکو لادانی زیانو بەدەستهێنانی سوودو بەرژەوەندیی ئایین.

ـ لە خۆباییبوونی هەریەکەیان بەو چەند ئایەتو فەرمودانەی کە دەیانزانی بەبێ فیقهو چاوڕۆشنی وا دەهات بە خەیاڵیاندا کە ئەهلی زانستن، بە کەیفی خۆیان گرێیان دەکردەوە گرێیان دەبەست لە بەرژەوەندییەکانی موسڵماناندا فتوایان دەداو فتوایان هەڵدەوەشاندەوە، لە بەرژەوەندیی خەڵکی موسڵماندا.

ـ بە نیسبەت زانایانو پیشەوایانەوە وا تێدەگەیشتن گەشتونەتە پلەی بێباکی لە زنستو فیقهی زانایان لە ژێر دروشمی ئێمە پیاوینو ئەوانیش پیاون.

ـ هەندێ سەرۆکی نەزانییان کردبووە موفتی خۆیانو دوریان گرتبوو لە زانایانو پێشەوایان.

[1] دراسات في الأهواء والفرق وابدع، ناصر العقل، ص(161).
[2] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(380)، نقلا عن الشوكاني فتح القدير (395/2 ـ 397).
[3] دراسات في الاهواء والفرق والبدع، ص(161).
[4] درااات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(381).

ـ ـ ئەمانە خەڵکی هەوەسبازبوو سەرانی بیدعەو فیتنەبوون زۆربەی زۆریان لە تەڵەکەباز بوون، بە هەڵەداوان دەچوون بۆ لای قورئانخوێنەکان سەریانلێ دەشێواندو سەرگەرمیان دەکردن و نەزعەدیندارییەکەیان دەقۆستەوە تێیاندا و غیرەتیان دەوروژاندن بەبێ چاورۆشنی.

ـ نەفامبوون بە ڕیساکانی و بنەماکانی بەڵگەو ئەحکامەکانی فیتنەبازی[1].

د ـ کەرتێ هەبوو یاخود تاقمێ هەبوو لە چنراوی ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییەدا کە پێش هەمووان لەدین هەڵگەڕابوونەوە، ئەمانە لە ئیسلامدا ژیانێکی کەمیان بەسەر بردبوو، بەڵام ناچاربوون لایەنگری بکەن ئێمە نکولی ئەوە ناکەین کە هەیانبووە سوڵحاوبووەو دەروونی خاوێن بووە، کەسانێکی بەرێزیان هەبووە، بەڵام هەیانبووە تامو چێژی ئیسلامی نەچەشتبوو هەرچەندە خۆی دابووە پاڵ ئیسلام، بەڵام هەر بە عەقڵیەتەکەی جارانییەوە دەژیاو لەسەر نەفسییەتی خۆی بوو، کە بەر لە ئیسلام لەسەری دەرۆشت لەسەر دارو باینگە خێڵەکایەتییەکەی بوو، کە دەمارگیری گێژی دەدا، وایان دەزانی ئیسلام نەچووەتە ناویان یاخود وایان دەزانی هیچ دژایەتییەك نییە لە نێوان ئەو زانیاریانەی ئەوان دەیزانن و زانیاری ئیسلامداو ئەو هەڵسوکەوتەی دەیانکرد لە واقیعدا بە پاڵنەرە خێڵەکییەکان دەیان کرد[2]، چەند تاقمێك لە هەڵگەڕاوەکان ڕەگەزێکی پتەویان پێکهێنابوو لە بەرپاکردنی هەلومەرجی فیتنەدا، هەڵگەڕانەوەکان لە سەردەمی ئیمامی ئەبوبەکرو ئیمامی عومەردا ڕوویدابوو، بەڵام شتێکی تازە هاتە کایەوە ئەویش جیاوازی سیاسەتی ئیمامی عوسمان بوو لە سیاسەتی دوو خەلیفەکەی پێش خۆی بەرامبەر هەڵگەڕاوەکان، ئەبوبەکر نوسراوێکی نووسی بۆ کارگێڕەکانی: کە پشت نەبەستن بە هەڵگەڕاوەکان لەجیهاددا، لە شەڕی دوژمناندا جەختی دەکردەوە لە خالیدی کوڕی وەلیدو عەیاضی کوڕی غەنم، کە نابێت کەسێ لە هەڵگەڕاوەکان غەزایان لەگەڵدا بکات هەتا خۆی ئەستۆ پاکی بۆ نەکات[3]، لە سەردەمی خۆیدا هەڵگەڕاوەی نەدەکرد بە شاهید ئیمامی شەعبی دەڵێ: ئەبوبەکر لە غەزاکانیدا پشتی بە هیچ کەسێکی ئەهلی هەڵگەڕاوەکان نەبەستووە هەتا کۆچی دوایی کردووە[4]، لەبەر ئەوە هەندێك لە هەڵگەڕاوەکان دوای ئەوەی بە چاکی موسڵمان بوونەوە هەر شەرمیان دەکرد دیمانەی ئەبوبەکری صدیق بکەن، بۆ نموونە تولەیحەی کوڕی خووەلد هاتە مەککە بۆ عەمرە کردن، بەڵام نەیتوانی ڕووبەڕی ئەبوبەکر بێتەوە لە نزیکەوە ببنێ هەتا کۆچی دوایی کرد[5].

لە خەلافەتی عومەردا ئەم سیاسەتە کزی کرد بەرامبەر هەڵگەڕاوەکان، ئەهلی هەڵگەڕاوەکانی ڕەوانە کرد بۆلێدانی شام و عێراق[6] لە ڕۆشتنی سوپای ئەبی وەقاصدا لە شەڕی قادسیەدا قەیسی کوڕی مەکسوحی موڕادیو عەمری کوڕی مەعدیبە کروبی تێدابوو، حەماسەتی خەڵکیان هەڵدەگیرساندو هەستیانی دەبزواند ئەمە دوای ئەوەی، کە ئیمامی عومەر مۆڵەتی دا بە ئەهلی هەڵگەڕاوە، کە بەشداریی غەزا بکەن[7]، ئەم دەرچوونە لە سیاسەتی ئەبوبەکر لای عومەر وێڕای جۆرە حەزەرو ئاگاهیی و لە بێژەنگدانێك بوو لە بنەماو مەرجە بەندکراوەکان دەرنەئەچوو، لە ڕێسا هەژمارکراوەکان بەدەر نەبوو، ئەهلی هەڵگەڕاوەکان نەدەبوونە سەرلەشکری سەد سەرباز، لەبەر ئەوە سەعد ناچاربوو قەیسی کوڕی مەکشوح بکاتە ئامری حەفتا سەربازو بۆ شاڵاوی عەجەمەکان هەتا لە شەوێکی ئەموستەچاودا لە وێزە دەریان بهێنێت[8].

پاشان عوسمان هات لە سیاسەتی هەڵگەڕاوەکان پێی وابوو کارگێڕی ئەو زەکاتەی، کە هەڵگەڕانەوەی تیادا بەرپابوو ڕۆیشتووەو بەسەرچووە، چونکە پێی وابوو ئەم سەردەمە قوتاربوون لەوانەی هەڵگەڕاونەتەوەو خلتەیان نەماوە، عوسمان

---

[1] دراسات في الاهواء والفرق والبدع، ص(163).
2 دراسات في عهد النبو والخلافة الراشدة، ص(381).
[3] عبدالله بن سبأ وأثره في أحداث الفتنة، ص(155).
[4] البداية والنهاية (347/6).
[5] التأريخ الاسلامي (59/9).
[6] عبدالله بن سبأ وأثره في أحداث الفتنة، ص(156).
[7] عبدالله بن سبأ وأثر في احداث الفتنة، ص(156).
[8] تاريخ الطبري (382/4).

ئیجتیهادی کرد ئەهلی هەڵگەڕاوەی کردە کاربەدەستو کاری پێ سپێرانو بە چاکبوو سەیری دەکردن، بەڵام شیاوی ئەوە نەبوون، بەڵکو خراپیو نالەبارییان زیادی کردوو ئەو وتەیان پەیڕەوی کرد کە کابرا گوتەنی

منو عومەر سەگەکانی خۆمان تێر کردو

ئەو سەگانەش بەکەڵبەو چنگول زاماریان کردوە[1].

دەرئەنجامی بەکارهێنانی هەڵگەڕاوەکان لە لایەن عوسمانەوە لە کوفە لەبەر ئەوەبوو، کە خەڵکەکەی گۆڕاو بەرەو چاکسازیی هەنگاوی ناو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی رەبیعەبوو بەسەرلەشکریان، کە لە غەزای تورکەکاندا پێکرا، ئەو عەبدوڕڕەحمانەی کە لە سەردەمی عومەردا غەزای دەکرد و پەرتەوازەی دەکردن، تەنانەت تورکەکان دەیان وت: (هەرکاتێ ئەو پیاوە واتە (عەبدوڕڕەحمان) هاتبێتە پەلارمار فریشتەیەکی لەگەڵدا بووە، نەیهێشتووە بمرێو بەرگری لێکردووە)[2].

کۆمەڵێ ئاسار بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوت لەو فیتنەیەی کە بە کوشتنی ئیمامی عوسمان کۆتایی هات، هەر بۆیە ناوی ئەو تاوانبارانەی دەستیان هەبوو لە خوێنی عوسماندا ئەو پیاوانەبوون، کە سەر بەو خێڵانەبوون کە لە تیراژی هەڵگەڕاوەکاندا بوو، بۆ نموونە (سودانی کوڕی حەمرانی سکونیو قەتیرەی کوڕی فلانی سکونیو حەکیمی کوڕی جەبلەی عەبدی)یە[3].

ه ـ گاورو جولەکەکان بڕێکی زۆریان دەرکران لەجەزیرەی عەرەبی لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێبوون وەکو کوفەو بەسرە، بە تایبەتی جولەکەکان بە پێی سروشتی خۆیان لە هەموو شارە پانو بەرینەکاندا بڵاوەیان کردبوو، بە پێی فتوحاتەکانو خەریکی پیشە زڕاوە دووپەژمەکەی خۆیان بوونو سەرقاڵی کەسابەتی دوڕوویی، خۆیان بوون، ئەویش زاڵبوون بەسەر داراییدا بە هەموو کەرەسە جیاوازەکانو موئامەرەکردن بۆ بڕینی ئەو دەستەی کە دەستی درێژکردووە بۆ یارمەتی موسڵمانان[4]، لەمەولا باسی رۆڵی جولەکە دەکەین بە ئیزنی خودا.

2ـ پێکهاتەی دارشتنی ئەو کۆمەڵگە لە رووی شارستانییەوە.

لە پاڵ ئەو ئاڵسکاوە مرۆڤیەدا ئاڵسکاوییەکی تری هەبوو، کە مەترسی لەم کەمتر نەبوو، ئەویش ئالسکاویو تێکچڕژاوی بوو، بە شێوەیەك بوو چەندەها کەڵچەرو ئەفکارو نیزامو بیروباوەڕی جیاواز لەگەڵ ژمارەی مرۆڤەکاندا هەڵدەقولاو سەری دەردەهێنا، واتە لەگەڵ ژمارەی دانیشتواندا ژمارەی کەڵچەرو هزرەکانیش زیادی کرد، ئەمەش بووە بارێکی زەبەلاح بەسەر شانی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە، ئەوەی زیاتر قورەکەی خەست کردەوە سەرەڕای ئەوەی موسڵمانان تێکەڵاوی پێکهاتەو داڕژاوی کۆمەڵگەی شارەزا رزگارکراوەکان بوون، بەم شێوەیە لەناو جەرگەی میللەتانی تردا ژیانو ژنو ژنخوازییان لەگەڵ کردنو فێری زمانیان بوونو جلوبەرگی ئەوانیان کردە بەرو دابو نەریتی ئەوانیان پەیڕەوی دەکرد وێڕای ئەم تێك ئاڵانە لە بەرامبەردا کاریگەرییان لەسەر هاووڵاتیانی شارە رزگارکراوەکان سنووردار بوو لەو ماوە نووبەرەیەداو لەو بەرەبەیانەدا[5]، هاووڵاتیانی ئەو شارە رزگارکراوانە پشکێکی فرەیان لە پەروەردەی ئیسلامەتی وەرنەگرتبوو بە باشی لە کرۆکەکەی تێ نەگەیشتبوونو لە کیانی ئیسلام پاراو نەبوونەوە، وەکو هاوەڵانی کۆچەریو ئەنساری تینویان نەشکابوو، هەروەها ئەو خێڵە عەرەبانەی کە تێکەڵاوی خەڵکی شارو وڵاتە رزگارکراوەکان بوون، ئیسلام لەنگەری گرت لە ناوەندی ئەم خێڵە جیاوازانەدا، لە بۆتەیەکدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەوەی زۆر پێویستە بیخەینە بەر باسو تێڕامان ئەوەیە کە پرۆسەی فێرکردنو پەروەردەکردن، کە بنچینەیەکی قایمەو پتەوە کۆچەرییەکانو ئەنسارەکان

---

[1] عبدالله بن سبأ وأثر في احداث الفتنة، ص(157).
[2] تاريخ الطبري (146/5).
[3] عبدالله بن سبأ وأثر في أحداث الفتنة، ص(157).
[4] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(381).
[5] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(381).

رابەرایەتییان دەکرد توانای نەبوو فامی ئەم پۆل پۆلە گەورانەی نەدەکردو نەیدەتوانی هەموویان لە ئامێز بگرێت، مەوالییەکانیش کۆیلەکان لە ئەفکارو دابو نەریتی جارانی خۆیان دەرنەچوبوون، کە سەردەمی نەفامی لەسەری بوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناهاوسەنگی لە نێوان بزووتنەوەی فراوانی ئاسۆیی رزگارکردنی ولاتان فراوانبوونی سەرنشینیداو لە ژمارەی هاوولاتیاندا لە فێرکرددنی خەلك و تێگەیاندنیان لە کیتابی خوداو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بزووتنەوەی جیهاد دەبوو داعیی و مامۆستای لەگەلدا بووایەو هامڕای بوایە، بۆ ئەوەی خەلکی تێگەیەنن لە شەرع و دین هەتا ترازوی پەروەردە لارەسەنگ نەبێت و ژاوەژاو نەکەوێتە ریزی ئیسلامییەکانەوەو درز نەکەوێتە نێوان رزگارکەرەکانو دانیشتوانی زەوییە رزگارکراوەکانەوە ببێتە هۆکاری بەرپابوونی دیاردە سلبییەکانو کار بکاتە ریزی هەلپێکراوی موسلمانانو یەکێتیی سیاسیی و فیکرییان[1]، ئەگەر لە مەیدانی زانست و پەروەردەی ئیسلامیدا گەرمو گوڕی و ماندو هەبێت ئەم لایەنە سلبییە کاریگەری نابێت هەرچەندە پەرەسەندن لە زەویدا خێراو فراوان بێت، عێراق و دەوروبەری و ولاتانی شام لە چەند سالێکی کەمدا رزگار کرانو لە توانای وزەی مرۆڤایەتیدا نەبوو لە مەیدانی زانست و پەروەردەکردندا ئیستیعابی ئەو ماوە زۆرە لێشاوە بکات و تەعلیمیان بدات، لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە[2]، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ئەو هاوولاتیانەی کە پێویست بوو هەستن بە ئەم راسپاردەیە خەلکی فێری زانست بکەنو پەروەردەی بکەنو زۆربەی زۆریان لە گۆڕەپانی جیهاددا شەهید کرابوونو چەند کەسێکی کەمیان لێ مابووەوە پرش و بلاو بووبوونو ئەو موسلمانانەی ئارەزوویان دەکرد فێری زانست بن لە دەوریان کۆببوونەوەو پاشان چینی تابیعین دەرکەوت، ئەمانەش ئەوەندە ملکەچ بوون هەر لە سەرتاوە لە گۆڕەپانی جیهاددا شەهید کران[3]، ئەو سەردەمە پێشەواو هاوەلی پێویستی زەمان نەمابوو هەتا تەعالیمی ئیسلامیی بچێنێ لە ناخی زۆربەی خەلکەکەدا وێڕای ئەو کەلێنانەی دەرکەوتبوو وەکو کەلێنی هزری دیاردەی سلبی کە دزەی کردبووە ناو ڕێبازی ئیسلام ئەمانە شوێنەواریان هەبوو لە ناجێگرکردنی ئاسایشی ولاتداو لە سالانی دوا دوایی خەلافەتی ئیمامی عوسماندا بە ئاشکرا دەرکەوت[4].

3ـ تێگەیشتنی نەوەیەکی تازە

لە کۆمەلگەی ئیسلامیدا گۆڕانێکی گەورە روویدا، چونکە جیلێکی تازە لە خەلك پێگەیشتنو هەریەکەیان پلەو پایەیەکی کۆمەلایەتی بۆ خۆی دەستبەر کرد، وەکو جیلی هاوەلان نەبوون جیلێك بوون لە سەردەمێکدا دەژیان جیاوازبوو لە وەسفەکانی هاوەلان ئەم جیلە بە گشتیی بەوە دەخەملێنرێت لە خوار جیلی یەکەمەوەن[5] و شەکەتی دروستکردنی دیواری دەولەت و راگیرکردنیان لەسەر شان نەبوو، خۆیان نەدابووە ژێر باری گران، جیلی یەکەمی موسلمانان بە هێزی ئیمانو تێگەیشتنی دروست لە ناوەرۆکی عەقیدەی ئیسلامو ئامادەباشی تەواو بۆ ملکەچکردنی نەفس بۆ دەستووری ئیسلام، کە لە قورئانو سوننەت بەرجەستە کراوە دەناسراو جیا دەکرایەوە، ئەم شەقلە تایبەتانە زۆر بە دەگمەن لە جیلی تازەپێگەیشتوودا هەستی پێ دەکرا، کە لە ئەنجامی فتوحاتی فراوان پێگەشتبوون، ئەمانە تەماعی تاکڕەوییان تیا دەرکەوتبوو، دەمارگیری ڕەگەزو هۆزایەتییان تیا زیندوو بووەوە، هەندێکیشیان خلتەیەکی زۆر لە خلتەو نیشتووەکانی سەردەمی نەفامیەتیان تیا بووە، وەکو هاوەلان لە عەقیدەی دروستی ئیسلامەتی بەهرەمەند نەبووبوون، لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لەبەر زۆرییان لەبەر سەرقالی هاوەلان بە جەنگی رزگارکردنو فتوحاتی تازەوە[6]، هاوەلان کەمترین نارەحەتی و ئاژاوەیان هەبووە لەوانەی دوای ئەوان هاتوون، چونکە هەتا دوورترین لەسەر دەمی پێغەمبەرایەتی ﷺ

[1] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (358/1).
[2] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (358/1).
[3] اليمن في صدر الاسلام للشجاع، ص(334).
[4] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (359/1).
[5] الدولة الأموية، يوسف العش، ص(132).
[6] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (356/1).

زۆرترین ئاژاوەو دووبەرەکی دەکەین[1]، جیلی تازەپێگەشتوو رازی نابێت بەرو بارودۆخەی کە جیلی پێشووی خۆی پیَ ناسراوە خو دەگرن بەو شتانەی کە ئەوان وازیان لیَ هێناوە، وای لیَدێت بە ئاوەزێکی تازەو بۆچونێکی تازەوە ژیان لیَکبدەنەوە، لیَکدانەوەکەش دوورە لەو عەقلیَەتەی کە لەسەردەمی خەلیفە راشیدینەکاندا کاری پیَ کراوە، وای لیَدێت لەو ئەقلیَەتە تیَ ناگاتو ناتوانی قومی لیَبداتو هەولَ نادات گویَ بگریَ بۆ داناییەکانی[2] هەر لەبەر ئەمەیە لادەرەکان خۆیان دەخزێنە پالَ جیلی تازە بۆ گالَدانی فیتنەو ئاژاوە.

4ـ ئامادەباشی ئەو کۆمەلَگەیە بۆ قبولَکردنی پڕوپاگەندە بەم چەشنە لە ئەنجامی ئالَسکاویو تێکەلاَوی نەگونجاو نارێکی لە دارشتنی کۆمەلَگەدا دەرك بەم حالَەتە دەکەینو دەبێت ساز دەدرێت بۆ لەرەلەرو ئامادەبیَ بۆ گیرمەو کێشەی گوێی هەلَدەخات بۆ وەرگرتنی قسەوباسو قسەلَۆكو پڕوپاگەندە[3] و هاشەو هوشە وەکو ئیبنو تەیمییە بە جوانی گوزارشتی ئەو کۆمەلَگەیە دەکاتو دەلیَ: (بۆیە خەلَکی لە سەردەمی ئەبوبەکرو عومەر هەردوکیان فەرمان کرابوو بە موسلَمانان شوێن پێی ئەوان هەلَبگرن، وەکو پێغەمبەر ﷺ فەرمووبووی بکەونە شوێن هەنگاوی ئەو دوانەی کە دوای من دێن، ئەبوبەکرو عومەر، نزیکترین سەردەم بوو لە دابەزینی پەیامو ئیمانو چاکەخوازی زۆر مەزن بووەو لایان لەسەر رێوشوێنی پێغەمبەر ﷺ بەجێیان هێناوەو زۆر چەسپاوبووە لە دلَنیاییدا هەرگیز نەدەکەوتنە فیتنەوە بە تایبەت لە حوکمی دادپەروەرانەدا، بەلاَم کاتیَ کەوتنە دوادوای خەلاَفەتی ئیمامی عوسمانو خەلاَفەتی عەلی دەروونی خاوێن نەما، چونکە بەشی سێیەم زۆر بوو، کە خەلَکی دەروون سەرزەنشتکەرە (نفس اللوامە)، ئەمانەش کاری چاكو کاری خراپیان هەلَدەشێوا پێکەوە ئارەزووبازیو دردۆنگی لەگەلَ ئیمانو دیندا ئاوێتە بوو، ئەم دەردە گەشتە هەندیَ والیو هەندیَ شوانو چاوساغ، پاشان ئەم بەشە تەشەنەی کردو ئەوانەی چاكو خراپیان تێکەلاَو دەکرد، لە دواییدا ئەو فیتنەیە سەری هەلَدا کە بووە هۆی ئەو پیشهاتەی کە روویدا کە گوێڕایەلَیو تەقواکەیان بژاردە دەکرد و تێکەلاَوی جۆرە هەوەسێکیان کردبوو لەهەردوولاوە خەلَکیان تاوانبار دەکرد هەریەکەشیان پاساوی بۆ خۆی دەهێنایەوە، بەوپێودانگەی فەرمانی بە چاکە دەکردو رێگریی لە خراپە دەکرد، بەس ئەو لەگەلَ حەقو دادوەریدایە لەگەلَ ئەم راڤەکردنەدا جۆرە ئارەزوویەكو جۆرە گومانێکی تێدابوو، چونکە بۆ هەوەسی دەروونی خۆیان پاکانەیان دەکرد، هەرچەند بەرەیەکیان راست تر بوایە لە بەرەکەی تر[4]، ئەم واقیعە زۆر بەجوانی لەو گفتوگۆیەدا روون دەبێتەوە کە لە نێوان ئەمیری ئیمانداران عەلی کوڕیَ ئەبی تالیبو یەکیَ لە شوێنکەوتەکانیدا روویدا پیاوەکە وتی: ئەوە چییە موسلَمانان لەسەردەمی تۆدا دووبەرەکیو ناکۆکییان تێکەوتووە، لە سەردەمی ئەبوبەکرو عومەردا نەیان دەکرد؟ عەلیش وتی: لەبەر ئەوەی ئەبوبەکرو عومەر خەلیفەی پیاوی وەکو من بوون منیش ئەمرِۆ خەلیفەی پیاوی وەکو تۆم[5]، ئەمیری ئیمانداران عوسمان درکی کردبوو، کەچی دەسورێتەوە لە ناوەندی کۆمەلَگەکە بۆیە لەنامەکەیدا نووسی بۆ والییەکان وتبووی: (پاش سوپاسی خودای گەورە بەراستی میللەت گەزراوە بە بلاَوەکردنو پاشان روویکردۆتە شەڕو خراپەو سیَ شتیش راپێچی کردووە دونیای کاریگەر هەوەسی تاین بوو ئارەزووی گورج، داخو مەراقی هەلَگیراو خەریکەو زۆرنزیکە ئەمانە هەلَبێنو وێرانی بەرپا بێت)[6].

سێیەم: هاتنی ئیمامی عوسمان لە دوای ئیمامی عومەر

هاتنی عوسمان راستەوخۆ دوای عومەرو جیاوازیی نێوان سروشتیان ئەمە وای کرد شێوازی هەلَسوکەوتیان جیاواز بێت، لەگەلَ گەلداو بە رێگەی تایبەتی خۆیان مامەلَە لەگەلَ خەلَدا بکەن، سەیرەکەین عومەر بە هێزێکی پتەوو تۆکمە کاری

[1] ذوالنورين عثمان بن عفان، مال الله، ص(99).
[2] الدولة الأموية، يوسف العش، ص(133).
[3] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(382).
[4] مجموعة فتاوى ابن التيمية (148/28 - 149).
[5] مقدمة ابن خلدون، ص(189).
[6] الشهيد والبيان، ص(64).

دەکرد، بە توندی موحاسەبەی نەفسی خۆی دەکرد، هی ژێر دەستەکانیشی، واتە گەلەکەی، بە هەمان شێوە دەکرد، بەڵام ئیمامی عوسمان سروشتی نەرمو تەبیعەتی ناسك بوو لە ئاکاریدا ئەو سەرزەنشتەی نەدەکرد لە دەروونی خۆیو لە کەسانی بەردەستی، کە ئیمامی عومەر دەیکردو ئەرتەوی لێدەگرتن، تەنانەت عوسمان دەیوت بە نەفسی خۆی ڕەحمەتی خودا لە عومەر کێ ئەوەی پێ دەکرێ، کە ئیمامی عومەر کردی[1]، خەڵکی لە شوتی یەکەمی خەلافەتی ئیمامی عوسماندا بۆیە حەزیان دکردو خۆشحاڵبوون لەبەر ئەوەبوو عوسمان نەرم بوو لەگەڵیانو پێشتر عومەر توندبوو بەرامبەریان، هەتا خۆشەویستی ئیمامی عوسمان بۆ خەڵکی ببووە پەندو نموونە.

لە دوییدا ڕەخنەیان لێدەگرتو لێی راست دەبوونەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەرمو نیانیو لوتفو سروشتی ناسکیو رەوشتی هێدبیو دڵ ناسکیو هێوری ئیمامی عوسمان لە هەندێ ئەسەردا رووی جیاوازی سەردەمی ئیمامی عوسمانو سەردەمی ئیمامی عومەری پێشخۆی دەرکی بەو جیاوازییە کردووە، کاتی وتی بەو تاقمانەی کە سجنی کردبوون، وتی: ئەزانن ئێوە بۆچی بەو ڕووی مندا دەوێرن؟ ئەوە هێمنیو لەسەرخۆیی منە ئێوە لە ڕووی مندا دەوێرن[2]، کاتێ چرۆی یاخیبووەکان دەرکەوتو دەستی پێکرد، ئیمامی عوسمان ناچاری کردن بەڵگەیەك بهێنن بۆ بەرپەرچدانەوەی لەسەر ئەو ڕەخنانەی کردبوویانە گاڵە لەسەری لەبەردەمی هاوەڵانو خەڵکیدا، موسڵمانان بریاریان دا بیان کوژن، عوسمانیش بڕیایدا وازیان لێ بهێنێ لەبەر هێنمیو حیلمی خۆی شەڕنەخوازی هەموو کاردانەوەیەکی ئەمەبوو (نەخێر لێتان دەبوورمو قبوڵتان دەکەم)، بە هەوڵی خۆی تێی دەگەیاندنو تۆڵەی نەخستە سەر کەس هەتا تاوانێکی حەداری نەکردایە یان کافرییەتی لێ دەرنەکەوتایە[3].

چوارەم: دەرچوونی هاوەڵە گەورەکان لە شاری مەدینە

عومەر کەڵەپیاوەکانی قورەیشی قەتیس کردبوو، واتە نەیدەهێشت پیاوە مەزنەکانی کۆچەرییەکان بچن بۆ شارەکانی تر بە مۆڵەتو ماوە نەبوایە رێگەی نەئەدا ئەوانیش سکالایان کردو ئەویش پێی گەشتەوە، هەستاو وتی: ئایا دەزانن من تەمەنی ئیسلامم پێواوەو بەراورد کردووە، بە تەمەنی وشتر لە سەرەتاوە کۆرپەیە، پاشان دوو ساڵەیە، پاشان پێ لە چوارە، پاشان پێ لەشەشە، پاشان بە نۆساڵی دانی دەکەوێت[4]، ئایا پاش نۆ ساڵەیی پیرو نوقسانی نایەت بەسەر وشتردا، ئایا دەزانن ئیسلام بازەڵەبووە، واتە نۆ ساڵەیەتی، ئەوەش قورەیشە دەیانەوێ ئەم سامانی خودایە بە کۆمەك بەرنو کەسی تر نەیبات هەتا کوڕی خەتتاب مابێت شتی وا نابێت من بەم گەلە سەربڵندەوە جوانو راوەستاوم، دەست دەگرم بە گەردنی قورەیشەوە[5] و بەربەستیان دەکەم با نەکەونە ئاگری دۆزەخ)[6].

عومەر دەترسا لەم هاوەڵانە کە بڵاوە بکەن بە ناوشارە رزگارکراوەکانداو لەو زەوییە پانو بەرینەدا زایە بنو لە چاکەکاری داببڕێنن پیاوێکی کۆچەری کە یەکێك بوو لەوانەی لە مەدینە گیردرابوو داوای مۆڵەتی دەرچوونی کرد، عومەریش وەڵامی دایەو، ئەو خێرو پاداشتەی دەستت کەوتووە لەو غەزایانەی کە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ کردووتە سەرو زیادەو لە غەزاکانی ئەمڕۆت باشترە بۆت، ئایا دونیا نابینیو دەرکی پێ ناکەین[7]، هەرچەند ئەو تۆ نابینێ، بەڵام، کە ئیمامی عوسمان هات رێگەی دەرچوونی بۆ ئاچۆغ کردنو نەرمو نیان بوو لەگەڵیان، ئیمامی شەعبی دەڵێ: کاتی ئیمامی عوسمان بوو بە فەرمانڕەوا رێگەی بۆ چۆڵکردن ئەوانیش دەرچوون بەملاولاداو بە شاراندا، خەڵکی لێیان خڕ بوویەوە،

[1] تاريخ الطبري (418/5).
[2] تاريخ الطبري (250/5).
[3] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (364/1).
[4] البازل: الذي انشق نابه بدخوله في التاسعة (413).
[5] الحلاقيم: جمع حلقوم.
[6] تاريخ الطبري (413/5).
[7] المصدر نفسه (414/5).

کۆمەڵ کۆمەڵ، بەمەش عوسمان لە عومەر خۆشەویستتر بوو لەلایان[1]، ئەنجامی ئەم بڵاوەکردنە چەند پیاوێکی قورەیشی لە شارەکاندا بوونە سەرمایەدارو خەڵکیش بوونە دەسەودایەرەیان، بەردەستەیان[2]، لە ریوایەتی تردا کاتی عوسمان کرا بە فەرمانڕەوا ئەو ڕێگرییەی لێ نەدەکردن، کە عومەر دەیکرد، ئەوانیش کۆچیان کرد بە شاراندا کاتی دونیاوە شارانیان بینیو خەڵکیش ئەوانی دەست کەوتو بینی هەرکەسیان هەژارو نەدار بوو نیعمەتی ئیسلامی بەر نەکوتبوو بوونتە موریدو بەردەستەیان ئەم هاوەڵانە گمبوون لە ئاپۆڕای خەڵکدا.

یەکەمین لاوازییەك (وهن) کەوتە ئیسلامو یەکەمین فیتنەیەك کەوتە ناو عامەی خەڵکی هیچ هۆکارێك نەبوو ئەم بڵاوبوونەوەیە نەبێت[3].

پێنجەم: دەمارگیری نەفامی

ئیبنو خەلدون دەڵێ: کاتێك فتوحات گەشتووەتە ترۆپكو میللەت بێ شومار بیروباوەڕی خەلیفە جیهانگیر بوو، عەرەبیش دابەزییە ناو شارەکان لە چوارچێوەی ئەو گەلانەی خۆیاندا وەکو بەسرەو کوفەو شامو میسر ئەمانە تایبەتبوون بە هاوەڵییەتی پێغەمبەر ﷺو هاوڕێیەتییان کردبوو لە شوێن هەنگاوەکانی دەچوونو دەستیان گرتبوو بە سوننەتەکانییەوە، وەکو کۆچەریو ئەنسارو خەڵکی قورەیش ئەهلی حیجازو ئەوانە کە سوودمەند بووبوون وەکو ئەمان، بەڵام سەرجەم عەرەبەکانی بنەماڵەی بەکری کوڕی وائیلو عەبدول قەیسو هەموو بنەماڵەی ڕەبیعەو ئەزدو کندەو خوزاعەو ئەوانی تریش، ئەمانە هاودەمیو هاوەڵییەتییەی پێغەمبەریان ﷺ بەر نەکەتبوو کەمێکیان نەبێت، ئەمانە دەستیان هەبوو لە فتوحاتدا پێشتر هەر ئەمەشیان بۆ خۆیان بە باش دەزانی کە فتوحات بکەن وێڕای ئەوو دینداریییەی دەیان کردو کەسە بەڕێزەکانیان دەناسیو ڕەچاویان دەکرد هەرگیز بەدهۆشو دەهشەیان نەکردوە دەربارەی کاری پێغەمبەرایەتیو هاتنەخوارەوەی نیگای هامەشۆی فریشتە، کاتی ئەم شوێنکەوتنو تەبایە کزی کردو بارودۆخ هەندێ شتی لە بیر بردنەوەو دوژمن زەلیل بوو، پادشای وڵات گەڵەگەت بوو ئەوکاتە دەمارەکانی نەفامی جمەیان کردو سەیرەکەن کۆچەریو ئەنسارو قورەیشییەکانو ئەوانی تر بوونەتە سەرۆکیان دەرونیان بێزار بوو دەستیان دایە تەوەلایی، ئەمەش کەوتە سەردەمی عوسمان بە ئاشکرا توانجیان دەدا لە والییەکانی عوسمان لە شارەکانداو بە چورتەو بە هەنگاو ڕەخنەیان دەگرتو گلەییان دەکرد، لە گوێڕایەڵیدا سستییان دەکردو بە لێزمە داوای زوڵمو زۆرو لەکارلابردنیان لێ دەکردنو گلەییو گازندەیان هەڵدەڕێژا بەرانبەر ئیمامی عوسمانو لەناو دارو دەستەکانی خۆیاندا قسەو قسەڵۆکیان بڵاو دەکردەوە بە زوڵم دەیانگەیاندە قۆڵەکانی ترو بە زوڵم شرۆڤەیان دەکرد، هەتا تەشەنەی کرد بۆ بەرکەنارکردنی عوسمان، ئەگەر ئەمیرەکانی لەسەر کار لانەبات، ئیمامی عوسمانیش نوێنەری نارد بۆ شارەکان کە دەنگوباسی بۆ بێننەوە، ئەوانیش گەڕانەوەو وتیان: ئێمە نکولی هیچ شتێکمان نەکرد لەبەرچاوی موسڵمانانو عەوامەکانو بەرپەرچی هیچمان نەدایەوە[4].

شەشەم: وەستانی فتوحات

کاتی فتوحات ڕاوەستاو کۆتایی پێهات، لە دوادوایی سەردەمی ئیمامی عوسماندا لەبەر بەربەستە مرۆییەکان یان سروشتییەکانو هەنگاو نەنان بە ڕووی فارسەکاندا یان بەڕوی باکوری وڵاتی شامو روی ئەفریقادا ئەوکاتە دەستکەوتەکانیش لە شوێنی خۆیدا وشکاوی هات جا ئەعرابەکان پرسیاریان دەکرد ئایا دەستکەوتە کۆنەکان چی پێ کرا؟ خۆیان دەزانن[5]، چەندین پڕوپاگەندەی پوچەڵ بڵاوبوویەوە هەمووشی عوسمانی پێ تۆمەتبار دەکرا، کە گوایە عوسمان لە

[1] المصدر نفسه.
[2] المصدر نفسه.
[3] المصدر نفسه.
[4] تأريخ ابن خلدون (477/2).
[5] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (344/1).

زەویە وەقفکراوەکان بە کەیفی خۆی بەکاردێنێو بە پێی ئارەزووی خۆیو بۆ هەرکەسێ مەیلی لێ بێت بەشێکی بۆ دەپچڕێت، ئەمەش کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر دڵی ئەعرابەکان نەخاسمە زۆربەی زۆریان بەبێکار مابوونەوە، دەم بەتاڵ بوون نیوەی کاتی خۆیان بە خواردنو خەوتن بەسەر دەبردو نیوەی تریشی بە توێییە کردنی سیاسەتی دەوڵەتەوە، قسەکردن لە بارەی مامەڵەی ئیمامی عوسمانەوە، کە سەبەئییەکان شەنیان دەکرد، یەکێکی لەکار گێڕەکانیعوسمان دەرکی کرد بەم هاشەو هوشە ئەویش عەبدوڵڵای کوڕی عامر بوو، ئاماژەی کرد بۆ خەلیفە لەوکاتەی خەلیفە بانگی وەزیرو راوێشکارانی خۆی کرد کە لە ڕاوبۆچوونەکانیدا ئیجتیهاد بکەن، تێبینی دا بە خەلیفە کە فەرمان بکات بە خەڵکی جیهاد بکەنو نێڵەیان بدات بۆ غەزا کردنهەتا دالّغەو هەمی هیچ کامیان نەبێتە سپیو بداتە سەریانو نەبێتە گەندەی ولاخەکانیان[1]، لەو کەشو هەوایەدا کە باسو خواس بوو لای هاوولاتیان گەڕانەوە لە غەزاکردنو بە باشیش حاڵی نەبوو لە دینو دەلوا هەموو خراپەیەکیان لێ داکەوێت، ئەوەندە بەس بوو ئەو ئەعرابیانە بجولێنرێتو یەیەکجار ئاڕاستە بکرێن ئیتر ئەوان هەڵدەچوون بگرەو بەردەو فیتنەیان هەڵدەنوخان، بە کردەوەش ئەمە روویدا، چونکە ئەعرابەکان، بە هۆی راوەستانی فتوحاتەوە دەستپێشخەرییان کرد لە ئانسەری فیتنەی یەکەمدا و بوونە هۆیەك لە هۆکارەکانی گڕسەندنیو بەرپابوونی[2].

حەوتەم: بەهەڵە تێگەیشتن لە وەرع

وەرع لە شەریعەتدا خاوێنەن بریتییە لە دەستهەلگرتنو وازهێنان لەو شتانەی کە هیچ گوناهێکی تێدا نییە، لە ترسی ئەوەی نەکو گوناهێکی تێدا بێت، لەبنەڕەتدا وەرع لەسەر شتە موباحەکان هەڵدەگیرێ بۆ خوداو لەبەر خودا، وەرعکردن شتێکی شەخسییە ئەگەر مرۆڤ بیخاتە سەر دەروونی خۆی دروستەو باشە، بەڵام راست نییەو دروست نییە بیسەپێنێت بەسەر کەسانی تردا، ترسناکترین جۆرەکانی وەرع ئەو وەرع نەفامانەیە کە موباح حەرام دەکات یان فەرزی دەکات ئەم جۆرەیان بوو تاقمی فیتنەکەران تێی کەوتن، ئەوکاتە دوژمنانی ئیسلام لەو رۆژەدا ئەم هەلەیان قۆستەوەو هەستی ئەمانەیان رفاندو فویان تێکردو دەماندیان، وایان دەزانی ئەوکارانەی کە موباحەو بەرژەوەندیی تێدایەو عوسمان دەیکات دەرچوونە لە ئیسلامو گۆڕینی سونەتی پێش خۆیەتی، ئەم بابەتەیان گەورە کرد لە چاوی نەفامەکانداو خوێنی خەلیفە عوسمانیان بە ئیباح زانیو یارمەتی ئیباحەیان دەداو دەرگای فیتنەیان لە موسڵمانان کردەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەم وەرعە نەفامانە لە هەڵسوکەوتی هەندێ موسڵماندا ئەمڕۆش دەبینرێت ئەوانەی سورن لەسەر گونجاندنی ئەحکامەکانی ئیسلام بە گوێرەی حەزو ڕقی خۆیان یان بەپێی خوو نەریتو لاسایی خۆیان[3].

هەشتەم: تەماعی تەماعکاران

لە جیلی دووەمی نەوەی هاوەڵاندا، ئەوانەی کە گوزارشتیان لە تازەکردنەوەو نوێکردنەوەی حوکمو ئیدارە دەکرد، ئەم نەفامانەو هاوچەشنەکانیان وایاندەزانی ڕێگای بەردەمیان داخراوەو تەنراوە، عادەتیش وایە هەرکاتێ تەماعکاران بۆ تەماعی خۆیانهەناسە هەڵمژینێکیان دەست نەکەت ئەوا دەچنە نێو بازنەی ئەو کارانەی گۆڕانکاری دروست دەکاتو گۆم لێڵ دەکات، چارسەرکردنی کاروباری ئەم چینە زۆر گرنگە ئەوپەڕی گرنگە[4].

نۆیەم: موئامەرەی کینەبازەکان

چەندەها دووڕووی داخ لەدڵ هاتبوونە ناو ئیسلامو دڵیان پڕپڕبوو لە کینەو گلەییو گازندەو دەهۆبازیو نەیان دەتوانی ئەم خاڵە لاوازانە بدۆزنەوە کە لە شەقارییەوە بتوانن فیتنەی لێ تاو دەن، بەڵام کەسانێکیان دەست کەوت بە گوێ قولاغەوە

---
[1] تاريخ الطبري (340/2).
[2] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة، ص(353).
[3] الأساس في السنة (1676/4).
[4] أحداث وأحادث قنته الهرج، ص (517).

گوێی بۆ دەگرتن و لە شوێنەواری ئەمانەدا، ئەمەش بەرپا بوو، کە بینیمان[1]، بە ڕاستی پێشتر باسی کیانی جولەکەو گاورو فارسمان کرد، ئەمانە هەموویان ناسراون کە هۆکاری قینو کینەو غەرەزن، لەسەر ئیسلامو وڵاتی ئیسلامی.. بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو گرۆیە باس دەکەین کە داری حەدو تەمێکردنیان بەسەر هاتبوو بە بۆنەی تاوانێکەوە کە لەناو جەرگەی وڵاتدا کردبوویانو خەلیفەش یان والییەکان لە هەندێ لە شارەکاندا سزایان دابوون بە تایبەت لە بەسرەو کوفەو میسرو مەدینە جولەکەو گاورو فارسو کەسوکاری تاوانبار کە داخ لەدڵبوون، چەند دەستەیەك لە خەڵکیان قۆستەوەو تەنزیم کرد زۆربەی زۆریان لە ئەعرابەکان بوون ئەوانەی کە لەم دینە تێنەگەشتبوون لە سەر حەقیقەتی خۆی، تاقمێك دروستبوو بۆ ئەم داخلەدڵانە کە بە خەڵکی شەڕەنگێزو خراپەکار دەناسران بەشاهیدی ئەوانەی کە بینیویانن، بە ڕاستی بە سەرسەری ئەهلی شارەکان وەسفکراون[2]، چونکە ئەمانە گورکەمێشی عەرەب بوون[3]، ئەمانە بێ ئەرزش خەڵك بوون، لە شەڕەنگێزی یەکدەنگ بوون[4]، ئەمانە ناحاڵیو کاڵفامبوون لە هیچ حاڵی نەدەبوون[5]، ئەمانە خوێڕیو پەتەڕیو تیرە قەرەجەکان بوون[6]، ئەمانە ئەهلی وشکەهەڵهاتوو، بێ سەروبەرو کەللە ڕەقو هەرچیو پەرچی خێڵەکان بوو، خوێڕی و ڕیسواو ئەملاو ئەولا بوون[7]، ئەمانە ئامێری شەیتانێ بوون[8]، ناوی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئی سەنعانی یەهودیی بوو، لە جوملەی ئەم داخلەدڵە دوابڕاوەدا بوون کە دەخەزیان گرتبوولە سەرچاوەکاندا بە چەندبارە کراوەیی ناوی دەبرێت.

عەبدوڵڵا جولەکە بوو، پاشان موسڵمان بوو بەڵام دەستی لە مەرامە گڵاوەکانی هەڵنەگرتبوو، هاتوچۆی دەکرد، لە نێوان شارە ئیسلامییەکاندا بەو ئیعتیبارەی کە تاکێکە لە موسڵمانەکان[9]، لەمەولا باسی دەکەین لە توێژینەوەیەکە سەربەخۆدا بە ئیزنی خودا.

دەیەم: نەخشەسازییەکی توندوتۆڵ بۆ وروژاندنی گلەییو گازندە لەعوسمان

کۆمەڵگە هەمیشە ئامادەییە بۆ وەرگرتنی پڕوپاگەندەو قسەڵۆك لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکارو ئامرازی ناوخۆیی، هەروەها گۆڕەیانەکە ئامادەباشکرابوو پێکهاتەی کۆمەڵگەکەش شایانی ڕووبەڕووی خروقات بوو، فیتنەچییەکان کۆبوونەوەو ڕێکەوتن لەسەر تەشەردان لە ئەمیرەکان بە بیانووی فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە بۆ ئەوەی خەڵکی کێشکەن بۆ ناو ریزەکانی خۆیان، ڕەخنەو تەشەردان گەشتە عوسمانیشو خودی عوسمان تواننجبار کرا بەو پێیەی رابەری یەکەمی دەوڵەتە ئەگەر ئەو گازندانە هەژمار بکەین کە برەویان پێ دەداو ڕەواجیان پێدەدا لە دژی خەلیفەو تەشەریان لێدەدا پێی دەکرێ لە پێنج کۆمەڵەدا ریزبەندی بکەین:

1ـ هەڵوێستە شەخسییەکان پێش فەرمانڕەوایی خەلافەت (واتە غایب بوونی لە هەندێ غەزاو پێگەکان).

2ـ سیاسەتی داراییەکەی ـ بەخشینەکانی، پاوەنەکان.

3ـ سیاسەتی ئیدارییە کردەییەکانی، کاربەدەستی کردنی خزمەکانی، ڕێبازەی کاربەدەستکردنی لە کەسەکاندا.

4ـ ئیجتیهادە تایبەتییەکانی یان ئیجتیهادەکانی بۆ بەرژەوەندیی ئوممەت (وەکو چوار رکات کردن لە مینا کۆکردنەوەی قورئان، گەورە کردنی لە مزگەوتەکان.

5ـ هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵاندا وەکو عەمارو ئەبی زەڕو ئیبنو مەسعود[10].

---

[1] المصدر نفسه.
[2] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص (392).
[3] المصدر نفسه.
[4] الطبقات (71/3)، هذا وجف ابن سعد.
[5] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص (392).
[6] شذرات الذهب (40/1)، هذا وجف ابن العماد.
[7] شرح صحيح مسلم (148/15، 149).
[8] تاريخ الطبري (327/5).
[9] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة.

هەڵوێستی ئیمامی عوسمان ڕۆشن کراوەتەوە لە هەموو ئەو شتانەی ڕووبەڕوویان دەکردەوە، لە شوێن و کاتی خۆیداو گازندەی هیچکامیان نەماوە جگە لە عەممار، لەمەولا باسی دەکەین (ان شاء الله)، چەندین زیادە خراوەتە سەر ڕووداوی دەرخستنی گازندەکانی ئەو گلەییانە کە کراوە لە عوسمان ئیتر لە سەردەمی خۆیدا بێت ئەو دەمەی ئاڕاستەیان کردووە، ئەویش لە کاتی خۆیدا وەڵامی داوەتەوە یان لە دواییدا بۆیان هەڵبەستووە لە لایەن راوی و کیتاب نوسەکانەوە، ئەمانە ڕاست نین و نەگەێنراونەتە ئەنازەیەك کە ببێتە باعیسی کوشتنی[1]، ئەو گلەییانەی پێشوو باسکراون و نوسراوەتەوە لە مێژووی تەبەری و غەیری ئەویشدا لە کیتبە مێژوویییەکان و ریوایەتە وەرگیراوەکان لە ڕێگەی نەفکارەکان هەوالدەرە لە ڕوولاوازەکان بووە، بەتایبەت ڕافزییەکان، ئەم ڕافزییانە بەردەوام بەلایەکی ناگەهان بوون، لەسەر حەقیقەتەکانی سیرەی خولەفاو پێشەوایان، بە تایبەت لە قۆناغی بگرەو بەردەو فیتنەدا، زۆر بەداخەوە سیرەی ئیمامی عوسمانی ئەمیری ئیمانداران کۆمایەکی بێ شوماری بەرکەوت لە بگرەو بەردە ریوایەتی ڕووداوەکانی تر پڕ هەڵەن، کە پۆخڵەوات لەسەر ڕێبازی (هەرچی پێوە لکا لولی دەدا) هەندێکە لەو شێواندو دەستکارییەی خراوەتە سەر سیرەی درەوشاوەی ئیمامی عوسمان، ناشرین کردنی پیاوە بەنرخەکان لە ئەنجامی ئیرەیی و داخ لە دڵی بۆ سوکایەتی و ناوزڕاندن و لەکەدارکردن.

ئیمامی عوسمان خودی خۆی دەرکی بەم حاڵەتە کرد کاتێ نوسراوێکی نووسی بۆ ئەمیرەکانی وتی: (پاش سوپاسی خودای گەورە، میللەت لەبلاوەکردنیدا گەزراوەو خزاوەتە ناو شەڕو، نەزعە دەکات بۆ خراپە، سێ شتیش وای لێ کردووە دونیای سەرنجکێش و ئارەزووی خێراو ڕفێنراو داخ و مەراقی پیشدراو)[2].

ئیبنول عەرەبی دەڵێ دەربارەی ئەو ڕەخنانە بە گشتیی دەڵێت: (بە زوڵم وتویانەو خۆیان بە ڕیوایەتی درۆزنەکانەوە بەستووە)[3]، دەڵێن ئیمامی عوسمان لە قەڵەمڕەوییەکەیدا زاڵم و نالەبارەی هەبووە، ئەمانە هەمووی لە رووی سەنەدو دەقەوە باتڵەو بێ بنەمایە، ئیبن و تەیمییە ڕۆشنی کردووەتەوە، کە ئیمامی عوسمان بێگوناه نییە دەڵێ: (ڕێسایەکی گشتی و گشتگیر بۆ ئەم ڕووداوانە ئەمەیە هیچ کەسێك نییە بیرورباوەڕی وابێت جگە لە پێغەمبەر ﷺ کەسێك هەبێت مەعسوم بێت تەنانەت خەلیفەکان و غەیری ئەوانیش دەکرێ هەڵەیان کردبێت و گوناهیان لێداکەوتبێ و تەوبەیان لێ کردبێت، بەڵام ئەمانە بە هۆی حەسەناتی زۆریانەوە پاك بوونەتەوە، هەروەها بە چەندین موسیبەتی گوناهشۆر تاقی کراونەتەوە، بە شتی تر پاکبوونەتەوە هەموو ئەو شتانەی کە نقڵی دەکەن لە بارەی عوسمانەوە مەبەستیان ئەوەیە بیکەنە هەڵەو تاوان، ئیمامی عوسمان چەندەها هۆکاری لێخۆشبوونی بۆ هاتە کایەوەو لە چەند ڕوویەکی زۆرەوە وەکو دەست پێشخەری کردنی لە بڕواهێنانداو لەبەر ئیمان و جیهادو شتی تر لە گوێڕایەڵییەکانی، جێگیر بووە، کە پێغەمبەر ﷺ شایەتی داوە بۆ عوسمان، بەڵکو مژدەی بەهەشتی پێداوە لەسەر بەڵایەك کە گیرۆدەی دەبێت[4]، هەروەها تەوبەی کردووە لە هەموو ئەو شتانەی کە کردبوویانە ڕەخنەو گازندە لەسەری وە تووشی بەڵایەکی گەورە بوو خودای گەورە هەموو گوناهەکانی پێ شۆردەوە، ئەویش سەبری گرت هەتا بە مەزڵومی و بەناحەق شەهیدکرا، ئەمە گەورەترین بەڵایە بۆ سڕینەوەی گوناهەکان)[5].

یازدەیەم: بەکارهێنانی ئەو ئامرازو شێوازانەی کە خەڵکی ورووژاند

گرنگترین ئەو شێوازانە پڕوپاگەندەی ڕاتەکێنەربوو بە شێوەیەك وشەکانی پڕوپاگەندەو هاشوهوشەی زۆریان دەڕیسایەوە، خەڵکیان دنە دەداو دیمانەو مشتومڕی بەرامبەریان بە بەرچاوی خەڵکەوە دەکرد، لەگەڵ خەلیفەو تانەیان

---

[1] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص (394).
[2] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(394).
[3] التمهيد والبيان، ص(64).
[4] العواصم من القواصم، (61 - 63).
[5] مسلم، كتاب فضائل الصحابة، (1867/4، 1869).
[6] ذوالنورين عثمان بن عفان، محمد مال الله، ص(63).

دەدا، لە والییەکانی و ساختەکاریان دەکرد، لە نامەو نوسیندا و لەسەر زمانی هاوەڵان درۆیان هەڵدەبەست بە ناوی ئەوانەوە بە ناوی عائیشەو عەلیو تەلحەو زوبێرەوە، پڕوپاگەندەیان دەکرد گوایە عەلی ئەبی تالیب شیاوترە بۆ خەلیفەییو ئەو میراتگرە دوای پێغەمبەر ﷺ و لە بەسرەو کوفەو میسر فیرقەیان ڕێکخستبوو چوار فیرقە بوو لە شارەکان، ئەمە بەڵگەیە لەسەر پیلاندانانی پێشوەخت ئەهلی مەدینە وایان دەزانیو ئەندێشەیان وابوو ئەمانە بە بانگهێشتی هاوەڵان هاتوونو لە خۆیانەوە نەهاتوون ئەم ڕووداوانەیان هەڵکشان هەتا گەیاندیانە قەتڵ[1] ئەوەندە جولاَندیان قەتڵی لێ کەوتەوە لە پاڵ ئەم شێوازانەدا.. کۆمەڵێ دروشمیان بەکارهێناوە تەکبیریان دەکرد دەیان وت جیهاد دژی بەزاڵم بوو دەکەین دەیان وت بە فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە هەستاوین داوای گۆڕینی عوسمانیان کرد ئەوەندە بوێرییان درێژە پێداو داخوازییان کرد بەڵکو پەلەیان کرد لە کوشتنی خەلیفە بەتایبەتی کاتی هەواڵیان پێگەشت کە خەڵکی شارەکان هاتوون بۆ پشتیوانی خەلیفە ئەمە حەماسەتی تاو سەندو زیاد کرد بۆ ئەوەی تەنگ بە خەلیفە هەڵچنو بیتەپێنن هاندان بکەن بۆ کوشتنی، ئیتر بە هەرهۆکارێك بێت[2].

دوانزەیەم: شوێنەواری سەبەئییەکان لە ڕووداوەکانی فیتنەکەدا

1ـ ئایا سەبەئییەکان حەقیقەتە یان ئەندێشەیە گشت زانایانی پێشوو کۆڕایان هەیە لەسەر بوونی سەبەئییەکان بە بێ ناوگیری، بەڵام کەسانێکی کەم لە زانایانی ئەم چەرخە کە زۆربەیان شیعەن سەرپێچی ئەو ڕاستییە دەکەن، ئینکاریی بوونی دەکەنو بیانووی ئینکارییەکەشیان ئەوەیە کە ئەم ناوە (سەبەئی) داهێنراوە لە خەیاڵییەکانی عومەری کوڕی سەیفی تەمیمییە، عومەریش ئەو کەسەیە، کە هەندێ لە زانایانی پیاوناس خۆیان لێ پاراستووە لە بواری ڕیوایەتی فەرمودەدا، قسەیان لێ وەرنەگرتووە، ئەی ئەوە نییە زانایان قسەکانی عومەریان بە بەڵگە داناوەو هەواڵەکانی بەڕاست زانراوە، وەك دەزانین لای ئیبنو عەساکیر ڕیوایەتی زۆر هاتووەو باسی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەو دەکات، ڕاویەکانیش عومەری کوڕی سەیف نییە، ئەلبانی حوکمی داوە بەسەر هەندێکیدا کە ڕاستە ئیتر لە کتێبی فیرقەکاندا بێت یان کتێبی (ڕیجال)دا یان کیتێبی فەرمودە، بەڵام ناوی عومەری کوڕی سەیفی تێدا نییە لە نزیكو نە لەدوور دکتۆر سەلمان ئەلعودە لە کیتێبەکەیدا بەندێکی بە ناونیشانی عەبدوڵڵای سەبەء و شوێنەوارەکانی لە ڕووداوەکانی فیتنەو هەڵگیرسانیدا لە قۆناغی یەکەمی ئیسلامدان هەندێك لە توێژەرەوان گومان دەکەن لە بوونی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء[3] دەڵێن، کە کەسایەتییەکی وەهمییەو ئینکاری بوونی دەکەن، بە بێ بەڵگەو دەلیل ئەوانەی ئینکاریی کەسایەتی ئیبنو سەبەء دەکەن تاقمێك لە ڕۆژهەڵاتناسو بڕێك لە توێژەرەوە عەرەبەکانو زۆربەی زۆری شیعە هاوچەرخەکانن ئەوەی جێگەی سەرسامییە ئەم ڕۆژهەڵاتناسانەو کلکەکانیان لە ڕافزییەکانو نامۆکارنی ئەم سەردەمەی خۆمان ئینکاریی کەسایەتی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء دەکەنو بە کەسایەتییەکی وەهمی دادەنێنو ئاماژە بە بوونی ناکەنن ئەمانە لە نەفامیو بێشەرمیدا تا چ ڕاددەیەك گەشتوون کتێبە مێژوویەکانو کتێبی گروپەکان پڕ پڕە لە تەرجەمەو باسی عەبدوڵڵا، ڕاوییەکان کارو کردەوەکەیان نەقڵ کردووەو دەنگوباسی عەبدوڵڵا چین چین کەوتووەتە سەریەك لە ئاسۆی کتێبەکاندا، مێژوونووسانو فەرمودەزانەکانو نووسەری کتێبەکانی ئەلفیرەقو میلەلو نیحەلو تەبەقاتو ئەدەبو ئەنسابو ئەوانەی وجودی سەبەئییەکان ڕۆشن دەکەنەوە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء کە لە کتێبەکانی ئەهلی سوننەدا ناوی براوەو باسکراوە کەسایەتییەکی ڕاستەو وجودی هەیە، هەروەك لە کتێبە شیعەییەکاندا دەرکەوتووە کە کەسایەتییەکی مێژووی حەقیقەتە لەبەر ئەم ڕاستیانە هەواڵەکانی فیتنەو ڕۆڵی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء تەنیا لە مێژووی ئیمامی تەبەریدا باس نەکراوەو بەس تەنها نەخراوەتە پاڵ ڕیوایەتەکانی عەمری تەمیمی بەڵکو لە ڕیوایەتی زۆر ڕاویدا هاتووە، بەڵکو هەواڵی بڵاوە لە ڕیوایەتی زانایانی پێشوودا، لە هەردوو

---

[1] دراسات في عهد النبوة والخلافة الراشدة، ص(401)، كتاب الإنقاذ من وعادي الإنقاذ للتاريخ الإسلامي.
[2] المصدر نفسه ص(402).
[3] عبدالله بن سبأ الملقب بابن الشوداء، يهودي من صفاء، أظهر اسلام فيزمن عثمان بن عفان ظهر لـه نشاط ملحوظ في الشام والعراق ومصر خاصة.

کتێبی ڕووداوه مێژووییەکانی ئیسلامو ڕاوبۆچوونی فیرەقو نیحەلەکاندا لەو ماوەیەدا بە ڕاشکاوی باسی کراوه، تەنیا ئەوە هەیە مێژووی ئیمامی تەبەری جیاوازییەکی هەیە لە وانی تر بابەتەکەی بە فراوانی باسکردووەو زۆر بە دوورودرێژی شیکردووەتەوه، با ئاگاداربین گومانو دوودڵی لەم ڕووداوانە، کە هیچ سەنەدو بەڵگەیەکیان نییە، مانای ئەوە دەگەیەنێت هەمووئەم هەواڵانە دەروخێتو هەرەس دێنێتو زانایانو هەواڵدەرەکانی بە گێلو درۆزن دەردەچنو ڕاستییە مێژووییەکان دەشێوێتو ئاوەژوو دەبێت، ئەوە کە بۆچوونێکی ڕاستەو کە مەنهەجە بە نموونەیەکی هەڵهێنجانی عەقڵی وشكو ڕووت ڕووبەڕووی ئەو هەموو دەقو ڕیوایەتە لێشاوە زەفەر بەرە بوەستنەوە، ئایا ئەوە ڕاستییەو مەنهەجییە بە نموونەی لاپەڕەیەك پشت بکەینە گشت سەرچاوە گەورەکانی زانایانی پێشوو، زانایانی دوایی، کە هەر هەموویان سەلماندوویانە کە عەبدوڵلای کوڕی سەبەو کەسایەتییەکی واقیعییە[1]، باسی ئیبنو سەبەو لە کیتێبی ئەهلی سووننەدا زۆر هاتووه، وەکو ئەعشاری هەمەدانی[2]، کە شاعیرێکی فارسییەو یەکێکە لە شەرعزانە قورئانخوێنەکان، بەڵام شیعری وتووەو بە شاعیر ناسراوە ئیمامی زەهەبی دەڵێت شاعیرێکی بەناوبانگی خۆشخوانەو خوداناسێکی بەڕێزە لە ساڵی ی کۆچی کوژراوەە بە زمانی خۆی باسی سەبەئییەکانی کردووەو موختاری کوڕی ئەبی عوبەیدی سەقەفیو دەستەو داریەرەکەی داشۆریوە کە ئەهلی کوفە بوون، دوای ئەوەی لەگەڵ پیاوەماقوڵەکانی ئەهلی کوفە ڕای کرد بۆ بەسرەو بەم شێوەیە دایشۆرینو وتی: "من شایەتم، کە ئێوە سەبەئین، من دەزانم ئێوە داردەستی کوفرو چاك دەتان ناسم"[3].

ئالێرەدا ڕیوایەتێکمان لە ئیمامی شەعبییەوە کە لە ساڵی (103)ی کۆچی مردووە ئەوە دەگەیەنێت کە یەکەمین کەسێك درۆی هەڵبەستو دیعایەی کرد عەبدوڵلای کوری سەبەء بوو[4]، هەروەها ئیبنو حەبیب[5]، کە ناوی موحەممەدی کوڕی حەبیبە کوڕی ئومەیەی هاشمیە زانایە لە زانستی نەسەبو هەواڵو زمانو شیعردا، لە ساڵی (245)ی کۆچی مردووە باسی عەبدوڵلای سەبەء دەکاتو بە یەکێك لە کوڕانی حەبەشەی حساب دەکات[6] هەروەها ئەبو عاصمی خۆشەویستی کوڕی ئەحرەم کە لە ساڵی (253) کۆچی مردووه.

هەواڵی سوتاندنی ئیمامی عەلی ڕیوایەت دەکات کە کۆمەڵێ لە سەبەئییەکانی سوتاندووه، لە کیتێبی (الاستقامە)دا[7]، هەروەها جاحیز[8]، کە لە ساڵی (255) کۆچی مردووە یەکێکە لە سەرتەڵەکان ئاماژە بۆ عەبدوڵلای سەبەئی[9] دەکاتو ڕیوایەتەکەشی پێش ئیبنو سەبەء نییە، وەکو دکتۆر جەواد عەلی تێگەیشتووە[10]، دەنگوباسی سوتاندنی زەندیقەکان لە لایەن ئیمامی عەلی-یەوە ڕیوایەتە صەحیحەکانی کتێبە صەحیحەکانو سوننەنو مەسانیدەکان دەردەخاتو دەسەلمێنێت[11]، وشەی زەندیق دوور نییە لە عەبدوڵلای کوڕی سەبەء دارو دەستەکەی، ئیبنو تەیمییە دەڵێ: (پەیڕەوی ڕافزییەکانو بەرنامەیان لە عەبدوڵلای کوڕی سەبەئی زەندیقەوە سەرچاوەی گرتووە)[12]، ئیمامی زەهەبی دەڵێت: عەبدوڵلای کوڕی سەبەئی تیژپەڕی زەندەقییەکانە، سەرلێشێواوو سەر لێ شێوێنەرە[13]، ئیبنو حەجەر دەڵێ: عەبدوڵلای کوڕ سەبەو لە تیژپەڕی زەندیقەکانە، دەستەو دائیرەیەکی هەبووە پێیان وتراوە سەبەئییەکان بیروباوەڕیان وایە،

---

[1] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة (70/1).
[2] هو عبدالرحمن بن عبدالله بن الحارث الهمداني، المعروفشاعر فارسي أحد الفقهاء القراء لكنه قال الشعر وعرف به، قال الذهبي، شاعر مضوه شهر، كان متعبدا فاضلا قتل عام (83)ه.
[3] ديوان: أعشى همدان، (148).
[4] تاريخ دمشق، لابن عساكر (33/9).
[5] محمد بن حبيب بن أمية الهاشمي، عالم بالانساب والاضبار واللغة والشعر، توفي عام (345)ه، تأريخ بغداد (277/2)..
[6] المجر، لابن حبيب، ص(308)، عبدالله بن سبأ، العودة ص(53).
[7] هو خشيش ين أحرم بن الأسود النسائي، ترجم له الذهبي، تذكرة الحفاظ (551/2).
[8] هو عمر بن بحر بن محبوب الكتابي، من أئمة الادب والعلم، توفي عام (355)ه.
[9] البيان والتبين (81/3).
[10] تحقيق مواقف الصحابة (290/1)، عبدالله بن سبأ، للعودة، ص(53).
[11] تحقيق مواقف الصحابة (290/1).
[12] مجموعة الفتاوى (483/28).
[13] ميزان الاعتدال للذهبي (436/3).

که عەلی ئەبی تالیب خودایەتی تێدایەو خودایە، عەلیش لەسەردەمی خەلافەتیی خۆیدا سوتاندنی بە ئاگر[1]، باسی عەبدوڵڵای سەبەء لە کتێبەکانی جەرحو تەعدیلدا هاتووەو ئیبنو حیبان کە لەساڵی (354)ی کۆچی مردووە دەڵێت: کەلبی موحەممەدی کوڕی سائیبی ئیخباری سەبەئییەو یەکێکە لە پیاوەکانی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء و یەکێکە لەوانەی کە دەڵێن عەلی نەمردووەو دەگەڕێتەوە بۆ دونیا پێش هەستانی قیامەت، ئەگەر هەورێك ببینن دەڵێن ئەمیری ئیمانداران عەلی تێدایە[2]، هەروەها کتێبەکانی رەچەڵەکناسی جەخت دەکەنەوە لە ناوی سەبەئییەکان، کە نیسبەتە بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء بۆ نموونە کیتابی (الانساب للسمعانی)[3]، کە لە ساڵی (562)ی کۆچی مردووە[4]، ئیبنو عەساکیر کە لە ساڵی (517)ی کۆچی مردووە، بەم شێوەیە پێناسەی عەبدوڵڵای سەبەء دەکات، دەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء، کە سەبەئییەکان دەدرێتە پاڵیو ئەمانەش تیژپەڕی رافزییەکانن، عەبدوڵڵا لە ئەسڵدا یەمەنییەو جوولەکەیەو بەبانا ئیسلام بووە[5]، عەمری کوڕی سەرف تاکە سەرچاوەیەك، کە هەواڵی عەبدوڵڵای کوڕی گێڕابێتەوە، سەیرەکەین ئیبنو عەباسو عەساکیر لە مێژووەکەیاندا هەندێ ریوایەتیان هێناوە، کە عەرمی سەیفی هەر تێدا نییە، ئەم ریوایەتانە عەبدوڵڵای سەبەء دەسەلمێننو جەخت لە هەواڵەکانی دەکەنەوە[6]، شێخ ئیسلام ئیبنو تەیمیە، کە لە ساڵی (728)ی کۆچی مردووە باس دەکات، کە ئەسڵی رافزییەکان لە مونافیقە زەندیقەکانەوەو داهێنراو داشی عەبدوڵڵای سەبەئی زەندیقەو زیادە رەوییان لە عەلیدا ئاشکرا کردووە، داوای ئیمامەتیان کردووەو دەقی قورئانیان پیدا وتووەو بانگەشەی بێگوناهی عەلییان کردووە[7]، شاتبی، کە لە ساڵێ (790)ی کۆچی مردووە[8]، ئاماژەی کردووە کە بیدعەی سەبەئی لەو بیدعە بیروباوەڕیانەیە، کە پەیوەستە بە هەبوونی خودایەکی تر لەگەڵ خودادا، ئەمە بیدعەیەکە جیاوازە لە بیدعەکانی ترو قسەوباسەکانی تر[9]، لە کیتابی (**خطط**)ی مەقریزیدا کە لە ساڵی ساڵی (845) کۆچی مردووە دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕە سەبەء لە زەمانی عەلیدا هاتوو بیدعەی داتاشیوە وتوویەتی عەلی وەسیەتی خەلیفەیی پێ کراوە، عەلی دەگەڕێتەوە بۆ دونیا، گیانی عەلی دەچێتە قاڵبی خەڵکی تر یان نوسخەی لەبەر دەگیرێتەوە[10]، بەڵام سەرچاوەکانی شیعە ئەوانە کە باسی عەبدوڵڵای سەبەئیان کردووە ئەمانەن کەشی لە موحەممەدی عەولەوییەوە ریوایەتی کردووە دەڵێ: سەعدی کوڕی عەبدوڵڵا بۆی گێڕامەوە ئەویش لە یەعقوبی کوڕی یەزیدەوە، موحەممەدی کوڕێ عیسا ئەمیش لە عەلی کوڕی مهزیارەوە ئەویش لە قوزالەی کوڕی ئەیوبی ئەزدییەوە ئەویش لە ئەبانی کوڕی عوسمانەوە دەڵێ: بیستم لە ئەبا عەبدوڵڵا دەیوت: خودا لەعنەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء، چونکە ئەو عەبدوڵڵایە بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ئەمیری ئیمانداران عەلی خۆی خودایە، وەڵڵاهی ئەمیری ئیمانداران بەندەیەکی گوێڕایەڵی خودایە، وەیل بۆ ئەوەی درۆمان پێوە دەلکێنێو درۆمان بۆ دەکات، خەڵکانێك هەن شتی وا دەڵێن بە ناوی ئێمەوە ئێمە لە دڵی خۆشماندا نایڵێینو نەمان وتووە، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ لای خودا، تەبەرا دەکەین لەوانە[11]. ئەم ریوایەتە لە رووی سەنەدەوە صەحیحە[12]، لە کیتابی (**الخصال**)دا قومی ئەم هەواڵەی ریوایەت کردووە بەڵام گەیاندوویەتییە سەنەدێکی تر، بەڵام خاوەنی (**روضات الجنات**)

---

1 لسان میزان، (290/3، 389).
2 المجر وحسن (253/3).
3 عبدالکریم بم محمد المعاني، توفي عام (563)ه، وتذکره الحفاظ (1316/4).
4 الاناب (24/7).
5 تأريخ دمشق (328/9، 329).
6 تحقيق مواقف الصحابة (298/1).
7 مجموع الفتاوى (435/4).
8 ابراهيم بن موسى، محمد الفرناطي، توفي عام (790)ه.
9 الاعتصام (197/3).
10 المواعظ والأعتيار (356/3، 357).
11 رجال الكشى (324/1).
12 عبدالله بن سيأ الحقيقة المجهول، لمحمد على المعلم (ص30).

باسی ئیبنو سەبەئی کردووە لای خۆی لەسەر زمانی ئەو راستگۆ باوەڕپێکراوەی کە لەعنەتی کردووە لە ئیبنو سەبەو لەبەر تۆمەتی درۆکردنو ساختەکاریو گازەرگێشانی نهێنییەکانو شرۆڤەکردنی نارەسەن (التأویل)([1])، دکتۆر (سەلمان العودە) لە کتێبەکەیدا باسی کۆمەڵێ لەو دەقانە دەکات، کە کتێبە شیعەییەکانو ریوایەتەکانیان فوداوەو ئاخنیویانە، لە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئەوە، ئەم دەقانە لەوەسیقە تۆمار کراوەکان دەچێت، کە موتەئەخیرینی شیعە نووسیویانە هەوڵی ئەوە دەدەن، کە ئینکاری عەبدوڵڵای سەبەء بکەن یان دوودڵی بخەنە هەواڵەکانییەوە بە بەڵگەی کاڵو کرچو سەرچاوەی زەعیفو ئەو سەرچاوانەی کە هەواڵەکان دەگێڕێتەوە([2])، کەسایەتی ئیبنو سەبەو حەقیقەتێکی مێژووییە هیچ لێڵییەکی تێدا نییە لە سەرچاوە سوننییەکانو لە سەرچاوە شیعییەکاندا چ ئەوانەی کۆن یان تازەکانیان وەکو یەك باسی عەبدوڵڵا دەکەن.

هەروەها لای زۆرینەی رۆژهەڵاتناسەکان وەکو (فلهاوزن([3])، فان فولتن([4])، لیفی دیلافیدا([5])، جولد تسهیر([6])، و رینولد نکلسن([7])، دواین رونلدسن)([8])، هەتاکو ئێستاش ئیبنو سەبەو جێگەی گومانەو بە ئەفسانە دەزانرێ، لای دەستەیەکی کەم لە رۆژهەڵاتناسەکان وەکو (کیتانیو بردنارد لویس)([9])، فرید لندر المتأرجع([10]) با ئەوەش بزانین ئێمە پشت بە ئەمانە نابەستین لە رووداوەکانی مێژوومانداا، ئەوەی سەرچاوەکان سەلماندوویانە، بڕیاریان داوە سەرچاوە کۆنەکان یان تازەکان لای سوننیو شیعە جەختی ئەوە دەکەنەوە کەئ یبنو سەبە وجودی هەیەو وجودەکەشی ریوایەتە مێژووییەکان جەختی لێدەکەنەوە، وە کتابەکانی عەقیدە بە لێزمە باسی دەکات، کتێبەکانی فەرمودەو پیاوانو مرۆڤو وێژەو زمان، باسی دەکەنو زۆربەی لێکۆڵەرو توێژەری فەرموودە ناسەکان لەسەر ئەم راستییە کۆکن، دەرکەوتووە یەکەمین کەسێ کە گومانی کرد لە وجودی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء هەندێ لە رۆژهەڵاتناسەکان بوون، پاشان زۆرینەی شیعە پاڵپشتی ئەم بۆچوونەیان کرد بە تایبەتی موحەدیسەکانیان، بەڵکو هەندێکیان ئینکارییی یەکجارەکی ئیبنو سەبەئیان کرد کە مرۆڤی وا هەر نەبووە، پاشان هەندێ توێژەری عەرەبی ئەم سەردەمە ئەوانەی کە سەرسامن بیروبۆچوونی رۆژهەڵاتناسەکان دەرکەوتن ئەمەیا رستووە، ئەوانەش کاریگەرن بە کتێبەکانی شیعەو موحەدیسەکان، بەڵام ئەمانە هەرهەموویان هیچ بەڵگەیەکیان پێ نییەو پاڵپشتیان نییە تەنیا گومانو ئینکارییە ئەم گومانەشیان داوەتە پاڵ ئەندێشەو واهیمەو گریمان([11])، هەرکەسێ دەیەوێت بە فراوانی بچێتەوە ناو ئەو سەرچاوەو مەرجەعانەی کەسوننیو شیعەو رۆژهەڵاتناسەکان نووسیویانە، لە ئیبنو سەبەو باسیان کردووە، با بگەڕێتەوە سەر ئەم کتێبانە (تحقیق موافق الصحابە فی الفتنە) لەنووسینی دکتۆر محمد أمحزون، عبداللە بن سبأ واپرە فی احداپ الفتنە فی صدر الاسلام لەنووسینی دکتور سلیمان بن حمد العودە.

2ـ رۆڵی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء لە جوڵاندنەوەی فیتنەکەدا.

لە ساڵانی کۆتایی خەلافەتی عوسماندا لە ئاسۆی خەلافەتەوە شڵەژان سەری هەڵدا لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە ئەنجامی هۆکارەکانی ئەو گۆڕانەی کە باسمان کرد، هەندێ لە جولەکەکان بۆ هەلێ دەگەڕان دەرکەوتنی هەڵچووەکان کە بوونە کەرەسەی فیتنەو ئەوانەی کە بە ئاشکرا موسڵمان بوونو لە ژێرەوە وانەبوون، بۆ خۆپاراستن ئیسلامیان وەرگرتبوو،

[1] عبداللە بن بأ، العودة، ص (62).
[2] المصدر نفسە.
[3] الخوارج والشیعة، یولیوس فلها وزن، ص(170).
[4] السیادة العربیة والشیعیة والاسرائیلیات، ص (80) فان فولتن.
[5] تحقیق مواقف الصحابة (312/1).
[6] العقیدة والشریعة تلاسلامیة جولد شهیر، ص(29).
[7] تأریخ العرب الآدبي في الجاهلیة وصدر الاسلامي، ص(235).
[8] عقیدة الشیعة، ص(58).
[9] أصول الاسماعیلیة، ص(86).
[10] تحقیق مواقف الصحابة (312/1).
[11] المصدر نفسە.

یەکێ لەم جولەکانە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەو بوو، کە بە ئیبن و سەودا ناسراوە، ئەگەر لێ خوێندن و فوتێکردنی عەبدوڵڵای سەبەء دروست نەبێت وەکو هەندێ لە پێداگرەکان رۆڵەکەی لە فیتنەبازیدا[1] هەڵ دەئاوسێنن هەر بە جۆرەش دروست نییە بکرێتە گومان و دوودڵی و رۆڵەکەی بە سوك و بێ قاویلەت سەیر بکرێت، کە چ دەورێکی هەبوو لە هەڵگیرسانی فیتنەدا وەکو کەرسەیەك لە کەرسەکانی فیتنە، کە بەڵکو ناهەموارترین و ترسناکترین هۆکاری فیتنەکە بوو هەرچەندە کەش و دۆخەکە ساز درابوو بۆ فیتنەو کۆمەڵێ هۆکاری تر دەستواری بوو، مەبەست لەو کارانەی ئیبن و سەبەو کردی ئەو راوبیرو باوەڕە بوو، کە بانگەشەی بۆ دەکردو خۆی هەڵێدەبەست بە کەیفی خۆی و دڵە جوولەکەییە کینەبازەکەیەوە دروستی دەکردو رێکیدەخست و بۆ مەرامەکانی رەواجی پێدەداو دەی هۆندەوەو ئامانجەکانی پێ دەچاند، ئەو کابرایە دەستێك بوو لە کۆمەڵگەی ئیسلامیداو ئیرەیی بەسەر بڵندی و یەکێتیی موسڵمانان دەبردو ئاگری فیتنەی هەڵدەخشان و تۆوی دووبەرەکی دەچاند لە نێوان تاکەکانی موسڵماناندان ئەم کابرایە لە جوولەی ئەو هۆکارانەبوو کە بوونە مایەی کوشتنی ئیمامی عوسمان و ئومەت بوو بەگرۆ گرۆو حیزب حیزب[2].

پوختەی ئەم قەناعەتانەی عەبدوڵڵا کە هاوردی لە سەرەتاوە کۆمەڵێ دەستپێکی راست و جوانی هێنا، بەڵام پەیامێکی بودەڵەو خراپی لەسەر بنیات ناو لە لای کاڵ فام و تیژپەڕەکان و هەوەسبازەکان رازاندییەوەو رەواجی پێدا، لەمەوە رێگەیەك لە رێگەکانی خواروخێچی خۆش کرد، بەڵام کەسانی چواردەوری باش حاڵی نەدەبوون لە رایەکانی بۆیە کۆبوونەوە لە لای ئەویش دەرگای قورئانی بۆ کردنەوە بە مەرامە گلاوەکانی قورئانی بۆ تەئویل کردن و بەم چەشنە وتی: (سەرم سوڕ دەمێنێت لەو کەسانەی گومانیان وایە عیسا دەگەڕێتەوە کەچی باوەڕیان نییە موحەممەد دەگەڕێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ)، کەواتە موحەممەد زیاتر شایەنی گەڕانەوەیە هەتا عیسا)[3]، هەروەها رێگەیەکی قیاسی فاسدی کردەوە بۆ بانگەشەکردن لەسەر ئیسپاتکردنی وەسیەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ عەلی، کە عەلی میراتگری جێگرەوەی بێت، بەم قسەیە پاساوی دەهێنایەوە، کە (هەزار پێغەمبەر هەبووە، هەر پێغەمبەرێکیش جێگرەوەی هەبووە، عەلیش جێگرەوەی موحەممەد ﷺ)، پاشان دەیوت: (موحەممەد ﷺ دواهەمین پێغەمبەرە، عەلیش دواهەمین جێگرەوەیە)[4]، کاتێ ئەم بۆچوونانە لە ناخی شوێنکەوتەکانیدا جێگەی گرت ئیتر هەنگاوی نا بۆ ئامانجە نەخشەکێشراوەکانی، ئەویش دەرچوونی خەڵکە لە فەرمانی خەلیفە عوسمان، ئەم حەزو ئاواتەش لە ناخی هەندێ لەو کەسانەی چواردەوریدا سەری گرت، ئەویش پێی وت: (باشە کێ لەوە زاڵمترە، وەسیەتی پێغەمبەر ﷺ بشکێنێ و پێ بخاتە سەر وەسیەتی پێغەمبەر ﷺ، خۆی بکاتە فەرمانڕەوای ئومەت)، پاشان پێی وتن، کە عوسمان ئەم خەلافەتەی بە ناحەق وەرگرتووە، چونکە لە وەسیەتی پێغەمبەر ﷺ لایداوە، ڕاپەڕن بۆ راستکردنەوەی ئەم کارەو بیجوڵێنن و دەست بکەن بە توانجدان لە والییەکانی عوسمان و فەرمان بکەن بە چاکەو رێگری بکەن لە خراپە خەڵکیش مەیلی دەسوڕێ بەلاتانداو بانگیان بکەن بۆ ئەم کارە گرنگە[5]، بەم شێوەیە جاڕچییەکانی پرش و بڵاو کردو کتاب و نووسراوی نووسی بۆ ئەوانە، کە نالەباربوون لە شارەکاندا ئەوانیش بۆیان دەنووسییەوە، رایەکەی خۆیانیان بە نهێنی دەهێشتەوە لەسەریشەوە خۆیان وا نیشان دەدا، کە فەرمان بە چاکەو رێگری لە خراپە دەکەن، نامەیان دەنووسی بۆ خەڵکی شارەکان بە نوسینێك بوو کە هەرچی نەنگی و خواری والییەکان بوو تیایدا دەنووسی و براکانیشیان لە شارەکان بەم چەشنە وەڵامی یەکتریان دەدایەوە، لەم شارەوە بۆ ئەو شار بەم دەستوورە ئەم جاڕچییەیانە هەر یەکەیان لە شاری خۆیدا بڵاویان دەکردەوە بۆ ئەوەی ببێتە

---

[1] مثال سعيد الافغاني في كتابه (عائيشة والسياسة).
[2] تحقيق مواقف الصحابة (327/1).
[3] تاريخ الطبري (347/5).
[4] المصدر نفسه.
[5] المصدر نفسه.

چەرەساتی خەڵكی شارو بە پانتایی زەویدا پەخش ببێتەوە، ئەمانە ئەو مەبەستەیان هەبوو كە دەربڕیان نەدەكرد پێچەوانەی ئەو شتە دەجوڵانەوە كە رایان گەیاندبوو، بە پەنهانی كاریان دەكرد خۆیان دەر نەئەخست ئەهلی میسر وتیان (ئێمە سەلامەتین لەو شتانەی كە ئەوان پێوەی گیرۆدەبوون، ئەهلی مەدینە لە هەرهەموو شارەكانەوە نامەی گلەیی‌و شۆڤاری هات بۆیان وتیان ئێمە سەلامەتین لەو شتانەی خەڵكی تێی كەوتوون)، لەم دەقەوە ئەو شێوازە دەردەكەوێت كە عەبدوڵڵای كوڕی سەبەء پەیڕەوی كردووە ئەویش ویستوویەتی كە كێشەو ناكۆكی بخاتە ناو خەڵكی لەنێوان دوو هاوەڵ لە چاوی خەڵكدا[1].

یەكێكیان دابنێت بە حەق لێ زەوتكراوو مەزڵوم ئەویش (عەلی)یە، دووهەمیشیان دابنێت بە حەقخۆر ئەویش عوسمانە، پاشان دوای ئەمە هەوڵی داوە خەڵكی ببزوێنێت بە تایبەتی لە كوفەدا دژی ئەمیری والییەكان بە ناوی فەرمانكردن بە چاكەو رێگری كردن لە خراپە، ئەمانەش بۆ بچوكترین رووداو دەخرۆشانە سەر والییەكان‌و دەوروژان، باش بزانە عەبدوڵڵا زۆر گرنگی دەدا بەو عەرەبانەی كە كەرسەیەكی خاو بوون‌و لە باربوون بۆ بەجێهێنانی پیلانەكانی ئەعرابە قورئانخوێنەكانیان هەڵدەناو ئیشتیبایان دەكردن بە ناوی فەرمان كردن بە چاكەو رێگری كردن لە خراپەو تەماعبازەكانیان بە پڕوپاگەندەی ڕەقاوی‌و دەست هەڵبەست هەیەجان پێ دەكردن‌و دەیانهێنانە چەپۆكان لە دژی ئیمامی عوسمان، بۆ نموونە دەیان وت: عوسمان هەرگوێ بە خزمەكانی خۆی دەدات‌و بە لێشاو لە بەیتولمالی موسڵمانانیان پێ دەبەخشێ‌و پاوەن قۆرغ دەكات بۆ خۆی‌و شتی تر لەو تۆمەت‌و تەشەرانەی كە دەروونی غەوغاچییەكانی پێ دەبزوا لە دژی عوسمان، پاشان ئەم كابرایە دەستەو تابیعەكەی خۆی تێزە دەدا بۆ ناردنی نامەو گەیاندنی هەواڵە خراپە هەراسانكەرەكان لە شاری خۆیانەوە بۆ شارەكانی تر بە هەمان شێوە خەڵكی هەموو شارەكان وا بیریان دەكردەوە بارودۆخ ئەوەندە خراپ بووە زیاتر هەڵناگرێ‌و بارودۆخ تەواو تێكچووە، ئەوەی كە سوودی لە بارودۆخەكە وەرگرت سەبەئییەكان بوو، چونكە خەڵكی قسەكانی ئەمانی حەواندو كەڵكی ئەوەیان وەرگرت كە بڵێسەی ئاگری فیتنە هەڵگیرسێت لەناو كۆمەڵگەی ئیسلامیدا[2]، ئیمامی عوسمانیش هەستی كرد بەم حاڵەتە كە شتێك لە ژیانی شارەكاندا هەیەو گێژی دەدەن‌و ئوممەت دراوە بەشەڕو ئاژاوە، بۆیە وتی: (وەڵڵاهی ئاشی فیتنە ئەگەڕێ‌و دەستی پێ كردووە خۆشبەختی بۆ ئیمامی عوسمان ئەگەر بمرێ، بەڵام دەستكاریی نەكاو نەیجولێنێت)[3].

ئەو شوێنە كە ئیبن‌و سەبەء كردی بە هێلانە لە میسر بووە لە میسریشدا كە سانێك هەبوو دەنگۆیان دەتەندەوە دژی عوسمان، خەڵكی دنە دەدا، كە روو بكەنە شاری مەدینە وروژاندنی فیتنە بینوی ئەوەی، كە عوسمان بە ناحەق خەلافەتی گرتووەتە دەست‌و عەلی یان بە جێگرەوەی پێغەمبەر ﷺ حساب دەكردو باسی وەلی عەهدی پێغەمبەری ﷺ، مەبەستی ئیمامی عەلی بوو[4]، بە نووسینێك قۆپی كرد لە خەڵكەكە ئیدیعای ئەوەی كرد كە ئەم نوسراوە لە هاوەڵە مەزنەكانەوە ریوایەت كراوە، تەنانەت چوو بۆ لای ئەعرابەكانی مەدینەی منەورە كۆبوونەوەی كرد لەگەڵ هاوەڵاندا كەسی دەست نەكەوت پشتی بگرێ‌و لەسەری بێت‌و تەبەرایان كرد، لەو نامەو كیتابانەی كە درابووە پاڵیان‌و بە ناوی ئەوانەوە بڵاوی كردبووەوە، كە خەڵكی هان بدەن لەسەر ئیمامی عوسمان[5]، ئیمامی عوسمانیش هاتە رێگەی ئەم ئاژاوە چیانەو هەق‌و ناهەقی بۆ لێكدانەوە، بەڵكو وتووێژی لەگەڵ كردن دەربارەی ئەو شتانەی دابوویانە پاڵی‌و بەرپەرچی درۆ هەڵبەستەكانیانی دایەوە، كارە راست‌و دروستەكانی بۆ لیخن كردن، هەتا یەكێ لە ئەعرابییەكان كە مالیكی كوڕی ئەشتەری نەخەعی بوو

---

[1] تاريخ الطبري (348/5).
[2] الدولة الأموية، يوسف العش، ص(68)، وتحقيق مواقف الصحابة (330/1).
[3] تاريخ الطبري (350/5).
[4] تحقيق مواقف الصحابة (330/1)، تاريخ الطبري (348/5).
[5] تحقيق مواقف الصحابة (330/1)، تاريخ الطبري (365/5).

وتی: لەوانەیە ئەمە فێڵێك بێت و بەسەر ئێوەدا بێت[1] ئیمامی زەهەبی دەڵێت عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء هەڵگیرسێنەری فیتنەیە لە میسرداو ئەو تۆوی دووبەرەکی میحنەت و تەنگو چەڵەمەی چاندووەو بەشاندوویەتی بەسەر والییەکاندا بەسەر ئیمامی عوسماندا[2] لەم کارەشدا ئیبن و سەبەء تەنیا نەبووە، بەڵکو کارەکانی لە ناواخنی تۆڕێکدا بووە لە موئامەرەچییەکان و هەزار پێیەك بووە لە دروستکردنی شێوازەکانی فیل و تەڵەکەو ساختەچییەتی و چنینو دۆزینەوەی ئەعراب و قورئانخوێنەکانیانداو غەیری ئەمانەش ئیبن و کەسیر ریوایەتی کردووە کە یەکێك لە هۆکارەکانی هاندان لەدژی عوسمان و هەڵنانی حزبەکان بۆ سەر عوسمان دەرکەوتنی عەبدوڵڵای سەبەء و رۆشتنی بوو بەرەو میسرو بڵاوکردنەوەی ئەو قسانەبوو کە لەلایەن دەروونی خۆی بەوە دایتاشیبوو هەڵیبەستبوو، خەڵکێکی زۆری ئەهلی میسری پێ موبتەلا بوو[3]، مێژوونووس و زانا ناودارەکانی پێشین و ئەم ئوممەتەو پاشینەکەیشی رێکن لەسەر ئەوەی عەبدوڵڵای سەبەو لەناو موسڵمانانندا بە کۆمەڵێ بیروباوەڕو هزرەوە دەرکەوت و پلانی سەبەئییەکانی کێشا بۆ ئەوەی موسڵمانان لە دینەکەیان دوورکەونەوەو پێچی تێدەن و لە گوێڕایەڵی ئیمامەکەیان دەرچن و دووبەرەکی و ناکۆکی بخەنە نێوان موسڵمانان، کۆمەڵێ خەڵکی ئاژاوەچی لە دەوری کۆبوویەوەو تاقمی سەبەئی لێ پێك هات ئەو سەبەئییەی کە ناسراوە بە هۆکارێ لە هۆکارەکانی ئەو فیتنەیەی کە بە کوشتن ئەمیری ئیمانداران عوسمان کۆتایی هات، ئەوەی ئاشکرا بووە لە پیلانی سەبەئییەکان ئەوەیە، کە زۆر تەنزیمیان هەبووە، زۆر لێزان بوون لە ئاراستەکردن و پەخش کردنەوەی بیروبۆچوونەکانیاندا بۆ ئەوەی ببێتە جڵەوکێشی پڕوپاگەندەکانی و کاریگەری بخاتە نێوان ئاژاوەچی و کاڵفام و شوانەکان هەروەها زۆر چالاك بوون لە دروستکردنی لق و شانە لە بەسرەو کوفەو میسرو دەمارگیری خێڵایەتییان دەقۆستەوە وە مەکۆی نارەزایی ئەعراب و کۆیلەو ژێردەستەکانیان دەوروژاند زۆر لێزانبوون بۆ ئەو شوێنانەی کە لە ژیانی خۆیاندا حەساسن و بەچی حەساسییان بەرز دەبێتەوە[4].

[1] تحقيق مواقف الصحابة (331/1).
[2] المصدر نفسه (338/1).
[3] البداية والنهاية (167/7، 168).
[4] تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة، ص(339).

بەشی حەوتەم:

کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان

باسی یەکەم: هەڵگیرسانی فیتنە

درۆزنە داخ لەدڵەکان لە لابردنو بەرکەنارکردنی وەلیدی کوڕی عەقەبەدا سەرکەوتنو لە والییەتی کوفە لایان بردو عوسمانیش سەعیدی کوڕی عاصی دەستنیشان کردو کردی بە والی تازەی کوفە، کاتی سەعید گەشتە ویلایەتی کوفە چووە سەر مینبەرەکەو سوپاسو ستایشی خودای کردو وتی: (ئایا دەزانن فیتنەو ئاژاوە سەری دەرهێناو لەناوتاندا؟ وەڵڵاهی ئەکێشم بە رومەتیدا هەتا لە بێخ دەری دەهێنم، یان زاڵ دەبێت بەسەرمدا ئەو رۆژە دەبمە جڵەوگیری دەروونی خۆم)[1].

پاشان سەعید سەردانی ئەهلی کوفەی کردو ئەحواڵی پرسینو راوبۆچوونی خەڵکی هەڵسەنگاند دەرکی کرد فیتنە قووڵ رۆچووە کۆمەڵێ خەواریجو داخ لەدڵو دوژمنی ئیسلام تۆپەڵیان بەستووە، بۆ فێڵ و تەڵەکەو ئاژاوە نانەوە، شوانو هەرچیو پەرچیو ئەعرابو ئاژاوەچییەکان چوونەتە سەر قەناعەتیان[2]، سەعیدیش نامەیەکی نووسی بۆ ئەمیری ئیمانداران عوسمانو هەواڵی ئەوو وەزعە هەڵبەقو بەڵەقەی کوفەی تێیدایە نووسیبووی: (ئەهلی کوفە کاروبارەکانیان هەڵشێواندووەو شلۆغ کردووە، خەڵکی ماقوڵو بەشەرەف پەراوێز خراوە پێشینو مێژینەکانیان فەرامۆش کردووەو ئەوەی دەنگی سوارە پاشینە پاشکۆکانو ئەعرابە رەجاڵەکانە تەنانەت کەسێکی ماقوڵو ئەزموونداری تێدا نییە!..)، ئیمامی عوسمانیش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە، نامەیەکی بۆ ناردو داوای لێ کردبوو بارودۆخی خەڵکی رێك بخاتەوەو لەسەر بنەمای جیهادو پێشینەیی پۆلێنیان بکاتەوەو ئەهلی عیلمو راستگۆو جیهاد بخاتە پێشی ئەوانی ترەوە، تێیدا نووسیبووی: (ئەهلی دەستپێشخەرو پێشینەکان بخە پێشی ئەوانی ترو فەزڵیان بدە بەسەر ئەوانی تردا، چونکە خودای گەورە لەسەر دەستی ئەمانە شارو وڵاتانی رزگار کرد، ئەوانەی کە دوای ئەمانە چوونەتە ئەو وڵاتانەو پاش فەتحکردن تێی چوون وەکو ئەعرابەکان بخە دوای پێشینە موجاهیدەکان مەگەر ئەو پێشینانەی، کە سستییان کردووە لە جیهادو گەیاندنی حەقو پێی هەڵنەستاونو پاشینەکانیان کردوویەتی، پێگەی هەموو مرۆڤێ بپارێزەو حەقی هەر هەموویان بە دادپەوەریی بدە، چونکە ناسینی کەسایەتی مرۆڤەکان دەتگەیەنێت بە دادپەروەری نێوانیان)[3].

سەعد هەستا بە جێبەجێکردنی تەوجیهاتەکانی عوسمانو هەواڵی دا بە خەلیفە کەچی کردووەو چۆنی کردووە، عوسمان هەستا ئەهلی (حل و عەقد)ی کۆکردەوە لە مەدینەو هەواڵی بارودۆخی کوفەی پێدانو باسی داچوونی فیتنەکەی کوفەی بۆ کردن، وێڕای لێپێچینەوەکانی سەعیدی کوڕی عاص کە رووبەڕووی بووەتەوە، ئەوانیش وتیان: (کارێکی پەسەندت کردووە پێکاوتە، ئەهلی فیتنە چاوشکێن بکەو بۆ هیچ شتێو مەیانخە پێشی خەڵکانی ترو خواردەمەنیو بژێوییان مەدەرێ و کارێکیان پێ مەسپێرە کە شایستەیان نەبێت، چونکە ئەگەر کارێك بدەیتە دەستیانو شایستەیان نەبێت ئەوکاتە جێبەجێی ناکەن، بەڵکو کاولی دەکەن)، ئیمامی عوسمانیش وتی بەوان: (ئەی ئەهلی مەدینە خەڵکی ملیان ناوە بەرەو فیتنە ئێوەش خۆتان ئامادەکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی، دەست بگرن بە حەقەوە بەم زوانە هەواڵی فیتنە دەبیستنو یەك بەیەکیتان بۆ دەگێڕمەوە)[4].

یەکەم: هەوەسبازەکان ئازاریان دەچەشت بە چاکسازییەکان

خەڵکی رەشۆکیو شوانو عەرەبە وشکەکان پەستو نارەحەتی ئەوەبوون هاوەڵە پێشینەکانو تێکۆشەرەکانو زانایانو خواناسەکانو ستەمدیدەکانیان دەخستە پێشی ئەوانو فەزڵیان دەدا بەسەریانداو بانگ دەکران بۆ کۆڕو دانیشتنو راوێژکردنو سەرۆکایەتی وایان لێ هاتبوو رەخنەو گلەییان دەگرتە ئەو والییانەی کە ئەمانەی پێش دەخستو راوێژی پێدەکردنو ئەم کارەیان بەفەرقو جیاوازیی دادەناو بە وشکیو ئایخیان حسێب دەکرد بۆ خۆیانو بەبێ رەواجیو نادانیان

---

1 تاريخ الطبري (380/5).
2 الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(133).
3 تاريخ الطبري (380/5).
4 المصدر نفسه (381/5).

دادەنا بۆ خۆیان، مرۆڤە کینەبازوو دوابڕاوەکان ئەم رایەیان قۆستەوە لە دڵی خۆیانداو بێزاریو ناڕازییەتیان چاند لە دەروونی خەڵکدا دژی خەلیفەو دەوڵەتو کارەکانی سەعیدی کوڕی عاصیان رەفز کردەوەو پڕوپاگەندەیان لە دژی سەعید بڵاوکردەوە لە نێوان خەڵکیدا، خەڵکی کوفە بە گشتیی قسەو قسەڵۆکی ئەم داخ لەدڵانە رەفز کردەوە، بە دەرچوونیان دانانو بە قسەیان نەکردن، بەڵام داخ لە دڵەکان لێی بێدەنگبوونو دڕدۆنگییەکەیان شاردەوەو دەبریان نەدەکرد، چونکە زۆربەی زۆری موسڵمانان ڕەفزی قسەی ئەوانی دەکرد، بەڵام بە نهێنیی لایەنگرە عەرەبە دەشتەکییەکانو غەوغاچییەکانو داخ لە دڵە هەڵخەڵەتێنراوەکانیان تێ دەگەیاند[1]، دوژمنە سەرسەختەکان لە جولەکەو گاورو ئاگرپەرستەکان موئامەرەیان دەکرد لە دژی ئیسلامو موسڵمانانو پڕوپاگەندەی درۆینەیان بڵاودەکردەوە لە دژی خەلیفەو والییەکانو ئەو هەڵەو سەهوانەیان دەچنییەوە کە لە هەندێکیان دەردەکەوت لە ئەنجامی هەیەجانی عامەی خەڵکی لە دژیانو سەدان درۆو ساختەو دەست هەڵبەستیان پێوە دەلکاند ئامانجیشیان بڵاوکردنەوەی فەوزاو بەرەڵڵاییو قوڵکردنەوەی تەفرەقە بوو لە نێوان موسڵماناندا ئەمانەشیان بۆ خزمەتکردنی کینەو داخو غەیری خۆیان بوو دژی ئەو ئیسلامەی کە زاڵبووبوو بەسەر دیانەتە پوچەڵەکەیانداو نیزامی حوکمی ئیسلام دەسەڵاتی روخاندبوونو هەڵقەی وڵاتی دابوو، دەستی کێشابوو بە سەر سوپاکەیاندا، ئەم دوژمنانە خۆیان سازدابوو بۆ بە دەستهێنانی مەرامەکانیان، ئەم سەرسەختانە لە خەڵکی رەشۆکی شوانو گێلو گەمژە پێکهاتبوون، داخ لەدڵەکانیش چواردەوریان گرتبوونو تەمییان دەکردنو تیژیان دەکردنەوەو خێزەیان دەدان دژی خەلیفە یان یەکێك لە ئەمیرەکانی، ئەم دوژمنانە کۆمەڵێیەکی نهێنییان پێکەوەنا کە پڕ چەپەڵی بوو ئەو کەسانەیان کردە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە کە دەهاتن بە دەمیانەوەو بووبوون بە شوێنکەوتەیان لە شارە گەورەکانو هەرێمە تازەکانو تۆڕی پەیوەندیی نێوانیان کردبووە نهێنیی[2] و گەورەترین لقی ئەم دەستە گڵاوە لە کوفەو بەسرەو میسر بوو، لە شامو مەدینەی منەوەرەش هەندێ ئەندامیان هەبوو[3].

دووەم: عەبدوڵڵای سەبەئی جووڵەکە سەردەستەی عەصابەکان بوو

عەبدوڵڵای سەبەئی تاوانکار وەسیەتی کردبوو بۆ شوێنکەوتەکانی لە ناو ئەو کۆمەڵە سڕییە نەگریسەدا کە لە هەموو شارەکاندا بڵاوەیان کردبوو، پێی وتن: (راپەڕن لەم پێناوەداو بوڵێنو سەرەتا دەست بکەن بە توانجو تەشەردان لە والیو ئەمیرەکانو ئەو کاربەدەستانەی کە خەلیفە دەستنیشانی کردوونو بشڵێن فەرمان بە چاکەو رێگریی لە خراپە دەکەین[4]، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی رابکێشن بە لای خۆتانداو بانگەشەیان بکەن بۆ ئەم شۆڕشە)، عەبدوڵڵای سەبەء جارچییەکانی پرشو بڵاو پێکرد بە شارەکانداو نامەی نووسی بۆ شوێنکەوتەکانی ئەوانەی، کە گەندەڵ بوون لە شارەکانداو خۆیان دابووە پاڵ عەبدوڵڵا، ئەوانیش وەڵامی نامەکەیان دەدایەوە، عەبدوڵڵا شوێنکەوتەکانی دەجوڵاند لە شوێنەکانی تر بەڕاو بۆچوونەکانیو بانگی لایەنگرەکانی دەکرد بە نهێنی بۆ ئەوەی هەڵگەڕێنەوە لە والییو خەلیفە کار بکەن، بۆ لابردنی عوسمان لەسەر خەلافەتی ئەم دوژمنانە بە رواڵەت وایان دەردەخست کە فەرمان بە چاکە و رێگری لە خراپە دەکەن، بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر دەروونی خەڵکیو سەرنجی خەڵك رابکێشنو فریبیان بدەن، شوێن کەوتەکانی ئیبنو سەبەء دەستیان کرد بە درۆ هۆنینەوەو هەڵبەستن لەبارەی هەڵەو عەیبی ئەمیرو والییەکانو لە کاتێکدا بڵاویان دەکردەوەو دەیان گەڕاند بە شارەکانداو بۆ یەکتربیان نارد خەڵکی ئەم شارە کیتابی لێ خوێندنی دەنووسیو دەینارد بۆ شارێکی ترو پڕی دەکرد لە

---

[1] الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(134).
[2] الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(14).
[3] المصدر نفسه ص(124).
[4] تاريخ الطبري (348/5).

درۆو دەلەسە، خەڵکی شارەکانیش ئەم نوسراوە ساختەکارییەیان دەخوێندەوە بەسەر خەڵکداو گشتیی عەیب گرتن و هەڵە دۆزینەوەی والییەو ئەمیرەکان بوو دەیان بیست بۆ ئەوەی ئەوانیش گوێ هەڵخەن بۆ تەنگی و هەڵەی والییەکان خەڵکی شارەکانی تر دەیان وت ئێمە شوکر سەلامەتین لەو نارەحەتیانەی هاتووە بەسەر موسڵماناندا هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام ئەو قسانەی دەیان بیست تەصدیقیان دەکردو دەیان حەواند، ئا بەم شێوەیە سەبەئییەکان زەوییان گەندەڵ کرد، سەریان لە موسڵمانان شێواندو دروشمیان لەت و پەت کرد ناجۆرییان خستە نێوا برایەتی و یەکێتیی خەڵکەوە خەڵکیان دنەداو هەڵیان چاند دژی والی و ئەمیرەکان و چەندین ئیفتیراو پاڵاتتەیان بڵاو کردەوە دژی خودی عوسمانی خەلیفە، ئا بەم تاوانە رێکخراوە موتاڵاکراوە، کە بەوپەڕی لێزانییەوە چنرابوو ئەو شتەیان دەیوست کە دەریان نەدەخست و ئەو مەرامەیان دەشاردەوە، کە بانگەوازیان بۆ نەدەکرد، ئامانجیان لابردنی ئیمامی عوسمان و دەستگرتن بە سەر دەوڵەتی ئیسلامدا[1] بوون ئیبن و سەبەء رووی کردە شام بۆ ئەوەی سەر لە هەندێ کەسی ئەوێ بشێوێنێت و سەرەنجیان راکێشێت، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو ئامانجە شەیتانییەکەی بەدی نەهات، چونکە مەعاویە لە کەمیندا بوو[2] بە تەوەرەی خۆیەوە بوو، چووە بەسرە بۆ ئەوەی شوێنکەوتووە سنوربەزێنەکان و داخ لەدڵەکان و شوانە گەمژەکان هەڵخزێنێ ئەوکاتە والی بەسەر عەبدوڵڵای کوڕی عامری کورەیز بوو پیاوێکی بڕیاربەدەست و دادوەرو راساڵ بوو، کاتی ئیبن و سەبەء گەشتە بەسرە چووە ماڵی پیاوێکی پیس و نالەبار کە بە شەقاوەو چەتە ناسراوبوو ئەویش حەکیمی کوڕی جەبلە بوو[3]، هەواڵ گەیشت بە عەبدوڵڵای عامر، کە پیاوێکی نامۆ لای حەکیمی کوڕی جەبلە لایداوە میوانی ئەوە، حەکیمی کوری جەبلە پیاوێکی دزو جەردەبوو، کاتێ سوپاکانی جیهاد گەڕانەوە بۆ بەسرە، حەکیم خۆی دواخست و نەگەڕایەوە بۆ ئەوەی لە وڵاتی فارسەکاندا فەساد بنێتەوەو غیرەتی ئەهلی زیمە بجولێنێت و دەستدرێژیی بکەنە سەر زەوی موسڵمانان و بە کەیفی خۆیان لێی ببڕن، ئەهلی زیمەو موسڵمانان سکاڵایان گەیاندە ئیمامی عوسمان ئەویش نوسراوێکی نووسی بۆ عەبدوڵڵا عامر پێی وتبوو: (حەکیمی کوڕی جەبلە) زیندانی بکەو مەهێڵە بچێتە دەرەوە، هەتا ئەقڵ و هۆشی دەردەکەوێت، عەبدوڵڵای عامریش لە خانووەکەی خۆیدا زیندانی کردو نەیدەتوانی لە بەسرە دەربچێت، ئا لەو کاتەی کە حەکیمی کوری جەبلەی دزو جەردە لە ژێر مانەوەی زۆر کاریدا بوو، لە خانووەکەی خۆیدا، عەبدوڵڵا سەبەئی جولەکە لایدا لای و رابەرایەتی[4] و کینەو داخ و گازندەو یاخیبوونەکەی حەکیمی قۆستەوەو سازیدا بۆ مەرامەکانی، حەکیمی جەبلە بوو بە داردەستی ئیبن و سەبەء لە بەسرەدا، حەکیمیش هەستا سەرسەختە لەرێ دەرچووەکان هاوچەشنی خۆی ناساند بە ئیبن و سەبەء، ئیبن و سەبەئیش ئەفکارەکانی خۆی چاند لە ناخیداو کردنی بەسەربازی کۆمەڵە سرپیە نەگریسەکەی، ئیبن و سەبەء کاتێ عەبدوڵڵای عامر زانی بە ئیبن و سەبەء بانگی کردو پێی وت تۆ کێی؟ وتی: من عەبدوڵڵای سەبەئم، پیاوێکی ئەهلی کیتابم و ئیسلامم بۆ باسکراوە منیش موسڵمان بووم، باسی پەنای تۆم بۆ کراوەو حەزم بە سایەی تۆیە و هاتوومەتە لاتان، عەبدوڵڵای عامر وتی: ئەم قسانە چییە لێتی دەبیستم لە ویلایەتی من دەرچۆ بڕۆ، عەبدوڵڵا لە بەسرە دەری کردو ئیبن و سەبەء بەسرەی بەجێهێشت، دوای ئەوەی چەند پیاوێك و چەند شوێن کەوتەیەکی تیا بە جێهێڵاو کردنی بە لقێکی حزبی سەبەئی جوولەکە، ئیبن و سەبەء چوو بۆ کوفەو لەوێ کۆمەڵێ پیاوی مونحەریفی دەست کەوت و ئامادەباش بوون بۆ پیشوازی کردنی و سازیدان و کردنی بە حزب و جەماعەتی خۆی و لەوێ هێلانەی دروست کردو هێلکەی کردو جووجەڵەی هەڵهێناو کاولی کردو فەسادی نایەوە، کۆمەڵێ خەڵکی گەمژەو گاوان و لۆرە حەزیان پێ کردو خۆیان دایە پاڵی بە تایبەتی ئەوانەی کە داخ لەدڵ و تاوانبارو یاخیبووەکان بووە، ئیبن و سەبەو پەیوەندی نهینی پێکەوە دروستکرد لە نێوان بنکەکەی خۆی و شوێنکەوتەکانیدا لە مەدینەو بەسرەو

---

[1] الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(126).
[2] المصدر نفسه.
[3] المصدر نفسه (128).
[4] الأزعر: سيئ الخلق.

کوفەو میسر، عەبدوڵڵا پیاوەکانی دەسوڕاند لە نێوان ئەم شارانەدا[1]، هەوڵو کۆششی ئیبنو سەبەء و دارو دەستەکانی ماوەی شەش ساڵی خایاندو کارە شەیتان ئاساکانیان لە ساڵی سیدا دەستی پێکردو لە کۆتایی ساڵی سی و پێنجی کوشتنی ئیمامی عوسماندا سەرکەوتنو لە درێژایی خەلافەتی ئیمامی عەلیدا هەر فەسادیان دەخستەوە، سەبەئییەکان بڕیارندا سەرەتای فیتنەکەیان لە کوفە دەست پێ بکەن[2].

سێیەم: ئەهلی فیتنە لە مەجلیسی سەعیدی کوڕی عاصدا فەسادو ئاژاوەیان دەنایەوە.

ڕۆژێ لە ڕۆژانی ساڵی (33)ی کۆچی سەعیدی کوری عاص لە دانیشتنێکی گشتیدا دانیشتو عامەی خەڵکی لە چواردەوری بوو، لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆیان دەکردو مشتومڕیان دەکرد، ئەم خەواریجە سەبەئییەیانە دزەیان کردە ناو ئەم مەجلیسەو کاریان بوو فەسادو وێران کردنی دەکردو ئاگری فیتنەیان خۆش دەکردن قسەو وتوێژ هاتو چوو لەو دانیشتنەدا، لە نێوان سەعیدو یەکێ لە ئامادەبواندا، کە خونەیسی کوڕی حوبەیشی ئەسەدی قسەیەك دروست بوو، گرفت کەوتە نێوانیانو ڕای جیاوازیان هەبوو، حەوت خەواریجیش کە فیتنەچی بوون، ئاژاوەگێڕبوون لەوێ دانیشتبوون، ئەوانەش جوندوبی ئەزدی بوکە کوڕە دزەکەی خۆی کوشتی بە هۆی ئەوەی، کە بەشداریی کردبوو لە کێشەی پیاوکوژیداو یەکێکی تریان ئەشتەری نەخەعی بووە، ئیبنو ئەلکەواو بووە، صەعصەعەی کوری صوحان بوو، ئەم فیتنەبازانە ئەم هەلەیان گرتەوەو هەستان بۆ لێدانی خونەیسی ئەسەدی لە مەجلیسەکەداو باوکی خونەیسیش هەستاو یارمەتی داو رزگاری کرد لێیاندا سەعیدیش هەوڵیدا دەستیان بگرێتو لە یەکتری نەدەن دەستیان هەڵنەگرتو کورو باویکان بوراندەوەو ڕایان کرد بە لێدان لەولاوە خێڵی ئەسەد هاتن بۆ تۆڵەکردنەوەی نەوەکانیانو خەریك بوو جەنگ بکەوێتە نێوان هەردوو گرۆیەکە، بەڵام سەعید توانی کارەکانی چاك بکاتو ئاشتیان کاتەوە[3] کاتێ ئیمامی عوسمان بەم ڕووداوەی زانی داوای کرد لە سەعید کە ئەو مەوزوعە بەدانایی چارەسەر بکاتو فیتنەبازەکان بخاتە تەنگەبەرییەوە هەتا دەتوانێت، خەواریجە فتولەکان ڕۆشتنەوە بۆ ماڵی خۆیانو دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەندەو درۆ بوختانیان هەڵبەستن لە دژی سەعیدو لە دژی عوسمانو دژی پیاوماقوڵی ئەهلی کوفە، کوفە بێزارو بوو لێیانو داوایان کرد لەسەعید سزایان بداتو تۆڵەیان لێ بسێنێت، سەعیدیش پێی وتن عوسمان قەدەغەی کاری وایکردووە لێم، ئەگەر حەزدەکەن سزایان بدەم هەواڵ بدەن بە ئیمامی عوسمان، ئەشرافو ڕاساڵەکانی ئەهلی کوفە نوسراوێکیان نووسی بۆ ئیمامی عوسمان دەربارەی ئەم چەند کەسەو داوایان لێ کرد لە کوفە دەریان بکاتو دوریان خاتەوە، چونکە ئەمانە شەرفرۆشو کاولکەری موفسیدن، عوسمانیش فەرمانی کرد بە سەعیدی کوری عاص والی خۆی لە کوفە دەریان بکات، ئەمانەش دە پانزە پیاو بوونو سەعید بە فەرمانی عوسمان ناردنی بۆ شام، بۆ ژێر دەستی مەعاویەو عوسمان لە بارەی ئەمانەوە نوسراوێکی نووسی بۆ مەعاویە، پێی وت: (ئەهلی کوفە چەند کەسێك دەنێرن بۆ ژێر دەستی تۆ، ئەوانە بۆ فیتنەو گێچەڵ دروستکراون چاودێرییان بکەو دەستەمۆیان بکەو گیریان بدە، ئەگەر زانیت ژیر بوونو ئەفامن داوایان قبوڵ بکە)[4]، ئەوانەی کە بە تەواوی دوور خرایەوە بۆ شام ئەمانەبوون، ئەستەری نەخەعیو جوندوبی ئەزدیو صەعصەعەی صوحانو کومەیلی کوڕی زیاد و عومەریی کوڕی چابی ئوئیبنو ئەلکەواو بوون[5].

چوارەم: فیتنەبازەکان دووخرابوونەوە بۆ لای مەعاویە

---

[1] الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(129).
[2] المصدر نفسه، ص(130).
[3] تاريخ الطبري (323/5).
[4] تاريخ الطبري (324/5).
[5] الخلفاء الراشدون، ص(131).

کاتێ ئەمانە گەشتنە لای مەعاویە بە خێری هێنان و لە کەنیسەیەك کە پێی دەوترا کەنیسەی مەریەم داینیشاندن و بە فەرمانی عوسمان چیان لەگەڵ کرابوو لە عێراق ئەویش بۆی دەستەبەر کردن و بەردەوام نانی بەیانی و ئێوارەی لەگەڵ دەخواردن ڕۆژێ پێی وتن ئێوە گرۆیەکن لە عەرەبو ددان و زمانتان هەیەو لە ئیسلام تێگەشتوون و پێی بەشەرەف بوون و بەسەرگەلانی تردا سەرکەوتوون و پلەو میراتەکەیتان بەرکەوتووە، لەبەری حەساونەتەوە پێم گەشتووە ئێوە ڕەخنە دەگرن لە هۆزی قورەیش و ڕقتانە لێیان، ئەگەر قورەیش نەبوایە ئێوەش یەکێك بوون لە کۆیلەو سەرشۆڕەکان وەکو جارانی قورەیش[1].

ئیمامی عوسمان هەستی کردبوو کە مەعاویە بۆ کێشە زمان پاراوەو خۆشخوانەو لەسەر خۆیەو بە ئارامەو خاوەنی ژیری و ڕەئی پەسەندەو ئاوەزایەکی وای هەیە دەتوانێت ڕووبەڕووی فیتنە ببێتەوە هەر بۆیە کاتێ کێشەکان دروست بوون و ڕایەکانیان ئاشکرا بوو ناردنی بۆ لای مەعاویە بۆ ئەوەی بنەبڕی بکات بە کردەوەش مەعاویە هەرچی توانی و هەرچی زانی سەرفی کرد بۆ قەناعەت پێکردنی ئەم کەسانە، لە سەرەتاوە ڕێزی لێ گرتن و تێکەڵاوی کردن و لە گەڵیاندا دانیشتوو لە نهێنییەکانیان تێگەیشت لە ماوەی ئەو دانیشتنانەدا پیش ئەوەی حوکم بدات بەسەریاندا گرژی و ناهەمواری نێوان خۆی و ئەوانی ڕامالّی تێبینی کرد کە نەعرەتەی خێڵگەرییە دەیانجولێنێت و شەهوەتی حوکم و دەسەڵات گرتنە دەست دەیان وروژێنێت هەمیشە لەم دوو گۆشەوە جیۆزەنی دەکران.

یەکەم: کاریگەریی ئیسلام لە بنیاتنانی عیززەتی عەرەبدا.

دووەم: ڕۆڵی قورەیش لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام و هەڵگرتنی ناڕەحەتییەکانی.

مادەم ئیسلام شوێندەستی دیارە لە پێکەوەنانی عەرەبدا پێویستە وریایی و چاودێری ئەوە بکەن و پاشان وێنەی عەرەب لە پێش چاوی خۆتان دابنێن و باش بزانن بە هۆی ئیسلامەوە کەوتن بە باری یەك ئومەتیداو چوونە ژێر ڕکێفی یەك ئیمامەوەو ژیانی بێ سەروبەرو خوێنڕشتن و خێڵگەرایەتی بۆگەن کردویان واز لێهێنا کۆتایی پێهات[2]، پاشان مەعاویە درێژەی بە قسەکانیداو پێی وتن ئیمامەکانتان بۆ ئێوە لەم ڕۆژدا قەڵغانە بۆتان[3] تەقەمەکەن لە قەڵغانی خۆتان، ئیمامەکانی ئەمڕۆتان خۆیان دەگرن گەر زوڵمیشیان لێ بکەن و تەحەمولی ئاتاجەکانتان دەکەن و ژیانتان بۆ فەراهەم دەکەن، وەڵڵاهی ئەگەر واز نەهێنن خودای گەورە بەڵایەکتان بەسەر دێنێت، جەزرەبەتان بدات، پاشان ئێوەش خۆتان ناگرن، ئینجا دەبنە برابەشتان لەو ماڵ و سامانەی کە بە هەناسەساردی پەیداتان کردووە لە ژیانی دونیاو پاش مردنیشتان.

پیاوێکی لەو تاقمە وتی: ئەوەی کە وتت لە بارەی قورەیشەوە، قورەیش زۆرینەی عەرەب نییەو لە سەردەمی نەفامیشدا بەهێز نەبوو هەتا لێیان بترسین ئەوەی کە وتت لە بارەی ئیمامەکانمان قەڵغانن ئەگەر قەڵغانەکان کونبوون تیردەگاتە ئێمەش، مەعاویە وتی: ئێستا ئێوەم بۆ دەرکەوت باش دەزانم بێ ئەقڵی ئێوەی فریو داوە، تۆش وتاربێژی ئەم تاقمەی، بەڵام ئەقڵت تیا بەدی ناکەم، من پەیامی ئیسلامت بۆ دەنرخێنم و ئیسلامت دەخەمەوە یادت، کەچی تۆ باسی سەردەمی نەفامی دەکەیت، من ئامۆژگاریت دەکەم، کەچی تۆ وابیر دەکەیتەوە ئەو قەڵغانەی لەبەرتایە کون کونین دەبێت ئەوەی ئیمانی درزی تێ بچێت بەرەو بەهەشت ناچێت، خودای گەورە ئەو کەسانە سەرشۆڕکات کاری ئێوە بە چاك و پەسەند دەزانێت و دەچێتە لای پێشەواکەتان[4].

مەعاویە بەو ئاماژە سەرپێییانە تێگەیشت کە ئەمانە قەناعەت ناهێنن پێویستە ڕاقەیەکی تێرو تەسەلی واقیعی قورەیشیان بۆ بکات، یەکەجار وتی: (تێ بگەن هەرچەند گومان نابەم تێ بگەن، قورەیش سەربڵند نەبووە نە لەسەردەمی

---

[1] تاريخ الطبري (324/5).
[2] معاوية بن أبي سفيان، لمنير الغضبان، (101).
[3] جنة: وقاية.
[4] تاريخ الطبري (324/5).

نەفامی و نە لە سەردەمی ئیسلامدا، تەنیا بە ڕەحمی خوا نەبێت، زۆرینەی عەرەب نییەو لە عەرەبەکانیش بەهێزتر نییە، بەڵام قورەیش ڕەچەڵەکی لە عەرەبەکان بەرێزترەو ڕەگەزی پاکوخاوێن ترە، وریاکردنەوەی لەوان گەورەترەو جوامێری لەوان تەواوترەو لەو کاتەی کە خەڵکی یەکتری دەخوارد لە سەردەمی نەفامی قورەیش بە هۆی ئەو خودایەی کە غیرەتی دا بە هەرکەسێ زەلیل نابێتو هەرکەسێکی بەرزکردەوە بە ئاسان ناخرێت، بەرەڤانی دەکرد لە خۆی، ئایا دەزانن هەرچی عەرەبو عەجەمو ڕەشو سوور هەیە زەمان پێوەی داوە لە شاری خۆیداو بەبێ بەشکراوە بە هۆی وڵاتەکەیەوە تەنیا قورەیش نەبێت، هەرکەسێك فێلێکی کردبێت لێیان داوی بۆ داخستوون خودای گەورە سەرشۆڕی کردووەو پوچەڵی کردووە، هەتا ئەوکاتەی خودای گەورە ویستی کەسە بەڕێزەکانو شوێنکەوتەی دینەکەی قوتار کات لە هیچو پوچی دونیاو گەرانەوەی قیامەت بۆ ئەم مەبەستەش بە چاکترین دروستکراوی خۆی ڕازی بوو کە قورەیشی بوو، پاشان ئەم دەسەڵاتەو ئەم مەملەکەتە لەسەر ئەوان بنیات نراوەو خەلافەت دراوە دەستی ئەوان بۆ کەس شیاوی نییە بۆ ئەوان نەبێت هەر بۆ ئەوان گونجاوە، خودای گەورە پەرژینی کردوون، چونکە ئەوان لەسەر دینی ئەون خودای گەورە لەسەردەمی نەفامیشدا پاراستبوونی لەو مەلیکانەی کە ئێوەی دەچەوساندەوەو کردبوونی بە کۆیلە، قوڕ بەسەر تۆو ڕەفیقەکانت، خۆزگە جگە لە تۆ کەسێکی ترتان قسەی بکردایە، بەڵام تۆ دەستت پێکرد خۆت هەڵەقورتێنیت، بەس تۆ ئەی صەعصەعە گوندەکەی تۆ خراپترین ئاوایی عەرەبییەو بۆگەنترین گیای لێ سەوز دەبێت، وا لە قوڵترین دۆڵداو خراپترین گوندە لە شەڕانیدا زۆر عەزیەتدەری دراوسێنو هیچ ماقوڵو ئاینێکی تیا نیشتەجێ نەبووە، ئیللا قسەی پێ وتووە جنێوی پێدراوەو هەمیشە جنێوی گەنیوی بەسەرەوە بووەو قەبیحترین عەرەبن لەناو ناتۆردا گەلێکن پڕن لە نەزعەی خێڵگەری[1] ئێوە دراوسێی دەستنوسو کردارەکانی فارسن، هەتا ئەوکاتەی بانگەوازی پێغەمبەرتان ﷺ پێگەیشتو ئەم بانگەوازە ئاوەژووی کردووە ئێوە خەڵکێکی یاخیو کێوی بوونو غەریب بوون بەم ژیانەن لە عەممان[2]، بەحرەین ئۆقرەتان نەگرت هەتا خەڵکەکەی کردە هاوبەشی بانگەوازی پێغەمبەر ﷺو ئێوەش بەشداربوون، تۆ خراپترین کەسی هۆزەکەتی هەتا ئەوکاتەی ئیسلام دەریخستیو تێکەڵاوی دەوروبەری کردیو زاڵی کرد بەسەر ئەو گەلانەی کە کوێخات بوون، ئێستاش ملت ناوەو دەتەوێ لاروخواری بخەیتە دینی خوداوەو ئوممەت بەرەو ڕسواییو ماڵوێرانی ببەیت، قورەیش بەتۆ ناکەوێتو زیانیان پێ ناگاتو هیچ شتێك ڕێگەی کارەکانیان لێ ناگرێتەوە لەبەشیان کەم ناکاتەوە، شەیتان لە ئێوە بێئاگا نییەو دەزانی ئێوە لە ناو ئوممەتدا شەڕانیو نەگبەتنو بەهۆی ئێوەوە خەڵکی فریب دەکات، شەیتان پاڵەوانتانەو گەردنگیرتان بووەو، دەزانێت کە ناتوانی ئەو بڕیارە ڕەد بکاتەوە کە خودای گەورە بڕیاری لەسەر داوەو هیچ کاریکی پێ نادرێتەوە کە خودا ویستی هەبێت لەسەری، ناگەن بە هیچ ئاواتێك بە هۆی شەڕو ئاژاوەوە ئیللا خودای گەورە لەمە خراپترو ڕسواترتان بەسەر دێنێت)، پاشان هەستاو ڕۆشتو بەجێی هێشتن، دەستیان کرد بە بێنەو بەردەو ناخی ئەوانی بەم خاڵانە هەڵڕشت[3]، ئابەمچەشنە مەعاویە هەرچی لە توانایدا هەبوو لە هزرو ڕۆشنبیری سیاسەت بۆ قەناعەت پێکردنیان خەرجی کردو بەخشی.

لەسەرەتاوە وەزعی قورەیشی بۆ باسکردن لە سەردەمی نەفامیو سەردەمی ئیسلامیدا ـ هەروەها لە خێڵو تیرەی ئەم کەسانە کۆڵیوە، کە وەزعیان چۆنبووە لە سەردەمی نەفامیدا کە چەند گیرۆدەبوون بە دەس خراپی کەشو هەواو گژوگیای بۆگەناوییەوە لە ڕووی سروشتەوە، پاشان ڕسواو ئەڵقەلەگوێی فارس بوون، لە ڕووی سیاسییەوە هەتا خودای گەورە بە هۆی ئیسلامەوە بەڕیزی کردن غیرەتێك بوو دوای زەلیلیو بەرزییەك بوو دوای دەستەو خواری، هەروەها تیشکی خستە سەر صەعصەعەی وتاربێژی ئەم تاقمە، کە چۆن چۆنی دێرخێزی کردووە، لە وەڵامدانەوەی بانگەوازی ئیسلامداو هۆزەکەی هاتووەتە ناو دینو ئەو یاخی بووە، پاشان گەڕاوەتەوەو هاتووەتە ئامێزی ئیسلامو بۆ جاری دووەم ئیسلام بەرزی

---

[1] النزاع: جمع نزيع وهو الغريب.
[2] الشطير: الغريب.
[3] تاريخ الطبري (326/5).

کردووەتەوە دوای ئەوەی لاریی کرد، هەروەها مەعاویە پیلانەکانی صەعصەعەی کەشف‌و بە چ جۆرێ دەیانەوێت فیتنە بخەنەوەو دەیانەوێت دینی خودا لاروخوار بکەن.

بە راستی شەیتان داینەمۆی ئەم فیتنەیە بوو، بزوێنەری ئەم گێچەڵەبوو، بەم شێوەیە مێژووی ئەم ئوممەتە پەیوەستکرابوو بە خوداوە، پاشان بە ئیسلام‌و عەقیدەوە، ئینجا پۆخڵکاری ئەم کەسانە دەرکەوت‌و لە دواییدا رسواشی کردن، مەعاویە خشتەکانی پیلانەکانیانی دەرخست، کە پەیوەندی بەسەردەمی نەفامییەوە هەیە[1] و رەگی کۆنی هەیە، لە دواهەمین دانیشتنی مەعاویەو ئەم تاقمەدا مەعاویە هاتە بەردەمیان‌و بەدووردرێژی وتوێژی لەگەڵ کردن، پاشان وتی: (ئەی برایینە وەڵامی باشم بدەنەوە یان بێدەنگ بن‌و بیری لێ بکەنەوەو بزانن چی سوودی خۆتان‌و کەسەکانتانی تێدایەو سودی تیرەکەتانی تێدایەو سوودی گرۆی موسڵمانانی تێدایەو بەدوای ئەو سوودانەدا بگەڕێن، خۆتان بە باشی دەژین‌و ئەوانی تریش لە پاڵتاندا دەژین)، صەعصەعە وتی: (تۆ شیاوی ئەم دەسەڵاتە نیت‌و هیچ رێزێکت نییە بەسەرمانەوە هەتا لە سەرپێچیدا بەگوێت بکەین).

مەعاویە وتی: ئەوە نییە من لەسەرەتاوە فەرمانتان پێ دەکەم کە لە خودا بترسن‌و گوێڕایەڵی بکەن‌و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن‌و دەست بگرن بە گوریسی خوداوەو دووبەرەکی مەنێنەوە. وتیان: نەخێر، تۆ فەرمان بە تەفرەقەو پێچەوانەی نامەی پێغەمبەر ﷺ دەکەیت! وتی: (من ئێستا فەرمانتان پێ دەکەم لە خودا بترسن‌و گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەر ﷺ بن، ئەگەر پێچەوانەی ئەمەم وتووە تەوبە دەکەم‌و پەشیمانم، دەست بگرن بە گرۆی موسڵمانانەوەو تەفرەقە فڕێدەن‌و رێزبگرن لە ئیمامەکانتان‌و بە پێی تواناتان هاوکارییان بکەن، لە کاری چاکەداو ئامۆژگارییان بکەن بە نەرمی لەوکارانەی نادروستە).

صەعصەعە وتی: (ئێمە داوا لە تۆ دەکەین دەست لە کارەکەت هەڵبگرە لە نێو موسڵماناندا لە تۆ شیاوتر هەیە)، مەعاویە وتی: کێ هەیە؟ وتیان: ئەو کەسە هەیە کە باوکی لە پێش باوکی تۆوەیە لە ئیسلامداو خۆشی زۆر لە پێشترە لە ئیسلامەتیداهەتا تۆ، مەعاویە وتی: وەڵلاهی من لە ئیسلامدا پێشینەییم هەیە غەیری منیش کەسانێك هەن لە من لە پێشترن، بەڵام لە سەردەمی مندا کەسێك نەبووە دەستی بشکێت بەسەر ئەوەی کە من کردوومە، لە من بەهێزتر بێت عورمەی کوڕی خەتتابیش ئەم سیفەتەی تیا بەدی کردووم، ئەگەر کەسێکی تر هەبوایە لە من بەهێزو سەلیقەدارتر عومەر نەیدەکردمە سەرپەرشتیار هەوادەت، نەك من هیچ کەسێکی تری نەدەکردە کاربەدەست ئەگەر شیاو نەبوایە، هەروەها هیچ رووداوێکم لێدا نەکەوتووە کە پێویست بکات دەست لە کارەکەم هەڵگرم ئەگەر خودای گەورەش بیەوێت دەست هەڵگرم دەپاڕێمەوە لە خودا یەکێك بخاتە جێگەم، لە من باشتر بێت، ئەگەر موسڵمانان‌و ئەمیری ئیمانداران بیانەوێت من دەست هەڵگرم بەدەست خەلیفە نووسراوێکم بۆ بێت دەست هەڵگرم دەست لەکار دەکێشمەوە، جوانە زۆر جوانە خۆکێشانەوەو هاوشێوەکانی ئاواتی شەیتانەو مەرامی ئەوە لەم پێیە بڕوات دەبینین ئەگەر کاروبار بە ئەندێشەو بۆچوونی ئێوە بچێت بەڕێوە کاروباری ئەهلی ئیسلام شەوو رۆژێك ناخایەنێت، بەڵام ئەوەی باشە خودای گەورە خۆی بڕیار دەدات‌و بەڕێوەی دەبات‌و کارەکانی جێ جێبەجێ دەبێت، شەیدای چاکە بن‌و چاك بڵێن، وتیان تۆ شایستەی فەرمان رەوایی نیت، مەعاویە وتی: بزانن خودای گەورە باڵادەستی‌و تەنگوچەڵەمەی زۆرە، من دەترسم لە سەرەنجامی ئێوە، کە بکەونە شوێن هەنگاوەکانی شەیتان هەتا واتان لێ دێت گوێڕایەڵی کردنی شەیتان‌و سەرپێچیکردنی رەحمان بە حەڵاڵ و چاك بزانن، لەم دونیا پڕوپوچەدا بکەونە بەر عەزابی خودایی لە سەرەتای ئەو کارەی دەستان تێداوەو رسوایی هەتاهەتایی بێ‌بەسەرتاندا، لە کۆتاییدا هەستا پەلاماریان داو ریش‌و قژی سەریان راکێشا، مەعاویە وتی: بەسە وا مەکەن، ئەمە خاکی کوفە نییە وەڵلاهی ئەگەر ئەهلی شام بتان بینن، ئاوەها دەکەن بە من‌و منیش ئیمامی ئەوانم ئەوکاتە من ناتوانم قەدەغەیان بکەم

[1] معاوية بن ابي سفيان، للغضبان، ص(111).

دەتان كوژن قبولْ ناكەن، خودا دەزانێت دەس و دەهەنەتان هەمووی لەیەك دەچێت، پاشان هەستا لە ناویان و رۆشت، وتی: (وەڵڵاهی ئیتر نایەمە ناوتان بە هیچ جۆرێك تا من ماوم)[1].

ئەمە دواهەمین مەحاوەلەبوو، كە مەعاویەی ئەمیری شام هەموو كۆششی خۆی تێدا سەرف كردو هێمنی و رۆشنبیری میشكی خۆی تیا بەكار هێنا بۆ ئەوەی هەڵایان وێرێت لە فیتنەگەری و بانگی كردن بۆ لەخواترسان و گوێڕایەڵی كردن و دەستگرتن بە جەماعەتی موسڵمانانەوە دووربكەونەوە لە تەفرەقە.

ئەوانیش دروشمەكەیان بە دەنگی بەرز دەوتوو دەیان وت مافی گوێڕایەڵیت نییە لەسەرپێچی خودای گەورەدا[2]، بە هێمنییە گەورەكەی و سنگە فراوانەكەی چووە ناویان و ئامۆژگاریی كردن و بیری خستنەوە كە فەرمانی سەرپیچی خودای گەورەیان پێ ناكات و بە گوێرەی گومانی خراپی ئەوان تەوبەی كرد لەو تاوانەی كە كردوویەتی گەر وابێت، پاشان دووبارە بانگهێشتی كردن بۆ گوێڕایەڵی خوداو هاتنە ناو گرۆی موسڵمانان و دووركەوتنەوە لە پەرت و بڵاوكردنی دروشم و بەكێتیی ئوممەت، ئەگەر ئامۆژگارییەكان لەگەڵیانا دەدۆزرێنەوە، دەبوو دڵگیری ئەم هەڵسوكەوتە جوانە بن بەو نەرم و نیانییە كار بكەین و شەرمەزاریی هێمنی مەعاویە بن، بەڵام ئەوان ئەو جۆرە مامەڵەیان بە لاوازی و بێ دەسەڵاتی دەزانی بە تایبەتی كە بە شێوەیەكی نەرم و ئەسپایی مامەڵەی لەگەڵ دەكردن و بەسەكاماتی ئامۆژگاریی دەكردن، ئالەم سۆنگەوە بواریان دەستكەوت و بۆ رەخسا نهێنییەكانی دڵی خۆیان دەر بخەن ئازادانە رای خۆیان بڵێن، وتیان ئێمە فەرمان بەتۆ دەكەین كە دەست لەكاری فەرمانڕەوایی هەڵگرەو لە ناو موسڵماناندا لەتۆ شیاوتر هەیە، مەعاویە كتوپڕ تێگەیشت لە سڕی ناو دڵیان پێی خۆشبوو ئەو لایەنە تاریكە بزانێت بۆ ئەوەی بزانێت كێ هەڵیان دەسوڕێنێت و داردەستی كێن و كێ ئەم توانج و غەمزەدارێژراوانە دەخاتە میشكیان، بەڵام ئەوان ئەو شتانەیان دەشاردەوە، كە حەشاریان دابوو تەنیا ئاماژەیان بۆ ئەوە دەكرد كە پێیان خۆشبوو، كە مەعاویە دەست لەكار بكێشێتەوە، بۆ كەسێكی تر، كە لەو بەرێزترەو باوكی لە باوكی ئەفزەڵترە، پاشان مەعاویە زیاترو زیاتر خۆی دەگرت، هەرچەند ئەوان شێوازێكی دەم روتانەیان لەگەڵدا پیادە دەكردو فەرمانیان دەكرد مەعاویە دەست لەكار هەڵگرێ.

ئالێرەدا رواڵەتی دیدی مەعاویە بە جوانی دەخەینە روون بەرامبەر حوكم و ئەمیریەتی و رابەرایەتی و قیادەكردن، مەعاویە بە كورتی جوابی دانەوە لە شەش خاڵدا، كە گرنگ و بنەڕەتین:

1ـ دەست پێشخەری و پێشینەیی هەبووە لە ئیسلامداو پارێزەری كەلە بەرەكانی شام بووە، دوای مردنی یەزیدی كوڕی.

2ـ لەناو موسڵماناندا لەو بەڕێزترو ئەفزەڵترو چاكترو ئەوبەرترو ستەمدیدەتر هەبووە، بەڵام من بەهێزتربووم بە بڕشتربووم بۆ پاراستنی كە لەبەرە گەورەكانی ئیسلام لە شام لەوەتی مەعاویە بووەتە سەركاری شام توانیویەتی رێكبخات و سیاسەتمەداری كات و لەناخیان تێگەشتووەو چووەتە دڵیان و خۆشیان ویستووە.

3ـ ئەو ترازووە حەساسەو ئەو پێوانە ورد كێشەی كە والییەكانی پێ دەكێشرا عومەری كوڕی خەتاب بوو، كە بۆ رەزامەندی خودای گەورە گوێی لە لۆمەی لۆمەكاران نەدەگرت، ئەگەر لە مەعاویەدا هەڵێت و پەلێت و سەرپێچی و لاوازی و لادانی شك ببردایە لای دەبردو فەسڵی دەكرد، بە درێژایی خەلافەتی عومەر والی بووەو تاقە رۆژێك لانەبراوە، هەروەها پێغەمبەر ﷺ كردویەتی بە سەرپەرشتیاری هەندێ لە كارەكانی و كردویەتی بە نووسەری بەردەستی خۆی و ئەبوبەكری صدیقیش لە دوای ئەو كردوویەتی بە سەرپەرشتیارو كەس رەخنەی نەبووە لە تواناو لێهاتوویی موعاویە.

[1] تاريخ الطبري (5/330 - 331).
[2] المصدر نفسه (5/330).

4ـ دەست لەکارکێشانەوە پێویستە بە هۆی ئەو هۆکارانەوە بێت کە پیویستی بە لابردن بکات، ئیتر ئەو فیتنەبازانە ئەو جارچییانە بەڵگەیان چی بوو کە بیخەنە روو بۆ لابردنو دەستهەلگرتنی مەعاویە.

5ـ ئەوەی کە بڕیار دەدات ئەمیرەکان لەسەر کار لاچن، یان بمێننەوە ئەم دیعایە چییانە نییەو حەقی ئەمانە نییە، بەڵکو مافی ئەمیری ئیماندارانەو حەقی ئیمامی عوسمانە والی لاببات‌و دامەزرێنێت.

6ـ ئەمیری ئیمانداران عوسمان هەر رۆژێ بڕیاری لابردنی مەعاویە بدات، بڕیارەکەی جێگەی جێبەجێ کردنە، چونکە ئەمیرێکی گوێ بۆگیراوو خەلیفەی موسڵمانانە.

ئابەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکان هات، مەخابن زۆر بەداخەوە بە ناسۆریو ئازار کۆتایی هات‌و ئاگاداری کردن کە بەڵاو غەزەب‌و حەشمی خودا نزیکەو وریای کردنەوە لە تەڵەکەکانی شەیتان‌و خلیسکانەکانیو ترساندنی لە تەفرەقەنانەوە لە دروشمی موسڵمانانو سەرپێچی کردنی ئیماندارو ترساندنی لە گوێڕایەڵی کردنی هەوس‌و فریبەکانو ئەوان لە موقابیلدا چییان کرد پەلاماریان داو ریش‌و سەریان راکێشاو ئەویش دەستی فڕێدان‌و ترێزی لێکردنو دوورکەوتەوە لێیان‌و قسەیەکی رەق‌و پڕ لە هەڕەشەی ئاراستە کردن‌و تێگەیشت کە ئەمانە موستەحیلە مل بدەن بۆ حەق، زۆر پێویست بوو دەنگوباسیان بگەیەنێت بە ئەمیری ئیمانداران‌و ناسنامەیان کەشف بکات‌و مەترسییان رابگەیەنێت بۆ ئەوەی خەلیفە رایەکی تر دەربڕێت‌و چارەسەرێك بدۆزێتەوە[1].

مەعاویە نوسراوێکی نووسی بۆ عوسمان لە بارەی فیتنەبازەکانی کوفەوە

مەعاویە نوسراوێکی نارد بۆ عوسمان وتبووی: (بەناوی خودای گەورەو دلۆڤان، بۆ بەندەی خوا عوسمانی ئەمیری ئیمانداران لە مەعاویەی ئەبی سوفیانەوە، پاش سوپاس‌و ستایشی خودای گەورە، ئەی ئەمیری ئیمانداداران تۆ تاقمێکت رەوانە کردووە بۆ لای من، ئەوانە بە زمانی شەیتانەکان قسە دەکەنو کۆڵ نادەن لە شەیتانگەریو خەڵکیش دێنە لایانو وا دەزانن ئەمانە لە ڕوانگەی قورئانەوە قسە دەکەنو سەر لە خەڵکی تێکدەدەنو هەموو کەسێك تێناگات ئەمانە چ مەرامێکیان هەیەو بە تەمای چین، ئەمانە مەبەستیانە تەفرەقە دەنێنەوە گێچەڵ هەڵدەخزێنن‌و ئیسلامەتی قورسە لەسەریان‌و هەناسەی چنیون‌و شەیتان هێلانەی کردووە لە دڵیانداو کارە شەیتانەکانیانم دەرك پێ کردووە، زۆر کەسیان سەر لێ شێواوو گومڕا کردووە، لە خەڵکی کوفە، من ئۆقرە ناگرم ئەمانە بهێڵمەوە لە ناو جەرگەی شامدا، چونکە بە جادو خراپەکاری خەڵك دەخەڵەتێنن سا بیان گێڕەوە بۆ شارەکەی خۆیان، چونکە ماڵەکانیان لەو شارەدایە، کە نیفاقی ئەمانەی سەوز کردووە)[2].

پێنجەم: گێڕانەوەی فیتنەبازەکان بۆ کوفەو پاشان دووخرانەوە بۆ دوورگە (الجزیرة)

عوسمان نوسراوێکی نووسی بۆ سەعیدی کوڕی عاص لە کوفەو ئەم تاقمەی گەڕاندەوە بۆ لای هەر وازیان نەهێناو زمانە بڵێسەیان بوو، کە گەڕانەوە بۆ کوفەو سەعید هەراسان‌و وەڕەس بوو بە دەستیانەوە، نامەیەکی نارد بۆ عوسمان، عوسمانیش نوسراوێکی نووسی بۆ سەعید، کە بیاننێرێت بۆ لای عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی وەلید، ئەوکاتە ئەمیری شاری (حمص)[3] بوو، کاتی گەشتنە لای عەبدوڕڕەحمان دەعوەی کردنو بە گوتەی زبرو تیژ گفتوگۆی لەگەڵ کردن، وتی: (ئەی ئامیرەکانی شەیتان، بەخێرنەیەنو باش نەبن، شەیتان بە داماویو ڕەنجەڕۆیی لێمان گەڕاوەتەوە، کەچی ئێوە هەر بەردەوامن‌و بە پلۆسن، کە لە باتڵیدا بمێننەوە، عەبدوڕڕەحمان ڕەنجەڕۆ بێت، ئەگەر تەمێتان نەکات، ئەگەر سەرتان پێ دانەخات ئەی ئەو تاقمەی کە کەس نازانێ ئێوە عەرەبن یان عەجەمن ئەو قسانە نەکەن کە لەلای سەعیدو مەعاویە

---

[1] معاوية أبي سفيان، صحابي كبير وملك مجاهد، ص (114 - 117).
[2] معاوية أبي سفيان، ص(117 - 118).
[3] تاريخ الطبري (331/5).

کردوتانە، وەکو شێوازەکەیشی نەدوێن، من کوڕی خالیدی وەلیدم، من کوڕی ئەو کەسەم کە هەموو سوپا سالارەکان سەرسام بوون پێی، من کوڕی کەمەرشێکنی ئەهلی ریددەم، وەڵڵاهی رسواتان دەکەم.

عەبدولڕەحمان ماوەی مانگێکی تەواو لای خۆی هێشتنیەوە بەو پەڕی توندوی زبری و توڕەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکردن و هیچ نەرمییەکی نەنواند لە گەڵیان، بەپێچەوانەی سەعیدو مەعاویە بە نەرمی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ کرد، ئەگەر بڕۆشتایە بۆ هەرکوێ دەڕۆشتن لەگەڵیا، ئەگەر سوار ببایە ئەوانیش سوار دەبوون، ئەگەر غەزای بکردایە غەزایان دەکرد لەگەڵی، لە هیچ بۆنەیەکدا نەیدەهێشت سەر لەگوێز بهێننە دەر، زەلیلی دەکرد، کاتێ دیمانەی بگرتایە لەگەڵ صەعصەعەی سەرکردەیاندا پێی دەوت: (ئەی کوڕی هەڵەچی ئایا دەزانیت هەرکەسێك نەرمو نیانی چاکی نەکات توندوتیژی چاکی دەکات)، هەروەها پێی دەوتن: بۆچی وەڵامم نادەنەوە وەکو چۆن وەڵامی سەعدتان دەدایەوە لە کوفە، وەڵامی مەعاویەتان دەدایەوە لە شام؟! بۆچی لەگەڵ من نائاخافن وەکو چۆن لەگەڵ ئەوان دەئاخاوتن؟ ئوسلوبەکەی عەبدوڕڕەحمانی خالیدی کوڕی وەلید سوودی هەبوو، تاوڕی و تیژی و رەق و زبرییەکەی، کەڕولاڵی کردن و بە ئاشکرا تەوبەو پەشیمانییان راگەیاند، وتیان: بە عەبدوڕڕەحمان تەوبە دەکەین و پەشیمان دەبینەوە، قسەی دۆستانەمان لەگەل بکە، خودای گەورە باش قسەت لەگەڵ بکات، بوارمان بدە خودای گەورە بوارتان پێ بدا، ئەم تاقمە لە لای عەبدوڕڕەحمان مانەوە لە جەزیرە، عەبدوڕڕەحمان یەکێ لە گەورەکانیانی نارد، کە ئەشتەری نەخەعی بوو، بۆ لای عوسمان بۆ ئەوەی هەواڵی تەوبەو چاکبوونی خۆیانی بداتێ و هەواڵی پاشەکشەیان لە فیتنەبازی بدات بە خەلیفە، عوسمانیش وتی بە ئەشتەر، خۆت و برادەرەکانت کوێتان پێ خۆشە لێی دابنیشن، لەمەولا من لێتان دەبوورم، ئەشتەر وتی: ئێمە لای عەبدوڕڕەحمان حەزدەکەین بمێنینەوەو باسی فەزڵ و حەزمی عەبدوڕڕەحمانی کرد، ماوەیەك لە جەزیرە لای عەبدوڕڕەحمان مانەوە، تەوبەو چاکبوون و دامەزراویان راگەیاند[1] و فیتنەبازەکانی کوفەش ماوەیەك بەبێدەنگی مات بوون، ئەمەش لە مانگەکانی ساڵی (33)ی کۆچیدا بوو، دوای ئەوەی سەرانی فیتنەباز دوورخرانەوە بۆ شام، بۆ لای مەعاویەو پاشان بۆ لای عەبدوڕڕەحمانی خالیدی کوڕی وەلید، تاقمی فیتنەبازان گێچەڵ گێڕانی کوفە وایان بە باشزانی کە بێدەنگ بن و بەرژەوەندی وا دەخوازێ تا ماوەیەك کڕ بن[2].

1ـ فیتنەبازەکان لە بەسرە درۆیان هەڵبەست بۆ ئەشجی عەبدول قەیس.

فیتنەبازەکان لە بەسرە بە سەرۆکایەتی حەکیمی کوڕی جەبلە بوون بە نەیارو دژی خاوەن رێزو حورمەتەکان و موئامەرەیان دەکرد لێیان و درۆیان بە دەمەوە دەکرد، تەنانەت بە رێزترین و بە تەقواترین کەسی بەسرەش، کە ئەشجەعی عەبدول قەیس بوو ناوی عامری کوری قەیس بوو، دەمڕاستی هۆزەکەی خۆی بوو، کاتی خۆی بە نوێنەری هاتبووە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ئیسلامی فێر کردبوو، بەم فەرموودەیەش وەسفی کردبوو فەرمووبووی: (تۆ دوو رەوشتت تێدایە خودای گەورەو پێغەمبەر ﷺ خۆشیان دەوێت ئەویش لەسەر خۆیی و تاقەتدارییە)[3].

عامری کوڕی قەیس فەرماندەی جیهاد بوو لە شەڕی قادسیەداو شەڕەکانی تردا، لە بەسرە نیشتەجێ بووبوو پشکێکی گەورەی بەرکەوتبوو لە چاکەخوازی و تەقواو نەیارو ناحەزەکانی درۆیان بەدەمەوە هەڵدەبەست و بە شتی پڕو پووچ تۆمەتباریان دەکرد.

عوسمانیش ناردی بۆ لای مەعاویە بۆ شام کاتی مەعاویە وتوێژی لەگەڵ کردو مامەڵەی لەگەڵدا کرد، تێگەیشت راستگۆیەو ئەستۆی پاکەو خەواریجەکان درۆو دەلەسەی بۆ دەتاشن، ئەوکەسەش سەردەستەی ئەم درۆزنانە بوو لەسەر

---

[1] تاريخ الطبري (327/5).
[2] الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(134).
[3] رواه مسلم في صحيحه، كتاب الايمان، رقم (25)، وقال النووي من شرح، أما الحلم فهو العقل وأما الاناة فهي التثبيت وترك العجله.

عامری کوڕی قەیس (حمران کوری أیان) حیمرانی کوڕی ئەبان بوو، کە کابرایەکی یاخی و بێدین بوو هەتا ئافرەتێکی مارە کردبوو لە کاتی عیددەدا، کاتێ عوسمان بەم کارەی زانی بوو (بەو هاوسەرییە) هەردوکیانی لەیەك جیا کردەوە داریدا لە حیمران و سزای تاوانەکەی لێ سەندو دووری خستەوە بۆ بەسرەو لەوێش هەڵتەقی بەسەرکردەی سەبەئییەکاندا عەبدوڵڵای سەبەء و حەکیمی کوڕی جەبلەی چەتەدا[1].

2ـ عەبدوڵڵای سەبەء ساڵی (34)ی کۆچی دیاری کرد بۆ جموجوڵ کردن.

لە ساڵی (34)ی کۆچی یازدەهەمی خەلافەتی ئیمامی عوسمان عەبدوڵڵای سەبەئی جوولەکە بڕیاری جێبەجێ کردنی پیلانەکانی داو نەخشەی موئامەرەکەی کێشاو لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا کە سەبەئییەکان بوون دەرچوون لە فەرمانی خەلیفەو والییەکانیان تەرتیب کرد، عەبدوڵڵای سەبەئی یەهودی لە هێلانەی موئامەرەکەی لە میسردا بە شەیتانەکانی حزبەکەیەوە لە بەسرەو کوفەو مەدینە رێککەوتن لەسەر وردەکارییەکانی کودەتاکەیان و نامەی بۆ نووسین و نامەیان بۆ نووسییەوە، کەین و بەینیان گۆڕیوەو نوێنەریان گەیاندە یەکتری، ئەوەی کە لە سەرەتاوە نامەی ناردو جفرەی لێدا سەبەئییەکانی کوفە بوون و دە پانزە پیاوی ئەندامیان دوورخرابووەوە بۆ شام، پاشان بۆ لای عەبدوڕڕەحمان لە حیمص و دوای دوورخستنەوەی ئەم سەرپێچیکارانەو ناحەزانە سەرکردەی سەبەئییە کینەبازەکانی کوفە، کە یەزیدی کوڕی قەیس بوو[2]، شەیپوری لێدا ئەو دەمە کوفە چۆڵ بووبوو لە پیاوی ناسراوو ماقوڵ و بەرێز، ساڵیش 34ی کۆچی بوو، ئەم کەڵەپیاوانە روویان نابوو لە جیهادکردن لە پێناو رەزامەندیی خودای گەورەداو هەرچی و پەرچیی و گاوان و رەشوکی مابوونەوە، سەبەئییەکان و موتەحەریفەکان کاریان تێکردبوون و بەبۆچوونە گلاوەکانی خۆیان ئاخنبوو هەڵیان چاندبوون، دژی والییەکەی عوسمان لە کوفە، کە سەعیدی کوڕی عاصە[3].

3ـ بارودۆخی خەڵکی کوفە لە کاتی جموجوڵی فیتنەبازەکاندا.

تەبەری لە بارەی بارودۆخی شاری کوفەوە، لە ساڵی (34)ی کۆچی دەڵێ: سەعید بە سەردان و نوێنەری چوو بۆ لای ئیمامی عوسمان و ساڵ ساڵی یازدەهەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمان بوو سەعید بەر لەوەی خۆی بڕوات و لەشار دەرچێت ئەشعەسی کوڕی قەیسی نارد بۆ ئازربیجان، سەعیدی کوری قەیسی نارد بۆ رەی و نوسەیری عەجلی نارد بۆ هەمەدان و سائیبی کوری ئەقرەعی نارد بۆ ئەسفەهان، مالیکی کوڕی حەبیبی نارد بۆ ماهو حەکیمی کوری سەلامەی نارد بۆ موسڵ و جەریری کوری عەبدوڵڵای نارد بۆ قەرقیسیاو سەلمانی کوری ربیعەی نارد بۆ باب و عوتەیبەی کوڕی نەهاسی ناردە حەلوان، قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی کردە سەرلەشکری شەڕو جیهاد، عەمری کوڕی حورەیسی کردە جێگرەوەی خۆی، بەمشێوەیە کوفە خاڵی بوو لە سەرۆك و کەڵەپیاوو ناسراو، سەرلێشێواوو کەللە ڕەق[4] نەبێت کەسی تیا نەمابووەوە، ئا لەم بارودۆخەدا سەرکردەی سەبەئییەکان لە کوفە (یەزیدی کوڕی قەیس دوای رێککەوتن لەگەڵ شەیتانی گەورەیاندا عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء لە میسر دەرچوو خۆپیشاندانی کردو فیتنەبازەکانیش ئەوانەی چوبوونە باوەشی جەماعەتەکەی ئیبن و سەبەء کە بە نهێنی دایمەزراندبوو، لەگەڵیان تێهەڵچوون و لە قەیاندا، هەروەها هەرچی وپەرچییەکانیش کەوتنە پێریان و چوونە پاڵیان[5].

4ـ قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی دەستی گرت بەسەر جموجوڵی یەکەمدا.

---

[1] تاريخ الطبري (5/333، 334).
[2] الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(135).
[3] الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(135).
[4] تاريخ الطبري (5/337).
[5] الخلفاء الراشدون، للخالدي، ص(136).

یەزیدی کوری قەیس لە کوفە دەرچوو بە مەبەستی رووخانی ئیمامی عوسمان، چوو بۆ مزگەوت، لەوێ دانیشت و ئەو سەبەئییانەش لێی کۆبوونەوە لە مزگەوتەکە، کە عەبدوڵڵای سەبەء ئیبن و سەودا نامەی بۆ ناردبوون لە میسرەوە کاتێ ئەم یاخیبووانە کۆبوونەوە لە مزگەوت قەعقاعی تەمیمی کە ئەمیری حەرب بوو پێی زانین و فەرمانی گرتنی دەکردن و یەزیدی کوری قەیسی سەرکردەشیانی گرت، کاتی یەزید زانی قەعقاق زۆر توندو بێدارو شارەزایە بەرامبەریان ئامانج و نەخشەکەی خۆی دەرنەخست و ئیعترافی نەکرد، کە بەتەمای داماڵینی خەلیفەیە لە خەلافەت، ئەوەی دەرخست کە خۆی و جەماعەتەکەی دەیانەوێت سەعیدی کوری عاص والییان لابەن و داوای والییەکی تر بکەن و بەشکو بێت بەدەم داواکەیانەوە، قەعقاعیش لەسەر ئەم ئیعترافەو لەسەر قسەکانی یەزید جەماعەتەکەی بەردا، پاشان وتی بە یەزید بۆ ئەم ئامانجانە لە مزگەوت کۆبوونەوە نەکەیت، کەس لە دەورت کۆنەبێتەوەو لە ماڵەکەی خۆت دانیشەو هەرچیت دەوێت لە خەلیفە داوا بکەو دێت بەدەم داواکانتەوە[1].

5ـ یەزیدی کوری قەیس نامە دەنووسێ بۆ فیتنەبازەکانی لای عەبدورڕەحمانی خالیدی کوری وەلید

یەزیدی کوری قەیس لە ماڵەکەی خۆیدا دادەنیشێت و ناچار دەبێت پیلانەکان بخات بە بارێکی تردا، ئەم کابرا سەبەئییە (یەزیدی کوڕی قەیس) پیاوێك بەکرێ دەگرێ و چەندێ پارەو هێسترێکی دەداتێ و فەرمانی پێدەکات بە گورجی و بە پەنهانی بچێت بۆ لای ئەو سەبەئییە کوفەییانەی، کە ئیمامی عوسمان دووری خستوونەتەوە بۆ شام، پاشان بۆ جەزیرەو ئێستا لای عەبدورڕەحمانی خالید ماونەتەوەو تەوبەو پەشیمانییان راگەیاندووە، یەزید لە نوسراوەکەیدا نووسیبووی بۆ برا شەیتانییەکانی: (ئەگەر ئەم نامەیەی من گەشتە دەستان لە دەستی دامەنێن هەتا دەگەنە لای من و نامەشمان ناردووە بۆ براکانمان لە میسر، واتە سەبەئییەکانی میسر، رێککەوتووین لەگەڵیان کە یاخی ببین و کودەتاکە بکەین)، کاتی ئەشتەر نوسراوەکەی یەزیدی خوێندەوە کتوپڕ دەرچوو بەرەو کوفەو برا سەرپێچیکەرەکانیشی خۆیان پێگەیاند، لەپڕێکدا ون بوون، لە عەبدورڕەحمان و نەیدەزانی بۆ کوێ چوون، کۆمەڵێکی نارد بە شوێنیاندا، بەڵام سۆراغیان نەبوو، بۆ جاری دووەم یەزید گەشتەوە بە جەماعەتەکەی و جەماعەتەکەشی گەشتنەوە بە هەرچی پەرچیی و نەفام و بێسەروبەرەکان لە کوفەو لە مزگەوت کۆبوونەوە، ئەشتەری نەخەعی لە مزگەوتەکە چووە ناویان و دەستی کرد بە خێزەدان و وروژاندنیان و پاڵی نان بۆ کودەتاو شۆڕشکردن، یەکێ لەو قسانەی کە بۆ وروژاندنیان کردی، وتی: (من لای عوسمانی خەلیفەوە هاتوومەتەوە، سەعیدی والیشتانم لەوێ بینیوە، عوسمان و سەعید رێککەوتوون و بڕیارنداوە موچەو بژێویتان داشکێنن و سامانەکانتان کەمکەنەوە بۆ ئەندازەی دووسەد درهەم)، ئەم قسانەی ئەشتەر درۆی خۆی بوو، عوسمان و سەعید قسەی وایان نەکردبوو، بەڵکو فیڵی سەبەئییەکان بوو لە بڵاوکردنەوەی درۆو ئیفترا بۆ هەڵچونی خەڵکی، ئەشتەر ئەو قسانەی دەکرد، کە خەڵکەکە بترسێنێت لە زوڵم و ناحەقی و کاری کردە سە دڵ و دەروونی هەرچی و پەرچی و نەفام و گاوانەکان و شێتی کردن و بوو بە هەراو هوریایەکی گەورە لە مزگەوتداو پیاوە ماقوڵ و ژیرو راساڵە لە خوا ترسەکان و پیاوچاکەکان ئامۆژگارییان کردن و گفتوگۆیان لەگەڵ کردن وەکو ئەبو موسای ئەشعەری و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و قەعقاعی تەمیمی، بەڵام گوێیان نەگرت و بە پیریانەوە نەچوون[2]، یەزیدی کوری قەیس دەی شیراند لەناو هەرچی پەرچیی و گاوانەکاندا لە دەرەوەو ناوەوەی مزگەوتەکی دەیوت: من دەردەچم بۆ رێگەکانی مەدینە بۆ ئەوەی رێگە بگرم لە سەعید نەیەتەوە ناو کوفە، هەر کەسێ حەزدەکات بێت لەگەڵم تا رێگەی لێ ببڕین، با بێت بچین داوای والییەکی تر بکەین لە جێگەی ئەو، هەستان بەدەم نەعرەتەکەیەوە سەبەئییەکان و شوانە ناحالییەکان وەڵامیان دایەوە نزیکەی هەزار کەس دەرچوو لەگەڵیدا[3].

6ـ قەعقاعی تەمیمی قایدی فیتنەبازەکانی کوشت

---

[1] تاريخ الطبري (337/5).
[2] تاريخ الطبري (338/5)، الخلفاء الراشدون للخالدي، ص(138).
[3] المصدر نفسه.

کاتێ سەبەئی‌و هەرچی پەرچییەکان‌و ناحاڵییەکان دەرچوون بە مەرامی فیتنەنانەوەو هەڵگەڕانەوەو یاخیبوون دووبەرەکی روویدا، پیاوە بەرێزو لەسەرخۆو ژیرەکان لە مزگەوت مانەوە جێگرەوەی والیش عەمری کوڕی حورەیس چووە سەر مینبەرەکەو داوای کرد لە موسڵمانەکان کە برایەتی‌و یەکێتیی بپارێزن‌و ترساندنی لە تەفرەقەو ناکۆکی‌و فیتنەگەری‌و دەرچوون لە فەرمانی خەلیفەو بانگی کردن، کە نەچن بەدەم بانگەوازی ئەم یاخی بوو سەرپێچی کارو سنووربەزێنانەوە[1]، جا قەعقاعی تەمیمی وتی: ئایا لافاو دەگەڕێتەوە لە شیوی خۆی؟ ئادەی فورات بگەڕێنەوە لە ڕێڕەوی خۆی! شتی وا زۆر دوورە نەخێر وەڵلاهی ئەم هەرچی‌و پەرچییانە دانامرکێنەوە بە شریخەی شمشێر نەبێتە وا خەریکە خێرو خۆشیمان بار دەکات، پاشان ئەمانە ئاواتەخوازی کاری خۆیانن هەرگیز لێی ناگەڕێنەوە ئارام بگرن، عەمریش وتی: ئارام بگرن، گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی[2].

7ـ فیتنەبازەکان نەیانهێشت سەعیدی کوڕی عاص بێتەوە ناو کوفە

یەزیدی کوری قەیس لەگەڵ ئەشتەری نەخەعی کە هەزار سەربازی رێگری لەگەڵ بوو، چوونەتە سەر ڕێگای مەدینە ـ کوفە، رێگەکەش پێی دەوترا (الجرعە)، ئەمانە بە پرچەکییەوە لە جورعە وەستابوون‌و سەعیدیان لێ دەرکەوت، کە لای عوسمان دەگەڕایەوە، وتیان پێی لە کوێوە هاتوویت بگەڕێرەوە بۆ ئەوێ ئێمە پێویستمان بە تۆ نییەو نایەڵین بچیتەوە ناو کوفە، هەواڵیان دا بە عوسمان کە ئێمە کەسمان ناوێت ببێتە والیمان لە شوێنی سەعید، سەعیدیش وتی: بۆچی هەزار کەستان هێناوە بۆ ئەم قسەیە؟ یەك کەستان بەس بوو، کە بینێرن بۆ لای خەلیفەو داواکەتان بگەیەنن یان یەك پیاوتان بهاتایەتە ڕێگەی من‌و ئەم هەواڵەی پێ بدامایە؟ ئایا هەزار پیاوی ئاقڵ دەردەچێت بۆ ڕووبەڕوونەوەی یەك پیاو؟[3] سەعیدی کوری عاص وای بەباشزانی دەستەویەخەیان نەبێتەوەو ئاگری فیتنە تاو نەدات‌و نەوتی پیا نەکات، بەڵکو هەوڵی کوژانەوەی بدات، یان بەلای کەمەوە ئاگرو بڵێسەی فیتنەکە داو بخات، ئەبو موسای ئەشعەریش ڕای وابوو عەمری حورەیس‌و قەعقاعی تەمیمی لە کوفە[4] رایان وابوو واتە هاوڕای سەعید بوون، سەعید گەڕایەوە بۆ لای عوسمان، هەواڵی‌تاقمە خەواریجەکانی پێدا، عوسمان وتی: چییان دەوێت؟ ئایا دەست لە گوێڕایەڵی دەکێشنەوە؟ ئایا هەڵدەگەڕێنەوە لە خەلیفەو نا فەرمانی دەکەن؟ ئایا بێگوێیی‌و لاساری گوێڕایەڵی خەلیفە دەکەن؟ سەعید وتی: نەخێر ئەوەیان دەرخست کە نایانەوێت من والییان بم‌و والییەکی تریان دەوێت لە شوێنی مندا، وتی: کێیان دەوێت ببێتە والییان؟ سەعید وتی: ئەبو موسای ئەشعەرییان دەوێت. عوسمان وتی: ئەوا ئەبوموسامان کردە والی‌و جێگرمان کردو دیاریمان کرد، وەڵلاهی بیانوو بۆ کەس ناهێڵمەوەو نایەڵم کەس بەڵگەی بە دەستەوە بمێنێت‌و ئارام دەگرم لەبەریان هەرچۆن داوام لێ دەکەن، هەتا ڕاستی مەرامەکانیان بزانم، عوسمان ئەبوموسای دیاری کر بۆ والی کوفە[5]، بەرلەوەی نوسراوی عوسمان بگاتە ئەبو موسا و بیکات بە والی هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی کوفە دانیشتبوون، بۆ چارەسەرکردن‌و زەبتی کاروبارەکان‌و هێورکردنەوەی هەمووان، بەڵام دەستی نەدا بۆیان‌و سەری نەگرت، لەبەر ئەوە سەبەئی‌و داخ لەدڵەکان‌و کینەبازەکان زاڵبووبوون بەسەر ناحاڵی‌و هەرچی‌و پەرچییە‌و گاوانەکانداو وروژاندنیان، ئاورێکیان نەدایەوە گوێ بگرن لە دەنگی ئەقڵ‌و مەنتیق، لە کاتی ئەم یاخیبوون‌و فیتنەنانەوەیەدا دوو هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی کوفە بوون، ئەو دووانەش حوزەیفەی یەمانی‌و ئەبو مەسعودی عەقبەی کوڕی عەمری ئەنصاری بەدری بوو، ئەبو مەسعود توڕەبوو لە یاخیبوون‌و شۆڕشی نەفامەکان.

---

[1] الخلفاء الراشدون للخالدي، ص(139).
[2] تاريخ الطبري (338/5).
[3] تاريخ الطبري (338/5).
[4] الخلفاء الراشدون للخالدي، ص(140).
[5] تاريخ الطبري (339/5).

له شارده‌رچونیان به‌ره‌و رێگای جورعه‌و لابردنی سه‌عیدی والییان و سه‌رپێچی کردنی ئه‌م هه‌رچی په‌رچیانه، ئه‌مه‌یه یه‌که‌م خۆپیشاندان بوو که‌چی حوزه‌یفه‌ی یه‌مانی دوور بینتر بوو له‌گه‌ڵ ئه‌م رووداوانه به‌ مه‌زوعی ترو بیری ورده‌وه مامه‌ڵه‌ی ده‌کرد[1]، ئه‌بو مه‌سعود وتی به‌ حوزه‌یفه‌ له‌ رێگای (جورعه) به‌ سه‌لامه‌تی ناگه‌ڕێنه‌وه‌، بێگومان خه‌لیفه‌ سوپایه‌ك ده‌نێرێته‌ سه‌ریان ته‌مێیان ده‌كات‌و خوێنی زۆر ده‌ڕژێت، حوزه‌یفه‌ وه‌ڵامی دایه‌وه‌و وتی: وه‌ڵڵاهی ئێستا ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ كوفه‌، نه‌پێك هه‌ڵپژان‌و نه‌ شه‌ڕ روونادات‌و تاقه‌ خوێنێك ناڕژێت هیچ شتێكم له‌م فیتنه‌ نه‌زانیوه‌ هه‌موویم له‌ پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ ﷺ بیستووه‌ له‌ كاتی ژیانی ئه‌ودا، پێغه‌مبه‌ر ﷺ هه‌واڵی ئه‌م فیتنه‌یه‌ی پێداین، كه‌ ئه‌مڕۆ ده‌یبینین به‌ر له‌وه‌ی وه‌فات بكات، پێغه‌مبه‌ر ﷺ بۆی باسكردین، كه‌ پیاوی وا هه‌یه‌ به‌ موسڵمانی رۆژ ده‌كاته‌وه‌، پاشان كه‌ ئێواره‌ی به‌سه‌ردا هات، هیچ شتێكی ئیسلامیی پێوه‌ نه‌ماوه‌، پاشان موسڵمانان ده‌كوژن‌و وه‌رده‌گه‌ڕێن له‌ دین‌و دڵیان ده‌چه‌رخێت خودای گه‌وره‌ش بۆ سبه‌ی ئه‌وان ده‌كوژێت، ئه‌م به‌زمانه‌ روو ده‌دات[2]، حوزه‌یفه‌ی یه‌مانی پسپۆڕ بوو له‌ زانستی فیتنه‌داو مامه‌ڵه‌ی كرد له‌گه‌ڵ فیتنه‌ی سه‌به‌ئیه‌كاندا له‌ كوفه‌و شوێنه‌كانی تر به‌ پێی ئه‌و زانین‌و بیستنه‌ی كه‌ له‌ پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ ﷺ وه‌ری گرتبوو، ئه‌و فه‌رموودانه‌ی له‌به‌ركردبوو كه‌ فیتنه‌كانی ناوزه‌د ده‌كرد به‌ باشی له‌ حه‌قیقه‌تی ئه‌و كارو كرده‌وانه‌ تێ ده‌گه‌یشت كه‌ به‌رپا ده‌بوو به‌ دووری نه‌ده‌زانی‌و نامۆ نه‌بوو له‌ لای‌و به‌پێی توانا هه‌وڵی چاكسازیی ده‌دا[3].

8ـ ئه‌بوموسای ئه‌شعه‌ری بارودۆخی هێوركرده‌وه‌و رێگری كرد له‌ سه‌رپێچی كردن‌و لاساریی كردن

ئه‌بوموسای ئه‌شعه‌ری هه‌ستا به‌ هێوركردنه‌وه‌ی بارودۆخه‌كه‌و رێگری كرد له‌ خه‌ڵكی سه‌رپیچی بكه‌ن، وتی پییان ئه‌ی خه‌ڵكینه‌ بۆ ئه‌م جۆره‌ سه‌رپێچی‌و موخاله‌فانه‌ ده‌رمه‌چن‌و هه‌رگیز مه‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌و خۆپیشاندانی ئه‌م جۆره‌، پابه‌ندی جه‌ماعه‌تی موسڵمانان بن‌و گوێڕایه‌ڵ بن، ده‌خیلتان بم په‌له‌پڕوزه‌ مه‌كه‌ن خۆتان بگرن به‌ ئارام بن ئێستا ئێوه‌ ئه‌میرتان هه‌یه‌و خاوه‌نی سه‌رگه‌وره‌ن، وتیان نوێژمان بۆ بكه‌، وتی: نایكه‌م، هه‌تا گوێڕایه‌ڵی‌و ملكه‌چی بۆ عوسمان ده‌رنه‌خه‌ن، وتیان ئه‌وا ملكه‌چی‌و گوێڕایه‌ڵی ئیمامی عوسمانین[4]، به‌ڵام له‌م به‌ڵێنه‌دا راستیان نه‌كردو مه‌رامه‌كانیان په‌رده‌پۆشكرد، له‌ خه‌ڵكانی تر، ئه‌بو موسا هه‌ستاو نوێژی كرد بۆیان، له‌و رۆژه‌وه‌ی كه‌ له‌لایه‌ن عوسمانه‌وه‌ هه‌ڵبژێردرا بۆ والیه‌تی بارودۆخه‌كه‌ هێور بوویه‌وه‌، تا ماوه‌یه‌ك له‌ ساڵی (34)ی كۆچی حوزه‌یفه‌ی یه‌مانی گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ ئازربیجان‌و باب‌و سه‌رله‌شكری سوپای جیهادی ده‌كرد له‌وێ‌و كارگێڕی والییه‌كان گه‌رانه‌وه‌ بۆ سه‌ر كاره‌كانیان له‌ ده‌ڤه‌ری فارس[5].

9ـ ئیمامی عوسمان نوسراوێكی نووسی بۆ یاخیبووه‌كانی كوفه‌

عوسمان نوسراوێكی نووسی بۆ سه‌ركه‌شه‌كانی ئه‌هلی كوفه‌و حیكمه‌تی لابردنی سه‌عیدی بۆ روونكردنه‌وه‌، كه‌ له‌سه‌ر خواستی ئه‌وان كردی‌و ئه‌بو موسای كرده‌ جێگره‌وه‌ی، ئه‌و نامه‌یه‌ كۆمه‌ڵێ ڕه‌هه‌ندو به‌ڵگه‌ی گرنگی تێدا بوو، ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی فیتنه‌شی رونكرده‌وه‌، كه‌ عوسمان چۆن به‌رهه‌ڵستی فیتنه‌ ده‌كات‌و هه‌وڵی داوخستنی گڕی ئاژاوه‌ ده‌دات هه‌تا بتوانێت، وێڕای ئه‌وه‌ی به‌ زانستێكی یه‌قینی ده‌زانێت كه‌ دێته‌ پێش‌و به‌رپا ده‌بێت‌و ئه‌م ناتوانێ رێگه‌ له‌ به‌رپابوونی بگرێت، ئه‌مه‌شی له‌ پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ ﷺ وه‌رگرتووه‌، عوسمان له‌ نامه‌كه‌یدا وتبووی، پاش سوپاسی خودای گه‌وره‌ من ئه‌و كه‌سه‌م كرده‌ ئه‌میرتان كه‌ خۆتان هه‌ڵتان بژاردوو لێتان خۆش ده‌بم كه‌ چیتان كرد به‌ سه‌عید وه‌ڵڵاهی هه‌رچی سامانم هه‌یه‌ رایده‌خه‌م بۆتان‌و ئه‌یخه‌مه‌ به‌رپێتان، وه‌ڵڵاهی هه‌رچی سه‌برم هه‌یه‌ سه‌رفی ده‌كه‌م بۆتان‌و به‌ كوشتنی خۆم چاكتان ده‌كه‌م، ده‌تان سازێنم هه‌رچیتان پێ خۆشه‌ داوام لێ بكه‌ن، به‌ مه‌رجێ گوناهو سه‌رپێچی خودای گه‌وره‌ نه‌بێت، هه‌ر ئێستا پێتان

[1] الخلفاء الراشدون، ص(141).
[2] تاريخ الطبري (342/5).
[3] حذيف بن اليمان، ابراهيم العلي، ص (86)، الخلفاء الراشدون للخالدي، ص(141).
[4] تاريخ الطبري (335/5).
[5] الخلفاء الراشدون للخالدي، ص(143).

دەبەخشیم، هەر شتێکتان پێ ناخۆش بێت ئەگەر گوناه نەبێت دەستی لێ هەڵدەگرمو لێتان دەبورم، هەرچیتان پێ خۆشە بیکەنو پێم بڵێن بۆ ئەوەی بیانوو گلەییتان بەسەر منەوە نەبێت).

بۆ شارەکانی تریش ئەم چەشنە نامەیەی نووسی[1] ڕەزای خودای گەورە لە ئەمیری ئیمانداران چەند چاکسازبووە، چەند سنگی فراوان بووە، لە بەرامبەردا سەبەئیی و داخ لەدڵو یاخیبووەکان سنورشکێنەکان چەندێ زوڵمیان لێکردووەو درۆیان بۆ هەڵبەستووەو دەستی هەڵبەستیان بۆ تاشیوە[2].

باسی دووەم: ئیمامی عوسمان بەم سیاسەتە مامەڵەی دەکرد لەگەڵ فیتنەبازەکاندا

لە دووتوێی دەقە مێژووییەکانداو لە ژمارەیەك لە سەرچاوەکاندا ئەوە ڕۆشن کراوەتەوە کە عوسمان بە چەندین شێواز بەرابەری و بەرەنگاری فیتنەکەی کردوە وەکو:

یەکەم: هەندێ لە هاوەڵان پێیان باشبوو عوسمان لیژنەی پشکنینو لێکۆڵینەوە ڕەوانە بکات بۆ شارەکان

موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا کاتی ئەو هەمـوو پڕوپاگەندەیانەی بیست کە عەبدوڵڵای سەبەء لە شارەکاندا بلاوی دەکردەوە، هەژانو هاتنە کوڵو چوونە خزمەتی ئەمیری ئیمانداران، ئیمامی عوسمان بەپەلە وتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران، ئایا ئەو شتانەت بیستووە لە خەڵکی، کە ئێمە بیستومانە؟ وتی: نەخێر، وەڵڵاهی جگە لە بێوەیی و خۆشی هیچی ترم پێ نەگەشتووە، وتیان: ئێمە هاتووین بۆ لای تۆ پێت بلێین هەردوکیان ئەو هەواڵانەیان بۆ باسکرد کە گوێی ئەوانی جەنجاڵ کردبووە، دەربارەی ئەو ئاژاوە و فیتنەیەی کە لە شارەکاندا شەپۆل دەدات، دەربارەی ئەو هێرشە نەگریسەی کە دەکرێتە سەر والییەکانی لە کونجێکدا، ئەویش وتی: ئێوە برابەشی منو ناودارانی ئیماندارانن، ڕاوێژێکی باشم بۆ بکەنو ڕێگەچارەیەکم نیشان بدەن، وتیان ئاماژەی ئەوەت بۆ دەکەین کە کۆمەڵێ پیاوی متمانەدار بنێرە بۆ شارەکانو سۆراغی دەنگوباس بکەنو هەواڵمان بۆ بهێننەوە[3]، ئیمامی عوسمان هەستا بە لێپێچینەوەیەکی قایمو مەزنو برێ لە هاوەڵانی هەڵبژارد لەو هاوەڵانەی، کە کەس گومانی نەبوو، لە تەقواو ڕاستگۆیی و خۆپارێزیو ئامۆژگارییان، ئەو موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیەی هەڵبژارد کە ئیمامی عومەر کردبووی بە ئەمینداری لێپرسینەوەی والییەکانی و کردبووی بە سەرپەرشتیاری والییەکان لە هەرێمەکاندا، هەروەها ئەوئوسامەی کوڕی زەیدەی هەڵبژارد کە خۆشەویستی پێغەمبەرە ﷺو باوکیشی بە هەمان شێوە خۆشەویستی بووە، ئەو ئوسامەیەی ئەمیری ئەو سوپایە بوو، کە پێغەمبەر ﷺ وەسیەتی کردبوو لە دوا دوایی تەمەنی دونیاییدا کە بکرێتە قایدی ئەو سوپایە، فەرمووی (لەشکری ئوسامە بخەنە ڕێ)، هەروەها ئەو عەمماری یاسری هەڵبژارد، کە لە موسڵمانە پێشینەکانەو تێکۆشەرێکی گەورەیە، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عومەری هەڵبژارد، کە شەرعزانو خۆپارێزو موتەقی بوو، موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی نارد بۆ کوفە، ئوسامەی نارد بۆ بەسرە، عەمماری نارد بۆ میسر، عەبدوڵڵای کوڕی عومەری نارد بۆ شام، هەریەك لەم کەڵەپیاوانە سەرپەرشتیاری ئەو جەماعەتە بوو کە لەگەڵیان بوونو ناردنی بۆ ئەم شارە گەورانە، هەرهەموویان ڕۆشتن بۆ ئەم کارە گرانە پڕ مەترسییانە، پاشان هەموویان گەڕانەوە جگە لە عەممار، کە دواکەوت لە گەڕانەوەی لە میسر، پاشان گەڕایەوە هەرچییان بیستبوو، بینیبوویانو پرسیاریان کردبوو، گشتیان خستە پێشچاوی ئەمیری ئیمانداران[4]، ئەو باسەی کە هەر یەك لەمانە هێنایەوە لە شارەکان، وتبوویان: (ئەی خەڵکینە ئێمە نکولی هیچ شتێکتان لێ ناکەین، ڕەخنەمان

[1] تاريخ الطبري (343/5).
[2] الخلفاء الراشدون للخالدي، ص(143).
[3] تاريخ الطبري (348/5).
[4] عثمان بن عفان الخليفة الشاكر الصابر، ص(210).

لێتان نییە، بە هەمان شێوە موسڵمانەکانیش هیچ ڕەخنەو گلەییان نەبووە، ئەمیرەکانیان دادگەر بووە لە نێوانیانداو خەمخۆر بووە بۆیان)[1]، بەڵام ئەو ریوایەتەی کە گوایە عەمماری کوڕی یاسر عوسمانی بە دڵناسك و عاتفی تۆمەتبار کردووە، سەنەدەکانی ئەم ریوایەتانەی کە هەڵگری ئەم تۆمەتانەیە زەعیفن و لە عیللەت خاڵی نین، هەروەها لە دەقەکانیشیدا بزری هەیە[2]، سەرپەرشتیارەکان لە شارەکان گەڕانەوەو روونیان کردەوە، کە هیچ شتێکی وا لە ئارادا نییە، کە خەلیفە والییەکان لە والییەتی لابات و دەستی پێ هەڵگرێ لە کارو خەڵکی بە گشتیی وان لە دادپەروەریی و ڕەحمەت و خێرو سەلامەتی و دڵئارامیداو ئەرخەیانن و ئەمیری ئیماندارانیش لە کێشەکاندا دادگەرەو لە بەخشینەکاندا یەکسانەو ڕێکەو چاوداشتی مافەکانی خودای گەورەو مافەکانی گەلەکەی دەکات و ئەو واتە واتەش بەرپا بووە هەمــوو گومان و شڵەقاندن و درۆیەو کینەبازو داخ لەدڵەکان بڵاوی دەکەنەوەو وان لە تاریکاییدا، بۆ ئەوەی کەس سەرچاوەکەیان نەزانێت، بەڵام ئەم خەلیفە کارزانە بارە چاکسازە مەزنە بەم لێکۆڵینەوەو سۆراغکردنە وازی نەهێنا بەڵکو نوسراوی نووسی بۆ خەڵکی شارەکان[3].

دووەم: عوسمان نوسراوی نووسی بۆ خەڵکی شارەکان

لە باتی ڕاگەیاندنی گشتیی بۆ هەر هەمــوو مــوسڵمانان پاش سوپاس و ستایشی خودای گەورە نووسیبوی: (من کارگێڕەکان بە بریکارو بەڵێندەری خۆم دەگرم، لە هەمــوو وەرزێکی حەجدا، ئەم ئوممەتە زاڵ و سەرکەوتووە لەوەتی بووەتە سەرکاری فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، ئوممەت دەرکی بە هەر خراپەیەك کردبێت یان ڕەخنەی لە هەر کارگێڕێکم گرتبێت حەقم پێداوەو وەڵامم داوەتەوە، نە خۆم نە خاوخێزانم هیچ حەقێکمان نەکەوتووەتە سەر لە لایەن گەل و جەماوەر، هەرچیشمان هەیە بەسەریانەوە بۆ خۆیان، خەڵکی مەدینە هەواڵیان پێداوم کەسانێك هەن داشۆراون، کەسانێکی تر هەن لێیان دراوە، ئەی ئەو کەسەی لێت دراوە، یان سوکایەتیت پێ کراوە بە نهێنی، ئەگەر شتی وات پێکراوە لە وەرزی حەجدا خۆت بگەیەنە پێم و حەقی خۆت وەرگرەوە بە کەیفی خۆت، لە من یان لە کارگێڕەکەم، یان بیکە بەسەدەقە بۆ خۆت خودای گەورە پاداشتی خێرۆمەندان دەداتەوە)، کاتی خەڵکی شارەکان خوێندیانەوە دەستیان کرد بە گریان و دوعای خێریان کرد بۆ عوسمان و وتیان: ئەم ئوممەتە هەڵژناوە بەشەڕدا[4]، ئایا ئەم ئیمانە مەزنەی ئیمامی عوسمان دونیای دەوێت؟ کە بە عەزم و جەزمەوە گوێ بۆ خەڵکی دەگرێت، لەم عەزم و جەزمەو بەرزترو ئەستور شك دەبەیت کە پیاوێك وتویەتی تەمەنی لە هەشتاو دوو ساڵ زیاتر بووە، ئەو کەڵە پیاوە لە بەهێزیی و خێراییەوە ئەمەی وتووە، کە بە دواداچوون و سۆراغی زوڵملێکراوەکانی کردووەو شوێن دۆزی بەشخوراوەکانی کردووە، یان خەڵکی دەوێت و مرۆڤەکانی لا مەبەستە دادوەری و ویژدانێکم نیشان دەن بەرزو بەناوبانگتر بێت لە دادگەریی ئیمامی عوسمان، لەم ویژدانکارییە هەتا مافی شەخسی ئەمیری ئیمانداران دراوە بە جەماوەر تەنیا لەبەر خاتری ئەوەی مافەکانی خودای گەورە نەشکێت و سنوورەکانی پارێزگاری بکرێت.

بەڵێ ئەمە دادگەریی ئیمامی عوسمان بوو، کە لەم بابەتانەدا نەدەوەستا هەڵوەستەی نەدەکرد بە ناردنی ئەمیندارەکان بۆ پشکنینی بارودۆخی خەڵك و نووسینی نوسراو بۆ خەڵکی شارەکان وازی نەهێنا، وتی: وەرزی حەجکردن وەرن سکاڵاکانتان بگەیەننە دەستم، گەر چی لەبەردەم کۆماری حاجیانیشدا بێت، عوسمان بەمانەش وازی نەهێنا، بەڵکو کارگێڕەکانی ئاگادارکردەوە، کە خۆیان بچنە ناو خەڵك زوڵمەکانیان بۆ بگەڕێننەوە گەر هەبوو، پاشان عوسمان پرسیاری

---
[1] تاريخ الطبري (348/5).
[2] فتنة مقتل عثمان (171/1).
[3] تاريخ الطبري (349/1).
[4] المصدر نفسه، تاريخ الطبري (349/1).

کرد لە کارگێڕەکان دەربارەی ئەو واتە واتەی کە خەڵکی دەماودەم دەیلێنەوە ئەوانیش بە بۆچوونێکی جوانو توندو قایم راوێژیان بۆ دەکردو رێگەچارەیان نیشان دەدا[1].

سێیەم: ئیمامی عوسمان راوێژی کرد بە والی شارەکان

ئیمامی عوسمان بەخێرایی ناردی بە شوێن والیی شارەکانداو بە پەلە بانگی کردن، والییەکانیش عەبدوڵڵای کوڕی عامرو مەعاویەی ئەبوسوفیانو عەبدوڵڵای سەعد بوو، لەگەڵ ئەمانیشدا سەعیدی کوری عاصو عەمری کوری عاصی هێنایە ناو راوێژکردنەکە، چونکە ئەم داونە والی پێشوون، ئەم راوێژکردنە دانشتنێکی پڕ مەترسیو داخراو بوو ئەو مەسەلانەی تێدا تاووتوێ کرا کە بڕیاریان دا پلانی کاری نوێ دابڕێژنو بە مسارێکی تر بجولێنەوە لە ژێر رۆشنایی ئەو هەواڵە ناقۆڵاّیانەی کە گەشتوونەتە شاری مەدینەی پایتەختی ولاّتی ئیسلامیی[2]، ئیمامی عوسمان وتی: (قوربەسەرتان ئەم سکالاّو گازندەیانە چییە؟ئەم هاتوهوتە چییە؟ من زۆر دەترسم ئەم قسانە بە راستی دەربچێت لەسەرتان، هەمووشی ماڵە بەسەر منەوەو بەسەر مندا دەشکێتەوە)، ئەوانیش وتیان: وەڵڵاهی راست ناکەنو نایسەلمێننو ئەم هاشو هوشانە هیچ بنەمایەکیان نییەو لێی بێئاگاین، تاقە کەسێکت دەست ناکەوێت بچێتە ژێر باری ئەم تۆمەتانەو هیچیان تیا بەسەر نییە، هەر پڕوپاگەندەیەو دروست نییە حوکمی پێ بکرێت، عوسمان وتی: ئەی چارەسەرمان چییە؟ سەعید کوڕی عاص وتی: ئەمە فێلو فرێکەو لە تاریکیو پەنهاندا دروست کراوەو بە ناحەق هەڵبەستراوەو هەر لە خۆڕا داویانە بە گوێی خەڵداو ئەمانیش گێڕاویانەتەوە بۆ کەسانی ترو لەناو کۆڕو دانیشتنەکانیاندا رێساویانە، عوسمان وتی: باشە چۆن تیماری بکەین؟ وتی: ئەم تاقمە بانگبکەو پاشان ئەوانە بکوژە کە یەکەمجار ئەم قسانەیان لێ دەرچووە، عەبدوڵڵای کوڕی سەعد وتی: ئەو سزایانە لە خەڵکی بسەنەرەوە کە کەوتووەتە ئەستۆیان، مادەم مافەکانی خۆیانت پێداون زۆر لەوە باشترە وازیان لێ بێنیتو گوزەشتەیان لێ بکەیت.

مەعاویە وتی: منت کردووە بە والیو بوومەتە والی گەلێك، جگە لە هەواڵی خێرو چاك خراپەت لێ نەبیستوون، ئەو دوو پیاوەش شارەزای هەڵوێستی راستیانن وتی: رات چۆنە واتە (چی بکەین)؟ مەعاویە با بەجوانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین، وتی: ئەی عەمر تۆ ڕات چییە؟ وتی: من وادەزانم تۆ نەرمی لەگەڵیانو رازیت لێیانو بەشیان زیاد دەکەیتو چاوپۆشییان لێدەکەیت، بە پێچەوانەی رەفتاری عومەر لەگەڵیان دەجولێیتەوە، پێموایە بچیتە سەر رێبازی خەلیفەکەی پێشووت لە شوێنی توندیدا توند بیت، لە شوێنی نەرمیدا نەرم بیت، بەپێی پێویست، چونکە توندوتیژی پێویستە بۆ ئەو کەسانەی کە زیانی خەڵك بە گرنگ نازانن، نەرمیش بۆ ئەو کەسانەی، کە بە ئامۆژگاریی ئاکاریان جوان دەبێت، بەڵام تۆ بۆ هەردوولایان نەرمیت ڕاخستووە.

عوسمان هەستاو سوپاسو ستایشی خودای گەورەی کردو وتی: ئەو ئامانژانەی کردتان هەموویم ژنەوتو هەموو کارێکیش دەرگای خۆی هەیە لەوێوە دەچینە ژوورەوە ئەو ناسۆرییەی کە مەترسی هاتنی دەکرا ئەوا بەرپا بووە، ئەم دەرگایە بە نەرمو نیانیو لەخۆبردوییو بەدوداچوون دادەخرێن تەنیا لەو سنوورانەدا نەبێت کە باسکراوەو کەس بۆی نییە رەخنەی لێ بگرێت، ئەو شتەی بەربەستی ئەم هەرایە بکات نەرمیو هێواشییە، وەڵاهی ئەم دەگایە تازە لادراوەو کەسێکیش نییە لەمان بەڵگەیەکی راستی پێ بێ خوداش باش دەزانێت ئارامگریی یەکەم بۆ پێخۆشحاڵی نییەو دەرفەتدان نییە، وەڵڵاهی ئاشی فیتنەو ئاژاوە کەوتووەتە گەڕ، خۆشبەختی بۆ عوسمان ئەگەر بمرێتو دەستی تێ ڕانەدات، رێگری بکات لە خەڵکیو مافەکانی خۆیانیان پێ ببەخشنو چاوپۆشییان لێ بکەن، ئەگەر مافەکانی خودایان پێشێل کردو سوننەتیان فەرامۆشکردووە شلگیریان بۆ مەکەنو ماستاویان لەبەر مەکەن[3]، عوسمان پێچەوانەی عومەری برای بۆ لە رێبازی توندوتۆڵیدا، بەڵام لە شوێنکەوتنی سوننەتی هەردوو خەلیفەکەی پێش خۆیدا پێچەوانە نەبووەو ئاشی فیتنە کەوتە

[1] عثمان بن عفان الخليفة الشاكر الصابر، ص(212).
[2] معاوية من أبي سفيان، ص(126).
[3] تاريخ الطبري (351/5).

گەڕو بە توندوتیژی چارەسەر ناکرێت، چونکە توندوتیژی دەبێتە ئاوی ئەم ئاشەو باشتر کڕەی پێ دەکات‌و ئەمیری ئیمانداران رازی نەبوو ببێتە هاودەمی ئەم فەرتەنەیە، وەکو دەڵێن (خۆشحاڵی بۆ عوسمان بمرێت‌و دەستی تێ وەرنەدات)، بە رۆشنی‌و راشکاوی ئیمامی عوسمان مەیلی لەم گەڕەلاوژێیە نەبوو لە سنوورو مافەکانی خودای گەورەدا هیچ شلگیریی‌و چاوپۆشییەکی تیا نەبوو، بەڵام بۆشتەکانی تر ئاسانکاربوو، چونکە نەرم‌و نیانی ئەوبەرترە، لێخۆشبوون بەرێزترە، دەبێت مافەکانی پارێزراوبن‌و وەکو پێویست جێبەجێ بکرێن[1]، چەندین ریوایەت هاتووە بەسەنەدی لاوازو ونبوو، کە پەیوەندیی نێوان عەمری کوڕی عاص‌و عوسمان دەشێوێنێت‌و دەشڵەقێنێت، کۆمەڵێ ریوایەتی تری دزێو دەستیان هەیە لە چڵکن کردنی وێنەی عەمری کوڕی عاصداو پەیوەندیی نێوان عەمری عاص‌و عوسمان بە پەیوەندییەکی رزیو دەگۆڕن کە گوایە عەمر نەخشەی کێشاوە بۆ کوشتنی ئەمیری ئیمانداران، پاشان دەستی داوەتە هەڵپەرستی‌و بە تەمای ئەوەبوو خوێنی عوسمان بڕژێت)[2].

ئەم ریوایەتانە لاوازو رەتکراو لای ئەهلی حەدیس‌و مێژوونووسەکان[3]، وە ریوایەتێکی تر هاتووە بە سەنەدێك، کە خەڵکی لاوازو نەناسراوی تێدایە کە گوایە عەمری کوڕی عاص وتویەتی، ئەی عوسمان لەبەر خاتری بەنی ئومەیە مافی خەڵکت پێشێل کردووە، خزمایەتی دەکەیت تۆ لاتداوەو خەڵکیش لای داوە یان دادپەروەربە یا خۆت بەرکەنارکەو واز بهێنە گەردەمێنیتەوە یەکسان‌و گشتگیربەو بە چاکی بەرەوپێش برۆ[4].

هەر لە هەمان ریوایەتدا هاتووە، کە عەبدوڵڵای کوڕی عامر وتویەتی: من وا دەزانم تۆ ئەوە چاغەت هەڵگیرساندوە ئەوەندە پیاوێك ئەسپێیەك کەوتبێتە سەری یان گەنمەیەك چوبێتە مووی ولاخەکەی، تۆ ئەوەندە بایەخ بە خەڵکی دەدەیت‌و ئەوەندە سەرقاڵی گلەییەکانیانی[5]، عوسمان والییەکانی قەدەغە کرد لەوەی ئاژاوە هەڵگیرسێنەکان سزا بدەن یان زیندانیان بکەن، یان بیانکوژن، بڕیاریدا کە بە چاکی‌و نەرمی مامەڵەیان لەگەڵ بکەن[6]، داوای کرد لە کارگێڕەکانی کە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان‌و رێککەوتن لەسەر ئەو رێنماییانەی کە ئیمامی عوسمان پێی راگەیاندن، کە بە چ شێوازێك رووبەڕووی فیتنە ببنەوە ئەو فیتنەیەی کە هەموو چاوەڕوانێك دەیزانی هاتووەو دەبێت هەر بێت[7].

1ـ مەعاویە دوو پێشنیاری کردو عوسمانیش ڕەفزی کردەوە.

پێش ئەوەی مەعاویەی ئەبی سوفیان بچێتەوە بەرەو شام هات بۆ لای ئیمامی عوسمان‌و وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران، لەگەڵ مندا وەرە بۆ شام، بەر لەوەی رووداوەکان‌و بەسەرهاتەکان هێرش بهێننە سەرت‌و تۆ لە ئۆگەیان نەیەیت، عوسمان وتی: من دراوسێیەتی پێغەمبەر ﷺ بە هیچ شتێك ناگۆڕمەوە، ئەگەر دەزوی گەردنم بقرتێت، مەعاویە وتی: دەی سوپایەکت لە شامەوە بۆ رەوانە بکەم لە مەدینە بمێنێتەوەو بەرهەڵستی ئەو مەترسییە چاوەڕوانکراوانە بکەن‌و بەرڤانی لە تۆو خەڵکی شاری مەدینە بکەن، ئیمامی عوسمان وتی: نەخێر گرانی‌و نانەخۆری ناخەمە سەر دراوسێیەکانی پێغەمبەر ﷺ، کەم خۆراکیان ناکەم لەبەر خاتری سەربازانێك کە بمێننەوە لە ناویان، تەنگی‌و سەخڵەتی ناخەمە سەر کەسانێك کە کۆچەریی‌و ئەنسارن‌و لە مەدینە نیشتەجێبوون مەعاویە پێی وت: ئەی ئەمیری ئیمانداران وەڵڵاهی تیرۆرت دەکەن، یان لە ناوت دەبەن، عوسمان وتی: خودام بەسەو باشترین پشتیوانمە[8] وەکو بلێی مەعاویە دەیزانی کە لەودیو ئەم فیتەو پڕوپاگەندانەوە شتێکی پیس هەیەو نەخشەی بۆ ئامانجێکی ترسناك کێشاوە تەنها ئەوەشیان دەوێت بدەن بەسەر خەلیفەو حوکم رانییەکەیدا.

---

[1] عمر بن العاص الامير المجاهد للغضبان، ص(447).
[2] المصدر نفسه (448).
[3] عمر بن العاص، الأمير المجاهد للغضبان.
[4] تاريخ الطبري (340/5).
[5] المصدر نفس.
[6] خلافة عثمان، د. السملي، ص(77).
[7] الخلفاء الراشدين للخالدي، ص(151).
[8] تاريخ الطبري (353/5).

بەڵام عوسمانی خەلیفەی کارزان رایەکی تری هەبووەو دەیویست بە ریگایەکی تر لەگەڵیان بجولێتەوە هەتا بەڵگەیان بەدەستەوە نەمێنێ لای خودای گەورەو وەڵامی خەڵکیش لەدوو دنیاو دوارۆژدا سەر شۆڕیان بکات ئەم سەبرە گەورەیە تەنها لەو ئیمامە دادپەروەرە گەورەیە دەوەشێتەوە[1].

2ـ عوسمان ریزی موئامەرەچییەکانی بڕی، دوای ئەوەی کە هاتبوونە ناو شاری مەدینە:

ئەمیری ئیمانداران وریاو بیدار بوو بە گوێرەی نووسینی هەواڵگرەکانی کە لەبارو دۆخ ئاگاداریان دەکردەوە سەبارەت بە موئامەرەچییەکان، عوسمان دوو پیاوی لە موسلمانان کە کاتی خۆی سزا درابوون، لە لایەن خەلیفەوە خستە ناو ریزی یان تۆڕی موئامەرە چییەکان، چونکە ئەمانە لەم دوو پیاوە ئەرخەیان بوون دوو پیاوەکە یەکیان مەخزمی و ئەویتر زوهری بوو، پێی وتن برۆن بزانن چییان دەوێت و بە تەمای چین، ئەم دوو پیاوە لە لایەن عوسمانەوە تەمێ کرابوون، بەڵام خۆ گربوون لە ژێر باری راستیدا هیچ کینەیەکیان لە دڵدا نەبوو، بەرامبەر عوسمان، کاتێ موئامەرە چییەکان ئەم دوو پیاوەیان بینی مەرامەکانی خۆیان وتوو نەخشەکەیان باس کرد، دوو پیاوەکە وتیان کێتان لەگەڵدایە لە خەڵکی مەدینە، کە هاودەنگتان بێت، وتیان سێ کەس، وتیان جگە لەمانە، وتیان کەسی تر، وتیان ئێوە دەتانەوێ چۆن بکەن ئەوانیش رەهەندی موئامەرە تێرو پڕەکەو نەخشە دارێژاوەکەیان راڤە کرد بۆ دوو پیاوەکە، وتیان دەمانەوێ هەندێ قسە بکەین لەگەڵ خەلیفەدا دەربارەی ئەو شتانەی کە لە دڵی خەڵکدا چاندومانە، پاشان بگەڕێینەوە بۆ لایان دڵنیایان بکەین کە ئێمە بڕیارمان لەسەر داوەو تاوتوێمان کردووە.

ناگەڕێینەوەو پەشیمان نابینەوە، پاشان ئەچین و وەکو گەلەکۆمە چواردەوری دەگرین و لە خەلیفەیەتی لای دەبەین، ئەگەر بە قسەمان نەکات واتە عوسمان، دەیکوژین، ئەم قسانەیان بیست و گەرانەوە بۆ لای عوسمان، عوسمان پێکەنی و وتی: خودایە ئەمانە سەلامەت بکەی ئەگەر سەلامەتیان نەکەی بەدبەخت دەبن، ناردی بە شوێن ئەو کوفەی و بەسرەییانەی کە هاتبوونە مەدینە، پاشان بانگەواز کرا، وتیان کۆببنەوە بۆ نوێژ، ئیمامی عوسمان چووە سەر مینبەرو هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ چواردەوریان گرت، عوسمان سوپاس و ستایشی خودای کردو هەواڵی ئەم تاقمەی دا بە موسڵمانان، کە هاتوونەتە مەدینە، راستی مەرامەکانیانی باس کرد، کە تووشی دردۆنی بوون، هەر لە ئێستاوە هەڵگەراونەتەوەو دەیانەوێ عوسمان لە خەلیفەیەتی لابدەن، یان بیکوژن، ئەو دوو پیاوەی کە گفتوگۆیان کرد لەگەڵ ئەم سەبەئییانەدا هەستان و بوون بە شاهیدی هەواڵەکەی عوسمان، هەموو موسڵمانان وتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران بیانکوژە، چونکە ئەیانەوێ لە خزمەتی تۆ دەربچن هەڵگەڕێنەوە بە رووتاو دروشمی موسڵمانان لەت و پەت بکەن، عوسمان داواکەی هاوەڵانی رەتکردەوە کوشتنیانی پەسەند نەکرد، چونکە ئەمانە بەناو موسڵمان بوون، ئیمامی عوسمان رازی نەبوو دوایی پێی بڵێن ئیمامی عوسمان ئەو موسڵمانانەی کوشت، کە پێچەوانەی بوون، عوسمان بەم شێوەیە ئەو بۆچوونەی رەد کردەوەو وتی: نایان کوژم، بەڵکو لێیان دەبورم و چاوپۆشییان لێ دەکەم، هەتا بتوانم چاوڕوانییان دەکەم، هیچ تاقە موسڵمانێ ناکوژم، مەگەر تاوانێکی وای کردبێ پێویست بە کوشتن بکات، یان لەدین وەرگەڕابێ و کافر ببێت[2].

راستکردنەوەی بەڵگە لەسەر یاخیبووەکان

عوسمان بانگی تاقمە سەبەئییەکانی کرد، بۆ ئەوەی هەرچی دوو دڵی و گومانێکیان هەیە، بیخەنە روو، ئەو زیادە رەویانەی بەدییان کردووە بە ئاشکرا بیڵێن، هەر هەڵەیەکیان لە خەلیفە گرتووە ئاشکرای بکەن، ئەمە دانیشتنێکی راشکاوانەو رۆشن بوو لە مزگەوتدا بە دیار چاوی هاوەڵان و موسڵمانانەوە بەسترا، سەبەئییەکان قسەیان کردو ئەو هەڵانەی کە عوسمان کردبووی بە گومانی ئەوان خستیانە روو، عوسمانیش هەستا بە بەیانکردن و روونکردنەوەیان و بەڵگەو

---

[1] عثمان بن عفان الخليفة الشاكر الصابر ص(214).
[2] تاريخ الطبري (354/5، 355).

دەلیلەکانی خۆی بۆ باسکردن، موسڵمانە بە ویژدانەکان ئەم ڕاشکاویی و لێ پرسینەوەو دەرخستنەیان بیستو ئیمامی عوسمان وەڵامی ئەو ڕەخنانەی دایەوە کە لێیان دەگرت، پاشان ڕاستی کارەکانی ڕوون کردەوەو بەرگری کرد لە کارەکانیو پاکێتیی کارەکانی دەرخستو هاوەڵە دانیشتووەکانی ناو مزگەوت شاهیدیان بۆدا[1].

1ـ وتی من لە سەفەردا نوێژم بە چوار ڕکاتی تەواو کردووە، پێش من پێغەمبەرو ئەبوبەکرو عومەر لە سەفەردا چوار ڕکاتیان نەکردووە، من چوار ڕکات نوێژم کرد، کاتێ لەمەدینەوە سەفەرم کرد بۆ مەککە، مەککە شارێکە کەسوکارمی تیادایە، ئەو کاتە من نیشتەجێ بووم لەناو کەسوکارمدا و خۆم بە موسافیر نەئەزانی، ئایا وانییە، هاوەڵان وتیان بەڵێ بەخودا وایە.

2ـ وتی: من پاوەنێکم پاراستووەو تەنگم بە موسڵمانان هەڵچنیوە زەویەکی فراوانم تایبەت کردووە بۆ لەوەری وشترەکانم لە پێش منەوە پاوەن هەبووە بۆ وشتری صەدەقەو جیهاد، پێغەمبەرو ئەبوبەکرو عومەر پاوەنیان هەبووە، منیش وەکو ئەوان بەڵام من فراوانترم کردووە لەبەر زۆری وشتری صەدەقەو جیهاد، پاشان ئاژەڵی موسڵمانەکانشم مەنع نەکردووە، کە لەم پاوەنە بلەوەڕێن، بۆ ئاژەڵی خۆم پاوەنم نەکردووە، کاتێ من خەلیفە نەبووم لە هەموو موسڵمانان زیاتر وشترو مەڕم هەبووەو هەمویشم کرد بە خێر، ئێستاش ساغییەو ڕاغییە نەبێ وڵاغم نییە، تەنیا دوو وشترم هەیە دام ناون بۆ حەج کردن، ئایا وانییە؟ هاوەڵان وتیان بەرێ بەخودا وایە.

3ـ ئێوە دەڵێن من یەك نوسخە قورئانم هێشتووەتەو ئەو نوسخەکانی ترم سوتاندووە، خەڵکیم لەسەر یەك پەڕاوی قورئان کۆکردووەتەوە، ئایا قورئان فەرمودەی خودا نییە لای خوداوە نەهاتووە، دەبێ مادەم لای یەك کەسەوە هاتووە دەبێ یەك جۆر بێت، هیچم نەکردووە، ئەوە نەبێ موسڵمانانم لەسەر یەك شێوە قورئان کۆکردووەتەوە، ڕێگەم لێ گرتوون کە ناکۆکی و دووبەرەکی بکەوێتە نێوانیان، لەم کارەشدا چاوم لە کارەکەی ئەبوبەکر کردووە، کە هەستا قورئانی کۆکردەوە، ئایا وانییە، هەموو هاوەڵان وتیان: بەرێ بە خودا.

4ـ ئێوە دەڵێن من حەکەمی کوڕی ئەبی عاصمم گەڕاندووەتەوە بۆ مەدینە کاتی خۆی پێغەمبەر نەفی کردووە بۆ (تائیف) لە ڕاستیدا حەکەمی کوڕی عاص خەڵکی مەککەیەو خەڵکی مەدینە نییە، پێغەمبەر ﷺ لە مەککەوە دەری کرد بۆ تائیف، کاتی ڕازی بوو لێی گەڕانیەوە بۆ مەککە، پاشان هەم دیسان دەری کردەوە بۆ تائیف، پێغەمبەر ﷺ خۆی دەری دەکردو دەشی هێنایەوە، ئایا وانییە؟ هاوەڵان وتیان: بەرێ بەخودا.

5ـ ئێوە دەڵێن من تازە پێگەیشتو دەکەم بەکار بەدەست گەنجە تەمەن منداڵەکان دەکەم بە والی، من هیچ پیاوێکم نەکردووە بە والی بەرێزو بارهەڵگرو شیاو نەبێت، لە ڕێگەیدا نەبێ، ئەم کەسانە شایستەی کارەکانیانن، کە پێم داون، خۆشیان پرسیاریان لێ بکەن، خەلیفەکانی پێش من لە والییەکانی من کەمتەمەنترو تازە لاویان دەکرد بە والی، بۆ نموونە پێغەمبەر ﷺ ئوسامەی کوری زەیدی کردە ئەمیر، تەمەنی لە ڕێی ئەمیرێتیدا نەبوو، لەم گلەییانە خراپتریان وت بە پێغەمبەر ﷺ، ئایا وا نەبوو؟ وتیان: بەرێ بە خودا، ئەمانە توانج ئەگرنە خەڵك بە بێ ئەوەی شرۆڤەی بکەنو لێی ورد ببنەوە.

6ـ ئێوە دەڵێن من دەستکەوتم داوە بە عەبدوبدوڵلای کوڕی سەعد، من لە پێنجی دەستکەوتم پێداوە، کە (100) هەزارە لە حەقی ئەو جیهادەی کە ئەفریقای ڕزگار کرد، بەڵێنم پێ دابوو، ئەگەر خودای گەورە لەسەر دەستی تۆ ئەفریقای ڕزگار کرد پێنج لە سەدی دەستکەوتەکەی خەڵات بێ بۆ تۆ پێشم تەبریە کردووە سەرکاری وایان کردووە، وێڕای ئەمەش سەربازە موجاهیدەکان پێیان وتم: ئێمە پێمان ناڕەحەتە پێنج لە پێنجی بدەی بە ئەبی سەرح، هەرچەند ئەوان مافی قبوڵکردنو ڕەفز کردنیان نەبوو، من پێنج لە پێنجەکەم لە ئەبی سەرح وەرگرتو دام بە سەربازەکانی، بەم شێوەیە ئەبی سەرح هیچی بەر نەکەوت ئایا وانەبوو؟ هاوەڵان وتیان بەرێ بەخودا.

[1] الخلفاء الراشدون للخالدي، ص (154، 155).

7ـ ئێوه دهڵێن من كهسوكارهكهم خۆشدهوێ‌و بهشیان دهدهم، بزانن خۆشهویستی من بۆ خزمهكانم قهد وام لێ ناكا مهیلم بچێ بۆ زوڵم‌و ناحهقی كردن به خهڵكی تر، بهڵكو مافهكانی خۆیانیان دهدهمێ‌و تۆڵهشیان بكهوێته سهر لێیان دهسێنم، ئهو بهشانهش پێیداون له ماڵی تایبهتی خۆم پێمداون، سامانی هیچ موسڵمانێك نییه، چونكه ماڵی موسڵمانان بۆ كهس رهوا نییهو به حهڵاڵی نازانم بۆ هیچ كهسێك حهڵاڵ نییه، من خهڵاتی گهورهو بهنرخم داوه به خزمهكانم له بڕبڕهی پشتی ماڵی خۆم له زهمانی پێغهمبهرو ئهبوبهكرو عومهردا، ئهمڕۆ له چاو زودا چاوچنۆك‌و ماڵ خۆشهویستم، هێشتا رهزیلی دهكهم، ئهوه بهس نییه ئهدهم به لای پیرهكانی خزمی خۆمداو تهمهنم له تهواویدایهو ئهو ماڵهی كه هی خۆم‌و خێزانمه خزمهكانم هیچ یان بهر ناكهوێ، كهچی مولحیدهكان ئاوا دهڵێن، وهڵلاهی من هیچ سامان‌و بهخششێكم وهرنهگرتووه له شارێ له شارهكانی موسڵمانان ئیللا گهراندومهتهوه بۆ خودی ئهو شارانه هیچ ماڵ‌و سامانێكم نههێناوه بۆ مهدینه پێنجیهكی دهسكهوت نهبێ، موسڵمانانیش ههستاون به دابهشكردنی‌و داویانه به موستهحهقهكان، وهڵلاهی لهم پێنج یهكه من فلسێكم ههڵنهگرتووه بۆ خۆم ههتاكو ئێستا جگه له ماڵی خۆم هیچی كهسم نهخواردووهو هیچیشم نهداوه به خزمهكانم له ماڵی خۆم نهبێ.

8ـ ئێوه دهڵێن، من زهویه رزگاركراوهكانم به خشیوه به چهند پیاوێكی دیار، ئهم زهوییه رزگاركراوانه كۆچهرییهكان‌و ئهنسارهكان‌و موجاهیدهكان بهشدارییان كردووه له رزگاركردنیدا، كاتی ئهم زهویانهم دابهش كرد بهسهر موجاهیده رزگاركهرهكاندا ههندێكیان مانهوهو نیشتهجێ بوون تێیدا، ههندێكیشیان گهرانهوه ناو كهسوكاریان له ناو مهدینهو شوێنهكانی تر، ئهو زهویه بوو به موڵكیان‌و ههندێكیان فرۆشتیان‌و نرخهكهی لهگیرفانی خۆیاندایه.

بهم شێوهیه عوسمان وهڵامی ئهو ههموو گازندانهی دایهوه، كه كردبوویانه ههڵاو هاتووهت بهسهریهوه، روونی كردهوهو رووی راستی گلهییهكانی دهرخست[1]، ئهم بهرگرییه مێژووییه عوسمان كردیه بهرهڤانی بۆ خۆی، هاوهڵان شاهیدییان بۆ دهداو وێنهی دروستی كارهكانی دهخسته بیریان‌و ئهو رهخنه تاڵ‌و تفتانهی كه سهبهئییهكان پرشوبڵاویان دهكردهوه له قسهی ناقۆڵاو پڕوپاگهنده خستیه به باری راستید، سهبه ئییهكان كاریان دهكرد بۆ رهواج پێدانی قسه پووچ‌و بێكهڵكهكانیان، عوسمان باسی ئهو بهڵگانهی كرد كه كردبوویانه رهخنه بهسهریهوه كرۆكی كارهكانی بۆ دهرخستن، كه به چاورۆشنی كردویهتی‌و بهڵگهی ئیسلامیی بهدهستهوهیهو هیچی له خۆڕا نهكردووه، بهڵام ئهمانه مهرامیان ههبوو كه رهگی تێگهیشتنیان نهبوو نهیان دهویست ئهم كارانه بنبهست بكهن، عوسمانیش وهكو پیاوێكی خاكهسارو نیازپاك مشتومڕی لهگهڵ كردن، چونكه دهیزانی نهگبهتی گرتوویهتی قسهی هیچ‌و پوچیان له دهم دهكهوت بۆ ئهوهی مهرامهكانیان بهر بگرێ‌و دهروونی خهڵكی پڕ بكهن له بیانوو ههركهسێكیش ڕوی ههڵماڵیبێ بهڵگه قهناعهتی پێ ناكاو دهلیل رێنمایی ناكا، چونكه ههركهسێ خودا سهری لێ بشێوێنێ كهس ناتوانێ رێنمایی بكات[2]، سهرانی فیتنهچییهكان كه له تهنیشت مینبهرهكهوه بوون قسهو روونكردنهوهكانی عوسمانیان بیست، ههروهها هاوهڵه بهرێزهكان‌و موسڵمانه راستهكانیش بیستیان‌و به قسهكانی عوسمان‌و روونكردنهوهكانی باوهڕیان كردو خۆشهویستی عوسمان زیادی كرد له دڵیان، بهڵام سهبهئییهكان، كه جارچی فیتنهو جیاوازی بوون باوهڕیان نهكردو نهشگهڕانهوه، چونكه ئهوان عهودالی حهق نهبوون حهزیان له چاكه نهبوو، ئامانجیان ئاژاوه نانهوهبوو چاوو راویان دهكرد له موسڵمانان‌و ئیسلام، هاوهڵان‌و موسڵمانان ئاماژهیان كرد بۆ ئیمامی عوسمان كه سهرانی ئهم سهبهئییه فیتنهچییانه بكوژێت، له تۆڵهی ئهم ههمووه درۆو ساختهكاریی‌و فیتنهدا، كه دهربڕییان كردووه، ئیمامی عوسمان زۆر پێداگربووه بۆ نهكوشتنیان بۆ ئهوهی موسڵمانان قوتاریان بێ له شهڕیان، ولاتی موسڵمانان ئۆقره بگرێ‌و ئهم فیتنهیهی كه ههڵیان خزاندووه پهر بگرێ، بهڵام ئیمامی عوسمان رایهكی تری ههبوو،

[1] العواصم من القواصم، ص (61 - 111)، تاريخ الطبري (355/5، 356)، الخلفاء الراشدين للخالدي، ص (158)، الفتنة، أحمد عمر موش، ص (10 - 14).
[2] تأريخ الجدل لمحمد أبو زهرة، ص (98، 99).

شیكردنەوەیەكی گۆڕانكاری هەبوو پێی وابوو وازیان لیٚ بێنی نەیان كوژیٚ، چونكە هەوڵی ئەوەی ئەدا بەرپابوونی ئەم فیتنەگەریە دوا بخرێتو عوسمان لە دژی ئەم سەبەئییانە كە لە میسرو كوفەو بەصرەوە هاتبوونە مەدینە، هیچ لێپێچینەوەیەكی نەكرد، سەرەڕای ئەوەی كە دەیزانی پیلانیان داڕشتووەو دژایەتییان بڕیارداوە وازی لیٚ هێنانو ڕێگەی بۆ چۆڵ كردن، مەدینە چۆڵ بكەنو بڕۆنەوە شارەكانی خۆیان[1].

پێنجەم: وەڵامی هەندیٚ لە خواستەكانی دانەوە

ئیمامی عوسمان وەڵامی هەندیٚ لە داواكارییەكانی دانەوە، هەندیٚ والی لەسەر كار لابردو ئەو والییانەی دەكردە والی كە ئەوان هەڵیان دەبژارد، ئەم شێوازە بەسە بۆ چارەسەركردنو پیادەكردنی ڕاستیو دادپەروەری ئەگەر كاروبارەكان لە شوێنی سروشتی خۆیاندا بەڕێوە بچوونایە بارودۆخەكە وای لیٚ دەهات، گلەییو گازندەكان بنەبڕ ببوایە بەڵام نەگبەتی پەنهانو كینەی نەفامی دامەنگیریان بوو بۆ بەرپاكردنی فیتنە لە نێوان موسڵماناندا و بڕینی یەكێتیی ئوممەت، هەواڵەكانی پێغەمبەر ﷺ لە بارەی شەهیدبوونی ئیمامی عوسمان دەبو بهاتایەتە ئاراوە[2].

شەشەم: بنەماكانی مامەڵەكردن لەگەڵ فیتنەكەدا لای عوسمان

ئەوەی جێگەی هیوابوو لە ڕێنماییەكانی عوسمان بۆ مامەڵەكردن لەگەل ئەم فیتنەیەدا، كە كەوتە سەردەمی ئەو توانی ئەو بنەمایانە هەڵهێنجیٚ، كەیارمەتی موسڵمانان دەدات بۆ بەرهەڵستیكردنی فیتنەگەری ئەم بنەمایانەش:

1ـ خۆگرتنو چەسپاویی:

عوسمان لیژنەی پشكنینی نارد بۆ هەموو شارەكانو بۆ ئەوەی گوێبیستی خەڵكەكە بن، توانی كۆمەڵی سەبەئییەكان ببڕیو كەینو بەینیان وەرگریٚ بچێتە ناویان، لەسەر حەقیقەتی كارەكانیان هەڵوەستە بكاتو پەلە نەكات لە دەركردنی حوكم بەسەریاندا.

2ـ پابەندبوون بە ویژادنو دادگەرییەوە:

ئەم بنەمایە لەو نامەدا كە ناردی بۆ شارەكان بە ڕوونی دیارە داوای كرد لەوانەی كە جنێویان پێدراوە یان لێیان دراوە، لە لایەنو والییەكانەوە با وەرزی حەج كردن بێنو خەلیفە ببینن و داوای حەقی خۆیان بكەن، لە خۆی یان لە كارگێڕەكانی[3].

3ـ لەسەر خۆیو هێمنی:

ئەم بنەمایە لەو نامەدا، كە ناردی بۆ خەڵكی كوفە بە ڕۆشنی دیارە كە كاتیٚ ئەوان داوایان كرد سەعیدی كوری عاص لە والێتیی لابات و ئەبو موسای ئەشعەری بخاتە شوێنی، لەم نامەدا هاتووە، عوسمان دەڵیٚ: وەڵڵاهیماڵو سامانی خۆمتان بۆ ڕا دەخەم هەرچی سەبرم هەیە بۆتان سەرف دەكەم، بە كۆششی خۆم دەتانسازێنم هەر شتیٚ ئێوە پێتان ناخۆشبیٚ ئەگەر سەرپێچی خودای تیا نەبیٚ من لێتان دەبورم، هەر شتی ئێوە بێتان خۆشبیٚ سەرپێچی خودای تیا نەبیٚ داوام لیٚ بكەن ئەتاندەمیٚ[4].

4ـ پەرۆشی بۆ ئەو شتانەی كە موسڵمانان كۆدەكاتەوە فڕێدانی ئەو شتانەی كە دوبەرەكی دەنێتەوە:

بۆ ئەم مەبەستە عوسمان خەڵكی كۆكردەوە لەسەر یەك جۆر قورئان، وەكو پێشتر باسمان كرد كاتیٚ ئەشتەری نەخەعی سیٚ پێشنیاری خستە بەردەم عوسمان لەمەولا بە دووردرێژی باسی دەكەین، عوسمان وتی: ئەگەر بمكوژن گوناهێكم

---

[1] الخلفاء الراشدين للخالدي، ص (158، 159).
[2] الخلافة عثمان للشملي، ص (78).
[3] تاريخ الطبري (349/5).
[4] تاريخ الطبري (343/5).

نەكردووە پێویست بە كوشتن بكات، وەڵڵاهی ئەگەر من بكوژن لە دوای من خۆشەویستی و ڕێز لە نێوانتاندا نامێنێ، دوای من نوێژی بە جەماعەت ناكەن پێكەوە، پاشان دوای یەك دەنگ نابن بۆ كوشتنی دوژمن[1].

5ـ خووی گرتبوو بە بێدەنگی و سڵی دەكردەوە لە زۆربێژی:

لە درێژی ژیانی عوسماندا ئەو سیفەتە ئاشكرایە كە كەم دوو بووە، تەنها لەو شتانەدا نەبێ كە بە كەڵكن، وەكو زانست و ئامۆژگاریی و تەوجیهات و ڕەتكردنەوەی تۆمەتی پڕوپووچ، عوسمان كەم قسەی كردووەو زۆر بێدەنگ بووە.

6ـ راویژی دەكرد بەزانان و خووا پەرستەكان:

عوسمان راوێژی دەكرد بە هاوەڵە زاناكان، وەكو عەلی و تەلحەو زوبێرو موحەممەدی كوڕی مەلسەم عەبدوڵڵای عومەر عەبدوڵڵای سەلام (رەزای خوایان لێ بێت)، زانایان سەرقاپی سەلامەتین، لە نەهامەتی و فیتنەی ڕەش و تاریكدا ئەوان دالدەن، چونكە لە هەموو كەس باشتر لەو بارودۆخانە تێدەگەن و دەزانن سەر بەكوێوە دەنێت، هەركەسێ پەنا ببات بۆ زانایان، چەمكی دروست و دیدی راست و هەڵوێستی شەرعی روونی دەست دەكەوێت[2].

7ـ فەرمودەكانی پێغەمبەری ﷺ دەكردە رێبەر لە بابەتی فیتنەكەریدا:

رێبازی عوسمان لە كاتی فیتنەو رێچكەكانی لەگەڵ ئەو یاخیبووانەی كە هاتبوونە سەری نە ڕێڕەوی رووداوەكان و نە فشاری واقیع هیچیان بەسەردا نەسەپاند، بەڵكو رێبازێكی هەڵقوڵاوی لەپایەی پێغەمبەرایەتییەوە دارشت و بەو چەشنەی كرد، كە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێكردبوو ئارام بگرێ و بە تەمای پاداشت بێ و كوشتار نەنێتەوە هەتا ئەم قەدەرەی خودای گەورە بڕیاری داوە جێبەجێ دەبێ، چونكە رێناگیرێ لە بڕیارەكانی خودای گەورە، عوسمان ئەو گفتوگۆو بەڵێنەی دابووی بە پێغەمبەر ﷺ بە درێژایی رۆژانی خەلافەتی نەیشكاندو بێ وەفایی نەكرد، هەتا شەهید بوو، بە ناحەقی و نارەوایی درا بەو خوێنە پاك و بێخەوشەی خۆیەوە[3]، موحیبەدینی خەتیب دەڵێ: سەرجەم ئەو هەواڵانەی كە باسی هەڵوێستی عوسمان دەكەن دەبارەی بەرگری كردن لە خۆی یان تەسلیم بوون بۆ قەدەری خودا ئەمەیە، كە قەڵس و بێتاقەت بووەو بە فیتنەنانەوە ترساوە لە خودا كە خوێنی موسڵمانان برێژێ، لە كۆتایی كارەكەدا پێی خۆشبووە هێزێكی پتەوی هەبێ و سەركەشەكانی پێ بترسێنێ و بەربەستیان بكا لە دەستدرێژی و تاوان، بەڵام چەك بەكار نەهێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانج بەر لەوەی كار بگاتە ئەم رادەیە موعاویە پێشنیاری كرد بۆ عوسمان كە هێزێك لە سەربازی شامی بۆ رەوانە بكات كە ببنە بارمەتەی بۆچوونەكانی و چەكی دەستی بەڵام قبوڵی نەكرد كە تەنگی و نارەحەتی بخاتە سەر شاری مەدینە بە هۆی ئەو سەربازانەی كە دێنە ناویان، گومانی نەبوو كەوا هەموو دەستەیە لە برا موسڵمانەكانی ئەوەندە بوێرییان تێدایە، كە پارێزگاری بكەن لە خوێنی یەكەمین كۆچەری كە لە پێناوی دینەدا كۆچی كرد، بۆ لای خودای گەورە، كاتی سەركەش و یاخیبووەكان تەنگییان پێ هەڵچنیبوو لێی هاتنە پێشەوە باوەڕیشی وابوو بەرگری كردن لە خۆی دەبێتە هۆی لافاوی خوێنڕشتن و جەسووری زۆری كرد لەو كەسانەی كە گوێی بۆ دەگرن و بە قسەی دەكەن، كە دەستو چەكیان هەڵگرن لە توزگەكانی توندوتیژی، لەم بارەیەوە هەواڵی زۆرو بێشومار هەیە لە سەرچاوەی دۆستەكانی و دوژمنەكانی، ئەگەر لەو گۆڕەپانەدا هێزێكی ڕێكخراوی بە هەیبەت دەربكەوتایەو رووبەڕووی ئەم شۆڕشگێڕانە بوەستایەو سنووریكیان دابنایە بۆ ئەو نەفامی و ملهوڕیانەیان ئەمانە ئەوكاتە عوسمان دەرباز دەبوو، خۆشحاڵ دەبوو۔ سەرەڕای ئەوەی كە ئەرخەیان بوو كە نامرێت بە شەهیدی نەبێ، بەڵام ئەم هێزەی پێكەوە نەنا، چونكە شەڕخواز نەبوو[4].

[1] البداية والنهاية (184/7).
[2] احداث وأحاديث فتنة الهرج، ص (728).
[3] استشهاد عثمان ووقعه الجمل، ص (116).
[4] العواصم من القواصم، ص (138).

باسی سێیەم: فیتنەبازەكان دەستیان گرت بەسەر مەدینەدا

یەكەم: هاتنی فیتنەبازەكان لە شارەكانەوە

هەموو فیتنەبازەكان رێككەوتن لە نێوان خۆیاندا كە هەستن بە هەنگاوێكی عەمەلی و كودەتایەك بۆ هێرش بردنە سەر عوسمان لە مەدینەدا، وای لێ بكەن كە دەست هەڵگرێ لە خەلافەت یان بیكوژن، بڕیاریاندا لە هەرسێ مەكۆكەیانەوە بێن واتە لە میسرو كوفەو بەسرە، لە وەرزی حەجكردندا لەگەڵ حاجییەكاندا بێن و شاری خۆیان بە جێ بهێڵن بە ناوی حەج كردنەوە هەنگاو بنێن و خەڵكی واتێگەیەنن كە بۆ حەج هاتوون، كە گەشتنە گەمارۆی مەدینە حاجییەكان بەجێ بهێڵن و ئەو كاتە مەدینە چۆڵ دەبێت و زۆربەی دەچێ بۆ حەج و سەرقاڵی حەجكردن، ئەو بۆشاییە بقۆزنەوەو گەمارۆی عوسمان بدەن، دەست پێكەكەیان ئەوەیە عوسمان واز بهێنێ یان بیكوژن[1]، لە شەشەلانی ساڵی 35ی كۆچی فیتنەبازەكان چونە سەر بەرزاییەكانی مەدینە[2] و یاخیبووەكانی میسریش بەچوار تیپ هاتن، هەر تیپێكیان ئەمیرێكیان هەبوو ئەم ئەمیرانەش یەك سەرگەروەریان هەبوو كە لە هەموویان شەیتان تر بوو، عەبدوڵلای سەبەء بوو، ئەمیری ئەم چوار تیپە ئاژاوە چییە عەبدوررەحمانی كوری عەدیی بەلوسی، كە نانەی كوڕی بوشرا ئەمینی، سقودانی كوری حمرانی سكوتی، قەتیرەی كوری فلانی سكونی، ئەمیری گشتی ئەمانەش (خافق كوڕی حەربی عەكی) بوو، ئەم چوار تیپە هەزار پیاوو بوو، هەزار پیاوی یاخی سەركەشی كوفەش هاتن بە چوار تیپ ئەمیرەكانیشیان ئەمانە بوو: زەیدی كوری سومانی، عەیدی ئەشتەری، نەخەعی زیادی كوری نەخری مارسی، عەبدوڵلای كوری ئەحەم، ئەمیری گشتیی یاخیبووەكانی كوفە عەمری شەلەصەم بوو، هەزار پیاوی یاخی و سەركەش لە بەسرەوە هاتن بە چوار تیپ، ئەمیری ئەم تیپانەش ئەمانە بوو: حەكیمی كوری جەبلەی عەبدی، وەریعی كوری عەبادی عەبدی، بۆشری كوری شورەیعی قەیسی ئیبنو موحەرەشی كوڕی عەبدول مەنفین ئەمیری گشتی یاخیبووەكانی بەسرە مەرقوسی كوڕی زەهری سەعدی، عەبدوڵلای كوری سەبەء لەگەڵ ئەم تاقمانەدا بەدڵشادیو كامەرانی دەهات و زۆر خۆشحاڵبوو، كەپ یلانە جوولەكەیی شەیتانییەكەی سەری گرتووە، فیتنەبازەكانی خەڵكی میسر دەیانویست عەلی ببێتە خەلیفە، فیتانەبازەكانی خەڵكی كوەفە دەیانویست زوبێری كوری عەوام ببێتە خەلیفە، فیتنەبازەكانی خەڵكی بەسرەش دەیانویست تەلحەی كوڕی عوبەیدوڵلا ببێتە خەلیفە[3]، لەم داوا نەگریسەیان ئامانجیان ئەوەبوو نادردی بخەنە نێوان هاوەڵانەوە وەك ئیمامی ئاجوری باسی دەكات دەڵێت: خوای گەورە (عەلی كوری ئەبی تالبو تەلحەی كوڕی زوبێری) پاراست لەو تەفرەقەیە، ئەم تاقمانە ئەم كارانەیان بۆ ئەوە دەكرد، كە ئالۆزیو ناكۆكی بخەنە نێوان هاوەڵانەوە خودای گەورەش هاوەڵانی پاراست لەم ئاشوبە[4] بەر لەوەی بگەنە شاری (مدینە) هەواڵی هاتنیان گەیشت بە ئیمامی عوسمان، ئەوكاتە لە گونجێكی دەرەوەی مەدینە بوون، كە بیستی هاتوون، وردە وردە بەرەو رووی عوسمان، هاتنو ئەویش پێشوازی لێكردن، ریوایەتەكان ناوی ئەم گوندەیان باس نەكردووە، مدائینی بەرواری هاتنەكەیانیانی دیاری كردووە، كە شەوی چوارەمی مانگی (ژی القعدە) بوو[5]، یەكەمین تاقم میسرییەكان گەیشتن، وتیان بە عوسمان بانگ بكە با قورئانێ بێنن ئەویش قورئانێكی هێنا، وتیان: ئادەی سورەتی حەوتەم بكەرەوە واتە (سورەتی یونس)، دەستی كرد بە خوێندنەوەی هەتا گەشتە ئایەتی ().

وتیان: بەسە ئیتر ئایا دەزانی چەندە لەوەرگات پاوەند كردووە؟ ئایا خودای گەورە رێگەی پێداوی یان درۆت بەدەم خودای گەورەوە كردووە؟ عوسمان وتی: ئێوە هیچ لەم ئایەتانە نازانن، دەربارەی شتێكی تر دابەزیوە، ئەم پاوەنانە پێش من،

[1] الخلفاء الراشدون للخالدي، ص(159).
[2] المصدر نفسه.
[3] تاريخ الطبري (357/5).
[4] استشهاد عثمان ووقعه الجميل، خالد الغيث، ص (148).
[5] فتنة مقتل عثمان، د. محمد الغبان (127/1).

عومەر پاوەنی کردووە بۆ وشترە صەدەقەکانی، کاتێك من بوومە خەلیفە وشتری صەدەقە زیادی کرد، منیش ناچاربووم لەوەڕگاکانی زیاد بکەم، جا ئێوە واز لەم ئایەتە بێنن، وتی: ئەوان بەم ئایەتە رەخنەیان لێ دەگرن ئەویش وتی: ئێوە واز لەو ئایەتە بێنن بۆ مەبەستێکی تر دابەزیوە، هیچی ترتان پێ نییە.

ئەم جەماعەتە هاتنەوە سەر پەیمانی خۆیانو مەرجێکیان لەسەر دانا، واتە لەسەر عوسمان، ئەویش بەڵێنی لێوەرگرتن کە گۆچانی موسڵمانان نەشکێنو لە جەماعەت جیا نەبنەوە هەتا ئیمامی عوسمان مەرجەکەیان جێبەجێ بکات، پاشان بەرەزامەندی گەڕانەوە[1].

عەلی کوڕی ئەبی تالب لە لایەن ئیمامی عوسمانەوە نێردرا بۆ دانوستان لەگەڵ فیتنە بازەکاندا لە شارەکان.

ئەم تاقمانە لە (زیلمەروە) لایاندا نزیکەی مانگو نیوێك پێش کوشتنی ئیمامی عوسمان، عوسمان عەلیو پیاوێکی تر کە ریوایەتەکان ناویان نەبردووە ناردنی بۆ ناویان، عەلی توشیان هاتو پێی وتن گوێڕایەڵی پەڕاوەکەی خودا دەکەنو هەرچییان لەلا قورس بێت گلەیی دەکەن[2]، لە ریوایەتێکی تردا نوسراوە، ئەوانە (عەلی)یان بەزاند، (عەلی)یش دووجار یان سێجار ئەوانی بەزاند، پاشان وتیان کوڕە مامەکەی پێغەمبەر ﷺ نوێنەری ئەمیری ئیمانداران داوا دەکات قورئان بکەوێتە نێوانمان، ئەوانیش قبوڵیان کرد[3]، لە سەر پێنج شت سوڵحیان کرد، کە هەرچی دوورخراوەتەوە بگەڕێتەوە شاری خۆی، هەرچی بەشخوراوە بەشی بدرێت، بەخشیشو موچە زیاد بکرێ لە دابەشکردندا دادگەر بن، ئەو کەسانە بکەن بە کاربەدەست کە بەهێزو ئەمانەت پارێزن، لەم بارەیەوە نوسراوێکیان نووسیو بڕیاریاندا عەبدوڵڵای کوڕی عامر بگەڕێتەوە بۆ بەسرە، ئەبو موساش بە والی کوفە بمێنێتەوە[4] بەم چەشنە عوسمان صوڵحی کرد لەگەڵ هەموو نوێنەرەکاندا، بە توندوتۆڵی، پاشان نوێنەرەکان گەڕانەوە بۆ شاری خۆیان[5].

دوای ئەم صوڵحەو گەڕانەوەی خەلکیی شارەکان بە رەزامەندی دەرکەوت، کێ ئەم فیتنەیەی هەڵگیرساندووەو دڵنیابوو، کە پیلانەکەی هەڵوەشاوەتەوەو مەرامە گڵاوەکانی بەدی نایەت، بۆیە هەستان نەخشەیەکی تریان کێشا کە ئەم فیتنەیە گورجو گۆڵ بکاتو بیژێنێتەوە، بڕیارندا ئەو صوڵحەی لە نێوان خەڵکی شارەکاندا کرا بیتەپێننو تێکی بدەن، لەمەودوا بە رۆشنی ئەم راستیەمان بۆ دەردەکەوێت.

لە کاتی گەڕانەوەی خەڵکی میسر، کابرایەکیان بینی سواری وشترێك بوو، لێیان نزیك دەبوویەوەو دووردەکەوتەوە وا دەردەکەوت کە ئەو سوارە لەم خەڵکانە دەترسێت کارەکەی ئەوەی دەگەیاند کە وەرن بم گرن، ئەوانیش گرتیانو پێیان وت چیت دەوێت؟ وتی: من نوێنەری ئەمیری ئیمانداراانم ئەچم بۆ مسر بۆ لای کارگێڕەکەی واتە (ئەمیر)، ئەوان پشکنییان سەیر دەکەن کە نوسراوێکی پێیە بە ناوی عوسمانەوە نوسراوەو مۆری ئەویشی لێ دراوە، کاتێك نوسراوەکەیان خوێندەوە فەرمان کرابوو بۆ کارگێڕەکەی میسر کە ئەم خەڵکانە هەڵواسێ یان بیانکوژێ، یان دەستو قاچیان بپەڕێنێت.

خەڵکەکەش گەڕانەوە بۆ مەدینەو چوون بۆ لای عوسمان[6]، عوسمانیش حاشای کرد لەم نوسراوەو نوسراوی من نییە! پێی وتن دوو شت هەیە بۆ ساغ کردنەوەی ئەم نووسینە، یان دوو پیاوی موسڵمان بکەن بە شاهید بەسەرمەوە، یان سوێند دەخۆم بەو خودایەی کە هیچ خوایەکی تر نییە ئەو نەبێت ئەم نوسراوە من نەمنووسیوە، حەزم پێ نەکردووە پێشم نەزانیوە، ئەم نووسراوە لەسەر زمانی پیاوێك نوسراوە نەقشی مسیلەکەی منیشی هەڵکۆڵیوە، بەڵام باوەڕیان پێ نەکرد[7]، ئەم

---

[1] فتنة مقتل عثمان، د. محمد الغبان (128/1).
[2] تأريخ دمشق ترجمة عثمان، ص (328)، تأريخ خليفة، ص (169، 170).
[3] فتنة مقتل عثمان (129/1).
[4] فتنة مقتل عثمان (129/1).
[5] فتنة مقتل عثمان (129/1).
[6] تاريخ الطبري (379/5).
[7] فتنة مقتل عثمان (132/5)، البداية والنهاية (191/7).

نوسراوەی کە یاخییە سەرکەشەکان گومانیان دەبرد، کە عوسمان نوسیبێتی، مۆری ئەمیری لێ دراوەو داویەتی بە خزمەتکارێکی خۆی کە بیبات بۆ عەبدوڵڵای کوری مەسعود، کە والییە لە میسر، فەرمانی کردووە تیایدا کە ئەم لارێیانە ئەم سنورشکێنانە بکوژێت، ئەو نوسراوە تەزویر بوو درۆ بوو بەدەم ئیمامی عوسمانەوە نوسرابوو، بەم خاڵانە رۆشنی دەکەینەوە:

1ـ ئەو کەسەی ئەم نوسراوە تەزویرەی پێبوو خۆی پیشانی خەڵکی میسرییەکان دەدا، پاشان دووردەکەوتەوە چەند جارێك ئەم کارەی کرد بۆیە وای دەکرد سەرنجی خەڵکەکە رابکێشێ بەرەولای خۆی‌و بیانخاتە گومانەوە، وەکو چۆن بڵێی شتێکی خەتەرناکم پێیە لە بارەی ئێوەوە، چونکە ئەگەر لە عوسمانەوە بیهێنایە، ئەم نامەبەرە دەترساو خۆی نیشانی ئەوان نەئەداو دووردەکەوتەوەو بە خێرایی دەچوو بۆ لای والی میسر بۆ ئەوەی فەرمانەکەی پێ بگەیەنێت، ئەویش جێبەجێی بکات.

2ـ باشە چۆن عێراقییەکان بەم کارەیان زانی کە بەرەو شاری خۆیان دەچوون، روویان کردبووە وڵاتی خۆیان‌و جیابوونەوە لەو میسریانەی کە ئەم نوسراوە دەست هەڵبەستەیان دەسکەوت ماوەیەکی زۆر دوور لە یەك جیابوونەوە عێراقییەکان وان لە خۆرهەڵات‌و میسرییەکان وان لە خۆرئاوا کە چی هەردوکیان لەیەك کاتدا گەرانەوە بۆ مەدینە، وەکو بڵێی مەوعیدیان هەبووە، ئەمە عەقڵ نایبڕێ ئەوانەی ئەم نوسراوە تەزویرەیان ناردو کەسێکیان بۆ کرێ گرت بە سواری بیباو بەو شێوەیە دەور ببینێ لە بەرچاوی میسرییەکان هەر ئەوانە سوارێکی تریان بەکرێ گرت‌و ناردیویانە بۆ عێراقییەکان بۆ ئەوەی هەواڵیان بداتێ کە میسرییەکان نوسراوێکی ئیمامی عوسمانیان کەشف کردووە، کە تێیدا داوا دەکات لە رێی دەرچووەکانی میسر بکوژن، عەلی کوری ئەبی تالب ئەم بۆچوونەی کردە بەڵگەو وتی: ئەی خەڵکی کوفەو بەسرە، چۆنتان زانی کە خەڵکی میسر نوسراوێکی وایان پێ گەیشتووە خۆ ئێوە چەند ملەتان بری چۆن گەرانەوە بەرەو رووی ئێمە[1]، بەڵکو ئیمامی عەلی جەختی کردەوە ئەم گەرانەوەیە تەڵەکەیەو لە مەدینە بەسراوە[2].

3ـ چۆن عوسمان نوسراو ئەنووسێ بۆ عەبدوڵڵای کوری سەعد کە خەڵکی میسر بکوژێت، عەبدوڵڵای کوری سەعد دوای دەرچوونی یاخیبووەکان لە میسر، کە هاتن بەرەو مەدینە نوسراوێکی نووسی بۆ خەلیفەو داوای مۆڵەتی گەرانەوەی کرد بۆ لای خەلیفەو ئەو کاتە موحەممەدی کوری ئەبی حوزەیفە هەیمەنەی هەبوو بەسەر میسرداو بە دڵنیایی عەبدوڵڵای کوری سەعد لە میسر دەرچوو بەرەو عەریش‌و فەلەستین، ئیتر چۆن عوسمان نوسراوی بۆ دەنێرێت کە ئەم خەڵکانە بکوژێت، کە عەبدوڵڵا لەوێ نەماوە؟ ئەو نامەشی لەلایە، کە عەبدوڵڵا داوای گەرانەوە دەکات لە میسر.

4ـ عوسمان نەیهێشت کەسێ یاخیبووەکان بکوژێت، کاتێك گەمارۆیان دابوو، رێگەی نەدا بە هاوەڵان بەرگری لێ بکەن، فەرمانی نەدا ئەم لە هەق دەرچووانە بکوژرێن، بۆ بەرگریکردن لە خودی خۆی، لەمەودوا بەدووردرێژی باسی دەکەین، ئیتر چۆن نوسراوی وا دەنووسێت لە میسر بیانکوژن لە کاتێکدا ئەوان لە مەدینە گەرانەوە و پەشیمانی خۆیان ئاشکرا کردووە.

5ـ حەکیمی کوری جەبلەو ئەشتەری نەخەعی دوای ئەوەی یاخیبووەکان دەرچوون لە مەدینە ئەم دوانە مانەوە ئەمە ئاماژەیەکی رۆشنە کە ئەم دوانە بوون ئەم نوسراوە تەزویرەیان هەڵبەست، چونکە کارێکی وایان نەبوو تا لە مەدینە بمێننەوەو دوا بکەون تەنها بۆ ئەم مەرامە مانەوە، چونکە ئەم دوانە بەرژەوەندییان لەو کارەدا بوو[3]، ئیتر بە فەرمانی عەبدوڵڵای کوری سەبەء بێت، یان خواستی دەروونی پیسی خۆیان بێت.

عوسمان لەم کارەدا هیچ بەرژەوەندییەکی نەبوو تا بیکات، هەروەها مەروانی کوری حەکەم هیچ بەرژەوەندیی نەبوو هەتا وا بکات، ئەوانەی مەروان تۆمەتبار دەکەن لەم نوسراوەدا ئەوە بێئاگایی‌و غەفڵەت دەدەنە پاڵ خەلیفە لە

---

[1] تاريخ الطبري (359/5).
[2] المصدر نفسه.
[3] عثمان بن عفان الخليفة الشاكر الصابر، ص(277).

ئەرکەکانیدا، ئەوە دەدەنە پاڵ دیوانی خەلافەت کە کەسانێك کاروباریان بەڕێوەبردووە، لە خۆیانە وە بڕیاریان داوە بە بێ ئەوە خەلیفە بزانێت، بەمشێوەیە مەیدانی ئەم تاوانبارە نەگبەتە سەر هەڵگرتووانە پاساو دەدرێو پاشان ئەگەر مەروان ئەم نوسراوە تەزویرەی ناردبێ ئەوکاتە بە نامەبەرەکەشی دەوت، کە دور بکەوێتەوە لەم موتەمەریفانەو لە ڕێگە خۆی نیشانیان نەدات، بۆ ئەوەی نەیگرن ئەگەر وابێ ئەوکاتە مەروان دەبێتە موئامەرەچییەك دژی ئیمامی عوسمان، کە ئەمەش باوەڕی پێ ناکرێت.

6ـ ئەم نوسراوە شومە، یەکەم کتاب نییە کە ئەم تاوانبارانە ساختەکاری بکەن، بەڵکو چەند کیتابێکیان تەزویر کردووە بە دەم دایکی ئیمانداراانەوە، هەروەها بە دەم ئیمامی عەلی تەلحەو زوبێرەوە، بۆ نموونە، عائیشە تۆمەتبار دەکەن کە گوایە نوسراوی نوسیوە بۆ خەڵکی فەرمانی پێکردوون هەڵگەڕێنەوە لە عوسمانو دووری بخەنەوە، عائیشە دەڵێ نەخێر شتی وام نەوتووە، قەسەم بەو خوایەی کە ئیماندار باوەڕی پێی هەیەو کافر بڕوای پێی نییە، قەڵەمم نەخستۆتە سەر کاغەزو کاغەزیی سپیم ڕەش نەکردووەتەوە هەتا ئەم دانیشتنەی کە دانیشتووم لێرە[1].

ئەعمەش ئەم نوسراوە ڕۆشن دەکاتەوەو دەڵێ: خەڵکی میسر پێیان وابوو، کە ئەم نوسراوە لەسەر زمانی عوسمان نوسراوە[2] نوێنەرەکان عەلییان تۆمەتبار کرد، کە نوسراوی ناردبووە بە شوێنیاندا کە بێن بۆ مەدینە بۆ لای ئیمامی عوسمان، عەلیش حاشای کردو سوێندی خوارد، وتی: وەڵڵاهی هیچ نوسراوێکم بۆ نەنووسیو[3]، هەروەها هەندێ نامەی تریان دایە پاڵ هاوەڵان، کە ئەوان فەرمانیان پێکردوین بێین بۆ مەدینە لەبەر ئەوەی دینی پێغەمبەر ﷺ شێواوەو فەرامۆش کراوە، وای پێهاتووە جیهاد کردن لە مەدینە لە پاسەوانی کردن کە لەبەرەکانی دوژمن چاکترە، لە مەدینە جیهاد بکەین باشترە تا ئەوەی بچین لە شوێنە دوورەکان غەزا بکەین[4]، ئبن کەسیر توانجێ دەگرێتە ئەم هەواڵەو دەڵێ: ئەم قسانە دۆریە بە دەم هاوەڵانەوە کراوە، نوسراوی تەزویر بە ناوی ئەوانەوە کراوە، کە گوایە عەلیو تەلحەو زوبێر نوسراویان نوسیوە بۆ خەواریجەکان، کە عوسمان بکوژن، ئەم نوسراوانە هەمووی تەزویرەو خاوەنەکانیان حەشایان لێکردووە، هەروەها لەم نوسراوانیشە بە ناوی عوسمانەوە تەزویر کراوە، نە عوسمان کاری وای کردووەو نە ئاگایشی لێ بووە، واتە چەندین نامەی ساختەکاری نێردراوە بە ناوی ئەم کەڵەپیاوانەوە بۆ جیهادکردن لە مەدینەو کوشتنی ئیمامی عوسمان، کە هیچیان ڕاست نین[5]، ئیبن کەسیر جەخت دەکات لەسەر ئەم قسەیە، وەکو تەبەری ریوایەتی کردووە، کە هاوەڵە گەورەکان حاشایان کردووە لەم نوسراوە ساختانە، وەکو عەلیو عائیشەو زوبێر[6]، ئەو دەستە نەگریسانەی کە ئەم نامە ساختەکارییانەیان تەزویر دەکرد بە دەمی ئەم هاوەڵانەوە بوو بە مایەی هەڵگیرسانی ئاگری ئاشووبو ئاژاوە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی، ئەم هەمووە گەندەڵییە کەڵەکە بووەی لێ کەوتەوە، هەر ئەم نامانە ڕەواجیان دا بەو قسە پڕوپوچانەی کە دەخرانە پاڵ ئیمامی عوسمان، وای کردووەو وای وتووە، دەیاندا بە گوێی خەڵکداو گەمژەو ناحاڵییەکانیش باوەڕیان دەکرد، پاشان ئەم نامە ساختانە کە بە دەمی عوسمانەوە دەکرا وای کرد عوسمان ببێتە قوربانیو بە شەهیدیو بە کامەرانی بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگار.

تەنیا عوسمان شەهید نەبوو، بە موئامەرەی سەبەئییە جولەکەکان تەنها ئەو ناحەقی پێ نەکرا، ، بەڵکو خودی ئیسلام ناحەقی پێ کرا، پاشان ناحەقی کرا بە مێژوویش کە مێژوویەکی شێواو لە حەق دەرچوویان تۆمار کرد، ڕۆڵەکانی ئیسلام مێژووە ناشیرینکراوەکەیان دەخوێننەوە کە پڕیەتی لە پەڵەو لەکە ئەوەش بە هەمان شێوە ناهەقییەکی ترە لە لایەن جوولەکەو هەڵقە لەگوێکانی، کە هەوەسبازو تەماعکار دڵ بوغزین بوون، پەنگخواردوو بوون.

---

[1] تحقيق مواقف الصحابة (334/1).
[2] تأريخ خليفة بن خياط، ص (169).
[3] تحقيق مواقف الصحابة (335/1).
[4] المصدر نفسه.
[5] البداية والنهاية (175/7).
[6] تحقيق مواقف الصحابة (335/1).

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە رۆڵەکانی ئیسلام مێژووی راستەقینەی خۆیان بزانن و ژیانی پیاوە مەزنەکانیان تێ بگەن، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە نووسەرەکانی ئەم سەردەمە لە خودا بترسن و بگەڕێنەوە لە بریندارکردنی کەسە بەرێزەکان، پێش هەمووشتێ وردبینەوەو بکۆڵنەوە لە راستیی بۆ ئەوەی نەکەونە ئەو هەڵانەی کە خەڵکانی تر تێیکەوتوون[1].

دووەم: دەستپێکردنی گەمارۆو رای عوسمان لەسەر نوێژکردن لە پشتسەری ئیمامە فیتنەبازەکانەوە

ریوایەتە دروستەکان روونیان نەکردووەتەوە، چۆن چۆنی گەمارۆکە دەستی پێکردو هاتە کایەوە، لەوانەیە ئەو رووداوانەی کە پێشتر وتمان، بتوانێ تیشکێ بخاتە سەر چۆنیەتی دەستپێکردنی گەمارۆکە، رۆژێکیان عوسمان وتاری دەدا بۆ خەڵکی کابرایەك کە ناوی (ئەعیونی کوری ڤبمیەی کوری ناجیەی تەمیمی) بوو[2]، قسەکانی پێ بری و وتی بە عوسمان **(با لمثل)**، ئەو وشەیە لە قەبێکەو یاخیبووەکان لکاندبوویان بە عوسمانەوە، بۆ سوکایەتی پێکردنی، تۆ گۆڕاوی واتە (خراپ بوویت)، عوسمان وتی: ئەمە کێیە وتیان: ئەعیونە، عوسمان وتی: نەخێر کابرا تۆ گۆڕاوی، خەڵکەکە پەلاماری ئەعیونیاندا پیاوێکی خێڵی لەیس، خەڵکەکەی گەڕاندەوە دواوە، بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان[3]، گەرانەوەی دووەم جاری یاخیبووەکان و پێش دابەستنی گەمارۆ، ئیمامی عوسمان دەیتوانی بچێت بۆ نوێژو هەرکەسیش بیویستایە دەچووە لای، پاشان رێگەیان گرت لە ئیمامی عوسمان نەیان هێشت لە ماڵەکەی دەربچێت بۆ نوێژە فەرزەکان[4]، ئەو کاتە یەکێك لەو پیاوانەی کە عوسمانی گەمارۆ دابوو، ئیمامێکی فیتنەباز بوو خۆی کردە پیشنوێژی خەڵك تەنانەت عوبەیدوڵلای کوری عەدی کوری خەیار پەست بوو، کە نوێژ لە پشتی سەریەوە بکات، چوو پرسیاری کرد لە عوسمان کە ئایا نوێژ بکەم یان نا؟ ئیمامی عوسمانیش وتی: (نوێژ بکە لە پشتیەوە)، پاشان پێی وت: (نوێژ چاکترین ئیشە کە خەڵکی بیکات کە خەڵکی چاکە دەکەن تۆش چاکبە لەگەڵیان، ئەگەر خەڵکی خراپەیان کرد دوورکەوەرەوە لە خراپەیان)[5].

لە هەندێ ریوایەتی لاوازدا هاتووە، کە ئەو کەسەی پێشنوێژی دەکرد غافقی بوو[6]، کە سەرگەورەی یاخیبووەکان بوو، ئەو ریوایەتەی واقدی ریوایەتی کردووە، گوایە عەلی فەرمانی کردووە بە ئەبو ئەیوبی ئەنساری، کە نوێژی خەڵکی بکات، ئەویش لەسەرەتای گەمارۆکەدا بەرنوێژی بۆ کردوون، پاشان عەلی خۆی بەرنوێژی بۆ دەکردن، ئەم ریوایەتە سەنەدەکەی زۆر لاوازە، چونکە ئەگەر ئەبوئەیوب و عەلی بەرنوێژییان بکردایە عوبەیدوڵلای کوری عەدی بێزارو پەست نەدەبوو کە لە پشت سەریان نوێژ بکات[7].

سێیەم: دانوستان لە نێوان عوسمان و گەمارۆییەکاندا.

دوای ئەوەی بە تەواوی گەمارۆیان داو چواردەوری ماڵی عوسمانیان گرت، داوایان لێ کرد یان دەست لە خەلافەت هەڵگرێ، یان کوشتنی خۆی[8]، ئیمامی عوسمان دەستهەڵگرتنی رەتکردەوەو وتی: ئەو کراسە داناکەنم کە خودای گەورە کردویەتییە بەرمن[9] ئاماژەی کرد بۆ ئەو وەسیەتەی کە پێغەمبەر ﷺ پێیکردبوو، هەرچەند هەندێ لە هاوەڵان وایان بەباشدەزانی ئەو پیشنیازە قبوڵ بکات و دەست لە خەلافەت هەڵگرێ، بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێ، بۆ نموونە موغیرەی کوری ئەخنەس، بەڵام عوسمان رەتیکردەوە[10].

---

[1] عثمان بن عفان، الخليفة الشاكر الصابر، ص(228، 229).
[2] أعين بن ضبعية بن ناجية بن غفال التميمي الحنظلي الذرمي.
[3] تأريخ دمشق، ترجمة عثمان، ص(341، 342) اسناده حسن.
[4] البخاري، كتاب الصلاة، رقم (192).
[5] فتنة مقتل عثمان (145/1).
[6] تاريخ الطبري (444/5).
[7] فتنة مقتل عثمان (145/1).
[8] الطبقات لابن سعيد (66/3)، وتأريخ خليفة بن خياط، ص(171).
[9] التمهيد، ص(46، 47).
[10] فتنة مقتل عثمان (147/1).

1ـ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر هانی ئیمامی عوسمانی دەدا، کە تەنازول نەکات لە پلەی خەلافەتی، عەبدوڵڵای عومر لە کاتی گەمارۆکەدا چووە خزمەت عوسمانو پێی وت: (بزانە ئەم سەرکەشانە چییان دەوێت؟)، وتی: دەڵێن دەست لە حوکم بکێشەرەوە، یا نەتکوژین، یان خۆت مەدە بە کوشتن! عەبدوڵڵای کوڕی عومەر وتی: ئەگەر دەستهەڵگری لە خەلیفەیەتی ئایا هەتا هەتایە لە دونیا دەمێنیتەوە؟ ئیمامی عوسمان وتی: نەخێر، عەبدوڵڵا وتی: ئەگەر دەست هەڵنەگری لە کوشتن زیاتر هیچی تر هەیە، وتی: نەخێر، عەبدوڵڵا وتی: ئایا دەتوانن بتخەنە ناو دۆزەخ، یان بەهەشت؟ وتی: نەخێر، عەبدوڵڵا وتی: من بە باشی نازانم کراسێ لەبەر خۆت داکەنی کە خودا کردوویەتە بەرت، ئەمە ببێتە دابو دەستوور، هەر تاقمێ نارازی بێت لە خەلیفەکەی یان لە ئیمامەکەی بێگومان دەیکوژن[1]، ڕەزای خودا لە عەبدوڵڵای کوری عومەر، چەند دووربین بووە، نەیویستووە، نەیهێشتووە عوسمان سونەتێکی نابەجێ دابهێنێت بۆ خەلیفەکانی پاش خۆی، ئیمامی عوسمان قەت کاری واناکات، ئەگەر عوسمان تەنازولی بکردایە بۆ ئەم خەواریجە سەبەئییانەو وازی لە خەلیفایەتی بهێنایە، بۆ لەمەولا خەلیفەکان دەبوونە تۆپو ئامێر بە دەستی چاوچنۆكو مەرامدارەکانەوە، بەم چەشنە تابلۆی خەلیفەیەتی لەق دەبوو، لای خەڵکی هەیبەتی نەدەما، بەڵام عوسمان سوننەتێکی چاکی داهێنا بۆ خەلیفەکانی پاش خۆی بە راوێژی عەبدوڵڵای عومەرو هاوەڵانی تر، خۆی گرتو چاوەڕوانی پاداشتی کرد لە خەلافەت وازی نەهێناو خوێنی موسڵمانانی نەڕشت[2]، وەڵامی داوای یاخیبووە سەرکەشەکان، کە تاقمێکی کەمی ئوممەت بوون، ئەنجومەنی حەلو عەقد نەبوونو شەرعزانو پیاوە دیارەکانی ئیسلام نەبوون، کۆمەڵێ شوێنەواری مەترسیداری دەخستە سەر ڕەوتی ئوممەتو هەیبەتی خەلافەتی ئیسلامو پەیوەندیی نێوان خەلیفەو میللەتەکەی لە پێناو لادانی ئەم شوێنەوارە خراپانە خەلیفە ژیانی خۆی دەست لێهەڵگرتو کردی بە باجی گەلەکەی، عوسمان چارەنووسی خۆی دەزانی کە دەیکوژن، خۆیدا بە دەستەوەو ئەمەش بریارێکی قورسە لە سەر دڵو دەروون، بەڵام بەرژەوەندییەکانی ئوممەتی خستە پێش بەرژەوەندییەکانی خۆی، وەکو دەرکەوتووە، کە هێزو لێبڕانو پاڵەوانێتییو دونیا دیدەیی هەبووە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتانەی کە گوایە عوسمان لە لاوازی خۆیدا نەیتوانیوە بەرگریی بکاتو بیان شکێنێ، بە پێچەوانەوە بە ئیزنی خودا دەیتوانی ئەو فیتنەیە رابماڵێت، بەڵام پێی وابوو ئاشوبێکی وای لێ دەکەوێتەوە کە لە بەرژەوەندییەکەی زیاتر بێت، بۆیە پشتی کرد، بەرهەڵستیتی بۆ ئەوەی خراپەیەکی گەورەی لێ بەرپا نەبێت، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە قەعقاع بە هەڵەدا چووە، کە دەڵێ کوشتنی عوسمان بە ئاژاوەو ڕەشەکوژی وەسف ناکرێت، چونکە کەسێ نەبووە ڕێی لێبگرێتو بەربەستی بکات[3]، ئەمەش تانەیەکە لە کەسایەتیو دلێری ئیمامی عوسمان، چونکە لە راستیدا خۆی کردە قوربانی لە پێناوی خودادا بە هیوای ئەوەی بەرژەوەندیی ئوممەت بەرهەم بێنێتو کاری بە وەسیەتەکەی پێغەمبەر ﷺ کرد[4].

2ـ گەمارۆچییەکان هەڕەشەی کوشتنیان لە عوسمان کرد

لەو کاتەی کە عوسمان لە ماڵەکەی خۆیدا بو، یاخیبووەکان چواردەوریان گرتبوو، ڕۆژێکیان هاتە بەردەرگای خانووەکەی گوێی لێبوو گەمارچییەکان هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن، لە دەرگاکە هاتە دەرەوەو چووە ناو ئەو کەسانەی کە هاتبوونە ژووری خانووەکەو لە گەڵیدا بوون ڕەنگی عوسمان دەدرەوشایەوە، وتی: ئەوانە هەڕەشەم لێدەکەن کە ئێستا دەمکوژن، پێیان وت: خودای گەورە بەسە یارمەتیت بدات ئەی ئەمیری ئیمانداران.

عوسمان وتی: بۆچی دەمکوژن؟ بیستومە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمویەتی: (خوێنی هیچ موسڵمانێك حەڵاڵ نییە بڕژێت لە سێ تاواندا نەبێت، پیاوێك دوای ئیمان کافر بوویێت یان کەسێك دوای هاوسەرگیری زینا بکات، یان کەسێك مرۆڤێك بەبێتاوان بکوژێت)، وەڵڵاهی هەرگیز داوین پیسیم نەکردووە نە لە سەردەمی نەفامیو نە لەسەردەمی

---

[1] فضائل الصحابة (473/1)، اسناده صحيح.
[2] الخلفاء الراشدون للخالدي، ص(179).
[3] ذو النورين، عثمان بن عفان، ص(122).
[4] فتنة مقتل عثمان (149/1).

ئیسلامیشدا، ئاواتەخوازیش نەبووم ئەم دینە بگۆڕمەوە لەو ڕۆژەوەی خودا هیدایەتی داوم، هیچ کەسیشم بە ناهەق نەکوشتووە، ئیتر بۆچی دەمکوژن؟![1]، پاشان چووە لای گەمارۆچییەکانو هەولێدا هەڵچونیان دامرکێنێتەوەو هێوریان بکاتەوە، لە نافەرمانی ئیمام، ناوەڕۆکی ئەم قسانە بەرپەرچ دانەوەیەك بوو بۆ ئەو ڕەخنانەی کە لێیان دەگرت، دەرخستنی ئەو ڕاستیانەبوو، کە ئەم یاخیبووانە لێیان ئاڵسکابوو بەشکو خەڵەتاندنەکەیان چارەسەر بکرێتو بگەڕێنەوە سەر ڕێنماییەکانی ئیسلامەتی داوای لێکردن کە پیاوێکیان بێتە ژوورەوە وتووێژی لەگەڵدا بکات، ئەوانیش گەنجێکیان نارد، کە ناوی صەعصەعەی کوڕی سوحان بوو، ئیمامی عوسمان داوای لێکرد ئەو گازندانە ڕوون بکاتەوە، کە هەیانە لێی[2].

3ـ عوسمان بەڵگە ڕاستەکانی دا بەڕووی دەلیلە وێڵەکانی صەعصەعەدا.

صەعصەعە وتی: ئێمە لە شاری خۆمانەوە بە ناحەقی دەرکراوین لەبەر ئەوەی وتومانە خودا پەروەردگارمانە، عوسمان وتی: بەڵگەی قورئانم بۆ بهێنەوە، ئەویش ئایەتی (**أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ**) (الحج: 39)، عوسمان وتی: ئەو کارە نەدراوەتە دەست تۆو یارەکانت، بەڵکو بۆ منو هاوەڵەکانی منە، ئەنجا عوسمان ئەو ئایەتەی خوێندەوە، کە صەعصەعە خوێندیەوەو شرۆڤەی کردو ڕوونی کردەوە، کە ئەم دەلیلی صەعصەعەیە نابەجێبەو ئایەتەکەش ئەوەیە (**أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ* الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ**) (الحج : 39 ـ 40).

عوسمان لە هەموو خەڵکی باشتر لە ئایەتەکان تێدەگەیشتو بە چەمکێکی دروست تەفسیری دەکرد، کە چۆن دابەزیوە بە هۆی چییەوە دابەزیوە، لە بارەی کێوە دابەزیوە، بە چ بەڵگەیەکیش لێ دەناخرێتەوە، بۆ ئەوەی بە هەڵە لەمانای قورئان نەگەن بۆی ڕوون کردەوە[3]، صەعصەعە ماناکەی نەدەزانی، بەڵام دەبوو بەڵگە بۆ دژایەتی مەبەستەکانی واتە ئایەتەکە دەشکایەوە بەسەر خۆیدا، چونکە عوسمان هەرکەسێك نەفی کردبێت کاری بەم ئایەتە کردووە، کە لە دوای ئەو ئایەتەوە دێت کە صەعصەعە هێنایەوە، چونکە ئەو ئایەتە فەرمان دەکات بەو کەسانەی کە خودای گەورە دەیانکاتە حوکمڕان لەسەر زەویدا کە فەرمان بکەن بە چاکەو ڕێگری بکەن لە خراپە، عوسمانیش خەلیفەیە ئەم کەسانەی بۆیە نەفی کرد، چونکە بەشێکە لە فەرمان بەچاکەو ڕێگریی بە خراپە، وەبووبونە دەستدرێژیکار لەسەر هەندێ لە موسڵمانانو هەوڵی فیتنە نانەوەیان دەدا[4].

4ـ عوسمان چاکەکانی خۆی دەخستەوە یادی خەڵکەکە.

دوای ئەوەی عوسمان بەرپەرچی ئەمانەی دایەوە هەندێ لە فەزڵە دیارو پلەو پایە پیرۆزەکانی خۆی خستەوە یادی خەڵك کە کاتی خۆی خۆشیان بیستبوویان لە پێغەمبەر ﷺ دەیویست زیاتر ڕوونی بکاتەوە، وتی: سوێندتان دەدەم بە خودا کێ شایەتی دەدات کە ئەو ڕۆژەی چوینە (حەرا و) لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ کێوی حەڕڕا هاتە لەرزینو پێغەمبەر پێی کێشا بە شاخەکەدا، پاشان فەرمووی: (ئەی حەڕڕا هێوربە کەس لەسەر تۆ نەوەستاوە پێغەمبەرو ڕاستگۆو شەهیدێك نەبێ).

واتە ئەوانەی لەسەر تۆن یان پێغەمبەرە ﷺ، یان ڕاستگۆیە، یان شەهیدن ئەوکاتە منیش لەگەڵی بووم، کۆمەڵێ پیاو شایەتییان بۆ داو قسەکەیان سەلماند، پاشان وتی: سوێندتان دەدەم بە خودا کێ لە ڕۆژی پەیمانی ڕیزواندا لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بوو، کە منی نارد بۆ لای موشریکینی خەڵکی مەککە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە دەستی خۆی (ئەمە دەستی عوسمانە ئەمەش دەستی منە)، هەردوو دەستەکەی خستە ناو یەكو بەیعەتی بۆ دام، کۆمەڵێ پیاو شایەتییان بۆ داو قسەکەیان سەلماند.

---

[1] المسند (63/1)، وقال أحمد شاكر (452) اسناده صحيح.
[2] فتنة مقتل عثمان (150/1).
[3] فتنة مقتل عثمان (151/1).
[4] المصدر نفسه (152/1).

پاشان وتی: سوێندتان دەدەم بە خودای گەورە، کێ ئاگای لێبوو، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (کێ ئەم مزگەوتەمان بە خانوویەك بۆ فراوان دەکات، خوای گەورە لە بەهەشتدا خانوویەکی دەداتێ)، منیش بەماڵی خۆم خانوویەکم کڕیو مزگەوتەکەم پێ فراوان کرد، چەند پیاوێك شایەتییان داو قسەکەیان سەلماند.

پاشان وتی: سوێندتان دەدەم بە خودا کێ لە رۆژی لەشکری تەنگانەدا لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بوو، کە فەرمووی: (هەرکەسێ ئەمڕۆ دەست بدرێتەوە لەم لەشکرە خێری قبوڵە)، منیش نیوەی ئەم لەشکرەم بە سامانی خۆم خستە رێ، کۆمەڵێك پیاو قسەکەیان سەلماند.

پاشان وتی: سوێندتان دەدەم بە خودان کێ ئاگای لێبوو کە بیری رۆمییەکە ئاوەکەی دەفرۆشرا، من بە سامانی خۆم کڕیمو کردم بە خێر بۆ رێبوارانو موسڵمانان؟ چەند پیاوێ شایەتییان بۆ داو قسەکەیان سەلماند[1].

لە ئەبی سەوری فەهییەوە هاتووە، دەڵێت: چوومە لای عوسمانو مامەوە لای، لە پاشدا رۆشتم نوێنەرەکانی ئەهلی میسریش گەرانەوە، پاشان چوومە لای عوسمان، پێم وت میسرییەکان گەڕانەوە، عوسمان وتی: چیت بەدی دەکرد لە نێوچاویاندا؟ منیش وتم: شەرم بەدیکرد لە نێوچاویاندا، ئیبن عەدیس بەلوی سەرگەورەیان بوو، ئیبن عەدی چووە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر ﷺو وتاری هەینی خوێندو رەخنەی لە عوسمان دەگرت، پاشان نوێژی هەینی کرد بۆیان، ئەم هەواڵانەم گێڕایەوەبۆ عوسمان، ئەویش وتی: وەڵڵاهی ئیبن عەدیس درۆ دەکات، ئەگەر باسی منی نەکردایە باسم نەدەکرد، من چوارەمین کەسم کە موسڵمان بووم پێغەمبەر ﷺ کچەکەی خۆی لێ مارەکردووم، پاش مردنی ئەو کچەکەی تری لێ مارە کردووم، هەرگیز زیناو دزیم نەکردووە نە لە نەفامیداو نە لە ئیسلامی، گۆرانیم نەوتووە، عیشقبازیم نەکردووە لەوەتەی موسڵمان بووم، بەو دەستەی کە بەیعەتم دا بە پێغەمبەر ﷺ لە دوای ئەو بەیعەتە ئەو دەستەم نەداوە لە زەکەرم، قورئان لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کۆکرایەوە من کۆم کردەوە، هەموو هەینییەك کۆیلەیەکم کڕیوەو ئازادم کردووە لەوەتەی موسلمان بووم، تەنها ئەم هەینییە نەبێ کە دەستم نەکەوتووە، بەڵام هەینی داهاتوو دوان ئازاد دەکەم[2]، کاتێ عوسمان بۆی دەرکەوت کە یاخیبووەکان سوورن لەسەر کوشتنو ترساندنی لەم کارەوە لە زیانەکانی عوسمان چووە ناویانو پێی وتن، ئەی خەڵکینە مەم کوژن، وەڵڵاهی ئەگەر من بکوژن، قەت پێکەوە کۆنابنەوە بۆ کوشتنی دوژمن، قەد پیەکناگرن بۆ جیهاد کردن، وا لە یەك دوورو دەکەونەوەو جیا دەبنەوە هەریەك بۆ لایەك دەچێ لەم کاتەدا پەنجەکانی دەستی بلاو کردەوە[3]، لە ریوایەتێکی تردا عوسمان وتوویەتی ئەی خەڵکینە مەم کوژن من والیو برای موسڵمانانی ئێوەم وەڵڵاهی هەتا توانام هەبێ چاکسازیی نەبێ هیچی ترم ناوێ، هەڵە دەکەمو هەقیش جێبەجێ دەکەم، ئەگەر ئێوە من بکوژن، قەت کۆنابنەوە نوێژ بە جەماعەت بکەن وە کۆ نابنە غەزا بکەن، دەستکەوتی غەزایش بەشناکرێ لە نێوانتاندا[4]، دووبارە وتی: (وەڵڵاهی ئەگەر من بکوژن خۆشەویستی لە نێوتاندا نامێنێ، کۆ نابنەوە بۆ لێدانی دوژمن)[5]، ئەم ئاگاداریو ترسەی کە عوسمان وتی پێیان دوای گوشتنەکەی هەمووی بەدی هات، قسەکانی بەراست دەرچوون لەم بارەیەوە حەسەنی بەصری دەڵێ: وەڵڵاهی ئەم تاقمانە ئەگەر نوێژیش بکەن پێکەوە، دڵیان هەر دوورە لەیەکەوە[6].

چوارەم: هاوەڵان بەرگرییان لە عوسمان دەکردو ئەویش قایل نەدەبوو بەرگری لێ بکەن

عوسمان ناردی بەشوێن هاوەڵاندا بۆ راوێژکردن لە بارەی گەمارۆچییەکانو هەڕەشەکانیانەوە، کە دەیانەوێت عوسمان بکوژن، ئەوانیش هەڵوێستیان بەمشێوەیە بوو:

---

[1] المسند (59/1)، وقال أحمد شاكر (420)، اسناده صحيح.
[2] المعرفة والتأريخ (488/2)، خلافة عثمان بن عفان للشلمي، ص(91).
[3] الطبقات (71/3)، تأريخ ابن خياط، ص(171) اسناده صحيح.
[4] الطبقات (67/3، 68)، فتنة مقتل عثمان (156/1).
[5] تأريخ ابن خياط، ص (171)، فتنة مقتل عثمان (157/1) اسناده صحيح.
[6] فتنة مقتل عثمان (157/1).

1ـ عـەلی کوڕی ئەبی تالیب

ئیبن عـەساکیر لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەم قسەیەی تەخریج کردووە کە عـەلی جوابی بۆ ئیمامی عوسمان ناردووە وتویەتی: پێنج سەد قەڵغان لەپشتم لەگەڵدایە مۆڵەتم بدە با بەرگریت لێ بکەم، ئەم تاقمانە بشکێنم، چونکە تۆ خراپەیەکت نەکردووە، کە خوێن ڕشتن حەڵاڵ بێت. ئیمامی عوسمان وتی: خوای گەورە پاداشتی خێرت بداتەوە ، من پێم خۆش نییە تاقە خوێنێ بڕژێ بە هۆی منەوە[1].

2ـ زوبێری کوڕی عـەوام.

لە (ئەبی حەبیب)ەوە هاتووە دەڵێ: زوبێر ناردمی بۆ لای عوسمان، ئەوکاتە گەمارۆ درابوو چوومە لای ڕۆژێکی سایەقە بوو لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، حەسەنی کوڕی عـەلی‌و ئەبوهورەیرەو عـەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی زوبێری لابوو، وتم: زوبێری کوڕی عـەوام ناردوومی بۆ لای تۆو سەلامت لێ دەکات، دەڵێت: من لەسەر گوێڕایەڵی خۆم هیچ نەگۆڕاوم‌و پەیمانم نەشکاندووە، ئەگەر پێت خۆشە با منیش بێمە ناو خانووەکەو لە لای تۆدا بم، منیش ببم بە یەکێك لەوانەی لەگەڵ تۆدایە، خۆ ئەگەر حەزیش دەکەی دەمێنمەوە، خیڵی عـەمری کوڕی عەوف بەڵێنیان پێداوم کە لە بەردەرگای من ڕۆژ بکەنەوە، پاشان ڕۆشتوون‌و ڕێگەم پێ نەداون، کاتی عوسمان ئەم نامەیەی بیست، وتی: (الله اکبر، الحمدالله)، کە خوای گەورە زوبێری برامی پاراستووەو سەلامی لێ بکەو پێی بڵێ: من پێم خۆشە لەوانەبێت، کە خودای گەورە بە بۆنەی منەوە دەیپارێزێت کاتێ ئەبوهورەیرە ئەم قسەیەی گوێ لێبوو هەستاو وتی: بۆچی هەواڵتان نەدەمێ کە بە گوێی خۆم لە پێغەمبەرم ﷺ بیستووە، وتیان: پێمان بڵێ، وتی: من شاهیدم بیستوومە لە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (دوایی ئاژاوەو فیتنە دەکەوێتەوە)، ئێمەش وتمان ئەی چارمان چییە ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئەویش فەرمووی: (خۆتان بخەنە پاڵ خەلیفەو حزبەکەی)، ئالەو کاتەدا ئاماژەی بۆ عوسمانی کوڕی عەفان کرد، دوای ئەم فەرمودەیە خەڵکەکە هەستان لە دەوری عوسمان‌و وتیان: ئێمە لە بارودۆخەکە تێگەیشتین ئەی عوسمان، مۆڵەتمان بدە با جیهاد بکەین، ئەویش وتی: ئێوە پەیمانتان داوە گوێڕایەڵی من بن، ئەگەر گوێڕایەڵی منن شەڕ مەکەن[2].

3ـ موغـەیرەی کوری شوعبە

ریوایەت کراوە، کە موغـەیرەی کوری شوعبە کاتی گەمارۆکە چووەتە لای عوسمان‌و وتویەتی: تۆ ئیمامی گشتمانی ئەم بەڵایەش کە دەیبینیت هاتووە بەسەرتا من سێ پێشنیارم هەیە بۆ تۆ، یەکێکیان هەڵبژێرە، با دەرچین‌و شەڕیان لەگەڵدا بکەین، تۆ هێزو ژمارەیەکی باش سەربازت لەگەڵدایەو تۆ لەسەر حەقی، ئەوان لەسەر باتڵ یان دەرگایەکی تر بکە ئەم خانووەو دەرچووە لەخانووەکەو سواری ولاخێك ببەو خۆت بگەیەنە مەککە، ئەوکاتە بە سەلامەتی دەردەچیت، یان خۆت بگەیەنە شام، چونکە ئەمانە شامییان تیا نییەو موعاویەش لەوێیە، ئیمامی عوسمان وتی: من دەرناچم بۆ شەڕو کوشتار، با نەبمە یەکەمین خەلیفەی پێغەمبەر ﷺ بۆ خوێنڕشتن لەناو ئوممەتدا، وە دەرچوونم بۆ مەککە، ئەوان دەستیان پێم ناگات بمکوژن، بەڵام بیستوومە لە پێغەمبەرەوە ﷺ، کە فەرمویەتی: (پیاوێکی قورەیشی لە مەککە دەنێژرێت نیوەی عـەزابی عالەمی بەسەرەوەیە)، نەوەك ئەوە من بم، چونم بۆ شام، کە موعاویە لەوێیە مەدینە بەجێ ناهێڵم کاتی خۆی کۆچم بۆ کردووەو ئێستاش دراوسێی پێغەمبەرم ﷺ[3].

4ـ عـەبدوڵڵای کوری زوبێر

هاوەڵان زۆر سووربوون لەسەر بەرگریی کردن لە عوسمان‌و هەندێ کیان چوونە ناو ماڵەکەی، بەڵام عوسمان زۆر بە توندی پێی داگرت، لەسەر ئەوەی کە دەست بگرنەوە لە کوشتن‌و بەرگریی کردن لە میانەی ئەو ئارەزووە راستەقینەی کە هاوەڵان

[1] تأريخ دمشق، ص (403).
[2] فضائل الصحابة (511/1، 512)، اسناده صحيح.
[3] البداية والنهاية (211/7).

هەیانبوو بۆ بەرگریی کردن لە عوسمان بە کردەوەیش بیسەلمێنن یەکێ لەوانە عەبدوڵڵای کوری زوبێربوو، کە وتی بە ئیمامی عوسمان با بیانکوژین، وەڵڵاهی کوشتنی ئەمانە حەڵاڵە، عوسمان وتی، ناوەڵڵا هەرگیز نایانکوژم، شەڕیان لەگەڵ ناکەم[1]، لە ریوایەتێکی تردا عەبدوڵڵای کوری زوبێر وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئێمە کۆمەڵێکی بەرچاوڕوونین، واین لەم خانووەدا، لەگەڵتاین خودای گەورە لە ئێمە ژمارەی کەمتریشی سەرخستووە، مۆڵەتمان بدە، عوسمان وتی: بیکەن بە خاتری خوا با پیاوێك لەسەر من خوێنی نەڕژێ[2]، پاشان فەرمانی پێکردن کە لە خانووەکەدا بمێنێتەوە، عوسمان وتی: هەرکەسێ گوێڕایەڵی منی لە ئەستۆدایە با گوێڕیەڵی عەبدوڵڵای کوری زوبێر بکات[3].

5ـ کەعبی کوری مالیكو زەیدی کوری سابیتی ئەنساری

کەعبی کوری مالیكو زەیدی کوری سابیت پەرۆشبوون، بۆ سەرخستنی عوسمان، وتیان ئەرێ گرۆی ئەنصارەکان، جارێکی تر خۆتان بکەن بە ئەنساری خوداو وەکو پێغەمبەرتان سەرخست عوسمانیش سەر بخەن، بە جارێ ئەنصارەکان هاتنو لە بەردەگای عوسماندا وەستان، زەیدی کوری سابیت چووە ژوورەوەو بە عوسمانی وت: ئەنصارەکان لەبەردەگا وەستاون ئەگەر حەزدەکەیت بۆ جاری دووەم دەبینە ئەنصاری خودا[4]، عوسمان شەڕی رەتکردەوەو وتی: پێویستم بە هیچ دالدەیەك نییە[5].

6ـ حەسەنی کوری عەلی کوری ئەبی تالیب

حەسەنی کوری عەلی هاتو وتی: بە عوسمان شمشێرەکەم هەڵکێشاوە، عوسمان وتی: نەخێر پەنا دەگرم بە خودا، کە خوێنی تۆ لەسەر من بڕژێت شمشێرەکەت بکە بە کێلانەکەداو بگەڕێوە بۆ لای باوکت[6].

7ـ عەبدوڵڵای کوری عومەری خەتتاب

کاتی هاوەڵان بینیان بارودۆخەکە گەیوەو لافاوەکە گەیشتووەتە لوتکە، هەندێکیان بڕیاریاندا بەبێ ڕاویژ پێکردن بەرگری لێ بکەنو چوونە ناو خانووەکەو خۆیان ئامادە کرد بۆ شەڕ، عەبدوڵڵای کوری عومەر لە خانووەکەدابوو، قەڵغانی شەڕی لەبەر کردبوو، شمشێرەکەی هەڵدەجەڕاند بۆ بەرگریی کردن لە عوسمان، بەڵام عوسمان زۆری لێکرد کە لە خانووەکە بێتە دەرەوە نەوەك دەست بکات بە شەڕکردن کاتێك یاخیبووەکان دێن عوسمان دەکوژن، جارێکی تر عەبدوڵڵا خۆی پێچایەوە بۆ شەڕو هەر ڕێگەی نەدا[7].

8ـ ئەبو هورەیرە

ئەبو هورەیرە چووە خانووەکە بۆ لای عوسمانو وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران زۆر باشە با لێیاندەین، عوسمان وتی: ئەی ئەبی هورەیرە بێت خۆشە هەموو خەڵکی لەگەڵ مندا بکوژرێن؟ وتی: نەخێر، وتی: وەڵڵاهی ئەگەر یەك کەس بکوژرێت یان کەسێ بدەین بە کوشتن وەکو ئەوە وایە هەموو مرۆڤەکانت کوشتبێت ئەبوهورەیرە گەڕایەوەو شەڕی نەکرد، لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە ئەبو هورەیرە شمشێرەکەی لە خۆی داوەو عوسمان نەیهێشتووە بەکار بهێنێ[8].

9ـ سەڵێتی کوری سەڵێت دەڵێ: عوسمان ڕێگەی نەداین شەڕ بکەین، ئەگەر ڕێگەی بداباین، ئەوەندەمان لێدەدان هەتا دەمانکردن بە شارەکانی خۆیاندا[9].

---

[1] طبقات ابن سعد (70/3)، اسناده صحيح.
[2] المصدر نفسه (70/3)، ـاريخ ابن خياط، ص (173).
[3] المصدر نفسه (70/3)، اسناده صحيح ابى عبدالله بن الربير..
[4] طبقات ابن سعد (70/3)، فتنة مقتل عثمان (162/1).
[5] فتنة مقتل عثمان (162/1).
[6] فتنة مقتل عثمان (162/1)، المصنف لأبن أبي شيبة (224/15).
[7] فتنة مقتل عثمان (163/1).
[8] تأريخ خليفة ابن خياط، ص (164).
[9] فتنة مقتل عثمان (165/1)

ئیبنو سیرین دەڵێ: (700) پیاو لە خانووەکەدا لەگەڵ عوسمان بوون، ئەگەر ڕێگەی بدایە، لێیان دەدان، لە سنووری مەدینە دەیانتاراندن، پیاوەکانیش ئەمانەبوون: (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، حەسەنی کوڕی عەلی، عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر)، هەروەها ئیبنو سیرین دەڵێ: ئەو ڕۆژەی، کە ئیمامی عوسمان کوژرا، خانووەکەی جمەی دەهات لە پیاوی باش، وەکو عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو حەسەنی کوڕی عەلی، کە شمشێرەکەی لە ملدابوو، بەڵام عوسمان زۆر پێداگری کرد کە شەڕ نەکەن[1].

بەم شێوەیە هیچو پوچی ئەو تۆمەتەمان بۆ دەردەکەوت کە هاوەڵە کۆچەریی و ئەنصارەکانی پێی تاوانبار دەکرێت، کە گوایە نەیانتوانیوە ئیمامی عوسمان سەر بخەنو زەبوون بوون، هەرچی ریوایەت هەیە لەم بارەیەوە عیللەتی تێدایەو سەلامەت نییە نە لە رووی سەنەدەوەو نە لە رووی دەقەوە[2].

10ـ هەندێ لە هاوەڵان پێشنیاریان کرد، بۆ نموونە وتیان هاوکاریت دەکەین برۆ بۆ مەککە کاتێ هاوەڵان زانییان عوسمان زۆر پێدادەگرێ لەسەر ڕەفزکردنی شەڕ لەگەڵ گەمارۆچییەکاندا دەکات، گەمارۆچییەکانیش سوورن لەسەر کوشتنی، هیچ چارەسەرێ نەما بۆ پاراستنی عوسمان جگە لەوەی هاوکاریی بکەنرا بکات لە دەستیانو بچێت بۆ مەککە، ریوایەت کراوە عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرو موغەیرەی کوڕی شوعبەو ئوسامەی کوڕی زەیدی ئەم پێشنیارەیان بۆ کردووە بە جیا جیا، هەر یەکەشیان بە گەرمیی و بە شێوازێك پێشنیاریان کرد، بەڵام عوسمان ڕەفزی هەموو پێشنیارەکانی کرد[3].

ئەو هۆکارانە چین کە وایان کرد لە عوسمان ڕێگە نەدات هاوەڵان شەڕ بکەن؟

لە میانەی ریوایەتەکانی فیتنەگەریی دەرکەوتووە بۆ توێژەرەوەکان کە پێنج هۆکار هەبووە بۆ ڕێگە نەدان بۆ شەڕ کردن:

1ـ کاری بە وەسیەتەکەی پێغەمبەر کردووە، کە کاتی خۆی پەیمانی دابوو بە ئیمامی عوسمان پێی خۆشبوو جێبەجێی بکات، لە ڕۆژی گەمارۆی ماڵەکەیدا ڕۆشنی کردەوە، کە بەڵێنێکەو پەیمانیداوە نەیشکێنێو ئارام بگرێ لەسەری[4].

2ـ وەکو لە قسەیەکیدا هاتوو وتویەتی خۆم ناکەم بە یەکەمین خەلیفەی پێغەمبەر ﷺ بۆ خوێنرێژی لەناو ئوممەتدا، واتە: پێی ناخۆشبووە یەکەمین خەلیفەی ئوممەت بێ بۆ خوێنرشتنی موسڵمانان[5].

3ـ چاك دەیزانی ئەم سەرکەشانە هیچیان ناوی کوشتنی عوسمان نەبێ، بۆیە پێی نارەحەت بوو، موسڵمانان بکاتە پەرژینی خۆی، بەڵکو خۆی کردە پەرژینی موسڵمانان[6].

4ـ چاك دەیزانی ئەم فیتنەگەرییە کوشتنی ئەوی پێویە، چونکە پێشتر پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێدابوو کاتێ مژدەی بەهەشتی پێدا لەسەر ئەو بەڵایەی، کە دێتە ڕێی بەم زوانە، کە بە ئارامگریو ناحەقی دەکوژرێ لەم ئاژاوەیەدا هەموو نیشانەکان ئەوەیان دەگەیاند کاتی شەهیدکردنی هاتووە، بە تایبەتی ئەو خەوەی، کە بینیو پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: "بەیانی لای ئێمە بەربانگ دەکەیتەوە"، عوسمان تێگەیشت، کە کاتی شەهیدکردنی نزیك کەوتووەتەوە.

5ـ کاری بە راوێژەکەی عەبدوڵڵای کوری سەلام دەکرد، کە پێی وتبوو واز لە شەڕکردن بهێنە، واز لەشەڕ کردن بهێنە، شەڕ نەکردنت بەڵگەیەکی بەهێزە تا شەڕکردن[7]، هەواڵەکانی پێغەمبەر ﷺ بەدی هاتن، کە ئیمامی عوسمان بەم زوانە دەکوژرێت، چونکە وەکو عەبدوڵڵای کوری حەواله[8] ریوایەتی کردووە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (هەرکەسێ لە سێ شت رزگاری ببێ ئەوا لە ئاگری دۆزەخ رزگاری بووە، مردنی من، هاتنی دەجال، کوشتنی ئەو خەلیفە بەئارامەی، کە

---

[1] تأريخ دمشق لابن عساكر، ترجمة عثمان، ص(395).
[2] فتنة مقتل عثمان (166/1).
[3] المصدر نفسه.
[4] فضائل الصحابة (605/1)، اسناده الصحيح.
[5] فتنة مقتل عثمان (167/1)، المسند (369/1) أحمد الشاكر.
[6] فتنة مقتل عثمان (71/1)، اسناده الرواية فيه ضعيف.
[7] الطبقات (71/3)، اسناده حسن.
[8] فتنة مقتل عثمان (71/1)، اسناده حسن أو صحيح

لەسەر حەق ڕۆشتووەو حەقانییە)[1]، لەوەی پیشوو کە وتمان دەردەکەوێ عوسمان لە بیرکردنەوەدا هێور بووە، نارەحەتی بەڵاکە بیرو بۆچوونە دروستەکانی هەڵنەوەشاندەوە، بۆچوونە ساغەکانی نەشێواندووەو دەرکی کردووە بەو هۆکارانەی کە هەڵوێستێکی هێمنانە هەڵبژێرێ لە کوشتنی یاخیبووەکاندا بێگومان عوسمان لەو هەڵوێستەیدا لەسەر حەق بووە، چونکە بە فەرموودەی صەحیح هاتووە، پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی کردووە بۆ بەرپابوونی ئەو فیتنەیەو شەهیدبوونی عوسمان، ئەو فیتنەیە پێویستەو شاهیدە، کە عوسمانو هاوەڵانی لەسەر حەقن[2]، ئیبن تەیمییە دەڵێ: بە فەرمودەی موتەواتەر دەرکەوتووە کە عوسمان زۆر خۆی پاراستووە لە خوێنڕشتن، بە ئارامترین کەس بووە لە سەر ئەو شتانەی کە عەزێتیی دەدات، زۆر خۆگربووە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە گەمارۆیان داوەو پەلاماری کوشتنیان داوە، چاکیش دەیزانی کە بڕیاریان داوە بیکوژن، موسڵمانانیش هاتبوون بۆ سەرخستنیو راوێژیان پێکرد، کە شەڕیان لەگەڵ بکەن، ئەویش فەرمانی کرد بە خەڵکەکە دەست هەڵگرن لە کوشتنو فەرمانی کرد بەوانەی کە گوێڕایەڵی دەکەن کەس نەکوژن پێیان وت بڕۆ بۆ مەککە، وتی: ناچم لە مەککە بمنێژن، با لەوێ نەنێژرێم، وتیان بڕۆ بۆ شام، وتی: ئەو شوێنەش کۆچم بۆ کردووە لێی جیا نابمەوە، وتیان دەی شەڕ بکەین لەگەڵیان؟ وتی: خۆم ناکەم بە یەکەمین خەلیفەی پێغەمبەر ﷺ کە شمشێر هەڵکێشم لە ئوممەتەکەی، عوسمان سەبری گرت هەتا کوژرا، ئەمە گەورەترین رێزە بۆ ئیمامی لە لای موسڵمانان کە خوێنی خۆی رشتو خوێنی موسڵمانانی نەڕشت[3].

پێنجەم: هەڵوێستی دایکانی ئیمانداران‌و هەندێك لە هاوەڵان

1ـ حەبیبەی کچی ئەبوسوفیان

هەڵوێستی دایکی ئیمانداران ئوم حەبیبە یەکێك لە هەڵوێستە زۆر ترسناکەکان لەم رووداوەدا، مەترسی ئەم هەڵوێستە لەوەدابوو خەریکبوو دەست بکات بەشەڕکردن، کاتێك بینی عوسمان گەمارۆ دراوەو نایەڵن ئاو بخواتەوە، عوسمان بانگی دوو کوڕەکەی عەمری کوڕی حەزمی ئەنساری کرد، کە هاوسێی بوون، بچن بە عەلی بڵێن کە ئەم یاخیبووانە ئاویان لێ گرتووەتەوە، ئەگەر بۆتان دەکرێ هەندێ ئاوم بۆ بهێنن، چوونە لای تەلحەو زوبێرو عائیشەو خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ، یەکەمین کەسێ کە چوو بەدەم عوسمانەوە عەلیو ئوم حەبیبە بوو[4].

ئوم حەبیبە زۆر گرنگی دەدا بە عوسمان، وەکو ئیبن عەساکیر دەڵێت: ئەم گرنگی پێدانەش شتێکی سروشتییە، چونکە هەردووکیان لە پێشدا ئەمەوین، ئوم حەبیبە هاتو کێشای بەناو چاوی هێزەکەیدا، ئوم حەبیبە وتی: وەصیەتی بنەماڵەی ئەمەوی وا لەلای ئەم پیاوە، واتە عوسمان، حەزدەکەم ببینمو پرسیاری لێ بکەم، بۆ ئەوەی ماڵی هەتیوو بێوەژنەکان تیا نەچێ، وتیان درۆ دەکەیت، پەتی هێسترەکەیان بە شمشێر بڕیو پەلاماریان دا، هێسترەکە یاخی بوو بە ئوم حەبیبەوە، خەڵکی بینیانو وڵاغەکەیان هێور کردەوە، هاتەوەو خەریك بوو بیکات بە شەڕ لەگەڵ یاخیبووەکاندا لەوێ خەڵکەکە ئوم حەبیبەیان بردەوە بۆ ماڵی خۆی[5].

دەرکەوتووە، کە ئوم حەبیبەفەرمانی کردووە بە ئیبن جەراحی خزمەتکاری کە لە عوسمان دوور نەکەوێتەوە، ئەو کاتەی عوسمان کوژرا، ئیبن جەراح لەوێ بوو[6].

2ـ صەفیەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ

---

[1] مسند أحمد (106/4).
[2] فتنة مقتل عثمان (168/1).
[3] منهاج السنة (202، 203).
[4] دور المرأة السياسي، أسماء محمد، ص(340
[5] تاريخ الطبري (401/5)، نقلا عن دور المرأ السياسي، ص(430).
[6] تاريخ المدينة (298/2).

صەفیەی خێزانی پێغەمبەر هەمان کاری ئوم حەبیبەی بەڕێزی کرد، لە کەنانەوە ریوایەت کراوە، دەڵێ: من جڵەوگێری وڵاغەکەی صەفیە بووم، دەچوو بەرگری لە عوسمان بکات، ئەشتەری نەخەعی پێیگەیشت[1] کێشای بە چاوی هێسترەکەیدا، هەتا سڵەمییەوە، صەفیە وتی: وازم لێ بهێنە با ئەمە بێزارم نەکات، واتە: سەرشۆڕم نەکات، پاشان دارێکی دانا لە ماڵی خۆیانەوە بۆ ماڵی عوسمان بۆ ئەوەی بەسەر ئەو دارەوە ئاوو خواردن بگەیەنێتە عوسمان[2].

3ـ عائیشەی دایکی ئیمانداران ئەو بەسەرهاتەی کە بەسەر ئوموو حەبیبەدا هات خەڵکی بەڕووداوێکی ناهەمواریان زانی بۆیە عائیشە لە مەدینە دەرچوو بە دڵی پڕ لەقینەوە دژ بە یاخیبووەکان هات بۆ لای مەروانی کوڕی حەکەم و مەروان وتی: ئەی دیکی ئیمانداران ئەگەر لە مەدینە بمێنێتەوەو چاودێری عوسمان بکەی لە دەرچوونت باشترە لە مەدینە، عائیشە وتی: ئەتەوێ ئەو کارەم بەسەربێ کە بەسەر ئومو حەبیبە هات، کەسیش نییە بەرگریم لێ بکاو بم پارێزێ نەخێر نامێنەوە، وەڵلاهی خۆیشم عەیبدار ناکەم، ناشزانم کارو ڕاهاتی ئەم یاخیبووانە بۆ کوێ دەچێ[3]، عائیشە پێی وابوو دەرچوونی لە مەدینە دەبێتە قەڵغانێ لە دەم شەڕی ئەم تاقمانە وەکو لەو ریوایەتەی دوایدا بۆمان دەردەکەوێت دایکی ئیمانداران خۆی پێچایەوە بۆ حەجکردن و هەڵهات لە دەست ئەم فیتنەیە دەرچوونی دایکی ئیمانداران تەنیا بۆ خۆپارێزی نەبوو، لەپرشی فیتنەو ئاشفتەکانی وە راکردن و سەرهەڵگرتن نەبوو، بەڵکو هەوڵێ بوو لە لایەن دایکی ئیماندارانەوە بۆ قوتاربوونی عوسمان لە دەستی ئەم خەڵکە سەرلێشواوانە، چونکە ئەوانەی کە موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکریان تێدابوو کە برای عائیشە خاتوونە، عائیشە هەوڵیدا کە موحەممەدی برای لەگەڵ خۆیدا ببا بۆ حەج بەڵام بە قسەی نەکرد ئەم هەوڵە کە عائیشە دای کە براکەی لەگەڵیدا بچێ ئەویش رازی نەبوو بچێت جێگای وردبوونەوەو تێڕامانە هەتا هەنزەڵەی نووسەر ڕەفز کردنەکەی (موحەممەد) دایچڵەکاندو کەس شوێنی دایکی ئیمانداران نەکەوت بەراوردێکی کرد لە نێوان رەفزکردن و شوێنکەوتندا، وتی: ئەی موحەممەد دایکی ئیمانداران بانگت دەکات کەچی ناچی لەگەڵیدا، بەڵام گورگەکانی عەرەب[4] بانگت ئەکەن بۆ شتێك کە حەڵاڵ نییە دویان دەکەویت، موحەممەد گوێی نەدایە، پاشان خاتوو عائیشە وتی: وەڵلاهی ئەگەر بمتوانیایە هەڵسوکەوتیان قەدەغە کەم بە دڵنیاییەوە دەمکرد[5]، ئەم قسەیەی دوای ئەو هەوڵەبوو، کە لەگەڵ براکەیدا ئەنجامیدا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عائیشە هەوڵیداوە بۆ تارنانی سەرکەشەکان لە عوسمان، کاتێ بیری کردەوە کە بچێ بۆ حەج کردن بۆ مەککە بۆ وروژاندنی رای جەماوەر بوو، وەکو ئیمامی ئیبنولعەرەبی جەخت دەکات و دەڵێ: دیارنەمانی دایکی ئیمانداران و کۆمەڵێ لە هاوەڵان کە شاریان بەجێهێشت بۆ کەرتکردنی ئەو ئاژاوەیەبوو کە کەوتبووە ناو خەڵك بەو هیوایەی خەڵکی بەشکو بگەڕێنەوە بۆ لای دایکانی ئیمانداران و رێزی پێغەمبەر ﷺ بپارێزن[6]، بەشکو گوێبدەنە قسەکانیان و کە بەدرێژایی ژیانیان لە هەموو ئاسۆکاندا بڵاویان دەکردەوە[7]، واتە دەرچوونی ئەم جەماعەتە جۆرێکبوو لە بڵاوەپێکردنی ئەو حەشاماتە، ئەم جەماعەتە لای خەڵك بەڕێزبوون و پابەندی فتواو بۆچوونەکانیان بوون، ڕەزای خوا لە دایکانی ئیمانداران پشینیان نەدەکرد، کە کار بگاتە ئەوەی ئەم تاقمانە دەستیان بچێتە خوێنی خەلیفە[8].

4ـ هەڵوێستی ئافرەتە صەحابییەکانی تر

1ـ ئەسمای کچی عومەیس هەمان ئەو هەوڵەیدا کە عائیشەی دایکی ئیمانداران هەوڵی بۆ دا، ناردی بە شوێن هەردوو کوڕەکەیدا، موحەممەدی کوڕی ئەبو موحەممەدی کوڕی جەعفەر، وتی: مۆم خۆی ئەسوتێنێ و رۆشنایی دەدات بە خەڵکی، خۆتان گوناحبار مەکەن بۆ کارێك کە ئێوەی بۆ کل کراوە، لە دژی کەسێ کە هیچ خراپەیەکی بۆتان نییە، ئەو ئیشەی

---

[1] دور المرأة السياسي، ص(430).
[2] سير اعلام النبلاء (237/2).
[3] تاريخ الطبري (401/5).
[4] تاريخ الطبري (401/5).
[5] تاريخ الطبري (401/5).
[6] العواصم من القواصم، ص(156).
[7] دور المرأة السياسي، ص(342).
[8] المصدر نفسه ص(343).

ئەمڕۆ هەوڵی بۆ دەدەن سبەینێ کەسێ تێر دەبێ، لە خودا بترسن با ئیشەکەی ئەمڕۆتان نەبێتە داخ و حەسرەت بەسەرتانەوە هەر دووکیان بە تین و تاو رۆشتن و بە تووڕەییەوە وتیان ئێمە لە بیرمان ناچێت کە عوسمان چی پێکردین، ئەویش وتی: چی پێکردوون؟ ئێوەی لە گوناح گەڕاندووەتەوەی بۆ لای خودا[1]، دەڵێن ئەم گفتوگۆیە لە نێوان لەیلای کچی ئەسماو دووبراکەیدا روویدا[2]، لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کاتێك خەڵکی شارەکان هات دووبارە گەڕانەوە بۆ مەدینە، پاشان عوسمان گفتوگۆی لەگەڵدا کردون و دیمانەیان بەستو بەڵگەی دا بە رووياندا ئەو تاقمانە بە ئاشکرا گەڕانەوە بۆ شاری خۆیان، پاشان زۆری پێنەچوو گەڕانەوە بە دەعوایەك کە عوسمان نامەی ناردووە بۆ کوشتنی خەڵکانێك یەکێ لەو خەڵکانە بە پێی دەعواکەی ئەوان موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکرە[3]، لەوانەیە ئەو قسەیەی کە موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر کردی ئاماژەی پێکرد لە قسەکانیدا وتی: لەبیرمان ناچێت عوسمان چی پێکردین، بەڵام عوسمان حاشای کرد لەو نامەیەو نەیدایە پاڵ خۆی، وتی: یان دوو شاهید بهێنن کە هی منە یان سوێندیان بۆ دەخۆم کە من نەم نووسیوەو فەرمانیشم پێنەکردووە، کابرایەك نووسیویەتی و لاسایی خەتی عوسمانی کردووەتەوەو لەسەر مستیلەکەی نەقشی منی لێ هەڵکۆڵیوە[4]، ئەسما هاتوو ئاگاداربوو، کە تۆرێکی پەنهانی داخراوە بۆ شڵەژاندنی بارودۆخی موسڵمانان و دەیانەوێت عوسمان لە خەلافەت دارنن، بەم چەشنە هەڵوێستی ئەسما بەرامبەر هەردوو کوڕەکەی رۆشنبوو، ئەم موئامەرەیە، کە بەم شێوەیە داڕێژراوە کاریان نەکردە سەر پایەی دایکایەتییەکەی سۆزی بۆ کوڕەکانی دەربڕێ ئەوەی لێدەردەکەوت لەم هەڵوێستە رۆشنەدا دەیویست حەق بەجێ بگات و ناحەق لابرێت ئەم هەڵوێستە گاڵتەی پێناکرێ و گومانیشی لێناکرێ ئەمە بە بناغەیەکی پرشنگدار دەژمێردرێ بۆ دادویستی ئەم هاوەڵە بەڕێزانە[5].

2ـ صەعبەی کچی حەززەمی

کاتێك گەمارۆکەی سەر عوسمان قایم کرا صەعبەی کچی حەززەمی داوای کرد لە تەلحەی کوڕی خۆی کە قسە بکات لەگەڵ عوسماندا کە وازبهێنێت لە پێداگری نەفسی سەلامەت دەبێت ئەگەر هاوەڵان بەرگری لێبکەن، سەر دەکەون بەسەر یاخیبووەکانی شارەکاندا.

صەعبەی کچی حەزرەمی رۆشت و وتی: بە تەلحەی کوڕی کەمار کە لەسەر عوسمان توندکراوە، ئەگەر بچویتایە قسەت لەگەڵدا بکردایە بۆ ئەوەی لە رایەکەی واز بهێنێت[6] لەم ریوایەتەوە دەردەکەوێت صەعبە دڵسۆزو دڵهاوەری عوسمان بووە، هەروەها دەرکەوتووە ئوم عەبدوڵڵای کچی رافیع گرنگی بەم رووداوە داوەو موتابەعەی رووداوەکانی ئەم فیتنەیەکی کردووە[7]، ئەم ئوم عەبدوڵڵایە بوو کە ئەم رووداوانەی لە صەعبەی کچی حەزرەمییەوە ریوایەت کردووە[8].

ئەمانە بە گشتیی هەڵوێستی ئافرەتە موسڵمانەکان بوو کە هەڵوێستێکی ڕاست و دروست بو، سەرەڕای ئەو هەموو لێڵییەی کە پێوەی نووسرابوو بە توانابوون کە بە دیدێکی ساغ بڕوانە مەسەلەکەو ، بەهەرحاڵ ئەمە هەڵوێستی هاوەڵان بوو (خوایان لێ رازی بێت)[9].

شەشەم: ئەم ساڵ کێ حەج دەکات بۆ خەڵکیی؟

ئایا عوسمان داوای کرد لە والییەکان سەری بخەن؟

---

[1] تاريخ الطبري (202/5).
[2] المصدر نفسه
[3] دور المرأة السياسي، ص(343).
[4] العواصم من القواصم، (ص120).
[5] دور المرأة السياسي، ص(344).
[6] المصدر نفسه (345).
[7] المصدر نفسه.
[8] المصدر نفسه.
[9] المصدر نفسه (345، 346).

1ـ ئەم ساڵ کێ حەج دەکات بۆ موسڵمانان؟ (35)ی کۆچی.

عوسمان بانگی عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی کردو حەج کردنی ئەم ساڵی پێ سپارد، عەبدوڵڵای کوڕی عەباسیش وتی: وازم لێ بهێنە، با لەگەڵ تۆ بمێنەوەو لە شانی تۆدا بم، ئەی ئەمیری ئیمانداران، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەمانە، وەڵڵاهی جیهادکردنی ئەم خەوارجانە لە حەج کردن باشترە لە لای من، عوسمان پێی وت: من داوات لێدەکەم حەج بکەیت بۆ موسڵمانان، عەبدوڵڵا هیچی بەدەستەوە نەما گوێڕایەڵی کردنی خەلیفە نەبێت، عوسمان نوسراوێکی نووسی دای بە عەبدوڵڵا بۆ ئەوەی لە کاتی حەجدا بیخوێنێتەوە بۆ موسڵمانان، لەو نوسراوەدا چیرۆکی خۆی لەگەڵ خەواریجەکاندا ڕۆشن کردبووەوە، هەڵوێستی خۆیو داواکانی ئەوانی تێدا نووسیبوو[1]، ئەمە دەقی وتارەکەی عوسمانە، کە لە وەرزی حەجکردندا ساڵی (35)ی کۆچی خوێندرایەوە بۆ موسڵمانان: (بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، لە بەندەی خوداوە، عوسمانی ئەمیری ئیمانداران بۆ موسڵمانانو ئیمانداران، السلام علیکم، من سوپاسی ئەو خودایە دەکەم کە هیچ پەرستراوێکی دی نییە ئەو نەبێت، پاشان من ئەو خودایە دەخەمەوە یادتان کە نیعەتی بەسەردا ڕشتوونو فێری ئیسلامیی کردوون، ڕێنمایی کردوون لە گومڕاییو لە کافرێتیی دەریهێناون، ئەوهەمووە بەڵگانەی داوەتە دەستتانو ڕۆزی بۆ فراوان کردوون، سەری خستوون بە سەر دوژمنداو نیعمەتەکانی خۆی ڕشتووە بە سەرتاندا، خودای گەورە فەرمایشتەکانیشی حەقە کۆمەڵێ ئایەتی زۆری تێدا نوسیبوو، پاشان نوسیبووی خودای گەورە بە ملکەچیو گوێڕایەڵیو کۆمەڵپارێزی لێتان ڕازی دەبێت، دەتانپارێزم لە گوناحو دووبەرەکیو ناکۆکیو ئاگاداری کردوون کە میللەتانی پێش ئێوە چییان کردووە بۆی باس کردوون بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە بەسەرتانەوە، ئەگەر سەرپێچی خودا بکەن، پێتان دەڵێم ئامۆژگارییەکانی خودا وەربگرنو خۆتان بپارێزن لە سزاکانی هیچ ئومەتێك نییە تیاچوبێت هەتا جیاییو ناکۆکی تێ نەکەوتبێ، واتە هەتا سەرۆکیان هەبێو کۆیان بکاتەوە ناکۆکییان تێ ناکەوێت هەرکاتێ سەرۆکی خۆیان لەناودا ئیتر کۆنابنەوە بە کۆمەڵ نوێژ بکەنو دوژمنەکانیان زاڵ دەبێت بەسەریانداو ماڵو ناموسی یەکتری بە حەلاڵ دەزاننو هەموو کاتێکیش ئەم کارانە بکەن، خوای گەورەش دینەکەیان سەقامگیر ناکاتو نابنە هیچ، خودای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعاً لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ) (الأنعام: 159)، من ئەو وەسیەتەتان پێ دەکەم کە خودای گەورە وەسیەتی پێ کردووەو ترسی عەزابەکانی داوە شوعەیب فەرمووی بە گەلەکەی (وَيَا قَوْمِ لاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِي أَن يُصِيبَكُم مِّثْلُ مَا أَصَابَ قَوْمَ نُوحٍ أَوْ قَوْمَ هُودٍ أَوْ قَوْمَ صَالِحٍ وَمَا قَوْمُ لُوطٍ مِّنكُم بِبَعِيدٍ* اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ) (هود: 89 ـ 90)، لەدوای ئەمە خەڵکانێك لەوانەی کە لەم باسەدا خۆیان وانیشانداوە، کە بانگەشە بۆ کتێبی خوداو هەق دەکەنو دونیاو گرفتەکانی دونیایان مەبەست نیە، کاتێك هەق خرایە بەردەستیان، خەڵکان لەمبارەیەوە بوونە چەند بەشێك، هەندێکیان هەقیان وەرگرتو پارێزگارییان لێکرد، کاتێك پێیاندرا، هەندێکی تر پشتیان تێکردو دەستبەرداری بوون، ئەم خەڵکانە پێیان وایە تەمەنم بەلایانەوە درێژەو فەرمانڕەواییم خاو بووەو لەکاری قەدەرا بەپەلەبوون، وایان بۆ نووسیبوون کە ئەوان بەوەی کە پێمدابوون، گەڕانەوە وانازانم کە وازم لەهیچ لەو پەیمانانە هێنابێت کە پێم دابوون. گوایە ئەوان داوای جێبەجێکردنی سزای خودایی دەکەن وتم: جێبەجێی بکەن، بەسەر ئەو کەسەی کە ئەزانن سنوری خۆی بەزاندووە، بەرامبەر کەسێك جێبەجێی بکەن کە ستەمی لێکردوون. نزیك بێت یان دوور، ناسراوبێت یان نەناسراو. وتیان قورئان بابخوێنرێت وتم کێ دەیخوێنێت با بیخوێنێت، زیادەڕەوی تێدا نەکاتو لەفەرموودەکانی خودا دەرنەچێت. وتیان بەشی کەم کەسێك دەدرێتو پارە دەخرێتە بەردەستی کەسانێك تا ئیشی باشی پێ بکرێت، منیش وتم دەستدرێژی ناکرێتە سەر پێنج یەكو خێرو سەدەقە. کەسی بەتواناو دەست پاك دەکرێتە فەرمانڕەوا، هەر شتێك بەستەم

[1] الخلفاء الراشدين للخالدي، (ص167، 168).

براوە دەدرێتەوە بەخاوەنەکانیان، من بەمە رازی بوومو دانم بەخۆمدا گرت، منو ئەو هاوەڵانەشم کە باسیان لەوکارە کردووە، پەلەبوون لەکاری قەدەردا و رێگەی نوێژیان لێ قەدەغەکردمو رێگەی نوێژیان لێ گرتم، لەمەدینە بەناهەق دەستیان گرت بەسەر هەمموو شتێك کە توانیان، ئەم نووسراوەم بۆ نووسینو ئەوان سەرپشکیان کردم لەسەر یەکێك لەم سێ رێگایە، یان ئەمبەستنەوە لەبری هەمموو پیاوێك کە بەهەڵە یان لەسەر هەق سزام دابێت، هیچی لێ کەم ناکەن، یان دەست هەڵگرمو یەکێکی تر بکەنە فرمانڕەوا یان دەنێرن بەشوێن ئەوانەی کە ئەڵقە لەگوێی ئەوانەن، لەسەربازەکانو لەخەڵکی مەدینەبۆ ئەوەی خۆیان بێبەری بکەن لەگوێڕایەڵی ئەو فەرمانداری کە پابەندبوونی فەرزە، پێم وتن بۆ خۆ بەستنەوەم، لەپێش من خەلیفەی تر بووە بەهەڵە یان بەڕاست سزای تاوانباری داوە، هیچیان لێ نەسەنراوەتەوە. زانیم کە خۆمیان دەوێت کە دەست هەڵگرم لەحوکمڕانی، ئەگەر کۆتو پێون بکەنە دەستو پێم پێم خۆشترە لەوەی کە دەست هەڵگرم لەخەلافەتو دەرچم لەفرمانی خودا. ئەوەی کە دەڵێن دەنێرین بەدوای سەربازو خەڵکی مەدینەدا بێبەری دەبن لەگوێڕایەڵی لەو کاتەدا من بەرپرسیارنیم، لەمەوپێش زۆرم لێنەکردوون بۆ گوێڕایەڵیو فرمان بەرداری بەڵام خۆیان بەویستی خۆیان هاتوون، رەزامەندی خودا و چاکەیان مەبەست بووە، هەرکەس لەئێوە دونیای مەبەستە هیچی لێ دەست ناکەوێت، ئەو بڕە نەبێت کەخودا بۆی نووسیوە، هەرکەسێك کەتەنها مەبەستی خوداو رۆژی دوایی بێتو عەودالّی چاکبوونی ئوممەتو شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺو شوێنکەوتەی دوو خەلیفەکەی دوای ئەوبێت ئەوا خودا پاداشتی دەداتەوە، پاداشتی ئێوە بەدەست من نییە، ئەگەر هەمموو دونیاتان بدەمێ ناگاتە بەهای دینەکەتانو بەکەڵکتان نایەت لەخودا بترسنو حساب بۆ سزاکەی بکەن، هەرکەس لەئێوە پەیمان شکێنی دەکات، من رازی نیم خوداش رازی نییە بەپەیمان شکێنی، بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنیان دایەوە دەست خۆم، هەمووی ئاژاوەو پیلانە، من خاوەنی خۆمو شوێنکەوتەکانمم، سەیری کاری خودا و گۆڕانی نیعمەتەکانی ئەوم کرد، رقم لەکاری خراپو ناکۆکیو خوێنڕشتن بووە، من سوێندتان ئەدەم بەخودا لەرێگای ئیسلامەوە حەقم لێ وەرگرنو حەقەکانی خۆشم بدەنەوە، واز لەستەم بێنن بۆ ستەمکاران، دادپەروەربن لەنێوانماندا بەو شێوەیەی کە خودا فرمانی پێکردووە، سوێندتان ئەدەم بەو خودایەی کە پەیمانو سەرخستنی یەکتری لەسەرتان فەرزکردووە، خودای گەورە فەرموویەتی **"ولاتقربوا مال اليتيم ألا بالتي هي أحسن حتى يبلغ اشده وأوفوا بالعهد أن العهد كان مسؤولا"**، ئەمە بەهانەیە با لەبیرتان بێت، من پاکانە بۆ خۆم ناکەم .... ئەگەر سزای خەڵکانێکم دابێت، تەنها چاکەم مەبەست بووە، من هەمیشە پەشیمانمو دەگەڕێمەوە بۆلای خودا لەکارێك کە نافرمانی بێت، داوای لێخۆشبوون دەکەم، خودا لێخۆشبووەو بەزەییەو بەزەیی خودا هەمموو شتێك دەگرێتەوە.

نائومێد مەبن لەرەحمەتی خودا، ئەوەندەی نائومێد ببێت ئەندامێك لەگرۆی ستەمکاران، خودا پەشیمانی لەبەندەکانی قبوولّ دەکاتو لەخراپەکانیان دەبووریێتو دەشزانێت ئێوە چی دەکەن "من لەخودا دەپاڕێمەوە لەمنیشو لەئێوەش خۆش ببێتو دڵی ئەم ئوممەتە یەکبخات لەسەر خێرو چاکەو خراپیو نالەبارمان لا قێزەون بکات، ئیتر بەخوداتان دەسپێرمو رەحمەتو بەرەکەتی خودا بڕژێت بەسەرتاندا ئەی موسوڵمانانو ئیمانداران)، ئیبنو عەباس دەڵێت "رۆژێك بەر لە تەروییەکردن بۆم خوێندەوە"[1].

2ـ ئایا عوسمان داوای کرد لەوالییەکان سەری بخەنو پشتیوانی لێ بکەن؟

عومەری کوڕی سەیف لە ریوایەتێکدا کە تەبەری هێناویەتی گومانی وایە، کە عوسمان لە کاتی گەمارۆکەدا نامەی ناردووە بۆ والییەکانی لە شارەکانەوە بێنە هاوکاری، مەعاویەش حەبیبی کوڕی مەسلەمەی نەهری بە سوپایەکەوە نارد بۆ سەرخستنی عوسمان، هەروەها عەبدوڵلای کوڕی سەعیدیش لە میصرەوە هەمان کاری کرد، مەعاویەی کوڕی حودەیج

[1] تاريخ الطبري (425/5).

به سەرلەشكری قەعقاعی كوڕی عەمری تەمیمی كۆمەڵێ خەڵكی ئەهلی كوفەی نارد[1]، ئەم گومانە لەگەڵ ڕێبازی عوسماندا یەكناگرێتەوە، لە بەرەنگاری فیتنەدا لە لایەك عوسمان عەوداڵی سەلامەتیو خوێن نەڕشتن بێت، لە لایەكی تر بنێرێ بە دوای لەشكردا، هەروەها ئەم گومانە لەگەڵ ئەو یەقینەدا ڕێك ناكەوێ، كە عوسمان دڵنیابوو كە دەیكوژن، یەكناگرێتەوە، لەگەڵ ئەو كارەی كە عوسمان هەموو داكۆكیكارەكانی گەڕاندەوەو نەیهێشت صەحابە گەورەكانو كوڕەكانیان بەرەڤانی لێ بكەن، تەنانەت ڕێگەی نەدا بە كۆیلەو خزمەتكارەكانیش زۆر بە توندی نەهی شەڕو كوشتاری لێ كردن، بەڵكو ئەو كۆیلانەی ئازاد كرد، كە دەستی خۆی پاراست لە شەڕو كوشتاری نەكردن، بە هیچ شێوەیەك شەڕی نەخواست وەكو باسمان كرد، ئەوەی كە تێبینی دەكرێ ئەوەیە وەكو چۆن كۆمەڵێ لە هاوەڵان دەست پێشخەرییان كرد بۆ بەرگری كردن لە عوسمان بە بێ ئەوەی عوسمان داوایان لێ بكات، هەوڵی زۆریشی دا كە بیان نێرێتەوەو دەستیان كۆتا بكا لێی بە هەمان شیوە كۆمەڵێكی چڕو پڕ لە سەربازانی موسڵمانان لە شارەكانەوە دەست پێشخەرییان كرد بۆ بەرگری كردن لەم خەلیفە مەزڵومە، بە ڕاو بۆچوونی نوێیانو تەوجیهاتی ئەمیرەكانیان ئەوە ڕاست نییە كەوا گومان ببەین پیاوێكی وەكو مەعاویە لەبەر خزمایەتییەكەی لەگەڵ عوسماندا هاتووەو پەلاماری داوە خۆ ئەگەر بیویستایە سەرباز بنێرێتە سەریان تەفرو تونای دەكردن، ناگونجێ ئەو گریمانە دابنێین كە خەڵكانێك لە میسرەوە بە سەرۆكایەتی مەعاویەی كوڕی حودەیجو مەسلەمەی كوڕی مەنامە هاتوون بۆ سەرخستنی عوسمان یان قارەمانەكانی تر هاتبێت، دەستەوسان وەستابنو خۆیان مات دابێت هەتا خەلیفە دەكوژرێتو پاشان خۆیان تاوداوە بۆ تۆڵەسەندنەوەو گەردنی خۆیان داوەتە بەر شمشێر لە پێناوی عوسماندا، بەڵكو دەبێ وا دابنێین، كە كۆمەڵێ سەرباز لە شارەكانەوە بە كردەوە هەنگاویان ناوە بەرەو مەدینە بۆ فریاكەوتنی خەلیفە بەبێ ئەوەی خەلیفە داوایان لێبكات شتی وا دەبێت؟[2].

3ـ دواهەمین وتاری كە عوسمان فەرموی

دواهەمین دیداری گشتیی عوسمان لەگەڵ موسڵماناندا دوای چەند ڕۆژێ لە گەمارۆ بانگی خەڵكی كردو هەرهەموویان كۆبوونەوە شەڕەنگێزەكانو سەبەئیەكانو موسڵمانە نیشتەجێكانی خەڵكی مەدینە لە پشتی هەموو خەڵكەوەو عەلیو تەلحەو زوبێر دانیشتبوون لەبەردەمی عوسماندا بوون عوسمان پێی وتن: خودای گەورە بۆیە دونیای داوە بە ئێوە تا قیامەتی پێ بەدەست بهێنن دونیای بۆ ئەوە نەداوە پێتان باوەشی پیا بكەن دنیا دەڕواو پێچ دەكاتەوە قیامەت دەمێنێتەوەو دونیا ون بووە با توشی بەڵاتان نەكات لە قیامەتی هەمیشەیی سەرقاڵتان نەكات، گرنگی بدەن بەو دونیایەی كە سەرتاسەرییە لە چاو ئەو دونیایەی كە سەرسەرییە، دونیا دەبڕێتەوە چارەنووسمان گەڕانەوەیە بۆ لای خودا، لە خوا بترسن لە خودا ترسان قەڵغانو پەرژینە بۆ سزاو مۆتەكەكانی، پابەندی كۆمەڵێ موسڵمانان بدن خۆتان بەش بەشو حزب حزب مەكەن خودای گەورە دەفەرموێ: (وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) (آل عمران: 103).

پاشان وتی بە موسڵمانان ئەی خەڵكی مەدینە من دەتانسپێرم بە خودا وەلێی دەپاڕێمەوە دوای من كەسێكی چاك بكاتە خەلیفەتان، وەڵڵاهی من لەمڕۆ بە دواوە هیچ كەسێك نایەتە لای من هەتا ئەو بڕیارەی خودای گەورە جێبەجێ ئەبی لەسەرم كە بڕیاریداوە، واتە ئیتر من لە دونیا دەردەچم، ئەم خەواریجانە لەودیو دەرگاكەی خۆمەوە بەجێ دەهێڵم هیچیان پێنابەخشم، كە دوای ببنە ملهوڕ بەسەرتانەوە نە كاروباری دونیاو نە دینتان نادەمە دەسیان هەتا خودای گەورە ڕازی نەبێو پێی خۆش نەبێ، خۆی ئەم بەرنامەیەی داڕشتووە، فەرمانی كرد بە بە خەڵكی مەدینە بگەڕێنەوەو سوێندی لێ خواردن

[1] تاريخ الطبري (5/379 - 380).
[2] الدولة الاسلامية في عصر الخلفاء الراشدين، ص (278 - 279).

کە بچنەوە، هەموویان گەڕانەوە و موحەممەد و ئیبن و زوبێر هاووێنەکانیان پێش بە فەرمانی باوکیان لەبەردەگاکەی عوسمان دانیشتین خەڵکانێکی زۆر هاتەوە بۆ لای ئەم سیانەو لەگەڵ عوسماندا مانەوە لە خانووەکەدا هەتا ئاکامی عوسمان هات[1].

حەوتەم: شەهیدبوونی ئیمامی عوسمان

سەرەڕای جموجوڵی سەربازیی شارەکان بۆ فریادڕەسی عوسمان، ڕۆژانی حەج کردن بە خێرایی تەواو بوو، کۆمەڵێ لە حاجییەکان وایان بەباشزانی بە پەلە بروزێ بگەڕێنەوە بۆ مەدینە فریای عوسمان بکەون، بە تایبەت عەبدوڵلای کوڕی عەباس و عائیشەیان لەگەڵدا بوو، کە بەرگری کاربوون لە عوسمان هەواڵ گەشت بە یاخیبووەکان کە حاجییەکان گەڕاونەتەوە دەیانەوێت عوسمان سەر بخەن، کاتێ ئەم هەواڵەیان پێ گەشت وێڕای ئەوەی کەبیستبوویان خەڵکی شارەکان هەڵمەتیان هێناوە بۆ پشتیوانی عوسمان شەیتان کاری یاخیبووەکانی جوان کردو وتیان لەم واقیعە دەرناچین بە کوشتنی ئەم پیاوە نەبێت، ئەم پیاوە بکوژین ئێمەیان لەبیر دەچێت سەرقاڵی ئەوە دەبن[2].

1ـ لە دواهەمین ڕۆژی گەمارۆکەدا خەونێکی بینی

لە ڕۆژانی کۆتایی گەمارۆکەدا لەو ڕۆژەی کەوا تێیدا بکوژرێت عوسمان خەوتبوو بەخەبەر هات گوێی لێبوو خەڵکی باسی کوشتنی دەکەن لە لایەن ئەم تاقمانەوە[3]، پاشان وتی: لە خەومدا پێغەمبەرم ﷺ بینی لەگەڵ ئەبوبەکر و عومەردا، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "ئەی عوسمان لە لای ئێمە بەربانگ بکەرەوە"، ئەو بەیانییەی لە خەو هەستا بە ڕۆژوو بووە لەو ڕۆژەدا کوژراو ئێوارە لای پێغەمبەر ﷺ بەربانگی کردەوە[4].

2ـ شێوازی کوشتنەکەی

یاخیبووە سەرکەشەکان هێرشیان بردە ناو خانووەکەو حەسەنی کوڕی عەلی و عەبدوڵلای کوڕی زوبێرو موحەممەدی کوری تەلحەو مەروانی کوڕی حەکەم و سەعیدی کوری عاص و هەندێ لە کوڕانی هاوەڵان دەستەویەخەیان بوونەوە شەڕ داکەوت لە نێوانیاندا، عوسمان هاواری کرد دەستی کرد بە (الله الله)، وتی ئێوە دەست کۆتا بکەن لە سەرخستنی من، بەڵام ئەوان دەستیان کۆتا نەکردو خزمەتکارەکانی عوسمان چوونە ژوورەوە بۆ سەرخستنی، عوسمان فەرمانی پێکردن کە هیچ نەکەن بەڵکو وتی: هەرکەسێ دەست کۆتا بکات لە شەڕ با ئازاد بێ[5] و لە کۆیلەیەتی دەربچێ، عوسمان بە ئاشکراو پێگری‌یەو بنەبڕی سووربوو لەسەر ئەو ڕایەی کە دەست و چەکی خۆی کۆتا بکاو ئەو کەسانەش کە ملکەچی گوێڕایەڵی خەلیفەیان لە ئەستۆدایە با شەڕ نەکەن و واز بهێنن بێگومان گوێڕایەڵی خەلیفەش واجبە[6]، ئەم ڕایەی عوسمان بە هیچ شتێ پێناگرێت بە ئەوە نەبێ کە عوسمان دڵنیابوو کە شەهید دەکرێت، وەکو پێغەمبەر ﷺ شاهیدی بۆ دابوو، دەیویست لەم و ئەو خوێن نەڕژێ نەبێتە مایەی فیتنەو ئاژاوە لە نێوان موسڵماناندا[7] موغیرەی کوری ئەخنەس یەکێ بوو لەوانەی کە حەجی کردو بە چەند کەسێکەوە گەڕایەوە بۆ فریاکەوتنی عوسمان، بەر لەوەی عوسمان بکوژرێ چووە لای بۆ ئەوەی حیمایەتی بکات، وتی ئەی عوسمان ئێمە بیانوومان چییە بەلای خودای گەورەوە سەرەڕای ئەوەی توانامان هەیە تۆ بە جێ بهێڵین بۆ دوریان نەخەینەوە هەتا دەمرین یاخیبووەکان ئاگریان نا بە دەرگاو سەقفی خانووەکەوە، ئەوانەی کە لە خانووەکەدا بوون هەڵچوون، عوسمانیش دەستیکرد بە نوێژکردن بۆ ئەوەی ڕێگەی شەڕیان لێ بگرێت، موغیرەی کوڕی ئەخنەس و حەسەنی کوڕی عەلی و موحەممەدی کوڕی تەلحەو سەعیدی کوڕی عاس و مەروانی کوڕی حەکەم و ئەبوهورەیرە بە باشترین بەڵا تاقیکرانەوەو دەستیان کرد بە شەڕکردن، عوسمان تکای لێکردن بگەڕێنەوەو شەڕ نەکەن، پاشان عوسمان

---

[1] تاريخ الطبري (399/5).
[2] تاريخ الطبري (402/5).
[3] الطبقات لابن سعد (75/3)، فتنة مقتل عثمان (172/1).
[4] الطبقات (75/3)، فتنة مقتل عثمان (175/1).
[5] الدولة الاموية في عصر الخلفاء الراشدين، ص(282)، البداية والنهاية (190/7).
[6] العواصم من القواصم، (ص133).
[7] الدولة الاموية في عصر الخلفاء الراشدين، ص(283).

چووەوە بۆ نوێژکردن دەستی کرد بە خوێندنی سورەتی (کهف) بە باشی قورئانەکەی دەخوێند دەنگە دەنگ بێزاری نەکرد، هەر بەردەوام بوو، نە هەڵەی دەکرد نە پچڕ پچڕی دەکرد، هەتا گەشتە کۆتایی سورەتەکە بەر لەوەی دەستیان پێبگات، پاشان دانیشتو دەستی کرد بە خوێندنی سورەتی (ال عمران) ئەو رۆژە چوار گەنجی قورەیشی پێکران کە موحەممەدی کوڕی عەلی و عەبدوڵڵای زوبێرو موحەممەدی کوڕی تەلحەو مەروانی کوڕی حەکەم بوون[1]، موغەیرەی کوڕی ئەخنەس و نەیاری کوڕی عەبدوڵڵای ئەسلەمیو زیادی فەهری کوژران[2]، عوسمان توانی قەناعەت بکا بە بەرگریکارەکان، ناچاریان بکا لە ماڵەکەی دەرچن، تەنیا عوسمانو گەمارۆچییەکان مانەوە جگە لە عوسمانو خێزانەکەی لە خانووەکە ئەمانەوەو هیچ بەرگریکارێ نەماو خەڵکە جەنجاڵەکە بڵاویان کرد، عوسمان دەرگای ماڵەکەی خۆی لادا[3]، دوای ئەوەی بەرگری کارەکانی دەرکرد، قورئانەکەی کردەوەو لە باوەشیا دەستی کرد بە قورئان خوێندنو ئەو رۆژە بەرۆژوو بوو پیاوێ لە گەمارۆچییەکان کە ریوایەتەکان ناویان نەهێناوە چووە ژوورەوە بۆ لای کاتێ عوسمان کابرای بینی پێی وت با ئەم قورئانە لە نێوان منو تۆدابێ[4]، پیاوەکە هاتە دەرەوەو وازی لێ هێنا، زۆری پێ نەچوو یەکێکیان چووە ژوورەوە پیاوێ بوو لە خێڵی سدوس پێیان دەوت مەرگی رەش، بەرلەوەی بە شمشێر بدات لە عوسمان دەستی نایە بینیو دەی خنکاند، مەرگی رەش دەڵێ، وەڵڵاهی هیچ شتێکم نەدیوە لە خنکاندنی عوسمان ئاسانتر بێ کاتێ دەم خنکاند دەمبینی گیانی وەك چرۆیەك شین بێت، دەردەچوو گیانەکە لە جەستەدا هەر مابوو ئەم سەرەوسەری دەکرد[5].

پاشان بە شمشێر کەوتە سەر عوسمان عوسمانیش بە دەست خۆی دەپاراست، دەستی قرتاند لەو کاتەدا عوسمان وتی: وەڵڵاهی ئەو دەستەم کە قرتاندت یەکەمین دەستە کە قورئانی پێ نوسرا[6]، چونکە عوسمان یەکێ بوو لەوانەی کە وا وەحی دەنووسییەوە، یەکەمین کەسە کە قورئانی نووسیوەتەوە بە ئیملاکردن، پێغەمبەر ﷺ ئەو کاتەی عوسمان کوژرا قورئانەکەی لەبەردەستدا بوو خوێنی دەستەبڕاوەکەی کەوتە سەر ئەو قورئانەی کە لەبەردەمیدا بوو دەیخوێند، وە خوێنەکە کەوتە سەر ئەو فەرمودەیەی کە خودای گەورە دەفەرموێت: (**فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ**)[7]، لە ریوایەتێکدا هاتووە یەکەمین پیاوی کە دای لە عوسمان پیاوێکە پێی دەڵێن، رۆمانی یەمانی بە گۆڤان لێیداوە، کاتێ چوونە ژوورەوە بۆ کوشتنی ئەم سرودەی دەوت:

اری الموت لايبقى عزيزا ولم يدع   **لعاد ملاذا في البلاد ومرتقى**

يبيت أهل الحض والحصن فعلق   **وياتي الجبال في شمارينحها العلى**[8]

کاتێ حاتەیان دابوو نائیلەی کچی فەرافیصەی خێزانی وتی: یان بیکوژن یان وازی لێ بهێنن، وەڵڵاهی جاری وا هەبووە یەك رکات شەونوێژی کردووە هەموو قورئانی تیا خوێندووە[9]، بەم چەشنە نائیلە بەرگری دەکرد لە ئیمامی عوسمانی مێردیو خۆی دەدا بەسەریداو شمشێرێکی گرتبوو بە دەستەوە سەودانی کوڕی حمران پەلاماری نائیلەی داو پەنجەکانی قرتاندو رایکردو دەستی کرد بە جنێودانو تەشەردان لە نائیلە[10]، یەکێك لە خزمەتکارەکانی عوسمان ئەم حاڵەتەی بینی وە کوشتنی عوسمان هەژاندی کە پێیان دەوت (نەجیح) ئەم نەجیحە هێرشی بردە سەر سەودانی کوڕی حیمرانو کوشتی، کاتێ قەتیرەی کوڕی فەلانی سکونی بینی نەجیح سەودانی کوشت هێرشی بردە سەر نەجیحو کوشتی خزمەتکارێکی تری

---

[1] فتنة مقتل عثمان (169/1)، تاريخ الطبري (404/5)، رواه صحيحه.
[2] الخلفاء الراشدين للخالدي، ص(184، 185)، البداية والنهاية (196/7).
[3] فتنة مقتل عثمان (188/1)
[4] تاريخ الطبري (405/5، 406).
[5] تاريخ ابن حياط، ص(174، 175)، اسناده صحيح و حسن.
[6] تاريخ الطبري (398/5).
[7] تاريخ الطبري (398/5)، الخبر له طرق عدد بمجموعها برتقي الى درجة حن لغيره..
[8] فتنة مقتل عثمان (191/1)، البداية والنهاية (192/7).
[9] الطبقات (76/3)، فتنة مقتل عثمان (191/1).
[10] تاريخ الطبري (406/5، 407).

عوسمان کە ناوی صەبیح بوو قەتیرەی کوشت لەو خانووەدا چوارکەس کوژران، دوانیان شەهیدو دوانەکەی تریان تاوانبار بوون، دوو شەهیدەکە ئیمامی عوسمان و نەجیحی خزمەتکاری بوو، دوو تاوانبارەکەش سەودان و قەتیرەی سکونی بوون، کاتێك کوشتنی ئیمامی عوسمان تەواو بوو جارچییەکی تاقمە سەبەئییەکان هاواری کردو وتی: ناکرێ خوێنڕشتنی پیاوێ حەڵاڵ بێت و سامان و ماڵەکەی حەرام بێت، ئایا نازانن ماڵەکەشی حەڵاڵە دەستیان کرد بە فەرهود کردنی ماڵەکەشی، گەمژەو ناحاڵییە سەبەئییەکان لەو خانووەدا دەستیان کرد بە کاولکاری و تاڵان و بڕۆ هەرچی تێدا بوو ماشییانەوە هەتا پۆشاکی بەری خێزانەکانیشیان تاڵان دەکرد، یەکێك لە سەبەئییەکان کە پێی دەوترێت کەلسومی تجیبی پەلاماری نائیلەی خێزانی عوسمانی داو کەواکەی بەری برد، پاشان سیخوڕمەی لێدەداو جوێنی پێ دەدا، پێی دەوت دایکت لە عەجیزەیە تۆی بە پاکی نەهێناوە، کە صەبیحی خزمەتکاری ئیمامی عوسمان ئەم حاڵەتەی بینی و بیستی کە ئەم قسە ناشیرین و ناقۆڵانەیە دەوترێت بە نائیلە بە شمشێر هەڵی کوتایە سەر کەلسوم و کوشتی[1]، یەکێك لە سەبەئییەکان سەبیحی کوشت، دوای ئەوەی سەبەئییەکان ماڵی عوسمانیان چەپاو کرد جاڕیانداو وتیان خێرا بڕۆن بەیتولمال تاڵان بکەن، دەخیلتان بم ئەوەڵ پێش ئێوەی کەسێکی تر بچێ هەر چی تێدایە بیهێنن پاسەوانەکانی بەیتولمال ئەم جارەیان بیستن بەیتولمال هیچی تێدا نەبوو دوو هۆڕ خواردن نەبێت، وتیان: خۆتان بدەنە لا ئەم تاقمانە دنیاویست، واتە (سەبەئییەکان) بەیتولمالیان شکاندو دەستیان کرد بە تاڵانکردنی[2] خەوی سەبەئییە خەواریجەکان بە دیهات و ئەمیری ئیماندارانیان کوشت و زۆرێك لە ئەڵقە لە گوێکانیان کە هەرچی پەرچی و ناحاڵییەکان پێکهاتبوون، دوای کوشتنی عوسمان هەڵوەستەیان کردو بیریان کردەوە کە هیچ گومانی تێدا نییە کاری ئەمانە تەواو بووەو هەر بۆ کوشتنی عوسمان بووە، شەیتانە سەبەئییەکان بێئاگایان کردوون و بە هەڵەداچوون، بەکاریان هێناون بۆ ئاژاوەنانەوە لە دژی عوسمان بۆ ئەوەی بیکوژن یان دەمدرێژی بکەنە سەری و ڕەوتی بشێوێنن، کەوتە بەردەستی ئەم هەرچی و پەرچیانەو کەوتنە ئەو پەشیمانییەی کە بەسەر بەنی ئیسرائیلدا هات کاتێك کە دەستیان کرد بە گوێرەکە پەرستی لە دوایدا هەندێکیان پەشیمان بوونەوە[3]، هەموو پیاوە ڕاساڵەکانی مەدینە بۆ کوشتنی خەلیفەکەیان دڵتەنگ بوون، دەستیان کرد بە خوێندنی زیکری موحیبەت و گریان بەڵام تازە چی بکەن! سوپای خەواریجە سەبەئییەکانی مەدینەیان داگیر کرد، بەهەر چوارلادا وێرانیان کرد خەڵکەکەیان قەتیس کردو نەیانهێشت هیچ شتێك بکەن، حاکمی فیعلی مەدینە ئەمیری خەواریجەکان بوو، کە خەڵکی میصرەو ناوی غافقی کوری حەرجی عەکیە، شەیتانە پیلان گێڕەکەشیان لەگەڵدا بوو، کە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئە، زۆر شادومان و کامەران بوو، کە گەشتووەتە ئامانج و مەرامە جولەکەییە شەیتانییەکانی.

هاوەڵە گەورەکان بەم شێوەیەم هەڵوێستیان نواند بۆ شەهیدبوونی ئیمامی عوسمان[4]

1ـ زوبێری کوڕی عەوام کاتێ بیستی ئیمامی عوسمان شەهید کراوە وتی: ڕەحمەتی خودا لە عوسمان و دەستی کرد بە ویردی موسیبەت خوێندن، پێیان وت: تاقمەکان پەشیمانن، وتی: ئیشی خۆیان بوو پشتیان کردە یەکیش وەکو ئەوانەیان لێ هاتووە کە خودای گەورە دەفەرموێت: **(وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا فِي شَكٍّ مُّرِيبٍ)** (سبأ: 54).

2ـ تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا کاتێ بیستی ئیمامی عوسمان شەهید کراوە، وتی: ڕەحمەتی خودا لە عوسمان دەستی کرد بە خوێندنی زیکری موسیبەت، پێیان وت ئەو تاقمانە پەشیمانن وتی: ڕووڕەش بن لەناوبچن ئەم ئایەتەی خوێندەوە: **(مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ* (فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَا إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ)** (یس: 49 ـ 50).

---

[1] تاريخ الطبري (407/5).
[2] المصدر نفسه (407/5).
[3] البداية والنهاية (197/7، 198).
[4] الخلفاء الراشدون للخالدي، (190)، البداية والنهاية (197/7).

3ـ عەلی کوڕی ئەبی تالیب کاتی بیستی کاتی بیستی ئیمامی عوسمان شەهید کراوە، وتی: ڕەحمەتی خوا لە عوسمانو دەستی کرد بە خوێندنی زیکری موسیبەت، ئەم ئایەتەی خوێند: (كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ* فَكَانَ عَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا فِي النَّارِ خَالِدَيْنِ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ) (الحشر: 16 ـ 17).

4ـ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص کاتی ئەم هەواڵەی بیست وتی: ڕەحمەتی خودا لە عوسمان، دەستی کرد بە خوێندنی ئەم ئایەتە: (قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً* الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً* أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْناً* ذَلِكَ جَزَاؤُهُمْ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُوا وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَرُسُلِي هُزُواً) (الكهف: 103 ـ 106).

پاشان سەعد وتی: ئەی خودایە بیانگریت سەرشۆڕیان کەیت، پەنجەی پەشیمانییان پێ بگەزی[1]، خودای گەورە پاڕانەوەکەی سەعدی قبوڵ کرد، چونکە دوعا گۆبوو، ئەو کەسانەی بەشداریی کوشتنی عوسمانیان کرد وەکو عەبدوڵڵای سەبەئیو غافقیو ئەشتەرو حەکیمی جەبلەو کەنانەی تجیبی لەوەو دوا کوژران[2].

هەشتەم: مێژووی کوشتنەکەی تەمەنی شەهیدبوونیو تەرمەکەییو نوێژ لەسەرکردنو ناشتنی

1ـ مێژووی کوشتنەکەی

دیاری کردنی ئەو ساڵەی کە تێیدا کوژرا، کۆ دەنگییەکی لەسەر هەیە لە لایەن مێژوونووسانەوە جیاوازییان نییە، کە ساڵی (35)ی کۆچی شەهید کراوە، تەنیا لە ریوایەتێکی موصعەبی کوری عەبدوڵڵادا هاتووە کە لە ساڵی (36) شەهید کراوە[3]، ئەمەش قسەیەکی ناوازەیەو پێچەوانەی ئیجماعە، ڕای یەکەم کە ساڵی (35)یان دیاری کردووە ڕای کۆمەڵێك زانایە، وەکو عەبدوڵڵای کوری عەمری کوڕی عوسمانو عامری کوڕی شەرحبیلو شەعبیو نافیعی مەولای ئیبنو عومەرو مەخرەمەی کوڕی سولەیمانو زۆرێکی تریش[4]، مێژوونووسەکان جیاوازییان نییە لەو مانگەی کە تیایدا کوژراوە، کە مانگی (ژوالحجە)یە، بەڵام جیاوازییان هەیە لە ڕۆژو سەعاتەکەیدا، بە ڕای زۆرێك لە زانایان ئەم شەهیدبوونەیان بە ڕۆژی 35/12/18ی کۆچی پارسەنگ داوەتەوەو جەختیان کردووە[5]، بەڵام دیاری کردنی ئەو ڕۆژەی کە تێیدا کوژراوە، واتە چەند شەممە بوو لە ڕۆژانی هەفتە سێ بۆچوون هاتووە، جمهوریش لە هەموو قسەکاندا ئەم قسەیەیان پارسەنگ داوەتەوە، کە ڕۆژی هەینی بووە، بە قسەی جمهور[6]، قسەیەکی بەهێزیش نییە بەرپەرچی بداتەوە کاتی کوشتنەکەشی بەبەیانی ڕۆژی هەینی بوو، کە جمهور دەڵێن تاقی بەیانی بووەو قسەیەکی بەهێزیش نییە بەرپەرچی بداتەوە[7].

2ـ تەمەنی شەهیدبوونی

ریوایەتەکان جیاوازییان هەیە لە ساڵی شەهیدبوونی ئیمامی عوسماندا، هەر لە کۆنەوە ئەم ڕاو جیاوازییە هەیە لەسەری تەنانەت تەبەری دەڵێت: پێشینان جیاوازییان هەیە لە ئەندازەی تەمەنی عوسماندا[8]، بەڵام وای بۆ دەچێت کە عوسمان لە تەمەنی (82) ساڵێدا شەهید کرابێت، ئەم قسەیە ڕای جمهورە، ئەم قسەیە دەسەلمێت لەسەر چەند هۆکارێك.

أ ـ لە ئەنجامی بەراوردی نێوان ساڵی لەدایکبوونو ساڵی شەهیدبوونی، ڕاستی ئەم قسەیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تەمەنی (82) ساڵ بووە، شەهید کراوە، چونکە لە ساڵی شەشەمی دوای ساڵی (فیل) لەدایك بووە، لە ساڵی (35)ی

[1] تاريخ الطبري (407/5، 408)، البداية والنهاية (189/7).
[2] الخلفاء الراشدون للخالدى، ص(192).
[3] تاريخ الطبري (435/5، 436).
[4] فتنة مقتل عثمان (193/1، 194).
[5] تاريخ الطبري (435/5).
[6] المصدر نفسه (436/5).
[7] تاريخ الطبري (437/5).
[8] تاريخ الطبري (437/5).

کۆچی شەهید کراوە، ئەگەر ساڵی لەدایکبوونی دەربکەین لە ساڵی شەهیدبوونی بۆمان روون دەبێتەوە، کە لە تەمەنی چەند ساڵێدا شەهید کراوە.

ب ـ رای جمهوری زانایان وایە، کە لە تەمەنی (82) ساڵیدا شەهید کراوە، لەم وتەیە بەهێزترمان نییە[1].

3ـ تەرمەکەی و نوێژکردن لەسەری و ناشتنی

کۆمەڵێك لە هاوەڵان هەر لەو رۆژەی کە شەهید کرا هەستان بە شۆردنو کفنکردنی، وە خستیانە سەر دارمەیتو بردیان بۆ گۆڕستان، ئەو هاوەڵانەش ئەمانە بوون: (حەکیمی کوڕی حیزام، حوەیتەبی کوڕی عەبدولعەزا، ئەبو جەمعی کوڕی حوزەیفە، نەیاری کوڕی مەکرەمی ئەسلەمی، جوبەیری کوڕی مەتەعیم، زوبەیری کوڕی عەوام، عەلی کوڕی ئەبی تالیب)، کۆمەڵێ لە هاوەڵانی تر، خێزانەکانی وەك (نائیلەو ئومو بنین کچی عوتبە) کە خێزانی بوون، دەڵێن جوبەیری کوڕی مەتەعیم نوێژی لەسەر کرد دەڵێت: (زوبێری کوڕی عەوام) نوێژی لەسەر کرد دەشڵێن (حەکیمی کوڕی حیزام) بوو، دەڵێن: (مەروانی کوڕی حەکەم) بوو، دەڵێن: میسوری کوڕی مەخزومی بوو[2]، بەلام ئەوەی کە لای من بەهێزە ئەوەیە کە (زوبێری کوڕی عەوام) نوێژی لەسەر کردووە، چونکە ئیمامی ئەحمەد لە (مسند)ەکەیدا ریوایەتی کردووە، ئەم ریوایەتە روونی دەکاتەوە، کە زوبێری کوری عەوام، نوێژی لەسەر کردووەو دایشی هێلاوە بۆ ناو گۆڕەکەی، چونکە وەسێتی پێ کرابوو[3]، بەشەو ناشتیان وەکو (ئیبن سەعدو زەهەبی) ریوایەتیان کردووەو جەخت دەکەنەوە کە عوسمان لە نێوان مەغریبو عیشادا نێژراوە (رەزای خوای لێبێت)[4]، بەلام ئەو قسانەی کە تەبەرانی لە رێگەی (عەبدولمەلیکی کوڕی ماجشون)ەوە ریوایەتی کردووە دەڵێ: بیستومە لە ئیمامی مالیك وتویەتی عوسمان کوژراو فرێدرایە سەر سەرکەوانی خێڵی فلان هەتا سێ رۆژ[5]، ئەم ریوایەتە زەعیفەو دەقەکەشی پوچەڵە سەنەدەکەی دوو عیللەتی تێدایە.

أ ـ عەبدولمەلیکی کوڕی ماجشون کابرایەکی زەعیفە لە ریوایەتداو هەرچی شتی خراپە داویەتی پاڵ ئیمامی (مالیك).

ب ـ ئەم ریوایەتە (مرسلە)، چونکە ئیمامی (مالیك) لە کاتی کوشتنی عوسماندا لەوێ نەبووە، وە لە ساڵی (93)ی کۆچی لەدایکبووە[6]، هەروەها دەقی ئەم ریوایەتە پوچەڵە (ابن حزم) دەڵێت: هەرکەسێ بڵێ ئیمامی عوسمان فرێدراوەتە سەر زبڵدان ماوەی سێ رۆژ ئەمە، درۆیەکی شاخدارەو دەست هەڵبەستێکی داتاشراوەو لەو کەسانە دەوەشێتەوە کە شەرم نییە لەناو چاوانیاندا.

پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە، کە لاشەی کوژراوەکانی قورەیشییە کافرەکان لە رۆژی بەدردا فڕێ بدەنە ناو چاڵاوەکانی بەدرو خۆڵی دا بەسەریاندا کە ئەمانە (کوژراوەکان) خراپترین دروستکراوی خودابوون، هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد کە چاڵ هەڵبکەنن بۆ کوژراوەکانی جولەکەکانی (قورەیزە) کە خراپترین میراتگری سەرزەوین، ناشتنی، کەواتە شاردنەوەی کافرو ئیماندار فەرزە لەسەر موسڵمانان، ئیتر چۆن رەوایە بۆ کەسێ، کە شەرمی لەناو چاودا بێ بڵێت: (عەلی و هاوەڵانی شاری مەدینە) پیاوێکی مردویان فڕێدابێتە سەر زبڵدانێك ماوەی (3) رۆژ، نەیان شاردۆتەوە ئەگەر کەسێ شەرمی لەناوچاودا بێ تۆمەتی وا ناخاتە پاڵ موسڵمانان، کە عوسمان فرێدرابێ و سوکایەتی بە لاشەکەی کرابێ[7]، ناچێتە عەقڵی هیچ مرۆڤێکی چاکەوە ئەگەر نەفام نەبێت، کە هاوەڵان ئیمامەکەی خۆیان فرێدابێ، هەرچەند یاخیبووە

---

[1] فتنة مقتل عثمان (204/1).
[2] البداية والنهاية (199/7).
[3] الموسوعة الحديثية مسند الامام أحمد (555/1)، رجال الاسناد ثقات الا انه منقطع.
[4] الطبقات (78/3)، تاريخ الالام (عهد الخلفاء)، ص(481).
[5] المعجم الكبير (78/1)، استشهاد عثمان، ص(194).
[6] التهذيب، ابن حجر (408/6).
[7] الفصل (239/4 - 240).

سەرکەشەکان هاتبوون بۆ گەمارۆو کوشتنی، هاوەڵان وەکو خوای گەورە باسیان دەکات بۆ رەزای خودا نەترساون لە لۆمەی لۆمەکەران، ئەم ریوایەتە شێواوو ناشیرینانە کە مێژوویان پیس کردووە چڵك و چەپەڵی (رافزییەکان)ە[1].

4ـ موحەممەد کوڕی ئەبوبەکری صدیق ئەستۆی پاکە لە خوێنی عوسمان

بکوژی ئیمامی عوسمان پیاوێکی میسری بوو، بەڵام ریوایەتەکان بە رۆشنی ناویان نەهێناوە، بەڵام ئەو ئاشکرایە کە تیرەی (سروسی)یەو پێیان وتووە (جبلە) واتە (زۆر پێست رەش) لەبەر رەش پێستی پێی وتراوە (جبلە) هەروەها پێشیان وتووە (مەرگی رەش).

موحیبەدینیخەتیب پێی وایە کە بکوژی عوسمان عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئە، بەم چەشنە دەڵێ: ئەوە سەلماوە کە (عەبدوڵڵای کوڕی سبأ) لە هەموویان حەسوود تر بووە کە لەو دیوە پەردەوە ئیشی کردووە، واتە: لە هەموویان سەرسەختتر بووە، بەژێر کەپنەکی، لەوانەیە مەرگی رەش ناوێکی خوازراو بێت هێما بێت بۆ (عبدالله کوڕی سبأ) بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە دەست کیسەکانی بۆ روخانی خەلافەتی ئیسلام[2] و شایەتی دەدات کە (عبدالله سبأ) رەش پێست بووە بە ریوایەتی صەحیح هاتووە، کە ئیمامی عەلی (عبدالله سبأ)ی بە پیس و نەگریس و رەش پێیست وەسف کردووە، لە قسەیەکیدا دەڵێ: (رەش پێستەکە)[3]، بەڵام ئەوە کە پەیوەندیی بەو تۆمەتانەوە هەیە، کە دەکرێت بۆ (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) کە عوسمانی کوشتووە، بە مەشاقیص واتە گۆچانەکە، ئەوە باتڵە، چەندین ریوایەتی لاواز لەم بارەیەوە هاتووە دەقەکانیشی شازە، چونکە پێچەوانەی ئەو ریوایەتە صەحیحانەیە کە رۆشنیان کردۆتەوە، کە بکوژی عوسمان پیاوێکی میسری بوو[4].

دکتۆر یەحیا ئەلیەحیا، چەند هۆکارێکی باس کردووە، کە هەمووی ئەستۆ پاکی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکرو دەسەلمێنێت، لە خوێنی عوسمان.

1ـ عائیشە رۆشت بۆ بەسرە، بۆ سەندنی خوێنی عوسمان، ئەگەر براکەی خۆی کوشتبێتی ئەوەندە دڵگران نەدەبوو بۆ کوشتنی عوسمان و خۆشحاڵدەبوو، درێژەی ئەم باسە لە ژیانی ئیمامی عەلیدا باس دەکەین.

2ـ ئیمامی عەلی نەفرەتی کردووە لە بکوژانی عوسمان، تەبەرای کردووە لێیان و بریاری داوە نزیکیان نەبێتەوەو هیچ کارێکیان پێ نەسپێرێ، بەڵام موحەممەد کوڕی ئەبوبەکری کردە والی میسرو ئەگەر لە بکوژان بوایە نەیدەکردە والی.

3ـ ئیبن و عەصاکیر بە سەنەدەکانی خۆی لە موحەممەدی کوڕی تەلحەی کوڕی مەسرەفەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم لە کنانەی خزمەتکاری سەفیەی کچی حویەی وتی: کاتێ ئیمامی عوسمان کوژرا من کوڕێکی چواردەساڵ بووم، وتم ئایا موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر هیچ جۆرێ دەستی هەبووە لە خوێنی ئیمامی عوسماندا؟ وتی: پەنا دەگرم بە خودا شتی وا نەبووە، موحەممەد چووە لای عوسمان ، عوسمان وتی: ئەی برازاکەم تۆ سەحابە نیت موحەممەدیش هاتە دەرەوەو بە هیچ شێوەیەك دەستی لە خوێنی عوسماندا نەبوو[5] ئەو کەسانەی کەشاهیدیان داوە بۆ ئەم باسەی موحەممەد بەشداریی کردووە ئەوەیە، کە خەلیفەی کوری خەیات، تەبەری بە سەنەدی پیاوە سیقەدارەکمانی لە حەسەنی بەصرییەوە ئەم ریوایەتەیان هێناوە، کە موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر یەکێ بووە لەوانەی لە رۆژی گەمارۆی خانووەکەدا لەوێ بووە[6]، ریشی عوسمانی گرتووە، عوسمانیش وتی: شتێکت گرتووە یاخود بە شێوەیەك دەجوڵێیتەوە باوکت قەد وا نەدەجوڵایەوە، موحەممەدیش هاتە دەرو وازی لێ هێنا[7]، بەم شێوەیە بۆمان روون دەبێتەوە کە موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری سدیق ئەستۆی پاکە لە خوێنی

---

1 عقيدة أهل السنة (1091/3).

2 العواصم من القواصم، نقلا من فتنة عثمان (207/1).

3 لسان الميزان (290/3).

4 فتنة مقتل عثمان (290/3).

5 مرويات أبي مخنف في تأريخ الطبري (ص243).

6 مرويات أبي مخنف في تأريخ الطبري (ص244)، تهذيب الكمال (96/6)..

7 المصدر نفسه (ص244).

عوسمان، وەکو چۆن گورگەکە ئەستۆی پاکە لە خوێنی یوسف، دەرکەوتووە هۆکاری ئەم تۆمەتەی کە خراوەتە ئەستۆی موحەممەد ئەوەیە بەر لە کوشتنی عوسمان چووەتە سەری[1]، ئیبن کەسیر باسی کردووە، کە کاتی عوسمان قسەی لەگەڵدا کرد، موحەممەد شەرمی کردو گەڕایەوەو پەشیمان بوویەوە دەموچاوی خۆی داپۆشی و لەماڵەوە خۆی قەتیس کردو خۆی نەخستە ریزی گەمارۆچییەکان[2].

باسی چوارەم: هەڵوێستی هاوەڵان دەربارەی کوشتنی عوسمان

لە هەندێ پەڕاوە مێژوویەکان هەڵوێستی هاوەڵانیان شێواندووەو ناشیرین کردووە، لەمەڕ فیتنەی کوشتنی عوسمان، ئەمەش بە هۆی ئەو ریوایەتە رافزیانەوە بووە، کە زۆربەی مێژوونووسان پشتیان پێ بەستووە، کەوتوونەتە شوێن رووداوەکانی فیتنەگەرییەوە کە لە پەڕاوی مێژووی ئیمامی تەبەریو پەڕاوە مێژووییەکانی تر، کە لە میانەی ریوایەتەکانی ئەبی میخنەفو واقیدیو ئیبنو ئەعسەمو هەواڵگێڕەکانی ترەوە وەگێراون کاتی دەیان خوێنییەوە وا هەست دەکەیت کە هاوەڵان بوون ئەم موئامەرەیان جوڵاندووەو فیتنەیان هەڵگیرساندووە، ئەبو میخنەف مەیلی بەلای شیعەگەرییەوە بووەو خۆی نەپاراستووە لە لەکەدار کردنی عوسمان، چونکە بەلای ئەوەوە خەلیفەیەك بووە هەڵەو پەڵەی زۆربووەو شایەنی ئەوەبوو وای بەسەر بێت، تەلحە لە ریوایەتەکانیدا وەکو یەکێ لە شەڕفرۆشەکان بە ئیمامی عوسمانو لایەنگری دژەکانی دەردەخات، تەلحە بە دوژمنی عوسمان دادەنێت ریوایەتەکانی واقیدی جیاوازی نییە.

لە ریوایەتەکانی ئەبی میحنەف، عەمری کوڕی عاص هاتووەتە مەدینەو دەستی کردووە بە توانج گرتنە ئیمامی عوسمان لە ریوایەتی واقیدیی ئەبی میخنەفدا، ریوایەتی رافزییکان زۆرن کە هاوەڵان تۆمەتبار دەکەن بەوەی گوایە موئامەرەیان کردووە دژی ئیمامی عوسمان، هاوەڵان فیتنەکەیان دەجوڵاندەوەو خەڵکییان دنە دەدا، ئەم قسانە هەمووی درۆیەو دەست هەڵبەستە[3]، بەڵکو پێچەوانەی ئەم ریوایەتە رافزیو زەعیفو داتاشراوانە راوییەکانی فەرمودە ریوایەتە صەحیحەکانیان بۆ پاراستوین لە ریوایەتە صەحیحەکاندا هاتووە، کە هاوەڵان پشتیوانی موسڵمانان بوون، عوسمانیان سەریان خستووەو پاسیان کردووەو ئەستۆیان پاکە لە کوشتنی، لە دوای کوشتنی خوێنەکەیان ویستووەن بەم چەشنە هاوەڵان بچووکترین هاوبەشییان نەبووە لە هەڵگیرساندنی فیتنەو جوڵاندنیدا[4]، هاوەڵان هەر هەموویان ئەستۆیان پاکە لە خوێنی عوسمان هەرکەسێ پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بیر بکاتەوە قسەکانی پڕوپوچەو ناتوانی بچووکترین بەڵگە بهێنێ، کە بگاتە پلەی راستی بۆ پشتگیری قسەکانی.

بەم شێوەیە خەلیفە لە کتێبە مێژووییەکەیدا لە (عەبدول ئەعلای کوڕی هەیسەم)ەوە ئەویش لە باوکیەوە دەڵێ: وتم بە عوسمان ئایا بکوژانی عوسمان یەکێ لە کۆچەریان یان ئەنسارەکانی تێدا بووە؟ وتی: نەخێر هیچ کامیانی تێدا نەبووە، بکوژەکان هەموویان کەللە رەق بوون، لە خەڵکی شارەکان.

ئیمامی نەوەوی دەڵێ: هیچ سەحابەیەك بەشداریی کوشتنی ئیمامی عوسمانی نەکرد، بەڵکو خەڵکی ناحاڵیو هەرچی پەرچیو سەرسەرییەکان کوشتیان، کە ئایخو بێ سەروبەری ئەملاو ئەولا بوون، بەرنامەیان دارشت لە شارەکانەوە لە میرەوە هاتنو صەحابەکانی خەڵکی مەدینەش بۆیان نەرەخسا راویان بنێن گەمارۆی عوسمانیانداو کوشتیان[5]، زوبێری کوڕی عەوام بکوژەکان بە هەرچی پەرچی شارەکان وەسف دەکات، عائیشە خاتوون بە کەللە پوتی تایفەکان وەسفیان

---

[1] فتنة مقتل عثمان (209/1).
[2] البداية والنهاية (193/7).
[3] تحقيق مواقف الصحابة (14/2 - 18).
[4] تحقيق مواقف الصحابة (2/ 18).
[5] الشهيد الدار عثمان بن عفان، أحمد الخروف، (ص148).

دەکات[1] و ئیبن و تەیمیە بە خەواریج و گومڕا و کاولکارو دەستدرێژیکەرو سەرکەش وەسفیان دەکات[2]، ئیمامی زەهەبی بە سەرانی شەڕەنگێزو کەللە ڕەق وەسفیان دەکات[3].

ئیبن و عیماد کە لە کتێبی شەڕەنگێزەکاندا دەڵێت: ئەمانە خوێڕی و ناو بەرمەزەکانی خێڵەکان بوون[4] هەڵسوکەتی ئەم تاقمە تا ناحاڵی هەرچی و پەرچییانە شاهیدی یان سەلمێنەری ئەم وەسفەیە کە لە کاتی گەمارۆکەدا دەیانکردو عوسمانی خەلیفەیان بە دوژمنکاری کوشت و ئاوو خواردنیان لێ مەنع کرد، ئەو عوسمانەی کەوا هەرچی ماڵی خۆی هەبوو سەرفی دەکرد بۆ ئەوەی تینوەکان تێرئاو بن، بەخۆڕای[5]، ئەو عوسمانەی کەوا سامانێکی زۆری بەخشی کاتی کە خەڵکی ئازاری برسێتی زۆری بۆ هێناوی ئەو عوسمانە هەمیشە بەخشندە بووە تایبەت کاتێ خەڵکی بکەوتنایە تەنگی و نارەحەتی[6] هەتا ئیمامی عەلی وەسفی ئەم حاڵە دەکات و سەرزەنشتی گەمارۆچییەکان دەکات، بەم قسەیە، دەڵێت: (ئەی خەڵکینە ئەو کارەی ئێوە دەیکەن نە لە کاری کافر دەچێ نە لە کاری موسڵمان، ڕێگای ئاوو نانخواردنی لێ مەگرن، ڕۆم و فارسەکان ئەسیر دەگرن و نان و ئاویشی دەدەنێ)[7]، هەواڵە ڕاستەکان و ڕا پەسەندەکان و ڕۆداوەکانی مێژوو جەخت لە ئەستۆ پاکی هاوەڵان دەکەنەوە کە نەهاندەربوون نە بەشداریشیان هەبووە لە فیتنەی کوشتنی ئیمامی عوسماندا[8]، ئێستا کۆمەڵێ قسەی هاوەڵان دەهێننەوە کە ئەستۆیان پاکە لە خوێنی عوسمان.

یەکەم: ئالوبەیت ستایشی عوسمان دەکەن و ئەستۆ پاکی خۆیان دەردەخەن لە خوێنەکەی

1ـ هەڵوێستی خاتو عائیشەی دایکی ئیمانداران

أ ـ لە فاتمەی کچی عەبدوڕڕەحمانەوە ئەویش لە دایکییەوە، کە پرسیاری کردووە لە عائیشەو ناردووە بۆ لای وتویەتی یەکێ لە کوڕەکانت سەلامت لێدەکاو دەربارەی عوسمان پرسیارت لێدەکات کە خەڵکی زۆر شت دەڵێن لە بارەیەوە عائیشە وتی: نەفرەتی خودا لەوەی نەفرەت دەکا لە ئیمامی عوسمان، وەڵلاهی عوسمان لە لای پێغەمبەر ﷺ دانیشووە، جارێك پێغەمبەریش ﷺ پێی نابوو بە منەوە جبرەئیل قورئانی بۆ هێنا ئەویش فەرمووی ئادەی ئیمامی عوسمان بینوسە، هیچ کەسێ ناگاتە ئەو پایەیەی وەحی بنوسێتەوە، ئەگەر لەلای خوداو پێغەمبەرەکەی بەڕێز نەبێت[9].

ب ـ لە (مسروق)ەوە هاتووە کە عائیشە وتویەتی ئەو کاتەی، کە عوسمان کوژرا، یاخیبووەکان عوسمانیان بە کوژراوی جێ هێشت، ئیمامی عوسمان وەکو قوماشێکی خاوێنی بێلەکە وابوو، پاشان لێی نزی بوونەوەو وەکو بەرخ سەرتان بڕی، مەسروقیش وتی: ئەمە کاری تۆبوو، تۆ نامەت نووسی بۆ خەڵکی فەرمانت پێ کردن هەڵگەڕێنەوە لە عوسمان، عائیشە وتی: نەخێر، سوێند بەو خودایەی، کە ئیماندار باوەڕی پێی هەیەو کافریش باوەڕی پێ نییە، من هیچ نامەیەکم بۆ نەنووسیوە، ڕەشم نەخستۆتە سەر سپی هەتا ئەم دانیشتنەی کە دانیشتووم لێرە[10].

پێشتر باسمان کرد کە سەبەئییەکان نامەیان دەنووسی بۆ خەڵکی شارەکان بە درۆ هەڵبەست و بە ناوی خاتوو عائیشەوە.

ج ـ کاتی عائیشە لە مەککەوە دەگەڕایەوە بۆ مەدینەو مەرگی ئیمامی عوسمانی بیست گەڕایەوە بۆ مەککەو چووە ناو مزگەوتی حەرام و ویستی لەوێ بمێنێتەوەو خۆی حەشار بدات لەو فیتنەیەی خەڵکی کۆبوونەوە لە لای، عائیشە وتی: خەڵکینە هەرچی و پەرچی شارەکان و خەڵکی دیجلەو فورات و کۆیلەکانی مەدینە دەستیان کردووە بە یەکدا (ان عاب **الغوغاء على هذا المقتول بالامس الارب و استعمال من حدثت سنه وقد استعمل اسنانهم قبله و مواضع من الحمى**

---

[1] شرح النووي على صحيح مسلم (148/5)، كتاب فضائل الصحابة.
[2] منهاج السنة (189/3 - 206).
[3] دول الاسلام الذهبي (12/1).
[4] تحقيق مواقف الصحابة (481/1)، سذارت (40/1).
[5] المصدر نفسه (482/1).، بخاري، كتاب مناقب عثمان (202/4).
[6] التمهيد والبيان، (ص242).
[7] تاريخ الطبري (400/5).
[8] تحقيق موافق الصحابة (18/2).
[9] تحقيق موافق الصحابة (378/1)، المسند (250/6 - 261)، البداية والنهاية (219/7).
[10] فتنة مقتل عثمان (391/1)، تأريخ الخليفة، (ص176)، اسناده الصحيح الى عائيشة.

حما هالهم وهي امور قد سبق بها لا يصلح غيرها فتابعهم ونزع لهم عنها استصلاحا لهم فلما لم يجدوا حجة ولا غدرا اخلجوا وبادروا بالعدوان وبنا فعلهم عن قولهم) خوێنێکی حەرامیان رشتووەو شارێکی حەرامکراویان حەڵاڵ کردووەو سامانو ماڵەکەیان بە حەرامی بردووەو مانگێکی حەرامیان حەڵاڵ کردووە، وەڵڵاهی پەنجەیەکی ئیمامی عوسمان لە پراوپڕی ئەم جۆرە کەسانە باشترە رزگاربوونی ئێوە لەوەدایە بچن لە دەوری عوسمان کۆببنەوە هەتا ئەو بکوژانە راونێن، کە لە کۆمەیان پەرتەوازە بکەن، ئەو گلەییانەی کردوویانەتە دەستی پێنج بۆ ئیمامی عوسمان ئەگەر گوناهبێت ئەوە عوسمان پاك بووەتەوە، وەکو ئاسنێك لە ژەنگ پاك بێتەوە یاخود وەکو پۆشاکێك لە چڵك پاك بێتەوە وەکو جلوبەرگێ بشۆرێت بە پاکی، عوسمان ئاوەها شۆراوە بە زوڵمی ئەوانە خاوێن تر بووەتەوە[1].

بە پێچەوانەی ئەو قسە بێگەردەوە کەئێمە تێی گەیشتووین لە ریوایەتە متمانەدارەکانی پێشوو لە بارەی پەیوەندیی نێوان عائیشەی دایکی ئیماندارانو عوسمانەوە لای تەبەریو غەیری ئەویش هەندێ ریوایەتی تر ماوە کە پەیوەندیی نێوان عائیشەو عوسمانبە وێنەیەکی ناتەواوو شێواو وێنا دەکات بە تەواوی پێچەوانەی ئەو وێنەیە کە ئێمە پێی گەیشتووین، چونکە ئەو رۆڵە جوانە پرشنگدارە هەستیارە دەشێوێنێت کە عائیشە پێی هەستاوەو بەرەنگاری لە حەرامکراوەکان کردووەو بەرگری لە عوسمان کردووەو لە گەمەو تەڵەکەی سەبەئییەکان تێ گەشتبوو[2]، ئەو ریوایەتانەی کە لە کتێبی **(العقد الفريد)** **(الأغاني)** مێژوو یەعقوبیو مێژوو مەسعودیو ئەنصابی ئەشرافەکاندا هاتووە لە چاوو ئەو بەڵگانەی کە من سۆراغم کردووە لە بارەی رۆڵی سیاسی خاتوو عائیشەوە دەربارەی ژیانی عوسمان هەموو ئەو ریوایەتانە سەر بۆ ئەوە دەکێشن کە هەڵوێستی سیاسیی خاتوو عائیشە لەکەدار دەکەنو ئیدانەی دەکەن، ئەم ریوایەتانە هەژمار ناکرێت، چونکە پێچەوانەی ریوایەتە راستەکانن، لەسەر ریوایەتی بودەڵە بەدەست هێنراون، زۆربەیان ریوایەتی بێ خاوەنن، سەنەدیان نییە، یان سەنەدەکانیان لەکەدارو بریندارە ناکرێنە بەڵگەو دەلیل کەسەکانی بەڕاوی هەژمار ناکرێن وێڕای ئەوەی دەقەکانیان وێرانە ئەگەر نەخرێنە پاڵ ریوایەتەکانی ترو ئەمانە ناخرێتە جوملەی ریوایەتە زۆر راستەکانو لە نزیك ریوایەتە حەقەکانەوە دانانرێت[3].

ئەسما موحەممەد ئەحمەد هەستاوە بە لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر بۆ ئەو سەنەدو دەقانەی کە ریوایەتی رۆڵی سیاسی خاتوو عائیشە دەکەن لە مەڕ رووداوەکانی فیتنەکەوە رەخنەی گرتووە لەو ریوایەتانەی کە دەڵێن ناکۆکی سیاسیی لە نێوان عائیشەو عوسماندا هەبووە، وەك لای تەبەریو خەڵکی تر هاتووە درۆو وێڵی ئەم ریوایەتانەی رۆشن کردۆتەوە، پاشان دەڵێ: باشترین ئیش ئەوەیە کەواز بێنینو پشت بکەینە باسکردنی هەموو ئەو ریوایەتانە کە ناکۆکیو دووبەرەکی دەگەیەنن لە نێوان عائیشەو عوسماندا، چونکە لە رێگەیەکی باوەڕپێکراوەوە نەهاتوون، بەڵکو لە رێگەی ئەو کەسانەوە پێمان گەشتووە کە راوییەکانیان بە شیعەو درۆزنو رافزی وەسف دەکرێن بەڵام ئێمە خستمانە روو لەبەر ئەوەی زۆر بڵاوی کردووە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی ئەم سەردەمەداو بەڵگەشمان بۆ لەکارخستنی ئەم ریوایەتانە وەکو بۆمان روون بۆتەوە هەیە، ئەم هەواڵانە داتاشراوو هەڵبەستراون، کە ئەصڵەن بوونی نییە لە نێوان عوسمانو عائیشەو سەرجەم هاوەڵاندا[4] هیچ نەیاریو ناکۆکییەك بوونی هەبوبێ، ئەگەر بە دروستی مێژوو بخوێنینەوە ئەگەر راست بێ عائیشە لەگەڵ یاخیبووەکان رێککەوتبێتو خەڵکی هاندابێ لە عوسمان، ئەوەش فام دەکرێت، کە عائیشە جۆرێ پەیوەندی ژێربەژێری هەبووبێ لەگەڵ یاخیبووەکان، بەڵام شتی وا راست نییە، ئەگەر شتی لەم ریوایەتانە راست بێ کە وەصفی هەڵوێستی خاتوو عائیشە دەکەن، لە کوشتنی عوسماندا بە پێی ئەم ریوایەتانە عائیشە دادگەری پێوە نەماوەو ئەو هاوەڵانەش کە بەشدارییان کردووە لە گەڵیا پێویژدانو دوور لە عەدالەتن، ئەو ریوایەتانەش قبوڵ ناکرێتە چونکە پێچەوانەی ئەو هەواڵە راستو دروستەیە کە خودای گەورەو پێغەمبەر ﷺ فەرموویانە لە بارەی عەدالەتی هاوەڵانەوە ئەم شاهیدیە بەسە بۆ توانەوەی ئەم

---

[1] تاريخ الطبري (473/5، 474).
[2] دور المرأة السياسي في عهد النبي والخلفاء الراشدين (ص352).
[3] دور المرأة السياسي (ص370).
[4] المصدر نفسه.

ریوایەتانە، بەڵام ئێمە رووبەڕووی ئەم ریوایەتانە دەوستین، چونكە دڵنیاین لە كاركەوتوون سەرەڕای ئەوەی بەڵگەشمان زۆرە، كە پشتگیرییان لێ دەكەن، بە تایبەت لە عائیشە ئەگەر بەڵگە دینیو زانستیو میژووییەكان لەیەك سەكۆدا كۆبكەینەوە هەندێكیان دەبنە پشتیوانی ئەوانی تریان بۆ ئەستۆ پاكی عائیشەو هاوەڵان[1] .

2ـ عەلی كوڕی ئەبی تالیب

عەلیو ئالوبەیت ریزیان گرتووە لە (ئیمامی عوسمان)و دانیان ناوە بە مافەكانیدا بە حەقیان زانیوە، عەلی ئەم كارانەی كردووە:

أ ـ یەكەمین كەسێ، كە بەیعەتی دا بە عوسمان دوای عەبدورڕەحمانی كوڕی عەوف، عەلی كوڕی ئەبوتالیب بوو[2]، لە قەیسی كوڕی عوبادە، هاتووە دەڵێن: بیستم لە عەلی باسی ئیمامی عوسمانی دەكرد، وتی: عوسمان ئەو پیاوەیە كە پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (چۆن شەرم نەكەم لە كەسێك كە فریشتەكان شەرمی لێدەكەن)[3] .

ب ـ عەلی شایەتی بە هەشتیداوە بە عوسمان لە (نیزالەی كوڕی سەبرە)وە هاتووە دەڵێت: پرسیارم كرد لە عەلی دەربارەی عوسمان، وتی: پیاوێكە لە ناو فریشتە بەرزەكان بە (ژالنورین) ناوی دەبەنو پێغەمبەر ﷺ كردوویەتی بە مێردی دوو كچی خۆی، زەمانەتی پێداوە كە خانوویەكی هەیە لە بەهەشتدا[4] .

ج ـ عوسمان گوێ بۆ گیراو بووەو ئیعتراف بە ئیمامەتو خەلافەتی كراوە، لە هیچ كارێكداسەرپێچی نەكراوە ئیبن ئەبی شەیبە لە موسنەدەكەی لە ئەبی حەنەفییەوە ئەویش لە (عەلی)ەوە ریوایەتی كردووە، عەلی وتوویەتی ئەگەر عوسمان بم نێرێ بۆ (صرار)كردن گوێی بۆ دەگرمو بە قسەی دەكەم[5]، (صرار) بریتییە لەو پەتەی كە دەمی بەچكە وشتری پێ دەبەستریت، بۆ ئەوەی دایكەكەی نەمژێت، واتە: (لەغاوكردن) یاخود بۆ هەڵبەستنی گوانی وشترەكان لە بێچووەكانیان[6]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مەودای گوێڕایەڵیو شوێنكەوتەیی عەلی بۆ عوسمان[7] .

د ـ كاتێك عوسمان خەڵكی كۆكردەوە لەسەر خوێندنەوەی یەكجۆر قورئان، دوای راوێژ بە هاوەڵانو ئیجماع بەستنیان، عەلی وتی: ئەگەر منیش ئەو حوكمەم بەدەست بوایە كە عوسمان هەیەتی هەر ئەو كارەم دەكرد، كە ئەو كردوویەتی[8] .

هـ ـ عەلی ئینكاری كوشتنی عوسمانی كردووەو دووری گرتووە لە خوێنەكەی، لە وتارەكانو شوێنەكانی تردا سوێندی خواردووە، كە من نەم كوشتووەو فەرمانم بە كوشتنی نەكردووە، حەزم پێ نەكردووە رازی نەبووم، ئەم وتانەی ئیمامی عەلی بە چەند رێگەیەكی گومان بڕ سەلماون[9] بە پێچەوانەی ئەو گومانو گۆترەكارییەی كە (رافزییەكان) دەیرێسن، گوایە عەلی رازی بووە بە كوشتنی عوسمان[10]، حاكم دوای باسكردنی ئەو هەواڵانەی كە هاتوون لەمەڕ كوشتنی عوسمان، دەڵێت: ئەو قسەیەی كە بیدعەچییەكان گاڵەی بۆ دەكەن، كە عەلی كوڕی ئەبی تالیب یارمەتی بكوژانی عوسمانی داوە، درۆیەو دەست هەڵبەستە، چونكە چەندین هەواڵی یەك لەدوا یەك هاتوون پێچەوانەی ئەم قەسیەن[11] .

---

[1] دور المسدأة السياسي، (ص317).
[2] البخاري، كتاب فضائل الصحابة، رقم (3700).
[3] مسلم، كتاب فضائل الصحابة، رقم (2401).
[4] العقيدة في أهل البيت بين ادفر أهل والتفريط، (ص227)، المختصر من كتاب الموافقه بين أهل البيت والصحابة للذمشرى مخطوط بمكتبة المخطوطات بالجامع الاسلامية وقد طبع هذا الكتاب عن صديق دار الحديث.
[5] السنة للخلال (352/1)، رقم (416)، اسناده صحيح.
[6] لسان العرب (451/4).
[7] العقيدة في أهل البيت بين الافراط والتفريط (ص227).
[8] السنن للبيهقي (42/2).
[9] البداية والنهاية (202/7).
[10] العقيدة في أهل البيت الافراط والتفريط (ص229)، حق اليقين العبداللە (ص189).
[11] المستدرك (103/3).

ئیبن تەیمیە دەڵێت: (ئەم شتانە هەمووی درۆیە بۆ عەلی، هەڵبەستراوە، عەلی بەشداریی نەکردووە لە خوێنی عوسماندا، دەستی نەبووە تیایداو فەرمانی نەکردووەو رازی نەبووە)، ریوایەت کراوە کە عەلی راستگۆو ئەستۆ پاکە لەم کارە، بە پاکی ماوەتەوە[1]، عەلی خۆی دەڵێت: ئەی خودایە من دوورە پەرێزم لە خوێنی ئیمامی عوسمان[2] حاکم بە سەنەدەکانی خۆی لە قەیسی کوری عیبادەوە ریوایەتی کردووە دەڵێت: لە رۆژی جەمەل بیستم لە عەلی دەیوت: خوایە من پەنا دەگرم لە خوێنی عوسمانو لێی دوورم)، ئەقڵم لە رۆژی کوشتنی عوسماندا جام بوو بوو، خەڵکی هاتبوون بەیعەت بە من بدەن دوای عوسمان، منیش سەرزەنشتی نەفسی خۆمم کردو وتم: وەڵڵاهی من شەرم دەکەم لەخودا بەیعەت وەربگرم لە خەڵکانی پیاوێکیان کوشتووە پێغەمبەر ﷺ لە بارەیەوە فەرمویەتی: (من چۆن شەرم نەکەم لە کەسێ کە فریشتەکان شەرمی لێ دەکەن).

من شەرم دەکەم لە خودای گەورە بەیعەت وەرگرمو عوسمانیش کەوتووەو کوژراوەو نەنێژراوە پاش ئەوەی کە عوسمان نێژرا خەڵکی داوای بەیعەتیان لێ کردم، وتم ئەی خودایە من زۆر گیانم دادەگیرێ بۆ ئەوکارەی دەیخەنە ئەستۆم، پاشان ئاسودەیم بۆ هاتوو بەیعەتم وەرگرت کاتێ وتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران دڵم تەوسمی دەکرد موچورکە بە گیانمدا دەهات وتم ئەی خودایە سەلامو وەفایی من بگەیەنە بە عوسمان هەتا رازی دەبێت[3]، (ئیمامی ئەحمەد) بە سەنەدەکانی خۆی لە (موحەممەدی ئەبی حەنەفی)یەو ریوایەتی کردووەو وتوویەتی: (هەواڵ گەیشت بە عەلی کە عائیشە لەمەڕ بەد (شوێنێکە لە بەصرە) نەفرەت لە بکوژانی عوسمان دەکات)، دەڵێت: (عەلی هەردوو دەستی بەرز کردەوە بۆ سەرووی دەموچاویو وتی: منیش نەفرەت لە بکوژانی عوسمان دەکەم خودای گەورە لە دەشتو چیا نەعلەتیان لێ بکات دووجار یان سێ جار[4] ئەمەی وتووە (ابن سعید) بە سەنەدی خۆی لە (ابن عباس)ەوە ریوایەتی کردووە، کە عەلی وتوویەتی وەڵڵاهی من عوسمانم نەکوشتووەو فەرمانم بە کوشتنی نەکردووە، بەڵام رێگریو قەدەغەم کردووە، وەڵڵاهی عوسمانم نەکوشتووەو فەرمانم بە کوشتنی نەکردووە بەڵکو من هۆشم لەدەستدا سێ جار ئەمەی وت[5]، دیسان ئیبن سەعید هێناویەتی، کە عەلی دەڵێت: (هەرکەسێ دووربگرێ لە دینی عوسمان ئەوە لە ئیمان خۆی دوور گرتووە وەڵڵاهی هاوکاری کەسم نەکردووە بۆ کوشتنی فەرمانیشم نەکردووەو رازیش نەبووم)[6].

و ـ عەلی لە بارەی عوسمانەوە دەڵێت: لە هەمووومان زیاتر شیرازەی خزمایەتی گەیاندووەو لە هەمووومان زیاتر لە پەروەردگاری جیهان ترساوە[7].

ز ـ لە (ئەبی عون)ەوە هاتووە دەڵێت: بیستومە لە موحەممەدی کوڕی حانەبەوە دەڵێت: پرسیارم کرد لە عەلی دەربارەی عوسمان، وتی: (عوسمان یەکێکە لەوانەی کە ئیمانی هێناو لە خوا دەترسا، پاشان ئیمانی هێنایەوەو لە خوا دەترسا، واتە بەر ئەو ئایەتە دەکەوێت، کە دووجار ئیمانو تەقوای تیا هاتووە[8].

هـ ـ لە (عمیری کوری سەعد)ەوە هاتووە، دەڵێ: ئێمە لەگەڵ عەلی دا بووین، لە کەناری فورات کە شتییەك دای بەلاماندا لێوارەکانی بەرز بوو، عەلی وتی: سوێند بەو خوایەی کەشتی خستووەتە ناو دەریاکان من عوسمانم نەکوشتووەو دەستم لە کوشتنیدا نەبووە)[9].

---

[1] منهاج السنة (406/4).
[2] العقيدة في أهل البيت، (ص230)، اسناده حسن.
[3] المستدرك (95/3)، حديث صحيح على شرط الشغين ولم يخرجاه ووافقه الذهبي.
[4] فضائل الصحابة (555/1)، رقم (733)، اناده صحيح.
[5] الطبقات (82/3)، البداية والنهاية (202/7).
[6] رياض النضرة، (ص543).
[7] صفة الصفوة، (ص306/1).
[8] فضائل الصحابة (580/1)، اسناده صحيح.
[9] فضائل الصحابة (559/1 - 560)، اسناده لغيره، رقم (379).

گ ـ (ئیمامی ئەحمەد) لە موسنەدەکەیدا لە (موحەممەدی کوری حاتەب)ەوە ریوایەتی کردووە دەڵێ: بیستم لە عەلی دەیوت: (إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا الْحُسْنَى أُوْلَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ) (الأنبياء: 101)، یەکێ لەو کەسانە عوسمانە، عەلی وتی: لە رۆژی کوشتنی عوسماندا تەواو دڵگران بووم (**حافظي ابن كثير**)[1].

هەمووی ئەو رێگایانەی کۆکردووەتەوە کە لە بارەی هەڵوێستی عەلی-یەوە هاتوون کە عەلی ئەستۆی پاکە لە خوێنی عوسمان، عەلی لە وتارەکانیدا سوێندی خواردووە کە ئەو عوسمانی نەکوشتووەو رازیش نەبووە بە کوشتنی لە چەند رێگەیەکەوە، کە گومان برن لای زۆربەی ئیمامەکانی فەرمووده، ئەم قسەیەی ئیمامی عەلی سەلماوە[2].

3ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەباس

ئیمامی ئەحمەد بە سەنەدەکانی لە ئیبو عەباسەوە ریوایەتی کردووە، کە وتویەتی ئەگەر هەموو خەڵکی کۆببنەوە لەسەر کوشتنی عوسمان هەموویان بەردەباران دەکرێن، وەکو بەردەبارانەکەی قەومی (**لوط**)[3]، واتە ئەوەندە بەڕێزە، دیسانەوە لە وەسفی عوسمانو زەمی رەخنەگرەکانیدا دەڵێت: (رەحمەتی خودا لە باوکی عەمرو واتە عوسمان بەڕێزترین نەوەیەو ئەفزەڵترین قورئان خوێنە پارشێوان لە عیبادەت دەکۆشاو فرمێسکی زۆری دەڕشت لە باسی ئاگردا، لە کاتی بەخشیندا مەردانە دەردەپەرێو لە پێش پیشاندابوو بۆبەخشندەیی، خۆشەویستو پاکو بەئەمەك بوو، خاوەنی لەشکری تەنگانە بوو زاوای پێغەمبەر ﷺ بوو خودای گەورە هەتا رۆژی قیامەت نەفرەتی کردووە لەو کەسانەی کە نەفرەتی لێدەکەن، بەو نەفرەتی نەفرەتکاران تۆڵەی داوە)[4].

4ـ زەیدی کوری عەلی

ئیبنو عەساکیر بە سەنەدەکانی لە (السدی)یەوە ریوایەتی کردووە دەڵێت: چوومە لای زەید لە کۆڵانێکی قەرەباڵغدا بوو لەگەڕەکەکانی کوفە پێم وت ئێوەی گەورەی ئێمە ئێوەی فەرمانداری ئیمە، دەربارەی ئەبوبەکرو عومەر چی دەڵێت؟ وتی: هەردووکیانمان خۆش دەوێتو خەلیفەمانن، هەروەها دەیوت دورەپەرێزی لە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان ئەوە دوورەپەرێزە لە عەلی دوورە پەرێزیش لە عەلی دوورە پەرێزییە لە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان[5].

5ـ عەلی کوری حوسەین

ئەوە سابتە کە عەلی کوڕی حوسەین بەرائەتی دەربڕیوە، لە قسەی رافزییەکان دەربارەی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان، ئەبو نوعەیم بە سەنەدەکانی لە موحەممەدی کوڕی عەلی ئەویش لە باوکییەوە لە عەلی حوسەینەوە ریوایەتی کردووە، کە موحەممەد وتویەتی گرۆیەکی خەڵکی عێراقی دانیشتبوون باسی ئەبوبەکرو عومەریان دەکردو لێیان دەخوێندن، پاشان هاتنە سەر عوسمان لێیان دەخوێند، ئەویش وتی: راستم پێ بڵێن ئێوە لە کۆچەرییە یەکەمینەکانن (الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَاناً وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ)، وتیان نەخێر، وتی: ئێوە لەو ئەنسارانەن کە (تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ)، وتیان نەخێر، وتی: ئێوە خۆتان شایەتیتان داو دانتان پیا نا، کە ئێوە نە لە مانەن، نە لەمانەن منیش شایەتم ئێوە لە دەستەی سێیەمیش نین، کە خودای گەورە لە بارەیانەوە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلّاً لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ

---

1 المنظم في التأريخ الملوك والامم (61/5).
2 البداية والنهاية (193/7).
3 فضائل الصحابة (563/1)، رقم 746.
4 العقيدة في أهل البيت، (ص234)، مروج.
5 العقيدة في أهل البيت، (ص335)، تهذيب تأريخ دمشق (12/6).

رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ) (الحشر: 10)، هەستن لە لای من خودای گەورە دوا براوتان کاتو دەورتان قەرەباڵغ نەکات، ئێوە گاڵتە بە ئیسلام دەکەنو ئەهلی ئیسلام نین[1].

دووەم: هەڵوێستی عەمماری کوری یاسر

لە ریوایەتە مێژوییەکاندا هاتووە، لە ناواخنیدا لاوازو بەهێزی هەڵگرتووە باسی ناکۆکی نێوان عەمارو عوسمان دەکات، هەندێ لەو ریوایەتانە بە سەنەدەکانو رێشمەکراون هەندێکی تریان نەریشمەو نە جلەویان نییە، هیچ کەسێکیان بەتێرو تەسەلی شیکارو توێژینەوەیان نەکردووە لەسەری هەر چنیویانەتەوە، نمایشکردنی ئەو جۆرە بابەتانەی کە رێزو حومەتی پاکترین دروستکراوی خوداو خۆشەویسترین کەس بە لای پێغەمبەرەوە ﷺ لەکەدارو ناشیرین دەکات، نابێت بایەخ بخەینە سەری‌و گوێ بە ریوایەتی‌و وەها بدەین، کە دەکەوێتە وێزەو شانو شکۆی هاوەڵان بە کەیفی خۆی‌و بەبێ ریشمەو جلەو ملدەنێت[2]، ئەو تۆمەتە نالەبارانەی کە ریوایەتە زەعیفەکان رەوانەی کردووە.

1ـ لێدانی عەمماری کوری یاسر

ئەو ریوایەتانەی کە گوزارشت لەو دەنگوباسە دەکەن کە گوایە عوسمان داویەتی لە عەممار باسی ئەم لێدانە لەم ریوایەتانەدا زۆر بەدورودرێژی باس کراوەو بە بابەتێکی ناوزەد لێی دواون ئەوانەی کە هۆندویانەتەوە هونەرمەندانە باسی ئەو شێوازانەیان کردووە یان باسی ئەو ئامرازانەیان کردووە کە عوسمان بە کاری هێناوە بۆ لێدانی عەممار دەرئەنجامی ئەم باسە وێرای ئەوەی سەنەدەکانی وێرانە نکولییەکی توندو تۆڵیش ئاراستەی دەقەکانی دەکرێت[3]، ئەبوبەکری کوری ئەلعەرەبی، لە کتێبی (عەواصم)دا سەرەرای ئەووەی دەست دەنێت بەو تۆمەتەی کە دراوەتە پاڵ عوسمان پاساوی دەدات لەو ناهەقیانەی دراوەتە پاڵی دەڵێت، لێدانی عوسمان بۆ ئیبن مەسعود دوو بەش بریتی قسەیەکی درۆیە، لێدانیشی بۆ عەممار هەڵبەستراوێکی درۆیە ئەگەر عوسمان ریخۆڵەی عەمماری بپچرایە هەرگیز نەدەژیا، زانایان بە چەند روویەك پەلپیان هێناوەتەوە کە نابێ مەشغوڵ بین، بەم جۆرە ریوایەتانە، چونکە لەسەر باتڵ بنیاد نراوە، حەقیش لەسەر باتل بنیات نانرێو ئێمەش نابێ سەردەمەکان بە رەوتی نەفامەکان بەرێ بکەین، جگە لە درۆو هەڵبەستراو ئەم ریوایەتانە هیچی تر نین[4]، رەوشتی عوسمان لە نەریتو ئیمانو شەرمو دڵ ناسکی‌و سروشتی تەنگی‌و پلەبەرزی پێشینەی لە ئیسلامدا زۆر لەوە بەرزترە خۆیدابەزێنێ بۆ ئاستێ کە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکا لەگەڵ پیاوێکی بەرزی شکۆداری هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ، عوسمان رێزو پێشینەی عەمماری زانیوە هەرچەند رای جیاواز هەبووبێ لە نێوانیاندا، ئایا عوسمان کە رازی بێ خەڵکی بیکوژنو نەهێڵێ کەس شەری لەسەر بکات، بە خۆگری‌و بە چاوەروانی پاداشت،بە مردن رازی بێت بۆ ئەوەی خوێنی موسڵمانان نەرژێتو لە فیتنەی ناگەهان بپارێزرێت، ئایا چۆن رێگە بە خۆی دەدات کاری وا بکات لەگەڵ عەممار، ئەو ریوایەتە ساختەکارییانەی گوایە عوسمان فەرمانی کردووە بە بەردەستەکانی ئەوەندە بدەن لە عەممار هەتا دەبورێتەوە، پاشان عوسمان هەستاوە لەو حاڵەتەدا داویەتی لەناو سکی‌و ریخۆڵەی بریوە، ئایا ئاکاری عوسمانو شەرمەکەی رێگەی دەدات کە بەناوی سەردەمی نەفامی بانگی عەممار بکاتو عەممار عەیبدار بکا بە سومەیەی دایکی‌و تانەی لێبدات،کە سومەیە یەکێکە لە پێشینە بەرێزەکان، عوسمان چاك دەزانێت شەرەفە بۆ عەممار کە بدرێتە پاڵ دایکی‌و بەدایکییەوە ناو بنرێت، چونکە دایکی یەکەمین ژنە شەهید بووبێ لە ئیسلامدا، نەخێر هەرگیز وانییە هەواڵە راستو باوەر پێکراوەکان شتی وای تیا نییە، کە عوسمان دابەزیبێ بۆ شێوازێکی ئەوەندە نزمو خوار لە تەمێ کردنو سەرزەنشتکردن دا لەسەروی ئەمانەوە رەوشتو سروشتو رەوتی عوسمان زۆر دوورە لەم شێوە مامەڵەیە، گومانی تیا نییە خستنە رووی نموونەی ئەم

[1] العقيدة في أهل البيت (ص236)، البداية والنهاية (12/9).
[2] الجامع لأحكام القران (31/18، 32).
[3] المصدر نفسه.
[4] العواصم من القواصم، (ص82 - 84).

ریوایەتە دەست هەڵبەستانەی کە باسمان کرد لە هەڵوێستو رووەوشی ئەو ئیمامە هەڵکەوتوانە، دەبێت دەست بەو ریوایەتەوە بگرین، کە شایستەو بایەخدارە بە پێودانگی ئەو سەردەمەو پێوەرێکی شیاو کە ئیمامەکانی تیا ژیاوە، چونکە ترازووی رێکو راست لە رەخنەگرتن بۆ دەرخستنی پۆخڵەواتی درۆزنەکانو بوختانچییەکانو لەخۆڕا دانەرەکان باشترین تەرازووە.[1]

2ـ تۆمەتبارکردنی عەممار کە دەستی هەبووە لە فیتنەکەداو ئاژاوەی بەرپا کردووە دژی عوسمان

مێژوونووسەکان هەندێ درۆو دەلەسەیان داوەتە پاڵ عەممارو بە گوێرەی هەندێ ریوایەت کە هیچ کامیان راستی سەنەدەکانیان سەلامەت نییە لە توانجو رەخنەو دەقەکانیشیان بە دروستی راست نابێتەوە، ئەم تۆمەتەی کە دەدرێتە پاڵ عەممار بە چەند شێوەیەك باسکراوە، کە دەستی هەبوو لە جوڵاندنی کاری فیتنەکەدا خەڵکی هانداوە لە عوسمان لە نێوان یاخیبووەکاندا، ئەم سەرو سەری کردووە، ئەم کارانەشی کە دەخرێتە سەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کاتی ئیمامی عوسمان عەمماری نارد بۆ میسر بۆ ئەوەی لە نزیکەوە حاڵی ببیێ لەو گلەیو گازندانەی کە بەرگوێی کەوتووە لە لایەن یاخیبووە سەرکەشەکانەوە لەو کاتەدا سەبەئییەکان توانیویانە عەممار رێك بکەنو بیخەنە ژێر کاریگەرییەوە، ئەم هەواڵە کە تەبەری ریوایەتی دەکات[2]، شوعەیبی کوری ئیبراهیمی تەمیمی کوفی تێیدایە، کە لە کتێبی عەمری کوڕی سەیفەوە ریوایەتی کردووە، ئەم کەسە جەهالەتی هەیە راوی لە بارەیەوە دەڵێت: شوعەیب کابرایەکی نەناسراوە، قسەو هەواڵی زۆرەو هەندێ لارو وێری هەیە.

کۆمەڵێ ناحەقیو گلەیی هەیە لەسەر پێشینانی ئیسلام[3]، ئەم ریوایەتە عومەریە کوڕی شوعبە لە کتێبی مێژووی مەدینەدا ریوایەتی کردووە، بەڵام لە سەنەدەکانیدا عەلی کوری عاصم هەیە کە ئبولحەدیسی لە بارەیەوە دەڵێت: عەلی کوڕی عاصم هەڵەی زۆرە ئەگەر قسەت پێ دووبارە بکردایەتەوە نەیدەتوانی بیگێڕێتەوە لە بارەی زانستی موحەدیسیشەوە عەلی کوڕی عاصم ناسراوە، کە گێڕەرەوەکان مونکەرن[4]، یەحیای کوری مەعیش دەڵێت: عەلی کوڕی عاصم هیچ نییە یان هیچی پێ نییە[5]، (مودە) دەڵێت: درۆزنەو هیچی تیا بەسەر نییە[6]، (نەسائی) دەڵێت: حەدیسی لێ وەرناگیرێت[7]، (بوخاری) دەڵێت: پیاوێکی بەقوەت نییە قسەی زۆری لەسەرە[8]، هەرچەندە بە قسەی نەرمونیان هەڵسەنگێنراوە، (ئبین حەجەر) لە باریەوە دەڵێت راستگۆیە هەڵە دەکاتودەشپێکێت، بە شیعە ناودەبرێت[9]، ئەمە وەزعی سەنەدی ئەم ریوایەتەیە، کەواتە با لێی دڵنیابینو چاك بزانین کە عەممار دەستی نەبووە لەم فیتنەیەدا، تەنانەت کە عەممار بە هاوەڵێکی خۆ پارێز ناسراوەو زۆر چاوەڕوان نەکراوە، کە خۆی بهاوێتە بارودۆخی لەو جۆرە، چونکە هیچ کەس نەچووە ناو ئەو تاقمانەوە مەگەر سەبەئیو جوولەکەو داخ لەدڵ بوایە، پەنا دەگرم بەخوا کە هاوەڵێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ خۆی کەیاندبێتە ئاستێك کە فیتنەگەریو تەمو مژی تێدا بێت.

(خالید العیش) دەڵێت: ئەم هەواڵە پێچەوانەی دادگەری هاوەڵانە، چونکە بە دڵنیایی هاوەڵان ئەوەندە دادخوازن هەواڵی وا نایانگرێتەوە سەرەڕای ئەوەی ئەم هەواڵە لە رێگەیەکی راستەوە نەهاتووە[10]، ئەو ریوایەتە بوودەڵانەی کە لەم

---

[1] الخليفة المفترى عثمان بن عفان، (ص14 - 41)، عمار بن ياسر (ص137).
[2] تاريخ الطبري (348/5).
[3] استهشهاد عثمان ووقعه الجمل (ص30).
[4] سير اعلام النبلاء (253/9).
[5] سير اعلام النبلاء (255/9).
[6] سير اعلام النبلاء (257/9).
[7] المصدر نفسه.
[8] المصدر نفسه ().
[9] تقريب التهذيب، (ص403).
[10] استشهاد عثمان روقعة الجمل، (ص86).

بارەیەوە هاتوون‌و ئەو کارانەی دراوەتە پاڵ سەعیدی کوڕی موسەیەب لەو ریوایەتانەدا سەرجەم هاوەڵان تۆڵەو گلەییان هەبووە لە عوسمان، چووەنەتە پاڵ ئەوانەی کە گازندەیان هەبووەو هوتەرەیان کرۆدتە سەری بەتایبەتی ئەبوزەڕو ئیبن‌و مەسعودو عەممارى کوڕی یاسر([1])، نەگبەتی ئەم ریوایەتە لەوەدایە کە تەدلیسی تێدایە، کە تەدلیسەکەش لەو جۆرە نییە کە چاوی لێ بپۆشێ‌و قەناعەتی پێ بکرێت، چونکە راوییەکی تێکەوتووە، کە بەدرۆزن‌و دەست هەڵبەست ناسراوە، ئەویش ئیسماعیلی کوری یەحیای کوڕی عوبەیدوڵلایە، لەبەر ئەوە هەموو زانایانی موحەدیسیش ئەم ریوایەتەیان زەعیف کردووەو بودەڵەیی ئەم ریوایەتەیان دەرخستووە، کاتێ باسی کەسێتی موحەممەدی کوڕی عیسای کوری سەمیع دەکەن کە ئەم هەواڵەی (**ابن ابي ذئب**)ەوە هێناوە ئیمامی بوخاری لە بارەی ئیبن سەمیعەوە دەڵێت: ئیبن سەمیع ئەم قسەیەی لە ئیبن‌و ئەبی (**ذئب**) نەبیستووە، واتە ئەو قسەیەی کە زوهری دەیکات لە بارەی کوشتنی عوسمانەوە، ئیبن‌و حیبان دەڵێت: ئیبن سەمیع ریوایەتەکانی لە ئبن‌و ئەبی (**ذئب**)ەوە نەبیستووە، بەڵکو ئیسماعیلی کوڕی یەحیاوە بیستوویەتی لێی تێکچووە، کە دەڵێت: لە (**ابن ذئب**)ەوە بیستوومە، حاکم دەڵێت: ئیبت سەمیع لە ئیبن‌و ئەبی (**ذئب**)ەوە قسەیەکی لارو وێری (منکر) ریوایەت کردووە ئەمیش قسەوباسی کوشتنی عوسمانە حاکم لە کتێبەکەیدا دەڵێت: ئیسماعیلی کوڕی یەحیای لە کتێبەکەی ئیبن‌و ئەبی (**ذئب**)دا ڕاوییەکی لە کارکەوتووە، چونکە ئیسماعیل قسەکانی دەمین([2])، دکتۆر یوسف ئەلعش دەڵێت: ئەو ریوایەتەی دراوەتە پاڵ سەعیدی کوڕی موسەیەب واجبە دوور کەوینەوە لێی، چونکە دوای گەران‌و پشکنین دەرکەوت کە هەڵبەستراوە، حاکمی نەیسابووری بە دەق هێناویەتی کە یەکێ لە پیاوانی سەبەئی ئەم ریوایەتەی هێناوە، کە متمانەی پێ ناکرێ‌و لە کارکەوتووە، چونکە پیاوێکی خەیاڵاوییە دەقەکەیش لارو وێرە (منکر)ە، چونکە لە راستیدا ئەو رێزو حورمەتە دەرناکەوێ کە سەعیدی کوڕی موسەیەب هەیبووە، بۆ هاوەڵان، لە ریوایەتی لەم شێوەدا لە قسە هیچەکانی تردا نەبێت([3]).

3ـ ئەستۆپاکی عەممار لە خوێنی عوسمان

ئەوەی کە ریوایەت کراوە لەم بارەیەوە تۆمەتبارکردنی مەسروقی ئەبی موسایە دەربارەی عەممار بەم پێیە عەممار لەگەڵ حەسەندا هاتووە بۆ راپەڕاندنی خەڵکی کوفە، ئەم ریوایەتە سەنەدەکانی لاوازە، چونکە شیعەیەکی نەناسراوو سەیفی عیللەتباری تێدایە، هەروەها ئەو ریوایەتەی لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە شتی وەهای باس نەکردووە، ئەو زیادەی پێوە نراوە بۆ وەرگرتن ناشێت بە تایبەتی ئەگەر توانج بگرێتە هاوەڵێکی وەکو عەممارى کوڕی یاسر کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (عەممار پەنادراوە لە شەیتان([4]) و ئیمان لیپان لیپی دڵی بووە)([5])، زانایان هیچوپوچی ئەو تۆمەتانەیان روون کردۆتەوە کە لکاوە بە کۆمەڵی لە هاوەڵە بەڕێزەکان‌و بە تایبەت عەممارو هاوشێوەکانی ئیبن‌و کەسیر دەڵێت ئەو قسانەی کە خەڵکی باسی دەکەن وانییە، گوایە هەندێ لە هاوەڵان عوسمانیان تەسلیم کردووەو رازی بوون بە کوشتنی ئەم قسانە راست نییەو تاقە هاوەڵێك وای نەکردووە، بەڵکو هەر هەموویان نارەحەت‌و بێتاقەت بوون، بە کوشتنی‌و لەعنەتیان کردووە لە بکوژانی([6])، هەروەها (.. أبوبکری کوڕی العربی) دەڵێت: ئەمە گوماناویترین ریوایەتە لەم باسەدا، کە هاوەڵان دەستیان هەبووبێ یان رازی بوون بە کوشتنی، هیچ هاوەڵێ کفەی لێ نەکردوو خۆی تاو نەداوە بۆ شوێنەکەی ئەگەر بیانویستایە سەری بخەن چوار هەزار کەسی نامۆو ناحاڵی دەستیان نەدەگرت بەسەر بیست هەزار خەڵکی شاری مەدینەدا،

[1] تاريخ دمشق (415/39)، عمار بن ياسر، (ص144).
[2] تحقيق مواقف الصحابة (16/2 - 18)، التأريخ الكبير للبخاري (203/1)، التهذيب (391/9)، تهذيب تهذيب (392/9).
[3] الدولة الاموایة (39).
[4] البخاري، رقم (3743).
[5] عمار بن ياسر، (ص147).
[6] البداية والنهاية (207/7).

بەڵام بە دەستی خۆی خۆی خستە ئەو تەنگوچەڵەمەیەو بۆ سەلامەتی خوێنی موسڵمانان[1]، هەروەها دەڵێت: هەرچی نەفامو ئاژاوەگێڕە دەستەمۆ کراون، کە بڵێن کە هەرچی هاوەڵی بەڕێزە نەیارو گێرەشێوێنی ئیمامی عوسمان بووەو رازی بوون بەو نارەحەتییە هاتووە بەسەریداو کتێبی زمان تەڕو پڕ لە نموونەیان هۆنیوەتەوە، کە گوایە بە ئاشکراو بانگەوەڕێ نووسیویانە لەسەر ئیمامی عوسمان، هەموو ئەم کتێبو قسانە چنراوو تاشراون بۆ ئەوەی دڵی موسڵمانان گەردین بێت، لەسەرپێشینانی رابردوو خولەفای راشیدین، ئەوەی، کە راستو دروست بێت لەم بارەیەوە، ئیمامی عوسمان مەزڵوم بووەو بە بێ بیانوو زوڵمی لێ کراوەو هەموو هاوەڵان بە گشتیی ئەستۆیان پاکە لە خوێنی ئیمامی عوسمان، چونکە ئەوان لە ژێر ویستی عوسماندا بوونو تەسلیمی ئەو رایە نەبوون کە ئیمامی عوسمان وتی: نەفسی خۆم تەسلیم دەکەم[2].

سێیەم: ئەستۆپاکی عەمری کوڕی عاص لە خوێنی عوسماندا

کاتێ گەمارۆی عوسمان درا، عەمری کوڕی عاص لە مەدینە دەرچوو بەرەو وڵاتی شام، وتی: وەڵڵاهی ئەی خەڵکی مەدینە هەرکەسێ لێرە بمێنێتەوەو کوشتنی ئەم پیاوە ببیستێ خوای گەورە سەرشۆڕی دەکات، هەرکەسێ ناتوانێ سەری بخا با ڕا بکات بڕوا، عەمر خۆی رۆشتوو عەبدوڵلای و موحەممەدی کوڕی لەگەڵیا چوون[3]، دوای ئەوان حەسانی کوڕی سابتیش چوو، خەڵکانی تریش چوون، کاتێ هەواڵی کوشتنی عومانی بیست، خەڵکیش بەیعەتیان داوە بە عەلی، عەمر وتی: من باوکی عەبدوڵلام و هەرکەسێ نوکە برینێکی خستبێت لە عوسمان ئەوە دڵی منی هەڵکەندووە، رەحمەتی خودا لە عوسمان و لێی رازی بێت، لێی خۆش بێت، سەلامەی کوڕی زنباغی جوزامی دەڵێت: ئەی گرۆی عەرەب، عوسمان لە نێوان ئێوەو عەرەبەکاندا دەرگایەك بوون ئەو دەرگایە شکاوە، دەرگایەکی تر بهێننە شوێنی، عەمریش وتی: ئێمە ئەو مەبەستەمان دەوێ ئەو دەرگایە ساز نابێت هەتا راستی لە درزی ساجەکەیدا دەرنەکەوێتو هەموو خەڵکی لەدادگەریدا یەکسان نەبن، پاشان ئەم شیعرەی وت:

فيا لهف نفسي على مالك	وهل يصرف مالك حفظ للقدر
انزع من الحر اودي بهم	فاعذرهك ام بقومي سكر

پاشان بەسوار رۆشتی بەدەم گریانەوە دەیوت: ئەی هاور سەرخۆشی لەشەرمو دینداریی دەکەم خاوەنیان چۆن بەمش یۆەیە بوو هەتا چووە شاری دیمەشق[4].

ئەم وێنە راستەقینەیەی کە لە عەمری کوڕی عاصەوە وەرگیراوە لەگەڵ کەسایەتیو رێبازی ژیانو نزیکیەکەی لەگەڵ عوسماندا هاوشانە، بەڵام ئەو وێنەیەی، کە شێواوو ئاڵۆزکاوە لە بارەی عەمرەوە وێنەی پیاوێکی هەلپەرستو تماعکارو دنیا ویستە، ریوایەتێکی زەعیفو تەرك کراوە ریوایەتی واقیدییە لە موسای کوری یەعقوبەوە[5]، برێ لە نووسەرو مێژووزانەکان کەوتوونە ژێر کاریگەری ریوایەتە زەعیفو نەخۆشەکان، قەناعەتیان کردووە بەوەی کە عەمر نەیارو بەشخۆر بووە، وەکو ئەو ریوایەتانەی کە مەحمودی شیت خەتاب[6] و عەبدولخالق سەید ئەبو رابییە[7] و عەباس مەحمود ئەلعەقاد نووسیویانە، ئەو عەقادەی کە فیزی کردووە بڕوانیتە سەنەدەکانو گاڵتەی بە خوێنەرەکانی کردووە، موعاویەو عەمری وا نیشانداوە کە دوو پیاوی هەلپەرستو بەرژەوەندچی بوون، ئەگەر هەموو رەخنەگرە مێژوویەکان کۆببنەوە لەسەر پوچەڵی ئەم ریوایەتانەی کە لێیەوە وەریگرتووەو باسی تیا کردووە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە (العقاد) هیچی بەدەستەوە

---

[1] الغواصم من القواصم، (129).
[2] العواصم من القولصم (ص132).
[3] تاريخ الطبري، نقلا عن عمر بن العاص للغضبان (ص464).
[4] تاريخ الطبري، نقلا عن عمر بن العاص للغضبان (ص481).
[5] عمر بن العاص للغضبان (ص481).
[6] سفراء النبي، محمود شيت خطيبي، (508).
[7] عمرو بن العاص، عبدالخالق سيد أبو رابية، (ص316).

نامێنی، چونکە تەنها باسی ریوایەتە زەعیفو بێ سەروبەرەکان دەکات، کە ناکرێنە بەڵگە، ڕەخنەگرە مێژووییەکان ئەگەر بکۆڵنەوە لە ڕاستی ئەو گفتوگۆیانەو ڕاستی وشەکانی بەیەك دەنگ کۆببنەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بۆیان دەرئەکەوێت پەیوەندیی نێوان ئەو دووپیاوە واتە عەمرو موعاویە پەیوەندییەکی هاوکاریو لەخۆ بردوویی بووە بۆ والییەتیو فەرمانرداریی، وە گرێی نێوانیان لەسەر ئەوپشکە بووە کە بەر هەردووکیان کەوتووە، ئەگەر تەباو هاوکاریی یەك نەبونایە هەرگیز ڕێکنەدەکەوتن[1]، کەسایەتی عەمری کوڕی عاص بە ڕاستی ئەوەیە، کە پیاوێکی مەبدەئی بووە، کاتێ دەرفەتی نەبووە عوسمان سەرخات مەدینەی بەجێ هێشتووەو بە گریانێکی کۆتەڵی بۆی گریاوە، کاتێ عوسمان کوژرا، عەمر نزیکترین هاوڕێو هاودەمو ڕاوێژکاری عوسمان بوو، لە سەردەمی عوسمان دەهاتە ناو ڕاوێژکردنەوە بەبێ ئەوەی والی بێت، پاشان چوو بۆ لای موعایەو بۆ ئەوەی هەرەوەزی یەکتر بن، بۆ شەڕکردن لەگەڵ بکوژانی عوسماندا، تۆڵەی ئەم خەلیفە شەهیدە بسێنن[2] بۆ کوشتنی ئیمامی عوسمان هەرچی توڕەیی و قینی هەبوو ڕژاندی لە دژی ئەو تاوانبارە خوێنڕێژانە، ناچار بوو جگە لە مەدینە شوێنێکی تر هەڵبژێرێ بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو یاخیانەی کە وێرایان بێنە شاری پێغەمبەر ﷺو بەدیار چاوی خەڵکەوە خەلیفەکەی شەهید کەن، کەی کارێکی نامۆیە ئەگەر عەمر رقی هەڵسێ بۆ خاتری عوسمان لێرەدا کەسانێك لەم بابەتە وا گومان دەبەن کە عەمر دڵ گران نابێ بۆ ئیمامی عوسمان ئەم جۆرە کەسانە لە سەر ئەو ریوایەتە درۆزنانە گۆش کراون، کە بۆچوونیان وایە کە عەمر لە غەمو پەژارەی دەسەڵاتو حکومدا بووە[3].

4ـ هەندێ لە قسەی هاوەڵان دەربارەی فیتنەکە:

1ـ ئەنەسی کوڕی مالیك

وترا بە ئەنەسی کوڕی مالیك خۆشەویستی عەلیو عوسمان لە دڵێکا کۆنابێتەو، ئەنەس وتی: درۆ ئەکەن، ئێمە خۆشەویستی هەردوکیانمان کۆکردۆتەوە لە دڵماندا[4].

2ـ حوزەیفەی کوڕی یەمانی

لە خالیدی کوری ڕەبیعەوە هاتووە، دەڵێ بیستمان حوزەیفە تووشی ئازار بووە، ئەبو مەسعودی ئەنصاری لەگەڵ چەند کەسێکدا چوون بۆ مەدائین بۆ سەردانی، دەڵێ لەوێ باسی کوشتنی عوسمان کرا، حوزەیفە وتی: ئەی خودایە من لەوێ نەبووم، منیش نەمکوشتووە، وە ڕازیش نیم بە کوشتنی[5]، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە ئیبنو سیرینەوە ئەویش لە حوزەیفەوە هێناویەتی وتویەتی کاتێ هەواڵی کوشتنی عوسمانی پێگەیشت، وتی: ئەی خودایە تۆ ئەزانی من دەستم نییە لە خوێنی عوسماندا گەردنم پاکە لێی، ئەگەر ئەوانەی کوشتوویانە خۆیان بە حەق دەزانن من هەر لێیان بەریم، ئەگەر بە هەڵەیش کوشتوویانە خۆت باشدەزانی من ئەستۆم پاکە لە خوێنەکەی، لەمەولا عەرەب دەزانن بۆیان دەردەکەوێت ئەگەر کوشتنی حەق بێ لە کوشتنەکەی شیر دەدۆشن ئەگەر بەناحەقیو هەڵە کوشتبێتیان ئەوە لە کوشتنەکەی خوێن دەدۆشن، دوای کوشتنی عوسمان عەرەبەکان خوێنیان دەدۆشی، شمشێرو کوشتنو برین دابڕا بەسەریاندا[6]، (یبن عەساکیر) لە چۆندوبی کوڕی عەبدوڵلاوە ریوایەتی کردووە کە سەحابەیەك گەشت بە حوزەیفەو باسی کوشتنی ئیمامی عوسمانی کرد، حوزەیفە وتی: ئەوانە بە زوڵم کوشتیان، منیش وتم: عوسمان ئێستا لە کوێیە؟ وتی: لە بەهەشتە، وتم: ئەی بکوژەکانی لە کوێن؟ وتی: لەناو ئاگری دۆزەخدا[7].

---

[1] عمرو بن العاص للعقاد، (ص331، 332).
[2] عمرو بن العاص للغضبان، (ص489 ـ ، 490).
[3] المصدر نفسه (ص492).
[4] تحقيق مواقف الصحابة (25/2)، التهذيب ابن حجر (141/7).
[5] المصدر نفسه (27/2).
[6] تحقيق موافق الصحابة (28/2)، تأريخ دمشق (388).
[7] تحقيق موافق الصحابة (28/2)، تأريخ دمشق (388).

3ـ ئوم سولەیمی ئەنصاریی

ئوم سولەیمی ئەنصاری دەڵێن: کاتێ بیستی عوسمان کوژراوە، وتی: ئێمە دوای ئەو دەبێ خوێن بنۆشین.

4ـ ئەبو هورەیرە[1]

ئەبی قریتم دەڵێت: لە رۆژی کوشتنی عوسماندا ئەبو هورەیرەم بینی دەستی بە پەلکەکانیەوە بوو، دەی وت: وەڵڵاهی عوسمان بەناحەقی کوژرا[2].

5ـ ئەبی بەکر

ئیبن و کەسیر لە **(البداية والنهاية)** لە ئەبی بەکرەوە ریوایەتی کردووە وتویەتی، ئەگەر لە ئاسمان بمخەنە خوارەوە بۆسەر زەوی لەوە پێم باشترە بەشداریی بکەم لە کوشتنی عوسماندا[3].

6ـ ئەبو موسای ئەشعەری

لە ئەبی عوسمانی نەهدیەوە هاتووە، ئەبو موسای ئەشعەری وتویەتی ئەگەر کوشتنی عوسمان لەسەر حەق و هیدایەت بێت ئەوە لەمەولا شیر دەدۆشین، خۆ ئەگەر لەسەر ناحەقی و گومڕایی بێت لەمەولا خوێن دەدۆشین[4].

7ـ سومورەت بن جندب

ئیبن و عەساکیر بە سەنەدەکانی لە سومورەی کوڕی جوندوبەوە ریوایەتی کردوو، وتویەتی ئیسلام لەناو قەلایەکی پۆڵاییندا بوو، ئەوانە بە کوشتنی عوسمان کونیان کردە ئیسلام، ئەوانە درزێکی وایان تێکرد ئیتر ناتوانن هەتا رۆژی قیامەت ئەو کونە بگرن، یان پڕیکەنەوە خەلافەتیان تێدا بوو، بەڵام ئەوانە دەریان کردوو ئیتر ناگەڕێتەوە ناویان[5].

8ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص

ئەبو نوعیم لە کتێبی ناسینی هاوەڵاندا بەسەنەد لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە هێناویەتی کە وتویەتی عوسمانی کوڕی عەفان بە مەزڵومی کوژرا، دوو ئەوەندەی ئێمە پاداشتی هەیە[6].

9ـ عەبدوڵڵای کوڕی سەلام

عەبدوڵڵا وتویەتی عوسمان مەکوژن، ئەگەر بیکوژن ئیتر هەرگیز پێکەوە جەنگ ناکەن[7]، لە ریوایەتێکی تردا وتویەتی وەڵڵاهی ئەگەر کەڵەشاخێ خوێن لە عوسمان بڕێژن زیاترو زیاتر لەخودا دوور ئەکەونەوە[8].

10ـ حەسەنی کوڕی عەلی

لە تەلقی کوری خەشافەوە هاتووە دەڵێت: چوین بۆ مەدینەو قورتی کوڕی خەیشەمان لەگەڵدا بوو، گەشتینە حەسەنی کوڕی عەلی، قورت وتی بە حەسەن، ئیمامی عوسمان چۆن کوژرا، حەسەن وتی: بە زوڵم کوژرا[9].

11ـ سەلەمی کوڕی ئەکوەع

---

[1] البداية والنهاية (195/7).
[2] تحقيق موافق الصحابة (31/2)، تأريخ دمشق (493).
[3] المصدر نفسه.
[4] تأريخ المدينة (124/4).
[5] تحقيق موافق الصحابة (31/2)، تأريخ دمشق (493).
[6] معرفة الصحابة (245/1)، المعجم الكبير (46/1).
[7] تحقيق موافق الصحابة (34/2)، فضائل الصحابة اسناده صحيح.
[8] الطبقات (81/3).
[9] تأريخ المدينة (145/4).

لە یەزیدی كوڕی ئەبی عوبەیدەوە هاتووە، دەڵێ: كاتێ عوسمان كوژرا سەلەمەی كوڕی ئەكوەع كە بەدرییە لە مەدینە دەرچوو بەرەو رەبزە، هەر لەوێ مایەوە هەتا ماوەیەكی كەم پێش مردنی[1].

12ـ عەبدوڵڵای كوڕی عومەر

لە ئەبی حازمەوە هاتووە دەڵێ: من لای عەبدوڵڵای كوڕی عومەر بووم، باسی عوسمان كرا، باسی رێزو پلەو پایەو نزیكی عوسمانی كرد، ئەوەندە باسی كردو رۆشت لە سەری هەتا لە شووشە پاكتر بوویەوە، پاشان باسی عەلی كرد، باسی رێزو نزیكی و پێشینەیی ئەوەندە كرد هەتا لە شووشە پاكتر بوویەوە، پاشان وتی: هەركەسێ ویستی باسی ئەم دوانە بكات، با بەم شێوەیە باسیان بكات، یان وازیان لێ بێنێت[2]، عەبدوڵڵای كوڕی عومەر دەڵێ: كەس قسە نەڵێ بە عوسمان، چونكە پێشەواو پیاوماقوڵی ئێمە بووە[3].

پێنجەم: شوێنەواری كوشتنی عوسمان لە روودانی ئاژاوەكانی تردا

فیتنەی كوشتنی عوسمان بوو بە هۆكارێ بۆ داكەوتنی كۆمەڵێ ئاژاوەی تر بوو بە سەرەتایەك بۆ روودانی فیتنەكانی دوای خۆی، چونكە دڵی خەڵك گۆڕاو درۆ بڵاوەی كردوو هێڵێكی ئاسۆیی بەدیار كەوت، بۆ لادان و خۆ دزینەوە لە عەقیدەو شەریعەتی ئیسلام[4]، كوشتنی عوسمان گەورەترین هۆكارێك بوو بۆ بەرپابوونی فیتنە لە نێوان خەڵكیدا هەر بەو بۆنەیەوە ئوممەت هەتاكو ئەمڕۆ تەفرەقەی تێكەوتووە[5]، دڵەكان لێك ترازان و ناڕەحەتییەكان گەورەتر بوون و خەڵكی خراپەكارو خوێڕی دەركەوتن و بەڕێزو قوربدارەكان زەلیل بوون، ئەو كەسانەی كە بەربە كرابوون شانیان كرد بە ئاژاوەداو ئەوانەی كە فەرمانبەری چاكەو ئاشتی بوون پەكیان خرا، پاشان بەیعەت درا بە عەلی كوڕی ئەبی تالیب كە لە هەموو خەڵكی شایەنتر بوو بۆ خەلیفەیەتی و لە زیندووەكان بە رێزتربوو، بەڵام دڵەكان ترازابوون، ئاگری فیتنە خۆش كرابوو، نەدرۆشمیان یەكی دەگرت نە جەماعەتیشیان رێك دەكەوت نە بۆ خەلیفەو نە بۆ پیاوە باشەكان، ئەو خێرو خۆشییە بەدەست نەئەهات كە چەند گرتوویەك دەیانویست، چونكە ناو ئاژوەگێڕی و فیتنە داكەوت[6]، وردە وردە فتوحات لاواز بوو لە میانەی ساڵە كۆتاییەكانی خەلافەتی عوسمانەوە دەستی پێكرد، كاتێ فیتنەو ئاژاوە دەستی پێكرد دای لە شارەكانی ئیسلام و چەقی خەلافەت، پاشان لە كاتی كوشتنی عوسمان فتوحات راگیراو قەتیس كرا، بەڵكو لە هەندێ شوێنەوە پاشەكشە دەكران هەتا سەرەتای سەردەمی مەعاویەی بەم چەشنە بارودۆخی موسڵمانان سەقامگیر نەبوو، پاشان فتوحات بەخۆرهەلاتو خۆرئاواو باكووردا دەستی پێكردو رەها بوو[7].

---

[1] تأريخ المدينة (142/4).
[2] تحقيق موافق الصحابة (379/1).
[3] تحقيق موافق الصحابة (379/1)، فضائل الصحابة اناده صحيح.
[4] المصدر نفسه (ص590).
[5] مجموع فتاوى (162/25).
[6] مجموع فتاوى (163/25).
[7] احداث وأحاديث فتنة احرج (ص519).

شەشەم: زوڵمکردنو دەستدرێژی کردن سەر خەڵکان دەبێتە هۆی هیلاکیی لە دونیاو قیامەتدا

زوڵمو دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکان بە ناحەقی و تاوان هۆکارێکە بۆ بەهیلاکچوونی دونیاو قیامەت هەروەك خودای گەورە دەفەرموێ: (وَتِلْكَ الْقُرَى أَهْلَكْنَاهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِم مَّوْعِداً) (الكهف: 59). ئەگەر بەدواداچوونێك بکەین بۆ حاڵو بارودۆخی ئەو کەسانەی هەڵگەرانەوە لە عوسمانو دەستدرێژییان کردە سەریو زوڵمیان کرد بۆمان دەردەکەوێت خودای گەورە مۆڵەتی نەداون، بەڵکو زەبونو سەرشۆڕی کردنو تۆڵەی لێ کردنەوە، تاقە کەسێکیان قوتار نەبوو[1]، خەلیفەی کوڕی خەیات لە مێژووەکەیدا بەسەنەدی صەحیح ریوایەتی کردووە، هەتا گەشتووەتە عیمرانی کوڕی ئەلحودەیر، وتی: عەبدوڵڵای کوڕی شەفیق بۆی باسکردم کە یەکەمین دڵۆپی خوێنی عوسمان نەبینیوە، چون قورئانەکەیان بۆ هێنام سەیرەکەم دڵۆپە خوێنەکە تکاوەتە سەر (فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللّهُ) لەسەر قورئانەکە بوو لێم نەکردەوە هەڵم نەکەند.

لە مێژووی ئیبنو عەساکیردا هاتووە لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە وتویەتی، من تەوافی کەعبەم دەکرد پیاوێکم بینی دەیوت ئەی خودا لێم خۆش ببە بەڵام گومان نابەم لێم خۆش ببی، منیش وتم: ئەی بەندەی خودا ئەم بپاڕانەوەی تۆ دەکەیت لە کەسم نەبیستووە! وتی: من بەڵێنم دا بە خودای گەورە ئەگەر بتوانم زللەیەك بکێشم بە روخساری عوسماندا، کاتێ کوژراو لەسەر بەرەی ماڵەکەی کەوتبوو، خەڵکی هاتن پۆل پۆل نوێژی لەسەر بکەن، منیش وەکو ئەوەی نوێژی لەسەر بکەم چوومە ژوورەو سەیرەکەم بە تەنیایە پەردەکەم لەسەر روخساری بەرز کردەوەو کێشام بەدەمو چاویدا کتوپڕ دەستی راستم وشك بوو، موحەممەدی کوڕی سیبیش دەڵێ دەستی ئەو کابرایەم بینی وەك دار رەقو وشك بوو[2]، ئەگەر بۆ نیشانەی زوڵمی ئەم کینەبازانە ئەوەندە بەسە موسڵمانان شمشێریان لێ هەڵکشاون، هەتا رۆژی قیامەت قفڵو پاچیان دەکەن، ئەو کەسانەش کەوا لە بازنەی ئەوا دەخولێنەوە قاسمی کوڕی موحەممەد دەڵێ: عەلی دای بەلای دوو پیاودا لە مەدینە، دوای کوشتنی عوسمانو پیش بەیعەتدان بە خۆی، هەردووکیان دەیان وت: پیاوە سپیو سادەکە کوژرا، وەڵڵاهی لەناو ئیسلامو عەرەبدا جێگەی چۆڵە، وەڵڵاهی کەسی بەرێز شالاوی بۆ نەبردوە، عەلی وتی: چیتان وت؟ بۆیان دووبارە کردەوە، ئەویش وتی: وەڵڵاهی پیاو دوای پیاو پۆل دوای پۆل ئێمەش ئاوا دەچین هەتا عەبباسی کوڕی مەریەم دەردەکەوێت[3].

حەوتەم: دڵگرانی موسڵمانان بۆ کوشتنی عوسمانو ئەو شیعرانەی کە دەیلاوێننەوە.

ئەم نارەحەتیو موسیبەتە زۆر بە سەختی کەوتە سەر دەروونی موسڵمانان، فرمێسکیان هەڵڕشتو روومەتیان بە ئەشك ئاودا، وە زمانیان هەساندا بۆ لاوانەوەی ئیمامی عوسمانو بەزەی پیا هاتنەوەی حەسانی کوڕی سابت، ئیمامی عوسمان دەلاوێنێتەوە دڵگران دەبێ بۆ کوشتنیو بکوژەکانی دادشۆرێو سەرکۆنەیان دەکات، بۆ ئەو تاوانەی لە دەستیان کەوتەوە[4].

حەسان

اتركام غز والدورب وراءكم	وغز وتمونا عند قبر محمد
فلبئس هدى المسلمين هيتم	ولبئس امر الفاجر المتعمد
ان تقدموا بجعل قرى اسرواتكم	حول المدينة كل لبن مذوذ
او قد بروا فلبئس قاسا فرتم	ولمثل امر اميركم لم يرشد
وكأن اصحاب النبي عشبة	بدن تذبح عند باب المسجد
ابكى ابا عمر لنحسن بلائه	امسى مقبما في بقيع الغرقد

حەسان

[1] تحقيق موافق الصحابة في الفتنة (483/1).
[2] سير شهداء دروس وعبر للسحيبارنى، (ص67)، تأريخ دمشق ص(458)، تحقيق موافق الصحابة (458/1).
[3] تحقيق موافق الصحابة (458/1)، التمهيد والبيان (ص233).
[4] سير شهداء دروس وعبر للسحيبارنى، (ص62)

ماذا اردتم من اخي الدين باركت يدالله في ذلك الا ديم المقدد
قتلتم ولي الله في جوف داره وجئتم بأمر جائر غير مهتد
مهلا رعيتم ذمة الله بينكم واوفيتم بالعهد عند محمد
الم يك منكم ذا بلاء ومصدق وأوفاكم عهدا لدى كل مشهد
فلا ظفرت ايمان قوم تبايعوا على قتل عثمان الرشيد المدد
حەسان
من سره الموت صرفا لافراج فيه فليأت فادة في دار عثمان
مستشعرى حلق الماذى قد شفعت قبل المغاطم بيض زان ابدانا
صبرا فدى لكم امي وما ولدت وبالامير ويا لاخوان لخوانا
اني لمنهم وان غابو وان شهدوا ما دمت حيا وما سميت حسانا
لتمعن وشيكا في ديارهم الله اكبر يا ثارات عثمانا
حەسان
ان تمس دالر ابن اروى منه خاوية باب صريع وباب محرق خرب
فقد يصادق باغني الخبر حاجته فيها ويهوى اليها الذكر والحسبى
يا ايها الناس ابدوا اذات انفسكم لا يستوى الصدق عندالله والكنب
قوموا بحق مليك الناس تعترفوا بعزة عضب من خلفها عصب
فيهم حبيب شها بالموت يقدمهم مستلئما قد بدا في وجهة الغضب
كعبى كورِى ماليك
ويح لامر قد اتاني رائع هد الجبال فانغضت برجوف
قتل الامام له النجوم خواضع والشمس بازعة له نكسوف
يالهف نفسي اذ تولوا عدوة بالنعش فوق عواتف وكتوف
ولوا ودلوا في الضريح اخاهم ماذا لجن ضريحة المسقوف
من نائل اوسودو وحمالة سبقت له في الناس او معروف
كم من يتيم كان يجبر عظمه امسى بمنزلة الضياع يطوف
فرجتها عنه يرحمك بعدما كادت وايقن بعدها يمئوف يحتوف
فازال يقبلهم ويرأب خلمهم حتى سمعت برنة التلهيف
امسى مقيما بالنقنح واصبحوا متفرقين قد اجمعوا بحفوف
النار موعدم بقتل امامهم عثمان صهر في البلادِ عفيف
جمع الجمالة بعد حلم راجع والخير فيه مبين معروف
يا كعب لا تنفك تبكى هالكا مادمت حيا في البلاد تطوف
کەعبی کورِى ماليك
فكيف يديه ثم اغلب بغافل وايقن ان الله ليس بغافل
وقال لاهل الدار تقتلوهم عفا الله كل امرء لم بقاتل
فكيف رايت الله حب عليهم العداوة والبغضاء بعد التواصل
وكيف رأيت الخير دبر بعده عن الناس ادبار النعام الجوافل
راعي الابل النميرى في ذلك
عشية يدخلون بغير اذن على متوكل او في وطابا

خليل محمد وزير خدق ورابع خير من وطئ الترابا

به کورتیو به پوختی

1ـ ئیمامی عوسمان له سەردەمی نەفامییدا له ناو تیرەکەی خۆیدا بەڕێزترین کەس بووەو ناوبانگێکی مەزنو دەوڵەمەندی هەبووە، زۆر شەرمنو قسە شیرین بووە، هۆزەکەی زۆر خۆشیان ویستووەو بە نتمی سەیریان کردووە، له سەردەمی نەفامیەتیدا کڕنووشی بۆ بت نەبردووەو لە داوێن پیسی نزیك نەبووەتەوە، بە هیچ شێوەیه ئارەقی نەخواردووە.

2ـ ئیمامی عوسمان تەمەنی گەشتە (34) ساڵان ئەبوبەکری صدیق بانگهێشتی کرد بۆ ئیسلام ڕکیو سالاریی تیا نەکرد، بەڵکو بە کنوپڕی چوو بە پیرییەوەو کێبڕکێی دەکرد بوو بە پێشینە یەکەمینەکان.

3ـ موسڵمانان زۆر شادومان بوون بە موسوڵمان بوونی عوسمان وەگرێی خۆشەویستیو برایەتییان لەگەڵدا بەستو خودای گەورە بە کچی پێغەمبەر ﷺ کەبوو بە هاوسەری ڕێزی لیێ گرت.

4ـ سوننەتی نارەحەتی تاقیکردنەوە بەناو هەموو گەلو جەماعەتو میللەتو ولاتێکدا تەنانەت بە ژیانی تاکەکەسیشدا گوزەری کردووە، ئەم سوننەتە بە ژیانی هاوەڵە بەڕێزەکانیشدا تێپەڕیوە، تووشی نارەحەتی وەها بوون چیا سەرکەشەکان پێیان هەڵناگیرێ.

ماڵو خوێنی خۆیان بەخشی لە ڕێگای خودادا، ماندوو بوونو زەحمەتی زۆریان چەشت، موسڵمانە بەرزو ناودارەکانیش لەم نارەحەتیانە بێبەش نەبوون، بۆ نموونە عوسمان ئازاری چەشتو لەسەر ئیسلامەتی ئەشکەنجە درا بە دەستی مامەکەی کە ناوی حەکەمی کوڕی ئەبی عاصە.

5ـ لەو ڕۆژەوەی عوسمان موسڵمان بوو، پەیوەست بوو بە پێغەمبەرەوە ﷺ، لێی جیا نەبوویەوە بۆ کۆچکردنو ئەو کارە گرنگانە نەبوایە، کە پێغەمبەر ﷺ دەینارد .

کەسێ نەبوو ئاتاجی دەوڵەمەندییەکەی نەبێت، ژیانی لە هۆگری پێغەمبەردا ﷺ وەکو ژیانی خەلیفە راشیدینەکان وابوو، وەکو بڵێی کەسێکی تایبەتی پێغەمبەرەو ﷺ هاوشانی خەلیفەکانەو پاڵێوراوێکە بۆ دوو خەلیفەکەی پێش خۆی.

6ـ عوسمان شیرازەیەکی قایمی بەستبوو، لەگەڵ بانگەوازی گەورەی ئیسلامداو هیچ هەواڵێکی پێغەمبەرایەتی تایبەتیو گشتیی لە کیس نەداوە، لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ هیچ قسەو هەواڵێکی خەلیفەکانی لە کیس نەداوە، لە ژیانی دوو خەلیفە گەورەکەدا بە زمانی ئەمرۆ هیچ شتێك لە کارەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی لە دەست نەداوە.

7ـ ئەو ڕێبازە پەروەردەییەی کە عوسمانو هاوەڵە بەڕێزەکانی لەسەر پەروەردە کرا، قورئانی پیرۆز بوو، کە لە لایەن پەروەردگاری جیهانەوە دابەزیوە.

8ـ ئەو فاکتەرە بەهێزەی کە کاریگەری هەبوو لەسەر کەسایەتی عوسمانو دەرگا کردنەوەی بەهرەکانیو تەقاندنەوەی وزەکانی خاوێنکردنی دەروونی هاوڕێیەتی پێغەمبەر ﷺ شاگردی قوتابخانەی پێغەمبەرایەتی بوو، چونکە عوسمان دوای موسڵمانبوونی لە مەککە هۆگری پێغەمبەر ﷺ بوو، هەر وەکو لە مەدینە دوای کۆچکردن هۆگری بوو، عوسمان دەروونی خۆی ڕێکخستبوو، زۆر سووربوو لەسەر شاگردێتیی لە بازنەی قوتابخانەی پێغەمبەرایەتیدا لە گشت لقەکانی زانستو زانیاریدا لەسەر دەستی مامۆستای مرۆڤایەتیو ڕێنماییەکانی ئەو مامۆستایەی کە پەروەردگار بە باشترین ئەدەب ناوی هێنابوو.

9ـ عوسمان لەو کەسانە نەبوو، کە لە شەڕی بەدر دوابکەوێت، لەبەر تەمەڵی سستی یان لەبەر ترسو بیم وەکو هەوەسبازەکان تانەی لیێ دەدەنو دەڵێن لەبەدر دواکەوتووە، ئیمامی عوسمان نەیویستووە سەرپێچی بکات، ئەوە ڕێزو شکۆیەی کە ئەهلی بەدر دەستیان کەوت لە شەڕی بەدردا، لەبەر گوێڕایەڵی شوێن کەوتنی پێغەمبەر ﷺ بوو، عوسمانیش یەکێ بوو لەوانەی کە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺدا دەرچوو، بەڵام پێغەمبەر ﷺ گەڕاندییەوە بۆ ئەوەی بەدیار کچەکەیەوە بێت، لەبەر ئەوەی بۆ گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ گەڕایەوە بە جێمان پێغەمبەر ﷺ لە دەستکەوتی غەنیمەو پاداشتی شەڕ

بەشی عوسمانی جیا کردەوە، واتە عوسمان شەڕێکی دەسکەوتوو پاداشتتو ڕێزی ئەهلی بەدر بوو، چونکە گوێڕایەڵی پێغەمبەری ﷺ کردو ملی بۆ کەچ کرد.

10ـ لە حودەیبییەدا وەکو تەبەری باسی کردووە، بە چەند کارێکی تایبەت عوسمان ڕێزی لێنرا، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ دەستی خۆی دانا لە جێگەی دەستی عوسمان، کاتی هاوەڵان بەیعەتیان پێداو عوسمان لەوێ نەبوو.

تایبەتمەندییەکی تر ئەوەبوو نامەی پێغەمبەری ﷺ گەیاندە موسڵمانە دەستبەسەرەکانی مەککە، هەروەها پێغەمبەر شایەتی دا کە عوسمان لە خۆیەوە تەوافی کەعبە ناکا، هەرواش بوو بەبێ پێغەمبەر ﷺ تەوافی نەکرد.

11ـ پێغەمبەر ﷺ تکای عوسمانی وەرگرت، کە کردی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی شرح لە فەتحی مەککەدا.

12ـ ژیانی کۆمەڵایەتی عوسمان لە مەدینەدا ئەوەبوو دوای مردنی روقیەی کچی پێغەمبەر ﷺ، ئوم کەلسومی کچی پێغەمبەری ﷺ لێ مارەکرا، عەبدوڵڵای کوڕی عوسمان مردو پاشان ئوم کەلسومیش مرد.

13ـ بەشدارییە ئابورییەکانی لە بنیاتنانی دەوڵەتدا ئەوەبوو، بیری رۆمییەی بە بیست هەزار درهەم کڕیو کردی بەو خێر بۆ هەژارو دەوڵەمەندو ڕێبوار، مزگەوتی پێغمبەری ﷺ فراوان کردو سامانێکی زۆری بەخشی بە لەشکری تەنگانە.

14ـ ژمارەیەك فەرموودەی زۆر هاتووە لە مەڕ ڕێزی ئیمامی عوسمان، هەندێکیان لە بارەی ڕێزی ئیمامی عوسمانەوە بە تەنیا هاتووە، هەندێکیشیان لە بارەی ئیمامی عوسمانو هاوەڵانی ترەوە هاتووە، پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ئەو ئاژاوەیەی پێدابوو کە تێیدا دەکوژرێت بەمەزڵومیی.

15ـ عوسمان یەکێك بوو لەو هاوەڵانەی کە ئەهلی شورا بووەو یەکێك لەوانەی کە لە بابەتە هەرە گرنگەکاندا لە سەردەمی ئەبوبەکردا رایەکانی وەرگیراوە، دووهەمین کەسبووە لە بەها داریدا لای ئەبوبەکرو عومەری کوڕی خەتاب ڕۆڵی گەرمو گورو تونودوتۆڵی دیوە، لەهەمان کاتدا عوسمانیش نەرمونیانییو سوكو سۆڵی بووە، عوسمان ئەمینداریی گشتییو بڕیڕەی ئەستوورو نووسەری مەزنیی بووە.

16ـ عوسمان مەکانەتی هەبووە لە لای عومەر، ئەگەر پرسیار بکرایە لە عومەر لەمەڕ شتێك دەیناردن بۆ لای عوسمانو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف، ئەوکاتە بە عوسمانیان وتووە پاشکۆ، پاکشۆ لە زمانی عەرەبی ئەو کەسەیە کە لە دوای پیاوێکەوە دانیشتووە، عەرەبەکان بەوکەسانە دەڵێن پاشکۆ، کە دەیانەوێت ببێتە سەرۆك، ئەگەر عومەرو عوسمان نەیانتوانیبایە کارێك بکەن، بە عەباسی مامی پێغەمبەرەوە خۆیان دەکردە سیان.

17ـ چاکترین ئیشەکانی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف ئەوە بوو خۆی دارنی لە کاری خەلیفە دیاتری کردن لە کاتی راویژ بەستنەکەداو هەڵبژاردنی دایە دەستی ئوممەتو ئاماژەی ئەهلی حەلو عەقد لەم پێناوەدا مەردانە راپەڕیو دەنگی ئوممەتی لەسەر عوسمان کۆکردەوە.

18ـ لەمبارەیەوە پۆخڵەواتی شیعەو درۆدەلەسەی رافزییەکان مێژووی ئیسلامیان لە چیرۆکی راویژکردنو حوکمڕان کردنی عوسمانیان چڵکن کردووەو رۆژهەڵاتناسەکان قۆستبوویانەوەو پرشو بڵاویان کردووەو زۆربەی مێژوونووسو بیرمەندە هاوچەرخەکان پێی کاریگەر بوون، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنیان نەکردووە بۆ سەنەدو دەقی ئەم ریوایەتانە لە نێو موسڵمانانندا بڵاویان کردووەتەوە.

19ـ چەندین بەڵگەی زۆرو زەوەند هاتووە ئاماژە دەکات بۆ شایستەیی ئیمامی عوسمان بۆ خەلیفەیەتی هیچ مشتومڕێك نییە لە لای ئەوانەی دەستیان گرتووە بە قورئانو سوننەتەوە لەم رەوشەدان هەموو هاوەڵان ئەوانەش کە شوێنکەوتەی هاوەڵانن لە ئەهلی سوننەتو جەماعەت ئیجماعیان هەیە لەسەر عوسمان کە شیاوترین کەسبووە بۆ خەلافەتی پێغەمبەر ﷺ دوای عومەری کوڕی خەتاب.

20ـ کاتێ پەیمانی خەلافەت درا بە عوسمان هەستا لە ناو خەلکدا وتارێکی داو ڕێبازە سیاسییەکەی خۆی ڕاگەیاند بە ڕۆشنی کە پابەند دەبێت بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و ئاکاری دوو خەلیفەکەی پێش خۆی، هەروەها لە وتارەکەیدا ئاماژەی کرد کە ڕابەرایەتی خەلکی دەکات بە دانایی و هێمنی لەو شتانەدا نەبێ کەوا (داری حەددی) تێدایە، پاشان بە ئاگای هێنانەوە کە باوەش نەکەن بە دونیاداو بە پوش و پەلاشەکەی گیرۆدە نەبن، بۆ ئەوەی پارێزراوبوون لە ئیرەیی بردن و ڕقەبەرایەتی و موونافەسەکردن، چونکە ئوممەت دەبات بەرەو دوبەرەیکی و ناکۆکی.

21ـ کەسایەتی عوسمان کەسایەتییەکی قیادیی بوو هەموو سیفەتەکانی ڕابەرێکی خواناسی تێدابوو، لە ڕووی زانست و فێرکردن و بەتوانایی و لەسەرخۆیی و دلفراوانی و چاوسێرنی و نەرمی و لێبوردەیی و خاکەساری و شەرمنی و داوێت پاکی و بەخشندەیی و بوێری و ئارامگری و دادوەری و خواپەرستی و لەخودا ترسان و گریان و لێپێچینەوەی دەرون و قنیات و سوپاسگوزاری و لێبڕاوی و سۆراغ کردنی ڕەوشتی خەلك و دیاریکردنی پسپۆڕی و سوودوەرگرتن لە خەلکی شایستەو لێهاتوو.

22ـ شارەزایی ئاکاری خەلیفە ڕاشیدینەکان بووەو هەولێداوە لاساییان بکاتەوە هەنگاوێکی دروستی هەلگرتبوو بۆ جێبەجێکردنی ئاکارو ڕابەرە خوداناسەکان ئەو ڕابەرانەی کە دەتوانن گەل ببەن بەرەو ئامانجە وێنەکراوەکانیان بە هەنگاوی چەسپاو.

23ـ عوسمان لە ڕووی سیاسەتی داراییەوە لەسەر ئەم بنەڕەتانە دەچوو، ساسەتی گشتیی دارایی ئیسلامیی جێبەجێ دەکرد، کاری باجگرو کاربەدەستی تێکەلاو نەدەکرد هەر ئابوونەیە بکەوتایە سەر موسلمانان وەری دەگرت بۆ بەیتولمال، هەر چیەکیش پێیان بشایە پێی دەداو ستەمی لەکەس نەدەکرد پۆلیسەکانی زەکات و سەرانەی ڕاهێنابوو لەسەر ئەمانەتپارێزی و وەفا.

24ـ لەسەردەمی عوسماندا خەرجکردنەکان بەم پێودانگەبوو:

خەرجکردنی موچەی والییەکان وە موچەی سەربازەکان پاشان گەلەکەشی بەدەریاییەکان گۆڕینی کەنارێك لە (شوعیبەوە) بۆ (جددە) هەلکەندنی بیرەکان خەرج کردن، بۆ بانگوێژەکان، هەروەها کاروبارەکانی تریش.

25ـ لە لایەن هەرچی و پەرچی و خەواریجەکانەوە عوسمان بەوە تۆمەتبار کرا کە بەیتولمال سەرف دەکات و دەیبەخشێت بە خزمەکانی خۆی، سەنەدی ئەم تۆمەتە هەلمەتێکی پڕوپانگەندەو پالاونتبوو، کە (سەبەئیییەکان) گازەرەیان دەکێشا بۆی و شیعە ڕافزییەکان هەتا ئەمڕۆ دەیهەجونەوە، دزەی کە دەناو کتێبە مێژوییەکان و میژوو نووس و بیرمەندەکان وەکو هەوالێکی ڕاست مامەلەیان لەگەلێ کرد، بەلام ئەم هەوالانە نەسەلماوەو باتلە.

26ـ سەردەمی عوسمان بە درێژەپێدەری سەردەمی ڕاشیدین گوزارشت دەکرێت، چونکە زۆر بایەخی داوە بە سەردەمی پێغەمبەرایەتی و زنجیرەیەك بووە لەو سەردەمەو هاودەمی سەردەمی ڕاشیدین بووە، بەتایبەت لە ڕوی داد و قەزاوە، چونکە درێژەپێدەری دادوەری سەردەمی پێغەمبەرایەتی بووە، وێڕای ئەوەی پارێزکارییەکی تێرو تەسەلی کردووە لە گشت ئەو بەندانەی کە سابتە بە هەموو ڕەهەندو چەمکێکەوە دەقاودەق جێبەجێ کردووە.

27ـ نەخشەی عوسمان لە فتوحاتدا بەعەزم و جەزم ناوزەند دەرکێت، واتە لێبڕان و دەربەڕینی پێوە دیارە، لەم کارانەدا بەرجەستە دەبێ سەری دانەواند بە یاخیبووەکانی فارس و ڕۆم و دەسەلاتی ئیسلامیی بردە ئەو ولاتانە درێژەیدا بە جیهادو فتوحات لەو دیو ئەم ولاتانەوە بۆ ئەوەی کۆمەکییان لێ ببڕێت، بنکەی چەسپاوی تیا دامەزراند بۆ ئەوەی موسلمانان بەرگری لە شارەکانی ئیسلام بکەن و هێزێکی سەربازی دەریایی پێکەوە نا، چونکە سوپای ئیسلام پێویستی بوو.

28ـ بنکە سەربازییەکانی ئیسلام، کە لە بەرەکاتی لە سەردەمی عوسماندا کەوتبوو پێتەختی شارە مەزنەکان مەعەسکەری عێراق لە کوفەو بەصرەبوو، مەعەسکەری شام لە دیمەشق بوو دوای ئەوەی کە شام هەموی یەك لابوویەوە

بۆ مەعاویەو بەس ئەبو سوفیان ، مەعەسکەری میسر لە (**فسطاط**) بوو، ئەم مەعەسکەرانە هەڵدەستان بە پارێزگاریی وڵاتی ئیسلامو دریژەدان بە فتوحاتو بڵاوکردنەوەی ئیسلام.

29ـ بەناوبانگترین رابەرەکانی فتوحات لە سەردەمی عوسماندا ئەحنەفی کوڕی قەیسو سولەیمانی کوڕی رەبیعەو عەبدورڕەحمانی کوڕی رەبیعە، حەبیبی کوڕی مەسلەمە بوون.

30ـ شەڕی (**ذات صواري**) وێنەیەك بوو لە سەرکەوتنی بیروباوەڕەی راستو قایم بەسەر فیترەی سەربازیو ژمارەی چەكو سەربازدا، چونکە رۆمەکان هەر لە کۆنەوە شارەزایی دەریار بوو، بە چەندین ئەزموونی دژواردا لە شەڕی دەریایدا تێپەڕیبوون، کەچی موسڵمانان تازە بەتازە چوبوونە دەریاو شەڕی دەریاییان دەکرد.

31ـ گرنگترین پەندو وانەو سوود لە فتوحاتی عوسماندا ئەوەبوو بەڵێنەکانی خودای گەورە لەسەرکەوتنو جێگەخۆشکردن بۆ ئیمانداران بەدی هات، لە هونەری جەنگو سیاسەتدا پەرەیان سەندو چوونە ناو دەریاو زانیارییان لەسەر دوژمن کۆکردەوە، پەرۆشبوون بۆ یەکدەنگی بۆ رووبەڕوونەوەی دوژمن.

32ـ لە ژێرۆکی کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی عوسمان پانتایی چەمکی هاوەڵان بۆ ئەو ئایەتانەی کە رێگری لە ناکۆکی دەکات دەرکەوت چۆن خودای گەورە رێگری دەکات لە ناکۆکی بەو شێوەیە خۆیان پاراست قوڵایی تێگەیشتیان بۆ ئەم ئایەتانە وای کرد لە حوزەیفە کاتێ بیستی سەروبەندی ناکۆکی لە خوێندنەوەی قورئاندا دەرکەوتووە کوتوپڕ چو بۆ (مەدینە)و هەواڵی دا بە عوسمان کە شتێکی وای بینیوەو بیستوویەتی لە ماوەیەکی کەمدا عوسمان کارەکەی یەك لایی کردەوەو دەرگای ناکۆکی داخست.

33ـ دەستگرتن بەو هۆکارانەی کە موسڵمانان یەك وەفاتو ریزیان پێکەوە دەبەستێت گەورەترین جیهادە ئەم هەنگاوە گرنگە بۆ روسورکردنی موسڵمانانو بەرێوەبردنی وڵاتیانو دامەزراندنی دینی پەروەردگاریان ئەمە تێگەیشتنی خەلیفە راشیدینەکان بوو لە زەریفترین وێنەدا رەنگی دایەوە کاتێ عوسمان ئوممەتی لەسەر یەك جۆر قورئان کۆکردەوە.

34ـ هەرێمەکانی وڵاتی ئیسلامی لە سەردەمی عوسماندا، ئەمانە بوون: (مەککە، مەدینە، بەحرەین، یەمامە، یەمەن، حەزرەمەوت، شام، ئەمینیە، میسر، بەصرە، کوفە).

35ـ عوسمان چەندین ئامرازی جۆربەجۆری گرتبووە بەر چاودێری کارگێڕو کرێکارەکانیو بە ئاگابووە بەسەر هەواڵەوکانیاندا بەمشێوەیە لە وەرزی حەجکردندا ئامادە دەبوو، پرسیاری دەکرد لەوانەی کە لە شارو ویلایەتەکانەوە دەهاتنن لیژنەی پشکنینی دەنارد بۆ ویلایەتەکانو والییەکانی بانگ دەکردو پرسیاری لێ دەکردنو شێوازی تری بەکار دەهێنا.

36ـ مافەکانی والییەکان لە سەردەمی راشیدینەکاندا ئەمانەبوو، گوێ بۆ گیراوبن لەسەر پێچی خودادا نەبێتو ئامۆژگاریی بکرێن بە باشیو هەواڵی راستو دروستیان پێ بگەیەنرێت، پاش لەکارلابردنیان رێزیان لێ بگرێت، موچەو دەرماڵەیان پێ بدرێت.

37ـ ئەرکی والییەکانی سەردەمی راشیدین ئەمانەبوو کارو باری دینداریی پیادە بکەنو ئاسایشی خەڵکی دەستەبەر بکەنو لە رێگای خودادا غەزا بکەنو ئەوپەڕی هەوڵ بدەن بۆ دابینکردنی بژێوی خەڵكو فەرمانبەرەو کارزانەکان دا مەزرێننو چاوداشتی ئەهلی زیمە بکەنو راوێژ بە کەسایەتی خاوەن بۆچون بکەنو ئاوڕ بدەنەوە لە ئاوەدانی ویلایەتەکان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە چاودێریی بارودۆخی دانیشتوانی ویلایەتیان بکەن.

38ـ عوسمان خەلیفەیەکی راشیدیەو چاوی لێ دەکرێت، کردەوەکانی دەستورێکی مێژوویی بەرجەستە دەکاتە بۆ ئوممەت هەروەك چۆن عومەر پێشەنگ بوو دوای خۆی، چونکە نزیکە لە پێشینەکانی بە هەمان شێوە عوسمانیش پێشەنگ بوو دوای خۆی، چونکە ئەمیش نزیکە لە نزیکەکان وێڕای ئەوەی لێهاتوو شایستەبووە لە بەرێوەبردندا ئەو شتانەی کە کرابووە گلەیی لەسەر عوسمان هەموویان لە بازنەی (موباح) دەرناچن،

39ـ ئەو والییانەی کە عوسمان کردنی بە والیو خزمی خۆی بوون، تواناو لێهاتوویىو شایستەییان بە بەرچاوەوە بوو، لە بەڕێوەبردنی کاروباری ویلایەتەکانیانداو خودای گەورە زۆربەی شارەکانی لەسەر دەمی ئەوان رزگارکگردو رەوتێکی دادپەروەرانەیان هەبوو لە ناو جەماوەرەکاندا، هەیانبوو لە سەردەمی ئەبوبەکرو عومەریشدا کاری والییەتی پێ سپێردرابوو.

40ـ هەر کەسێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو رووداوو مێژووییانەی کە لە سەرچاوەیەکی راستو راستەقینەوە هاتووە، بە دواداچوون بکات بۆ ژیاننامەی ئەو پیاوانەی کە عوسمان پشتی پێ بەستوون تەنیا لە جیهاددا شوێنەواری جوانیان تۆمار کردووە لە مێژووی ئیسلامدا، بەڵکو لەبەر جوانی بەڕێوەبردنیان کە گەورەترین دەرئەنجامی هەبووە لە ناوجەرگەی ئوممەتداو بەختەوەری کردوون ئەوکاتە ناتوانێت خۆی بگرێت لەسەرسامیو شانازی دەربڕین لە هەرکوێی مێژووی ئیسلامەوە ئەم رۆڵانە بخوێننەوە.

41ـ عوسمان سەلامەت نەبووە لە زۆربەی توێژەرەوان لە پەراوە بێ ویژدانو بێ سۆراغەکانیانداو سەردەمەکەشیان لەکەدار کردووە، زۆربەی زۆریان هەڵخزاونەتە ناو ریوایەتە زەعیفەکانو رافزییەکان حوکمی باتڵیان لەسەر بنیات ناوەو زوڵمیان کردووە لە حەقی عوسمان، وەکو تەها حسین لە کتێبی **(الفتنة الکبری)** رازی عەبدولڕەحیم لە کتێبی **(النظم الاسلامي)** موحەممەد ئەلریس لە کتێبی **(النظریات الکبری)** عەلی حسین **(الخربوطلی)** لە کتێبی **(الاسلام والخلافة)**، ئەبی ئەعلای مەودودی لە کتێبی **(الملك والخلافة)**، سەید قوتب لە کیتێبی **(العدالة الاجتماعیة)** غەیری ئەمانەش.

عوسمان بە حەقیقەت ئەو خەلیفە مەزڵومەیە کە دوژمنە ئەوەڵەکانی درۆو دەلەسەیان بۆ هەڵبەسێو ئاخرەکانیشی بێ ویژدانییان کرد بەرامبەری.

42ـ مێژووە راستەقینە دەڵێن عوسمان ئەبو زەری نەفی نەکردووە، بەڵکو ئەبو زەڕ داوای مۆڵەتی کرد، بەڵام دوژمنانی عوسمان کردویانە بە گاڵەو گازندە، کە عوسمان نەفی کردووە.

43ـ ئەبو زەڕ نە لە دوور نە لە نزیك کاریگەر نەبووە بە ڕایەکانی عەبدوڵڵای سەبەئی جوولەکەو لە **(الربذة)** مایەوە هەتا مرد. وە بە هیچ شێوەیەك بەشداریی ئەو فیتنەیەی نەکرد کەوتەوە.

44ـ هۆکاری فیتنەی کوشتنی عوسمان ئەم فاکتەرانە بوون، خۆشگوزەرانیو شوێنەوارەکانی لەناو کۆمەڵگەدان گۆڕانی روشتی کۆمەڵگا لە سەردەمی عوسماندا، هاتنی عوسمان لەدوای عومەر، دەرچوونی هاوەڵە مەزنەکان لە مەدینە، دەمارگیری نەفامی، وەستانی فتوحات، خۆپارێزی عەوامانەو نەفامانە، تەماعی چاوچنۆکان، موئامەرەی داخلەدڵەکان، پیلانی پتەوبۆ وروژاندنی گلەییەکانی دژی عوسمان، بەکارهێنانی ئەو ئامرازو هۆکارانەی کە خزمەت بە هەڵچوونی خەڵك دەکاتو رۆڵی عەبدوڵڵای سەبەئی لە فیتنەکەدا.

45ـ سەرەتای هەڵگیرسانی فیتنەکە لە کوفەوە بوو، بە تەواوی فیتنەبازەکان دوورخرانەوە بۆ شام، پاشان خرانە لای عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی وەلید لە جەزیرە، پاشان بە بەرنامەی یەزیدی کوری قەیس گەڕانەوە بۆ کوفە کە تووشی بووی وەرنەوە بۆ کوفە.

46ـ سیاسەتی عوسمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فیتنەکەدا لەسەر هێمنیو دادگەریونەرمو نیانییو لەسەرخۆیی دەچوو کۆمەڵێ ئامرازی گرتە بەر بۆ رووبەڕووبوونەوەی وەکو ناردنی لیژنەی پشکنینو سۆراغ کردنو نوسراوێکی گشتگیری نارد بۆ خەڵکی شارەکان لە باتی راگەیاندنی گشتیی بۆ هەموو موسڵمانانو عوسمان راویژی کرد بە والی شارەکانو بیانووی یاخیبووەکانی بڕیو وەڵامی داواکارییەکانی داناوە.

47ـ ئەگەر وردینەوە لە رێنماییەکانی عوسمان لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فیتنەیەی کە داکەوت لە سەردەمیدا دەکرێت هەندێ بنەما هەڵهێنجین بۆ ئەوەی موسڵمانان بەرەنگاریی فیتنەی پێ بکەن ئەو بنەمایانەش وەکو جێگە بەخۆگرتنو پابەندبوون بە دادو ویژدانەوە، لەسەرخۆییو هێوری، سوربوون لەسەر ئەو شتانەی کە سوودی جەماوەری

تێدایەو فرێدانی زیانەکانیان خۆگرتن بەبێ دەنگیو سڵەمینەوە لە زۆر بێژیو راوێژکردن بە زانا خوداناسەکانن رێنمایی وەرگرتن لە فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ لە فیتنەدا.

48ـ دەرکەوتووە بۆ لێکۆڵەرەوان کە کۆمەڵێ هۆکار هەبوو وای کردووە لە عوسمان نەهێڵێت هاوەڵان شەڕ بکەن وەکو ئەوەی کاری بە وەسیەتەکەی پێغەمبەر ﷺ کردووە، کە رۆژی گەمارۆی ماڵەکەی شادومان بوو، چونکە بەڵێنێك بوو پەیمانی دابوو خۆی رابگرێت لەسەریو ئارامگربێت، وەپێی ناخۆشبوو ببێتە یەکەمین خەلیفەی خوێنرێژی ئوممەت لە خەلیفەکانی پێغەمبەر ﷺ، چاك دەیزانی سەرکەشەکان هیچیان ناوێت کوشتنی ئەو نەبێت، بۆیە پێی ناخۆشبوو موسڵمانان بکاتە پەرژینی خۆی.

پێی خۆشبوو خۆی بکاتە پەرژینی ئەوان، چاك دەیزانی ئەم فیتنە کوشتنی خۆی پێویە، چونکە پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێدابوو لەو کاتەی مژدەی بەهەشتی پێدا، کە تووشی بەلایەك دەبێتو بە ئارامگریو لەسەرحەق بەخشی بەم زوانە لە فیتنەدا دەکوژرێت، کاری بە ڕاوێژەکەی عەبدوڵلای سەلام دەکرد، کە پێی وت دەست مەوەشێنە دەست مەوەشێنە ئەم بەڵگەیە بەهێزترە تا شەڕکردن.

49ـ بکوژی عوسمان پیاوێکی میسری بوو، ریوایەتەکان بە ڕاشکاوی ناویان نەهێناوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بەو تۆمەتەوە هەیە کە دەکرێت بۆ موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر گوایە بە گۆچان کوشتویەتی قسەیەکی پڕوپوچەو ریوایەتەکانی زەعیفن، هەروەها دەقەکانیشی شارەزاو پێچەوانەی ئەو ریوایەتانەیە کە دەڵێن بکوژی عوسمان پیاوێکی میسری بووە.

50ـ هاوەڵان هەرهەموویان ئەستۆیان پاکە لە خوێنی عوسمان هەواڵە راستەکانو رووداوەکانی مێژوو جەخت دەکەنەوە کە هاوەڵان ئەستۆیان پاکە لە خوێنی عوسمانو هاندانی خەڵك لێی، یان بەشداریی کردن لەو فیتنەیەدا دژی عوسمان چەندین ریوایەتی صەحیحمان لەلایە.

51ـ عوسمان بێداربوو موئامەرەو ئامانجەکانی غافڵگیریان نەکرد، بەڵکو توانی رێزی یاخیبووەکان ببڕێتو پیلانەکانیان بە تەواوی دەربخات بە دلێرییەکی سەرکەوتوو رووبەڕووی روداوەکان بوویەوە، بەڵام پێی نارەحەت بوو ببێتە یەکەمین کەسێك کە شمشێر لە موسڵمانان هەڵکێشێت، واتە براکوژی بکات، بۆیە گیانی خۆی کردە قوربانی خوێنی ئوممەت ئەمە سەرلوتکەی قوربانیدانو لەخۆبردنە.

52ـ فیتنەی کوشتنی عوسمان بوو بە هۆکاری فیتنەگەلێ بوو بە سەرەتای فیتنەکانی ترو دڵی خەڵکی گۆڕاو ترازاو درۆکردن ئاشکرا بوو، هێڵێکی لارێیی دروست بوو بۆ لادان لە عەقیدەو شەریعەتی ئیسلام.

53ـ زوڵمو دەستدرێژی کردن بە ناهەقی بۆ سەر خەڵکان دەبێتە هۆکاری لەناوچوونو هیلاکبوون لە دونیاو قیامەتدا، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:(وَتِلْكَ الْقُرَى أَهْلَكْنَاهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِم مَّوْعِداً) (الكهف: 59).

ئەگەر سۆراغی دەستدرێژیکەرانی سەر عوسمان بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە خودای گەورە مۆڵەتی نەداوە، بەڵکو سەرشۆڕو زەبوونی کردوونو تۆڵەی لێ کر دوونەتەوەو کەسیان قوتار نەبووە.

54ـ ئەو موسیبەتەی کەوتە سەر موسڵمانان هۆشو بیری جام کردنو غەمی گەورە کردنو فرمێسکیان باراندو زمانیان ساودا بۆ لاواندنەوەی عوسمانو بەزەیی نواندن، حەسانی کوڕی سابت ئەمیری ئیماندارانی لاواندەوەو ناسزایی دەربڕی بۆ بکوژانیو بکوژانی داشۆری بە سرودە غەمناکە گریاناوییەکانی مێژووی بۆ پاراستوینو نە شەوانو نە درێژایی رۆژگارو نە شورەی سەدەکان نەیانتوانیوە لەناویان دەن.

55ـ لە پاش ئەمانە خودای گەورە بۆمی ئاسان کرد، کە بتوانم ئەم کتێبە کۆبکەمەوەو رێکی بخەمو شیکاری بکەمو لەم بەشانەدا پۆلێنی بکەم.

ئەم کتێبە کە ناوی (عوسمانی کوڕی عەفانو کەسایەتیو سەردەمەکەیەتی) هەرچی پاداشتی تێدایە فەزڵێکی رۆشنی خودای گەورەیە بەسەر منەوە، سوپاس منەت هەر بۆ ئەوە، هەر هەڵەیەکیشی تێدایە داوای لێبوردنو لێخۆشبوون لە خودا

دەكەمو خوداو پێغەمبەرەكەی ﷺ لێی بەرین، هەڵەی منە، ئەوەندە بەسە بۆمن كە پەرۆشیم دەربڕیوە بۆ رۆشنكردنەوەو بەڵگەهێنانەوەو بۆ بەیانكردنی حەقیقەتەكانی ئەو خەلیفە راشیدەی كە عوسمانی كوڕی عەفانە، لە خودا دەپاڕێمەوە ئەم كتێبە سوود بگەیەنێت بە موسڵمانانو خوێنەرانی لە كاتی خوێندنەوەی بێبەشم نەكەن لە دوعای خێر، چونكە پاڕانەوەی برا بۆ برا بەبێ ئاگاداری ئەو قبوڵە، ئەم كتێبە بەم فەرمایشتەی خودای گەورە تەواو دەكەم (وَالَّذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ) (الحشر: 10).

شاعیر دەڵێت:

ان تجد عيبا فسد الخللاجل من لاعيب فيه وعلا

شاعیرێكی تر دەڵێت:

اطلب العلم ولا تكسل فما	ابعد الخير على أهل الكسل
احتفل للفقه في الدين ولا	تشغل عنه بمال وحول
واهجر النوم وحصله فمن	يعرف المطلوب يحقر مابذل
لا تقل قد ذهبت اربابه	كل من سار على الدرب وصل

پێناسەی هەندێ لەو ناوچانەی کە لەم توێژینەوەیەدا هاتووە:

1ـ **طبرستان:** ناوچەیەکە دەکەوێتە باشووری دەریای قەزوینو پایتەختەکەی شاری هەمەدانە، ناوەکەشی لە وشەی (**طبر**) کە مانای تەور دەدات بە فارسی، لەگەڵ (زنان) کە مالانای ژنان دەدات واتە (تەور ژنان).

2ـ ئازربیجان: بنەڕەتی وشەکە (اتروباتن) بووە، واتە: زەوی ئاگرین، دەکەوێتە ناوچەی خۆرئاوای دەریاری قەزوین، پایتەختەکەی شاری ئەردەبیلە.

3ـ ئەرمینیا: دەڤەرێکی فراوانە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ئاسیای بچووك لە باشووری دەریاری رەش، ناوەکەشی لە ناوی ئەمنەکانەوە هاتووە، کە هۆزە هیندۆ ئەوروپییەکانن لە سەرەتای سەدەی چواری زاینییەوە، ملیان چو بە گاوریەتیدا دوای ئەوە گۆڕان بەرەو رێبازی مەنوفیسنی، واتە: یارانی یەك سروشتی، بۆ مە سیح، دانیشتوانەکەی بەربەستی فتوحاتی ئیسلامیان کرد لە شارەکەیانو لە سەردیانەتی گاوری مانەوە.

4ـ گخارستان: هەرێمە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای ولاتی ئەودیو روبار، پایتەختەکەی بەڵخە زۆربەی زەوییەکانی ئێستا دەکەوێتە ئەفغانستان، گەورەترین مەرکەزی ئێستای لە قنزرو خوستە.

5ـ خۆراسان: واتە رۆژهەڵاتی خۆر، دەکەوێت رۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی ئێران، پایتەختەکەی مروە.

6ـ سجستان: ناوچەیەکە دەکەوێتە باشووری هەرێمی خۆراسان، پایتەختەکەی بستە ناوەکەشی لەوەوە هاتووە، کە گەلێك تێیدا نیشتەجێ بوون ناویان (الاکیتین) بووە، بەڵام مانای وشەکە واتە: زەوی سەگەل، چونکە سك سبح لە زمانی فارسیدا واتە (سەگ)، ستان، واتە: ناوچە ئێستای پێی دەوترێ (سیستان).

7ـ **بلاد ما وراء النهر:** ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان روبای سەیحونو حەیحون، شارەکانی ئەمانەن، بوخارا، سەمەرد قەند، تەشقەند، ئێستا دەکەوێتە کۆماری تورکمانستانو ئۆزبەکستانو تاجیکیستان.

8ـ جرجان: هەرێمێکە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دەریای قەزوین، ناوەکەی پێشتر پێی دەوترا هەرێمی باکتریاو، زەردەشت بانگەوازی تیا بلاوکردووەتەوە.

9ـ خۆزستان: هەرێمێکە دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی ئێرانو کەناری عێراقی عەرەبی، یەکێ لە بەرزییەکانی ئەهوازە، پێشی دەوترێ عەرەبستان، موحەممەد رەزای شای پەهلەوی لە ساڵی 1925 دەستی گرت بەسەریدا دوای ئەوەی شێخ (**خزعل الكعبي**) عەرەبی حاکمی بوو، دەستگیر کرا، بەناوبانگە بۆ نەوت.

ناوەڕۆك

بڵاوكراوەكانی پرۆژەی (تیشك)

زنجیرە	ناوی كتێب	نووسەر
1	بەئیسلامكردنی كورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟	ن: فازل قەرەداغی
2	نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا	ن: عومەر كەمال دەروێش
3	ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی	ن: ئامینە صدیق
4	فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك	ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم
5	صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن	ئا: ئارام عەلی سەعید
6	بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەكەم"	جەمال حەبیبوڵلا "بێدار"
7	ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی	ن: د. شەریف عەبدولعەزیم و: وەرزێر حەمەسەلیم
8	بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی	ن: د. موحسین عەبدولحەمید و: حەمەكەریم عەبدوڵلا
9	كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا	ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم
10	بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم"	ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار"
11	مێژووی دێرینی كوردستان "بەرگی دووەم"	ن: فازل قەرەداغی
12	سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە	ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی
13	دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی كۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت	ن: ئیكرام كەریم
14	لە سەرگوزشتەكانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەریی	ن: شێخ موحەممەد خاڵ
15	پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان رامان و سەرنجو پێشنیار	ئا: پرۆژەی تیشك

16	بیستو سێ ساڵ سەروەریی	ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە
17	قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی	ن: بەکر حەمەصدیق
18	ئیسلامو سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت	ن: ئارام قادر
19	سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریاییو شەڕو جەنگە گرنگەکانی	ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن و: عوسمان عەلی قادر
20	پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو	ن: عەبـــــــدوڕڕەحمان نەجمەدین
21	ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا	ن: د. کاوە فەرەج سەعدون
22	یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ	ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا و: شوان هەورامی
23	ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس	ن: ئیکرام کەریم
24	بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی سێیەم"	ن: جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار"
25	ئیشکردن نەك تەمەڵی	عەبدولعەزیز پارەزانی
26	دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە	نووسینی: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان وەرگێڕانی: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز
27	زمانی گەردەلوول، خەونی شنە با کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕووناکبیر و دەسەڵات	فەرهاد شاکەلی
28	هەڵەبجە 1889 ـ 1930، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە	ن: عادل صدیق

29	بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی	ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی و: وەرزێر حەمەسەلیم
30	فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم	ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵڵا
31	مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا	ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم
32	شێخ مەحمودی حەفید (1922 – 1925)	ن: ئومێد حەمەئەمین
33	ئیسلام لەبەردەم دوڕیاندا	ن: لیوبو لدڤایس و: عەبدول حسێن
34	ڕامیاری لە ئیسلامدا	ن: ئەحمەد کاکە مەحمود
35	وەڵامی پرسیارەکان، ڕەواندنەوەی کۆمەڵێك گومان سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام	ن: دکتۆر کەریم ئەحمەد
36	مرۆڤ و پەیامداری	ن: قانع خورشید